هەندێك
لە دیکۆمێنتەکانی ئـــاڵای شـــۆڕش

نووسینی : عادل رفیق

هەولێر کتێبخانەی

هەندێك
لە دیکۆمێنتەکانی
ئـــــالّای شـــۆڕش

هەوالنامەی کتێب

نووسینی: عادل ڕفیق

ناوی کتێب: هەندێك لە دیکۆمێنتەکانی ئالّای شۆڕش
نووسینی: عادل رفیق
تایپ: نووسەر
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

009647715623147
0031639415841
www.belganama.com

هەوالّنامەی کتێب

لەهەر شـوێنێک سـە رمایەداری بوونی هەبێت، کرێکاران و زەحمە تکێشـان هەیە، چەوسانەوەی چینایەتی و ململانێی چینایەتی بوونی هەیە و پێویستی بوونی رێکخراوی کرێکاران و زەحمەتکێشان دروست دەبێت.

لایەنە بابەتیەکە گرێدراوی گۆڕانکارییەکانی سـەردەمەکەیە، کەوابوو باری بابەتی ناوخۆیش بۆ دروستبوونی رێکخراوەی کرێکاران لەئارادایە.

عادل

هەولێرەی کتێب

بـــەشـــی یـــەكـــەم ... ســـەرەتـــای ژیانـــم 18
شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ 21
حزبی شیوعی عێراقی 22
بەشی دووەم ... شۆڕشی ئەیلول و سەرەتای كاری سیاسیم 28
كودەتای بەعس و مفاوەزات 30
بەعس و بریاری گرتنی باوكم 30
گەرانەوەم بۆ ناوشار 35
ڕووخانی بەعس وكودەتاكەی عبدالسلام عارف 36
جیابوونەوەی مەكتەبی سیاسی لە بارزانی 38
ڕیشەی ناكۆكیەكانی نێو پارتی 39
هۆكارەكانی جیابوونەوەو مەینەتی گەلی كورد 41
هەڵگیرسانەوەی شەڕلەگەڵ ڕژێمی عێراق 43
گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەدو جەماعەتەكەی 44
پەیوەندی جەلالیەكان بە حكومەتی عێراقەوە 45
جەلالیەكان و ماویزم 46
سازمان انقلابی حزب توده ایران و ماویزم 47
كودەتاكەی حزبی بەعسی ساڵی ١٩٦٨ 50
كۆنفرانسی لقی پێنج لە بەكرەجۆ ١٩٦٩ 51
دەمی مفاوەزات و ڕێكەوتنی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ 53
هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕگێر (جەلالیەكان) 57
بەشی سێهەم ...بریاری دووركەوتنەوەم لە سیاسەت 60

هەوالنامەی كتێب

بارودۆخی كوردستان دوای بەیانی ١١ئازار 60

تێوەگلان لە جەماعەتی(پارتی شۆرشگێر!!)ەكەی شێخ ستارەوە 62

پیلانەكانی بەعس دژی پارتی 68

پەیوەندیم بە كۆمەڵەی ماركسی لێنینیەكانی كوردستانەوە لە ١٩٧٣ 70

شەهید بوونی حەمە رەشیدی برام 72

پەیوەندیم بە شۆرشەوە ١٩٧٤ 76

چاوپێكەوتنم لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ١٩٧٤ 78

دوژمن بە كەمگرتن 81

هەموو هێلكەكان لەناو سەبەتەی ئێراندا و ئاماژەكانی ڕێكەوتن نامەكەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥و ئاشبەتاڵ

سۆڤیەت و پەرژەوەندیەكانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 83

سیاسەت دایك و باوكی نییە 85

ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ 87

دەربەندڕایات ١٩٧٥/٣/٦ 87

١٩ /مارت/١٩٧٥ و بریاری ڕاگرتنی شۆڕش 90

بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموكراتی كوردستان 92

تەسلیمبوونەوە 92

بەشی چوارەم .....كاركردنم لە كۆمەڵەدا 97

سیاسەتی بە بەعسیكردن 98

هەواڵی دروستبوونی یەكێتی نیشتمانی كوردستان 102

شەهید یاسین محمد حەسەن (یاسینە ڕەش) 109

(كەم ژیان و كەڵ ژیان) 109

هەوالنامەی كێبڕكێ

ڕاگـــواستن 114
گواستنەوەم 115
كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی كۆمەڵە 117
دروستكردنی كەرتی خوێندكارانی كۆمەڵەو كەرتی مامۆستایانی كۆمەڵە 119
كۆنفرانسی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان لە باڵیسان 119
مەحاكمی تەفتیشی یەكێتی و هاوڕێ فەرهاد 121
ڕاپەڕینە جەماوەری یەكانی ساڵی ١٩٨٢ 122
ڕاپەڕینی سەیدسادق و شەهید بوونی خوشكە عەینە 123
ڕێكەوتنی یەكیتی و پارتی 127
كۆنفرانسی دووەمی كۆمەلە لە ناوزەنگ ١٩٨٢ 128
دوای كۆنفرانسی دووەم 138
یەكەم كۆبوونەوەی ڕێكخراوی سولەیمانی لە ١٩٨٢ 139
یەكەمین كۆبوونەوەی ڕێكخراوی سولەیمانی 140
كۆنفرانسی یەكێتی مامۆستایان لە باڵیسان 143
مفاوەزات-گفتوگۆ 144
دیسانەوە شەڕی ناوخۆ 147
مفاوەزاتی یەكێتی لەگەڵ بەعس 148
ڕێكخراوی سولەیمانی و مفاوەزات 149
بەرەڵایی و نەبوونی دیسپلین 150
هەڵوێستی لایەنەكان 150
كۆنفرانسی سێهەمی كۆمەڵە.... دووهەمین كۆنفرانسی كۆمەڵە 159

هەواڵنامەی كتێب

لیژنەی لێکۆڵینەوەو 170
وازهێنانم لە کۆمەڵەو یەکێتی 170
بەشی پێنجەم... ئـــــــــاڵای شـــــــــــۆڕش 175
دامەزراندن و سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش 175
یەکەم کۆبونەوەی دەستەی دامەزرینەر 21/11/1984 178
❖. جیاوازی لە تێروانینی ستراتیژی خەبات 179
بردنی بڵاوکراوەکان بۆ کەرکوک 188
رونکردنە وە لە بارەی ئامێری چاپەوە 194
نامەکەی ئەڵقەی بیست و یەک بۆ مەلا بەختیار 201
سەرنج لەسەر نامەکەی مەلا بەختیار 204
کێشەی ڕۆنیۆو گیرانی هاوڕێ جەلیل 206
نامە بۆ کۆبونەوەی فراوانی ئاڵای شۆڕش لە سێوسێنان- قەرەداخ 210
کاری پۆپۆلیستی و لە باربردنی ڕێکخستنە(مارکسی یە شۆڕشگێڕی) یەکە 213
گەورەترین هەڵەی ڕێکخراوەیی 213
کۆبونەوەکەی تاران 217
هاتنی شێخ علی بۆ سلێمانی و هەولێر 220
هۆکارەکانی وازهێنانم لەگەڵ دەستەی نوسەران 225
هەڵسەنگاندنی نامەکەی مەلا بەختیار 232
کۆبونەوەی ئاڵای شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی 238
سەرنجێکیتر لە نامەی ١٩٨٥/١٠/٢٧ 244
پەلاماری ینک بۆ سەر ئاڵای شۆڕش 248

هەوالنامەی کتێب

شەوارەی سیاسی ناوەندی نوسەران 248
ئەڵقەكان لە دەمی شاڵاوی كۆمەڵە كوژەكاندا 252
نامەیەك لە م١ بۆ تیپی ٣١ بۆ گرتنی هاوڕێ یانی ئاڵای شۆڕش 253
بەیانێك (یەكێتی تابوری پینجەمی فاشستەكانی ڕژێمی عێراقە)١٩٨٥ 254
دامەزراندنی كۆمیتەی پارێزگای سولەیمانی ئاڵای شۆڕش 261
دامەزراندنی كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی ئاڵای شۆڕش 261
پەیوەندی بە زیندانەوە 263
نامەكانی زیندان 264
(ئازادی، یان مەرگی سەروەری) 266
نامە یەك بۆ سالار عەزیز 270
نامە یەك لە بەكر حاجی سەفەرەوە 271
نامە یەك لە ملازم عومەر رەوە 272
نامەی جمال محمد خواكرم بۆ سالار عزیز 274
نامە یەك لە ئاوات شیخ جنابەوە 276
زێوێ و لێژنەی سەرپەرشتی 277
نامەیەك لە شیخ عەلی یەوە 278
چەند ڕونكردنەوەیەك لە باری ئەم نامەوە پێویستە 280
بەیانێك (تاوانێكی گەورەتری سەرانی یەكێتی نیشتمانی) 281
چەند (زانیاری و سەرنج) ێ لە زیندانەوە 288
نامەی دەزگای پیشمەرگایەتی 291
نامەیەك لە زیندانی یاخسەمەرەوە 292

هەوالنامەی كتێب

نامەیەك لە ملازم عومەرەوە 298
نامەیەک لە زیندانی یاخسەمەرەوە 300
نامەی تالّەبانی بۆ محمد حاجی محمود..... 302
نامەی ملازم عومەر بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوخۆی ئالّای شۆڕش 307
نامەیەک لە زێوەوە بۆ زیندان 313
یەکەم پەیوەندی من بە سالار عزیزە وە 317
نامەیەك لە کۆمیتەی سەرکردایەتی ناخۆ وە بۆ سالار عەزیز 317
نامەیەک لە زیندانەوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتی 328
سەرنجێک لەسەر دروستکردنی ناوەندی نوسەران 329
پرۆپاگەندەی سەرانی یەکێتی 330
پلنیۆمەکەی کۆمەڵە کوژەکان 331
پاکانە پێنووسین..... 332
نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەلا بەختیار لە زیندان..... 334
نامەی دووەمی نەوشیروان مستەفا بۆ زیندانی یەکان..... 336
بۆ مێژوو 337
زیندان 339
نامەی پاکانە بە زۆر پێ نووسراوەکەی ١٩٨٦/١/٧ 339
کۆبونەوەی کۆمیتەکان لەسەر نامەی پاکانەکە..... 342
دروستکردنی ئامێرێک جێی ڕۆنیۆ بگرێتەوە..... 343
نامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی شارەکان بۆ لیژنەی سەرپەرشتی..... 345
پلانی دەربازکردنی هاوڕێ زیندانیەکانمان..... 352

هەوالنامەی کتێب

لە سەركردایەتی ناوخۆوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتی 354
پیتاک بۆ زێوێ 367
هەوڵی تیرۆركردنی سامی (عادل) لە لایەن یەكێتی یەوە 368
هەوڵی گرتنم لە لایەن رژێمەوە 368
لە كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتی 371
ئۆردوگای زێوی 381
دانیشتن لەگەڵ ئێرانیەكان 383
پەیوەندی ئاڵای شۆڕش بە پارتی یەوە 384
ئاڵای شۆڕش و جود 384
دەرامەت لە زێوە 392
كۆبونەوەی فراوانی زێوێ (پلنیۆمی یەكەم) ئالای شۆڕش ١٩٨٦/٧/١٦ 392
سەبارەت بە ڕێكخستنی شارەكان 394
كۆبونەوە لەگەڵ ئیدریس بارزانی 401
كۆبونەوەی عادل و هاوڕێ روناك شێخ جناب لەگەڵ ئیدریس بارزانی 404
كۆچی دوایی دایكی حاكم سەردار 405
بنكەی شەهید مناف 405
پەیوەندی كۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتكیشان و ئاڵای شۆڕش 409
پیلانی یەكێتی 410
بریارەكانی لیژنەی لیكۆڵینەوە 412
ڕێكەوتنەوەی یەكێتی و پارتی لە تاران 413
بەلاغی هاوبەشی كۆبونەوەی ١٩٨٦/١١/٧پارتی و یەكێتی لە تاران 415

هەوالنامەی كتێب

نامەی بنكەی شەهید مناف بۆ لیژنەی سەرپەرشتی..... 419
نامەیەكی حاجی مەمۆ بۆ لیژنەی سەرپەرشتی..... 421
نموونەیەک لە بێ دیسپلینی 424
هەوڵێكیتر بۆ شكاندنی زیندان و گیرانی رونـاك نوری هاوسەرم 425
نامەی خلیل دهۆكی 428
مۆتمر نصره الشعب العراقی..... 429
هەوڵێک بۆ ئاشتی لەگەڵ یەكیتی..... 430
كۆچی دوایی ئیدریس بارزانی 433
كۆبونەوە لەگەڵ حزبی شیوعی..... 433
گەرانەوەی خلیل دهۆكی..... 434
كۆبونەوەی لیژنەی سەرپەرشتی 435
ئینذاری ئیران بۆ ئاڵای شۆڕش 436
كۆبونەوەی لیژنەی سەرپەرشتی سەبارەت بەستنی پلنیۆم..... 437
چلەی ئیدریس بارزانی..... 439
نامەی هاوڕێ لیدیا بۆ عادل..... 439
ناكۆكیەكانی ناو حزبی شیوعی..... 441
نامەی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ كۆمیتەی سولەیمانی..... 443
مەسەلەی گفتوگۆ لە گەڵ یەكێتی 443
نامەیەک بۆ هاوڕێ یان رونـاكی شێخ جناب (هاوڕێ لیدیا)و حەمە ئاوات لە عادلەوە..... 446
نامەكەی سالارعزیز لە سوریاوە بۆ عادل 448
چەند خاڵێک لەسەر ئاڵای شۆڕش 451

هەوالنامەی كتێب

وەڵامی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ كۆمیتەی سولەیمانی..... 455
لە لیژنەی سەرپەرشتیەوە بۆ حاجی مەمۆ..... 458
پلنیۆمی دووەمی ئاڵای شۆڕش لە خواكورك 1987..... 460
ینک و تیرۆری سێ كادری ئاڵای شۆڕش..... 466
خەمێكی نوێ، دەمەڕێنێ..... 467
باری تەندروستیم..... 469
حاجی حەمە نوری حاجی عەبدوڵڵا..... 470
ئازادبوونی هاوڕێ شێخ عەلی و هەڵاتنی هاوڕێ پشكۆ..... 471
جیابونەوەی ڕەوتی حزبی شیوعی لە ئاڵای شۆڕش..... 473
پلنیۆمی سیهەمی ئاڵای شۆڕش لە زیوی ١٩٨٨..... 474
ڕاگەیاندنی كۆتایی سێیەمین پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش..... 475
بەرەو خاشەبڕكردنی تەیاری ڕیڤزینیزم..... 480
ئازادبوونی حاتەمی برام..... 484
وەستانی جەنگی ئێران-عێراق..... 484
ڕۆیشتن بەرەو ئاوارەیی-سوریا..... 486
دروستكردنی میدیای كوردی ئەمستەردام..... 490
دیكۆمێنتەكان..... 492-680
وێنەكان..... 691-714

هەوالنامەی كتێب

هەندێك لە دیکۆمێنتەکانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەوالّنامەی کتێب

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەواڵنامەی کتێب

هەندێك لە دیکۆمێنتەکانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەوالّنامەی کتێب

بـــەشـــی یـــەكـــەم
ســـەرەتـــای ژیانـــم

لەدایكبوونم

لە ســـاڵانی چلەكانی ســـەدەی ڕابوردوو، هەركەس لە ماڵەوە لە دایک بوایە و كەســێک ڕۆژو كاتەكەی نەنوســیایە و ڕۆژی لە دایكبوونی نەزانرایە ، لە دائرەی نفوس(١/ ٧) تیان بۆ دەنووســی . بەوجۆرە ١/ گەلاوێژی/ی ســاڵی ١٩٤٨بوو بە ڕۆژی لە دایكبوونم. لە گەرەكی گۆیژە لە شـــاری ســـولەیمانی هاتمە دنیاوە، لە خیزانێكی زەحمەتكێشـدا، من یەكەم منداڵی خیزانەكە بووم، باوكم ناوی محمد رفیق محمد معروف بەرزنجی بوو. هەر لە ســـەرەتای لاوێتیەوە بۆ بژێوی ژیان بووە سەربازی بێتەل لە سوپای عیراقدا، باوكم تەنها برایەكی هەبوو بە ناوی تۆفیق محمد معرو ف . دایكم سەلما محمد مام ساڵح گێڵدەرەیی شەش براو پێنج خوشكی هەبوو. منیش شەش براو یەک خوشكم هەبوو، دوای من شەهید حەمەرەشیدی برام لە ساڵی (١٩٥٠[1]) لە ســلێمانی هاتە دنیاوە، دوای ئەویش ســەڵاحەدین لە ســاڵی ١٩٥٤ لە

---

(1)شـــەهید حەمەڕەشـــیدی برام: لە ســـاڵی ١٩٥٠لە دایک بوو، دوای تەواوكردنی ئامادەیی لە كولیجی كوردی دانشـــگای بەغدا وەرگیرا، لە ماوەی چوارســـاڵی خوێندنیدا لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی ڕابوردودا لە بەغدا لە گەڵێک لە ڕۆژنامەكانی ئەو سەردەمەدا وتاری ئەدەبی ســـەبارەت زمانی كوردی دەنووســـی، بە تایبەت لە ڕۆژنامەی هاوكاری و هاوڵاتی دا، دواجارێک كە چاوم پێی كەوت لە شەوی 21/20 مانگی نەورۆز ساڵی ١٩٧٤ بوو ، شـــەردەســـتیپێكردبۆوە لە نێوان كوردو حكومەتی بەعســـا فەرمانگەكانی میری ، پەروەردە ، پۆلیس ، بە ســـەدان هەزارکەس چووبونە دەرەوە بۆ ناو شـــۆرشـــەكە ، جامعەی ســـولەیمانی چووبوە قەڵادزە، خوێنـــدكـــارانی زانگۆش لە دەوری زانگۆكەیـــان لە قەڵادزە كۆبوبونەوە تـــا ئەوســـاتەی رژێمی بەعس قەڵادزێی و زانگۆكەی بە فرۆكەی جەنگی بۆردو مانكرد و بووە مایەی شـــەهیدبوونی ســـەدان خوێندكارو هاوڵاتی، ســـولەیمانی لەو رۆژگارەدا بۆنی خوێنی لێدەهات، حشـــع بە هۆی ئەوەی لەژیر هەژموونی ســـۆڤیەتدا بوو ، ســـۆڤیەتیش پەیمانی دۆســـتایەتی لەگەڵ رژێمی دكتاتۆری و فاشـــی عێراقدا هەبوو، وەلەبەر رۆشـــنایی بیری ستالینیستی سۆڤیەتی (كە عێراقیش یەكیكە لەو وڵاتانەی بە ڕێگەی ناسەرمایەداری بەرەو ســـۆشـــیالیزم دەچێت ؟) لایەنگری بەعســـیكرد .. ئا لەوكاتەدا قســـەكانمان لەســـەر سەرهەڵدانەوەی شەربوو لە نێوان كوردو حكومەتدا، لێمپر سی بۆ نارۆیتە دەرەوە ووتی یەک دوو مانگم ماوە جامعە تەواودەكەم دوای ئەوە دەچم بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندنی دكتۆرا، پێموت تۆ لە پارتیدایت و لە یەكێتی قوتابیانیشـــدایت ترســـی گرتنت نییە ؟ ووتی ژیانی كورد هەمووی ترس و زەحمەتە و چاوەروانی تەواوبوونی ئەم دوومانگە دەكەم....بەڵام مەخابن لە ١٩٧٤/٤/٥ (چەند مانگێكی مابوو كولیجی ئاداب بەشـــی كوردی تەواو بكات) لە بەغدا لە لایەن رژێمی فاشی عێراقەوە شەهیدكرا ..و خوێندكارانی كولیج لاشەكەیان بۆ هێنایەوە بۆ سولەیمانی .

كەركوك هاتە دنیاوە.([1]) چونكە باوكم سەرباز بوو لە كەركوك، ساڵێك دوای ئەوە باوكم ئێمەی هێنایەوە بۆ سولەیمانی و دیسانەوە چووینەوە خانوەكەی باپیرم لە گەرەكی گۆیژە . لە سەرەتای ساڵی شەستەكاندا باوكم خانەنشین بوو، هەوڵی دا فێری سەعاتچێتی بوو، لە دوكانەكەی حاجی علی سەعاتچی لە بەردەركی سەرا كەوتە كاركردن. لە ساڵی ١٩٦٠عبدالكریمی برام هاتە دنیاوە([2])، دواتر ئامادەیی پیشەسازی تەواوكرد.

دوای ئەویش پەیمانی خوشكم لە ساڵی لە ١٩٦٤ لە دایك بوو، لە ژیاندایەو مامۆستایە لە كەركوك . عبدالقادری برام لە ١٩٦٥ هاتە دنیاوەو دواتر ئامادەیی بازرگانی تەواوكرد، لە ١٩٩٠بە ڕووداوێكی دڵتەزێن كۆچی دوایی كرد. دواجار حاتەمی برام لە ١٩٦٦چاوی بە دونیا هەڵهێنا ....([3])

باوكم یەك برای هەبوو پۆلیسی بێتەل بوو لە بەریوەبەرایەتی پۆلیسی سولەیمانی بە ناوی تۆفیق محمد معروف، بە هۆی كاركردنیەوە لە پارتیدا تووشی زۆر دەردی

---

[1])صلاح الدینی برام : چەندجارێك لە لایەن بەعسەوە گیراو ئەشكەنجە دراوە، چونكە هیچی نەئەدركاند ئازاد دەبوو، دوای كۆچی دوایی كوتوپڕی باوكم لە مانگی سێپتەمبەری 1973دڕێژەیدا بە خوێندنی ئامادەیی ، بەڵام دوای هەڵگیرسانەوەی شەری كوردو ڕژێمی بەعسی ١٩٧٤و چوونە دەرەوەی من بۆ ناو ڕێزەكانی شارەكە حاج حەمەنوری حاج عەبدوڵلا و عەلی بۆسكێنی. بە هۆی ئەوەی لە شەستەكاندا لە سەردەمی عبدالسلام عارفدا عەلی بۆسكێنی و بەڕێوەبەری پۆلیسەكە(عبداللطیف النقیب) بە یەكەوە زیندانی بوون، عەلی بۆسكێنی بە تۆمەتی شیوعی بوون و بەڕێوەبەری پۆلیسیش بە تۆمەتی بەعسی بوونیەوە، لە زیندا ندا بووبونە برادەری یەكتری، كاتێك لە بەغداوە دووردەخرێتەوە و دەگویزرێتەوە بۆ سولەیمانی و بووە بەڕێوەبەری پۆلیسی سولەیمانی، وەك دوو برادەر كە لە زیندانا یەكتریان ناسیوە چاویان بە یەك دەكەوێتەوە، گەلێك ڕۆژ بە سەردان دەچووە لای ڕێزدار علی بۆسكێنی دادەنیشت، حاجی حەمە نوری بە علی بۆسكینی دەڵێت بەڵكو قسەیەك لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا بكات تا لە ناوشار سلاح دابنێن تا بتوانێت بە ئێواران درێژە بە خوێندن بدات و ئامادەیی تەواوبكات. بەو جۆرە سەلاحەدینی برام لە زاتیەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سولەیمانی كرایە كاتب، ئێوارانیش لە ئامادەیی دەیخوێند ، هەر بە پیشنیاری ئەو بەڕێوەبەری پۆلیسە نێردرا بۆ دەورەی مفەوەزی پۆلیس لە بەغدا ..

[2]) كەریمی برام : خوێندنی ئامادەیی پیشەسازی تەواوكرد.لە گەرمەی ڕاپەڕینەكانی ساڵی ١٩٨٢ی شارەكانی باشووری كوردستاندا، لە ئەمنی سولەیمانی گیراو ئەشكەنجە دراوەو خۆراگربووە. دوای سەركەوتنی ڕاپەڕینەكانی ساڵی ١٩٨٢ كە بە ئازادكردنی هەموو زیندانە سیاسی یە گیراوەكان كۆتایی هات لەگەڵ جمال تایەر و قادر مەنمی و حەمەی فەرەج و جلال قەرەداغی و مامۆستا ئیسماعیل و ئەحمەد عەبدوڵلا كوردە چەرمەگایی ئازادكران....

[3]) حاتەمی براشم كە خوێندكاری ئامادەیی بوو لە نیوەی دووەمی هەشتاكاندا، لە ئەنجامی زمان لێدانی كەسێكەوە لە لایەن بەعسەوە گیراو بریاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام خۆشبەختانە بەر لێبوردنە گشتیەكەی ساڵی (١٩٨٩) كەوت و ئازادكرا، لە ماوەی چاوەروانی لە بەشی ئیعدامدا دكتۆرەكەی سەدام لەوێ زیندانیبوو....

سەری گرتن و دوورخستنەوە هات ، لە رەواندز لە دوای شەڕی هندرین، بە تۆمەتی گەیاندنی زانیاری بە پێشمەرگەو هێنانە ناوەوەی پیشمەرگە بۆ ناو رەواندز و پەیوەندی بە پارتیەوە گیرا، بە هۆی نامەیەكەوە لە ئیدریس بارزانیەوە بۆ ئەسعەد ئاغا ی شێتنە كە دەستڕۆیشتوو بوو لای حكومەت مامم ئازادكرا بەڵام ڕژێم بریاری دابوو نەیەڵن بگەڕێتەوە كوردستان وچەند ساڵێك دوورخرایەوە بۆ روتبە لە سەرسنووری ئوردن و دوای ئەوەش بۆ كەربەلا، دوای ڕێكەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ گیرایانەوە بۆ سولەیمانی وەك مفەوەزی پۆلیسی بێتەل ، بەلام نە حەسایەوەو بە هۆی تووشبوونی نەخۆشی شێرپەنجەوە گیانی بەخشی، هاوەڵانی پۆلیسی سولەیمانی زۆر پڕشكۆ بەشداری ڕێورەسمی ناشتنەكەی بوون.

لەو بیرەوەریانەی ئەو دەمە، لافاوەكەی سولەیمانی (ساڵی ١٩٥٧)ە، لەوساتەدا لە دوكانەكەی باپیرم لە شەقامی سابونكەران دانیشتبووم، هەورێكی ڕەشم بینی لە خۆرئاوای سولەیمانیەوە ڕووەو ڕۆژهەڵاتی شارەكە دەهات، و لە پرێكدا دایكردە بارانێكی زۆربەهێز و بووەلافاو، زیانی خانووبەرەو مرۆیی زۆری هەبوو، هەندێ خەڵكی شار هاواریاندەكرد (ئەوەی ماڵی وێرانە ڕووبكاتە خەستەخانە)..

وینەیەكیتری سەرەتای كاڵی بیرەوەری منداڵیم ئەو خۆپیشاندانانەبوو كە خەڵك پێی هەڵدەستان دژی رژێمی پاشایەتی. حزبی شیوعی هەمیشە هەوڵیدەدا ڕۆڵی هەبێت ، ئەودەم زۆربەی شیوعیەكان لە شەقامی سابونكەران كە سەربەگەرەكی گۆیژە بوو، كۆدەبوونەوەو بابژی و بابروخێیان دەستپێدەكرد ڕووەو بەردەركی سەرا، كە ناوەندی شاربوو ڕێپێوانیاندەكرد، گەلێكجار كە لە دوكانەكەی باپیرم دادەنیشتم لە سەرو چوخمەكەی شەقامی سابونكەران لە شاری سولەیمانی. پۆلیسم دەدی بە دوای خەڵكێكدا ڕایاندەكرد بیانگرن، ئەوانیش بە كۆڵانەكاندا ڕایان دەكرد تا خۆیان دەربازبكەن، كە پۆلیسەكان دوور دەكەوتنەوە دیسانەوە دەهاتنەوە سەرشەقامەكەو دەستیان دەكردەوە بە هاوار وقسە پێوتنی حكومەت..

وێنەیەكیتری چەسپا و لە هۆشمدا هێنانەوەی تەرمەكەی شێخ مەحمود بوو كە لە كاتی گەیشتنی تەرمەكەی شێخدا بۆ بەردەركی كتێبخانەی گەلاوێژ. لە سووچێكی بەردەركی سەرا لە بەری ئوتێلەكەی نوری علی یەوە ڕاوەستابووم، بە چاوی خۆم بینیم، كاتێك دەنگی بابژی و بابروخێی خەلكەكە تێكەڵ بە دەنگی گوللە بارانی پۆلیس بوەوە..

ئەو دەمانە خوێندن لە قوتابخانەكاندا بە زمانی عەرەبی بوو. لە هەفتەیەكدا دەرسێكی زمانی كوردی هەبوو. لە قوتابخانەی بنەڕەتی سەلاحەدینی ئەیوبی، لە لایەن مامۆستا و شاعیر ئەحمەد هەردی یەوە ئەو وانەیە دەوترایەوە، سەرەتای حەزو خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوەی كتێب و كوردایەتی لەوێوە سەری هەڵدا. مامۆستا لە وانەكەیدا سەرباری فێربوونی زمانی كوردی و هۆنراوەی نیشتمانی

كوردی، چارەكێک لە كۆتایی وانەكەی تەرخان دەكرد بۆ گێڕانەوەی بەشـــێک لە یەكێ لە چیرۆكەكانی شـــارلۆک هۆڵمز كە لە نووســینی ســیر ئارثەر كۆنان دوێڵی ئینگلیزی بوو. چیرۆكەكان پۆلیســی بوون، باسیان لە دۆزینەوەی تاوانباران دەكرد، لە ڕێگەی گەڕان بە دوای بەڵگە عەقڵیەكـانـدا. مـاوەی گێڕانەوەی چیرۆكەكەی لە چارەكێک تێپەڕی نەدەكرد و دەیبڕی بۆ وانەكانی داهاتوو تەواوی بكات. مامۆســتا ئەحمەد هەردی ئەمەندە بە خۆشـــی و بە تام چیرۆكەكەی دەگێڕایەوە، هەمیشـــە بە پەرۆشـــەوە چاوەڕوانی وانەكەی هەفتەی داهاتووی بووم. دواتر لە كتێبخانەكاندا گەڕام بە دوای كتێبەكـانی ســـێر ئـارثـەر كۆنـان دوێڵی ئینگلیزی و مۆریس لبلانی نوســـەری فەرە نســـی كە وەرگێڕرابوونە ســـەر زمانی عەرەبی، تا خۆم لە ماڵەوە بیانخوێنمەوە، ئەوە لەو تەمەنەدا بووە ســـەرەتای دەســـپێكی خوێندنەوەم و مایەی ئەوەی دواتر كتێبخـانەیەكی دەوڵەمەنـدم هەبێـت.كە هەموو جۆرە كتێبێكی لەخۆ گرتبوو..باوكیشم لەو بوارەدا پاڵپشت و هاندەرم بوو..

لەو ســـەردەمانەدا لە قوتابخانە، وەرزشـــی ســـوێدیان پێ دەكردین، و بۆ ئەو وەرزشەش قوتابی یە وەرزشوانەكانیان دە برد بۆ قوتابخانەی فەیصەڵیە بۆ ڕاهێنان، جلی كەشـــافەشـــیان ئەدا بە هەندێ لەو قوتابیانەی بۆ كەشـــافە هەڵبژێرابوون، بیرم نەماوە ساڵی چەند بوو، بەڵام جارێک بردیانین بۆ ڕێگەی كەركوک لە سەرشاقامەكە ڕیزیانكردین بۆ پێشـــوازی مەلیک فەیصـــەڵ كە هاتبوو بۆ ســـەردانی شـــاری سولەیمانی.

شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ

لەهاوینی ساڵی ١٩٥٨چووم بۆ چوارتا بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین لە ماڵی مامم. هەســـتمكرد مامم گەلێكجار لەگەڵ چەندین پۆلیس و هەندێكجاریتریش لەگەڵ چەند سڤیلێک دادەنیشت ، لە كاتی ئاوبردن یا چاپردن بۆیان گوێم لێدەبوو كە باسیان لەسەركورد و حكومەتی عێراقیە. گەلێكجاریش لەگەڵ ئەوانەدا بە ناوی سەیرانەوە دەچوون بۆ دەشـــت ودەرو لەوێ درێژەیان بە باســـەكانیان دەدا. ئەوســـا نەمدەزانی سەربە چ گرووپێكن. لەو كەسایەتیە سڤیلانەی بیرم مابن حەمەشوكور ناوێک بوو كە شـــۆڤێری ئۆتۆمۆبێلی نێوان چوارتاو ســـولەیمانی بوو، هەروەها حەمە ســـدیقی برای ئەویش شـۆڤێری ئۆتۆمۆبێلی نێوان سولەیمانی و چوارتابوو. لە پۆلیسەكانیش عەریف عەلی و عەریف عمر كە پێموابێت یەكێكیان لە بەشی بێتەلی پۆلیسدا كاری دەكرد..

چێشـــتەنگاوی ڕۆژی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨لە ناوشـــارۆچكەی چوارتا قەڵەبـاڵغی پەیـدابوو ، بەرەبەرە تـادەهـات خەلكەكە زیـادیـدەكردو لە پرێكـا بوو بە ڕێپێوان و هاوارو قیژەقیژو بانگیان بۆ ڕوخاندنی پاشایەتی و دامەزراندنی كۆماری

دەدا. یەکسەر چوومەوە ماڵی مامم وبە پورم ووت مەلیک نەماوەو بۆتە کۆماری، زۆر تووڕەبوو ووتی : دەنگت نزمکە نەبا کەسێک گوێی لێتبێت با تووشی بەڵایەک نەبین، خۆمان وەزعمان تەواو نییە. لەو ساتەدا ڕێپێوانەکە گەیشتبووە نزیک ماڵەکە، پاش ئەوەی گوێی لە خەڵکەکەبوو هێوربووەوە، شارۆچکەی چوارتا بە جارێک خرۆشابوون و هاتبوونە سەرجادەو ڕێپێوانیان دەکردو بە کۆماریاندا هەڵدەدا..

پاش چەند ڕۆژێک بەرەو شاری سولەیمانی گەرامەوە ، لە نێوان پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە خەڵکم دەدیت لەسەر شەقامەکان هەر بابژی و بابروخێیان بوو . لە ڕۆژانی دواتردا مامم زوو زوو دەهات بۆ سولەیمانی ، بە هۆی باوکمەوە دەمانزانی کە هاتووەو بەڵام ماوەی نەبووە بێتە سەردانمان و چووە بۆ سەردانی (برادەرانی پارتی) . ئەوە یەکەمجارم بوو کە ناوی پارتی ببیستم ، کە لە باوکم پرسی ئەویش وەک چۆن مامۆستایەک دەروانێ لە قوتابییەک تێنەگەییوە لەوەی بۆی باسکردووە، ئاوەها بە لەسەرخۆییەوە باسی شۆڕشەکانی کوردی بۆ دەکردم و دەیووت چەندجار باسی شۆڕشی کوردم بۆکردووی لە بارزانەوە، ووتی (پارتی هێزی جەماوری ڕێکخراوی گەلی کوردستانە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزان). ئەو زەمانە خەڵکەکە یا پارتی بوو یا شیوعی.

هەرکاتێک باوکم پشووی سەربازی وەردەگرت و دەهاتەوە ناومان، داستانی شۆڕشگێرانی کوردی بۆ باسدەکردم، زۆر سەرسام بوو بە ئازایەتی و لێزانین و لێهاتوویی لە تەکتیکەکانی شەرکردنیاندا بەرامبەر سوپای پڕچەکی حکومەتی عێراقی ، ئەیوت لە ناوچەی بلەو بارزان دوای گەمارۆدانیان و بوونی ئەو هەموو سەربازگاو ڕەبایە سەربازیانە شەو دەمی وڵاخەکانیان دەبەست و لبادیان لە چوارپەلی وڵاخەکانیان دەئاڵاند تا لە ڕۆیشتندا دەنگیان نەیەت و بە نێوان ڕە باياو بنکە سەربازیەکاندا دەڕۆیشتن و گەمارۆکەیان دەشکاند ، کۆماری مەهابادو ڕۆڵی مەلامستەفای بارزانی لە بەرگریکردن لە کۆماری ساواکەو ڕێپێوانە مەزن و مێژوویی‌یەکەیان بەرەو ئاوی ئاراس و پەرینەوەیان بۆ یەکیتی سۆڤیەت بەشێکیتری باسەکانی بوو..

لە مێشکمدا لەوەگەیشتم کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بەهێز هەیە لە نێوان وشەکانی پارتی و مەلا مستەفاو کوردو کوردستاندا. هەر ئەو سەرئەنجامە کارێکی کرد لەو ڕێپێوانانەی لە شاری سولەیمانیدا ڕوویدەدا گوێم هەڵخەم و چاوبگێرم کام ڕێپێوان هاوار بۆ کوردو کوردستان دەکات دەچوومە ناویان و منیش دەستم بە هاواردەکرد .

حزبی شیوعی عێراقی

ووشـــەی شـــیوعی ســـەرەتا لە ناوەراســـتی ســـاڵەكانی پەنجاكاندا لە دەمی خۆپیشاندەرانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی بەرگوێم كەوت. لە دوای كودەتاكەی قاسمی ١٩٥٨ زانیم چەند ماڵێكی دراوسێمان شیوعی بوون ، كورەكانیان گەرچی لە یاری تۆپی پێ وباڵەو تەنانەت یەك دووجاریش كاری شانۆگەریدا پێكەوە بەشداربووین ، بەڵام لەو دەمە بەدواوە ئەوەی سەرنجی رادەكێشام ئەوان وهەموو ئەو شیوعیانەی بەشـــداری خۆپیشـــاندانەكانیان دەكرد، هاواریان بۆ كوردوكوردســـتان نەدەكرد، شتێكیتریان دەووت و وەك گۆرانی دەیانووتەوە ، ئەوەندەی بیرم مابێت ئەوەبوو (لە شـاگردانی فەهدی قارەمانین). پاشـان لە سـاڵی ١٩٥٩ گوێم لێدەبوو هاوارەكانی ئەو تاقمانەی بە شـیوعی ناسـرابوون بە ئاشـكرا بە سـووكایەتیەوە باسـیان لە كوردو كوردســـتان دەكرد و دەیانووت (كوردی چە عەرەبی چە هەموو هەر عێراقین ؟) ، (مەعاریفی كوردستانی چی مەعاریفی قلیاسان؟).

لە گەرەكی گۆیژەی شاری سولەیمانی شەقامێك هەیە بە ناوی سابوونكەران ، گەلێك لەو خێزانانەی لەو شـــەقامەدا دەژیان لە ماڵەكانیاندا خەریكی ســـابوون دروســـتكردن بوون بۆ فرۆشـــتن . لە ســـاڵی (١٩٥٩) شـــەقامەكە لە لایەن شـــیوعیەكانەوە بە ناوی شـــەقامی مۆســـكۆوە ناودەبرا. ژمارەیەكی زۆریش لە كەســـایەتی شـــیوعی لەو شـــەقامەدا دەژیان و زۆربەی هەرەزۆریشـــیان خەڵكانی زەحمەتكێش بوون. لە ســـەردەمی پاشـــایەتیشـــدا چەندەها كەســـایەتیانم لە ناو خۆپیشاندەرانی دژی دەسەڵاتی پاشایەتی دیبوو، كەسانێكی تریشیان لە گەڵدابوو بە هۆی پەناهندەیی مستەفا بارزانیەوە لە سۆڤیەت وایاندەزانی ئەویش سەر بە دەوڵەتە شیوعیەكەی سۆڤیەتە! دیارە لەو بارەوە نەك هەر ئەو خەڵكە سادەیە بەڵكو گەلێك لە ســەركردایەتی پارتیشــدا لە پەنجاكاندا (وەك تاڵەبانی) هەمان بۆچوونی هەبوو، سـۆڤیەتیان بە سـۆسـیالیسـت وپشـت و پەنای گەلانی ژێردەسـتە دەزانی! (بگەڕێوە بۆســەردانەكەی تاڵەبانی بۆ بینینی ســەرۆكی پارتی لە مۆسـكۆ). تەنانەت گەلێك لە دەوڵەتانی ناوچەكە و جیهانیش هەربەو هەڵەیەدا چووبوون..

لە نێوان ســـاڵانی (١٩٥٩-١٩٦٣)حزبی شـــیوعی عێراقی پێچەوانەی لاف و گەزافی مافی چارەنووســـی نەتەوەكان، بوونە بەشـێك لە سـیسـتەمی فەرمانرەوایی عێراق و لە شـــارەكانیشـــدا بە دروشـــمی ســـەیروســـەمەرە كەوتنە دژایەتی كورد، بەوجۆرە بوبوونە بەشـێك لە بۆرژوای فاشـسـت و شـۆفێنیسـت و رەگەزپەرسـتی عەرەب بەرامبەر كورد. بۆ بردنەســـەری ئەو ســـیاســـەتەیان و بەرگری (خۆیان ووتەنی لە حوكمی زەعیم عەبدولكەریم قاسم) دەستیانكردە دروستكردنی میلیشیای (مقاومەی شەعبی) لە سەرتاسەری عێراقدا (لەو كارەشیاندا نەتوانییان ڕژێمەكەی عەبدولكەریم قاسـم بەرەو دیموكراسـی بەرن، نە خۆشـیان بەرنامەی گرتنە دەسـتی دەسەڵاتیان هەبوو). بەوجۆرە تادەهات بارودۆخەكە گرژتردەبوەوە، لەو ڕێپێوانانەی

بۆ داواكـانی مـافی كورد دەكرا، حزبی شـــیوعیش ڕێپێوانی دەكرد، زیـاتر بۆ گـاڵتەجـاڕی بە داوا كەلتوریەكـانی كورد. لە نێوان ڕێپێوەرەكـانی پـارتی و شـیوعیەكاندا، دەتوانم بڵێم جارنەبووە لەو ڕێپێوانانەی لە ســولەیمانی ڕوویاندەدا بە یەكدادان دروست نەبێت لە نێوان خۆپیشـاندەرانی پارتی و شـیوعیدا. لە خوێندنگا - بازار- ماڵ و شوێنە گشتیەكانیشدا كۆمەلانی خەڵكیان بەوەوە خەریک كردبوو (ئایا كورد نەتەوەیە یا نەء!) حزبی شـیوعی كە لەو دەمانەدا جەماوەریكی بەرفراوانی لە سـەرتاسـەری عێراقدا هەبوو، خاوەنی هێزێكی میلیشـیایی زۆر گەورەش بوو كە بە (المقاومة الشـعبية) ناسـرابوو تەنانەت دژی داواكاری مافە كەلتوریەكانی كورد بۆ زمانی كوردی دەبووەوە. كاتێک خەڵک لە ڕێپێوانەكاندا دروشـــمیان دەدا و داوای خوێندن بە زمانی كوردی یان دەكرد و دروشـمی (معارفی كوردسـتانیان) دەوتەوە، ڕێپێوەرەكانی حزبی شـیوعی عێراقی بە گاڵتە جاڕیەوە هتافیان دەكێشـا (مەعاریفی كوردستانی چی مەعاریفی قلیاسان). حزبێک بوو لە خزمەتی دەسـەڵاتی دكتاتۆری قاسـم دا. لە كاتێكدا لە ڕژێمەكەی قاسـمدا لە لوتكەی دەســەڵاتدا بوون، نە كاریان دەكرد رژیمێكی پەرلەمانی دیموكراســـی جێ بگرێت، نە ئەوەش بوو دەســـەڵات بگرنە دەست و ئەو بەرنامە سۆسیالیستیەی بە ناو بڕوایان پێی بوو و خەڵكیان پێ فریو دەدا جێ بەجێ بكەن، نە توانیشـیان ڕژێمەكەی قاســم بپارێزن. كاری ئەوان وەک تابوری پێنجەم تەنها جێ بەجێكردنی سیاسەتەكانی دەرەوەی سۆڤیەت بوو....

لە نەورۆزی ســـاڵی (١٩٥٩) دابوو، گەلێكجار پێكدادان بە بەردودار لە نیوان ڕێپێوەرەكانی ئێمەو ئەواندا ڕوویدەدا ، لەو ئێوارەدا لە كاتی ئەو ڕێپێوانە پڕشكۆیەدا كە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە سازكراو لاوەكان هەموو بە مەشخەڵەوە دەڕۆیشتن و ســـرووی نەورۆزیان دەوتەوە، بە هۆی گاڵتەجاڕی شـــیوعیەكان بە نەورۆز، دیســـانەوە پێكدادان لەگەڵیاندا ســـەری هەڵدایەوە و بووەهۆی گرگرتنی هەندێ لە ڕێپێوەرەكانی كە من لە ناویاندابووم كە تەنها ناوی یەكێكیانم بیرماوە بە ناوی(كریم-دواتر بووە مامۆستا) كە پورزای دكتۆر نەجاتی حەمەڕەق بوو.

بارەگای پارتی دیموكراتی كوردســـتان بە ناوی خەبات لە شـــەقامی كاوە لە سولەیمانی، ڕۆژانە خەڵكێكی زۆر لە دەوری كۆدە بوونەوەو چاوەڕوانی ئەوەبوون ئەركێكیان پی بســپێردرێت و جێ بە جێی بكەن. لەو دەمەدا ڕێپێوان و قیســتیقاڵی زۆر بەگەردەخرا ، تا ئیستاش ئەو ئاهەنگە قەشـەنگەی یادی نەورۆزم لەبیرە كە لە باكوری شارەكە ڕێكخرا، لە شوێنێكی دەشتایی فراوان، تووی مەلیكیان پێ دەووت ، دواتر بووە یەكێک لە گەرەكە جوانەكانی سولەیمانی..

مسـتەفا بارزانی لە یەكیتی سـۆڤیەتەوە لە ٦/تشـرینی یەكەمی ســاڵی (١٩٥٨) گەڕایەوە بۆ عیراق .(ئیبراهیم ئەحمەد ، نوری ئەحمەد تەها، عوبێدوڵڵای كوری بارزانی، و محمد ســادق چووبون بە پیر مســتەفا بارزانیەوە لە پراگ ی پایتەختی

چیكۆسلۆڤاكیا و لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە میسر چاوی بە سەرۆكی میسری جەمال عبدالناصر دەكەوێت)(عارف كریم ل٤) . ئەو پێشوازیە مەزنەی هەرلە بەسرەوە تا كوردستان لە بارزانی كرا لە كات وساتێكی ناسكدابوو، بەهۆی هەڵوێستی دوژمنكارانەی حشع و بۆرژوا فاشستی ڕەگەزپەرستی عەرەب، بەشێكی زۆر لەو سەركردە سەربازیانەی لە دەوری سەرۆك وەزیرانی ئەودەمی عیراق عبدالكریم قاسم، دژی كوردبوون. (لە كۆڕێكی گەورەدا كە لە ژمارەیەكی زۆر حزبی و غەیرە حزبی لە یەكێك لە ستادیۆمەكانی وەرزشی بەغدا پێكهاتبوو، ئیبراهیم احمد سكرتیری گشتی حیزب دوای بەیانكردنی تێكۆشانەكان و مل ملانێكانی بێ وچانی مەلا مستەفا لە ڕێگای كوردو كوردستانداء لێبرانی كۆمێتەی ناوەندی بۆ هەڵبژاردنی مەلا مستەفا بۆ سەرۆكایەتی حیزب ڕاگەیاند.)([1])

هاتنەوەی مستەفا بارزانی لە روسیاوە خرۆشانی خەلكی كوردستانی بلێسە پێگرت و دەنگ وباسی كوردی لە قەواره خزان دەرپەراندو، لەسەر ئاستی ناوچەكەو جیهان هەرلایە بە پێی پێودانگی خۆی كەوتنە شیكارو بڵاوكردنەوەی هەواڵی كورد. ئا لەو هەل و مەرجە ناسكەدا هاتنەوەی مەلا مستەفا تەوژم و گوڕێكی نوێی بەخشی بە بزوتنەوەی سیاسی كورد و بووبوە وێردی سەرزمانی گەورەو بچوك و جێی هیواو متمانەی خەلكی كوردستان . تەوژمی بزاڤی كورد لە هەڵچوون و دژە كوردەكان لە داچووندا بوو."(گەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ عێراق و چوونی ئەو بۆ باكوروموهڵبەندی جیاجیای كوردستانی عێراق شۆڕێنیكی زۆری كردە سەر بیروباوەری كوردەكانی ئێران و كوردەكانی دانیشتووی توركیە و روسیەو سوریە هەروەها شۆڕێنی لەسەر چینەكانی جیاجیای ئەو كوردانە دانا كە لە ولاتە ئەوروپاییەكان خەریكی خوێندن بوون و پەرەپێدانی حیزب ئەنجامی ئەدا . ئەم شۆڕین دانانە لەو پرۆپاگەندەیەدا سەرچاوەی دەگرت كە حیزب بە سكرتێری گشتی برایم احمد بۆ بەهێزكردن و پەرە پێدانی حیزب ئەنجامی ئەدا)([2]) .

بانگهێشتی مەلا مستەفا بارزانی كرا بۆ مۆسكۆ بە بۆنەی ئاهەنگ و جێژنی ئۆكتۆبەرەوە زنجیرەیەك كۆبونەوەیان لەگەڵكردو پەیوەندی نێوانیان گەرم و بەهیزكرد. لە ماوەی سەردانەكەی مۆسكۆی دا بارزانی بارودۆخی ئاڵۆزی عێراقی بە شیوەیەكی گشتی وكوردستان بە تایبەتی بۆ گەورە بەرپرسانی كرێملین بۆ لێك دابۆوەو باسی ڕێتێچوونی بەرپابوونی (كودەتای) یەكی دژی رژێمی قاسم بۆ كردبوون، هەروەها داواشی لیكردبوون دەستی یارمەتی لە هەموو ڕوویەكەوە بۆ

---

[1])عیسی پژمان – كتێبی نهێنی یەكانی بەستنی پەیمانی ساڵی ١٩٧٥-ی ئەلجەزائیر- لاپەڕە ٣٠-٣١.

[2]) عیسی پژمان – لە كتێبی نهێنی یەكانی بەستنی پەیمانی ساڵی ١٩٧٥ لە ئەلجەزائیر- لاپەڕە ٣٢.

گەلی كورد درێژ بكەن . چەند گفتێكیشی لەم بارەوە لێ وەرگرتبوون . گفتی كۆمەكی چەكی دابوو بەڵام ئەم گفتە لەبەر هەندێ هۆی سیاسی و تەكنیكی جێبەجێ نەكرا. لە جیاتی ئەوە بڕێك پارە تەرخانكرا تا بەشی كڕینی چەك و جبەخانە بكا، كە لە ڕێگەی قاچاخچییە نێودەولەتیەكانی چەكەوە بكڕرێت. باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا خاڵی پەیوەندی نێوان بارزانی و مۆسكۆبوو، ئەو پارەیەی مۆسكۆ تەرخانی دەكرد لە ڕێگەی ئەم باڵیۆزخانەیەوە دەهات و دەگەیەنرایە بارزان، بەشی زۆری ئەو چەكەی دەكڕرا چەكی چیكی و ئینگلیزی بوو ، لە نێوان مانگی ئایارو ئەیلولی ١٩٦١ دا نیزیكەی ٣ هەزار پارچەچەك كڕرا، دوای ئەوەی بارزانی لە بەهاری ١٩٦١ دالە ناوچەی بارزان گەڕایەوە بەغداد ، پەیوەندی نێوان عبدالكریم و مەكتەبی سیاسی ڕووو لە تێكچوون بوو، بە تایبەتیش لە پاش گەرانەوەی بارزانیەوە. لە(كانوونی دووەمی١٩٦١) دا لە سەفەری مۆسكۆ بۆ بەغدا ، گومان و دوودڵی عبدالكریم قاسم لە بارزانی زۆر زیادیكردبوو، ساردییەك لە نێوانیان هەبوو، تا مانگی شوبات ئامادەی بینینی بارزانی نەبوو، كاتێك لەو مانگەدا چاویان بە یەكتر كەوت بارزانی هەوڵیدا گومان و دوودلی قاسم بڕەوێنێتەوە بەڵام كەڵكی نەبوو. كاتێك مەسەلە گەیشتە ئەم ڕادەیە، بارزانی بە بآشی زانی بۆ ماوەیەك بەغدا بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بارزان .

لە حوزەیرانی ١٩٦١ كۆمێتەی ناوەندی پارتی كۆبونەوەیەكی بۆ لێكۆلینەوە لە بارودۆخەكە ئەنجامدا و لەو كۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا یاداشتێ بدرێ بە عەبدولكەریم قاسم، ئامانج لێی ئارامكردنەوەی بارودۆخەكەبوو، بەڵام كەڵكی نەبوو. كەلێنی ناكۆكی و كەلەبەری نێوان پارتی و بارزانی و قاسم، لە سەرەكەی تڕەوە زیاتر كرایەوە. ١٢/تموز/١٩٦١تاڵەبانی لە سەردانیدا بۆ بارزان، بارزانی ڕایەسپێری كە خۆیان لەوە بپارێزن لەگەڵ حكومەتدا دەستەویەخە ببنەوە یا جارِی شۆڕش بدەن. تەنها خۆیان ئامادەبكەن و كۆبكەنەوە ئەگەر حكومەت هێرشی هێنایە سەریان داكۆكی لە خۆیان بكەن.

پارتی بریاریدا ڕۆژی شەشی ئەیلول لە سەرانسەری كوردستاندا مانگرتنی گشتی بێت، كوردستان لەوە پێش مانگرتنێكی وای بە خۆیەوە نەدیبوو، ئامانجی مانگرتنەكە ئەوەبوو هێزی جەماوەری پارتی پیشانی قاسم بدەن و بەو هیوایەی ببێتە هۆیەك تا قاسم هێزە سەربازیەكانی نەنێرێتە كوردستان.

ساڵی (١٩٦١) بە هۆی ئەو یاسای چاكسازییە كشتوكاڵیانەی حكومەتەكەی قاسم دەستیپێكردبوو پەرژەوەندی درەبەگەكانی كوردستان زیانی پێگەیشتبوو، پێش ئەوەی مەكتەبی سیاسی پارتی و بارزانی ڕایان لە سەری بێت، یا هێزو سەركردایەتییەكی یەكگرتوویان هەبێت، یا داخوازیەكی نەتەوەییان هەبێت، (خێڵەكان) هەریەكە بە مەبەستێك دەستیاندایە چەك ودەربەندی بازیان و دۆڵی

خەڵەکانیان گرت، بەڵام لەگەڵ یەکەم دەستوەشاندنی حکومەتی قاسم لێیان خێڵەکان بڵاوەیان لێکردو هەڵاتنەوە بۆ ناوچەکانیان.

هەوالّنامەی کێبڕ

بەشی دووەم
شۆڕشی ئەیلول و سەرەتای كاری سیاسیم

شاڵاوی سەربازی ڕژێمی قاسم

كاتێك شاڵاوی سەربازی ڕژێمی قاسم بۆ سەر كوردستان دەستیپێكرد و ناوی پێشمەرگە كەوتە سەرزاری خەڵك، وەك ئاگروپووشوو بە ناوخەڵكدا بڵاوبووەوە، ئەو ناوەم زۆر لاپیرۆزبوو بە تاسەوەبووم ڕۆژێك پێشمەرگە ببینم بزانم چۆنە، چۆن قسان دەكات و چی دەڵێت. لە شاری سولەیمانی وقەزاو ناحیەو بنكە پۆلیسیەكانی چواردەوری بە ژمارەیەكی بەرچاو پەیوەندیان بە پێشمەرگەوەكرد . بەدەستەوەدانی زۆر بنكەی پۆلیس ڕۆڵیكی زۆر كاریگەری بینی لە بەهێزكردنی ڕیزەكانی پێشمەرگەدا بە تایبەتیش لە دابینكردنی ژمارەیەكی بەرچاوی چەك و تەقەمەنی .

شاری سولەیمانی بە هۆی شەڕی پێشمەرگەو حكومەتەوە چواردەوری بە ڕەبایەی سەربازی گیرا، ڕەبایەسەربازیەكەی ڕۆژهەڵاتی سولەیمانی لەخوار خانووە قوڕەكانەوەبوو. (بۆیە بەشەو خانووە قوڕەكان (بوو بووە گەڕەكی ئازادی)، وەك ناوچەی ئازاد وابوو، لەوێشەوە تا گردی سەیوان ڕەبایەیەكیتری سەربازی هەبوو. بەوجۆرە هەرچەند سەد مەترێك چەند سەربازێكیان لە ڕەبایەیەكدابۆ پاسەوانی دانابوو .ئەودەم ڕژێم ئابڵوقەی ئابووری خستبووە سەر شارەكە لەبەرئەوە شەكروچاو ڕۆن بە زەحمەت پەیدا دەبوو، هەربۆیە هەندێ كەسی قاچاخچی لە ئێرانەوە ئەو پێداویستیانەیان دەهێنا، هەندێكجار لە ڕێگەی بەرتیلدان بە سەربازانی ڕەبایەكەی نێوان سولەیمانی و خانووەقورەكان و هەندێ جاریش شەو قاچاخچیەكان بە كۆڵەپشتەكانیانەوە لە نێوان ڕەبایەكانەوە خۆیاندەكرد بە شاردا، گەلێكجاریش گەر سەربازەكان دەنگیان ببیستایە تەقەیان لێدەكردن.

ئەودەم خوێندكار بووم لە قوتابخانەی ناوەندی شۆڕش ، ئەو قوتابخانەیە سەرەتا نزیك نەخۆشخانەی سەرەوە بوو بەریوەبەرەكەی حەمە حەوێزیان پێدەووت، لەو مامۆستایانەی لەوێ وانەیان پێگووتم (مامۆستا كمال مكورجی، ناسراوبە كەمالە ڕەش، هەروەها(مامۆستاجەمال عەبدول)، چەند ساڵێك دواترلە كەسێكم بیستبوو ئەویش لە پارتیدا ئیشدەكات، بەڵام نەمدەزانی بەرپرسیارێتی لەو دەمەدا چیبوو. بۆ یەكەمینجار چوومە ڕێكخستنی یەكێتی قوتابیانی كوردستان و وەك لایەنگریش لە پارتی وەرگیرام . لە ساڵی ١٩٦٢ بوومە ئەندامی پارتی ، ئەودەم ئەو بەشەی پارتی كە كارم تێیدا دەكرد پێكهاتبوو لە فەرە یدونی حەمەی شێخ عەلی و عوسمان

قژلوول و من و حکمەتی عەبە پاشـــا (کۆبونەوەکان مانگی جارێک تا دووجارلە ماڵی حیکمەتدا دەکرا لە شـــەقامی ســـابوونکەران). ئەودەم یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێکخستنەکان کۆکردنەوی ئابوونەی مانگانەبوو کە هەربەشدابووی ڕێکخستن دەبو بیدایە ، پیتاک کۆکردنەوەبوو، گەیاندنی وردترین زانیاریبوو لەسەر جموجوڵی رژێم . دیراساتی فکری بوونی نەبوو.

ســـاڵی ١٩٦٢ چواردەوری ســـولەیمانی بە ڕەبایەی ســـەربازی گیرابوو، بارودۆخەکە زۆر ســـەخت بوو، هەر لەئێوارەوە هاتووچۆ قەدەغەدەکرا لە نێوان ناوشـــارو دەرەوەی شـــاردا ، ســـەربازەکان تارمایی هەرچییان بدیایە دەســـتڕێژی گوللەیان لێدەکرد، بۆ نەورۆزی ئەوســـاڵە ڕێکخســـتنی پارتی بریاری چالاکی یادکردنەوەی نەورۆزی دابوو بەو بەشـەی ریکخستنی ئێمە . لە لایەن ڕێکخستنەوە ئاگادارکراین بچینە چیای گۆیژە بۆ نووسـینی دروشـمی (کوردسـتان یان نەمان) بە گەورەیی لە قەدپـاڵی دیوی ســـولەیمـانی چیـای گۆیژە،(گۆیژە چیـایەکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شـــاری ســـولەیمانی و دەڕوانێت بەســـەر شـــارەکەدا، تولەڕێیەکی هاتووچۆی پیادەو وڵاخی هەبوو لە دێرزەمانەوە دێهاتیانی ناوچەی سرۆچک لەوێوە بەرهەمەکانیان بە وڵاخ دەهێنا بۆ سولەیمانی، لە سەری شاخەکەش پێش سەرهەڵدانی شـــەری کوردو رژێم، چایخانەیەک هەبوو بۆ حەوانەوەی ڕێبواران و کاروانچیان). لە بەیـانی زووەوە بە کۆڵ، چەنـدەهـا تەنەکە نەوت وبەنزین و تـایەی لاســـتیکی ئۆتۆمۆبیل ودار و خۆڵەمێشـمان گەیاندە ســەرشـاخ، خەلکی زەحمەتکێشـی گەرەکی ئازادی(ماڵەکانی خانووە قورەکان) زۆر کۆمەکیان پێکردین، ئێســـتا بێجگە لە خۆم تەنها ناوی حکمەت عەبەپاشـاو فەرەیدونی حەمەی شـێخ عەلی و عوسـمان قژلول وهوشـیارعزیز(حاکم هوشـیار)م لە بیرە کە هەڵسـان بەوکارە . لە ڕۆژی بیسـتی مانگ تا ئێوارە بە دریژایی یەک کیلۆمەتر بە هەڵکەندن لە شـــێوەی جۆگەلەییدا لە ســـەر لاپاڵەکە نووســـیمان کوردســـتان یان نەمان و پڕمانکردەوە لە خۆڵەمێش وردەداروچەنـدمـان پەڕۆوپـاتـاڵ دەســـتکەوتبوو، تـا ئێوارەی شـــەوی نەورۆز تەواومانکرد، لەگەڵ تاریکبووندا نەوت و بەنزینمان کرد بەســـەر خۆڵەمێشـــەکەدا، هەریەکەمان چەند سەد مەتریکی بۆ دیاریکرابوو لە نووسینەکە ، لەگەڵ تاریکبووندا ئاگربەردرایە نووسینەکەو تایەیەکیشمان گڕێبەرداو لە سەری چیاوە تلمانکردەوە ، پاش چەند دەقیقەیەک ئەو ناوە بووە چراخان هەر لە ناوشـــاری ســـلێمانیەوە تا بەکرەجۆو ســـەرچناروچیای گلەزەردەشـــەوە (چیایەکە کەوتۆتە باشـــوری شـــاری سولەیمانی و دەروانێت بەسـەرشـارەکەدا) بە ئاسـانی دروشـمە گڕاویەکە دەبینرا، لە هەمان کاتدا لە ناو شاری سولەیمانیشەوە لە هەموو لایەکەوە ئاگری نەورۆزکرایەوە. هەر دوای دیتنی دروشـمە گڕاویەکە لە هەموو ڕە بایە ســەربازیەکانی چواردەوری شـارەوە دەسـتیانکرد بە تەقەکردن بەرەو دروشـمە نووسـراوەکە. ئێمە بەرەو ڕووی

چایخانەكەی سەرشاخەكە ڕۆیشتین، شوێنێكی لاپاڵ بوو گوشە نەیدەگرتەوە ، لەوێوە بە تووڵە ڕێدا بەرەو گەرەكی ئازادی چووینە خوارەوە. تا شەوگارێكی درەنگی ئەو شەوە ئەو دروشمە گڕاویە هەر دەخوێندرایەوە ، شەو لە ماڵەكانی گەڕەكی ئازادی ڕۆژمانكردەوەو بۆ بەیانی وەك قوتابیەك بۆ قوتابخانە بچێت بە بەردەم بازگەی رەبایەكەدا چوینەوە ناوشار.

كودەتای بەعس و مفاوەزات

پاش كودەتا شوومەكەی بەعس لە مانگی (شوباتی ساڵی١٩٦٣) مفاوەزات لە نێوان سەركردایەتی پارتی و حكومەت دەستپێكرد، لە بەردەركی سەرا جەماوەری سولەیمانی پێشوازیان لە وەفدەكەی پارتیكرد وجلال تاڵەبانی كە سەرۆكی وەفدەكەبوو لە قاتی سەرەوەی ئوتێلەكەی نوری علی یەوە وتارێكیدا، خەڵكێكی یەكجارزۆر كۆبووبۆوە و هاواریان دەكرد (بژی وەفدی بارزانی مام جەلال تاڵەبانی)، بۆ یەكەمینجار پێشمەرگەم دی لە نزیكەوە بە پوزەوانەو كلێتەی خوری یەوە.

بەیانێك لە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە بەغداوە بلاوبۆوە ، دانی نابوو بە مافە نەتەوەییەكانی كوردا لە سەربنچینەی (لامەركەزی)،كە ناوەرۆكەكەی بریتیبو لەنیمچە بەڕێوەبەرایەتیەكی ناوخۆ و هەموو زیندانە سیاسیە كوردەكان ئازادكران و بریاری دوورخستنەوەی هەندێك لە دوورخراوەكان هەڵوەشێنرایەوە، شەڕ وەستاو ئارامیەك باڵیكێشا بەسەركوردستاندا، لەو دەمەدا گرنگترین ڕووداوێك ئەوەبوو مەنگۆلیای گەلیی داوای لە ئەنجومەنی گشتی نێونەتەوەیی كردبوو تا كێشەی كورد بخاتە بەرنامەی كارەكانی داهاتوویەوە ، ئەوەش بەرپەرچدانەوەیەكی سۆڤیەتی بوو لە دژی بەیانی ژمارە(١٣)ی ئەنجومەنی سەركردایەتی بەعس سەبارەت پاكتاوكردنی شیوعیەكان.

لەو دەمانەدا گەلیک لە سەركردایەتی حزبی شیوعی بەرشاڵاوی گرتن و لەناوبردن كەوتن، لەوانە سەلام عادل و جەمال حەیدەری، كە پاش ئەوەی لە لایەن بەعسیەكانەوە دەگیرێن ئەشكەنجەی زۆر قورس دەدرین . هەردووقاچیان دەبڕنەوە بۆ ئەوەی ناوی هاوڕێكانیان بڵێن . دواجار لەسێدارەش دران..

بەعس و بریاری گرتنی باوكم

بۆ بنەماڵەی ئێمە ساڵی (١٩٦٣)زۆر دژواربوو، لەوڵاوە مامم لە سولەیمانی یەوە گواستیانەوە بۆ هەولێرو دواتر بۆ ڕەواندوز. لەملاشەوە بۆ نەورۆزی ١٩٦٣ پارتی بریاریدابوو بەوبۆنەوە لە (هۆڵی خولد) لە بەغدا ئاهەنگ بگێرن ، كارتی دەعوەت نامەیان بۆ زۆركەس ناردبوو، یەكێك لەوانەش باوكم بوو. ئەو ڕۆژەی

باوكم بە تەمابوو بروات بۆ بەغدا پیاوێكی بەرزنجی خزمی خۆمان كە رئیس عرفای پۆلیس بوو لە زاتیەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سولەیمانی كاریدەكرد و ناوی عەلی ئەحمەد بەرزنجی بوو هەواڵی بریاری گرتنی باوكمی بۆ هێناین كە لە لایەن رژێمی بەعسەوە دەرچووبوو، لە لیستەكەدا حەوت كەس كورد ناویان هاتبوو كە یەكێكیان باوكم بوو، بە تاوانی بەشداری لە كوژاندنەوەی كودەتاكەی بەعسیەكان بە فەرماندەیی عبدالوهاب شەواف لە ساڵی ١٩٥٩ لە موسل(لەو دەمەدا باوكم سەرباز بوو لە موسل). ئەو خزمەمان پێی ڕاگەیاندین هەر ئەمشەو پۆلیس و موختار دێن بۆ گرتنی، (ئەودەم هێشتا پۆلیس بۆ گرتنی هەركەس دەچوون دەبوو موختاریشیان لەگەڵ بوایە) . دوواتر زانیمان هەندێك لەوانەی ناویان لەگەڵ ناوی باوكمدا هاتبوو گیرابوون و دواتر بەعس لە سیدارەی دابوون .

هەرئەو پاش نێوەرۆیە باوكم بریاریدا شوێنی خۆی بگۆڕێتەوە، ماڵی حاجی حەمە نوری حاجی عەبدوڵا كە خزمی نزیكی خۆمان بوو ماڵیان لە گەرەكی گاوران بوو، سەرەتا باوكم چووە ماڵی ئەوان بۆ خۆ حەشاردان تا شەودادێت، بڕواتە دەرەوە بۆ نآو پێشمەرگە. لەو ڕۆژەشدا (خولە ئامێ) كە سەرپەلی پێشمەرگەبوو بۆ سەردان لەناوشاردابوو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ بەرزنجە، خۆیشی بە خزم دەزانی، شەو لە گەل خولە ئامێدا ڕۆیشتبوون بۆ بەرزنجە.

لای باپیرو نەنكم و براكانم وتمان چووە بۆ بەغدا ، كاتژمێر دەوری یازدەی شەوبوو و هێشتا نە نوستبووم بە قایم لە دەرگای ماڵەكەماندرا، باپیرم چوو بیكاتەوە، تەماشادەكات پۆلیس سەربانەكانیان گرتووە، منیش لەناوجێ هەڵسام چوومە هەیوانەكە، كاتێك باپیرم دەرگای دەرەوەی كردەوە شاڵاویان هێنا بۆ ناوماڵەكە و ئەویشیان ڕاكێشا بەدوای خۆیاندا بۆ هەیوانەكەو لێیان دەپرسی كوا كورەكەت وتی چووە بۆ بەغدا خیرا خێرا دەیانقیژاند بەسەریدا ئەویش هەردەیگوت لە بەغدایە، بروایان پێ نەدەكرد و دەستیانكرد بە لێدانی لە هەمانكاتیشدا بەشێكیتری پۆلیسەكان ژووڕەكانی ماڵەكە دەگەران موختاریش لە هەیوانەكە لەگەڵ پۆلیسەكان بوو. كاتێك وێستمان دەستی پۆلیسەكان بگرین هەمو ئەندامانی خێزانەكە بەرلیدان كەوتن ، باپیریشم هەر سوێندی دەخوارد لەوەزیاتر نازانم لە كوێیە ، ئەو حاڵەتە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند و پاشان ماڵەكەیان جێهێشت.

بۆ بەیانی زانیمان كە باوكم گەیشتوتە ناو پێشمەرگە، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە هەر لە ڕێگەی هەمان خزممانەوە ئاگاداركراینەوە كە ڕژێم دەیەوێت خێزانەكەی بگرێت.(ئەودەم وەك سەردەمی پاشایەتی بریاری گرتنی خەڵكیان دەدا بە پۆلیس، بەڵام بە بریاری بەعس چەند ئەمنێكیشیان لەگەڵیاندا دەنارد) بە پەلە كەوتینە خۆپێچانەوە تا بەرەو بەرزنجە دەرچین، هەرئەو ڕۆژە داوای نامەی گواستنەوەی پارتیمكرد بۆ ڕێكخراوی سرۆچك لە بەرزنجە و بۆیان جێبەجێكردم و (حكمەتی

عەبە پاشا) نامەیەكیشی دامێ بیگەیەنمە دەست بەرپرسی پێشمەرگە، پەیوەندی بە منەوە نەبوو. ئەودەم كەسێك بە ناوی مامۆستا ئەحمەدەوە بەرپرسی ڕێكخراوی بەرزنجە بوو، یەكێك لە كادرەكانی ڕێكخراوەكە حەمەی جابیان پێ دەووت. بە گەیشتنمان خزمانی بەرزنجە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێكردین و خانوویان بۆ دابینكردین و كۆمەكیان كردین، ئەودەم هەركەسێك لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە بهاتایە بۆ ئەوێ دەبوو لە ڕێكخراو خۆی بناساندایە كە كێیەو خەڵكی كوێیەو بۆچی هاتووە ..لە كاتێكدا هەموو خەریكی سازاندنی ماڵەكەبوون، بە باوكمم ووت دەچم بۆ ڕێكخراو (تائەودەم كەس لە ماڵەكەدا نەیاندەزانی لە ڕێكخستنی پارتیدا كاردەكەم). لە ڕێكخراو پیاوێكی باڵابەرزی لێبوو كادر بوو حەمەی جابیان پێ دەووت، كە نامەكانم دایە و خوێندیەوە ،دیسان هەڵساو تەوقەی لەگەڵكردمەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنی لێكردم و بە پێكەنینەوە ووتی خەڵك لە بەغدا ئاهەنگ دەگێڕێ و ئێوە ڕاتانكردووە ، ئەم ڕژێمە جێی متمانەنییە. سەر لقی پێشمەرگە لەوێ لەو كاتەدا معاون شێخ رەزا بوو.

ناحیەی بەرزنجە یەكێك بوو لە گوندە كۆنەكانی ناوچەی شارباژێرو سەنتەری ناوچەی سرۆچك بوو ، لە باڵ گردۆڵكەیەكدا پاڵیدابوو بە شاخی كورەكاژاوەوە ، لە ژووروویەوە گوندی هۆنەرێنەو لە ڕۆژئاوایەوە گوندی گێڵدەرەو لە باشوریشیەوە مۆریاس بوو ، لە دەوری ئەمانیش چەند گوندێتر هەبوون وەكو گوندەكانی شووكێ و باراو و پارەزان وعازەبان و حاجی مامەند..لە خواروی بەرزنجەوە ڕێگایەكی ئۆتۆمۆبیل بەرزنجەی دەبەستەوە بە عەربەتەوە و لەوێشەوە بۆ سولەیمانی ..لاڕێگەی ئۆتۆمۆبێلیش هەبوو دەچووەوە (دوكانیان) (دۆڵێكە لە پشتی چیای گۆیژەوە)، لەدیوی شاخی گۆیژە لە سەرەوە بەدیوی سولەیمانیدا گوندی ووێڵەدەر بوو، لە خوار ئەویشەوە لە پانتاییەكەدا گوندەكانی قرگەو شێخ وەیساوا..هەبوون . پێش ئەوەی بەرزنجە لە ڕووی ئیداری یەوە بكرێتە ناحیە، گوندی گێڵدەرە مەركەزی ناحیەی سرۆچك بوو. بەڵام بە هۆی دەستڕۆیشتوویی شێخانی بەرزنجەوە دواجار بەرزنجە بە فەرمی كرایە مەركەزی ناحیەی سرۆچك..

قەدەغەی هاتووچۆ لە سولەیمانی و ڕەشەكوژی

حەمە ڕەشیدی برام بە تەنها لە ناو سولەیمانیدا مابۆوە ، هەندێ ڕۆژ لە ماڵی باپیرونەنكم و هەندێ ڕۆژیش لە ماڵە خزمان دەبوو، ئەو تا ئەوكاتە نەهاتبووە دەرەوە .پاش چەند مانگیكی كەم، لە **بیستی ئایاری** ساڵی **١٩٦٣** رژێم بریاری ئابڵۆقەی ئابووری بۆ سەر كوردستاندا، شەر لە نێوان كوردو حكومەتی بەعسدا هەڵگیرسایەوە ، لەو دەمەدا لیوای بیستی سوپای عێراقی(زەعیم صدیق)فەرماندەی بوو، لە ٩(لەسەر ١٠ حوزەیرانی ساڵی١٩٦٣) بریاری قەدەغەی هاتووچۆی لە سولەیمانی ڕاگەیاند. دەستیانكرد بە پشكنینی ماڵان، لە زۆربەی گەرەكەكانەوە سەربازەكان تەقەیان لە خەڵك كردبوو. لە سەرووی خەستەخانەی شیرەكەوە لە مالێكدا دووبرایان بەیەكەوە كوشتبوو. ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لە مال هێنرابوونە

دەرەوەو دەستڕێژی گوللەیان لێكرابوو لە زۆربوندابوو، لەولاشەوە بە هەزاران هاوڵاتیان لە ناوجێگای خەودا و بە جلی خەوەوە هینرانە دەرەوەو گیران. پاش پڕبوونی زیندانەكانیان، خەلكە گیراوەكانیان گواستبۆوە بۆ حامیەی سولەیمانی (سەربازگەی سولەیمانی) لە گەرەكی كانێسكان وبە هەزارەها هاوڵاتیان لە تەویلەكاندا زیندانیكردبوو، لە بەرەوە لەو زیندانیانەیان دەبرد بۆ ئەشكەنجەدان، داوای ناوی ئەندامانی ڕێكخستنەكان یا ئەوانەی پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە هەیە لێدەكردن، كەس نەچووبووە ژێرباری دانپیادانان.پاش ئەوەی جەللادەكانی ڕژێم لەو كارەیاندا شكستیان هێنا، لە بەرچاوی زیندانیەكان یەكە یەكە گیراوەكانیان بانگ دەكردو دەیانخستنە بەردەم دوو هەڵبژاردەوە، داوایان لێدەكرد جنێو بە مەلامستەفای بارزانی بدات تا ئازادی بكەن یان گوللە باران دەكرێت، هەشتاوشەش (٨٦) ڕۆڵەی خەڵكە بەشەرەفەكەی سولەیمانی ئامادە نەبوون جنێوبدەن، هەرلەوێدا زیندە بەچاڵكران و چوونە ڕیزی پاكڕەوانی ڕێگای ئازادی نەتەوەییەوە([1])...

دەستپێكردنەوەی شەڕی بەعس

پاش شكستی مفاوەزاتی نێوان كوردو حكومەت لە نۆی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ ڕژێمی بەعس بە ڕەسمی جارێ شەڕیدا و ڕۆژانی دووانرەێزەكانی سوپا كەوتنە پەلاماری سەربازی بۆسەر گوندەكانی ناوچەی شارەزوور، چەندەها گوندیان سووتان و بە دەیان هاوڵاتی سیڤیلیان بە ناهەق كوشت. لەو هێرشانەدا بۆ سەركوردستان لیوایەكی سوپای حكومەتی سوری بە فەرماندەیی عەقید (فهد الشاعر) بەشداربو([2]).

لە بەرزنجە دەنگ بلاوبووەوە سوپای ڕژێم بەرەوئەوێ دیت، پێشمەرگەكان بۆ پێشگری لە سوپاكە ڕوویان لە (پێچەكانی چەناخچیان) كرد و لەوێ سەنگەریانگرت. ئامانجی پێشمەرگەكان پێشگریبوو لە هاتنی سوپا تا خەلكەكە دەردەچن. لەگوندەكەشدا، هەرماڵە خەریكی باركردنی كەل وپەلی ماڵەكانیان بوون بە وڵاخ بیگوێزنەوە بۆ گوندی هۆنەرێنەو دەوروبەری. خزمانی بەرزنجەو گوندی هۆنەرێنە زانیان وڵاخمان نییە بۆ گواستنەوەی ناومالەكەمان، بەخۆیان و وڵاخەكانیانەوە بە فریامانەوە هاتن. بۆ ئەوەی خێراترناومالەكە لە گوندەكە دەركەن هەموجارێك بارەكانیان دەگەیاندە سەر ئەوبەرزاییانەی نیوان بەرزنجەوهۆنەرێنە لەوێ كەل و پەلەكانیان لە قەراغی ڕێگەكە دادەناوەدەهاتنەوە تا هەموویان برد. بە ڕاستی ئەودەمانە پاكی و دلسۆزی خەڵك بۆ شۆڕشی كورد بێ وێنەبوو، لەو ڕێگەوە بە سەدان كاروان دەهاتن و دەچوون بۆ گواستنەوەی ماڵ و منداڵ و كەل وپەلیان و چەندەها پێشمەرگەش لە ڕێگادابوون بەرەو بەرزنجە تا لەوێوە بەرەو جەبهەی چەناخچیان بچن. كاتێك گەیشتینە شوێنی كەل وپەلەكانمان بە راستی من بەتەمای

[1])بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد-مەسعود بارزانی –لاپەڕە 120 .
[2])الحركة التحررية الكوردية-مواقف و آراء- على سنجارى- صفحة 73.

هیچ نەمابووم، ئەو هەستەی خۆیشم بە (حەمە ئەمینی هۆنەرێنەیی) خزممان ووت، بە پێکەنینێکەوە وەڵامی دامەوە کە هیچ وون نابێت و نافەوتێت، چوونکە ئەو خەڵکەی دەیبینی ڕۆڵەی شۆڕشن. بەڵام هەر لە گوماندابووم تاگەیشتین، ئەوەی سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا ئەوەبوو لەگەڵ ئەوەی ئەوهەموو ناوماڵە لەو قەراغە ڕێگەیەدابوو و بە سەدان کەسیش وەک ئێمە لە هاتووچۆدابوون بەڵام کەس دەستی بۆ هیچ شتێک نەبردبوو، تەنها نەختێک لە نانەکەو تۆزێک هەنگوین خورابوون. حەمەدەمینی هۆنەرێنەیی ووتی نەمووت، برا خۆیشت لێرە بوویتایەو داوایان لێبکردیتایە ئەو یەک دوو نانەو ئەوتۆزە هەنگوینەت هەردەدانێ. شەو داهاتبوو، خەڵک لەو شەوەزە نگەشدا هەربەردەوامبوون لە هاتووچۆ، هەندێ بەرەوگوندەکانی دوور لە بەرزنجەو هەندێکیش بەرەو شیوو دۆڵەکان کاروان هەر لە ڕێدابوون. دوواتر لەوێشەوە ناوماڵەکەمان گەیاندە گوندی هۆنەرێنە. خزمان بە خێرایی کەوتنە کۆمەکمان کەپرێکیان بۆ دروستکردین. زۆربەی خزمەکانی بەرزنجەمان نەهاتنە هۆنەرێنە و لە دۆڵەکەی نێوان بەرزنجەوهۆنەرێنە لە ناو بنە دەوەنەکاندا هەواریان هەڵدا. شەو میوانی ماڵی مەحمەدئەمینی هۆنەرێنەیی بووین، میواندارێەکی یەکجار گەرمیان لێکردین.(خۆی یەکێک بوو لە ئەندامە هەرەکۆنەکانی پارتی لە ناوچەکەداو لەو گوندەو چەند گوندێکیتریش ئەرکی ڕێکخراوەیی پی سپێردرابوو، کاتی خۆی ڕەئیس عرفا بوو لە سوپاداو ئەویش وەک باوکم خانەنشینکرابوو، حەزی بە ژیانی شارنەدەکرد، هەربۆیە هاتبووە سەرمولک و ماڵەکەی لەوێ، پیاوێکی زیرەک ،کوردپەروەر، دلسۆز، سەری زمانی و بنی زمانی هەرباسی کوردوکوردستان و پێشمەرگە بوو. لە ماڵەکەشیدا لە ژووری میوانەکەی وێنەیەکی بارزانی هەڵواسیبوو، هەرپێشمەرگەیەک بیویستایە لەو گونده پشووبدات لە پێشدا سەری لەماڵی ئەودا، گەر میوانیتری نەبوایە لە پێشدا لە ماڵی خۆی میوانداری دەکردن ئەوسا دابەشی دەکردن(لە پێشەوە بەسەر ماڵە دەسترۆیشتووەکانی گوندەکەدا). ئەم پیاوەهەمیشە وەک پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری نەناسراو کاری دەکرد. کوڕەکانیشی وەک خۆی گۆش کردبوون. یەکێکیان پاشتر لە لایەن ڕژێمەوە گیراو لە سێدارەدرا، یەکێکیشیان بەکری ناوبوو پێشمەرگەی ناوشاری پارتی بوو لە هەشتاکاندا، گەلیکجار لە ماڵی باوکم، براکانم دەیانشاردەوە، پاش ئەنجامدانی چەندین چالاکی پێشمەرگانە لە ناوشاری سولەیمانیدا، بە هۆی زمان لێدانی کەسێکەوە، لە بۆسەیەکدا کە ڕژێم بۆی نابۆوە گیانی بە کوردستان بەخشی)....

لە گوندی هۆنەرێنە پێشمەرگە کەپریان دروستکردبوو بۆ هەندێ لە ئەندامەکانیان، لەوانەی بیرم مابن هونەرمەند عوسمان عەلی و براکەی، مەکینەی خەیاتیان بۆ دانابوون وقوماشی خاکیان دەدانێ و جلی خاکیان دەدووری بۆ

پێشـــمەرگە. گەلێک کەس لەو دەمانەدا لەناوشـــارەوە هاتبوونە دەرەوە وگەلێکیانم دەناسی، کەلێیان دەپرسیم دەمووت هاتووین بۆ سەردانی خزمان و گیرمانخواردووە..

لەودەمەدا هەندێ مەفرەزەی حزبی شـــیوعی پەیدابوون، بەڵام خەڵک خۆشـــی نەدەویستن بەهۆی هەڵویستە چەوتەکەیان بەرامبەر گەلی کورد لە سەردەمی رژێمی قاســـمدا. گەرچی مەکتەبی ســـیاســـی زۆر دژایەتیانی دەکرد، بەڵام مەلا مســـتەفا دەیویســـت هەموو ئەوانەی دژی رژێمن بگرێتە خۆی و ڕیزەکانی بەشـــداربوانی شـۆڕش فراوانتربکات و لەولاشـەوە ڕاگرتنی دۆستایەتی سـۆڤیەت هۆکاربوون بۆ ئەوەی باوەشـــیان بۆ بگریتەوە. ڕێگەی پێدابوون لە ناوچە ئازادکراوەکاندا چالاکی خۆیان بنوینن. حزبی بەعس لەودەمەدا لە ڕێگەی دەزگاســـیخۆڕی و ســـەربازی و (حەرەس قەومیەکانەوە)کە میلیشیای حزبی بەعس بوون ڕاوی شیوعیەکانیان دەکرد و لێیانی دەگرتن و دەکوشـتن. پەناهێنانی شـیوعیەکان بۆ ناو شـۆڕش بووە هۆکاریی ســـەرهەڵدانی گەڵێک کێشـــە، ئێران لەو پەیمانانەی دابووی بە مەکتەبی ســـیاســـی پەشـیمان بوەوە و لەگەڵ تورکیا و عێراق ڕێکەوتن بۆ لێدانی شـۆڕشـی کورد وەک لەو بروســـکەیەی (مديريه الحركات العســـكريه فى وزاره الدفاع العدد /٣٤٧٨/س التاءريخ ١٩٦٣/٧/٢) دەردەکەوێت کە ناردبووی بۆ تیپە ســـەربازیەکانی یەکەم و دووەمی ســـوپای عێراقی کە لە موسڵ و کەرکوک بوون. لەو بروســـکەیەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە (بەو زوانە (دوو ئەفسـەر)ی پەیوەندی، یەکێکیان لە سـوپای تورک و ئەویتریان لە سوپای ئێرانەوە دەگەن، یەکەمیان لە موسڵ و دووەمیان لە کەرکوک دەبن، هەریەکەیان ئامیرێکی بێتەل و بەکاربەرێکی ئامێرەکانیان لەگەل دەبێت بۆ مســـۆگەرکردنی پەیوەندی بە هێزەکانمانەوە . تەواو)([1]). لە لایەکیترەوە پاکســـتان بیســـت و پێنج هەزار بۆمبی تۆپیان دابووە حکومەتی عێراق، هەردوو ئێســـتگەی ڕادیۆی لەندنی بریتانی و واشـنتۆنی ئەمریکیش دژی شـۆڕش وەستانەوە و تۆمەتی کۆمۆنیست بوونیان خستە پاڵی و مەڵا مستەفایان تۆمەتباردەکرد بە بەکرێگیراوی بۆ مۆســـکۆ)([2]).لەو دەمەدابوو مەلا مســـتەفا بارزانی بە (مەلاســـووڕە) ناودەبرا. ئەو بارووداوخە وامایەوە تا کودەتاکەی عبد السلام عارف لە ١٨/تشرینی دووەمی/١٩٦٣ **لە دژی**حزبی بەعس و نزیکبوونەوەیان لە ســـەرۆکی کۆچکردووی میســـر جەمال عبدالناصر، ئەودەم چونکە ئێران دژبە میسربوو سیاسەتی خۆی گۆڕی، جاریکیتر ئێران سنورەکانی کردەوە لە بەردەم شۆڕشدا .

گەرانەوەم بۆ ناشار

[1])الحركة التحررية الكوردية- مواقف و آراء-على سنجارى صحيفة 73.
[2])الحركة التحررية الكوردية – مواقف و آراء-على سنجارى - صحيفة -73.

هەواڵی (قەدەغەی هاتووچۆ)ی سولەیمانی لە ٩لەسەر ١٠/حوزەیرانی ١٩٦٣و هەواڵی كوشتار لە شارو هەڵگیرسانەوەی شەر لەگەڵ حكومەت تەواو نیگەرانی كردبووم، پاش دڵنیابوونم لە هەواری تازەو ســـەلامەتی خیزان، بە باوكم ووت من دەچم بۆ سولەیمانی بەدوای حەمەڕەشیدی برامدا، ئاگاداری ڕێكخراوی سرۆچكم كردەوە، ئەوانیش نامەیەكیان نووسی بۆ لیژنەی ناوچەی سولەیمانی و داوای هەواڵی زیاتریان لێدەكردن لەســـەر ڕوداوەكانی (منع التجول- قەدەغەی هاتووچۆ) ی ناو شاری سولەیمانی.

كەوتمە ڕێگا، ئێوارە لە گوندی وێڵەدەری ســـەرچیای گوێژەوە چوومەخوارەو بەرەوگوندی قرگە، تەماشامكرد ژمارەیەك قاچاخچی لەوێ چاوەڕوان دەكەن تا بە تەواوی تاریك دابێت، یەكێك لەوانەم پێشـــتر دەناســـی ناوی حاجی كاكلان بوو، پێشـــتر پاســـكیلخانەی هەبوو، ماڵی ئەوان چەند كۆڵانیك پێش ماڵی ئێمەبوو لێی پرســـیم تۆ چی گەیاندوویتیە ئێرە ؟ ووتم خوێندكارم و لەســـەردانی خزمانم بووم و دەچمەوە بۆ ماڵەوە، ووتی پێكەوە دەڕۆینە ناوشار، ئەگەر دەشتوانی كۆڵێكی بچوكم بۆ هەڵگرە. لەگەل تاریكبووندا زۆر بە بێدەنگی لە نێوان ڕەبایەكەی خوارقرگە و گردی ســـەیوان تێپەرین، منیش بە كۆڵ هەندێ لە بارەكەی كە شـــەكروچابوو هەلمگرت، تا گەیشتینە ناوشار، ووتی ئەمشەو تا ڕۆژدەبێتەوە سەلامەتترە لە ماڵی ئێمە بنووی. بۆ بەیانی چوومەوە ماڵی باپیرم، ئەوان و براكەم ســـەلامەت بوون، بەڵام باپیرم لە خەمی براكەمدا بو پێموونشـــەو دەگەڕێمەوە و دەیبەم لەگەڵ خۆم، ئەوانیش پێیان خۆشبوو چونكە ئەركێكیان لەكۆڵ دەبووەوە. خێرا چووم بۆ گەیاندنی نامەكەی شـــار لە ڕێگەی(حكمەتی عەبە پاشـــاوە)و زانینی هەواڵی ئەو هەڤاڵانەی كارم لەگەڵ كردبوون، وەك، فەرەیدونی حەمەی شـــێخەلی و عوســـمان قژ لول و علی حاجی ســـەعید . حیكمەتی عەبە پاشـــا ووتی ئەوان ســـەلامەتن بەڵام لە شـــاردا گیراوو كوژراو زۆر زۆرن. نـــامەكەم دایە دەســـتی و داوای ئـــامـــادەكردنی جوابەكەیمكرد تا ئێوارە، پێشـــم ڕاگەیاندن كەوا هەر ئەمشـــەوە پێش قەدەغەكردنی هاتووچۆ دەگەڕیمەوە. لە پیش تـاریكبووندا وەڵامی نـامەكەیـان بۆ هێنـامەوە، وەك دوو خوێندكار بۆ ماڵەوە بچێت بە بازگە ســـەربازیەكەی خوار گەڕەكی ئازادی ڕووماڵیكرد مـاڵیـك لە گەڕەكی خـانووە قوڕەكـان(گەڕەكی ئـازادی)، كە تـاریـك دا هات كەوتینە ڕێ بە تووڵە ڕێگەكەدا ڕووەو چایخانەكەی ســـەر چیای گوێژە و لەوێوە بۆ ئەودیوی چیاكە بەرەو گوندی وەڵانە و لەوێشـــەوە ڕووەوگوندی هۆنەڕێنە ، دایك و باوكم بەگەڕانەوەمان زۆر دڵشادبون.

ڕووخانی بەعس وكودەتاكەی عبدالسلام عارف

لە خزمەكەمان كە پێشترهەواڵی دابوینێ پرسیبووم تا چەند دەكرێ بگەڕێینەوە بۆ خوێندن وهیچ هەواڵێک لەبارەی خێزانەكەوە هەیە؟ ووتی باوكتان ناتوانیت بگەڕێتەوە، بەڵام ئێوە گەر بگەڕێنەوە ناوشار دەبێت ووریابن. لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەردا بۆ درێژەدان بە خوێندن من و براكانم گەڕاینەوە ناوشاری سولەیمانی، بە وریاییەكی زۆرەوە چوینەوە قوتابخانە، خۆشبەختانە دەسەڵاتەكەی بەعس زۆری نە خایاند، (كەمتر لە نۆ مانگ لە دەسەڵاتدابوو)، بە كودەتاكەی(١٨/تشرینی دووەمی/١٩٦٣) ی عبدالسلام عارف كۆتایی بە دەسەڵاتی بەعس هات. رژێمی نوێش لە ١٩٦٣/١٢/٩داوای مفاوەزاتی لە سەركردایەتی شۆڕش كرد لە ١٠/شوباتی١٩٦٤ لە بەیانیكی نۆ مادەییدا)ریكەوتنەكە ڕاگەیەندراو ئەو وەفدە كوردیەش(سالح یوسفی،شاخەوان شوان، عبدولحوسەین فەیلی، عگێد سدیق، مستەفا عەزیز. ل-١٦١مسعود بارزانی) كە چوبوون بۆ مفاوەزات لە سەردەمی بەعس و لە بەغدا گیرابوون ولەزیندانداببوون لە ١٦/شوباتی /١٩٦٤ ئازادكران گەیشتنەوە سەنگەسەر. لەمادەی دووی ڕیكەوتنەكەدا هاتبوو بەرە ڵلاكردنی گیراوودەستبەسەر(محجوز) وحوكمدراوان بە هۆی ڕووداوەكانی باكورەوەو، دەركردنی لێبوردنی گشتی و هەڵگرتنی دەست بەسەرداگرتنی زێدەماڵ و مردەماڵی ئەو كەسانەی پێشتر دەست بەسەرماڵیاندا گیراوە.([1])) بە هۆی لاوازی خاڵەكانی ریكەوتنەكە هەر لە ڕۆژانی یەكەمەوە دیاربوو ڕێكەوتنەكە تاكتیكی و كاتیە ، چونكە عبدالسلام عارف پیاوێكی ڕەگەپەرستی عەرەب بوو نەیدەویست دان بە مافە نەتەوایەتیەكانی كوردا بنێت، لەوڵاشەوە مەكتەبی سیاسی و ئێرانیش دژی ریكەوتنەكە بوون لەگەل عبدالسلام عارفی هاوڕێی جەمال عبدالناصر. ئامانجی بەرزانیش لە ڕیكەوتنەكە بۆ پاكردنەوەی مەكتەبی سیاسی بوو لەو كەسانەی دژی بوون و لە پشتی ئەوەوە پەیوەندیان بە ئێرانەوە بەستبوو و ڕاستەوخۆش كۆمەكیان لێوەردەگرت.

دوای بڵاوبونەوەی ئەو ڕیكەوتننامەیە (بڕوانە پاشكۆی آ ١٠)و دەرچوونی لێبووردنی گشتی، باوكم سەرەتا دایكم و براكانمی ناردەوەو، پاشتر خۆیشی هاتەوە سولەیمانی، بە دیتنی زۆر ناڕەحەت بووم، ئەو پیاوە لەشساغەی من دیتبووم، لەشی لاواز، ڕەنگ زەرد و پەكی كەوتبوو، هەرچەند هەنگاویک بڕۆیشتایە تەنگەنەفەس و ماندووەبوو، دەبوو دانیشتایە. كاتێک بردمانە لای پزیشكی پسپۆر ئاگاداری كردین نەخۆشی دڵی هەیەو لێی كۆن كردووە ، لەودەمەوە بە دەرزی و دەرمان ژیانی بەسەردەبرد.

[1])بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد-برگی سێیەم-بەشی یەكەم-مەسعود بارزانی- لاپەڕە 160.

(كە ڕێكەوتنی شـــوبات ١٩٦٤بوو، ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو) ،(هەركە گەیشتەوە كوردستان دەستی دایە بڵاوكردنەوەی شك و گومان لە باری ڕێكەوتنەكە و كەوتە بەدناوكردنی بارزانی ([1]).

جیابوونەوەی مەكتەبی سیاسی لە بارزانی

لە ناوشـــار مقۆمقۆی ناكۆكی نێوان هەندێ لە ئەندامانی مەكتەبی ســـیاســـی و بارزانی پەیدابوون، من تا ئەودەمە هیچم لەوبارەوە نەبیســـتبوو، هەربۆیە زۆرلام ســەیربوو. زۆر دڵگرانبووم، نەشـمدەزانی ناكۆكیەكان لەســەرچیە؟. لە ژێر پەردەی ســـەنتراڵ دیموكراســیدا، هیچكات لە ڕێكخســـتندا كێشـــەو گیروگرفتی دەزگاكانی ســـەرەوەی حزب بـاس نەدەكرا، دەبوو ڕێكخســـتنەكـان كوێرانە جێبەجێكەری بریـارەكـانی ســـەرووخۆیـانبوونـایە، دووات ڕەخنەبگرن!. كـاتێـك هەواڵمـانزانی ناكۆكیەكە گەیشـتۆتە ڕادەی چەكداری و تاقمی (مەكتەب سیاسـی) ئیبراهیم ئەحمەد هەڵاتوون بۆ ئێران و ژمارەیەكی سێسـەد، چوارسـەد نەفەریان لەگەل ڕۆیشتووە بۆ ئێران و باقی هێزی پێشـــمەرگە داویەتییە پاڵ مەلا مســـتەفای بارزانی. ســـەرەتا جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە ناوسنووری ئێرانەوە ویستیان بێنەوە ناو كوردستانی عێراق و شای ئیرانیش كۆمەكی كردن . مەلامستەفا بە خۆی و هێزەكانیەوە تا هێڵی سنوور ڕۆیی و لەوێوە (هەڕەشەیەكی توندی بەم شێوەیەی خوارەوە لە ئێرانیەكانكرد و پێی ووتن: جارێكیتر یەك كەسیان لە سنوور بپەرێتەوە ، منیش لە سنوری ئێران دەپەڕمەوەو شـــۆڕشـــێك لە كوردســـتانی ئێران هەڵدەگیرســـێنم)([2]) (بارزانی ئەو هەڕەشـەیەی خۆی بە نهێنی نەهیشـتەوە و بە ڕۆشـن و ئاشـكرا ڕایگەیاند . ڕژیمی عێراقیش ئەم هەڕەشـــەیەی بە هەڵێكی وا دانا نابێ لە دەســـت بدرێ، پەیوەندی ئەو ڕۆژەی نێوان عێراق و ئێران ئاڵۆزبوو . بەغدا دەســـتبەجی وەفدێكی حكومەتی نارد بۆ چوارتا كە پێكهاتبوو لە سەرۆكی ئەركانی سوپاو سەركردەی فیرقەی دوو و بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سوپاو پارێزگاری سولەیمانی. وەفدەكە جەختی لەسەر ئەوەكرد كە حكومەتی عێراق ئامادەیە یارمەتی بارزانی لە دژی دەســـت تێوەردانی ئێران بدات.)جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد تا مانگی تەموزی ســـاڵی ١٩٦٥ لە ئێران مانەوە، پاشـــان مســـتەفا بارزانی لێبوردنی گشـــتی بۆدەركردن و لێیان خۆشـــبوو ئەوانیش گەڕانەوە باشـووری كوردسـتان([3]). لە ناوەوە ی شـارەكان ڕێكخسـتن لە

---

[1])چاوپێكەوتنێكی پێنج كات ژمێری لە گەل مامۆســـتا ئیبراهیم ئەحمەد- د.حســـین محمد عزیز- لاپەڕە 13.

[2])بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد-بەرگی ســییەم بەشـی یەكەم- مەسـعود بارزانی –لاپەڕە 184.

[3]) بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد-بەرگی ســـێیەم بەشـــی یەكەم- مەســـعود بارزانی – لاپەڕە191-192.

ڕاستیی ڕووداوەكان و هۆكارەكانی نەدەزانی، ڕوونكردنەوەیەكی دروو ست نەبوو. ئەو كەسەی سەر بە هەرلایەك بوایە بە قازانجی لاكەی خۆی دەدوا بێ شیكردنەوەو لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن. جیابوونەوەكە گەرچی بەرگی سیاسی و فكری كرابوو بە بەریدا، بەڵام لە ناوەرۆكدا شەڕی دەسەڵات بوو.

مەسەلەی هوشیاری سیاسی ،فیكری، ئایدۆلۆژی لە تەواوی ڕیزەكاندا لە پلەی سفردابوو، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو جیابوونەوەیەی ڕێكخستن بەرنامەیی و سەرئەنجامی ڕاپرسی یا لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی هۆكارەكانی ئەو كارەساتە نەبوو، تا لەسەر ڕۆشنباییان هەڵوێست وەربگیریت. بەڵكولە شوێنكەوتنی لایەنەكانداو كەوتنە ژێرفشاری هەست و سۆزو ڕاگەیاندنی چەواشەوە بوو. حزب تا ئەودەمە(ئێستاشی لەگەڵبێت) مرۆڤی ئازادیخوازی پەروەردە نەكردووە، بە پێچەوانەوە وەك حزبی ستالینیستی دەبوو مرۆڤەكان لە هەموو بریارو هەنگاوێكدا كوێرانە ملكەچی جیبەجێكردنی بریارەكانی سەرووخۆیان بن. لە كاتێكدا ئاشكرایە كۆمەڵگای ئازاد مرۆڤی ئازاد بنیادی دەنێت، حزب خۆی كۆیلەی دروستدەكرد و بەرگی نەتەوایەتی و ئایدۆلۆژیان دەكرد بە بەریدا. لە بیرو كاری حزبدا داهێنان و نووێكردنەوەیەكی بەرنامەیی بۆفكرو كاری حزب و پێشمەرگایەتی بوونی نەبوو، هەر ئەوەش هۆكاری درێژەدان بووبە ڕێبازی ستالینیستی لە بەرێوەبردنی حزبدا تا ئەمرۆش هەروایە لە ناو هەموو حزبەكاندا. هەموو ئەوانەش لافی خوێندەواریان لێدەدا بە شەهادەكانیانەوە ئەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیرو خاوەن ئایدۆلۆژی دەزانی هیچیان لە ڕۆشنایی پەرژەوەندی نەتەوەیی كوردەوە هەڵوێستیان نەگرت.

بە هۆی سەكتاریزمی حزبی(حزب پەرستی)یەوە، پەرژەوەندی شەخسی و حزبی خرایە سەروپەرژەوەندی نەتەوەیی كوردەوە و بەرگی ئایدۆلۆژی كرایەبەر. بەوجۆرە بەشێك لە ڕێكخستن جیابۆوە هەر بە ناوی پارتی دیموكراتی كوردستان-م.س . منیش بە هۆی ئەوەی ئەو بەشەی كارم تیا دەكرد پاڵیدا بە جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەدەوە، بە ئۆتۆماتیكی كەوتمە ئەو بەشەوە بێ ئەوەی خۆم هەڵم بژاردبێت . ئەویش پاش ماوەیەكی دریژ بە قسەی بەرپرسەكەدا زانیم كە ئەمانە سەربەوتاقمەن.

ڕیشەی ناكۆكیەكانی نێو پارتی

لە بەر گرنگی ڕوونكردنەوەی هۆكارەكانی مێژوویی ناكۆكیەكان لە زاری ئیبراهیم ئەحمەد خۆیەوە بە پێویستم زانی سەرنجی خۆم لەمبارەوە بدەم .(هەمزە عبدالله لە دەمی دامەزراندنی پارتیدا بە نوێنەری حزبی شیوعی كوردستان (شۆڕش)چووە مەهاباد لەوسەرەوە بە نوێنەری مستەفا بارزانی گەڕایەوە باشووری كوردستان و بەو شێوەیەی بارزانی دەیویست و پێی باش بوو. لە ١٩٤٦/٨/١٦پارتی دیموكراتی كوردی دامەزراند) .دوای ڕووخانی كۆماری كوردستان لە مەهابادو

پەرینەوەی بارزانی لە ئاوی ئاراس و بوونی بە پەناهندە لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، هەمزە عەبدوڵڵا کە (پارێزەربوو-نوسەر)وەک سکرتێری پارتی کارەکانی ڕادەپەڕاند. ئیبراهیم ئەحمەد لە دروستبوونی پارتیدا بەرپرسی لقی کۆمەڵەی (ژ.ک)بوولە سولەیمانی،کەرکوک، کفری، دواتریش کە ناوی حزبەکەی گۆڕا بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان، نەچووە ریزی پارتیەوە بەڵام وەکو گوێگر بەشداریکرد لە کۆنگرەکەیان، بە بێ ئەوەی ڕێکخراوەکەی هەڵوەشێنیتەوە دوواجار لە ١٩٤٧ چووە پارتییەوە. پاشترلە ڕێگەی ژن بە ژنەوە لەگەڵ هەمزە عەبدوڵا(هەریەکەیان خوشکەکەی خۆی لەویتر مارەکرد) توانی لە لوتکەی دەسەڵاتی پارتی کە مەکتەب سیاسی و سکرتێری پارتی هەمزە عەبدوڵڵایە نزیک بیتەوە، بەوجۆرە لە ماوەیەکی کورتدا توانی بگاتە ئەندامێتی مەکتەب سیاسی پارتی، بەڵام خواستی ئیبراهیم ئەحمەد زۆرلەوە زیاتربوو، چاوی بڕیبوە جێگەکەی هەمزەعەبدوڵڵا، هەنگاوی دووەمی بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بە شاڵاوی پڕۆپاگەندە بە مەبەستی شکاندنی کەسایەتی هەمزە دەستی پێکرد. ئیبراهیم ئەحمەد دەربارەی هەمزە دەڵێ :(هەندێجار خۆی دەشاردەوە، هەندیجاریش دەردەکەوت، بەڵام هیچ جۆرە چالاکیەکی رامیاری ئەوتۆی نەبوو، برادەران گلەیی زۆریان لێی هەبوو، ئەویش خۆی جنسیەکەی لی سەندرابۆوە، بڕوای بە حکومەت نەبوو، ئەگەرچی بە هیچیشیان دانەنابوو...ل١٢ چاوپێکەتنی پێنج کاتژمیری لە گەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، ئامادەکردنی دکتۆر حسێن محمد عەزیز). هەنگاوی دووەمی ئیبراهیم ئەحمەد لابردنی هەمزە بوو لە سکرتێری پارتی ،دەڵێت : بۆ ئەوکارە (بریارماندا لە ڕۆژانی ١٢و ١٣ مارسی ١٩٥١ لە بەغدا کۆبوونەوەی خۆمان بکەین لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی ، لەوێ باسی ئەو شتانەکرا، گلەیی زۆر لەسەر کاک هەمزە هەبوو، کەوا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستاوە، کاری خۆی بەجێ نەهێناوە و حزب لە فەوتاندایە. بۆیە هەرلەوێ لیژنەیەکی تازەمان بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، ووتمان با سکرتێری نەبێ، بەڵام من لێپرسراوی یەکەمی ئەو لیژنەیەبووم؟!) کاتێک دکتۆر حسێن لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەپرسیت (**ئەم لیژنەیە ئیشی چی بوو؟ لە وەڵامدا دەڵێت ؛ ئەم لیژنەیە پێویست بوو لە ناتەواویەکانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو بکۆڵێتەوە ، هەڵەکانی هەمزە عەبدوللاو ئەوانی دیکە دەستنیشان بکا، هەروەها پڕۆگرامێکی تازە بۆ پارتی دابنێ و تا بریاری کۆنگریسی پارتی دەگیرێ،** هەمزەعەبدوڵڵاو برادەرانی دیکەی دەستیان لەکار بکێشرێتەوە! ل13چاوپێکەوتن).(ئیبراهیم ئەحمەد دریژە بە قسەکانی دەداودەڵێ :هەمزە وئەوان خۆیان لە پارتی کۆمۆنیست نزیک خستەوە، هەرواش بوو وەکو لقی ئەوان کاریان دەکرد! نەک ناوەکەی ئەوان وەرگرن، بەڵکو ناوەکەی خۆیان هەر هێشتبۆوە، بە حیسابی خۆیان وەکو پارتی ئیشیان دەکرد، پێمان دەوترا باڵی ڕاست و باڵی چەپ؟!

تەنانەت ئەو ناكۆكیە بۆ مالكانیشمان تەنییەوە، خێزانەكەی هەمزە كە خوشكی من بوو لەگەل هەمزە ڕۆیی ، چی بكا؟ هەمزە دوورخرابۆوە لە شارێكی دیكە دەژیا نەیدەتوانی بەنگ بێت ، ناكۆكیەكە سەرەتاكەی ئاوابوو، **كە ئەو دوورخرایەوە منیان بە بەرپرسیاری پارتی دانا**).(دوای شۆڕشی ١٤/تەموز/١٩٥٨ و گەڕانەوەی، مستەفا بارزانی هەرپشتگیری لە هەمزە عەبدوڵڵا دەكرد و لە ئیبراهیم ئەحمەد دڵنیا نەبوو، بەڵام كە هەمزە عەبدوڵڵا ویستی پارتی بەرەو حزبی شیوعی عێراقی بەرێت و بیكاتە بەشێك لەوان... بارزانی لەشەوی ٣٠/حوزەیرانی/١٩٥٩دا بە خۆی و چەند چەكدارێكەوە دەچێتە بارەگای حزب لە شەقامی المتنبی –بەغدا، بە كۆمەڵێك قسەی ڕەق وهەڕەشە كلیلەكانی بارەگا وەردەگری و تەسلیمی باڵەكەی ئیبراهیم ئەحمەدی دەكات و پێیان دەڵێ: بڕۆن بەیانیان لەسەردەركەن. ئەوسا مەكتەبی سیاسی پرۆپاگەندەی زۆریان بۆ بارزانی دەكرد و بە ناوو ناوبانگی ئەوەوە خەڵكێكی زۆریان لە دەوری خۆیان و حزب كۆكردبۆوە ([1])

هۆكارەكانی جیابوونەوەو مەینەتی گەلی كورد

پێشترلە سەردەمی ڕژیمی قاسم بە هۆی ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە پشتەوە لای قاسم دژی سەرۆكی حزب دەدوا، قاسم چاوەروانی هەڵگیرسانی شەڕێكی گەورەبوو. ڕووبدات لە نێوان كورد-خۆیدا. وەك لە بیرەوەری یەكانی عیسی پژماندا هاتووە، شای ئێرانیش لە ڕیگەی عەقید عیسی پژمانی ساواكیەوە هەر لە ساڵی ١٩٥٩وە پەیوەندی كردبوو بە ئیبراهیم ئەحمەدی سكرتێری ئەودەمی مەكتەبی سیاسی پارتیەوە، بەتەمابوو ئیبراهیم ئەحمەدو جلال تالەبانی(مەكتەبی سیاسی) مەلا مستەفای بۆ دەرپەڕێنن، چونكە وایان لەشا گەیاندبووكە هێزی پێشمەرگەو حزب لەگەڵ ئەوانن و هەركات ئەمان بیانەویت دەتوانن ئەوكارە ئەنجام بدەن . ئیبراهیم ئەحمەد لە كۆنفرانسەكەی ماوەتی ساڵی ١٩٦٤دا ووتی (من بە بەیانێک مەلا مستەفام كردووە بە مەلا مستەفاو بە بەیانێكیش دەیكەمەوە بە هیچ !([2])) لەو كۆنفرانسەدا ؟! مەكتەبی سیاسی بریاری دەركردنی بارزانی دا لە حزب ولە ڕادیۆكەی خۆیانەوە بڵاویانكردەوە. لەولاشەوە بارزانی لە نزیک ڕانیە كۆنگرەیەكی بەست و ژمارەیەكی زۆری ئەندامانی مەكتەبی سیاسی دەركرد و بە لەشكرێكەوە چووە سەر مەكتەبی سیاسی لە ماوەت و دوای شەڕو پێكدادانێكی كەم لایەنگرانی مەكتەبی سیاسیان ڕاونان بۆ دیوی ئێران. تا ئەودەمە مەلامستەفا بە (مەلاسووڕە) ناسرابوو لە لایەن ئێران و ڕۆژئاواوە.هەربۆیە پەیوەندیەكان لەگەل ساواكی ئیرانیدا

---

[1]) چاوپێكەتێكی پێنج كات ژمێری لەگەل مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد-ئامادەكردنی د. حسێن عزیز

[2]) پوک ڕابوون-عارف كریم – 18-6-2008.لاپەرە 6

لە ڕێگەی مەكتەبی سیاسی پارتی (خودی ئیبراهیم ئەحمەد)و عەقید عیسی پژمانەوە ریكخرابوو. پاش ئەوەی كۆمەڵی ئیبراهیم ئەحمەد بۆیان دەركەوت نە لە ناوهێزی پێشمەرگەو نە لە ڕێكخستنەكان زۆربەیان لەگەڵ نییە، بە ناچاری هەڵاتن بۆ ئێران. جیابوونەوەی (تاقمەكەی مەكتەبی سیاسی) و هەڵاتنیان بۆ لای شای ئیران كە چەند ساڵێك بوو لە(١٩٥٩/١٩٥٨) وە لە بەغدا لە ڕێگەی ئەفسەری ساواكیەوە (عەقید عیسی پژمان)پەیوەندی بەسترابوو لە نێوان مەكتەبی سیاسی وڕژێمی شای ئێراندا.

دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەكداری كوردیش لە سەردەمی قاسمدا پەیوەندییەكان بەردەوام بوو. چەند جارێك عمر دەبابەو علی عسكری بردبوو بۆ تاران و كۆمەكی چەك و پارەی پی گەیاندبوون.ئامانجی رژیمی شا دروستكردنی كێشەبوو بۆ حكومەتەكەی قاسم . دەیویست كورد بەكاربهێنێت بۆ لاوازكردنی حكومەتەكەی قاسم بە پلەی یەكەم و دوورخستنەوەی مەترسی تەنینەوەی شۆڕشی كوردانی باشوور بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە پلەی دووەم (بڕوانە یاداشتەكانی عیسی پژمان)([1]). پەناهندەیی تاقمەكەی مەكتەبی سیاسی ونیشتەجیكردنیان لە كەمپێك لەهەمەدان وئیبراهیم ئەحمەدو مەكتەب سیاسی لە تاران لە ژیر دەسەڵاتی شادا لە باروودۆخێكی زۆر ناسكدابووكە شۆڕشی گەلی كوردی پیا تێدەپەڕی. جیابوونەوەكە بنەمایەكی فیكری و چینایەتی و ئایدۆلۆژی نەبوو، جگە لە پەرژەوەندی تایبەتی و ململانێی دەسەڵات. ئەو جیابوونەوەیە تایبەتی كەسانێك بوو كە حەزو ئارەزووی دەسەڵاتیان هەبوو. شاڵاوی پرۆپاگەندەكانی دژی یەكتر لەودەمەوە زیانیكی یەكجارگەورەی لە گەلی كورد دا لەسەر ئاستی كوردستان-عێراق –ناوچەكەو جیهان و تا ئێستەش.

ماوەیەك دوای ئەو ڕووداوە پەیوەندیەكانی ڕێكخستنەكان پچڕا. حزبی شیوعی دابوویە پاڵ مەلامستەفا ، زۆربەی هەرە زۆری ڕێكخستنەكانی پارتی و هێزی پێشمەرگەش دابوویانە پاڵ مەلا مستەفا .لەودەمەدابوو جەماعەتێك بە ناوی كاژیكەوە (ڕێكخراوەیەكی نەتەوەیی بوون)فرسەتیان لەو بۆشاییە وەرگرت و خۆیان خزاندە ناو دەزگاجۆراوجۆرەكانی پارتیەوە. ئەوانە لە نیوخۆیاندا خۆیان بە ڕێكخراوێكی جیاواز دەزانی، بەڵام لە ڕواڵەتدا پارتی بوون. لە بەرپرسە دیارەكانیان شێخ محمدی هەرسین و محمد عزیز ناسراو بە حەمەی عەزە دۆم، دوای ڕێكەوتنەكەی شوباتی نێوان بارزانی و حكومەت، ساڵی ١٩٦٤ لە شوینیكی باشووری شاری سولەیمانی كە پێیاندەوت كانی ماسی بارەگایەكیان دانا، پیاوەكانی كانی ماسی پێكهاتبوون لە كۆمەڵێك چەقۆكێش، بە ئارەزووی خۆیان لاوانیان دەگرت و سزایان دەدان ، لانیكەم بۆ سووكایەتی پێكردنیان سەرو برۆیان ئەتاشین

[1]) نهێنی یەكانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزایرلە ئارشیفی تەواو نهێنی ساواك -نووسینی – عیسێ پژمان- وەرگێڕانی ناسر ئیبراهیم –سوئێد ١٩٩٧

و لە زیندانی كانی ماسییان تونددەكردن، لەو ماوەدا لەناو شاری سولەیمانیدا دزی و سەرانە سەندن و سوكایەتی بە لاوان بەبەرچاوی خەلكەوە تا دەهات لە زیادبووندابوو ، كار گەیشتە ئەوەی خەلك دەنگی خۆیان گەیاندە مەلا مستەفا تا رزگاریان بكات لەو تاقمە. ئەو رەفتارانەی تاقمەكەی كانی ماسی بووە مایەی ئەوەی خەڵكێكی زۆر بە تایبەتی لە نێو لاواندا لە پارتی بڕەنجێن و لێیان دووربكەونەوە.

هەڵگیرسانەوەی شەڕلەگەڵ ڕژێمی عێراق

گەرچی لە مانگی شوباتی١٩٦٥ وە وردە شەرلە گەلێك ناوچەدا ڕوویدەدا بەڵام سیاسەتی نە شەڕو نە ئاشتی نیوان سەركردایەتی بارزانی و حكومەت تا ١٢/ئاداری/١٩٦٦درێژەی كێشا، لە ماوەی ئەوساڵەی تێپەڕی، پێشمەرگە پشوویدا، بارزانی سەرلەنوێ سەركردایەتی حزب و هێزی پێشمەرگەی دارشتەوە بەوجۆرەی خۆی دەیویست. لەو بەرواردا دوانامەی بارزانی نێردرا بۆ حكومەتی عێراقی بە شەفیق ئاغاو سەرداری حەمە ئاغادا. (ڕژیمی شا خۆشی پاش ئەوەی دەستی لە ئیبراهیم ئەحمەدوتاقمەكەی شوشت، وای بە باش زانی پەیوەندیی خۆی بە ئێمەوە تازەبكاتەوە. بەم پێیە دیمان ڕژیمی ئێران نوینەری خۆی عەقید عەلی مودەڕیسی، كە كوردیكی مەهابادی بوو، بە خۆی و بە دەزگایەكی ناردن و وەرگرتنەوە نارد بۆلامان. شا هەوڵی دەدا لە بارزانی نزیكبیتەوە، لە پێشدا چوارتۆپی ئەندازە ٨١ملم و٥٠٠ بڕنەوی بۆ ناردین پاشانیش لە تەموزداچوار هاوەنی تری ئەندازە ١٢٠ملم –ی بۆ ناردین لەگەڵ فیشەكێكی زۆر بۆ بڕنەو و تفەنگی ئینگلیزیش، لەسایەی ئەمەوە باری سەربازی پێشمەرگە گۆڕانێكی گەورەی باشی بەسەرداهات. شا فەرمانی دەركرد كە ڕێگەی بریندارەكانمان بدرێ لە نەخۆشخانەكانی ئێراندا چارەسەر بكرێن([1]))

(لەو دەمەدا بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی كە پاشكۆی سەربازی بریتانیا لە باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغدا نووسیبووی كە باس لە كەم ئەزموونی وكەم و كووڕی و كەمتەرخەمیەكان و خاڵە لاوازەكانی سوپای عیراقی و دروستكردنی سەربازگەكانی حكومەتی عێراق دەكات و لە هەمانكاتدا باس لە كەم ئەزموونی سوودوەرنەگرتنی پێشمەرگە دەكات لەو هەڵەو كەمتەرخەمیانەی سوپا، كە بە پێی

[1])بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد- بەرگی سییەم بەشی دووەم- مسعود بارزانی –لاپەڕە ١٩١-١٩٤.

ڕاپۆرتەكە پێشمەرگە دەیتوانی بە ژمارەیەكی كەمەوە سوپای عێراقی لەو سەربازگانەدا هەراسان بكات و زیانیكی زۆریشیان پێ بگەیەنێت)([1])

گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەدو جەماعەتەكەی

ساڵی خویندنی ١٩٦٦/١٩٦٥لە خانەی مامۆستایان وەرگیرابووم، لەوێش كاری رێكخستن دەستی پێكردەوە. شاڵاوێكی رێكخراوەیی ڕاگەیاندنی زۆر هەبوو بۆ سەر مەلا مستەفا لە لایەن جەماعەتی سەر بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە، هاوكات حكومەتی عێراقیش تۆمەتی بەكرێگیراویی بە ئێران و ئەمریكاو ئیسرائیلی دەخستە پاڵ سەركردایەتیەكەی مەلا مستەفا. پاش ئەوەی لە لایەن گەلێك كەسایەتیەوە هەوڵی ناوبژیوانی نێوان جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد ومەلا مستەفا درابوو، دواجار مستەفا بارزانی ڕازی بوو بە هاتنەوەیان لە ئێرانەوە. بۆ ئەو كارە عەلی عەبدوڵڵاو نوری شاوەیس و نوری ئەحمەد تەهای نارد بۆ تاران. سەرەتا لە ٦/تەممووز١٩٦٦عەلی عەسكەری گەیشتە حاجی هۆمەران و دووا تر جلال تاڵەبانی و ئەوانیتر. هەموو گەرانەوە تەنیا ئیبراهیم ئەحمەدو ژن و منداڵەكانی نەبێ كە ئەوەیان بەباشزانیبوو لە تاران بمێننەوە.

(بارزانی دۆڵەرەقەی بۆ نیشتەجێبوونی بەرپرسەكانی ئەو تاقمە دیاریكرد لە ژێرچاودیری عەباس مامەند ئاغادا لەوێ دانیشن و چەكدارەكانیشیان بە ناو پێشمەرگەدا دابەشكرد.هەر ئەو عەباسی مامەند ئاغایە ڕۆڵێكی زۆر خراپی بینی لە نێوان مەلا مستەفاو تاڵەبانیدا، لە لایەك بە تاڵەبانی وئەوانی دەووت كە بارزانی نیازی لەگەڵیان خراپەودەیترساندن لەولاشەوە بە بارزانی دەووت تاڵەبانی و ئەوان پەیوەندیان بە ڕژێمەوە هەیە. بەوجۆرە لەسەرەتای مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦جەلالیەكان گەڕانەوە لای حكومەتی عێراقی، دواتریش ئیبراهیم ئەحمەد لە تارانەوە بە فرۆكە گەیشتەوە بەغدا)([2]).ئەمە لەكاتێكدابوو هیزەكانی سوپای عێراقی هیرشێكی بەرفراوانیان دەستپێكردبوو لە چیاكانی زۆزك و هندرین بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی كوردستان. ئەو هێرشانەی سوپای عێراقی شكستیانخوارد و لیوای چواری سەربە فیرقەی یەكەم لەسەر لوتكەكانی ئەو دوو چیا سەركەشانە تێك و پێك شكێندران.

هەرلەوكاتانەدابوو(بارزانی و حكومەتەكەی عبدولرەحمان بەزاز رێكەوتننامەی ١٩٦٦/٦/٢٩ڕاگەیاند كە پێكهاتبوو لە پازدە خاڵ ، هەردوو باڵی جەلالی و مەلایی بەو ڕێكەوتنە ڕازی بوون).

---

[1]) بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد-بەرگی سێیەم- بەشی دوەم- لاپەرە ١٩٢-١٩٣.

[2])پوك ڕابوون- 18-6-2008عارف كریم-لاپەرە 6

پەیوەندی جەلالیەكان بە حكومەتی عێراقەوە

لەو دەمەوە مەكتەبی سیاسی هاتنەوە لای حكومەتی عێراق لە ناو خەڵكدا بە جەلالیەكان ناسران. سەرەتا تاڵەبانی لە رێگەی كمال موفتی و محمد ئەمین فەرەجەوە هەوڵیاندا بە پشتیوانی سوپای عێراقی دەست بەسەرناوچەكانی قەرەداغ و پشدەردا بگرن. بەڵام شكستیانخوارد. سەركردایەتی فیرقەی پینجی سوپای عێراق كە لەژێر سەركردایەتی لیوا روكن محمدنوری خەلیلدابوو، بارەگایەكی لە بەكرەجۆ و بارەگایەكیشی لە كەلار بۆ جەلالیەكان كردەوە. جەلالیەكان لە هێرشە سەربازیەكانی سوپای عیراقدا بۆ سەر كوردستان ڕێپیشاندەرو پێش لەشكری بوون. عەمید روكن اسماعیل تایە النعیمی فەرماندەی فیرقەی دوو لە بیرەوەرییەكانیدا كە ساڵی ١٩٨٥ لە چاپی داوە دەڵێت :(عومەر دەبابە و عەلی عەسكەری بە فرۆكەوان ئەحمەدیان ووت تاوانبارەكان(مەبەستی پێشمەرگەبووە. ن)فرۆكە لێیان نادات، تایە نعیمیش دەڵیت یەكێكتان لەگەڵی سوارنابێت تا ئەو شوێنانەی پیشان بدا كە تاوانبارەكان تییاندا دەحەسێنەوە؟ عومەر دەبابەو عەلی عەسكەری ووتیان ئێمە ئامادەین ئەوە بكەین، فرۆكەوانەكە بردنی و هەرجارەی یەكێكیان شوێنی حەسانەوەی تاوانبارەكانیان بۆ دەست نیشان دەكرد تا دەستیان لێبوەشێنێ، نەعیمی دەڵێ : ئەم تێسرەواندنانە زیانێكی زۆریان بە تاوانباران گەیاند.) لە لاپەرە ١٠١ ی كتێبەكەی تایە نعێمیدا نووسراوە(سەرم لە ڕەتڵەكەی جەلال تاڵەبانی و ڕەتڵەكەی عەلی عەسكەری و ڕەتڵەكەی عومەردەبابە داو دروشمی پڵنگی فیرقەی دووەمم بەسەر فەرماندەكانی ئەم ڕەتڵانەدا دابەشكرد)[1]. (لەودەمەوە جاشایەتی بەرگی ئایدۆلۆژی كرا بەبەردا).

جەلالییەكان و بەكرەجۆ

بەكرەجۆ كرایە بنكەی سەرەكی سەربازی جەلالیەكان، فەرماندەیی هێزی گشتی – جلال تاڵەبانی –بەرپرسی بوو، بەرپرسی ئیدارەی هێزی گشتی كەریم جەوهەر– نائب زابتێكی سوپای عێراقی– بوو ، لقی پێنجی ڕێكخستنی چەكدارەكانی جەلالیەكانیش، هەرلە بەكرەجۆبوون، تاڵەبانی بەرپرسی بوو وە ئەحمەدی دادی ئیش وكاری كارگێری پێ سپێردرابوو بەڕێوەی دەبرد، لەودەمانەدا گەلێك لە سەركردەو كادرەكانی(سازمان انقلاب حزب تووده ایران)كە ماوی بوون لەوێ دەبینران. زیندانێكیشیان هەبوو بۆ بەندكردنی نەیارانی سیاسیان. شەڕی ناوخۆی (براكوژی) جەلالی و مەلایی تا دەهات زیاتر كڵپەی دەسەندوو باشوری كوردستانی كردبووە دۆزەخ. هەرلایەكیان هەوڵی دەدا لاكەیتر پاكتاو بكات

[1])العمید الركن اسماعیل تایه النعیمی- الصفحة-101

.جەلالیەكان چەک و پارەیان لە حكومەتی عێراقەوە دەدرایەو بە هاوكاری سوپای عێراقی پەلاماری هێزەكانی مەلاییان دەدا. مەلاییەكانیش سەرچاوەی چەک و پارەیان ئێران و سۆڤیەت بوو. ڕژێمەكانی عێراق و ئێران هەریەكەیان لایەكیانی بەكاردەهینا بۆ جێبەجێكردنی پەرژەوەنیەكانیان. لەو دەمانەدابوو ساواكی ئێرانی بە هاوكاری مەلاییەكان لە ناوشاری سولەیمانیدا قادرشەریف (یەكێک لە كادرە پێشكەوتووەكانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی تیرۆردەكەن).

جەلالیەكان و ماویزم

لە مێژبوو لە ناو ئەو ئۆردوگایانەی خۆیان بە سۆسیالیستی دەناساند، لە ئەنجامی دیدو تێروانین و بۆچوون و پەرژەوەندی جیاوازی نیوان وڵاتانی چین و سۆڤیەتەوە دوو كەمپی جیاواز هاتبوونە كایەوە. هەردووكیان بە ناوی چینی كرێكارو بیرو باوەڕی ماركسی لینینیەوە كاریان دەكرد و پڕۆپاگەندەیان بۆ كەمپەكانیان دەكرد. لە سەر ئاستی جیهانیش، پارت و گروپ و كەسانیان هەبوون، دەروێش ئاسا لێدەری دەهۆڵ و جێ بەجێكەری سیاسەتەكانی ئەو دوو كەمپە بون. شێوازی دروستبوونی ئەو ڕێكخراوو پارتانە بە هەمان نەریتی (ناوەندی دیموكراسی)پارتایەتی دامەزرابوون.(پارتە بۆرژواكانیش لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیستیشدا بە - هۆی پێكهاتەی ژێرخانی ئابووری و چینایەتیان -هەمان شێوەی دامەزراندنیان وەرگرتبوو). بەوجۆرە كەسایەتی مرۆڤەكان لە ناو چوارچێوەی ئەو جۆرە پارتانەدا لە قاڵب دەدراو مرۆڤەكانی ناو ئەو ڕێكخراوانە دەكرانە ئامیریک بۆ ئەنجامدانی كاری سیاسی ئەو پارتانە، وەكوتر سەرۆكەكانی ئەو پارتانە. بەوجۆرە كەسایەتی مرۆڤ و ماف و ئازادییەكانی ڕاو بیروبۆچوون لە ژێر پرنسیپی سەنترالڵ دیموكراسیدا، بە پابەندبوون بە حزبەوە چڕدەكرایەوە و ڕای چینی كرێكارو گەلیش لە بریاری حزبدا و بریاری حزبیش لە سەرۆكەكەیدا كورت دەكرایەوە. بەوشێوەیە لە هەموو بەرەكاندا ئەحزابی ستالینیستی هاتنە گۆڕێ. پارتەكانی سەربە كامپەكانی وڵاتانی چین و سۆڤیەت گەرچی باسیان لەڕۆڵی چینی كرێكارو زەحمەتكێشان دەكرد، بەڵام لە ناوڕۆكدا ئامانجیان كۆكردنەوەی خەڵک بوو لەناو ئەو پارتانەی كەمپەكانیاندا لە ژێرپەردەی پەیڕەوی لە سۆسیالیزم - دژایەتی ئیمپریالیزم- ململانێی چینایەتی- مەترسی ئیمپریالیزمی جیهانی لەسەر بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ژێردەستە،و دەخرانە خزمەت كامپەكانی ولاتانی چین و سۆڤیەتەوە. مرۆڤەكانی سەر بەو پارتانە لە كەسایەتییە ئازادو سەربەخۆكەیان دادەماڵران و لە چوارچێوەی ڕێكخستنەكانیاندا دەكرانە كۆیلە و بەشێک لەو سیستەمە دكتاتۆریانەی ئەو دوو كەمپەی بڕوایان بە بچووكترین ئازادی و مافی مرۆڤ نەبوو.لە سای دەسەڵاتی ئەوانیشدا دەسەڵاتی چینی كریكار حاكم نەبوو.

سیستەمی دیکتاتۆری سۆڤیەتی لەو دەمەوە لینین ستالینی بە سەرۆکی حزب و دەوڵەت دانا..وگەیشتنی ماوبە دەسەڵاتی ڕەها هەر لەپەنجاکانی سەدەی ڕابووردووەوە ، بە دەیان ملیۆن کرێکاریان کردبووە قوربانیی بنیات نان و مانەوەی دەسەڵاتی ستەمکارانەو تۆتالیتاریان.

ئەوەندەی پەیوەندی بەماویزم و ماوتسێ تۆنگەوە بێت، کە پەیرەوی لە تێزی سێ جیهانی دەکرد، مشتومڕ لەگەڵ هەڵگرانی ئەم تێزەدا(تێزی سێ جیهانی ماویزم) لە تەوەری سەرەکی ئەوەدا دەخولایەوە کە ئایا ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ بەعسە یان ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی وئیمپریالیزمی خۆرئاوا؟ لە شەستەکاندا وڵاتی چێن بە ناوی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە بە ملیۆنەهایان کردە قوربانی ئەو سیستەمەو بچوکترین هەناسەی ئازادیان لە گەلی چین قەدەغەکردبوو. چین و تەواوی ئەو وڵاتانەی لافی سۆسیالیستیان لێدەدا بووبوونە زیندانێکی گەورە بۆ گەلەکانیان. جیهان لایان ڕەش و سپی بوو. ئەوی لەگەڵیان نەبووایە بە کۆنەپەرستی وبەکرێگیراوو سەربە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا تاوانبار دەکران. ئەوانەش شوێنکەوتەی یەکێک لەو تەریقەتانەی سۆڤیەت یا چین بووایە، لای ئەوان ڕۆشنبیر، نیشتمانپەروەر، پێشکەوتنخواز، شۆڕشگێربوو. نەک هەر ڕێ بە ئۆپۆزیسیۆن نەدەدرا بەڵکو هەر ڕایەکی جیاواز لە ڕای سەرۆکی حزبە شیوعیەکان بە تۆمەتی خیانەت و بەکرێگیراوی ئیمپریالیستی بە کوشتن وەڵامدەرایەوە. بەوجۆرە کەسایەتی مرۆڤەکانیان لە حزبداو حزبیشیان لە سەرۆکی حزبدا تواندبۆوە.

جەلالیەکان کە بە پارەو چەکی حکومەت لەدژی مەلایی دەجەنگین بۆ فریودانی خەڵک بەهانەو پۆزشی زۆریان بەکارهێنا دژی مەلاییەکان لە هەموویدا شکستیانخوارد. لەوانە کە خۆم لە کۆبونەوەیەکدا لە تاڵەبانیم بیست لە بەکرەجۆ ووتی: ئێمە گەر مەلاییەکان لە ناوچەیەکی وەک قەرەداغ دەرپەڕێنین و ئازادی بکەین، داوای مافەکانی کورد لە حکومەتی عێراق دەکەین. گەر مافە نەتەوەییەکانی کوردی نەسەلماند شەڕی ڕژێم دەکەین . بەڵام وا دەرنەچوو، دوای ئەوەش هێزی مەلاییەکان لە قەرەداغ و گەلێک شوێنیتریش نەمان ئەو پەیمانەی دابووی نەبرایە سەر. دواجار ماوەیەک پرۆپاگەندەیان بۆ شەڕی جیفارستی کرد .

سازمان انقلابی حزب توده ایران و ماویزم

لە ساڵی ١٩٦٧یەکێک لە ڕەهبەرەکانی (سازمان انقلابی حزب توده ایران)کە ڕێکخراویکی ماوی بوون وبیروباوەڕی ماوتسێ تۆنگیان کردبووە ڕێبازی خۆیان بە ناوی دکتور جەلالەوە هاتە سولەیمانی ناوەڕاستەقینەکەی (کورش لاشائی)بوو،

خۆیشـــی پزیشـــک بوو. لەگەڵ نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمیندا لە مالی عارف کریم یەکتریان دەدی. لە ســـاڵی١٩٦٨چەند کەســـێکیتریش لە ڕێکخراوی ناوبراو هاتنە باشـــووری کوردســـتان کە ئەمانەبوون، دکتۆر جلال(کورش لاشـــائی) ،ئیســـماعیل (ایرج کشـــکولی)، قوباد((خەســـرەوی صـــفائی)، لەگەڵ مراد، صـــەفا ، هاشـــم کە ناوە ئەســـلیەکانیان نازانریت ، ڕەهبەری گەورەی ڕێکخراوەکە (مهدی خان بابا تهرانی) لە ئەوروپا مابۆوەو نەهاتبووە کوردستان ســەردەمێک ئەم رادیۆی فارســی لە پەکین ی پایتەختی چین دەبرد بەڕێوە، ئەمانە لە دەروێشـــە ســـەرگەرم و دڵســـۆزەکانی ماو بوون هەندێکیان یان هەموویان چاویان بە ماوتســـــی تۆنگ کەوتبوو، لە بەکرەجۆ لای تاڵەبانی میوان بوون تا ساڵی(1)١٩٧٠.تاڵەبانی بووە شۆێنکەوتوو ودەروێشێکی ڕێبـازەکەی مـاو ،بەڵام بێ ئەوەی شـــــۆێنکەوتنی ئەو بیرو ڕێبـازە لە ئەنجـامی لیکۆڵینەوەو قوڵبوونەوە وتێگەیشـــتن بووبێت ، چونکە گەر وابوایە ئەوا دەبوو لە ڕەفتاری ، بیرکردنەوەو ڕێبەرایەتی و پراکتیکی ڕێکخراوەیی و چەکداری ڕەنگی بدایەتەوە ، شـــێوازی ڕێکخراوەیی ڕێکخســـتنەکان ، هێزە چەکدارەکان ، پراکتیکی ئەوان لە ناو خۆیانداو لەگەڵ خەڵکدا (تا ئێســـتەش) هەر شـــێوازە کلاســـیکیە خێڵکەکەبووە، لە لایەیەکیترەوە هەموو مێژووی تیوری و پراکتیکی چینیـان وەک یەک یەکە وەرگرتبوو ، لە کاتێکدا (تا ئەودەمە) مێژووی چین گەیشـــتبووە دووەم قۆناغ .(یەکەم قۆناغ) لە ســـەرهەڵدانی شـــۆڕشـــی چینەوە لە بیســـتەکانی ســـەدەی ڕابووردووەوە دەســـتی پیکرد تا ســـاڵی ١٩٤٩و دامەزراندنی کۆماری چین ، کە بە قۆناغی رزگاری نیشـــتمانی ناودەبرا و بیرو کارو بەرنامەی ماوو حزبەکەی لە خزمەت گەل و رزگاری نیشـــتمانیدا بوو، بەو بیرو پراکتیکە دروســـتەیان،لە کۆمەڵگایەکی کۆیلەو فرە چین و ژێرچەپۆکی یابان و حکومەتەکەی تشـــانغ کای شـــیکدا، تووانیان گەلێکی دواکەوتووی چەوســـاوەی ئاخنراو بە ماددەی ســـڕکەر بە پشـــتبەســـتن بە کۆمەڵانی چەوســـاوەو زەحمەتکێشـــی چین لە ســـاڵی١٩٤٩بگەیەنن بە ســـەرکەوتن . دەکرا ســـەرانی جەلالی و مەلایی بە نرختڕین ئەزموونی لیوەفێربن. (دووەم قۆناغیش) بەلای منەوە بە قۆناغی بەخواکردنی ماوی دەزانم. کە لەو ماوەدا ١٩٤٩/١٩٧٠ لە ژێرناوی (شۆڕشی ڕۆشنبیری) بە ملیۆنەها مرۆڤ بوونە قوربانی بەزۆرسەپاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتاری حزبی شیوعی چینی و بە قورئانکردنی کتێبە تیوریەکانی ماو و بەخواکردنی ماو .ڕێک وەک ئاخاوتنەکەی خودی ســـتالین ڕەفتاریان دەکرد کە دەیوت (گەل بریتیە لە حزب وحزبیش بریتیە لە من و منیش خوام). ئەو دەمەی تازە لە هەندێ وڵاتانی دەرەوەی چین پەیرەوانی ماویزم پەیدا بوون، چین لە ناوەوە کرابووە دۆزەخ بۆ گەلی چین، گەرچی لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا

[1]) پوک ڕابوون-2008/6/18-عارف کریم – لاپەڕە 10

بۆ راستکردنەوەی کوشتارەکانیان ویستیان ئۆباڵی کوشتارە بە کۆمەڵەکان و شکستی بەرنامە ئابووریيەکانیان بخەنە ئەستۆی ئەوەی ناویان لێنابوو (چوار چەتەکە) کە یەکێکیان ژنەکەی ماوبوو. ڕیشەی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی١٩٧٠ تا ئەمڕۆ، کە من ناوی دەنێم (قۆناغی سێهەمی سەرهەڵدان و دەستپێکردنی ریفۆرم) .

ئەوەی لە هەمووی سەیرتربوو ، پەیرەوانی تێزی سێ جیهانی ماویزم کە(ئیمپریالزمیان بە ناکۆکی سەرەکی) دەزانی چوونکە دەروێشانە و بۆ پەرژەوەندی سیاسی شوێنکەوتەی بوون، هیچ حسابێکیان بۆ (کات و شوێن و سەردەم و شێوازی سەرهەڵدانی چینەکان وتایبەتمەندی کۆمەڵگاکان نەکردبوو), سەیر لەودابوو بە هەمان شێوەی دابەشکردنی چینەکان لە وڵاتی چیندا کۆمەڵگای کوردی و عێراقیان دابەشدەکرد و هەڵدەسەنگاند، بێ ئەوەی دەرک بەوەبکەن کە چینی بۆرژوا لە کوردستان و عێراق و هەموو وولاتانی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم بۆرژوایەکی ئازادیخوازو دیموکراسیخواز نین، ئەمانیش کوێرانە وەک هەموو حزبە شیوعیەکانی کەمپی سۆڤیەتی سواری کۆڵی ئەو باوەرە بوون تا لەو ڕێگەی فریودانەوە شوێنکەوتووانێک پەیدابکەن وەکو هێزێک بەکاریان بهێنن بۆ خزمەتکردن بە پەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان بەلام لە بەرگیکی ئایدۆلۆژیدا. دەسەڵاتی ستالینی سۆڤیەت چارەنوسی نەتەوەکان و چینی کرێکاری بەلاوە گرنگ نەبوو بەقەدەر ئەوەی حزبە شیوعیەکانی سەربەکامپەکەی پەیڕەوکەر، دەروێشیکی دڵسۆزی تەکیەکەی ئەوبن .ئەگینا بەچی و چۆن لە سای دەسەڵاتی بۆرژوایەک، ،وەک ئەو (بۆرژوا نانەتەوەیی نا ئازادیخوازو نا دیموکراسیخوازەی) وڵاتانی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم، کە بە پێی پێکهاتە چینایەتییەکەی نە (ئازدیخوازە و نە دیموکراسیخوازە). چۆن چاوەروانی ئەوەی لێدەکریت، (بە ڕێگەی نا سەرمایەداریدا کۆمەڵگا بەرەو سۆشیالیزم بەرن؟) .

جەلالیەکان بێ ئەوەی لە مێژووی حزبی بەڵشەویکی سۆڤیەتی یا چین بکۆڵنەوە، یا دیراسەیەکیان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتانی چین و سۆڤیەت، شۆڕشی بۆرژوازی و شۆڕشی سۆسیالیستی، جۆری دەسەڵات، دەسەڵاتی شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکیشان، یان دەسەڵاتی حزب لە سەرو حزبیشەوە دکتاتۆر، پیادەکردنی دەسەڵات، شەرعییەتی دەسەڵات، واقعی ئابووری، چینایەتی ئەودوو دەوڵەتە کردبێت و، بێ تێگەیشتن لە تێزی سێ جیهانی ماویزم. کە لای پەیڕەوانی ئەم تێزە جیهان دابەش بووە بە سێ بەش، و ناکۆکی سەرەکی لایان لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابوو نەک ڕژێمی عێراق. گرتنە بەری ئەم ڕێبازە و بوونە موریدی تەریقەتی ماوی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ داپۆشینی پاڵدانیان بوو بە دوژمنی نەتەوەیی و کرێکارانەوە، کە حکومەتی فاشستی عێراق بوو.

تاڵەبانی بەردەوام لە بەغدا هاتووچۆی سەفارەتی كۆماری چینی دەكرد، كتێبە سووركانی ماو و میدالیای كەلڵەی ماوی وەردە گرت ودابەشی دەكرد بەسەر بەرپرسانی حزبەكەیدا. لە ڕاگەیاندنیشدا لە لایەن جەلالیەكانەوە سەرەتا گۆڤاری رزگاری كە كۆچكردوو شازاد سائیب ئیمتیازی ئەو گۆڤارە مانگانەیەی وەرگرت و نەوشیروان مستەفاش سەرنووسەری گۆڤارەكەبوو، زیاتر بیروبۆچونەكانی ماوی تیا بڵاودەكرایەوە لەگەڵ ڕەخنەو نوسینی جۆراوجۆریتر، دواتریش رۆژنامەی روناكی (النور) دەركراله بەغدا. لە سالی ١٩٦٨دابو نەوشیروان مستەفا دەستیكرد بە وەرگێڕانی ووتەكانی ماو (كتێبە سووركە٠)هەروەها كتێبەكەی (لین پیاو) لەسەر شەڕی پارتیزانی .([1])

كودەتاكەی حزبی بەعسی سالّی ١٩٦٨

لە ١٩٦٨/٧/١٧حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی كودەتای سەربازی كردوو عەبدولرەحمان عارفیان لەسەركار لاداو دووریانخستەوە بۆ دەرەوەی عێراق. بە هۆی ئەو كێشەو ململانێیانەی ناو سەرانی بەعس لەسەر دەسەڵات لە١٩٦٨/٧/٣٠ باڵەكەی ئەحمەد حەسەن بەكر وسەددام جارێكیتر كودەتایان بەسەرباڵەكەیترکردو پاكسازیانكردن.

بەكرەجۆ

لەكۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٦٨/١٩٦٩ خوێندنی خانەی مامۆستایانم تەواوكرد، حزبی بەعس بەهۆی كەمی بودجەوە، سیاسەتی (تقشف)ی دەستپێكردبوو، ئەوبریارە بووە هۆی ڕاگرتنی دامەزراندنی مامۆستایان. لەو دەمانەدابوو تاڵەبانی بریاریدابوو هێرش بكرێت بۆ سەرگەڵوو بەرگەڵوو وناوچەكە لە مەلاییەكان پاك بكاتەوە و بیخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیان، بۆ ئەو مەبەستە دەیویست هەموو مەفرەزەكانی ناوشاری سولەیمانیش بەشداری پێبكات، سەرەتا هەموو چەكدارە ئابڵاخیەكانیان هێنا بۆ بەكرەجۆ، كۆبۆنەوەیەكیان پێكردن بە ئامادەبوونی حەمەی حاجی تایەر كە بەرپرسی لقی سلێمانی و هەندیک لە ئەندامانی لق پاش ئەوەی لە لایەن نوینەری فەرماندەی گشتیەوە قسەیان بۆ كرا سەبارەت بەو هێرشەی بە تەمابوون بیكەن بۆ سەر سەرگەڵو و بەرگەڵو لە وەڵامی پرسیارێكدا كە چەندكەس ئامادەی بەشداربوونە لەو هیرشەدا؟ هەموو ئابڵاخیەكان كە ژمارەیان لە دەوری شەست حەفتا كەسێكدا دەبوو یەكدەنگ (جگە لە بەرپرسەكەیان كە جەوهەری ناوبوو) ووتیان بەشداری

---

[1]) پوک-ڕابوون.عارف كریم لاپەڕە -10.

ناكەین و چەک دادەنێین. هەرواش بوو سەرباری هەڕەشە لێكردنیشیان هەموویان چەكیان داناو ڕۆیشتن، بەرپرسەكەیان بە تەنها مایەوە. ئەو هەڵبژاردەیەی خرایە بەردەم ئابڵاخیەكان بۆ ئەوەی هەمان چەكدانان ڕوونەداتەوە نەخرایە بەردەم مەفرەزەكانی ناوشاری سولەیمانی كە نەوزادی علی قادر بەرپرسیان بوو. بە هێنانیان لە سولەیمانیەوە بۆ بەكرەجۆ یەكسەر ئامادەكران بۆ ناردنیان. من زۆر برادەریم خۆش بوو لەگەڵ نەوزادی علی قادر، ئەویش زۆر ڕێزی لە من دەگرت، پێمووت بە تەنها جێت ناهێڵم و منیش دێم لەگەڵتان، سەیرێكی كردم و دەستیخستە سەرشانم و بە هێواشی ووتی: ئێمە نەگبەتیمانە و تووشی ئەم دۆزەخەكراوین خۆتۆ بووی بە مامۆستا چیتداوە لەم بەزمە...ڕاوەستام تا ئەوان سوار ئۆتۆمبیلەكان بوون و لەچاو وونبوون. ئەوە دوابینینی كۆچكردوو نەوزادی عەلی قادرو هەڤاڵەكانی بوو. دوواتر بیستم كە لە هێرشێكی مەلاییەكاندا بۆسەریان لە بەرگەڵوو سەرگەڵوو وابزانم تەنها دووانیان بە سەلامەتی دەرچووبوون كە یەكێكیان (ئاسۆی شێخ نوری) بوو، ئەوانیتر كۆژران، ووتیان نەوزادعلی قادر بە دیلی كەوتۆتە دەستی مەلاییەكان و پاشان كوشتویانە.

لقی یەكی ڕێكخستنی پارێزگای سولەیمانی لەسەرداوای جەلال تاڵەبانی چوار كەسیان نارد دەرەوە بۆ ناو هیزەچەكدارەكان وەک رابەرسیاسی و ئیداری، شەهید یاسین محمد حسن ناسراو بە (یاسینە ڕەش) دانرا بە رابەرسیاسی و ئیداری بەتالیۆنەكەی مجید ڕۆستەم لە سورداش، جەمیل احمد شازەمان دانرا بۆ بەتالیۆنەكەی عەبدوڵڵای ئەحمەد كورە لە سورداش، صالح ئیبراهیم ڕەزا دانرا بۆ هێزەكەی حەمەی فرج لە شارەزوور، منیش دانرام بۆ بەتالیۆنەكەی حەسەن سڵێمان هەمەوەندی لە بازیان.

كۆنفرانسی لقی پێنج لە بەكرەجۆ

ئێمە لە ڕووی ڕێكخراوەییەوە پەیوەست بووین بە لقی پێنجەوە لە بەكرەجۆ و لەكاتی بانگهێشتن یا پێویستیدا لە ڕێگەی كارگێری لقەوە پەیوەندیمان هەبوو. پاش ماوەیەک ئاگادارکراین ئامادەبین بۆ كۆنفرانسی لق و بۆ ئەو مەبەستەش كۆنفرانسی ڕێكخراوو ناوچەكان بگێڕێت تا نمایندەیان دیاری بكەن، ڕێكخستنەكانی لیژنەی ناوچەی سنوری هێزەكەی عەلی عەسكەری كۆبونەوەكانیان تەواوكرد وحەسەن سڵێمان و من و سەرلق ئەحمەد ڕۆستەم و سەرلق عزیز ئاغاو.. بۆ بەشداری كۆنفرانسی لق دیاریكراین، لە هەمانكاتدا منیان وەک بەرپرسی لیژنەی ناوچە دیاریكردەوە. لە ڕۆژی دیاریكراودا لە بەكرەجۆ هەموو فەرماندەی بەتالیۆنەكان و هێزەكان و ڕابەرە سیاسیەكان ئامادەی كۆنفرانسەكەی لقی پێنج بوون لە بەكرەجۆ. لیژنەیەكی دووكەسی بۆبەڕیوەبردنی كۆنفرانس دیاریكراو پاشان بە پێی بەرنامەی كارەكان كۆنفرانسەكە بەڕێوەچوو، دواجار قسە لەسەر ئەو گرفتە ڕێكخراوەییانەی

هەبوو كراو چارەســـەریان بۆ دەســـتنیشـــانكرا، لە كۆتاییدا ئەندامانی لقی پێنج بە هەڵبژاردن لە لایەن بەشـــداربوانەوە دیاریكران، ئەحمەدی دادی، جەمال خەفاف، یاســـین محمد حەســـەن، رۆەف ســـۆرانی(عادل) بوونە ئەندامانی لقی پینج. دواتر لەكۆبوونەوەی لقدا ، ئەحمەدی دادی بۆ كارگێری لق دیاریكرا و جەمال خەفافیش وەك نمایندەی لق لە ئیدارەی گشتی هێزەكان .

بە هۆی ئەو ســـەردانانەی دەمكرد بۆ لقەكانی هێزی جەلالیاكان لە گەرمیاندا زۆرشـــتی ســـەیرم بۆ دەركەوت، بە تایبەتی بۆ دابەشـــكردنی مووچەی مانگانە. بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە لیســـتی ناوەكانم لە ئیدارەی گشـــتی وەرگرتبوو. پێش من بەرپرســـە ســـەربازییەكان تێكرای ژمارەی چەكداریان دەداو، بەپیی ژمارەیان بۆ زگورتی حەوت دینارو بۆ خێزاندار نۆ دینار یان وەردەگرت. بێ ئەوەی بزانن ئەو ناوانەو ئەو ژمارە چەكدارە هەیە یا نەء. بۆ هەربەشـــێكی هێزەكە بچوومایە داوای ئامادەبونی چەكدارەكانم دەكرد، زانیم تێكرای بەرپرســـە چەكداریيەكان ناڕازین. چوونكە پیشـــتر وا فێربووبوون ژمارەیەكیان دەداو بە پێێ ئەو ژمارەیەی ئەوان دیاریاندەكرد پارەیان وەردەگرت. هەرهەموویان چەكداری بندیواریان نووســـی بوو. من ئەوەم بڕی و پێم ڕاگەیاندن تەنها پارەی ئامادەبووان ســـەرف دەكەم. لە كۆتاییدا كە گەڕامەوە بەكرەجۆ ، كەریم جەوهەر كە بەرپرســـی ئیدارەی گشـــتی هێزە چەكدارەكان بوو لە بەكرەجۆ، نائب زابتێكی حكومەتیش بوو، پرســـیی پارەت كورتی نەهێنا ؟ منیش جانتا دەستیەكەم خستەبەردەستی و ووتم ئەوەندە ناو لە كۆی ناوەكان بوونی هەبووە ئەوەندە هەزار زیادە.ئەحمەدی دادی و جەمال خەفاف و كەریم جەوهەر ســـەرســـام بوون. بابەتەكەیان گەیاندە تاڵەبانی، دواتر بانگی كردم و سوپاسیكردم .

ئەوەی لەو ســـەردانانەدا بۆم دەركەوت، خەڵكێكی زۆری گوندەكان و شـــارەكان نەدەچوون بۆ ســـەربازی و لە گوندەكاندا خۆیان دەشـــاردەوە، لەبەر ئەوەی خەڵك ئامادەنەبوو بە ئارەزووی خۆیان چەك بۆ جەلالیەكان و حكومەت هەڵگرن و ببنە ســـووتەمەنی دۆزەخیك بە قازانجی بازرگانانی شـــەڕ. لە فەرماندەیی گشـــتی جەلالیەكانەوە بریارێك هەبوو كە لە باتی سەربازی، هەموو سەربازە هەڵاتووەكان دەبووایە (بە زۆرەملێ ببنە چەكداری جەلالیەكان)، بەمانەیان دەووت (موالید). بە هۆی ئەمـانەوە هێزەكە قەوارەیەكی گەورەی فشـــۆڵی وەرگرتبوو، كورد ووتەنی زۆروبۆر بوو. هەمیشـــە و لە هەموو بەرەوڕووبوونەوەیەكدا لەگەل مەلاییەكاندا یا خۆیان دەدزیەوە یا خۆیان نەخۆش دەخســـت یا هەڵدەهاتن، لەبەر ئەوە پشـــتیان پێ نەدەبەســـترا. من لەو مەفرەزەیەی لەگەڵم بوون ســـیانی خەلكی ســـولەیمانی بوون، یەكێكیـان نـاوی ئەكرەم بوو كوڕی ئەنوەربەگ بوو كە پیـاوێكی بـاڵابەرزبوو كەڕوڵاڵ بوو هەمیشـــە مشـــكی دەبەســـت، دوانەكەیتریش برابوون ناویان كەمال و جەمـالی ئەحمەد خورشـــەبوون كە بە داخەوە دوای هەرەســـی جەلالیەكـان و رێكەوتنامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠لە ســولەیمانی جەمال تاوانێكیان بۆ هەڵبەســت

(گوایە بە فەرمانی نەوشیروان ویستوویەتی نارنجۆكێك هەڵداتە سانەوی كچان) بەو تاوانە گیراو بریاری لە سێدارەدانیان بۆ دەركردو لە بەردەركی سەرا لە سێدارەدرا ، زۆری نەخایاند كەمالیش لە لایەن چەكدارێكی لای حەمەی فەرەجەوە بە هۆی ناحەزی شەخسیەوە تەقەی لیكراو ئەویش كوژرا. جەلال كۆچەری براشیان كە هونەرمەندیش بوو، وە لەمان بە تەمەنتربوو ئەویش بە كوشتن لەناوچوو.

ڕێكخستنەكانی جەلالیەكان لە شارەكاندا ئەركیان بڵاوكردنەوەی پرۆپاگەندەكانی حزب و كۆكردنەوەی دەنگ و باس بوو لەسەر مەلاییەكان. چەندەها مەفرەزەی چەكداریان دروستكردبوو شەوانە بۆ پاسەوانی بۆ چواردەوری شار دەردەچوون .

خەڵكی كوردستان بە هیچ جۆرێك باوەڕیان بە هیچ لایەنێك نەبووە لە پاڵ میریدابووایە و ناوی جاشیان دەبڕی بەسەرهەرلایەنێك لەگەڵ حكومەتدا بووایە. ئەو باوەرو هەڵوێستە لە فراوانبووندابوو، تا دەهات پێگەی جەلالیەكان لە ناو شارەكان لاوازتر و قێزەونتر دەبوو، گەلێكجار كار دەگەیشتە ئەوەی خەڵك بە دەنگی بەرز و بە ئاشكرا لە ڕووی چەكدارەكانی جەلالیەكاندا جنێویان دەدا..بارودۆخی هێزی چەكداری جەلالیش لەوە باشترنەبوو، ئەو چەند سەد كەسەی لێدەركەی كە لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە، چەكدارەكانیتر (مەوالید) بە هۆی ئەوەی بەزۆرەملێ لە باتی سەربازی دەگیران و چەكیان دەدرایەو لە ناو پەل و لقەكان ڕێكدەخران، دژی شەڕی ناوخۆبوون، هەمیشە چاوەڕوانی فرسەتێك بوون خۆیانی تیا بدزنەوە. ژمارەی بەتالیۆنەكەی حەسەن سلێمان بە هۆی چەكدارگردنی زۆرەملێ ی (مەوالیدەوە)گەیشتە زیاتر لە هەشت سەد كەس، بەڵام هەر ژمارەی چل كەسێكیان لەوانەبوون كە لە هەمەدان هاتبوونەوە. بەوجۆرە لە ڕواڵەت وەك هێزی گەورە و بەهێز دەهاتە بەرچاو بەڵام لە ناوەڕۆكدا زۆرفشۆڵ و لاوازبوو. چوونكە بەو بە ئایدۆلۆژیكردنەش نەیتوانی ڕقی خەڵك لە شەڕی ناوخۆ و پاڵدان بە حكومەتەوە بەرامبەر جەلالیەكان كەمكاتەوە.

هەندێك لە كادیرانی ناونجی و ناوچەو لقەكان، تێزی ماوی، گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی درێژەدان بەو ڕێبازە هەڵەیەو خزمەت بە گەل ناكات، لەناو گەلدا بە جاشی شەست وشەش ناسرابوون، سەریان نابوو بە یەكەوەو لە هەوڵدابوون بۆ ئەڵتەرناتیفیك. سەرهەڵدانی ئەو گرووپە ماوی یە بەڵگەی شكستی سیاسی و بەرنامەیی جەلالیەكان بوو. وەك دەوترێت خودی تاڵەبانیش، گەیشتبووە هەمان باوەڕی قێزەون بوونی حزبەكەی و پێویستی سەرهەڵدانەوە لە بەرگ و لە ژێر ناوێكیتردا.هەرچەندە دڵنیام ئامانجی (هەندێ لە بەشداربووانی ئەو گرووپە) زۆرجیاوازتربووە و نیەتی پاكی تیابووە.

دەمی مفاوەزات و ڕێكەوتنی یازدەی ئازاری ١٩٧٠

لە كۆتایی ساڵی١٩٦٩/١٩٧٠حكومەتی بەعس ئومیدێكی نەما بە پەیمانی جەلالیەكان كە مەلاییەكانیان بۆ بكەنەوە بەودیو سنووردا، گەرچی بە پاڵپشتی سوپای عێراقی هەوڵێكی زۆریاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی نەك هەر گەلیان لەگەڵ نەبوو بەڵكو دژیشیان وەستابوونەوە. هێرشەكانیان لە زۆربەی ناوچەكان شكستیخوارد. ڕژێمی بەعس لە قەیرانێكی ئابووری بەرچاودابوو، دەیویست هەوڵی خۆگرتن و جێگیركردنی دەسەڵاتەكەی بدات، لەولاشەوە تاڵەبانی نەیتوانیبوو پەیمانەكەی خۆی بۆ دەرپەراندنی بارزانی بباتە سەر، هەربۆیە بەعس لە ژێرەوە كەوتە گفتووگۆ لەگەڵ سەركردایەتی مەلامستەفا. عەزیز شەریف یەكیك بوو لەو كەسایەتیانەی دووجارحكومەتی بەعس لە مانگی تشرینی یەكەم و تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ ناردی بۆ ئاڵ وگۆركردنی بیروڕا سەبارەت دەستپێكردنی گفتوگۆ. لە هەشتی كانوونی دووەمی هەمانساڵدا (یۆگینی پریماكۆف)ی سۆڤیەتی بۆ خۆشكردنی هاتنی وەفدی رژیم , نامەیەكی لە سەركردایەتی سۆڤیەتیەوە لەگەڵخۆی هینابوو ،كە هانیدەدان بۆ ڕێكەوتن. لە١٨/كانونییەكەمدا رژیمی بەعس سەمیرعەزیز نەجمی نارد كە ئەندامی سەركردایەتی بەعس بوولەگەڵ عەزیز شەریف و فوادعارفدا چوونە لای بارزانی، لە٢٠ی مانگ داراتوفیق لەگەڵ وەفدی حكومەت چووە بەغدا. لە دواڕۆژی ساڵی١٩٦٩وەفدێكی گەورەی حكومەت گەیشتنە ناوپردان. ڕۆژی ١٢/كانوونی دووەم١٩٧٠سەدام لە سەردانێكی كوت وپردا چووە سەردانی بارزانی و لەسەرهێڵەگشتیەكانی چەككردنی جاشەكان وئۆتۆنۆمی دووقۆڵی لەگەل بارزانی ریكەوتبوون.١٣ /كانوونی دووەم سەدام گەرایەوە بەغدا. سەركردایەتی بارزانی كە زانی حكومەت دەست بەرداری جەلالیەكان بووە شەوی٢٣/٢٤/كانوونی دووەمی ١٩٧٠ وەك سەعاتی سفر دانا بۆ لێدانی جەلالیەكان لەناوچەی گەرمیان، قەرەداغ،شوان،شێخ بزەینی و دۆڵی خەلەكان.گفتووگۆی نیوان بارزانی و حكومەت بە هۆی شاڵاوەكانی هێزەكانی بارزانی بۆسەرجەلالیەكان وەك ناڕەزایی دەربڕینێكی حكومەت تا ئاخروئۆخری شوباتی١٩٧٠وەستابوو.لە ٢/ئازار/١٩٧٠وەفدیكی حكومەتی عێراق گەیشتە سەركردایەتی بارزانی، لە ٩/ئازار/١٩٧٠سەدام لەگەڵ وەفدێكی حكومی دەگاتە ڕەواندز و وەفدیكی پارتیش دەچێتە ڕەواندز بە پیریانەوە..لە سەعات ١١ونیوی شەوی١٠/١١/ئازاری ١٩٧٠ بارزانی و سەدام ئیمزای ڕێكەوتنەكەیانكرد.([1])

لە كۆتایی مانگی یەك و سەرەتای شوباتدا تا دەهات دەنگۆی مفاوەزات زیاتر دەبوو، لە چەند كۆبوونەوەیەكدا لەوبارەوە لەبەكرەجۆ لە تاڵەبانیمان پرسی، ئەو دەیووت(میری، دەستبەردارمان نابێت و بێ ئێمە بریاری ڕیكەوتن نادات)، بەڵام

[1])بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگایخوازی كورد- بەرگی سییەم بەشی دووەم -مەسعود بارزانی- لاپەڕە- 22-24 .

ئاماژەكان پێچەوانەی قسەكانی ئەوی دەسەڵماند، چونكە تا ئەودەم ووتووێژی بارزانی و حكومەت زۆر چووبووە پێشەوەو، بەشداری جەلالیەكان نەكرا لەو باس و بابەتانەی قسەی لە بارەوە دەكرا، لە كۆتایی كانونی دووەمی ١٩٧٠وە هێزەكانی مەلاییەكان دابەزیبوون بۆ ناوچەی بازیان، كاتێك زانیمان هێزەكانی مەلایی بڵاوبوونەتەوە بە گوندەكانی بازیاندا و هەر لە ڕێی ئەوانیشەوە دەنگۆی مفاوەزات و ڕێكەوتنیان لەگەڵ حكومەت دەگەیەنرایەوە بە ئێمە، كە زیاتر بۆ ڕووخانی ووڕەی جەلالیەكان بوو. گەلێك لە لقەكان كێشرابوونەوە بۆ بازیان. پێشتر چونكە ماڵی بەڕێوەبەری ناحیەكەی تاسلوجە چۆڵبوو وە بەسەر بەرزاییەكەوە بوو، كرابوو بە بارەگای بەتالیۆنەكەی حەسەن سڵێمان، شوێنی هەڵكەوتی خانووەكە وابوو لە چیاكەو تەپۆڵكەكانی خواروی چیاكەوە دەتوانرا تەقەی كاریگەری لێبكرێت، حەسەن ووتی بارەگاكە لەم ماڵە بەرنە خوارەوە بۆ قوتابخانەكەی سەرڕێگەكە لە تەنیشت مەركەزی پۆلیسەوە، سەرلە بەیانی ئەوڕۆژە هەمووشت گوازڕایەوە. كە چوومە قوتابخانەكە تەماشامكرد فەردە ئاردەكانیان بردۆتە ژوورێك و لە بەردەم پەنجەرەكاندا هەڵیانچنیبوو، حەسەن هات ووتی ئەوە بۆ ئەمشەوەو خۆشمان (مەبەستی سەرلق سەرپەلەكان و من و خۆی بوو)ئەمشەو لەم قوتابخانەیە دەبین تا بەیانی، سبەینێ دەكەوێنە ڕی بەرەو چەمچەماڵ بەڵام نابێت كەسیتربزانێت. لە دوای دەی شەوەوە موالید دەستی بە ڕاكردن كرد، پێش ڕۆیشتنیان چەندی بیانویستایە گوللەیان دەنا بەو شوینەی ئێمەی تیابووین، حەسەن فەرمانیدابوو كەس وەڵامیان نەداتەوە، بەوجۆرە تا بەیانی ڕۆژبووەوە ئەوەی بڕۆیشتایە لە پێشدا چەند تەقەیەكی لەو جێگایە دەكرد كە ئێمەی لێبووین ئەوسا چەكەكەی دەبردو دەڕۆیشت، یان بەرەو ماڵیخۆی یان دەچووە ناو مەلاییەكان. فەردە ئاردەكان كەڵكی خۆیانگرت. كە ڕۆژبووەوە سی تا چل كەسیك مابووەوە، حەسەن پێنج ئۆتۆمبێلی پیكابی گرت و هەرچەند كەسێكی لە ئۆتۆموبێلێك دانا، تا لەبەرچاو زۆر بنوێنن، سەرەتا ڕووی ئۆتۆموبیلەكانی لە سولەیمانی كردبوو، پاش ئەوەی هەموو سواربوون، ڕووی ئۆتۆمبێلەكانی وەرگێرا بەرەو چەمچەماڵ.. بینایەك دیاریكرابوو لەوێ جێگیربووین.

دەوری هەشتی مارت ١٩٧٠ ئاگاداریانكردم لە بەكرەجۆ داواكراوم. هەرئەوڕۆژە چووم لە لق جەمال خەفاف ووتی مامجەلال داوای كردووی، پرسیم ئەحمەدی دادی لە كوێیە ووتی لە بەغدایە، كە چووم بۆ لای جلال تاڵەبانی فوئادی مەلا مەحمودی لابوو، پێی ووتم كە بچم بۆ مەكتەبی سیاسی لە بەغدا تا ئەو شتانە بێنم كە داوایكردوە. ڕۆژی دوایی كەوتمەڕێ. لە ئێوارە گەیشتمە بەغدا، ئەودەم ئوتێل حافظ دیاریكرابوو بۆ جەلالیەكان، لە هەرشاریكەوە بڕۆیشتنایە لەو ئوتێلە دادەبەزین. منیش چووم بۆ ئەوێ، گەلێك ناسیاوی لێبوو، لەوانە سالح ئیبراهیم ڕەزا

و مەلانوری، ئەحمەدی دادی و گەلیک لە فەرماندەی بەتالیۆن و هێزەکان، باس باسی مفاوەزاتی بارزانی و حکومەت بوو، بە پێی ئەو قسانەی لەوێ دەکرا چاوەروانی بڵاوکردنەوەی رێکەوتنەکەبوون. ئەحمەدی دادی کە دیمی زۆر خۆشحاڵی دەربری، پرسی چۆنبوو هاتیت ووتم مامجەلال ناردوومی. بەیانی ڕۆژی دەی مارت چووم بۆ مەکتەب سیاسی لە شەقامی فەلەسطین بوو ، مامۆستا زەبیحی لەوێبوو ئاگادارمکرد کە بۆچی هاتووم ووتی تا ئێوارە ئامادەیان دەکەم، دەمەو ئێوارە چوومەوە شستەکان ئامادەبوون کە بریتی بوو لە چەند هەزار دینارێک و چەندین نامە بۆتاڵەبانی و لقی کەرکوک و لقی یەکی سولەیمانی. ڕاسپاردەکانم وەرگرتوو گەرامەوە ئوتیلەکە، دیتم هەموو بە یەکدادین، ئەحمەدی دادی هەر جنێوی بە حکومەت دەداو ئەیووت فرۆشتینی ..بەمنی ووت خەریکم تێکدەچم دەڵێن ئەمشەو ١١/١٠ڕێکەوتنەکە ئاشکرادەکرێ، هەریەکەلە ئامادەبووان لە ئاشێکی دەکرد. ئەحمەدی دادی ووتی ئەوندە بیری لێبکەینەوە شێت دەبین با برۆین بۆ سینەما، فلیمیکی چینی بوو باسی لە قۆناغی شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی دەکرد، کە فیلم تەواوبوو لەسەرجادە خەڵکمان دەدیت خەریکی هەڵپەرکێ و شایی و گۆرانی و دروشم لیدانبوون، دیاربوو پارتی لە بەرەوە هەواڵەکانی بڵاودەکردەوە. لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ڕۆژی ١١/ئازار١٩٧٠ئەحمەد حەسەن بەکر کە سەرۆک کۆماربوو دەقی ڕێکەوتن نامەکەی لە تەلەڤیزیۆن و ئێستگەی ڕادیۆی بەغداوە خوێندەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی کە خەریکبوم بگەڕیمەوە سەاڵح ئیبراهیم و مەلانوری وتیان ئێمەش دەگەڕێینەوە بۆ سولەیمانی. ئۆتومبێلمان بەکرێگرت تا کەرکوک، لەوێ چووینە لقی کەرکوک نامەو شتەکانی ئەوانم دایە بەرپرسی لقی کەرکوک کە پێموابێت مامۆستا عەباسی ناوبوو، وتی پێمباشە ئەمشەو لێرەبن بەیانی برۆن چونکە جەماعەتی مەلایی دابەزیونەتە سەر ڕێگای کەرکوک - سولەیمانی، ئەو شەوە لەوێ لە ئوتێل ماینەوە بۆ بەیانی ئۆتومبێلمانگرت بۆ سولەیمانی، بەڵام لە چەمچەماڵ لای حەسەن سلێمان و علی عەسکەری لامدا، دواجار دەمەدەمی ئێوارە گەیشتمەوە سولەیمانی..بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی نامەکانی لقی یەکم برد لە ماڵێک لە پشتی قەسرەکەی توفیق قەزازەوە بوو، لەو کاتەدا نەوشیروان مستەفاو محمودی مەلاعزەت و رەفعەتی مەلا و مامۆستا حەمیدبابان لەوێ بوون. لەوێوە کەوتمەڕێ بۆ بەکرەجۆ، لە پێشدا چومە لق کەریم جەوهەرو جمال خەفاف ووتیان چۆن گەیشتوویتەوە ئێرە مەلایی هەمو شوێنێکیان گرتووە ووتم بەڵێ وایە هاتوونەتە ناوشاریش. ووتم مامجەلال لێرەیە ووتیان بەڵێ کە چووم بۆ ژوورەکەی لەو کاتەدا جمال دەرسیم برای پاکڕەو قادر کابان خەریکی سەرتاشینی تاڵەبانی بوو. کە منی دی بە جەمالی ووت تاوێک بوەستێت ، سەرەتا ووردبۆوە لێم ودوواتر وتی شتەکانت هێنا، منیش هەموویم خستەبەردەستی . پارەکانی ژماردوو نامەکانی خوێندەوە، ووتی هیچت پێویست نییە ووتم نەء، ووتی تەنها کەسی دەڵێی نەء. ووتی ئەحمەد

نەهاتۆتەوە بچۆ شـوێنەكەی تا ئەو دەگەڕێتەوە. كە هاتمە دەرەوە عمری سـام سـامم بینی ووتی لەگەڵ سـاڵح ئیبراهیم و مەلانوریدا دەچم بۆ سـەیدسـادق لە هێز لەوێ پەیمانیان داوە چەكێكم بدەنێ دەیفرۆشـم پیویسـتم بە پارەكەیەتی (لەو كاتەدا ترسـی ئەوەیان هەبوو ڕژێم چەكەكانیان لێبسێنێتەوە، لەبەر ئەوە گەر كەسێك بەرپرسێكی بناسـیایە چەكێك یا زیاتریان دەدایە بیفرۆشـێ بۆخۆی).ووتم ڕیگاپڕمەترسـییە گەر من چەكێكت لێرە بۆ وەرگرم نـاڕۆی ووتی نەء. منیش گەڕامەوە بۆ ژووڕەكەی تـاڵەبـانی، ووتم هـاتووم داوایەكم هەیە، ووتی هەرچیەك داوادەكەیـت بڵی. ووتم چەكێكم پێویسـتە. پێكەنی و ووتی بۆخۆت نییە من دەتناسـم ڕاسـتیەكەم پی بڵی، حكایەتەكەم بۆ گێرایەوە گەر ئەو چەكە بدەینە عمرسـام سـام ئیتر نـاڕوات بۆ سەیدسادق، ووتی برۆ بە بەرپرسی مەخزەن حەمید ڕەشاش بڵی چیت دەوێ بتداتێ، منیش چووم تفەنگێكم لێوەرگرت و لە دەرەوە دامەدەسـت عمری سـامسـام، ووتم تەواو ئیتر نـاڕۆی ووتی نەء. سـەعاتێك لەلقبووم كە هاتمەدەرەوە ووتم عمرم بۆ بانگكەن ووتیان ڕۆیشتووە لە گەل ساڵح ئیبراهیم و مەلانوریدا بۆ سەید سادق، ئیتر ئەوم نەدیەوە. لە سـەید سـادقیش ئەوانیش چەكیان دابوویەو فرۆشـتبووی، لە گەڕانەوەیدا لە لایەن مەلاییەكانەوە لە نێوان سـەید سـادق و سـولەیمانی دا گیرا و بە دیلی برایە بەرزنجە و پاشـتر كوشـتیان. بارودۆخی بەكرەجۆ زۆرخراپ بوو، مقۆمقۆی ئەوەهەبوو سـوپا چواردەوری بەكرەجۆ بگرێ و دەسـت بكـات بە چەكداماڵینمان. هەندێ كەسیش چاوەڕوانی ئەوەبوون مەلاییەكان كە ناوشارەكانیشیان گرتبووە دەسـت پەلاماری بەكرەجۆ بدەن. هەركەسـەو لە ئـاوازیكی دەخوێند. ئاگاداری هەموو چەكداری جەلالیەكانیش كرابۆوە بڵاوەی لێبكەن وهەركەس ئازادە چی هەڵدەبژێرێت و بۆ كوێ دەچێت. (دوای خوێندنەوەی بەیانی ئازار بە ماوەیەك بەرپرسـە جەلالیەكان وهەروەها لقی سـولەیمانی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ناوچە، بنكەو بارەگای خۆیان پێچایەوەو ڕوویانكردە بەغدا)(كۆمێتەی ناوەندی و ئەندامانی لق بەشـێك لە ئەندامانی ناوچە چوونە بەغدا، ئەندامان ولایەنگران و بە تایبەتی چەكدارەكانیان زۆر نـاڕەحەت بوون چوونكە پێیان ووتبوون : بڕۆن كەیفی خۆتانە چیدەكەن بیكەن)([1])

هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕگێر (جەلالیەكان)

(٢) (لە لایەن مستەفا بارزانیەوە داراتوفیق و فاخیر مێرگەسووری ڕاسپێردران پەیوەندی بە جەلال تـاڵەبـانی هەڤالەكـانیەوە بكەن .لە ١٩٧٠/٨/٧ پەیوەنـدیەكـان گەیشـتە دوواقۆنـاغ. تـالەبـانی هـات بۆ حـاجی هۆمەران و چـاوی بە بـارزانی كەوت.لە١٥/ئاب لەگەڵ فەرەنسۆ هەریری و فاخیر میرگەسووریدا گەرایەوە بەغدا. لە گەل تاخمەكەیدا كۆنگرەیەكیان گرت، لەو كۆنگرەدا بریاریاندا ناوی حزبەكەیان لە پارتی دیموكراتی كوردسـتانەوە بكەن بە پارتی شـۆڕشـگێڕی كوردسـتان،

[1]) پوك-ڕابون-2008/6/18عارف كریم- لاپەڕە 11.

بەیانێكیشیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارتە دەركرد. (مستەفا بارزانی لە وەڵامی هەندێک لە سەرکردایەتیەکەی کە داوای بە دادگاگەیاندنی جەلالیەکانیان دەکرد لەو کۆبونەوەیەی سەرکردایەتی حزبەکەیدا ووتی: کاتێ ئەوانە جاش بوون من ڕێم لەکەس نەگرت پەتپەتێیان پێ بکات. بەڵام ئێستە کە من بریاری خۆمم بە لێخۆشبوونیان دەرکردووە، بە یەکجاری ڕێ لەوە دەگرم کەسیک دەستێکی خراپیان بۆ ببات یا ئازاری یەکیکیان بدات. هیچ گومان لەوەدانییە کە خیانەتەکەیان زۆر گەورەبوو، بەڵام خوا شووکور شۆڕش سەرکەوتووە و ئەوان زەبوون، لێبوردنیش لە کاتی دەسەڵاتدا دەبێت. ئادەی ئێستە بریاربدەن کە لێیان خۆش نابن و لێیان گەڕێن بۆ خۆیان چیدەکەن بیکەن، بەڵام کە لێیان خۆش بوون، پاش گەڕانەوەیان دەبێ ئەمین بن و ترسی هیچیان نەبێت.)([1]) بەوجۆرە لە ١٩٧٠/١٠/١٥ پاش جەلال تاڵەبانی ، ئیبراهیم ئەحمەدو عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەسکەری و ئەوانەی شۆڕیانکەوتبوون هاتن بۆ لای بارزانی([2])...مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:(عومەر مستەفا دەبابەو عەلی عەسکەری تەنیا خۆیان پێکەوە هاتن بۆ لام و ووتیان : ئیمە ئەم هەلەلەدەست نادەین لە کیسمان بچێت. هاتووین بێینەوە ناو پارتی شۆڕش ولە ڕیزیاندا کاربکەین و هەقمان بەسەر کەسی تردە نییە و ئەمە بریاری ئێمەیە. ئێمە ڕازی نابین ناوی (جەلالی)مان لێ بنرێ و، خراپیان لە بارەی جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدەوە وت و ناتۆرەی چڵێسیان لێنان و، تاوانباریان کردن کەوا هەرچی پارە و دارایی جاشە شەستو شەشەکان هەبووە هەموویان بردووە بۆ خۆیان و ئبراهیم و جەلالیان بەوە تاوانبار کرد کەوا)ملیۆنێک و ٤٠٠هەزار دینارییان)([3] هەڵگرتووە بۆ خۆیان کە دەکاتە نیزیکەی ٤ ملیۆن و ٩٠٠هەزار دۆلار، جەلال چووە بۆ کوێت بە ناوی خۆیەوە داینناوە لە یەکێک لە بانکەکانی کوێت....بەو جۆرە کۆتایی بە فەسڵێکی شەڕی ناوخۆ هات و ماوەی چوار ساڵ ئارامی باڵی کێشا بەسەر باشووری کوردستاندا.([4])

---

[1]) بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- بەرگی سێیەم –بەشی دووەم- مەسعود بارزانی- لاپەڕە 58- 60.

[2]) هەمان سەرچاوە لاپەڕە 59-60 .

[3]) ئەوەدەم یەک دیناری عێراقی 3,5 سێ دۆلارو نیو بوو، کە دەیکردە چوار ملیۆن ونۆسەدهازار دۆلار. 4,900,000 $.

[4]) هەمان سەرچاوە لاپەڕە 60 .

هەندێك لە دیکۆمێنتەکانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەوالّنامەی کتێب

بەشی سێهەم
بریاری دووركەوتنەوەم لە سیاسەت

دوای بەیانی ١١زاری ١٩٧٠ بریارم دا خۆم لە كاری سیاسەت نەگەیەنم. لە سەردەمی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی پێشووتری عێراقدا، خزمەتی سەربازی مامۆستایانی نەدەگرتەوە، ڕژێمی بەعس بریارێكی دەركرد مامۆستایانیش دەبێت بچن بۆ سەربازی، ئەو دەورەیەی ئێمەی خانەی مامۆستایان یەكەم دەورەبوو لە مێژووی عێراقدا ئەو بریارە گرتیەوە. سەرەتا بۆ مەشقی سەربازی ناردیانین بۆسەربازگەی مەشقی سەربازی كەركوك، قاعەكان پڕبوو لە دەرچوانی كولێژو پەیمانگاكان، ژمارەیەكی یەكجار زۆری خەڵكی سوڵەیمانی لێبوو. سێ مانگ مامەوە لە سەربازی، بەر كەتیبەی شازدەی تۆپخانەی مەیدان كەوتبووم كە بارەگای سەرەكی لە كەركوك بوو، بەڵام دواتر بۆ مەشقی تێكڕایی("التدریب الاجمالی--فەرەزیات)كەتیبەكە چوو بۆ سەرای سوبحان ئاغا لە سوڵەیمانی، نائب زابتە تازە دامەزراوەكانی كەتیبەكە هەموویان بەعسی بوون، زۆریش ڕقیان لە كوردبوو, گەلێك بیانوویان پێ دەگرتین تا سزامان بدەن، پاش سێ مانگ، سەربازیم جێ هێشت و گەرامەوە ماڵەوە لە سوڵەیمانی. ئەوەندەی نەخایاند هەموو لە دایكبووانی ساڵی ١٩٤٨بەر یاسای(بدل نقدی) كەوتن. ئەو یاسایە بریتی بوو لەوەی لە باتی خزمەتی سەربازی سەد دینار بدرایە بە میری. بەوجۆرە چووم و سەد دینارەكەم داو لە سەربازی بەخشرام. پاش ماوەیەك دەرچووانی ١٩٦٨-١٩٦٩ بانگكران بچن بۆ ئەنجومەنی خزمەت (مجلس الخدمة) لە بەغدا، دوواتر بریاری دامەزراندنمان بۆ دەرچوو.

مامە تۆفیقم كە ساڵەهابوو دوورخرابۆوە بۆ ڕۆژئاواو خواروی عێراق تازە بۆ شارەكانی (رطبة) و (حلة) بریاری گەڕانەوەی بۆ دەرچوبوو بۆ سوڵەیمانی، پێش ئەوەی هەناسەیەكی ئارام هەڵمژێ و پشوویەك بدات، تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی جگەربوو, دوومانگی نەبرد گیانی بەخشی. كۆچی دوایی مامم غەمێكی قوڵ وئەرك و بۆشاییەكی گەورەی لە ماڵەكەدا جێهێشتبوو. لە دوای خۆی دوو كورو سێ كچی جێهێشت.

بارودۆخی كوردستان دوای بەیانی ١١ئازار

دوای شەڕو كوشتارێكی خوێناوی ماڵ وێرانكەری نۆساڵە لە نێوان شۆڕشی كوردو حكومەتەكانی عێراقدا لە لایەك و لە لایەكیترەوە لە نێوان كوردو كوردا. ماوەی نزیكەی چوارساڵێك لە دوای ڕێكەوتنامەی ئازارەوە بە هۆی وە ستانی شەڕی كوردو حكومەتەوە وهە ڵوەشاندنەوەی جەماعەتی جەلال تاڵەبانییەوە، ئارامی باڵیكێشا بەسەر باشووری كوردستاندا. دوای چوونی سەرانی جەلالیەكان بۆ لای مەلا مستەفا، گەلێك لەوانەی پێشتر لە ناو جەلالیەكاندابوون، بەرپرسیارێتیان لە لێژنە ناوچەو لقەكانی پارتیدا وەرگرت و لە مەلیك مەلەكیتربوون. گەرچی هەر لە ڕۆژانی یەكەمی ڕێكەوتنی یازدەی ئازارەوە ڕژێمی بەعس لە سازكردنی پیلانی كوشتن ودروستكردنی تۆڕی پیلانگێڕی نەكەوتبوو. لە هەولێر ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێكردن دامەزرا، پاریزگارەكان و كاربەدەستەكانی بەرێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی جێی خۆیانگرت. ئەدەب و هونەر گەشەیەكی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی، كۆڕی زانیاری كورد(المجمع العلمی الكوردی) دامەزراو، بە نیازبوو كار لەسەر زمانی یەكگرتووی نەتەوەیی كورد بكات، كە تا ئەمساتە وەختەش كورد نییەتی، ئەوانە یەكێك لەوهۆكارە سەرەكی یانە بوو ئەو سەردەمە بە سەردەمی زێڕین بناسرێت. ئەوەی سەرنجی ڕادەكیشا ئەوەبوو مەلا مستەفای بارزانی ڕێگەی نەدا كوڕو كەسەنزیكەكانی بنەماڵەكەی پۆستی حكومەت وەرگرن. لە كاتێكدا دەیتوانی بە پلەی جێگری سەرۆك كۆمارو وەزیر یان هەر پلەیەكی دەزگاكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دایان بمەزرێنێت. دانی پۆست بە هەندێك وبێ بەشكردنی هەندێكیتر لە پۆستە حكومیەكان لە ناو خودی سەركردایەتی پارتیدا گەرای سەرهەڵدانی كێشەی خستبۆوە، گەرچی كەس باسی نەدەكرد. ڕژێمی بەعس توانی كار لەسەر ئەو خاڵەلاوازانەی ناو سەركردایەتی پارتی بكات و پەیوەندی سیخوڕی ژێرەكییان لەگەڵ سازبكات، كە دوواتر هەندێكی ئاشكرابوون. لە ناو بەرپرسە باڵاكانی حزب وهێزی پێشمەرگەو ڕێكخراوە مەدەنیەكان وڕاگەیاندن، دەزگا سیخوڕیەكانی بەعس تۆڕی جاسوسی خۆی چاند. لە هەفتەكانی یەكەمی ڕێكەوتنی ئازارەوە حزبی بەعس لە هەولێ پیلانگیری بوو لە دژی سەركردایەتی مستەفا بارزانی، سەرەتا ڕژێمی بەعس هەولێ كوشتنی ئیدریس بارزانی لە كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٧٠دا. دوواترلە ڕێگەی چەند مەلایەكی دەزگا سیخوڕیەكانیەوە لە٢٩ ئەیلولی ١٩٧١هەولێ كوشتنی مەلا مستەفا بارزانیدا، بەڵام لە هەولەكانیدا شكستیخوارد. مەسعود بارزانی دەڵێت (جەلال تاڵەبانی بۆی گێڕامەوە ساڵی١٩٨٣كاتێ لە بەغدابوو گفتووگۆی لەگەڵ حكومەتدا دەكرد، لە سەدامی بیست كەوا هەولێ كوشتنەكەی بارزانی كە لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٧١دا ڕووی دا ئەو ئاگای

لێ بووە)([1]) لە كاتێكدا پێشتر سەدام ئەو هەوڵی كوشتنانەی خستبووە ئەستۆی نازم گزاری بەرێوەبەری دەزگای ئەمنی گشتی. بەعس ژێرەكی لە هەوڵیشدابوو بۆ پەیوەندیكردن بە سەرۆك خێڵەكانەوە، تێكرای جم وجووڵەكانی لەم ڕووەوە بۆ ئامادەكردنی تابورێكی پێنجەم دەچوو لە ناو كوردا(وەك دروستكردنی تاقمی شێخ ستارو مەلاماتۆر)و(عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی).

حكومەتی بەعس بۆبەهێزكردنی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ دەسەڵاتەكەی پەیمانی دۆستایەتی عێراق – سۆڤیەتی مۆركرد. بە هۆی ئەوەی حزبە شیوعیەكانی سەربە كەمپی سۆڤیەت هەمووی دەرۆیشی ئەو كەمپەبوون، بەوجۆرە بەعس پاڵپشتی و لایەنگیری حزبی شیوعیشی بۆ ڕژێمەكەی مسۆگەركرد.

باری ئابوری دەوڵەتیشی بە (بە حكومەتكردنی نەوت)بەهێزتركرد. پەیدابوونی سەرچاوەی دارایی زۆر، بووە هۆكاری ئەوەی ڕژێم خیراتر بتوانێت لە بواری خۆ پرچەك كردنەوە و فراوانكردنی دەزگا سەركوتكەرەكانی بچێتە پێشەوە. حكومەتی بەعس لە بەرەبكردنی ناوچە كوردنشینەكان بەردەوام بوو.لە شارە كوردنشینەكاندا توانیبوی لە كەسایەتیە لاوازو هەلپەرست وویژدان نزمەكان گەرای شانەی حزبی بەعس دروستبكات، بۆ ئەو ساتەی جەنگ دژی كورد دەستپێدەكاتەوە. بەڵام ڕژێمی بەعس لە ناوخۆیدا چەندین جۆرجەمسەری ململانێی تیدابوو لەسەر دەسەڵات و هەر لایە دەیویست پاكتاوی لایەنەكانیتر بكات .

تێوەگلان لە جەماعەتی(پارتی شۆڕشگێڕ!!)ەكەی شێخ ستارەوە

لەساڵی خوێندنی ١٩٧٣/١٩٧٢لە گوندی گەناو لە قەزای قەڵادزێ بووم، گوندیكی سنووریی ستراتیژی یە، لە نیوان پشدەرو شارباژێڕ لە لایەك ولەلایەكیترەوە باشوری كوردستان دەبەستێتەوە بە ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە. ڕووباری زێی بچووك، لەخوارگوندەكەوە دەڕوات و پاش چەندین كیلۆمەتر تێكەڵ بە ئاوی دوكان دەبێتەوە. ئەوبەری زێ دەچوەوە سەفرەو زەروون لە ناوچەی شارباژێر، لە سەروشیەوە گوندی باوەزێ و لەولاشیەوە دەچوەوە بۆ گوندەكانی هێرۆ و هەڵشۆو لە ڕۆژئاواشیەوە گوندەكانی دەشتێو و نورەددین بوون. گوندەكە زۆربەی جوتیاربوون، گەلێك ماڵە ئاغای میراودەلی لە گوندەكەدا هەبوون، چەندكەسێكی گوندەكەش لە ماڵەكانیاندا دوكانداریان دەكرد و لە قەڵادزەو لە ئێرانیشەوە كەل و پەلیان دەهێنا بۆ فرۆشتن. دانیشتوانەكەی زۆر بەڕێزو میواندۆست بوون. لە دەوروبەری كۆتایی ئۆكتۆبەردابوو هەستمكرد كەسێك ناو جانتاو جلەكانی پشكنیوم، هەرجاریك بچوومایەتە دەرەوەو بگەڕامایەتەوە دەمزانی

[1])بزوتنەوەی ڕزگاریخوزی كورد-بەرگی سێیەم بەشی دووەم - مەسعود بارزانی- لاپەڕە 65.

کە بە بەردەوامی ناو ژوورەکەم دەپشـــکنن . چەندە بیرم دەکردەوە لە هۆکارەکەی هیچم شـــک نەدەبرد، بەڵام دوواتر بۆم ڕوون بۆوە کە لە لایەن کادرەکانی پارتی و هەندێ کەســـی حزبی یەوە ئەو کارە دەکرا. هەســـتمدەکرد کاتیک برۆیشـــتمایە بۆ ســەردانی مامۆستایەکیتر لە گوندەکانیتر کەسێک دووروونزیک بە شـوێنمەوبوو، تا کار گەیشـتە ئەوەی وەکو سـێبەر بەدوامەوە بوون. لە ناخمدا زۆر پەسـت و تووڕەو بیتاقەتی کردبووم. چەند جاریکیش کە لە کادرەکانی پارتیم دەپرسی بۆ وا دەکەن؟ لە ڕووالەت زۆر ڕێزیان دەنواندو پێدەکەنین و دەیانووت بە هەڵەداچوویت ئێمە کاری حزبی دەکەین نەک سـیخوڕی. بەڵام دەمزانی درۆدەکەن. لە مەرکەزی پۆلیسـەکەی گەناو پیاوێکی بەرزنجی بە ناوی شـــێخ عومەر لێبوو کە خزممان بوو، لەســـەر ئامێری بێتەل کاری دەکرد، ووتی ئیجازەم چەند ڕۆژێک دەچمەوە بۆ ســـولەیمانی کارێکت نییە؟ ووتم نامەیەکم بۆ بگەیەنە بە مالّمان، برادەرێکم هەبوو ناوی (یاســین محمد حەسەن)(ناسراو بە یاسینە ڕەش) بوو تەنها کەس بوو کە هەمیشە بە کراوەیی و ڕێک و ڕاست دڵی خۆمم بۆ دەکردەوە و هیچ شتێکی شاراوەم بۆی نەبوو، ئەویش هەروابوو، لە نامەکەدا کە بۆ ئەوم نووســـی وەزعی خۆمم بۆ باســـکردو پرســـیم تۆ هیچ شک دەبەیت کەمن لە خۆمیدا نەبینم؟ دوواتر لە وەڵامدا نووسیبووی وەرەوە بۆ ســـولەیمانی. لەبەر ئەوەی شـــتێکی گرنگی نەنووســـیبوو ببێتە هۆی گەڕانەوەم بۆیە بریارمدا تا نیوەی ساڵ نەڕۆمەوە.

لەودەمەدا بە هۆی نزیکی گونـدەکە لە ســـنووری ئێرانەوە، گەلێ لە کـادیرو ســـەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران بە نهێنی دەهاتن و دەچوون، یەکێک لەوانە ناوی خۆی نابوو مەلاحەسەن چەند ساڵ دوواتر زانیم ناوە ئەسڵەکەی (هاشمی کەریمی) یە وئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. لە مـاڵی یەکێـک لە نـاســـیـاوەکـانی بوو، بە نـاوی "خوێنـدنی وانەی دینی"یەوە هاتبوو.لەگەڵ مەلا حەسەن ئاشنایەتیم پەیداکرد. لە ڕێگەی ئەوەوە هەواڵەکانی حزبی دیموکراتی ئێرانم پێدەگەیشـت. ودواتر لە ڕێگەیێ ئەوەوە لە ســولەیمانی ئاشـنایەتیم پەیداکرد لەگەڵ مامۆستا هێمن ی شـاعیرو د.قاسـملو و هەندێکیتری سـەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

تا پشـووی نێوەی سـاڵ، تا دەهات ئەڵقەی چاودێری وپشـکنین تەسـکتر دەبۆوە لە ســەرم، ســەیر لەوەدابوو دەیانزانی دەمانچەم پێیە، داوایان نەدەکرد. لە هەمووی بە ئـازارتر ئەوەبوو هۆکـارەکەیم نەدەزانی. تەنـانەت هەموو ئەو مـاوە ســـەردانی سولەیمانیشم نەکردبۆوە. بۆ پشووی نیوەی ساڵ ویستم بچمەوە بۆ سولەیمانی، ئێوارە کە گەیشـــتمە قەڵادزە بە هۆی ئەوەی ئۆتۆمۆبێل نەمابوو، ناچار دەبوو لە ئوتێل بمێنمەوە، حەســـەنی کارگوزاری قوتابخانەکەشـــم لەگەڵدابوو. ئوتێلەکە بەرامبەر لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ بوو، ژووڕێکیشـیان بۆدانابووین ڕێک دەیڕوانی بەســـەر دەرگاکەی لیژنەی ناوچەدا. شـــەوەکەی چەند چەکدارێک هاتن، زۆر بە ئەدەبەوە

ووتیان مامۆستا پێویستمان بە دەمانچەكەتە! بەیانی بۆت دێنینەوە! ووتم سەیرە ئێوە بە كلاشینكۆف و ڕەشاشەوە هاتوون، هێشتا پێویستتان بەو دەمانچەیەیە. دەمانچەكەم دانێ و ئەوان ڕۆیشتن. لە تارمەی پەنجەرەی ژوورەكەشەوە دووكەڵی جگەرە بەرزدەبۆوە كە حەسەن تەماشایكرد ووتی دوو چەكدار لەودیو پەنجەرەكە دانیشتوون، ئەوانە تا ڕۆژبوەوە لەوێدابوون. زانیم شتێك هەیە، ناشیانەوێت ئێستە بمگرن چونكە چاوەروانی سەعاتی سفر دەكەن. كە ڕۆژهەڵهات لە دەرگایانداو هەمان ئەو چەكدارانەی شەوبون دەمانچەكەیان دامەوە. بریارم دابوو بە پەلە خۆم بگەیەنمە سولەیمانی . ئۆتۆمبێلێكم لەگەل حەسەندا گرت، تا خەلان ئۆتۆمبێلەكە نەوەستا، لەوێ پاش وەستانێكی كەم، ئۆتۆمبێلێك پەیدابوو مامۆستا حەسەن (ئەندام ناوچەی پارتیبوو) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەكی تێدابووبە چەكەوە، كە دابەزین هەر لە دوورەوە بێ ئەوەی سەیری من بكات بە حەسەنی لای منی ووت : ئێمە ژێر ئەرزتان بۆ دەگەڕێین ئێوە لەسەر ئەرزن. حەسەن وەك خۆم تێنەدەگەیشت مەسەلە چییە وایدەزانی گاڵتەی لەگەڵ دەكات. دڵنیابووم كە شتێكی گەورە لە ئارادایە ، بەڵام نەمدەزانی چی یە. كە بەڕێ كەوتین ڕووەو سولەیمانی ئەوانیش بە دواماندا هاتن تا سەركۆڵانی ماڵی خۆمان بێ ئەوەی هیچمان پی بڵێن. كە گەیشتمە ماڵەوە یەكسەر شەهید حەمەڕەشیدی برام كە خوێندكاری كولیژی كوردی دانشگای بەغدا بوو، بۆ پشووی نیوەی ساڵ هاتبۆوە ، ناردم بە دوای تاكە برادەرەكەم (یاسین محمد حەسەن)، كە تاكە كەس بووباوەڕم پێی هەبوو. كە هات لێمپرسی تۆ هیچ لە منداشك دەبەیت، كارێك ، قسەیەك كە خۆم هەستی پێنەكەم ووتی : نەء، پرسی بۆچی؟ ووتم چونكە شەش مانگە من لەژێرچاودێرییەكی زۆر سەختدام بە بێ ئەوەی هۆكارەكەی بزانم یان هیچ شك بەرم. سەیرێكی كردم و پێكەنی و ووتی: ئێوارە سەرت دەدەمەوە. بۆ ئێوارە یاسین هات حەسەن سلێمان و عەلی ئیسماعیلیشی لەگەڵدابوو(عەلی ئیسماعیل لە بەشی خۆیی تەربیەی سولەیمانی) كاریدەكرد. زۆر بە لامەوە سەیربوو چونكە من هیچ پەیوەندیەكم لەگەل عەلی ئیسماعیل نەبوو. پرسیم چۆنە ئێوە ئەو سییانە یەككەوتوون؟عەلی ئیسماعیل كەوتە باسی بەیانی(لفیف من الحزب الثوری الكوردستانی)(بەیانێك بوو بەو ناوە بڵاوكرابۆوە لە لایەن شێخ ستارو مەلاماتۆرەوە بە فیتی ڕژێمی بەعس بە حساب بۆ دروستكردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕ!). ووتم نازانم تۆ باسی چی دەكەیت. ئەوەی باسی دەكەیت جەلالیەكانی كۆنن كە هەڵوەشاونەتەوە. ئێستا كە ئێوە باسی ئەو حزبە هەڵوەشاوەیە دەكەن نازانم پەیوەندی بە منەوە چیە؟ عەلی ئیسماعیل ووتی دروستكراوەتەوەو تۆش یەكێكی لەئەندامانی سەركردایەتی؟! ووتم كام سەركردایەتی؟ ووتی شێخ ستار ، شێخ جەبار ، مەلا ماتۆر، شێخ لەتیف بەرزنجی هەولیری، تۆ... ووتم ئەوانە پیاوی ڕژێمن، خۆفرۆشن. دژایەتی شۆڕشی كورد دژایەتی نەتەوەی كوردە، ئەو كارەی ئێوەو

ئەوان دەیكەن خیانەتی نەتەوەییە. ووتی تۆ ناتوانیت لای خۆیان وەها بڵێیت، گەر ڕاستدەكەیت ئەو قسانە لەبەردەمی خۆیاندا بكە لە بەغدا. ئەوساتە بۆم ڕوون بووەوە كە من بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ئاڵاوم لە كێشـــەیەكی گەورەوەو پێش ئەوەی خۆم بزانم پاراستنی پارتی ئاگاداڕە. لەوباوەڕەدابووم پاراستنی پارتی لە هەر ساتێكدابیت بمگرن و بە تۆمەتی خیانەت دەمكوژن و خەڵكی گەمژەش بێ ئەوەی بچنە بنج و بناوانی ڕاستیەكان هەمان قسان دەكەنەوە كە پارتی بڵاوی دەكاتەوە. هیچ ڕێگایەكم لەبەردەســـتدا نەمابۆوە دەبوو هەڵبژێرم لە نێوان ئەوەی پارتی بمكوژێت بە تۆمەتی خیانەت كە نەمكردووە و خەڵك ڕەجمم بكات بە تۆمەتی خیانەت و لە نێوان ئەوەی بە دەستی حكومەت بكوژرێم و خەڵك بڵێن شەهیدە. ڕیگای سێیەمم نەبوو . ناچار بەوانم ووت من ئامادەم. بریاربوو ئێوارە هەرچوارمان (علی ئیســـماعیل- حســـن سلێمان هەمەوەندی- یاسین محمد حسن- ومن)بكەوینە ڕێ بۆ بەغدا. كێشەكەمم لە گەڵ شـــەهید حەمەڕەشیدی برام باسـكرد، (ئەوكاتە ئەو خویندكاری پۆلی سێیەمی كولیژی ئاداب بەشی كوردی بو لە زانگۆی بەغدا)و پێمووت من كارم بە سیاسەتەوە نیە و بێ ئەوەی ئاگام لە هیچ بێت تێوەگلاوم، ئێستەش ئەوەم هەڵبژاردووە حكومەت بمكوژێ هیچ نەبێت كەس نـاڵێت خـائین بوو. دەســـتیكرد بە گریـان... بۆ ئێوارە كەوتینە ڕێ بەرەوبەغدا. لە ئوتێل ســـولەیمانی لە شـــەقامی پێموابێت جمهوری بوو دابەزین. شـــەوەكەی یاســین زۆر هەوڵی لەگەڵمدا كە لە كۆبونەوەی ڕۆژی داهاتوو قسە نەكەم ، ووتی دەتكوژن یا تەسلیمت دەكەن بە ئەمن. پێمووت بریاری خۆمداوە .

بۆ بەیانی عبد الستار تاهیر شـەریف، شێخ جبار تاهیر شـەریف(كە برای شێخ ستاربوو)، مەلا ماتۆر، شێخ لەتیف هەولێری، جەمال خەفاف، قادر شـەفیق، عەلی ئیسماعیل، حەسەن سلێمان، یاسین محمد حەسەن، من. ئامادەی كۆبوونەوەكە بووین. سـەرەتا بە گەرمی بەخێرهاتنی منیانكرد، شێخ جبارطاهر شـریف كەوتە وەسـف و پیاهەڵدانی حكومەت و هێرش بۆســـەر بارزانی، زۆر بە ڕوونی و بێ پەردە ووتی كە ئەو لە كاتێكدا ئەندامی ســـەركردایەتی پارتی شـــۆڕشـــگێرە، نمایندەی دائیرەی ئەمنی عێراقیشـــە!.. شـێخ ستاریش باسـی ئەوەیكرد كە بارزانی و حكومەت ڕێك ناكەون و شـــەردەبێتەوەو پارتی شـــۆڕشـــگێر دەســـەڵات لە ناوچەی حوكمی زاتی دەگرێتە دەســـت، ووتیشـــی لە دەرەوەی عێراق چاوم بە جەلال تاڵەبانی كەوتووەو ئەویشـــمان لەگەڵە!. ڕوویكردە منیش و ووتی ئێســـتە كە پارێزگاری دیالەم دەبمە وەزیرو تۆش دەبیتە پارێزگاری دیالە لەجێی من. جەمال خەفاف هەڵیدایەو ووتی قوربان كاكە شێخ هیچ نەبیت منیش بكەنە مدیر ناحیە. شێخ ستار وەڵامی نەدایەوە، باسی چەند شتێكیتریشی كرد. كە تەواوبوو پرسیم چۆنە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی خۆم ناوی منتان خستۆتە لیستەكەتانەوە. شێخ ستار ووتی: بیستمان تۆ ئەندامی لقی

پێنج و هەڵوەشاندنەوەی ئەوپارتە بوویت، ئێستەش لە دامەزراندنەوەیدا ئەو مافەمان پێداویت. منیش بە ڕوونی ووتم :جەلال تاڵەبانی وئیبراهیم ئەحمەد چوونەتەوە چۆمان، شەڕی ناوخۆ نەما. مەلا مستەفاش لە هەموو تاوانی تاوانبارەكان خۆشبووە. ئەوەی دەیكەن، خۆتان دەیلێن بە فەرمانی ڕژێمە و بەڕای من خیانەتێكی نەتەوەیی گەورەیە، ئەوەتا لەبەردەم خۆیشتانا شێخ جەباری برات دانی بە ڕاستیەكاندا نا كە نمایندەی حكومەتە لە سەركردایەتیەكەتان ..كۆبونەوەكە وەك كارەبا لێیبدات. شێخ ستار، شێخ جەبارو مەلاماتۆرو شێخ لەتیف و قادر شەفیق ساتێك بێدەنگی گرتنی و لەیەك ووردبوونەوە، هەڵسان ووتیان تۆزێكیتر دێینەوەو كۆبونەوە دەستپێكەینەوە، ئەوان چوونە ژورێكیتر بۆ قسەكردن، یاسین دەستیگرتم و بەدەنگی بەرز ووتی با بچین نانو چایەك بخۆین، بەدەم ڕێگاوە ووتی تۆ قسەی خۆتكرد، ئەوان چوون بریار لە چارەنووسی تۆ بدەن و ئەتكوژن، دەبێت گەر خۆت بە برای من بزانیت بە قسەم بكەیت، ئێمە دەبێت هەر ئێستە دەرچین بەرەو سولەیمانی. لەو قسانەدا گەیشتبووینە دەرگای دەرەوەی ئوتێلەكە و هەرچی من دەمووت ڕژیم بمكوژی پێم چاكترە وەك لە شۆڕش و پێم بڵێن خائینە. ئەو كە پەلی گرتبووم بەدوای خۆیدا ڕایدەكێشام دەیوتەوە "غەمت نەبێ و هەقت نەبێ. ئەوان ڕاستیەكان دەزانن" لە ڕێگای دەربەندیخانەوە گەیاندمیەوە سولەیمانی. بەسەر هاتەكەم بۆ شەهید حەمەڕەشیدی برام گێڕایەوە ، ووتم دەگەڕێمەوە ئەو قوتابخانەیەی لێیبووم، گەر گیرام یا كوژرام لە لایەن پارتیەوە بزانن و دڵنیابن كە من خیانەتم نەكردووەو بێ تاوانم.

دوای گەڕانەوەم بۆ قوتابخانەكە ئیتر هۆكاری چاودێریەكانم لاڕوون بوو، دەمزانی پاراستنی پارتی سەعاتی سفریان هەیە بۆ گرتنم، لە چاوەروانیدابووم. لە هەفتەی یەكەمی مانگی ئازاری ١٩٧٣سەرپەرشتیاری پەروەردە (شەوكەت نوری عەبەكە) كە ئەندامی ناوچەی پارتی ولە كتلەی عەلی عەبدوڵلای پاریزگاری سولەیمانی بوو، هات بۆ سەردانی قوتابخانەكە، دووقۆڵی هەموو شتێكم لەگەڵ باسكرد. پێمووت گەر من كەسێكی خراپ بوومایە لە بەغدا دەمامەوە نەدەهاتمەوە ئێرە بۆ بەردەستتان. هەمان ڕۆژ شەوكەت گەڕایەوە بۆ سولەیمانی. لە ئێوارەی ١٠لەسەر١١ ئازار١٩٧٣ مەفرەزەیەكی پاراستن بە بەرپرسیارێتی كەسێك بە ناوی (ئاغای غەفوری) هاتنە سەرم، من لە جێگەدا كەوتبوم. دوو ڕۆژبوو نەخۆشبووم، قوڕگم هاتبۆوە یەك، تەواو بێتاقەتی كردبوم، كە هاتە ژوورەوە ووتی ئەوە بۆ كەوتووی من بەتەمام تا قەڵادزە ڕاتكیشم، زۆری هەڕەشەو گوڕەشەیترکرد، جوابم نەدایەوە. شەو بە چواردەوری ژوورەكەمدا تا بەیانی پاسەوانییان دەكرد، بەیانی كە ڕۆژبووەوە بەرپرسەكە هات ووتی پێشمانكەوە، بەڵام بزانە ڕاكەی دەتكوژین، ووتم نەخۆشم ناتوانم بڕۆم بەڕێداو پێویستم بە وڵاخێكە، لە كۆتاییدا

ڕازیبوو وڵاخێکم بۆ بێنن ووتی دەبێت خۆت پارەکەی بدەی. لەبەر ئەوەی ئەو پیاوەی مەلا حەسەن(هاشم کریمی) لە ماڵیان بوو، وڵاخداربوو ووتم بۆ بە فلانە وڵاخدار ناڵێن؟ چونکە پەلەی بوو یەکسەر ووتی باشە. ئامانجی منیش ئەوەبوو لە نیوان ئەوێ و قەڵادزەدا چی ڕووبدا ئەو هەواڵەکە بداتەوە بە مەلاحەسەن و ئەویش بە ماڵەوەمان. ووڵاخدارهات و منیان سەرخست، بە هێواشی پێمووت تا دەگەمە قەڵادزە ووریابە هەرچی ڕوویداهەواڵەکە بگەیەنەوە بە مەلاحەسەن. ئاغای غەفوریش سواری وڵاخێک بوو بەدەم ڕێگاوە چەندینجار دەیوت بۆ کوشتن نەبێت نامنێرن بەدوای کەسدا. دەمی عەسر گەیشتینە گوندی نووردین لە نزیک قەڵادزێ . ئەو نامەیەکی دایە یەکیک لە چەکدارەکانی و ناردی بۆ قەڵادزە دیاربوو چاوروانی وەڵامی کۆتایی ئەوێی دەکرد، دوای ئەوەی وڵاخدارەکەیان ئیزن دا، لە پشتی ئاواییشەوە خاکەنازێکیان دایە دەستم ووتیان گۆڕیکی باش بۆخۆت هەڵکەنە. هێشتا زەردەی ئێوارە مابوو چەکدارەکە گەڕایەوەو نامەیەکی دایە دەستی ئاغای غەفوری، پاش خوێندنەوەی، زۆر تووڕەبووبوو دیاربوو بابەتی نامەکەی بەدڵ نەبوو. بە منی ووت لە چاڵەکە وەرە دەرەوە. ئیتر ڕووەو شاری قەڵادزە کەوتنە ڕێ و منیش لە نێویاندا بەپێ. ئەو ئێوارەیە بە بۆنەی یادی یازدەی ئازارەوە لەناوشاری قەڵادزە ئاهەنگ سازکرابوو، دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەهات، لە چەند سەد مەتری شارەکە کیسەیەکی زەرفی کاغەزیان کرد بە سەرما کە لە پێشەوە دوو کونی تیابوو بۆ بینینی بەرپێ، مەفرەزەکە منیان کرد بە لیژنەی ناوچەدا، لەوێ زەرفەکەیان لەسەرم لابرد. بەرپرس و ئەندامانی لیژنەی ناوچە، قائمقام سەعید یەعقوبی، مامۆستا محمود کوردە بەرپرسی پاراستن، حەسۆمیرخان فەرماندەی هێزی کاوە، غەزالی فەرماندەی فەوجی حەرەس حدود لەوێ بوون. دیاربوو بریاری خۆیان دابوو من بەرەو سەرکردایەتی خۆیان بنێرن. پاش تاوێک هێشتنەوە حەسۆمیرخان منی هێنایە دەرەوەی ناوچە لە تەنیشت خۆیەوە سواری ئۆتۆمۆبێلێکی کردم، چەندجاریک لێپرسیمەوە تۆ بۆچی کارت لەگەڵ خائینان کردووە، منیش هەر ئەوەندەم دەوت کە من چەندین مانگە ئاگادارم چاودێریم دەکەن، گەر وابوایە من لێرە نەدەمام و بچومایە بەغدا خۆ ئێوە نەتان دەتوانی بمگرن. دەیووت خۆ قسەکەت ڕاستە..ئیتر لەوبارەوە باسی نەکردەوە. شەو لە بارەگاکەی خۆی خزمەتیکی زۆری کردم، چاوەروانی ئەوەم لێنەدەکرد. بۆ بەیانی کە زانی نەخۆشم و توانای ڕۆیشتنم کەمە وڵاخێکی بۆ پەیداکردم و لە گەل دوو حەرەسدا منی بەرەو(قەسرێ) بەڕێکرد. بۆ قەسرێ دەبوایە بەدۆڵی شەهیدانا بەڕێ بکەوین، نازانم هۆکاری نەخۆشیەکەم بوو یاچی ڕێگاکە زۆر سەخت و ناخۆش بوو هەر نەدەبڕایەوە. شەو لە گوندێک لاماندا پێموابێت کاولان یا کۆپتانی ناوبوو، بۆ بەیانی بەڕێ کەوتینەوە بەرەو قەسرێ. بە گەیاندنم بۆ ئەوێ منیان دایە دەست کەسیک کە ناسراوە بە (محمدعزیز)یا حەمەی عەزە دۆم.

کە لەبەردەستی مەسعود بارزانیدا کاریدەکرد. کەوتە پرسیارکردن لێم. قسەکانی زۆرتر هەڕەشەبوون. پاشان بردمی بۆ ژووری کە قەنەفەیەکی تەختەو مێزێکی ئاسن ولە پشتی مێزەکەشەوە کورێکی گەنج دانیشتبوو بە دەم و چاویدا پێشتر لە تەلەفیزیۆن دیبووم زانیم مەسعود بارزانییە. حەمەعەزیز ووتی قوربان ئەوەتا، ئیتر خۆی ڕۆیشت. سەری هەڵبڕی و بەخێرهاتنی کردم و ووتی دانیشە، بانگیکرد چایەکیان بۆ هێنام . یەکسەر ووتی بۆچی چوویت بۆ بەغدا؟ ووتم هەروەک دەزانی کەچووم بۆ بەغدا ئاواش دەزانی بۆچی چووم و هەڵوێستیشم چیبووە. ووتی: بەڵێ، ئێمە هەموو زانیاریەکمان لایە و هەمو شتێک دەزانین، هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندیان بەو جەماعەتەوە هەبووە هەمویانمان گرتوون کەسیان لێدەرنەچوون، ووتم گەر ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵم ڕاستبوایە ئێستە من لیرە نەدەبووم و لە بەغدا دەبووم و ئێوە نەتان دەتوانی بمگرن، سەیرێکی کردم وپرسی ئەزانی تۆمان بۆ هێناوە بۆئێرە؟ ووتم نەخێر. ووتی دەمەوێت بزانم بۆچی لە بەغدا ئەو قسانەت کردووە؟ نەت دەزانی دەکوژرێیت؟ ووتم بەڵێ دەمزانی دەکوژرێم بەڵام لە بەر ئەوەی چەند مانگێک بوو دەمزانی ئێوە چاودێریم دەکەن و هیچم شک نەدەبرد لە خۆمدا، دوای ئەوەی هۆکارەکەیم زانی تێگەیشتم دەگێڕێم و ئێوە باوەرم پێناکەن و دەمکوژن و تۆمەتی خیانەتیشم دەخەنە پاڵ وخەڵکیش بروا بە قسەکانی ئێوە دەکەن نەک من. بریارمدا بچمە بەغداو ئەو قسانە بکەم تا حکومەت بمکوژێ. پرسی بۆ؟ وتم لەم حاڵەتەدا هەرکەس حکومەت بیکوژێ شەهیدە. چاوی تێبڕیم و بزەیەک گرتی ولە پشتی مێزەکەیەوە هەستاو تەوقەیەکی لەگەڵ کردم ...مەسعود بارزانی حمە عەزیزی بانگکردە ژووروەوە داوای لیکرد جێگای نوستنم لە میوانخانەکە بۆ دابنێن. کە هاتینە دەرەوە حەمە عەزیز ووتی من و کاک مەسعود پێمان باشە کارمان لەگەڵدابکەیت. ووتم بریارمداوە کاری سیاسی نەکەم لەبەر ئەوە کارتان لەگەڵ ناکەم. بۆ ڕۆژی دوایی منیان ئازادکرد. وڵاخێکم بەکرێ گرت و گەڕامەوە ئەمجارەیان بێ پاسەوان. لە سلێمانی دەنگۆی ئەوە بڵاوبوو کە گیراوم. هەرواش بوو ئەوڕۆژەی هاتبوون بۆ گرتنی من سەعاتی سفربووە، بۆیە لە هەمان ڕۆژدا لە هەمو شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان هەرچی کەسێکی بەرپرسیاری ئەو تاقمەی شێخ ستاری لێبوو گیرابوون و ئەوانیش برابوون بۆبارەگای قەسرێ، تەنها ئەوانەی بەغدا بەرگرتن نەکەوتن .

پیلانەکانی بەعس دژی پارتی

لە ڕۆژانی یەکەمی دەرچوونی ڕێکەوتن نامەی ئازارەوە، ڕژێمی بەعس توانی کار لەسەر خاڵە لاوازەکانی ناو سەرکردایەتی پارتی بکات و پەیوەندی موخابەراتی ژێرەکییان لەگەڵ سازبکات، کە دووانر هەندێکی ئاشکرابوون. لە ناو بەرپرسەکانی

حزب وهێزی پێشمەرگەو ڕێکخراوە مەدەنیەکان وڕاگەیاندن، دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس تۆڕی جاسوسی خۆی چاند. حزبی بەعس لە هەوڵی پیلانگیری بوو لە دژی سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، سەرەتا ڕژێمی بەعس هەوڵی کوشتنی ئیدریس بارزانی لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠دا. دووانرلە ڕێگەی چەند مەلایەکی دەزگا سیخوڕیەکانیەوە لە29 ئەیلولی ١٩٧١هەوڵی کوشتنی مەلا مستتەفا بارزانیدا، بەڵام لە هەوڵەکانیدا شکستیخوارد. مەسعود بارزانی دەڵێت (جەلال تاڵەبانی بۆی گێڕامەوە ساڵی١٩٨٣کاتێ لە بەغدابوو گفتووگۆی لەگەڵ حکومەتدا دەکرد، لە سەدامی بیست کەوا هەوڵی کوشتنەکەی بارزانی کە لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٧١دا ڕووی دا ئەو ئاگای لێ بووە)([1]). بەعس ژێرەکی لە هەوڵیشدابوو بۆ پەیوەندیکردن بە سەرۆک خێڵەکانەوە، تێکرای جم وجووڵەکانی لەم ڕووەوە بۆ ئامادەکردنی تابورێکی پێنجەم دەچوو لە ناو کوردا(وەک دروستکردنی تاقمی شێخ ستارو مەلاماتۆر)و(عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی و...). مکرم تاڵەبانیش لە کتێبی (مراحل تطور الحرکة القومیة الکوردیة ل٣٧٤) دەڵێت : گەندەڵی کەوتە نێو کادیرەکان و سەرکردەکانی پێشمەرگەی پارتی ، تەنانەت بارزانی بە خودی خۆی بە ئاشکرا باسی دەکرد ، بەڵام لەو بارودۆخەدا نەیدەتوانی چارەسەری کێشەکان بکات.([2])

حکومەتی بەعس بۆبەهێزکردنی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ دەسەڵاتەکەی پەیمانی دۆستایەتی عێراق – سۆڤیەتی مۆرکرد. بە هۆی ئەوەی حزبە شیوعیەکانی سەربە کەمپی سۆڤیەت هەمووی دەروێشی ئەو کەمپەبوون، بەوجۆرە بەعس پاڵپشتی و لایەنگیری حزبی شیوعیشی بۆ ڕژێمەکەی مسۆگەرکرد.

باری ئابوری دەوڵەتیشی بە (بە حکومەتکردنی نەوت)بەهێزترکرد. پەیدابوونی سەرچاوەی دارایی زۆر، بووە هۆکاری ئەوەی ڕژێم خیراتر بتوانێت لە بواری خۆ پرچەک کردنەوە و فراوانکردنی دەزگا سیخوری و سەرکوتکەرەکانی بچێتە پێشەوە. حکومەتی بەعس لە بە عەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان بەردەوام بوو. لە شارە کوردنشینەکاندا توانیبوی لە کەسایەتیە لاوازو هەلپەرست وویژدان نزمەکان تۆڕی شانەکانی حزبی بەعس دروستبکات، تەنانەت لە ناو خودی سەرکردایەتی پارتیدا گەرای دانابوو، بۆ ئەو ساتەی جەنگ دژ بە کورد دەستپێدەکاتەوە. بەڵام ڕژێمی بەعس لە ناوخۆیدا چەندین جۆرجەمسەری ململانێی تیدابوو لەسەر دەسەڵات و هەر لایە دەیویست پاکتاوی لایەنەکانیتر بکات .

---

[1]) بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد –بەرگی سێیەم بەشی دووەم- مەسعود بارزانی –لاپەڕە 65

[2]) مراحل تطور الحرکة القومیة الکردیة ، المجلد الاول د.مکرم طالبانی صحیفة 374 .

(لە ناوەراستی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٧١بەعس(پەیمانی کاری نیشتمانی)جارِدا بە ئامانجی ئەوەی پەیمانیک لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا ببەستێ. لە سەرەتای نیسانی ساڵی ١٩٧٢کۆسیگین سەرۆک وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت گەیشتە بەغداو لەگەل ئەحمەد حەسەن بەکر پەیمانی دۆستایەتی عێراق و سۆڤیەتیان مۆرکرد)([1]). لەسەر داوای سۆڤیەت حزبی شیوعی عێراقی چووە بەرەوە لەگەڵ حزبی بەعسدا . حزبی شیوعی بەو چوونە بەرەیەوە لەگەل بەعس دۆستایەتی خۆی لەگەڵ پارتی تێکدا و بوونە بەشێک لە رژێمی عێراقی . لە ساڵەکان١٩٧٢/١٩٧٣دووجار شەڕە ووتار لە نیوان ڕۆژنامەی (الثورة)ی بەعس سەری هەڵدا لای بەعسەوە لەژێرسەردێری(التاخی و پێنووسە چەپەلەکان) بڵاوکرایەوەو (التاخی پارتیش لەژێر سەردێری : لە پیناوی ئاشتی و یەکەتیی نیشتمانی. لە پیناوی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ئازاردا) وەڵامی خۆی بلاوکردەوە. لە حەڤدەی تەمووزی١٩٧٣چووە بەرەکەی بەعسەوە کە دواتر پارتەکەی عەزیز عەقراوی کە بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتەکەی عبدولستار تاهیر شەریف کەلە لایەن دەزگا سیخوڕیەکانی بەعسەوە سەرپەرشتی دەکران لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا، خرانە ناو (بەرەکەی بەعس)ەوە.

پەیوەندیم
بە کۆمەڵەی مارکسی لێنینیەکانی کوردستانەوە

لە سێپتەمبەری ١٩٧٣دا باوکم کە ساڵانێک بوو ئازاری نەخۆشی دڵی هەبوو، لە تەمەنی چل و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.پێشتر مامیشم کاتێک بە گەنجی کۆچی دوایی کرد، شەش سەرخیزانی لی بەجێمابوو کە پێنجیان منداڵ بوون، باوکیشم شەش کوڕو کچێکی لەپاش بەجێما کە گەورەکەیان من بوم، ئەو ڕووداوی کۆچکردنەی بووە هۆی ئەوەی بەرەوڕووی بارودۆخ و بەرپرسیارێتیەکی خیزانی زۆرقورس ببمەوە. مانگی سێپتەمبەری١٩٧٣ لە ڕێگەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە گوێزرامەوە بۆقوتابخانەی ئەزمرلە ناوشاری سولەیمانی. کۆمەڵێک مامۆستای زۆر بەرێزی لێبوون کە هەریەکەی سەربە حزبێک و بیروبۆچوونیکی جیوازبوو. بەرێوەبەرەکەی لەتیف نامیق هەمەوەندی بوو، پیشتر یەکترمان دەناسی، هەرزوو ئاگاداریکردم کە هەموومامۆستاکان مرۆڤی باشن، تەنها یەکێکیان گومانی لەسەرە کە پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە هەبێت.

ڕۆژێک کە لەبەر بازاری عەسریدا وەستابوم مامۆستا جەمال تایەر هات زۆر بە گەرمی هەواڵپرسیکرد وابزانم لەو دەمەدا لە ناوچەی پارتی کاری دەکرد. ووتی دەتوانیت پیکەوە قسە بکەین؟ ووتم بۆ نا. ماڵی خۆمانم دانا بۆ دیدارەکە، ئەودەم

[1]) بارزانی وبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد-بەرگی سێیەم بەشی دووەم-لاپەرە 92-93.

هێشتا لە گەرەکی گۆیژە بووین، لە دیداری یەکەمدا پرسیاری گرتنەکەم لە لایەن پاراستنەوە و ئازادکردنمی کردو پرسی ئەشکەنجە یا سوکایەتیان پێکردووی، منیش بە دریژی چیرۆکەکەم بۆ گێرایەوە، زۆر پرسیاری لەبارەی تێوەگلانەکە بە جەماعەتی شیخ ستارو شێوازی گرتن و لێپرسینەوەکەی پاراستنەوە لە قەسرێ کرد. ئەو زۆر بە وردی گویی بۆ قسەکان دەگرت، لە دواییدا پرسی ئەی داوایان لێنەکردی کاریان لەگەڵدا بکەیت؟ ووتم بەڵێ داوایانکرد، بەڵام من ئامادەنەبووم هیچ کاریکی سیاسی قبوڵ بکەم. ووتی ئەی ئەگەر من ئەوداوایەت لیبکەم. ووتم هەمان وەڵامم دەبێت. پرسی بۆچی؟ ووتم چونکە کۆمەڵێک قەناعەت لام دروستبووە: یەکەمیان ئەوەیە ئەو ئەزموونە تاڵەی سەردەمی جەلالی وای لێکردووم زۆر وریابم و لە باتی جارێک دووجار بیربکەمەوە. دووەم هەرکارێک ببێتە هۆکاری لاوازکردنی ئەم راپەڕینەی کورد من دژی دەوەستمەوە. سێهەمیش هەرباوەڕو ڕیبازێکیشم هەڵبژارد ئەو ڕێبازە دەبێت لە پلەی یەکەم دژی شەڕی ناوخۆ بێت و یەکگرتوویی کورد لەبەرچاوبگرێت. ووتی من مەبەستم کارکردن نیە لەگەڵ پارتی دەزانم وەڵامت چیبووە، ئەی ئەگەر ڕێکخستنێکی مارکسی لێنینی هات و داوای کاری لێکردی؟ ووتم لە ناوەراستی شەستەکاندا بەرگی ئایدۆلۆژی کرابوو بەبەری جاشایەتیدا، ئەوساش باس لە چەپ بوون و مارکسی بوون دەکرا. لەبەر ئەوە دەبێت باش و بە وردی بیری لێبکەمەوە ونامەوێت دووجار بکەومە هەمان چاڵەوە و. دەبیت کار بۆ یەکڕیزی گەل بکرێت و دژی شۆڕش نەوەستێتەوە. چونکە لە ژێڕپەردەی هیچ ئایدۆلۆژی و دروشمێکدا هەڵەکەی سەردەمی جەلالیەکان دووبارە ناکەمەوە. ووتی: هەڵەیەکی گەورەبوو کرا من ئەوە نااڵێم و منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم. ووتم تۆ ئێستا ئەندامێکی پارتیت، بەڵام بە قسەکانتا دیارە کار بۆ لایەنێکیتر دەکەیت، گەروایە باشترە ڕێک بچیتە ناو باسەکەوە. بەڵام ئەو ووتی دواتر لەو بارەوە قسە دەکەین. لە چاوپێکەوتنەکانی تردا دەیویست ڕای من بزانیت لەسەر مارکسیزم، کۆتایی قسەکانی بەوەدەهێنا ئاخۆ من ئامادەییم هەیە لەڕێکخراوێکی مارکسیدا کاربکەم؟ وابزانم چوارەم یا پێنجەم چاوپێکەوتن بوو ئاخری درکاندی و داوای لێکردم ببمە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسییە لێنێنیەکانی کوردستان. پاش ماوەی یەک دوو مانگیک هات بۆ ئەو قوتابخانەیەی منی لێبووم (ئەزمر) دەوام لە تەواوبووندابوو، پێکەوە لەخانوەقوڕەکانەوە بە پێ بەرەو ناوشار کەوتینەڕێ. ووتی ڕات لەسەر دواگفتوگۆمان چیبوو؟ ووتم ئەوکات وەڵامم دایتەوە. پێکەنی و ووتی زۆرباشە ئێمە حەلەقاتی تەسقیفیمان هەیە لەوێوە دەست پێدەکەین، ناوە نهێنیەکەشت (دارا)یە، ووتی لە ماڵتان دیم کتیبی چاکت هەیە دەتوانین کەڵکی زۆری لێوەرگرین.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ وە لەگەل چەند برادەرێک لە باری مارکسیزم و ریڤیژینیستی لە قسەو باسدابوین . پاشان بووینە ئەڵقەیەک ، لە چاوپێکەوتنەکانماندا

لەسەر مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەدواین. کێشەی پەیداکردنی سەرچاوەی دیراسی لەسەر مارکسیزم لینینیزم لە عێراقی ئەو دەمەدا تەنها لە سەرچاوە ڕووسیەکان یا ماویەکانەوەبوو، ئەو وەرگێڕراوانەش لە ژێر هەژموونی ستالینیزمی و ماویزمدا بوون شێواندنی زۆریان تیدابوو. گەرچی لەو ئان و ساتەدا، لەو بابەتانەی دادەبەزێنران، فیکری ماویزم بە باڵوکراوەکانی کۆمەڵەوە دیاربوو.

هەڵگیرساندنەوەی جەنگی١٩٧٤

لە سەرەتای ئەوساڵەوە هەموو ئاماژەکان بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕدەچوون. ڕۆژی ١١ ئازاری ١٩٧٤زۆربەی هەرەزۆری دەزگاکانی حکومەت لە شاری سولەیمانی چوونە دەرەوە بۆ ناو پێشمەرگە، بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سولەیمانی لە تەوێڵە هەواری هەڵدا، زانگۆی سولەیمانی بە مامۆستاو خوێندکارانیەوە چوونە قەڵادزە و ئێستگەکەش لە پەسا هاواریدەکرد لە خوێنکارەکان ڕووی تێبکەن بۆ خوێندن!؟. بە سەدان هەزار خەڵکی سڤیل و فەرمانبەران و کارگوزارانیش بە خێزانەکانیانەوە وەک بۆ سەیران بچن ڕوویان لە ناوچەکانی هەڵەبجە، تەوێڵە، پێنجوێن،شارباژێر،ڕانیەو قەڵادزی کردبوو، ژمارەیەکی یەکجار زۆریان ژن و منداڵ بوون، کەمی ئەو خەڵکە لەو شوێنانە مانەوە، بەشیکی زۆریان چوونە دیوی ئێران و لەو کامپی پەناهەندانەدا جێیان بۆ کرایەوە کە ڕژێمی ئێرانی بۆی سازکردبوون. حکومەت ڕێگاکانی چوونە دەرەوەی خەڵکی کردبۆوە و لە ڕۆژانی یەکەمدا هیچ ڕێگرییەکیان نەدەکرد. تا بەتەواوی بۆی ساغبیتەوە کێ دەرواو کێش دەمێنێتەوە. من تا ئەودەمە بە هۆی بارودۆخی خراپی ژیانی خێزانەکەمانەوە بریاری چوونەدەرەوەم نەدابوو. دەوامی قوتابخانەم دەکرد لە قوتابخانەی ئەزمر لە گەرەکی ئازادی ناوشاری سولەیمانی. ڕۆژێک یاسین محمد حسن ی برادەرم هات بۆ لام، ووتی کاوەی شێخ لەتیف بارەگایەکی داناوە لای بەنزینخانە کۆنەکەیە لە ناو سولەیمانی ئێمە لەوێین، هەرکێشەیەکت تووش بوو ئاگادارم بکە، ئەوان (یاسین محمد حەسەن ، اسماعیل قاسم ، محمد مام عەلی)ناوی ئەوانیترم بیرنەماوە، لە سەر بریاری بارەگای بارزانی مابوونەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی پێشمەرگانە.

شەهید بوونی حەمە ڕەشیدی برام

حەمە ڕەشیدی برام، لە کولیژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، زانگۆی بەغدا دەیخوێند. لەوساڵانەی خوێندنیدا گەلیک وتارو لێکۆڵینەوەی لە بارەی زمانی کوردی یەوە لە ڕۆژنامەکاندا باڵودەکردەوە بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گەلیک لە مامۆستاکانی زانگۆی وەک دکتۆر مارف خەزنەدارو مامۆستا عەلادین سوجادی هانیاندەدا دوای تەواوکردنی زانگۆخوێندنی باڵا دەست پێبکات و ئەوان ئامادەبیان

دەربڕیبوو بۆ هاوكاریكردنی. ئەو چەند ساڵ بو ئەندامێكی كارای پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی قوتابیانی كوردستان بوو.

حەمە ڕەشیدی برام كە خویندكاری زانكۆی بەغدا بوو، دوو تا سێ مانگێكی مابوو خوێندنی زانكۆ تەواوبكات، شەڕ لە دژی بەعس دەستی پێكردبوەوە، شەوی ٢٠ لەسەر ٢١/ئازاری/١٩٧٤بە بۆنەی نەورۆزەوە هاتەوە بۆ سولەیمانی، لەگەڵی دانیشتم تا لە وەزعەكە بدوێین. نەمزانی ئەوە دوا دیدارو دانیشتنمان دەبێت. پاش ئەوەی وەزعی كوردی بۆ باسكردم لە بەغدا لە ژێر چ فشارێكدایە، داوام لێكرد بڕواتە دەرەوە. لە وەڵامدا ووتی باوكمان و مامەمان مردوون، ئیستا تۆ لەژێرباریگرانی سەرپەرشتی دووخێزاندای، كەسێك نییە یارمەتیت بدات، منیش تەنها دوو سێ مانگم ماوە و ئیتر خوێندن تەواودەكەم، هەرچۆن بیت ئەم دوو مانگە دان بە خۆمدا دەگرم. وتیشی ڕژێم وەك بەڵگە هیچی لەسەرمن نییە،(ئەو كە ئەندامی پارتی وێەكیتی قوتابیانی كوردستان بوو) وتی گەر ڕژێم بە گومانیش بمگرن هیچیان لێم دەست ناكەوێت خۆت دەمناسی. ئەو شەوە تا درەنگانێك بە یەكەوە لەسەر دۆزی كورد دواین. لە دواییدا ووتی ئەی تۆ بۆ ناڕۆیتە دەرەوە؟ لە وەڵامدا ووتم هێشتا چاوەڕوانم. كردمە گاڵتە لەگەڵی و ووتم هەركاتێك تۆ بریارتدا بڕۆیتە دەرەوە منیش لەگەڵت دێم. ڕۆژی دوایی و بۆ دواجار دوای ماڵئاواییەكی گەرم لە براكانی و خوشكی و دایكی ومن گەڕایەوە بۆ بەغدا. ئەوە دوا بینین و چاوپێكەوتنی بوو.

لەو ماوانەدا لە بەغدا دەزگا سیخوڕیەكانی ڕژیم بە ئۆتۆمبێل چەندین نەیاری ڕژێمەكەیان كوشتبوو، یەكیك لەوانە شانسی دەرچوونی هەبوو، ئەحمەدی دادی بوو، كە بۆی باسكردم ئاگاداری ئەوجۆرە كوشتنە بم. لە ٤/نیسان/١٩٧٤واتە دوای دوو هەفتە بەسەر گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا هەواڵی شەهیدبوونی گەیشتە سولەیمانی، كە دەزگا سیخوڕیەكانی بەعس بە شوێنیەوە بوون و بە ئۆتۆمۆبێل شەهیدیان كردووە. ڕۆژی ٥/نیسان/١٩٧٤ تەرمەكەی جوانەمەرگ لە لایەن هەڤاڵان و قوتابیانی كولیژی كوردی زانكۆی بەغداوە هێنرایەوە بۆ سولەیمانی. لەوانەی لەگەڵ تەرمەكەی بوون نەریمان فوءاد مەستی و لەیلا قاسم و چەندین خوێندكاری كولیژی كوردی بەغداو كولیژەكانیتریشی لەگەڵ بوون، هەر ئەو ڕۆژە لە گردی سەیوان لە تەنیشت باوكم ومامم و باپیرمەوە بە خاك سپێردرا. دوو ڕۆژ دوای تەعزیەكە ویستم بچم بۆ بەغدا، یاسین محمد حەسەن كە هاوڕێی باوەرپێكراوم بوو، لەوكاتانە بە فەرمانی بارەگای بارزانی لەگەڵ نزیكەی دە كەسێكیتردا نێردرابوونە لای كاوەی شێخ لەتیف كە بارەگای كردبۆوە لای حكومەت. ئەو ووتی دان بە خۆدابگرە با لە پێشەوە لێكۆڵینەوە بكەین، ئەوسا كاری خۆمان دەكەین. بە منی ووت سبەینێ لەگەل كاوەی شێخ لەتیف دەچین بۆ بەغدا و ئەنجامەكەیت بۆ دێنمەوە. پاش گەڕانەوەی

ووتی ئەو كارە لەلایەن ئەمنی عامەوە نەك هەر بەرامبەر بە براكەت بەڵكوبەرامبەر چەندكەسێك ئەنجامدراوە. تۆڵەی ئێمە لەوەدایە هەرچیمان پێ دەكرێت بیكەین لە دژی ئەم ڕژێمەو كار بۆ ڕووخانی بكەین. دووانر لە گەل یاسین چووین بۆ لای ڕەوانشاد شازاد سائیب لە مەحكەمەی سولەیمانی ئەویش هەمان قسەیكرد.

لە ١٩٧٤/٤/٢٤ڕژێمی فاشی عێراق بە فرۆكە نوێیە ڕووسیەكانی بە ناپاڵم كەوتە بۆردومانی شاری خۆراگری قەڵادزەو زانگۆكەی. زیانێكی گیانی یەكجار زۆری بە خوێندكارانی زانگۆ و دانیشتوانی شارەكە گەیاند و بووە هۆی شەهیدبوونی ١٣٠ خوێندكارو هاوڵاتی و بریندار بوونی سەدان و وێران بوونی دەیان خانوو.

سەرەتای مانگی مەی/١٩٧٤بوو بیستم لە بەغدا(لەیلا قاسم ونەریمان فواد مەستی و حەسەن حەمە رەشید و جەواد وبرای ئازاد میران گیراون).(بە هۆی ئەوەی بەرپرسیارەكانیان (مونذیر نەقشبەندی كە ئەندامی لقی پێنجی بەغدای پارتی و حەیدەر عەبد عەلی كە ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقینی پارتی بوو)، ئەو دووانە ئەڵقەی پەیوەندی شانەكەی لەیلا قاسم بوون، كە دواتر دەركەوت لە ساڵی ١٩٧١وە خۆیان فرۆشتبوو بە حكومەت.بەوجۆرە ئەو دوو جاسوسە لە ساڵی ١٩٧١وە ڕاپۆرتیان بە دەزگا سیخوڕیەكانی ڕژیمی بەغدا دەدا تا ساڵی ١٩٧٤. رژیمی بەعس تۆمەتی درۆی بۆ شەهید لەیلاو هەڤاڵەكانی هەڵبەست و لە شەوی ١٣/١٢/مانگی ئایار/١٩٧٤ رژێمی بەعس لە سێدارەی دان. بۆ یەكەمینجار بوو لە مێژووی عێراقدا ژن لە سێدارە بدرێت.)([1]) "(مونذیر نەقشبندی) دوای ئاش بەتاڵ و دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا پەیوەندی دەكات بە تاڵەبانی یەوە، باوەری تالەبانی بەدەست دێنێ، بە بڕیاری جلال تاڵەبانی بەشداری چەندین كۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەی یەكێتی نیشتمانی بووە، تا ئەو ڕادەیەی تاڵەبانی چەند جارێك دەینێریت بۆ لوبنان، بۆ هێنانی ئەو پارەیەی لیبیا بۆ یەكێتی دەنارده لوبنان، كەس گومانی لە منذیر نەئەكرد، لە كۆبونەوەكانی تاڵەبانیدا بەشداری دەكرد، وریاو چالاک و گەرم وگوڕبوو. سوریەكان پۆستەیەكی سەفارەتی عێراقیان لە فرۆكەخانەی بێروت گرت، لە ناو هەمانەی (دیپلۆماسی) دابۆ بەغدایان دەنارد. لە ناو هەمانەكەدا هەندێ ڕاپۆرتی تێدابوو لەسەر چالاكی یەكانی موعارە زە لە سوریا. وەكو لیكۆلینەوە دەریخست مونذیر نووسیبوونی، مونذیر بە نهێنی لەگەڵ موخابەراتی عێراقی پەیوەندی هەبوو، یارمەتی لیبیای بۆ موخابەراتی عیراقی ئاشكرا كردبوو."([2])

---

[1]) بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد بەرگی سێیەم-بەشی دووەم- مەسعود بارزانئ-لاپەرە 87 .

[2]) لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ- نەوشیروان مستەفا –لاپەڕە 75 .

بە پێی ئەو لێكۆڵینەوانەی شەهید یاسین محمد حەسەن و خۆیشم كردم لە ساڵی ١٩٧٤هەر ئەو دەمە بۆمان دەركەوت كە ئەفسەری دەزگای سیخوری(موخابەرات) ی ڕژێم خالید خۆشناو،(خاوەنی شیعری زێڕە كە بەسەر سەدامیدا هەڵداوە)و، دواتر لە دەزگای ئیستخباراتی شیمالی عێراقیدا بە پلەی لیوا گەیشت ئەویش دەستی هەبووە لە شەهید بوونی حەمەڕەشیدی برام و ئەو پێنج شەهیدەشدا. دوای ئەوەی شەڕ سەری هەڵدایەوەو چوومە دەرەوە چەند جارێك لە بارەگای بارزانی وسەركردایەتی پارتی ویستم لەو بارەوە بدوێم بەڵام كەس نەبوو گوێم لێبگرێت. دیاربوو ئەوان كاتیان بۆ گوێگرتن لە كەس و كاری شەهیدان نەبوو، ئەوەش یەكێك لەو هۆكارانەبوو كە لە دوای چوونە دەرەوەم توخنی كاركردن لەگەڵ پارتی نەكەوتم..

پێموابێت دەوروبەری مانگی حوزەیران بوو، تازە كاوەی شێخ لەتیف ژمارەیەكی زۆر چەكی لە ڕژێم وەرگرتبوو، لە ناویاندا تازە كلاشینكۆفی سیخۆی داهاتبوو، بۆ یەكەمجارحكومەت دابوویە سوپاكەی، یاسین و برادەرەكانی بارەگاكەی كاوەیان پێچایەوەو هەرچیەكی تێدابوو بردیان و چوون بۆ پێنجوێن. ڕۆژێك پێش ڕۆیشتنەكەی پێی ووتم كە دەڕۆن و دەبێت تۆ زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

ساڵی١٩٧٤ لە قوتابخانەی ئەزمر دەوامم دەكرد، قوتابخانەكە دوو قات بوو، ڕۆژێك لە كاتێكدا لە پۆل بوم، بینیم چەند ئۆتۆمبێلیكی پۆلیس لەبەردەم قوتابخانەكە ڕاوەستان، پاشان هاتنە ژوورەوەو چوونە ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەكە كە ناوی(لەتیف ناموق هموندی) بوو، پیاوێكی نیشتمانپەروەرو كورد پەروەربوو، كە دیم چوونە ئیدارەكە زانیم بە دوای كەسێكدا هاتوون، یەكسەر گومانم لەخۆمكرد. چونكە لە قاتی سەرەوەی قوتابخانەكەبووم بواری دەرچوون و ڕاكردنم نەبوو. دەمانچەیەكی بچووكیشم پێبوو. خۆمدایە دەست قەدەر. بەڕێوەبەرەكە هاتوو ووتی تۆیان دەوێت و نەمتوانیوە بڵێم لێرە نییە. چوومە خوارەوە، لای دەرگای دەرەوە معاونێك وچەندین پۆلیس وەستابوون، معاونەكە بە كوردی ووتی مامۆستا هاتووین بە دوای تۆدا، چەند كاتژمێریک تۆیان دەوێت و پاشان دەگەڕێیتەوە. چوونكە لەو ساتەدا خەیاڵم لای دەمانچەكەبوو، چۆنی بشارمەوە، لە معاونەكەم پرسی دەتوانم پاكەتە جگەرەكەم بێنم؟ ووتی ئا فەرموو بەڵام خێراكە. چووم بۆ ژووری بەڕێوەبەرەكەو مامۆستا لەتیفی بەڕێوەبەریش بەدوامەوەبوو. خێرا دەمانچەكەم دەرهێناو خستمە چاوی مێزەكەی ئەو، پێموت بیشارەوە و یەكسەر چوومەوە دەرەوە. سواری ئۆتۆمبێلیانكردم، پێیان نەوتم بۆ كوێم دەبەن. وامزانی دەچن بۆ ئەمن. ڕووەو بەردەركی سەرا ڕۆیشتن و لای محافظة ڕاوەستان. ووتیان دابەزە، معاونەكە لە پێشەوەو منیش لە نێوەندی پۆلیسەكاندا شوێنیانكەوتم ڕووەو دەرگای پارێزگاری سولەیمانی. پاش ساتێك چاوەڕوانی معاونەكە چووە ژوورەوەو پاشان

هاتە دەرەوە ووتی فەرموو بڕۆ ژوورەوە. کە چوومە ژوورەوە پارێزگارو شـــێخ ســـتار دانیشـــتبوون. زۆر ســـەرم ســـوورما، بۆ من چاوەروان نەکراو بوو، من پارێزگارم نەدیبوو نەشـمدەناسـی، بە پێوە ڕاوەسـتابوم فەرموی دانیشـتنیان لێکردم. شـێخ سـتاروونی قسـەو پرسـیارم هەیە بابچین دوو قۆڵی دانیشـتنێک بکەین، پاش گلەییەکی زۆر، ووتی زۆر لە مێژە چاودێریت دەکەین، دەزانین پەیوەندیت بە هیچ لایەکەوە نییە، ئێستاش ئەو خەڵکەی سەربەولایە ڕۆیشتووەو تۆ هەر نەڕۆیشتوویت و لێرە ماویتەوە، داوایەکم لێت هەیە" گەرچی دەشـــزانم تۆ بۆچوونت لەســـەر ئێمە زۆر خراپ بوو" بەڵام دەزانم لەگەڵ کەســـیتر کاری ســـیاســـی ناکەیت بۆیە داوات لێدەکەم کارمان لەگەڵ بکەیت یەک وەک بەرپرسی حزبمان لە سولەیمانی وئەندامی سەرکردایەتی ئێمە، دوو وەک معاون محافظی سولەیمانی یا محافظی دیالە. ئەوکات هێشـتا زیادی مجید میسـری یان نەکردبووە جێگری محافظ. لە شـێخ سـتارم پرسـی دەزانیت براکەم مانگیکی خویندنی دانیشـگای مابوو کوشـتیان؟ ووتی : کێ ؟ چۆن؟ واخۆی نیشاندا کە ئاگای لەو مەسەلەیە نەبێت. ووتم لە لایەن ئەمنی عامەوە و پێشم سەیرە تۆ ئاگادار نەبێت، لە بیرتە شێخ جەباری برات دەیوت ئێمە ئەوان دروستیان کردووین؟ دەستیکرد بە سوێندخواردن گوایە ئاگادارنیە و کەوتە بەرگری لە ئەمنی عامەو ووتی ئەوان کاری وا ناکەن و ئەوە کاری ناحەزە سیاسـی یەکانە دەیانەوێت میری نیشـتمانی لەکەداربکەن. تێگەیشـتم لە وەزعێکی ناسـک و سـەختدام، دەبوو خێرا بریاری خۆم بدەم. لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەودا ووتم ئەی ئەگەر ڕازی نەبم؟ ووتی دەبێت ڕازی بێت. پێموت ئەتوانم تا ســبەینێ بیری لیبکەمەوە یا ڕەوانەی ئەمنی عامەم دەکەیت؟ بە ڕاستی بەو قسەیەم ویستم ئیحراجی بکەم بۆ ئەوەی بڵێ نا ئیمە بە ئەمری ئەمنی عامە ناجوڵێینەوە یەکەمیان هەڵبژێری، واتە تا سـبەی ڕێگەی بیرکردنەوەم بدات. هەرواش دەرچوو، پاش سەیرکردنێکی ورد ووتی: باشە سبەینێ سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لێرەبە، ئەوساش قسە لەسەر تەعینکردنەکەشت دەکەین. کە هاتمە دەرەوە، بە تاکســییەک یەکســەر چوومەوە بۆ قوتابخانەی ئەزمر، لەتیف نامیق زۆر ســەری ســورما وا بە ئاســانی گەڕامەوە، ووتیشــی دڵم بەوە خۆشــبوو ئەوانەی هاتبوون بە دواتدا پۆلیس بوون و کوردبوون. بەســەرهاتەکەم بە کورتی بۆ گێڕایەوە، دەمانچەکەم لێوەرگرتەوەو ســوپاســمکرد. ووتی باشــە دەبێتە محافظیش؟ ووتم نا. تۆ دەمناسی، من ناتوانم قبوڵی شتی وابکەم و ئەو دەستانە بگوشم بە خوێنی براکەم و میللەتەکەم سووڕە. ووتی تێناگەم. ووتم ئەوەم پێ قبوڵ ناکرێت لەبەر ئەوە ناچارم برۆمە دەرەوە. بۆ ئەوەش تۆ تووشـی گیرۆدەیی نەبیت هەر لە سبەینێ وە بە غائب لە قەڵەمم بدە، هەڵسا باوەشی پیاکردم.

پەیوەندیم بە شۆڕشەوە

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لەگەڵ نوری حاجی باقی (بەنگینەی شاعیر) لە شاری سولەیمانی چووینە دەرەوە، لە پێشدا بەپێ بەرەو گوندی (جێشانە) کە دەکەوێتە قەدپاڵی چیای گڵەزەردە لەڕووی سلێمانیەوە، ئێوارەکەی لە ماڵی برادەرێکم لاماندا کە ناوی حەمەی باپیر جێشانەیی بوو، پاشان لەوێوە بە پێ بەرەو کانی پانکە بەڕێ کەوتین، پاش ماندووبوونیکی زۆر لە بەرەبەیاندا گەیشتینە مزگەوتەکەی کانی پانکەو پشوومان دا. ئەودەم ئەو ناوچەیە هێڵی نێوان هێزەکانی حکومەت و پێشمەرگەبوو، لەوێوە ئۆتۆمۆبێل دەچوو بۆ ناوچە ئازادەکانی سەیدسادق، هەڵەبجە، خورماڵ تەوێلەو پێنجوێن، زۆرتربەوێدا بە شەو هاتووچۆ دەکرا، چونکە هێڵی نێوان حکومەت و پێشمەرگەبوو. دەمەو ئێوارە بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو پێنجوین بەڕێکەوتین، لە ڕێگا لە چەندین جێدا بازگەی پێشمەرگە هەبوولە خەڵکیان دەپرسی، کە گەیشتینە پێنجوین یەکسەر پرسیاری یاسین محمد حەسەنی هاوڕێمکرد، وتیان لە لێژنەی ناوچەیە، چوومە ناوچەو یاسینی هاوڕێم بینی، هەواڵەکانم لەگەڵدا باسکرد، ووتم دەچین بۆ تەوێڵەو لەوێوە بۆ حاجی هۆمەران، دواتر بریاردەدەم چی بکەم. لەگەڵ نوری حاجی باقی بەنگینە ڕووەو تەوێڵە ڕۆیشتین، ئەوکات کەمالی شێخ غەریب بەڕێوەبەری پۆلیسی پێشووی سولەیمانی بارگەی لەوێ هەڵدابوو، عبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەبات و کریم دەروێش بەرپرسی پاراستن بوو. وەرز گەرم بوو، لە باخەکانی نزیکە ڕێگەکەی تەوێڵە قەرەوێڵە دانرابوون بە پارە بەکرێ دەدران وەک جۆرە ئوتێلێک بوون. ڕۆژێک مفەوەزێکی بێ سیمی پۆلیس کە زوو برادەری مامم بوو لە ڕێکخستنەکانی پارتیداو ناوی مفەوەز علی بوو دیمی، زۆر خزمەتی کردم، قاتێک جلی خاکی پێ بەخشیم، هەر لەوێ داوایان لە نوری حاجی باقی کرد (ئەویش رئیس عرفای پۆلیسی بێ سیمی خانەنشین بوو) لە هێزی خەبات دابمەزرێت. بەڵام ووتی لە پێشدا لەگەڵ مامۆستا دەچم بۆ سەرکردایەتی، پاشان بریار دەدەم. لە مێژبوو کوڕێکی نوری کە ناوی دلێر بوو لە لایەن پاراستنەوە گیرابوو، دەیویست هەواڵی بزانێت و کار بۆ بەردانی بکات. ڕۆژێک وتیان بەرگەکەتان تەواوبووە، بچن لای کەمالی شێخ غەریب بەرگی پەڕینەوە بۆ ئێران وەرگرن. لە تەوێڵەوە لەگەڵ نوری حاجی باقی و بارزانیەکدا کە پسپۆری هەبوو لە کشتوکاڵدا بە یەکەوە بەرەو شارۆچکەی نەوسوی ئێران بەڕێکەوتین و لەوێوە بۆ شارۆچکەی پاوە. لە هاتنە ناوئێرانەوە تا لە پاوە دەرچووین ڕووەو کرمانشاە لە ژێر چاودێری ساواکی ئێرانیدابووین، ئەو کارەیان بەرامبەر هەموو کەسێک دەکرد. لەوێ ئوتێلیکی تایبەت بە مانەوەی پیشمەرگە هەبوو وابزانم ناوی ئوتێل حافظ بوولاماندا. ڕۆژی دوایی بەڕێکەوتین بەرەو مەهاباد، لەو ماوەدا ڕۆژێک لە کرمانشاە ماینەوە، کە بیستم تاقوستان لەو شارەیە چووین بۆ دیتنی شاخەکەو داتاشینەکانی ئەو عاشقەی ئەو کێوەی هەڵکۆڵیبوو. دوو شەویش لە مەهاباد

ماینەوە. بە گەیشـــتنمان بۆ مەهاباد چووم بۆ بینینی مەیدانی چوارچرا. ئێران بۆ پەناهندە كوردەكانی باشـووری كوردسـتان گەلێك كەمپی كردبۆوە، بە دەیان هەزار خیزانی تێچڕابوو، ئەوەی سەرنجی ڕاكیشـام زۆری ژمارەی ئەو خەڵكەبووكە جگە لە ژن و منـاڵ و پەككەوتە، ڕێژەیەكی یەكجـار زۆری لاوان و پیـاوی لێبوو كە توانـای كـاركردنیـان تیـابوو لە بوارەكـانی پێشـــمەرگەیی، ئیداری، ڕێكخراوەیی، كۆمەڵایەتی، تەندروســـتی...هتد دەتوانرا كەڵكیان لێوەرگیرێت. كەســـێك نەبوو بیربكاتەوە لە كەڵك وەرگرتن لەو هێزە جەماوەرییە و ڕێكیان بخات و بیانخاتەگەڕ. دیاربوو ژمارەی ئەو خەڵكەی هاتبووە دەرەوە زۆر زیاتربوو لە پێویســـت. یان نەیـانـدەزانی چۆن كەڵـك لە وزەی ئەو هەموو خەڵكە وەرگرن. ڕۆژی دوایی بە ئاســـانی و بێ ئەوەی پرســـیارمان لێبكریت لە مەهابادەوە گەیشـــتینە خانێ كە شارۆچكەیەكی سەرسنووری ئێرانە لەگەل حاجی هۆمەراندا، لەوێوە پەرێنەوە دیوی بـاشـــوری كوردســـتـان بۆ حـاجی هۆمەران. خەڵكیكی یەكجـار زۆری لێبوو، هەمووچەكـداربوون، تەنـانەت دوكـانـدارەكـانیش بێچەك نەبوون، كەل و پەل لە ئێرانەوە دەهێنرا. لەوێوە بە ئۆتۆمۆبێل بەرەو دەربەندڕایات چووین، چەند جارێك ویســتم چاوم بكەویت بە بەرپرســانی بارەگای بارزانی تا لەســەرشــەهیدبونی ئەو خویندكارانەی زانگۆی بەغدا قســەیان لەگەڵ بكەم بەلام بی ســوودبوو. لە كاتێكدا دەمدیت ســەرۆك خێڵ بە مارسـیدسـەوە دیت و ڕاناگیرێ و دواتر بە جانتای پڕەوە دەهاتە دەرەوەو ســواری ئۆتومبیلە مارسـیدسـەكەی دەبوەوە و بەرەو ئێران دەڕۆی. بریارمدا كاری پێشمەرگەیی و سیاسی نەكەم .

چاوپێكەتنم لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

كە بیسـتم مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەد لە دەربەندە بە باشـم زانی سـەردانی بكەم، نوری حاجی باقی بەنگینە ووتی منیش دێم. لە بنارێكدا خێمەیەكی بۆ هەڵدرابوو، لەوانەی خۆشـــی دیاری كردبوون پێشـــمەرگەی بۆ دانرابوو بۆ پارێزگاری ژیانی و خزمەتكردنی. یەكێك لەو پێشـــمەرگانەی لای بوو خزمی خۆی بوو، ناوی كمال رشـــید كریم هەیەربوو. دیاربوو ئەم ســـەرپەرشـــتیاری پێشـــمەرگەكانی تریش بوو چونكە هەر ئەمم دەدی بێتە خەیمەكەوە، لە ڕێگەی كەمالیشـــەوە پێویســـتیەكانی بۆ دابین دەكرا، من پێشتر كەمالم دەناسی، كوڕی گەڕەكی خۆمان بوو. لە بنەماڵەیەكی نیشـــتمـان پەروەر بوون، پـاش بەخێرهـاتنمـان و هەواڵپرســـینی گەرم، هەواڵی بارووەوخی ناوشـاری سـولەیمانی پرسـی، منیش ئەوەی دەمزانی بۆم باسـكرد. لێی پرسیم چۆن لە وەزعەكە دەگەیت؟ لە وەڵامدا ووتم : شتیكی زۆر باشەكورد یەكریز

لەبەردەم دوژمندا وەستاوە، هەموو گەل پشتیوانی شۆڕشەكەیە، بەڵام نازانم تا چەند بیرلەهەندێ شت كراوەتەوە، یەكێك لەو شتانە ئەوەیە پەیوەندی سیاسی لەسەر بنچینەی پەرژەوەندی سیاسی دادەڕێژرێت و لەو نێوەندەدا دۆستایەتی تا سەرو دوژمنایەتی تاسەر بوونی نی یە، ناكۆكییە سەرەكیەكانی ئێران لەگەڵ عێراق لە بنەڕەتدا ناكۆكیە ئاوی و سنووریەكانی كەنداوە، گەر حكومەتی عێراق بزانێت كوردستانی لەدەست دەچێت و تنازول لە خلیج بكات بۆ ئێران ئەوا رێكدەكەون. ئەوان هەردووكیان لەبەرامبەركورد هاوهەڵوێستن. ئایا سەركردایەتی شۆڕش بۆ ئەو حاڵەتە هیچ نەخشەیەكی هەیە؟ لەم ساڵانەی دواییدا گەلێكجار ئەو پرسیارەم لە هەندی كادرو بەرپرس كردووە بە ناكرێ و نابێ و ڕوونادات! وەلامدراومەتەوە. مامۆستا ئیبراهیم زەردەخەنەیەك گرتی و ووتی ڕاستە لە دونیای سیاسەتدا دەبیت بۆ هەمو ئەگەرەكان وەڵام و پلانت هەبیت. بەڵام لە ئێستادا من مێشكم لای منداڵەكانمە، جەلال لە میسرەو منالەكانیش لە قوبروسن، لەوێش تادێت شەڕی نێوان قوبروسی یە یۆنانیەكان و توركەكان گەورەتر دەبێت، باشتربوو جەلال منداڵەكانی بگواستایەتەوە ئەوروپاو منیش لەم دڵە ڕاوكە یە دەكەوتم...

هەریەك لە ئەمانەتەكان وفرۆشگاكان لە بن پاڵێكدا یا خێمەی هەڵدابوو یا خانوی دروستكردبوو، هەریەكەو كۆمەڵێكی زۆر خەڵكی لە دەوری خۆی كۆكردبۆوە، جێگای گەندەڵی و پارە دزینێكی زۆر گەورەبوو...لە بەر ئەوەی بە بریاری شۆڕش لەڕووی ئیداری یەوە قەڵادزە خرابووە سەر پارێزگای هەولێر، هەربۆیە قوتابخانەكانی قەڵادزێ خرابوونە سەر پەروەردەی هەولێر. ئەمانیش لە دەربەند ڕایات خانوویان بۆ خۆیان دروست كردبوو. فەرمانبەران و كارگوزاران هەریەكە ڕێژەیەكی دیاریكراوی مووچە ئەسڵیەكەی دەدرایە. كاری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر سەرپەرشتیكردنی هەموو قوتابخانەكانی سنوورەكەی بوو لە ڕووی دابینكردنی مامۆستاو پێداویستیەكانی خوێندن و قوتابخانەو كارگوزارو چارەسەری كێشەكانیانی لە ئەستۆ بوو.. لە ماوەی ساڵێكی تەواودا بۆ یەكجاریش لە بەرێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێرەوە كە قەڵادزە لە سنوری ئەودابووكەسێك نەهاتە ناوچەكە قوتابخانەیەك بەسەر بكاتەوە. سەری مانگان ئەو ژمێریارەی بۆ كاری مووچەدان دانرابوو لە بەرێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێر، دەهاتە سەردەشت لەوێ لە ئوتێلێك دایدەكوتا و دەبوو مامۆستایانی ناوشۆڕش لە گوندەكانی ناوچەی قەڵادزە، ڕۆژە ڕێیەك یا زیاتر بەو چیاو دۆڵ هەردانەدا بڕۆشتایە بە گەرما، یا بەناو بەفری چەند مەتری زستانەدا تا دەگەیشتنە سەردەشت بۆ وەرگرتنی یارمەتیەكەیان، هەركەسێكیش لەو هاتنە دوابكەوتایە مافی دەخورا..كاتێك بیرم دەكردەوە لە گەورەیی و قەبەیی ئەو هەموو ئەمانەتانەو ئەو هەموو كارمەندە بێكارانە، ئەو دەیان هەزار خێزان و كەسانەی بە حساب هاتبوونە ناو (شۆڕش!) و

لە ئۆردوگـاكـانی نێو ئێرانـدا دەژیـان بەش بە حـاڵی خۆم موچركەم پێـادادەهـات، گەندەڵی لە تەواوی ئیدارەكان و بەرپرسـەكانی هێزی پێشـمەرگەدا، هەر لە بارەگای بارزانیەوە تا خوارەوە ڕەگی داكوتابوو. ڕۆژێک لەگەڵ كادرانی ناوچەكەی پارتی لەو بارەوە قسـەمكردو لێمپرسـین: لە سـیاسـەتدا دۆسـت و دوژمنی تاسـەر نی یە، سـیاسـەت لە سـەربنچینەی پەرژەوەندی دەڕوات و سـیاسـەت دایک و باوكی نی یە. كەوابوو گەر ڕۆژێک پەرژەوەندیەكانی ئێران عێراق یەكی گرتەوە، ئایا پلانتان بۆ ئەو ڕۆژە هەیە؟ لێیان نەپرسـیم باشـە تۆ چ ئەڵتەرناتیفێكت هەیە. بەڵكو یەكسـەر دەیانوت ئەوە ڕووناداتا. چونكە شـا دەستمان لێ بەرنادات! كە دەمپرسـی ئەوە ڕای خۆتانە یا حزب، دەیانووت ئەوە ڕای سـەركردایەتی حزبە. دیاربوو نەیاندەزانی بەرپابوونی جەنگ، لە ناوڕۆكدا، بە بنبەست گەیشتنی كێشـە سیاسـییەكەیە، كاتێک كێشـە سـیاسـییەكە لە ڕێگەی گفتوگۆوە ناگاتە ئەنجام و بە بنبەسـت دەگات جەنگی لێدەكەوێتەوە. فشـاری جەنگی هەرلایەک بۆ سـەر ئەویتر بۆ ئەوەیە كاتێک گفتوگۆ دەستپێدەكات لە بەرامبەرەكەی لە كێشە سیاسیەكەدا زۆرترین دەستكەوت بە دەست بهێنێت. كاتێكیش ئەوەڕووداوات گفتوگۆ دەست پێدەكاتەوە، واتە كێشەكە سیاسی یەو ئەنجامیش جەنگ چەندیش بخایەنێت ، هەربە گفتوگۆی سیاسی كۆتایی دیت. جەنگ هەڵگیرسـانەكە فشـارە بۆ بە دەسـتهێنانی دەسـتكەوتی زیاتر كە لەڕێی گفتوگۆوە بەدەست نەهاتووە. كەوابوو گەر بزانرێت شـەڕ بۆ شـەڕ نێ یە، ئەنجام دووربێت یا نزیک گفتوگۆی سیاسی یا ڕێكەوتنیكی سیاسی بە دوادادیت و دەبێت كورد خۆی بۆ ئەو ئەگەرانە ئامادەبكات لە هەموو كات و ساتێكدا. بە تایبەتی دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان بە حوكمی تێروانینی شۆڤێنیستیانەیان بۆ كێشەی كورد، نەک هەر لەگەڵ سـەركەوتن و پێشـكەوتن و هەڵكشـانی هیچ بەشـێكی كوردسـتاندانین ، بەڵكو بە مەترسـی یەكی گەورەشـی دەبینن بۆ مانەوەی دەسـەڵاتی داگیركەرانەیان بەسـەر كوردستانەوە.

گەرچی داوام لێكرابوو بگەڕێمەوە بۆ تەوێلەو لە نـاو هێزی خەبـات كـاربكەم، بەڵام چوونكە دەمویست خۆم كەناربگرم، لەسەر داواكەم ڕازیبوون لە سەرمیلاكی پەروەردەی هەولێر بچمە یەكێک لە قوتابخانەكانی ناوچەی قەڵادزێ.

زستانی ساڵی ١٩٧٥ زۆر سەخت بوو، بە تایبەت لەگەڵ ساڵی نوێ دا سەرماو بەفرێكی زۆری هێنا، لە سـەرەتای شـوباتی ١٩٧٥بۆ سـەردان چووم بۆ گوندی هەڵشـۆ، چەند ئەندامێكی لیژنەی ناوچەی پارتی و چەند كەسـێكی تریشـی لێبوو كە یەكیكیان خەلكی سـولەیمانی بوو مفەوەزی پۆلیس بوو، ڕەشـید شـیرینیان پێدەوت، دەیانویسـت بچن بۆ سـەردەشـت. منیش بریارمدا بچم لە گەڵیان و لەوێوە بڕۆم بۆ حاجی هۆمەران. كیسـەیەک نوقڵ و خورمام لە كۆڵە پشـتەكەم نا. برادەرەكان بە گاڵتەكردنەوە دەیانووت ئەڵێی بۆ جەنگ دەچێت ، هەندێكیشـیان دەیووت، كوڕە شـاری بۆ دووسـەعات ڕێگا ئەو هەموو نوقڵەت بۆچییە؟ خۆ بەو دوو سـەعاتە

برسێتی داناکەوێ. ڕۆژگاری سەختم زۆر دیبوو، هەمیشە بۆ ڕێگای دەشت و دەر ئیحتیاتم دەکرد لەبەرئەوە وەڵامم نەدانەوە. ڕێگاکە لە گوندەکەوە بۆ پاسگا سنووریەکەی ئێران لە ڕۆژی ئاسایی دا دوو تا سێ سەعات بوو، گەرچی ناو گوند ڕەشایی بوو، بەڵام لەسەرشاخ زریانێکی بەفراوینی زۆر بەهێز بوو، گەرچی شۆڤڵی ئێرانی هەوڵی دابوو ڕێگاکە بکاتەوە، بەڵام ئەو زریانەی هەڵیکردبوو ڕێگاکەی پڕکردبۆوەو ڕۆیشتنی سەر بەفرەکەی زەحمەتتر کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی چەندین مەتر بەفر باریبوو، دەبوو بە نۆبە لە پێشەوە بڕۆین و ڕچەی بەفرەکە بشکێنین، بەڵام هەرکەسەی تەنها چەند هەنگاوێک بڕی دەکرد. لەبەر ئەوەی بە هۆی پاکردنەوەی شۆڤڵەکانی ئێرانەوە ئەو بەفرەی بە دوایدا دەباری، هەرقاچێکمان دابنایە تا ناوقەدمان بە بەفرەکەدا دەچووە خوارەوە، بەوجۆرە هەرچەند هەنگاوێک دەبوو یەکێکیتر بچێتە پێشەوە ڕچەکە بشکێنێ، زریانەکەش بەو چیایەوە ئەوەندە بەهێزو ساردبوو برۆو سمێڵ دەیبەست، بە هۆی ئەو تەرزەوبەفرەی دەیدا لە دەم و چاو، بە زەحمەتیش چاومان بۆ دەکرایەوە. هەندێک لە برادەرەکان بە هۆی درێژەکێشانی ڕۆیشتنەکەو ماندووبوون و برسێتییەوە پەکی کەوتبوو، لە ناو بەفرەکەدا دادەنیشتن و ئەیانوت پەکمان کەوتووە و ناتوانین چیتر برۆین.لە کاتی وەها زریانێکیشدا هەرکەسێ ماوەیەک دانیشێ دەیبەستێ و لە پەل و پۆ دەکەوێت. کیسە نوقڵەکانم دەرهێناو بەخشیمەوە بە سەریاندا، پێمدەوتن بخۆن با گەرم ببنەوە، بزانن کوڕە شاری چۆن فریاتان کەوت. بەو جۆرە ئەو ڕێگایەی لە وشکانیدا سێ سەعات بوو، پاش هەشت سەعات گەیشتینە پادگا سنووریەکەی ئێران و لەوێوە بە ئۆتۆمۆبیل بردیاین بۆ سەردەشت.

دوژمن بە کەم گرتن
هەموو هێلکەکان لەناو سەبەتەی ئێراندا
ئاماژەکانی ڕێکەوتن نامەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ و ئاشبەتاڵ

(لە دووانگەڕی گفتوگۆدا، لە دوو ڕۆژی ١ و ١٦دێسەمبەری١٩٧٣محمد محمود عەبدولرەحمان (سامی) چاوی بە سەدام کەوت. سامی دوو ڕاپۆرت دەنێریت بۆ بارزانی چەند بابەتێکی ئێکجار گرنگیان تێدابوو، بە تایبەت ووتە هەڕەشەئامێزەکانی سەدام لە بارەی دەستهەڵگرتن لە نیوەی شەتڵعارەب و، لە بارەی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی).([1])

پێش ئەوەی عێراق و ئێران لە جەزائیر ڕێکەون، سادات (سەرۆک کۆماری میسر) کە سامی سنجاری بە نوێنەرایەتی بارزانی لە قاهیرە دی، هەواڵی بۆ بارزانی نارد کە بەو نزیکانە هەردو دەوڵەت پێک دێن، چاکترواپە کورد بە زووپی مشووری خۆی بخوات. محمد حسنێن هەیکەلیش هەمان قسەی بە سامی ووتبوو لە

[1]) بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- بەرگی سێیەم بەشی دووەم – مەسعود بارزانی لاپەڕە 109 .

قاهیرە، تەنانەت لێپێرسی بوو :"ئەگەر ئێران و عێراق پێکهاتن، ئێوە چی دەکەن؟" سامی لە وەڵامدا ووتبوی : بەوپەڕی توانامانەوە درێژە بە شەڕئەدەین". سامی دوای ئاشبەتاڵ بە ساڵ و نیوێک لە ڕاپۆرتەکەی کە بە ناوی قیادەموەقەتەوە نوسیویەتی، هەندێ لەم ڕازەی درکاندووە. بەڵام هەیکەل هەرزوو لەو گفتووگۆیەدا کە دوای ئاشبەتال لە تاران لەگەڵ بارزانی کردی، ئەم وریاکردنە پێش وەختەی بیرهێنایەوە.)([1])

"لە٧ مارت/١٩٧٤ لە نامەیەکدا کە سەدام بە داراتۆفیق و شەفیق ئاغادا ناردبووی بۆ مستەفا بارزانی داوایکردبوو بارزانی یەکێک لە کوڕەکانی بنێرێت بۆ بەغدا. ئیدریسیش لەگەڵ وەفدێکی گەورەی سەرکردایەتی: سالح یوسفی، نوری شاوەیس، محمد مەحمود عەبدولڕەحمان(سامی)، داراتۆفیق ..چوون بۆ بەغداو شەو لەگەڵ سەدام کۆبوونەوە . سەدام ڕوویکردە ئیدریس و ووتی:

" لەگەڵ باوکت ڕێک کەوتبووین کەوا پاش تێپەڕبوونی چوارساڵ لە بەیانی ١١ی ئازاردا یاسای ئۆتۆنۆمی دەربچێ و بخرێتە کار. ئەو پرۆژەی یاسایەی دواجار بۆمان نارد دواڕای ئێمەیەو، ئێمە پێمان خۆشە پێی ڕازی بن .

ئەوەی دەمەوێت بە باوکتی بڵێیت ئەوەیە: ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی عێراقدا بێت، ئەوا بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتلعارەب دەکەین بۆ ئەوەی مەترسییەکە لادەین، ئەمەش بڕینێکی قوول دەکاتە دڵمان و ئێوە ئەنجامەکانی ئەوە لە ئەستۆدەگرن و بەرپرسیارێتی لەسەر ئێوە دەبیت، ئەگەر ناچارکراین تەنازول بۆ شا بکەین ئەو کاتە ئێوە نرخیکی گران دەدەن"([2])

ئەوە جاری دووهەم بوو کە سەدام لای سەرکردایەتی بارزانی هەڕەشەی تنازول لە شەتولعەرەب دەکات بۆ ئێران لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی رژێمی شا لە کورد. ئەوەی دواتر دەرکەوت ئەوەبوو **سەرکردایەتی بارزانی هیچ گرنگی و بایەخێکی بەو هوشیاریدانانەی سەدام نەدا، لە هەمان کاتیشدا هیچ بەرنامەو پلان وئەڵتەرناتیڤێکیان بۆ ئەو حاڵەتە نەبوو...**

ڕۆڵی نیودەوڵەتی لە ڕێکەوتن نامەکەدا

ب ئەمریکا – سەرباری بە کارهینانی چەکی کوشندەو قەدەغەکراویش دژی گەلی ڤیتنام، بەڵام لە بەرەکانی جەنگدا تا دەهات کوژراوی زیاتری دەداو زیانی زۆرتری لێدەکەوت. لە ئەنجامی بردنەوەی لاشەی سەدان هەزار سەربازی

---

[1]) لە کاناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ – نەوشیروان مستەفا – لاپەڕە27

[2]) بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد –بەرگی سێیەم بەشی دووەم لاپەڕە 109وە 111 .

كوژراوو بە سەدان هەزاریتری پەک کەوتەو کەم ئەندامی جەنگەکە. گەلی ئەمریکا کەوتە دەربڕینی نـارەزایی لە دژی جەنگی ڤیتنـام. ڕۆژانە دەیـان هەزار کەس دەرژانە سەر شەقامەکان لە دژی جەنگ. بە سەدان ڕێکخراوی چەپ و دیموکرات و مرۆڤ دۆسـت کەوتبوونە چالاکی نواندن بۆ کۆتایی هێنان بەو جەنگە. لەسـەروو هەمووشـیەوە خودی پنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی (گەرچی ئاشـکرایان نەدەکرد). گەیشـتبوونە ئەوئەنجامەی کە دەبیت ڕێگەیەکیتر بدۆزنەوە بۆ کۆتایی هێنان بەو جەنگە. ئەمریکا بە هۆی جەنگی ڤیتنامەوە دووچاری وەزعیکی سیاسـی زۆر خراپ بوو بوو لە سەرئاستی جیهانی بە گشتی و ناوخۆی ئەمریکا بە تایبەتی. کەم ڕۆژ تێدەپەڕی بێ خۆپیشـاندانی خەڵک لە واشـنگتۆنی پایتەخت وشـارەکانیتردا ڕوونەدات، هەڵوێستی گەلی ئەمریکی لە دژی جەنگ تا دەهات زۆرتر دەبوو.

سۆڤیەت و پەرژەوەندیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست

سـۆڤیەت بە هۆی تێروانین و شـیکاری هەڵەیەوە بۆسـروشـتی پێکهاتەی چینی بۆرژوا لە وڵاتەکـانی وابەسـتەدا وبەهەڵە نـاسـانـدنی بۆرژوازی ئەم وڵاتـانە بە دیموکراسـیخوازو شـۆڕشـگێڕ! (باوەڕی وابوو، ئەو بۆژوایە دەتوانیت بە ڕێگای ناسـەرمایەداریییەوە بەرەو سـۆسـیالیستی هەنگاو بنێت؟!). پاش مۆرکردنی پەیمانی دۆسـتایەتی لەگەڵ ڕژێمی فاشـسـتی عێراقدا، بۆ بردنە پێشـی پەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی هێشـتا حزبەکانی سـەر بەو کامپەی خۆی وا تێدەگەیاند کە عێراق بە ڕێگەی ناسـەرمایەداری بەرەو سـۆسـیالیسـتی هەنگاو دەنێت. لە هەندێ وڵاتـدا (وەکو میسـرو عێراق)، داوای لە حزبە شـیوعیەکـان دەکرد خۆیـان هەڵوەشێننەوەو بچنە ناو حزبی فەرمانڕەوا!.

عێراق وەک بازاری سـاغکردنەوەی کەرە سـەی جەنگی و سـەرچاوەی نەوت ومەوقیعی جیۆپۆلەتیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ سۆڤیەت بایەخی زۆرگرنگی هەبوو. بە تایبەت ئەودەم تورکیا وەک ئەندامی ناتۆ و ئێرانیش سەر بە ئەمریکابوو. هەربۆیە یەکسەر دوای مۆرکردنی هاوپەیمانی دۆستایەتی نێوان سۆڤیەت و عێراق، ئاگاداری حزبی شـیوعی عێراقی کرد لەگەڵ ڕژێمی فاشـی عێراقدا ڕێکەوێت. بەدوایدا بەرەی بەعس و شـیوعی و حزبە کارتۆنییەکان دامەزرا. لە سـاڵی ١٩٧٣ وە مسـتەفا بارزانی لە لایەن سـۆڤیەتەوە ئاگادارکرایەوە تا بچێتە ئەو هاوپەیمانێتیەی بەعس و شـیوعیەکانەوە. لە چەند کاتێکی جیاوازدا بەعس لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (الثورة)و حزبی شـیوعیش لە ڕیگەی ڕۆژنامەی (طریق الشـعب) لە بەرامبەر ڕۆژنامەی(برایەتی) هێرش و شاڵاوی ڕاگەیاندنیان ئاراستەی یەک کرد.

پاش هەڵگیرسـاندنەوەی جەنگ لە نێوان کوردو حکومەتی عێراقی و کۆمەکی شـای ئێران لە سـەرەتادا بە شـۆڕشـی کوردو دەسـتوەردانی ئەمریکاو ئێران لە

شـــەڕەكە. تەرازووی جەنگەكە لە باشـــووری كوردســـتان گۆڕابوو، لە جەنگێكی پارتیزانییەوە بووبوە جەنگێكی بەرەیی. ســۆڤیەت گەیشـتبووە ئەو باوەڕەی ڕژێمی عێراقی بەوجۆرە بۆی نـاچیتەســـەرو دوورنییە ببێتە هۆی ڕووخـانـدنی هاوپەیمانەكەیان.([1]) هەربۆیە ســۆڤیەت كەوتەجووڵە. لە نۆڤەمبەری ١٩٧٤ شـایان دەعوەتكرد بۆ مۆســـكۆ. داوایـان لێكرد دەســـت لە كۆمەكی كورد هەڵگرێـت. بۆدگۆرنی كەوتە هەوڵی ئەوەی ئێران و عێراق لە یەك نزیـک بخـاتەوەو ڕێـک بخات. بۆدگۆرنی لە كۆبونەوەی ڕۆژی 4 نۆڤەمبەری ١٩٧٤لەسەر كیشەی ئێران-عێراق بەمجۆرە لەگەڵ شای ئێران دووابوو:

"بۆدگۆرنی هەمو گرژییەكی ئاســایشـــی جیهان لە هەر ناوچەیەكدابیت ، لەوانە نـاوچەی خلیجی فـارس و ئۆقیـانووســـی هیند ، جەوی پەیوەندی لە هەمو دونیـادا دەشـێوێنی. گرژی لە پەیوەندییەكانی ئێران- عیراقدا بە قازانجی ئاشـتی نی یە. پێمان خۆشبوو، ئێستاش حەزدەكەین، ناكۆكیەكانی ئێران-عێراق لە لایەن خۆیانەوە لەسەر مێزی گفتووگۆ لابەلابكرێ، لابەلاكردنێک لەســـەر بنچینەی ســـەرەتاكانی پێكەوە ژیان بە ئاشـتی و دامەزراندنی پەیوەندی باشـی دراوسـێیەتی. شـا" حەز ئەكەم بڵێم ئەگەر عێراقیش لە پەیوەندی یەكانیدا لەگەڵ ئێمە هەمـان هەڵوێســـتی هەبوایە كە ئێوەی دراوســـێی گەورە هەتانە و ئەگەر عێراق نەنووســـایە بە میراتی ئیمپریالی بریتانییەوە، هیچ كێشـەیەكمان لەسـەر ئەم مەسـەلەیە لە بەین دا نەدەبوو. بە هەرحاڵ ئێران بەردەوام ئەبێ لە تەقەللاكانی دا بۆ چارەسـەركردنی ئەم ناكۆكی یە بە ڕێگای گفتووگۆ".([2])

لەوڵاوە ئەمریكا دەیویســـت لە دۆزەخی ڤیێتنام رزگاری بیت و لەملاشـــەوە ســـۆڤیەت دەیویســـت هـاوپەیمـانەكەی و پەرژەوەنـدییەكـانی خۆی لە ڕووخـان دەربازبكات. ئەمریكاو سـۆڤیەت لە ڕووی دیبلۆماسـیەوە، كاریان بەوجۆرە دەكرد، سـۆڤیەت لە گفتوگۆی ڤیەتنامیەكان و ئەمریكاییەكاندا فشـار لەســەر ڤیەتنامی یەكان بكات بۆ ڕێكەوتن. لەوڵاشـەوە ئەمریكاو كیسینجەر كار بۆ نزیک كردنەوەی ئێران و عێراق بكەن تا بە ڕێكەوتنیان دەگەیەنن.

لەســەر پێشـنیاری ئەمریكا ئوردن و میسـر هەریەكەیان كەوتنە پەیوەندی گرتن بە شـــای ئێران لە لایەک و بە ڕژێمی عێراقەوە لە لایەكیترەوە تا لەیەكیان نزیک بكەنەوە.

(وەرگێڕی فارسی كتیبە ئینگلیزیەكەی فەرەیدون هوەیدا: "سقوط شاه" بۆ ئەوەی بەرپەرچی قسـەكانی هوەیدا بداتەوە كە ڕیكەوتنی (ئێسـفەندی ٥٣) شـاو سـەدام لە جەزائیر بریاری خودســـەرانەی شـــا نەبووە ، بەڵكو ئەنجامی ڕێكەوتنی ئەمریكاو

---

[1]) دواتر سەدام پێی لێنا كە ژمارەیەكی كەمی گوللە تۆپیان مابوو..

[2]) لە كەناری دانووبەوە بۆ خڕیی ناو زەنگ- نەوشیروان مستەفا لاپەڕە 25.

سۆڤیەت بووە، بۆ خۆشكردنی زەمینەی ئەم ڕێكەوتنە لە لایەڕە (١٥٥) دا كرۆنۆلۆجی یەكی ڕێكخستووە لێرەدا ووەكوخۆی دەینووسمەوە:

سەرەتای ئابانی ٥٣ ی ئێرانی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا هێنری كیسینجەر هاتە ئێران، دوای ئەوە یەكسەر وەزیرانی كاروباری دەرەوەی ئێران و عێراق ، لە ناو كۆبونەوەكانی كۆمەڵەی گشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە نیویۆرك گفتووگۆیان لەگەڵ یەك دەست پیكرد.

كۆتایی ئابانی ٥٣ (١٩٧٥) شا چوو بۆ ئوردن ، لەوێ لەگەڵ طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندنی عێراقی دانیشت. سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٧٤شاچوو بۆ مۆسكۆ و لە ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەردوو وڵات دا باسی پێویستی ئاشتبونەوەی ئێران و عێراق كرابوو. هەربۆیە سۆڤیەت كەوتەجووڵە. لە نۆڤەمبەری ١٩٧٤ شایان دەعوەتكرد بۆ مۆسكۆ. داوایان لێكرد دەست لە كۆمەكی كورد هەڵگرێت.) ([1])

ناوەراستی دەی ٥٣ ی ئیرانی شا دووبارە چووەوە بۆ ئوردون و لەوێوە چوو بۆ میسر. ئاژانسەكانی هەواڵنێری دەربارەی هەردوو سەفەر بڵاویانكردەوە كە شا حسێن و ئەنوەر سادات ئەیانەوێت ناوبژی لە نێوان شاو سەدام دا بكەن.

سەرەتای بەهمەنی گفتووگۆی خەلعەتبەری (وەزیری دەرەوەی شای ئێران)لەگەڵ سەعدون حەممادی (وەزیری دەرەوەی عێراق)لە بەهمەنی ٥٣، (كە ئەیانگوت لە هەمو عیراقیەكانیتر زیاتر لە زمانی شا تێدەگات) لە شاری ئەستەنبوڵی توركیا دەستی پیكرد. یەكسەر دوای ئەوەش سەدام چوو بۆ ئوردون.

سیاسەت دایك و باوكی نییە

"سەرەتای ئێسفەندی ٥٣ شا لە سەفەری ڕابواردنی خۆیدا بۆ وڵاتی سویسرا، گفتووگۆیەكی دریژی لەگەل هێنری كیسینجەر (وەزیری دەرەوەی ئەمریكا)وجۆزێف سیسكۆ(جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریكا)كرد. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران یەكسەر چوو بۆ جەزائیر تا لە كۆنفرانسی سەرانی ئۆپێكدا بەشداربێت. لەم سەفەرەدابوو لە نێوان شای ئێران و سەدام دا ڕێكەوتن نامەی ناسراوی مارتی١٩٧٥ ی جەزائیر ئیمزاكرا. نووسەری بە ناوبانگی ئێرانی فەرهیدون هوهیدا لە لایەرە(١٥٤-١٥٥)كتێبەكەیدا بە ناوی (سقوط شاه) بە (پەیمان شكێنی) ناوی بردووە. نەوچەهری پارسادۆستیش لە كتێبی (ریشەهای تاەریخی اختلافات عیراق-ئیران) ڕێكەوتن نامەی جەزائری بە " شكستی سەنگینی ئەخلاقی ئێرانی) دائەنێت."([2])

---

[1]) هەمان سەرچاوە –لاپەرە 26 .

[2]) لە كەناری دانوبەوەبۆ خری ناوزەنگ – نەوشیروان مستەفا- لاپەرە 33

بەوجۆرە لە ئەنجامی پیلانێكی نێودەوڵەتی نێوان زڵهێزەكانی جیهان (ئەمریكا وسۆڤیەت) و لە ڕێگەی هاندانی دەوڵەتانی هاوپەیمانیان لە ناوچەكەدا بە تایبەت ئوردون – میسر – جەزائیر.
ئەوانە كە لایەنە دەرەكیەكەی هۆكاری داڕوخانەكە بون).

لایەنە ناوخۆییەكە بە بۆچوونی من:
١-بە كەمگرتنی دوژمن و هەڕەشەكانی بوو. سەربازی ئەوەی سەدام دووجارسەركردایەتی بارزانی ئاگاداركردبۆوە لە ١٩٧٣ و ١٩٧٤ دووجار بارزانی ئاگاداركردبۆوە و بی پەردە هەڕەشەی تەنازولی بۆ شای ئێران كردبوو لە شەتولعەرەب. دەبوو سەركردایەتی بارزانی نەخشەو پلان و بەرنامەی ئاڵتەرناتیفیان هەبوایە بۆ ئەو ساتەی سەدام هەڕەشەكانی جێبەجێ دەكات.
٢- نەبوونی سەنتەری لیكۆڵینەوەی ستراتیژی بوو، تا لە پیشهاتەكان زانستیانە بكۆڵیتەوەو ئامۆژگارییەكانی بخاتە بەردەم سەركردایەتی. وەك پسپۆڕێكی سەربازی دەڵێت : گۆڕانكارییەكی گەورەی سەربازی لە نێوان ساڵەكانی١٩٧٠-١٩٧٣ لە پێكهاتەی سوپای عێراقیدا ڕوویدابوو(34).
٣- نەبونی بەرنامەی دیراسەكراوبوو بۆ پێشهاتەكان وەك (دە ستپیكردنەوەی شەڕ) لەگەل حكومەت و كۆكردنەوەی ئەو هەموو خەڵكە و دروستكردنی بارگرانی ژیاندنیان و نیشتەجێكردنیان و پاشان بە كارهێنانیان وەك وەرەقەیەكی فشار بۆ سەر سەركردایەتی شۆڕشەكە.
٤- باوەڕبوونی ڕەها بە ڕژێمی شا.
٥- نەبوونی پلان و نەخشەی ئاڵتەرناتیف بۆ ڕووداوە نەخوازراوەكان.
٦- بە كەمگرتنی گۆڕانكاری و نوێبوونەوەكانی سوپای عێراقی.
٧- زاڵبوونی فیكرو تێڕوانین و پراكتیكی خێڵەكی .
جێی داخە پاش ئەوكارەساتە نەتەوەییە ، تا ئەمساتە وەختە ١٠شوباتی ٢٠١٧ دوای ٣٦ ساڵ لەو كارەساتەی نەزانی و كەمتەرخەمی سیاسەتمەدارانی خۆ سەپینەر، باروودۆخەكە لەوسا خراپترە. لەوسا خراپتر وابەستەی داگیركەرانن. لەوسا بێ بەرنامەترن. لەوسا بێ پلانترن، بە پێی ڕۆژ قسە دەكەن و بریاردەدەن، پاشكۆی ڕووداوەكانی ڕۆژن. تا ئێستاش ئەنجومەنێكی زانستی بۆ لێكۆڵینەوەی سیاسی و سەربازی بوونی نییە. بەرنامەی ستراتیژی نەتەوەیی بوونی نییە. تا ئێستاش لێكۆڵینەوەو پلان و نەخشەو ئاڵتەرناتیفی زانستیانەی پێشهاتەكان لە لایەن كەسانی پسپۆڕو شارەزا بوونی نییە.
گەلەكۆمەكێی سۆڤیەت-ئەمریكا بە هاوكاری ولاتانی وابەستە پێیانەوە (میسر-ئوردون-جەزائیر)بەو ڕێكەوتنە كۆتایی پێهات لە نێوان سەدام و شای ئیراندا، كە

سەدام وەک لە هەڕەشەکانیدا بۆ سەرۆکایەتی بارزانی کردبووی بۆ رزگارکردنی ڕژێمەکەی لە ڕووخاندن و شکستپێهێنانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بە پێی ئەو ڕێکەوتن نامەیەی جەزائیر لە بەشیکی زۆری خاکی عێراق لە ناوچە سنووربیەکان و کەنداوی فارس وازی هینا بۆ ئێران.

گەرچی گەلە کۆمەکێی وڵاتە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکاو سۆڤیەت ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لەڕێکەوتنی جەزائیردا وەک لایەنی دەرەکی، بەڵام کەمتەرخەمی و بێ باکی ولەبەرچاونەگرتنی پێشوەختی هەڕەشەکان و خۆ ئامادەنەکردن بۆ دووای شەربوونەوە، نیشانەو بەڵگەی حاشاهەڵنەگری نەبوونی بەرنامەو ستراتیژو ئەڵتەرناتیفی زانستیانەی سیاسی و سەربازی سەرکردایەتی پارتی و بارزانی بوو. **شکستی سیاسەتی پشت بەستن بە دوژمنە نەتەوەییەکانی کورد بوو. ئەوەش بەرپرسیارێتی شکستی سیاسی و سەربازی ئەو سەرکردایەتییە دەردەخات .**

ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥
دەربەندڕایات ١٩٧٥/٣/٦

لەو دەمەدا لە دەربەند ڕایات بووم، بە بیستنی هەواڵەکانی ڕێکەوتنی ئێران و عێراق، خەڵکەکە شپرزەییەکی زۆریان پێوە دیاربوو، هەر بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، تا ئەو ڕۆژەش فرۆکە جەنگیەکانی عێراق لە بەرزاییەکی زۆرەوە بەسەر ناوچەکەدا دەهاتن. لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا سەنگەرەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراقی زۆر لە یەکەوە نزیک بوون، ڕۆژانە هەڵیاندەکوتایە سەر سەنگەرەکانی یەکتری. هیزەکانی پێشمەرگە خۆڕاگرییەکی بێ وێنەیان نیشان ئەداو لە شەڕێکی بەرەییدا ڕێگەیان لە هاتنە پێشەوەی سوپای عێراق گرتبوو، هەموو هێرشەکانیان بەرەودواوە دەشکانەوە.

بە هۆی نەبوونی بەرنامەو پلان و ستراتیژی کارکردن لەو باروودۆخانەدا، لە سەرکردایەتی پارتی و بارزانییەوە تا بە خەڵکە ئاساییەکە دەگەیشت، کەسێک نەبوو بریارێکی دروست بدات. هەموو چاوو گوێیان بڕیبوە مستەفا بارزانی، ئەویش بە هۆی ئەوەی چواردەوری بە خەڵکانی هەڵپەرست و نەزان تەنرابوو وە بەهۆی بە کەمگرتنی دوژمن و گوێ نەدان بە هەڕەشەکانی دوژمنەکەی و خۆشباوەڕی بە شا و خۆئامادەنەکردن بۆ وەها بارودۆخێک و نەبوونی بەرنامەو پلان و ستراتیژێک بۆ وەها حالەتێک و باریگرانی نەخۆشیەکەیەوە و ئەو سەرکردایەتی یە خێلەکی و کاڵفام و پەرژەوەند پەرستەی دەوریان دابوو..نەیتوانی بریاری دروست و پێویست بدات.

کۆکردنەوەی سەدان هەزارکەس لە ئۆردوگاکانی ئێران و ئەو خەڵکە زۆرەی لەو ئیدارە زل و فشۆڵەی ئەمانەتەکاندا کۆکرابونەوە بێ ئەوەی ئامادەگی ئەوەیان

تێدابیت لە ڕۆژگاریكی وەهادا سەنگەری بەرگری بگرن، ئەو هەموو گەندەڵی دزی و پارەخواردنەی ئیدارەكان و فرۆشـــگاكان هەر چاوەروانی ئەو ئەنجامەی لێدەكرا كە ڕوویدا. بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێكەوتنی ئێران و عێراق هەر خەڵك بوو بێ پرسیار چەكەكانیان جێ دەهێشت و ڕوویان دەكردە ئێران. بە تایبەتی لە سیازدەی مارتەوە زۆربەی بەڕیوەبەرایەتیەكان بە كەل و پەلەكانیشـــیانەوە جێهێڵرابوون، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولیر كەســـی تێدانەمابوو، لە نـاو بینـاكە چەندەها دۆشـــەكی نوســـتن، جانتای بەتاڵ، كاغەزوگۆڤاری...قوتوی هەڵنەپچراوی گۆشتی تیا بڵاوبووبوەوە، دیاربوو لە پەلەی هەڵاتن دوو چەكیشیان بەجی هێشتبوو، یەكیكیـان كلاشـــینكۆف و ئەویتریـان برنەوێـك بوو بە ســـێ ڕیز فیشـــەكەوە، دۆشەكەكانم لە سەریەك لە دووبەرەوە هەڵچنی و چەكەكانم لە نێو دۆشەكەكان دانا. دەمویست كەسانێك ببینم و هەواڵێك بزانم. نزیكترین شوێن لێم ئەمیندارێتی دارایی بوو، زانیم هێشـتا چەند كەسـیك لەوێن. كە چووم علی عەبدوڵلا لەوێ مابوو. علی عبـدالله كە منی دی بە تەنیـا ڕوومكردۆتە ئەوێ بە لایەوە ســـەیربوو،(یەكترمـان نەدەناســـی) پرســـی چی دەكەی لیرە؟ ووتم خەڵكی ســـولەیمانیم و هاتووم بزانم ســەركردایەتی شـۆڕش چی دەكات، ووتی جارێ هیچ هەواڵێك نییە جگە لەوەی لە رادیۆكانەوە دەبیســترێت. ســەردانەكەم تەنها بۆ بەدەســتهێنانی هەواڵ بوو تا بزانم مقاومە دەكرێت تا لەگەڵییم.

گەڕامەوە بۆ بینـاكەی پەروەردەی هەولێر كە كردبوومە شـــوینی حەوانەوەم، غەمی خواردنیشم نەبوو، چونكە خواردنێكی قوتوی زۆریش بەجی هێڵرابوو. بەڵام دڵم گیرابوو، حەزم لە خواردن نەبوو.

٩ مارت ١٩٧٥ مەلامستەفا چوو بۆ تاران، هێشتا شا نەگەڕابۆوە.

١٢ مارت مستەفا بارزانی و دكتۆر مەحمودو موحسین دزەیی چوونە لای شا.

شا پێی ووتن :

" دەوڵەتانی عەرەبی لەم ســـەردەمەدا بوونەتە هێزێكی گەورەی ئەوتۆ لە دونیادا كە ناكرێ پشـــتگوێ بخرێن ، قازانجی ئێران لەوەدایە كە ناكۆكیەكانی خۆی لەگەڵ ئەوان بە لادابخـات و لە گەڵیـان ڕێـك بكەوێ. بەم ڕێكەوتنە ئێمە توانیمـان ناكۆكیەكانی خۆمان لەگەڵ عێراق كە 42 ســـاڵە نەمانتوانیوە لا بەلای بكەین، بە جۆری بەلادابخرین كە ئێمە ئەمانویست. ئێوەش خۆتان ئازادن لەوەدا چی دەكەن:

- دێنە ئێران ، وڵاتی خۆتانە، وەكو هاوڵاتی ئێرانی ڕەفتارتان لەگەڵ دەكەین.
- ئەگەڕینەوە عێراق ، بەڵێنم لە سەدام وەرگرتووە كەستان نەكوژێت.
- درێژە بە شەڕ دەدەن ئارەزووی خۆتانە بەڵام من ئیتر سنوور لە یارمەتیدانی جەنگی دادەخەم.

"نیوستەیتمان" لە ژمارەی ١١ی ئەپریلی ١٩٧٥ هەواڵی ئەم دیدەنیەی بە كورتی گێڕابۆوە و نووسی بووی: شای ئێران بارزانی خستە بەردەم هەڵبژاردنی یەكێك لەم سێ ڕێگایە. خۆبەدەستەوەدانی عێراق ، دریژەپێدانی بەرەنگاری بی پشتیوانی، هینانی خەڵكەكەی بۆ ئێران.

١٣مارت ١٩٧٥ بارزانی گەرایەوە كوردستان ، خەڵك بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەواڵبوون. كۆبوونەوەكانی بارەگای بارزانی ، مەكتەبی سیاسی، كۆمێتەی ناوەندی، سەركردەكانی شۆڕشەكە سەبارەت بەو هەل و مەرجە نوێ یە دەستی پێكرد. ڕۆژەكانی ١٤، ١٥ ١٦ مارت ١٩٧٥ درێژە بە كۆبوونەوەكاندرا.

ڕۆژی ١٦ مارت مەكتەبی سیاسی بروسكەیەكی بۆ سەركردایەتی بەعس لێدا، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، بە گفتووگۆ؟! و ناردنی نوێنەر بۆ ئەو مەبەستە.

١٧ مارت حزبی بەعس داواكەی مەكتەبی سیاسی بۆ گفتوگۆ ڕەتكردەوە، لە بەیانێكدا كە (وكالة الانباء العراقية) بڵاوی كردبۆوە **داوای** خۆبەدەستەوەدانی بێ قەیدوشەرتی لێكردن.

لە دوانیوەڕۆی ١٧ /مارت دا زیاتر لە ٣٠ پیشمەرگەی بارزانی هاتنە دەربەند، دەیانویست بچن بۆ كێوەكەی بەرامبەر گەرووی حەسەن بەگ، لە منیان پرسی وتم ئامادەم، لەمنوابوو بۆ شەڕ دەچن، لەوڵاترەوە پیاوێك هاواریكرد، ئەمرۆ ڕۆژی پێشمەرگایەتی ڕاستەقینەیە منیش ئامادەم. كە ئاوڕمدایەوە ناسیمەوە، خەڵكی سولەیمانی بوو، ناوی ئەحمەد بوو، كاتی خۆی لە چێشتخانەكەی عەلی سووركە بەرامبەر سینەمای ڕشید بوو لەسەر گەزەكە بوو. هەموو سواری ئۆتۆمۆبێل بووین، لە شوێنیک وەستان، ژمارەیەكی زۆریش پاچ و خاكەنازیان پێبوو، هەریەكە شتێكی هەڵگرت و بە چیاكەدا هەڵگەڕاین تا گەیشتینە سەرشاخ. لەوێ یەكێك لە پێشمەرگەكان كە دیاربوو بەرپرس بو ئاماژەی كرد بۆ پێشەوەی شاخەكە لەو ئاستانەی دەیڕوانی بەسەر گەرووی حەسەن بەگدا. پاش ئەوەی شێوازی سەنگەر دروستكردنەكانی ڕوونكردەوە ووتی دەستبكەن بە سەنگەر لێدان. من و ئەحمەد تەنها سورانی بووین لە ناویانداو بە گورج و گۆڵی كاركردنمان سەرنجی بەرپرسە بارزانیەكەمان ڕاكێشابوو. هاتە لامانەوەو وتی ئەم شوێنە تا بریار وەردەگرین نابێت چۆڵبكرێت.

ڕۆژی ١٨/مارت/١٩٧٥ كۆبونەوەكانی سەركردایەتی پارتی و بارزانی درێژەی پێدرا. ئەو ڕۆژە لەسەر چیاكە زۆربەی هەرەزۆری ئەو ناوەمان كردبوو بە سەنگەر. بۆ یەكەمینجاربوو لەوەتەی هاتبوومە دەرەوە هەستم بە ئارامی دەروونی دەكرد و لە جێبەجێكردنی ئەو كارانەی پێمان سپێردرابوو هەستم بە ماندووبون نەدەكرد.

١٩ /مارت/١٩٧٥ و بریاری ڕاگرتنی شۆڕش

بە درێژایی ئەو كۆبونەوانە لە ناو سەركردایەتی شۆڕشەكەدا، دوو ڕەئی جیاواز هەبوون، لایەكیان لای وابوو سەرەڕای هەموو كەموكوڕی و ناتەواویەك دەتوانرێت بەرگری بكرێت و ئەبێت درێژە بە بەرگری بدرێ، یەكێك لەوانە عەلی عەسكەری بوو ڕای لەسەر درێژەدان بە خەباتی چەكداری بوو، هەمو ئەوانیترلایان وابوو مادام عێراق و ئێران ڕێكەوتوون ، كورد بە تەنها بەرگری پێناكرێت. بۆ ئەوەی خەڵك نەوروژێت و كارەكانیان بێ دەردیسەر ئەنجام بدەن، بارزانی ڕەئی خۆی دەربارەی ئاشبەتاڵ بە ئاشكرا دەرنەبڕی، لەم ماوەیەدا خەریكی گوێزانەوەی سامان ودارایی و بەلگەنامەو ڕانەمەڕو ڕەوە ئەسپەكانی بوو. بێ گیروگرفت هەموویان گواستەوە دیوی ئێران. كە ئەوەی تەواوكرد ئینجا ڕەئی خۆی بە ئاشكرا دەربڕی:

مەلا مستەفا دواتر ڕای خۆی دەربڕی و ووتی :

موئامەرەیەكی دەولی لەكایەدایە بۆ لەناوبردنی كورد، بۆیە ئەبێت كورد مقاومەت نەكا ئەگینا ئیبادە ئەبێ، ئەبێ بكشێتەوە ئێران و چاوەڕوانی هەل و مەرجێكی دەولی باشتر بكا.

لە چاوپێكەوتنێكی دواتری محمد حسنێن هەیكەل سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری لە گەڵ بارزانیدا، لە بارزانی دەپرسێت ئێوە چەند مانگێك لەوەوبەر زانیبووتان ئەو كارە ڕوودەدات بۆ خۆتان بۆ ئامادەنەكردبوو؟ لە وەڵامدا بارزانی دەڵێت : ئەوە ویستی خوابووە!"([1])

هەرئەوڕۆژە هەواڵیان هێنایە سەرشاخ، لە ٢٠مارت/١٩٧٥ بەرپرسە بارزانیەكە بە پەشۆكاویەوە وتی ئێرە چۆڵدەكەین و دەچینە خوارەوە، بەدەم ڕێگاوە بۆ خوارەوە لە خەفەتی ئەو وەزعە فرمێسك بە چاوما دەهاتەخوارەوە. ئەحمەدی هاوڕێم هەستی پێكردم بەڵام ئەو وەزعی لە من باشترنەبوو. ئێمەیان هێنایەوە دەربەند، ئەحمەد پرسی بەتەمای چیت؟ ووتم جارێ لێرە دەبم با بزانم دوا هەواڵ چی دەبێت. ووتی بڕواناكەم كەس هەبیت مقاومە بكات. ئەو لەگەڵ پێشمەرگەكان بەرەو حاجی هۆمەران ڕۆیشت. لەسەر ڕێگاكە پیاوێك وەستابوو كە لێی نزیك بوومەوە ناسیمەوە خەڵكی سولەیمانی كوڕی گەڕەكی گۆیژە بوو ناوی جەمال ڕەشید كەریم هەیەر بوو. لێمپرسی ئەوە چیدەكەیت لێرە؟ ووتی تازە بریاری گرتنم لە لایەن ڕژێمەوە دەرچووەو هەڵاتووم، هەرچیشم پێبووە سەرفم كردووە تا گەیشتوومەتە ئێرە. نامەی ڕێكخستنی ناوشاری پارتی پێبوو. پرسی عەلی عەبدوڵڵا

---

[1]) لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. نووسینی نەوشیروان مستەفا . لاپەڕە .

لە كوێیە؟ ووتم سێ ڕۆژ پێشتر لێرەبوو ئێستە نازانم با بچین شوێنەكەیان لەم نزیكەیە. كە گەیشتینە ئەمانەتی دارایی پێوەی دیاربوو ئەوەی گرنگ بووە گواستراوەتەوە. علی عبدالله مان بینی، پرسی ئەوە هێشتا نەڕۆیشتووی؟ بۆمگێڕایەوە ئەو چەند ڕۆژە بەچیەوە خەریک بووم و پێمووت ئەم برادەرە كوڕی گەرەكی خۆمانەو تازە بریاری گرتنی لە لایەن رژێمەوە دەرچووەو نامەشی پێیە بۆتان، ووتی گەر شتێک بەمن بكرێت، جەمال وەزعی خۆی و سولەیمانی گێڕایەوە. شتێكی كەم پارەیان بۆ سەرفكردو و هزعەكەیان تێگەیاند، كە بریار لە دەست خۆیدایە چی بكات. بچێتە ئێران یا بچێتەوە عێراق.

ئەو شەوە بۆ نووستن چووینە خانوەكەی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، لە ئێمە زیاتر كەسیتری تیا نەبوو، هەمووی هەڵاتبوو بۆ ئێران. سەرلە بەیانی زوو هەڵساین چووینە سەرجادە بۆ چاوەڕوانی ئۆتۆمۆبێلێک تا پێی بگەینە حاجی هۆمەران. زۆر وەستاین هاتووچۆكەر زۆر كەمبوو، لە پرێكدا جێبیكی بچووک دەركەوت دەستمان لێڕاگرت، لە پێشدا نەوەستا، پاش ئەوەی چەند مەترێک تێپەڕی, وەستاو پشتاوپشت گەڕایەوە بۆ دوواوە، لە شۆفێرەكەمان پرسی دەتوانین لە گەڵت سواربین و بمانگەیەنێتە حاجی هۆمەران؟ پیاویک لە تەنیشتی شۆفێرەكەوە بوو ووتی فەرموون. پرسی ئەوە چی دەكەن لەمناوە و خەڵكی كوێن؟ وتمان سولەیمانی و هەریەكە باسی خۆیكرد. لە حاجی هۆمەران دابەزین. لەوێوە چووینە شارۆچكەی خانێ. جەمال لێیپرسیم بە تەمای چیت؟ ووتم نامەوێ بگەڕێمەوە عێراق، بە تەمام بمێنمەوە دواتر ڕوو لە هەندەران بكەم. ئەو بەرەو سنە بەڕێكەوت و منیش بەرەو مەریوان.

لە مەریوان خەڵكی باشورم دەدی بە یەكدا دەهاتن و دەچوون، هەندێک بە ئۆتۆمۆبێل دەگەڕانەوە بۆ عێراق و هەندیكیش لەوێوە دەهاتن. بۆ ئەو بەرنامەیەی بۆ ژیانی خۆم دامنابوو پێویستم بە پارەبوو. دەمویست كەسێک بدۆزمەوە، هەواڵ بۆ دایكم بنێرم پارەم بۆ بنێرن. لە مەریوان چوومە ئوتێلیكی هەرزان، ئەوەندەم پارە پێ نەبوو بەشم بكات، لەبەر ئەوە یەكەم دووڕۆژ ڕۆژی ژەمێک نانم دەخوارد. هەموو ڕۆژێک لەبەردەرگای ئوتێلەكە چاوم دەگێڕا بۆ ناسیاوێک نامەیەكم بۆ بگەیەنیت بە كەس و كارم تا پارەم فریاخەن. ڕۆژی سێهەم بوو پارەی نانخواردنم پێ نەما، لە ئێوارەی ڕۆژی پێشوتریشەوە نانم نەخواردبوو، دەمەو نیوەڕۆ لە پڕ چاومكەوت بە كوڕێكی موهەندیسی گەڕەكی خۆمان ناوی غەریب كاكەڕەش بوو. زۆر بەگەرمی هەواڵپرسینی كردو ووتی با بچین لەو رستورانتە نان بخۆین. لەبەر ئەوەی گیرفانم بەتاڵ بوو نەمدەویست بچم، زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی بچین دانیشین و قسە بكەین. ئەو نانخواردنی داواكرد، ووتم نان ناخۆم، دووبارە سوێندی خوارد كە دەبێت منیش نانبخۆم ئەگینا ئەویش نان ناخوات. ناچاربووم ڕاستیەكەی

پێ بڵێم. كە من بە تەمام بمێنمەوە نایەمەوە عێراق، بەڵام پارەم لێبڕاوە. ئەو ووتی من دەرۆمەوە بۆ سوولەیمانی، چەندت پارە دەوێت من دەتدەمێ و لەوێ وەریدەگرمەوە. دە یا پانزە دینارێكم لێ قەرزكرد، نامەم نووسی بۆخزمێكمان بە ناوی ئیسماعیل حەمە ساڵح كە دوكانی هەبوو لە گەرەكی گاوران پارەكەی بداتەوە، نامەشم نووسی بۆ كەس و كارم تا بە پەلە پارەم فریا بخەن. ووتی خەمت نەبێت ئەمرۆ دەگەمەوە سولەیمانی و نامەكان دەگەیەنم. ئەو ڕۆیشت بەرەو عیراق و منیش بەرەو ئوتێلەكە.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان

" لە دوای ئاش بەتاڵی شۆڕشەكە، لە شاری نەغەدەی ئێران، تاقمێ لە كادرەكانی پارتی، لە هەردوبادێ مەلایی و جەلالی، لەوانە عەلی عەسكەری، عومەرمستەفا، تایەرعلی والی، رسوڵ مامەند، عەلی هەژار، كاردۆگەڵاڵی...چەندجارێ لەناو خۆیاندا كۆبونەوە، بۆ لێكدانەوەی هەل و مەرجی سیاسی كوردستان و دانانی نەخشەی داهاتوو. ئەمانە لایان وابوو سەركردایەتی بارزانی بەو ڕێبازە سیاسییە چەوتەی لە چەند ساڵی رابردودا گرتبووی، جوڵانەوەی كوردی تووشی هەڵدێران كردووە. ڕێكخستنەوەی پارتی لەسەر بنچینەیەكی پێشكەوتوو، بە دۆستایەتی لەگەڵ بەعس و، بەشداری لە داوودەزگای حوكمی زاتی دا ئەكرێ هەندی لە دەستكەوتەكانی كورد بپارێزرێ.

كاربەدەستانی بەعس لە سەرەتادا، بەڵێنیان پێدان. بەو هیوایەوە بە كۆمەڵ گەڕانەوە عێراق. لە عێراق بە گەرمی پێشوازییان لێكردن. بەڵام بەعس هیچكام لە بەڵێنەكانی بەجێ نەهێنا. پاش ماوەیەكی كورت چالاكی سیاسی لێ قەدەغەكردن و لە كوردستان دووریخستنەوە، هەریەكەیانی بە وەزیفەیەكی حكومەتی نارد بۆ جێگایەكی خواروی عێراق.

بەڵام ئەمان كە لە ئێران قسەیان كردبوو بە یەك، لە عێراقیش لە ناوخۆیاندا ئەو پەیوەندییان پاراست و ڕێكخستنێكیان پێكهێنا، سەرەتا بە چاولێكەری" الحركة التصحيحية "كەی بەعس لە سوریا، ئەمانیش ناویان لە خۆیان نا " بزوتنەوەی ڕاستكردنەوە"، گوایە چەوتی و لادانە سیاسی یەكانی پارتی ڕاست ئەكەنەوە. چەندین كەسیتریش، لەوانە : سالح یوسفی بووبو بە هاوبیرو هاودەنگیان. سەرنجام ناوی خۆیان كرد بە " بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان".([1])

تەسلیمبوونەوە

[1]) لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ – نەوشیروان مستەفا-لاپەڕە 44 .

ڕۆژی دوایی لەبەردەم ئوتیلەکە ڕاوەستابووم، بە هیوای ئەوەی کەسێکم لە سولەیمانیەوە پەیدابیت و پارەم بۆ بهێنێت، لەوبەری جادەکە حەمە ڕەحیمی پاراستن ڕاوەستابوو دەستی خستبووە کەڵەکەی و سەیری خەڵکەکەی دەکرد، بانگی لێکردم، پاش هەواڵپرسین ووتی بە تەمای چیت، دەنگ و باس چییە؟ ووتم دەنگ و باس لای ئێوەیە، وتی دەنگۆی ئەوە هەیە ئەوانەی دەڕۆنەوە عێراق، رژێم دەرزی زەهرییان لێدەدات. پرسیم ئەی خەڵک چی بکات؟ ووتی ئێمە جەماعەتی سەرکردایەتی شا ئەمری فەرمووە شوێن و جێمان بۆ جێبەجێ بکەن، عامەش کەیفی خۆیەتی لە ئێران دەمێنێتەوە یا تەسلیم بە عێراق دەبنەوە. یەکسەر ڕۆیشتم، بانگی کردم چییە بۆ ڕۆیشتی؟ منیش ووتم : شا کاری بۆ سەرکردایەتیتان و جەنابتان جێ بەجێکردووە و عامەش کەیفی خۆیەتی، ئەوا منیش بریارمدا بڕۆمەوە ئەو دەرزی یە ژەهراویەم لێبدەن پێم خۆشترە لەوەی چاوم لە ئێوەبێت. چونکە من نە شا دەناسم و نە دەنگیشم بە سەرۆکەکانتان دەگات.

بۆ بەیانی، لە مەریوانەوە هاتمە پێنجوێن. هەندێ کەسی خەڵکی سولەیمانی تاک و تەرا ئەهاتن و ئەچوون. لە یەکێکیانم هەواڵی (یاسین محمد حسن) م پرسی ووتی لەناوچەن تەنها ئەوانی تیا ماون. چووم بۆ لایان، قسەکانی حەمەڕەحیمم بۆ گێڕانەوە، ووتم بریارمداوە برۆمەوە بۆ سولەیمانی. یاسین ووتی ئێمەش بریارماندواوە بڕۆینەوە بەڵام یەک دوو ڕۆژیتر. ووتی گەر ڕۆیشتیت دەبێت زۆر ئاگات لە لوغم بێت، لەو ڕێگایەی نێوان پێنجوێن و ئاڵپاریز لوغمێکی زۆر چێنراون، پاش ماڵئاوایی لەوان سواری جیپێکی بچوک بووم، بە منەوە هەشت نەفەربووین، هەندێکیان خۆی بەدواکەیدا هەڵپەساردبوو. جێبەکە زۆر لەسەرخۆ دەڕۆی و شۆفیرەکە چاوی لە جادەکە بڕیبوو، لە هەندێ شوێن گومانی بکردایە دەیوت دابەزن بە پێ بڕۆن، تا لەو شوێنە تێدەپەڕی ئەوسا سواردەبووینەوە، ئەوندە دەزانم بە هۆی ئەو هێواش لێخوڕینەوە سەعات و نیوێکمان پێ چووبوو، هێشتا تازە گەیشتبووینە پێچەکانی نزیک پردەکەی ئاڵپاریز. لە پڕیکدا لەو دیوی لۆفەیەکەوە کە ئێمە بەرەوڕووی دەچووین ناڵەیەکی یەکجار گەورە هات و تەپ و تۆزێکی زۆر چوو بە ئاسماندا. دەم و دەست شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و ووتی لوغم تەقیەوە دابەزن بە پێ بڕۆن خوابکات کەس نەمردبێت. ئێمەش دابەزین و بە پێ بەرەوڕووی تەقینەوەکە چووین. هەر لە پێچەکە چووین بە دیوی تەقینەوەکەدا، دیم وا لە دوورەوە کەسێک بە جل و بەرگی کوردی یەوە جامانەکەی ئاڵاندووە لە ملیەوەو دەستی گرتووە بە سەریەوەو ڕووەو لای ئێمەوە دێت. کە نزیک کەوتەوە دیم یەکیک لە خاڵەکانم بوو کە مەحمودی ناوبوو. دەست و دەم و چاوو جلەکانی خوێناوی بوون، باوەشم پیاکرد و پاش ئەوەی زانیم برینەکانی مەترسیدار نی یە، لێمپرسی چی بوو؟ ووتی ویستم لە سەیدسادقەوە بەو پیکابە بێم بۆ لای تۆ پارە بۆ تۆ بێنم، ئەی تۆ

جوابت نەناردبوو پارەم فریاخەن؟ منیش هاتم. شۆفێری پیکابەکە خەڵکی سەید سادق بوو ناسیاوبوو، نەیهێشت لە دوای پیکابەکەوە سواربم لە تەنیشت خۆیەوە داینام، ئەوتا وەک دەبینیت بە هۆی تەقینەوەی ئەو لوغمەوە لەمن زیاتر کەسیتر لەو پیکابەدا بە ساغی دەرنەچووە. کوژراوەکانمان لە قەراغ جادەکە کۆکردەو هەواڵمان نارد بۆ ناڵپارێز کە نزیکترین شوین بوو لە ڕووداوەکە تا خەڵک بێن بۆ یارمەتی. برینەکانی خاڵم گەرچی سەخت نەبوو بەڵام کاس بوو. چوومە ژێر باڵی و بە پێ ڕووەو ناڵپاریز کەوتینەڕێ. لەوێوە بە سواری تراکتۆربەرەو سەید سادق ڕۆیشتین.لەوێشەوە ئۆتۆمبێلمان بەکرێ گرت بەرەو سولەیمانی. لە نیوان سەید سادق و سولەیمانی دا چەند بازگەیەکی ڕژێم هەبوو، بەڵام لە سەیرکردن بەولاوە هیچیان نەدەپرسی. کاتێک گەیشتینە ماڵەوەو خاڵمیان بەو جلە خوێناویانەوە دی بووە شین و شەپۆر. سەعاتێکی نەخایاند تا دەرگای دەرەوەی ماڵەکە پربوو لە خزمان. سەڵاحی برام کە لە ١٩٧٤ وە دوای چوونە دەرەوەی من بۆ ژیان و سەرپەرشتی خێزانەکە بووبووە پۆلیس وبە شەویش لە ئامادەیی دەیخوێند، لەو ساتەی گەڕانەوەی منداڵ لە ماڵەوەبوو، لە پڕێکدا لە ژوورەوە دەنگی تەقە هات. کە ڕامکردە ژوورەوە، تەماشامکرد گوللە لە دەمانچەکەی سەلاحی برام دەرچووەو قاچی لە نەرماییەکەیدا ئەمدیواو ئەودیو کون کردووە، دەستی پێوەگرتبوو خوێنەکەی بوەستێنی، من زۆر شپرزەبووم، بەڵام ئەو لەسەرخۆ ووتی مەترسی نی یە تەنها قاچی کوناوەدەرکردووم، پاش بەستنی برینەکە هەستایە سەرپێ. ڕازی نەبو کەس لەگەڵی بچێت خۆی تاکسی گرتوو ڕۆیشت بۆ خەستەخانە، پاشان بە هۆی ئەوەوە لە موسل درا بە دادگاو ماوەیەک زیندانی کراو پارەی گوللەکەشیان پێ ژمارد.

لە ڕێگەی خزمانەوە زانیم، هەرکەس دێتەوە، دەبێت بچێت لە ئەمن فۆرمێکی هاتنەوە بۆ ریزی نیشتمانی پربکاتەوە. کە تیایدا ناوو ناونیشانی تەواوەتی دەنووسراو پەیمانی ئەوەت دەدا کە جارێکیتر توخنی سیاسەت نەکەویت، گەرکردت سزات کوشتنە. ئەوە گرنگترین خاڵێک بوو لەو فۆرمەدا. پاش پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە، پسوڵەیەکیان دەدا بەو کەسە کە تیایدا نووسرابوو گەڕاوەتەوە بۆ ریزی نیشتمانی. لەو ساتەدا بە هۆی زۆری ژمارەی ئەو خەڵکەی گەڕابوونەوە، ڕژێم چەند شوێنێکیان دیاریکردبوو کە یەکیکیان خانوەکەی سانەوی وەتەن بو کە کرابووە بەشێک لە دائیرەی ئەمن. ڕۆژی دوایی چووم بۆ خۆ تەسلیمکردنەوە، تەماشامکرد خەڵک تا سەر شەقامەکە سەرەی گرتووە، منیش چوومە ڕیزەوە تا گەیشتمە حەوشەی ژوورەوە، دیم دوو ئەمنی عەرەب لە پشتی کورسی و مێزێکەوە لە حەوشەکە دانیشتوون، پاش ئەوەی فۆرمەکان دەدەنە خەڵکەکە و بە پرکراوەیی دەدرایەوە دەستیان. ئەوانیش لە بری پسوڵەیەکی (عاد الی الصف الوطنی) یان دەدایە بۆ شوێنی کارەکەی تا وەری بگرنەوە. لەنۆبەی خۆمدا پسوڵەی (عاد الی

الصف الوطنی)م وەرگرت و ڕوومكردە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سولەیمانی، كە ئەودەم لە بەرامبەر مزگەوتی گەورەبوو. لە زاتیەی پەروەردە پسوڵەكەیان لێوەرگرتم و ووتیان بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە تا بریاری گەڕانەوەت بۆ دەردەكەین.

ئەودەمە، گەرچی سێ ساڵێک بەسەر مۆركردنی هاوپەیمانێتی عێراق و سۆڤیەتدا تێپەڕیبوو، لە شارەكاندا وەک لە مامۆستا جەبار داودم بیست كە كادرێكی حزبی شیوعی بوو، كە حزبی بەعس بە زۆرەملێ سەردانی گەلێک لە كادرانی حزبی شیوعی فەرزكردووە بۆ بنكەكانی دەزگای ئەمنی. لەوڵاشەوە بەعس بە ئاشكرا كاری سیاسی قەدەغەكردبوو لە ناوسوپادا لە هەموو حزبێک تەنها بەعس نەبیت. ڕژێم گومانی لە هەركەسێک هەبوایە شیوعیە دەیگرت و دەیخستە ژێر ئەشكەنجەوە گەر لەسەریشی بسەلمایە شیوعیە دەیانكوشت. حزبی بەعس گەلیک ئەفسەری گواستبۆوە بۆ كاری مەدەنی و گەلێكیشی بەو تاوانە كوشتبوو. كەچی هێشتا حزبی شیوعی بە شان و باڵی ڕژێمیدا هەڵدەدا. حزبی شیوعی لە گەلێک شارو شارۆچكەدا بارەگایان هەبوو، خەڵک بۆ گاڵتە دەیانووت، خەڵكیان پێ بەگرت دەدرێت بەڵام كەسیان پێ بەرنادرێت.

لە كۆتایی مانگی ئابدا بریاری گەڕانەوەم بۆ سەركارەكەم دەرچوو. من گەرچی پێش دەستپێكردنەوەی شەڕ لە قوتابخانەی ئەزمر بووم لە ناو شاری سولەیمانی، بەڵام بریاریاندابوو بمگوێزنەوە بۆ دەرەوەی شاری سولەیمانی، پێیان ووتم پێش ئەوەی شوێنەكەت بۆ دیاری بكەین، دەچیت بۆ گوندی تازەدێ بۆ تاقیكردنەوەی ئیكمالەكان.

لەدوای گەڕانەوەم، تا مانگی ئەیلولی ئەو ساڵە چەندجاریک چاوم بە مامۆستا سەركەوت (جەمال تایەر) كەوت. قسەو باسەكان هەر لەسەر هەرە سی شۆڕشی ئەیلول و هۆكارەكانی و خۆكەوتن بوو بۆ سازدانی ڕێكخستن و شێوەی كاركردن. ئەو زۆر پێی دادەگرت لەسەر شیوازی هێشوویی پەیوەندییەكانی ڕێكخستن. ئاگادارم كردوەوە كە پەیوەندیم بە هاوڕێیانی ئەڵقەكانەوە كردۆتەوە و هەندێ كەسیتریش ئامادەیی دەربڕیوە بۆ كاركردن. مامۆستا سەركەوت پێی لەسەر ئەوە داگرت كە پێویستە ڕە چاوی وەزعەكە بكرێت چونكە زۆر مەترسیدارە و دەبێت ووردبین لە هەڵبژاردن و دیاریكردنی ئەو كەسانەی پەیوەندیان پێوە دەكرێت.

لە هەفتەی یەكەمی سێپتەمبەری ١٩٧٥ چووم بۆ گوندی تازەدێ، گوندێكی بچكۆلانەی خۆش و دڵگیربوو لە دۆڵێكدا، بینای قوتابخانەكە نوێ بوو، لەوێ چاومكەوت بە كوێخاو كارگوزاری قوتابخانەكە، فەرمانی بەریوەبەرێتی پەروەردەم پیشاندان، كە مندیان دیاریكردووە بۆ تاقیكردنەوەی قوتابییە ئیكمالەكانی ئەوێ. ویستیان ئەو چەند شەوەی لەوێ دەمێنم لە مالێک میوانیانبم تا تاقیكردنەوەكان كۆتایی دیت. بەڵام پێموونن گەر ئێوە بە پەسەندی بزانن من ئەمەوێت ئەو یەک یا

دوو شـــەوە لە ناو قوتابخانەكە بمێنمەوە. نوێنیان بۆ هێنام بۆ ئیدارەی قوتابخانەكە. ســـجلی تۆماری ناوی قوتابیان و ناوی ئیكمالەكانم لە كارگوزارەكە وەرگرت، هەر ئەو ڕۆژە قوتـابیەكـانم تـاقیكردەوە. بۆ نـانخواردن لە مـاڵی كـارگوزارەكە بووم بۆ خەوتن هاتمەوە بۆ قوتابخانەكە. هیچ شـــتێكی نائاســـایی لە ناو گوندەكە ســـەرنجی ڕانەكێشام. درەنگانێكی شەو كەسێك لە پەنجەرەی ژوورەكەی دا، لە پەنجەرەكەوە ســـەیری دەرەوەمكرد دیم پیـاوێـك بە جلی كوردی و جـامـانـەوقەمســـەڵەیەكەوە لەبەردەرگای قوتابخانەكە وەســـتاوە. وامزانی كارگوزارەكەیە، دەرەوە زۆر تاریك بوو، دەرگام لێكردەوەو فەرمووم لێكردو پرسیم خێرە بەم درەنگ وەختە؟ لە وەڵامدا پیاوەكە ووتی خێردەبێت، ئەڵێێ نامناسـیتەوە؟ منیش تیشـكی لایتەكەی دەسـتم كردە دەم و چاوی. كە دیم، زۆر سەرسام بووم، لە دڵی خۆمدا دەمووت تۆ بڵێیت ئەوبێت. لەو ســـاتەدا ئەو بە پیكەنینەوە هاتە ژوورەوەو بە گەرمی باوەشـــی پیاكردم، پاش ساتێك لە پێشوازی گەرم لێی، زۆر دڵخۆش بووم بە بینینی. كە لەو ساتە بێ هیوایی و شـــەوە زەنگە تاریكەی كوردســـتاندا چاوم بەو مرۆڤە قارەمانە كەوت. ئەو مرۆڤە تێكۆشـــەرو كۆڵنەدەرە بە(عەلی شـــیعە) ناســـرابوو، ئەو گەرچی خاوەنی دبلۆمی خوێندن نەبوو، بەڵام ووتەكانی ئەو زەحمەتكێشە مژدەپێدەری پاشەڕۆژێكی ڕوناك بوو. مرۆڤێكی شۆڕشگێرو لە خێزانێكی زەحمەتكێش و هەژاری ئەو نەتەوەیەبوو، هەربۆیە لەو ڕۆژگارە بێهیواییەی كوردســـتاندا، خەونی بە هەڵســـانەوە دەدی و لە یەكریزی تێكۆشـــەرانی نەتەوەكەیدا ڕزگاری دەدی. لە كۆتایی شـــەســـتەكانەوە دەمناسی، ئەودەم لە ناو جەلالیەكاندا سەرلق بوو. ووتی منیش بەسەردان هاتووم بۆ ئەم گوندە، دوای ئەوەی ناوی تۆم لە گوندەكە بیسـت زانیم تۆی بۆیە هاتم، كەسـیش بە هـاتنەكەمی نەزانیوە بۆ لای تۆ. بە ڕوویەكی زۆرخۆش و وڕەیەكی بەرزەوە كەوتە باســـی گرنگی كۆڵنەدان و چۆكدانەدان لە دوای ئەو هەرەســـە، بێ ترس و یەكسەریش كەوتە شیكردنەوەی ڕۆڵی كۆمەڵە و بیرو باوەری ماركسی لێنینی، ئەو وەكو كادرێكی هوشـــیار كەوتە ڕوونكردنەوەی ئامانجەكانی كۆمەڵەو شـــێوازی تێكۆشـــان و گرنگی هوشـیارکردنەوەی جەماوەرو دەسـتپێكردنەوەی خەبات. ووتم كاك عەلی من كاری سیاسەت ناكەم، بەڵام پێم بڵی تۆ چۆن دەزانی من بەعسی نیم، وا یەكســـەر خۆت ئاشـــكرا دەكەی لە لام، برا پێش هەرەســـەكە ڕژێم بە هەزارانی كڕیوە هەر لە ســـەركردایەتی بارزانییەوە تا خوارەوە، دەبێت ئێســـتە چەندیتری زیادكردبێت؟ بە پێكەنینەوە ووتی من و تۆ هاوڕێی كۆنین، یەكتر دەناســـین..ئەوە دوادیـداری من و ئەو مرۆڤە بەرزو تێكۆشـــەرەبوو. ئەو دواتر بووە كـادری پێشمەرگەی كۆمەڵە و درێژەی بە خەباتداو تا شەهیدبوو كۆڵنەدانی نەزانی.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواترو دوای كۆتایی تـاقیكردنەوەكـان، مـاڵئـاواییم لە تـازەدێ كردو بە ســـەردان چووم بۆ گوندی كانی مانگا بۆ ســـەردانی مامۆســـتا عوســـمان،

رۆژی دواتر گەڕامەوە ســـولەیمانی. ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم دا بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردە. فەرمانە ئیدارییەکەیان دامێ و پێیان ڕاگەیاندم کە گوێزراومەتەوە بۆ قوتابخانەی پێنجوین لە قەزای پێنجوین. چووم بۆ لای مامۆستا ســەرکەوت (جەمال تایەر) بە درێژی چاوپێکەوتنەکەی عەلی شـــیعەم بۆ گێڕایەوەو ئاگادارمکرد کە گوێزراومەتەوە بۆ پێنجوێن. وتی دان بە خۆدا بگرە، خەڵکێکی زۆر نێردراون بۆ پارێزگاکانی باشـــووری عێراق، جارێ ســـاغ نەبۆتەوە چەندیتریش دەنێرن. واڕێکەوتین ئەو ئەڵقانەی ڕێکخســـتن کە دروســـتم کردبوون هەر پەیوەندیان بە خۆمەوە بمێنێتەوە. ووتی لە ئێســـتەدا وابمێنێتەوە باشـــترە. ووتم ڕای ئەوانیش هەر وایە.

بـــەشـــی چـــــوارەم
کـــارکردنم لە کۆمەڵەدا

پێش ئەوەی بچم بۆ پێنجوین، هاوسەری ژیانم نیشانەکردبوو، بۆ دەستبەکاربوون چووم بۆ پێنجوین. قوتـابخـانەی پێنجوین بەرامبەر ســـەراکەی پێنجوێن بوو کە قائمقامییەت و مالیەو مەرکەزی پۆلیســی لەخۆ گرتبوو. بەڕێوەبەرەکەی ناوی رجب عەقراوی بوو. قوتـابخـانەی بلکیان کە محمد حـاجی عەزیز بەڕێوەبەری بوو لە نزیکیەوە بوو. بەســـەر ئەو بەرزاییەی پشـــتی مەرکەزەکە کە دەڕوانی بەســـەر پێنجویندا چەند ماڵێکی لێ بوو، خانوویەکیانم بەکرێ گرت، خانوی مینە چل گەزیان پێدەوت. ئیجازەم خواست کە دەچم هاوسەرم دەگوێزمەوەو ماڵەکەم دێنم، هەفتەیەک مۆڵەتیان بۆ کردم.

پێنجوین، قەزایەکە لەسەر سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نزیکی شارۆچکەی مەریوانە، هاوینە هەواریێ بلکیان یەکێکە لە سەیرانگا خۆش و دڵگیرەکانی. شارەکە درێژبووەتەوە لە نێوان زنجیرە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاواو باکوریەوە بەرەو دەشـــتاییەکەی باشـــووری پێنجوین. هەربۆیە بەرەو باشـــووری شـــارەکە لە فراوانبووندابوو. ڕاســـتە جادەیەک لە هاوینە هەواری بلکیانەوە بە ناوەراســـتی

شارەكەدا بەرەو باشوور درێژدەبوەوە، زستانی زۆر ساردو بەفراوی و هاوینیشی گەرم و ووشـــک. ئێواران كە لەبەردەركی ئەو ماڵەی بەســـەر گردەكەوە بەكرێم گرتبوو، لەگەڵ هاوســـەرەكەم دادەنیشـــتین و ســـەیری پێنجوینمان دەكرد، بە تایبەتی كاتێک گلۆپەكانی شـــارەكە هەڵدەبوون، پێنجوینم وەک هێشـــوە ترێیەكی ڕەنگینم دەهاتە بەرچاو، سەرەكەی لای بلكیانەوە دەستی پێدەكردو ڕووەو باشووری شارەكە درێژ دەبوەوە. چەند قوتابخانەیەكی كوڕان و كچان و ســانەوی یەكی لێبوو. گەلێكی مامۆســـتاكان خەڵكی پێنجوین بوون. پێنجوین زایەگای موفتی پێنجوێنی شـــاعیرو لانەی پەروەردەی كەڵەپیاوو گەنج و ژنی شـــۆڕشـــگێربوو. لانەی بەرخۆدان و كۆڵنەدان و قوربانیدان بوو. ئا لەو ســـات و كاتەی بە هۆی پیلانی نێودەوڵەتی و كاڵفامی ســـیاســـی ســـیاســـەتمەدارەكانی پارتیەوە كوردی تێكەوتبوو، ژمارەیەكی بەرچاوی مرۆڤی تێكۆشـــەرمێژووی بەرەوڕوو بوونەوەو كۆڵنەدان و تێكۆشـــانیان دەنەخشان.

سیاسەتی بە بەعسیكردن

لە ســـاڵەكانی نێوان ١٩٧٠-١٩٧٥ ڕژێمی فاشـــســـتی عێراق چونكە مەرامی جێبەجێكردنی داخوازییەكـــانی كوردی نەبوو، لەپـــاڵ هەوڵی تیرۆری ســـەرانی شـــۆڕشـــی ئەیلول، كەوتبووە دروســـتكردنی هەزاران تۆڕی جاســـوســـی. بە نهێنی و ئـــاشـــكرا لە هەوڵی دروســـتكردنی جاش و فراوانكردنی بە عەرەبكردن و بە بەعسیكردن بوو. لە پاش هەرەسەكەی ساڵی ١٩٧٥ڕژێم بە ئاشكراو شێلگیرانەتر درێژەیدا بە ســیاســەتی بە عەرە بكردن و بەعســیكردنی ناوچە كوردنشــینەكان. بە تایبەتی لە ناو خوێندكاران و مامۆســـتایان و كولیژەكانی پەروەردەو ســـەربازی. ڕژێمی فاشی عێراقی لە خانەو پەیمانگای مامۆستایان و كولیژی پەروەردە كەسیان وەرنەدەگرت نەبوایەتە بەعســـی و نامەی پاڵاوتنی بەعســـی بوونی پێنەبوایە یا لە ڕیكخســتنەكانی (اتحاد طلبة) نەبوایە. ڕژێمی عێراق بەوەوە نەوەستا، لە هەوڵدابوو گشـت مامۆسـتایانی هەموو ئاسـتەكانی خویندن بە بەعسـی بكات، لە سـەرەتادا بە تەماعی پارەو پلەو پایە دەســتبێدەكرد، گەر بیزانیایە ســەركەوتوو نابیت، ئەوســا دەستیان دەكرد بە فشاری تۆقاندن و هەڕەشەی دەركردن و دوورخستنەوەو گرتن.

هەر لە ڕۆژانـی یەكەمەوە، لە پێنـجـوین زانـیم هەنـدێ كەس بە خـۆی و كوڕەكانیەوە بونەتە بەعســی. لەوانە مدیر مالی پێنجوین و كوڕەكانی و بەڕێوەبەری قوتـابخـانەی پێنجوین رجب عقراوی و كوڕەكـانی. گەلێـک مـامۆســـتـای تریش لە خەڵكی پێنجوین و لەو مامۆستایانەش كە خەڵكی سولەیمانی و شـوێنەكانیتربوون ، ســەریان بە بەعســیبوونەوە نابوو. لە هەمان كاتیشـــدا لە ناو مامۆســـتایانی ژن و پیاویشـــدا مرۆڤی زۆر خۆڕاگرو نەبەزو كۆڵنەدەریان تیابوو، كە بریاری خۆیان دابوو لەژێر هیچ فشارێكدا نەبنە بەعسی ، هەشبوو نەبووە بەعسی بەڵام دەیوت دان

بە خۆمدا دەگرم، بەڵام دەرمكەن لە وەزیفە ناچارم ببمە بەعســـی چوونكە ماڵ و منداڵم هەیە!.

لە پێشـــەوەی ئەو مامۆســـتایانەی ئەوێ ڕۆژێ ی پێنجوین، وەک ڕێزلێنان بۆ خۆڕاگریان لەو ڕۆژگارە ســـەختەدا، مامۆســـتا كمال حســـن، مامۆســـتا عزیزمحمد، مامۆســـتامحمد حاجی عەزیز، مامۆســـتا ئەحمەد عزیز، مامۆســـتا عومەر مســـتەفا، مامۆســـتا محمد عبدول(ناســـراو بە دكتۆر محمد محوی)، مامۆســـتا حەمەســـالح عەبە پشـــی، مامۆســـتا لەتیف حاجی محمد قوربانی، مامۆســـتا بەكرو مامۆســـتا پەخشـــانی هاوسەری (زاوای مامۆستا لەتیف)، مامۆستا رفیق قارەمانی، و خۆیشم. ژمارەیەكی بەرچاوی مامۆستا ژنەكانیش زۆر قارەمانانە لە ڕووی بەعسیكردندا وەستانەوە، لە پێشیانەوە مامۆستا ڕەحمە بەرێوەبەری قوتابخانەی پێنجوینی كچان.

ڕۆژێک لە پۆلدابووم، بەڕێوەبەری قوتابخانەكە ڕەجەب عقراوی هات و بانگی كردمە دەرەوەی پۆلەكە، پێی ووتم كە لە لایەن منظمەی بەعســـەوە ئاگاداركراوە كە داوا لە مامۆســـتایان بكات ببنە بەعســـی، وتی ئەوەی دەبێتە بەعســـی واو وای بۆ دەكەن، ئەوەشـــی نەبیتە بەعســـی ئەبێت هەمو حســـابێک بۆ خۆی بكات. بە لانی كەمەوە لە وەزیفەكەی دەردەكرێت یا دووردەخرێتەوە بۆ باشـــووری عێراق. ووتم " ڕەجەب من بریارمداوە خەریكی كاری ســـیاســـی نەبم، لە دوای هەرەســـیشـــەوە كە گەراومەتەوە حكومەت خۆی تعهدی لێوەرگرتووم دووربم لە ســـیاســـەت. خۆیشـــت دەزانی ئەوەندە نییە برایەكیان شـــەهیدكردووم، لەبەر ئەوە بریاری من ئەوەیە نەک هەر دەركردن، بەڵكو گەر سەرپشكم بكەن لە نێوان ئیعدام و بوونە بەعسیدا، ئیعدام هەڵدەبژیرم، جارێكیتریش نەیەیتەوە بەلای منداو ئەو داوایەت دووبارە نەكەیتەوە لای من". هەرواش بوو ئەوە یەكەمجارو دوواجاری بوو ئەو باسە لای من بكاتەوە. لە كاتی پشوودا زانیم هەمان داوای لە یەک بە یەكی هەموو مامۆستاكان كردبوو كە ببنە بەعســـی. مامۆســـتا حەمە ســـاڵحی عەبە پشـــی نەک هەر بە نەخێر بەڵكو بە جنێویش وەڵامی دابۆوە، ووتبووی پیری ئاخرشـــەڕ بۆ دانانیشـــی بەدەردی خۆتەوە چیت داوە لەم گەواداییە.

هەر لە ســـەرەتاوە هەندێک مامۆستا یەكســـەر بوونە بەعســـی. هەندێكیش كە لەو ســـــاتەدا وەڵامەكـــانیـــان یەكلایی كەرەوە نەبوو ڕاڕایی پێوەدیـــاربوو، دواتر بانگیاندەكردن بۆ قائمقامییەت و لەوێ لە لایەن معاونی ئەمن و بەرپرســـی منظمەی بەعسەوە دووبارە فشاریان بۆ هێنابوون و هەندێكیان بوونە بەعسی .

وورده ووردە دواتر ئاشـــكرابوو، ئەوانەی نەبوونە بەعســـی وخۆڕاگربوون ژمارەیان كەم نەبوو. ئەوانەی لە قوتابخانەكانی پێنجوینی كوڕان و كچان و بلكیان لەو كاتەدا، كە بوو بوونە بەعســـی كەمایەتی بوون. ئەوە لایەنێكی پۆزەتیفی هەبوو بۆ مامۆســـتا خۆڕاگرەكان، كە بێ بریاری ڕێكخراوەیی و ســـیاســـی هیچ لایەک ،

هەركەسە سەربەخۆو ئازادانە بریاری نەبوونە بەعسی دابوو بێ پرس و گەڕانەوە بۆ ڕای هیچ ڕێكخراوێكی سیاسی، لەوڵاشەوە بووە هۆكاری ئەوەی ڕژێم فشارەكانی گەورەتر نەكات بۆ سەر مامۆستا خۆڕاگرەكان. یەكەڵوێستی كورد پەروەرانە دژ بە بەعسیكردن، هەموو ئەو كەسانەی كۆدەكردەوە بەدەر لە هەموو بۆچوونێكی جیاوازی، ئایدۆلۆژی، فیكری، سیاسی، حزبی.

ئەو شاڵاوی بەعسیكردنە هەموو ناوچەكانی باشووری كوردستانی گرتبۆوە. ئەو هەڵوێستەی مامۆستایانی كۆڵنەدەر لە دژی بە بەعسیكردنی زۆرەملێ و وتنی نا بۆ بەعسی بوون لەو ساتەی دوای هەرەس و بێ ئومێدیەدا، تین و گوڕو تەوژمێكی وڕە بەرزی لە سەرتاسەری كوردستاندا لە ناو چین و توێژەكانی جەماوەری خۆڕاگری كوردستان هێنایە كایەوە. مۆمێك بوو بۆ ئەو شەوەزەنگە تاریك و نائومێدیەی بە هۆی هەرە سەوە باڵی كێشابوو بەسەر بآشووری كوردستاندا.

مانگی جارێك دەگەڕامەوە بۆ سولەیمانی، هەموو جارێك هاوڕێیانی ئەو چەند ئەڵقەیەم بەسەردەكردنەوەو زۆر جاریش چاوم بە مامۆستا سەركەوت(مامۆستا جەمال تایەر) دەكەوت، هەواڵی ئەڵقەكانی سولەیمانیم پێڕادەگەیاند. لە پێنجوێنیش گەرچی ڕێكخستنی كۆمەڵەی تێدابوو، بە قسەو هەڵوێستەكانیاندا گەلێكیانم دەناسی زانیم گەڵێك مامۆستای خۆڕاگر و نیشتمانپەروەر هەبوون لە ڕێكخستنی كۆمەڵەدا نەبوون، ژمارەشیان كەم نەبوو، لە باسی هەواڵە سیاسی یەكانی پێنجویندا لەگەڵ مامۆستا سەركەوت ئەو باسەمانكرد. پێمووت دڵنیام ئەوانە بڕوایان پێم هەیەو دەتوانم ڕێكیان بخەم و بۆ ئەو كارەش بە باشی دەزانم پەیوەندی بە ڕێكخستنی كۆمەڵەوە لە پێنجوین بكەم. ووتی جارێ چاوەڕوانبە.

لە یەكێك لە هاتنەوەكانی ترمدا بۆ سولەیمانی، ئەو بابەتەم لەگەڵ مامۆستا سەركەوتدا كردەوە، پێم ووتەوە كە ژمارەیەكی بەرچاو مامۆستای خۆڕاگر هەیە لە دەرەوەی ڕێكخستنی كۆمەڵە لە پێنجوین ، گەربەپەسەندی بزانیت پێم باشە لە گەڵ بەشی ڕیكخستنی كۆمەلە لە پێنجوین كاربكەم. ئەو بە پێكەنینەوە پرسی من ناوت نەدەمێ چۆنیان دەدۆزیتەوە؟ ووتم مامۆستا شێخ عەزیز داوای لێكردووم كاری ڕیكخستنیان لەگەل بكەم، بەڵام هێشتا وەڵامم نەداوەتەوە. پاش باسێكی تێروتەسەل پەسەندیكرد، بەو مەرجەی ڕێكخستنی كۆمەڵە لە پێنجوین نابێت بە هیچ جۆرێك بزانێت كە تۆ پەیوەندیشت هەیە بە ڕێكخستنی كۆمەڵە لە سولەیمانی و بە هیچ جۆرێكیش باسی ئەو ئەڵقانە نەكەیت كە لاتن. پەیوەندیەكان بەو شێوەیە بمێنێتەوە تا بە یەكجاری دەگوێزرێیتەوە بۆسولەیمانی.

هەر كە گەڕامەوە پێنجوێن ئاگاداری مامۆستا عەزیزم كرد كە ئامادەم پێكەوە كار بكەین و ناوی نهێنی (وەرگێر)یان بۆ دانام. لە ماوەی چەند مانگێكدا پەیوەندیمكرد بە چەندین مامۆستاوە، لەوانەی بیرم مابن مامۆستا لەتیف حاجی محمد

قوربانی. مامۆستا رفیق قارەمانی، مامۆستا بەكر (دواتر بووە زاوای مامۆستا لەتیف)، دواتریش پەیوەندیمكرد بە مامۆستا فائق مجیدەوە، دوای ئەوەی وازی لە حزبی شیوعی هێنا...سەبارەت بە مامۆستا فایەق وەك وەفایەك بۆ خۆڕاگری و تێكۆشانی بە پێویستی دەزانم هەندێ ڕوونكردنەوەی لە بارەوە بدەم. ئەودەم من گواستراموە بۆ پێنجوین (مامۆستا فایەق مجید) پێموابێت ئەندامی لیژنەی ناوچەی حزبی شیوعی و ئەندامی لیژنەی بەرەكەی بەعس و شیوعی بوو لە پێنجوین. هەردووكمان لە یەك قوتابخانەبووین، هەر بەو بۆنەوە سەردان و هاتووچۆی خێزانیمان لە نێواندا هەبوو، هەر لە یەكەم سەردانم بۆ مالیان، دیم كتێبخانەیەكی خنجیلانەی باشی هەبوو زۆربەی هەڵبژێردراوەكانی لینین(مختارات لینین) تێدابوو، پێمووت منیش لە مالّمان لە سولەیمانی كتێبخانەیەكی گەورەم هەیە، هەموو جۆرە كتێبێكی لە خۆگرتووە، سەرەتا ئەو دەیویست لە سیاسەت بدوێت. ووتم گەر حەزت لە مناقەشەیە ئەوا با بە شێوەیەكی زانستیانە و دوور لە باسی حزبی بێت وەك دوو خوێندەوار زانستیانە لەسەر شیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی بۆچوونەكانی ماركس، ئینگڵز، لێنین، شۆڕشی ئۆكتۆبەر لە نێوان تیوری و پراكتیكدا دەدوێین. پاش چەندین مانگ ئاڵ وگۆڕی بیروڕاو شیكردنەوەو هەڵسەنگاندن هاتینە سەرباسەكانی سەرهەڵدانی ڕیفیزینیزم (التحریفیة) لە سۆڤیەت و هەڵوێستە جیاوازو ناكۆكەكانی تیوری و پراكتیكی نێوان بۆچوونە ئینتەرناسیۆنالیستی و پەرژەوەندییە دەوڵەتیەكانی ئەو ڕژێمە، ڕیشەی كێشەی نەتەوەیی لە وڵاتی سۆڤیەت و نەتەوەكانی دەرەوەی بازنەی سۆڤیەتی، پەیوەندی ئەحزابە شیوعیەكان بە سەنتەری سۆڤیەتیەوە، تێروانینی هەڵەی گشتگیری سۆڤیەتی بۆ سەرهەڵدان وپێكهاتەی چینی بۆرژوا لە وڵاتانی تازە گەشەكردوو. بە تایبەت لەسەر شۆڕشی ئۆكتۆبەرو ڕۆڵی لینین و هێنانی ستالین بۆ سەر دەسەلات، شۆڕشی بۆرژوازی یا سۆسیالیستی، زۆریان لەسەر دواین. ئەو ماوە دووردرێژە من نەك وەك سیاسەتمەدار بەڵكو وەك خوێندەوارێك كە حەزی بە خوێندنەوەیە گفتوگۆمان دەكرد، كە پێموابێت زیاتر لە دووسالّی خایاند. ڕۆژێك بە خێزانیی هاتن بۆ سەردان بۆ مالّمان، هەموو بەرگەكانی نووسینەكانی هەڵبژاردەكانی لینینی بۆ هێنام، ووتی ئەوە دیاری منە بۆتۆ باشە. ئاگاداریكردم وازی لە ئەندامێتی حزبی شیوعی و بەرە هێناوە، دوای ئەو وازهێنانەی، ڕژێم سەرەتا داوایان لێكرد بیكەنە قائمقامی پێنجوین قبوڵی نەكرد. ڕژێم كە زانی بە هیچ جۆرێك ملیان بۆ نادات ئەوسا كەوتنە هەڕەشەو گوڕەشە، كە زانییان ئەوەش كەڵكی نییە، دواتر لە مامۆستایی لایانبردو دووریانخستەوە بۆ خواروی عێراق. هەر لەودەمەدابوو كە ئەو هەڵوێست و خۆڕاگری و قوربانیەم لێدی، وەك كۆمەڵە خۆم پێناساند و ئەویش بەسنگێكی فراوانەوە قبوڵی كاركردنیكرد لە كۆمەڵەدا و بووە ئەندامیكی چالاكی كۆمەڵە. لە ڕێگای منەوە سەرەتای پەیوەندی بە كۆمەڵەوە

دەستی پێكرد. هەرجارێک لە باشووری عێراقەوە بهاتایەتەوە بۆ كوردستان سەردانی ئەكردم ولەسەر هەموو مەسەلەكان دەدواین.

هەواڵی دروستبوونی یەكێتی نیشتمانی كوردستان

لە سەردانێكمدا بۆ سولەیمانی مامۆستا سەركەوت دروستبوونی یەكێتی نیشتمانی كوردستانی لە دەرەوەی وڵات پێراگەیاندم، پرسیم بەرنامەیان، فیكرو سیاسەتیان چی یە؟ ئایا بەیانی دروستبونیان ڕاگەیاندووە؟ كێن؟ پەیوەندی كۆمەڵە بە یەكێتی نیشتمانییەوە چی یە؟ وتی پرسیارەكانت لە جێی خۆیدان، باشترە پەلە لە وەڵام نەكەین تا بەیانی دروستبوونەكەمان دەگاتەدەست. ووتم زۆر بە پەرۆشم بزانم ئەمانە كێن و چین و چۆن بیردەكەنەوە ؟ ئاخۆ تێروانینیان لەسەر مەسەلەی چینایەتی لەسەر ئاستی كوردستان ،عێراق، ناوچەكەو جیهان چی یە؟ چۆن لە ئینتەرناسیۆنالیزم گەیشتوون؟ چۆن دەڕوانن ستراتیژی ئەمنی قەومی كوردی؟ زۆر گرنگە پۆزەتیف بیربكەنەوە. كۆتایی چاوپێكەوتنەكەمان بەوە هات چاوەڕوانی بینینی بەیانی دامەزراندنەكە بین ئەوساقسەی لەسەر بكەینەوە.

كاتێک بەیانی دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانی ونامێلكەی(الاتحاد الوطنی لماذا؟)م بینی (كە هەردووكیان جەلال تاڵەبانی نووسی بوونی)، لە بەیانی یەكەمی دامەزراندنی یەكیتی نیشتمانی دا، بێ ئەملاو ئەولا نووسرابوو(الرجعية الكردية العميلة **تعتبر العدوة الرئيسية الاولى** لحركة شعبنا التحررية)([1]) بە پێێ ئەو بڕگەیە ناكۆكی سەرەكی كورد لەگەڵ ڕژێم نەبوو! بەلكو لەگەڵ (الرجعية الكردية العميلة) بوو، كە بێ پەردە مەبەستی لە (القيادة الموءقتة) بوو. ئەو بۆچوونە هەمان بۆچوونی

(1) (بەیانی یەكەمی دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان)، لە كتێبی یەكێتی ی نیشتمانی ی كوردستان، نووسەر سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، سلێمانی ،٢٠٠٢پاشكۆی ژمارە پێنج لاپەڕە ٢٣٢ . بەڵام نەوشیروان مستەفا لە كتێبی (لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ)لاپەڕە ٧١ دەڵێ دەقی ئەو بابەتە لە)نامێلكەی الاتحاد الوطنی لماذا؟)نی یەو دەنووسێ: بە دوای ئەمەدا، نامێلكەیەک بە سەرناوی "الاتحاد الوطنی الكردستانی لماذا؟"بڵاوكرایەوە.ئەم نامیلكەیەش مامجەلال بە عەرەبی نوسی بوی. شەهید ئارام لە كوردستان كردی بە كوردی.پارتی تا ئێستاش وا ئیدعا ئەكا كە یەكێتی بۆ لە ناوبردنی پارتی دامەزراوەو،ئەم نامێلكەیە ئەكات بە بەڵگە.گوایە لەم نامیلكەیەدا نوسراوە:" ناكۆكی سەرەكی یەكێتی لەگەڵ پارتیەو، پارتی دوژمنی سەرەكی یەكێتی و كوردە؟".نەو شیروان دەنوو سێت: ڕاستیەكەی ئەوە واهیمەی سەرانی پارتیە ئەگینا شتی وا لەم نامێلكەیەدا نیە. گەر خوێنەر بە وردی سەیری نووسینەكە zبكات، ئەو دەقی ئەو نووسینەی نەوشیروان كە پاس لە دوژمنی سەرەكی دەكات، لە بەیانی یەكەمی دامەزراندنی یەكێتی دا هاتووە، بەڵام ئەو دەڵێت لە (نامێلكەی الاتحاد الوطنی لماذا؟)دا نی یە!

سەردەمی جەلالی بوولە شەستەكانی سەدەی بیستەمدا. ئەو بۆچوونەش زۆر ناكۆك بوو بەو نامەیەی جلال تاڵەبانی نووسییووی بۆ بارزانی (دەربارەی دامەزراندنی ئەم رێكخستنە نوێ یەو، دڵنیایكردبوو لەوەی كە نەك دژی بارزانی نابێ بەڵكو بەچاوی سەركردەی جوڵانەوەی كورد سەیری ئەكاو، بۆ پشتیوانی لەو ئەبی هەر هەنگاوێ بنی.)([1])

لە ١٩٧٥/٩/١١ بە بۆنەی بیرەوەری چواردە ساڵەی شۆڕشی ئەیلولەوە دیسانەوە یەكێتی بەیانێكی دەركرد، پڕبوو لە بۆچوونی هەڵەو چەواشەكاری و دژبەیەك، گەر لەسەری بنوسرێت بە كتێبێك تەواو نابیت. لێرەدا بە كورتی چەند خاڵێكی دەخەمە بەرچاوی خوێنەر:

+ . لە باتی بانگەوازی یەكریزی هیزە سیاسی یە كوردیەكان، لە چوارچێوەی (ململانێ و یەككرتن) دا، بە هێرشێكی توند بۆ سەر (القیادة العشائریه البرجوازیة العمیلة) كە مەبەستی (القیادة الموءقتة - سەركردایەتی كاتی پارتی) بوو دەستی پێكردبوو. دیارە ململانێ و كێبركێی سیاسی، فیكری، ئایدۆلۆژی، نێوان هێزە سیاسیەكانی گۆڕەپانی خەبات ڕەوایە، بەڵام لەو هەل و مەرجەدا كە كورد پێویستی بە یەكریزی هەبوو، دانانی هێزێكی سیاسی كوردی ئۆپۆزیسیۆن بە (ناكۆكی سەرەكی)(دوژمنی سەرەكی) هەڵەیەكی سیاسی گەورەبوو، كە تا ئەمساتە وەختە كورد پێوەی دەناڵینیت و بووە مایەی لە دەستدانی گیانی هەزاران لاوی كورد لە سەر دەسەڵات.

+ . یەكیتی لە بەیانی دامەزراندنەكەیدا نووسی بووی (دبرت الاوساط الامپریالیة الامریكیة عن طریق وزیر خارجیتها هینری كیسنجر الاتفاقیة العراقیة الایرانیة)بە هیچ جۆریک خۆی نەدابوو لە ڕۆڵی یەكیتی سۆڤیەت لەهێنانەدی ئەو ڕیكەوتنەدا، لە بانگكردنی شا بۆ مۆسكۆو داواكاری سەرانی سۆڤیەت لە شا بۆ ڕیكەوتن لەگەڵ سەدام، لایەنی دەرەكی ئەو ڕێكەوتنە لە ئەنجامی پلانی هاوبەشی ئەمریكاو سۆڤیەت بوو، لێكتیگەیشتنەكانیشیان لە لاوس و فیتنام و كەمبۆدیاوە دەیگرتەوە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، هەریەكەیان ڕۆڵی خۆی گێرابوو بۆ ئەنجامدانی ڕێكەوتنەكە.

+ . آلامپریالیة دفعتا القیاده الیمینیه الی (قطع علاقاتها مع القوی التقدمیة العربیة و الدول الصدیقة للشعب الكردی)، بەڵام یەكیتی ڕوونی نەكردبۆوە ئەو هێزە (پێشكەوتووخوازانه ؟ لە كوێ بوون كاتێک ڕژێمی عیراق شاڵاوی سەربازی بۆسەر كوردستان دەهێنا، یا كاتێک هەرەس ڕوویدا؟ مەبەستی تاڵەبانیش لەو هیزە پێشكەوتنخوازانه بەعسی سوری بوو، مەبەستیشی لە وڵاتانی دۆست یەكێتی سۆڤیەت بوو كە ڕۆڵی لە ڕۆڵی ئەمریكا كەمتر نەبوو بۆ ڕازیكردنی شا لە مۆسكۆ، لە كاتێكدا ئەمریكاش لە ڕێگەی ئوردن و ئەو دەوڵەتانەی تاڵەبانی بە

[1])لە كەناری دانوبەوە بۆ خری ناوزەنگ- نوسینی نەوشیروان مستەفا -لاپەڕە -43.

(پێشـــكەوتنخواز) نـاوی بردبوون وەک میســـر و جەزائیرلە هەوڵی ڕازیکردنی عێراقدا بوون بۆ ڕیکەوتن لەگەڵ شا.

+ . لە بەیانەکەدا مەرجی تەواو ســـەیر هاتووە (لایجوز التحالف الّا مع القوی الصـدیقة) مەبەسـتی تالّەبانیش دیسـانەوە لە عەرەب و دەوڵەتی سـوریاو حزبەکەی بوو، مەســەلەکە تەنها زەمکردن بوو بەســەر قیادە موەقەتەدا ســەبارەت بە خۆبردنە پێشــەوە لە حزبی بەعســی ســوری، چونکە خودی قیادە موەقەتە لەو دەمەدا ئەویش وەک یەکێتی پەیوەندیشی بە بەعسی سوری و حافظ ئەسـەدەوە هەبوو. نەوشیروان مستەفا دەڵێت: " مەسعودو وەفدەکەیان لە هەوڵی ئەوەدابوون پەیوەندی قیادەموەقەتە **نوێ** بکەنەوە لەگەڵ هەمو لایەک. خەریکی گفتوگۆبوون لەگەڵ حکومەتی ســوری و،حزبی بەعس و، "التجمع الوطنی العراقی" وحزبە کوردی یەکـانی ســوریـاو، ڕێکخراوە فەلەســتینیەکان"([1]). ئەو شــێوازی دەربڕینە داســەپێنەرانەیە ڕوونە هەرکەسـێک لە دەرەوەی ئەو بۆچوونە (لایجوز) هەبیت دەچێتە خانەی دوژمنانەوە، ئەوەش دیسانەوە ڕەتکردنەوەی هەر ڕاو بۆچوونێکی پێچەوانەی ڕاکانی ئەوان بوو. بانگەوازێکی ئاشکرای شەڕی ناوخۆبوو.

+ .لە نامەکەی تالّەبانیشــدا بۆ ئیدریس و مەســعود لە ١٩٧٦/٨/١٤ دوو مەرج دادەنێت بۆیان کە ئەویش یەکەم : قیادەموەقەتە **دەبێت** دەســتبەرداری (ئیمپریالیزمی ئەمریکی وئیسرائیل و سەنتۆ بێت) دووەمیش **دەبێت** قبوڵی بەرنامەو سەرکردایەتی (التجمع الوطنی العراقی)([2])بکەن، کە بەعســیەکانی ســەربەســوریا ڕێبەرایەتیان دەکرد.([3]) لە کاتێکدا هەندێ لە ئەندامانی دەســتەی دامەزرینەر (وەک نەوشــیروان مســتەفاو عادل موراد) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نەبوون([4]) ، بەڵام تالّەبانی ســەپاندی. هەر ئەو هۆکارەش بوو یەکێتی لە ڕۆژانی یەکەمەوە بانگەوازی بۆ بە عێراقیکردنی شــۆڕشــی کوردی دەکرد لە ژێر دروشــمی(الثوره العراقیة المندلعة من جبال کوردستان) وە لە بەعسی یەکانیش عێراقیتر بوو.

+ . یەکێتی نیشــتمـانی لەدروســتبوونیەوە هـاوخەبـاتیی خۆی لەگەڵ هێزە عەرەبییەکانی وەک بەعســی ســوری وئیشــتراکی عەرەب و ناســرییەکان و

---

[1]) لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ-نووسینی نەوشیروان مستەفا-لاپەڕە 131.

[2]) **التجمع الوطنی العراقی**: پێکهـاتبوو لەم حزب و ڕێکخراوانە " حزب البعـث العربی الاشــتراکی – قیادە قطر العراق.احمد العزاوی و باقر یاســین - الحرکة العربیة الاشــتراکیة-عبدالاله النصـراوی، جواد الدوش،عونی قلمجی -الحزب الشـیوعی العراقی (القیادة المرکزیة) ابراهیم علاوی- الحزب الاشتراکی رشید محسن ، مبدر الویس - موءتمر القومیین العرب ایاد سعید ثابت.

([3]) لە کەناری دانوبەوە بۆ خری ناوزەنگ، نووسینی نەوشیروان مستەفا- لاپەڕە 97-102.
6) هەمان سەرچاوەلاپەڕە-66.

فەلەستینیەكان كردبووە خاڵی ستراتیژی ناوەندی كاری خۆی، لە كاتێكدا ئەو هێزە عەرەبیانە، لە پێشیانەوە حزبی بەعسی سوری نەك هەر مافی كوردیان نەدەسەلماند بەڵكو بەئاگرو ئاسن بەرەوڕووی كورد دەبوونەوە لە سوریا، تەعریبی ناوچە كورد نشینەكان بەردەوام بوو، هەموو ناوە كوردیەكانی ئەو شوینانەشیان بە عەرەبی كردبووە ئامانجیان. بەعسی سوری وەك شای ئێران تەنها مەبەستی بەكارهێنانی كوردبوو لەو ململانێیەی بۆ دەسەڵات هەیبوو لەگەڵ بەعسی عێراقیدا. ڕووبەرووبەعسی سوری و عێراقی خاوەنی هەمان ئایدۆلۆژی شۆڤێنست و فاشستین، ئەوە لە كاتێكدا یەكیتی نیشتمانی لایەنێكی ئۆپۆزیسیۆنی وەك قیادەی موەقەتەو دواتریش كە حزبی سۆسیالیستی دژی سیاسەتەكانی شەڕی ناوخۆو خۆسەپاندنی جەلال تاڵەبانی وەستانەوە خستنیە خانەی {(دوژمنی سەرەكی)ناكۆكی سەرەكی}یەوە. موخابەراتی سوری كاتێك لە سەرەتادا بڵاوكراوەكانی یەكێتی بە چاپ دەگەیاند و چەك و پارەی پێدەدا لە خۆشەویستی یەكێتی و كورد نەبووە. ئەویش وەك ئێران بەو كۆمەكانە دەیویست كورد بۆ پەرژەوندی یەكانی خۆی بەكاربهێنیت.

+ . ڕاستە ، پارتی بە كوشتنی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕیكانی تاوانێكی گەورەی ئەنجامدا. بەڵام ئەو سیاسەتە پاوەنخوازیانەی تاڵەبانی لە سەرەتای دامەزراندنی یەكێتی دا، بووە مایەی لە دەستدانی گیانی ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێكانی لە لایەك و لە لایەكی تریشەوە بووە هۆی ئەوەی یەكیتی نەتوانێت لە ناوچەكانی بادینانەوە پەیوەندی بە ناوەوەی باشوور بكات، تا ١٩٧٧/٣/١كە حكومەتی بەعسی سوریا مەسعود بارزانی بانگهێشتی سوریا كردوو ڕێكەوتنامە سێ قۆڵیەكەی حزبی بەعس بە ئیمزای باقر یاسین و یەكێتی نیشتمانی بە ئیمزای جەلال تاڵەبانی و پارتی دیموكراتی كوردستان سەركردایەتی كاتیی بە ئیمزای مەسعود بارزانی مۆركرا.

جلال تاڵەبانی لە سەرەتای دروستكردنی یەكێتی نیشتمانی دا "ڕەئی وابوو كە هەموو تێكۆشەرانی كورد لە چەپەوە بۆ ڕاست لە)یەك ڕێكخراوی فراواندا یەك بخرین "()[1]بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی لەگەڵ زۆركەس كردبوو، بە تایبەتی ئەو ئەندامانەی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كە هاتبوونە دەرەوەو، لەگەڵ ئەوانەی نوێنەری بارزانی بوون. ئەم بیرە سەری نەگرت". مەلا بەختیاریش دەڵێت" سەرەتا مام ویستویەتی حزبێكی وەكو (ڕزگاری) چلەكان دابمەزرێنێ بەڵام سەركردایەتی كۆمەڵە ڕازی نەبووە، سەرنجام لە یەكێتیدا ساغ بۆتەوە(دەڵێت ئەوەشم لە كاك فەرەیدون بیستووە).([2]) بە هەرحاڵ ئەو ئاواتەی تاڵەبانی بۆ دروستكردنی حزبێك كە خۆی سەركردەو ڕابەری بیت بەهۆی هەڵوێستی كۆمەڵەوە گەرچی لەو دەمەدا سەری نەگرت. بەڵام هەمیشە خاڵێكی ناوەندی بیر و كاری تاڵەبانی بوو. خەونی

[1]) لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ-نوسینی نەوشیروان مستەفا-لاپەڕە-42 .
[2])چۆن چەپكێك و كام مێژووی كۆمەڵە- نوسینی مەلا بەختیار- لاپەڕە - 267-268 .

ئەو، دروستكردنی حزبیكی تاقانەی باڵادەست بوو كە خۆی سەركردەی بێت. سەر نەگرتنی ئەو بیرەی تاڵەبانی، بووە هۆی ئەوەی بە ناچاری قبوڵی (شێوە بەرەییەكەی یەكێتی) بكات. پاش ئەوەی یەكێتی وەك نیمچە بەرە ناسێنرا، تاڵەبانی لە هەوڵی تواندنەوەی باڵەكانی ناو پێكهاتەكانی یەكێتی (كۆمەڵەو بزوتنەوە) نەكەوت، ئەوەش دواتر بووە مایەی شەڕێكی خوێناوی گەورە لە ناو خودی باڵەكانی یەكێتی دا. ئەو حزبەی ئەو خەونی پێوەدەدی هەمان حزبە كلاسیكیە ستالینیستیەكەبوو، كە بە سواری كۆڵی كۆمەڵەو بزوتنەوە، دواجار بە دەرپەراندنی خوێناوی بزوتنەوەو دواتر هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە هێنایەدی.

"یەكێتی پاش مانگی شوباتی/١٩٧٦ لە كوردستاندا دۆست و لایەنگری بۆ پەیدابوو"([1]) مەلابەختیاریش بە مانگی مایسی/١٩٧٦ناودەبات و دەڵێت "سەرەتا مام ویستویەتی حزبێكی وەكو (ڕزگاری) چەكان دابمەزرێنێ، بەڵام سەركردایەتی كۆمەڵە ڕازی نەبووە، سەرنجام لە یەكێتیدا ساغبۆتەوە، دەشڵێت ئەمەم لە كاك فەرەیدون بیستووە." هەروەها دەڵێت " پەسەندكردن و چوونە ناو ڕیزەكانی یەكێتی، سەرەڕای ئەوەی جیاوازی لە نێوان مامجەلال و سەركردایەتی كۆمەڵەدا لەسەر ناكۆكی سەرەكی وبنچینەیی و ڕیبازی كۆمەڵە، هەروەها لە نێوان سەركردایەتی كۆمەڵەو مام جەلالیشدا هەبووە، بەڵام لە دوائاكامدا، سەركردایەتی كۆمەڵە پێش گرتن و ڕاوەدوونانی لە لایەن ڕژێمەوە، بە باوەڕی تەواوەوە، یەكێتی پەسەندكردووە"([2])

. لە شوێنێكیتردا دەڵێت" لەوماوەیەدا، دوای دەوروبەری شەش مانگ لە دامەزراندنی یەكێتی، كۆمێتەی هەرێمەكان پێكهێناوەو دوای سااڵێكیش. ئینجا پەیوەندی بە مامجەلالەوە كردووەو، هەتا كۆمێتەی هەرێمەكان پەیوەندیمان بە مامجەلالەوە نەكردو نەمانزانی كوت و مت ئەوان چی دەكەن و بە تەمای چین لە كوردستاندا، لە خۆمانەوە یەك شانەی یەكێتیشمان دروستنەكرد "([3]). بەوجۆرە ی مەلابەختیار دەیڵێت شەش مانگ دوای دامەزراندنی یەكیتی لە١٩٧٥/٦/١، كۆمێتەی هەرێمەكان دروستكراوە و دوای ساڵێكیش ئینجا پەیوەندیان بە تاڵەبانی یەوە كردووە و تا ئەو دەمە وەك ئەو دەڵێت یەك شانەی یەكێتی یان دروست نەكردووە، واتە ساڵ و نیوێك دوای دروستكردنی یەكێتی لە سوریا كە دەكاتە **شوباتی** ١٩٧٦ئینجا دەستكراوە بە دروستكردنی شانەی ڕێكخستن بۆ یەكێتی.هەروەها دەڵێت "یەكەمین

---

[1]) چەپكێك لە میژووی كۆمەڵە-نوسینی ئیبراهیم جەلال-لاپەڕە- 233.

[2]) چۆن چەپكێك و كام مێژووی كۆمەڵە – نوسینی مەلابەختیار- لاپەڕە 268 وە 278.

[3]) هەمان سەرچاوە لاپەڕە – لاپەرە 278 .لەم لاپەڕەدا نووسیویەتی: كە دوای مانگی (5/ی/1976)پەیوەندیمان بە مام جەلالەوە كردو بەرنامەكەمان زانی....

شانەی ڕەسمی، بەندە وەكو سەرپەرشتیاری پێكهێنانی ڕێكخستنەكانی یەكێتی، پێكمهێنا،شانەی ژنان بوو.."([1])

لە بارەی پەیوەندی نێوان كۆمەڵەو یەكێتی یەوە ئیبراهیم جەلال لە كتێبی چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵەدا دەڵێت(كۆمەڵە بۆ یەكیتی بوو بەو دایكە میهرەبانە بە بەزەیی و بە ویژدانەی، كە هەر لە ڕۆژی لەدایكبوونی یەكێتیەوە، بە خوینی ڕۆڵەكانی، یەكێتی پەروەردەكردو گۆشیكردن و بەردەوام بوو، لە خوێن و گیان و بیری پاك پی بەخشینی، یەكێتیش وەك ئەو ڕۆڵە بێ ئەمەكە، بێ وەفایە، سپڵە بێ ویژدانە، وابوو، كە لە ئاهەنگی یەكەم كۆنگرەی خۆیدا لە باتی شەربەتی شادی پەرداخیک زەهری دەروونی خۆی، بۆ كۆمەڵە كرد بە دیاری پاداشت و پاش بە دەستهینانی تاجی سەركەوتنی خەبات و رزگاربوونی و وڵات بەدەركردنی دوژمن، كاری بە كۆمەڵە نەماو بگرە بە ئەڵتەرناتیفی خۆشی زانی و لەوەش ترسا، كە كۆمەڵە ببێتە ئەو حزبەی كە بتوانێ ڕۆڵی پێشرەوی و هاوكاری و هاوخەباتی بگێڕێ) ([2]).

دوای هەرە سی شۆڕشی ئەیلول، پێویست بوولە سەر بنچینەی (یەكگرتنی دژەكان)و (یەكیتی كارو ململانێی) ریزی مالّی كورد پێش هەرشتێكیترلە بەرچاوبگیرایە، بە تایبەتی ژێرخانی چینایەتی هەردو لایەنەكە جیاوازی نەبوو، هەردولا نمایندەی بۆرژوا كۆنەپەرستی نا ئازادیخوازو نا دیموكراسی خوازی وابەستە بوون، بەڵام بە ڕوونی دیاربوو ئەوەی بایەخی پێنەدراوە دیاریكردنی دروستی ناكۆكیەكان بووە. دیاریكردنی قیادەی موءقەتە و دواتر حزبی سۆسیالیستی كوردستان و دوای ئەویش پاسۆك ودوای ئەوانەش لایەنە نەیارەكانی یەكێتی لە ناو خودی یەكێتی و كۆمەڵەدا بە(ناكۆكی سەرەكی) (دوژمنی سەرەكی) یەكیتی. نەك هەر هەمان خوێندنەوە جەلالیەكانی شەستەكان بوو، كە ئەودەمەش جەلال تاڵەبانی هێزە فاشست و شۆڤێنستە عەرەبەكانی بە بەرەی (نیشتمانپەروەر)و(پێشكەوتنخواز) و نەیارانی سیاسیان بە بەرەی كۆنەپەرست و بەكرێگیراوی ئێران، ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم دادەنا. (لە بەشەكانی پێشتر ڕوونم كردەوە كە سەرانی جەلالی خۆیان دەستپێشخەری یەكەم بوون لەشەستەكاندا لە پەیوەندی بە ڕژێمی شا و ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزمیشەوە) (١-بروانە بەشی دووەمی ئەم نووسینە. ٢- بڕوانە كتێبی نهێنی یەكانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥- ی ئەلجەزایر- نووسینی عەقیدی ساواكی ئێرانی عیسی پژمان). لێدانەوەی ئەو قەوانە زەنگێكی مەترسیدارىوو بۆ دیسانەوە بانگەوازی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەمجارەیان بە ناوی یەكێتی نیشتمانی یەوەو لە لایەن یەكێتی نیشتمانی یەوە.

---

[1]) چۆن جەپكێك و كام مێژووی كۆمەڵە- نوسینی مەلا بەختیار- لاپەڕە 279.

[2])كتێبی چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە- نووسینی ئیبراهیم جلال- لاپەڕە – 101-102.

ئەوهێرشـــانەی یەكیتی بۆ ســـەر پارتی و ئێران، وایكرد **ئێران** جم وجوڵی ســـەركردایەتی كاتیی پارتی چاولێبپۆشـــێت، لە بەرامبەر جموجوڵە ســـیاســـی و ڕاگەیـاندنیەكـانی یەكێتی دا. دوای ئەوەی ســـەركردایەتی قیـادە موەقەتەی پـارتی دروســـت بوو، كەوتنەوە پەیوەندی بە ڕێكخراوەی خوێندكارانی ئەوروپاو دەوڵەتی سوریا، لەوڵاشەوە " قیادەی موەقەتە لە ئێرانەوە جەوهەر نامیق و كەریم سنجاریان بۆ ناوچە ســـنورییەكانی توركیا و، محمد قادر(ناســـراو بە كەمال كەركوكی)، شـێركۆی شـێخ عەلی ســەرگەڵو، فازڵ جلال(عادل)یان نارده ناوچەكانی سـۆران. كەمال و شێركۆو فازل، چەندین كەسی وەكو فەقێ سمایلی یاخیان، ستاری سەعید خەڵەف، عەبـدولمەلیكیـان هەڵگیرایەوە...جەوهەرنـامیق و كەریم ســـنجـاریش، مەفرەزەكانی بادینانیان تەفروتووناكرد".([1]) مەفرەزەكانی بادینان لە ٣٧ پێشـــمەرگە پێكهاتبوون كرابوون بە چوارمەفرەزەوە شەهید ئیبراهیم عەزۆ فەرماندەیی دەكردن. **نەوشیروان** دەڵێت"راستیەكەشی قیادەی موەقەتە گیروگرفتیكی ڕاستەقینەو گەورەی بۆ یەكێتی دروســـتكردبوو لە هی عێراق و ئێران و توركیا گەورەتربوو. ئەمان بە ناوی پارتی پێشرەو وهەڵگیرسانەوەی شۆڕشەوە كاریاندەكردو ناوبانگی بارزانی و پارتی وشـۆڕشـی كوردیان بەكار دەهێنا بۆ دوژمنایەتی یەكێتی"یەكێتی نیشـتمانی لە ســـوریـاو قیـادەموەقەتە لە ئێران كەوتبوونە جموجوڵ. ئەم دوو ڕێكخراوە بە ئەندازەیەك لەگەڵ یەكدا ناكۆك بوون، هەریەكەیان ئەویست ئەویتریان لەناوببات. ئەم ناكۆكییە ڕەنگی دابۆوە هەم لە ناو ڕیزەكانی مەفرەزە چەكدارەكان و، هەم لە جم و جوڵی سیاسی ئەم دوو لایەنەدا لەناوەوەو لە دەرەوە" ینک سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ قیادە موەقەتە ناكۆك بوو، لە ناوخۆشـــیدا ناتەبابوو، چەند بیروبۆچونی جیاواز، بەڵكو لە چەند ڕێكخســـتنی جیاواز پێك هاتبوو. جۆری بیركردنەوە، كاركردنیان لەگەڵ یەك جیاوازبوو"([2])

نەوشـــیروان دەڵێت: "قیـادە موەقەتە پەیوەنـدی لەگەڵ حكومەتی ســـوریـا دامەزراندبوو، ئەوانیش وەكو ئێمە ئازادی هاتوچۆو كاریان هەبوو. " ([3])هەروەها دەڵێت"جم و جوڵی بنەمالەی بارزانی لە مانگەكانی شوبات و مارتی ٧٧دا نمونەیەكە لە جۆری ڕەفتاری سیاسی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ ڕووداوەكاندا لەوەتەی سەركردایەتی جوڵانەوەی كوردیان گرتۆتەدەست:

- مەلامســـتەفـا لە واشـــنتۆن خەریكی تـازەكردنەوەی پێوەنـدی بوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەمریكی.
- ئیدریس لە كەرەج خەڕێكی سەرپەرشتی چالاكییەكانی قیادە موەقەتە بوو، كادرو مەفرەزەی ئەناردەوە بۆ كوردستانی عیراق.([4])

---

[1]) لەكەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ- لاپەڕە 93.
[2]) لە كەناری دانوبەوە بۆ خری ناوزەنگ- نەوشیروان مستەفا-لاپەڕە 97 .
[3]) هەمان سەرچاوە –لاپەڕە- 12.
[4]) هەمان سەرچاوە –لاپەڕە – 129-130 .

هەر لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتیەوە، ئەوەی ترسی لێدەکرا ڕوویداو، دیسانەوە سەنگەری شەڕی ناوخۆ لەیەک گیراو شەڕی دەسەڵات و پەرژەوەندی حزبی و تاکە کەسی باڵی ڕەشی خۆی کێشایەوە بەسەر باشووری کوردستاندا. تا ١ ی مارتی ساڵی ١٩٧٧ یەکێتی نەک هەر نەخشەی بۆ کردنەوەی بنکەی پێشمەرگە لە بادینان شکستیخوارد، بەڵکو نەشیتوانی هێزی خۆی بە تورکیاو بادینانداڕەوانەی باشووری کوردستان بکاتەوە.

سوریا، لە دژایەتیدا بەرامبەر بە ڕژێمی بەعسی عیراقی کە دەیویست یەکێتی و پارتی وەک سەرەڕم بەکاربهێنێت، ناکۆکی یەکێتی و قیادەموەقەتەی پارتی پێ باش نەبوو. ئەیانزانی پارتی لە تورکیا نفوزو دەسەڵاتیان هەیەو، بە بێ کرانەوەی ڕێگای تورکیاش یەکێتی نەیدەتوانی هێزبەرێتەوە بۆ باشوور، سوریەکان مەسعودیان بانگهێشت بۆ سوریا. لە ئوتێلی "میریدیان " میویانداریانکرد. لە ژێر چاودێری و هاوکاری بەعسی سوریا و سەرپەرشتی باقر یاسین ی حزبی بەعسدا یەکێتی و پارتی ڕێکەوتننامەی دیمەشقیان مۆرکرد کە هێرش و شاڵاوی سەربازی و ڕاگەیاندن بۆ سەریەکتری ڕاگرن و، پارتی ڕێگە نەگرێت لە هاتووچۆی پێشمەرگەکانی یەکێتی و ناردنی چەک. لە یەکێتی جەلال تاڵەبانی و لە سەرکردایەتی کاتیی پارتیش مەسعود بارزانی و لە حزبی بەعسی عەرەبیش باقر یاسین ڕێکەوتن نامەکەیان مۆرکرد. نەوشیروان دەڵێت: **"مەسعود داوای لە مام جەلال کرد** بوو: بادینیەکان بگەڕێنەوە بادینان و، سۆرانیەکان بگەڕێنەوە ناوچەی سۆران. مام جەلال ڕەزامەندی پیشاندابوو، بەڵام بە ئێمەی نەووت.!([1])

شەهید یاسین محمد حەسەن (یاسینە ڕەش)
(کەم ژیان و کەڵ ژیان)

هەرجارێک بهاتمایەوە بۆ سوولەیمانی گەر بۆ جارێکیش بووبیت، چاویشم دەکەوت بە هاوڕێی خۆشەویستم یاسین محمد حسن. لە سەرو جادەی ئۆرزدی یەوە محمد مام عەلی چایخانەیەکی کردبۆوە، لەو هاوڕێیانەی سەردانی ئەو چایخانەیەیان دەکرد، یاسین محمد حسن، ئیسماعیل قاسم، سەڵاحی موهەندیس، هەر لەوێ حەمەی مام عەلیشم ناسی. باوەڕێکی یەکجار زۆرم بەو هاوڕێیانەم هەبوو، دڵنیابوم کەسانێکن هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان چۆک بۆ ڕژێم دانادەن. بیرمە لە پشووی هاویندابوو وەک گەڵێکجاریتر پیاسەماندەکرد، ئیسماعیل قاسم ڕوویتێکردم و پرسیاری لێکردم: گەررۆژێک پێویستم بە ماڵی تۆبێت بۆ خۆ حەشاردان تا چەند

[1]) نەوشیروان مستەفا کتێبی لە کەناری دانوبەوە بۆ خرەی ناوزەنگ. لاپەرە133 .

ئامادەییت تیایە؟ ووتم تێناگەم، چونکە تۆ دەزانیت من بە هۆی کارەکەمەوە لە سولەیمانی نیم، ووتی منیش بۆیە دەپرسم، گەر ڕۆژێک نەمەویت لە سولەیمانی بم و بمەوێت بێمە پێنجوین تا چەند ئامادەی هاوکاریت؟ ووتم بە سەروماڵ. لەولاوە یاسین دەستیکرد بە پێکەنین و ڕوویکردە ئیسماعیل قاسم و ووتی: حەزدەکەی هەر لە ئێستەوە بچۆ من دڵنیام هەر معاشەکەی هەیە لەگەڵت بەشدەکات. ڕوویکردە منیش و ووتی: هیوادارم خۆت لە سیاسەت هەڵنەقورتێنی، تۆ لە خێزانیکی زەحمەتکێشی و خێزانی تریشت بەسەردا کەوتووە، تۆ شتێکت لێبیت ژیانیان سەختتر دەبێت، تۆ ئەوەندە نییە حەمەڕەشیدی برات شەهیدبووە. ووتم ڕاستەمن حەمەڕەشیدی برام شەهیدبووە، تۆش طە ی برات شەهیدبووە، من لە خێزانێکی زەحمەتکێشم تۆش هەروەها. بە هەرحاڵ من نەمدەزانی ئەوان لە کۆمەڵەدا کاردەکەن، ئەوانیش نەیاندەزانی من پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە هەیە.

ئەودەم لە پێنجوین بووم کە بیستم دەست لە پارێزگاری سولەیمانی وەشێنراوە. ئەو ڕۆژگارە سەرباری ئەوەی بە هۆی ئاشبەتاڵەوە خەڵک بە گشتی زۆر لە ڕژێمی بەعس دەترسان و دەسڵەمینەوە، زۆرکەسیش وەرە یان بەردابوو، دەیانویست دەست بە کلاوەکەیانەوە بگرن با نەیبات، کەمیش نەبوون ئەوانەی بووبوونە بەعسی و بەکرێگیراوو سیخوڕو جاش. ڕژێمیش لە هەوڵی فراوانکردنی تۆڕە جاسوسیەکانیدابوو لە ناوخەڵکدا و تادەهات فشاری بە بەعسی کردنی فراوانتر دەکرد. ئەو چالاکیە پێشمەرگانەیەی ناوشاری سولەیمانی دوای تێپەڕینی ڕۆژگارێکی کەم بوو بەسەر لە سێدارەدانی شەهیدان شەهاب و ئەنوەرو جەعفەر. ئەو دەستوەشاندنە بۆ(مرۆڤە کوردپەروەرەکان) ڕووخاندنی دیواری ترس و تۆقاندن و زەنگی سەرهەڵدانەوەی خەبات بوو لە دژی فاشیزم، بە تایبەت بۆ ئەوانەی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا کاریاندەکرد لەو ڕۆژگارە ترسناکە تاریک و بێ هیوایەدا، هەڵکردنی چرای ئومێدو هیوای نوێ بوو. شەهید یاسین محمد حەسەن، بەرپرسی یەکەم دەستەی پێشمەرگەی ناوشار بوو لەو ڕۆژگارە تۆقێنەرەی دوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥.

دەوروبەری مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧٦بوولە پێنجوین بووم، بیستمان هاوسەری پوری خێزانەکەم کە ناوی ئیسماعیل حەمە سالح بوو، هەفتەیەک زیاتربوو، بە وەستانی کوتوپڕی دڵ کۆچی دوایی کردبوو، هەواڵمان نەزانیبوو. کۆچکردوو خۆشەویستی هەموو بنەماڵەکەبوو، بە خەمی هەموانەوە بوو، بە بیستنی هەواڵەکە هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوسەرەکەم و لەنجەی کچم کە هێشتا تەمەن دوو مانگان بوو گەڕاینەوە بۆ سولەیمانی. یەکسەر بۆ سەرخۆشی چووین بۆ ماڵیان کە لە گەڕەکی گاوران بوو. هەستمکرد هەندێک دەرگاو پەنجەرەیان شکاوە، بەلامەوە سەیربوو، باسی چۆنیەتی مردنە کوتوپڕیەکەیان کرد و ووتیان لەو یەک دوو شەوەدا ئەمن

داویانە بەسەر ماڵەکەیانداو دەرگاو پەنجەرەیان شکاندوون و هەواڵی ئیسماعیلیان پرسیووە. ووتیان ئێمەش وتومانە ئیسماعیل بە وەستانی دڵ کۆچی دوایی کردووەو لە سەرقەبران نێژراوە، ئەمنەکان دوای پشکنینی ماڵەکە ووتویانە بە هەڵە هاتووین. بیستنی ئەو هەواڵە کوتوپڕە خستمیە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە، لەخۆم دەپرسی ئەم پیاوە گەرچی مرۆڤێکی زۆر کوردپەروەربوو، بەڵام لە ژیانیدا، خۆی لە توخنی حزبایەتی نەداوە. ئەی گەر بە هەڵە بۆ ئەم هاتبن، ئاخۆ ئەو ئیسماعیلە کێ بێت ئەمن بەدوایدا دەگەڕێت؟ لە پڕێکدا مووچرکە بە هەموو گیانمدا هات کاتێک ناوی ئیسماعیل قاسمی هاوڕێم بە مێشکمدا هات. قەناعەتم بە خۆمکرد ئەوەی ئەمن بە دوایدا دەگەڕێت ئیسماعیل قاسمە. بە خۆمم دەگوت بۆ نا چ ئیسماعیلێکیتر هەیە لەو دەمەدا ئەوەندە کوردپەروەربێت.

دوژمن بە کەم گرتن

بەدەم ئەو بیرکردنەوانەوە، ئیزنم لە ماڵە تەعزیەکەو هاوسەرەکەم خواست کە من دەڕۆم و پاشان دێمەوە، بریارمدا بچم یاسین محمد حەسەنی هاوڕێم بدۆزمەوەو لەو هەواڵەی ئاگاداربکەمەوە، تا ئەویش بەدەوری خۆی ئاگاداری ئیسماعیل قاسم بکاتەوە. بە دەم ئەو بیرکردنەوانەوە ڕووەو بازاری عەسری لە بەردەرکی سەرا ڕۆیشتم. بەرامبەر دەرمانخانەی شەوکەت دوکانێکمان هەبوو کاتی خۆی باوکم سەعاتچێتی تێدادەکرد. لەبەردوکانەکە ڕاوەستابووم لە بیری ئەوەدابووم بچم بۆ بەشی ناوخۆیی زانگۆ، ئەوەی بەرامبەر سینەمای دڵشادبوو. چونکە لە سەردانێکمدا بۆ سولەیمانی یاسین پێی وتبووم کە وازی لە زەرەنگەرییەکەی هێناوەو دامەزراوە بە سەرپەرشتیاری ئەو بەشە ناوخۆیێ یەی زانگۆ. لەو بیرکردنەوانەدابووم، پیاوێک کە ناوی ئەحمەد بوو فەرمانبەربوو لەو دائیرەی پۆستەی لەسەر بازاری عەسریەوەبوو، بە خزمایەتیش دەگەیشت بە یاسینی هاوڕێم، ئەحمەد هاتە بەردوکانەکە کە منی دی بە گەرمی کەوتە هەواڵپرسین، پرسی چۆنە لە سولەیمانیت؟ ووتم بۆ تەعزیە هاتوومەتەوە. لە منی پرسی یاسینت نەدیووە؟ ووتم نەء. باڵی گرتم بردمیە ناو ژووری دوکانەکەوە، یەکسەر ووتی: پێموایە ئەمن بە دوای یاسیندا دەگەڕێن(ئەو هەواڵەش ئەوندەیتر دایچڵەکاندم)، پرسیم چۆن دەزانیت؟ ووتی دوێنێ شەو ئەمن چوون لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار شۆڤێریکیان گرتووە ناوی یاسین بووە، تا بەرەبەیان لە ژێر ئەشکەنجەدابووە، لە بەرەبەیاندا پیاوێکیان هێناوە، دەم و چاویان بە کلێتەیەک داپۆشیوە تا نەناسرێتەوە، هێناویانەتە بەرەوڕووی، ئەویش ووتویەتی ئەمە نی یە، ئیتر بەریانداوە. ووتی ئەو شۆڤێرەی ناوی یاسینەو گیرابوو ناسیاوی منە، خۆی باسەکەی بۆ گێڕاومەتەوە، ووتی پێیان ووتووم بە هەڵە گیراوی

بڕۆ. ئەحمەد ووتی : من یاسینیكیتر شک نابەم لە یاسینی خۆمان زیاتر ئەمن بە دوایدا بگەڕیت. داوای لێكردم هەرچۆنێک بێت بیدۆزمەوەو ئاگاداری بكەم.

یەكسەر ئەوم بە جێهێشتوو ڕووەو بەشی ناوخۆییەكەی زانگۆ كە بەرامبەر سینەمای دڵشادبوو كەوتمەڕێ. كە چوومە ژوورەوە دیم لەگەڵ سێ یا چوار برادەری تریا لە دەوری مێزیک دانیشتبوون خەریکی شفتە خواردن بوون. یاسین هەر كە منی دی یەكسەر هەستاو باوەشی پیاكردم و پرسی ئەوە كەی هاتوویتەوە، ووتم یەک یا دوو سەعات دەبێت، بە هۆی تەعزیەوە هاتومەوە. لەو كەسانەی لەوێبوون و بیرم مابێت، عومەرناوێک دواتر بە ئاوات قارەمانی ناوی دەركرد، عوسمان قژلول و، پێموابێت حەمەی مام عەلیش لەو ساتەدا بۆ سەردانیان هاتبوو. داوام لە یاسین كرد كە دەمەوێت دووقۆڵی قسەی لەگەل بكەم، پرسی شپرزە دەتبینم و ڕەنگت پێوە نەماوە. ووتم بەڵێ تێت دەگەیەنم. چووینە ژووڕێكەوە، بە درێژی باسی ماڵە تەعزیەكەو گەڕانی ئەمن بە دوای ئیسماعیل ناوێكدام بۆ كرد. خۆی ماڵە تەعزیەكەو كۆچكردووی دەناسی. پێمووت من وای بۆ دەچم ئەمن بە دوای ئیسماعیل قاسم و تۆیشدا دەگەڕێن. بەو قسەیە ڕاچڵەكی و پرسی من؟ ووتم بەڵێ تۆش. پرسیم تۆ ئەحمەدی بەرید دەناسی؟ ووتی بەڵێ خزممە. ووتم تۆزێک لەمەوپێش كە دەمویست بۆ لای تۆ بێم و هەواڵی گەڕانی ئەمن بەدوای ئیسماعیل قاسمت پێڕابگەیەنم، لەبەر دوكان بینیم، بە ووردی گرتن و بەردانی ئەو یاسینە شۆڤێرەی كارگەی چیمەنتۆكە ڕێک چۆن ئەحمەدی بەرید بۆی باسكردبووم گێڕامەوە، پێم ووت بە ڕای من و ئەحمەد ، ئەمن بە دوای ئیسماعیل قاسم و تۆدا دەگەڕێن. ساتێک بیریكردەوەو پاشان ووتی باچین بۆ ماڵە تەعزیەكە. نەچوەوە سەر مێزی نانخواردنەكە، بە برادەرەكانی ووت: تا دەڕەوە دەچم ، دوای تۆزێكیتر دێمەوە. لە كۆڵانەكەی تەنیشتی دوكانەكەی ئەمین شەوكەتەوە، كە بەرامبەر بەشە ناوخۆیی یەكە بوو، كۆڵانەو كۆڵان تا گەڕەكی گاوران ڕۆیشتین، بە دەم ڕێگاوە پێم وت : برام بە ڕای من نابێت لە ماڵی خۆتدا بنوویت، دەبیت لە شوێنی كارەكەیشت نەبیت، هەرئەمڕۆ دەبێت بڕۆیتە دەڕەوە. سەیرێكی كردم ووتی: دەزانی هاوسەرەكەم سكی هەیە و لە دەقیقەو سەعاتی خۆیدایە منااڵی بێت. ووتم برا ئەوە كێشە نێ یە، خۆت دەزانیت لە سوڵەیمانی بە كەس و كارم زۆر هەیە، دەتوانین سەناریای كچت و هاوسەرەكەشت لەو ماڵانە بشارینەوە تا منااڵەكەی دەبێت و پاشان بۆت دەنێرینە دەڕەوە، یان دەتوانین بیانبەینە پێنجوین و لە ماڵی ئێمەبن تا ئەو دەمەی خۆت وەڵام دەنێری، لەوێوە بۆت ڕەوانە دەكەم. بوونی ئەوانیش لەوێ سەرنج ڕاناكێشێت چونكە من هەمیشە لە سوڵەیمانی یەوە خزم و برادەر دێن سەردانم دەكەن بە خێزانی و چەندەها ڕۆژ دەمێننەوە. وتی بریارەكە هەروا ئاسان نی یە. بەدەم ئەو قسانەوە گەیشتینە بەردەم ماڵە تەعزیەكە، چوینە ژوورەوەو سەرخۆشی

لێكردن، پاشـــان لە هاوســـەری كۆچكردووەكەی پرســـی ئەمن چۆن هاتوون و پرســـیاریان چی بووە؟ ئەویش بە دریژی گێرایەوە و وتی پاش ئەوەی زانییان ئیســـماعیلی هاوســـەرم مردووە ووتیان بە هەڵە هاتووین و ئیتر ڕۆیشـــتوون. پاش ئەوەی لە ماڵەكە هاتینە دەرەوە، لە یاسـینم پرســی گەر دەتەویت ئەحمەدی بەریدیش ببینی ئەوا دەچم بە دوایداو دەیهێنم بۆ لات، ووتی پێویســـت ناكات تێگەیشـــتم. لە هەمـان كۆڵانەو كۆڵانەوە ڕووەو بەشـــە نـاوخۆییەكە گەڕاینەوە. پرســـی كەی دەگەڕێیتەوە بۆ پێنجوین ووتم دوێنێ هەواڵی تەعزیەكەمـان بیســـتووەو ئەمڕۆ هـاتینەوە، بەیـانی دەبێـت بگەڕێمەوە چونكە ئیجـازەم نی یەو بەڕێوەبەری قوتابخانەكەش بەعســـی یەو پیاوی ڕژێمە. هەمان داواكاریم لێكردەوە بۆ چوونە دەرەوەی یـا هیچ نەبێت بۆ خۆشـــاردنەوەی، ووتم لە ئیحتیـات وەرگرتن زەرەر نـاكەیت، هەرچیش بە من بكرێت وەك برایەكت ئـامادەم، لە مـاڵئـاوایی لێكردندا ووتی تۆ بڕۆرەوە بۆ پێنجوین پاشـان ئاگادارت دەكەمەوە، پێمووت هەركات ویستت لە شـــار بچیتە دەرەوەو و لە بازگەی حكومەتەوە نەڕۆی، ئەوا شـــۆفێرێك خەڵكی ســـەید ســـادقە و زاهیری ناوە، جیبێكی پێ یە هاتوچۆی پێنجوین دەكات، مرۆڤێكی نیشـتمانپەروەرو ئەمین و پاكە لە گەراجەكەی پێنجوین ڕادەوەسـتێ، بە ناوی منەوە قســـەی لەگەل بكە، ئەو بە ئۆتۆمۆبێلەكەی خۆت و منداڵەكانت لە پشـــت بازگەكانەوە دەردەكات. بە گەرمی باوەشـــی پیا كردمەوەو ماڵئاوایی لێكردم و ووتی تۆ بڕۆرەوە بۆ پێنجوین من پاشان ئاگادارت دەكەمەوە.

ئەوە دواچاوپێكەوتنی من بوو بۆ ئەو مرۆڤە قارەمانە، ڕۆژی دوایی گەڕامەوە پێنجوین. هەموو ڕۆژێك چاوەڕوانی هەواڵی هاتنی یاســـین بووم بۆ پێنجوین، جار جارەش لە زاهیری سایەقم دەپرسی ئەو برایەم نەهاتووە بۆ لات هەموو جار دەیوت نەء، هەركـات هـات بەســـەرچـاو دەیهێنم بۆلات خەمـت نەبێت، پـاش یەك دوو هەفتەیەك، هەوالی گرتنەكەیانم بیســـت. باوەڕم نەدەكردو لە خۆم دەپرســـی چۆن وا بە ئاســـانی ڕیگەیان دا ڕژێم فرســـەتیان لێبهێنێت؟.یا بۆ نەچونە دەرەوە پاش ئەوەی ئـاگـادرمكردنەوە؟. لە خەبـاتی ژێر زەمینی دا هەمیشـــە بە كەمگرتنی دوژمن كارەساتی جەرگبڕی بەدواوەبووە.

ئەو برایـانە ئەوەنـدە بروایـان بە خۆیـان بوو كە ڕژێم نـاتوانیـت لە ژێر هیچ فشارێكدا قسەیان لی وەرگرێت. تەنانەت دوای گرتنی یاسین وەكو بیستم ئیسماعیل قاســـم و محمد قاســـمی برای بە پێی خۆیان چووبوون و خۆیان تەســـلیم كردبووبە ئەمن. ئەوەی ئەوان چـاوەڕوانی نەبون ڕوویـدا. ئەویش ئەوەبوو جگە لە وەی فەرهادی مەلاڕەزا زمانی لێدابوون، دەنگی ئەوانی لەســـەر شـــریت تۆمارگردبوو و بردبووی بۆ ئەمن. یاســـین و هاوڕێكانی لە زیندانابون، لە ئەمنی ســـولەیمانی یەوە برابوونە هەیئەی كەركوك، كە هاوسەرەكەی یاسین كوڕێكی بوو ناویان نا سەفین. ڕژێم دەیویســـت فشـــاری دەروونی بخەنە ســـەر، تا ناوی هاوڕێكانی بڵێت، بۆ ئەو

مەبەستە هاوسەرەكەیان و سەفینی كۆرپەیان گرت. لە زیندانداا هەردوو قاچی سەفینی كۆرپەیان سەرەوخوار گرتبوو پیشانیان دابوو، هەڕەشەیان لی كردبوو گەر ئیعتراف نەكات، ئەوا كۆرپەكەی و هاوسەرەكەی لەبەرچاوی دەكوژن. هیچكام لە یاسین محمد حەسەن و ئیسماعیل قاسم و محمد قاسم و هاوڕێكانیان چۆكیان بۆ ڕژێم دانەداو لاپەڕەیەكی پر سەروەریان بۆ خۆیان و گەلەكەیان تۆماركرد و چوونە ڕیزی شەهیدانی نەمری كوردو كوردستانەوە. بە شەهیدبونی یاسین محمد حەسەن و ئیسماعیل قاسم دووبارە برینی شەهید حەمەڕەشیدی برام تازەبۆوەو تا ئێستاآش ئەو برینانە ساڕێژ نەبوون. ئەوەی شایانی باسیشە گەلێك لەو پێشمەرگانەی ناوشار نەكەوتنە دەست ڕژێم و توانیبوویان دەربازبن و چوونە ڕیزەكانی پێشمەرگەوە، لەوانە (ئاوات قارەمانی)، عوسمان قژلول، حەمەی مام عەلی. دەركەوت، كە مرۆڤێكی بەكرێگیراوو سێخوڕی ڕژێم بە ناوی فەرهادی مەلا ڕەزاوە نەك هەر زمانی لێداون، بەڵكو هەندی قسەشیانی تۆمار كردووەو داویەتی بە ئەمن. ئەو خۆفرۆشە گەرچی لە لایەن پێشمەرگەوە بە سزای گەل گەیەندرا، بەڵام نەیتوانی تروسكای خۆشی ژیان بۆ ئەو خێزانانە بگێڕێتەوە.

بەوجۆرە پۆلێك هەڵۆی قارەمان، یەكەم دەستەی پێشمەرگەی شارەكان لە دوای ئاشبەتاڵ، بە گیانی خۆیان، بە باوەڕی پۆڵایینیان بە نەتەوەی كوردو بۆ هێنانەدی دواڕۆژێكی ئازادو پرشنگدار بۆ نەتەوەكەیان، دروشمەكەی كۆمەڵەو خالە شەهابیان بە خوێنی خۆیان تۆماركرد و كەم ژیان و كەڵ ژیان.

ڕاگواستن

پاش سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی كوردی بەعس، ڕژێمی بەعس كەوتە جێبەجێكردنی ئەو بەندەی ڕێكەوتننامەیەی جەزائیر سەبارەت بە چۆڵكردنی ناوچە گوندنشینەكان بە قوڵایی بیست كیلۆمەتر. بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە دەستیكرد بە ناونووسینی هەموو ئەو گوندو شارو شارۆچكانەی بەر ڕاگواستن دەكەوتن. بۆ ئەو مەبەستەش سوپای بەكارهێنا، بۆ ناونوسینەكەش كەڵكی لە مامۆستایان وفەرمانبەرانی ناوچەكان وەردەگرت و بەزۆر دەیناردن لەگەڵ سوپاكەیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ناونووسە. لە زۆر ناوچە پێشمەرگە سوپای دوژمنی خستبووە ژێرچاودێری یەوەو دەستی نەدەوەشان بە هۆی ئەو هەموو مامۆستاو فەرمانبەرانەی بەزۆر برابوون. لە هەندێ ناوچەش سوپا بەرەوڕووی بەرەنگاری پێشمەرگە بوونەوە.

مامۆستایانی پێنجوین بەر ناوچەی پێنجوین كەوتین، بەكری حاجی سەفەرو هێزەكەی لەو ناوچەبوون. دێبەدێ دەیانبردین بۆ ناونووسی خەڵكەكە لە گوندێك بە ناوی (وێنە) كە بە بناری شاخێكەوەبوو، لە پڕێكدا كۆپتەر هەڵساو كەوتە تەقەكردن، لە سەرشاخەكە، هەرچەند خەڵكەكە هاواریانكرد ئەوانەی سەرشاخ خەڵكی ئەم گوندەن، فەرمانده سەربازیەكە نەیدەبیست، كۆپتەرەكەش بەردەوام بوو لە تەقەكردن

لەسەر شاخەكەی پشتی گوندەكە. كاتێک تەقە تەواوبوو، خەڵكی گوندەكە چوون بەرەو شاخەكەو لەوێوە لاشەیەكیان بە بریندارى هێنایە خوارەوە، كە خەڵكی ئاواییەكەبوو. ناونووسی گوندەكان چەند ڕۆژێكی خایاند، دووجار بە كەسی ئاواییەكاندا پێشمەرگەكان بە دزی یەوە هەواڵیان دەنارد بۆمان كە لەبەر سەلامەتی ئەو مامۆستاو فەرمانبەرانە دەست لە سوپا ناوەشێنن. ئامانجی نزیكی ڕژێم لە چۆڵكردنی ئەو ناوچانە، دابڕاندنی هێزی پێشمەرگەبوو لە بنكە جەماوەرى یەكەی و فشارى لۆجستی بوو، كۆكردنەوەشیانبوو لە چەند ئۆردوگایەكدا تا زیاتر بتوانێت كۆنترۆڵی خەڵكەكە بكات.

لەو ماوەیەی لە پێنجوێن بووم، كتێبی(النجم الاحمر فوق الصین) (ئەستێرەی سوور بەسەر چینەوە) لە نوسینی ڕۆژنامەنووس و نوسەری ئەمریكی (ئەدغار سنو)م لە عەرەبی یەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی كوردی، پوختەم كردبوو، لە پێنج دەفتەری سەد لاپەڕەییداو ئامادەم كردبوو بۆ چاپ.(تا ئێستاش بەشی زۆری مسوەدەی وەرگێڕانەكانی ئەو كتێبەم ماوە). ئەو نوسەرە لە كتێبەكەیدا باسی لە قۆناغێكی دیاریكراوی سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی چین دەكات، كە خۆی چەندساڵێک تیایدا ژیاوە. بە وەرگێڕانی ئەو كتێبە هیوادار بووم، شۆڕشوانانی باشوور، لە جێی كۆكردنەوەی خێڵەكی هێزی چەكدارو ڕەفتاری خێڵەكی و بیری خێڵەكی، بتوانن لە هەڵس و كەوت وڕێكخستن و بیرو پرنسیپ وباوەڕو كرداری شۆڕشگێڕانەدا كەڵكی لێوەرگرن، ..پێموابێت كۆتایی ساڵی١٩٧٨بوو، پاش ئەوەی چەند هاوڕێ یەک خوێندیانەوەو پەسەندیانكرد، پێشنیاریانكرد بیدەم بە ڕێكخستن تا بە چاپی بگەیەنن. كتێبە وەرگێڕراوەكەم لە ڕێگەی مامۆستا عەزیز محمدەوە دا بەڕێكخستنی كۆمەڵە لە پێنجوین بەو هیوایەی بینێرنە سەرەوە بۆ بە چاپ گەیاندنی. بەڵام نەک هەر بە چاپیان نەگەیاند، بەڵكو وەرگێڕراوە پوختەكراوەكەشیان بۆ نەگێڕامەوەو، چەندیشم پرسیوە پێیان نەووتووم چیان لێكردووە.

گواستنەوەم

مامۆستا سەركەوت ئاگاداری كردبوومەوە داوای گواستنەوە بكەم بۆ ناوشاری سولەیمانی یا نزیكی، وەک خۆی وتەنی پێویستمان بە كادر هەیە. پاش گواستنەوەم پیوەندیم بەو كەرتی ڕێكخستنەی كە بە كەرتی شەهید ئارام ناسرابوو، بووە ڕۆژانە. سەرەتا بۆ چەند هەفتەیەک دەبوو لە (ڕێكخراوی شۆڕش) لەگەڵ قادر مەنمی كاربكەم كە مرۆڤێكی وریاو زیرەک و چاونەترس و خۆ ڕاگربوو، لەو كاتەی لەگەل قادر مەنمی كارم دەكرد، لە چالاكیەكی دیوار نوسینی فراواندا ئەوو من و هاوڕێیەكیتر بوو فەرمانبەری دائرەی كشتوكاڵ بوو، ئیستا ناوەكەیم بیرچۆتەوە، بە هەرسێكمان كارەكەمان سەركەوتوانە ئەنجامدا، جارێكی تریش لە چالاكییەكیتردا

تەنها من و ئەو هاوڕێ فەرمانبەرەی كشتوكاڵ بووین.... ئەمین شەوكەت بەرپرسیاری ڕێكخراوی شۆڕش بوو، ڕێكخراوەكە لە سنوری كۆمێتەی شەشدابوو. لە دووهەمین هەفتەی ئەم پەیوەندیەدا، سەلیم(دلێری ئەحمەد شوكری) ئاگاداری كردم بچم بۆ هەڵەبجە وەك بەرپرسی ڕێكخراوی شەهید وەستا ئەنوەر دەست بەكاربم، كە ئەویش لە سنووری كۆمێتەی شەشدابوو. هاوڕێ محمد غەفوریان پێناساندم كە نهێنی یەكەی (چیا) بوو، تا لەوێوە پەیوەندی بەوانیتری ڕێكخراوەكەوە بكەم. چووم بۆ هەڵەبجە و كۆبوونەوەیەكم سازكرد بۆ ئەندامانی ڕێكخراوەكە كە پێكهاتبوون لە محمد غەفور(چیا)، ئەحمەد كوڵكنی(تەیمور)، فەرەیدونی صەیدەلی كە نهێنی (ئاوات) بوو، لەو كۆبوونەوەدا، شێوازی كاركردن، پەیوەندی، گرنگی دیسپلین، كاری جەماوەری، پەیوەندیەكانیان بە مەفرەزەكانی پێشمەرگەوە قسەوباسی لێوەكرا. كۆبونەوەكان هەرجارەی لە ماڵێك دەكرا، بەڵام بە زۆری لە ماڵی فەرەیدونی صەیدەڵی دەبەسترا. دوای ماوەیەك لە بەرئەوەی زۆرێكی پەیوەندی و چالاكی پەیوەندییەكان بە پێشمەرگەوە لە ڕێگەی ڕاستەوخۆی هاوڕی زمناكۆوە ئەنجام دەدرا، لە كۆمێتەی شەش پیشنیاری دانانی هاوڕی زمناكۆ (محمد حاجی حەمە شریف) لە كۆمێتەی شەش پەسەندكراو بووە ئەندامی ڕێكخراوی شەهید وەستا ئەنوەر، كە سنوری چالاكی یەكانی ئەم ڕێكخراوە قەزای هەڵەبجەبوو، وە یەكێك بوو لە باشترین و چالاكترین ڕێكخراوەكانی ناوەوەی شارەكانی كۆمەڵەبوو.

ڕێكخراوی شەهید وەستا ئەنوەر هەروەك ڕێكخراوەكەی سەید سادق كە هاوڕی عەبدوللا كە نهێنی یەكەی(عەونی) بوو سەرپەرشتی دەكرد، لە ڕووی چالاكی ڕێكخراوەیی یەكانی ڕێكخستن، كاری جەماوەری، چالاكیەكانی ڕاگەیاندن لە بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەو، خستنە ژێرچاودیری جم و جوڵی ڕژێم و كەسایەتی یە خۆفرۆشەكان، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە كۆمەكی مەفرەزەكانی پێشمە رگەشدا، لە بە هاناوە چوونی ئەو پێشمە رگانەی بریندار دەبوون و پێویستیان بە چارەسەر هەبوو. لە یارمەتی لۆجستی ودابینكردنی شوینی خۆشاردنەوەو مانەوە. ماڵی عەبدوڵای موهەندیس لە هەڵەبجە، ناسراو بە عەبدوڵا نەورۆڵی، كە زاوای هاوڕێ یان دكتۆر قادرو (محمد حاجی حەمە شەریف)كە بەناوی نهێنی(زمناكۆ، دواتر هەورامان) ناسرا بوو. یەكێك بوو لەو شوێنە دەگمەنانەی مەفرەزەكانی پێشمەرگە كە دەهاتنە ناوشاری هەڵەبجەوە خۆیان تیا دەشاردەوە.

لەو دەمەدا بە هۆی ترس و تۆقاندنی ڕژێمەوە، بە هۆی زمان لێدانی پیاوە سیخورەكانەوە، بە هۆی ئەو هەموو كەسانەی بووبوونە بەعسی وجاش و سیخوڕ، كەم كەس هەبوو بوێریت ماڵی خۆی بكاتەوە بۆ پێشمەرگە، دەگمەن بوون ئەو كەسانەی خۆبەخش گیانی خۆیان دەخستە مەترسی یەوە بۆ كاركردن لە ڕێكخستنەكاندا، زمانلێدانی كەسێك، دەبووە هۆی لەناوچوونی خۆی و ماڵ و منداڵیشی..

ئەم هاوڕێیانەی كۆمەڵە لەو ڕۆژگاری ترس و تۆقاندنەداو، لەناو كۆمەڵگایەكدا كە بەشێكی زۆری ئەو كۆمەڵگایە بە شیوازی جۆراوجۆر كاری سیخوڕی بۆ ڕژێم دەكرد، زۆر قارەمانانە ئەركە ڕێكخراوەییەكانی خۆیان ئەنجام ئەداو سەرباریشی پەیوەندی تۆندوتۆل و هاوكاری پێشمەرگەیشیان لە ئەستۆگرتبوو، چەندەها داستانی قارەمانانەیان تۆماركرد..

لە كۆبونەوەیەكی كۆمێتەی شەشدا كە لە ماڵی بەرپرسی ڕێكخراوی شۆڕش(ئەمین شەوكەت) بەسترا وهاوڕێ عەونی بەرپرسی ڕێكخراوی سەیدسادق و سەلیم كە ئەودەم بەرپرسی كۆمێتەی شەش بوو، ئامادەی بوو، ئاگادارمكردن، لە سنووری ڕێكخراوی شەهید وەستا ئەنوەر، هەوڵ دەدەین كاری سەرەكی ببێتە كاری گەشەپیدانی ئاستی هوشیاری فكری ئایدۆلۆژی و ڕێكخراوەیی. بۆم ڕوونكردنەوە ئەو ڕێكخراوە سەرباری كارە ڕێكخراوەییەكانی، بەشێكی زۆری كاتی خۆی بۆ یارمەتی مەفرەزەكانی پێشمەرگە بە كاردەهێنی.

كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی كۆمەڵە

كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی كۆمەڵە لە دوو بەش پێكهاتبوو، لە ڕووی ئاستی هوشیاری، فكری، ئایدۆلۆژی، بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەكی دیراسی فكری و ئایدۆلۆژی یەوە، وەك زۆربەی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە زۆر لاواز بوو. لێدوانی كۆبونەوەكان گشتی بوو، شێوەی باسەكانی كۆبونەكان ڕێك لە كۆبونەوەكانی پارتی شەستەكان دەچوو. زۆرتر لەسەر بارودۆخی گشتی ڕژیم و كۆمەڵە بوو، بەڵام زۆر دڵسۆزانە، بوێرانە، جوامێرانە، سەركەوتوانە، ئەو كارانەی پێیان دەسپێردرا ڕادەپەڕاند. دوای گرتنی هاوڕێ سەركەوت (مامۆستا جمال تاهیر)كە بەرپرسی كۆمێتەكەو پێشمەرگەكانی ناوشاری سولەیمانی بوو، سەلیم(دلێر ئەحمەد شوكری) جێگەی گرتەوە، كۆمێتەی شەش كە سەلیم پێشتر بەرپرسی بوو بە من سپێردرا. كۆبونەوەكانی كۆمێتەی شەش پێشتر لە ماڵی ئەمین شەوكەت كە بەرپرسیاری ڕێكخراوی شۆڕش بوو ئەنجام دەدرا، بە هۆی سەفەری ئەوەوە بۆ ولاتی بولغاریاو پەیدابوونی مەترسی گرتنی..، ئیتر كۆبونەوەكانی كۆمێتەی شەش ماوەیەك لە سەیدسادق و ماوەیەكیش لە سولەیمانی لە ماڵی ئێمە ئەنجام ئەدرا. چالاكیەكان چڕتركرایەوە، بە تایبەتی لە كاری ڕێكخراوەیی وڕاگەیاندن(نووسینی دروشم و بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوەكانی كۆمەڵە)دا. ئەم بەشەی كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆ لە هاوڕێ فەرهاد ناسراوبە (عەریف تالیب مۆریاسی) بەرپرسی كۆمێتەی چوار، هاوڕی طە، هیرش(شیخ جەمالی شێخ نوری) بەرپرسی كۆمێتەی یەك، من بەرپرسی كۆمێتەی شەش و دواتر بەرپرسیاری كۆمێتەی پێنجیشم پێ سپێردرا. لەبەر ئەوەی ئەو ئەركە زۆرەم كەوتبووە ئەستۆ ناچاربووم

بۆکەمکردنەوەی مەترسیەکانی شاڵاوی ڕژێم و زانینی سەرچاوەکانی دزەکردنی زانیاری، لە گەڵێک ڕووەوە شێوازی کاری ڕێکخراوەییم بگۆڕم، بۆ نموونە کە چووم بۆ پەیوەندی بە کۆمێتەی پێنجەوە خۆم وەک بەرپرسیاری کۆمێتەکە نەناساند. کۆمێتەکە پێکهاتبوو لە دوو ڕێکخراو و هەریەکە لە هاوڕێیان خەسرەو هادی و ئیبراهیم حەمەعەلی بەرپرسی یەکێک لە ڕێکخراوەکان بوون، نەمووت من وەک بەرپرسیاری کۆمێتەی پێنج هاتووم، پێموتن من ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کۆمێتەی سەرکردایەتی و ئێوەم. هەر لەو یەکەمین کۆبەنەوەیەدا کە لە ماڵی خەسرەو هادی بەسترا کە بەرامبەر ماڵی باوکی بوو، ئاگادارم کردن کە دەبێت بەرپرسی ڕێکخراوەکان و بەشەکان، نەخشەی کارکردنیان هەبێت و، خۆیشیان بەشداری چالاکی یەکان ڕاستەوخۆ بکەن، پێم ووتن ووشەی بۆ پێشەوە بەسەرچووە، پێویستە لەمەولا خۆشتان دەرچن، دەبێت سەرکردە لە پێشەوەبیت و بڵێت شوێنمکەون.

لەو ڕۆژانەدا (پێش کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ساڵی ١٩٨٢) بوو، چالاکی یەک دیاری کرابوو بۆ نووسینی دروشمە نیشتمانییەکان، لەسەر دیوارەکانی شار، سنووری کاری ئەم کۆمێتەیە ناوشاری سولەیمانی بوو، پاش ئەوەی کۆمێتەی سەرکردایەتی ناوخۆ بریاری چالاکیەکەی داو کاتەکەی دیاریکرد. لە کۆبونەوەی کۆمێتەی پێنجدا، کارەکان دابەشکران و شوێنەکان و سەعاتی سفر دیاریکران، بە هاوڕێ ئیبراهیم حەمە عەلیم ووت، تۆ یەکێک ئەمشەو دێت لە گەڵت دەردەچێت، ئەمجارە لەگەڵ ئەو دەردەچیت، پرسی کێ یە؟ وتم شەو کە هات دەزانی. ماڵەکەیان لەو کۆڵانە باریکەی پشتی کتێبخانەی سولەیمانی یەوە بوو، شەو چەند سەعاتێک پێش کاتی چالاکیەکان چووم، کە دەرگای کردەوە و منی دی سەری سورما، ووتی تۆی ووتم بەڵێ من لەگەڵ تۆ دەردەچم، دەمانچەم بردبوو لەگەڵ خۆم، لە بەرەبەیان و لە سەعاتی سفردا دەرچووین بۆ دەرەوە، هاوڕێ ئیبراهیم پرسی بۆکوێ، بۆ لەم کۆڵانانەوە دەست پێنەکەین؟ ووتم دەچینە بەردەرکی سەراو سەرجادەکان دەنووسین ، تۆ بنووسەو منیش پارێزگاریت لێدەکەم . لە بەرامبەر دەرگاکەی ئەمانەوە کۆڵانێکی بەرامبەربوو، دەچووەوە لای کتێبخانەی سولەیمانی و بەردەرکی سەرا. بەرەو خواریش کۆڵانکیتربوو دەچووەوە سەر جادەی مەولەوی، ڕێگایەکیش بەرەو ژوور دەبوەوە لایەکی دەچوەوە سەر شەقامی سابونکەران ئەویتریش بەلای قادرئاغای عەتاردا دەچووەو سەر کۆڵانی قەزازەکان. لە کۆڵانە باریکەکەی بەرامبەر ماڵی خۆیان ڕۆیشتین، لە سوچی کتێبخانەی سولەیمانی یەوە، سەیری بەردەرکی سەرامکرد، تەنها یەک ئۆتۆمۆبێل لای سەروی بانقەکە ڕاوەستابوو پەڕیمەوە بەرەو بازاری عەسری و هاوڕێ ئیبراهیم بە دوامدا هات. شوێنەکەم بۆ دیاریکرد، ئیبراهیم پەڕیەوە و دەستی بە نووسینی دروشمکرد لەسەر دیواری پشتی بەریدەکەی بەردەرکی سەرا، تەنیشت حاجی عەلی سەعاتچی. منیش لە بەردەم دوکانی جەلالی بەڵێن دەمانچەکەم گرتبوو بە دەستەوەو چاودێری جادەکان و

پاســـەوانیم لێدەكرد، كە تەواوبوو، ووتم دەڕۆین بەرەو شـــەقامی كاوە، لەوێش دروشـــمیكی لە دیواری ئەوەی كاتی خۆی خەســـتەخانەی خوارەوە بوو نووســـی، لەوێشـەوە بەرەو ئەسـحابەسپی، سـەركارێز، سـەرشـەقام، ئەودیوی سـانەوی كچان دووا شـوێن بوو. كە تەواومانكرد هەسـتمكرد ئەو هاوڕی یە یەكەمجارە بە كارێكی وەها هەڵدەسـێت و پێشـی سـەیر بوو ئەندامیكی كۆمێتەی سـەركردایەتی ناوخۆی كۆمەڵە لەو كارانەدا بەشداری بكات.

بۆ جاری دووەم هاوڕێ (جەمال تاهیر-ســـەركەوت)ی بەرپرســـی كۆمێتەی ســەركردایەتی ناوخۆی شـارەكان گیرابوو. گەرچی پێشـتر هەواڵی زانیبوو ئەمن بە دوایدا دەگەڕێن و دەیگرن بەڵام نەڕۆیشـــتە دەرەوە(وەك كۆمێتەی ســـەركردایەتی دەمانزانی كێشـەكەی چی یە). لەگەڵ ئەوەشـدا بە پێی خۆی چوو خۆیی دا بەدەسـت ئەمنەوە. ئەو پیاوێكی خۆڕاگرو قارەمان بوو لە زیندانداو، ســـەرباری هەڕەشـــەی لە نـاوبردن و ســـزاو ئەشـــكەنجەی بەردەوامی جوامێرانە بەرگەی گرت و هیچی نەدركاند، بە راستی قارەمانی زیندان بوو.

دروستكردنی كەرتی خوێندكارانی كۆمەڵە
و
كەرتی مامۆستایانی كۆمەڵە.
كۆنفرانسی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان

دروستكردنی كەرتی مامۆستایانی كۆمەڵە و كەرتی خوێندكارانی كۆمەڵە

لە ئەنجامی نەبوونی چالاكی هەریەك لە ڕێكخراوەكانی (یەكێتی مامۆســـتایان) و (یەكێتی خوێنـدكـاران) بە هۆی ئەو ترس و تۆقـانـدنەی ڕژێم خســـتبوویە دڵی خەڵكەوە. لە دوای چەندینجار قســـەكردن بۆپڕكردنەوەی ئەو بۆشـــایی یە، كۆمێتەی ســـەركردایەتی نـاوخۆ ڕازی بوو بەوەی دوو كەرت پێكبهێنرێـت، كەرتێكی مامۆســـتایان و كەرتێكی خوێندكاران، بە مەبەســـتی بوژاندنەوەو فراوانكردنی چالاكیەكانی ئەو ڕێكخراوانە ئەگەر كەوتنەوە جووڵە، خۆ گەر لەو حالەی خۆیشیاندا مانەوە، ئەوا ئەم كەرتانە جێیان بگرنەوە لە چالاكیەكاندا تا كۆنفرانسیان بۆ دەگێرێ. ئەركی دروستكردنی ئەو دوو كەرتەشیان بە من سپارد.

ســـەرەتا كەرتی خوێندكارانی كۆمەڵەم دروســـتكرد لە چالاكترین، ئەوكەســـانەی دەمناســـین لە ناو ڕیزەكانی خوێندكارانی كۆمەڵەدا و كارگێڕێكم بۆ دانان و خۆیشـم ڕاستەوخۆ لەگەڵیان بەشداری كۆبونەوەكانیان دەبووم، كارگێڕی ئەم كەرتە (هاوڕێ ئیبراهیم كە نهێنیەكەی ســـالار) بوو كە خوشـــكەزای شـــەهید حەســـەن خاوێ بوو. مرۆڤێكی زەحمەتكێشی خاوەن باوەڕ، تا بڵێیت نەترس، بە دیسپلین، هوشیار، وریاو

جوامێربوو، هاوسەری هەبوو، منااڵێكیشیان هەبوو. كاری دەكردو دەشیخوێند، ئەم كەرتەو كەرتەكەیتری خوێندكاران كە بە كەرتی شەهید ئارام ناسرابوو (خۆم كۆبونەوەكانم پێدەكردن)كردن ، لە ڕاپەڕینەكانی ساڵی ١٩٨٢ وە ساڵی ١٩٨٤دا دژی بە جەیشی شەعبی بوون و بەعسی بوون، ڕۆڵی بەرچاوی زۆر مەزنیان گێڕاو سەرەڕمی ڕاپەڕینەكان بوون،و لە لایەن كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆو، دواتر بۆ ڕێبەرایەتی ڕاپەرینەكانی ١٩٨٤ لە ڕێكخراوی سولەیمانیشەوە كە جێگەی كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی گرتبۆوە، نامەی تایبەتی سوپاس و ستایشیان ئاراستە كرا.

كەرتی مامۆستایانی كۆمەڵەشم دروستكرد، ئەندامانی لیژنەی كەرتەكە مامۆستاو هونەرمەند فەرەیدون دارتاش ومامۆستا فەوزی مەال مەحمود بوون. هاوڕێ فەرەیدونم دیاریكرد بە كارگێڕی كەرتەكە (لە هەمان كاتیشدا هاوڕێ فەرەیدون دارتاش بەرپرسی یەكێتی هونەرمەندانی كوردستانیش بوو)، خۆیشم ڕاستەوخۆ وەك بەرپرسیاری كەرتەكە لە كۆبونەوەكانیاندا بەشداریم دەكرد، ئەم كەرتەش لە ڕێگەی مامۆستا هونەرمەندەكانیەوە هەوڵێكی باشیدا بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆی یەكێتی نیشتمانی و لایەنەكانی بەرەی جود بوەستێنێ. بۆ ئەو مەبەستە مامۆستا فەرەیدون دارتاش و مامۆستا خالید سەركار، مامۆستاو شاعیر محەمەدی حەمە باقی دوای چوونە دەرەوەی بۆ ناو پێشمەرگە پاش ئەوەی تاڵەبانی ڕازیدەكەن، بە ئاگاداری جەاڵل تاڵەبانی پەیوەندیان بە جودەوە كردو لەگەڵیان دانیشتن. هەوڵەكان گەرچی بە هۆی پەرژەوەندپەرستی و تونڕەوی هەردوو الیەكانەوە(یەكێتی و پارتی) سەركەوتوو نەبوو، بەاڵم بە الی منەوە كەلە پشتی داڕشتنی ئەو هەوڵەوە وەستابووم، ئاماژەیەكی بەهێزبوو بخرێتە بەرچاوی تاڵەبانی و سەرانی كۆمەڵەو یەكێتی كە ڕێكخستنەكان دژی شەڕی ناوخۆن و كۆتایی هینان بە شەڕی ناوخۆ خواستیكی جەماوەری و ڕێكخراوەییە.

هەرلەوماوەدابوو، سەلیم هات، ووتی گەر بتوانی ڕێكخراوی شەهید لەیالش بچێتە پاڵ كەرتەكانی مامۆستایان و خوێندكاران. ووتم دەزانی كۆمێتەی شەش، كۆمێتەی پێنج، كەرتەكانی مامۆستایان و خوێندكاران وا ئێستاش ئەم ڕێكخراوە لە ئەستۆی یەك كەسدا زۆرنیە؟. ووتی دەزانی هاوڕێ سەركەوت گیراوەو ئەركەكان قورسترباووە.

پەیوەندیمكرد بە ڕێكخراوی شەهید لەیالوە، كە لیژنەی ڕێكخراوەكەیان پێكهاتبوو لە سێ هاوڕێی زۆر چاالك و هوشیار و بە توانا. كارگێڕی ڕێكخراوەكە هاوڕێ وەزیرە جەاڵل(خوشكی شەهید ئارام)بوو، هاوڕێی دووەمیش هاوڕێ وەسفیە بەنی وەیس(كە نهێنیەكەی كوێستان)بوو، هاوڕێی سێیەمیش هاوڕی شەوبۆ شێخ محمد غریب بوو.

بۆ ســـەلامەتی ڕێكخســـتن، بۆ ئەوە ش لە كـاتی ڕووداندێكدا بزانریت لە چ بەشـــێكەوە ســـەری هەڵداوە. لەگەڵ هەربەشـــێكدا ناوێكی نهێنیم بەكاردەهێنا، لای ئەمان بە عەلی خۆمناساند. ڕێكخراوی شـەهید لەیلا كە تایبەتبوو بە ژنانی كۆمەڵە، لە ڕاپەڕینەكـانی ســـــاڵی ١٩٨٢، ڕۆڵی مەزنیـان بینی. بە تـایبەت لە كـارگەی جگەرەكە. ئەندامانی لیژنەی ڕێكخراوەكەش، كەســـانی هوشـــیار،ژیر، چاونەترس بون. لە بەر زۆری و قورســـی ئەو پەیوەندییە فراوانانەی هەمبوو بە گەلێک بەشـــی ڕێكخســـتنەوە نـاچـاربووم شـــوێنی نیشـــتجێ بوونی خۆم تەنهـا بە كـارگێری ڕێكخراوەكان بڵێم، هاوڕییانیتر بۆ كاری پەلە دەبوو لەڕێگەی كارگێرەكەوە ئاگادارم بكەنەوە. ئەمەش بووبووە جێی ڕەخنەی هاوڕێ كوێستان.

ئەو شـــێوەكارەم لەگەڵ بەشـــەكانیتریش بەوجۆرە ڕێكخســـتبوو لە كەرتەكانی مامۆســـتایان هاوڕێ فەرەیدون دارتاش و لە كەرتی خوێندكاران هاوڕی ســـالارو لە كۆمێتەی پێنج هاوڕی ئیبراهیم حەمە عەلی. بەڵام كۆمێتەی شەش تا ئەو كاتەی لای من بوو لە بەر ئەوەی كۆبونەوەكان یا لە ســـــەید ســـــادق یا لە ماڵی ئێمە دەكرا، هاوڕێیانی كۆمێتە هەموو ماڵی منیان دەزانی.

مەحاكمی تەفتیشی یەكێتی و هاوڕێ فەرهاد

هاوڕی فەرهاد(تالیب مۆریاسی) كە هاوڕێیەكی چالاكی كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆو بەرپرســـــی كۆمیتەی چواربوو، هەندێ كێشـــەی تایبەتی هەبوو، كە داوای دەكرد مەڵبەندی یەک بۆی ســـاغ بكەنەوە، مەڵبەند گەرچی هەندێ هەنگاوی نابوو، بەڵام بە پێی داخوازی هاوڕێ فەرهاد نەبوو. كار گەیشـــتبووە ئەوەی گەلێكجار دەیووت كۆمێتەی ســـەكردایەتی ناوەوە كە تا ئەوكاتە خۆی ئەندامێكی ئەو كۆمێتەی سەركردایەتییە بوو، داواكاریەكەم بۆ ناگەیەنن بە ناوەندی. منیش چەندینجار هاوڕێ ســـــەلیمم هەڵپێچا تا ناوەند ناچار بكات وەڵام بدەنەوە. دواجار ئاگاداركراینەوە كە ناوەند دوو هاوڕێی دیاریكردووە بۆ گوێگرتن لەو كێشـــــەیە، كات و شـــوێنەكەی دیاریان كردبوو بۆ بینینەكە گەر بە باشـی بیرم مابیت باراو یا پارەزان بوو. هاوڕێ فەرهاد ئاگاداركرایەوە، ئەو داوایكرد منیش لەگەڵی بچم، دیاربوو گومانی لە مەڵبەند هەبوو. منیش بریارمدا و لەگەڵی چووم. لەوێ هاوڕێ ئاوات عبدالغفور و هاوڕێ قادری حاجی عەلی دیاریكرابوون بۆ سەیری ئەو كێشەیەی نێوان مەڵبەندی یەک و هاوڕێ فەرهاد. سەیر لەوە دابوو لە باتی گوێگرتن لە كێشەكەو چارەسەر دۆزینەوە، یەكســـەر وەكو مەحاكمی تەفتیشـــی ســـەدەكانی ناوەڕاســـت كەوتنە پرســـیار لە باری فیكری ئێمەوە تا بزانن خۆیان ووتەنی عێراقین یا كوردســـتانی! یەكەم پرســـیاریان ئەوەبوو، ئێوە بڕواتان بە (قانونی لە عامەوە بۆ خاص یا لە خاصەوە بۆ عام هەیە؟). ڕوونبوو بە تێروانینی ئەوان هەركەس بڵێ لە عامەوە بۆخاص (كە بە ڕای من لە

ناوەرۆكدا بۆچوونێكی ستالینیستیانەیە) چونكە قوربانیدانە بە هەموو نەتەوەكان لە پێناوی سۆڤیەتدا، ئەوان بە پێی تیوری قوربانیدان بە بەشێك لە پێناوی گشتدا تاوانبارت دەكەن بە عێراقی، خۆ گەر ووتیشت لە خاصەوە بۆ عام ئەوا تۆ بە كوردستانی دەزانن! بە بێ ئەوەی ئەوانە بزانن كە ئەو قانوونانەی ئەوان لە بارەیەوە دەیانپرسی ڕێژەیین و بە پێی كات، شوێن، سەردەم، نەتەوەی ژێردەستەیە؟ خاوەن دەوڵەتە؟ ئەو باس و بابەتەی پەیوەندی پێوە هەیە وەڵامەكەش دەگۆڕێت. لە وەڵامی پرسیارەكەیاندا ئەو بۆچوونەی سەرەوەم بۆ شیكردنەوەو. پێكەنینم دەهات و لەخۆم دەپرسی بەراستی یەكێتی هیچ پەیوەندییەكی بە كوردەوە هەیە؟ ئایا ستراتیژی عێراقیبوونی یەكیتی و بە عێراقیكردنی شۆڕشەكەی و دانانی بەشێكی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی بە دوژمنی سەرەكی یەكیتی، لە چ خانەیەكدا دادەنین. ئەی بۆ ناپرسن ڕات لەسەر بە براگەورە زانینی عەرەب لە لایەن یەكێتی یەوە چی یە؟ ئایا ئەو قانونە خاصەی یەكێتی كە خۆی دەسەپێنێ بەسەر هەموو لایەنە سیاسیەكاندا و هەموویان ڕەتدەكاتەوە لە چ خانەیەكدا دادەنێن؟ ئەی ئەو لیپرسینەوەیە لە كوێ بوو كاتێك لە سەرەتای دروستبوونیەوە، یەكێتی لە عەرەبەكانیش عێراقیتر بوو، یەكێتی نیشتمانی قبوڵی مەرجەكانی سوریاو حزبە فاشستەكانی عەرەبی دەكردو، دروشمی(ئەو شۆڕشە عێراقی یەی لە شاخەكانی كوردستانەوەی بەرزكردبۆوە). هەر بەوەشەوە نەوەستاو، دەیویست بۆ داپۆشینی ئەو كارە هەڵەیەی كە خودی نەوشیروانیش لێی نیگەران بوو، بكاتە مەرجی قبوڵكردنی بەرنامەو قیادەی (التجمع الوطنی العراقی)و بیسەپێنێ بەسەر قیادە موەقەتەداو كردیە هۆكاریك بۆ سەرلە نوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕی جەلالی و مەلایی.

ڕاپەڕینە جەماوەری یەكانی ساڵی ١٩٨٢

تا دەهات ناڕەزایی جەماوەر بەرامبەربە بەعسی كردن و بە عەربكردنی ناوچە كوردنشینەكان زۆرتر دەبوو. دوای ڕاگواستنی دیهاتەكانیش بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێكان، گەرچی ڕژێمی بەعس هەندێ قەرەبووی پارەی گوند نشینەكانی كردەوە، بەڵام كۆكردنەوەیان لەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەدا ئاكامیكی زۆر خراپی ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسی لێكەوتەوە. ئەو جەماوەرە دێهاتیە لە كەسانێكی وەبەرهێنەرەوە كرانە بێكارە. سەرباری ئەوەی شیرازەی كۆمەڵایەتیانی تێكدا، ڕژێم دەیویست ئاسانتر لە جاران لە ڕێگەی كۆكردنەوەی زۆرەملێیان لەو ئۆردوگایانەدا، كۆنترۆڵی بەسەر خەلكەكەدا هەبیت. لە ئۆردوگاكاندا بەشیكی زۆری ڕاگواستراوەكان بوونە جاش و سیخوڕو بەعسی و وەك چاوو گوێی ڕژێم كاریان دەكرد.

ڕژێم نەیدەشاردەوە كە نیازی ڕاگواستنی تەنانەت قەزاو ناحیەو شارەكانیشی هەیە بۆ خواروی عێراق، باسی هینانی عەرەب و فەلەستینیەكان و نیشتەجیكردنیان

لە ناوچە كورد نشینەكاندا كە لەناو دەزگا حزبییەكانی بەعسدا پێشتر دەكرا، ئیتر بە نهێنی نەیانهێشتەوەو باسیان لێوەدەكرد، ئەمەش بووبووە هۆیەكیتری دڵەڕاوكێی خەڵك بەرامبەر ڕژێم.

ڕژێم شاڵاوێكی بەرفراوانی لە زانگۆكاندا بۆ بەعسی كردن و بە جەیشی شەعبیكردن دەستپێكردبوو، بووە مایەی ناڕەزاییەكی فراوان لەناو خوێندكارانی زانگۆكاندا. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢دا و لە بیرەوەری بۆردومانكردنی شاری قەڵادزەدا لە ٢٤/نیسان/١٩٧٤دا كە بووە مایەی بریندار بوون وشەهیدبوونی نزیكەی دووسەدكەس، هەندێكیان خوێندكاربوون و لەناوخوێندكارەكاندا 3 ئەندامی كۆمەڵە كوژران، ژمارەیەكی زۆر لە دانیشتوانی قەڵادزە لەسەرقەبران كۆبونەوە، چەند لافیتەیەكیان بەرزكردەوە و كەوتنە ڕێپیوان بەرەو ناوشار، خۆپیشاندانەكە گەورەبوو، هێزەكانی بەعس تەقەیان لێكردن، دوو ئافرەت كوژران: سنەوبەر محمود، مامۆستای سەرەتایی. ئامینە سوور,كەیبانو.٧٤ كورو ١١ كچ گیران. دانیشتوانی شار دوكان و بازاریان داخست و دائیرەكان مانیان گرت. پشێوی و نا ئارامی تا ٣٠ نیسانی خایاند. لە سولەیمانیش هاوەنگ لە گەڵ قەڵادزەی ڕاپەڕیو، كۆمەڵێك خوێندكاری چەپ لە شاری سولەیمانی ، لە گردی سەیوان و گردی شەهیدانەوە دەستیان بە خۆپیشاندان كرد بەرەو ناوشاری سولەیمانی، دەزگا سیخوڕی و داپڵۆسێنەرەكانی ڕژێمی فاشستی بەعس بە توندی بەرەوڕووی خۆپیشاندەران بووەوە، تا دەهات خۆپیشاندان فراوانتردەبوو. سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی كۆمەڵە، هەڵسا بە قۆزتنەوەی ئەو ڕاپەڕینە، داوا لە ڕێزەكانی ڕێكخستنەكان كرا بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانەكاندا، لە هەمانكاتدا كەوتە بڵاوكردنەوەی بەیان بۆ هاندانی جەماوەر بۆ بەشداری لەو ڕاپەڕینەدا، پاشتریش دوای تەنینەوەی خۆپیشاندانەكە بۆشارو شارۆچكەكانیتر لە ڕێگەی ئێستگەشەوە بانگەواز بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانەكاندا دەكرا. ڕاپەڕیوان لە تەواوی شارو شارۆچكەكاندا هەوڵیان ئەدا لە ڕێگەی ئەو بڵندگۆیانەی مزگەوتەكانەوە بانگەواز بۆ خۆپیشاندان بڵاوبكەنەوە وداخوازی یەكانیان بە گەل ڕادەگەیاند.

ڕاپەڕینی سەیدسادق و شەهید بوونی خوشكە عەینە

بە هۆی ئەو قوربانی یە گەورەیەی كۆمێتەی شەشەوە دای (بە شەهید بوونی هاوڕێ عەینە) لە كاتی سەركردایەتیكردنی ڕاپەرینی خەڵكی سەیدسادقدا لە ڕاپەڕینەكانی بەهاری ١٩٨٢دا، بە ئەركی خۆمم زانی شێوازی شەهیدبوونەكەی ڕوونكەمەوە.

كۆمێتەی شەش لە ماڵی ئێمە كۆبوونەوەیەكی تایبەت بەو ڕاپەڕینەی ئەنجام دا، هاوڕێ عەونی كە ناوە ئەسڵیەكەی عەبدوڵلابوو بەرپرسیاری ڕێكخراوی سەید سادق بوو، هاوڕێ عەینەی هاوسەریشی لەگەڵ هاتبوو، بەڵام بەشداری كۆبونەوەكە

نەبوو، هاوڕێی بەرپرسیاری ڕێکخراوی شەهید وەستا ئەنوەریش ئامادەی کۆبونەوەکەبوو. لەو کۆبونەوەدا بریارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوخۆی کۆمەڵە بۆ بەشداری وسەرکردایەتی ڕاستەوخۆی خۆیان لە ڕاپەڕینەکان، زەرورەتی درێژەدان بە ڕاپەڕین لە ژێر هەموو فشارێکدا تا بەدەستهێنانی داواکاریەکانی جەماوەر، بە فراوانی بڵاوکردنەوەی داواکاریە جەماوەریەکان لە ناو خەڵکدا بۆ ئازادکردنی زیندانە سیاسی یەکان، دژی تەعریب و بە بەعسیکردن، دژی بە زۆرە ملێی و بە جەیشی شەعبیکردن، گێرانەوەی ئەو خوێندکارانەی بە هۆی نەبوونە بەعسی یا جەیش شەعبی نەکردنیانەوە لە زانگۆ دەرکرابوون هەمووی باسکرا.

لەو ماوەدا چەندینجار چوومە سەید سادق و هەڵەبجەو چەند کۆبوونەوەش ئەنجامدرا، بە تایبەت لەسەر شێوەی تاکتیکەکانی بەرەوڕووبوونەوەی هێزەکانی رژێمدا (بۆ نموونە لەو کاتەی هێزەکانی ڕژێم شاڵاو دێنن ئەمان بکشێنەوە بۆ کۆڵانەکان ولە شوێنێکی تر‌ەوە بچنەوە سەرشەقامەکانیتر)، لە کاتی کشانەوەی پیاوەکانی ڕژیم لە شەقامیک جەماوەر ڕووی تێبکاتەوە، یەکێکیتر لە تاکتیکەکانی بەرەوڕووبوونەوەی هێزی سەربازی دروشمی (الجنود اخواننا و الفاشیة اعدائنا) دەنوسراو دەوترایەوە، بۆ جیاوازی خستنە نێوان سەربازەکان و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەمنیەوەو، وەک فشاریکی تاکتیکی دەروونی بۆ سەر سەربازەکان تا ببێتە هۆکاری دەستگرتنەوەیان لە تەقەکردن لە خەڵک.

لە شاری هەڵەبجە و سەیدسادق هاوڕێیانی کۆمەڵە سەرەڕمی ڕاپەڕینەکان بوون. ڕاپەڕین گەیشتبووە ئاستێک جڵەوی ڕاپەرین بە تەواوی لە دەستی جەماوەردابوو. جێی داخێکی گران بوو لە سەید سادق و لە گەرمەی سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکەداو لە کاتێکدا لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا دەبێت، هاوڕێ و خوشکی تێکۆشەرمان هاوڕی عەینە کە هاوسەری هاوڕێ عەونی بەرپرسی ڕێکخراوی کۆمەڵەی سەیدسادق بوو بە گوللەی هێزەکانی ڕژێمی فاشستی عێراق شەهید کرا. شەهیدبوونی هاوڕێ عەینە ئەوەندەیتر تووڕەیی جەماوەری کۆڵنەدەرو تێکۆشەری سەیدسادقی بەهێزترکرد.هاوڕێ عەینە چەندین منالّی لەدوای خۆی بەجێهێشت، لە کاتی شەهیدبوونیشیدا منالّەکەی سکیشی شەهیدبوو. لە گەڵ سەلیم کە لەو دەمەدا لە دوای گرتنی هاوڕێ جەمال تایەر بەرپرسی ڕێکخستنەکان بوو چووین بۆ سەیدسادق بۆ بەشداری تەعزیەکەو سەرخۆشی سەرکردایەتی ناوخۆمان پێ ڕاگەیاندن.

لە گەرمەی ئەو ڕاپەڕینانەی ١٩٨٢دا مەلا بەختیارو قادری حاجی عەلی بە نهێنی هاتبوونە ناوشار، ڕۆژێک لە ماڵی ئێمە بوون، ئەوە یەکەمجار بوو مەلا بەختیارو قادری حاجی عەلی ببینم، لە باسی ڕاپەڕیندا قادری حاجی عەلی ووتی: یەکێتی دەتوانێت ئاوا ڕاپەڕین بەرپا بکات، لە وەڵامدا ووتم سەرەتای دەستپێکردنی ئەم ڕاپەرینە لە (سولەیمانی)، یەکێتی و کۆمەڵە نەبووە، بەڵکو کۆمەڵە خوێندکاریکی

چەپ بوون. بەڵام سەركردایەتی ناوخۆی شارەكان توانیویەتی تا ئێستا بە سەركەتوویی ڕاپەڕینەكە بە لای كۆمەڵەدا بقۆزێتەوە. دیاربوو قسەكانی منی بەدڵ نەبوو، مەلا بەختیار لەو بارەوە شتیكی نەوت، بەڵام لە ڕوكاریا دیاربووكە ڕوونكردنەوەكەی منی پێ باش بوو. بە هەرحاڵ ئەوە ڕاستی ڕووداوەكان بوو. داوامان لێكردن هەوڵ بدەن پێشمەرگە دەست نەخاتە ڕاپەڕینەكەوە تا ڕژێم نەیكاتە بەهانەی توندوتیژكردنی زیاتر بەرامبەر خەڵكی ڕاپەڕیوو، ڕێگە بدەن كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆ كاری خۆی بكات.

لە گەرمەی ئەو ڕاپەڕینانەدابوو ڕژێم دابوویان بەسەر ماڵی باوكمدا و كەریمی برامیان گرتبوو وتبوویان كورێكیشتان هەیە عوسمانی ناوە لە كوێ یە؟ دایكیشم وتبووی كورمان نیە ناوی عوسمان بیت.

تا دەهات لە هەمو شارو شارۆچكەكانی كوردستان بڵێسەی ڕاپەرین فراوانتر دەبوو، لە ناو شاری سولەیمانیشدا، ڕژێم خەڵكێكی زۆری گرتبوو. ڕاپەڕینەكە لە خۆپیشاندانی خوێندكاران دەرچووبوو، بووبووە ڕاپەڕینێكی جەماوەری فراوان، بازاڕییان بەشداریان تیاداكرد، دوكان و بازاڕەكانیان داخست وەك مانگرتنێك لە دژی گرتن و سەركوتكردنی جەماوەر. ڕژێم لە ناو سولەیمانیدا كەوتە شكاندنی قوفڵی دوكانەكان تا ناچاری بازاڕییان بكات دوكانەكانیان بكەنەوە، بەڵام خەڵكەكە لە دووڕەوە چاودێری ڕژێمیان دەكرد كە دەیانبینی دووركەوتوونەوە خێرا قوفڵیتریان دەدایەوە لە دوكانەكانیان.هەموو چین و توێژەكانی گەل بە یەكدەنگ داوای ئازادی زیندانە سیاسیەكانیان و دەستهەڵگرتنی ڕژێم لە تیرۆر دەكرد. ڕژێم لەوەگەیشت كە جڵەوی لە دەستداوە، لە ڕێگەی گەڵێك پیاوماقوڵی شارەكانەوە ڕژێم ئاگاداركرابۆوە تا زیندانە سیاسیەكان ئازاد نەكات و وەڵامی داخوازییەكانی خەڵك نەداتەوە ڕاپەڕین بەردەوام دەبیت.([1])

ژمارەی گیراوەكان تا دەهات لە زیاتربووندابوو، بڵێسەی ڕاپەڕینیش لە گەشەدارتربووندابوو، خۆپیشاندانی جەماوەری پارێزگاكانی كەركوك و هەولێریشی گرتبۆوە، لەو پارێزگانەشدا گیراوو كوژراوو بریندارهەبوون. لە سولەیمانی لەو ڕۆژانەدا گەلێ كەسیتریش گیران لەوانە مامۆستا رحیم ، حەمەی فەرەج ، ئەحمەد كوردە، قادر مەنمی، كریم رفیق. ئەمنی سولەیمانی پڕبووبو لە هاوڵاتیان.

لە لایەن سەركردایەتی یەكێتیەوە لە ناوزەنگ ئاگاداركراینەوە لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی یەكجار زۆری هاوڵاتیان لە لایەن ڕژێمەوە گیراون ڕاپەرینەكان ڕابگیرێت و درێژەی پێنەدرێت!

ئەودەم هێشتا كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكان بریاردەربوو لە ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەكان. لە كۆبوونەوەیەكدا بایەخ و گرنگی چۆك دانەدان لە

---

[1]) بۆوەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕاپەڕینەكانی ساڵی 1982سەیری ڕاپۆرتی (مدیریه الامن العامة) بكە لە كتێبی پەنجەكان یەكتر دەشكێنن – لاپەڕە 357-371 ، نوسینی نەوشیروان مستەفا.

ناوەراستی ڕاپەڕیندا زەرورەتی درێژەدان بە ڕاپەڕین تا بەدیهاتنی داواكاریەكان و لە سەرویانەوە ئازادكردنی زیندانە سیاسیەكان بووە بریاری ڕێكخستنی سەركردایەتی ناوخۆ. هەندێ كەسیش هەبوون دەیانویست بریارە هەڵەكەی سەركردایەتی ینک جێ بەجێ بكەن، لە ژێر پەردەی جێبەجێكردنی بریاری سەركردایەتی ینک.

لە ئەنجامدا فشاری ڕاپەڕینی جەماوەری كوردستان، ڕژێمی فاشستی بەعسی ناچاركرد هەندێ لە داواكارێ یە جەماوەریەكان جێبەجێ بكات، لە سەرو هەموو شیەوە ئازادكردنی هەموو زیندانە سیاسیەكان بوو. ئەو زیندانە سیاسیانەی لە ژیاندا مابوون بەردران، سەرباری ئازارو ئەشكەنجە، خۆڕاگربوون و سەربەرزانە ئازادكران.

پاش ئازادكردنی مامۆستا سەركەوت ڕۆژێک لە گەڵ هاوڕێ فەرهاد چووین بۆ لای لە ماڵەكەیان، گەڵێک شتی سەیری گێرایەوە، لەو دەمەی لە ژێرزەمینی دائرەی ئەمندا زیندانی بووە، ناوی هەندێ كەسی هێنا كە لەو پەنجەرەی ژێرزەمینەوە كە دەیڕوانی بەسەر دەرگای پشتەوەی ئەمندا دیبوونی هاتووچۆی ئەمنیان كردووە..

سەبارەت بەو ڕاپەڕینە مەزنەی كوردستان،(فازل بەڕاک كە ئەوسا بەرێوەبەری "ئەمن"بوو ڕاپۆرتیكی درێژی لەسەر ڕووداوەكان بۆ صەدام نوسیووە، صەدامیش بە خەتی خۆی هەندێ پەراوێزی لێ نووسیووە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ژمارەی كوژراوو گیراوەكانی خۆپیشاندانەكان بەمجۆرەبووە:

سولەیمانی ١١ كوژراو ٢٣ بریندار ١٣١ گیراو
كەركوک ٦ كوژراو ٩٥ بریندار ٢١٠ گیراو
هەولێر ٧ كوژراو ٢٠بریندار ٤١٠ گیراو
دهۆک خۆپیشاندانی تیا نەبوو لەبەر ئەوە قوربانی یان نەبوو) ([1])

سەرانی یەكیتی، كە خۆیان لە دامەزراندنی یەكێتیەوە كاریان دەكرد بۆ تواندنەوەی باڵەكانی ناو یەكیتی لە حزبیكدا، كە زانیان دەسەڵاتی مەركەزیان بەسەر سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی كۆمەڵدا لاوازە بریاریاندا بە ناوی ناوندی كۆمەڵەوە وەک هەنگاوی یەكەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناوی كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی كۆمەڵە بگۆڕن بە(كۆمیتەی ڕێبەرایەتی شارەكان) تا كۆنفرانس دەبەستریت.

[1])كتێبی پەنجەكان یەكتری ئە شكینن ، نوو سینی نەو شیروان م ستەفا ئەمین لاپەڕە - - 258سەرچاوەی ئەو ژمارانەی ئاماژەی بۆ كراوە لە ڕاپۆرتی (مدیریة الامن العامة)دا هاتووە كە نێردراوە بۆ بەرێوەبەرێتی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئەو ڕاپۆرتە لە لاپەڕە 357- 371هەمان سەرچاوەدا هاتووە.

پاش ئەو سەركەوتنە جەماوەریە و ئازادبوونی زیندانیە سیاسیەكان ، سەركردایەتی یەكیتی كردیە ڕۆژی خۆی و زۆربەی كاتی ئێستگەكەی خۆی بۆ ئەو سەركەوتنە تەرخان كردبوو(خۆیان ووتەنی) كە بەدەستیان هێناوە.

ڕێكەوتنی یەكیتی و پارتی

یەكێتی نوسەران هەروەك یەكێتی هنەرمەندان و مامۆستایان لە هەوڵدابوون بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ."هەر لە مانگەكانی مارت و نیسانی سالی ١٩٨٢دا حەمەی حەمە باقی بە هۆی حزبی شیوعیەوە دووجار چوو بۆ سەردانی پارتی لە ئێران بۆ ئەوەی پەیام و نامەی یەكیتییان پی بگەیەنێ سەبارەت بە ئاشتبوونەوە. مەسعودی نەدی بوو، لە ڕاژان فەلەكەدینی دی بوو، ڕاسپاردەكانی پێ گەیاندبوو، وەڵامێكی دیاریكراویان نەدابوەوە، پێیان وتبوو وەلامی نامەكە بە هۆی حشعەوە ئەنێرینەوە. لە مانگی تەممووزدا لە بارەگای حزبی شیوعی عێراقی لە پشت ئاشان نوینەرانی یەكێتی و پارتی كۆبونەوە.

نوێنەرانی یەكێتی: فەرەیدون عبدالقادرو، د.خدر مەعصوم و نوێنەرانی پارتی: محەممەدی مەلاقادر، مەغدید ئەحمەد ڕۆژی ٢٨ی تەممووزی ١٩٨٢لە بارەگای حشع لە پشت ئاشان دانیشتن. لەم دانیشتنەدا ڕێكەوتنێكیان ئیمزاكرد، نوقتە گرنگەكانی ئەوەبوو:

+گیروگرفت و ناكۆكی نێوان هێزە سیاسی یەكان بە گفتوگۆی سیاسی، بێ ئەوەی پەنابەرنە بەرچەك، چارەسەربكری.

+كوردستان لە خانەقینەوە تا زاخۆ مەیدانێكی ئازادبێ بۆ چالاكی سیاسی و پێشمەرگەیی هەمو لایەنەكان.

+هێزەكانی پارتی و یەكیتی بە ئاگاداری و هاو ئاهەنگی یەكتری ئەچنە ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی یەكتری و، تا شێوەیەكی تر ئەدۆزرێتەوە جارێ حوكمڕانی ناوچەكان وەكو خۆی ئەمینیتەوە."

پارتی هێزەكانی ناردەوە بۆ هەموو ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی یەكیتی. مەلامحمد بارەگای لە وەرتێ داناو، نادر هەورامی و قادرقادر هێزەكانیان هێنایەوە ناوچەكانی سولەیمانی"([1])

"لاك(ئیسلامیەكان) لە ٣جیگا بارەگایان دانابوو.هیزیان تیاكۆكردبۆوە: بەری مەرگە، سەرگەڵوی دۆڵی جافایەتی، حاجی مامەندی شارباژێر. (یەكیتی بۆ چاودیری جم و جوڵیان گەلێك كەسی خۆیان ناردبووە ناویان،نووسەر). هەر لە تەممووزی ١٩٨٢دابوو لە ماوەیەكی كورتدا هەموو چەك كران، بەرگریەكی كەمیانكرد، لە بەرگەڵوو كورو برازاكانی حاجی شێخ قادر هەندێ بەرگریانكرد،

[1])پەنجەكان یەكتری دەشكێنن-نەوشیروان مستەفا- لاپەڕە- 262

چەند کەسـیک لەوان کوژراو، لە یەکێتیش سـەلاحی حاجی رفیق، فەرماندەی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون کوژرا"سـەلاحی موهەندیس، هاوڕیی کۆمەڵەو، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندبوو. پیاوێکی ئازاو چاونەترس و، سـەرکردایەتی دەیان شـەڕو بۆسـەی کردبوو، یەکێک بو لە باشترین فەرماندەکانی پێشمەرگە"([1]).

کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە لە ناوزەنگ ١٩٨٢

لە لایەن ناوەندی کۆمەڵەوە ئامادەکاری کرابوو بۆ کۆنفرانسـی دووەم لە ناوزەنگ، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٢ دا, لە ڕۆژی دیاریکراودا، لەو ئۆتۆمۆبیلەی دەیبردین بەرەو قەڵادزە، دلێری ئەحمەد شـوکری (سـەلیم) ، شـێخ جەمال شـیخ نوری(هێرش)، ئەحمەد عەلی(وریا)، من, چووین لە نزیک جادەکەی ماڵی خۆیانەوە جەمال تایەر(سەرکەوت)یش سواربوو.

چووینە قەڵادزە لە ڕێگەی هاوڕێیانی ئەوێوە وولاخمان بەکرێ گرت و کەوتینە ڕێ بەرەو چیای مامەندە. لە کاتی سـەرکەوتنمان بە چیاکەدا، لە لای دەسـتی ڕاستمانەوە بە ئاسانی سەربازگەکەی سوپای عێراقمان دەدی. پێم سەیر بوو تەقەیان لێ نەدەکردین، مامۆستا سـەرکەوت بەسـەر وڵاخیکەوە بوو لە پێشـی منەوە، ووتم مامۆستا سەیری ئەو سەربازگەیەی لای ڕاستت بکە، ئەم هەمووە بەڵایاندا دەرواو تەقەناکەن، مامۆستا سەرکەوت کە ئاوڕی دایەوە بە لای ڕاستدا، هاواریکرد هەتیو سـەلیم بۆ کوێت هێناوین. پاشـتر کە بە چیای مامەندەدا چووینە سـەرەوەو بەودیودا داگەڕاین، زانیم ناوزەنگەو شـوێنی سـەرکردایەتی لەوێدایە زۆرتر سـەرسـام بوم، چونکە ئەو سەربازگە عێراقیەی قەڵادزە دەیتوانی بە تۆپ بواری حەسانەوەو مانەوە لە ناوزەنگدا نەهێڵێ، ئەتوت ڕێکەوتنێکی ناڕاسـتەوخۆ لە نێوان ڕژێم و یەکیتی دا هەیە، یەکیتی سـنورەکانیان لە ئۆپۆزیسـیۆن بۆ بپارێزی و ڕژێمیش هیرش و فشـار لەسەر یەکیتی لە ناوزەنگ فراوان نەکات.

لە دیوی ئەودیوی چیای مامەندە بە دیوی ناوزەنگدا، بە دریژایی ڕێگاکە تەنها یەک پێشـمەرگەمان نەدیت لەم کاروانەی ئێمە بپرسیت، ئەرێ ئێوە چین و لە کوێوە هاتون و بۆ کوێ دەچن. بەدەم ڕێگاوە ئەو سـەرنجانەی خۆم بە جەمال تایەر ووت، ڕوویکردە سەلیم و ووتی ئەرێ ڕاستەکات خۆ کەسیک نەبوو بپرسێ ئێوە پیاوچاکن یا پیاو خراپ. لە ناوزەنگ لەسـەر وڵاخەکان دابەزین وخۆمانکرد بە چەند خێمەو کەپرێکدا هەر شـوێنەی بەشـیک بوو لە دەزگایەکی ناوندی. سـڵاومان دەکردو دەڕوێشـتین کەس نەبوو لێمان بپرسێت، دۆڵەکە بەو شـەوە تاریکە جمەی دەهات لە هاتووچۆکەری قاچاخچیان. لە شـوێنێکدا چەند کەسـێک وەسـتابوون لە ماڵی

[1]) هەمان سەرچاوە - لاپەڕە- 263

نەوشیروان مستەفامان پرسی، ووتیان ئەوەتا لەسەر ئەو بەرزاییە، ئەوانە عەرەب بوون لە جەماعەتی بەعسیەکانی سەر بە سوریا. بە بەرزاییەکەدا سەرکەوتین، لە دەرگای ماڵی نەوشیروانمان دا، دەرگایان لیکردینەوە، بەخێرهاتنیان کردین، تاوەیەکی گەورە گۆشتی قیمەی قوتویان بۆ سورکردینەوە، پاش نانخواردن، قسەوباس لەسەر وەزعی شارەکان، ڕاپەڕین، کاریگەری سەرکەوتن لەسەر وەرەی جەماوەر، بارودۆخی کارکردن و ڕێکخستن، قسە لەسەر ئەو تێبینیانەمان کە لە ڕێگادا بینیمان سەبارە ت بە سەلامەتی بنکەکانی سەرکردایەتی...

پرسیارێک لە نەوشیروان مستەفا بەرپرسی ناوەندی کۆمەڵە کرا بەمجۆرە: ئایا کاریگەری ئەم بزوتنەوە چەکداریەی یەکیتی لەسەر ڕژێمی عێراقی چەندە؟ ئەو ژووڕەی لێی دانیشتبووین بنمیچەکەی بە نایلۆن گیرابوو، تا تۆزوخۆڵ نەیەتەخوارەوە، لەسەر نایلۆنەکە، مشکێک ڕایدەکرد لەمسەر بۆ ئەوسەر. بۆ وەڵامی پرسیارەکە نەوشیروان بە پەنجەی ئیشارەتی بۆ بنمیچی ژوورەکە درێژکرد و پرسی : کاریگەری ئەو مشکە لەسەر ئێمە چی یە؟ یەکێک ووتی لە ئیزعاجکردن زیاتر شتێکیتر نییە. نەوشیروان ووتی: کاریگەری ئێمەش وەک بزوتنەوەی چەکدارلەسەر ڕژێم لە ئیزعاجکردن تێناپەڕیت. ئەو ڕاستی وەڵام دایەوە، بەڵام ئەو وەڵامە لە ناخمدا هەژاندمی، کە بەراوردم دەکرد بەو هەموو قسەوباس و ڕاگەیاندنەی ئەوان دەیانکرد لە بارەی (ڕاماڵینی ڕژێمەوە). ئەوە دوورنیە یەکەمینجارێک بووبیت لە دەمی بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەو دووەم کەسی بەرپرسی یەکێتیەوە وەها وەڵامێک لەو بارەیەوە ڕاستگۆیانە درابیتەوە.

ئەو وەڵامە دەکرا لە زۆر لایەنەوە لێکۆڵینەوەو ئەنجامگیری لەسەر بکرێت، بە تایبەت لەسەر ڕاست و چەوتی (ستراتیژی ماوی) خەباتی چەکداری لە شاخەوە بۆ شار، کە یەکێتی بە ڕێبازی خەباتی خۆی دەزانی...ئەو وەڵامە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری دان نانبوو بەوەی ستراتیژی خەباتی چەکداری لە شاخەوە بۆ شار، هەڵەیە. کێشەکە لە وتنی ئەو ڕاستی یە نەبوو، بەڵکو کێشەکە لەوەدابوو بە ئاشکرا دانیان بەو ڕاستیەدا نەدەنا کە ئەڵتەرناتیفەکەی ستراتیژی خەباتی سەرەکی دەبێت شارەکان بێت و ڕاپەڕینی شارەکان بێت.خەباتی شاخ دەبێت لە خزمەتی خەباتی شارو تەواوکەری بێت نەک بە پێچەوانەوە.

دیارە من قسەم لەسەر ئەوەنی یە، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرانی هوشیاری ناو کۆمەڵە لە مێژبوو گەیشتبوونە ئەو ڕاستی یەی کە ستراتیژی خەباتی لە شاخەوە بۆ شاری ماویی یەکیتی هەڵەیە و پێویستە بە ئاشکرا ستراتیژی خەبات لە شارەکانەوە بگیرێتە بەر، ئەوەش یەکێک بوو لە خاڵە ناکۆکیەکانی نیوان بەشیک لە کادرانی ناو کۆمەڵەو سەرکردایەتی یەکیتی...لێرەدا دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە، گرتنەبەری ستراتیژی خەباتی شارەکان، ناکاتە ڕەتکردنەوەی خەباتی چەکداری، وەک هەندێ چەواشەکار و پەرژەوەندپەرست و هەلپەرست وتاکپەرست دەیانوت

(كە لە بنەڕەتدا كاریان بۆ ئەو لایەنەی جەلالیەكان دەكرد كە دەیانویست كۆمەڵە هەڵوەشێننەوە)و دەیانخستە پاڵ هەڵگرانی بیری كرێكاری كۆمەڵە.

ڕۆژی دوایی كۆنفرانس بەسترا، لە هۆڵی شەهید شەهاب لە ناوزەنگ و بە ئامادەبوونی(٢٢٢) نوێنەر، ژمارەیەكی زۆری شارەكان بەشداربوون، كۆمێتەی ناوەندی هەڵوەشایەوە دەستەی بەڕێوەبەری كۆنفرانس دیاری كرا، لێژنەكان دروستكران. ئێمە، ئەوانەی لە شارەكانەوە هاتبووین بە هاوڕێ سەركەوتیشەوە(جەمال تایەر) ڕووپۆشمان لەسەردابوو تەنها چاومان بە دەرەوە بوو، تا كەس نەمان ناسێتەوە، پێشمەرگەكان پێیان دەوتین جنۆكەكانی شار.

وێنەی ژمارە (١) كۆنفرانسی دووەمی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان 1982لە ناوزەنگ

جەمال تایەر منی پێشنیارکرد لە كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆ بۆكاركردن لەگەڵ لێژنەی دارشتنەوەی بەرنامەی كۆمەڵە كە لە چەند كەسێك پێكهاتبوون و،هاوڕێ ئازاد هەورامیش دیاریكرابوو بە بەرپرسی لێژنەكە.

عێراقی و كوردستانی؟!

لە ناوبەشداربووانی كۆنفرانسەكەدا گرژی و نا ئارامیەک دەبینرا، لە یەكێك لە برادەرەكانی كۆمێتەم پرسی، مەسەلە چی یە؟ ووتی بۆ نازانی مەسەلە سالار عەزیزە، ڕەوتی نەوشیروان و تاڵەبانی كار بۆ ئەوەدەكەن سالار دەرنەچێتەوە بۆ

سەركردایەتی كۆمەڵە. جەلالیەكانی ناوكۆمەڵەو یەكیتی بۆ چەواشەكاری ولادانی سەرنجی هاوڕییانی كۆمەڵە لە ئەسڵی كێشەكە كە هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە بوو لە ناو یەكێتی دا، لایەنگرانی شەهید ئارامیان بە ڕەوتی عێراقچی ناودەبرد، بێ ئەوەی نوسینەكانی ئارامیان خوێندبیتەوە. **كاك ئارام دەیگوت "**من لایەنگری ئەوەنیم بە شیوەیەكی دۆگما سەیری مەسەلەی چارەسەركردنی كێشەی نەتەوەیی بكەین. هەڵگرتنی ئالای سەربەخۆیی ویەكگرتنەوەی هەموو پارچەكانی تر، یان هەڵگیرساندنی شۆڕش لە شاخەكانی كوردستانەوە پەرەپێدانی بۆ ئەوەی سەرانسەری عێراق بگرێتەوە. **جەختكردن لە سەر تاقە یەك ڕێگا، ڕەنگە تووشی هەڵدێرو كارەساتمان بكات،** بۆیە دەبێ بە وریاییەوە، سەیری گەشەكردنی ڕووداوەكان بكەین: ئەگەر بینیمان جوڵانەوەی جەماوەری و شۆڕشگێرانە لە ناوەڕاست و خواروی عێراق تەقییەوە، ئەوە ئێمە وەكو بەشێك لەو جوڵانەوەیە خەباتی خۆمان دەكەین. ئەگەر لەناوەڕاست و خواروی عێراق كش و مات بوو، لە پارچەكانی تری كوردستان خەباتی جەماوەری و شۆڕشگێرانە تەقییەوە، ئەوە دەبێ لەگەڵ ئەو هێزانەدا، هاوئاهەنگی بكەین و ببینە بەشێك لەو جوڵانەوەفراوانە..هتد"([1]). "ساڵی ١٩٧٧كاك ئارام، لەگەل دەستەیەك لە نوێنەرانی (قیادەی مەركەزی)حزبی كۆمۆنیستی عیراق توندترین دانوستاندیان كرد. ئەوان دەیانویست یەك حزبی كۆمۆنیست بۆهەموو عێراق دروست بكریت، كاك ئارام لەسەر ئەوە سوور بوو، كە كورد دەبێ حزبیكی سەربەخۆی تایبەتی خۆی هەبێ"([2]).بۆ تێگەیشتن لە پیكهاتەو ڕوداوەكانی ناو كۆمەلە بە پێویستی دەزانم لیرەدا ئەم ڕوونكردنەوەیەی مامۆستا جەعفەر بگوازمەوە بەرچاوی خوینەرو دەڵێت:" من لە ساڵی ١٩٧٨ تا كۆتایی ١٩٨١ دەتوانم ئاماژە بۆ سێ گروپ بكەم، كە هەریەكە، لە سەرێكەوە دەیویست ڕێبازو بۆچوون و هێڵی سیاسی و ڕێكخراوەیی خۆی بسەپێنیت. ١٩٧٨/١/٣١ كاك ئارام لە تەنگیسەر شەهیدبوو، سەركردایەتی كۆمەڵە (كۆمیتەی هەرێمەكان) كە بریتیبوون لە چوار ئەندام، كە ئەو ڕێبەرو خاوەن بریارو تیۆرسیۆنیان بوو، كە لە ماوەیەكی ڕێژەیی زۆر كورتدا، توانی وەك خاوەن كاریزمایەك دەربكەوێت. روناكبیرو كادری سیاسی و عەسكەری و جووتیار، فروسماوی قسەو هەڵس و كەوت و شێوەی لیدوان و قسە خۆشەكانی بوون. ئەو نە چەك و نە پارەی لەبەردەستدابوو، نە سوپاو دەسەڵاتی دەوڵەتی: قەڵەم و زمان، ئامرازی ئەو بوون بۆ دروستكردنی دەسەڵاتی ئەدەبی و سیاسی خۆی.

---

[1])هەورێكی نەزۆك و مێژوویەكی ناكۆك. نووسینی مامۆستا جەعفەر. لاپەڕە 58-59.

[2]) هەمان سەرچاوە لاپەڕە 59.

بە شـــەهیدبوونی کاک ئارام بۆشـــاییەک دروســـتبوو. ئەو بۆشـــاییە، نە بە کاک ســـالار پڕەکرایەوەو نە بە کاک مەلابەختیارو نە بە کاک ئازاد هەورامی. ئەم ســێ سەرکردەیە، سێ سەرکردەی لاوی خوێن گەرم بوون و خۆیان خۆیان پێگەیاندبوو. کێشـەی کۆمێتەی هەرێمەکان ئەوەبوو، لە شـوباتی (١٩٧٦)ەوە، بە دەسـتپێشـخەری خۆیان ، کەرت و هێڵە لە یەک دابڕاوەکانی ڕێکخســـتنیان گرتەوە. کەســـیان، لە بواری ڕێکخســـتن و کاری تیوری و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی خاوەن ئەزموون و شـارەزایی ئەوتۆ نەبوون. ماوەی سـەرکردایەتییەکەیان هەر یەکجار کورت و کەم خـایەن بوو. کـاک ئـارام لە هەموویـان بە تەمەنتربوو(٣٠)ســـاڵ و کـاک ئازاد(٢١ســـاڵ)بوو. لە ڕووی تیوری و خویندن و روناکبیری و ئەزمونی ژیانەوە، ئەو ، لەچاو ئەوانی تر، بەرچاوڕوونتروخاوەن ویست و هەڵوێست بوو.

کەمی ژمـارە(٣)کەس و نەبوونی ئۆرگـانی تر (ســـەرکردایەتی) ئەوانی لاوازترکرد. لە کاتی شـــەهیدبوونی کاک ئارام، تەنیا دووان لە ســـەرکردەکان، لە کوردســتاندا بوون. ئەم دوو کەســایەتییە، (لەگەڵ کاک ســاڵاردا)، خۆیان وەکو تاقە ســێ کەســی خاوەن شــەرعییەت تێدەگەیشتن. ئەوان ســەرجەم بەرپرسیارێتی خۆیان، هەر زۆر بە پەلە ڕادەســتی(کۆبونەوەی فراوانی کادرانی کۆمەڵە-نۆکان-نەورۆزی ١٩٧٨)کرد. هەریەکەیان بە پلەی ناو (ی.ن.ک) ڕازیبون. کاک ســـالار عەزیز لە بەیرووتەوە ئاڵای پەســەندنەکردن و ناڕازیبوونی دژ بە دابەشــکردنی(پۆســتەکان) بەرزکردەوە. هەر لەو ڕۆژەوە دانووی لەگەڵ کاک نەوشیروواندا نەدەکوڵا.

لە کاتێکدا کاک ئارام ڕای وابوو (ی.ن.ک)بە نیمچە بەرە تێدەگەیشـــت، پێی وابوو، دەبێ یەکیتی نەکرێتە حزب، بەڵکو بۆ بەرەیەکی نیشتمانی گەشەی پێبدرێت. کاک ئارام پێنج مانگ پێش شـــەهیدبوونی دەنووســـیت:(ڕاهینانی جەماوەری بە دروســـتی بەرەی یەکگرتوو وە هەوڵدان بۆ گەشـــەپیدانی (ی.ن.ک)بەرەو بەرەی ڕاستەقینەی شـۆڕشـگێر). **لە نووسـین و بەقسـەو بە هەڵوێست لایەنگری ئەوە نەبووە(ی.ن.ک) لە نیمچە بەرەوە، بەرەو حزبیـک گەشـــەی پێبدرێت** . کاک نەوشـیروان لایەنگری ئەوەبوو، ئەندامە پاک و خاوێن و دڵسـۆزەکانی ناو هەرسـێ باڵەکەی (ی.ن.ک)لە نزیک ناوچەی سێسنوور کۆنگرەیەک لە ساڵی ١٩٧٨ ببەستن و دامەزراندنی ئەو **حزبە** ڕابگەیەنرێت."

پاش ڕووداوەکانی هەکاری لە حوزەیرانی ١٩٧٨(بزوتنەوەی ســۆســیالیســتی کوردســـتان) کەوتە خۆی بۆ جیابوونەوە، ئیدی مەســـەلەی تواندنەوەی کۆمەڵە لە ئەجیندای بە پەلەوە، بەرەو کاڵبوونەوە ماڵئاوایی لێکرا.. بێگومان کاک نەوشیروان، تێگەیشـتن و بۆچوونی خۆی نەدەشـاردەوەو لە کۆنفرانسـی ماڵیموس:(کۆنفرانسـی یەکەمی کۆمەڵە ئەیاری(١٩٨١) ئەو بە ڕاشـکاوانە سـەرجەم تێزەکانی سـەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و ســـیاســـی کۆمەڵەی ڕەتکردەوەو دەیگوت:(ئێمە (ی.ن.ک)مـان

دامەزراندووەو بەهێزبوونی یەكێتی بەهێزبوونی ئێمەیەو بەرەوپێشەوە چوونی یەكیتی بەرەو پێشەوە چوونی ئێمەیە. هەرچی پێشمەرگەی(ی.ن.ك) هەیە پێشمەرگەی ئێمەن. بە پێچەوانەشەوە تێكشكانی ی.ن.ك دەبێتە هۆی تێكشكان و لە ناوچوونی ئێمە. ئیتر بۆچی باسی سەربەخۆیی كۆمەلە بكەین؟"([1]).

"پاش شەهیدبوونی كاك ئارام، هەڵێكی گونجاو بۆ كاك نەوشیروان هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی سەرنجی زۆربەی كادرو ئەندامانی كۆمەڵە بە لای خۆیدا رابكێشێت، بەرێز مامجەلالیش بە شێوەیەكی بێسنوور پشتیوانی لێدەكرد و ڕەنگە بەشی زۆری دەسەڵاتی خۆی بەو سۆاردبیت، بۆ ئەوەی لە كارەكانیدا سەركەوتووبێت"كاك نەوشیروان، لەڕووی دەروونیەوە، لە نێوان پارادۆكسیparadox دوو بەرداشی گەورەدا ڕامابوو: لە لایەكەوە دەبوایە وەكو كەسایەتی یەكەمی ڕێكخراویكی (م.ل)بدوێت و بنووسیت و هەڵس و كەوت بكات، لە لایەكی تریشەوە، هەروەكو پاشان لە بیرەوەرییەكانیدا دانی پێداناوە، نە بڕوای بە (م.ل) و نە بڕوای بە كۆمەڵە هەبووە. كەسێك تا ئەم چركەیە ئەو پرسیارەی ئاراستەی ئەو نەكردووە،كە بڕوای بە پرنسیپ و ئایدیاكانی نەبوە؟...ئەو لە لایەكەوە، لەسەر لووتكەی هەرەمی ڕێكخستندا شانی داداوە، لەولاشەوە خاچی خۆپناوی لەسەرشان داناوەو شەوو ڕۆژ لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەو تێكدانی كۆمەڵەبوو."ئەو بە پێچەوانەی هەڵوێست و بیروبۆچوون و جیهانبینی و كۆنسێپتی ئێمە، بە بیوران(تەور)، لەو لقەدارەی دەدا، كە خۆی لەسەری وەستابوو"ئێستا، پاش تێپەربونی نزیكەی (٣٠)ساڵ بەسەر ڕووداوەكانی ئەو سەردەمەداو ئێمە هەر هەموو سەرو ردێنمان بو بە خوری تازە بە تازە، ئەو لە گفتوگۆیەكدا بۆ هەفتەنامەی گوڵان سەبارەت هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە دەڵێت:(گوڵان: بابێینە سەر هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە..خەڵكی زۆر چ ئەوانەی ئێستاش هەر خۆیان بە كۆمەڵە دەزانن یان لە ڕیگای كۆمەڵەوە توانییان ببن بە كادرێكی كوردستانی و نیشتمانی، قسە ئەوەیە خەڵكی دەرەوەی كۆمەڵەش دەڵێن گورزێكی گورچك بڕ بو كە درا لە كۆمەڵەو تەنانەت لە بزاڤی نیشتمانیش، باشە كاك نەوشیروان چۆن توانی ئەو بریارە بدات كە كۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٨هەڵبوەشێنێتەوە؟([2])

نەوشیروان: من بە تەنیا ئەو بریارەم نەدا.ئەوە ژمارەیەكی زۆر پێش من لە كادیرەكانی كۆمەڵە گفتوگۆیان دەست پێكردبوو، لەگەل یەكێتی شۆڕشگێڕاندا، لە قاسمەڕەشەوە ئەو گفتوگۆیانەیان دەستپێكردبوو. كە بریاری هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەشمان دا لە كۆبونەوەیەكی زۆر فراواندا چەند سەد كەسێك تێیدا بەشداربون

[1]) هەورێكی نەزۆك و مێژوویەكی ناكۆك. نوسینی مامۆستا جەحفەر. لاپەڕە 61-64.

[2])٠ هەورێكی نەزۆك و میژوویەكی ناكۆك. نووسینی مامۆستا جەحفەر. لاپەرە 65-66.

كە ئەو بریارەماندا، بەڵام بیرت نەچێت وەختیک كۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە تەسلیمی دەست سەركردایەتیم كرد كە جگە لە دوو كەسیان ئەوانیتر هەموویان كۆمەڵەبوون.

گوڵان: واتا خۆت قەناعەتت بە هەڵوەشاندنەوەكە هەبوو؟

نەوشیروان: بەڵێ ئەو زەمانە قەناعەتم پێی هەبوو. بەڵام ئەزمون دەریخست كە شتێكی هەڵەمان كردووە.

گوڵان : هەستت كرد غەدریكت كردووە؟

نەوشیروان : ئێستا واتا ئەو دوو سێ ساڵە هەست دەكەم كە كارێكی هەڵەمان كردووە. لەوەپێش پێم وابوو وەك بۆم باسكردی كە كۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوەو تەسلیمی یەكێتیمان كرد، ئەو كاتە لە ناو سەركردایەتی یەكێتیدا تەنها فواد مەعسوم و د.كەمال فواد كۆمەڵە نەبوون ئەوانیتر هەمویان كۆمەڵە بوون و دەیانتوانی هەمو یەكێتی بكەن بە كۆمەڵە".([1])

لە پێش كۆنفرانسدا فەرەیدون عەبدولقادر نامێلكەیەكی بەناوی كوردستانی بوونی كۆمەڵەوە نووسی بوو، تیایدا باسی لەوەكردبوو كە كێشەی كورد لە هەرچوارپارچەكە یەك كێشەیە. بەو بانگەوازە چەواشەكاریەی ئەوانە گرتبوویانەبەرو خۆیشیان دەیانزانی كە كاریگەریان تەنانەت لەسەر ڕژێمی عێراق (لە ئیزعاج كردن) تێناپەڕێت. بێ ئەوەش كە شێوازو ستراتیژی هێنانەدی ئازادكردنی هەرچوار پارچەكە دیاری بكەن كە چۆن ئەنجامی دەدەن. پرسیارەكە ئەوەبوو، چۆن تۆ دروشمت دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان بێت لە (هەرچوارپارچەكە) و لە بەرامبەر چوار دەوڵەتەكە دەجەنگیت، لە كاتێكدا خۆت بزانیت توانات لە ئیزعاجكردنی (ڕژێمێك) تێناپەڕیت. گەر ئەمە فریودانی خەڵك نەبێت چی یە؟ ئەمانە تەنها لە پارچەی باشووردا كە نەیانتوانیووە یەكگرتنی كاری هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكان ئەنجام بدەن بۆ ئازادكردنی بەشێك لە كوردستان، چۆن دەتوانن بەرەوڕووی چوار دەوڵەتی بە هێزی ناوچەكە ببنەوە وبچن بە گژ چوار دەوڵەتی داگیركەری كۆردستانداو بیان ڕووخێنن و چوار دەوڵەتی دیموكراسی بهێننە سەركار كە مافی بوونە دەوڵەتی كورد بسەلمێنن، ئەی گەر چەواشەكاری نییە دروشمی (الثورة العراقية المندلعة من جبال كوردستان) یەكیتی كردبوویە دروشمی سەرەكی كاری خۆی، چی ناودەنێن؟ ئەی بۆ یەكێتی مەرجی قبوڵكردنی (التجمع الوطنی العراقی) عەرەبەكان دەكاتە مەرجێكی سەرەكی ڕێكەوتن لەگەڵ پارتیدا؟ دیاربوو بانگەشەكەیان تەنها بۆ موزایەدەی سیاسی بوو. ئاشكرابوو ئەو جۆرە بانگەوازە چەواشەكاریە تەنها یەكێكە لە هەنگاوەكانی ئەو پیلانەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە گیرابووەبەر. گەرچی لەمەسەلەی (التجمع الوطنی

هەورێكی نەزۆك و میژوویەكی ناكۆك. نووسینی مامۆستا جەحفەر. لاپەرە 65-66.

[1])هەمان سەرچاوە لاپەرە67-68.

العراقی) دا نەوشیروان و عادل موراد نارازی بوون بە سەپاندنی ئەو مەرجە، بەڵام هیچ قسەیەک لە سەرووی قسەو بریاری تاڵەبانی یەوە نەبوو. لەودەمەدا تاڵەبانی و لایەنگرانی و لە ناو کۆمەڵەشدا وەک نەوشیروان و ئەو برادەرانەی لە زیندان بەربووبون، هەندێ کاڵفامیش، هێشتا وەک دەروێشێک باوەڕی بەهێزیان بە تێزی ماوی هەبوو، هێشتا تێنەگەیشتبون کە ماویزم لە چ حاڵەتێکدایە، لە دەمی ئەوەی بە شۆڕشی ڕۆشنبیری ناونراو دواتردا. هێشتا دروشمی ماوی لە شاخەوە بۆ شار ناوەندی کاری ئەوان بوو. هێشتا هەستیان بە گۆڕانی کات و شوێن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز لە نێو کۆمەڵگای کوردی و چینیدا نەکردبوو، هێشتا لە سروشتی چینایەتی پێکهاتەی بورژوازی لە کوردستان، عێراق، ولاتانی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم تێنەگەیشتبوون و چەقبەستوویەکی فیکری و نا ڕۆشنیەکی ئایدۆلۆژیان هەبوو. مارکسیزمیان بە عەقڵیەتی بیستەکانی سەدەی رابردوو لێکدەدایەوە، هێشتا ئەرکی شۆڕشی دیموکراتی یان بە ئەرکی بۆرژووا! دەزانی کە نیشانەیەکی زەقی نە ناسینی پێکهاتەی سەردەمیی (طبقات)چینەکان بوو، هێشتا لەوە نەگەیشتبوون کە بۆرژوایەک سروشتی پێکهاتە چینایەتیەکەی وابەستەی ئیمپریالیزم بووبێت و نانیشتمانی و نا ئازادیخوازو نا دیموکراسیخواز بێت، ناتوانێت نەتەوەیەک بە ئازادی بگەیەنێت و ناشتوانیت دیموکراسیخواز بیت(**سەیری ئێستای 35ساڵ دوای ئەو مێژووە بکە**)، کەچی دژە ڕەوتە کرێکاریەکە، ڕۆڵی چینی کرێکارو زەحمەتکێشانی ڕەتدەکردەوەو لەژێر وەنەوزی شۆڕشی دیموکراتیدا دژی دەوەستانەوە. چونکە لە سروشتی گەشەی چینایەتی ئەم وڵاتانە نەگەیشتبوون، چینی بۆرژاوازیان لا دیموکراسیخوازو ئازادیخوازو شۆڕشگێڕ بوو، پێیان وابوو ئەم شۆڕشە دیموکراسیەی ئەمان بە ڕێبەرایەتی ئەوچینە بۆرژوایەو حزبە بۆرژواکانی، نەتەوەی کورد بە ئازادی و دیموکراسی دەگەیەنێت. هێشتا سۆڤیەتیان بە قەلای سۆشیالیزم دەزانی، هێشتا لە سروشتی سەردەمی ئیمپریالیزم لە قۆناغی کۆمپانیا فرەناسنامەکان نەگەیشتبوون، تا بتوانن لە سەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانە سروشتی پارت و چینی شۆڕشگێڕ بناسن و دۆست و دوژمنەکانیان دیاری بکەن. لە بواری پێشمەرگایەتیشدا پیکهێنانی و ڕێکخستنی وئیدارەی، هەمان شێوازە عەشائیریەکەی سەردەمی زوو(بێ دیسپلین، ناڕێک و پێک، گەندەڵ..) بوو یەک گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو، هەروەکو سەردەمی خێڵ هەربەرپرسێکی سەربازی ئەو پێشمەرگانەی لایبوون بە مووڵکی خۆی دەزانین. لە پراکتیکیشیاندا ئەوەی کاریان پێنەکردبێت پراکتیکی پرۆلیتاریانەبوو، ئەوانەبوون ئەو تاقمانەی کاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە دەکردو لافی کوردستانییەتیان لێ دەدا.

جەلالیەکانی ناو کۆمەڵەو یەکێتی، لە کاتێکدا لەژێر پەردەی (کوردستانیەتدا)، لە هەوڵی تواندنەوەی کۆمەڵەدابوون، لەولاشەوە لە پراکتیکدا بە عێراقیبوونی

شۆڕشەكەیان كارپێدەكرد، لەژێر كاریگەری سوریاو حزبە عەرەبی یەكانی ناو (التجمع الوطنی العراقی)، لە پێش هەمویانەوە بەعسی سوری، دروشمەكانی لە عەرەبەكان و خودی بەعس عێراقیتربوو، شۆڕشەكەشیان هەر بە عێراقی دەزانی و دروشمی سەرەكیشیان(ئەو شۆڕشە عێراقیەی لە شاخەكانی كوردستانەوە هەڵگیرساوە)(الثورة العراقیة المندلعة من جبال كوردستان) بوو. یەكێتی لە دروستبوونیەوە هەموو سنووریكی نەتەوەیی بەزاندبوو، لە باتی ئەو حزبە عەرەبیانەی ناو (التجمع الوطنی العراقی) دەیویست ئەو دروشم و بۆچوون و سەركردایەتی و سیاسەتانەی عەرەبە شۆڤینیستەكانی التجمع بەزۆر بەسەر قیادەی موەقەتەشدا بسەپێنێ، بەڵام ئەوان بەو(پێكهاتە خێڵەكی یەی خۆیشیانەوە) نەچوونە ژێر باری و باشتر لە یەكێتیش پەیوەندیان بە حكومەتی سوری و حزبەكانی ناو التجمع هەبوو، بە بێ ئەوەی مەرجەكانی تجمع قبول بكەن.

یەكێتی هەر لە سەرەتاوە بۆ خۆبردنە پێشەوەو ڕازیكردنی بەعسی سوری، لە (التجمع الوطنی العراقی) دا خۆی بینیەوە، بە تونڕەویەكی زۆرەوە دەیویست مەرجی ئەو عەرەبانەی ناو تجمع بسەپێنێتە سەر قیادەی موەقەتە، كە دەبێت ئەوانیش قبوڵی توع و ڕێبەرایەتی بەعسی سوری بكەن، كە لە ڕاستیدا دەیویست شەریكێك بۆ ڕێگە هەڵكەی خۆی پەیدا بكات. **سەیربوو ئەوانەی خۆیان بە كوردستانی ناساندبوو خۆیان لە شیتەڵكردنی ئەم پرسیارانە نەدەدا**، تەنها ئامانجیان ئەوەبوو لە ناوبنكەكانی ڕێكخستن و پێشمەرگەدا بەرامبەرەكەیان وا بناسێنن كە دژی ئەو دەوڵەتە كوردیەن كە ئەوان لە هەوڵی دروستكردنیدان. لە پراكتیكیشدا نەوشیروان ڕاستی پێكاوە كە لە لاپەرە258(پەنجەكان یەكتر دەشكینن)دەڵێت :"ئێمە هەموومان لامان وابوو، ئەگەر بەعس **لایەنی كەمی** مافەكانی كورد بسەلمێنێ، بۆچی لەگەڵی ڕێك نەكەوین، بە تایبەتی لەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەدا كە ئەوسا جوڵانەوەی كوردی تێ كەوت بو".

ئەو نزیكبوونەوانەی یەكێتیش لەگەڵ حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران و بەشداری لە هەندێ شەردا، چەند لایەنیكی هەبوو :

یەكەمیان :بۆ گەمارۆدان و دابڕانی قیادە موەقەتەبوو كە بە دوژمنی سەرەكی خۆیان دەزانی.

دووەمیان: لە ڕێگەی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە كە پارەو چەك و تەقەمەنی و كۆمەكی لە ڕژێمی عێراقی وەردەگرت یەكیتی ژێر بە ژێر كەڵك وەرگرێت.

سێهەمیش: یەكیتی توانی لە ڕێی دیموكراتەوە داواكارییە هەشت مادەییەكە لە دژی پارتی بلاوبكاتەوەو داوای كردنە دەرەوەی قیادەموەقەتە لە ئێران بكات.

چوارەم: سیاسەتی یەكیتی بۆ پاوەنكردنی ناوچەكانی سولەیمانی و هەولیرو لێدانی لایەنەكانیتری ئۆپۆزیسیۆن لە لایەك و لەولاشەوە بۆ گەمارۆدانی پارتی، لە گەڵ حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران چووە بەرەیەكەوە، بەوجۆرە ناراستەوخۆ چووبووە بەرەی ڕژێمی عێراقەوە، كە لە ڕاستیدا سەرەداوی پەیوەندییە ژێرەكێەكانی دەركەوتبوون.

سالارعەزیز بە نامێلكەیەك وەڵامی فەرەیدونی دابۆوەو پێی لەسەر پارتی ڕەنجدەرانی كوردستان-عێراق دادەگرت. دەیووت ئێمە دەبێت جارێ كێشەكانی باشووری كوردستان لە ناو عیراقدا لەگەڵ رژێمی فاشی عێراقدا بە لایەكدا بخەین و باشوور ببێتە پشت و پەنا بۆ بەشەكانیتری كوردستان و هەر بەشێكی كوردستان دەبیت ئازادبیت لە هەڵبژاردنی شێوازی خەباتیدا بۆ گەیشتن بە مافەكانی كورد.

كۆنفرانسی دووەمی كۆمەڵە گۆڕانی زۆری تیابوو. لە كۆنفرانسی یەكەمدا كۆمەڵەیان لە فیكرو ئایدۆلۆژی ماركسی لینینیەكەی كردەوەو دایانماڵی. لە كۆنفرانسی دووشدا چەكوش و داسەكەشیان داگرت و پێچایەوە. بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە كۆمەڵە هەبوو، زۆر بە زەقی دیاربوو كۆمەڵە بەرەو پارتی ڕەنجدەرانی كوردستان ناچێت و بەكاری دەهێنن بۆ بەهێزكردنی پایەگاكانی دەسەڵاتی سكرتێری گشتی و هێنانەدی دروستكردنی ئەو حزبەی تاڵەبانی لە سەرەتاوە دەیویست دروستی بكات.

لە دانیشتنی كۆنفرانسەكە بۆ هەڵبژاردنەوەی ناوەندی كۆمەڵە، نەوشیروان هەستاو ڕووپۆشەكەی لەسەری هاوڕێ سەركەوت لابردوو وەك پاڵەوانی زیندان ناساندی و لە لایەن ئەوەوە پاڵێورا بۆ ناوەندی كۆمەڵەو زۆربەی دەنگەكانی كۆنفرانسی بەدەستهێنا.

لە پێش كۆنفرانسی دووهەم بە دوو مانگێك ناوی كۆمێتەی سەركردایەتی شارەكانیان گۆڕی بە كۆمێتەی ڕێبەرایەتی ناوخۆ، لەم كۆنفرانسەشدا كۆمێتەی ڕێبەرایەتیشیان هەڵوەشاندەوە، هەرپاریزگایەك كرایە ڕێكخراوێك، هەر ڕێكخراوێكیش ڕاستەوخۆ بەسترایەوە بە دەزگای ڕێكخستنی ناوندی كۆمەڵەوە، بەوجۆرە كۆمێتە بووە كەرت و ڕێكخراوی پێشوو بووە پۆل...ئەمیش هەنگاوێكیتربوو بۆ ئەوەی هەموو بریارەكان بچێتەوە دەست سەرانی یەكیتی و پوازێك بوو لە ناوجەرگەی ڕێكخستنەكانی شارەكانیان چەقاندو هەنگاوێكیتربوو لە پلانی هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە.

لە كاتی پشووی كۆبوونەوكاندا، ناردیان بە دوامدا كە چووم هاوڕێیانی نمایندەی ڕێكخراوی شەهید لەیلا لە ماڵی یا لە مەقەری مەلابەختیاربوون، چاوم پییان كەوت.زانیم بۆ ئەوەیە بزانن دەنگ بە كێ دەدەین بۆ سەركردایەتی كۆمەڵە! بەڵام من بە ڕوونی ووتم ئێمە تكتل نین و دەنگ بە كەسانی شایستە دەدەین. هاوڕێ جەمال تایەر ئاگاداری كردمەوە بە تەمایە سەردانی سولەیمانی بكاتەوە و لای منیش

دادەبەزێ. دوای تەواوبوونی كۆبونەوەكان ، سەرو دەمانچەیان دا بە ئەندامانی ڕێكخراوی سولەیمانی. دەمانچەی تازە لە قوتودا جۆری مەكاریۆف، كە دیم بە هاوڕێیانم ووت دەزانن ئەم دەمانچەیە ڕژێمی بەعس دەیدات بە نائب زابتەكانی. هاوڕێیانی كەرتی شەهید وەستا ئەنوەر (هەڵەبجە)كە هاتبوون بۆ كۆنفرانس پێیان ووتم بە پێ دەگەڕێنەوەو یەكیكیان هاوڕێ زمناكۆ (محمد حاجی حەمەشەریف)بوو، بەواندا دەمانچەكەم ناردەوە. خۆیشم گەڕامەوە قەڵادزی و لەوێوە بە ئۆتۆمۆبێل چوومەوە سولەیمانی.

ماوەی چەند مانگێك بوو هاوڕێ (كۆسرەت - عەبدوڵڵا ڕسوڵ) كە بەرپرسیاری ڕێكخستنەكانی هەولێربوو بە هۆی كێشەی ئەمنیەوە لە هەولێرەوە هاتبووە سولەیمانی و لە كارگەی شەكری كەڵەی سەرچنار لای مزگەوتی دووەرگای ئەسحابە سپی كە خاوەنەكەی حاجی محمد نوری حاجی عەبدوللایە خۆی شاردبۆوە.

پاش نزیكەی هەفتەیەك دوای كۆنفرانسی دووەمی كۆمەڵە، هاوڕێ جەمال تایەر بە نهێنی هاتەوە سولەیمانی، ئەو كە هەڵبژێردرابوو بە ئەندامی ناوەندی كۆمەڵەو بەرپرسی دەزگای ڕێكخستن. هێشتا دەنگۆی دەرچوونی بۆ سەركردایەتی بڵاونەبووبوەوە بە ناو خەڵكدا، بە نهێنی یەكی زۆرەوە هاتە ماڵی ئێمە، سەلیم و حاجی حەمەنوری هاوڕێ كۆسرەتیان هێنا بۆ ماڵی ئێمەو لەگەڵ جەمال تایەردا یەكتریان بینی و قسەوباسی خۆیانكرد.

ئەو ڕۆژەی جەمال تایەر هێنرایە ماڵی ئێمە حاجی حەمەنوری پێش ئەوەی ڕژێم بە هەواڵی جەمال تایەر بزانێت، لە دائرەی عەقار معامەلەی بۆ خانوەكەی جەمال تایەركردبوو بیخاتە سەرخۆی تا حكومەت دواتر دەستی بەسەردا نەگرێت. بەڕاستی ئەو كارە لەو ڕۆژگارەدا زۆر پڕ مەترسی بوو، ئاشكرابوونی دەبووە هۆی لەناوچوونی حاجی حەمەنوری و هەموو خێزانەكەی. لە دائیرەی تاپۆ ووتبووی كە خاوەن ماڵە فرۆشیارەكە قاچی شكاوە بۆیە ناتوانێت بێتە دائیرەی تاپۆ، لە بەرامبەردا كڕیار مقداریك پارەی دەداو دائیرەی تاپۆش یەكێك لە فەرمانبەرەكانی دەنارد تا ئیقراری خانوەكە لە ماڵەوە بكرێت. ئەو كاتەی دیاریكرابوو بۆ ئیقرار، پەرۆو خاولی زۆرمان ئاڵاند لە قاچی جەمال تایەرەوە، سەردار ناوێك فەرمانبەربوو لە نوسینگەی عەقارەوە هات و ئیقراری فرۆشتنی خانووەكەی لە جەمال تایەرەوە بۆ سەر حاجی حەمەنوری تەواوكردو ڕۆیشت. یەكسەر حاجی حەمەنوری حاجی عەبدوللا لەبەر سەلامەتی مامۆستا جەمال تایەر و وەك ئیحتیاتێكیش نەبا هاتنە ناوەوەی ئەو بەرگوێی رژێم بكەوێتەوە، مامۆستا جەمال تایەری گواستەوە بۆ شوێنێكیتر.

دوای كۆنفرانسی دووەم

یەکەم کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سولەیمانی

چاوەڕوانکراوبوو، دوای ئەو هەنگاوانەی جەلالیەکانی ناو کۆمەڵە دەیاننا بەرەو تواندنەوەی کۆمەڵە لەناو یەکێتی دا، هەنگاوی داهاتوویان زۆرکردنی ژمارەی جەلالیەکان دەبێت لەناو ڕێکخراوو کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا چ لە شارەکاندا یا لە کەرت و ڕێکخراوەکانی ناو هێزی پێشمەرگەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەش هەر زوو دەست بە کاربوون، هەندێ کەسیان داناو هەندێکیشیان لابرد.

هەیکەلی ڕێکخراوەیی ڕێکخستنەکان بەمجۆرەگۆڕا: ناوەندی کۆمەڵە – ڕێکخراو لە چەندین کەرت پێکهاتبوو(هەرپارێزگایەک کرابووە یەک ڕێکخراوو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەرپرسی ڕێکخراوەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو بە دەزگای ڕێکخستنی ناوەندیەوە بەرپرسی کەرتەکان ئەندامی ڕێکخراوبوون لە کاتی زۆریی کەرتەکاندا لەبەر سەلامەتی ڕێکخستن نەدەبوو هەموو بە یەکەوە دانیشن، بەڵکو بەرپرس بە جیا هەرجارەی لەگەڵ بەشێکیان داددەنیشت. دەبوو لە کاتی زۆری بەشەکاندا لە هەموو ڕیزەکانی ڕێکخستندا ڕەچاوی ئەو شێوازی کارکردنە بکرێت.- کەرت، هەر کەرتێکی ڕێکخستن لە دوو یا سێ پۆل پێکهاتبوو، بەرپرسی پۆلەکان ئەندامی کەرت بوون. – پۆل لە دوو یا سێ شانەی سەرەکی پێکهاتبوو، بەرپرسی شانە سەرەکی یەکان ئەندامی پۆل بوون- شانە سەرەکی- لە دوو تا سێ شانە پێکهاتبوو ، بەرپرسی شانەکان ئەندامی شانە سەرەکی بوون.

ڕێکخراوی سولەیمانی، لە دوو بەش پێکهاتبوو، بە دوو بەش کۆبوونەوەیان دەکرد، لە دوای کۆنفرانسی دووەمەوە، ئەم بەشەی ئێمە، لە لایەن سەلیمەوە ئاگادارکراینەوە کەسێکی نوێ بە ناوی نهێنی زۆراب بە بریاری ناوەندی کۆمەڵە کراوە بە ئەندامی ڕێکخراوی سولەیمانی. ئەوە لە سێپتەمبەری ١٩٨٢بوو. سەلیم (دلێری ئەحمەد شوکری) کە بە بریاری ناوەند کرابوو بە بەرپرسیاری ڕێکخراوی سولەیمانی، لەگەڵ هەردوو بەشەکە بە جیا دادەنیشت. ئەو بەشەی ئێمە پێکهاتبوو لە [هاوڕێ هێرش، طە(شێخ جمال شیخ نوری). هاوڕێ زۆراب(دکتۆر خەسرەوخاڵ). داراوەرگێر، عادل(رەوف رەفیق). هەندێ لەو هاوڕێیانە بە چەند ناوێکی نهێنیەوە کاریان کردووە، بە چاکم زانی هەندێ لە ناوە نهێنیەکانیان لە تەنیشتیانەوە دابنێم. هاوڕێ هێرش کەرتێکی لابوو کە پێشتر بە کۆمێتەی یەک ناسرابوو، هاوڕێ زۆرابیش بەشێکی لابووکە زۆربەی کۆنە جەلالیەکان بوون و (بەشداری چالاکی جەماوەریان نەدەکرد، پاکانەیان ئەوەبوو گوایا لەبەر ئەوەی کۆنە جەلالی بوون ڕژێم چاوی لە سەریانە). منیش سێ کەرتم لابوو، یەکەمیان ئەو کەرتەی پێشتر بە کۆمێتەی پێنج ناسرابوو، کەرتەکە لە دوو پۆل پێکهاتبوو، هەریەک لە ئیبراهیم حەمە عەلی و خەسرەو هادی بەرپرسی یەکێک لە پۆلەکان بوون، دواترلە جێی هاوڕێ خەسرەو هادی، شەهید خالید سورداشی بووە بەرپرسی پۆلەکە، دوای

ئەوەی ئەم هاوڕێیە لە چالاکیەکدا دەکەوێتە کەمینی ئیستخباراتەوە شەهید دەبێت، لەگەڵ سەلیم بۆ سەرخۆشی چووینە ماڵەکەیان ، تەنها دایکیکی پیری هەبوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٣ محمود ڕەزا کرا بە بەرپرسیاری پۆلەکە لە جێگەی شەهید خالید سورداشی. دووەم کەرت کە لامبوو کەرتی ماموستایان و هونەرمەندانی کۆمەڵە بووکە پێکهاتبوو لە هاوڕێ فەرەیدون دارتاش و هاوڕی فەوزی مەلامەحمود. سێهەم کەرتیش کە لامبوو کەرتی خوێندکارانی کۆمەڵەبووکە کارگێڕەکەیان خوشکەزاکەی شەهید حەسەن خاوێ، هاوڕێ سالاربوو. پەیوەندی هاوڕێ فەرهاد(تالیب مۆریاسی) خرایە ئەستۆی من، پێش ناردنی نامەی وازهێنانم لە کۆمەڵە لە دوای کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵە ، ئیبراهیم حەمەعەلیم راسپارد پەیوەندی بە هاوڕێ فەرهادەوە بکات.

یەکەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سولەیمانی

یەکەمین کۆبونەوەی ڕێکخراوی سولەیمانی، لە دوای کۆنفرانسی دووەم لە ماڵی دکتۆر خەسرەوخاڵ(زۆراب)یەسترا، لەسەر گردەکەی سەرچنار، هاوڕێ جەبار بە ئۆتۆمبێلەکەی([1])، من و سەلیم و هێرشی گەیاند، لە دوورەوە دابەزین و بە پێ ڕۆیشتین بەرەو ماڵەکە.

سەرەتای کۆبونەوەکە لەسەر نامەیەکی ناوەندی کۆمەڵە بوو کە تیایدا داواکرابوو لە بەشەکەیتری ڕێکخراو ئاڵ وگۆڕ بکرێت، سەلیم ووتی لە نامەکەدا هاتووە ئەو هاوڕێیەی بەشەکەیتر(تڕۆ)بکەن لەبەر ئەوەی بێ توانایە. دیارە لە سەلیم بەولاوە کەسمان نەمان ئەزانی ئەو کەسە کێیە (گەرچی دواتر پیی ووتم کێیە). بەڵام من زۆر تووڕەبووم، ووتم هەرکەس ئەونامەیەی نووسیوە و ناردووە و ئەو ووشانەی بەکارهێناوە، دەبێت سەرزەنشت بکرێت، دەکرێت هاوڕێ یەک بە هەرهۆیەک و بەهانەیەک بێت لایبەرن، بەڵام کەس بۆی نێ یە سووکایەتی بە هاوڕێیەکی کۆمەڵە بکات کە خۆبەخش گیانی خۆی لەسەردەست داناوە بیبەخشی بە نەتەوەکەی. ئەوە بوو بە خاڵێک بۆ ناوندی بنووسرێت و ڕەخنە یان لێبگیرێت.

یەکێک لە خالەکانیتری کۆبونەوەکە، باسی ڕێکخستنی کرێکاری بوو لەناو کارگەکانی جگەرەو چیمەنتۆ، کە بەپێی ڕاپۆرتێک هاوڕێ هاشم بۆی ناردبووین و بە درێژی باسی کرێکارانی ئەو کارگانە بە گشتی وبە تایبەتی جگەرەی کردبوو، کە ڕێکخستن تیایاندا لاوازە، داوایکردبوو کاری زیاتری لەسەربکرێت. هاوڕێ

---

[1])هاوڕێ جەبار، یەکیک لە دڵسۆزترین و جوامێرترین هاورێکانی کۆمەڵە بوو لە سولەیمانی،ماڵیان لە گەرەکی خەبات بوو، کەمئەندام بوو، کرۆنایەکی کەمئەندامی هەبوو. زۆربەی جار بۆ گواستنەوەی ئەو بەرپرسانەی سەرکردایەتی کە دەهاتنە شار ئەو بەو کارە هەڵدەسا.

هێرش هەڵیدایە کە ئەوە ئەرکی ســـەرەکی ئێمەیە وەک کۆمەڵە کە ڕێکخراوێکی کرێکاری و مارکســـیســـتین، ڕۆڵی خۆمان چڕتر بکەینەوە لە ناوکرێکاراندا بۆ هوشیارکردنەوەو ڕێکخستنیان. ئەو لە قسەکانی نەبووەوە هاوڕێ زۆراب هەڵیدایە : و ووتی کۆمەڵە نە کرێکاری یەو نە مارکسیستە و نە بڕواشم بەوە هەیە! بە هۆی ئەو وەڵامەی هاوڕێ زۆرابەوە، ساتێک خامۆشـــی هاتە ئاراوە. من پێشـتر هاوڕێ زۆرابم نەدیبوو نە ناســـیبوو نە کارم لەگەڵ کردبوو. ئەو پێش کۆنفرانســـی دووەم خەتێکی ڕێکخستنی لابوو، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە نەوشیروان مستەفاوە هەبوو، هەر بە فەرمانی ئەمیش زۆراب کرا بە ئەندامی ڕێکخراوی سولەیمانی کۆمەڵە و لە ڕێکخراو دانرا. ئەوانەی لەو بەشەدا بوون لای ئەو کۆنە جەلالیەکان بوون.

دوای ئەو قسە سەیرانەی زۆراب، من لە سەرەتادا وامدەزانی گاڵتە دەکا. چونکە نەدەچوو بە عەقڵمدا کەســـێک بخرێتە ڕێکخراوێکی کۆمەڵە و بڕواشـــی نەبیت بە کرێکاری بوونی ڕێکخراوەکە و ئایدۆلۆژی یە کرێکاریەکەی ڕێکخراوەکە. گەر ئەوەم بزانیایە کە بەرپرسی ناوەندی کۆمەڵەش هەمان ڕاوبۆچوونی هەبووە بەلامەوە ســـەیرنەدەبوو، ئاســـانترێش بوو بۆ مرۆڤ لەوە تێبگات کە بۆچی ئەمی لە ڕێکخراوەکەدا داناوە. لەبەر ئەوەی وامدەزانی گاڵتە دەکات، لەســـەرخۆ پێمووت: بە ڕاستی کاتی گاڵتە نێ یەو کارمان زۆرە، گاڵتەکانت هەڵگرە بۆ کات و شووێنێکیتر. کەچی ئەو چەند بارەیکردەوە کە گاڵتە ناکات و ئەوە بیرو باوەڕی ئەوە. داواملێکرد پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵەی هێنا ووتم ســـەیرکە نوســـراوە کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی کرێکاری مارکسیستە، ووتی با ئەوەش وابڵێ من باوەڕم پێی نی یە. (دیارە ئەو لە دەرەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەدا بووایە ســـەیر نەبوو، ئازادیش بوو هەر فکرێکی هەبیت). هاوڕێ هێرش حەپەسابوو، ناهەقیشی نەبوو. هەستمکرد هاوڕێ سەلیمیش نارەحەت بووە، نەی دەزانی چ وەڵامێکی من بداتەوە، نەشیدەویست شتێک بڵێت و ڕونکردنەوەیەک بدات، بێدەنگیەکەی نیشـــانەیەکی خراپی فرســـەتخوازی بوو، بۆم ڕوونبووەوە لەبەرەی جەلالیەکاندایە. هاوڕێ هێرش کە خۆی کرێکاربوو، زۆرتر ســـەرســـام و نارەحەت بوو، زۆر بە هێمنی و لەســـەرخۆیی ووتی : باشـــە دکتۆر تۆ نەتدەزانی کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی کرێکارییە؟ نەت دەزانی ئێمە مارکســـین؟ ئەی چۆن لە ڕێکخراوێکدا بریاری کارکردن دەدەی بێ ئەوەی بزانی فکرو ئایدۆلۆژی ئەو ڕێکخراوە چی یە؟ ئەی چۆن لە ڕێکخراوێکدا کـار دەکەیت بڕوات بە بنەما چینایەتی و ئایدۆلۆژیەکەی نەبێت؟

ئەوە یەکەم هەنگـاوی دوای کۆنفرانس بوو، لە کۆنفرانســـی یەک و دووی کۆمەڵەدا ئارم و ئایدۆلۆژی کۆمەڵەیان تووڕدا. وا ئێســـتەش ڕێکخســـتنەکان بەو کەســـانە پڕدەکەنەوە کە بۆ ئەو ڕەوتە کاردەکەن کە هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵە لە یەکێتی دا بتوێننەوە. کەم نەبوون ئەو هـاوڕییـانەی لە نـاو کـادرەکـانی دەرەوەو

ڕیزەکانی ناوەوە هەستیان بەو مەترسی یانە کردبوو، بەڵام جگە لە ناڕەزایی دەربڕین و مانگرتن و خۆ هەڵپەساردن، یا هەندێجار لێرەو لەوێ لە نامە یا بڵاوکراوەیەکدا پرتەو بۆڵەکردن تێپەڕی نەدەکرد.لە کاتێکدا نەیارەکانی کۆمەڵە بە پلان و نەخشە کاریان لەسەر تواندنەوەی کۆمەڵە دەکرد.

بە هۆی کۆچی دوایی دکتۆر خەسرەوەوە پێمخۆش نەبوو، ئەم باسە بهێنمە پێشەوە، لەگەڵ ئەودا گەرچی لە باوەردا جیاوازبووین، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا مرۆڤێکی خۆشەویست و ئازاو چاونەترس بوو. گەرچی ئەو هاوڕییانەیتر لە ژیاندا ماون، بەڵام ناچاربووم باسی ئەو یەکەم کۆبونەوەیە بنووسم، تا خوێنەر شتێک تێ بگات لە بیرکردنەوەو پراکتیکی سەرانی یەکێتی و لە شیوازی بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی ناوەند دیاری دەکردن. ئامانجیان و مەبەستیان کارکردن بوو، کۆمەڵە و بزوتنەوە لە یەکیتی داو، یەکیتیش لە خودی تالەبانی دا بتوێننەوە. **دیاربوو ئەم هەنگاوەیان، بۆ لابردنی هەموو ئەوانەی بروایان بە بنەما چینایەتی و فیکرییەکەی کۆمەڵە هەبوو چ لە ناو کادرەکانی دەرەوە یا ریزەکانی ناوەوەی شارەکاندا، دواهەنگاویان بوو کە کاریان بۆ دەکرد، تا دواتر بتوانن دوا بزمارەکانیان بە دارەمەیتی کۆمەڵەدا داکوتن و بینیژن. جەلالیەکانی ناو کۆمەڵەش بە تەور بەربووبوونە ئەو دارەی لەسەری وەستابوون.**

یەکێتی، تا دەهات، لە ناوچەکانی سولەیمانی و هەولیردا لە بەرامبەر حزبی سۆشیالیستی کوردستان و لایەنەکانی جودا(بەرەکەی پارتی) لە ڕێگەی مۆنۆپۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیەوە، ئەگەری شەڕی ناوخۆی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا زیاتردەکرد. پارتیش وەک حزبێکی خێڵەکی ناوچەی بادینانی بە موڵکی شەخسی دەزانی و ڕێگەی نەدەدا هێزێکیتر لە خۆی زیاتر بچێتە ئەوێ و لەوێ بمێنێتەوە. لەگەڵ هەموو هەوڵێکی پەیوەندی و نزیکبوونەوەیەکیش کە دەکرا لە لایەن سەرانی یەکیتی و حکومەتی بەعسدا، بڵیسەی شەڕی کورد کوشتنی ناوخۆی زیاتر دەکرد. لە کۆتایی ساڵی ۱۹۸۲ و سەرەتای ساڵی ۱۹۸۳دا دەنگۆی مفاوەزات لە نێوان حکومەتی بەعس و یەکیتی بڵاوبوەوە. " لە بەهاری ۱۹۸۲ لەو کۆبونەوانەدا کە د.قاسملو لەگەل سەرکردایەتی یەکیتی ئەیکرد، چەند جارێ باسی گفتوگۆی لەگەڵ بەعس ئەهێنایە پێشەوە، هەمان باسی لەگەل سەرانی حشع کردبوو"،نەوشیروان دەڵێت" لامانوابوو: ئەگەر بەعس لایەنی کەمی مافەکانی کورد بسەلمێنێ، بۆچی لەگەڵی ڕێک نەکەوین، بە تایبەتی لەو هەلومەرجە ئالۆزەدا کە ئەوسا جوڵانەوەی کوردی تێ کەوت بوو".([1])

([1])پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. نوسینی نەوشیروان مستەفا. لاپەڕە 258-259.

ڕۆژ بە ڕۆژ تا دەهات باوەڕم نەدەما بەوەی لە ڕێکخستنێکدا کار بکەم درێژە پێدەری خەتی جەلالی بێت بۆ شەڕی ناوخۆ و لەگەڵ پەرژەوەندی نەتەوەیی ناکۆک و دژ بێت، بە بەرچاویشمەوە کار بۆ لە ناوبردنی ئەو ڕێکخستنەی کۆمەڵە بکات کە باوڕم پێی هەبوو. دەمویست نامەی دەست لەکارکێشانەوە بنووسم و بینیرم بۆ ناوەند بەڵام هەندێ لە هاوڕێیان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت پەلە نەکەم و چاوەڕێی گۆڕانکاری بم. گەرچی لە ناو پێشمەرگەدا بە ئاشکرا بەرەی جەلالی و بەرەی کۆمەلە لەیەک جیابوو. بەرەی جەلالی لە ژێر پەردەی فریودەرانەی کوردستانی بوونـدا بەرنـامەی کـاری توانـدنەوەی کۆمەلەی لە نـاو هێزی پێشـمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناوخۆدا هەنگاو بە هەنگاو جێ بەجێدەکرد، بەلام هاوڕێیانی کۆمەڵە لە بەرامبەریاندا بێ بەرنامەبوون و، خۆیان بە کەم ئەزمونترو کەم تەمەنتر دەزانی . هەموو کارەکانیان لە سەرزەنشت و گلەیی وبۆڵەبۆڵ و بڵاوکردنەوەی نامەو هەندی بەیان و نامێلکە تێنەدەپەڕی. من تا ئەو کاتە لە هەردوو بەرەکە ناڕازیبووم، بەرەی جەلالیەکان بە تەواوی لای من ڕەتکرابووەوە، بەرەی ئەوانەش کە خۆیان بە داکۆکیکەر دەزانی لە کۆمەڵە بەهۆی نەبوونی بەرنـامەوهێڵی فیکری و تێڕوانینی ڕێکخراوەیی ڕوونیان لەگەڵ ئەمانیش نەبووم. بەڵام لە لایەن نەوشیروان و ئەوانەوە منیان لەسەر بەرامبەرەکەیان (سالار و مەلابەختیار)حساب کردبوو، مەلابەختیاریش تا ئەو کاتە منی سەر بە جەلالیەتەکە حسابکردبوو، هەتا دواتر جارێکیان بە خۆمی ووت کە واماندەزانی جەلالیت. بە لای هەردوو لایانەوە بە ڕەش و سپی حوکمیان دەدا بەسەر چواردەوریاندا، ئەوەی لە گەڵیان نەبێت لەگەڵ لاکەیترە، بەڵام من بیروباوەڕەکەم، کە بیرو باوەڕی کرێکاران و زەحمەتکیشان بوو ڕێبازم بوو، سەربە هیچ لایەکیشیان نەبووم.

کۆنفرانسی یەکێتی مامۆستایان لە بالیسان

هاوڕێ جەمال تایەر، کە ئەندامی ناوەندی کۆمەلەو بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن بوو ئاگاداربوو، لە نەبوونی جم و جوڵی سکرتاریەتی مامۆستایان و، ئەو ئەڵتەرناتیفەی ئێمە گرتبوومانەبەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی یە لە ڕێگەی دروستکردنی کەرتی مامۆستایانی کۆمەڵەوە. ڕاست بوو وەزعەکە زۆر مەترسیداربوو، بەڵام ئەوان بەرپرس بوون لە چالاکی یە سەندیکاییەکانی خۆیان و هوشیارکردنەوەو ڕێکخستن و یەکخستنی ڕیزەکانی مامۆستایان..

لە هەوڵێکدا بۆ زیندووکردنەوەو بەگەڕخستنەوەی یەکیتی مامۆستایان، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ناوەند لە کەرتی مامۆستایان و ڕێکخراوی سولەیمانیشدا قسەی لەسەرکراو لەگەڵ بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە هاوڕێ جەمال تایەر ڕێکەوتین لەسەر بەستنی کۆنفرانسێک بۆ مامۆستایان لە بالیسان. ئەو ڕای

وابوو من خۆم بیاڵێوم بۆ سكرتاریەتی مامۆستایان، بەڵام توانیم قەناعەتی پێبكەم كە ئەوسێ كەرتەی لامە زیاد لە توانای خۆم كاتی گرتووم. من پێشنیاری هاوڕێ فەرەیدون دارتاش وفەوزی مەلا مەحمودمكرد، ئەویش ڕازی بوو.

لە سوڵەیمانی یەوە من بە ناوی نهێنی دارا و فەرەیدون دارتاش ، فەوزی مەلامەحمود ، هاوڕێ سوعاد(كە پاشتر بووە هاوسەری شەهید مولازم سەید كەریم)، ئەم چواره لە كات و شوینی دیاریكراودا چوینە باڵیسان. لەوێش نمایندەی هەولێرو، سكرتاریەتی كۆن و ژمارەیەكی زۆری مامۆستایانی ناو هێزی پێشمەرگە ئامادەبوون، پیش چوونە كۆنفرانسەكەوە نمایندەكانی سولەیمانی كۆبونەوەیەكمانكرد، نەخشەی كاری خۆمان بۆ ناو كۆنفرانس دارشت، پێموتن كاری من هەڵسەنگاندی كارەكانی سكرتاریەتی پێشوو دەبیت، ئێوەش كار لەسەر دارشتنەوە یەكی باشتری بەرنامەیی بكەن، پاش هەڵسەنگاندنێكی چر و ڕەخنە لە بی هەڵوێستی سكرتاریەتی پێشوو، كۆنفرانس بە باشی لە هەموو ئەو ڕوانەی بۆی دیاریكرابوو بەرنامەی كاری خۆی دارشتەوە، لە دانیشتنی كۆتایی دا دەستەی سكرتاریەتی نوێ هەڵبژێردرا.

مفاوەزات-گفتوگۆ

" د.قاسملوپێشنیارەكانی ئێمەی گەیاند بە كاربەدەستانی عێراق. تا چەند مانگێ هیچ هەواڵێك نەبوو. شەڕەكانی كوردستانی ئێرانی بەسەردا هات. د.قاسملو لەو ماوەیەدا بەرزان تكریتی و صەدام حسێنی بینی بووو. وەڵامی پێشنیارەكەی ئێمەیان دابۆوە:

پێشنیاری یەكەم- خرابووە لاوە بە بیانوی ئەوەی هێشتا هەل و مەرجی ڕێكەوتنێكی ستراتیژی لەو بابەتە لە نێوان عەرەب و كوردا نەگەیشتووە.

پێشنیاری دووەم- كە بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی، موافیق بوون بۆ ئەوەی بكرێ بە بنچینەی دەستپێكردنی گفتوگۆ.

پێشنیاری سێهەم- كە بریتی بوو لە ڕاگرتنی شەڕ، ئامادەبوون بۆ جێ بە جێكردنی دەسبەجێ.

ڕۆژی ١٣تشرینی یەكەمی ١٩٨٢.د.قاسملو لە گۆڕەشێر كۆبونەوەیەكی ڕێك خست بۆ یەكتربینین. لە باتی یەكێتی: مامجەلال و نەوشیروان، لە باتی حكومەتی عێراق: ئەبو ئەحمەد، ئەبو عودەی(عقید ئیحسان)،ئەبو محمد، ئامادەبون. د.قاسملویش وەكو (وسیط)و میواندار بەشداربوو.

ئەبو ئەحمەد(عقید روكن خلیل محمد شاكر)ئەفسەریكی موسڵاوی بو ، یاریدەدەری سەرۆكی "جیهازی موخابەرات"و ئەبو عودەی (عقید ئیحسان)لێپرسراوی ناوچەی سەرووی موخابەرات لە كەركوك و، ئەبو

محەمەدلێپرسراوی موخابەراتی هەولیربوو....دوای ئەم دانیشتنە هیچ جۆرە پەیوەندیەک لە نێوان یەکێتی و بەعس نەما"([1])

لە پێش ئەو مفاوەزاتەدا بە ماوەیەک، ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران، هێرشێکی سەربازی گەورەو فراوانی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکرات دەستپێکردبوو، لە بەرامبەر یدا هێزەکانی دیموکرات ناچار بە چۆڵکردنی بنکەو بارەگاکانیان بووبوون و لە پاشەکشەدابوون، لە ١٥ئەیلولی ١٩٨٢لەسەرداوای دکتۆر قاسملو، بۆ بەرگریکردن لەو هێرشەی ئێران و کۆمەکی دیموکرات، قاسملو داوای هاوکاری و بەدەنگەوە چوونی یەکێتی و حزبی شیوعی دەکرد، عەزیز محمدی سکرتێری حزبی شیوعی، جلال تاڵەبانی و نەوشیروان، لە کۆبونەوەکەدا ئامادەبوون، عەزیزمحمد وتبووی ئەبێت دراسەی داواکەتان بکەین ئینجا دەتوانم جوابتان بدەمەوە. قاسملوش دەڵێت تا ئێوە دراسەی دەکەن و جوابمان دەدەنەوە کار لەکار دەترازێت. جەلال تاڵەبانی یەکسەر بریاری هاوکاریان دەدات.

"نەوشیروان دەڵێت: زۆری هێزەکانی دیموکرات هەڵوەشابوون و، وەی شەڕیان نەمابو. دواتر دەڵیت: د.قاسملو ئومێدی بەوەنەمابوو کە توانایان مابێت ناوچەی ئازادکراو بپارێزن، هەوڵەکەی بۆ ئەوەبوو بە شێنەیی کەل و پەلی دەفتەری سیاسی و، بارەگاکانی تریان و، دەزگای ڕادیۆو، دیلەکانیان، بە سەلامەتی بگوێزنەوە بۆ ناوچەی بێتووش لەسەر سنوور، لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەم کارەیان ئەنجامدا. پارتی بە ئاشکرا شەڕی دژی حزبی دیموکراتی ئێرانی ڕاگەیاندبوو، وە لە لەشکرکێشیەکانی ئێراندا دژی دیموکرات بەشداری دەکرد.

نەوشیراون مستەفا: لە کتێبی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن لەلاپەڕە ٢٦٤-٢٦٧لە هەڵسەنگاندنی ئەو بریارەی تاڵەبانیدا دەڵێت" ئەم بریارەی یەکێتی، کە منیش تیابەشداربووم، زۆرتر شتێکی "عاتفی" بو تا لیکدانەوەی سیاسی و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان. هێزەکانی حدکا تێک شکابوون، هەرناوچەیەکیان لێدەگیرا بە یەکجاری چۆڵیان دەکرد، پێشمەرگەیان تێدا نەدەهێشتەوە بۆ درێژەدان بە شەڕی پارتیزانی.یەکێتی بەم کارە نەیتوانی حدکا هەڵسێنێتەوە، بەڵام ئێرانی لە خۆی وروژاندو، ئەو" ئاشتی یە لەرزۆک" ەی لە نێوان پارتی و یەکێتی دابو سەرلەنوێ تێک چووەوە. یەکێتی کەوتە ناو مەترسیەکی گەورەترەوە لەو مەترسیەی هەڕەشەی لە حدکا دەکرد. **مەترسی شەڕ لە ٣ مەیدانی جیاوازدا**: عێراق کە شەڕی لەگەڵ ڕانەگیرابوو، ئێران کە لەبەر خاتری حدکا شەری لەگەڵ دەست پێکرابوو، جود بە سەرکردایەتی پارتی کە لەژێر گوشاری ئێران دا خەریکی خۆ سازدان بوو بۆ پەلاماردانی یەکێتی.

[1])پەنجەکان یەکتر دەشکینن. نووسینی نەوشیروان مستەفا. لاپەڕە 258-259.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٣ و دوای كوشتنی جەزای عەلی كاتب بە هەڵە، لە لایەن تیپی ٣٧ كە ئاوات قارەمانی سەرتیپی بوو، نەتوانرا بەر بە شەڕی ناوخۆ بگرنەوە، تا دەهات ئاگری شەڕەكەی نێوان یەكیتی و پارتی بڵێسەی دەسەندو هەموو مەڵبەندەكانی تریشی گرتەوە. لە ناو ئەو شتانەی سەیدكەریم كە دەست پارتی كەوتبوون نامەیەكی نەوشیروان مستەفا بوو بۆ سەید كەریم نووسی بووی تیایدا " بە هۆی سوریاو لیبیاوە زەختێكی زۆرمان بۆ ق م و ئێران بردووە بۆ ئەوەی شەڕمان پێ نەفرۆشن و پەلاماری مەقەرەكانی ئێرە نەدەن. دواكەوتنی هێرشەكەیان بە رەئی من ئەگەریتەوە بۆ زۆری ئەو زەختە، [چونكە هەڕەشەی ئەوەمان لێكردن كە ئەگەر وازمان لێ نەهێنن ئەوا مەجبورین شەڕی ئەملا ڕابگرین (مەبەستی شەڕی عێراق بووە. نوسەر)و خۆمان بۆ ئەوان تەرخان بكەین و ئۆباڵی ئەو مەسەلەیەش ئەكەوێتە ئەستۆی ئەوان.](1)

لە ناوەوەی شارەكان، لە ناوجەماوەری خەڵك و لەلای زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی بە تەنگ چارەنووسی نەتەوەوە بوون، ئەو شەڕی ناوخۆیە ڕسوادەكرا. دەزانرا، هەمو ئەو شەڕانەی ئەو حزبانە لە سەردەسەڵاتەو، بە خۆڕایی خوێنی لاوی كوردی تیادەڕژی، لە پێناوی پەرژەوەندی دەسەڵاتخوازی چەند بنەماڵەیەك. خەڵكێكی كەم نەبوون ئەوانەی لە ناو هێزی پێشمەرگەو ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەدا دژی ئەو جەنگە نامرۆڤانەی شەڕی ناو كورد دەوە ستانەوە. **ئەوان(یەكێتی) ئامادەبوون شەڕی بەعس ڕاگرن بۆ ئەوەی دەستیان بەتاڵ بێت بۆ شەڕی جود، بەڵام ئامادە نەبوون شەڕی جود ڕابگرن بۆ دەست بەتاڵ بوون بۆ شەڕی بەعس.** یەكێتی و جود دوولای شەڕەنگێزی پەرژەوەندخوازبوون، ئەوەی لەبەرچاویان بوو و كاریان بۆ دەكرد پاوەنخوازی حزبی بنەماڵەو پەرژەوەندی بنەماڵەی حزب بوو، هەر یەكەو لە سای دەوڵەتێكی داگیركەری كوردستاندا خەریكی بارزگانی سیاسی خۆیان بوون، ئەوی لەبەرچاویان نەدەگرت بەهاكانی نەتەوەیەكی ژێردەست و پارچە پارچەكراوبوو، بۆ فریودان وبە لاڕیدابردنی خەڵكیش لافی كوردستانییەتیشیان لێدەدا. من هەروەك ساڵێك پێشتر ویستم نامەی وازهێنان بنووسم، لە مێژبوو هیچ بڕوایەكم بەوە نەمابوو نە سەرانی یەكیتی نە پارتی، بایی ئەوە بەرپرسیاری نەتەوەیی و نیشتمانیان تیا مابێت بتوانن بچوكترین دەستكەوت بۆ كورد بەدەست بهێنن. بەڵام دیسانەوە هەندێ هاوڕێ یەكیك لەوانە مەلا بەختیار ڕازیانكردم تا كۆنفرانسی داهاتوو دان بە خۆمدا بگرم، گەر تا ئەودەم گۆڕانێكی ڕیشەیی نەتوانرا بكرێ ئەوا ئەوانیش دەست لە كار دەكێشنەوە. پێموتن من و هەموو ئەوانەی بۆ ئەو نەتەوەیە، نەك بۆ حزب و بنەماڵە، ژیانیان خستۆتە مەترسی لەناوچوون، دڵخۆشكەرەیەك شكی بەرین گەیشتنی كورد بە مافەكانی. بە ڕوونی ووتم، مێژووی دروستبوونەكەی یەكێتی و بنەما چینایەتی و پراكتیكەكەی وامان پێدەڵێت لە سای ئەم سەرانەی ئێستای یەكێتی یەوە هیچ جۆرە گۆڕانكارییەك ڕێگە پێدراو

(1)پەنجەكان یەكتر دەشكینن . نووسینی نەوشیروان مستەفا. لاپەڕە. 289

نابێت و، خوێناوی تیدا دەڕژێت و، بە تاوانیشـــی دەزانم کورد بە کوشـــت بدرێت بۆ بارزگانانی ســـیاســـی. ســـەیری نێوانی هەموو ئەم حزبانە بکەن لە دروســـتبوون و کارکردنیانەوە وا هاتوون و جیاوزیشـــیان نی یە هەمویان نمایندەی بۆرژوا کۆنەپەرســـت و نادیموکراســـی خوازو نا ئازادی خوازن، خاوەنی هەمان ژێرخانی چینایەتی و پەرژەوەندی چینایەتین و بازرگانی سیاسین.

دیسانەوە شەڕی ناوخۆ

یەکێتی لە شەڕیکی ناوخۆوە دەچوو بۆ شەڕێکیتر. گەر لە گەڵ خودی باڵەکانی یەکێتی دا نەبوایە ئەوا لایەکی ناو جودی دەدۆزیەوە تا پەلاماری بدات. ئەو شـەڕانە بە حوکمی ئەوەی پرزەی لە هێزو توانـای خودی یەکێتی وکورد دەبڕی، لە دوائەنجامدا بە قازانجی داگیرکەران دەشکایەوە. شەڕی پارتی و جود لەگەڵ یەکێتی و شـــەڕی یەکێتی لەگەڵ جودو باڵەکانی ناو یەکێتی، شـــەڕی جیاوازی فیکری و ئایدۆلۆژی و پەرژەوەندی نەتەوەیی نەبوو، شـــەڕی دەســـەڵات و، شـــەڕی کێبڕکێی پارە وەرگرتن بوو لە داگیرکەرانی کوردستان لە ژێر پەردەی شۆڕش و کوردایەتی دا. تاڵەبانی لە دوای هەرە سـی جەلالیەکان سـاڵی ١٩٧٠(وەک عومەر دەبابەو علی عەســـکەری لای مســـعود بـارزانی دانیـان پێـدا نـاوە([1]))"نزیکەی ٤ ملیۆن و ٢٠٠هەزار دۆلاری بە نـاوی خۆیەوە لە بـانکی کوێت دانـابوو". بـارزانیش دوای هەرەســـی ١٩٧٥زیاتر لە چل ملیۆن دۆلاریان لادابوو. ئەوانە جگە لەو پارانەی بە درێژایی بزوتنەوەی چەکداری شاخ لە لیبیا و سوریاو ئێران و عێراق وەریاندەگرت. جگە لەو پـارانەی لە شـــارەکـانـدا لە دەوڵەمەنـدەکـان، و بە نـاوی گۆمرگەوە لە سنورەکاندا لە خەڵکیان دەسەند.

لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ســاڵی ١٩٨٣ شــەڕی قرناقاو پشــت ئاشــان بوو. پاش ئەوەی هێزەکانی پارتی بە فەرماندەیی حەسۆمیرخان ژاژۆکی، چووبونە سەرچیای جاسوسان، بەرامبەر ناوزەنگ، و لە ولاشەوە پەلاماری بالیسانیان دابوو گرتبوویان. مەڵبەندی چواریان خستبووە گەمارۆی جودەوە، سەرانی یەکێتی بریاردەدەن دەست بەکاربن بۆ لێدانی ســـەرکردایەتی هەموو لایەنەکانی جود لە قەندیل. لە زەڵێ جلال تاڵەبانی دەچێت لە بەڕێکردنی هێزەکەدا وتارێکی بەســـۆزیان بۆ دەدا و داوایان لێدەکات (بە چاکی ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن)، و فەرماندەیی ئەم هێزە دەداتە دەســـت نەوشـــیروان مســـتەفا، ئازاد هەورامیش، فەرماندەیی هێزەکانی وەرتێ، دۆڵەرەقەو دۆلی خـانەقـای دەکرد لە مەڵبەند٣ تـا لە قۆڵی کۆمتـانەوە هێرش بکـات. لە ڕۆژی

[1]) بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- بەرگی سێیەم بەشی دووەم-لاپەڕە 60

١٩٨٣/٥/١و ١٩٨٣/٥/٢ لەژیر دروشمی "تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە" دا بنكەكانی حزبی شیوعی و پارتی و حسک و پاسۆكیان لە قڕناقەو پشت ئاشاندا تێک و پێكداو گرت و گەمارۆی سەر مەڵبەندی چواریشیان شكاند. لەو شەڕانەدا ئەندامیكی ناوەندی پكک كە بۆ ناوبژی نێوان یەكیتی و جود هاتبوون لە لایەن یەكێتی یەوە كوژرا، كەریم ئەحمەد ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی و مەلائەحمەدی بانیخێڵانی، ئەندامی كۆمێتە ناوەندی و قادر ڕشید ناسک لە لایەن هێزەكانی یەكێتی یەوە بەدیل گیران و نەوشیروان ڕەوانەی لای جلال تاڵەبانی كردبوون لە ناوزەنگ. سەرانی یەكیتی لە ئێستگەو جیهازەكانیانەوە بانگەوازیان دەكرد بۆ مەڵبەندی یەک (وا ئێمە سەرەكانمان پانكردنەوە ئێوەش پەڕوباڵیان بكەن)، لە مەڵبەندی یەک لە ئەنجامی ڕێكەوتنێكی نێوان مەلابەختیار و بەهادین نوری دا هیچ لایەكیان بە قسەی سەركردایەتیەكانیان ناكەن و شەڕی یەكتر ناكەن. مەڵبەندی یەک ڕێگە بۆ ئەو هێزەی حزبی شیوعی دەكەنەوە كە لەگەڵ بەهادین نوری دەبێت بپەرنەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ. لە ناوشارەكان، ئەو هەڵوێستەی بەهادین نوری و مەلابەختیار لە لایەن هەموو خەڵک و ئەو هاوڕێیانەی ڕێكخستنەوە كە دژی شەڕی ناوخۆبوون بە گەرمی پێشوازی لێكراو ئافەرین كرا. لە لایەن جەلالیەكانیشەوە بە پیلانگێڕی و دەرچوون لە بریاری سەركردایەتی! ناوزەد دەكرا.

مفاوەزاتی یەكێتی لەگەڵ بەعس

شەڕ لەگەل بزوتنەوە، حزبی شیوعی، پارتی، حسک، پاسۆک، ئیسلامی، ئێران ، عێراق. ناكۆكیەكانی ناوخۆی یەكێتی لەگەڵ باڵەكانیدا، ناكۆكیەكانی ناو خودی هەریەكە لەو باڵانەی كۆمەڵەو بزوتنەوە، لە ناوخۆیاندا، ئەمانە هەمووی پرزەی لە یەكێتی بڕیبوو. " چەندمانگ پێش دەستپێكردنی گفتوگۆ، ئاگاداری نوێنەرەكانی خۆمان كرد بوو كە بە كاربەدەستانی سوری بڵین: ئێمە گوشارێكی زۆرمان لەسەرە، لە لایەكەوە لە شەڕداین لەگەڵ عێراق و ، لە لایەكی تریشەوە لە شەڕداین لەگەڵ جودو ئێران. ئەگەر ئەوان ئەتوانن وا لە جود بكەن شەڕمان لەگەڵ ڕابگرێ و ئێران گوشارمان لەسەر لاببات ، ئەوا درێژە بە شەڕی عێراق ئەدەین، ئەگینا بۆ پاراستنی یەكیتی و گەلەكەمان لە مەترسی ناچارین شەڕ لەگەڵ عێراق ڕابگرین([1])".

لە بارەی بارودۆخی سەركردایەتی یەكێتی پێش مفاوەزات " دوای چۆڵكردنی ناوزەنگ بارەگاكانی سەركردایەتی بڵاوەیان لێ كرد. كاتێ گفتوگۆ دەستی پێكرد مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی یەكێتی بارەگای یەكگرتووی نەبوو. مامجەلال لە

[1]) خولانەوە لەناو بازنەدا. نوسینی نەوشیروان مستەفا . لاپەڕە 15.

بۆتێ بوو لە دۆڵە ڕەقە. نەوشیروان لە ئاوەژێ لە بەری مەرگە. دەزگای ڕاگەیاندن لە بەرگەڵو بوو.هەندێ لە ئەندامەكانی تر لە خۆشناوەتی بوون"([1]).

مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ سەركردایەتی یەكێتی بریاردەدات گفتوگۆ لە گەل بەعسدا دەست پێبكات لە ڕێگەی دكتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوی سكرتێری حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە. " سەرە تا قاسملو ڕاسپاردە و قسەكانی سەركردایەتی عێراق و یەكیتی ئەهێناو ئەبرد، ئینجا عێراق دووجار نوێنەری خۆی نارد: جاری یەكەم كۆبونەوە لە گۆڕەشیر لە لای حدكا بە ئامادەبوونی حدكا كراو، جاری دووەم كۆبونەوە لە ناوزەنگ لە بارەگای سەركردایەتی یەكێتی، بێ ئامادەبوونی حدكا كرا. دوای ئەمە بە ماوەیەك چەند نامەیەك ئاڵ و گۆڕكرا، نامەكان باسی گشتی دیاریكراو نەبوون. ئینجا فەرەیدون عەبدولقادر بۆ تاقیكردنەوەی دەمودانی سەركردایەتی بەعس چووە بەغداد. بەرزان تكریتی ، كە ئەوسا سەرۆكیی جیهازی موخابەرات و ، طاریق عزیز، كە ئەوسا وەزیری دەرەوەی عێراق بوو بینی" تاریق عەزیز لە مەیانەی قسەكانیدا بە فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت:' ئێمە ناڕوخێین چونكە دنیا لە بەرامبەر ئێران دا پشتیوانیمان لی ئەكا. ڕۆژێكیش دێ ئەم شەڕە تەواو ببێ. ئەگەر ئێستا بێن و لە گەڵمان پێك بێن چاكەیەكی گەورەمان لەگەڵ ئەكەن هەرگیز بیرمان ناچێتەوە، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن، دوای تەواو بونی شەڕی ئێران ئەو جەیشە زەبەللاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست كردووە ئەیهێنینە سەر ئێوە، سااڵێك وەخت و سەد هەزار كوژراوتان بۆ تەرخان ئەكەین، بەڵام خاكتان بە تورەكە ئەبێژین و تەفروتوناتان ئەكەین"نەوشیروان دەڵێت : ئەبوو ئێمە هەڕەشەكانی طاریق عەزیز كە بە زمانی حكومەت و حزبی بەعسەوە كردبووی بە جیددی وەربگرین. لەو كاتەدا عێراق خاوەنی گەورەترین عەماری چەك و هێزی چەكداربون **([2]).**

ڕێكخراوی سولەیمانی و مفاوەزات

تا ئەو دەمەی مفاوەزات ، كە فەرەیدون عەبدولقادر چوو بۆ بەغدا، ناوەندی كۆمەڵە هیچ هەواڵیكی لە ڕێكخراوی سولەیمانی نەگێڕابووەوە كە بریاری مفاوەزەیان داوە و نوێنەریان ناردووە بۆ بەغدا. ڕۆژێك لە كۆبونەوەی ڕێكخراوی سولەیمانیدا سەلیم نامەیەكی هێنا لە جەلال تاڵەبانی یەوە ئاراستەی هەندێ كەسایەتی ناوشار كرابوو، كە تیایاندابوو خۆی و كەس و كاریشی نەك هەر بەعسی بوو

[1])خولانەوە لە ناو بازنەدا. نوسینی نەوشیروان مستەفا. لاپەرە 8.
[2])خولانەوە لە بازنەدا. نوسینی نەوشیروان مستەفا.لاپەڕە 7-8.

بەڵكو بەرپرسیارێتیشیان هەبوو لە ڕێكخراوەكانی بەعسدا، ئاگاداریانكردبوون كە لە بەر ئەوەی خەریكی گفتوگۆن لەگەڵ حكومەت، (داوایان لێكردبوون ڕاو بیروبۆچونی خۆیانیان بۆ بنوسن سەبارەت بە داخوازی یەكانی كورد!) ئەو نوسراوە بۆ ئێمە وەك بۆمبێك وابوو، لە لایەك ڕێكخستنیان لە مفاوەزات ئاگادار نەكردبۆوە وپرسیان پێنەكردبوو، كەچی نامەیان ئاراستەی كەسانی دەرەوەی ڕێكخستن كردبوو داوای ڕاو ئامۆژگارییان لێكردبوون! هەموو ئەندامانی ڕێكخراو حەپەسابوون. بە تایبەت زۆراب دەیووت ئەوە درۆیەو هەرگیز ڕاست نییەو... بەڵگەیەكی حاشاهەڵنەگری باوەڕنەبوون بوو بە ڕێكخستن. هەر زووبەزوو لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا سەرانی یەكیتی هاتنە گوندی زیخان لە سەرجادەی گشتی لای باڵیسان، لە سەرەتای كانوونی دوومی ساڵی ١٩٨٣ بە بروسكە مەڵبەندەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵە لە ڕاگرتنی شەڕئاگادارکران. وەفدی یەكێتی دیاریكرابوون لە جلال تاڵەبانی ، فەرەیدون عبدالقادر، ملازم عومەر، دكتۆر خدر مەعصوم، دواتر مەلا بەختیارو عومەر عەزیزیشی بۆ زیادكرا.

بەرەڵایی و نەبوونی دیسپلین

"سەرەتای كانونی یەكەمی ١٩٨٣دو هەلیكۆپتەر لە زیخان نیشتەوە. جگە لەقاسملو ، نوێنەریكی حكومەتیشیان لەگەڵ هاتبوو ناوی (ئەبو سەرحان)بوو، لە گەورە كاربەدەستانی (موخابەرات)بوو.

ئەو ڕۆژە دیمەنیكی سەیری هەبوو. هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە بەرزایی شاخەكان بۆ پارێزگاری ناوچەكە لە ڕووداوی جاوەڕێ نەكراو دامان نابوون. بە پێجەوانەی ئەو فەرمانەی پێیان درابوو، دابەزی بوون. بە قەمسەڵەی بەڵەكی، كە لە عەسكەرو جاش گیرابوون، وەكو نەدی و بدی لە دەوری كۆپتەرەكان وروكابوون. نموونەیەكی خراپی بێ دیسپلینی و، نیشانەیەكی ئاشكرای ماندوویەتی پێشمەرگەبوو. ([1])

"لەم دەورەیەی مفاوازات، لیژنەی تنسیق دامەزێنرا، بارەگای لیژنە سەرەكی یەكە لە كەركوك بوو، لە هەر مەڵبەندێكیش لیژنەی فەرعی دامەزرا، ئەو لیژنانە تێكەڵاوبون لە نوینەری یەكێتی، نوینەرانی حزبی بەعس، ئیستیخبارات، ئەمن، موخابەرات.([2])".

هەڵوێستی لایەنەكان

---

[1]) خولانەوە لە بازنەدا . نووسینی نەوشیروان مستەفا. لاپەڕە 10.
[2]) هەمان سەرچاوە . لاپەڕە .14

هەڵوێستی لایەنەكان لە مفاوەزات بە پێی تێڕوانین و هەڵوێست و پەرژەوەندی یان جیاوازبوو. هەرچی پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەوە هەبوو لە ناوخۆی شاری سولەیمانی دا، (زۆربەی) هاوڕێیانی كۆمەڵە، لە بەر ئەوەی باوەڕیان وابوو ڕژێمێك بچوكترین ئازادی و دیموكراسی بە گەلەكەی خۆی ڕەوا نەبێنێت، هەرگیز مافی ڕەوای نەتەوەیی كورد ناسەلمێنێت، لەبەرئەوە زۆرێك لە ڕێكخستنەكان باوەڕیان بەوە نەبوو سەدام مافەكانی كورد بسەلمێنی، دەیانوت ڕژێم دەیقۆزێتەوە بۆ بڵاوكردنەوەی زیاتری تۆڕە حزبی و جاسوسیەكانی و فراوانكردنی ڕیزی جاشەكانی، لەبەر ئەوە دژی مفاوەزات وەستانەوە. هێزی چەكدارو سەرانی یەكێتی كە لە مێژبوو ژێر بەژێرخەریكی سازكردنی مفاوەزاتەكە بوون، مەبەستیان بوو، بۆ پشووش بێت (وەك خۆیان دەیانووت) لە وەڵامی دژە مفاوەزاتەكان ئەو مفاوەزاتە بكەن.

"جوقد، كە یەكێتی لایەنێكی سەرەكی بوو، یەكێتی تاوانباركرد بە خیانەت و، لە جوقد دەری كرد لە بەیانێكدا ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢٥ لە ژیر ناوی : حول المفاوضات المذلة التی اقدم علیها الاتحاد الوطنی الكردستانی مع النظام الفاشی العمیل فی العراق.

لایەنەكانی جود زۆر بە توندی چون بە گژی دا، یەكێتی یان تاوانباركرد بە خیانەت و جاشایەتی بەعس. لە بەیانێك دا ڕۆژی ١٩٨٤/١/٤ لەژیر ناوی : لتقبر اتفاقیة صدام- الطالبانی المذلة. ئێران دژی وەستایەوە و ڕەفسەنجانی لە وتاری نوێژی جومعەدا هیرشی كردە سەری.

سوریا بە ئاشكرا لە دژی نەدوا بەڵام زۆری پی نارەحەت بون، بە تایبەتی وایان دا ئەنا كە غافلگیر كراون، چونكە پێشتر ئاگادار نەكراون و،ئەوانیش لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بیستویانە. ئەمەش سوچی نوینەرەكانی یەكێتی بولە سوریا. چەند مانگ پێش دە س پێكردنی گفتوگۆ، ئاگاداری نوینەرەكانی خۆمان كرد بو كە بە كاربەدەستانی سوری بڵین: ئێمە گوشارێكی زۆرمان لە سەرە، لە لایەكەوە لە شەرداین لەگەڵ عێراق و، لە لایەكی تریشەوە لە شەرداین لەگەڵ جودو ئێران. ئەگەر ئەوان ئەتوانن وا لە جود بكەن شەڕمان لەگەڵ ڕابگرێ و ئێران گوشارمان لەسەر لا ببات، ئەوا درێژە بە شەڕی عێراق ئەدەین، ئەگینا بۆ پاراستنی یەكێتی و گەلەكەمان لە مەترسی ناچارین شەڕ لەگەڵ عێراق ڕابگرین...

لە ناو یەكێتییشدا زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوە بوون لە سوریا، ئەوروپا و ئەمریكا، دژی گفتوگۆ ڕاوەستان . هەندێكیان بە یەكجاری لە یەكێتی تەكینەوە و، كەوتنە پەلاماردانی. بەیان و بڵاوكراوەیان دەرئەكرد تاوانباریان ئەكردین بە خۆ بە دەستەوەدان"([1])

[1]) خولانەوە لە ناو بازنەدا –نووسینی – نەوشیروان مستەفا- لاپەڕە 15 .

گەر لەو پەرەگرافە وردبیتەوە كە یەكیتی كردوویەتی بە بەهانەی مفاوەزات، بۆت دەردەكەویت كە یەكێتی بە هۆی شـــەڕی هەموو لایەنەكانەوە(ناچار) بووە بۆ (مانەوەی خۆی مفاوەزات) قبوڵ بكات. بۆیە نەوشیروان بە ڕوونی نووسیویەتی : بۆ پاراستنی یەكیتی لە مەترسی ناچارین شەڕ لەگەل عێراق ڕابگرین. " لە ڕۆژی دەســـتپێكردنی مفاوەزەوە تا ڕۆژی ١٦/كانونی دووەمی ١٩٨٤كە بەعس داوای لە یەكێتی كردبوو بۆ درێژەپێدانی مفاوەزات یەكیتی وەفدێك بنێرێت یەكێتی هیچ پرۆژەیەكی نووسراوی داخوازی نەبووە. "تا ئەو كاتە هیچ پرۆژەیەكی نوسراومان ئـامـادە نەكردبو بیكەین بە بنچینەی گفتوگۆ.من هەنـدێ شـــتی پچڕ پچڕم ئامادەكردبو.."([1])

مفاوەزاتی ١٩٨٣-١٩٨٤ گەرچی یەكێتی بۆ پاكانەی مفاوەزاتەكەیان دەیانوت، بە هۆی ئەو هەموو شـــەڕانەی دژی لایەنە كوردی یەكانی تر كردبوونی، وە ئەو نـارەزایەتیە جەماوەری یە فراوانەی بە هۆی شـــەڕی نـاوخۆوە لە نـاو خەڵكدا بەرزبووبوەوە و ئەو ئاسـت تەنگیەی بە هۆی شـەڕی هەموو لایەنەكانەوە خۆی تێ خســتبوو. ســەرانی یەكیتی لە وەڵامی ناڕازییەكانی ناو ڕێكخســتنەكانی كۆمەڵە دا دەیانووت پێشمەرگە پێویستی بە پشـوودان هەیە!.بەڵام ڕاستی یەكی حاشـاهەڵنەگر هەبوو، ئەویش ئەوەبوو، ڕژیمی بەعس دەیزانی یەكێتی نیشـتمانی بە چ بنبەسـتێك گەیشـــتووە و یەكێتیش بە تەنها نمایندەی هەموو كورد نی یە، واتە بە ڕێكەوتن لە گەڵ یەكیتی بە تەنها كیشـەی كورد لە باشـوور چارەسـەر نابیت. لەولاشـەوە وەك ڕێكخســـتنەكانی نارازی لە مفاوەزات دەیانووت، ڕژیمێك بچوكترین مافی مرۆڤ بە عەرەبەكە نەدات و بڕوای بە دەسـتاودەسـتی دەسـەڵات نەبیت، چۆن بە كوردی ڕەوادەبینی؟ ڕژێمیش بە هۆی ئەو شـــەڕەی هەڵیگیرســـاندبوو لە دژی ئێران، دەیویست كەڵك لە دەرفەتی مفاوەزات وەرگرێت تا بتوانیت زۆرترینی هێزەكانی لە كوردستاندا بكێشێتەوە بۆ بەرەكانی تری جەنگ. لە سەرەتای مفاوەزاتەوە ڕژیم لە سـیاسـەتی بە بەعسـیكردن و بە زۆرەملێ بردنی خوێندكارانی زانگۆ بۆ جەیشـی شەعبی نەكەوتبوو و تا دەهاتیش پەرەی پێدەدا، پێش مفاوەزات كە ژمارەی جاشەكان لە سەدان تێنەپەڕیبوو، لە دوای مفاوەزات لە چوارسەد هەزارجاش تێپەڕی. ڕژێمی بەعس توانی لە ناو هێزە چەكدارەكان و ســەركردایەتی یەكێتیشـــدا چەندەها تۆڕی جاسوسی دروست بكات. بە هۆی كاڵفامی سەرانی یەكێتی یەوە چەندین پێشمەرگە و بەرپرســی پێشـمەرگە گیانیان لەدەسـت دا، لەوانە شـەهید مامە ڕیشـە و ملازم سەیدكەریم و..فشاری كردنە بەعسی و جەیشی شەعبی بوون لەسەر خوێندكارانی دانشـــگاكان بە جۆرێك زیادیكرد، خوێندكاران هانایان بۆ ســەرانی یەكێتی برد لە سـورداش.سـەرانی یەكێتی بە خوێندكارەكانیان وتبوو بەرگری لە نیشـتمان واجبە بە

[1]) خولانەوە لە ناوبازنەدا- نوسینی- نەوشیروان مستەفا- لاپەڕە 20-21.

خۆیشمان بڵێن دەبینە جەیشی شەعبی. لەولاشەوە تاڵەبانی قسەی بۆ گۆڤاڕیکی کوە یتی کردبوو ووتبووی (صـدام الحکم ولیس الخصـم)سـەدام دادوەرە نەک دوژمن، یەکێتی بێ ئەوەی ڕژێمی بەعس کـارێکی چـاکی کردبێت ، کەوتە بڵاوکردنەوەی دروشـــمی (بەعس بەدیهێنەری مـافەکـانی کوردە!)، دیـارە ئەوە لە کۆبونەوەکـانی ڕێکخراودا گەلیک کێشـەی نایەوە، دوانمان ووتمان ئەو دروشـمانە ڕەت دەکەینەوە. لە بەرەوڕووبوونەوەی سیاسـەتەکانی بەعسدا کار گەیشتە شـەهیدبوونی هەندێک لە خوێندکارە خۆپیشـاندەرەکان، لەولاشـەوە بەعس بۆ شـکاندنی زیاتری یەکیتی هەڵسـا بە گوللّە بارانکردنی ســـەربازی هەڵاتوو لە شـــەقامەکاندا. کەرتی خوێندکارانی کۆمەڵە لە بڵاوکراوەیەکـدا کە بە نـاوی یەکیتی خوینـدکـاران نووســـیبووی و بڵاوکرایەوە، پشـــتگیریی خۆی بۆ خوێندکاران دژی جەیشـــی شـــەعبی کردن و بە بەعسـیکردن دەربڕی، خۆپیشـاندانی خوێندکاران دەسـتی پێکرد دژی سیاسـەتەکانی بەعس، ڕۆژانە لە شـارەکاندا تا دەهات خۆپیشـاندانەکان فراوانتر دەبوون، شـەوانە بڵندگۆی مزگەوتەکانیان بە کار دەهێنا بۆ گەیاندنی داواکاری یەکانیان وهەر لەو بڵندگۆیانەوە داوایان لە خەڵک دەکرد هاوبەشی خۆپیشاندانەکانیان بن. لە بەرامبەردا ســـەرانی یەکێتی ســـەرانی خۆپیشـــاندانەکانیان بە ئاژاوەگێرو تێکدەری (ڕیزی نیشتمانی!)دادەناو هەوڵیاندەدا خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران بوەستێنن، خۆیان وتەنی چونکە لە پەرژەوەنـدی مفـاوەزاتەکەیـان نییە! لە بەرامبەردا ڕێکخســـتنەکـانی خوێندکاران لە کۆبونەکانیاندا (بە تایبەت کەرتەکانی خوێندکارانی کۆمەڵە کە لە هەموو کۆبونەوەکانیاندا بەشـــداربووم) پێیان لەســـەر پشـــتگیری داواکاری یەکانی خوێندکارانی زانگۆکان دادەگرت وسووربوون لەسـەر درێژەدان بە خۆپیشـاندان، تا ڕژێم دەست لە سیاسـەتە فاشـستیەکانی هەڵدەگرێت وئەو خوێندکارانە بگێرێتەوە بۆ کولیژەکانیان کە بە هۆی هەڵوێسـتی جەیشـی شـەعبی نەکردنەوە لە دانشـگاکان دەرکرابوون. لە ڕێکخراوی ســـولەیمانیش گەڵێک مشـــتومر لەســـەر ڕاپەڕینی خوێندکاران وکاریگەری لەســـەر مفاوەزات وبەریەک کەوتنی لەگەڵ بریارەکانی سەرانی یەکیتی کرا. ئەم بەشەی ڕێکخراو بووبوو بە دوو بەشەوە، سەلیم و زۆراب لەگەڵ ڕای ســـەرانی یەکێتیدابوون بۆ ڕاگرتنی خۆپیشـــاندانەکان، من و هێرشـــیش لایەنگری خۆپیشـــاندانەکان و لەگەڵ فراوانکردنی خۆپیشـــاندانەکاندابووین تا بەدەســـتهێنانی داواکاری یەکانی خوێندکاران. ئەو حاڵەتە بارگرژییەکی لە نـاو کۆبونەوەکـانی ڕێکخراوی ســـولەیمـانی دا دروســـتکردبوو، ئەوانەی ســـەر بە جەلالیەکان بوون وەڵامیکیان بۆ وەزعە شێواوەکە پێنەبوو، ئەوان لە بڵاوکراوەیەکدا کە زۆراب نووسـیبووی پەنایان بردە بەر بەراوردکردنی مفاوەزاتە نەزۆکەکەیان بە پەیمانی (بریست لیتۆفسک)ی ڕوسیای سەردەمی لینین لەگەڵ قەیسەری ئەڵمانیادا، کە لەو پەیمانەدا بە ناچاری ڕوسـیا وازی لە بەشـێکی خاکەکەی هێنا بۆ ئەڵمانیا بۆ

ئەوەی روسیا لە ڕوخان بپارێزیت ، هەرلەبەر ئەوەش بوو لینین ئەو پەیمانەی ناونا (پەیمانی شووڕەیی- معاهدة العار).كە لە لایەن وەزیری دەرەوەی ڕوسی تروتسكی بەرێوە چوو بە ڕەزامەندی لینین خۆی. لێنین نەهاتبوو داگیركارێكی وەك قەیسەری ئەڵمانیا بە ڕزگاركەر و (دادوەر!)بناسێنێ وەك ئەمان دەیانكرد، هەر لێنین خۆی پەیمان نامەكەی بە (پەیمانی شووڕە یی –معاهدة العار) ناوبرد. سەرانی یەكیتی لە باتی ڕاپەڕینی خەڵك بكەن بە فشارێكی سیاسی بەهێز لە ووتووێژەكانیاندا لە گەل رژێم، تا ڕووە شەڕەنگێزو لاوازەكانی ڕژێمی بۆرژوا فاشست پەردە لەسەر هەڵمالن. چونكە بێ بەرنامەبوون ، دەهاتن بە پێی ڕۆژ دروشمیان دادەبەزاند، كە نە جووت دەهاتەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی گەلی تیا دەژیا ، نە جووتیش دەهاتەوە لەگەڵ ئەو كرداره تیرۆریستیانەی ڕژیم ڕۆژانە بەرامبەر خەڵك دەیكرد. سەرانی یەكیتی بۆ لە خشتە بردنی خوێندكاران و خەڵك و ڕێكخستنەكان دەیووت كێشەی خوێندكاران بەشێكە لە كێشەی كوردو مفاوەزات و لایەنگرانی ڕاپەرینی خویندكارانیان بە كۆنەپەرست ناودەبرد." هەندێك لایەنی كۆنەپەرستی كوردیش كە بە مەسەلەكەوەهل و مەرجە ئاڵۆزەكەی زانی كەوتە هەوڵ و تەقەلای نائومیدانە و قۆستنەوەی كیشەی خوێندكاران بۆ قازانج و دەستكەوتی تایبەتی حزبایەتی خۆیان."([1])، بەو جۆرە و بەو ناوەوە سەرانی یەكێتی دیانویست مافی نارەزایی دەربرین و مانگرتن و خۆپیشاندان لە خوێندكاران بسەننەوەو تا ئارامیەكی ساختە لەگەڵ ڕژێمدا درێژە پی بدەن، لە كاتێكدا ڕژێم لە كوشتن و ئیعدامكردنی لاوان و بە زۆر كردنە بەعسی و جەیشی شەعبی و بە جاسوس كردن وبە جاشكردن نەكەوتبوو بەڵكو زیادیشی كردبوو. ڕژیمی بۆرژوا فاشستی عەرەبی بەعس لە كوێ دەستی بڕۆشتایەو فرسەتی بهێنایە لە ڕێگەی جاشەكانیەوە زەبری جگەربڕی لە پێشمەرگە دەدا. دەزگا سیخوڕییەكانی بەعس لە هەرشوێنێك توانی تۆری جاسوسی خۆی گەیاندە ناو ڕیزەكانی یەكێتی نیشتمانی بە سەركردایەتی ومەكتەبی سیاسی و دەزگای ڕێكخستنیشیانەوە! لە دەرەوەی وڵاتیش تۆڕێكی جاسوسی لە كادرانی دەرەوەی وڵاتی یەكێتی دروست كردبوو. دروشمی (بژی سەدام حوسێن بەدیهێنەری مافی كورد) كە لە لایەن سەرانی یەكێتی نیشتمانی یەوە دابەزێندرابوو تا ڕێكخستنەكان بڵاوی بكەنەوە بە ناو خەڵكدا بە جارێك لە ڕیزەكانی كۆمەڵەدا دژی وەستانەوەو نارەزایەتیان لە دژی دەربڕی. پشتكردنە داخوازی ڕاپەڕینەكانی خوێندكاران دژی بە بەعسی كردن و بە جەیشی شەعبی كردن، كە كەرتەكانی خوێندكارانی كۆمەڵە كە خۆم بەرپرسیان بووم لەگەڵ (هەندێ) لە ئەندامانی سكرتاریەتی یەكێتی خوێندكاران ڕۆڵی مەزنیان تیادەبینی تەواو نائومیدی كردبووم.

[1]) خولانەوە لە ناو بازنەدا – نوسینی نەوشیروان مستەفا –لاپەڕە 68- 69.

ڕۆژێـک وەک بەرپـرســـی یەکێـک لە کەرتەکـان چـووم بـۆ کـۆبـونەوە پێکردنی(کەرتی شـــەهید مەلا عەلی) کە ئەودەم محمود ڕەزا بەرپرســـی پۆلێک و ئیبراهیم حەمە عەلی بەرپرســـی پۆلەکەیتر بوو، پێش چوونم بۆ کۆبونەوەکە، نامەی واز هێنانم لە کۆمەڵە نووسـی بوو، وام دانابوو باسـی کۆبونەوەکە لە بارەی (ناکۆکی سـەرەکی یەکێتی)یەوەبێت و ئەوەش دوا کۆبونەوەم بێت و و مالّئاواییان لێ بکەم. لە ڕێگا چاوم بە مەلا بەختیار کەوت. باســـی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنفرانس کرا. وتم پازدە کەســیان لە ناوەندەوە دیاریکردووە بۆ ڕێکخراوی ســولەیمانی تا بەشــداری کۆنفرانس بن. وتم بڕوام نی یە چارەنوســی ئەم کۆنفرانســەش لە کۆنفرانســەکانیتر باشـتربیت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە پێی نامەی خۆیان (نامەکەی فریدون عبدالقادر) کە بۆ یەکیک لە ڕەوتەکەی خۆیانی لە ســولەیمانی نووســی وە بە ناوی ســەردار، دەیانەوێت خۆیان وتەنی بە لای جەلالیەکاندا ســاغی بکەنەوە. مەلا بەختیار پێکەنی و وتی خۆتۆش کـاتی خۆی جەلالی بوی! ئەو قســەیەی ئەو قســەو بۆچوونی جەماعەتی جەلالیەکانی وەبیر هێنامەوە کە منیان سەر بە ڕەوتی سالارو مەلابەختیار دەزانی. لە کاتێکدا نەک سەر بە هیچیان نەبووم ڕقیشم لە ڕەوت ڕەوتکاری دەبوەوە.

مەلا بەختیار بڵاوکراوەیەکی بە دەســتەوە بوو دایە دەســتم ووتی بیخوێنەوە، ناوەڕۆکی نووسینەکان بریتی بوو لە ڕەخنەگرتن لە سەرانی یەکیتی زۆر بە فراوانی وچروپڕ، پاش خوێندنەوەی پرســی ڕات چیە؟ ووتم ئەوەی لەو بڵاوکراوەدا هاتووە هەمووی ڕاســتە، بەڵام چارەســەر دیاری نەکراوە، من لەگەل ئەمەدا نیم، بەمجۆرە پرتەوبۆڵانە چارەســەری ڕیشــەیی بۆ کێشــەکان نادۆزرێتەوە و کێشــەکە زۆر لەوە گەورەترە، ئەو بڵاوکراوە یە لە نـاڕەزایی دەربڕین بەرامبەر واقعێکی تـال کە لە ڕۆژی دروستبوونی یەکێتی یەوە دروست بووە تیناپەڕێت، کۆمەڵە بە بەرچاومانەوە بەرەو توانەوە دەچێـت، ئەوان بە بەرنـامە کـاری بۆ دەکەن و زۆریش چوونەتە پێشەوە، لە بەرامبەردا ئەوانەی خۆیان بە کۆمەڵە دەزانن، خۆیان داوە بەدەم تەوژمی پاکســـازی ئەوانەوە بێ بەرنامەن. ووتم کۆمەڵە لە ســـەرە مەرگدایە ، باوەڕم بە ڕێکخســـتنێکی تر‌ە، یەکێتی نـاتوانێـت پەرژەوەنـدیە نەتەوەیی ونیشـــتمـانی و چێنایەتیەکانی بپارێزێت. من چیتر خۆم نـاخەڵەتێنم ، پیویســـتە بەرنـامە ڕێژیەک هەبێت، تیایدا تەواوی فیکرو فەلسەفەو بۆچوونە سیاسیەکان یەکلا کرابێتەوە. جیا لە یەکێتی. لە دەرەوەی یەکێتی..هەربۆیە من وازهێنانی خۆم نووســـیووە و دەینێرم بۆ نەوشیروان مستەفا. جارێکیتریش لە نامەکەی فەرە یدونیش بۆ ڕەوتەکەیان ئاگادارم کردەوە، کە ئەوان بە تەمای زۆر شـــتن و بەرەو شـــەســـتەکان ڕۆیشـــتوون و ساغبوونەتەوە.. دیاربوو قسەکانی منی بەدڵ نەبوو، بەڵام زۆر لەگەڵما خەریک بوو نامەی وازهێنانەکە نەنێرم و جارێ چاوەڕێ بکەم. زۆر بە پەرۆشـــەوە پێی لەســـەر ئەوە دادەگرت کە خۆم و ئەو هـاوڕێ یـانەی دیـاری کراون بچین بۆ کۆنفرانس..

ووتم گەر مەبەســـت لە هاتنمان دەنگدان بێت بۆ كەســـێک بۆ ســـەركردایەتی ئەوا دڵنیابە كۆمەڵە لێبۆتەوە. تەنها ناوەكەی ماوە. ووتی ئێوە وەرن گەر لەم كۆنفرانســەدا نەتوانرا گۆڕانكاری بكرێت ئیتر تۆ ئازادی چ بریارێک دەدەی.... پێمووت نە ئەم كۆنفرانسەو نە دەیان كۆنفرانسی تر چارەسەری كێشە قوڵەكانی فكری، ئایدۆلۆژی، سیاسی، ڕێكخراوەیی، پەروەردەیی ، شەڕی ناوخۆ ناكەن، چونكە یەكێتی لە یەكەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە لە سەر بنچینەی پەرژەوەندی حزبی و دەسەڵات دامەزراوە. مەلا بەختیار پەیمانی چوونە كۆنفرانسی لێوەرگرتم ئەوسا ڕۆیشت.

مەلا بەختیار ڕۆیشـــت وبڵاوكراوەكەی لای من جێ هێشـــت. من دەبوو بچم بۆ كۆبونەوەی كەرتی شـــەهید مەلا عەلی، محمود ڕەزای ئـامۆزای نەوشـــیروان بەرپرسی پۆلێكی ڕێكخستن و ئیبراهیم حەمە عەلی بەرپرسی پۆلەكەیتر بوو لەوێ ئامادەبوون. لە ســـەر ناكۆكی ســـەرەكی و ناكۆكی لاوەكی لە بزوتنەوەی ســـیاســـی كوردی دا دوام، بە تـایبەتی ئەو ململانێ یەی یەكیتی نیشـــتمـانی لەگەڵ پـارتی و لایەنەكانی جود دەیكات، سەرەكی یە نەک لاوەكی، پرسیارمكرد گەر وانیە دەبێ چ هۆكارێک هەبیت لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ناوخۆ، خوێن ڕشتن بەردەوام بێت و بۆ ســـاتێک و تۆزقاڵێكیش ئومێدی نزیكبوونەوە نەبیت؟ ئاخر بۆ بە شـــانازی یەوەباس لە ڕێبەرایەتی حزبە عروبیەكانی ناو (توع) و حەكەمەكەی بەغدا بكرێت. بەڵام باس لە ئاشـتی یەوانی ماڵی كوردیش بێت. ووتم یەكێتی لە دروسـتبوونیەوە تا ئەمرۆ بە هەڵاوگەڕاوەیی كار بە ناكۆكی یەكان دەكات، لە كاتێكدا ناكۆكی لەگەڵ حزبەكانی دەرەوەیدا لاوەكین و ناكۆكی ســـەرەكی دەبێت لەگەڵ ڕژێمدا بێت. بەڵام یەكێتی ناكۆكی لاوەكی لەگەڵ لایەنە نەیارەكای دا وەک ناكۆكی ســـەرەكی كارپێ دەكات، ئەوەش هەڵەیەكی فكری خراپ تێگەیشـتن و خراپ كارپێكردنە كە یەكێتی دەیكات و بە هۆیەوە گیانی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە لە دەســـت دراوە لە شـــەڕی ناوخۆدا. ئیبراهیم حەمە عەلی لە كتێبدا خوێندبویەوە كە ململانێی نێوان ئۆپۆزیسیۆن سانەوی یە. هەڵیدایە ووتی ناكۆكی لەگەڵ پارتی لاوەكی یە. لێمپرسی : گەر پێتوایە سانەوی یەو ناكۆكی سەرەكی دەبێت لەگەڵ داگیركەرانی كوردستاندابێت، ئەی ئەو ڕووباری خوێناوەی شەڕی ناوخۆ كە لە گیانی كورد دەڕوا لە دروستبونی یەكێتی نیشتمانی یەوە تا ئێستا بۆ؟ ووتم دەزانم تۆ باس لە تیوریەكە دەكەیت بەڵام یەكێتی لە پراكتیكدا بە پێچەوانەوە كاردەكات، ووتم تیرۆری ئازادی ڕادەربڕین و لغاوكردنی دەمی خەڵک كە یەكێتی گرتوویەتیە بەر گەیشـــتووە بەوەی خەڵک لە پەناوە ڕاكانی خۆیـان بە بڵاوكراوە دەربڕن، بڵاوكراوەكەی كە دژی ســـیـاســـەتی چەوتی سەركردایەتی یەكێتی نوسرابوو لە گیرفانم دەرهێناو دامە دەستیان، وتم : بۆچوونی من جیاوازە لەم بڵاوكراوەیە (گەرچی شتەكانی نووسراون ڕاستن) بەڵام من بڕوام بە تەرحێكی بەرنامەیی هەیە و بڕواشـــم بە ئەڵتەرناتیڤێک هەیە. ئەم بڵاوكراوەیە

شـــتی زۆر ڕاســـتی تێدایە. وتم ئەمە ئەنجامی ئیحتكاری دەســـەڵاتە كە ئەمانە بڵاودەبنەوە. بەڵام دیاربوو ئەوان هۆشـیان لای قسـەكانی من نەبون بە قەدەر ئەوەی لای بڵاوكراوەكەبوو. تەنـانەت هیچ پرســـیارێكیشـــیان نەكرد لە بـارەی بـابەت وســـەرچاوەی بڵاوكراوەكەوە، دیارە دەمزانی محمود ڕەزا ئامۆزای نەوشـیروانە و ئەو بۆچوونـانە دەگەیەنێت، بەڵام بڵاوكراوەكە شـــتێكی تـازەی تیـادا نەبووكەس نەیزانیت، چەند پاتكردنەوەی هەموو ئەو كەم و كوڕیانەبوو ڕێكخسـتنەكان و كورد پێوەیان دەنـاڵاند بە دەست سیاسەت و پراكتیكە هەڵەكانی سەرانی یەكێتی یەوە.

كاتی بەسـتنی كۆنفرانسـی سێهەم دیاریكرا لە لایەن ناوەندی كۆمەڵەوە، ناوەندی كۆمەڵە لە سێ گروپی سەرەكی ئاشكرا جیا پێكهاتبوو.

گروپی یەكەم و بەهێزو كـاریگەر (گروپی جەلالیەكـان) بوو كە بە گروپی نەوشـیروان-تاڵەبانی ناســرابوون، ئەمانە كاریان لەســەر ئەو نەخشـــەیەی تاڵەبانی دەكرد كە لە یەكەم ڕۆژی دروستبوونی یەكێتی یەوە دەیویست كۆمەڵەو بزوتنەوە لە یەكێتی دا بتوێنێتەوە و یەكێتی بكاتە حزبە تاقانە ســەرتاســەریەكە و تاڵەبانیش بكاتە سەرۆكی هەمیشەیی، ئەم گروپە نە دەپرنگینەوە لە هەموو شەڕو كوشتارێكی ناوخۆ لە پێناوی سەپاندنی دەسەڵاتیاندا.

گروپی دووەم (كۆمێتەی هەرێمەكان)بوو كە شـــەهید ئارام و ســـالار عەزیزو مەلابەختیار و شەهید ئازاد هەورامی و ملازم عومەر زۆرترین دەركەوتنیان هەبوو لە ململانیكانی ناو كۆمەڵەدا، شـەهید ئارام كە بەرپرسـی یەكەمی كۆمەڵەو ئەندامی مەكتەبی سیاسـی كۆمەڵە بوو تا لە ژیاندا مابوو بەشـداری كۆبوونەوەكانی مەكتەبی سـیاسـی یەكێتی نەكرد. بە هۆی ئەوەی (دوای دامەزراندنی یەكیتی تێگەیشـت) كە یەكێتی وەك نیمچە بەرە بۆ ئەوە كـار نـاكـات كۆمەڵە ببێتە پـارتی كرێكـاران و زەحمەتكێشـانی كوردسـتان، وەك لە نووسـینەكانی یەكێتی دا پەیمانی دابوو، بەڵكو سـەرانی یەكێتی بە گرتنەبەری سیاسـەتی تاكڕەوانەو گوشـەگیرخستنی بااڵەكانی ناو یەكیتی هەوڵی تواندنەوەی ئەو باڵانەی دەدا لەناو یەكێتی دا. تا شـــەهید ئارام مابوو باڵی جەلالیەكان نەیانتوانی لە بریارەكانی ناوخۆی كۆمەڵەدا باڵا دەســـت بن، بەڵام دوای شـــەهید بوونی هاوڕێ ئارام، و لە كاتێكدا نەوشـیروان مسـتەفا بە ڕوونی و ئاشكراش ووتی بڕوام بە ماركسیزم نی یە، كەچی هەر بە تۆپزی و دژی خواستی خۆی كۆمێتەی هەرێمەكان كردیانە بەرپرســـی یەكەمی ناوەندی كۆمەڵە. ئەم گروپە لە ڕووی فكری و جیهانبینیەوە لە ناو خۆیاندا جیاواز و بێ بەرنامەبوون، بەڵام لە بەرامبەر سیاسەتە هەڵەكانی سەرانی یەكێتی وەستابوون، بە قسەو بەرەوڕوو لە ناو ناوەندی كۆمەڵەو مەكتەبی سـیاسـی یەكێتی و لە پەناو پاسـاردا و هەندێ جاریش بە بڵاوكراوەی نهێنی سیاسـەتە هەڵەكانی یەكێتی یان ڕووندەكردەوە، بەڵام كەم و زۆر بەدووریش نەبوون لە ململانێ لەسـەر دەسـەڵات لە ناو خۆشـیان و لەگەڵ دەرەوەی

خۆیشیان، کەم ئەزموونیان (لە مامەلە لەگەل گروپی زیندان) بووە مایەی تەکینەوەی گروپی زیندان لێیان و پاڵدانیان بە نەیارەکانی کۆمەڵەوە، کێشـــەی ئەم گرووپە کەم باوەڕبەخۆبوون بوو، حەز بە بەرپرســـیاری بوو، خۆیان بە کەم تەمەنتر و کەم ئەزموونتر دەزانی لە بەرامبەر تاڵەبانی و هاوەڵەکانی دا، هەر ئەوەش وایکرد لە ڕۆژانی یەکەمی گەڕانەوەی تاڵەبانی و نەوشـــیروانەوە لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٧٧ و سەرەتای ساڵی١٩٧٨، لە یەکەمین کۆبونەوەکانی برادۆستەوە دەســەڵات تەسلیم بە گروپی تاڵەبانی بکەن، بە تایبەت دوای شەهیدبوونی هاوڕێ ئارام.

گروپی ســـێیەم بە (گروپی زیندان) ناســـرابوون، دەرکەوتووترینیان فەرەیدون عبدالقادر و عومەری ســـەید عەلی و ئاوات عبدالغفور بوون، ئەمانە گەرچی لە سەرکردایەتی کۆمەڵەدابوون، بەڵام هەڵەی مەزنیان ئەوەبوو لە دوای شاڵاوی گرتنی ڕژێم بۆ ســـەریان لە باتی ڕوو لە چیاکانی کوردســـتان بکەن ڕوویانکردە ئێران؟ دوای ئەوە ش ئێران لە ســـنوری مەریوانەوە تەســـلیمی کردنەوە ، ئەمانیش شـــەش کەس بوون بیریان لە هەڵاتن نەکردەوە و دواتر شـــەهیدبوونی شـــەهید شـــەهاب و ئەنوەرو جەعفەری لێکەوتەوە. دوای ئازادکردنیشیان لە زیندان لە لێبووردنە گشتی یەکەی هاتنە ســەر دەســەڵاتی ســەدامدا لە ســاڵی١٩٧٩ . ســەرباری ئەو گۆڕاندنانەی بەســەر کۆمەڵەدا هاتبوو، ئەم گروپەی زیندان هێشتا خۆی بە سەرکردایەتی کۆمەڵە دەزانی.

لە بەرامبەردا گروپی ســـالارو مەلابەختیار لە بەر گەلێک هۆ کە گرنگترینی ئەوەبوو وایاندەزانی کۆمێتەی هەرێمەکان دەســـەڵاتی شـــەرعین و گەر ڕێگە بە هاتنەوە پێشـــەوەی ئەو گروپەی زیندان بدرێت لە دەســـەڵاتی ئەوان کەم دەبێتەوە ، لەولاشەوە بە هۆی کەم تەمەنی و کەم ئەزموونیانەوە نەیانتوانی ئەنجامی گرتنەبەری دژایەتی گروپی زیندان ببینن، ئەو هەڵویســـتەیان بوو بەهۆی ئەوەی دواجار گروپی زیندان پاڵیان دا بە گروپەکەی تاڵەبانی یەوە.

ئەم گروپـــانە و هەر بەرپرســـیکی نـــاوەنـــدی لە لایەکیترەوە، پیش هەموو کۆنفرانســـێـــک هەریەکەو تـــاقمێکی لایەنگری بۆ خۆی پێکهێنـــابوو، زۆرو بۆر، تەنانەت لە ناو هێزی پێشـــمەرگەو شـــارەکانیشـــدا. لە پشـــتی ڕێکخســـتنی شـــارەکان و دەرەوەی ڕێکخستن، هێڵی ڕێکخستنیان لەو کەســـانە دروست دەکرد کە ســـەر بەوان و گروپەکانیانن، هەر دەســـتەو تاقمە هەوڵی دەدا زۆرترین لایەنگری بهێنێتە ناو کۆنفرانســـەوە، هەر گروپە پاڵێوراوی خۆی هەبوو، ئەوەی کاری لەســـەر دەکرا کۆکردنەوەی زۆرو بۆربوو چ لەناو شارەکان بە هۆی ئەو پەیوەندی یە لابەلاییانەوە کە دەیانکرد چ لە ناو هێزی پێشـــمەرگەو دیاریکردنی بەرپرســـدا. مەســـەلەی (چۆنایەتی) بە تەواوی خرابووە لاوە. بریارەکانی ســەرکردایەتیش بە کۆمەڵ نەبوو،

لە زۆربەی حاڵەتەكاندا لە ژێر هەژموونی بریارە پەلەو هەڵەكانی تاڵەبانی دا دەدراو یەكێتی و باڵەكانی نوقمی شەڕی كورد كوشتن كردبوو و بە ئاست تەنگی گەیاندبوو.

كۆنفرانسی سێیەمی كۆمەڵە
دووانەمین كۆنفرانسی كۆمەڵە
هەل و مەرجی پێش كۆنفرانس

كۆنفرانسی سێیەمی كۆمەڵە، لە هەل و مەرجێكی زۆر دژواردا بەسترا. لەسەر ئاستی باشووری كوردستان، یەكیتی نیشتمانی هەرچی حزبی كوردی هەبوو كردبوویە دوژمنی خۆی. بە هۆی سیاسەتی چەوتی سەرانی ینک وە تا دەهات لە ناو ڕێكخستنەكاندا، لە ناو بەشێكی زۆری كادیرە ڕێكخراوەیی و پێشمەرگەییەكاندا، بێ ئەنجامی ئەو شێوازی كاركردنەی یەكیتی نیشتمانی دەبووە هۆكاری دووركەوتنەوەو گۆشەگیری بە سەدان كەسی تێكۆشەر. لە ناو جەماوەری خەڵكی كوردستاندا بێزاری و ڕقێكی پیرۆز پەیدا بوو دژی شەڕی كورد كوشتن و تیرۆری دەستە جەمعی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەكان لە شارەكاندا. خەڵك بە ئاشكرا بەرامبەر بەو سیاسەتی شەڕی ناوخۆیە دەدوا. كەسانی هوشیاری ناو خەڵك و ڕێكخستن بێ ئومێدبوون لە مفاوەزات. بە تایبەتی بەبەرچاویانەوە دەیانبینی ڕژێمی بۆرژوا فاشستی بەعس ڕۆڵەكانیان لەسەر شەقامەكان ئیعدام دەكات، بە زۆر دەیانكاتە جەیش شەعبی، بە زۆرەملێ دەكرێنە بەعسی، بە ئاشكراش سەدان هەزار جاشی چەكدارگردووە. هەموو كەسێكی هوشیار ئەوەی دەزانی كە ڕژێمی بۆرژوا فاشستی بەعس بچوكترین مافی مرۆڤ بە گەلە عەرەبەكەی خۆی ڕەوا نەبینێ، چۆن بە كوردی ڕەوا دەبینێ؟...بە هۆی مفاوەزاتەوە خەڵكێكی سادەی زۆر ئاشكرا بوون. لە بەرامبەر نارەزایەتی ڕێكخستنەكان و خەڵك سەرانی یەكیتی دەیانووت ماندوو بووین و پێویستمان بە پشووە! لە دەرەوەی یەكێتیش، پارتی.حزبی شیوعی. حزبی سۆسیالیت. ئێران. سوریا. جوقد دژی مفاوەزاتەكە وەستابوونەوە.

پێش كۆنفرانسی سێیەم، داواكرا بۆ ئاڵ و گۆڕی بیروڕا، ئەندامانی ڕێكخراوی سولەیمانی بچن بۆ ئاوەژێ بۆ بینینی نەوشیروان مستەفا، وا ڕێكخرابوو هەر دووكەسی ڕێكخراو پێكەوە بچن، من ئێستا پاش ئەوەندە ساڵ باش ببیرم نەماوە لەگەڵ چ هاوڕێیەك چووم، هاوڕێ فرهاد بوو یا هاوڕێ هێرش. بەڵام قسەو

ڕووداوەكانی كۆبونەوەكەم باش لە یادە. بە گەیشتنمان چووینە ژورێک نەوشیروانمان بینی، بیرمە من ڕاكانی خۆم زۆر بە ڕوونی و كراوەیی دەربڕی، نەوشیروان ووتی گەر دەتەوێت كاك سالار ببینیت ئەوە تا لە ژوورەكەی تەنیشت! ئاماژەیەكی ڕاستەوخۆبوو كردی كە منی لەسەر گروپەكەی سالار حسابكردووە. منیش تا ئەو دەمە دەربارەی ڕۆڵی سالار عەزیزم لە كۆمەڵەدا بیستبوو، بەڵام نە لە نزیک نە لە دوور چاوم پێی نەكەوتبوو، تێگەیشتم من لای ئەمان لەسەر ئەو گروپە حسابكراوم، سەیر لەودابوو سالارو مەلا بەختیاریش خۆیان وتەنی منیان لەسەر (جەلالیەكان)حساب كردبوو دواتر جارێک مەلا بەختیار خۆی باسیكرد. لە كاتێكدا من سەر بە هیچ لایەكیان نەبووم.

لە گەرمەی مفاوەزاتدابوو، جەلال تاڵەبانی لە بەغداوە كار ئاسانی بۆ چوونە دەرەوەی سالار عزیز كرد، بەو جۆرە تاڵەبانی بە تیرێک دوو نیشانەی پێكا. لە لایەک بۆ یەكجاری سالار عزیزی لە كۆمەڵە دابڕی، لە لایەكی تریشەوە دووری خستەوە لە بریاری سیاسی. پێش كۆنفرانسی سێهەمیش ناوەندی كۆمەڵە سەرو دەمانچەی چواردەخۆری كردە دیاری بۆ ئەندامانی ڕێكخراو، كە سەلیم هێنای ووتم سەیریكەن لە كۆنفرانسی (دووەم)ی ساڵی ١٩٨٢سەرو دەمانچەی مەكاریۆفیان داینی كە ڕژێم دەیدا بە نائب زابتەكان. دیارە تەرفیعمان كردوە ، ئەم چواردەخۆرانە دە مانچەی زابتەكانی حكومەتە.

لە تەمموزی ساڵی ١٩٨٤دا لە مێرگەپانی لای پیرەمەگرون، سێهەمین كۆنفرانس و دواهەمین كۆنفرانسی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بەسترا. لەم كۆنفرانسەدا ٢٨٧ نوێنەر و ١١چاودێر بەشداربون و سێ ڕۆژی خایاند. منیش لەگەڵ هەندێ لە هاوڕی یانی سولەیمانی چووم. دەمزانی لەوە زیاتر كە هەنگاوێكیتر بەرەو بە جەلالیكردنی كۆمەڵە دەچنە پێشەوە ئاكامێكیتری نابێت. بەڵام پەیمانم دابوو بە مەلا بەختیار تا دوای كۆنفرانس دان بە خۆمدا بگرم. لە كردنەوەی كۆنفرانسەكەدا هەریەک لە جلال تاڵەبانی، نوێنەری یەكێتی شۆڕشگێڕان، عەبدولڕەحمانی قاسملو سكرتێری حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران و ئیبراهیمی عەلیزادە نوێنەری سازمانی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی ئیران ئامادەبوون و هەریەكە دوای ئەوەی وتاری خۆیان خوێندەوە ڕۆیشتن. تاڵەبانی لە وتارەكەیدا گشتگیر دوا، پێی لەسەر مفاوەزات دادەگرت تا دوا چۆڕی، بەشێكیتری قسەكانی تاڵەبانی لەسەر بەرنامەی دووری كۆمەڵەو دژایەتی دیموكراتی شۆڕشگیر بوو، كە هێڵی فیكری نەیارەكانی جەلالیەكان بوو، تاڵەبانی دوای وتارەكەیشی لە كۆبونەوەكاندا مایەوەو دەهاتەسەرخەت بۆ پشتگیری لایەنگرانی لە ناو كۆنفرانسەكەدا. ڕاو بۆچوونەكانی خۆی لە تێروانینە ماویەكەوە دژی تەییاری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ دەردەبڕی. " مامجەلال لە هەڵسەنگاندنی هێزی پێشمەرگەی یەكێتیدا، بێ هیوایی خۆی بۆ ئەو

هێزە خستەڕو. بە شڕە خۆر و تاڵانچی ناودێری کردن. ئەو نموونەی شەڕی "بێتواتە" ی هێنایەوە هەموو لێپرسراوەکانی بە دز لە قەڵەم دان. ئەو بە شیعرە ناودارەکەی شاعیری عەرەب ، موزەفەر نەواب ئاماژەی بەو لێپرسراوانە کرد و گوتی : **هیچ کامێکتان لێ نابوێرم..، ئەمە لەشکری هۆلاکۆیە نەک لەشکری رزگاری کوردستان!** من بە چاوانی خۆم ، "سەلاجەو موجەمیدە"م بە کۆڵی مەسئولەوە بینیوە**!** من، **ئەم لەشکرەم هەیە، بۆیە ناچارم درێژە بە مفاوەزات بدەم!"**([1]). تاڵەبانی کات و شوێنێکی گونجاوی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی ئەو گەندەڵیەی هێزی پێشمەرگە بکاتە پاساوی مفاوەزات**. بەڵام تاڵەبانی بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵی خۆی وهۆکارەکان و بەرپرسیارێتی خۆی لە دروستبوونی ئەو هێزە گەندەڵەدا وەک بەرپرسی یەکەم نەخستەڕوو**. جەلالیەکانی ناو کۆمەڵە بۆ مسۆگەرکردنی زۆربەی دەنگەکان، ئەو کەسانەیان هینابوو کە خۆیان دەیانویست. هەر وەک کۆنفرانسەکانی پێشتر بەڵام لەم کۆنفرانسەدا زەقتر پێوەی دیاربوو. لە ڕیکخستنەکانی ناوەوەو دەرەوەو ناو پێشمەرگەدا، ئەوانەیان هێنابوو نەخوێندەواری سیاسی بوون. لە مەسەلەی کوردستانی و عێراقی تەقەی سەریان دەهات.

لە ڕۆژی دووەمی کۆبونەوەکانی کۆنفرانسەکەدا، شوێنی کۆبونەوەکە بۆنی خوێنی گرتبوو، پێشتر نەوشیروان مستەفاو گروپی زیندان بریاری خۆیان دابوو کە لەو کۆنفرانسەدا سیاسەت و بەرنامەیان بچەسپێنن و بسەپێنن، و لە پێشەوە کاریان کردبوو بۆ هێنانی ئەو کەسانە بۆ کۆنفرانسەکە کە شوێنکەوتەی ئەوانن بۆ لەناوبردنی کۆمەڵە. باسەکان لەسەر بەرنامەی کۆمەڵە، خاڵ بە خاڵ وتووێژی لەسەر دەکرا و بە باشی دەچووە پێشەوە، سەرباری ئەو گرژیەی باڵی بەسەر کۆبونەوەکاندا کێشابوو. لە قسەکردن لەسەر بەرنامە، کۆمەڵێ کادری هوشیار زۆر ژیرانە کەوتنە وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونانەی لەگەڵ ڕیبازی کۆمەڵەدا جووت نەدەهاتنەوە. ئەوەندە باش ڕوونیان دەکردەوە تەنانەت لە دەنگدان لە سەر هەندێ لە خاڵە بەرنامەییەکان، ئەوانەی جەلالیش بوون دەنگیان پێدەدا. بێ ئەوەی بزانن بەو کارەیان ئیدانەی سیاسەتی سەرانیان دەکەن. دیاربوو ئەنجامی دەنگدان لەسەر موناقەشەی خاڵەکانی بەرنامە بە قازانج و ویست خواستی باڵی جەلالیەکان نەدەڕۆیشت هەربۆیە لە ناوەراستی موناقەشە بەرنامەییەکاندا کێشەی بڵاوکراوەی "هەڵوێست" کە چەند مانگێک پێشترلە لایەن مەلابەختیارەوە بە نهێنی نوسرابوو وە چاپکرابوو، بە نهێنیش بڵاوکرابۆوە بە ناو کادرەکانی کۆمەڵەی هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکاندا. "هەلویست " لیکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی فیکری و سیاسی بوو لەسەر بەرنامەی کۆمەڵە. گەرچی من ئەو دەمەی کە بڵاوکراوەی هەڵویستم لە

[1]) ئەزموون و یاد بەرگی دووەم – پشکۆ نەجمەدین- لاپەڕە- 198.

مەلابەختیار وەرگرت لە سوڵەیمانی نەمەزانی كە نوسەری ئەو لێكۆڵینەوە ڕەخنەگرانەیە كێ یە و نەشم پرسی، چونكە بەلای منەوە لیكۆڵینەوەكە گرنگ بوو، بەڵام ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوە ڕەخنەگرانەییەكەم پێ باش بوو، لە (هەمان كاتیشدا بە چارەسەرم نەدەزانی بۆ كێشەكانی ناو كۆمەڵە، لەبەرئەوەی طرحێكی بەرنامەیی نەبوو بۆ چارەسەری ئەو كێشانەی باسی تێداكرابوو). چونكە لە بنەڕەتدا باڵی جەلالی ناوكۆمەڵە كە خۆیان لە نەوشیروان مستەفاو گروپی زیندان دەدیەوە كاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە دەكرد، كێشەكە تەنها جیاوازی فیكرو ستراتیژ نەبوو لە یەك ڕێكخراودا. كێشەكە لە بنەڕەتدا و لە ناوەڕۆكدا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەبوو، كە باڵی جەلالیەكانی كۆمەڵە بە بەرنامە لە مێژبوو كاریان بۆ تواندنەوەی كۆمەڵە لە یەكێتی دا دەكرد. بەڵام دیاربوو، ئەو گروپەی خۆی بە بەرگریكار لە مانەوەی كۆمەڵە دەزانی، گەرچی بە قسەو بە نوسین و ڕەخنە بۆچونەكانیان دەردەبڕی، بەڵام هێشتا بە ئومێدبوون بتوانن كۆمەڵە لە هەڵوەشاندنەوە و تواندنەوە لە یەكێتی دا بپارێزن! هێشتا نەگەیشتبوونە قەناعەتی یەكلایی كەرەوە، لەسەر ئەوەی یەكێتی كار بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە دەكات و لە بەرامبەردا پێویستە بەرنامەو ستراتیژو ڕێكخراوە یی جیاوازی هەبێت. پشكۆ نەجمەدین دەڵێت :(زۆربەی ئێمە، بە هاوكاری و ڕێنمایی و هەوڵی ئەو برادەرانەی پێشتر باسم كردن و پەرۆشی پاراستنی یەكیتی ڕیزەكانی كۆمەڵە بوون. ئەودالّی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی پێكگەیشتنەوە و پێكەوەهەڵكردن بووین. ئێمەو هەمو ئەو هاوڕییانەی هەڵویستمان وەرگرتبوو، وێرای چەندین كادری دیكەش لە ئاستی سەركردایەتی ولە خوارەوەی ڕێكخستنیشدا. **جگە لە ڕەوتێكی ناڕازی بە كۆمەڵێك سەرخەتی فیكری و سیاسی جیاواز لە دوو باڵەكەی دیكەی نێو كۆمەڵە، شتێكی تر نەبووین. واتە ئێمە هیچ ئامادەكارییەكمان بۆ دابران و جێهێشتنی كۆمەڵەو یەكێتی نەكردبوو و پلانێكی وەهاش لە بەرنامەی ئێمەدا نەبوو)!**([1])

هەرچی جەلالیەكانی ناو كۆمەڵە(نەوشیروان مستەفاو گروپی زیندان)بوون، بڵاوكردنەوەی ئەو نامێلكەی هەڵوێستەیان گەیاند بە ڕادەیەك داوای كوشتنی حەوت كادری كۆمەڵە بكەن لەسەر بڵاوكردنەوەی ئەو بڵاوكراوەیە. زۆربەی هەرەزۆری بەشداربووانی ناوكۆنفرانسیش ئەو بڵاوكراوەیەیان نەدی بوو، نەیاندەزانی چی لەو بڵاوكراوەیەدا نووسراوە. دەبوو بۆ خەڵكەكە بخوێندرایەوتەوە، وتووێژی لەسەربكرایە، هەڵسەنگاندنی بۆ بكرایە، ئەوسا ئەنجامگیری بكرایەو بخرایەتە دەنگەوە و حوكمی باش و خراپی لەسەر بدرایە.

[1]) هەمان سەرچاوە – لاپەڕە - 203.

جەلالیەكانی ناوكۆمەڵە كە لە موناقەشە بەرنامەییەكاندا بەو ئەنجامە گەیشتبوون دەیدۆڕێنن، بە هێرش بۆ سەر نووسەری بڵاوكراوەكە و ئەو حەوت كادیرەو تۆمەتی خیانەت خستنە پاڵیان دەیانویست خەڵكەكەی خۆیان چەواشەبكەن. ئامادەی ئەوەنەبوون بڵاوكراوەكە بخرێتە بەرباس و لێكۆڵینەوە، ئەو نمایندانەی ئەوانیش داوایان نەدەكرد بڵاوكراوەكە بهێنرێت تا بزانن چی تیایە! ئاخر تۆ كە نوسینەكەی بڵاوكراوەكەت نەدیبێ بە چی؟ تۆ حوكمی نوسین و نوسەرەكەی دەدەیت؟ وەك ئەوەی خستنەڕووی بۆچوونە فكری و سیاسی یەكان خیانەت بێت.

پێش وادەی دانیشتن بۆ هەڵبژاردنەوەی سەركردایەتی، فەرەیدون عبالقادر هەستاو باسی بلاوكراوەیەكی كرد دژی سەركردایەتی یەكیتی دەرچووەو یەكسەر سەرەتا ناوی شەش كادریان لە ناو هێزی پێشمەرگە هێنا ، (حاجی مەمۆ، خەلیل دهۆكی، هێدی، سدیق ڕەنجبەر، و مەهدی كاوانی)، ئەم هاوڕی یانە كادری ڕێكخراوەیی و پێشمەرگەیی بوون. لە پرێكدا مەحمود رەزای ئامۆزای نەوشیروانیش هەستاو ووتی هاوڕێ وەرگێریش ئەو بڵاوكراوەیەی بە ئێمە داوە(من لە دەمامكدارەكان)بووم. بە منەوە بوون بە حەوت كەس. نەوشیروان هەڵی دایە، ئەوە دكتۆر قادر داویەتێ! بیانبەنە دەرەوە ڕەمیان بكەن، مام ڕۆستەم كە لە ڕیزی پشتەوەی من دانیشتبوو بە دەنگی بەرز ووتی بیاندەنە دەست من ڕەمیان دەكەم. ئاوڕێكم لێدایەوەو پێموت ئەوا من دەچمە دەرەوە وەرە گوللە بارانم بكە. لەو كاتەی بەڕیوەبووم بۆ دەرەوەی كەپرەكە مەلا بەختیارم بینی بەرەو سەكۆی كۆنفرانسەكە چوو بە میكرەفۆنەكە بە نەوشیروانی دەوت تۆ كۆمەڵە كوژی و...

مامۆستا پشكۆ لە ئەزمون و یادا دەڵێت: "باشترین و ماندووترین كادرانی ئێمە، تەنها لە سونگەی خویندنەوەو بڵاوكردنەوەی نامێلكەیەكدا، سەركردەو دەسەڵاتی دەسەڵاتداری كۆمەڵەكەیان، بە نیازن ئیعدامی شۆڕشگێڕانەیان بكەن! پەخشكردنی نامیلكەیەك كە بینینیكی دیكەو تیگەیشتنیكی جیاوازی بۆ فیكرو سیاسەتی كۆمەڵە لە خۆ گرتووە. خۆئەمە بانگەشەی ئاشبەتاڵ خۆبەدەستەوەدانی نەكردووە، بە باڵای مفاوەزاتدا هەڵینەداوە، داوای كودەتاو هەڵگەڕانەوەی نەكردووە، ئاڵای جیابوونەوەی هەڵنەكردووە، سووكایەتی بە هیچ سەركردەو كادریكی كۆمەڵە و یەكێتی نەكردووە! ئەمە چ میتۆدو میكانیزمێكە بۆ پشتشكاندنی بۆچوونە لێكنەچووەكان و خوێناویكردنی ململانیكان؟!

كێشەكان تا دین ئاڵۆزتر دەبن ، بارۆمەتری زەبر هەڵدەكشێت، وروژاندنی ئیعدامكردنی وریای وەهاب، بە فەرمانی سكرتێری كۆمەڵە و بە نهێنی جێبەجێكردنی بە دەستی جەبار فەرمان، فەزای كۆبونەوەكانی زیاتر لێڵ دەكات.

دكتۆر هەژارو ئاواتی شێخ جەناب و چەند كادری تر ڕەخنەیان ئاراستەی نەوشیروان كردو داوای ڕوونكردنەوەی هۆكار و چۆنیەتی ئیعدامكردنی "وریا"یان

لێ کردو بە شـــەهید وریا ناویان برد. ئەوان، جەختیان لەســـەر ئەوە کردەوە کە بۆ ڕێکخراوێکی مارکسیست لینینیستی وەک کۆمەڵە کاری نەکردە و تاوانێکی گەورەیە بێ دادگـاییکردن ، بە نهێنی کـادریکی خۆی ئیعـدام بکـات. نەوشـــیروان وەکو سکرتیری کۆمەڵەو بەرپرسی یەکەم دەچێتە سەر سەکۆی قسەکردن وەرام دەداتەوە:

- بەڵی کوشتومانە ئەو شەهید نی یە، بەڵکە خاینە! ئەو، نامەو نهێنی کۆمەڵەو شۆڕشی بە نەیارانی ئێمە داوە. وریا ئەگەر زیندووبێتەوە، جاریکی دیکەش ئیعدامی دەکەینەوە! "([1])

"نەوشیروان مستەفا زڵێەک لە کادرێکی بەشداربووی کۆنفرانسەکە بە ناوی گۆران"دەدات ولە کۆنفرانســـەکە دەری دەکـات، مەلا بەختیـار بە توڕەیی و حەماســـەتەوە، بە نەوشـــیروان دەڵێ: تۆ مافی ئەوەت نییە زڵە لە کادر بدەیت و لە کۆنفرانســـی وەدەرنێیـت!حەمە تۆفیق (کـادری دەرکەوتووی کۆمەڵە و زاوای نەوشـیروان)لەگەڵ مەلابەختیاردا لێیان دەبیتە هەرا و پەلاماری مەلابەختیار دەدات! دەســـتیان ناگاتە یەکدی و لێک جودا دەکرێنەوە..لەم حاڵەتە ناجۆرەدا ،کۆبونەوە دەست پێدەکاتەوە.

مەلابەختیـار دەچیتە ســـەر ســـەکۆی قســـەکردن، دەڵیـت: هەق نییە فەزای کۆنفرانســـەکە بەم ئاڵۆزی و توندوتیژییە بەرێوە بچێت، هەڕەشـــەکردن و کادر دەرکردن لە کۆنفرانس، لەکەس قبوڵ نـاکەین..چـاوســـوورکردنەوەو تۆقـانـدن نامانترسێنێت، ئێمە کە شۆڕشمان دەست پێ کردەوە و لەڕووی بەعسدا وەستاینەوە، بەعسمان لە پێڵاوەکانمان نزمتر دەبینی..ئێستاش هەڕەشـەو گوڕەشـە، نە لە تۆ و نە لە هیچ کەسێک قەبووڵدەکەین!

نەوشـــیروان: لەبەرخۆیەوە ، هەقە ئەوانەی 'هەڵوێســـت' یان بڵاوکردۆتەوە لە تەنیشت وێنەی ئەو شەهیدانەوە هەڵبواسرێن!

مەلا بەختیار: بۆچی کۆنفرانس، مەســـەلەی ئیعدامکردنی شـــەهید شـــەهاب یەکلا ناکاتەوە، هەموو نهێنییەکان لای ئەم کاک 'فەرەیدون' من!"([2])

لەو ساتەی مەلابەختیار لە قسەکانی بووەوە ویستی ساباتەکە جێ بهێڵێت، من چووبوومە دەرەوەی ساباتی کۆنفرانسەکە، بارودۆخەکە بەڕادەیەک گرژبوو، بۆنی

---

[1]) ئەزموون و یاد بەشی دووەم- نوسینی پشکۆ نەجمەدین- لاپەڕە 200.

*بەڕای من ئەو کرداری تیرۆرەی لە ســـوڵەیمانی ڕوویدا لە لایەن یەکێتی یەوەو بوە هۆی کوشـــتنی چەندین کەســـی بی تاوان، بێ ڕەزامەندی ســـکرتیری گشـــتی یەکێتی جەلال تاڵەبانی نەوشـــیروان نە یدەتوانی ئەو بریارە بدات. محاکەمە نەکردن و بە نهێنی بە تەور ســـەرپانکردنەوەی وریاش لە لایەن جەبار فەرمانەوە و بە فەرمانی نەوشـــیروان هەر بۆ شاردنەوەو ئاشکرا نەبونی بریاردەرە ڕاستەقینەکان بوو.

[2]) ئەزموون و یان بەرگی دووەم – نوسینی پشکۆ نەجمەدین- لاپەڕە 201-202.

خوێنی لێدەهات و كەس نەیدەزانی چی ڕووەدات. ئەو هاوڕێیانەی تریش كە داوای ئیعدامكردنیان كرا ساباتەكەیان بەجێ هێشت. چەند مەترێك لە ساباتەكە دوورگەوتبوومەوە، چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد لە پشتەوە بماندەنە بەر گوللە. بەڵام گوێم لە دەنگێك بوو هاواریكرد هاوڕێ وەرگیر، هاوڕێ وەرگێر نەڵێی هەر ئێمە خاوەن هەڵوێست بووین، وا ئێمەش هاتینە دەرەوە و خاوەن هەڵویستین. كە ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە بینیم، حامید حاجی خالید بوو لەگەڵ ئاسۆ علی دا هاتبوونە دەرەوە. ژمارەی ئەو هاوڕییانەی پرۆتێستی تیرۆریانكرد و ساباتی كۆنفرانسیان جێهێشت ١٢٧هاوڕێ بوو، لە كۆی ٢٨٧ كەسی بەشداربووی كۆنفرانس.

مەلابەختیار لەگەڵ شێخ عەلی و مامۆستا پشكۆ، چووبونە ناو خێمەیەك، لەگەل چەند هاورێیەكی دەمامكداری تردا گەر باش بیرم مابن هاوڕێ هێرش و چەند هاوڕێیەكی كەرتەكانی ڕێكخستن بوون، چووین بۆ خێمەكە. حەسیریان ڕاخستبوو دانیشتبوون لەسەری، مەلا بەختیار وەك هیچ ڕووی نەدابێت، لە كاتێكدا بە دەستێكی سوچێكی حەسیرەكەی هەڵئەدایەوە بە پێكەنینەوە ووتی: سەیركەن، ئەوە دەیان نوسخەیتری 'هەڵوێست'؟ بە مەلابەختیارم ووت: ئەم دۆخە ئێمە لە بەرچاومان بووەو چاوەڕوانی ئەنجامی باش ناكەین. ئەوان كار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە دەكەن، باشترین هەلە ئێستا جیابینەوە، شتێك نەماوە ئومێدی باشی لێبكریت. پشكۆ نەجمەدینیش دەڵێت " ئێمە چەند كادرێك لەگەڵ مەلابەختیاردا، لە خێمەیەكدا كۆوە بووین و لە هەوڵی دۆزینەوەی دەریچەیەكدا بووین بۆ دەربازبوون لە تەنگژەكە. ملازم عەمەر، ئازاد هەورامی، بەكری حاجی سەفەر، مستەفا چاوڕەش، قادری حاجی عەلی، دلێری سەید مەجید، و بەشێك لە نوێنەرە دەمامكدارەكانی شار، لە نیگەرانیی دۆخەكەدا، لە هاتووچۆیەكی بێپساندا بوون.

كادرەكان پەیتا پەیتا دەهاتنە خێمەكەو ڕاو بۆچوونی خۆیان دەخستەڕوو.هەندێكیان پێیان وابوو، ئەمە فرسەتە و هەڵوێست وەرگرتنی كاربڕ و یەكجاری بۆ جێهێشتنی كۆنفرانس، كۆنفرانسەكە شكست پێدەهێنێت و ئەوجا دۆخیكی دیكە دێتە پێشەوە كە دەشێ بە قازانجی ڕەوتەكەی ئێمە بكەوێتەوە"([1]). بەڵام مەلا بەختیار، كە تا ئەودەمەو دواتریش، لە ئەنجامی كەم ئەزموونی، باوەڕێكی پتەوی بە تاڵەبانی هەبوو، كێشەكانی لە نەوشیروواندا دەبینی و پێی وابوو ئەو سەرچاوەی كێشەكانە، گەرچی پێشترو دواتریش چەندین جار هوشیاریم پێدابوو كە نەوشیروان بێ پرس و بریارو ڕەزامەندی جەلال تاڵەبانی ناتوانێت بریارێكی گرنگ بدات. بەڵام نەیدەتوانی لەوە بگات كە (تاڵەبانی بریاردەرە)، نەوشیروان قوتابیەكی تاڵەبانییە و جێ بەجێكەری سیاسەتەكانی تاڵەبانی یە. چونكە سروشتی

[1]) هەمان سەرچاوە – لاپەڕە – 202-203.

تاڵەبانی وایە ئەوەندەی بۆی بچێتە سەر نایەوێت کەس لە سەروخۆیەوە هەبێت.هەمیشەش کوتەکێکی هەبووە بە کاری هێناوە بۆ سەرپانکردنەوەی نەیارەکانی. مەلا بەختیار تا ئەو ڕۆژەش گرتیان و زیندانی سیاسییان کرد، وەک لە نامەکانی ئەو سەردەمەیدا بۆ من ناردوونی بە ڕوونی دەردەکەوێت، بە هۆی کەم ئەزموونی و خۆشباوەڕی بە تاڵەبانی نەیدەتوانی باوەڕبکات کە تاڵەبانی لە پشت هەموو بڕیارو هەنگاوەکانەوەیە و ڕۆژێک دەیگرێت و زیندانی دەکات. چونکە هێشتا ئەوەی لا ڕوون نەبووبوەوە کە لە دروستبوونی یەکێتی نیشتمانی یەوە ئەوە خواست و ویست و ئامانجی تاڵەبانی بووە حزبێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، حزبێکی وەک پارتی دروست بکات و ئەویش سەرۆک بێت. ئەم بۆچوونانەی پشکۆ نەجمەدین ڕاستی ئەو بۆچونانەم دەردەخات کاتێک دەڵێت (زۆربەی ئێمە، بە هاوکاری و ڕێنمایی و هەوڵی ئەو برادەرانەی پێشتر باسم کردن و پەرۆشی پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی کۆمەڵەبوون، **ئەودالّی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی پێکگەیشتنەوە و پێکەوە هەڵکردن بووین. ئێمە و هەموو ئەو هاوڕێیانەی هەڵوێستمان وەرگرتبو، وێرای چەندین کادری دیکەش لە ئاستی سەرکردایەتی و لە خوارەوەی ڕێکخستنیشدا، جگە لە ڕەوتێکی نارازی بە کۆمەڵێک سەرخەتی فیکری و سیاسی جیاواز لە دوو باڵەکەی دیکەی ناو کۆمەڵە. شتێکیتر نەبووین. واتە ئێمە هیچ ئامادەکارییەکمان بۆ دابڕان و جێهێشتنی کۆمەڵە و یەکیتی نەکردبوو و پلانێکی وەهاش لە بەرنامەی ئێمەدا نەبوو)([1]).** ئەوە هەڵوێست و تێڕوانینی ئەو گروپەبوو کە خۆی بە (ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆن)ی ناو کۆمەڵە دەزانی. لە کاتێکدا نەوشیروان مستەفا وەک جێبەجێکەری سیاسەتەکانی تاڵەبانی و خودی تاڵەبانی، نەک لە ڕۆژی دروستبوونی یەکێتی یەوە، بەڵکو پێش ئەوەی (بە ناچاری) قبوڵی ئەوە بکات یەکێتی نیمچە بەرە بێت ویستی یەکێتی وەک حزبێک دروست بکات. کاتێک بە هۆی هەڵویستی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە بە تایبەت شەهید ئارام کە دژی تواندنەوەی کۆمەڵەبوون لە یەکێتی دا، ئەوسا ناچار بوو بە ڕواڵەت یەکێتی وەک نیمچە بەرە قبوڵ بکات، بەڵام لە کرداردا لە ڕۆژی گەڕانەوەیانەوە بۆ برادۆست و دیاریکردنی یەکەم سەرکردایەتی یەکێتی، نەوشیروان و تاڵەبانی لە کاردا بوون بۆ هەڵلووشینی بزوتنەوەو کۆمەڵەش. دواتریش لە بەرامبەر خۆ بەکەمزانین و کەم ئەزموونی ئەندامانی کۆمێتەی هەڕیمەکان، سەرکردایەتی کۆمەڵەیان تەسلیمی نەوشیروان کرد لە کاتێکدا ئەو بە ئاشکراو بێ پەردە دژایەتی خۆی بۆ فکری کۆمەڵە دەربڕی.

[1]) ئەزموون و یاد – بەرگی دووەم- نوسینی پشکۆ نەجمەدین – لاپەڕە 203.

سەرکردایەتی بزوتنەوە کە خاوەنی ئەزمونێک بوون لەگەڵ تاڵەبانی، هەرزوو هەستیان بە ئامانجەکانی تاڵەبانی و بریارە تاکڕەویەکانی کرد و دژی وەستانەوە، بە تایبەت هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ قیادەی موەقەتە. بزوتنەوە ڕازی نەبوو درێژە پێدەری سیاسەتە شکستخواردووەکەی شەری ناوخۆی جەلالی و مەلایی شەستەکان بێت. کاتێکیش ویستیان لە ژێر هەیمەنەی بریارو سیاسەتەکانی تاڵەبانی بچنە دەرەوە، یەکێتی بەو خوێنڕشتنە گەورەیەی شەڕی ناوخۆی گەیاند لەگەڵ بزوتنەوەدا. بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی جیابوونەوەی بزوتنەوە لە یەکێتی، تاڵەبانی هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراێکی کارتۆنی هەر بەو ناوەوە دا وهەندێ کۆنەجەلالی شەستەکانی لە شارەکانەوە هێناو وەک سەرکردایەتی نوێی بزوتنەوەی ناساندن، بەلام ئەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیانتوانی جێگەی بزوتنەوە بگرنەوە.

کۆنفرانسەکە بەو شیوە نەچووە سەر کە باڵی تاڵەبانی دەیویست، جەلال تاڵەبانی لە سورداشەوە چاودێری هەوڵەکان و ڕوداوەکانی دەکرد. هەڵوێستی وەستانەوە دژی تیرۆری ئەندامانی کۆمەڵە بووە هۆی وەستانی کۆبونەوەکانی کۆنفرانس. پاشان تاڵەبانی هاتەوە میرگەپان و کەوتە کۆبوونەوە لەگەل مەلا بەختیارو نەوشیروان و هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی تری وەک ئازاد هەورامی و ملازم عومەرو بەکری حاجی سەفەر. تاڵەبانی ئامادەیی دەربڕی بۆ قبوڵکردنی ئەوانەی خۆیان بە بەرگریکار دەزانی لە مانەوەی کۆمەڵە وەکو(**باڵی سێیەم**) ی یەکیتی قبوڵیان بکات! ئەو داوایکرد بە ئاشکرا بائەوانە خۆیان بناسێنن! دیاربوو ئەو دەیویست بە هەرنرخێک بێت، ئەوانە لە یەکێتیدا بهێڵیتەوە، تا ئەوکاتەی زەمینەی هەڵوەشاندنەوەیان دەرەخسێ. بەڵام (ڕەوتەکەی کۆمەڵە) وەک پێشتریش ڕوونم کردەوە، نەک بیریان لە جیابوونەوە نەدەکردەوە، هێشتا هەربە خەیاڵی مانەوە لە ناو یەکێتی دابوون. دوایی مەلابەختیارو ئەوان قبوڵیانکرد لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو حەوت هاوڕێ یەی کە لە سەر بڵاوکراوەی "هەڵوێست" خەریک بوو تیرۆربکرێن لە دوای کۆنفرانس بکرێت! بە مەلابەختیارم ووت من ئێرە بەجێ دێلم و دەچمەوە سولەیمانی و نامەکەی کە دەمێکە نووسیومە بۆ وازهێنان دەینێرم بۆ نەوشیروان، پێموت دوورنیە هەندێ لە هاوڕێیانی تری کۆنفرانسیش ئێرە جێ بێڵن، چونکە وەک لێم بیستوون ئەوانیش بە تەمای هاتن و بەشداری کۆنفرانس نەبوون ودەمێک بووە بریاری وازهێنانیان دابوو، بەڵام من بریارەکەیانم پی دواخستبوون، ئێستا پێیان ووتوم ئیتر تەواو، ئەمە خاڵی کۆتایی یە. مەلابەختیار داوایکرد بمێنێنەوە تا دوای دانیشتنی کۆنفرانس بۆ هەڵبژاردنی ناوەندی! بەڕاستی سەیربوو، بە بەرچاویانەوە جەلالیەکان کۆمەڵەیان ئاوەڕووت کردبوو، هەر ئەوەی مابوو لە گۆڕی بنێن، کەچی ئەو هیشتا دەیویست ئەندامی سەرکردایەتی ئەو یەکیتی یە بێت کەوا خەریکی گۆڕ هەڵکەنینە بۆ کۆمەڵە! . ئەوێک کە دەیویست هەڵبژێردرێتەوە بۆ ناوەندی دەیزانی گەر ئێمە کۆنفرانسەکە جێ بهێڵین دەنگەکانی زیاتر کەم دەکات. دوای ئەوەی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە قسەم کرد، ڕازی بوون تا دوای دەنگدان بمێننەوە، بەڵام لەوە دوا

بریار بریاری خۆیان دەبێت، من بە مەرجەكەیان ڕازی بووم و ووتم منیش هەمان ڕاو هەڵوێستی ئێوەم هەیە.

لە ڕۆژی سێیەم و كۆتایی كۆنفرانسەكەدا، لە موناقەشەی بەرنامەی كۆمەڵەدا، هەندێک هاوڕێی كۆمەڵە بە ئاشكرا ووتیان لە بەرگەوە بۆ بەرگ ئەو بەرنامەیەمان قبوڵ نییە، لە خاڵی پرۆژەی مفاوەزاتیشدا، تێكستێک هەبوونوسرابوو: كوردستانی عێراق بەشێكی لە جیابونەوە نەهاتووی خاكی عێراقەو گەلەكەشی بەشێكی لە جیابونەوە نەهاتووی گەلی عێراقە! ئەوانەی خۆیان بە كوردستانی دەزانی دەنگیان بەم تێكستە داو! و ئەوانەش كە بە عێراقچیەكان ناودەبران دژی ئەم تێكستە وە ستانەوە!. ئەوە بە ڕوونی دەری خست كە ئەوانەی لەسەر لیستی جەلالیەكان هێنرابوونە كۆنفرانس و بۆ چەواشەكاری ئەوانیان بە كوردستانی دەناساند، تەنها بە پێی ویست و خواستی بەرپرسەكانیان دەست بەرزدەكەنەوە. ئەگینا چۆن خۆ بە كوردستانی زانێک گەر زەڕەیەک تیگەیشتن و باوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبێت دەنگ بە وەها تیكستێک دەدات. بەڵام هەموو كۆنفرانس و كۆنگرەكانی یەكێتی هەمیشە پڕ دەكرا لەو جۆرە كەسانە، ئەوساو تا ئێستەش هەر بەوجۆرە دەڕوا.

دوابەشی كۆبونەوەكان هەڵبژاردنی ناوەندی بوو؟ جەلالیەكان بۆ ئەوەی مەلا بەختیار دەرنەچیت و وەدەری نێن. ڕێژەی ٥١% ی كۆی دەنگەكانیان دیاریكرد بۆ هەر پاڵیوراویكی ناوەندی، مەلا بەختیار ئەو ڕێژە دیاریكراوەی نەهینا. دیسانەوە كیشە دروستبۆوە " ملازم عومەرو ئازاد هەورامی گوتیان : ئەم دەنگانە بێویژدانییەكی گەورەیە و نوێنەرانی كۆنفرانس، ناتوانن چارەنووسی كۆمەڵە ببینن..ملازم عومەر وەک پرۆتێست ساباتەكەی جێهێشت. هەوڵەكان بۆ دەربازبوون لە تەنگژەكە چڕ كرانەوە ، دەنگە تووڕەكان. داوای هەڵبژەردنەوەیان دەكرد و فشاریان بۆ كۆنفرانس هێنا!"([1]) بە لابردنی ڕێژەی ٥١% هەڵبژاردنەوە دەستی پێكردەوەو ئەم ناوانە بوونە ئەندامی ناوەندی بە پێی ریزبەندی ئەو دەنگانەی هێنایان:

نەوشیروان مستەفا
ملازم عومەر عەبدوڵڵا
فەرەیدون عەبدولقادر
ئازاد هەورامی
كۆسرەت ڕەسول (دەمامكدار)
جەبار فەرمان
مەلا بەختیار

نەوشیروان مستەفا خۆی ئەندامە یەدەكەكانی كاندید كردو هەر خۆیشی هەڵیسەنگاندن:

[1]) ئەزموون و یاد بەرگی دووەم – پشكۆ نەجمەدین – لاپەڕە – 205.

حەسەن كوێستانی
عومەر فەتاح(دەمامكدار)
خەسرەوخاڵ(دەمامكدار)
دلێر ئەحمەد شوكری (دەمامكدار)
قادری حاجی عەلی
حەمە تۆفیق

نەوشیروان لە هەڵسەنگاندنی گەڵێک لە دەمامکدارەکاندا بە سەرکردەی ڕاپەڕینەکانی ١٩٨٢ وە ١٩٨٤ ناوی بردن لە کاتێکدا پەیوەندیان بە نەوشیروان خۆیەوە هەبووە نەک بە ڕێکخستنەکانی سەرکردایەتی ناوخۆوە و لە ڕاپەڕینەکاندا ئەو خەتە بەشداریان نەکرد، بە بەهانەی ئەوەی کۆنە جەلالین و رژێم دەیانناسێت! لە ڕاپەڕینەکانی١٩٨٤ یشدا، کە سەرکردایەتی یەکێتی هاتبووە سورداش ، ئەمان لەگەڵ ڕای سەرکردایەتی یەکێتی بوون دژی ڕاپەڕینی خوێندکاران کە لە دژی بە جەیشی شەعبی بوون و بە بەعسی کردن دەستی پێکردبوو. لە کاتی پاڵاوتنی ئەوانەدا لە لایەن نەوشیروانەوە چوومە سەر سەکۆی قسەکردن و ئەو ڕاستیانەم ڕوونکردەوە.. **مێژوو دەریخست** نەوشیروان مستەفا لە هەڵبژاردنی کاندیدەکانیدا هەڵەیکرد و دوایی بوونە چەڵ و چوونە ژێر پێی خۆیشی. هەروەک لە هەڵوەشاندنەوە وتێکدانی کۆمەڵەدا بە قازانجی تاڵەبانی وەک خۆی لە چاوپێکەوتنەکەی گوڵانی پارتی لەگەڵیکردانی پیادانا کە هەڵبووە.

لەبەردەم کۆنفراسدا مەلا بەختیار لە حاڵەتێکی هەڵچوونی دەروونیدا سوێندیخوارد بە گۆڕی کاک ئارام کە چیدی ئەو ناچێتەوە کۆمێتەی سەرکردایەتی کۆمەڵە.

کۆنفرانسی سێیەم کە دواکۆنفرانسی کۆمەڵە بوو کۆتایی پێهات. مەلا بەختیار داوایکرد پێش ئەوەی بگەڕێمەوە سولەیمانی بچم لە دوکان سەردانی بکەم. منیش چووم، بیرم نەماوە چ هاوڕێیەکم لەگەڵ بوو لە هاوڕێیانی ناوەوە، بەڵام دەزانم بە تەنیا نەچووم. پرسیاری کرد، کە ئێمە بە تەمای چین؟ وتم یەکەم دەچم بۆ لێکۆڵینەوەکە، تا نەڵێن ترساوە، بەڵام دوای گەرانەوەم (ئەگەر گەڕامەوە سولەیمانی!) نامەی واز هێنانەکە دەنێرم بۆ نەوشیروان مستەفا. دووەم ، من باوەڕم بە مارکسیزمی شۆڕشگێرە و کار بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنیکی تر دەکەم ئامادەشم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە کار بکەم کە بڕوایان بەو ڕێبازو بیرو ئایدۆلۆژی یە هەیە. مەلابەختیاریش وتی هەوڵ بدە شێوازی داڕشتنی نامەی واز هێنانەکەت نەرم بێت! من بۆچوونی مانەوەی مەلابەختیاروئەوانم ڕەتکردەوە لە یەکیتی دا. بیرمە ووتم ئێوە ئاسنی سارد دەکوتن، پاش ئەو هەموو هەنگاوانەی جەلالی یەکان ناویانە بۆ زیندەبەچاڵکردنی کۆمەڵە، نی یە بتوانیت گۆڕانکاری لە یەکێتی دا بکات و ئەنجامەکەش بە قازانجی ئەوان تەواو دەبێت. ئەوان کۆمەڵەیان ناوێت، ئەوە

كۆمەڵەیە ئەوانی كردۆتە كۆڵ، ئەوان تاقمە جەلالی یەكەی شەستەكانیان دەوێت زیندوو بكەنەوە. (تا ئەو ساتە من) و مەلا بەختیار لە ڕووە (ڕێكخراوەییەكەوە) بیرمان جیاواز بوو، لە ماوەی نێوان سێ كۆنفرانسدا تا دەهات فكر و ڕێكخستنی كۆمەڵە كاڵترەبوەوە، تا لە كۆنفرانسی سێیەمدا ئەوەی مابوو دوا بزماریان بە تابووتەكەی كۆمەڵەدا داكوتن. مەلا بەختیار هێشتا نەگەیشتبووە ڕادەی بریار لەسەر پێویستی دروستكردنی ڕێكخراوێكی سەربەخۆ و جیابوونەوە لە یەكێتی. لە كاتێكدا من گەیشتبوومە ئەو باوەڕەی هەنگاوەكانی جەلالییەكان بەرەو زیندە بەچاڵكردنی كۆمەڵە دەروات، لە بارودۆخێكی وادا باوەربوون بە چاكسازی كاریكی مەحاڵ و خۆخەڵەتاندن بوو. دروستكردنی ڕێكخراوێكی كرێكاری سەربەخۆو، خاوەن باوەر بە ماركسیزمی شۆڕشگێڕم بە زەرورەت دەزانی. بەڵام لە ڕووی فكری و ئایدۆلۆژی یەوە (ئەودەم) بیرمان یەك بوو، ئەویش ماركسیزمی شۆڕشگێڕی دەسەلماند.

لیژنەی لیكۆڵینەوەو
وازهێنانم لە كۆمەڵەو یەكێتی

تا ئەودەم سەر بە هیچ ڕەوتێك نەبووم لەناو كۆمەڵەدا،گەرچی هەریەك لەو ڕەوتانەی ناوكۆمەڵە لەسەر ئەویتری حساب دەكردم. دوای كۆنفرانسی سێیەمی كۆمەڵە، لە ١٩٨٤/١٠/٤ نامەیەكم لە دەزگای ناوەندی كۆمەڵەوە پێگەیشت بۆ ئامادەبوون لای ئەو لیژنەی لیكۆڵینەوەیەی دروستكرابوو بۆ بابەتی (هەڵوێست). بەمجۆرەی خوارەوە:

ئەی كرێكاران و گەلانی زۆرلێكراوی دنیا یەككگرن
بەرەو بەهێزكردنی كۆمەڵە لە كۆڕی خەباتی چینایەتی و نیشتمانی دا
بەرەو چەسپاندنی پرنسیپەكانی ڕیكخستن لە كۆمەڵەویەكێتی دا!

كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان ژمارە : ف
دەزگای ناوەندی ڕێكخستن ڕۆژ: ١٩٨/١٠/٤
هاوڕێ دارای تێكۆشەر
سڵاوێكی شۆڕشگێڕانە

داخوازین ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٩٨٤/١٠/٥ لە بارەگای دەزگا ئامادەبی، بە بێ دواكەوتن

هەربژین

مۆری دەزگای ناوەندی
ڕیكخستن

هەندێك لە دیکۆمێنتەکانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

١٩٨٤/١٠/٤
ئیمزای سلیم

هەوالّنامەی کتێب



ئەی کرێکاران وگەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن !

بەرەو بەهێزکردنی کۆمەڵە لەکۆڕی خەباتی چەپایەتی و نیشتمانی دا !
بەرەو چەسپاندنی پرنسیپەکانی رێکخستن لە کۆمەڵەو پەکێتی دا !

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
دەزگای ناوەندی رێکخستن

ژمارە : ف
ڕێکەوت : ١٩٨٤/١٠/١٤

بەڕێز هاوڕێی دارای سلێمانی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی لێ دەکەین.

وا خۆڕێن ڕێژەی کەسێکی ڕێکوتف ٩٨٤/١٠/١٥
لە بارەگای دەرگا ئاماوەبێ، بەبێ دواکەوتن

هەڕێتن

کەمالنامەی کتێب

كاتێک چوومە گوندی (سێروانە)، لەژێر خیمەیەکدا سێ کەس(سلیم-دلێری ئەحمەد شوکری، دکتۆر خەسرەوخاڵ، کەسێک بە ناوی شۆڕش) دانیشتبوون. سەرەتا سلیم زۆر بە (تێکۆشان و خەباتی ڕابوردومیدا هەڵدا)!، دواتر لە لایەن شۆڕش ناوەکەوە پرسیار دەستی پێکرد، ئەو بڵاوکراوەیە کێ نوسیویەتی؟ کێ داویتێ؟ لە کێت وەرگرت؟ کێن ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکەیت؟ پێویستە دان بە هەموو شتێکدا بنێیت ئەگینا دەتنێرین بۆ سەرەوە(مەبەستی زیندانی یاخسەمەربوو- نوسەر). هەرکە تەواوبوو، ووتم وامزانی لە بارەی ناوەرۆکی بڵاوکراوەکەوە دەپرسن! یا دەتانەوێت ڕای من بزانن سەبارەت بەو بڵاوکراوەیە؟ بەڵام ئێوە پرسیاری ڕێکخستن دەکەن، منیش پەیوەندیم بە هیچ ڕێکخستنێکەوە نەبووەو نیە جگە لە کۆمەڵە.(لە راستیدا تا ئەو ساتە وەختە، ڕێکخستنیترم شک نەدەبرد لە ناو کۆمەڵەدا)، دکتۆر خەسرەو هەر بە بێدەنگی مایەوەو،دیاربوو زۆر تەنگەتاوی ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو لەگەڵ من، شۆڕش ناوەکە سووربوو لەسەر ئەوەی من دەبێت ناویان پێ بڵێم! زۆری خایاند، کە زانیان سورم لەسەر قسەکانم، وتیان کاتێکیتر دادەنێین بۆ دووبارە لێکۆڵینەوە....وتم ئەوە دواجارە. کە تەواوبوو و هاتمە درەوە، گەڕامەوە سولەیمانی، بریارمدا پرس بە کەس نەکەم و یەکسەر نامەی وازهێنانەکەی چەند مانگێک لەوەوبەر نوسیبووم بە بەرواری ١٩٨٤/١٠/٦ ناردم بۆ نەوشیروان مستەفا و دەزگای ڕێکخستنیش. بەوجۆرە بە فەرمی وازم لە کۆمەڵەو یەکێتی هێنا.
لەوبارەشەوە نامەیەکم نارد بۆ مەلا بەختیار، بەڵام چاوەڕوانی وەڵامی ئەوم نەکرد.
لە بەرواری ١٩٨٤/١٠/١٣ واتە حەوت ڕۆژ دوای ناردنی نامەی وازهێنانەکەم ، بە ناوی لێژنەی لێکۆڵینەوەوە نامەیەکی بەمجۆرەم پێگەیشت:

سێروان
٩٨٤/١٠/١٣

بۆ هاوڕێ ی تێکۆشەر کاک ــوەرگێڕ-

سڵاوێکی گەرم

خۆت دەزانی ئەبوایە ڕۆژی ڕابردوو واتە دوازدەی مانگ لێرەباین گەرچی دیارنەبووی، لە کاتی دیاریکراو، بۆیە بە گەیشتنی نامە بە پەلەوبێ دواکەوتن وەرە لای(بنکەی دەزگای ناوەندی ڕێکخستن) بۆ دووهینان بە کارەکان، کە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە. چاوەڕوانی هاتن و هەڵمەتی تۆین.

ڕووەو سەرکەوتن

لیژنەی لێکۆڵینەوە

من كە پێشـــتر بە فەرمی وازم لە كۆمەڵەو یەكێتی هێنا، ئیتر بە پێویســـتم نەزانی نە بچم و نە وەڵامی ئەو نامەیە بدەمەوە.

بەڵام مانگێک دواتر لە **ڕۆژی ١٩٨٤/١١/٦** ســـلیم بە خەت و ئیمزای خۆی ئەم نامەیەی بۆ ناردم :

هاوڕێ وەرگێڕی تێكۆشەر

سڵاوێكی شۆڕشگێڕانە

هیوادارم هەر شادو سەركەوتووبی

نوســراوەكەی كە بۆ كاک نەوشـیروان ت ناردبوو لەگەل ئەوەی دەزگاش چاوم پێ كەوت،لەم ڕووە قســـەشـــمان لەگەڵ كـاک نەوشـــیروان كرد. ڕامـان وابوو كە ڕاستەوخۆ(ئیستقال)ەكەت قبوڵ نەكرێ، چونكە بەڕاستی ئێمە خەباتی چەند ساڵەی تۆو ماندووبونیشت لەم ڕێگایەدا هەردەم لەبەرچاو گرتووە.

بۆیە پێم باشە لە فرسەتێكی نزیكدا بهاتیتایەو چاوێكت بە كاک نەوشیروان بكەوتایە ولەم ڕووەوە قسەت لەگەڵ بكردایە.

دیارە من لەم ڕووەوە قسەم لەگەڵ كاک نەوشیروان كردوو ئەویش أقتراحی ئەوەی كرد بێیت و پێ ی وتم نوسراوێكت بۆ بنوسم.

هەربژیت

هاوڕێت

سلیم

١٩٨٤/١١/٦

لەبەرئەوەی بریاری كۆتایی خۆمم دابوو ، وەڵامی ئەم نامەیەشم نەدایەوە.

بەشی پێنجەم
ئـــــــــاڵای شـــــــــــۆڕش
دامەزراندن و سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش
هەوڵەكانی دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش

ســـەرباری ئەو هۆكارە فكری و ئایدۆلۆژی و ســیاســـی و ڕێكخراوەیی یانەی پێشتر لە بەشی چوارەمدا باسم كردوون، گەیشتمە باوەڕی تەواو كە یەكێتی نیشتمانی لە دروســتبوونیەوە لە هەوڵی بوونە حزب و دەســەڵات و پاوەنخوازی دا بووە نەك كاركردن بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی ئازادو دیموكرات. وەك مەلابەختیار لە لاپەڕە ٢٧٨ی كتێبی (چۆن چەپكێك و كام مێژووی كۆمەڵەدا) نووســـیویەتی " یەكێتی نیشتمانی تا دوای مانگی مایسی ساڵی (١٩٧٦) لە ناوەوەی وڵات ڕێكخستنی نەبووە ".... بۆ ئەنجامدانی ئەو كارەی دەیویســـت ڕێكخســـتنەكان و هێزی پێشـــمەرگەی بزوتنەوە و كۆمەڵە لە یەكێتی نیشـــتمانی دا بتوێنێتەوە و بە كار بهێنێت. ســـتراتیژی كاری یەكێتی نیشتمانی (لە شاخەوە بۆ شار) و دروشمی(راماڵینی ڕژێم) بە تایبەت بەو شـــێوازە خێڵەكی یەی لە ســـاڵانی شـــەســـتەكانەوە هێزی پێشـــمەرگەی پی دروســـتكرابوو جووت نەدەهاتەوە و لە فریودانی خەڵك زیاتر تێپەڕی نەدەكرد! یەكێتی نیشـــتمانی بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی لە دامەزراندنیا دابووی بە كۆمەڵە وەك نیمچە بەرەیەك كار بكات نەدەجوڵایەوە.([1](ســەرانی یەكێتی بە ئاشـكراو بێ پەردە باوەڕنەبوونی خۆیان بە بیرو ڕێكخراوەی كرێكاری نەدەشـــاردەوە و دژی بیرو ڕیكخراوەی كرێكاران و زەحمەتكێشـــان و ئەو پەیمانانەی لە ســـەرەتای دروستبوونی یەكێتی یەوە دابوویان بە كۆمەڵە، كاریان دەكرد بۆ تواندنەوەی كۆمەڵە لە نـاو یەكێتی دا. لە كۆنفراســـی یەكەمی كۆمەڵەدا فكرو ئـایـدۆلۆژیـای كۆمەڵە

[1])كتێبی چۆن چەپكێك و كام مێژووی كۆمەڵە – نوســـینی مەلابەختیار ل ٢٨٩-٢٩٠ لە هەڵبژاردەیەك لە نوســـینەكانی شـــەهید ئارام لاپەڕە ٤٢ وەریگرتووە ، ســـەبارەت بەیانی ١٩٧٦/٩/١ شـــەهید ئارام لە بارەی یەكێتیەوە دەڵێت : "یەكێتی نیشـــتمانی كوردســـتان تێئەكۆشـــێ بۆ كۆكردنەوەو ڕێكخســـتنی هێزە شـــۆڕشـــگێڕە نیشـــتمان پەروەرە دیموكرات خوازەكان لە چوارچێوەی شێوە بەرەیەكی نیشتمانی دیموكراتیكدا بە جۆرێك كە هەموو هیزو تەیارە نیشـــتمان پەروەرەكان خەباتیان بە توندوتۆڵی یەكخەن، واتە یەكێتی نیشـــتمانی كوردســـتان حیزبێك نیەو جێی حزبی پێشـــڕەو ناگرێتەوە . بەلكو لە پێناوی یەكگرتنی هێزە نیشـــتمان پەروەرەكان و لە ناوبردنی دەســـتەگەری و دووبەرەكیدا دروســـتبوە، ئەو هێزانەی تا ئێســـتا لە چوارچێوەكەیدا كۆبونەتەوە لەســـەر ئەم بنچینەیە یەكیانگرتوە بۆ خەباتكردن بە ڕیبازێكی پێشـــكەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و كۆنەپەرســـتیدا و شـــان بە شـــانی هێزە شـۆڕشـگێڕەكانی سـەرانسـەری عێراق لە پێناوی عێراقێكی دیموكراتیكدا كە كوردستان لە چوارچێوەیـدا بە ئۆتۆنۆمی شـــادبێ.ئەمە ئەو تەنیـا ڕێبـازەیە كە لەگەل جەوهەری پێشـــكەوتنخوازانەی بزوتنەوەی گەلەكەما ندا ئەگونجێ و هەر هێزێك لەم ڕێبازە لا بدات و یەكێتی ڕیزەكانی گەل بشـــكێنێ زیان لە بزوتنەوەكە ئەدات تاوانبار ئەبیت بەرامبەر بە گەل و بێگومان حوكمی گەلیش زۆر توندوتیژە بەرامبەر بەوانە" .

وەلاوەنرا و لە كۆنفرانسی دووەمی كۆمەڵەشدا ئارمەكانی كۆمەڵەیان پێچایەوە، قۆناغی كۆتاییهێنانیش بە كۆمەڵە دەستی پێكرد و كەوتنە دوورخستنەوەی هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە كۆمەڵە و دامەزراندنی حزبی كرێكاری و بوونە (پارتی پێشرەوی كرێكاران)ی كۆمەڵە هەبوو، تا ڕێگە بۆ ئەوانە خۆش بكەن كە دەیانویست یەكێتی بەرەو حزب بوون بەرن.

یەكێتی نیشتمانی لە ڕۆژانی یەكەمی دامەزراندنیەوە لە هەوڵیدا بۆ كردنی ناوچەی برادۆست بە بنكەی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی، لە كاتێكیشدا دەیزانی مەفرەزەكانی قیادە موەقەتە لەو ناوچانە بوونیان هەیە! لە بادینانەوە شەڕی ناوخۆی سااڵنی شەستەكانی لە پیناوی دەسەڵاتی ڕەهادا دریژە پێدایەوە و یەكەم سوتەمەنیەكەشی بە كوشتدان و شەهیدبونی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێكانی بوو بەدەستی قیادەی موەقەتە. هیچ كاتێك یەكێتی نیشتمانی ئازادی بیرو ڕێكخراوبوون لە چوارچێوەی ئەودا نەبوایە قبوڵی نەكردووە. ستراتیژی خەباتی (لە شاخەوە بۆ شار) ی ماویزمی بەسەرچوو بوو، ئەم كردبوویە ستراتیژی كاری خۆی و پیادەی دەكرد، دروشمی ڕاماڵینی ڕژێمیش لە فریودانی خەڵك تێپەڕی نەدەكرد. دیموكراسی كە دەستاودەستی دەسەڵاتە بوونی نەبوو، دەسەڵاتی ڕەهای وەك سەرۆكی فەرماندەی بۆ سكرتێری گشتی بۆ هەتایە لە ناو یەكێتی نیشتمانی دا دەچەسپاند... لە ڕووی ڕێكخراوەییشەوە ڕێكخستنەكان لە ژێرپەردەی سنترال دیموكراسی ستالینیستی دا لە شێوەی كۆمۆنەیەكی كۆیلەدا لە قاڵبدرابوو. بڕبڕاگەپشتی هەموو ڕێكخستنێكی شۆڕشگێڕ كادرەكانێتی، كە دەبێت كار لەسەر پەروەردەی بكرێت. لەو حزبە پۆپۆلیستیانەی وەك یەكێتی و پارتی كەسانێك وەك كادر دەستنیشان دەكران بێ ئەوەی لانی كەمی پەروەردەی فكری و ئایدۆلۆژی و سەربازی فێركرابیت، ئەو كادرەشی شتێك فێربوایە لە ئەنجامی وردبوونەوەو هەوڵی خۆیەوە فێردەبوو. لەو حزبانەدا گرنگ بە لایانەوە كۆكردنەوەی ڕەشۆكی خەڵك بووە، ملكەچی و كۆیلایەتی تەواو بوو بۆ جێ بەجێكردنی بڕیارەكانی حزب و سەرۆك. دانان و لابردنی كادرەكانیش پشتی دەبەست بە هەڵسەنگاندن و بۆچوونی بەرپرسانێك كە ئاستیان لە ئاستی كادرەكان بەرزتر نەبووە.

پەیوەندیم بە گەلێك هاوڕێ ی كۆنی خۆم كردەوە. گەلێكیان پێشتر لە كۆمەڵەدابوون و وازیان هێنابوو، هەندێكیشیان هەر لە سەرەتاوە لەبەر ئەوەی یەكێتی نیشتمانی یان بە جەلالی یە كۆنەكە دەزانی، لە دەرەوەی مابوونەوە. گلەییان زۆربوو، لەسەر ئەوەی كەمن دەبوو زۆر زووتر وازم لە یەكێتی نیشتمانی بهێنایەو هەڵوێستم وەرگرتایە. گلەییەكانیان لە شوێنی خۆیدابوو. دواتر، لەو لاشەوە لەگەڵ مەلا بەختیاردا وەك جەمسەرێكی سەرەكی ئەو (**ڕەوتە ناڕازی یەی ناو كۆمەڵە**) ماوەیەك بوو لە ئاڵ و گۆڕكردنی بیروڕاكانماندا بووین. لە ئەنجامی چەندەها

كۆبونەوە گەیشتینە ئەو بڕوایەی (هەموو لایەنە بابەتی یەكانی) دروستبوونی (ڕێكخراوێكی كرێكاری ماركسیزمی شۆڕشگێر) بوونی هەیە، (لایەنە خۆیی یەكە) چڕتر قسەی لەسەر بكرێت و بەرنامەی بۆ دابڕێژێت، چونكە (*بەو كەرە سەیەی لە ساحەكەدا هەبوو*) نەدەتوانرا وەها ڕێكخراوێك بێتە پێشەوە.

ئاشكرایە لە هەرشوێنیك سەرمایەداری بوونی هەبێت، كرێكاران و زەحمەتكێشان هەیە، چەوسانەوە ی چینایەتی وململانێی چینایەتیش بوونی هەیە و پێویستی بوونی ڕێكخراوەی كرێكاران و زەحمەتكێشان دروست دەبێت. لایەنە بابەتیەكە گرێدراوی گۆڕانكاری یەكانی سەردەمەكەیە. كەوابوو باری بابەتی ناوخۆییش بۆ ڕێكخراوەی كرێكاری لە ئارادایە.

دەسەڵاتی چینی كرێكاران لە ڕێگەی شورا كرێكاریەكانیانەوە لەو ولاتانەی خۆیان بە سوسیالیست ناو دەبرد بوونی نەبوو. لە جێگەیدا دەسەڵاتی تۆتالیتاری حزب ولە ناو حزبیشدا دەسەڵاتی دكتاتۆری ڕەها باڵادەست بوو. ئەو حزبە شیوعیانەی لە تەوەری سۆڤیەت و چینیشدا دەسورانەوە، بە هۆی وابەستەییان بە سیاسەتی هەریەكێ لەو دەوڵەتانەوە، بوبونە جێبەجێ كەری سیاسەتەكانی ئەوان. كرێكارانیان فریودەدا و ڕەنج و ماندووبوون و قوربانی یەكانی كرێكاران و زەحمەتكێشانیان بە پێی پەرژەوەندی و پەیوەندییە سیاسی و ئابوری یەكانی ئەو دەوڵەتە زلهێزانە لە قاڵب دابوو.

لەودەمەدا بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ، لە ژێر كاریگەری كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا وەك وەڵامدەرەوەی ڕیفێژینیزمی چینی و سۆڤیەتی و ئەحزابەكانی سەربەو دوو كامپە، لە ناو كەسانی هوشیاری چەپی باشووری كوردستان كەوتبووە بەر باس و لێكۆڵینەوە و شیكردنەوە و هەڵسەنگاندن. پێكهاتەی چینایەتی بۆرژوا لە وڵاتانی وابەستەی ئیمپریالیزم و ڕۆڵی نێگەتیفی نا ئازادیخوازی و نادیموكراسیخوازیان لە بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی كوردا خاڵێكیتری گرنگی ڕاستكردنەوەو دیاریكردنی ڕێبازی خەباتی نوێ بوو..

لە ئەنجامی ئەو شیكاری و هەڵسەنگاندنانەی بارودۆخی كۆمەڵەو یەكیتی پێش كۆنفرانسی سێیەمی كۆمەڵە و ناو كۆنفرانس و دواتریش، پاش هەڵسەنگاندنی گۆڕانكاریەكانی سەردەم و هەنگاوەكانی یەكێتی نیشتمانی بۆ تواندنەوەی كۆمەڵە و قبوڵنەكردنی ڕێكخراوەیەكی كرێكاری (لە چوارچێوەی یەكێتی دا نەبوایە)، بوونە هۆی بە بنبەست و قەیران گەیشتنی چارەسەر. لە گەڵ ئەو هاوڕێ یانە بەو ئەنجامە گەیشتین كە چیتر مانەوە لەناو یەكێتی دا بە قازانجی بزوتنەوەی كرێكاران و چارەنوسی گەلەكەمان نی یە. هەر بۆیە بریاری بەستنی كۆبوونەوەیەكمان دا بۆ داڕشتنی هێڵە گشتیەكانی بەرنامەی كاركردنی داهاتوومان.

بێجگە لە (هاوڕێ یانی شەهید ئارام) کە هاوڕی جوتیار بەرپرسیان بوو. لەگەڵ مەلا بەختیارو هاوڕێ هێرش، لە پێش کۆنفرانسی سێیەمەوە لە گفتوگۆدا بووین و سەرنج و بۆچوونی خۆمان ئاڵ و گۆڕ دەکرد. ڕەخنەکانی هاوڕێیانی شەهید ئارام لە شۆینی خۆیدابوو، کە دەبوو زۆر زووتر هەڵوێست وەربگیرایەو دەست بە کاربووینایە.

چەند جارێک لەو ماوەدا مەلابەختیارم بینی بوو، گەرچی لەو کاتە لە ڕووی فکری یەوە لە گەڵ مەلابەختیاردا هەمان ڕامان لەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێر، هەوڵەکانی یەکێتی بۆ تواندنەوەی کۆمەڵە هەبوو. بەڵام لەسەر (کاتی) ڕاگەیاندنی ڕێکخراوە سەربەخۆکە ڕامان جیاوازبوو. مەلا بەختیار تا ئەو کاتە (هێشتا لەسەر لایەنە ڕیکخراوەیی یە سەربەخۆکە ساغ نەبووبووەوە)، پێم ووت پێکەوە کار بکەین یا نەء، من بریاری خۆم داوە کە لە ڕێکخستنێکی سەربەخۆی تردا خۆم دەبینمەوە، گەرچی تۆو هەندێکیتر لاتان وایە ئومێدی (ڕیفۆرم) مابێت، بەڵام لای من بەو عەقڵیەتەی یەکێتی بەرێوەدەبات، ئەو ڕیفۆرمە لە ناو یەکێتی نیشتمانی دا مەحاڵە. پێموت بەو شیوەیەی ئێوە لە ناوەزایی دەربڕین، تەنها کات وهەڵوێست لە دەست دەدەن و کۆمەڵە لە هەڵوەشاندنەوە لە ناو یەکێتی نیشتمانی دا نزیکتر دەخاتەوە و هەموو دواکەوتن و ڕاڕاییەکیش بە قازانجی کۆمەڵە کوژەکانە. دوای کۆنفرانسی سێیەم، مەلا بەختیار تێگەیشت و گەیشتە ئەو ئەنجامەی ڕێک بکەوین لەسەردروستکردنی ڕێکخراوەکە و لەکۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٤ گەیشتینە بریاری بەستنی کۆبونەوەیەک بۆ ئەو مەبەستە.

یەکەم کۆبونەوەی دەستەی دامەزرینەر

یەکەمین کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش لە (٢١ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٤) لە شاری سولەیمانی لە ماڵی شەهید حەمەسەعیدی موهەندیس بەسترا. لەو کۆبونەوە یەدا هەریەک لە (حیکمەت محمد کریم)مەلابەختیار بە ناوی نهێنی تازە(گەرمیان)، (ڕە وف رفیق)مامۆستا عادل بە ناوی نهێنی تازە(سامی عبد)، (شێخ جەمال شێخ نوری)هاوڕێ هێرش بە ناوی نهێنی تازەی (علاء کریم). مامۆستا ئەحمەد عەلی (وریا) بە ناوی نهێنی تازەی (جەلیل خەلیل) وەک ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ئامادەی کۆبونەوەکە بووین. ئەم سێ هاوڕێیەی دوایی(عادل ، هێرش ، وریا) پێشتر لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا ئەندامی کۆمێتەی سەرکردایەتی شارەکان و دواتر ڕێکخراوی سولەیمانی کۆمەڵە بوون. زۆر دواتر زانیم مەلا بەختیار بە جیا پەیوەندی بە مامۆستا پشکۆوە کردبوو وەک (ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر) قسەو بیرو ڕایان ئاڵ و گۆڕکردبوو. بەڵام لە سەرەتادا ئێمە لە ناوەوە ئاگاداری ئاستی پەیوەندییەکە نەبووین.

وەک لە یەکێک لە نامە درێژو چەندین لاپەڕەیی یەکەی مەلا بەختیاریشدا کە لە ســـەقزەوە بۆ منی نـاردبوو بۆ هۆڵەنـدا (دوای ئـازادبونی لە زینـدانی یەکێتی) لە بەرواری ١٩٨٩/١٠/٧ نوسراوە : (تۆو ئەو دوو هاوڕێ کەی دیکەو م.پشکۆ و من ، ســـەرەتا پێنج کەس بووین نووســینی دامەزراندنی ئاڵامان هەڵســەنگاندووە، پاش نووســینی لە لایەن منەوە، ئیدی کەســـی دیکە وەکو دامەزراندن، ئاگای لێ نەبووە، پاش چاپ کردنی بەیان و نووســـینەکانی ئاڵا ، هاوڕێ یانی دیکەی ناو تەیارە فکریەکە، زانیویانە. هیچ کەسێکیش بە شێوەیەکی گشتی تێبینی، یان ڕەخنەی توندی لەسەر نووسینەکان نەبووە. بیرمە کاک حاجی مەمۆ تەنها ڕەخنەی لەوە هەبوو کەوا هەندێ هەڵەی چاپ لە چاپ کراوەکاندا هەبووەو هیچی کە. پێشـــنیازیش وابوو کە (حشـــع)بخرێتە بازنەی مونازەرەوە...) ئەوە بەشـــێکە لە نامە دوورودرێژەکەی مەلابەختیار بۆ من لەو بەروارەدا کە بە ڕوونی دەڵێت ئەو پێنج کەسە دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوەیە بوون کە بە ئاڵای شـۆڕش ناسـرا. ئیتر هەر کەسـێک تەندەرێکی فرێ دابێت بۆ هەر مەرامێک بووبێت لە بێ ئاگایی یا بۆ چەواشـــەکاری بووە و ڕاستی نەپێکاوە.

ئـاڵای شـــۆڕش لە یەکەمین دانیشـــتنی دەســـتەی دامەزرێنەری یەوە وەک ڕێکخراوەیەکی مارکسـیسـتی شـۆڕشـگێڕ دامەزرا، جیاوازبوو لە کۆمەڵەو یەکیتی نیشتمانی لەم بابەتانەی خوارەوە:.

- ❖ . لە باوەڕبوونی بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ.
- ❖ . جیاواز لە جیهانبینی
- ❖ . جیاواز لە فیکر
- ❖ . جیاواز لە ئایدۆلۆژی
- ❖ . جیاواز لە تێڕوانینی بۆ سەرمایەداری جیهانی لە سەردەمی جیهانگیریدا
- ❖ . جیاواز لە تێڕوانینی بۆ پێکهاتن و سروشتی چینایەتی نا ئازادیخوازی و نا دیموکراسیخوازی بۆرژوا لە وڵاتانی وابەستەو ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم .
- ❖ . جیـاواز لە تێڕوانینی بۆ پێکهاتەی چینەکـانی کۆمەڵ و چینی پێشـــڕەوی شۆڕشگێڕ.
- ❖ . جیـاواز لە تێڕوانینی بۆکۆمـاری دیموکراتیکی شـــۆڕشـــگێڕانە وەک ئەڵتەرناتیفی ڕژێمی عێراق.
- ❖ . تێڕوانینی بۆ (یەکێتی کاروتیکۆشـان) و خەباتی نیشـتمانی لایەنە سـیاسـی یەکان لە جێگەی (بەرە).
- ❖ . جیاواز لە تێڕوانینی ستراتیژی خەبات ("ستراتیژی ڕاپەڕینی شـارەکان" لە جێگەی بزوتنەوەی چەکداری " لە شاخەوە بۆ شار").
- ❖ . جیاواز لە تێڕوانینی بۆ شیوازی دروستکردنی ڕێکخراوەی کرێکاران.

❖ ئینتەرناسیۆنالیزم و کەمپەکانی ریڤیژیۆنیزمی جیهانی وهەرێمی و ناوچەیی و ناوخۆ، بەرە. بە لای ئێمەوە بە هۆی پێکهاتە وابەستەییە نا ئازادیخوازی نا دیموکراسیخوازی یەکەی چینی بۆرژواوە، باوەڕمان وابوو، ئەرکی رزگاری نیشتمانی کە ئەرکێکی دیموکراسیانەیە کەوتۆتە ئەستۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕێکخراوە سیاسی یەکەی.

هەندێ لە بریارە گرنگەکانی دەستەی دامەزرێنەر

ئەوەندەی بیرم مابن پوختەی بیروڕا ئاڵ و گۆڕ پێکراوەکانی ڕۆژانی پێشترمان لەو کۆبونەوەیەدا لەم خاڵانەدا دارشتەوە:

١-دیاریکردنی ڕۆڵی سەرمایەداری جیهانی لە سەردەمی کۆمپانیا فرە ناسنامە جیهانییەکان و یەکبوونی بازاری جیهانی سەرمایەداری. دیاریکردنی ئینتەرناسیۆنالیستی کرێکاری لە بەرامبەر کامپەکانی بە ناو سۆسیالیستی دا.

٢- کاریگەری ڕڤیژینیزم لە کوردستان، عێراق، ناوچەکە، جیهان لەسەر تیکۆشانی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە فیرۆ دانی ڕەنج و قوربانیدانەکانیان. دیاریکردنی فەلسەفەی (مارکسیزمی شۆڕشگێر) وەک ڕێبازی فیکری ئاڵای شۆڕش لە بەرامبەر حزب و کامپەکانی ڕیڤیژینیزمی جیهانی دا. شایانی ڕونکردنەوەیە کە ئەو هاوڕێیانەی لەو کۆبونەوەدا ئامادەبوون یەک بیرو یەک دەنگ بوون.

٣- شیکردنەوەو دیاریکردنی سروشتی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگای کوردستان، عێراق و دیاریکردنی سروشتی پێکهاتەی نا ئازادیخوازی و نا دیموکراسیخوازی چینی بۆرژوا وناساندنی چینی کرێکاران و زەحمەتکیشان وەک چینی شۆڕشگێرو ڕێبەری تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئاڵای شۆڕش لە ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی و مافی چارەنووسدا.

٤- شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کێشە، فیکری، ئایدۆلۆژی، سیاسی، ڕێکخراوەییەکانی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دەرخستنی ڕۆڵی یەکێتی نیشتمانی بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوی تاڵەبانی و دواجار تواندنەوەی باڵەکانی بزوتنەوەو کۆمەڵە لە یەکێتی نیشتمانی دا.

ئێمە خاڵە لاوازەکانی ناو خودی کۆمەڵەمان دەزانی، دەشمانزانی لاوازی کۆمیتەی هەرێمەکان و کەم باوەڕییان بە خۆیان لە بەرامبەر تاڵەبانی و قوتابی یەکانیدا. کشانەوەیان و تەسلیمکردنی ناوەندی کۆمەڵە بەو کەسانەی بە ئاشکرا دەیانووت دژی بیروباوەری کرێکارین، یەکێک لە هەنگاوە سەرەتایی یەکانی هەڵەکان بوو. هەرزەکارانە مامەڵەکردن و بەکەمگرتنی ئەوانەی بە (هاوڕێ یانی زیندان) ناسرابوون، کە بە هۆی خراپ مامەڵەکردنی ئەمانەوە، لە لایەن گروپەکەی تاڵەبانییەوە قۆزترانەوەو خرانەکار بۆ ڕێشەکێشکردنی کۆمەڵە وبوونە بەشێک لە

ئەڵقەی دەسەڵاتی جلال تاڵەبانی. لەو بوارەدا سەرانی یەكیتی لە شاخ و شارەكاندا چەند قۆناغێك هەنگاویان نابوو و چووبوونە پێشەوە. ڕێكخراوەكان و ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەیان بە جەلالی یە كۆنەكانی شەستەكان و كەسانی دژ بە بیروباوەڕی كرێكاری پردەكردەوە. لە ناو هێزی پێشمەرگەشدا هەموو ئەو كەسانەیان كەنارگیردەكرد دژی هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە لە یەكێتی دا وەستابوونەوەو لە جێگەیان گەلێك كۆمەڵە كوژیان دادەنا. هەموو ئەو كەسانەی بەرگریان لە مانەوەی كۆمەڵە دەكرد و باوەڕیان بە (ئازادای و دیموكراسی و مافی چارەنوس) هەبوو دووردەخستەوە و بۆ فریودانی خەڵكی سادە بە عێراقی ناویان دەبردن و خۆیان بە كوردستانی دادەنا. لە كاتێكدا یەكێتی نیشتمانی لە دروستبوونیەوە شەڕی ناوخۆی لەسەر دەسەڵات و بە عێراقیكردنی شۆڕشەكە هەڵگیرسان لەگەڵ قیادەموەقەتە، و لە بە عێراقی ناساندنی شۆڕشەكە، پێشی حزب و گروپە عەرەبییەكانی ناو (جەوقدی) دابۆوە، شۆڕشەكەشیان! ناونابوو(الثورة العراقية المندلعة من جبال كردستان- واتە ئەو شۆڕشە عێراقیەی لە چیاكانی كوردستانەوە هەڵگیرساوە) لەوبارەوە نەوشیروان مستەفا لە باسی نووسینەكانی ئەودەمی یەكێتی دا لە(كتێبی لە بناری دانوبەوە بۆ خڕی ی ناوزەنگ) دەڵێت : (بۆ مانەوەی یەكیتی لە سوریاو ڕاپەراندنی كارەكانی، وەكو مامجەلال دەیوت: بەندبو لەسەر ئەوەی یەكیتی ببێتە ئەندامی "توع" بەڵام ئەندامێتی یەكێتی لە" توع "دا یەكێتی ئەخستە ژێرباری ئیلتیزامی سیاسی گرانەوە لەوانە:

1 ئەبو! شۆڕشی كورد بەشیك بێت لە شۆڕشی عێراق ودروشمەكانی شۆڕشێكی عێراقی بەرزبكاتەوە، یەكێتی لەژێر ئالای توع دا شۆڕش بكات.

2 ئەبو یەكێتی ڕوخاندنی ڕژێم بكاتە ئامانج و دروشمی سەرەكی خۆی.

3 ئەبو یەكێتی تا ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقی درێژە بە خەبات بداوهیچ جۆرە سازین وچارەیەكی مامناونجی قبوڵ نەكات).([1])

ئەوە ئەو پۆزشانەیە تاڵەبانی بۆ چوونە توع و قبوڵكردنی بۆچوونە عێراقی یە فاشستیەكانی بەعسی سوری هێناویەتیەوە. كە بە ڕای من ئەو پاساوانە هیچی ڕاست نین ویەكێتی وەك خۆی بەوجۆرە ڕەهایە قبوڵی توعی كردبوو. نەیدەكردە ئەوەی یەكێتی مەرجی ئەندامبوونی قیادە موەقەتە لە توع بكاتە یەكێك لە بەهانەكانی تێكدانی ریزی نیشتمانی كورد و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ قیادە موەقەتەدا. لەو دەمەدا قیادە موەقەتە وەك یەكێتی پەیوەندی بە سوریاشەوە هەبوو، بە بێ ئەوەی قبوڵی ئەندامبوونی (جوقد- توع) بكات. نەوشیروان مستەفا خۆی لە لاپەرە (٦٥) ی كتێبی لە بناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دەڵێت(هیچ ڕێكخراوەیەكی كوردی لە

[1]- لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ –نوسینی نەوشیروان مستەفا. لاپەڕە 65-66.

توع دا نەبوو. لە پێش ئاشبەتاڵ دا، توع لەگەڵ بارزانی و سەركردایەتی بارزانی نیوانی باش بو، بەڵام پارتی تێكەڵاوی نەبوبو، ڕەنگە هۆی یەكەمی ئەوە بوبێ كە توع چەپ و عەرەب پەرست و دوژمنی ئیسرائیل و ئەمریكا بو..).لە لاپەرە (٦٦)هەمان سەرچاوەدا نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی: (لە كۆبونەوەیەكی دەستەی دامەزرینەردا ئەم باسە خرایە بەر لێكۆڵینەوە و هەلسەنگادن و دەنگدان. عادل مورادو من دەنگمان نەدا بۆ ئەندامێتی توع.)...لە لاپەرە (١٢٤)ی هەمان سەرچاوەدا ئاوا دەنوسێت: (قم پەیوەندی لەگەڵ حكومەتی سوریا دامەزراندبو. ئەوانیش وەكو ئێمە ئازادی هاتوچۆو كاریان هەبو. لەگەل دەزگا موخابەراتیەكان پەیوەندی بەهیزیان دروستكرد بو).

زمانی نووسین و دەربڕینەكانیش لە هی بەعسی یەكان دوور نەبوو. بگرە لەوانیشی تێپەڕاندبوو. ئەوە لە سەرەتای دروستبوونی یەكێتی نیشتمانی دا. دواتریش، دوای ڕووخانی سەدام، (مێژوو دەریخست) ئەم لافلێدەرە فریودەرە خۆ بە كوردستانی زانانە لە پیش عەرەبەكانەوە كاریانكرد بۆ دروستكردنەوەی عێراقی داڕووخاو و هێنانەوە سەركاری دەسەڵاتیكی بۆرژوا فاشستی عەرەبی دژە كوردی كۆنەپەرست. هەروەكو (مێژووش سروشتی نا ئازادیخوازی نا دیموكراسیخوازی بۆرژواكانی دەرخست، بە بۆرژوای كوردیشەوە).

٥- بارودۆخی ناو كوردستان ومەترسییەكانی شەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆ لە سەر چارەنووسی كورد. كە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی سروشتی پێكهاتەی چینایەتی نا ئازادیخوازی نا دیموكراسیخوازی حزبە بۆرژواكان بوو. دەستەی دامەزرێنەر بریاریدا ئاڵای شۆڕش لەژێر هیچ پۆزشێكدا نەئاڵێتە شەڕی ناوخۆوە و بە هەموو توانایەك دژی شەڕی ناوخۆ بوەستێتەوە. ئاڵای شۆڕش كار بۆ هوشیاركردنەوەی گەل بكات بۆ وەستانەوە دژی ئەو شەرە ناڕەوا كۆنەپەرست و پەرژەوەند پەرستانەیەی حزبە بۆرژواكانی كورد كە بە خاتری (مۆنۆپۆلی دەسەڵات) هەڵیان گیرساندبوو.

٦- جەنگی كۆنەپەرستانەی عێراق-ئێران. زەرورەتی وەستانەوە دژی ئەوجەنگە نا دادپەروەرو نا مرۆڤانەیە. نەبوونە كەواڕەشی بەر لەشكری ڕژێمە بۆرژوا كۆنە پارێزە نا ئازادیخوازو نا دیموكراسیخوازو فاشستەكانی داگیركەرانی كوردستان. قۆستنەوەی هەل و مەرجی جەنگە ناڕەواكە بۆ ڕوخاندنی ڕژیمی سەدام.

٧- دیاریكردنی سروشتی پێكهاتەی ڕژێمی عێراقی وەك دەسەڵاتێكی بۆرژوا فاشستیانەی دوژمن بە كورد و بزوتنەوەی دیموكراسی لە عێراق و دیاریكردنی ئەڵتەرناتیڤی (كۆماری دیموكراتیكی شۆڕشگێڕانە) وەك جێگرەوەی ئەو دەسەڵاتە فاشستە.

٨- مەســـەلەی كورد و مافی چارەنوس و ئاســـۆكانی بەدیهێنانی لە ســـای بەرقەراربونی كۆماری دیموكراتیكی شۆڕشگێڕدا.
٩- هەڵوێســـتمان بەرامبەر بەو بەرانەی (جبهة) پێك هاتبوو، (جودوجوقد). بریاردرا لە دەرەوەی ئەو بەرانە بمێنینەوە لە بەرامبەردا (یەكێتی كاركردن) لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆندا دژ بە فاشیزم بگرینەبەر.
١٠ - لە بـاری ڕێكخراوەیی یەوە: پـاش ئەوەی لە ڕووی ڕێكخراوەیی یەوە چەند ناوێك پێشنیاركرا، لەسـەر ناوی ئاڵای شۆڕش ساغبووینەوە. ئێمە دەمانزانی ئەركەكانمان، مەزن وقورسن، بەو كەرەسەیەی بەردەستیش نەدەتوانرا ئەو ئەركانە ئەنجام بدرێت. لەســەر ڕۆشــنایی ئەوە، بریاردرا شــیوازی ڕێكخســتنەكانی ئاڵای شــۆڕش وەك(ئەڵقەكانی ڕۆشــنبیری)دەســت بەكاربن بۆ (پەروەردەو پێگەیاندنی كادری هوشیاری پێویست). لە سەرەتادا و تا كۆبونەوە فراوانەكەی ئاڵای شۆڕش لە گوندی ســێوســێنان لە قەرەداخ، ناوە ند بە فەرمی نەناســێنرابوو، هەمووی ئەڵقەی ڕۆشــنبیری ژمارەدار بوون. ئەوە خاڵێك بوو كە دەویسترا وەك كارێكی بنچینەیی ئیشـــی بۆ بكرێت. بریاریش بوو تا ئەنجامدانی ئەم ئەركی پەروەردەی كادیرە، بەرنامەیەكی دیراســی بە پێی بنەماكانی (فەلســەفەی ماركســیزمی شــۆڕشــگێڕ)بۆ دیاری بكرێت. شێوازی ڕێكخستنەكانیش هەر لە شێوەی (ئەڵقەكانی ڕۆشنبیری) دا بمێننەوە، هەر ئەڵقەیەكی ڕۆشـــنبیری ژمارەیەكی بۆ دانرا كە لە ســـێ هاوڕێ تێنەپەڕێت. ژمارەی (ئەڵقە ڕۆشـــنبیرییەكەی) من كارم تێدا دەكرد (٢١)بوو، پێكهاتبوو لە هاوڕێ هێرش، هاوڕێ وریا و عادل . بەو جۆرە ئێمە كۆمێتەو ڕێكخراوو كەرت و پۆل و شـــانەمان نەبوو بە مانا ڕێكخراوەییەكەی باوبوو لە كۆمەڵەدا. هەر لەم خاڵەدا بریاردرا دەستەی دامەزرێنەر ئەوانەی نامەی وازهێنانیان هێشـــتا نەناردووە بۆ كۆمەڵەو یەكێتی لە ماوەی (مانگێكدا) ئەو نامەی وازهێنانانە ئاراستەی سەركردایەتی یەكێتی بكەن، هەركەسێكی ناو كۆمەڵە ویستی لە ڕیزی ئەڵقەكانی ئاڵای شـۆڕشـدا كار بكات پێویسـتە پێشـەكی بە فەرمی واز لە كۆمەڵەو یەكێتی بهێنێت، شـایانی باسـە لەو چوار كەسـەی دەسـتەی دامەزرێنەر(تا ئەو ساتە) تەنها من نامەی فەرمی وازهێنانم نوسی بوو.
١١- **دیاریكردنی ســـتراتیژی خەباتی ئاڵای شـــۆڕش**. (خەباتی ســـەرەكی) شارەكانە نەك شاخ، هێزی ڕێكخراوی جەماوەری شارەكان و(ڕاپەڕینی شارەكانە) نەك هێزی چەكداری شـــاخ. ئاڵای شـــۆڕش وەك یەكێك لە بریارەكانی دەســـتەی دامەزرێنەری هەر لەســـەر ڕۆشـــنایی ئەم خاڵە بە (هیچ شـــێوەیەك) بریاری جیاكردنەوەی هێزی چەكداری نەبوو. لە كاتێكیشـــدا كە ئاڵای شـــۆڕش خەباتی چەكداری گەریلایی ڕەتنەدەكردەوە. لە هەمان كاتدا ئێمە بە مافی خۆمان دەزانی لە هەرشوینێكی ئەو نیشتمانە (ئەڵقەكانی ڕۆشنبیری) وەك ڕێكخستن بۆ پەروەردەو

پێگەیاندنی كادیر دروست بكەین. بەڵام (بە پیچەوانەی ئەو هەموو درۆو دەلەسانەی خرانە پاڵ ئاڵای شۆرش گوایا هیزی چەكدار جیادەكاتەوە!) بە هیچ شێوەیەك لەو دەمەدا **نەمان دەویست (هێزی چەكدار) نە دروست بكەین و نە جیا بكەینەوە.** چونكە بنچینەو ڕیشەی خەباتی ئێمە شاڕەكان بوو نەك شاخ... ستراتیژی وئەڵتەرناتیڤی ئێمە بۆ ئەو شێوازە چەكداریە باوەی شاخ (راپەڕینی سەرتاسەری شاڕەكان) بوو. مێژووش دواتر ڕاستی ئەم بۆچوونانەی ئێمەی سەلماند. بە تایبەت لە ساڵی ١٩٩١.

١٢- هەر لەو كۆبونەوەیەدا بڕیاردرا، نمانامەی كاركردن بنوسرێت و بڵاوبكرێتەوە. مەلا بەختیار بە نووسینی نمانامەكە هەڵسا و دوای چاپكردنیشی..ئەڵقەكان هەڵسان بە بڵاوكردنەوەی.

دوای تەواوبوونی ئەو كۆبونەوەیە، چووینە ماڵی (جەلیل خەلیل)هاوڕێ وریا (مامۆستا ئەحمەد عەلی، ناسراو بە ئەحمەد زیندانی)، مەلا بەختیار یەكەم تەلەفۆنی لەگەڵ (هاوڕێ خەجۆ) لە فەرەنسا كرد، دووەم تەلەفۆنیشی لەگەڵ (سالار عەزیز)([1]) كرد لە سوید و پێی ڕاگەیاندن كە ئاڵای شۆڕش دروستكرا. دوا وتەی هاوڕێ خەجۆ ئەوەبوو ووتی : بزانن مقەستەكە كەی بەكاردێنن تا خۆتان نەبڕێت...

---

[1]) سالار عەزیز:ئەندامی كۆمیتەی هەرێمەكان و دواتر ناوەندی كۆمەڵەی ڕەنجدەران و مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی بوو، تا كۆنفرانسی دووەمی كۆمەڵە. ئیتر دەستی لە بەرپرسیارێتی كێشایەوە. وەكو كەسێكی ئۆپۆزیسیۆن دەردەكەوت بەرامبەر (سیاسەتەكانی) یەكێتی نیشتمانی. لە ساڵی ١٩٨٤ لە كاتی وتووێژی یەكێتی و ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی تاڵەبانیەوە لە بەغداوە چووە وڵاتی سوێد. دواتر لەوێوە دەستەیەكی بە ناوی(لفیف من عصبة شغیلة كردستان-العراق) دامەزراند وكەوتە دەركردنی نامیلكە دژی(سەرانی یەكێتی) هەر بەو ناوەشەوە پەیوەندی كردبوو بە لیبیاو سوریاو ئێران و بەرەی جودیشەوە. لەو بڵاوكراوانەی دەریكردن (لم یعد الصمت ممكنا)(چیتر بێدەنگی لە توانادا نییە).... ڕوای وابوو دەوڵەتی سۆڤیەت قەڵای سۆسیالیزمە وحزبی شیوعی عێراقیش حزبێكی ڕیڤیژیۆنیزم نییە. تیروانینی سالار عەزیز لە سەر مەسەلەی بەرە (جبهة) وسروشتی پێكهاتەی چینی بۆرژوازی و ماركسیزمی شۆڕشگیرو سۆڤیەت دژ بە بۆچوونەكانی ئاڵای شۆڕش بوو. هەربۆیە لە سەرەتاوە ئایدۆلۆژی و فیكری ئاڵای شۆڕشی پەسەند نەدەكرد..سالار عەزیز كە بە ناوی (**كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان –عیراق**) بێ ئەوەی ڕێكخستنی لە ناوەوەی باشووری كوردستان هەبێت، كاری دەكرد بۆ (جیاكردنەوەی هێزی چەكدار) لە یەكێتی و لەو بارەشەوە قسەی لەگەڵ دەوڵەتەكان سوریاو لیبیاو ئێران و جود كردبوو. لە بەر ئەوەی خۆی (ژێرخانێكی ڕێكخراوەیی) نەبوو، دەیویست ئاڵای شۆڕش ڕازی بكات بە بۆچونەكانی وبەرەو جیابوونەوەی چەكداری بەرێت. بەڵام لە چاوپێكەوتنەكەی تاران دا مەلابەختیار بە ڕوونی ڕای ئاڵای شۆڕشی بەرامبەر جیاكردنەوەی هێزی چەكداری و لایەنە فكریەكان و بەرەی بۆ ڕوون كردبونەوە، كاتێك مامۆستا جەعفەر دەبینێت و دەبیستێت دوو بۆچوونی جیاوازی چەند لایەك دوورن بریاری ڕۆیشتن لە ئێران دەداو دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا. بەڵام جلال تاڵەبانی و سەرانی یەكێتی تا ئێستەش سالار عزیزی بە یەكێك لە سەركردەكان و دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش دەزانن! تاڵەبانی هەڵوێست و بۆچوونەكانی سالاری بە ئاڵای شۆڕش دەزانی و لەوێوە حوكمە هەڵەكانی دەدا بەسەر ئاڵای شۆڕشدا.

سالار عەزیز هیچ پەیوەندیەكی بە دروستبوونی ئاڵای شۆڕشەوە نەبوو، ئەو و مەلابەختیارو ئەو هاوڕێیانەیتری ناڕازی ناو كۆمەڵە پیش دروستبوونی ئاڵای شۆڕش (ڕەوتێكی ناڕازی) لە (سیاسەت و بیرو ڕەفتاری سەرانی یەكێتی و نەوشیروان) بوون. لە ناوخۆیاندا بیروباوەڕیان لەسەر بزوتنەوەی كرێكاری و ئینتەرناسیۆنالیزم و ستراتیژی خەبات و بەرە، سروشتی پێكهاتەی چینایەتی بۆرژواو...جیاوازبوو. **ئەوان تا ئەودەم و دواتریش نەوشیروانیان بە هۆكاری كێشەكان ناودەبرد و دەردەخست! نەك سیاسەتی پاوەنخوازی تاڵەبانی و كاركردنی بۆ توانینەوەی كۆمەڵە لە یەكیتی دا**. لە كاتێكدا نەوشیروان مستەفا خۆی بە قوتابیەكی جلال تاڵەبانی دادەنا. دواتر سالار عەزیز لە ئەوروپا بە ناوی(كۆمەڵێك لە لایەنگرانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان-عێراقەوە)(لفیف من عصبة شغیلة كوردستان –العراق) لەگەڵ مامۆستا جەعفەردا پەیوەندی گرت وبڵاوكراوەی پەخش دەكرد، یەكێك لەو بڵاوكراوانە بە ناوی (لم یعد الصمت ممكنا- چیتر بێدەنگی لە توانادا نەماوە) گەیشتەوە باشووری كوردستان. مەلا بەختیار لە كاتی قسەكانیدا تەلەفۆنەكەی وا ڕادەگرت كە ئێمەش گوێمان لە قسەكانیان بێت. ئەوەی لە بیرم مابێت قسەیەكی هاوڕێ خەجۆ بوو كە كردی ووتی: بزانن مقەستەكە كەی بەكاردێنن تا خۆتان نەبڕێت...

پاش چەند ڕۆژێك دوای ئەو كۆبوونەوەیە نما نامەكە بە چاپكراوی گەیەنرایە ماڵی ئێمەو لەوێوە بەسەر بەشەكان و ئەڵقەكاندا دابەشكران. بەشێكی باشیشی بە چڕی لە ناو خەڵكدا بڵاوكرایەوە.

دوابە دوای نمانامەكە، چەند نوسین و بڵاوكراوەیتریش بڵاوكرانەوە بە ناو ئەڵقەكان و خەڵكیشدا. سەبارەت شەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆی كورد و مفاوەزات و شیكردنەوەی سروشتی چینایەتی بۆرژوازیانەی نا ئازادیخوازی و نا دیموكرسیخوازی یەكێتی نیشتمانی و هەڵە زۆر لەسەركەوتووەكانی.

گەلی كورد بە تەواوی بێزاربووبوو لە شەڕی ناوخۆ لە پێناوی دەسەڵاتدا، لە كاتێكدا شەڕی نەگریسی ماڵوێرانكەری عێراق و ئێران لە گەرمەیدابوو، لە بری ئەوەی ڕێزەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی و هێزە ئۆپۆزیسیۆن و دیموكراسەكانی كوردو عێراق یەكخرایەو نەخشەو پلانی ڕوخانی رژێمی عێراق دابنرایە، سكرتێری یەكێتی جلال تاڵەبانی لە ڕاگەیاندنەكانەوە دەیوت (ئێمە لە پشتەوە خەنجەر لە سوپای عێراق نادەین). لە دەمی مفاوەزاتەكەیشدا لەگەڵ بەعس دەیووت(صدام الحكم و لیس الخصم!)(سەدام حەكەمە، دوژمن نییە) و (میری نیشتمانی بەدیهێنەری مافی كوردە!) بەبێ ئەوەی ڕژێم هیچی سەلماندبێ! ئەو

(*)سامی عبد ناوی نهینی تازەی مامۆستا عادل بوو. گەرمیان ناوی نهێنی تازەی مەلابەختیاربوو.

دروشـمانە بووبووە مایەی بێزاری ڕێكخسـتنەكانی كۆمەڵەو یەكێتیش و خەڵكیش. لەو دەمەدا *ڕژێمەكەی* سـەدام زیاتر لە هەموو كاتێك درێژەی دەدا بە عەرەبكردن ودابڕاندنی گوندو شـارو شـارۆچكە كورد نشـینەكان ولكاندنیان بە پارێزگا عەرەبیەكانەوە. بە زۆر بە بەعسـیكردنی خوێندكارانی زانگۆكان و بە زۆرە ملی بردنیان بۆ جەیشـی شـەعبی زیاتر پەرەی سـەند. لە گەرمەی ئەو مفاوەزاتەدا كاتێك ڕژێم بە زۆرەملێ ویستی خوێندكاران بكاتە جەیش شـەعبی، خوێندكاران ڕاپەرین، لە سـورداش بە خوێندكارانیان ووتبوو ناتوانین هیچتان بۆ بكەین! و لە ناویشـەوە هەڕەشەیان لە بەرپرسانی ڕێكخستنەكانی (كەرتەكانی خوێندكارانی كۆمەڵە) دەكرد كە پێشـەنگی خۆپیشـاندانەكانیان دەكرد، كە من بەرپرسـیاریان بووم و تەنانەت لە ئێستگەكەشیانەوە ئێمەیان (ئەو ڕێكخستنانەی كەرتەكانی خوێندكاران كە پێشـەنگی ڕاپەڕینەكانیان دەكرد) بە (تێكدەری ڕیزی نیشتمانی !) ناودەبرد.

لە ماوەی مفاوەزاتەكەدا ژمارەی جاشـی كورد كە بە (افواج خفیفه) ناسـرابوون چوارسـەد و چل هەزاری تێپەڕاندبوو، بە ئاشـكرا كەمینیان دەنایەوە بۆ كوشـتنی پێشـمەرگە، ژمارەی ئەوانەی بەعسـی بوون و سـیخوڕیشـیان بۆ بەعس دەكرد زۆر لەوە زیاتر بوون. دەزگا سـیخوڕی یەكانی ڕژێمی بەعس بە سـەدان كەسـایەتی ناو پێشـمەرگە، تا بە مەكتەب سـیاسـیان و دەزگای ڕێكخسـتنیشـیان دەگات لە دەزگا سـیخوڕی یەكانیدا ڕێك خسـتبوو. كە (دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس مەلەفەكانیان ئاشكرابوون). ڕژێم بۆ سووكایەتی پێكردنی یەكیتی بێجگە لەوەی پشتی جاشەكانی دەگرت، لە ناوشـارەكانیشـدا، لە چەندین گەڕەكدا، بۆ چاوترسـاندنی خەڵك، چەندین لاوی گوللە بارانكرد.. دەرخسـتنی ڕاسـتیەكان بۆگەل سـەرانی یەكیتی تووشـی هیسـتیریا كردبوو، بە تایبەت وەڵامێكی دروسـتیان نەبوو بۆ شـەڕی ناوخۆ لە گەڵ بزوتنەوەو جودا. هیچ ڕێكخسـتن و هێزێكیتریان قبوڵ نەدەكرد. خۆیشـیان كوردیان لە قەیرانێكەوە دەبرد بۆ قەیرانێكی تر. (خۆیـان وتەنی : ڕوبـارێـك خوێنیـان ڕشـتبوو!) بەڵام بێ ئەوەی توانییێتیان لانی كەمی ئامانجە نەتەوەییەكان لە ئازادی و دیموكراسـی و مافی چارەنووس بەدەسـت بهێنن! سـەرانی یەكێتی نیشـتمانی، ئامادەبوون لەگەڵ فاشستترین ڕژێمی بۆرژوازی ناوچەكە دابنیشن و گفتوگۆ بكەن، بەڵام لەو بارودۆخە ترسـناكەی پەرتەوازەیی كوردا ئامادەی دانیشـتن و ڕێكەوتن و گفتوگۆ نەبوون لەگەڵ لایەنە كوردییە سیاسی یەكانیتری گۆڕەپانەكە.

دوای ئەو كۆبونەوەیەی دەستەی دامەزرێنەر، نامێلكەیەك بە ناوی (نمانامه) لە سـەر ڕۆشـنایی بریارەكانی كۆبونەوەكە لە لایەن مەلا بەختیارەوە نوسـراو، دوای چاپكردنی و گەیشـتننەوەی بە من لە ناو ئەڵقەكان و بڕیكی زۆریشـی لە شـارو شـارۆچكەكاندا بڵاوكرایەوە. ئەو نما نامەیە لە دوای یەكەم كۆبونەوەی دەسـتەی دامەزرێنەر، یەكەمین بڵاوكراوەیەك بوو لە لایەن ئاڵای شۆڕشەوە بڵاوكرایەوە..

لە بـارەی بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانەوە، نـامەیەکم لە مەلا بەختیـارەوە پێگەیشت بەمجۆرە:

هاوڕێ سامی عبدی تێکۆشەر
سڵاوێکی گەرم و ڕێزم بۆ هاوڕێیان هەیە
وا نامەیەکم بۆ خزمەکانم نووسـیوە لەگەڵ ئەم دەفتەرە سـوورەدا تکایە بۆیان ڕەوانە بکە بە زووترین کات.
هەرکاتێ وەڵامەکەیان هێنا دیارە بۆم ئەنێرن بۆ تەکیە. ئەم دەفتەرەش بۆ یادی شـەهید ئارام نووسـراوەو ڕەنگە بە چاپ کراوی بیهێننەوە. کە چاپ کراو هێنایان. ئەو کاتە دووسەد ژمارە بۆ من بهێنن و باقیەکەی بۆ کەرکوک و هەولێر و شارەکانی تر بەرن.

خۆشیتان
هاوڕێتان
گەرمیان

ناردنەوەی نوسـینەکەی یادی شـەهید ئارام بڕێک لە چاپکردن دواکەوت، لە نامەیەکی تری مەلا بەختیار کە نووسـی بووی بۆ من و پەرۆشـی پێوە دیاربوو سـەبارەت بە نوسـینەکەی شـەهید ئارام، کە من گەیاندبوومە هاوڕێیانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشـانی ئێران بۆ چـاپکردنی و گێرانەوەی بۆ من دواکەوتبوو. ئـاوا نووسرابوو:

هاوڕێ سامی عبدی زۆر خۆشەویست
سڵاوێکی هاوڕێ یانەی گەرم
ئەم باوبارانە حەشـرئەکات و سـەیارەو هاتوچۆ نیە، گرنگ ئەوەیە نوسـینەکەی شـەهید ئارام گەیشـتبێتە دەسـتتان و ئێوەش گەیاندبێتانە هەندێ شـوێن. تکایە گەر نەشـیان گەیاندووە وا بکە لە ڕێ ی برادەرانەوە بزانە هۆکەی چیە و زوو بکەوە سۆراغی چونکە نرخی بڵاوکردنەوەکەی کەم ئەبێتەوە.
نازانم هاوڕێ کانی شاری ئاگر بۆ دیار نەبوون، خۆیان نەهاتوون یان ڕێ وبان ڕێ ی نەداوە، زۆرگرنگە هەواڵێکی ئەو هـاوڕێ یـانە بـاش بزانم، چونکە مەسـئولەکانیان فیرارن و دەمێکە هەواڵیان نیە، دو نامەم بۆ ناردوون وەڵامیان نیە، تکایە هەر دەستت گەیشتە یەکێکیان و هاتن وابکە سەرم بدەن.
تکایە ئەڵقەکەشـتان کۆبونەوەی ڕەسـمی بکەن و ڕاپۆرتی تێروتەسـەل لەسـەر تەواوی کارو ئەرکەکانتان بنووسن.

ئەگەر بتوانن بیست تا سی بەند کاغەزی ڕۆنیۆ و شەش بەند ستێنسڵمان بۆ ڕەوانە بکەن زۆر باشە. ئەگەر ئەتوانن بۆ ئەم کارە سەیارەی تایبەتی بگرن و ڕەوانەی بکەن. دوو ڕۆژ هەتاو بێ سەیارە دەرئەچێ، ئەگەر کاری واتان کردو بە ڕێکەوتیش پێشمەرگە ڕێ ی پێ گرتن و هەواڵیان پرسی بڵێن ئەو کاغەزو ستێنسڵانە بۆ بەهادین نوری یە، خۆ ئەگەر جەمالی سایەق هات وەجبە وەجبەش ئەتوانن ڕەوانەی بکەن.

تکایە زوو وەڵامم لێ بگێرنەوە چی هەیە بۆمان بنووسن.

رایەخەکەشت بیرنەچێ. هاوڕێتان

خۆشیتان

گەرمیان

لەو دەمەدا ڕژێم لە ڕێگەی جاشەکانیەوە چەندەها تاوانی کوشتنی پێشمەرگەی ئەنجام دا کە لە ڕۆژگارەکانی تردا بۆی نەدەکرا، لەوانە شەهیدکردنی ملازم سەید کریم و مامە ڕیشە و..لە هەمان کاتدا پرۆسەی بە بەعسیکردن و بە جەیشی شەعبیکردنی زۆرەملێ ی لە زانگۆکاندا چرترکردبۆوە..لەو دەمانەدابوو بڵاوکراوەکان گەیشتن، مەلا بەختیارم لە گەیشتنیان ئاگادارکردەوە ئەویش ئەم نامەیەی نارد:

بردنی بڵاوکراوەکان بۆ کەرکوک

هاوڕێ سامی عبدی تێکۆشەر

سڵاوێکی گەرم

وا ڕوناکم* نارد و تکایە دەست بەجێ سەیارە تەرتیب بکەن و (٣٥٠) لە وانێکەکە بەرن بۆ کەرکوک.

وابکە خۆت بڕۆیت منڵ و شتی وا زۆر بەرن و لەوێ ماڵەکە باش دەست نیشان بکە تا بتوانی لەمەودوا شت بگەیەنیت و ئەگەر هاوڕێ کەش لەوێ بوو، شوێنی خۆتی پێ بناسێنە تا ئەویش بتوانی بێتە لاتان.

هیوادارم هەر ئەمشەو بشگەڕێنەوە سلیمانی چونکە کە باران باری ڕوناک ناتوانی بگەڕێتەوە.

خۆشیتان

هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨٥/١/٨

تەنها بۆ ڕونكردنەوەی بەرچاوی خوێنەر لەو ســـەردەمەی نامەكەی تیا هاتبوو ساڵی ١٩٨٥ بوو. ڕژێمی بەعس لە ماوەی مفاوەزاتەكە كەڵكی زۆری وەرگرتبوو، بۆ دروســـتكردنی تۆڕی جاســـوســـی لە ناو ڕیزەكانی یەكیتی و پێشـــمەرگەو ســـەركردایەتیاندا ، (بە دەزگای ڕێكخســـتنی كۆمەڵەشـــیانەوە، وەك دواتر لە مەڵەفەكاندا دەركەوتن). ڕژێم توانی بە ســـەدان هەزار جاش وجەیش شـــەعبی كۆبكاتەوە(بە بەرچاوی ســـەرانی یەكێتی یەوە، ژمارەی جاش چوارســـەد هەزاری تێپەڕاند) و بە سەدان هەزاریشی كردبووە بەعسی. ڕەبایەی جاش و سوپای نێوانی شارەكان و بازگەكان زۆرتربووبوون. لە زۆر لاوە بە هاندان و فیتی ڕژێمی بەعس شـەڕ لە نێوان یەكێتی نیشتمانی و جاشدا هەڵدەگیرسا و گەلێك پێشمەرگەو كادری پێشـــمەرگەیی تیا بوونە قوربانی. ترس و تۆقاندنێك لە نیو خەڵكدا بڵاوكرابۆوە، بە هۆیەوە خەڵك وا چاوترســـێن كرابوو **زۆر كەم بوون** نەوانەی دەیانوێرا باســـی كوردایەتی بكەن و كاری ڕێكخراوەیی دژ بە ڕژێم بكەن.

لە كاتێكدا لە كۆمەڵەدا كارم دەكرد، چەند هاوڕێیەكی شاری كەركوك پەیوەندی ڕێكخراوەییـــان بە (كەرتی خوێنـــدكـــارانی شـــەهید ئـــارامەوە) هەبوو كە من بەرپرسیاریان بووم. ئەمان زووتر گەیشتبونە ئەو باوەڕەی ڕێكخستنی سەربەخۆی كرێكاران لە ناو یەكێتیەوە دروستناكریت و وازیان لە كۆمەڵە و یەكێتی هێنابوو. بەڵام پەیوەندی هاوڕێیانەیان لەگەڵ من نەپچڕی بوو. دوای دروســـتبوونی ئاڵای شـــۆڕش، پەیوەندیمان بە یەكەوە كردەوە ئەمانە بوونە ئەڵقەیەك، هاوڕێ جوتیار سەرپەرشتی دەكردن. هەربۆیە پێشترلە سەردەمی كۆمەڵەوە، لەسەر داوای من لە ڕێگەی ئەم هاوڕێیانەوە، بە مەبەســـتی دیاریكردنی باشـــترین كاتێك بۆ شـــت گواستنەوە لە نێوان بازگەكانی سولەیمانی- كەركوك. كەركوك – هەولیر، بە باشی چاودێری و زانیاریان لەسەر سەعاتەكانی ئاڵ و گۆڕی سەربازو ئەمنەكان لەو دوو بازگەیە كۆكردبۆوە و سێ كاتیان دەستنیشان كردبوو...

كاتێك ئەو نامە بە پەلەیەی مەلابەختیار گەیشـــت، بێ ئەوەی پرســـیارو باس لە (چۆنیەتی گەیاندن)ی بڵاوكراوەكان بكات، بێ ئەوەی مافی بریارو جیبەجێكردنی بە ئێمە بدات، نووسی بووی (دەست بەجێ ٣٥٠ لە وانێكەكە بەرن بۆ كەركوك!)و (هەر ئەمشـــەو بگەڕێنەوە!)هەر ئەودەم زانیم (تاكڕەوی لە بریار)و حســـاب نەكردن لە ئەنجامدانی كارو نەبوونی نەخشـــەی كار كە یەكێك بو لە نەخۆشـــیەكانی ناو یەكیتی لێرەش درێژەی هەیە.

من بە كەڵك وەرگرتن لە چاودێری و زانیاری و ئامۆژگارییەكانی ئەڵقەكەی هاوڕێ جوتیار لە كەركوك، لەو ســـێ كاتەی ئەوان دیاریان كردبوو، ســـەعات حەوتی بەیانیم هەڵبژارد بۆ دەرچوون لە بـازگەكەی كەركوك، كە لەو دەقیقەیەدا پاســـەوانەكانی بازگەكەیان دەگۆڕی . هاوڕێ جەبارم* ئاگاداركردەوە، كە ماڵیان لە

گەڕەكی خەبات بوو، تیۆرتایەكی كەم ئەندامی كرۆنای هەبوو، مرۆڤێكی كەم ئەندامی زەحمەتكێش، دڵسۆز، ئازا، چاونەترس و بە دیسپلین. لە سەردەمی كۆمەڵەدا ڕۆڵی زۆر جوامێرانەی نواند بۆ ئاسانكردنی كارەكانی (كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆی كۆمەڵە) دواتریش (ڕێكخراوی سوڵەیمانی كۆمەڵە). لە دامەزراندنی ئاڵای شۆڕشیشەوە بووە یەكێك لە هاوڕێ هەڕە دڵسۆزو تێكۆشەرەكانی ئاڵای شۆڕش. كارەكەم لەگەڵ هاوڕێ جەبار باسكردو سەرپشكمكرد لەبریاری كردنی یا نەكردنی. ئەو ووتی خۆت دەزانی ئەوە یەكەم كاری ترسناكم نییە، بۆ دۆزەخیش بێت لەگەڵ تۆ دێم و ژیانی من لە ژیانی تۆ زیاتر نی یە. لە كاتی دیاریكراودا خۆی و ئۆتۆمبێلەكەی ئامادەبوو، (٣٥٠) دانەم لە بڵاوكراوەكە جیاكردەوە و لە پشتی كورسیەكەی دواوە شاردمانەوە، ڕوناكی شێخ جەناب و لاڤەی كچی كە وابزانم پینج ساڵان دەبوو، ڕوناكی حاجی حەمەنوری هاوسەرم و ئاڵای كچمان كە هەمان تەمەنی لاڤەی هەبوو، لە دواوە سواربوون. هاوڕێ جەبار ئۆتۆمۆبیلەكەی لێدەخوڕی و خۆیشم لە تەنیشتیەوە سواربووم و كەوتینە ڕێ. (ئەمزانی ئەم شێوازی كاركردنە هەڵەیە،" ساڵێك دواتر هەر ئەم شێوازە كاركردنە هەڵەیە تووشی گەورەترین زیان و پەلاماری ڕژێمی كردین") (چونكە شێوازی كاركردنی نوێمان دۆزیبۆوە، بۆ گەیاندنی بڵاوكراوە بە شارەكان). بەڵام جێبەجێمكرد تا ڕۆژێك نەكرێتە بەهانەی جێبەجێ نەكردنی بریارێك. بە هاوڕێ جەبارم ووت هەوڵ بدە لە سەعات حەوتی ئەم بەیانییە بگەیتە بازگەكەی كەركوك. ڕێك لە سەعات حەوتی بەیانی گەیشتینە بازگەی كەركوك، لەو كاتەدا پاسەوانەكانیان دەگۆڕی، یەكێك لە پاسەوانەكان كە سەربازبوو هاتە پێشەوەو سەیرێكی ناو ئۆتۆمبێلەكەیكرد، كە بینیی ژن و منداڵی تێدایە، وتی بڕۆن. تا بڵاوكراوەكانمان گەیاندە شوێنی خۆی لە ناو شاری كەركوك، وەك ئەوەی دیاریكرابوو و گەڕاینەوە و گەیشتینەوە بازگەكەی كەركوك ڕووەو سولەیمانی، بووبوو بە سەعات نۆی بەیانی. بازگەكە زۆر قەڵەباڵغ بوو، ڕیزێكی زۆر ئۆتۆمۆبێل بۆ سەرەی پشكنین وەستابوون، بێجگە لە سەرباز، ئەمنیش لە بازگەكە ناو ئۆتۆمبێلەكانیان دەپشكنی و داوای پێناسەیان دەكرد، كە نۆبەی ئێمە هات و چوینە بەردەمیان، ئەمنەكان پشكنینێكی ووردیان بۆ ئۆتۆمبێلەكە كرد، دوای ئەوەی هیچیان نەدۆزیەوە ڕێگەیاندین بڕۆین. (هاوڕێ لیدیا-ڕوناكی شێخ جەناب) هەڵیدایە ووتی بەخوا ئەم حكومەتە كەرە كە شتمان پێبێت نامانگەڕێن كەچی كە هیچمان پێنییە ئاوا بە ووردی دەگەڕێن.

حكومەتی بۆرژوا فاشستەكانی عەرەب لە بەغدا. فرسەتیان لە مفاوەزاتەكەی یەكێتی هێنابوو، گەڵێك بریاری لە سێدارەدانیان جێ بەجێكرد. لە شارەكانیشدا تۆڕی جاسوسی و بە جاشكردنیان فراوانتركردبوو. ئەو حاڵەتە خەڵكی نا ئومێدو بێ هیواكردبوو، سەرانی یەكێتی لەو ئاهەنگانەی لە سورداش سازی كردبوو بە

بەرچاوی دەزگا سیخوڕی یەكانەوە، بە مەبەستی ئەوەی پیشانی بدات كە خەڵكێك لایەنگری ئەو مفاوەزات و سیاسەتەی ئەون، بیری لەوە نەكردبۆوە كە ئەو كارەیان تا چەند زیان بە خەڵك و ڕێكخستنەكان دەگەیەنێ و لای ڕژێم ئاشكرایان دەكات..

لەو دەمەدا تا دەهات شاڵاوی ڕاگەیاندنی یەكێتی نیشتمانی دژی ئاڵای شۆڕش زیادی دەكرد، ئێمە لە ناوەوە گەیشتبووینە ئەو باوەڕەی كە ڕوودانی ئەو شاڵاوە ننزیک بۆتەوە. لە ئەڵقەكەمانەوە نامەیەكمان ئاراستەی مەلابەختیار كرد، سەبارەت سەرجەم چالاكی ئەڵقەكانمان، گەرچی ،مەلا بەختیار چەند جارێک داوای ژمارەی ئەڵقەكان و ناوە نهێنی یەكانی كردبوو، بەڵام ئێمە لە ئەڵقەكەمانەوە بریارمان دابوو ژمارەی ئەڵقەكان و ناوە نهێنیەكانی بۆ نەنێرین بۆ گوندی تەكیە ،تا لە ژێر دەسەڵاتی مەڵبەندی یەک دوور دەكەوێتەوە، كە تا ئەودەمەو دواتریش لەناوجەرگەی مەڵبەندی یەكدا مابۆوە و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دایەوە :

هاوڕێ یانی ئەڵقەی (٢١) بەڕێز

سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم و ڕێزی هاوڕێ یانەم هەیە

نامەی ٢/٧ تان گەیشت و سوپاستان ئەكەم و ئەمەش وەڵامەكەیەتی

١-سەبارەت بە بڵاوكردنەوەی نامیلكەكەمان، تكایە سەرنج و تێبینی دڵسۆزان و هاوڕێ یان بە ووردی و بابەتی كۆكەنەوەو بۆمان بنێرن و زۆر گرنگە بزانین خەڵك ڕای چیە بەرامبەر كاری گەورەی وا كە چارەنووسەكەی بۆ جیابوونەوە ئەروات.

٢-تكایە كارێكی وا بكەن لە ڕێی سەیارەكانی كە هاتو چۆی سنوری تیپەكان ئەكەن، لە نوسینەكان بپێچنەوەو بۆ ئامر تیپ و ئامر كەرت و ئامر مەفرەزەكان بنێرن. ئەمە باشترین ڕێگەیە بگاتە دەست ئەو كەسانەی نەزانن لە كێ وە بڵاوكراوەتەوە. ئەو هاوڕێ یەی ئەیبات بۆ سائیقەكان نەناسراو بێ و تەعقیبی گەراجەكان بكەن لە هەموو شوێنێكەوە سایق هاتوچۆ ئەكات.

٣- نووسینەكەتان دیسان ژمارەی ئەڵقەكان و ناوە نهێنیەكانی تیا نەبو. تكایە لەم بارەوە وێنەیەكی ڕۆشن بنێرن.

٤-تكایە بە هۆی ئەو بڵاوكراوانەوە، ڕەنگە قسە زۆربێ لەناو خەڵكا. بەڵام هاوڕێ یانی خۆمان خۆیان نەكەن بە خاوەنی كارەكەو بەڵگە نەدەن بە دەستەوە كە سەرچاوەكەی ئەزانن. نووسینەكەی شەهید ئارامیش ئەگەر زۆرە وا بكەن بگاتە ماڵان و فرێ ی بدەنە ماڵی كەسانی دڵسۆز، مەرج نیە تەنزیمەكان بن. وێنەیەكیش بگەیەننە ماڵی شەهید ئارام.

٥- تكایە تەئكید هەمیشە بكەنە سەر دراسەو قۆڵ بونەوە لە بۆتەی تیۆری. با هاوڕێ یان زۆرتر بە دراسەوە خەریک بن و مەشغوڵی قسەو شەڕو كێشەی یەكێتی

نەبن. ئەم ڕووداوانەی ڕووش ئەدەن تێرکردنی قینی خەڵکە و ساردکردنەوەی ئەو هەموو نارەزایی یە کە دژی یەکیتی تەقیبووەوە. بە دووری مەزانن مفاوەزات و هدنە سەرهەڵبداتەوە. لەم چەند شەڕەدا لە گەرمیان و قەراج و کەرکوک. شەڕە عەرەب کراوەو دەست لە ژن و پیرو منداڵ و گەنج نەپارێزراوە. لە گوندی(گورزێ) ی تەنیشت کەرکوک.(٦٧) کەسیان کوشتووە زۆربەیان بێ چەک و ژن و منداڵ بوون. لەم لاو لەولاش ئەڵێن شەڕی کوردو عەرەبە. بە ڕاستی ئەمە کارێکی خەتەرناکە و ڕەنگە چەندین سەبراو شاتێلا بکەوێتە کوردستان و سەدان کەسی بێ تاوان لە کوردو عەرەب تیا بچن و سەرئەنجامیش ڕقێکی شۆڤێنیستانەی مێژوویی دروست ئەکات. کوشتنی چەکدار قەیناکات و حەقیشە. بەڵام ژن و منداڵ، تەنانەت منداڵی سەربێشکە. ئەمە کارێکی فاشستیانەیە. وە تەبریری نیە. موبەرریش ئەداتە دەست دوژمن قەتڵ و عام بکات. لەسەر ئەمەش دێهات هەموو تۆقیون. ئێوە دژی شەڕی کوردو عەرەب قسە بکەن. دژی کوشتنی منداڵ و ژنان قسە بکەن، دژی جۆری عەقڵیەت و بیرکردنەوەی کارەکە قسە بکەن، بەڵام زۆریش بە تونـدی سیاسەتی تەعریب و تەهجیری حکومەتیش بکوتن. یەکەمین خەتاباری کارەکە بخەنە ئەستۆی حکومەت. دژە کرداری یەکیتیش بە شێوەی خراپ و نەتەوە پەرستی تەسک لە قەڵەم بدەن. کوشتنی منداڵانیش بە کاری درندانەی بڵاوبکەنەوە. شۆڤینیەتی حکومەت و دژی قەومیانەی یەکیتی مەحکومە.

٦- تکایە هەفتەیەکی تر ئەگەر زانیتان جەمالی سایەق نایەت وا بکەن خۆتان سەیارەیەکی باوەڕ پێکراو بدۆزنەوە چونکە نووسینێکی تازە لێرە دەست ئەکەوی بە ناوی (کۆششی تیۆری ئەرکی گرنگی سەرشانمانە). ناردنی کاغەزی ڕۆنیۆو ئستێنلیش گرنگە. هەروەها تکایە لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکاندا تەرکیز بکەنە سەر کارگەو دانیشگا، مەعهەد، ئامادەیی.

٧-زۆریش گرنگە پرۆپاگەندە دژی شەڕی ناوخۆ بکەن لە ناو خەڵکدا ، بێ هودەیی شەڕی ناوخۆ دەربڕن و موناقەشەیەکی زۆر بکەوێتە ناو خەڵک زۆر باشە لەم بارەیەوە. ئەمەش پاشە ڕۆژ خۆمان قازانجی زۆری لێئەکەین. جگە لە قازانجە گشتیەکەی میللەت و شۆڕش.

ئومێدەوارین بەردەوام لە دراسەو خەباتی شۆڕشگێڕانەو دامەزراندنی ڕێکخستنی پۆلاییانەدا بین و بەرەو ئامانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان خەبات بکەین.

خۆشیتان

هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨٥ /٢/١٢

مەلا بەختیار نامێلکەیەکی بۆ ناردم تا بیگەیەنمە هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان، بۆ چاپکردن، هێشتا تا ئەوساتە وەختەش ئامیرەکانی چاپکردنمان نەبوو. لە نامەکەیدا بەمجۆرەی نوسی بوو:

هاوڕێ سامی عبدی زۆر خۆشەویست

سڵاوێکی گەرم

وا ئەم نامێلکەیەم بۆ خزمەکانم([1]) ناردو تکایە دەست بەجێ بیان دەرێ و چاوەڕێی وەڵامەکەشی بکە، ئەگەر چاپخانەکەشیان ناردووە هەر بۆیان بنێرە.

لەم ڕۆژانەدا نامەتان بۆ ئەڵقەکە بۆ ئەنووسم

ئەم نامەیە پەلەیە

گەرمیان
١٩٨٥/٣/١٩

.

. چەند ڕۆژێک دواتر ئاگادارکرامەوە کە ئامێرەکانی چاپکردن ئامادەکراوە بگەیەنرێتە لای من ، دەبوو جێگای بۆ سازبکەم، بریاربوو بە ئۆتۆمۆبێلێکی خۆیان لە بەیانیەکی زووەدا بیگەیەننە ماڵی ئێمە.

هاوڕێ سامی عبدی زۆر خۆشەویست

سڵاوێکی گەرم و ڕێزم بۆ برادەران هەیە

وەڵامی نامەکەم دایەوەو تکایە زوو بیگەیەنە، چونکە شتەکان تەواوبووەو لەسەر ئێمە وەستاوون. جا ئیتر خۆت تەرتیبی بکە کە چۆن لێیان وەرئەگریت و لە کوێ ی دائەنێیت.

هەرزووش تەرتیبی سەیارەیەک بکەن کە بتوانن بیگەیەننە هەولێرو کەرکوک، عینوانی ئەو دوو شوێنەش من ئەتان دەمێ. کە شتەکان هات بەیانیەکی زوو خۆت وەرە بۆ ئێرە.

من خۆشم ناردوومە بە دوای برادەرەکە کە ناونیشانم دایتێ و ڕەنگە بێت و ببینم.

بۆ ئەو نامەیەی دەزگای ڕێکخستنیش (مەبەستی کۆمەڵەیە-نوسەر)تەعمیمی مەکەن و ئەو شتانە با نەهێنی بێ تا بتوانین لەو قەناتانەوە شتمان دەست کەوێ.

---

[1]) مەبەستی مەلابەختیار لە وشەی (خزمەکانم) هاوڕێ یانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی ئێران بوو.

زۆریشم پێخۆشە كە وورده وورده خەڵك باوەڕ بە ڕێكخراوی نوێ پەیدا ئەكەن. بەڵام ئێوە خۆتان زەق مەكەن وباسی مەكەن. با لە خوارەوە بچێتە ناو خەڵك.
دووبارەخۆشیتان

هاوڕێتان
گەرمیان

رونكردنەوە لە بارەی ئامێری چاپەوە

من بە تەما نەبووم ڕوونكردنەوە بنوسم لەسەر سەرچاوەی ڕۆنیۆو فۆتۆ ستێنسڵەكە. دیارە من نەمدەویست باسی سەرچاوەی ئامێرەكانی چاپ كردن بكەم، گەر م.پشكۆ، لە كتێبی ئەزمون و یادا باسی نەكردایە. دڵنیام م.پشكۆ هەرئەودەمە لە هاوڕێ شێخ عەلی بیستبوو، ئەمیش نەیدەزانی، بەڵام بەهۆی (هەڵەی خۆشباوەڕی) منەوە زانی، چونكە من پێم ووت، شێخ عەلیش بە مامۆستا پشكۆی وتبوو لە هەمان كاتیشدا گلەیی لە مەلابەختیار كردبوو بۆ ئەوان نەیانزانیووە؟ و لێی شاردوونەتەوە. مەلابەختیاریش نامەیەكی پڕ ڕەخنەی لەو ڕووەوە بۆ ناردبووم. تەئكید دەكاتەوە كە لە خۆی و من كەسیتر نەیزانیوەو نەدەبوو باسی بكەیت.

توانرا لەماوەیەكی كورتدا هەندێ ئامێری چاپكردن (ڕۆنیۆیەك وفۆتۆستێنسڵێك) لە كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكیشانی ئێران بەدەست بهێنین. فۆتۆستێنسڵەكە گەیەندرایە ماڵی ئێمە، ڕۆنیۆكە لە بەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە بە باشی كاری نەدەكرد ، زوو زوو تێك دەچوو، پێویستی بە چاككردن بوو، لە ماڵی هاوڕێیەكی تر مابۆوە.

لەو دەمەدا لە لایەن مەلابەختیارەوە، كارەكان وەك ناو یەكێتی، تەنها لە شێوەی (فەرمان دەركردندا)ئەڕۆیشت. ڕاوێژو نەخشەو پلاندانان سەبارەت بە ئەنجامدانی هەر هەنگاوێك نەدەكرا، بریارو ئەنجامدانی كارەكان هەروەك ناو پارتی و یەكێتی دەڕۆی بەڕێوە، دەبوو بەرنامەو پلانی نوێمان بەرامبەر سیاسەتە ئەمنی و سەربازیەكانی ڕژێم هەبێت، تا ئەودەم مەلا بەختیار لەو ڕوانەوە نەدوابوو، (من خۆم لە ناوەوە بەرنامەو نەخشەیەكم لا گەڵاڵە بووبوو، سەرەتا پێویستی بەوەبوو ڕۆنیۆ بۆ شارەكان ئامادە بكرێت، لە باتی فەردەیەك بلاوكراوە بەو هەموو بازگانەدا بنێرین، دەتوانرا بلاوكراوەكە فۆتۆستێنسل بكرێت بە دوو نوسخەو ببرێت بۆ ئەو پارێزگایە، دیارە دوو ستێنسل ئاسانتر دەشارێتەوە و لەو شارەش بە ئارەزووی خۆیان دەیانتوانی چەندیان بوێت چاپی بكەن). بە هۆی نەبوونی ڕۆنیۆ لە شارەكانیتر لەودەمەدا ئەو پلانە جێبەجێ نەكرا، گەرچی پاشتر.. پاش ڕوونكردنەوەی (چاپی سەرەتایی- پنەو تیرۆك) بۆ هەولێرو كەركوك، بریارماندا لە سەردەمی كۆمێتەی شارەكاندا بەوجۆرە كاربكەین.. تا دواتر لە لایەن هاوڕێ یانەوە شێوازی میكانیكی داهێنەرانە دۆزرایەوە و خرایەكار. تا دەهات سەرباری ئەركی ڕێكخراوەیی،

ئەركەكانی من خەستتر دەبووەوە. گەورەترین كێشەیەك كە بەرەو ڕووم بووەوە كێشەی كارپێكردنی، تایپ و ئامێری فۆتۆستێنسڵ و ڕۆنیۆكە بوو، پێشتر كارم لەسەر ئەوانە نەكردبوو، نەمدەزانی چۆن ئیشیان پێ دەكرێت، ناچار دەبوو خۆم فێربكەم. دیارە لە باری هونەرییەوە بەرهەم وەك كاری پرۆفیشنالێك دەرناچێت و پڕ هەڵەو كاڵ وكرچ دەبێت. هەرئەوەش بوو كە باش دەرنەئەچوو دەبوو دوبارە نووسینەكان فۆتۆستێنسڵ بكەمەوە، ئەوەش دەبووە مایەی بێزاری و ڕەخنەی هاوڕێیان. لەو ڕۆژگارە ترسناكەشدا لە ریكخستنێكدا كە لەبەردەم هەڕەشەی بەعس و یەكێتی نیشتمانی دابوو ، نەدەكرا كەسێك زۆر جێی متمانە نەبێت ئەو شتانەی لا ئاشكرا بكەیت و بیخەیتە ئەو كارەوە.

بڵاوبوونەوەی نووسینەكانی ئاڵای شۆڕش، جێگەی ڕەزامەندی هەموو ئەو خەڵكانە بوو كە دژی شەڕی ناوخۆ بوون و لەگەڵ یەكڕیزی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكانی كوردا بوون، دژی خۆبەدەستەوەدان بوون بە بەعس، لەگەڵ بەرقەراربوونی ئازادی و دیموكراسی دا بوون.

لە كاتێكدا كە دەبوو سەرانی یەكیتی بیر لە داخوازیەكانی خەڵك بكەنەوەو لە هەوڵی پتەوكردنی ڕیزەكانی مااڵی كوردا بن. كەچی وەك نەریتی هەمیشەییان هێرشێكی ڕاگەیاندنی بەربڵاویان دەست پێ كردبوو دژی ئاڵای شۆڕش. تا دەهات هێرشەكانیان لە ئێستگەكەیان و بڵاوكراوەكانیانەوە فراوانتر دەكرد. هەمیشە سەرانی یەكێتی پێش هەر هێرش و پەالماردێك بۆ سەر هەر الیەك بیانویستایە بیكەن، هێرشی ڕاگەیاندنیان دەست پێدەكرد، لەو بارەوە مەال بەختیارم ئاگاداركردبۆوە. یەكێتی داوایان كردبوو مەال بەختیار بچێت لەگەڵیان دابنیشێت، مەبەستیشیان ڕێكەوتن نەبوو لەگەڵ ئاڵای شۆڕش بەڵكو مەبەستی سەرەكی یان سەرەتا دڵنیابن كە ئەوی تیایە ئەوسا هێرش بكەنە سەر ئاڵا.

لەم بارەیەوە بە ناوی ئەڵقەكەوە نامەیەكمان ئاراستەی مەالبەختیار كردو ڕاو سەرنج و بۆچوونی خۆمان پێ ڕاگەیاند كەبەش بەحاڵی خۆم بە (نامەیەكی مێژوویی) دەزانم كە بە ڕوونی ڕای ئێمەی نیشان دەدا و گەر كاری پێبكرایە ئەو هاوڕێ یانەمان نەدەگیران و تووشی ئەو شاڵاوە نامرۆڤانەیەی یەكێتی نیشتمانیش نەدەبوون و ئاڵای شۆڕشیش لە سەرەتای دەستپێكردنیدا نە ئەپێكرا و لەبار نەدەبرا ئەمەش نامەكەیە:

كرێكارانی جیهان یەكگرن

بۆ هاوڕێ گەرمیانی بەڕێز
سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم

لەسەر ڕۆشنایی ئەو هەواڵانەی دایکی زیلان (*روناک شێخ جەناب) پێی ڕاگەیاندین و پاش ڕاوێژی وورد لەو کۆبونەوەی بۆ ئەم مەبەستە گرتمان، ئەمە ڕاو بۆچوون و بریاری ئێمەیە:

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە ڕیزەکانمانەوە پێمان گەیشتووە و سەرچاوەی باوەڕپێکراویشن و ئەو هەواڵانەی دەماودەمیش کەوتوونەتە ناو خەڵکیشەوە، ماوەیەکە(ی.ن.ک) لە ناو ڕیزەکانی دا وا بڵاودەکاتەوە کە (مەلابەختیار) ئەو بڵاوکراوانەی نوسیووە و خەریکی جیابوونەوەیە، هەروەها لە ناو هێزی پێشمەرگەش جەبار فەرمان و دانای ئەحمەد مەجید هەمان قسەو قسەڵۆکیان باسکردووەو وتووە. دیارە ئەو ئیعلامە هەروا هەوانتە نیە و مەرکەزی یە و پێشەکی یە بۆ هەنگاوی دووەمیان کە بریتی یە لەو قسانەی جلال تالەبانی و نەوشیروان کردوویانە، ئەویش پەلاماردانی ئالای شۆڕشە....

قسە زبرەکانیان لە ناو پێشمەرگەو بەدوایدا ئەو قسانەی سەرانی یەکێتی، ئەوە دەردەخەن کە بە نەخشەوە هاتوونە پێش و کاردەکەن. دوور نیە بریاری تری هێشتا ناشکرا نەکراویان هەبێت سەبارەت بەو گومانانەی ئەوان هەیانە، دیارە ئەوەی نەوشیروان وتوویەتی کە (بەڵگەم هەیەو دەست نووسەکانمان لایە! کەس نەزانێ خۆت دەزانی تا چ ڕادەیەک درۆیەکی بە باڵ فریووە. مەسەلەی خط مائلیش([1]) وەک جلال تالەبانی ووتوویەتی ئەمیش هەر بۆ خۆ فش کردنەوەیەو هیچیتر. بۆرژوا هیچ کات درۆی پێ عەیب نی یە چونکە تەنها لەو ڕێگەوە خەڵکی پێ فریو دەدرێت.

[1]) دوای ئەوەندە ساڵ و بینینی نووسینێک لە ئەزموون و یادی مامۆستا پشکۆدا. بە دووری نازانم لە ڕێگەی دلیری سەید مەجید کە کەسی نزیک و باوەڕپێکراوی تالەبانی بوو، وە خۆیان وتەنی مەلا بەختیار هیچی لی نەدەشاردەوە! زانیاری بە تالەبانی گەیشتبێت. ئەگینا بۆ تالەبانی هەر(دوای کۆبونەوەی سیوسێنان!) بە پێشنیارو ئامادەبوونی دلێری سەید مجید دوو (ئەندامی ناوەندی نووسەرانی ئالای شۆڕشی دیاریکرد، مامۆستا موحسن و مامۆستا پشکۆ!) کۆبونەوەیەکی لە گەڵ جلال تالەبانی دا بۆ قسەکردن لەگەڵیان ڕێکخست، گوایا بۆ (ڕێگرتن لە جیابوونەوە!)؟. خۆیندنەوەی ئەزموون و یادی مامۆستا پشکۆلاپەڕە 232وە233 ... لەو بارەوە پرسیار زۆر دەوروژێنیت. کە تالەبانی توانی لەوکۆبونەوەدا کارێک بکات دواتر م.موحسن لە ئالا بکشێتەوەو نیگەرانیەکانی مامۆستا پشکۆش زیاد بکات وەک مامۆستا پشکۆ خۆی نووسیویەتی لە **لاپەڕە 236ئەزموون و یادا دەڵێت(ئێمە لە دڵەڕاوکێ یەکی زۆردا دەژیاین و م.موحسن زیاتر ڕەش بین بوو. دیارە. منیش کەمتر نیگەران و ڕەش بین نەبووم. بەڵام کە سێک بووم زیاتر لە سەر(هەست و سۆز کارم دەکرد)، (پاشگەزبوونەوەو دەستبەرداربوونی برادەرەکانم پێ قووت نەدەچوو).**.لیرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کێشەکە لای ئەوان تواندنەوەی کۆمەڵە نەبووە. ئەگینا چۆن کەسانێکی(ناوەندی نوسیەران) هەردوای چەند هەفتەیەک لە کۆبونەوەکەی سێوسێنان! نیگەران و ڕەش بین دەبن، گەر گەیشتبنە ئاستی تێگەیشتن وهەڵویست و بریار بەرامبەر زیندە بەچاڵکردنی کۆمەڵە؟ یان ئەوەیە کە ئەوان نەگەیشتبوونە ئەو باوەڕەی یەکیتی کۆمەڵە زیندەبەچاڵ دەکات، یان تواندنەوەی کۆمەڵەیان لە ناویەکێتی دا پێ گرنگ نەبووە؟ و بە سۆز شوێن مەلابەختیار کەوتوون؟ وەک خۆی نوسیویەتی.

بە بۆچوونی ئێمە ئەو هاوڕێ یانەی ئەوروپا دوور نییە پەلەیان كردبێت لە بە ئاشكرا طرح كردنی مەسەلەكە*و دەست پێشكەریان كردبیت لە دەركردنی بڵاوكراوەو لە هەمان كاتیشدا لە ڕێگەی قسەو موناقەشەوە لەگەل عنصرەكانی (ینک) قسە درکابیت. ئەوان لە وێنەی عمر شێخ مووس بە تەلەفۆن ئاگاداری جەماعەتی (ینک)ی كردبێت لیرە. بە حوكمی پەیوەندی كۆنی برادەرانی ئەوروپاآشمان بە تۆوە، ئەمان لەو بۆچونەوە مەسەلەكەیان بەستبێتەوە بە یەكەوە و گومانیان لەوێوە هێناوە.

هاتووچۆی هاوڕی یانیش(سالار و جەعفەر) لەوێ بۆ هەندێ دەوڵەتی وەک سوریا، بە دووری نازانین (بە نهێنی ئەو كارەیان ئەنجام نەدابێت) و دەم عناصری ئەمان كەوتبێتەوە و هەواڵیان بەمان گەیاندبێت([1]). بەڵام سەدی سەد (تا ئەم ساتە)، لە (ناو ئێمەدا لە شارەوە كەس نییە هەواڵیان بداتێ) بەڵام بە دوری نازانین لەو چەكدارانەی دەوری ئێوەوە ڕوو بدات. مەگەر لە ناوەڕۆكی بڵاوكراوەكانەوە شتیان هەڵهێنجابێ كە ئەوەیش بەڵگەی تەواو نییە.

بە هەرحاڵ ئێستا ئەوان وەک لە پێشەوە ڕوونمان كردەوە بە نەخشەوە هاتوونە پێش. بە دەلیلی ئەو ئیعلامە مەركەزیەیان لە ڕیزەكانی ڕێكخستنی ناوەوەیان و ناو پێشمەرگەش وەک هەنگاوی یەكەم دژی ئاڵای شۆڕش دەستیان پێ كردووە. هەنگاوی دووەمیشیان ئەوەیە كە بەرپرسەكانی (ینک) داوایان كردووە كە تۆ بچیت بۆ لایان بە مەبەستی نەبز وەرگرتن، تا بە پێی ئەو هەڵوێستەی دێتە پێش ئەوان بریاری كۆتایی بدەن. هەربۆیە بچووكترین خۆلاواز پیشاندان لەم حاڵەتەدا هەڵەیەكی كوشندەیەو كارەسات كێش دەكات بە دوای خۆی دا. (بۆیە دەبێت دەرس لەو هەڵانەی كۆنفرانسی سێهەمی كۆمەڵە وەربگرین و دووجار نەكەوینە چاڵێكەوە).

بەرای ئێمە لە بەرامبەر حاڵێكی وادا چوونی تۆ بۆ ئەوێ و خستنە ڕووی ئەو قسەو قسەلۆكانەیان سەبارەت بە بڵاوكراوەكان(دیارە زۆر دڵنیانین كە تۆ نووسیوتە) بە دەلیلی ئەوەی وتوویانە (گەر مەلابەختیاریش نەی نووسیبێت! كەسێكیتر لە پشتی ئەوەوە نووسیویەتی).لە كاتی باسی ئەو بلاوكراوانەدا لەگەل ئەوان یان حاشا لێكردن دەبێ بكەیت كە دوور نییە لەسەرت بكەن بە خاڵ ، بگرە بە دووریشی

---

[1]) هەرواش دەرچوو سالارعەزیز كە بە ناوی (كۆمەڵەی ڕەنجدەران كوردستان-عێراق)وە كاری دەكرد، لە باری جیاكردنەوەی هێزی چەكدارەوە لەگەڵ جود، ئێران، سوریا، لیبیا قسەی كردبوو. بەتایبەت دوای كۆبونەوەكەی تارانی نێوان مەلابەختیار و سالارو مامۆستا جەعفەر كە زانی ئاڵای شۆرش كار لەسەر جیاكردنەوەی هێزی چەكدار ناكات. لە نامەكانی دووایشی دا بۆ مەلا بەختیار هەر باسی لە جیابوونەوەی هێزی چەكدار كردبوو. بە هەموو جۆرێک وای دەكرد دەنگۆی جیابوونەوەی هێزی چەكداری یەكێتی بڵاوبێتەوە و بەرگوێی تاڵەبانی بكەوێتەوەو نێوانی ئاڵای شۆرش و یەكێتی نیشتمانی بەرەو تەقینەوەی چەكداری بەرێت..(لە كاتێكدا ستراتیژی كاری ئاڵای شۆرش خەباتی شارەكان بوو نەک شاخ و هێزی چەكدار كۆكردنەوە)..

نازانین كە داوای لەسەرنووسینی ئەو بلاوكراوانەشت لی بكەن. یا بە چەند دێرێكیش بێت داوای ئەوەت لێبكەن كە بێ ئاگایی خۆت لەو ڕوەوە بنووسیت، لەو حالەتەدا بادرە بە دەست ئەوانەوە دەبێت كە چی یان مەرام بووە بریاری بدەن. (دیارە ئەمەش بەوجۆرە هەڵەیەكی گەورەیەو لە لایەن ئێمەوە رەفزە). یان ئەوەتا دەچیتە ژێر باری بڵاوكراوەكان، لەم حاڵەتەشیان دا مەسەلەی طرح بوونی تەنزیم دێتە پێشەوە، (لەمەشیاندا ئێمە پێش وەخت وەک بەرنامەمان دانابوو بۆ پەروەردەی كادیر شكست دەخۆین).

لە مەسەلەی طرح كردنی تەنزیمدا:

یەكەم: سەرانی یەكێتی یان هەوڵی ڕازی بوون بە وەعدی هەندی اصلاحات و پلەو پایە دەدەن(كە مێژووی پێشووی یەكێتی دەریخست هەمووی درۆیە.)

دووەم: یان لەوپەڕی حاڵ دا كە نەتوانن لەم خاڵەدا بگەنە نەتیجە لەگەڵت، مەسەلەی خۆطرح كردنت وەک (گروپی سێ یەم) لە ناو (ینک) دەخەنە بەردەم، (وەک لەو بابەتەی تاڵەبانی و نەوشیروان لە كۆنفرانسی سێ هەمی كۆمەڵەدا ووتیان). دیارە ئەم جۆرە طەرحەش بە پێی بریارەكانی دەستەی دامەزرێنەر و هەڵسەنگاندنی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ و تاقیكردنەوەی زیندووی كۆمەڵە لەناو ینک هیچی لێ سەوز نابێت و هەر بە قازانجی بۆرژواكان تەواو دەبێت. هەربۆیە لای ئێمەوە رەفزە. چونكە مەسەلەی سەربەخۆیی بیرو ڕێكخراوەیی ڕێكخستنی پرۆلیتاریا مەسەلەی یەكەم و هەرە گرنگە كە لەو ڕێگەوە دەستی بۆرژوای نانیشتمانی و نا شۆڕشگێرو ناپێشكەتنخواز بخرێتە ڕوو و هەنگاوهەڵگیرێت بۆ دروستبونی پارتی كریكاران و زەحمەتكیشان وستراتیژیكی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست دابڕێژرێت و كرێكاران هەنگاو هەڵگرن بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە دوورو نزیكە چینایەتی و نەتەوەیی یەكان.

سێهەم: گەر لەو ڕیگایانەشەوە نەگەیشتنە ئەنجام لەگەڵت(مەسەلەی دەست بەسەراگرتنت و لەوێ هێشتنەوەت بە دوور نازانین و بگرە كاری خراپتریش).

سەرنجامی سەرنجی ئێمە ئەوەیە:

یەكەم : تۆ نەچیت بۆ ئەوێ بۆ لایان، بەڵكو بە نامەیەک وەڵامیان بدەیتەوە كە لەبەر هەندێ هۆی تەندروستی نەمتوانی بێم ، دەتوانن برادەرانتان بنێرن تا هەرشتێک شایانی باس بیت قسەی لی بكرێت، (هەرئەوندە بەسە تا نامەكە نەكەنە بەڵگە لە سبەینێ دا).

دووەم: **لە (هەمان كاتدا) هاوكات لەگەڵ ناردنی ئەو نامەیە بۆ ئەوان خۆ سازبدرێت بۆ خۆ طرح كردن و گردكردنەوەی پێشمەرگەكانی ئاڵا (لە چەند شوێنێكی ستراتیژی دووردەستی ئەوان).**

سەرانی یەكیتی بەو هەڵویستەیان تۆ دەخەنە بەر دووڕیانێک كە ئەویش :

١-یا پاكانەیە لەو بڵاوكراوەو و ئەو شتانە، كە دیارە پێشەكی ڕای ئێمەت زانیوەو بە هیچ جۆرێک لەگەڵ پاكانەدا نین.
٢-یاخۆ طرح كردن، كە ئەمیش ئەگەرلە چوارچیوەی (یەكێتی نیشتمانی)بێت(كۆمەڵە) ئاسا ئەوا لەم لایەنەشەوە ڕای پێشەكیمان ڕەفزكردنی ئەو جۆرە طرحەیە.
٣- ئێمە لەگەڵ طرحی سەربەخۆیی بیرو كاری ڕێكخراوەیی كرێكارانەی ڕیزەكانی ڕێكخستن و پێشمەرگەداین لە دەرەوەی (ینک). لەگەڵ دارشتنی شێوازی (یەكێتی كار) ی هاوبەشین لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی و (بەرەی جودیشدا) كە هەردولایان نوێنەری بۆرژوای سەرساحەكەن. داڕشتنی یەكێتی كاریش لە قۆناغی ئەمرۆدا لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی چینایەتی و قازانجی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بزوتنەوەكە دادەڕێژرێت.
لە هەمو حاڵەت دا دەبێت توقعی ئەسوەء احتمال بكەین و خۆمانی بۆ ئامادە بكەین. با ئیتر هاوڕێ یانمان لە ناو هێزی پێشمەرگەدا لە مەسەلەی بیری بۆژوایانەو كرێكارانە تێ بگەیەنرێن. دەبێت لیبڕاوانە هەڵوێست و كارو نەخشەی شۆڕشگێڕانەی خۆمان دیاری بكەین و بریاری لەسەر بدەین وكاری بۆ بكەین. **هەرلاوازی نواندنیک و كەمتەرخەمی یەک لەم بوارەدا زۆر دەكەوێت لەسەرمان چ لە ئیستاو چ لە داهاتوودا. چونكە بۆرژواكانی جەماعەتی (یەكیتی) بە نەخشەوە لەو بارەوە كاریان دەست پێكردووەو بە خەستیش هەنگاودەنێن.**([1])

سەركەوتوون

تێبینی:
چاپخانەكە گەیشت ئەڵقەی 21
١٩٨٥/٣/٢٨

لە وەڵامی ئەو نامەی وریاكردنەوانەدا بە ڕوونی سەرنجی مەلابەختیارمان ڕاكێشابوو بۆ زەرورەتی دووركەوتنەوە لەژێر دەسەڵاتی یەكێتی و بە ڕوونی ئاگادارمانكردبۆوە كە مەسەلەی پەلاماردانیان لە لایەن یەكێتی یەوە چاوەروانی سەعاتی سفر دەكەن . لە وەڵامی ئەو نامەیەی ئێمەدا، مەلا بەختیار ئەم وەڵامەی نارد كە لە بەرواری 3/29 نووسیبووی بەمجۆرەی خوارەوە:

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە ٢١ تێكۆشەر

---

[1] بۆ مێژوو دەینووسم گەر مەلابەختیار كاری بە بۆچونەكانی ئێمە بكردایە كە لە 3/28/ 1985دا بۆم نووسی بوو هەرگیز تووشی كارەساتی گرتن لە لایەن یەكیتی یەوە، نەدەبوون كە هەشت مانگ دواتر لە 1985/11/2ڕوویدا.

سلاوێكی گەرم

نامەكەتان گەیشتە دەستم و ناوەرۆكەكەیم بە دڵ بوو، جوان بۆ مەسەلەكان ڕۆیشتوون و خۆشم هەر كەمێ ڕۆشنتر لە ئێوە بۆ مەسەلەكان چووم. ئەوەندە هەیە من وام كردووە كە كاتی زۆرترمان دەست كەوێ و مەسەلەكان ئسوڵی و بێ هەڵەشەیی و بێ غرور بەرینە سەر. واتە لە مەسەلە مەبدەئیەكان و پاراستنی ڕاستیەكان نابێ درێغی بكەین، لە هەمان كاتدا كەلە ڕەقانە بۆ شتەكان نەچین.

من ڕەفزی كۆبونەوەی سەركردایەتیم كردووە و بۆم نووسیون كە ئەو كۆبونەوانە تەجروبە كراون و هیچ چارەسەر ناكەن و ڕەنگە خراپتری بئاڵۆزێنن.

داوای پلنیۆمێكم كردووە تا دوو مانگی تر ببەسترێ كە تیایدا بە موافەقەتی هەمومان نوێنەرەكانی دیاری بكرێ، كاك سالاریشی تیا بێ. ئەو پلنیۆمە لە مەسەلەكان بكۆڵێتەوە. ئەو كاتەش گەركرا حتما هەموو مەسەلەیەك لەسەر ئەساسی كۆمۆنیستانە، لە سەر ئەساسی پەرژەوەندی كرێكاران و زەحمەتكێشان مەسەلەكان تەرح دەكرێن و سەرئەنجامیش دیارە دەگاتە كوێ.

چاوەڕێ بن تا دایكی زیلان دەچێت و دەگەڕێتەوە، ئەوكاتە بە تەفسیل ئاگادارتان دەكەمەوە.

لە هەموو حاڵەتێكدا ڕای ئێوە زۆر گرنگە و هەرگیز بۆ اصلاح و پینەوپەڕۆ ناگەڕێین.

تكایە گەر چاپەمەنیە تازەكە گەیشتە دەست هاوڕێ سامی چونكە دژایەتی ئێرانی تیایە و انشقاقیش لە پێشە. بۆیە وابكەن هەنگاوی یەكەم بە چڕی بەناو هاوڕێ یانا بڵاوی بكەنەوە، دوای ئەوە بیر لەوە ئەكەینەوە بە ناو خەڵكدا بڵاو بكرێتەوە.

بەشی من دووسەد دانە بنێرن

خۆشیتان هیوامە.

گەرمیان

١٩٨٥/٣/٢٩

1-هەرچی نامەم نووسیوە بۆ سەرەوە نوسخەی دووهەمم لایە.

2- كڕینی سەیارەكەم زۆر پێپەسەندە.

لە وەڵامی ئەو نامەیەی ٣/٢٩ مەلا بەختیاردا نامەیەكمان سەبارەت بە بۆچوونی ئەلقەكەمان نووسی بە هۆی ئەوەی ڕامان لەسەر چەند خاڵێكی گرنگ و سەرەكی جیاوازبوو، گرنگترینی بەستنی پلنیۆمێك بووە لە سێبەری یەكێتی دا! ئەبێ كێ بووبن ئەوەندە خۆش باوەڕبن بچنە ناو پلنیۆمێكی واوە؟ لە بن باڵی یەكێتی و بە بەرچاوی یەكێتی و چەكداری یەكێتی و پیاو كوژەكانی یەكێتی یەوە؟ هەموو ئاماژەكان بۆ گرتنیان دەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو نەیدەویست لە یەكێتی دوور بكەوێتەوە. ئەو پلنیۆمە، تەنها كاتێك دەتوانرا بگیرێت، ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی

یەكێتی دووركەوتنایەوە بۆ شـــۆێنێكی دووری دەســـتی ئەوان. وەك پێشـــتر لە گەڵ خۆیدا قسەمان لەسەر كردبوو، **ئەوان بنكەی ناوەندی نووسەران و چالاكی فكری و ڕێكخراوەیی ئاڵای شـــۆڕشـــیان ببردایەتە چیای ســـورێن وەك پێشـــتر بریاری لەسەردرابوو.**

ئەمەش نامەكەی ئەڵقەی بیست و یەك بۆ مەلا بەختیار

كرێكارانی جیهان یەكگرن

هاوڕێ گەرمیان بەڕێز

سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم

نامەی٣/٢٩ ت گەیشت ئەمەش سەرنج و بۆچوونی ئێمەیە:

دەزانین كە مەسەلەی چەند كۆنفرانسێك هیچ كام لەو كێشە فیكریانەی هەبوون، چارە نەكرد. باوەڕیشـــمان وایە كە چەند كۆنفرانســـیكی تریش ئەو توانایەی نی یە. هەر ئەو هۆكارەش بووە كە ئێمە (**وەك ڕێكخســـتنێكی ســـەربەخۆ**) خۆمان طرح كرد.

چونكە بـاوەڕی تەواومان بەوە پەیـداكرد كە ئەو بیروبۆچوون و كردارانەی سەرانی كۆمەڵە بە تایبەت و ینگ بە گشتی نوێنەرەوەی پەرژەوەندییەكانی بۆرژوای نا نیشـتمان پەروەرو كۆنەپەرسـتی سـەرسـاحەكەیە(شـەڕی بۆرژواكان لە پێناوی سـەپاندنی دەسـەڵاتی سـیاسـی یاندا هەریەكە بەسـەر ئەوی تریاندا، بێ گوێ دانە پەرژەوەندی و چارەنووسی نیشتمان و گەل، باشترین بەڵگەی نا نیشتمان پەروەری ئەو گروپانەیە).

دیارە هەموومان لەو حەقیقەتانە گەیشـــتین ئەوســـا خۆمان لەم ڕێكخســـتنەدا بینیەوە.....

پلنیۆم كە بە بەشـداربوونی یا نوێنەری هەموو ڕێكخراوەكان و سـەركردایەتی، یا ٣/٢ ئەوانە دەگیرێ بۆ چارەسەركردنی (كێشەیەك!) وە بەشداربوونی نوێنەرانی ئێمە، ئێمە لەو باوەڕەدانین كە چارەسـەری هیچ كێشـەیەك بكات. یان ئەوەتا دەبێت چـاوەڕوانی هەنـدێ ڕیفۆرمی لێ بكرێ كە نـاش بێت بە مقدارێكی كەمی دابەش بوونەوەی مسـوءلیات نەبیت. ئەگینا لە سـەر مسـتەوای فیكری كرێكاری، گەشـە پیـدانی ئەو بۆچوون و كردارە كرێكـارانەیەی كە دەبوو بكرایە نـاكرێـت، و گەر بكرایە، ڕۆژگاری شـۆڕش ئیسـتا لە باریكیتر دا دەبوو، وە چارەنووسـی وا نادیار چـاوەڕوانی گەلی كوردو هەموو عێراقی نەدەكرد. ئێمە لەو تێڕوانینەوە بە هیچ جۆرێك باوەڕمان بەوە نی یە كە پلنیۆمێك بتوانرێ بگیرێ لە ســـای یەكێتی داو بتوانیت چارەسەری كێشە چارەنووس سازەكان بكات.

هەربۆیە بە پێی تێروانینی ئێمە گەر مەسەلەی پلنیۆم بۆ (كسب الوقت) بیت ، تا ئەو كاتە خۆ ئامادە بكرێت بۆ خۆ طرح كردن، یا گەر هەر چووشـن ئەوا لەوێ بۆ

دیفاع لە مەسائیلە فیکری یەکان بێت بە ئاشکرا و بێ هیچ شاردنەوەیەک و ئەوسا هەرلەوێ خۆطرح بکرێت و زەمینەی علاقە(یەکێتی کارکردن)لە گەڵیان وەک لەگەڵ جوودیشدا دابڕێژرێت پەسەندە. ئەوا گەر دوو مانگ زیاتریش بیت گرنگ نییە.

ئەگینا گەر بۆ ئەوەبێت بڕوامان بەوە مابیت لە ڕێگەی ریفۆرم و پلنیۆمەوە چارەسەری ڕیشەیی فیکری مەسەلەکە بکرێت **یا لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دا ئاڵای شۆرش پلنیۆم بگرێت. ئەوا دیارە بە هەڵەیەکی کوشندەدا دەچین.**

هیوادارین بە تێروتەسەلی لە سەرنج و بۆچوونەکانت بە زوویی ئاگادارمان بکەیت

شەکاوە بێت ئاڵای کرێکاران و زەحمەتکیشان

سەرکەوتووبێت بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان

ئەڵقەی ٢١

١٩٨٥/٣/٣١

لە وەڵامی ئەو نامەیەی سەرەوەدا مەلابەختیار ئەم نامەیەی نارد کە ترسی ئەوەی هەیە یەکێتی (بەیانی دەرکردنیان) لەسەر دەرکەن! ئەوەش ئەوە دەردەخات کە تا ئەو ساتەش نامەی وازهێنانیان نەداوە بە سەرکردایەتی یەکێتی!

هاوڕی یانی ئەڵقەی ژمارە ٢١

سڵاوێکی کۆمۆنیستانەی گەرم

نامەکەتان گەیشت و سوپاستان دەکەم و ئەمەش وەڵامەکەیەتی

آ- لە کاتێکدا زۆرم پێخۆشە وا سوورن لەسەر مەسەلە پرنسیپییەکان و سازش و پینەو پەڕۆکردنی دۆخەکەتان پی خراپە، لە هەمان کاتدا ڕەخنەم لە نامەکەتان هەیە کە مەسەلەکان وادەبینن گوایە من نەرم بم بەرامبەر ئەوان و خراپ نامەی پێشووتان لێک داومەتەوە.

هاوڕێ یان..

گەر تەواوی نوسینەکان بیربخەنەوە، **لام وایە بواری ئەوەمان نەهێشتۆتەوە کە جارێکی تر لەگەڵ ئەواندا لەحیم بینەوەو بە لێبڕاوانە مەسەلەکانمان تەرح کردووەو هەموشمان لەسەری ڕازی بووین**. نامەکەشم کە لە وەڵامی نامەی خۆتاندا و لەسەر ئەو خاڵانەی بۆتان نووسیوم، زۆر بە ڕوونی نوسیوە کە ناوەرۆکی نامەکەتانم بە دڵە، بۆشم نووسیون کە هەرچی نامەیەکم نووسیبێ وێنەیەکم هەڵگرتووە.

ئیتر بۆچی واتان زانیوە كە بە ئومیدی پلنیۆم بین بۆ اصـلاح ی دۆخەكە. پلنیۆم تەنها بۆ ئەوەیە كە هەر بریارێ بدەین ئێمە تیایا دەســتپێشــكەربین، **ڕێگە نەدەین ئەوان بە ئارەزوو بریار بدەن، بەیانمان لەسەر دەركەن، بە حساب لە كۆمەڵەمان دەركەن،** جگە لەوە كەسب كردنی ماوەیەكە كە زۆرمان پێویست پێ یەتی.

لەبەر ئەو هۆیانە تكام وایە بە دیقەت نامە بنووســن و بە ووردی مەســەلەكان هەڵسەنگێنن.

ب- ئەوان هاوڕێ یان ئازاد هەورامی، مامۆســتا پشــكۆ، كاك دلێر، كاك ڕۆستەم و وەهاب دەنێرن بۆ ئاخافتن لە گەڵما. چوار یا پێنجی مانگ یەكدی دەبینین و قسە دەكەین. **ڕەنگە سووربین لەسەر پلنیۆم و كەسب كردنی وەقت. تا دەتوانین كاك ســالار بگاتەوە و ووردە ئیمكانیەتێ بگەیەنین،** خۆمان ڕێكترخەین. دوای بینینیان بە تەواوەتی سەرئەنجامتان بۆ دەنووسم.

ج- جارێ ئێوە مەیكەن بە مەسەلەیەكی مەركەزی و ئەم قسانە بڵاومەكەنەوە لە نــاو هــاوڕێ یــان دا، بەڵام گەر پێتــان دەكری چەنــدتــان پێ دەنێردرێ كە پێش مەرگایەتی بكەن بیان نێرن لەم هەفتەیەدا تا جێیان بكەینەوە.

د- تكایە هاوڕێ جەلیل خۆی بچێ بۆ هەولێرو ئەم وەزعە لە هاوڕێ یانی ئەوێ بگەیەنێ و با هاوڕێ "حاجی"جارێ هەر لە شارا بمێنێ بەڵام ئاگاداری هاوڕی یانی پێش مەرگە بكات كە بڵاونەبن وهاوڕێ باشــەكان هەمیشــە لەو كەرتانەدا پێكەوەبن، ئەمە ئەوە ناگەیەنی هەموو لە شوێنێكدا خڕبن.نەء. تەنها ئەو هاوڕێ یانە ووریا بن لە شــوێنی خۆیــاندا، واتە لە نــاو كەرت و مەفرەزەكانی خۆیــاندا، تەنهــا هــاوڕێ شارەزاكان ووریابن و بەس.

ه- تكایە ئەو نووســینانە ، واتە بڵاوكراوەكان ، زوو بۆم ڕەوانە بكەن بە هەمان سایەقدا. ئەگەر بە دوو وەجبەش بەشی ئێمە ڕەوانە بكەن هەر ئەشێ.

و- تكایە دەســت نیشــانی ســایەقەكانی دێهات بكەن و بە زەرف و پێچراوە بۆ ئامركەرت و ســەرتیپ و ئامر مەفرەزەو كادر بە ناوی خۆیانەوە بۆیان بنووســن. پێیان دەگەیەنن. ئەمە ئسلوبیكی باشــە كە بگاتە دەســت پێش مەرگە و مەسئولینیان. ووریای ئەوەبن كە سایەقەكانیان نەتان ناسن.

س- تكایە وابكەن هەمو ئەڵقەكان، شاران، شوینان، بڵاوكراوەكەیان بگاتێ.

خۆشیتان هیوامە و هاوڕێتان

بۆ پێشەوە

گەرمیان
١٩٨٥/٤/٣-٢

لەو نامەی سەرەوەدا، بەڕوونی دەردەکەوێت. مەلا بەختیار ئەوەندەی لە ژێر کاریگەری (ئامۆژگاری یەکانی)دەرەوەی ئاڵادایە (بڕوانە خاڵی ب،ج نامەکەی) بۆ پینەو پەڕۆی وەزعەکە، روبعی ئەوە بایەخ بە بۆچوونەکانی سێ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر لە ئەڵقەی ٢١ نادات و وریاکردنەوەکانی ئێمە بە هەند وەرناگرێت. لە نامەیەکی تردا داوای ژمارەو ناوی ئەڵقەکانی کردبوو پاش ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێ یانی ئەڵقە، بریارمان دا:

١-پێشمەرگە نەنێرین تا وەک پێشتر رێک کەوتبووین ئەوان نەگوێزنەوە سورێن.

٢- بە هۆی ئەوەی پێشبینی شاڵاوی یەکێتیمان بۆ سەریان و گرتنیانمان دەکرد بریارماندا : تا لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دابن، ژمارەو ناوی ئەڵقەکان نانێرین تا جێبەجێکردنی خاڵی یەکەم.

دوای چوونی مەلابەختیار بۆ سەرکردایەتی یەکیتی، جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفای دیبوو، ئەم نامەیەی نارد:

هاوڕێ یانی ئەڵقەی (٢١) تیکۆشەر

سڵاوێکی گەرم و هیوام سەرکەوتنتانە لە ئەرکەکانتاندا. چەند ڕۆژێکە من هاتوم بۆ سەرکردایەتی یەکیتی و لەگەڵ هەمویان دا قسەی زۆرم کردووە.

ئەوان وا دیارە زۆریان لا مەبەست بوو بە زۆری زۆرداری پێمان بتەقێننەوە و پلان و نەخشەشیان بۆ کیشاوە، دوای دڵنیا بون لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی هاتبون بۆ لام گەیشتمە ئێرەو دوای زانینی تەواوی مەسەلەکان، زۆر مەسەلەی گرنگمان باسکردو چەندین هەنگاوی بە کەڵکیشمان مەیسەر کردو وامان کرد کە کاتێکی باش کەسب بکەین کە خۆتان دەزانن زۆرمان پێویست پێیەتی بۆ ئەرک و کارەکانی ئایندە.

ئێوە لەم سەفەرەی من بێدەنگ بن و قسەو گفتارتان وابێ کە بێ ئاگان لە من و لە سەفەرەکەم.

کە نزیک کەوتمەوە لەو ناوە لە گوندێکی نزیکەوە دەنێرم بە دواتانا بۆ کۆبونەوە وقسەکردن. دڵنیابن لە هەمو کارەکان کە سەرکەوتنی دواڕۆژی تیایە. چەندین مەرجی باشیشمان بە سەرا سەپاندن. دەرکەوت ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر من نیە و نەیان توانی هیچ بسەلمێنن.

ئەم نامەیەم بە پەلەیەو لەوە زیاترم پێ نانوسرێ

خۆشیتان

گەرمیان

٤/١٥

سەرنج لەسەر نامەکەی مەلا بەختیار

ئەڵقەکەمان کۆبوونەوەیەکی ســـازکرد، لە ســـەر ڕۆشـــنایی ئەو نامەیەی مەلا بەختیارو تۆندتربوونی هێرشـی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بۆ سـەر ئاڵای شـۆڕش، ئەم سەرنجانەمان هەبوو:

لەو نامەیەدا بە ئاشکرا دیارە :

١-سـەرنج و بۆچوونەکانی ئەڵقەی ئێمە بە هەند وەرنەگیراوە کە لە مانگی مارتدا بۆمان نوسیبوو. کە ڕای سێ هاوڕێی دەستەی دامەزرینەر بووە.

٢-ئێمە لە کۆتایی نۆڤەمبەری سـالی ١٩٨٤ وە، وەک ڕێکخراوەیەکی جیاواز بە ناوی ئاڵای شۆڕش خۆمان بە خەڵک ناساندبوو.

٣-خەڵک و یەکێتیش ئەو بڵاوکراوانەیان لەبەردەســـتدابوو کە بە ناوی ئاڵای شـۆڕشـەوە بڵاوکرابوونەوە، یەکێتی پێویستی بە بەڵگەی بوون و نەبوونی ئاڵای شۆڕش نەبوو. ڕاو بۆچوون و هەڵوێستەکانی لەبەردەستدابوو.

٤ -ئێمە لە مانەوەی بارەگای ناوەندی نوسەرانی ئاڵای شۆڕش لە ناوچەرگەی مەڵبەندی یەکدا، لە سەرەڕۆیی و بە کەمگرتنی دوژمنی چینایەتی و خۆشباوەڕی (کە دەبێ دووربێ لە کۆمۆنیســتەکانەوە)، هۆکارێکمان بۆ مانەوەی ئەوان لە وێ نەدەبینیەوە.

٥-لە کاتێکدا شاڵاوی ڕاگەیەندنەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش لە هەڵکشاندا بوو، چ بە نووسین، چ لە ڕێگەی ئێستگەکەیانەوە، (خۆیشی نووسیویەتی: ئەوان وا دیارە زۆریان لا مەبەست بوو بە زۆری زۆرداری پێمان بتەقێننەوە و پلان و نەخشـەشـیان بۆ کێشـاوە)! ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشـکرای دەسـتپێکردنی قۆناغی دووەمیان بوو، ئەویش دەستپێکردنی هێرش و پەلامارە بۆ سەر ئاڵای شۆڕش. ئیتر بە لە دەستدانی کات بۆ دوورکەوتنەوە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی کارەسات دەخولقا. (لە مانگی مارتیشـــدا) هەمان بۆچوونمان نووســـیبوو. کەچی مەلا بەختیار تازە نووسیبووی (کاتێکی باش کەسب بکەین!).

بەش بە حاڵی خۆم، من زۆر نیگەران بووم لە هەنگاوەکانی کارکردن، هەستم دەکرد دوودڵیەک لە جێبەجێکردنی بریارەکان و پشـــتگوێ خســـتنی ڕاکانی ئێمەدا هەیە و **بە دوو ئاقاری جیاوازدا کار دەکەین و دەمانبات.**

دوای گەڕانەوەی مەلا بەختیار لە ســـەرکردایەتی یەکێتی، بە نامەیەک ئاگاداری کردین بچین لە نزیک گوندی (وڵیان) یەکتر ببینین، بەم جۆرە نووسرابوو:

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ٢١ ی بەڕێز

سڵاوێکی کۆمۆنیستانەی گەرم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

من گەیشتوومەتەوە ماڵی خۆمان و گەڵێکم قسـەوباس پێ یە کە هەمویان باشـن و ســـوودی زۆریان لیوەردەگرین، بە ڕاســـتی هەر بە چاوپێکەوتن ئەو هەمو قســـانە ئەکرین و سەرئەنجامیان لێوەرئەگیرێ.

ڕۆژی ئەم یەک شەممەیە سەعات یەک تا دوو نیوەڕۆ لە سەر جادەی وولیان، پێش ئەوەی بگەنە وولیان لەسەر ڕێ چاوەڕێتآن ئەكەین بۆ قسەوباسێكی زۆرو هیوادارین ئێوەش دوای كۆبونەوەو تویژینەوەی وەزعەكە ڕای خۆتان بهێنن تا بتوانین نەخشەی لایەنی كەمی ئایندەی ئەركەكانمان جوان دیاری بكەین.

بە هیواشم نامێلكە تازەكە گەیشتبیتە هەموو ئەڵقەكان لە هەمو شارەكان دا. هەروەها بۆ یەكی ئایاریش ئەو پۆستەرە سازبدەن. بەڵام زۆر بە وریایی بلاوی بكەنەوە، من هەر ئەوەم پێباشە بخرێتە مالان نەک لەسەر دیواران هەڵواسرێن . چونكە ماڵان ئەمینترەو ئەشمینێ و باشیش لە ناوەڕۆكەكەی تێ ئەگەن. تەجروبەی تازەی جەماعەتەكەی بەهادین نوری زۆر تاڵ بوو. تكایە ئێوە بە هەمان هەڵەدا مەچن.

هاوڕێ یان

وەزعی یەكێتی هێشتا لە قۆڕە چەقیوەكەیان دەرنەهاتوون، هەر پەل كوتانیانە بۆ هەموو دیوەكان تا لایەک مسۆگەر بكەن، بەڵام دڵخواز هیچ لایەكیان پێ مسۆگەر نەكراوە، لەم بارەشەوە هەر لە دیداردا ئەدوێن.

دووبارە سڵاو

وا وێنەكەی هەولێرم نارد بە حەیدەردا بۆ هەویە كە

تەوابوو بۆی بنێرن.

وێنەی خۆشم نارد بۆ دەفتەر خدمە تكایە ناوی لەسەر مەنووسن

هاوڕێ ی دڵسۆزتان

گەرمیان

پێنج شەممە

١٩٨٥/٤/٢٥

ئەلقەكەی ئێمە كە پێكهاتبوو لە (عادل-سامی عبد، علاء كریم، جەلیل خلیل) ژمارە ٢١ ی درابوویە، هەر لە ڕۆژانی یەكەمەوە بریارماندابوو لەسەر هەردوو ئاستەكە (تیوری و مێژوویی) لە باری شۆڕشی ئۆكتۆبەرەوە دیراسەیەكی ڕەخنەگرانە بكەین، هەر جارەی بۆ كۆبونەوەی داهاتوو یەكێک لە بابەتە دیاریكراوەكان دیاری دەكرا بۆ هاوڕێ یەک تا كۆبونەوەی داهاتوو باس و شیكاری لەسەر بكات و دواتر وتوێژێكی ڕەخنەگرانەی لەسەر دەكرا. تا ئەو دەمە ئەو هاوڕییانە، لە هیچ كۆبونەوەو بینینێكدا باوەڕیكی جیاواز لە ماركسیزمی شۆڕشگێڕیان دەرنەبڕیبوو وە لەگەل تەواوی بریارەكانی ئاڵای شۆڕشدا هاوڕابوون.

كێشەی ڕۆنیۆو گیرانی هاوڕێ جەلیل

ئێوارەیەک هاوڕێ علاء هات ووتی ڕۆنیۆکە چاک کراوەتەوەو لە ماڵی هاوڕێ جەلیلە. یەکسەر وتم ئامادەبە دەچین ڕۆنیۆکە تاقیدەکەینەوە گەر باش بوو، سبەینێ دەیگوێزینەوە. من بە بۆنەی ڕۆژی کرێکارانی جیهانەوە بەیانێکم نووسیبۆوە لەسەر ستێنسڵ ئامادەم کردبوو بۆ (تاقیکردنەوەی ڕۆنیۆکە). پێکەوە لەگەڵ هاوڕێ علاء چووین بۆ ماڵی هاوڕێ جەلیل، کە لە دەرگاماندا چووینە ژوورەوە تەماشامکرد ڕۆنیۆکە لە پشت دەرگای ژوورە بچوکەکەیان دۆشەکڵەیەکی پیادرابوو، چەندوچوونم نەکرد، بە هاوکاری هاوڕێ جەلیل ستێنسڵەکەم لێبەست و خستمە کار. چەند سەد دانەیەکمان لە بەیانەکە ڕاکێشا، باش ئیشی کرد. تا ئەمانەمان ئەنجامدا بووە سەعات نزیکی یازدەی شەو، هاوڕێ علاء کە لەناو دەرگاکەدا وەستابوو لە پەسا دەیووت هاوڕێ شەو زۆر درەنگە پێویستە برۆین زۆر دواکەوتووین. منیش ووتم وەرە ستێنسڵ و کاغەزەکانمان لەگەڵ کۆکەرەوەو بیکە بە تووتی حەمامەکەدا. بە هەرسێکمان ژوورەکەمان پاککردەوەو ئاگرمان لە تووتی حەمامەکە بەردا. ڕۆنیۆکەمان لە پشتی دەرگاکەوە داناو دۆشەکڵەیەکمان دا بە سەریدا. بە هاوڕێ جەلیلم ووت بەیانی من دێم ڕۆنیۆکە دەگوێزمەوە. ئیتر لەگەڵ هاوڕێ علاء بەیانەکانمان هەڵگرت و هاتینە دەرەوەو ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵ. کات لە سەعات یازدەی شەو تێپەڕی بوو.

بەیانی زوو هاوڕێ علاء هات بۆ ماڵمان بە شەپرزەیی، ووتی ئەمشەوی ڕابوردوو هێزەکانی ڕژێم بۆ گرتنی کەس و کاری پێشمەرگە لە ناوشاردا داویانە بەسەر زۆر ماڵدا و گەڵێک کەس گیراون، یەکێک لەوانە ماڵی هاوڕی جەلیلە. بە ڕاستی لە ناخمدا داچڵەکیم، پرسیم بۆ هاوڕێ جەلیل کێی پێشمەرگەیە؟ ووتی ئەی حەیدەری لای مەلا بەختیار ژن برایەتی. پرسیم ڕۆنیۆکە یا هیچیتریان لە ماڵەکەدا گرتووە؟ ووتی خۆشبەختانە نەء. چونکە چوون و ئەویان گرتووەو بردووەو ڕۆیشتوون. بە بیستنی ئەوەی کە هیچ لە ماڵەکەدا نەگیراوە تا ببێتە بەڵگە بەسەر هاوڕێ جەلیلەوە بڕێک ئارام بوومەوە. چونکە دەمزانی هاوڕێ جەلیل قارەمانی زیندانە و دوژمن بەزێنە، هیچ نادرکێنی، بە هاوڕێ علائم ووت ئاگاداری ناجیەخانی هاوسەری هاوڕێ جەلیل بکە دەچم ڕۆنیۆکە دەگوێزمەوە. ووتی ووتویەتی مەگەر بەسەر دیواری نێوانی ماڵە دراوسێکەیانەوە. ووتم باشە من دەچم. تەکسیەکی خزمێکمانم بردبوو خۆم لێم دەخوڕی، ئاڵای کچیشم سوارکردبوو کە تەمەنی پێنج سالان بوو، لە کاتی خۆیدا لای ماڵە دراوسێکەیانەوە، ئۆتۆمۆبێلەکەم ڕاگرت و بە ئاڵای کچم ووت لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە بمێنەوە، بە هاوکاری ناجیەخان ڕۆنیۆکە کە خرابووە گوێنیەکەوە بەسەر دیواری نێوانی ئەوان و دراوسێکەیاندا گەیاندمانە حەوشەی ماڵە دراوسێکەو لەوێوە هێنامە دەرەوە و خستمە پشتی ئۆتۆمۆبێلەکەو سەرەتا گەیاندمە ماڵی خۆمان. ئێستا کە ئاوڕێک لەو ڕۆژگارە

تۆقێنەرانە دەدە مەوە كە شـــاری ســـولەیمانی بە ســـەدان مەفرەزەی تایبەتی ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات و جاش و جاسوسی كوردی تیا بڵاوبووبوەوە و بەو شێوە كارمان دەكرد سەرسامم كە بە زیندوویی ماوم.

قســـە قســـە بەدوای خۆیدا دێنێ. لە ســـەردەمی كۆمێتەی ســـەركردایەتی ناوخۆی كۆمەڵەدا، ڕۆژێک ســـــەلیم (دلێری ئەحمەد شـــــوكری) هات، (ئەودەم ئەو جێگەی هاوڕێ ســـەركەوتی (جمال تاهیر) گرتبۆوە) ووتی بیرێكت هەیە بۆ گواســـتنەوەی فەردەیەک لە بڵاوكراوەكـان، وتم گەر چـاری ترت نەبێـت بەڵێ. وتی بـابڕۆین بیانگوێزینەوە. چووم پیكابەكەی كارگەی شـــــەكری كەلەی ســـــەرچناری خەزورم (حاجی حەمە نوری حاجی عبدالله)م برد (بێ ئەوەی پرســـــی پێبكەم و ئاگادارێ) ئۆتۆمۆبێلەكەم هێناو ســـەلیم ســـواربوو، بەرەو ماڵەكانی ســـەرگردەكەی لای عەلی ناجی ڕۆیشـــتین. ســـەلیم فەردەیەک بڵاوكراوەی خســـتە پشـــتی ئۆتۆمۆبێلەكە، لە گەرانەوەمـاندا بە كۆڵانەكـاندا پێش ئەوەی بگەمە جـادە ســـــەرەكیەكە، لە دووڕەوە مەفرەزەی قوە خاصەم بینی لەسەر شەقامەكە وەستابوون و بڵاو بووبوونەوە، منیش لە ئاخر كۆڵاندا لامدا، ســـــەلیم ووتی چاكت كرد. بەڵام كۆڵانەكە دەرنەدەچوو، لە ناوەراســـتی كۆڵانەكەدا كارتۆنێک دانرابوو، بێ هیچ مەبەســـتێک وا ڕۆیشـــتم كارتۆنەكە كەوتە ناوڕاستی نێوان تایەكانەوە و لێمنەدا، لە پرێكدا لە دواوە تەقەیەک لە بنی ئۆتۆمۆبێلەكەوە بەرزبۆوە و مناڵێک لە ژێر كارتۆنەكە دەرپەڕی و ڕایكرد، ســـەلیم هاواریكرد ئەوەچی بوو، ســـەلیم دابەزی و رایكرد بە دوای مناڵەكەدا و بۆی نەئەگیرا، ژنێكیش كە لەبەردەرگا دانیشـــتبوو تەشـــی دەڕســـت و دایكی مناڵەكەبوو دەســـتیكرد بە هـاوارکردن، ئەی هـاوار منـاڵەكەمیـان كرد بە ژێرەوە، ســـــەلیم خیراچووە لای ژنەكەو ووتی خوشـــــكم كوڕەكەت نەبووە بە ژێرەوە و مەقیژێنە بەخوا كورەكەت دەڵێی ئاســـكە كێوییە رادەكات. من و ســـەلیم لە خەمی ئەودابووین مەفرەزەی قوە خاصـــەكە گوێیان لەو هەرایەبێت بە دەم قیژەی ژنەكەوە بێن. باشبوو سەلیم توانی قەناعەت بە ژنەكە بكات و بێدەنگی بكات. سەلیم ووتی قیژەی ئەو ژنە خەریک بوو ســـــەرمان بخوات. وتم گەر ســـــەری خۆمان بخوات كێشـــــە نییە ئێمە خۆمان مل لە چەقۆ دەسووین، بەڵام من خەمی خاوەنی ئۆتۆمۆبێلەكەمە كە ئاگای لە هیچ نییە و تووش بێت(ئۆتۆموبێلی كارگەی شـــەكری ســـەرچناربوو كە خاوەنەكەی- حاجی حەمە نوری حاجی عەبدوڵلا بوو). ووتی بەخوا ڕاســـــت دەكەیت، تا ئێمە گەڕاینەوە مەفرەزەكە ڕۆیشتبوو..

دوای گیرانی هاوڕێ (جەلیل خلیل) مەلا بەختیار نامەیەكی نارد، لە خاڵی ئەو كامەران ناوەدا ؟ من كامەران ناوم هەر نەدە ناســـــی و ئاگادارنیم كێ یە ؟ بەش بەحاڵی خۆم لەو خاڵەدا نازانم مەلا بەختیار باسی چی دەكات و بە ئاگاداری من ئەو كارە نەكراوە :

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە ٢١

سلاوێکی گەرم و ڕێزی هاوڕێ یانە

زۆر پێویستە چاووم پێتان بکەوێ یان بە یەکێکتان فرسەتێکی باشە ماڵی دکتۆر قادرلە سێو سێنانە و (ئەودەم بارەگای مەڵبەندی یەک لە سێو سێنان بوو-نووسەر) بە ناوی خزمایەتیەوە ئەتوانن مامۆستا و خێزانەکەی سەری بدەن.

زۆرم بیر لای هاوڕێ (جەلیل خەلیلە)ە و بە دڵنیایی نازانم بۆ بردوویانە بۆ ئەمن. هەرچەندە ئەو لەم بارەوە ئەزموونی باشی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەبێ ئێوە حەزەری خۆتان بکەن و من پێم باشە ئەگەر ئێوەش بی ئاگان لە هۆی بردنی بۆ ئەمن، شەوان خۆتان لە ماڵ نەخەوون.

خەبەرێکی سەیرم بیست لەسەر ڕۆنیۆکە کە لە ماڵی ئەواندا بووە، بە ڕاستی هەرچەندە ئەکەم ناتوانم ئەم کارە بە کاریکی هەڵە نەزانم . جگە لەوەش کامەران ناوێکتان هێناوەتە سەری، ووتوێتی ئەم ڕۆنیۆیە هی جەماعەتی (مەلا بەختیارە)و برادەرێ هەڕەشەی لێکردووە کە وانییە و قسەیش بکەیت ئەتکوژن ئیتر زۆر ترساوە.

سەفەرەکەم بۆ ئەولا بەرهەمی نەبوو، چونکە نەیان هێشت تەلەفۆن بکەم و کە بینیمن قسە ئەکەین.

ئێستا خەریکی نووسینی وتارەکانین وەرەنگە لە ١٠ ڕۆژی ئایندە تەواو ببێت. بە ئومێدم ئەو کەسەی ناردبووم ئیشەکەتان لەگەڵ ڕێک خستبێ بۆ شارەزایی لە چاپکردن.

تکایە بەم تەلەفۆنە(...) قسە لەگەڵ ماڵی خوشکم بکەن کە ناوی (دایکی ئەیاد) ئەصلا(.....) ناوەو لە هەولێرە. ماڵەکە کە تەلەفۆنیان هەیە ناوی کاک محمدە. داوای دایکی ئەیاد بکەن دێت و قسەتان لەگەڵ ئەکات.پێی بڵین بە زووترین کات بیتە لام بۆ ئەوەی نامەو هەواڵی پیا بنێرم بۆ هەولێر.*

بە دایکی ئەیاد بڵێن بەو ناونیشانە کە ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ ژن و پیاوێکی ترا هاتوتە تەکیەو من لەوی نەبووم تا باوەڕ بکات. تکایە بیرتان نەچی و گرنگە.

دووبارە ڕێزو چاوەڕێ ی

بە زوویی وەڵام

هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨٥/ ٥/١٥

بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی ئاڵای شۆڕش، جێگەی ڕەزامەندی هەموو ئەو خەڵکانە بوو کە دژی شەڕی ناوخۆ بوون و لەگەڵ یەکڕیزی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی

كوردا بوون، دژی خۆبەدەستەوەدان بوون بە بەعس، لەگەڵ بەرقەراربوونی ئازادی و دیموكراسی دا بوون. لە كاتێكدا كە دەبوو سەرانی یەكیتی بیر لە داخوازیەكانی خەڵك بكەنەوە لە هەوڵی پتەوكردنی ڕیزەكانی مالّی كوردا بن. كەچی وەك نەریتی هەمیشەییان هێرشێكی ڕاگەیاندنی بەربلاویان دەست پێ كردبوو دژی ئاڵای شۆڕش. تا دەهات هێرشەكانیان فراوانتر و شەڕەنگێزانەتر دەكرد. ئەوەش نەریتێكی یەكێتی نیشتمانی بوو لە پێش دەستپێكردن بە شاڵاوی چەكداری بۆ سەر ئەو لایە.

لە گەرمەی هێرشی ڕاگەیاندنەكانی یەكیتی دا هەندێ لە بەرپرسە باڵاكانیان سوێندی قورسیان خواردبوو كە ئەو بڵاوكراوانەی ئاڵای شۆڕش بەعس بۆیان چاپ دەكات. یەكێتی كە فێرە درۆ هەڵبەستن بوو. وای دەزانی چونكە بەیانی دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانی لە دیمەشق لە چاپخانەكانی موخابەراتی بەعسی سوری چاپ كرابوو بە عەرەبی، ئیتر لایەنیتریش وەك ئەوانن.

كۆبونەوەی فراوانی ئاڵای شۆڕش لە سێوسێنان- قەرەداخ

نامەیەكی مەلابەختیار بۆ مەبەستی بەشداری ئەو كۆبونەوەیە گەیشت بەم جۆرە نووسراوبوو :

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ٢١

سڵاوێكی گەرم

بە داخەوە كە هاتوون نەتان توانیوە من ئاگادار بكەن، ئەبوو یەكێ بنێرن بە دوای منا و من تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە مالّەوە بووم. بە هەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە بریاری بەستنی كۆبونەوەیەكمان داوە كە كادیرە ئەساسیەكانمان ئامادەبن. ئەو كۆبوونەوەیە لە شەوی پێنج شەممە لەسەر جومعەی هاتوو ئەیكەین، بۆیە تكایە هەردووكتان ئەبێ ئامادەبن و بۆ ئەو ڕۆژەش بە یەكەوەبن لە مالّی هاوڕێ علاء تا خەڵك بێت بە دواتاندا و بتان هێنێ بۆ شوێنی دیاریكراو. وەكو كۆنفرانسەكان سەرو قناعیش ئامادە بكەن.

ئەم كۆبونەوەیە بۆ باسكردنی چارەنووسی عەسكەری سیاسی و فیكری و ئایندەمانە كە زەرورەتێكی گرنگ خولقاندویەتی.

دەنگ و باسیش

یەكێتی لەگەڵ ئێران تا ئێستا هیچی نەكردووە و لەسەر بچوكترین خاڵ ڕێك نەكەوتوون. تا ئێستاش بە پێی بۆچوونی ئێمە هەوڵ لەگەڵ عێراق ئەدەن و لەم ڕۆژانەدا د. قاسملو چوەتە بەغاو دێتەوە بۆ لای سەركردایەتی یەكێتی تەنها بە مەبەستی هدنەش ڕۆیشتووە. ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ كە مەسەلەی یەكێتی چی بەسەردێت و كارەكانی ئێمەش زۆر ئاسان ئەكات. هیوادارین ئێوە حازربن و ئیتر لەوی هەموو شتێ باس ئەكەین.

خۆشیتان

هاوڕیتان
گەرمیان

تێبینی :
پێمان باشە هاوڕێ یەکی ئەمین و ووشیاری هەورامانیش بێت و ١٩٨٥/٥/٢٥بۆ کاتی دیاریکراو حازری بکەن.

هەڵسەنگاندنی نامەکەی مەلا بەختیار

لەگەڵ هاوڕی علاء زۆر لایەنی ئەو بریارەمان شـــیکردەوە، من تا دەهات لە بریارو هەڵوێســـتەکانی مەلابەختیار رەشـــبینتر دەبووم تا رادەی وازهێنان، ئەوان هێشتا وەکو ڕەوتێکی ناڕازی ناوکۆمەڵە ڕەفتاریان دەکرد و خۆیان بە رێکخراوێکی ســـەربەخۆ نەدەزانی! بە تایبەتی دوای ئەو ڕونکردەوەو ســـەرنجە درێژانەی بۆمان نووســی بوو، **وامان چاوەڕوان دەکرد بیەڕنەوە بۆ بەری ســووڕێن و ئەوێ بکەنە بنکەی ســـەرەکی بڵاوکردنەوە و کار، کەچی تازە بە تازە کۆبونەوەی فراوان لە ناوجەرگەی مەلبەندی یەکدا ســازدەکات!**. بریاری بەســتنی کۆبونەوەیەکی فراوانی بەو جۆرە گرنگ و مێژوویی لە سێوسێنان لە قەرەداخ و لە ناوجەرگەی (مەڵبەندی یەکدا) بە ســەرەڕۆیەکی منالانە دەهاتە پێش چاوم. دزەکردنی هەواڵی کۆبونەوەکە، یا بچوکترین گومان لای جەبارفەرمان و داروودەستەکەی مەڵبەندی یەک کارەساتی لێدەقەوما.

لەسەر پێشنیاری من هاوڕی علاء و هاوڕێیانی (هەورامان –هەلەبجە) نەهاتن، بریارماندا تەنها من بچم، وتم لە ڕووداتی هەرکارەساتیکدا با کەمترین کەسی ناوەوە تیابچێت.

من لە کاتی خۆیدا ئامادەبوم، بە ئۆتۆمۆبێلەکەی جەمال کە هاتووچۆی تەکیەی دەکرد کەوتمە ڕێ. پێش گەیشتن بە ئاوایی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداخ لەسەر ڕێگەکەدا دکتۆر قادر چاوەڕوانی دەکردم. لەوێدا دابەزیم و بە پێ لە گەڵیدا کەوتمە ڕێ بەرەو ئاوایی ســێوســینان. لە ناو ئاوایی بەچەند کۆڵانێکا ڕۆییشــتین و دواتر خۆمانکرد بە ماڵیکدا، (دواتر زانیم ماڵی عیماد ئەحمەد) بووە. بۆ کاتی دەســتپێکی کۆبونەوەکە من دەمامکم (ڕووپۆش) لەســەر نا. دڵنیام هاوڕێ یەکی تری ئەڵقەیەکی تری ســـوڵەیمانی لێبوو، ئەویش لە ســـوڵەیمانیەوە هاتبوو، دڵنیانیم بەڵام پێموابێت (هاوڕێ ســەردار- شــێخ فاتح) بوو. بێجگە لەو دوو هاوڕێیەی شــار، مەلابەختیار، ئاســۆ عەلی ، ڕوناک شــێخ جەناب، مامۆســتا پشــکۆ، شــێخ عەلی، عیماد ئەحمەد، مامۆســـتا موحســـن(خاڵی عیماد ئەحمەد). ئەوی بە بیری مندا بێت هەر ئەوەندە بەشـــداری ئەو کۆبونەوەیە بووین.هــاوڕێیــانی هەوڵێرنەیــانتوانی بەشـــداری کۆبونەوەکەبن!

لەو كۆبوونەوەدا تەواوی ئەو خاڵانەی لە كۆبوونەوەی دامەزراندنا بریارمان لەسەردابوو، لێرەدا بە تێروتەسەلی قسەیان لە بارەوە كرایەوە و(لە بەرنامەیەكدا) داڕێژرانەوە، لەوانەی لەوێدا ئامادەبوون كەسێك ڕایەكی پێچەوانەی لەسەر ڕێكخراوی سەربەخۆی كرێكاران و ڕێبازی دیموكراسی شۆڕشگێڕی نەبوو، تەنانەت لەسەر ئینتەرناسیۆنالێ وسۆڤیەتیش. بەڵام مەلابەختیار دوو پیشنیاریكرد گوایا بۆ ئەوەی بواری مونازەرە (بیروڕا ئاڵ وگۆركردن) لە گەڵ هەمو لایەنە چەپەكان فراوانتربێت و نەكرێتە بەهانەو بەربەست، ئەوا یەكەم : مەسەلەی بە سۆسیالیست نەناسینی سۆڤیەت، هەڵبگیرێت بۆ لێدوانی زیاتر و دواترلە كۆنفرانس دا یەكلا بكرێتەوە! دووەم : ئەو (بەرنامەیەی) لەسەری ڕێكەوتین لەو كۆبونەوەدا وەك (**پڕۆژەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش**) بناسرێت. تا بوار بۆ زۆرترینی چەپەكان فراوانتربێت بۆ لێدوان و (مناظرة- بیروڕا ئاڵ وگۆركردن) لەسەری. كە بە لای منەوە (پڕۆژەی بەرنامەكەی) لەسەری ڕێكەوتین گرنگترین خاڵی كۆبونەوەكە بوو. لە باری ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش چەند ناوێك پێشنیاركرا (ئاڵای كۆمۆنیزم- ئاڵای زەحمەتكێشان- ئاڵای شۆڕش). من خۆم لەگەڵ ناوی ئاڵای شۆڕش بووم، دواتریش (ژمارە یەكی) ئۆرگانی ئاڵا بە ناوی ئاڵای شۆڕش دەرچوو. لەباری ڕێكخراوەییەوە بریارماندا ڕیزەكانی ڕێكخستنەكانمان لە شێوەی ئەڵقەكاندا بمێننەوە وبەو شێوەیە درێژەی پێبدرێت. تا ئەودەم ، ئەڵقە ڕۆشنبیرییەكانی شارەكان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەو هاوڕێیانەوە دەمایەوە كە ڕێكیان خستبوون. واتە كۆمێتەو ڕێكخراو كەرت و شانە سەرەكی و هتد هێشتا بوونی نەبوو. ئەڵقەكان تازە دەستیان بە دیراسەكردبوو. سەرەتای قۆناغی پەروەردەی كادری هوشیاربوو. كاری سەرەكی پەروەردەی فكری و دیراسەت بۆ پێگەیاندنی كادری پێویست بوو. هەربۆیە دەستەیەك هەڵبژێردرا بە ناوی (ناوەندی نووسەران) بۆ سەرپەرشتی كاری فكری و لێكۆڵینەوە. نەك ناوەند بە مانا ڕێكخراوەییەكەی وەكو كۆمەڵە. ئەندامانی (ناوەندی نووسەران) بریتی بوون لە پێنج كەس كە دەستەبژێری مەلابەختیار خۆی بوون : مەلا بەختیار، مامۆستا موحسن، شێخ عەلی، مامۆستا پشكۆ، (حاجی مەمۆ بە نهێنی ڕێناس)، كە خۆی ئامادەی كۆبونەوەكە نەبوو، لە لایەن مەلا بەختیارەوە پاڵێورا. لە وەڵامی پرسیارێكیشدا كە لە مەلابەختیاركرا، ئایا (هاوڕێ ڕێناس - حاجی مەمۆ) كە خۆی ئامادە نییە، كێ دەڵێت قبوڵی ئەم ڕێبازە فكرییە دەكات ؟ مەلا بەختیار ووتی ئەو تا ئێستا لەسەر مەسەلە فیكری و ڕێكخراوەییەكانی ئاڵا ڕەخنەو نارەزایەتی نەبووە. تەنها لە سەر هەڵەی چاپ سەرنجی هەبووە. لە ساڵەكانی دواییدا (١٩٨٩)لە نامەیەكدا كە مەلا بەختیار دوای ئازادبوونی لە زیندانی یەكێتی نیشتمانی لە سەقزەوە بۆ منی نووسی بوو بۆ هۆڵەندا ئەوەی سەلماندە وە. بەوجۆرە كۆتایی بە كۆبوونەوەكە هێنرا.

کاری پۆپۆلیستی

پێویستە ئەوەبڵێم (*تا ئەو ساتە*) و لەو کەسانەی بەشداری ئەو کۆبونەوەیە بوون کەسـی جاسـوسـی تاڵەبانی تیا نەبوو. ئەگینا بچووکترین هەواڵ لە باری کۆبوونەوەکەوە کە لە ناوجەرگەی مەڵبەندی یەکدا لە گوندی (سێوسێنانی –قەرەداخ) گیرا کە بەرپرسەکەی جەبارفەرمان بوو بە کارەسات تەواو دەبوو. بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە لەوێدا هەڵەو بریارێکی هەرزەکارانەی حساب بۆ نەکراو بوو. نە ناسینی بەرامبەر(یەکێتی)بوو. ئەوەی دەرخست کە هێشتا خۆشباوەڕی یەکی زۆر هەیە بە یەکێتی.

ڕۆژی دوای تەواوبوونی کۆبونەوەکەی (گوندی سیوسینان- قەرەداخ) لەگەڵ هاوڕێکەیتری بەشداربووی کۆبونەوەکەدا لە ڕێگەی دەربەندیخانەوە گەڕاینەوە بۆ سولەیمانی و هەموو باسەکانم بۆ هاوڕێ علاء گێڕایەوە، هاوڕێ جەلیل هێشتا لە زیندانی بەعسدابوو.

لە باربردنی ڕێکخستنە(مارکسی یە شۆڕشگێری) یەکە

کۆبونەوەکەی سێوسینان لای خۆم و هاوڕێیانی ناویشەوە ڕەخنەو سەرنجی زۆری لەسەربوو. بەڵام (دواتر دەرکەوت) لە ناو ئەندامانی ئەو ناوەندی نوسەرانەدا کەسانێک هەبوون کە هێشتا لە سەر لایەنە فکری و ڕێکخراوەیی یەکە دوو دڵ و ڕاران وساغ نەبوونەتەوە. گەرایەکی ترسناک بوو لە سەرەتای دەستپێکی کارەکەدا و نیشانەی باش دیارینەکردن و باش هەڵنەسەنگاندنی کادرەکانی ناوەندی نوسەران بوو، لە لایەن مەلابەختیارەوە، کە یەکێک لە هۆکانی ڕودانی گرتنی بەشێ زۆری ناوەندی نووسەران بوو..

گەورەترین هەڵەی ڕێکخراوەیی

گەورەترین هەڵەی ڕێکخراوەیی ئەو ساتەی ئەو کۆبۆنەوەیەی ناوجەرگەی مەڵبەندی یەك لە سێوسێنان، کە دواتر بە کارەساتی پەلاماری یەکیتی نیشتمانی بۆسەر ئالای شۆڕش و (لە باربردنی) دروستبوونی ڕێکخراوە مارکسی یە شۆڕشگێڕەکە تەواوبوو:

١-دیاریكردنی ناوەندی نوسەران بەو جۆرە و لەو كۆبونەوەدا لە كەسانێک كە ساغ نەبووبوونەوە لەسەر لایەنە فكری و رێكخراوەیی یەكە. (ئەگینا چۆن كەسانێكی "ناوەندی نوسەران"! هەر چەند هەفتەیەک دواتر! دوای ئەوەی (دلێری سەید مجید) دەیانبات بۆ بینینی تاڵەبانی! خۆیان وتەنی تووشی نائومێدی و بێ هیوایی دەبن!) بروانە لاپەڕە 236 ئەزمون و یاد، م.پشكۆ دەلێت : (ئێمە لە دڵەراوكێ یەكی زۆردا دەژیاین و م.موحسن زیاتر رەش بین بوو. دیارە. منیش كەمتر نیگەران و رەش بین نەبووم. بەڵام كەسێک بووم زیاتر لەسەر(هەست وسۆز كارم دەكرد)، (پاشگەزبوونەوەو دەستبەرداربوونی برادەرەكانم پێ قووت نەدەچوو).. (ئێمە لە ناوەوە، بە خۆشمەوە كە بەشداری ئەو كۆبونەوەیەی سێوسێنان بووم، وامانەزانی، كەسانێک دیاریكراون لە ڕووی بیرو كردارەوە هاوڕان! بەو شتانەمان نەدەزانی كە لە نێوان ناوەندی نوسەران دا هەبووە).

٢-دانانی كەسی دیكەش لە ناوەندی نوسەران، بێ ئەوەی لە ڕووی فكریەوە هاوبیرت بێت! بە پێی ئەو نامەیەی هەر چەند هەفتەیەک(لە دوای چوونەكەی هاوڕێ شێخ عەلی بۆ هەولێر) كادرێكی بەشێكی رێكخستنی هەولێر (بە نهێنی...) بۆ حاجی مەمۆی نووسی بوو، دەردەكەوێت، نەک لە ڕووی فكری بەڵكو لە ڕووی رێكخراوەییشەوە چەند جیاوازن، لەو بیرو رێبازو رێكخراوە مارکسی یە شۆڕشگێڕەی ئێمە دەمانویست دایمەزرێنین.

٣-ئەو هەنگاو و هەڵانەی سەرەتا، بۆ رێكخراوەیەكی پۆپۆلیستی دەشیا نەک بۆ رێكخراوەیەكی مارکسیستی شۆڕشگێڕ. كە لانیكەم دەبوو رێبەرانی لە ڕووی فكری و رێكخراوەییەوە ساغ بووبنەوە و یەک دڵ و یەک دەست كار بكەن.

٤-دوودڵی و ڕاڕایی ئەندامانی ناوەندی نووسەران لەسەر جێبەجێكردنی بریارەكانی دەستەی دامەزرێنەرو كۆبونەوەكەی سێوسێنان هۆیەكی سەرەكی تری كەوتنە تەپكەی كۆمەڵە كوژەكانەوەبوو، كە بە گرتنی سێ لە ئەندامانی ناوەندی نووسەران تەواو بوو. وە بووە مایەی هەر بە كۆرپەیی **لە باربردنی** رێكخراوە كرێكاری یەكە.

٥- پشتگوێخستنی وریاكردنەوەكان و ڕاكانی ئەندامانی دەستەی دامەزرینەری ئەڵقەی ٢١ و شوێنكەوتنی ئامۆژگاری ڕاوێژكارانی تاڵەبانی، وەک لە نامەكەی مەلا بەختیاردا دەردەكەێت كە بۆ ئەڵقەكەی نووسی بوو پێشتر، بە تایبەت دوای دەست لە كاركیشانەوەی مامۆستا موحسن، یەكێكیتری هۆكارەكانی لە باربردنی ئاڵای شۆڕش بوو هەر لەسەرەتاوە.

٦-لە باتی گرنگیدان بە ئەركە سەرەكی یەكە (كە لایەنی پەروەردەی كادری هوشیارە)، رێک وەكو دەمی ڕەوتەكەی پێشووی ناو كۆمەڵە كاریان دەكرد و

هەمووكارەكە لەسەر لایەنە سیاسی یەكە چڕكرابوەوە..لەوە شدا ئامادەی دەست بەردان نەبوون لە یەكیتی.

۷- **شكستی ڕێكخراوەیی ئەنجامی بریاری سیاسی هەڵەیە**. نیشانەی خراپ تێگەیشتن و خراپ خوێندنەوەی دوژمنە چینایەتیەكەیە، كەڵك وەرنەگرتن و فێرنەبوونە لە مێژووی نزیكی شاڵاوو پەلامارێ نیك بۆ سەر بزوتنەوە. خۆشباوەڕی بوو بە یەكێتی كە لە دروستبوونیەوە كاری بۆ تواندنەوەی بزوتنەوەو كۆمەڵە دەكرد لە ناو یەكێتی دا، نیشانەیەكیتری نە ناسینی تەواوی نەیارە سیاسیەكەیەو، هۆكارێكیتری لە باربردنی ئاڵای شۆڕش بوو لە ڕۆژانی یەكەمیەوە.

۸-ناوەندی نوسەران بە جۆرێك قسەو ڕەفتاریان دەكرد وەك هێشتا ڕەوتێك بن لەناو كۆمەڵەو یەكێتی دا، نەك وەك ڕێكخراوەیەكی سەربەخۆو خاوەن فكرو ئایدۆلۆژی وسیاسی و ڕێكخراوەیی جیاواز. ئەو خاڵە بە ئاسانی دەتوانرێت لە نامەكانی مەلابەختیارو نوسینەكانی مامۆستا پشكۆدا ببینرێت، كاتێك باس لە (خۆطرح كردن)! دەكەن.

لەو دەمانەدا نامەیەكی مەلابەختیارم پێگەیشت بە مجۆرە نوسرابوو:

هاوڕێ ی تێكۆشەر سامی عبد

سڵاوێكی گەرم و ڕێزمان بۆ هاوڕێ یان هەیە، وا نوسینەكان تەواو بون و تكایە بە جوانترین شێوە لە كوراسێكی تایبەتدا بەو شێوەیەی بەرگ و ناوەرۆك و كۆتایی یەكەیمان دیاری كردووە لە چاپ بدەن.

هەوڵبدەن لە چاپ كردندا، لە ڕاكیشاندا كەمترین هەڵە بكەن. بەرگی كوراسەكە بە پیتی گەورە لە بازارا پیتی گەورەی خەتاتی لە مەكتەبەكان هەیە پێم وایە پێ ی ئەڵێن (لیدراسۆن). ئەگەر ئەوە نەبوو، خۆش نووسێكی زۆر باش بدۆزنەوە كە عنوانی مقالەكان و بەرگی نامێلكەكە بنوسێ بە حەرفیكی تا ڕادەیەك گەورەو جوان. ئەگەر تایپێستان لا نیە. زوو وەڵامم لێ بگێرە تا بۆتان بنێرم . جا تكایە هیمەت بكەن و زوو بیهێننە بەرهەم.

دەنگ و باسیش . د.قاسملو كەوتۆتە نیوان و سەركردایەتی یەكێتی ئامادەیە بۆ (هدنە) هەنگاوی باشیان ناوەو ڕەنگە بگەنە ئەنجام. خۆشیتان هیوامە. هاوڕێتان

گەرمیان

۱۹۸٥/٦/۱۱

دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری كۆمەڵە، دەستی كردبوو بە بڵاوكردنەوەی زنجیرەیەك وتار دژی ئاڵای شۆڕش و بزوتنەوەی كۆمۆنیستی لە گوڤاری كۆمەڵەیاندا لە ژێر ناوی (بان چەپ). مەلا بەختیار لە ژێر سەردێڕی (دژایەتی

بانچەپ یا بزوتنەوەی کۆمۆنیستی؟) وەڵامی دانەوە. وەڵامەکەی مەلا بەختیار دیارە کە زۆر مەنتقی و بەهێزتربوو، بووە مایەی زیاتر تووڕەکردنی سەرانی یەکێتی. سەیر بوو سەرانی یەکێتی و سکرتیری کۆمەڵە لە لایەک باوەرنەبوونیان بە مارکسیزم چەند پات دەکردەوە "نەک لە پەنادا" بەڵکو بە ئاشکرا، کەچی لەولاشەوە بۆ فریودان و هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤی سادەو ساوێلکە باسی چەپ بوونیان دەکرد! ئەوە ئەو ڕێگایە بوو سکرتێری کۆمەڵەو تاڵەبانی گرتبوویانە بەر بۆ لە گۆڕنانی کۆمەڵە. بۆ چەواشەکاری خەڵکی سادە باسی چەپ و ڕیکخراوی چەپیان دەکرد و بە کردەوەش ڕۆژانە کۆمەڵەیان بەرەو لەگۆڕنان دەبرد. بەڵام ئەوانەی چاوێلکەی ئەوانی لەچاوکردبوو، تەنانەت لە ناو دەستەی نوسەرانی ئاڵای شۆڕشدا، ڕاستی کارەساتەکەی کە بەڕێوەبوو نەدەدی.

بە ئاگاداری و ڕەزامەندی جلال تاڵەبانی! مەلا بەختیار چوو بۆ تاران ی پایتەختی ئێران بۆ بینینی سالار عزیزو مامۆستا جەعفەر کە تا ئەو کاتە هەر بە ناوی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران کوردستان-عیراق) دژی یەکێتی نیشتمانی بلاوکراوەیان دەنووسی و پەیوەندیان بە دەوڵەتانی لیبیا، سوریا، ئێران، کردبوو. ڕێکخستنی ئەو دیدارە بە حسابی تاڵەبانی بۆ هێنانەوەی ئەوانەبوو...بە حسابی مەلابەختیاریش کە بە ئێمەی وتبوو، بۆ ئاڵ وگۆڕکردنی بیروڕاو دارشتنی بەرنامەیەکی (کاری هاوبەش) بوو لە گەڵیان. ئەو دیدارە هیچی لێ سەوز نەبوو. چونکە لە دوو جیهانبینی و فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی جیاوازەوە بۆ کارەکە دەڕوانرا. هەرچی سالار عەزیز بو بڕوای بەبیرو ڕێکخراوەی مارکسیزمی شۆڕشگێر نەبوو، ئەو تەنها لایەنە سیاسیەکەی دەبینی، ڕای وابوو دەم و دەست هێزی چەکدار جیابکرێتەوە لە یەکێتی، چونکە وای لە ئەحزابەکانی جودو ئێران و سوریاو لیبیا گەیاندبوو کە ئەو ڕێکخستنانەی ناوەوە سەر بەون و جیابوونەوەی چەکداری نزیکە و لە ئان و ساتدایە، هەرکاتێک ئەو بریار بدات!. لە کاتێکدا سالارعزیز ڕێکخستنی لە ناوەوەی کوردستان نەبوو. بە مەلا بەختیاریشی وتبوو کە پەیمانی وەرگرتنی (چەک و پارەی!)لەو لایەنانە وەرگرتووە و چاوەڕوانی جیابونەوە چەکداریەکەیە..

مەلابەختیار وەک خۆی بۆی گێرامەوە و بە نوسینیش بۆی نوسیم، پابەندی بریارەکانی دەستەی دامەزرینەر بووەو لەسەر ڕۆشنایی ئەوە لەگەڵیان دواوەو بە ڕوونی پێی ووتوون کە ئێمە لە گەل جیابونەوەی هێزی چەکداردا نین..کۆبونەوەکە بە هۆی بۆچوونی جیاوازی فکری، ئایدۆلۆژی، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی ،لەگەڵ سالاعزیز بە ڕێکەوتن ناگات. کاتێک مامۆستا جەعفەر دەبینێت ئەودووانە چەند لەیەک دوورن(کە دیارە پێشتر سالار عەزیز شتیکیتری پێ وتووە)، دواتر ئێران جی دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا.

كۆبونەوەكەی تاران

دوای گەڕانەوەی مەلا بەختیار لە تاران ئەم نامەیەی نارد:

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە (٢١)تێكۆشەر

سـلاوێكی گەرم و ڕێزی هاوڕێ یانەمان هەیە و هیوای سـەركەوتنتان بۆ ئەخوازین.

چەند ڕۆژێكە گەڕاومەتەوە و داخەكەم وەزعی شار خراپ بوو، بۆیە نەم توانی لە ڕێ ی شارەوە بگەڕێمەوە و بتان بینم . سەفەرەكەم سەرجەم سودمەندبوو، توانیم ئەو هاوڕی یانە لە تاران ببینم و بە دوورو درێژی قسەمان كردو مەسەلە دەرەكی و ناوەكیەكانمان باسكردو پێكەوەمان سازاندن.

ئەوان سێ مەسەلەیان لا مەبەست بوو.

A-چوونە ناو بەرەی جود.

B- دەست بەجێ جیابونەوەی هێزی پێشمەرگە.

C- دامەزراندنی بنكە لەگەڵ جودا.

دیارە هەرسێ ئەم مەسەلانە پێچەوانەی بریارەكانی یەكەمین كۆبونەوەی خۆمان بوو. بۆیە دوای مشت ومڕێكی دووروو درێژ گەیشتینە ئەو سەرئەنجامەی ئەو سێ مەسـەلەیە ناكرێ و ئەوانیش ئەبێ كارەكانیان لە تەك كارەكانی ئێمەدا جووت كەن و بگرە لە خزمەتی هینەكانی ئیمەدا بیانخەنەگەڕ. جارێ ئەوان لە شـارەكانی ئێراندا ئەمێننەوەو جم و جوڵی سیاسی خۆیان دریژە ئەدەنێ تا بە لایەكا كەوتنی وەزعی ناو وولات.

لە دەرەوەدا ئەوان هەنگاوی گەورەو پەیوەندی باشـیان ناوەو دروسـت كردووە. لە تەك سـوریا- لیبیا- ئیران- و تەواوی حزبە عیراقیەكـان، فەلەسـتینیەكـان و زەمانەتی یارمەتی و پشـتگیریان لێوەرگرتوون. كورتیەكەی ئێمە كاروبارەكانمان تەنسـیق كردووەو بە هیواین بتوانین لە ناو وڵاتیشـدا سـەركەوتووبین و ئامانجی پاشەڕۆژمان بەدی بهینین.

- وا هەندێ پێویسـتی چاپەمەنیمـان كڕیوە بۆ پیت و مەقەسـتی بڕین ئەو مەسـەلانە، تكایە بە ووردی بەكاریان بهێنن و عنوانی ووتارەكان بە پێ ی پێویسـت پێیان بنووسن.

-لە هەمو لایەكەوە نـامەو داخوازی ئەوە هـاتووە كە نـاوی گوڤـارەكە لە ئـاڵای كۆمۆنیزمەوە بگۆڕین بە ئاڵای زەحمەتكێشان. دەستەی نووسـەران(جگە لە هاوڕێ یەك) وە چەند كـادریكی كۆبونەوەكە ئەوانەیـان دیومـانن ڕازی بوین، تكـایە ئەمە لەبەر جیابونەوەو هەندی هۆی سـیاسـی تایبەتە كە ڕەنگە تا كۆنفرانسـی یەكەم

بخایەنی و ئەوكاتە ئیتر خۆ ئەگرین و سەربەخۆ ئەبین و سەربەستانە بریاری هەموو مەسەلەكان ئەدەین. تكایە فریای چاپەكە بكەون و ناوەكە بە ئاڵای زەحمەتكێشان بنووسن.

هدنە/ سەركردایەتی یەكیتی بە هدنە ڕازی بون و مەرجەكانی ڕژێمیان قبوڵ كرد. بەڵام ڕژێم وەڵامی نەداونەتەوەو ئەوانیش بایان داوەتەوە لای ئێران و وەفدیان ناردوە بۆ ئەوێ.

بە ڕاستی مەسەلەی چاپكردنی بریارەكان زۆر دواكەوت، ئەگەر تەواوتان نەكردووە، فریاكەون و لەم چەند ڕۆژەدا تەواویان كەن و هەوڵئەدەین لەمەو دوا لای خۆمانەوە شت تایپ كەین و بۆتان بنێرین و ڕایكێشن.

هیوادارین ئیتر ئێوەش پتر هەڵسوڕێن و بجوڵین. هاوڕێیان هاندەن كە ئەڵقە دراسیەكان چڕتر دراسەبكەن، زیادی بكەن.

بریاربوو تەلەفزیۆن بنێرن نەگەیشت. تكایە وا بڵاوە كە دوژمن ئابڵۆقەی ئابووری بەسەر ناوچەكەمان فەرز ئەكات و پێویستیمان بە هەندێ ئازوقە هەیە و وابكەن لەم بارەوە هەمو هاوڕێ یەك ئازوقەی هەمە چەشنە بكڕێ و بۆمان بنێرن، ئەمەیان دوا نەخەن چونكە لە برسا ئەمرین! دوایی هیچمان فریا ناكەوێ.

خۆشیتان هیوامانە

تكایە ٧/١٧ سی شەممە پاش نیوەڕۆ

لە نزیك دێ ی وولیان چاوەڕێتان ئەكەم بۆ

زیاتر قسەكردن و لێك تێگەیشتن

هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨٥/٧/١٣

ئەوەی سەرنجی ڕادەكێشام باسی فراوانی ئەو هەموو پەیوەندیانەیە لە نامەكەی مەلا بەختیاردا كە سالار عزیز كردوویەتی بە جودو دەوڵەتانەوە ! بێ ئەوەی هێشتا ئەو لە لایەنی خۆیەوە توانییێتی هەڵسێت بە پەیداكردنی ڕۆنێوێەك یا تایپێك بۆ ڕێكخستنەكانی شارەكان؟ ئەو (سێ) مەرجەی سالاریش(١-چوونە ناو جود! ٢- جیاكردنەوەی هێزی چەكدار.٣- دامەزراندنی بنكە لەگەڵ جود) وەك مەرجەكەی تاڵەبانی وایە كە داینابوو بۆ قیادەی موەقەتە بۆ چوونە (جوقد)، ئەوانەو گەلێك پرسیاریتر بێ وەڵام بوون..

لەو ماوانەدا بۆ ماوەی نزیكەی مانگێك هاوڕێ ڕێناس(حاجی مەمۆ) لە هەولێرەوە بە نهێنی هاتبووە ماڵی ئێمە لە سولەیمانی ، ئێمە پەیوەندیەكانیمان بۆ سازدەكرد لەگەڵ مەلابەختیاردا. باش بیرم نیە جارێك یا زیاتر بردمان بۆ بینینی مەلا بەختیار لە بەری قەرەداخ و چاویان بەیەك كەوت. لەو ماوەیەی لە ماڵی ئێمەدا

هەواڵنامەی كتێب

مایەوە و لەو قسەو باسە سیاسی و فکریانەی دەهاتنە پێش، هەستم بە بوونی ڕای جیاواز نەکرد پێچەوانەی فکری مارکسیزمی شۆڕشگێر، دواتر کە ئەو نامەو شتانەم بینی سەرسام بووم.
ئەم نامەیەشم لە ١٩٨٥ /٧/٢٩ بەدەست گەیشت:

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە ٢١ ی تیکۆشەر
سڵاوێکی گەرم و خۆشیتان هیوامانە
بڵاوکراوەکە گەیشت و زۆر شتێکی ناشیرینە و هەرچەندە ئێوە هەر هێندەی لێ ئەزانن بەڵام بە ڕاستی ڕووی بڵاوکردنەوەی نیە. بۆیە تکایە تەنها دایان بەشێننە سەر ئەڵقەکان و لێشیان وەرگرنەوە. دەستنوسەکەش بنێرنەوە تا بتوانین بە زووترین کات لە ڕێ یەکی تردە چاپی بکەن.
دەنگ و باسیش..وەفدی یەکیتی لە ئیران فەشەلی هێناو هەر وەڵامیشیان نەداونەتەوە و پێش بینی خۆمان لە مەشا ڕاست دەرچوو کە حکومەتی ئێرانیش وەکو عێراق ئەیەوێ یەکێتی بگوشی و دەستەمۆی بکات.
ئێستا هدنەی گەرم کەوتۆتەوە ئاراو خەریکن و لەم چەند ڕۆژەدا ڕەنگە ئەنجام دەرکەوێ(ئەگەر تا نووسینی نامەکە نەبڕابێتەوە) بە هدنە کردن و ئەنجام دەرکەوتنی بە ڕاستی قازانجیکی زۆر ئەکەین و ئایندەمان لا ڕۆشن ئەبێ. هیوادارین ئێوە بە نەخشەوە ئەوە بڵاو بکەنەوە کە هدنە چەند خراپە و دژی شۆڕش و میللەتەو لە قازانجی حکومەتە، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو چارەنووسی سیاسی مەسەلەکانی خۆمانی پێوە بەندن.
خۆشتان ئەبێ ئیتر زیاتر هانی ئەڵقەکان بدەن کە پتر بجوڵێین و کەسانی ووشیار کۆ بکەنەوە، نابێ سستی بنوێنن بە ڕاستی هەلەکە زۆر لە بارەو لە دەست نەدرێ باشە.
وا هەڵگری نامە ئەتوانێ ئەدرەسی هاوڕێ (ئاریتان) پیشان بدات و شوێنەکەشی ئەزانێ. تکایە بیکەنە ئەندامی ئەڵقە سەرەکێکەتان و کۆبونەوەی لە گەڵا سازبدەن وهانی بدەن بە ئیش کردن. ناوبراو دوای گرتنی مامۆستا تا ئێستا پەیوەندی ڕەسمی پساوە. هاوڕێ یەکی دڵسۆزو باش و ئەمین و ئیش کەرە.
تکایە هاوڕێ (سامی) ئیتر پەیوەندی بە هاوڕێ یانی (شەهاب) وە بپسێنێ و بە ڕەسمی ئەوەمان نەماو هەرگیز هاتووچۆیان نەکات.
سێ ژمارە لەو نووسینە بدەن بە هەڵگری نامە تا بیگەیەنێتە ئەڵقەیەکی دیکە.
دووبارە ڕیزو خۆشیتان هاوڕێتان

گەرمیان
١٩٨٥/٧/٢٩

بەو جۆرە من پەیوەندیم پچڕی لە كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشان.

دلیری ســـەید مەجید كە ســـەرچاوەی هەواڵ و چاوو گوێ ی تاڵەبانی بوو وە كۆبونەوەكانی بۆ تاڵەبانی ڕێك دەخست؟ مامۆستا موحسین و مامۆستا پشكۆی بۆ كۆبونەوەیەك لەگەڵ تاڵەبانی سازكردبوو (بڕوانە كتێبی ئەزمون و یادی مامۆستا پشكۆ. لاپەڕە 232)نووسیویەتی : دلێر گوتی: مامجەلال دەیەوێت م.موحسین و تۆ ببینێت و لە مەڕ ئەم دۆخەی ئێستا و كێشەكانی نێو كۆمەڵە و یەكێتی قسەتان لەگەڵ بكات....)! دوای دانیشتن لەگەڵ مامۆستا موحسین و مامۆستا پشكۆ، تاڵەبانی توانی بووی بچێتە بنكەلیشـــەی هەندێ لە ئەندامانی ناوەندی نووســـەران، تا دواتر بە وازهێنانی مامۆستا موحسن لە ئاڵای شۆڕش تەواوبوو. ئەو برادەرانە لە باوەڕی كوێرانەیان بە دلێری ســـەید مجید لە خۆیان نەپرســـی بوو، ئایا تاڵەبانی لەناو ئەو هەموو ئەندامانەی سەركردایەتیەی خۆیدا (بۆ ئەو دوو ئەندامەی ناوەندی نووسەرانی ئاڵای شـــۆڕشـــی دەســـت نیشـــان كردووە؟ بۆ ڕاوێژكردن پێیان، كە هیچیان نە سەركردایەتی كۆمەڵەو نە یەكێتی نیشتمانی بوون!.)

هاتنی شێخ علی بۆ سلێمانی و هەولێر

شـــێخ عەلی(شـــاخەوان) وەك ئەندامی دەســـتەی نووســـەران ماوەیەك دوای كۆبونەوە فراوانەكە هاتە سولەیمانی و چەند ڕۆژێك لە ماڵی ئێمە بە نهێنی مایەوە، زۆر لەســـەر لایەنە فكریەكـــان و ڕێكخراوەیی و زەرورەتی پەلەكردن لە گواســـتنەوەیان بۆ چیای ســـورێن لە ســـەر ســـنوری ئێران دواین. من زۆر ڕێزم بۆ هاوڕی شێخ عەلی هەبوو، زۆر ڕێزی خەبات و قوربانی دانی خۆی و خانەوادەكەیم دەگرت، بەڵام ئەوە یەكەمجار بوو لە نزیكەوە قســـەی لەگەڵ بكەم وكاری ســـیاســـی لەگەڵ بكەم. لە باســـی چاپخانەكە بۆی من هەڵەیەكی زۆر گەورەم كرد، ئەویش ئەوەبوو، گەرچی شـــێخ عەلی ئەندامی ناوەندی نوســـەرانی ئاڵای شـــۆڕشـــیش بوو نەدەبوو باســـی ســـەرچاوەی پەیداكردنی چاپخانەو كیشـــەی ڕۆنیۆم بۆ باس بكردایە. شـــێخ عەلی ئەندامی دەســـتەی نوســـەران بوو، هەربۆیە لە وەڵامی پرســـیاری ئەودا ســـەبارەت ســـەرچاوەی ئامێری چاپەكان لای شـــێخ عەلی دركاندم كە ئێمە ئامێری چاپمان لە كۆمەڵەی شـــۆڕشـــگێڕی زەحمەتكێشـــان دەســـتكەوتووەو كیشـــەمان لەگەڵ ڕۆنیۆكە هەیە. دواتر كاتێك شـــێخ عەلی گەرابوەوە تەكیە بە مامۆســـتا پشـــكۆی وتبوو، گلەییشی لە مەلا بەختیار كردبوو كە بۆ لەوانی شاردۆتەوە، مەلا بەختیاریش بە نامەیەك ڕەخنەی توندی خۆی لێگرتم، كە لە شوێنی خۆیدا بوو..

شـــێخ عەلی دەیویســـت بچێت بۆ ســـەردانی ئەڵقەكانی هەولێر، بارودۆخەكە زۆر مەترسیداربوو، لەبەر ئەوە بریارمدا خۆم ببیەم بۆ هەولێر، ئەو پێناسەیەكی عێراقی پێبوو، ئۆتۆمۆبێلكم لە ناســـیاویكم وەرگرت و لە ڕێگەی دوكانەوە كەوتینە ڕێ. بۆ

خۆم ئەوە یەكەمجارم بوو لەو ڕێگەوە بچم بۆ هەولێر، لەبەر ئەوە نەمدەزانی چەند بازگە لەسەر ڕێگەن، بەڵام بەهۆی پرسیارکردنی پێشترەوە دەمزانی زۆربەی ئەو بازگانە سەربازین. هەرواش بوو. لە گەڵێک لە بازگەکاندا زۆر وورد پشکنینیان دەکرد، شێخ عەلی پرسی: ناترسی ژیانی خۆتت خستۆتە مەترسی یەوە؟ وتم ژیانی من لە ژیانی تۆ زیاتر نییەو بێجگە لەوەی ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانم و بۆ زیاتر دڵنیا بوونیشم لە سەلامەتیت خۆم هاتووم لەگەڵت. شێخ بزەیەک گرتی و هیچی نەوت. لەو کاتەی دیاریکرابوو گەیاندمە لای هاوڕێ یانی هەولێر. من ئەوم جێهێشت و خۆم گەڕامەوە بۆ سولەیمانی. دوای ئەوەی دڵنیابووم لەوەی هاوڕێ یانی هەولێر ئەرکی گەیاندنەوەیان بۆ سولەیمانی گرتە ئەستۆ.

بە هۆی گەڵێک کارەوە کە هاتبووە پێش و ڕوویدابوو. بە تایبەتی لە مەسەلەی دواخستنی کردنەوەی بنکەی ڕۆشنبیری (ناوەندی نووسەران) لە سورێن و کۆبونەوەکەی سێوسێنان !تا دەهات دەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەو هاوڕێ یانەی دەستەی نووسەران، وەک سەردەمی ناو یەکێتی لێدەخوڕن و گوێ بە ڕاو بۆچوونەکانی ناوەوە نادەن و مەترسی یەکانی هێرش و پەلاماری یەکێتی لەبەرچاو ناگرن، کە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی یەوە توندتر دەبوو، لەگەڵ هاوڕێ یاندا گەڵێکجار ئەو باسەمان لە ناوخۆماندا وروژاند. گەرچی مەلا بەختیار داوای لێکردبووین چەند کەسێکی بۆ ئامادەبکەین بۆ دانانیان لە بنکەی سورین. منیش هەندێ هاوڕێم ئامادەکردبوو لە ئەڵقەکەی خوێندکاران کە هاوڕێ یەک بە نهێنی سالار سەرپەرشتی دەکردن.([1]) ناوە ئەسڵەکەی ئیبراهیم بوو، خوشکەزای شەهید حەسەن خاوێ بوو.بەڵام ڕامانگرت و نەمان ناردن.

لە هەمان کاتیشدا شاڵاوی ڕاگەیاندن و هەڕەشەی شەڕخوازانەی سەرانی یەکێتی بە نووسین و لە ئێستگەکەیانەوە تا دەهات توندتر دەبوو، کە نیشانەیەکی ئاشکرابوو کە ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە پێشەکی زەمینە خۆشکردنە بۆ شاڵاوی چەکداری. هەمیشە یەکێتی ویستبیتی پەلاماری لایەنێک بدات پێشەکی شاڵاوی ڕاگەیاندنی لە دژی دەست پێکردووە. ڕاستە من لە ڕووی فیکری یەوە هاوفکربووم لەگەڵ مەلا بەختیار، گەرچی لە نامەکانیدا مەلا بەختیار هەمان هەڵوێستی ئاڵای

---

[1]) هاوڕێ سالار: ناوە ئەسڵەکەی ئیبراهیم بوو، خوشکەزای شەهید حەسەن خاوێ بوو، پێشتر لە کۆمەڵە شدا بەرپرسی یەکێک لە کەرتەکانی خوێندکارانی کۆمەڵە بوو، کە ڕۆڵیکی مەزنیان لە ڕاپەڕینەساڵی 1982وپشتگیری هونەرمەندان و دواتریش لە ڕاپەڕینەکانی دا ساڵی 1984بۆ پشتگیری خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانگۆ لە دژی بەزۆر بە جەیشی شەعبی کردن و بە بەعسی کردن بینی.

*) دیسان بە هۆی کێشەی هونەری ڕۆنیۆەوە گیرمخواردبوو، هەر جارەی تووشی کێشەیەک دەبووین بە دەستیەوە و دەبوە دواخستنی چاپ.نووسەر.

دووبارە دەكردەوە، بەڵام لە ڕووی پراكتیكەوە دەیان پرسیاری لا دروست كردبووم و وادەردەكەوت (هێشتا باوەریان بە یەكێتی مابێت).

بە نامەیەك وازهێنانی خۆم لە ئاڵای شۆڕش ئاراستە كرد:

لە وەڵامی ئەو نامەیەی مەلا بەختیار سەبارەت خراپ چاپكردنی بڵاوكراوەكەو كەڵەكەبوونی كۆمەڵێك بۆچوون لەسەر ڕەوتی (ڕێكخراوەیی) كارەكان و پشتگوێخستنی ڕاكانی ناوەوە ئەم نامەیەم بۆ نارد:

بەڕێز هاوڕێ گەرمیان

سڵاوێكی گەرم

پێشەكی ڕێزو سڵاوتان ئاراستە دەكەین هیوامان سەركەوتنتانە.

نامەكەت گەیشت لە ٧/٢٩ ئەمەش وەڵامەكەیەتی: لە بارەی بڵاوكراوەكەوە لە ٦/٢٧/ ١٩٨٥ تایپ و مونتاژی تەواو بوو، لە ٦/٢٩ دەست بە ڕاكێشانی كرا بۆ ئەوەی لە مەوعدی خۆی 7/1 ئامادەبێت. ئەوەبوو (ڕۆنیۆكە) ئەو گیروگرفتەی هەبوو كە ئێستە لەبەرچاوتانەو دەیبینن. هەربۆیە ئەو كاتە ئیشەكەمان وەستان. ئەوەبوو لایەنی نەشارەزایی من و هاوڕێ سیروان كرایە سەبەبی دواكەوتنەكە و وەك ئەوەی هیچ كارمان لی نەكردبێت! بەڵام هەر ئەو كاتەش من هۆیەكەیم بە هونەری دەزانی.

بە هەرحاڵ بە هۆی باش چاپ نەكردنەوەكە، قبولی ڕەخنەكەم كرد(وەك نەشارەزا)بە ئومێدی ئەوەی هاوڕێ یەكی شارەزا بەو كارە هەڵسێت. ئەو هاوڕێ یەش كە هاتبوو بۆ چاككردنی ڕۆنیۆكە پاش ماندووبونیكی زۆر كە خۆم زۆر كاتی بە دیاریەوە بووم و لەگەل هاوڕێ سیروان یارمەتیمان دا.لە سەرەتاوە ئەو ڕۆنیۆیە كێشەی هەبوو، بەڵام ئەو هاوڕێیەی ڕاتان سپاردبوو بۆ چاكردنی رای وابوو هەر ڕابكێشرێ. كێشەی ڕۆنیۆكە فنی نیە، ئەوە تا ئێستا ئەنجامی كارەكە لەبەردەستی خۆتاندایە. لە سەر بریاری خۆت هەموو كەرەسەكانمان پێچاوەتەوە و ئامادەی گواستنەوەیە بۆ هەر شوێنێك خۆتان دەتانەوێت.

١٤٠ دانە لەو بڵاوكراوەیە دەرچوو، ٦٢ نێردرا بۆ هەولیر، ٥٠ دانەی بۆ سولەیمانی ، ٣٠ دانەی بۆ ئێوە. هەڵگری نامە چواری لی بردووە ماوەتەوە ٢٦ دانە.

سەبارەت مەوزوعی هاتوچۆی هاوڕێ یانی (شەهاب)(مەبەستی مەلا بەختیار لە هاوڕی یانی شەهاب- هاوڕی یانی كۆمەڵەی زەحمەتكیشانی ئێران بوو-نوسەر)هیچ هاتوچۆیەكم نی یە، دوا جارێك كە چووم و بۆشم باسكردیت بۆ گەیاندنی نامەكەی خۆت بووە. بە یەكجاری لێیان دەپچڕێم.

سەبارەت ڕەخنەكانیشت لە كاتی یەكتربینینەكەی ٧/١٧ دەربارەی دركاندنی سەرچاوەی چاپەمەنیەكە لای شێخ عەلی ، بە سنگێكی فراوانەوە وەردەگرم، گەرچی لە دڵپاكی خۆمەوەبوو، بەڵام هەڵەبوو.

بە هەرحال ڕۆژانی خەبات درێژە لە مەودوا زیاتر لە هەمو كات موقفی حذر وەردەگرم لە هەموو كارێكدا. وە بۆ ئەوەی نەبمە زیاتر هۆی دواكەوتنی كارەكانی بلاوكراوەكان بریارم دا استقاله بكەم و وەك دۆستێك بمێنمەوە. بۆ ئاگاداریشتان لە لایەن هاوڕێ ڕێناس و علاء نارەزایی دەربڕدرا سەبارەت بەو بریارەم. بەڵام دیارە دڵسۆزی و دلپاكی خۆم هاوشان لەگەل ماندوبوونی ٢٤ ساڵ كاری سیاسیدا كاری تی كردبم هەربۆیە هیوادارم ئەم نامەیەم بە نامەی استقاله لێ قبوڵ بكەن.

تێبینی: هاوڕی علاء پەیوەندی كرد بە هاوڕێ ئاری یەوە بۆ ئاگاداریت.

هەرسەركەوتووبن سامی

١٩٨٥/٧/٢٩

هەر لەو كاتانەدا بوو، حاجی مەمۆ (هاوڕێ ڕیناس) كە بەرپرسی بەشی زۆری ئەڵقەكانی هەولێر بوو، لەبەر ئەوەی (مختفی) بوو، تا لە نزیكەوە پەیوەندی بە مەلابەختیارە هەبێت بە نهێنی هاتبووە سولیمانی و نزیكەی مانگێك لە ماڵی ئێمەدا مایەوە، لەوێوە هەوڵمان ئەدا ئاسانكاری پەیوەندی بە مەلابەختیارەوە بۆ بكەین.

وادیاربوو، مەلا بەختیار ئەو ڕەخنەیەی خۆی بە هۆكاری وازهێنانم دەزانی! نەك كەلەكەبونی هەڵەو كەم وكووڕیەكان و جێ بەجێ نەكردنی بریارەكانی دەستەی دامەزرێنەر، بە تایبەتی سەبارەت بە گواستنەوەی بنكەی ناوەندی نوسەران بۆ سوڕێن و دووركەوتنەوە لە ناوجەرگەی مەڵبەندی یەك و (تا ئەو كاتەش نامەی وازهێنانیان نەناردبوو بۆ یەكێتی)! و وەكو ڕەوتەكەی ناو یەكێتی بیریان دەكردەوەو ڕەفتاریان دەكرد! بۆیە بەمجۆرە ئەم نامەیەی نارد:

هاوڕێ سامی عبدی تێكۆشەر

سڵاویكی كۆمۆنیستانەی گەرم

نامەكەت گەیشت و ئەمەش وەڵامەكەیەتی...

جارێ پێشەكی ڕەخنەیەكی تر لە ناوەرۆكی نامەكەت ئەگرم لە بەر ئەوەی ئەگەر كۆمۆنیستەكان تووشی كێشەش ببن بە واز هێنان و زویری چارەسەری ناكەن. ئینجا یەمە سەر وەڵام و ڕونكردنەوەی هەندێ ڕاستی.

١-سەبارەت بەو ڕەخنانەی لێم گرتیت حەق وایە ئەوەی راست بێ سنگت فراوان بێ لە قبوڵ كردنی و ئەوەی ڕاستیش نەبی ڕۆشنی كەیتەوە كە وا نیە. خۆت ئەزانیت دواكەوتنی ئەم بڵاوكراوەویە* چەند تەئسیرێكی دڵساردكەرەوەی لە

سەرمان داناوەو هاوڕێ یانی خۆمان و خەڵکی تریش لێمان لەم بێ دەنگیە کەوتنە مقۆ مقۆ.کاتی خۆی هەق وابوو بە هۆی سەرقاڵی ئێوەوە هاوڕێ ی دیکەتان فێربکردایە شارەزایی پەیا بکردایە بۆ ئەوەی ئەگەر تووشی گێچەڵی وابووین هەر هەمان هاوڕێ مان بەم لاوبەولادا بناردایە تا چارەسەری گێچەڵی چاپی بکردایە، کە تۆ بیت ناتوانین و دەست و مەبەستمان دەبەسترێ. جگە لەوەی خۆت ئەزانیت هەر بە هۆی تۆوە هاوڕێ (شێخ) زانیویەتی ئەو چاپخانەیە لە کوێوە پەیا کراوە، چۆن هاتووەو، چی نوقسانە. من ئەو شتانەم لە (هەموو کەسێ) شاردۆتەوە ئەویش هەم لە بەر پاراستنی نهێنی پەیوەندیەکەو هەم ئەوان خۆیان داوایان ئەوەبوو. ئیتر بۆ لەبەر یەک کێشە کە هی خۆشمان نین باسبکرێ. ئیتر بە دڵپاکی گوتبێتت یان لە بڕوای زۆرەوە مهم زانراوەو هاوڕێ (شێخ) گلەیی لەمن کرد کە بۆ نهێنی لێدەشارمەوە. خۆت ئەزانیت ئەوە بڕبڕەی پشتی کارەکانمانەو لە بڕوای زۆرەوە بەتۆ ئەو کارانەم خستە ئەستۆت. چەند جارێکیش دووپاتەم لی کردیتەوە کە لای کەس باسی نەکەیت. ڕەخنەکەشم هەر بەو مەبەستی ئەوەبووتا تۆو هاوڕێ علاءو هاوڕێی دیکەی وەکو ئێوە نهێنی پارێزبن هێشتاکەمە بۆ بەرەنگاری ئەم هەموو سەگ و گورگانەی گەمارۆیان داوین.

ئەوانە جگە لەوەی حەق وایە بزانن ئەو مەسەلانە وەکو کاری خەنەک داڕشتنی پاشەڕۆژمان وایە و هەموتان و ئێمەش حتما هەڵەیان تیا ئەکەین و گرنگ راست کردنەوەی هەڵەکانە و خۆت ئەزانیت من چەندم دڵ بە ئێوە خۆشەو چەندیشم لامەبەستە گەشە بکەن و لە هەموو ڕوویەکەوە پێش بکەون، ڕەخنەکانیشم هەر لە پێناوی ئەو مەبەستانەیە، وە ڕەنگە تا هاوڕێتان بم بەردەوام بم لە ڕەخنە لێگرتنتان و ڕەخنە لێوەرگرتنتان.

٢- سەبارەت بە هاوڕێ یانی (شەهاب*)یش.([1]) ئەمەش لەسەر داوای خۆیانەو پەیوەندیەکەمان گواستەوە بۆ شاخ چونکە ئەوان گوتیان تۆ ناووت لە ناوانەو ناویان بیستوویت و زۆر ئەترسان لە ئاشکرابوونت و ئاشکرا بوونی پەیوەندیەکە. خۆ ناکرێ بە زۆری زۆرداری ئەو پەیوەندیە بسەپێنین. مانگێ ئەبی پێیان گووتوم بیرم چوو لە دانیشتنەکەدا پێت ڕاگەیەنم.

ئێستاش کە دەرکەوت مەسەلەی ڕۆنیۆکە هونەریە، من ئەو ڕەخنەیەی خۆم سەحب ئەکەمەوەو بە هیواشم تۆش بە سنگێکی فراوان تەواوی ڕەخنەو مەسەلەکان وەربگریت و لەوە دڵنیابیت کە هەمو ئەو کارو کردەوانەش تەجروبەیەکی باش و زیندوون بۆ پاشە ڕۆژمان و لە ناو هەناوی ئەو کارانەشدا قاڵ ئەبین و پێ ئەگەین.

---

[1]) مەبەستی مەلابەختیار لە هاوڕێ یانی (شەهاب) هاوڕی یانی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکیشانی ئێرانە.

اســـتقالەکەش قبوڵ ناکەین و جارێکی دیکەش لە ســـەرشـــتی وا نەک تۆ بەڵکە هەموو هاوڕێ یەکی دیکە حەق نیە کەم سەبرین و نامەی ئیستیقالەمان بکەنە سەر.

بۆ چاپخانەکەش باشـتان کردووە کە ئامادەتان کردووە کەی شـوێنمان بۆ سـازدا دەیگوێزینەوە، هەوڵیش ئەدەین بەم زوانە ڕۆنیۆ چـاک کەرەوەیەک بـدۆزینەوە تـا سازی کاتەوە بۆمان چونکە کارەکان پەکیان ئەکەوێ گەر ساز نەبێ.

دووبارە ڕێز

هاوڕێتان
گەرمیان

تێبینی

هاوڕێ ئاری بخەنە ئەڵقەکەتان و بڕوای تەواوی پێبکەن. جگە لەمە هاوڕێکەی ترتان ناوی (علاءکریم)ەنەک جەلیل کە نووسیوتە پەیوەندی پێوە کردووە.

هۆکارەکانی وازهێنانم

لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر نەکەوێتە هەڵەی تێگەیشتنەوە پێویستەکات ڕوونکردنەوەیەک بدەم سەبارەت بەو نامەی وازهێنانەی ناردم بۆ مەلا بەختیار، ئەو بریاری وازهێنانە هیچ پەیوەندی بەو باسەوە نیە کە مەلابەختیار باسی کردووە لە نامەکەیدا، بریاری وازهێنانەکە تایبەتە بە بریارو ڕەفتاری عەسکەرتاریا ڕێک وەک ناو یەکێتی، بە جیبەجێ نەکردنی بریارەکانی دەستەی دامەزرێنەر و کۆبونەوەکەی سێوسینان، بە ڕەفتارکردن وەک ڕەوتەکەی پێشووی ناو کۆمەڵە! تا ئەو دەمەش نامەی ئیستقالەیان بۆ یەکێتی نەنووسی بوو! تا ئەودەمەش نەیاندەویست بنکەی ناوەندی نووسەران ببەنە سورێن یا جێگەیەکی دوورەدەستی هێزەکانی یەکێتی! لە کاتێکدا دەهۆڵی شاڵاوی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە هەڵکشاندابوو...خۆشباوەڕی بە یەکێتی ! تا ئەوڕادەیەی (کۆبونەوەی فراوان و بریار بۆ بەستنی پلنیۆم!) لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی یەکێتی ببەسترێت بێ پرس وڕا بە ئێمە، تۆخکردنەوەی پرسە سیاسیەکان لەسەر حسابی لایەنە فکریەکە تا ڕادەی پشتگوێخستنی پەروەردەی فکری و ڕێکخستنی ئەو پێشمەرگانەی دەوری خۆیشیان!....ئاماژەی ڕوون بوون کە قسەو کردار بە دوو ئاقاری جیاوازدا دەڕوات. ...

گەرچی لە سەرەتادا هەندێ هاوڕێ ئامادەکرا، لە کەرتەکانی شەهید ئارام و خوێندکارانی کۆمەڵە، کە دوای ئەوەی ئەوان بنکەی سەرەکیان دەگوێزنەوە بۆ سورێن یا شوێنێکی دوورە دەستی یەکێتی بیان نێرین، بەڵام پاش ئەوەی بۆمان ساغ بوەوە کە بەوکارە هەڵناسن، بریارماندا هیچ کەس و هیچ لیستێکیش سەبارەت بە ناوەنهێنیەکان و ئەڵقەکان نەنێرین..

هاوڕێ یانی ئەڵقەی (٢١) تیكۆشەر
سڵاوێكی كۆمۆنیستانە
لای ئێمە جارێ دەنگ و باسی نوێ نیە، ڕەنگە لەم چەند ڕۆژە تەفسیلی وەزعی سەرەوەی یەكیتی بزانین. وەزعی خۆشمان هەروەكو خۆیەتی گۆرانی بەسەردا نەهاتووە.
هاوڕێ یان
وا پێنج ژمارە زیاتر بەیانمان بۆ ناردن كە لەسەر تەسلیم بونەوەی پ.م نوسراوە تكایە وا بكەن بگاتە دەستی خەڵكێكی زۆر ببینی و بیشی گەیەنن هەوڵبدرو ژمارەی زۆریان بۆ ڕەوانە بكەن، هەروەها بۆ هەورامانیش. نازانم هاوڕێ حاجی لە هەولیرە یان نەء و تكایە چی ئەزانن دەربارەی وەزعی ئەو ئاگادارمان بكەن.
دوبارەڕێز
وەڵامی بان-چەپ كان بە دووردرێژی
نووسراوە وهەوڵئەدەین بیگەیەنینە چاپ.

هاوریتان
گەرمیان
١٩٨٥/٨/١٤

دوابەدوای كۆبوونەوەكەی سێوسێنان سەبارەت بە چاپكردنی ئەنجامی بریارەكانی كۆبونەوەكە، تا ئەوساتە وەختەش كەس نەنێردرا بۆ چاككردنەوەی ڕۆنیۆكە، مەلا بەختیار لەوبارەوە نامەیەكی نارد بەم جۆرە نووسرابوو:

هاوڕێ سامی عبدی تێكۆشەر (ئەونامەیەش بۆ حاجی مەمۆیە)
سلاوێكی كۆمۆنیستانە
نامەی(١٢) ی مانگتان گەیشت و ناوەرۆكەكەی دڵخۆشكەرەیە. هیوادارم بەردەوام لە گەشەكردندابن و هەڵیكی باشیش هەڵكەوتووە نابێ لە كیسی بدەن.
وا لێرە بریاری كۆبونەوەكەمان چاپ كردووە و تكایە ئێوە لەسەر دو نوسخە فۆتۆی بكەن و ئستێنسڵەكانمان بۆ ڕەوانە بكەن خۆمان ڕایئەكێشین، دوبارەی ئەكەمەوە هەموو ئەو نووسینە بە دوو نوسخە واتە هەر پەڕەیەكی دووجار فۆتۆ بكەن بۆ ئەوەی ئەگەر لە كاتی كار كردنا نوسخەیەكی درا ئەویتر لەبەردەستابێ.
دوای ئەمە وەڵامی دوورو درێژی (بان چەپ) ناو لێنراوەكان ئەنێرم و ئەویش دیسان فۆتۆكەن و بە دوو نوسخەش. ئەگەر هاوڕێ حاجی هاتەوە، ئەو هاوڕێ یەك ئەناسێ و خۆم پێم وتووە كێ یە بۆ چاك كردنی ڕۆنیۆكە تكایە وابكەن تەرتیبی بكەن چاكی بكاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش قسە لەگەڵ ئەودا بكەن.

هەوالنامەی كێبڕكێ

هیوادارم بەیانەکەتان بە فراوانی بڵاو کردبێتەوە.
خۆشیتان

هاوڕێتان
گەرمیان
١٩٨٥/٨/١٩

تێبینی:
تکایە بە ناوی خۆمانەوە پەیوەندی بە هاوڕێ یانی پۆلەوە بکەن، ئەمانە خۆتان ئەیانناسن جەماعەتێکی پاکن زۆر ئەخوێنن و دووجارم دیون و پاش پسانی مفاوەزاتەکە نەم دیونەتەوە.
سیاسەتی گشتی خۆمانیان بە پێ ی بریاری کۆبونەوەکە بۆ باس بکەن، مەسەلەی ئینشیقاق و ئەو شتانەش بڵین.
وە بزانن تا چ ڕادەیەک ئامادەی ئیش و هاوکارین، چیان لە ئێمە ئەوێ و، چییان پێئەکرێ بۆ کارەکانمان. ڕێزیان لێبگرن و بەقەدەر خۆشیان قسەیان لەگەڵا بکەن. ئەگەر زانیتان خۆیان قورس ئەگرن و هەر ئەیانەوێ شتمان بزانن تۆش کەمیان زانیاری بدەرێ.
ئەدرێسەکەی تەلەفۆن (....) بڵین (احمد) مان ئەوێ شەوی ٢٥/ ٨ بە ناوی (عبدالله محەمەد) وە قسەیان لە گەڵا بکەن و وەعدیان بدەنێ کە بیانبینن
عنوانی خۆتان مەدەن و لە دەرەوە دیدار سازبکەن و خۆشت ببینە.

لەبەر ئەوەی چەند جارێک تلفۆنمکردو وەڵام نەبوو، پەیوەندیەکەم دواخست بۆ کاتێکیتر، سەبارەت بە نوسەری ژن، من پەیوەندیم کردبوو بە نوسەرو شاعیر (دلسۆز حەمە) تا وتارمان بۆ بنوسێت، ئەویش وتارێکی چڕو پوختی بۆ ناردین لە بارەی مێژووی چەوسانەوەی ژنەوە و بە ناوی نهێنی (کەژاڵ)ەوە لە ژمارە یەکی ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش دا بڵاوکرایەوە.

هاوڕێ سامی عبدی تیکۆشەر
سڵاوێکی کۆمۆنیستانە
نامەکەت و فۆتۆ کردنی ڕاگەیاندنی کۆتاییەکەم گەیشتێ و سوپاست ئەکەم بەو زووی یە ڕات پەڕاندووە، وا وەڵامی بانچەپ ناو لێنراوەکانیش ئەنێرم تکایە دیسان بە دوو نوسخە هەر لاپەڕەیەکی چاپ بکە و بەرگەکەی سێ نوسخە و بەم شیوەیە بۆم بنێرە.
٨/٢٥ ی مانگ سەعات سێ ی پاش نیوەڕۆ لە هەمان ئەو شوینەی تیایا لە ژێر کەپرەکە کۆبوینەوە سەیارەکەمان چاوەڕێ ئەکات(خۆم نایەم) شوێنەکە لە ڕێ ی

نەوتیە. ئەگەر بتوانن (١٠) بەند كاغەزی سپی ڕاكیشانمان بۆ بهێنن زۆر باشە وا نمونەكەیت بۆ ئەنێرم، زیاتریش بێ باشترە.

بۆ نووسینی هاوڕێ ی ئافرەتیش ، ئەگەر ڕێ ی دەستكاریمان ئەدات بۆی بلاو ئەكەینەوە ناوێكی نهێنیش بۆ خۆی هەڵبژێرێ تا ئیتر گەر نووسینێكی تری نارد بەو ناوە بۆی بڵاو بكەینەوە.

بۆ هاوڕی سیروانیش، بە ڕاستی ئەوەندە سەرقاڵ بوین نەمان خوێندۆتەو، دوای خوێندنەوەی وەڵام ئەگێڕین. لێرە ئەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاكیشم كە حەق نیە بەو فۆتۆیە شتی لابە لای پێ چاپ بكەن وەكو ئەو بەرگەی كراوە بۆ نووسینەكەی هاوڕێ سیروان و ئەو پۆستەرەی شەهید ئارام. خۆتان ئەزانن تا ئەوەمان دەست كەوتووە هەزار ئەم لاو ئەو لامان كردووە هەموو پشت و پەنایەكمان ئەوەیە، بۆیە تكایە بە بی موافەقەت وەرگرتن یەك ووشەی لا بە لای پێ چاپ مەكەن تا پەكمان نەكەوێ.

تكایە زوو زوو پەیوەندی بە هاوڕێ حاجی یەوە بكەن و ئەو هاوڕێ یە ببینن كە لە ڕۆنیۆ ئەزانێت و ڕۆنیۆكەی بدەنێ كە زوو چاكی كات و زووش لێی وەربگرنەوە نوقسانیەكەی پێبڵێن. ئەمەیان دوا مەخەن ئەو ئەتوانی تەرتیبی بكات.

ڕاپۆرتی ئەڵقەكان دیار نیە هاوڕێتان

دووبارە ڕێز

گەرمیان
١٩٨٥/٨/ ٢٣

ئێمە لە شارەكاندا تا ئەو كاتەو دواتریش ئۆتۆمبێلی كەس و كارو دۆست و ناسیاومان بە كار دەهێنا بۆ گەیاندن و گواستنەوەی كەل و پەلی ڕێكخستن بێ ئەوەی خاوەنەكانی بزانن كە بۆ كاری مەترسیداری ڕێكخراوەیی بەكار دەهێنرێت، لە كاتی گیرانی هەر ئۆتۆمۆبێلیكدا بێ ئەوەی بە خۆی بزانیت ژیانی خاوەنەكەشی دەكەوتە مەترسی یەوە، تووشی بەرەوڕووبوونی مەرگ دەبونەوە. دوای ئەو پەیمانەی سالار عزیز دابووی بە مەلابەختیار سەبارەت بە كۆمەكی ماددی، من پێشنیاری كڕینی ئۆتۆمۆبێلێكم كرد بۆ ئەنجامدانی گواستنەوەی كەل و پەلی ڕێكخستن. دەركەوت كە ئەو پەیمانە تەنها قسەبووە..

هاوڕێ سامی عبدی تیكۆشەر

سڵاوێكی كۆمۆنیستانە
دوا نامەتم گەیشتێ و ئەمەش وەڵامەكەیەتی

١-بۆ ســـەیارە هەر پارەمان بگاتێ بە زوترین کات پێتان ئەگەیەنین کە بیکڕن، بەداخەوە کە تا ئێستا هیچمان پێنەگەیشتووە. هەمیشە داڕشتنی کاری گەورە ئەوەها ســـســـت ئەجوڵی. ئەگەر ئێوە پێتان بکڕێ ســـوکە پارەیەک قەرزبکەن حتما ئێمە ئەیدەینەوە پاش ماوەیەکی کەم.

٢- وا تەرتیبم کرد کە زوو ڕۆنیۆکە بـاش بکەن. تکـایە بە زووترین کـات بیگواســـنەوە و لەڕێ ی (ناجی)یەوە نامەم نووســـیوە چۆن تەرتیب ئەکرێ. دوای مەخەن چونکە جارێکی تر فرسەتی وا باش هەڵناکەوێ.

هیوادارم لەم ماوە کەمە شتە تازەکان تەواوبن و بتان گاتێ.

تکایە ئێوە ئەگەر پێتان دەکرێ دو ســێ هاوڕێ و دۆســتی باوەڕ پێکراو بنێرنە دەرەوە چونکە زۆر گرنگن کە لامان بن و ببنە پ.م.

خۆشیتان

هاوڕێتان
گەرمیان
١٩٨٥/٨/٣٠

ئێمە لەئەڵقەی 21 بریارمان دابوو هیچ کەسێک نانێرینە دەرەوە تا ئەوان بنکەی ناوەندی نوسەران نەبەنە چیای سورێن، یا شوێنێکی دوورەدەستی یەکێتی. ئاگاداری ئەو هاوڕێیانەشمان کردەوە کە پێشتر ئامادەکرابوون بۆ چوونە دەرەوە جارێ چاوەڕوان بن تا ئاگاداریان دەکەینەوە. لە ڕاستیدا ئائومێد بووین لە ناوەندی نوسەران و چاوەڕوانی کارەساتمان دەکرد لە ئەنجامی بێ هەڵوێستی ناوەندی نوسەران..دەبوو لە ناوەوە ئێمە خۆمان ئامادە بکردایە بۆ شاڵاوی کۆمەڵە کوژەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش. لەو بارەشەوە چەند کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا چەند بریارێکاماندا و کەوتینە جێبەجێ کردنی. دوای ئەوەی ئاگادارمانکردن کە پشتگوێ خستنی ڕاکانی ئێمە قابل قبوڵ نیە. ماوەیەک لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی داواکانمان کە لە پێش هەموویانەوە نامەی وازهێنانیان لە کۆمەڵەو یەکێتی کە تا ئەو دەم نەیان ناردبوو، وە گواستنەوەی بنکەی نوسەران بووە بۆ چیای سورێن بریارماندا نامەیان بۆ نەنوسین و خۆمان دوورەپەرێز بگرین.

هاوڕێ سامی عبدی تێکۆشەر
سڵاوێکی کۆمۆنیستانە

ئەم نـامـانە چونکە تـایبەتن بە چـاپەمەنی بۆیە تـایبەتی بۆ تۆی ئەنێرم نەک بۆ ئەڵقەکان.

وا ئەمجارەش بە هۆی هەڵەیەكی هونەری بچوكەوە كە لە كاتی ڕاكێشانیا درکمان پێکرد. تەواوی ئەو فۆتۆیانەی ڕاتان کێشاوە خەساربون و کەڵکیان نەبوو. هۆیەکەشمان بە هەڵگری نامە گوتووە و تکایە دیقەت بدەنە هەڵەکە و دەرسی لیوەربگرن بۆ جارێکی تر. ڕەخنە لەمە ناگرم چونکە منیش بۆم دەرکەوت کاری وا پێویستی بە ئەزمونێکی زۆرە. هیوادارم دەست بەجێ هەموان سەرو ژمارەیەکمان بۆ ڕاکێشن تەنها بەرگی هەردووکیان نەبێ دوو نوسخەیان بۆ ڕاکێشن. بە دەقی چاپەکەش بۆمان ڕەوانە بکەنەوە بە زووترین کات.

هەروەها تکایە مەکینەی دەرزیەکەشمان بۆ ڕەوانە بکەن بە دەوروبەری (٢٥٠٠)دەرزیش، هەڵگری نامە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی فێربکەن.

وا (١٥٠) دینارم بۆ کڕینی پێویستی ئستێنسڵی فۆتۆکە بۆ ڕەوانە کردن تکایە هەمووی بدەن بەوە.

تکایە گەر پێتان دەکڕدرێ بۆ بەرگەکانیان کاغەزی ئەستور هەیە(زۆر ئەستوور نە)بەڵکە دوو هەزار کاغەزمان بۆ ڕەوانە بکەن ڕەنگە بکاتە چوار بەندی پێنج سەدی. ڕەنگاوڕەنگ بێ، ئیتر نامێلکەکان زۆر جوان ئەبن، ئەمەش ڕەنگە لە کتێبخانەکان، یان لە چاپخانەکان دەست بکەون. تکایە سەرجەمی کارەکان ئەبێ ٩/٤ بگاتە دەستمان واتە دوو سبەی. چونکە ئیشمان زۆرە.

چاوەڕێ بکەن نامەی ئایبندە بۆ ئەڵقەکەتان ڕوونداوی تەفسیل و دوا ڕای نووسەرانتان پێ ڕائەگەیەنین لەسەر دۆخەکەو ئایندەیان.

تکایە گەر هاوڕێ هەیە بێتە دەرەوە بۆمان بنێرن.

خۆشیتان

١-هیوادارم ڕۆنیۆکەتان ناردبێ بۆ چاک کردنەوە.

٢-تکایە بچوکترین پیتی لیترافیکس واتە ئەو پیتە جوانانەی

هێنامن و دام پێتان بۆ مونتاژ، تکایە هەندێکمان بۆ ڕەوانە بکەن.

هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨٥/٩/٢

هۆکارەکانی تاکڕەوی لە کارو بریار وەک ڕەوتێکی ناو یەکێتی نائومیدی کردبوم، ماوەیەک خۆمان دوورەپەریزگرت لێیان وەک نارەزاییەک، مەلا بەختیاریش دوای ماوەیەک لە دوورە پەرێزی ئێمە لێیان، ئەم نامەیەی نارد:

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە(٢١) تێکۆشەر

سڵاوێکی کۆمۆنیستانە و هیوامان سەرفرازیتانە.

ماوەیەكە بێ دەنگن و قسەوباستان نیە. حەق وابوو نامەو هەواڵتان هەبێ و وا دوورەپەرێز نەبن.

هاوڕێ یان..

وا بریاری كۆبونەوەكان و وەڵامی بان- چەپ ناولێنراوەكان تەواو بوون و (٢٥٠) دانەمان بۆ ناردن.. هیوادارین بە ووردی بیان خوێنەوە و باری سەرنجی خۆتانمان بۆ بنووسن. تكایە ئەمانە بە دیاری دابەش بكەن و دیاریش لە فلسێكەوە تا سەد دینار ئەخوات. سەرجەمیشیمان بۆ ڕەوانە بكەن تا مەسروفاتی جاپەمەنیەكان دەركەین.

وا نامەیەكی كراوەمان ڕەوانە كرد، تكایە سەرو دوو ژمارەمان بۆ فۆتۆ بكەن و بە زوترین كات بۆمان ڕەوانە بكەن..هەروەها گەر بتوانن یەكێك لە تایپەكان بگەیەننە(نەوتی) زۆرباشە، مالّی كاك(مەلا یاسین) لەوێ یەو لێ ی دانێن ئەمانگاتێ. بەشە نووسراوەكانیشتان هەر لەوێ یەو تكایە بە ناوی (مام كریم) وە بچن ببەن. بڵێن ئێمە لە مالّی مام كەریمەوە هاتوین ئیتر ئەتانداتێ. هەروەها تكایە وا بكەن ناوی ئەو هاوڕێ ئافرەتەمان بە تەواوەتی بۆ ڕەوانە بكەن كە ووتارەكەی نووسیوە، چونكە ئەبێ بە تەواوەتی بزانین كێ یە و تا چەندیش لەگەل خۆماندا ئەبێ..ئێمە بیستومانە كە خوشكێكە ئەگەر ئەو بی كچیكی باش و ئەمینە([1])..بەڵام زانیاری ئەوەمان لەسەری هەیە كە لەگەل تاقمی پۆلی شەهید دلاوەردا ئیش ئەكات ..تكایە بە تەواوەتی دڵنیامان بكەن.

بریار بوو هاوڕی (سامی عبد) لەگەڵ جەماعەتی پۆل دا قسە بكات .. كەچی وەعدەكەی بەسەرا تێپەڕیوەو قسەی لەگەڵ نەكردوون.. بە ڕاستی ئەم جۆرە پەیوەندیانە حەقە لە ئەوان و كاتی خۆیا وەكو ڕیك خراوە جێ بەجێ بكرێ.

هاوڕێ یان ...

ئێستا وەزعمان گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەردەوامین لەسەر سیاسەت و خەباتی فكری و ڕاپەڕاندنی ئەركی سەرشان. وە تا دێت ڕوو لە گەشەین و جەماوەرو پ.م و تەنانەت جوتیارانیش باشترمان تێئەگەن. لە بەرامبەریشماندا، ینك كزو لاوازتر ئەبن و كەم بایەختر لە ناو جەماوەردا دەرئەكەون.

خۆتان لە ناو خەڵكی شاران و ئەزانن وەزع لە چیایە و چییان بەسەر هاتووە.

---

[1]) ناوی ئەو كچەی وتارەكەی بۆ ئاڵای شۆرش نوسی بوو . شاعیرو نوسەر و ئەندازیار دڵسۆز حەمە بووكە ئێستا لە هۆڵەندا دەژی. بەڵام ناوەكەیم لە بەر مەترسی ئاشكرابوون نەنارد بۆ مەلا بەختیار وەك داوایكردبوو. بە هۆی ئەوەی هەر سووربوو لەسەر مانەوەی لە گوندی تەكیە. مەلا بەختیار لە تەكیە مەترسی گرتنی لەسەربوو، لە بەر ئەوە لیستی ناوەكانی ئەڵقەكانیش كە چەندجارێك بوو داوای دەكرد نەمنارد..

لەم ماوەیەش سەركردایەتیەكەیان لە كۆبونەوەی بەردەوام بون و زیاتریش مەبەستیان ئێمە بووە .. بریاری زانیاریان ئەوەیە كە بێ سەلماندنی هیچ جۆرە مافێكی دیموكراسی هەوڵ ئەدەن پاكسازی بكەن و هاوڕێ یانی ئێمە دوور ئەخەنەوە، بە هیچ چەشنێ باوەڕیان بە دیموكراسی و ئازادی هەڵوێست دەربڕین نیە..ئێمەش لە بەرامبەریا ن دا جارێ بەردەوامین لەسەر پشووی شۆڕشگێرانە و لە سەر سیاسەتی خۆمان..

ئەوان زۆریان هەوڵدا من بچمە كۆبونەوەو بە ڕەسمی دانیشم.. بەڵام نەڕۆیشتم و **بە ڕەسمیش استقالەم بۆ ناردن**...ئەوان لایان مەتڵەب بوو من بۆ سەعاتێكیش بێ بچمە كۆبونەوە.. تا بتوانن بە ڕەسمی بریاریكی قەبەم لەسەر بدەن و بلاوی **بكەنەوە و بڵێن دەرمان كردووە**.. ئەو بریارەم بە نەچوون بەتاڵ كرد.

وەزعیشیان لە دەرەوە خراپە.. جگە لە ئێمە ئێستا شۆڕشگێرانیش كێشەی قوڵیان تێكەوتووە، تەنانەت گەیشتوتە استقالەی د،پێشەوا لە سەركردایەتیان..ناوبراو خزمی مام جەلالیشە...(شەوكەتی حاجی موشیرو شێخ داراو م.عبدالله) كراونەتە سەركردایەتیان..

خۆتان ئەزانن لە بێ پیاوی و بی كەسیە ئەوان ئەبن بە سەركردە.

لە ناو كۆڕەكیش ، تەكەتولی تر پەیا بووە، بریتین لە (جەبار فەرمان، ئەرسەلان، د، خەسرەو، عەلی بچكۆل) ئەمانیش كەوتونەتە فسەك و كۆبونەوەی تایبەتی..

خۆتان ئەزانن ئەمانە كەسانی ڕاستڕەوو بی ڕەوشتن لە ڕووی سیاسی یەوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشا كێشە دەروونیەكانیان بەرگەی ئەم بن بەستە سیاسیە ناگرێ كە تێ ی كەوتوون. بۆیە وایان بەسەر هاتووە.

من ڕەنگە سەردانێكی شەخسیان بكەم و بچم تەعقیبیكی دوا سیاسەت و هەڵوێستیان لە نزیكەوە بكەم، گەر بیستتان ڕۆیشتووم، ئاسایی بگرن.

دووبارە ڕێز

هاوڕێتان

گەرمیان

١٩٨/٩/٢٧-٢٦

هەڵسەنگاندنی نامەكەی مەلا بەختیار

ئاخری لە كۆتایی مانگی سێپتەمبەر، لەو نامەیەی سەرەوەدا ئاگاداریكردین كە ئیستقالەی ناردووە بۆ یەكێتی ، واتە مانگێك و چەند ڕۆژێك پێش گرتنەكەیان!

لە نامەكەی مەلا بەختیاردا دەردەكەوێت كە هێشتا سوورە لە سەر خۆشباوەڕی خۆی و بریاری گواستنەوەی بنكەی ناوەندی نوسەرانی ئالای شۆڕشی بۆ سورێن جی بەجێ ناكات، تازە بە تازە نوسیویەتی (زانیاریان ئەوەیە كە بێ سەلماندنی هیچ

جۆرە مافێکی دیموکراسی هەوڵ ئەدەن پاکسازی بکەن و هاوڕێ یانی ئێمە دوور ئەخەنەوە، بە هیچ چەشنێ باوەڕیان بە دیموکراسی و ئازادی هەڵوێست دەربڕین نیە..**ئێمەش لە بەرامبەریا ن دا جارێ بەردەوامین لەسەر پشووی شۆڕشگێرانە** و لە سەر سیاسەتی خۆمان).. بە پێی زانیاریەکانی ئێمە بارودۆخەکە تا دەهات مەترسیدارتر دەبوو لەو بارەوە بە دەمی و بە نامە ئاگاداری مەلابەختیارم کردبوو، بەڵام نەیدەبیست، ناوەندی نوسەرانیش گەرچی مەترسیەکانیان دەزانی، سەری خۆیان کردبوو بە ژێر لمەوە تا مەترسیەکان نەبینن. ئەو کارە بە تەواوی ئێمەی لە ناو شارەکان هەراسان کردبوو، چونکە دەمانزانی جەلالیەکان شاڵاویان بۆ دەبەن و دەیانگرن.

لەو دەمەدا شاڵاوی ڕاگەیاندنی درۆودەلەسەی یەکیتی دژی ئاڵای شۆڕش تا دەهات لە ڕادیۆکەیان و ڕاگەیاندنەکانیانەوە توندتر دەبوو، هەواڵەکانی ئەڵقەکانمان لە ناو هێزی پێشمەرگەو گوندەکاندا، هوشیاریان دەدا بە خۆ ئامادەکردنی ینک بۆ دەستپێکردنی هێرش، تاڵەبانی چاوەڕێی سەرە بەڵگەیەکی دەکرد تا بریاری پەلامار بدات. دیاربوو ناوەندی نووسەران غەرقی خۆشباوەڕی خۆیان بووبون بە سەرانی ینک...من بە تەواوی نائومید بووبووم لەو خۆشباوەڕی یەی مەلا بەختیار.. کاتێك لەو نامەیەشدا داوای ناوی نووسەری وتارەکەی لێکردم نەمنارد (کە لە خۆیەوە گەلێک ناوی شەن وکەو کردبوو هیچیشی وا نەبوو).ئێستا بۆ مێژوو دەینووسم ئەو وتارە کە لە سەر مێژووی چەوسانەوەی ژن نووسرابوو. وە لە یەکەمین ژمارەی ئۆرگانی ئاڵای شۆڕشدا بڵاوکرایەوە لە نووسینی شاعیرونوسەر و ئەندازیار دڵسۆز حەمە بوو، کە ئێستا لە هۆڵەندا دەژی. بریاریش بوو بەردەوام وتارمان بۆ بنوسێت بەڵام شاڵاوی یەکیتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕشی هات بەسەردا.

لە ناو شارەوە ناردنە دەرەوەی ئەو هاوڕێ یانەشمان ڕاگرت کە مەلا بەختیار بۆ بوونە پ.م داوای کردبوو. لە هەمان کاتیشدا بریارماندا تاپیەکەی داوای کردبوو بۆی بنێرین بۆ تەکیە، نەینێرین، تا ئەوان دەچنە بنکەی ئارام و دووڕەدەستی یەکێتی.

لە هەمووی سەیرتر خۆی لەو نامەیەی سەرەوەدا نووسیویەتی: سەرکردایەتی یەکەیان لە کۆبونەوەی بەردەوم دا بوون (مەبەستی سەرکردایەتی یەکێتی یە)و زیاتریش مەبەستیان ئێمەبووە! هەمووی نیشانەی ئەوەبوو هێشتا(بەرامبەریان) باش نەناسیوەو پەندیان لە کاردانەوەکانی تاڵەبانی بەرامبەر بزوتنەوەو...وەرنەگرتوە. دەبوو مەلابەختیار لە مێژبوایە بنکەی ناوەندی نوسەرانی ببردایەتە چیای سورێن و بخستایەتە گەڕ، کەچی خۆی لە گوندی تەکیەو یەکێک لە دەزگای ڕۆشنبیری یەکیتی! و ئەویتریان لە ناوچەیەکیتر بە (کاری ڕێکخراوەیی یەکیتی یەوە! خەریک بوون!) دەنگی دەهۆڵی پەلاماری یەکیتی بۆ سەریان لە شارەکاندا دەنگی دەدایەوە،

ناوەندی نووسەرانی ئاڵای شۆڕش نەیدەبیست و نەی دەبینی و لە خۆش باوەڕی و خەوی غەفڵەتدا بوون.

مەلا بەختیار لەو نامەی سەرەوەدا نوسیویەتی :" بریاری زانیاریان ئەوەیە كە بێ سەلماندنی هیچ جۆرە مافێكی دیموكراسی هەول ئەدەن پاكسازی بكەن و هاوڕێ یانی ئێمە دوور دەخەنەوە، بە هیچ چەشنێ باوەڕیان بە دیموكراسی و ئازادی هەڵوێست دەربڕین نیە!" ئەو بۆچوونانەی مەلا بەختیار زۆر سەیر بوون، وەكو ئەوەی یەكێتی لەو كاتەوە دەستی بە پاكسازی كۆمەڵە كردبێت! و تازە ش یەكێتی باوەڕی بە ئازادی و دیموكراسی نەمابێت!

لە كاتێكدا لەناو شارەكان و لە شاخیشدا دەهۆڵی هەڕەشەو پەلاماری یەكێتی بۆسەر ئاڵای شۆڕش تا دەهات تووندتر دەبوو، مەلا بەختیار لە نامەكەی سەرەوەیدا نووسیبوی:" ئێمەش لە بەرامبەردا جارێ بەردەوامین لەسەر(پشووی شۆڕشگێڕانە(!))... بە ڕوونی دیاربوو مەلابەختیار لەژێر كاریگەری راوێژكارانی تاڵەبانی دایەو وای سڕ كردووە، ئەو مەترسیانەی خەڵكی ئاسایی دەی بینن و دەی بیستن (تەنانەت خۆشی باسی دەكات) هێشتا نەیانگەیاندۆتە بریاری چوونە سوڕێن...

لە ئەڵقەی ٢١ زۆر دواین و هەڵسەنگاندنمان كرد. من بە تەواوی نائومێدی خۆم لە ناوەندی نوسەران دەربڕی. چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەلا بەختیاربووم تا ئەمجارەیان بە یەكجاری كارێكردنم لە گەڵیان بوەستێنم، بریاریشماندا تایپەكەی داوای كردبوو بۆیان نەنێرین.

دوای نائومێدبوون لە ناوەندی نوسەران، دەبوو لە ناوەو وەك ئەڵقەكان هەڵسین بە خۆئامادەكردن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی یەو بارودۆخە نەخوازراوەی لە ئەنجامی شاڵاوی یەكێتی بۆسەرمان چاوەڕوانی دەكرا. بۆ ئەنجامدانی وەها كارێكیش پاش چەندین كۆبونەوە، گەیشتین بە بریاری دروستكردنی (لیژنەی بەرگری پێشمەرگەی ناوشار) تا لە كاتی پێویستدا بتوانێت بەرگری لە ژیانی هاوڕێ یان بكات لە ناوەوە. دوای دروستكردنی ئەو لیژنەیە ئاگاداری مەلابەختیارم كردەوە لە دروستبوونی. سەیر لەوەدایە ئەو لەو نامەیەی خوارەوەدا بە لیژنەی تیرۆر! ناوی بردووە..

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە(٢١)ی تێكۆشەر

سڵاوێكی كۆمۆنیستانەو بە هیوای سەركەوتنتانین

ڕاپۆرتەكەتان و ڕاپۆرتەكانی ئەڵقەی هەورامان گەیشتن و ئەمەش وەڵامەكەیەتی

١-سوپاستان ئەكەین بۆ ڕێک و پێکی ڕاپۆرتەكە و ئەو چالاكیە نوێ یەشتان مایەی دڵخۆشیە. دەنگ و باسەكانیش، بە تایبەت سەبارەت بە باری كرێكاران بۆ گۆڤارەكە سودمەندەو تكایە لە هەمو لایەكەوە لە سەرتاپای وڵات دەنگ و باسی كرێكارانمان بۆ بنیرن.

٢-ووتاری كەژاڵ ، لە ژمارە یەكدا بڵاو ئەبیتەوە بە ناوێكی تر ئەگەر خۆی ناوێكی لا مەبەستە تكایە بۆمان بنیرن، ئەگەر نەیندرد خۆمان ناوێكی بۆ دائەنێین. ووتاری هاوڕێ سیروان ، ئینشائەكەی جوانە بەڵام بۆ گۆڤاری تیۆری ناشێ، چونكە ووتارێكی وەسفی یە نەک تەحلیلی..بۆیە تەنها چەند بەشێكی بڵاوئەكرێتەوە لە گۆڤارەكەدا. بە هیواین وورده ووردە زیاتر گەشە بكات و ووتاری زانستیترمان بۆ بنێرێ. چونكە گۆڤارەكە ئەبێ ووتاری كامڵ و زانستی تیا بڵاوبیتەوە. دوو ووتاری هاوڕێ یانی ئەڵقەی ناوەندی نووسەرانیش ڕەت كراوەتەوە هەر لەبەر ئەو هۆیانە.

٣-ئەو تێبینیانەی سەبارەت بە دوا بەیان ناردووتانە، فریا نەكەوت و تكایە ئەو بەیانە...پێتان بكرێ زوو بگەیەنن بە هەولێر...هەرچەند هاوڕێ ی دیكە پەیوەندی پێیانەوە هەیە. بەڵام ئەم پەیوەندیەی ئێوە ئێستا باشتر هاتە دەست و زوتر ئەگاتە جێ. بۆیە تكایە یان تەلەفۆن بكەن خۆیان بێن یان خۆتان بۆیان بەرن..(١٠٠٠) ژمارەیان بۆ بەرن و هەوڵ بەن لە هەموو شوێنێكا بڵاوبێتەوە..بەوان(هەولێر)بڵێن وا بكەن لە زانگۆی صلاح الدین زۆر بڵاوبیتەوە. دیارە خۆشتان وا بكەن لە هەموو لایەک بە جوانی بڵاوبكرێ. وا بكەن لەگەڵ هەولێردا تەوقیتی بڵاوكردنەوەكە بكەن و پێكەوە لە یەک كاتدا بڵاوبێتەوە باشە.

٤-تكایە ئەو كارتۆنەی هەردوو نامێلكەكەی تیایە لای خۆتان هەڵی گرن تا ڕوناک دێت و ئەیباتە جێ ی مەبەست..

٥-هاوڕێ یانی گیراو لە لایەن ینكەوە..هەموو ئازادكراون ودیارە مەسەلەكە هەر فشارو تۆقاندنە..ئەو شتانە بەرنامەی كاری سیاسیمان هەڵناوەشینێتەوەو بەردەوامین لەسەر سیاسەت و تاكتیكی خۆمان.

٦-تكایە ئەو نامێلكانە بە دیاری بدەن بە هاوڕێ یان و دۆستا و داهاتەكەی چەندە بۆمان بنێرن.

٧-ڕەنگە هاوڕێ گەرمیان سەرێكی سەركردایەتی ینک بدات، چونكە گەلێ مەسەلە هەیە پێویستی بەو سەفەرە هەیە..دیارە بە حەزەرو تەئمینێكی تەواو ئەروات.. دوای ئەوە زۆرشت سەبارەت بە ئیش و كارەكانمان یەک لا ئەكرین و بریاری تەواوی تازە ئەدرێ.

٨-ئەو لیژنەی تیرۆرەی پێک هاتووە..زۆر باشە..بەڵام یەكدی نەناسن و كەسانی خۆراگرو ئەمین و چاپوک و بە هەڵمەت بن.

٩-گەر هەبێ هاوڕێ یان ئامادەبن بۆ پێشمەرگایەتی..چەند هاورێ یەک ڕەوانە بکەن زۆر باشە..چونکە پێویستیمان بە پێشمەرگەی باش هەیە.
١٠- ناردنی تایپەکە دوابخەن و جارێ نامانەوێ .
١١-وەزعی نوێ شتیکی ئەوتۆ نیە و کەی دەنگ و باس هەبوو بۆتان ئەنێرین.
دوبارە ڕێز

هاوڕیتان
گەرمیان
١٩٨٥ / ١٠/٥-٤

دوای کۆبونەوەکەی تاران سالار عزیز پاش ئەوەی نائومێد دەبێت لە هەڵوێستی ئالای شۆڕش سەبارەت بە جیابونەوەی چەکداری ، پەلەی تەقاندنەوەی تالەبانی بوو بە ئالای شۆڕشدا تا لە ئەنجامی ئەو پەلامارەی ڕوودەدات هەرچی زووە جیابوونەوەی چەکداری ڕووبدات. ئەو بۆچوونەش لەو نامەیەی١٩٨٥/١٠/٧ دەردەکەوێ کە لە ڕاژانەوە ناردبوو یان بۆ مەلا بەختیار، ئەمەش بەشێکی نامەکەیە:

هاوڕێی خۆشەویست کاک بەختیار **ڕاژان**

سلاو و ڕێز ٩٨٥/١٠/٧

زۆرهەوالی تەندروستی و خۆشیتان ئەپرسم و هیوادارم لە خۆشی و کامەرانیدابن. زۆر ڕێزو سلاوم هەیە بۆ کاک شێخ علی و کاک بکر و زۆر هەواڵیان ئەپرسم.

کاکە نامەوێ نامەکەم زۆر درێژبێ چونکە کاک سالار نامەیەکی دووروودرێژی بە دەستەوەیە لەم کاتەدا، هەربۆیەش من بە کورتی حەز ئەکەم دەربارەی وەزعی دەرەوە و ئێرە هەندی شتتان بۆ باس بکەم.

بە نیسبەت دەرەوە وەزعی ڕێکخستن زۆر چاکە و ئێستا لە زۆربەی وولاتەکانی ئەوروپا ڕێکخستنمان هەیە وەکو انگستان، هۆڵەندا، ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا، هەنگاریاو سوید ئەوە سەرەرای لقی ئەمریکا کە بە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر خەریکی چالاکین و کەمالیەکانیان (مەبەستی جلالیەکانە –نوسەر) کردۆتە کونەوە.

هاوڕێ: ڕاستە ئێوە لە ناوەوەی وڵات و باڕێکی یەکجار قورستان کەوتۆتە سەرشان بە تایبەتی لە ژێر قورسایی دوو زەغتی زۆر گەورەدان ، لە لایەک رژێمی فاشی بەغداو لە لایەکیش مام کەمال و دارودەستەکەی و ئێمەش تقدیری وەزعتان زۆر ئەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکڕا ڕێکخستنەکانی دەرەوەمان و دۆستانمان و خەڵکانی نزیک لێوەمان، دەمێکە چاوەڕێ ی ئەو بریارە مێژووەن کە گوێ یان لە ڕاگەیاندنی جیابوونەوە بێ و ئیتر بە ئاشکرا ڕێکخستن کاروباری خۆی بکات، بە تایبەتی -بە نیسبەت دەرەوە- زەمینەی تەواوی بۆ خۆشکراوە، و تەواو

پەیوەندی لەگەڵ هێزە سیاسیەكان و دەوڵەتە دۆستەكانمان كراوە،بە ڕادەیەك كە ئەو مۆڵەتە لە بارە بڕواناكەم بۆ هیچ ڕێكخستنێك و گروپێكی سیاسی تا ئێستا ڕەخسابێ.

كاك جەعفەرو من لێپرسراوی ئەو دەوڵەتانەمان دی و زۆر پێخۆشحاڵ بوون بە كاروبارمان و زۆریش پشتگیری خۆیان نیشان دا، هەروەك ئامادەی خۆیشیان بۆ زۆر شت نیشان دا، یەكێ لەوانە كە نوسینی نامەیەكە ڕاستەوخۆ یە بۆ سەرۆك حافظ الاسد.

هاوڕێ مەسەلەی جیابونەوەی ئەمڕۆ مەسەلەیەكی سیاسیە زیاتر لەوەی عەسكەری بیت. جەماوەرو خەلكی و دۆستانمان چاوەڕێ ی هەڵوێستی سیاسیمان لی ئەكەن نەك تەرازوی هیزی عەسكەری جونكە ئەمڕۆ ڕەنگە هەر هەوڵێك بدەین لەم كاتەدا بە تایبەتی نەتوانین بە قەدەر جەماعەتی مام كمال –بە عەدەد- چەكدار پەیدا بكەین، بەڵام ئەمە گرنگ نیە چونكە هەڵوێستی سیاسی ڕاست، بەرنامەی شۆڕشگێڕانە، ستراتیژی ڕوون و ئاشكرا، ئەتوانن كۆمەڵانی خەڵكمان لێ كۆ بكاتەوە و لەوانەش هێزی چەكدار وپێشمەرگەی عەقائدی لێ هەڵبژیرین.

گرنگ ئەمڕۆ جیابونەوەیە لە دارو دەستەكەی مام كەمال و دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی یە و دواكەوتنیشی لەوە زیاتر وەك ئێمە لە دەرەوە لێرە ئەیبینین، لە پەرژەوەندی ئەو مەسەلەیە نی یە و خاوكردنەوەی لەمە زیاتریش ئەبێتە هۆی لە باربردنی و ساردكردنەوەی خەڵكی و دۆستان و لایەنگرانمان.....

ئەم نامەیەی خوارەوە، كە بە خەتی حاجی مەمۆ نوسراوە بۆ مەلابەختیار، دیارە پێش چون و بینینی سالار عزیزو مامۆستا جەعفەرە لە تاران لە لایەن مەلا بەختیارەوە، كە بە ئاگاداری و پێشنیاری خودی جلال تاڵەبانی ئەنجامدرابوو، دەری دەخات :

١-تأكید لەسەر زەرورەتی كاتی جیابونەوەكە دەكات..

٢-ئەوان (سالارعزیز، مامۆستا جەعفەر،حاجی مەمۆ) پەیوەندیان بە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكان و دەوڵەتانەوە كردووە..

٣-ئەو لایەنە (ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەتانە) ئامادەی كۆمەكیان دەربڕیوە...

ئەمەش بەشێكی نامە خەتیەكەی (یەكێك) لە نامەكانی حاجی مەمۆیە كە بە هەمان بەروار دوو نامەی بۆ مەلابەختیار ناردووە:

ئەوە بەشێك لە نامەكەیە، كە بە ڕوونی ڕای سالار عزیزو مامۆستا جەعفەرو حاجی مەمۆ دەردەخات.

كۆبونەوەی ئاڵای شۆڕش و یەكێتی نیشتمانی

دیسانەوە هەڵەیەكیتری مێژوویی كە زۆر لەسەرمان كەوت، ئەوەبوو سەربەخۆ مەلابەختیار بریاری ئەو دانیشتنەی دا لەگەڵ سەرانی ینک، كە دەبوو، وە بریار بوو پێشتر بنكەی ناوەندی نوسەران لە ژێر دەستی یەكێتی دوور بخاتەوە ئەوسا هەڵسێت بەو كارە

هاوڕی یانی ئەڵقەی ژمارە(٢١) تێكۆشەر

سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم و هیوای خۆشی و سەركەوتنتان بۆ ئەخوازین

هاوڕێ یان..ئیمە گەیشتینە سەركردایەتی ینک و ناوەندی كۆڕەك..تەعقیبی ووردی دۆخەكەمان كرد، بیروڕاو سەرنج و ڕادەی زانیاریان لە سەرمان زانین، بریارو بۆچوونی كۆبونەوەكانمان بۆ دەركەوت..بۆیە گەیشتینە ئەو سەرئەنجامەی پیویستە بە ڕاشكاوی كێشەكان یەكلا بكەینەوەو چیكە بەم چەشنە لە ناو كۆڕەكدا نەمینینەوە. سەرەتا لە تەك سكرتێری ینک كۆبوین و چوار سەعات قسەمان كرد.. پێمان ڕاگەیاند كە لە ڕووی فكری و تیئۆری و تەنزیمیەوە تۆزقاڵێكمان باوەڕ بە كۆڕەك نەماوەو ناتوانین لە ناویا درێژە بە كارو تێكۆشان بدەین. بەڵام ئەمانەوێ لەتەك ینک دا دۆستایەتی بكەین و جۆری ئەم دۆستایەتیەش پاشەڕۆژ بریاری تەواوی لێدەدەین. ئەویش بیروڕای خۆی دەربڕی و ڕەق و نەرمی و باش و دیپلۆماسیەتی ئاوێتە كرد..نەرمی بەرامبەر ئێمە..ڕەقی بەرامبەر كاك سالارو مامۆستا جەعفەر. سەرئەنجام گووتی من وەكو خۆم لایەنگری دۆستایەتی و هاوكاریتانم ئەگەر بەرنامەو بریارەكانتان وابوو كە پێكەوە بسازێین.

دوای ئەوەی لە تەك ناوندی كۆڕەك دا كۆبوینەوە، هەمان سەرنج و بیرو ڕامان لەسەر دۆخەكە و كۆڕەك و بۆچوونەكانمان بۆ دەربڕین. ئەوانیش سەبارەت بە مفاوەزات، شەڕی ناوخۆ، لەشكر جوداكردنەوە، چەند پرسیارێكیان كرد و ئیمەش وەڵاممان دانەوە كە یەكەم ئەگەر ئێوە مفاوەزاتتان كرد ئێمە نایەینە ناوی، بەڵام بۆ ئەوەی ڕژێم سوود لە هەڵوێستی یەكسەرو توندی ئێمە وەرنەگرێ و كەمترین دەست كەوت بكاتە بنەمای ڕێك كەوتن لە گەڵتان دا، تا دەركەوتنی سەرئەنجامی گفت و گۆكە، ئێمە ماوەیەكی باش بێ دەنگ دەبین، بەڵام دوای ئەوە ڕای خۆمان دەرئەبڕین. لەسەر شەڕی ناوخۆش، دیسان گوتمان دژی شەڕی ناوخۆین و هیوامانە نەمێنی..دوا هەڵوێستیش لە كۆبونەوەی فراوانمان دا دەری ئەبڕین.

ئەوان بە ڕەسمی دژایەتی هەڵوێستیان نەكردین و گەیشتینە ئەوە كە تا سەری ساڵ ئێمە كۆبونەوەی فراوان بكەین و دوا بریارو سیاسەتی خۆمان داڕێژین...ئەوانیش ئیجرائات لەگەڵ هیچ هاوڕی یەكمان نەكەن.

وا ئێستا خەریكین لە ناو خەڵک ئەم هەڵوێستە ڕۆشن دەكەینەوەو ئەوانیش دیارە بەردەوام لە پەرژەوەندی خۆیاندا قسە دەكەن و بەرگری لە ڕێبازی خۆیان دەكەن و پڕوپاگەندە بلاودەكەنەوە. دووریش نیە گێچەڵی لاوەكیشمان دووچار بكەن. دیارە ئێوەش پێویستە بە پشویەكی شۆڕشگێرانە پرۆپاگەندەی ئازادی دەربڕینی بیروڕا بكەن...سەربەستی هەڵبژاردنی ڕێباز بڵاوبكەنەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەم قۆناغە ناسكە، ئاڵۆزە، بگرە قۆناغێكی ئینتقالی خەتەرو چارەنووس سازە سەبارەت بە تەیارەكەمان...بۆیە سۆزو سایكۆلۆجیەتی جەماوەر لە بەرچاوبگرن و قسە لەوە بكەن ئەگەر ینک دیموكراسی و ئازادی بسەلمێنێ..ئێمە جیاكردنەوەی هێزمان پێباش نیە.. ئەم خاڵە زۆر گرنگە تا ئەوەندەی مەوجودیەتی خۆمان بە ئاشكرا ڕۆشن ئەكەینەوە، تا ئەوەندەی لەم قۆناغەش دڕوفێڵی ئەوان دەر ئەكەوێ. ئینجا قۆناغی نوێ دێتە كایە. دیارە پەرت و كەرت نە كردنی هێزی پ.م لەم قۆناغەدا جەماوەریش پێ ی خۆشە. سەرەتا ئێمە هەر دەتوانین ئازادی دروست كردنی ڕێكخستن پیادە بكەین و جەماوەری پێ قایل بكەین..دیارە دوابریاریش هی ئەم قسەو بۆچوونانە نیە.. **بەڵكو هی كۆبونەوەی فراوانی هەموو هاوڕێ یانە كە وا ئەكەین تا مانگیكی تر سازی بدەین و بیگرین و تەواوی مەسەلەكانی تی شی بكەینەوە.**

هیوادارین بە چڕی و وردی بكەونە كار، بكەونە قسە و موناقەشە، بكەونە پرۆپاگەندەی شۆڕشگێرانە تا بتوانین بەرپەچی ئەو شاڵاوە دژە كۆمۆنیستیە و پرۆپاگەندە ژەهراویانە بدرێتەوە حتما ئەمڕۆ و تا ماوەیەكیش چڕتر ئەكرێ لەسەرمان.

تێبینی: هیوادارین لەگەڵ تەواوی ئەڵقەكانی ئاڵای شۆڕش بكەونە گفت وگۆ بۆ وەرگرتنی یەک هەڵوێستی هاوبەش.

ناوەندی نوسەران
١٩٨٥/١٠/١٧
مالومە

دیسانەوە باس لە بەستنی (كۆبەنەوەی فراوان) دەكات لە ژێر زەبری هەڕەشەی تیرۆری یەكێتی و لە ژێر دەسەڵاتی یەكێتی؟ نازانم ئەو كەسانەی كێبون ئەوەندە گێل بن بچن بۆ وەها كۆبوونەوەیەكی فراوان.؟.

لە ١٩٨٥/١٠/٢٥ لە ئێران سالار عزیز نامەیەكی پێنج لاپەڕەیی گەورە بە زمانی عەرەبی ئاراستەی " المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة دەكات كە ئەو بەرواڕەی لەسەرە و ئاراستەی حضرة الاستاذ ابراهیم المحترم كراوە و لە كۆتایی لاپەڕە پینجدا نوسراوە:

اللجنة القیادیة

لعصبة شغيلة كردستان -العراق

دەقی ئەم نامەیە لە ئەسڵدا بۆ حكومەتی سوریا نوسراوەو نێردراوە، لە نامەكەدا خەت بەسەر الجمهورية السورية دا هاتووە و كراوە بە المجلس الاعلى الاسلامى.
من ئەم نامەیەم لە ئەرشیفی لیژنەی سەرپەرشتی ئالای شۆرش لە زێوی دی و پاراستووەمە.
لەو نامە درێژەدا كە بە زمانی عەربی نوسراوە:
١-باسی رژیمی عێراق و ڕۆلی فاشیزمانەی ئەو دەسەڵاتە لە سەركوتكردنی خەڵك دەكات.
٢-شەڕی ئێران –عیراق كە سەدام هەلیگیرساندووەو گەل باجەكەی دەدات.
٣- لە لاپەڕە دوودا دەڵی ئێمە ئامادەی جیابوونەوین لە یەكیتی وكێشەی سەرەكی كە بەرەوڕوومان دەبێتەوە نەبوونی ئیمكانیاتی مادی یە ، وەكو نوسیویەتی كە لە توادانیە بە كارێكی گەورەو چارەنووس سازی وەك (جیابوونەوە) ببینەوە بێ مسۆگەركردنی پێداویستی یە مادیەكان .
٤- خاڵێكی تری نووسینەكە لەسەر ڕۆڵی تاڵەبانی و وابەستەیی بە رژێمی سەدام و درێژەدانی بە شەڕی ناوخۆیە بە قازانجی ڕژیمی عیراقی...
٥- لە لاپەڕە دوو و سێ دا زیاتر باس لە مفاوەزاتی ینک لەگەڵ حكومەت وڕۆڵی تاڵەبانی لە تێكدانی ڕیزەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كوردو عێراق دەكات و دواتر باس لەو دەكات كە (لە مانگی ئایاری ١٩٨٤ وە بە پێی ئەو نەخشەیەی لە مانگی ئایاری ١٩٨٤دانراوە !) (رێكخستنەكانمان و هاوڕێ كانمان!) دژی مفاوەزات وەساونەتەوە، دواتر یەتە سەر باسی جیاكردنەوەی هێزی چەكدار دەكات!
٦- لە لاپەڕە چواردا باس لە هەندێ شتی سەیر دەكات بەمجۆرە كەمن نەمبیستووە:
بارودۆخمان لەناو (ینک) لە ئیستادا بەم جۆرەیە:
هاوڕێ یانی سەركردایەتیمان لە ناوەوە لەگەڵ ژمارەیەكی زۆری پێشمەرگە - زیاتر لە هەزار شەركەر- لە ناوچەیەكی ستراتیژی گرنگ لە ناوچەی ((قەرەداغ)) و سەرانی ینک ئاگاداری چالاكی یە نیمچە ئاشكراكانیانە! دوایی دێتە سەرباسی : لەمانگی تەممووزی ئەمسالدا مەبەستی(مانگی تموزی ١٩٨٥)ە تاڵەبانی هەوڵی دا هێرشی چەكدا ری بێنێتە سەر هاوڕێ یانمان بەڵام شكستی خوارد بە هۆی ملنەدانی پیشمەرگە بۆ ئەو فەرمانانەو و زۆریشیان پەیوەندیان كرد بە هاوڕێ كانمانەوە!
٧- داوا لە مجلس ئەعلی دەكات بۆیان تێكەوێت لای ئێرانیەكان كۆمەك بكرێن..جارێكی تریش داوای كۆمەكی ماددی بە پەلەیەیان لێدەكات..

٨- دواخاڵی نامەكەش هەوڵی نزیكردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی علمانی و دینیە ، بۆ دروستكردنی بەرەیەكی ئۆپۆزیسیۆنی فراوان!

گرنگترین خاڵێكی ئەو نامەیە بە لای منەوە ساەلماندنی ئەوەیە نوسین و پەیوەندیەكانی سالارعزیز دوای نزیكەی ساڵێك دوای دروستبونی ئاڵای شۆڕش هێشتا بە ناوی **الجنة القياديه لعصبة شغيلة كردستان –العراق** كاریدەكرد.

نازانم چ ڕێكەوتێك بوو لە ئەرشیفی زێوەی لیژنەی سەرپەرشتیدا ئەم نامەیەی سالار عزیزم دی كە نێردرابوو بۆ لیبیەكان :

1-ئەو وەك لە ئیمزای نامەكەدا نوسیویەتی بە ناوی خۆی لەباتی (عن عصبة شغيلة كردستان- العراق) نووسیویەتی، واتە ئەو ئاڵای شۆڕش نەبووە...

2-لە نامەكەیدا بۆ لیبیەكان باس لە نزیكبوونەوەی جیابوونەوە دەكات لە یەكێتی! پێموایە ئەو لە لایەن خۆیەوە بریاری دابوو كارێك بكات وەزعەكە بەرەو تەقینەوە بەرێت...

ئەمەش دەقی نامەكەی سالارعزیزە كە ناردویەتی بۆ لیبیەكان نزیكەی ساڵێك دوای دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش :

الاخوان الاعزاء- صديق و مختار التأريخ ١٩٨٥/١٠/٢٠

تحيات نضالية

اتمنى لكم دوام الصحة و الموفقية

بعد لقائنا الاخير بكم فى الجماهيرية الليبية الشعبية الاشتراكية فى نيسان ١٩٨٥م تباحثنا حول وضعنا السياسى العام داخل ((الاوك))و تناقشنا حول موضوع انفصال تنظيمنا عن جلال الطالبانى.

فى شهر ايلول قدم رفاقنا تقريرا عن الوضع السياسى العام فى العراق و وضع تنظيمنا السياسى و العسكرى فى كردستان و داخل (الاتحاد الوطنى) للمثابة العالمية ، اتمنى ان تكونوا قد اطلعتم عليها.

اخوانى الاعزاء

نحن الان فى المراحل النهائية لعملية النفصال عن الاتحاد، ارى من الضرورى ان نلتقى فى اقرب فرصة ممكنة للتباحث حول وضعنا و مشاكلنا و مخططاتنا، لذا ارجوا ان تتفضلوا بارسال دعوة الي- نيابة عن تنظيمنا- لزيارة الجماهيرية و الالتقاء بكم.

تحياتى مرة اخرى و اتمنى لكم دوام الموفقية

سالار عزيز

عن عصبة شغيلة كردستان -العراق

ئەو نامەیەی سالارعزیز پازدە ڕۆژ پێش شاڵاوی یەکێتی بوو بۆ سەر ئاڵای شۆڕش!

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لەو نامەیەدا ئەوەیە کە دەڵێت : (ئێمە لە قۆناغەکانی کۆتایی جیابونەوەکەداین لە یەکێتی!) ئەمیش ئەو پرسیارە دەهێنێتە پێشەوە :

١- سالار عزیز کە خاوەنی ڕێکخستن نەبوو لە ناوەوەی کوردستان .

٢- ئەو لەو چاوپێکەوتنەی تاران لەگەڵ مەلابەختیار بە ڕوونی پێ ی ووتراوە ئاڵای شۆڕش بڕوای بە جیاکردنەوەی هێزی چەکدار نیە.

٣- ئاگادار کراوە کە ستراتیژی خەباتی ئاڵای شۆڕش ڕاپەڕینی شارەکانە (نەک چەکداری شاخ).. ئیتر لەسەر ئەساسی چی دەڵێت : کە لە دواساتەکانی بریاری جیابونەوەین لە یەکێتی! دواتر لە بە گرتدانی سۆران ناوەکە بەو نامانەوە کە باس لە جیابونەوەی چەکداری دەکات پلانەکەی دەردەکەوێت، کە بریتی بووە لەوەی وا لە تاڵەبانی بکات کە ئاڵای شۆڕش لە ئان و ساتدایە بۆ جیابونەوەی چەکداری و ببێتە هۆی پەلاماری ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش و جیابونەوە دروست بێت..هەرواش دەرچوو، دوای گرتنی نامەکانی سالار بەو سۆرانەدا ناردبووی و (بە گرت درا) تاڵەبانی باوەڕی بە قسەکانی دوا کۆبونەوەی لەگەڵ مەلابەختیار نەما و کەوتە تەپکەکەی سالارعزیزەوە، لەولاشەوە نەوشیروان مستەفا هەلی بۆ خولقا (درکەکە لە ژێر پێی مەلابەختیار)دەربێنێ و تۆڵە بکاتەوە. بەوجۆرە تاڵەبانی و نەوشیروان لە بێ ئاگاداری و بێ زانیاریان بە قازانجی پلانەکەی سالار عزیز هێرشەکەیان بۆ سەر ئاڵای شۆڕش دەست پێکردو لە باتی (سالار عزیزو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق) ئاڵای شۆڕشیان لە خاچ دا.. گرتنی نامەکەی سالار عزیز بۆ مەلا بەختیار بە (سۆران) لە لایەن یەکێتی یەوە ئەو پزیسکەبوو کە بریاری پەلاماری یەکیتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش پێشخست و خۆش کرد. کە من پێموایە سالار عەزیز بە دەستی ئەنقەست بۆ ڕوودانی زووتری ئەو پەلامارەی یەکێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش ڕێکی خستبوو.

بە پێی ئەو نامە گیراوەی سالار نووسی بووی بۆ مەلا بەختیارو باسی جیابونەوەی چەکداری کردبوو، نەوشیروان مستەفا، کە لە دەرفەتی تۆڵەسەندنەوە لە مەلا بەختیار دەگەڕا تاڵەبانی گەرمتر کرد. تاڵەبانی کەوتە تەپکەکەی سالارەوە بریاری پەلاماری ئاڵای شۆڕشی دا.

نامەی ئەڵقەی ناوەندی نوسەران

هاوڕێ یانی ئەڵقەی ژمارە -٢١- تێکۆشەر

سڵاوێکی کۆمۆنیستانەی گەرم

بە هیوای سەرکەوتنتان

چەند ڕۆژێک پێشتر لە وەزعی سیاسی نوێ و چۆنیەتی خۆساغ کردنەوە و جیابونەوەی تەنزیمی و سیاسی خۆمان لەگەڵ کۆڕەک ئاگادارمان کردنەوە.

ئێستاش چەندڕۆژێک بەسەر ئەو وەرچەرخانە سیاسیە گرنگە چارەنوس سازەدا تێدەپەڕێت. ئێمە لای خۆمانەوە سەرگەرمی ڕێک خستنی کارەکانی ئێرەو ڕێنمایی کردنی هاوڕێانی شاخین سەبارەت بە چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ ڕوداوەکان و چاندنی گیانی شۆڕشگێڕی و پشوودرێژی هاوڕێیانمان بۆ سەرکەوتنی پلانەکانمان لەم قۆناغە ناسکەداو بەرپەرچ دانەوەی پرۆپاگەندەی نابەجێ ی ئەوان و پوچەڵ کردنەوەی پلانی شەڕئەنگێزانەیان سەبارەت بە سازکردنی زەمینەی شەڕویەکتر کوشتن، بەو پێ ی ئەم هەنگاوە سیاسیەی ئێمە گوایە خزمەت بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان ناکات و مایەی پەرپا بونی شەڕی ناوخۆو گیروگرفتی ناهەمواڕە.

هەندێ لە لێپرسراوانی قین لە دڵ و پەرژەوەندی پەرستی ینک، قسە دەکەن، پرۆپاگەندەی نابەجێ دەکەن، ئێستا لە سەرتاسەری ناوچەکەمان، هەرچی سەرتیپ و جێگرەکانیان و ئەو کادرو (پ.م) انەی گومانیان لێدەکەن هاوڕێ ی ئێمەن بانگیان دەکەن و داوای هەڵوێست و خۆساغ کردنەوەیان لێدەکەن، بە گشتی تا ئێستا 7-6 کەسیان چەک کردوەو دەریان کردوون و ڕەوانەی لای ئێمەیان کردوون.

ئەمانە بەم هەڵوێست و هەڵس و کەوتەیان هەوڵ دەدەن ئێمە ڕاکێشنە هەڵوێستێک کە مەبەستیانە ودەیانەوێت مەسەلەکان بە جۆرێک بتەقێننەوە کە بە بەرژەوەندی خۆیان بشکێتەوە و مەسەلەکە لەبار بەرن.

ئێمە سەبارەت بە هەموو ئەو پلان و نەخشە ئاژاوە گێڕیانەی ئەوان، پلانی وردو زانستیانەی خۆمان هەیە و وردو مەوزوعیانە، وەکو پێویست و سەبارەت بە هەر ڕووداوێک جێ بەجێ یان دەکەین.

ئێمە هەمو لایەکمان، لە شاخ و لە شار دەبێت دو سیاسەتی جیا و پێکەوە بەستراو بگرینە بەرو بیان کەینە ناوەندی خەباتی ئەم قۆناغە ناسک و چارەنوس سازە، لە لایەکەوە دەبێت تاکید لەسەر مەسەلەی ئازادی بیروڕای ، سیاسی و ڕێکخراوەیی بکەین و مەسەلەی پاراستنی یەکێتی هێزی پێشمەرگە و گەشەکردنی بزوتنەوەی مقاومەت دژی فاشییزم توند ببەستینەوە بەو دروشمە سیاسیەوە و هەوڵ بدەین لە ناو کرێکاران و زەحمەتکیشان و جەماوەری گەل بە گشتی جێگیری بکەین.

هەربۆیە دەبێت هەموو لایەک، هاوڕێیانە شاخ و شار توند دەست بەو ئەڵقە ناوەندیەی خەباتەوە بگرن و داکۆکی لە دروشمی سیاسی، ئازادی و دیموکراتی فیکری و ڕێکخراوەیی یەکێتی هێزی پ.م دەپارێزێت و مایەی بەهێزکردنی

بزوتنەوەی شـــۆڕشـــگێرانەی گەلەكەمانە و ڕاســـتەوخۆ لە خزمەتی ئامانجەكانی كرێكاران و زەحمەتكێشانایە.

ئەمە لە لایەك و لایەكی تریشی ئەركەكانمان، سازبون و ئا**مادەبونمانە** بۆ ڕوو بە ڕوو بونەوەی هەر ڕووداوێكی سیاسی گرنگ و نا هەموار و بەرپەرچ دانەوەی هەر هەڵوێســـت و هێرش و پەلامارێكی لە ناكاوی بۆرجوازی و وردە بۆرجوازی نفوزداری كوردســـتان، كە ئێســـتا ئەم هەڵوێســـتەی ئێمەو دەركەوتنی ئێمەو وەكو ڕێكخراوێكی شـــۆڕشـــگێری كۆمۆنیســـت، گەورەترین مەترســـی لەســـەر ئەوان دروستكردووە و گەشەكردنی ئێمە بە نەمان و نابوت كردنی خۆیان دەزانن.

دەبێت باش لەو ڕاستیە بگەین و جەماوەر لەو حەقیقەتە بگەیەنین كە وێڕای ئێمە هەڵگری ئاڵای ئاشتی و پێكەوە ژیانی دیموكراسیانەین مومكن نیە بۆرجوازی هەتا ســـەر جەوی دیموكراتی دابین بكات و بۆرجوازی بە گشـــتی و بۆرجوازی لاوازو شڕەخۆری كورد دژی هەموو جۆرە دیموكراتیەت و ڕێبازی كۆمۆنیستی یە.

هاوڕێ یانی تێكۆشـــەر، ئێمە هاوڕێ یانی ڕێگای ئامانجێكی مەزن و بەرزی مرۆڤایەتین، ڕێگای دیموكراتی و ســـۆســـیالیزم و كۆمۆنیزم، هەربۆیە دوژمنانی چینایەتی و فكریمان لە چەندین لاوە، لە ســـەنگەری جیادا بۆمان لە بۆســـەدان، ، هەربۆیە دەبێت ســـازو ئامادەبین بۆ مل ملانێی فكری و چینایەتی دوژمنەكانمان، ســـەركەوتنی ڕێبازەكەمان بەندە بە تاكتیكی ڕاســـت و دروســـتی ســـیاســـی، پەروەردەكردنی تێكۆشەری كۆمۆنیست و جەربەزە و سەرسەختی پشوودرێژ كە تا دوا مەنزل خەباتی چینایەتی كرێكاران لە گەڕدابێت. ســـەبارەت بە كۆنفرانســـیش، ئێمە كار بۆ سازكردنیزەمینەی بەستنی دەكەین و لە كاتی خۆیدا لە زەمان و زەمینەی ئاگادارتان دەكەینەوە، هیوادارین ئێوە ش لای خۆتانەوە ســـەبارەت بە ســـەراپای مەســـەلە فكری و ســـیاســـی و ڕێكخراوەییەكان ســـاز بدەین و بە ســـەركەوتوویی ئەم قۆناغە تێپەڕێنین.

لە داهاتووش هەر ڕووداوێكی نوێ هاتە پێشەوە ئاگادارتان دەكەینەوە.

بۆ پێشەوە ڕوەو سەركەوتن

ئەڵقەی ناوەندی نوسەران

١٩٨٥/١٠/٢٧

سەرنجێكیتر لە نامەی ١٩٨٥/١٠/٢٧

ئەو نامە پێنج لاپەڕەیی یە ی مەلا بەختیار كە زۆر پرســـیار هەڵدەگرێت و زۆر شتمان پێدەڵێت لە كۆمێتە زۆر لێدوان و هەڵسەنگاندنی لێوەكرا، بۆمان دەركەوت:

تا ئێســـتا لە نامەكانی پێشـــویدا وەكو(ڕەوت) قســـەو شـــیكردنەوەو بریار دراوە و ڕەفتـــار كراوە، لە لاپەڕە چواری ئەم نـــامەیەدا بـــاس لە :(دەركەوتنی ئێمە وەكو " ڕێكخراوێكی شۆڕشگێڕی كۆمۆنیستی"دەكات!).

تا ئەو ساتە وەختە (كە دوا ساتەكانی خۆئامادەكاری تالّەبانی بوو بۆ هێرش و پەلامار بۆ سەر ئالّای شۆڕش) وەك (ڕەوتەكەی ناو كۆمەلّە) بیریان كردۆتەوەو ڕەفتاریان كردووە و كاریان كردووە، نەك وەك "ڕێكخراوێكی شۆڕشگێڕی كۆمۆنیستی" سەربەخۆ كە لەم نامەیەیدا هاتووە. خۆشیان بە تەواوی یەكلا نەكردبۆوەو تەرخان نەكردبوو بۆ كار لە "ڕێكخراوێكی شۆڕشگێڕی كۆمۆنیستی سەربەخۆی" وادا. بە بەڵگەی ئەوەی تازە خودی مەلابەختیار نامەی وازهێنانی ئاراستەی ناوەندی كۆمەلّەو یەكێتی كردووە، لەولاشەوە مامۆستا پشكۆ تا ئەو ساتە خەریكی كاركردن بووە لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەكێتی و شێخ عەلیش لە ڕێكخراوێكیتر خەریكی كاری ڕێكخراوەیی ناو یەكیتی بوون! و هیچیشیان لەو دووانە نامەی وازهێنانیان لە یەكێتی نەنووسی بوو.

هەر لە بەشی خوارەوەی لاپەڕە چواری ئەو نامەدا هاتووە: (سازبوون و ئامادەبونمانە بۆ ـڕووبەڕووبوونەوەی !ـ هەر ڕووداوێكی سیاسی گرنگ !و ناهەمواروـ! بەرپەرچ دانەوەی ! هەر هەڵوێست وهێرش ! و پەلامارێكی! لە ناكاوی بۆرجوازی و!)... بە بێ ئەوەی ڕوونی بكاتەوە كەی و چۆن وە بەچ شێوەیەك بەرەو ڕووی ئەو پەلاماڕە دەبێتەوە كە لە دەقیقەو ساعاتدابوو ڕووبدات. یا بۆ لە باتی چوون بۆ ناو كونی ماڕەكە نەیگواستەوە چیای سورێن، وەك لەسەری ڕێكەوتبووین. چیای سورێن بكرێتە بنكەی ناوەندی نووسەران و لەوێوە پلانی ڕێكەوتن لە گەڵ حزبەكانی ئۆپۆزیسیۆن بە یەكێتیشەوە دابڕێژرێ و درێژە پێ بدرێت. كە ئێمە پێشتر بە دەمی و بە نامە لەو بارەوە لەگەڵی دوابووین و ڕێكەوتبووین؟ دواتر نووسی بووی (ئێمە سەبارەت بە هەمو ئەو پلان و نەخشە ئاژاوەگێڕی یانەی ئەوان پلانی وردو زانستیانەی خۆمان هەیە و وردو مەوزوعیانە وەكو پێویست سەبارەت بە هەر ڕوداویك جی بەجی یان دەكەین) **. دەركەوت هیچی وانەبوو، نە گوێیان بۆ ڕای ناوەوە ڕاگرت . نە خۆشیان پلانی زانستیانە ومەوزوعیانەیان هەبووە،** نە ئەو هەموو هەڕەشەو چاوبزكردنەوەو جنێوانەیان دەبیست و دەدی كە بەرپرسە چەكدارەكانی یەكێتی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ پێیان دەوتن، بۆیە یەكێتی بە ئاسانی هێرشەكەی بۆ چووە سەر.

مامۆستا پشكۆش لە ئەزمون و یادا جیاواز لە مەلابەختیار باس لە ڕەوتەكەیان دەكات، نەك (ڕێكخراوێكی شۆڕشگێڕی كۆمۆنیستی). لە باری كۆبونەوەكەی سێوسێنانەوە دەنووسێت: ("دانانی كۆمێتەیەك بوو وەك ئەڵقەی ناوەندی بۆ سەرپەرشتیكردنی (كاروباری ڕەوتەكە)...دواتریش لەسەر خواستەكانی ڕەوتەكەیان دەڵێت: **"ئێمە لە هەولّی دۆزینەوەی چارەسەرێكداین بۆ كێشەكان (لە نێو تەلاری یەكێتیدا)** و لە خراپترین حاڵدا،لە هەولّی ئەوەداین **(وەكو ڕێكخراوی چوارەم لە نێو یەكێتیدا) و (بێ ئەوەی ماڵی یەكێتی بەجێ بهێڵین)** بە ئامانجێك

بگەین")([1]) !.گەر وەک مامۆستا پشکۆ دەڵێت ئەوە ئامانجیان بوبێت، ئەی بۆچی قبوڵی پێشنیارەکەی تاڵەبانی و نەوشیروانیان نەکرد لە کۆنفرانسی سێهەمدا کە وەک باڵی (سێهەم) نەک (چوارەم) لە ناو یەکێتی دا کاربکەن؟

دیاربوو ناوەندی نوسەران هاوبیرو هاودەنگ نەبوون ئەگینا تاڵەبانی چۆن دلیری سەید مەجید ڕادەسێیرێ تا م.موحسن و م. پشکۆ؟(دوو ئەندامی ناوەندی نوسەران) بانگهێشت بکات بۆ کۆبونەوەیەک لە گەڵیاندا! .دیاربووە تاڵەبانی (زانیاری) هەبووە کە ئەمدوانە لە ناوەندی نوسەرانی ئاڵای شۆڕشن ئەگینا بۆ یەکێکیتری بانگ نەکردووە؟ یا کێشەی کۆمەڵە و یەکێتی کە خۆی و نەوشیروان بریارلێدەری هەموو شتێک بوون خێرە پرسیار لەمان دەکات کە نە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوون نە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی؟. لەو دانیشتنەدا تاڵەبانی لێیان دە پرسێت:

(" دووکەرتبوون لە کۆمەڵەدا ڕوو دەدات؟ ئێوە دڵنیام بکەن! دەبێت یا نا؟"

دواتر لێیان دەپرسێت:

" بەڵام ئێوە وردتر قسەم بۆ بکەن! ئێستا مامۆستا جەعفەر و کاک سالار هاتوونەتەوە ئێران و ئاڵای جیابوونەوەیان هەڵکردووە..مەلا بەختیار مانی گرتووە و لە تەکییە ئاڵای دژایەتیی هەڵگرتوە.. لە شارەکاندا، ناڕەزایی هەیە و بڵاوکراوەیەک چاپ و بڵاودەکرێتەوە و دێتە نێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەش! پەیوەندی نێوان ئەمانە چییە و ئەم وەزعە بە کوێ ئەگات؟"

م.پشکۆ نوسیویەتی: "ئێمە گوتمان: (مەبەستی خۆی و م. موحسنە-نوسەر) کاک سالارو مامۆستا جەعفەر. لە دەرەوەن پەیوەندیان لەگەڵ (ئێمە!)هەیە، بەڵام (ئێمە!) لەگەڵ هەڵوێست و کرداری ئەواندا نین.

لە ڕێکخستنەکانی شاردا، کێشەو ناڕەزایی هەیە و (ئەوان بڵاوکراوەکان دەردەکەن!)، (ئێمە دەیانناسین!) و لە هەوڵی ئەوەداین (کۆنترۆڵیان بکەین و بە ئاراستەیەکدا بیانبەین، بەرەو جیابوونەوە سەرنەکێشێت!)([2])

پێم سەیرە تاڵەبانیەک بەو هەموو زۆرزانی و فرتوفێڵەوە لێی نەپرسیبن (ئێوە)کێن؟ یان کاتێ ئەمان وتویانە ئەوانەی شار دەناسین . تاڵەبانی نەیپرسیبێت ئەوانەی شار کێن. تۆ بڵێی تاڵەبانی ئەوەندە سادەبووبیت؟ یا پێشتر لە ڕێگەی دلێرەوە (کە ناوەندی نوسەران) هیچیان لا نەشاردۆتەوە، زانیاری لابووە ، بۆیە نەیپرسیووە؟

---

[1]) کتیبی ئەزمون و یاد- چاپی سێهەم- نووسینی پشکۆ نەجمەدین. لاپەرە ٢٣٠.

[2]) هەمان سەرچاوە – لاپەرە - ٢٣٣.

بە هەرحاڵ دەردەكەوێت كە برادەرانی شاخ هێشتا هەر وەک ڕەوتە ناڕازیەكە بیریان كردۆتەوە و ڕەفتاریان كردووە و لە ئەسڵی كێشەكە هێشتا نەگەیشتوون، ئەویش كە پلان و كاری تاڵەبانی بوو بۆ تواندنەوەی كۆمەڵە لە یەكێتی دا.

ئێمە لە ناوەوە لەو ڕاستی یانە بێ ئاگا بووین! ئەو ڕاستی یانەمان نە دەزانی. ئەوان بە ئاقارێكی پێچەوانەو جیاواز لە بریارەكانی كۆبونەوەی دامەزراندن كاریان دەكرد! وەكو نوسیویانە هێشتا هیوایان لەسەر مانەوە لە یەكیتی دا هەڵچنیوە؟ پشتگوێ خستنی گواستنەوەی بنكەی ناوەندی نووسەران بۆ چیای سۆرێن و مانەوەیان دوای ئەو هەمو شاڵاوو هەڕەشانەی سەرانی یەكێتی بە تەواوی خستبووینیە گومانەوە، وایكرد بێ پرس وگەڕانەوە بۆ ناوەندی نوسەران دەستمانكرد بە دروستكردنی پێشمەرگەی ناوشار بۆ بەرگری لە ژیانی هاوڕێیان لە شاردا..لەبەرچاومان بوو كە پەلامار دەدرێین...

دیارە ئەوەی مەلابەختیار بە ناوی ناوەندی نوسەرانەوە لە ١٩٨٥/١٠/١٧ و١٩٨٥/١٠/٢٧ ناردبووی بۆ ئێمە لە(ئەڵقەی بیست و یەک) باسی ڕێكەوتنی تیانیە وەك (ڕەوت!) یا قبوڵكردنی كاركردنەوە لە ناو ینک وەک باڵی (چوارەم)، وەک لە لاپەڕە ٢٣٩ - ٢٤٠ كتێبەكەی مامۆستا پشكۆدا هاتووە! زۆر جیاوازە لەوەی مەلا بەختیار لە نامەكانی دا ڕوونی كردۆتەوە. هەڵەی كەم ئەزموونی و نەشارەزایی مەلا بەختیارو شێخ عەلی كە بەشداری كۆبونەوەكەبوون لەگەڵ جلال تاڵەبانی و فەرهیدون عبدالقادرو ملازم عمرو ئازاد هەورامی كە لە كۆتایی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٨٥ كرا، تەنها ئەوە نەبووە كە دەبوو بە فەرمی و بە نوسراو واژووی ڕێكەوتنەكە بكرایە لە لایەن بەشداربوانی یەكێتی و ئاڵای شۆڕشەوە بە ئامادەبوونی لایەنی سێهەم. گەرچی كراباش پێموایە تاڵەبانی سەدان پەیمانی لەو بابەتەی خستبووە ژێر پێی و ئەویشی هەر وا لێدەكرد. بەڵكو دەبوو وەک پێشتر لەگەڵ مەلابەختیاردا قسەمان لەسەركردبوو، دەبوو لە پێشا بگوێزنەوە شوێنێكی دوورە دەستی یەكێتی وەک چیای سورێن ئەوسا دەست بەكاری دانیشتن و گفتوگۆ بكەن.

بۆ بەرەوڕوبوونەوەی ڕووداوە لە ناكاوەكان و بەرگری لە خۆ، ئەڵقەیەكی پیشمەرگەی ناوشارمان دامەزراندبوو. دواتر ئاگاداری مەلابەختیارم كردبۆوە، وەک لە یەكی لە نامەكانی سەرەوەیدا دەردەكەوێت رەزامەندی خۆی پیشان داوە. دوای گەیشتنی ئەم نامانەی دواییش لە چەند كۆبونەوەیەكدا لەگەڵ ئەو ئەڵقانەی لام بوون لەسەر داوای هاوڕێ یانی ئەو ئەڵقانە (چەند) ئەڵقەیەكیتری پێشمەرگەی ناوشار دامەزران. بەو هیوایەی لەگەڵ پەیداكردنی چەكدا باقی ئەڵقەكان لە داهاتوودا لە پاڵ كاری فیكری، پەروەدەیی، ڕێكخراوەیی، ئەركی بەرگری پێشمەرگەی ناوشاریش ئەنجام بدەن.

ئەو دانیشـــتنەی مەلا بەختیاریش لەگەڵ ســـەراننی یەكێتی وەك م. پشـــكۆ نوسیویەتی لە ١٢نۆڤامبەری ١٩٨٥ لە بارەگای تاڵەبانی ڕوویداوە ([1]). ئەو بەرواڕە هەڵەیە. كۆبونەوەكە لە كۆتایی مانگی ئۆكتۆبەر كراوە، ســـەیری نامەكانی مەلا بەختیار بكەن. چونكە لە 1985/11/2 مەلا بەختیارو خودی م. پشـكۆش لە تەكیە لە لایەن یەكێتی یەوە گیرابوون.

لەو بەرواڕەی م. پشـــكۆ نوســـیویەتی. ١٩٨٥/١١/١٢ دوای ئەوەی خۆی و مەلابەختیار بە زیندانی دەبرێنە یاخســـەمەر بۆ ســـەعاتێك تاڵەبانی چاوی بە مەلا بەختیار دەكەوێ و ئیتر دەیبەنە زیندان....

پەلاماری ینک بۆ سەر ئاڵای شۆڕش
شەوارەی سیاسی ناوەندی نوسەران

پێش چوونی مەلا بەختیار بۆ دۆڵی جافەتی و بینینی تاڵەبانی. كادرێكی كۆمەڵە بە ناوی (سۆران محمود) لەســەر سنوور دەگیرێت بە كۆمەڵێك نامەو بڵاوكراوەی (ســـالارعەزیزە وە) كە بۆ مەلا بەختیاری ناردووە! وەك لە هەموو ئەو نامانەشـــدا دەردەكەوێت كە ســـالار عزیز ناردبووني بۆ حزبەكاني جود، ســـوڕیا، ئێران، لیبیا باسي لە جیابوونەوەي پێشمەرگە كردووە، گومانی تیا نیە لەو نامانەشدا كە گیرابوون باسی سیناریۆی جیابونەوەی تیابووە.(بەڵام تا هێرشەكەی ینک بۆسەر ئاڵا، سالار عزیز ئاڵای شـــۆڕش نەبووە) ســـالار عزیز دوای چاوپێكەوتنەكەی تاران لەگەڵ مەلابەختیار، هیوای جیابونەوەی چەكداری بەو جۆرەی ئەو دەیویســـت بڕی. ئەو كاری لەســـەر ئەوە دەكرد هەرچی زووە بە هەر شـــێوەیەك بووە جیابونەوەی چەكداری ڕووبدات، ســـالار عزیز وای پیشـــاندەدا كە هەموو كۆمەكێكی مســـۆگەر كردووە . ئەو بۆچوون و هەوڵانەی ســـالار عزیز نەیدەتوانی ئاڵای شـــۆڕش والێ بكات پێچەوانەی بریارەكانی دەســـتەی دامەزراندنی بریار بدات. (وەك لە نامەكەی مەلابەختیاریشـدا دەردەكەوێت كە دوای گەڕانەوەی لە تاران نووسـیویەتی) بۆ ئێمە. ســـالار عزیز پاش ئەوەی نەیتوانی مەلابەختیار بە جیابونەوەی چەكداری ڕازی بكات، ویستوویەتی بەو سیناریۆیە تاڵەبانی ئاگادار بكات كە جیابونەوەی چەكداری لە ئان و ساتدایە و بەوجۆرە كارێك بكات تاڵەبانی زووتر دەست بە هێرش بكات و جیابونەوەكە لە ئەنجامی پەلامارەكەی یەكێتی بۆســـەر ئاڵای شـــۆڕش ڕووبدات. بۆشی چووە سەرو ڕووشی دا.

دڵنیام، دوای تەواوبوونی كۆبونەوەكانی ناوەندی نووســـەران لەگەل تاڵەبانی دا، تاڵەبانی نەخشـــەی پەلامارو بریاری گرتنی ئەو هاوڕێیانەی دابوو. بۆ كاتەكەشـــی چاوەڕوانی دوا هەواڵ بوو دلێری ســـەید مجید پێی بگەیەنێت . كە لە گەڕانەوەی

[1]) ئەزمون و یاد –بەرگی سێیەەم – پشكۆ نەجمەدین لەپەرە ٢٣٩-٢٤٠.

مەلابەختیارو مامۆستا پشكۆوە لە یاخسەمەرەوە لەگەڵی ناردبوون تا ئاگاداری تەواوی جم و جوڵ و دوابریاری مەلا بەختیار و لە دوا ساتی جوڵانیان ئاگاداربێت، هەربۆیە دلێری سەید مەجیدی لە یاخسەمەرەوە لەگەڵ ناردن، كەڵكی لەو هەواڵگیریە وەرگرت كە دلێری سەید مجید دەیدایە، فەرماندەی جێبەجێكردنەكەشیان لە جەلالیەكانی ناو شۆڕشگێران بە (شەوكەتی حاجی مشیر) سپاردبوو، نەك كۆمەڵە؟ مابوەوە جێبەجێكردنی بریارەكەی تاڵەبانی لەو كات و شوێنەی بۆیان دیاری كردبوو.. سەیری ساتی گرتنەكە بكەن وەك مامۆستا پشكۆ نوسیویەتی لە ئەزمون و یادا، بپرسن چۆن جبار فەرمان و شەوكەت زانییان ئەو شەوە بەرەبەیان ئەمان دەڕۆن و لە هەمان ساتدا چواردەوریان دەگرن و دەیانگرن؟. بۆ ڕۆژێ پێشتر یا پاشتر نەبووە؟ چۆنیان زانی؟

دوای بە حساب ڕێكەوتنە نەنوسراوەكەی مەلابەختیار لەگەڵ تاڵەبانی، كە لەماوەی مانگێكدا ئاڵای شۆڕش كۆنفرانس ببەستێ و شێوازی یەكیتی كاركردنی خۆی لەگەڵ یەكێتی ساغ بكاتەوە ! و لەو ماوەشدا یەكێتی نیشتمانی پەلاماری ئاڵای شۆڕش نەداو تەنگ بە لایەنگرانی هەڵنەچنێت. مەلا بەختیار بریاری گەڕانەوە بەرەو سێوسێنان دەدات لە ناوچەی قەرەداغ.

م.پشكۆ دەڵێت:" دۆخێكی نائاسایی بو. سەركردەو لیپرسراوەكان لە هاتوچۆو جموجوڵدابوون ، ڕووخسارەكان شێواو و نیگاكان زۆر شتی چاوەڕواننەكراویان دەدركاند. گوندی مالومە، لە پێشمەرگە و كادرە عەسكەرییەكان، جمەی دەهات."دواتر دەڵێت"دلیر وەك هەندێ لە برادەرەكان دیانگوت"مەخزەنی ئەسراری مەلا بەختیار"بوو ڕەزامەندی مامجەلالی وەرگرتبوو وە بریاری دابوو لەگەڵ ئێمەدا. بۆ ناوچەی قەرەداخ بپەڕێتەوە!"([1])

تاڵەبانی دەیویست تا دوا ساتەكان چاوو گوێی لە سەر ووردترین قسەوباس و بریارو جمو جوڵەكانی مەلابەختیار بێت كە لە پاڵ خۆشباوەڕیدا لە دلێری سەید مەجیدی نەدەشاردەوە.

م.پشكۆ لە باسی گەڕانەوەكەیان دەڵێت: "كە ئێمە شاربازێرمان جێ هێشت و لەژێر باڵی تاریكیدا لە جادەی نێوان سلێمانی –عەربەت پەڕینەوە، هێزێكی گەورەی یەكێتیش بە فەرماندەی شەوكەتی حاجی موشیر و هاوڕێی دەستەیەك لە كادرانی باڵا، لەوانیش (مام ڕۆستەم،سامان گەرمیانی، وەهاب، حامیدی حاجی غالی و شێخ جەعفەر)هەمانكات پەڕینەوە...دواتر دەڵێت "هێزەكەی یەكیتی و لێپرسراوەكانی ، دەیانویست جۆرێك لە دڵنیایی و خاترجەمی بە ئێمە ببەخشن، بەڵام نیگاكانیان شتێكی دیكەیان پێ دەگوتین."

" لە چەمی سمۆر. ئێمەو هێزەكەی یەكیتی، بە ڕیكەوت یەكمان گرتەوە. ڕووخساری هەندەك لە لێپرسراوەكان تووڕەو پڕ كینەو شەڕیان لێ دەباری. جەلال كوڵكنی كە ئەوسات فەرماندەی كەرت یاخود جێگری فەرماندەی یەكێك لە تیپەكان

[1]) ئەزموون و یاد بەرگی سێیەم – پشكۆ نەجمەدین- لاپەڕە ٢٤٠ .

بوو، بە ڕووی مەلابەختیاردا هەڵشـــاخا و بێ پەردە گوتی: ئەگەر لە یەکیتی جیابینەوە، خراپتان بەسەر دێنین.. هەر کەسێک لە یەکیتی جیا بێتەوە، ئێمە کەڵەی سەری دەتەقێنین!"([1])

دواتر م. پشکۆ دەنووسێت " ڕۆژی دواتر ڕۆیشتینە سێوسێنان و لە ماڵی بە کری حاجی سەفەر میوان بووین. ئەو ڕۆژە هەمووشت و هەموو کەس نائاسایی دەهاتنە پێشچاو!

" بەکری حاجی سەفەر، هاوڕێ و خەمخۆری لێپراوی ئێمە و لە هەموومان بە ئەزموونتر، مەترسییەکانی بۆ باس کردین و نیگەرانییەکانی خۆی بۆ دەربڕین. ئێمە گوتمان، کارەکە جگە لەم ئەنجامە چارەیەکی دیکەی نەبوو..مامجەلال و مەکتەبی سیاسی، بەڵێنیان پێ داوین ، لێمانگەڕێن تا کارەکانمان تەواو دەکەین. (کۆنفرەنس)دەگرین، ناوێک بۆ (ڕەوتەکە) دەبینینەوە، و بەرنامەیە بۆ پێکەوە ژیان. لە چوارچێوەی یەکێتیدا، پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی یەکیتی دەکەین!"([2])

ئەو نوسینانە زۆر پرسیار هەڵدەگرێت:

١-سەبارەت کۆنفرانس: کێ هەبوو بچێتە کۆنفرانسێکەوە، لە ناوجەرگەی ئەو هەموو هێزەی لە مەڵبەندی یەکدا کۆکرابووەوە؟ و هەموو هەواڵەکانی شارەکانیش ئەوەی دەگەیاند کە بۆ گرتنیان هاتوون نەک بۆ پاراستنیان و من خۆم نامەیەکم لەو بارەوە بە روناکی شێخ جەنابدا بۆ مەلابەختیار ناردبوو دوای گەیشتنەوەیان بۆ تەکیە و ئاگادارم کردبۆوە بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی یەوە پێم گەیشتبوو بە فەرمانده یی شەوکەتی حاجی موشیر، هێزێک بۆ گرتنی مەلا بەختیارو ئەوان نێردراون. (ئەودەم نەمدەزانی کە ئەو هێزە لەگەڵ خۆیاندا پەڕیونەتەوە!)

٢-نووسیویەتی "*ناوێک بۆ ڕەوتەکە دەبینینەوە*!" وەکو ئەوەی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش کە ساڵێک پێشتر دروست بوو ناوی نەبووبێت!

٣- دواجار باس لە چوارچێوەی بەرنامەی پێکەوە ژیان دەکات (لە چوارچێوەی یەکێتیدا !) لە کاتێکدا ئێمە ساڵێک پێشتر لە کۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٨٤ وە ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ و جیاوازمان ڕاگەیاندبوو! وە خۆیشیان ئەندامی ناوەندی نوسەرانی ئەو ڕێکخراوە نوێ یە جیاوازە بوون !....

م.پشکۆ نوسیویەتی : "پرۆسەکە بۆ زۆرینەی کادرو لێپرسراوەکان ، بۆ دۆست و هاوڕێکانمان هەزم نەدەکرا.. **هەمووکەس چاوەڕوانی کارەساتی دەکرد، ئێمە نەبێ....**

دواتر م. پشکۆ دەڵێت: **ئێمە هیچ پلانێکی شەڕو بەرگریمان نەبوو.** ئێمە لەبەر ڕۆشنایی دیدو بۆچوونەکانی خۆمان. لە دڵەوە، بڕوامان بە بەڵێنەکانی یەکیتی

[1] هەمان سەرچاوە – لاپەڕە 242

[2]) هەمان سەرچاوە لاپەڕە 242.

كردبوو.. ئەگەر وانەبا، لە شارباژێڕەوە، نەدەهاتینە قەرەداخ و لە قوڵایی دەسەڵاتی یەكێتیدا نیشتەجی نەدەبووین، لە شارباژێڕەوە ، دەمانتوانی بەرەو سنور بڕۆین."([1])

هەروەها دەنووسێت : لە نیوەشەودا، هەموو هیزەكەمان جگە لە مەفرەزەیەكی بچووك لە دەستەكەی مەلا بەختیارڕەوانەكردو خۆشمان بڕیارمان وەهابو، كاتژمێر 6ی بەیانی ، بە دوو ئۆتۆمبیل، شوێنیان كەوین و بۆ خۆلادان لە هەر پەلامارێكی هێزەكەی یەكێتی كە هەموو لایەكیان تەنی بوو، ناوچەكە جی بهێڵین!([2])

ئەو شەوە كە ئەو بڕیارە دەدەن دلێری سەید مجید(كە باوەڕپێكراوو چاووگوێی تاڵەبانی)بوو لایان بووەو ئاگاداری سەعاتی سفری جوڵەو بڕیاریان بووە. هەربۆیە لە بەرەبەیاندا پێش ئەو كاتەی دیاریانكردبوو بۆ ڕۆیشتن كۆمەڵە كوژەكان چواردەوریان دەگرن؟

م.پشكۆدەڵێت : " چوومە ژوورەكەی مەلابەختیار. ئەو لەسەر تەختی خەوتنەكەی دانیشتبوو دەستەكانی لە نێو جانتاكەدا، نامەو كاغەزەكانیان ئەمدیو ئەودیو دەكردن، وەك كەسێك لە دۆخێكی وەها چاوەڕوانەكراو بكەوێت، كەمێك پەشۆكابوو، بەڵام كۆنترۆڵی لە دەست نەدابوو، هەندەك لە نامەكانی جیاكردنەوەو ڕوناكی خێزانی ، لە دەستی وەرگرتن و بۆ لایەكی بردن. مەلا، جانتاكەی هەڵگرت و لە هۆڵەكەدا ، بە دلێری گوت: كاك دلێر، تۆ بڕۆ دەرەوە و بڵێ تاگفتی سەلامەتیمان نەدەنێ، وەدەرناكەوین..بڵێ : متمانەمان بە حامیدی حاجی غالی و كاك وەهاب هەیە.. با ئەوان بێن و لەگەڵ ئەوان دەچینە دەرەوە. دلێر ڕۆیشت و پاش كەمێك لەگەڵ حامیدو وەهاب هاتەوە..."([3]). لە بەرەبەیانی **ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢** مەلا بەختیارو مامۆستا پشكۆ گیران.

بەوجۆرە لە ئەنجامی كەم ئەزموونی و خۆشباوەری و نەبوونی یەكیتی بیرو كار لە ناو دەستەی نوسەرانی ئالای شۆڕش ئەو (ڕێكخراوە شۆڕشگێرە كۆمۆنیستی یەی) بە هیوای دروستكردنی بووین، لەوێدا لە سەرەتای ژانی لە دایك بوونیدا لەباربرا و لە چاڵ نرا..

لای ئێمەی ئەڵقەكانی ناوەوە ئەو ڕووداوە چاوەڕوان كراوبوو، ئاگادارمان كردبوون بە نووسین بە قسەش، دەستەی نوسەران كە لە ئاست بەرپرسیارێتی ڕێكخراوەیەكی كۆمۆنیستی دا نەبوون. هێشتا وەك ناو یەكێتی بیریان دەكردەوە و كاریان دەكرد، هێشتا لە خواست و ئامانجەكانی تاڵەبانی نەگەیشتبوون(كە لە ڕێگەی تواندنەوەی بزوتنەوەو كۆمەڵەوە بە خەونی دروستبوونی حزبەكەیان بگەن). بەو كارەساتەیان گەیاندین.

---

[1]) ئەزمون و یاد – چاپی سێیەم – نوسینی پشكۆ نەجمەدین – لاپەڕە 242.
[2])هەمان سەرچاوە –لاپەڕە- 244.
[3]) هەمان سەرچاوە – لاپەڕە - 245.

سەرهەڵدانی نارەزایەتی بەرامبەر ناوەندی نوسەران

ڕەخنەو نارەزایەتیەکی یەکجار زۆر لە ناو ئەڵقەکاندا دروست بوو لە دژی دەستەی نوسەران . سەبارەت بە هۆکاری مانەوەی دەستەی نووسەران لە ناوجەرگەی یەکیتی دا. ئەوانیان بە بەرپرسیار دەزانی لە ڕودانی ئەو کارەساتەدا. ڕاڕاو و بێ بڕوا بەخۆ لە جێبەجێکردنی گواستنەوەی بنکەی نوسەران بۆ دەرەوەی دەسەڵاتی یەکێتی. زۆربەی ئەڵقەکان داوای گرتنەبەری ڕێگایەکی سەربەخۆیان دەکرد جیاواز لە ناوەندی نوسەران. کە بە هۆکاری کارەساتەکەیان دەزانین..

ئەڵقەکان لە دەمی شاڵاوی کۆمەڵە کوژەکاندا

ئاڵای شۆڕش لەودەمی شاڵاوو بەلامارەی یەکێتی نیشتمانی دا **لە ١٩٨٥/١١/٢** ڕێکخراو نەبوو بە مانای بوونی کۆمێتەی سەرکردایەتی ناوەوەو کۆمێتەو ڕێکخراوو کەرت و پۆل و شانە سەرەکی و شانەمان نەبوو. **لەو ساتەدا کە ئەو شاڵاوەمان کرایەسەر تەنها کۆمەڵە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی پەرتەوازە بووین.** دوو ڕێگامان لەبەردەمدابوو:

یەکەمیان: ئەوەبوو وەک ئەڵقەکانی ڕۆشنبیریی درێژە بە بەرنامەی کارەکانمان بدەین بۆ پەروەردەی کادیری هوشیار، لەگەڵ یەکلاکردنەوەی هەڵوێستی ئینتەرناسیۆنالیستی بە پێی بنەماکانی فەلسەفەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بەرامبەر کەمپەکانی بە ناو سۆسیالیستی و ڕڤیژینیزمی جیهانی. هەموو ئەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانەی من دەمناسین لەسەر ئەم ڕایە بوون.. لە حاڵەتی قبوڵکردنی خاڵی یەکەم، چارەنووسی ئەو سێ هاوڕێیەی گیرابوون بۆ نادیار جێ دەهێڵرا. بەڵام ئەو بڕیارە لەگەڵ مۆراڵی مندا جووت نەدەهاتەوە، پشت لە هاوڕێ یانم بکەم. سێ هاوڕێ لەسەر ئاڵای شۆڕش بگیرێن و بێکەس کوژبکرێن و ئێمەش بێدەنگ بین!

دووەم: ڕێگای دووەم ئەوەبوو : ئەڵقەکان کۆ بکرێنەوەو دەستبکریت بە دروستکردنی ڕێکخستن و دامەزراندنی سەرکردایەتیەک لە ناو شارەکان و کۆمێتەکان و ڕیکخراوەکانی ڕێکخستن لەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانەی هەبوون.. بەو کەرەسەیەی هەش بوو هەر دەبووە ڕێکخستنێکی پۆپۆلیستی هاوشێوەی یەکیتی.

کۆبونەوەکانی تەواوی ئەڵقەکان بۆ بریارێکی دروست و بە پەلە بەردەوام بوون. من پێچەوانەی هەموو باوەڕو پرنسیپێکی خۆم بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و

كۆمۆنیزم (بۆ ڕزگاركردنی ئەو ســـێ هاوڕێ یە) (هەرچەندە دەشـــمزانی تا چەند هەڵەیان كردووە و هەموو خەونەكانی ئێمەیان لەباربرد) لەگەڵ ڕای دووەم بووم. پێم ووتن لە پێناوی ڕزگاركردنی ژیانی ئەو سێ هاوڕێ یەماندا، من بەرپرسیاریی ئەم بریارە (هەڵەیە) دەگرمە ئەســتۆ، بەڵام ناتوانم و ئامادەنیم دەســت لە پاراســتنی ژیانی ئەو ســێ هاوڕێ گیراوانە هەڵگرم. ئەوان بریارەكەی منیان بە هەڵە و دوور لە پرنسیپی كۆمۆنیستی وە سف كرد. وتم ئێوە ڕاست دەكەن، ئەو بریارە دووەرە لە هەڵوێستی كۆمۆنیستی. بەڵام لەم ڕووداوەدا ناتوانم بێدەنگ و گۆشەگیربم.

لە بەرواری شـــاڵاوەكەی یەكێتی یەوە لە ١٩٨٥/١١/٢ وە تا١٩٨٥/١١/٤ لە پارێزگای ســولەیمانی كەوتینە كۆكردنەوەو ڕێكخســتنی ئەڵقە ڕۆشــنبیری یەكان لە شێوەی كەرت و ڕێكخراو و كۆمێتەدا، پەیوەندیمان بە هەولێرو كەركوكەوە كرد بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو بنێن. لە هەریەك لەو پارێزگایانە كۆمێتەی شـــار دروســـت كران. لە ٢ تا ٤ ی نۆڤەمبەر)ی ١٩٨٥ كۆمێتەیەكی ڕێكخســتنی پتەوی یەك دل و یەك بڕوا لە پارێزگای ســولەیمانی پێكهات لە هاوڕێ ســەردار(شــێخ فاتح) هاوڕێ علاء(شـــێخ جمـال)و عـادل،و كەوتەكـار. (هـاوڕێ جلیـل) هێشـــتـا لە زینـدانی بەعسیەكاندابوو. دەستكرا بە دروستكردنی دەستەیەكیتری پێشمەرگەی ناوشار.

تاڵەبانی بە گرتنی ئەو ســـێ هاوڕێ یەمانەوە نەوەســـتا بریاری دەركردبوو لە ســەرتاســەری كوردســتاندا هەركەســێك دۆســت یا باوەڕی بە ئاڵای شــۆڕش بووە بیگرن. لە ١٩٨٥/١١/ ٧نامەیەكی تاڵەبانی یان بۆ هێنام بە خەت و ئیمزای خۆی كە بەرواری ٥ لەسەر٦ ی /١١ ١٩٨٥ بە سەرەوەبوو بەم شێوە نووسرابوو:

ی.ن.ك

م١ بۆ تیپی ٣١ ی سلێمانی تێكۆشەر

سڵاویكی شۆڕشگێرانە

سەركەوتنتان ئاواتمانە

جەمـاعەتی ئـاش هەموو چەك كران و مەلابەختیـار لە زنـدان دایە هەنـدێ پەڕاگەندەیان ڕایان كردووە هەوڵ بدەن چەكدارەكانی لای مەلا بەختیار و لای شێخ عەلی بگرن و زندانیان بكەن بەڵام بێ ئیهانە كردن و ئاگادارمان بكەنەوە.

عەبەی تەپل و ٥ چەكدار ڕایان كردوە ئەوانەی خەڵكی عەربەت كاتی خۆی جاش بوون و بە چەكەوە هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە لە هەر شوێنێك دەستان كەوت بە **گرتن بێ یا كوشتن** هەوڵ بدەن دەرباز نەبن.

ئەم چەكدارانەی لای مەلا بەختیار ڕایان كردوە ئازاد چاوشین+ ئاسۆ زەعیف+ سەلام درێژ هەوڵ بدەن ڕێگای پەڕینەوەكان لێان بگرن.

ئەگەر ببیستین و لاتان دەرباز بن پێمان ناخۆش دەبێ، تكایە هەوڵی چاك بدەن سوپاس

هەربژین

تێبینی:
د.قادر بە چەک کراوەیی بۆمان بنێرن

ناوو ئیمزای
جلال تاڵەبانی
٩٨٥/١١/٦-٥

لە ڕێگەی ئەڵقەکانەوە هەواڵ بەردەوام دەهات، سەبارەت بە بریاری گرتنی ئەو پێشمەرگەو بەرپرسیارە پێشمەرگانەی ناو یەکێتی.

لە بەرواری ١٩٨٥/١١/٥ بەیانێکمان بە پەلە نوسی و چاپکردو بە خەستی بڵاوکردەوە بە هەموو ئەو ناوچانەی دەستمان پێیان دەگەیشت، بە تایبەتی هەوڵماندا بگاتە دەست بەرپرسە باڵاکانیان، ئەمەش دەقی بەیانەکەیە وەکو خۆی دەینوسمەوە:

یەکێتی
تابوری پێنجەمی فاشستەکانی ڕژێمی عێراقە

لە کاتێکدا ڕژێمی ڕەگەزپەرست و فاشستی سەدامی جەللاد، خوێناوی ترین شاڵاوی درندانەی هێناوەتە سەر خەڵکی قارەمان و بە شەرەفی کوردستان، هەر لە سوتاندنی دێهات و گەمارۆی ئابوری تا دەگاتە گەمارۆدانی شارەکانی هەولیر و سولەیمانی و گرتن و ڕەشبگیری هەزاران خەڵکی بێ تاوان و شەهیدکردنی دەیان ڕۆڵەی شاری سولەیمانی کە دیاردەی ڕون و ئاشکرای خوێن ڕیژی سەدامی جەللادە.

ئا لەم کاتە ناسک و پڕ مەترسیی یەی گەلەکەمان پیایدا تێ دەپەڕێت، ئاڵای شۆڕش لە باوەڕی تەواوی بە مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی(وەک تەنها ڕێگە بۆ کۆتایی هینان بە شەڕی ناوخۆ) و پاراستنی شۆڕشی گەلەکەمان لە مساوەمەو ئاش بەتاڵ، لە تەواوی بڵاوکراوەکانی دا بە نووسین، بە کردەوە، ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە دژی شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوخۆیە و پشتگیری یەکخستنی هیزەکانی پێشمەرگەیە لەسەر ساحەی کوردستان و عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستەش (لە ڕووی عەسکەری یەوە) لەگەڵ لایەنەکانی جود یەکیتی کاری عەسکەری داڕشت. نزیکەی بیست ڕۆژ لەمەوبەریش وەفدیکی ئاڵای شۆڕش چووە لای مەسئولەکانی ینک(جلال تاڵەبانی و نەوشیروان)بۆ مەبەستی یەکخستنی کار لەگەل ئەمانیش، وەک هەنگاوی یەکەم و لە هەنگاوی دوهەمیشدا هەوڵ بدەن ینک لەگەڵ جودیش ئاشت بکرێنەوە و ئازادی کاری سیاسی و پێشمەرگەیی بۆ هەموو لایەنەکان مسۆگەر بکرێت، بەوجۆرە تەواوی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و عیراق (لە ڕووی عەسکەری

یەوە) یەک بخرین دژی ڕژێمی فاشی سەدام. لەبەردەم مەسئولەکانی ینک دا لە دژی مفاوەزەو لە دژی شەڕی ناوخۆ و پێویستی و گرنگی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەموو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان و مسۆگەرکردنی ئازادی و دیموکراتی چالاکی سیاسی و پێشمەرگەیی قسەیان لەگەڵ کرا.

جلال تاڵەبانی و نەوشیروان (پەیمانیان)دا کە دۆستایەتیمان بکەن بەو مەرجانەی ئاڵای شۆڕش:

١-لە کاتی مفاوەزەی ینک لەگەڵ ڕژێمی فاشی دا ئاڵای شۆڕش بە ئاشکرا دژی نەوەستێ.

٢- هەڵوێستی ئاڵای شۆڕش بزانن بەرامبەر جود.

٣- ئاڵای شۆڕش لەشکر جیانەکاتەوە.

وەفدەکەی ئاڵای شۆڕش لەو باوەڕە یەوە کە رژیمی فاشی و بۆرژوا کۆنەپەرستی شۆڤێنی و خوێنڕێژی سەدام ناتوانیت کێشەی مافی چارەنووسی گەلی کورد چارەسەر بکات. بە ینک یان ووت :

١-ئێمە (ئاڵای شۆڕش) لەبەر ئەو هۆیانە دژی سەوداو مفاوەزەین لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا، بەڵام ئێوە ئازادن و خۆتان بەرپرسیارن لەو کارەی دەیکەن.

٢-وەفدەکە ئاگاداری ئەو مەسئولانەی ینکی کرد کە ئاڵای شۆڕش دژی شەڕی ناوخۆیەو بە شەڕێکی کۆپەرستانەی دەزانێت و دۆستایەتی و(یەکێتی کاری عەسکەری) لەگەڵ جود هەیە و بۆیەش هاتووین لەگەڵ ینک یش هەمان سیاسەتی دۆستایەتی و کاری عەسکەری پەیڕەوبکەین.

٣- پاش ئەوەی ستراتیژی خەباتی ئاڵای شۆڕش ڕونکرایەوە کە (ڕاپەڕینی شارەکانە) نەک هێزی چەکداری شاخ. ئاگاداری ینک کرا، لەبەر هەل و مەرجی ناسک و پەرژەوەندی گەلەکەمان ڕازین لە (ئێستادا) لەشکر جیانەکەینەوە بە مەرجێ ینک دەست درێژی نەکاتە سەر هیچ هاوڕێ یەکمان. مەسئولینی ینک پەیمانیان دا دەست درێژی نەکەن. بەوجۆرە وەفدەکەی ئاڵای شۆڕش گەڕایەوە .

لە کاتێکدا فاشی یەکانی بەعس لە سولەیمانی ئاهەنگیان بۆ..... (ئەم وشەیە دیار نیەلەبەر کۆنی بڵاوکراوەکە-نوسەر)دەگێڕا و لەسەرلاشەی دەیان ڕۆڵەی شەهیدکراوی منع التجول هەڵدەپەڕین..هاوئاهەنگ لەگەڵ بەعسی جەللادا سەرکردایەتی یەکیتی وەکو سروشتی بورژوا کۆنەپەرستانەیان و سروشتی دژی ئازادی و دیموکراسی یان لە هەموو ئەو پەیمانانەی دابوویان پاشگەزبونەوەو وەک نەریتی پێشوویان سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کۆنەپەرستانەیان پەیڕەو کردو شاڵاوی ناجوامیرانەیان کردە سەر بنکەکانی ئاڵای شۆڕش لە (تەکیەو مالومەو هەولێر). بۆسەر ئەو هاوڕێ پێشمەرگە قارەمانانەی کە جەماوەری کوردستان باش دەیان ناسن و دەزانن کە یەکەم دەستەو ناوەڕۆکی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەمجارەی

گەلەكەمان بوون. بە حوكمی بڕوا نەبوونی ئاڵای شـــۆڕش بە شـــەڕی ناوخۆ وبۆ ئەوەی خوێنی پێشـــمەرگە نەرژێ لە شـــەڕیكی لاوەكی دا.پێشـــمەرگەكانی ئاڵای شۆڕش لەو شوێنانەدا چەكەكانیان تسلیم بە جەماعەتی ینک كردو گیران.

خەڵكی زەحمەتكیش و قارەمانی كوردستان
هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكانی كوردستان و عێراق

ئێمە لە كاتیكدا ســـووربونی خۆمان دەردەبڕین لەســـەر ڕێبازی ســـەربەخۆی پڕۆلیتاریای شـــۆڕشـــگێر و گرتنەبەری ســـیاســـەتی كۆتایی هێنان بە شـــەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆ كە ینک ئاگر خۆشـكەرەكەیەتی و داوای دابینكردنی ئازادی كاری سیاسی و پێشمەرگەیی دەكەین، داوا لە هەموو جەماوەری كوردســـتان و هەمو لایەنە ئۆپۆزیســـیۆنەكانی كوردســـتان و عێراقیش دەكەین بێزاری خۆیان دەربڕن بەرامبەر ڕەفتاری كۆنەپەرست و شەڕەنگیزانەی ینک. داوای ئازادی و دیموكراسی كاری ســـیاســـی و عســـكری بكەن كە تەنها ڕێگەیە بۆ كۆتایی هینان بە شـــەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆ. داوای بەردانی ئەو پێشـمەرگە قارەمانانە بكەن كە گیراون لای ینک ، تەنها لەسەر ئەوەی باوەڕیان بە ئازادی و بیروباوەڕی پڕۆلیتاریا هەیەو بڕوایان بە رژێمی ســـەرمایەداری ســـەدامی جەللاد نیەو دژی ســـەوداو مفاوەزەو شـــەڕی ناوخۆن و زیندوكەرەوەی ڕێبازی پڕۆلیتاری شـــەهید ئارام و شـــەهاب و جەعفەرو ئەنوەروسیروان و فاتح و تەواوی شەهیدانی زەحمەتكێشی كوردستانن.

لە هەمان كاتدا ئاگاداری مەســـئولەكانی ینک دەكەینەوە كە ڕێگای عەقڵ و پەرژەوەندی گەل بگرنە بەرو ئەو پێشـمەرگەو كادرانەی ئاڵای شـۆڕش بەربدەن و واز لە ســیاســەتی شــەڕی كۆنەپەرستانەیان بهێنن و بەرپرسیاریان دەكەین لە هەر دڵۆپە خوێنیک لە پەنجەی هاوڕێ كانمان بڕژێت و ئۆباڵی ئەوەش دەكەوێتە ئەستۆی مەسئولەكانی ینک.

ڕسوابێت شەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆ
بژی ئازادی و دیموكراسی
شەكاوەبێ ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكیشان
سەركەتوو بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گە لی كورد

ئاڵای شۆڕش
١٩٨٥/١١/٥

نامە كانی زیندان

نامەیەكم لە (هاوڕێ شاخەوان - شێخ عەلی) یەوە پێگەیشت تیایدا نوسرابوو:
سڵاوێكی كۆمۆنیستانە ٦-١٩٨٥/١١/٧

ڕۆژی ١١/٢ سەعات ٢ پاش نیوەڕۆ هاتن بە فێڵ ئێمەیان چەک کرد، ئێستە لە بارەگای(ن)(مەبەستی نەوشیروانە- نوسەر) حجزم هەندێ لە برادەران دەرچوون، هەندێکیشیان گیراون لێرەن لە سجنن. بارەگاکەی خۆمان ئێستە پێشمەرگەی تیایە بەر لەوەش تەحەڕی کراوە بەڵام هیچ نەگیراوە.

هەمان ڕۆژ سەر لە بەیانی ماڵی هاوڕێ گەرمیان تەحەڕی کراوە ، چونکە شەو چوونەتە ڕێگەیان تا بەیانی چەکیان دانەناوە بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێ بەیانی بە ئاگاداری دەزگای پێشمەرگایەتی چەکیان داناوە.

لەولاشـــەوە لە مـاڵەوە بە ئـارەزووی خۆیـان گەڕاون. تـایـپ و ڕۆنیۆیەکیـان گرتووە، بەیانێکی ئامادەکراویان گرتوە. **ناوی زۆر لە هاوڕی یان و نامەی زۆر لەو هاوڕێ یانە لەگەڵ ناوی نهێنی و ژمارەی ئەڵقەکان گیراوە.** لەبەر ئەوە ئەبی ئاگاداری هەموو برادەران بکەن، ئەوەی پێشمەرگەیە با بچێتە شارباژێر تیپی 31 با لەوێ کۆبنەوە. ئەگەر توانیان لەو ناوە جەولە بکەن تا ئاگاداریان ئەکرێتەوە ئەگەر تووشی تەقە بوون بچن بۆ ئەودیو!!

گەر ئەتوانن هەواڵی باشـــتر وەرگرن بۆم بنێرن. هەندێ لە برادەران دەرچوون تا ئێستا نەگیراون. هانی کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە بدەن با احتجاج بکەن. با بێنە لای م.س...داوا لە ڕێکخراوەکان بکەن با بەیان بنوسن دژی ئەم کارە.

سەرکەوتن بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان

بژی سۆسیالیزم ، بمرێ فاشیزم

شاخەوان

ئیمزا

ســـەیر ئەوەیە، بێ ئەوەی بزانێ لە دەرەوەی زیندان چی ڕوودەدات فەرمان دەردەکات. ئەو نامەیەی شـــێخ عەلی لە کاتێکدا بوو تەنها یەک ڕۆژ پێشـــتر جلال تاڵەبانی بروسکەی بۆ تیپی ٣١ کردووە بۆ گرتنی پەڕاگەندەکانی ئاڵای شۆڕش.

مەلا بەختیار بە زیندانی کراوی کە دەیان برد بۆ لای تاڵەبانی, لە گوندی مێولێ ئەم نامەیەی بۆ ناردم ، نامەکە سەرنج و پرسیار زۆر هەڵدەگرێت..... بە گشتی، بە وردی باســـی چۆنیەتی ڕوودانی هێرش و پەلاماری کۆمەڵە کوژەکان دەکات تا گەیشتنیان بە گوندی مێولێ :

کرێکارانی جیهان یەکگرن

نامەی ژمارە

دوو

بۆ تەواوی ئەڵقە دراسیەکانی ئاڵای شۆڕش ی تێکۆشەر .

پێویستی تێگەیشتنی ڕاست لە دۆخی ئێستا، وا دەخوازێ دەست لە نامە نووسین و ڕۆشن کردنەوەی ڕاستیەکان و پێویستیەکانی جۆری کارکردنی ئێستا هەڵنەگرین.

هاوڕێ یان.. خۆتان دەزانن ، مەسەلەی چونە سەرەوەی ئێمەو بە ڕاشكاوی تەرح كردنی ڕیبازی خۆمان، خاڵێكی وەرچەرخانە لە مێژووی خەباتی چینایەتیماندا. ئەم وەرچەرخانە لای خۆمان بەند بوو بە ڕەخسانی جەوێكی سیاسی دیموكراسی تا بتوانین تیایا ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بووە، ڕێبازی ڕاشكاوی خۆمان بچەسپێنین و مەترسی گەورەی خەڵك لەوەی جیابونەوە یەعنی (براكوژی) بڕەوێنینەوەو شەرعیەتی سیاسی و فكری بدەین بە كارەكانمان. چونكە دەمان زانی لە بەرامبەردا، ئەوانیش بە چڕی دەكەونە پڕۆپاگەندە. لە پێناوی ئەو ڕاستیانەدا ، دوای داڕشتنی نەخشەی كاركردن..ئێمە هاتینەوە تەكیە و لەوێش ئەو ئەرك و فەرمانەی پێویست بون ڕامان پەڕاند و تەمامان بوو ئەو ڕۆژەی هاتنە سەرمان، بكەوینە ڕی بۆ شوێنێكی شیاوتر و پ.م ڕەوانەكردبوو..كەچی (اتت الریاح بما لا تشتهی السفن). سەعات پێنجی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١.. مەكتەبی سیاسی بروسكەی بۆ مام ڕۆستەم و شەوكەت لیدابوو كە بێنە سەرمان و تا كوشتنیش درێغیمان لێنەكەن..ئەوانیش بە تەنسیق لەگەڵ مەڵبەندی یەكدا شەوەكەی تەرتیباتی كارو پەلامارەكەیان بریار لێدابوو..شەبەقی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ جەبار فەرمان و سامان و هێزێ ، بە بێ ئاگاداركردنی ڕۆستەم وشەوكەت و حامیدو وەهاب. هاتبوونە سەرمان و سەعات ٦.٣٠ دێ و ماڵیان گەمارۆداین، بە بێ ئەوەی پ.م شمان لە دێ دا مابن. بە گوێی خۆمان بریاری جەبار فەرمانمان دەبیست و ئەیگوت بە ئار بی جی لیان بدەن، بەڵام ئا لەو كاتەش ویژدانی زۆربەی ئەو كەسانەی گەمارۆیان دابوین زاڵ بو بە سەریان و تەقەیان نەكرد..ئەگەر چی حەوت ئار بی جیش دەوریان تەنیبوین، ئا لەو كاتە، كاك دلێر و بێستونی مەلا عومەر لامان بون و بۆ قسە چونە لای جەبارو لە مشت و مڕابوون.. كاك وەهاب و حامید و ڕۆستەم گەیشتن و جەوەكەیان خاوكردەوە، ویرای ئەوەی ئەوان كە هاتبونە ماڵیشمان، جەبار هەر هاواری دەكرد(بە قسەی كەس مەكەن لێیان بدەن) یەعنی ئەوانیشمان پێوە بكوژن .

دوای ئەوەی كە من و هاوڕێ یان دڵنیا بوین لەوەی بچینە دەرەوە ژیانمان سەلامەتە.. چوینە دەرەوەو بە سەیارەكەی خۆمان لەگەڵ كاك وەهاب و حامید ڕۆیشتین بۆ شیوی قازی، هەتا نەچین بۆ مەڵبەند و لای جەبار فەرمان، كە ماڵمان بە جی هێشتبوو..ئیتر چەتەكانی جەبار فەرمان چوبونە ناو ماڵ و مەقەڕمان و ئەوەی بە كەڵك هاتبێ..دزیویانە.. ڕوناك تەنها شەش تاك بازنی هەبووە بردویانە، سەدوپەنجا دیناری شەخسیمان هەبو دزیویانە. . جل و بەرگ و شتی باشی تر چی هەبوو دزیویانە. وێڕای سەدان قسەو ئیهانەی نامەردانە بەرامبەر ڕوناك و هاوسەری هاوڕێ عیماد. دیارە جاندتایەك نامەی كۆنم لابوە، كە زۆرتر نامەو

بەڵگەنامەی ناو ینک و کۆڕەکە، بردویانە.. بەڵگە نامە گرنگ و نامە پێویستە و نهێنی یەکانمان دەربازکردو پەنا داوەو ئێستا سوتاندویانن.

ئێستاش بۆ شەش ڕۆژە، لە سێ شوێنی جیاواز سجنین،(شیوی قازی، ئاوایی حەمەی کەرەم، مێولّی)..تا دێت چاودێری کردنمان توندتر دەکەن و ئێستا تەنانەت چاوپێکەوتنمان لە دوو تا پێنج دەقیقە زیاتر نیە. ئەو کەسەی زۆرمان لێ نزیک بێ ناهێڵن سەرمان بدات . هەرچەندە لە سجنا نین و لە ناو مەقەڕاین، بەڵام ئیجرائاتەکانیان خراپە. هەمووشی بریاری سەرەوەیە. تەنانەت کاک بەکری حاجی سەفەرو دلیری سەید مجید وەکو دۆست لە تەکمان بون، بە نەزاکەتەوە دوێنێ درە نگی ئەوانیشیان ئیزن دا.

ئێستا چارەنووسمان دیار نیە. ینک و نەوشیروان، بە تایبەتی هەموو شتیکی لێ چاوەڕوان دەکرێ. بە دووری نازانین بریاری فەوتاندنمان بدەن.. بشمان بەنە سەرەوە ماوەیەکی زۆر هەوڵ ئەدەن دەست بە سەربین. هەرچەندە، لە هەمو لایەکەوە خەریکی ئەوەین ئەمە زوو کۆتایی پێ بێت، چی ئەبێ و نابێ ئاینده دەری دەخات.

هاورێ یان..ئەوەی لامان گرنگە.. ئەوەیە لەو ماوەیەدا ئێوە هەوڵبەن چالاکی سیاسی و فکریتان پەرە بدە نێ، ئەم گرتنەی ئێمە هەڵێکی لەبارە کە زیاتریان دژ کار بکەن و ڕاستی یەکانیان لەسەر بکەنە ماڵ.. وا ئەزانین بەم کارەی کردیان بەرامبەرمان ڕاستی گەورەیان دەرخست، لەوەوپێش چی ڕاستی سیاسی(نەک چینایەتی) دەرکەوتبوو.. جزئیاتی ڕاستی یەکان بو. بەڵام ئەم هەڵمەتە دژە دیموکراسیە..بە تەواوی ماهیەتی سیاسی دژە دیموکراسی دەرخستن. ***چیکە ینک ناتوانی لافی ئازادی و دیموکراسی لێبدات. بە دەستی خۆی بەم کارەی، پەردەی لەسەر دەم و چاوی کۆنەپەرستی خۆی لابرد..*** دەرکەوت، بە **کردەوەش دەرکەوت کە چینی بۆرجوازی بچوک، نەک پێ ی ناکرێ کورد ڕزگار بکات، بەڵکو دژی ئازادی ودیموکراسیشە،** دیارە لە ڕووی تیۆری یەوە، ئەمەمان لاساغ بوو..بەڵام بۆ خەڵکی بە گشتی بە تایبەت بۆ ئەو زۆربە کەم ئاستەو بە سۆزو دڵسۆزە، بە کردەوە دەرکەوتن و دەرخستنی ڕاستی زۆر زۆر گرنگە. بڕواتان هەبێ تەواوی نامێلکەکانی ئالای شۆڕش.. تەواوی بڵاوکراوەو نوسینەکانی.. بە قەد ئەم ڕووداوە، هەست و ویژدانی خەڵکی نەبزواندووە، هێندەی دەیبیسین و بەر گوێمان دەکەوێ، لە هەموو لایەکەوە، خەڵک دژی ئەم کارەیەو بێزارن لەم جۆرە سیاسەتە...بۆیە وێڕای ئەوەی ئێمە بۆ ماوەیەکی کەم و لەسەر ئاستی عەملی، زەرەرێکی گەورەمان کرد. بە ڵام بۆ پاشە ڕۆژ ولە ڕووی سیاسیەوە پارسەنگەکەی قازانجێکی سیاسی کاریگەرمان وەدەست هیناوە، پیویستە لە دەستی نەدەین و ئەم زەرەرە بکەینە سەرمەشقی قازانجی زۆرترو بە پیتر. ئەمەش پێویستی بە باسکردنی:

١-جۆری سیاسەت و بریارەكانی خۆمانە كە لە نامەكانی پێشووماندا، دوای بە ڕاشكاوی باسكردنی سەربەخۆیی فكری و سیاسیمان بۆمان نووسیون.
٢-دووپات كردنی داخوازی ئازادی و دیموكراسیە، **دەرخستنی ماهیەتی دژی دیموكراسیی یەكێتی**، دەست نیشان كردنی هۆی چینایەتی بۆرجوازیانەی ئەم دژایەتیەی دیموكراسیە. لە لایەكەوە داوای دیموكراسیی بكرێ، تا بە كردەوە دەربخرێ یەكیتی دژێتی.
٣- سووربون لەسەر ئەوەی تەنها بزوتنەوەی كۆمۆنیستی شۆڕشگێر دەستەبەری سەركەوتنی مەسەلە چینایەتی و دیموكراسیەكانە.
٤- بڵاوكردنەوەی، هەڵمەتی چەكدارانەیان ، بۆ سەر بارەگاو ماڵمان و دزینی شت ومەك و ناوماڵمان.
٥- ڕەفتاری نامەردانەی شەوكەتی حاجی موشیرو چەكدارەكانی وجەبار فەرمان و پیاوەكانی..جۆری بڕیاری كوشتنمان و گەمارۆ دانی ماڵ و بارەگامان، لە سەر بریاری مەكتەبی سیاسیان.
٦- داسەپاندنی سیاسەتی پاكسازی بەسەر هەمو ئەو كەسانەی باوەڕیان بە م.ل و دۆست و ناسیاوی ئێمەن و هەڕەشەو گوڕەشەی كوشتنیان و سەرپان كردن.
٧- بەرنەدانی ئێمە بە نیازی ڕێ گرتن لە زۆرانی چینایەتی و خنكاندنی ئازادی و دیموكراسی..وە بۆ **ئەوەی كۆنفرەنسی دامەزراندنی ڕێكخستنی م.ل سەرنەگرێ.**
هەموو ئەو ڕاستیانە پێویستیان بە بڵاوكردنەوەی چڕو پڕ هەیە. پێویستە ماڵ بە ماڵی كوردستان بیزانن و تێی بگەن. پێویستە دژیان بە كاربێن.
ئەگەر هاوڕێیانی ئەڵقەی سەرەكی ژمارە(٢١) بتوانن بەیانێكی سیاسی واقعی و زانستی دەربكەن كە تەئسیر لەسەر سۆزی ئێستای خەڵك دابنێ. زۆر باشە و هەوڵبەن لە ڕێ ی(ڕوناكەوە)ڕۆنیۆكەی تر بدۆزنەوەو چاكی بكەن و وەها بەیانێ بە زووترین كات دەربكەن.
ئێمەش چاوەڕێین بمان بەن بۆ سەركردایەتیان و بزانین دوا بریاری بۆرجوازیەكان چی دەبێ لەسەرمان.
بە هیواین ووردو زرنگانە، بێ پەلە و تووڕە بون، بكەونە كار و زۆریش ئاگاتان لە پاراستنی نهێنی ، لە هاتوچۆ، لە قسەو لێدوانتان بێ. چونكە هەم ڕژێم و هەم ینك چاودێری دۆخەكەو باری تەنزیمیمان زۆر دەكەن.
دووبارە ڕێز ئەڵقەی ناوەندی نووسەران

تێبینی:

مەلا بەختیار
١٩٨٥/١١/٩
مێولێ

تکایە گەر ئەم نامەیەتان تەعمیم کرد بە ناوی ئەڵقەی ناوەندی نوسەرانەوە وای بڵاو بکەنەوە کە مەعلوماتەکەتان زانیوە..نەک ئێمە بۆمان ناردبن
یان بۆمان نووسیبن. واتە دووبارە دایرێژنەوە بە چەشنی کە وەکو ئێمە نەمان نوسیبێ
پێش گەیشتنی نامەکەی ١٩٨٥/١١/٩ی سەرەوەی مەلا بەختیار کۆمێتەکانمان دامەزراندبوو، لە ١٩٨٥/١١/٥ بڵاوکراوەیەکی بە پەلەمان نووسی و بڵاوکردبوەوە، پەیوەندیمان بە هەولێرو کەرکوکیشەوە کردەوە و کۆمێتەی سەرکردایەتی ناوخۆی شارەکانیشمان دامەزراند، ویستمان جوڵەیەک بکەین تا کۆمەڵە کوژەکان وانەزانن بە گرتنی ئەو هاوڕییانە ئیتر کار تەواو و بیکەنە فرسەتی لە ناوبردنیان...
هەر لەو ماوەدا بە دەیان نامەو راپۆرت ڕەخنەی توند ئاراستەم کرا، سەبارەت بەو وەرچەرخانەی ڕوویدا وەک ئەوان وتەنی گەڕانەوەبوو بۆ پۆپۆلیزم. لە وەڵامی خۆمدا ئاگادارمکردنەوە هەموو سەرنج و ڕەخنەکانیان شوینی خۆین و راستی لای ئەوانە، بەڵام ناچارم بەرپرسیارێتی ئەو بریارە(هەڵەیەش) لە ئەستۆ دەگرم، لە هەمان کاتدا دڵنیام کردن ئەم کارەی من تا ئازادبوونی ئەو هاوڕێیانەیە، **دوای ئازادبوونیان کاری سیاسیان لەگەڵ ناکەم، چونکە دەرکەوت لە ئاستی سەرکردایەتی ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستی دا نین.**

دامەزراندنی کۆمێتەی پارێزگای سولەیمانی
ئاڵای شۆڕش

کۆمێتەی پارێزگای سولەیمانی ئاڵای شۆڕش پێکهێنرا، لە ١-هاوڕێ سەردار(شێخ فاتح) کە یەکێک لە باشترین و هەڵسوڕاوترین هاوڕێ یانی کۆمێتە بوو، برای شیخ فازلی فەرماندەی کەرت بوو.٢- هاوڕێ علاء(شێخ جمال شێخ نوری)ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش ٣- خۆم ،عادل(روف رفیق)ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش.
٤-هاوڕێ جەلیل (مامۆستا ئەحمەد علی) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش، لەو کاتەوە گیرابوو هێشتا لە زیندانی ڕژێمی فاشستی بەعسدا قارەمانانە خۆی گرتبوو.

دامەزراندنی کۆمێتەی سەرکردایەتی ناوخۆی شارەکانی
ئاڵای شۆڕش

لە بەر ئەوەی هاوڕێ حاجی مەمۆ چووبووە دەرەوە، هاوڕێ ی تێکۆشەرمان (کاکل) دیاری کرا بە بەرپرسی کۆمێتەی هەولێرو هاوڕێ کاردۆ بە جێگری.
بەوجۆرە کۆمێتەی سەرکردایەتی ناوخۆی شارەکانی ئاڵای شۆڕش پێکهات لە :١- هاوڕێ کاکل بەرپرسی کۆمێتەی هەولێر. ٢- هاوڕێ جوتیار بەرپرسی کۆمێتەی ئاگر(کەرکوک) ٣- عادل بەرپرسی کۆمێتەی سولەیمانی. بی خواستی

خۆم بەرپرسیارێتی (كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكان) ئاڵای شۆڕش كەوتە ئەستۆم.

ئەو شاڵاوە تیرۆریستیەی یەكێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش. بۆ (ئازادكردنی ئەو سێ هاوڕێ گیراوانەمان) ناچاری كردین هەنگاوێك بنێین لە دەرەوەی خواست و ویستی خۆمان. لە پاڵ ئامانجەكانی ئاڵای شۆڕشدا، بەرگری لەو هاوڕێ یانە بووە سەرەكیترین ئەرك.

هەندێ هاوڕێمان دربازبووون و چوبوونە (شارەزوور) ، ئەم نامەیەیان نارد:

بۆ هاوڕێ یانی بەڕێز

سڵاوێكی گەرم

نوسراوەكەتان گەیشت ئەوەش وەڵامەكەیەتی:

ئێمە ئەم شەو ئەكەوینە خۆمان سبەی شەو دەرباز ئەبین بۆ چەمی گەڵاڵ بەڵام لەوێوە هیچ دەلیلێك شك نابەین، تكایە هەرچۆنێك بوە لە ڕێگەی ئەو برادەرانەی كە سەر بە حسك وا بكەن زەلام بنێرنە چەمی گەڵاڵ بۆ پەرخ و بیوەك بۆ ئەوەی لەوێوە دەربازبین بۆ سوورین. ئەگەر ئێمە چەند ڕۆژێك لەم ناوە تاءخیربین دیارە ینك هێز كۆ ئەكاتەوە لە سەرمان ئنجا بۆ ئەوەی تووشی ئەوە نەبین هەوڵی چاك بدەن بۆ دەربازبونمان لەو ناوچەیە. هەروەها ماوەی چوار ڕۆژە بروسكەی جەلال تاڵەبانیم بۆ هاتووە. لیرەش جاسوسەكانی كەرتی ڕێكخستن بەرەو سەركردایەتی ینك ڕۆشتون، دیارە منیش مەترسی ئەكەم لەوە. بۆیە هاوار ئەكەم بێنە سەرم شەڕیان ئەكەم دیارە دووچاری تەسلیم بوونەوە ئەبین. من لەسەر بریاری ئێوە ئەوە هەڵنابژیرم ئەی ئەگەر تووشی بووم ئەوا ئاگادارتان ئەكەم. ئیتر ئێمە دووسبەی لە چەمی گەڵاڵین چاوە ڕوانی ناردنی زەلامین لە لایەن ئێوەوە. هەربژین

هاوڕێتان

ناوی لەسەر نیە

دوابەدوای ئەو نامەیەی سەرەوە. لە گەرمەی شاڵاوی كۆمەڵە كوژەكانی یەكێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش، نامەیەكم لە هاوڕێ (خاكی) پێشتر نهێنی (هەورامان) بووناوە ئەسڵەكەی(محمد حاجی حەمە شریف)، بەرپرسی بەشی ڕێكخستنەكانی هەڵەبجە بوو:

هاوڕێ یانی بەڕیزو خۆشەویستم كاك س.مەبەست (سامی) یە

هەمو كاتێكت باش

هیوادارم هەمیشە تەندروستیت باش بێت

براگیان

شەوی ٨ لەسەر ٩ ی /١١ دكتۆر (مەبەستی دكتۆر قادرە-نوسەر) خۆی و ٨ كەس گەیشتنە شارەزوور لەگەڵ كاك فریدون پێنجوینی یەكیان گرت ئەمانیش 9

كەس بوون لەگەڵ جەماعەتی حسک دا پەرینەوە بەرەو سوڕێن جەماعەتی حسک وتویانە تا چاڵە خەزێنە ڕەوانەتان ئەكەین.

بەڵام بۆ ئاگاداریت ئاسۆ لەگەڵیان نەچوەو گەڕاوەتەوە ئێستا ئەڵێن لە ئیمامی زامنە و نیازی تەسلیم بوونەوەی هەیە بە قسەی باوكی...

ئەوانەی لەگەل دكتۆر قادر بوون ماجدو ئەحمەد ڕیشە و كوڕی احمد كارەبا و تایەری خوشكەزای حاجی كریم و ئەوانی تر نازانم.

هیوادارم لە هەمو شتێكی تازە ئاگادارم بكە بە نامە و بیدە بە حریە.

برات
خاكی

پەیوەندی بە زیندانەوە

هاوڕێ (ڕوناكی شێخ جەناب) وەك هاوڕێ و هاوسەری بەوەفاو دڵسۆزی مەلا بەختیار، هەروەك هەمیشە لە كارئاسانی دروستكردنی پەیوەندی و گرتنەوەی ئەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانەی ئێمە نەمان دەناسین مەزنترین ڕۆڵی دەبینی. لەو ساتانەدا هێنان و بردنی نامە و گەیاندنی هەواڵەكان لە نێوان كۆمێتەی سەركردایەتی شارەكانی ئاڵای شۆڕش و مەلا بەختیاردا لە زیندان ئەنجام دەدا. هاوڕێ (لیدیا)یا (دایكی زیلان-روناكی شێخ جناب) بە درێژایی ئەو ساڵانە سەلماندی بەڕاستی هاوڕێ یەكی سەركردەی ژیرو نەترس و بە توانایە. هەمیشە وەك دایكێكی میهرەبان لە پێشمەرگەكانی دەڕوانیو وەكو كادرێكی بە توانا ئەركەكانی لە سەختترین ڕۆژگاردا ڕادەپەڕاند.

بێجگە لە ڕوناك شێخ جەناب، كەس و كاری هاوڕێ گیراوەكانی تر، ئەوەندەی من ئاگاداربم هاوڕێ شاخەوان(شێخ عەلی) سێ نامەی نارد.

دەستبەجێ بە پێی ئەو هەواڵانەی پێمان دەگەیشت لەناو جەلالیەكانەوە سەبارەت بە بریاری گرتنی هاوڕێ یانی پێشمەرگە، لە شێوەی تەعمیمێكدا نامەم نووسی و نارد بۆ هەموو ئەوسەرتیپ و فەرماندەی كەرت و مەفرەزانەی بریاری گرتنیان لە تاڵەبانی یەوە دەردەچوو. لە پارێزگاكانی سولەیمانی و هەولێردا. **ئەمەش دەقی تەعمیمەكەیە :**

كرێكارانی جیهان یەكگرن

بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەكانی ئاڵای شۆڕش
سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم

ئاگادارن ئاڵای شۆڕش لە گەرمەی هەڕە شەو گوڕەشەی بۆرژوا كۆنەپەرستەكانی سەركردایەتی ینک دا هەر لە یەكەم ڕۆژی دروست بونیەوە لە هەوڵی یەكخستنی هێزە عسكریە ئۆپۆزیسیۆنەكاندا بووە. پاش چوونی وەفدمان بە

سەرکردایەتی هاوڕێ مەلا بەختیار بۆ لای سەرکردایەتی ینک بە مەبەستی بەستنی علاقەی عسکری دۆستانە، لە کاتێکدا سەرکردە کۆنەپەرستە بۆرژواکانی ینک پەیمانیان دا دەست بۆ هیچ هاوڕێ یەکمان نەبەن. بەڵام دەرکەوت ئەوان لە سیاسەتی کۆنەپەرستانەیان نەکەوتون و هێرش و شاڵاویان هێنایە سەر پێشمەرگە نەبەزەکانمان. بەو کردارەیان لە بەردەم گەلی کوردو هەمو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا پەردە یان لەسەر لاچوو. ڕووی دژە ئازادی و دژە دیموکراسیان ئاشکرا بوو. تەنانەت جەماوەری سادە بێزاری خۆی دژیان دەردە بڕێ، لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان، ڕۆشنبیران، ئازادی خوازان، هەموو بە جارێ ڕق و بێزاری خۆیان دژی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی ینک دەربڕیووە..

ڕێکخستنەکانمان چالاکانەتر لە جاران ئیش و کارەکانی پەرەپێداوە، پێویستە لەسەر ئێوەش :

١-هەموو بەرەو لای کاک سالار و مامۆستا جەعفەر بکەونە ڕێ لە چنارەی پشتی چوارتا یا چاڵە خەزێنە و لەوێ هەموو هێزەکان کۆدەبنەوە و دادەڕێژرێنەوە و ڕێک دەخرێن و پلان و نەخشەی پێویستیان بۆ دادەڕێژرێ.

٢-لە کاتێکیشدا ڕێگەتان نەزانی دەتوانن وەک پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش خۆتان بە نزیکترین جەماعەتی پێشمەرگەی جود بناسێنن، ئەوان ڕێ نیشاندەریتان دەکەن بەرەو لای کاک سالارو هاوڕێیان.

٣-بە هیچ جۆرێک نابێت کەس خۆی تسلیم بە فاشستەکانی ڕژێمی عێراق بکاتەوە، بەڵکو پێویستە کار بە خاڵی یەک و دووی ئەم نامەیە بکرێ

ڕسوابێت سیاسەتی کۆنەپەرستانەی بۆرژوا شەڕەنگێزەکانی ینک

سەرکەوتووبێت بزوتنەوەی کۆمۆنیستی

شەکاوەبێت ئاڵای کرێکاران و زەحمەتکێشان

تێبینی:

دوبارەی دەکەینەوە ئەوانەی ناو تیپەکانتان کە نایەن(بێ تەقە) چەکیان بکەن پاش ئەوەی ئەو باسانەی لە پێشەکی ئەم نامەیەدا هاتووە ڕوون ئەکەنەوە.

ئاگادارتان دەکەینەوە ئەو هاوڕێیانەی ناویان نەهاتووە و مەترسی گرتنیان نیە لە شوێنەکانی خۆیاندا بمێننەوە نەڕۆن.

ئاڵای شۆڕش

١٩٨٥/١١/١٢

نامەکانی زیندان

بەیانێک کە مەلا بەختیار لە زیندانەوە نوسی بووی، سەبارەت پەلامارە تیرۆریستیەکەی یەکێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش گەیشتە دەستم و پاش هەندێ

دەســـتكاری كەم، تا نەزانرێ لەوەوە هاتووە، چاپمانكردو و لە هەموو شـــارو شـارۆچكەكاندا بلّاومان كردەوە، ئەمەش دەقەكەیەتی كە بە خەتی مەلابەختیار خۆی لامە :

كرێكارانی جیهان یەكگرن!

كرێكاران و زەحمەتكیشان!

ئازادی و دیموكراسی خوازان!

هاوڕێ یانی تێكۆشەر !

خۆتان دەزانن، پاش درێژە كێشـانی كیشـەی چینایەتی و فكری و سـیاسـی ناو كۆمەڵە و یەكێتی، مـل ملانێ كـان لە فۆرمی چینـایەتی خۆیـانـدا بەر ئەنجـامی گەشـەكردنی سـروشـتی ناكۆكیەكان فۆرمیلا بون و هەردوو ڕێبازی ماركسـسـتی وناسیۆنالیستی لێك ترازان و بە جیا ئاقاری مێژوویی خۆیان گرتەبەر.. هەر خۆتان شـــایەتی ڕووداوە مێژوویەكانی ناو هەناوی بزوتنەوەی چینایەتی و دیموكراســـی عێراق و كوردسـتانن بە تایبەتی كە هەمیشـە ناسـیۆنالیسـتەكان كێشـەكانی خۆیان، پەرژەوەندی تەســكیان، بیرو ڕوانگەی جیاوازیان، بە پەلامارو چەك و كوشـت و كوشتار چارەسـەر كردووە، بەڵام ئەمجارەیان، لە قۆناغی نوێ ی خەبات دا، ئێمەی ماركســـی و ڕۆڵەی كرێكاران و زەحمەتكێشـــان، پێچەوانەی تەجروبە بە چەك مـامەڵە لەگەڵ نـاكۆكیەكـان كراوی ڕابوردوو، بە كوشـــتن و بە كوشـــت دانی زەحمەتكێشـان لە پێناوی داسـەپاندنی سـیاسـەتی تەسـكی بۆرجوازیانە. ویسـتمان و دەمانەوێ كە ناكۆكی و كێشە سیاسیەكان، مل ملانێ ئایدۆلۆجیەكان، بە بێ پەنابردنە بەر چەك و كوشـت و كوشـتار، بە بێ شـەڕی ناوخۆ و یەكدی كوژی، بە گیانێكی هەســـت بە مەســـئولیەت كردن و لە جەوێكی ئـازادو دیموكراســـدا، كێشـــە جۆراوجۆرەكانی چارەسـەر كەین و تەجروبەیەكی دڵخۆشـكەرەی نوێ ی هاندەر بۆ پتەوكردنی گیانی بەرەنگاری دژی فاشـــسـتەكان بهێنینە گۆڕێ.. بۆیە هاوڕێ یانی ئێمە پاش پشـــوێكی زۆرو ڕاگرتنی باری شـــڵەژاوی ناو بزوتنەوەی دیموكراســـی كوردستان، سەركردایەتی كۆمەڵەو هەندێ لە مەسئولینی یەكێتی ناچاری كردین، بە ڕاشكاوی و ئاشتی و دیموكراسی، مافی جیاكردنەوەی ڕێبازی چینایەتی بۆ ناوەندی كۆمەڵەو مەكتەبی سیاسی یەكێتی دەربڕن.. پاش گفت دانی دۆستایەتی و هاوكاری، پاش دوپات كردنەوەی ڕاگرتنی گیانی یەكێتی و لەت و پەت نەكردنی هێزی پ.م كوردســـتان، لە لایەن هەردوولا، ئێمەو ئەوان..كەچی قســـەو گفتەكانیان تەنها ١٥ڕۆژێشی نەخایاند و یەكێتی بە كردەوە، بۆ جارێكی تر، دژی ماركسیستەكانیش سـەلماندی باوەڕی بە ئازادی و دیموكراسـی نیە. دەریخست كە هەموو كێشـەیەكی ســیاســی گەر چارەی ســیاســیشــی هەبێ.. هەر بە چەك و هەڵمەتی چەكدارانە

چارەسەر دەكات و ئەوەبوو لە بەرە بەیانی ١٩٨٥/١١/٢ هەڵیان كوتایە سەر ماڵ و بارەگای هاوڕێ مەلا بەختیار به ناشـــیرینترین ڕەفتاری چەكدارانە، لە كاتێكدا ئەوان لە ناو قوڵایی هێزەكانی ئەواندا بوون، گرتبویانن و هاوكاتیش لە تەك ئەو ڕووداوە، هەڵیان كوتابوە سەر بارەگای هاوڕێ شێخ عەلی و ئەوانیشیان گرتبوو.

تا ئێستا ئەوان سجنی سیاسەتی دژی دیموكراسین و (م.س)یەكێتی ئەیەوێ بە هێشتنەوەی هاوڕێ یانمان لە گرتوخانەكانیاندا درێژە بە سیاسەتی سەركوتكردنی ئازادی خواهان بدات و ئەم كارە دژە ئازادی یەی داپۆشـــێ.. بە بێ ئەوەی ڕێگە بدات ئەو هاوڕێ یانە قســـە بكەن و دیفاع لە خۆیان بكەن، بنووســـن و بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن.

بۆیە هاوڕێ یانی گیراومان، نامەیەكیان ئاراســـتەی (م.س) ینك كردووەو وا دەقەكەی ئەخەینە بەردەم كۆمەڵانی خەڵك تا خۆیان حوكم لەسەر ڕووداوەكان بدەن و بزانن كە زنجیرەی ڕوداوەكـان چۆن پێكەوە بەســـتراوون و ئەڵقە ئەڵقە هۆنراونەتەوە، ئەمەش واقعێكە و بۆ مێژوو، بۆ وێژدانی دڵســـۆزان، بۆ جوێ كردنەوەی ڕاســت و هەڵەكان، بۆ دیاری كردنی ڕێبازی شـــۆڕشـــگێڕان و دژەكانی ئازادی و دیموكراســـی. دەبێ بزانرێ و ببێتە شـــەقڵی ســـەرەكی ڕێ نوینی كۆڕی خەباتی چینایەتی و دیموكراســـی. هیوادارین هەریەكە، هەر تێكۆشـــەرێ حوكمی عادیلانەی خۆی بدات و هەڵوێست و وێژدانی شـــۆڕشـــگێڕانەیان لە دەروونی خۆیان و لە ناو كۆمەڵانی خەڵكا تۆمار بكەن.

ئەی ئازادی خوازان!

هیوادارین هەر دڵسۆزێ لە شوێنی خۆیەوە، خەمی ئەو وەزعە و پاشەڕۆژەكەی بخوات و یەكێتیش دڵنیا دەكەین كە كێشـــە نەك كۆتایی پێ نەهاتووە، بگرە یەكیتی سەرەتای كێشەكەی قوڵتر كردوەو سەرئەنجامی ئایندەكەشی هەرچیەك بێت هەر لە ئەستۆی سیاسەتی دژایەتی دیموكراسی یەكێتیدایە.

بژی ئازادی و دیموكراسی

شەكاوەبێت ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكێشان

ئەڵقەی ناوەندی
نووسەرانی/
ئاڵای شۆڕش

دەقی نامە ئاراستەكراوەكەی هاوڕێ یانی زیندانی كە بریار بوو دوای ڕاگەیاندنی مانگرتنەكەیان ئاراستەی مەكتەبی سیاسی یەكێتی بكەن و نەكرا:

(ئازادی، یان مەرگی سەروەری)

بەڕێز مەكتەبی سیاسی
یەكێتی نیشتمانی كوردستان
سڵاوێكی شۆڕشگێرانەی گەرم

دوای ئەوەی بە بریاری ئێوە، بە ناشیرینترین ڕە فتاری چەكدارانە، پەلاماری بارەگاو ماڵی بێ دیفاعیان داین و بە تاڵان براین و بە گوێ ی خۆشمان ، لەبەر چاوی دەیان پێشمەرگەو مەسئولینی خۆتان و دەیان دانیشتووی گوندی (تەكیە) بریاری كوشتنی خۆمانمان لە دوو ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی(جەبار فەرمان – كۆمەڵە- شەوكەتی حاجی موشیر-شۆڕشگێڕان-) دەبیست، نزیكەی بیست ڕۆژیشە سجنی سیاسەتی نەبونی ئازادی و نادیموكراسیتانین و ڕوو بە ڕووی مامەڵەی سەیری وەكو

١-حەرە سیاتی كەم وێنە لە مێژووی شۆڕشەكەدا بووین.
٢ -چاوپێكەوتنی كەم و ئەوەی هەشە چاودێری توندی لە سەرە.

سەرجەمی بریارو ئاكارو ڕەفتارو نیازەكانتان، ئاوەژووی ژیانی دیموكراسی و یاسای بابەتی ناكۆكیە سروشتیە چینایەتیەكانی كۆمەڵی فرە چینە، كە بۆ خۆتان باش دەیزانن و زۆربەتان لە شەستەكاندا لە ناو (پارتیا) دووچاری بوون و تەكەتولیشتان كردووە و گەیاندوشتانەتە جیابونەوەو دووبەرەكی توندوتیژی چەكداریش جگە لەوەی لە ناو ئەو باڵەی جیاشتان كردەوە(باڵی مەكتەبی سیاسی)، دوای ماوەیەك هەمدیس بونەوە بە دوو بەش(تەكەتولی گوڤاری ڕزگاری) دژی باڵی باڵادەستی ناو حزبەكە، كە بەیانی ١١ئازاریش درا (پارتی شۆڕشگێڕتان)هەڵ وەشاندەوە و بریاری چونەوە ناو پارتی دایكتان دا، دیسان بە نهێنی (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانتان(دامەزراندو وێرای ئەوەی لە ناو پارتی دایكا چوونە ناو داوو دەزگاكانی، هەر لە مەكتەبی سیاسی یەوە تا بچوكترین شانە، چونكە باوەڕتان پێ ی نەمابوو، دژی كارتان دەكردو بگرە بە ناكۆكی سەرەكیشتان دەزانین و هێندەی دژی پارتی كارتان دەكرد، هێندەتان دژی ڕژێم نەدەكرد، بە بێ ئەوەی پەیمانی دوو قۆڵی و پەیرەوو یاسای ئەو پارتیە، ڕێتان پێبگرێ، بۆ ؟ چونكە ناكۆكی و سراعی چینایەتی بوو.

ئەم ناكۆكیەی ئێمەش، لە ناو هەمان میللەت و بزوتنەوەی دیموكراسیە، ئەگەرچی گۆڕان و گۆڕانكاریەكانی جیهان و ناوچەكەو وڵاتەكەو بزوتنەوەكە، شوێن و شێوەو ناوەرۆكی فكری ناكۆكیەكانی گۆڕیوە. دیارە بە بێ ئەوەی ئێمە لە ناو خۆماندا هەزارانمان لە یەكتر كوشتبی، یان دووچاری لادان و سیاسەتی ناهەموار هاتبین.

ئەو كێشەو ناكۆكیە جۆراو جۆرانەی نێوانمان. پاش درێژە كێشان وگەیشتنیان بە گەڵاڵە بونی بابەتیانە و لە قاڵبی چینایەتی سروشتیدا خەملێنیان، پاش پشوویەكی درێژ، پاش چەندین كۆڕو كۆبونەوە و كۆنفراەنس. لۆژیكی روداوو ناكۆكیەكان گەیاندینیە ئەم قەناعەتە كە چیكە نەتوانین لە چوار چێوەی یەك ڕێكخراودا هەڵگەین و(ئێوەش هەمان قەناعەتتان هەبوو، بریاری پاكسازیشتان بەڵگەی ئەم بۆچونەیە). لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانە تا بڕواو متمانەمان بە یەكدی بوە، پێكەوە چەند ساڵێكمان بە خۆشی و ناخۆشی، بە چاك و خراپیەوە ڕاگوزارد، كە بڕواو متمانەش لێك ترازان، دیارە هەر لایەك ئەوەی كردووە كە بە چاك و باشی زانیوە.

برایان... سەبارەت بە ئێمە تاكە مەوداو تریبونی كارو كارتێكردنمان ڕێكخستنەكەو شۆڕشەكە بووە. تەلەفزیۆن،ڕادیۆ، ڕۆژنامەی ئاشكرا، كۆڕو كۆبونەوە، پەرلەمان نەبووە تا قسەی تیا بكەین و بنووسین. بۆیە چوار چێوەی سراعەكە و واقعەكە هەر بەو ڕێكخراوەو شۆڕشەمان دەبەستیتەوە تا بتوانین تیایا تەئسیرمان هەبێ هێندەی دەشكری بناغەیەك بۆ پاشەڕۆژی خۆشمان داڕێژین، هیچ نەبێ لە ناو ئەوانەی هاوبیرو هاوڕێیازین. چ كۆڕو تاقم و گروپێ هەبووە لەم دونیایەدا، ساڵەهای ساڵ لە حیزب و ڕێكخراوێكدا كاری كردبێ و كە كەوتبێتە سراعەوە هەموو ڕەنج و ماندوو بونێكیان جێ هێشتووەو وەكو تەیریكی مەعقول. یان چوونەتە دەرەوە، شتی وا نەبووەو نەش ڕوو ئەدات. لە ناو كوردیشا زیاتر لە هەموو لایەك ئێوە ئەم ئاوەتان ڕشتووەو ئەوەتان كردووە كە باسكراوە. بێگومان زانیویشمانە ئەمە دژی پەیرەوە، دژی دیسپلینە، دژی بریاری ئەو ڕێكخراوەیە كە لێ ی جیا دەبینەوە، پەیڕەو و دیسپلینەكەش جێ دێڵین. بۆیە وای پێویست كردووە ڕێبازی سەربەخۆمان پیادە بكەین و بكەوینە كار وێڕای هەموو مەسەلەیەك. جا با لەوەوپێشیش مەسئولیەتی زۆر كارمان هەڵگرتبێ و ڕێكیش كەوتبین لەسەر گەلێ شت، كە قەناعەتی مەبدەئی و ڕوانگەی فكری گۆڕا، تەواوی شتەكانی دیكە دەبنە شتی لاوەكی و ئەوەی كار دەكات قەناعەتە دەرونیەكەیە، جا چ ڕێبازی ڕاستەو ڕاست نیە، ئەوە ڕووداوەكان و پاشەڕۆژ حوكمیان لەسەر دەدات.

برایانی بەڕێز/ دوای ئەو هەموو كێشمە كێشەیەی نێوانمان، حاڵ گەیشتە ئەو ڕۆژەی لە (١٩٨٥/١٠/٢٤) دا، خۆمان هاتینە لاتان و بە ڕاشكاوی پێمان ڕاگەیاندن كە چیكە پێكەوە هەڵناكەین و ئیدی سەربەخۆ ئەوەی لە ئارادا هەمانە كۆ دەبینەوەو ڕێكخراوێكی گونجاو لەتەك ڕێبازو بۆچونەكانی خۆمان دا دادەمەزرێنین وە ڕوو بە ڕووش گفتان داینێ هاوكاری و دۆستایەتیمان بكەن و بە ڕەسمی سكرتێری یەكێتی(مام جلال) پێ ی گوتین (من لایەنگری دۆستایەتیم نەك دوژمنایەتی، لایەنگری ڕاكێشانم نەك پاڵ پێوەنان)ئەندامانی ناوەندی كۆمەڵەش بە ڕە سمی

گوتیان: (زۆرمان . پێخۆشە وا بە سەراحەت قسە دەكەن و ئیتر لەمەودوا باشتر ئەتوانین هاوكاری بكەین و بگونجێین).

تا ئێستا پێچەوانەی ئەو گفتو گۆو گفتانەمان دیوەو بیستووە، سەرئەنجامیش لوتكەی كاری نادیموكراسی و دژی ئازادیمان بەرامبەر كرا، لە كاتێكدا گەر پێش ئەو كۆبونەوەیەی بۆ خۆمان بە ئێوەمان ڕاگەیاند كە چیكە كارتان لەگەڵا ناكەین، ئیجرائاتێكی حیزبایەتی ئسوڵیتان بكردایە، تا ڕادەیەك ڕێ ی تێ دەچوو. وەكو چۆن لەپاش كۆنفرەنسی سێیەوە، هەمو ئەو كادرانەی لە بەر باوەری تایبەتیان لە كۆنفرانسی كۆمەڵە هاتنە دەرەوە، سزاتان دان و هەر یەكە بە بیانویەك لابراوە. بەڵام كە ئێمە لە كۆمەڵە چووبینە دەرەوە و خۆشتان گفتی دۆستایەتیتان داین و بە خۆشیەوە هەردووك هەڵساین و ئێمە چووینە قوڵایی كوردستان و ناو هێزەكانتان و تەنانەت یەك هەنگاو پێچەوانەی ڕێك كەوتنی دوو قوڵیمان نەناوە، لەپڕ هەڵكوتنەسەرمان، ئاخر ئەگەر ئەمە دژی ئازادی نەبی ئەی چیە؟ برایان ...

ئەوەی ئێوە لێ ی دەترسان مەسەلەی جیاكردنەوەی هێزبوو، پێشوەخت خۆمان پێمان گوتن كە ئێمە دژی جیاكردنەوەی هێزو لاوازكردنی بزوتنەوەی مقاومەتین، نامەی ڕەسمیشمان لەم بارەوە بۆ مام جەلال نوسیوە و كاك د، فوئادیش مان بە نامەو دیدار لەم بارەوە ئاگادار كردووە. كە ئێوەش دەستتان كرد بە چەك كردن و دەركردنی چەند پێشمەرگەو كادرێ كە گومانی سەربەو ڕێبازی ئێمەتان لێدەكردن، شتێكی ئەوتۆمان نەكرد، چونكە! تەمای چەكی زۆرو كۆكردنەوەی چەكدارمان نەبوە، بۆ یە لەسەر شتی وا تەقاندنەوەی كێشەمان پێ كاریكی دژ بە گفت و دانیشتنەكانمان بوو، ئەگەر چی ئێوە گفتی ئەوەشتان دابوو تا تەواوكردنی كۆنفرانس بۆ سەری ساڵی نوێ، هیچ شتێ نەكەن. وێڕای تێكڕای ئەو هەڵە قورسانەتان، سەرباریش گەرەكتانە تەحقیقمان لەگەڵا بكەن. ئێمە كە كۆمەڵە نەبین ، كە یەكێتی نەبین، ئیتر تەحقیق لە چی و بۆچی؟ گەر تحقیق لە بیروباوەڕمان دەكەن! لاتان مەعلومە، خۆ گەر تەحقیقیش لە ڕێكخستنمان دەكەن وەڵامەكەی پێش وەخت ڕۆشنە و ئەمەی ئێوە كردتان، هەر بۆ ئەوەیە ئەو ڕێكخستنەی هیوامان بوو لە دایك نەبێ. ئێوە تەنها حەقی ئەوەتان بووەو هەیە لە پاشەڕۆژی ئەم مەسەلەیە دڵنیابن كە ڕووداوەكان و ناكۆكیەكان چارەنووسیان دەگاتە كوێ و نێوانمان چی بە سەردەهات؟ بۆ ئەمەش ڕێ و شوێنی شیاو و ئسوڵی هەبو دڵنیاتان بكات، نەك ڕێ ی پەلامارو پێشێل كردنی دیموكراسی. دەركەوت كە ئێوە هەمو مەسەلە سیاسیەكان دەبەستنەوە بە لولەی تفەنگ و شەڕو پەلامار، تەنانەت ئەگەر ڕێ ی چارەسەری سیاسیانەشی هەبێ.ئێمە لای خۆمانەوە باوەڕمان بە شتی وا نیەو لە مەرگ و هەڕەشەتان ناترسین، دیارە مەبەستیشتان بوە و ئیمەش بۆ شەڕی ناوخۆ ڕابكێشن و مەسئولیەتەكەشی بخەنە سەرشانی خۆمان، ئەو مەبەستەش نەهاتەدێ، ئەوەی

ماوتانە دەتانەوێ ئەم كردەوانەتان پینە بكەن و بە ڕەوای لە قەڵەم بدەن، كە دیارە هەرگیز كاری ناڕەوا تاسەر ناگۆڕدرێ بە ڕەواو پێچەوانەكەشی هەروایە.

بۆ ئەوەی بیسەڵمێنین كە مەرگ و مردن، كوشتن لەناوبردن، ماركسیستەكان ناترسێنێ، كەی پێویست بكات" لە پێناوی بیروباوەڕدا" خۆیان بەخت دەكەن، وا لەژیر دروشمی(ئازادی ، یا مەرگی سەروەری٠ لە خواردن مان دەگرین و ئۆبالی مێژوویی ژیانیشمان لە ئەستۆی ئێوەیەو دەقی ئەم نامەیەشمان بۆ شایەتی لەسەرتان گەیاندۆتە زۆر شوێن و لاو كەس.

بژی ئازادی و دیموكراسی
شەكاوە بێ ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكێشان
مەلا بەختیار

١٩٨٥/١٢ /

وێنەیەك بۆ بەڕێز:

١-سەركردایەتی یەكێتی شۆڕشگێڕان
٢-دەفتەری سیاسی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران
٣- دەفتەری سیاسی حزبی كۆمۆنیستی ئێران
٤- چریكەای فیدائی خەڵكی ئێران
٥- یەكیتی نوسەرانی كوردستان

لەگەل هیوای وەرگرتنی هەڵوێستی بەرگری لە ئازادی و دیموكراسی و جەسپاندنیان، ڕێزی هاوخەباتیمان هەیە.

ئەو نامەیەی مەلابەختیار نووسی بووی، بریاربوو بەرواری ئەو ڕۆژەی لەسەر دابنرێت كە ئەوان دەست بە مانگرتن دەكەن و بە چڕی لە پارێزگاكاندا بڵاوبكرێتەوە، ئەوە هۆكاری نەبوونی بەرواره لەسەر نامەكە.(ئەو مانگرتنەیان ئەنجام نەدا، لەبەر ئەوە نوسینەكەش بڵاونەكرایەوە.

لە نامەیەكی تردا بۆ پێشمەرگەكان ئاگادارمان كردن ئەم هەواڵانە و ئەم نامەیە بگەیەننە هاوڕێیان كاك سالارو مامۆستا جەعفەر(ئەودەم نەماندەزانی هەرلە دوای كۆبونەوەكەی تارانەوە مامۆستا جەعفەرگەڕاوەتەوە ئەڵمانیا، لێیان شاردبووینەوە): ئەوەش دەقی ئەو هەواڵەیە كە بۆ كاك سالارمان نارد :

نامه یەك بۆ سالار عه زیز
بەڕێز كاك سالار

سڵاوێكی كرێكارانەی گەرم

پاش گرتنی كاك مەلا بەختیار و مامۆستا پشكۆ لە لایەن چەكدارەكانی جبار فرمان و شەوكەتی حاجی موشیرەوە لە ١٩٨٥/١١/٢ كاك وەهاب و كاك حامیدی

حاجی غالی توانیویانە نەیەڵن لەوێدا بكوژرێن و براونەتە شـــیوی قازی، لە ١١/٥ براونەتە ئاوایی حەمەی كەرەم لە ١١/٩ براونەتە مێوڵی. لە مێوڵی كاك بكرو كاك دلیری ســـەید مجیدیان ئیزن داوە كە چیتر نابیت بە دوای هاوڕێ یانماندا بڕۆن. تەنانەت كاك وەهاب و كاك حامیدیشـــیان ئیزن داوە. لە ١٢-١٩٨٥/١١/١٣ گەیەندراونەتە یاخســەمەر و مەلا بەختیار براوەتە لای جلال تاڵەبانی بۆ ماوەی دوو ســەعات، و پاشــان هەر لە یاخســەمەر ابراهیم جلال كراوەتە بەرپرســی ســجنیان و هەریەكەیان بە تەنها لە ژوورێكدا زیندانی كردووە. بەلام دوورو بەرامبەر بە یەك. ماڵی فریدون عبدالقادر لە هەمان شوێنە.

مواجەهەیان نیە، كەســـی خۆیان نەبێت ئەویش زیندانیەوان ابراهیم جلال, بۆ ماوەیەكی چەند دەقیقەیی ڕێ یان پی دەدات بۆ چاوپێكەوتن بە ئامادەبونی خۆی و بێ ئەوەی ڕێگای قسەكردن بدریت.

لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١٣ هــاوڕێ نەبەز چەك كــراو گــیــرا. لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١٤ شـــەوكەتی حاجی موشـــیر چووە لە گوندی باڵخ ماڵی هاوڕێ بابا طاهری پشكنیوە و چەكی كردووە و بردوویانە.

ئالای شۆڕش
١٩٨٥/١١/١٤

لە وەڵامی نامەیەكدا كە ناردبووم بۆ براى بەڕێزم بەكری حاجی ســـەفەر، بە بەرواری ١٩٨٥/١١/١٤ وەڵامی نامەكەم پێگەیشت سەبارەت بەو دۆخەی یەكیتی دروستی كردبوو:

نامه یه ك له بەكر حاجی سه فه ره وه
براى بەڕێز مامۆستا ڕەوف

سڵاوێكی گەرم

هیوامان سەركەوتن و خۆشیتانە، سڵاومان بۆ هەموولایەك..

براگیان وەكو بیســـتووتانە و ئەزانن لە ســـەرەتای ئەم مانگەوە گیروگرفتەكان تەواو كرژ بون و تووندو تیژیەكە گەیشـتە ئەوەی كاك بەختیار وئەوان چەك كران و بەندكران. ئێســـتا كاك مەلا بەختیار، كاك شـــێخ عەلی، مامۆســـتا پشـــكۆ لە ســـەركردایەتی بەندن. لە ماڵی كاك بەختیار هەندێك مســـتمســـك گیراوە، ڕەنگە بدرێنە محكمە. ئەوا ئێمەیش لەگەڵ چەند برادەرێك لە هەوڵداین بۆ خاوكردنەوەی وەزعەكە بۆ ئەوەی شـتی لەوە قورسـتر ڕوونەدات. هەرچەندە لە لای مام جەلال و برادەرانی تر وەعدی ئەوەمان وەرگرتووە كە نەكوژرێن بەڵام جارێ ئەبێ زیاتر هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابین. جا ئەوەی لەســـەر ئێوەش پێویســـتە و بە ڕەئی ئێمە كە دڵمان بە وەزعەكە ئەســـوتیت و پەرۆشـــی ئەوەین شـــتی گەورەترو خراپتر

ڕوو نەدات. با ئاڵای شۆڕش نەبین بەڵام مصڵەحەتی شۆڕش و ئەو برادەرانەیش وا ئەبینین ئێوە پەلە نەكەن و شتی تۆندوتیژ بڵاونەكەنەوە، هەڕەشەو گوڕەشە نەكەن و چەندتان بۆ ئەكرێت هەوڵی خاوبوونەوە بدەن.

برام. ئەم نوسینەی من ، رەئیەكانم ناكاتە ئەوەی دەست وەردەمە ئیش و كارتانەوە، ئەمر بكەم بە سەرتانا. بەڵام پەرۆشیم بۆ زیاتر تێك نەدانی مەسئەلەكە وام لێ ئەكات ڕەئیەكان ئەوەی بە پەسەندی ئەزانم بیڵێم و چیش پێویست بووە لەگەڵ هەندێك لە سەركردایەتی (ی.ن.ك) قسەمان كردووە بە مام جەلالیشەوە، ئیتر ئێوە یان ئەوان پێتان ناخۆش بێت كفرمان نەكردووە، ئەمڕۆ مەصلحەتی شۆڕش لە پێش هەموو شتێكی تردایە. بێگومان پێش ڕوودانی ئەم موشكلانە زۆرمان هاوارکرد بێ كەڵك بوو هەركەستان(هەر لایەتان) چیتان بە چاك زانی بۆ خۆتان ئەوەتان كرد و گوێ لەكەس نەگیرا. ئیتر حەقە گوێ لە خەڵكی تریش بگرن و چیتر خۆتان و بزوتنەوەكەیش تووشی مشاكلی گەورەتر نەكەن. ئەو بەیانەی دەرتان كردووە زۆر كارێكی خراپە لەم ڕۆژەدا و بە هەڵچوون و دان بە خۆدا نەگرتن لەم ڕۆژەدا حساب ئەكرێت وە كاری ئەم دیلانە ئاڵۆزتر ئەكات. ئەگەر من بم لەم ڕۆژەدا هەرگیز شتی وا ناكەم و بەرپەچیشی ئەدەمەوە. زۆر تكاتان لێ ئەكەین ئەگەر كاری باشتان پێ ناكرێت كاری وەكو دەركردنی ئەو بەیانەش مەكەن.

هەربژین

برای دڵسۆزتان
بەكر حاجی سەفەر
١٩٨٥/١١/١٤

نامەیەكم ئاراستەی بەڕێز مولازم عومەرعبدوڵڵا كرد، كە وەك هاوڕێ یەكی سەركردەو خاوەن پرنسیپ دژی ئەو بریاری پەلامارەی سەرانی ینك وەستایەوە و ئیستقالەی دابوونێ. لە وەڵامی ئەو نامەدا ئەم وەڵامەی دایەوە:

نامە یەك لە ملازم عومەر
ئاڵای شۆڕشی بەڕێز

سڵاوێكی گەرم

بە هیوای سەركەوتنتانم. سوپاستان دەكەم بۆ ئەو نوسراوەی بۆتان نووسیوم و حەزم كرد بە ڕاشكاوی لە هەندێ ڕاو بۆچوونی خۆم ئاگادارتان بكەم بە كورتی: دەربارەی ئەو ناكۆكیەی ناو ڕیزەكانی كۆمەڵە من زۆر لە مێژە هەر ئیشم بۆ ئەمە كردووە كەوا بە گیانی یەكێتی ریزەكانی كۆمەڵە كاربكەم و ناكۆكیەكان هەر لە ناو خودی كۆمەڵەدا چارەسەر بكرین و لە دڵەوە پێم ناخۆش بوە كەوا كەسانی وەك كاك سالار و مامۆستا جەعفەر دوور بكەونەوە یان بە واتایەكی تر وایان لێ

بکریت دوور بخرێنەوە، دواییەکەشی کە وەزعی کۆمەڵە بەرەو ئەوە ڕۆیشت کە ئێوەو کاک بەختیار و هەندێ برادەری تر بگەنە قەناعەتێک کە لەگەڵ کۆمەڵە کارتان پی ناکرێت، من هەر هەوڵی خۆم داوە کە نەگاتە لێک پساندن. لە ماوەی چەند مانگی ڕابوردوو کە خۆیشم قەناعەتم پەیدا کرد ئیتر تی گەیشتم کە من ئەو دەورەم پێ نابینرێت و لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵەو مام جەلالیش قسەم کرد کەوا ئەگەر ئەو برادەرانە لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی وەک تەیارێک یا ڕێکخراوێک کار بکەن منیش وەک ئینسانیکی مستقل دەمێنمەوە و کاردەکەم، خۆگەر جیابونەوە ئەو کاتە من ناتوانم کاربکەم. بەڵام کە کار گەیشتە گرتن و چەک کردن ئەوا بە تاءکید من ناتوانم کاریان لە گەڵا بکەمو دژی نەبوونی مافی ئازادی و دیموکراسیم. ڕەنگە چ لە ڕێ ی کاک بەختیار یان برادەری ترەوە لەوە گەیشتبن کە من نە وەعدی ئەوەم پێداون کارتان لەگەڵ بکەم. نە ئەوەیشم پێ چاک بوە لەم زروفە ناسکەی میللەتەکەمانی تێ کەوتوە جیابونەوەم پی چاک بوە، بەڵام مانای ئەوە نیە مقابلەکەی ئەوە هەڵبژێرم ئەوانەی بە سیاسەتی کۆمەڵە یان یەکێتی ڕازی نین بە گرتن و تۆقاندن وەڵامیان بدرێتەوە. من ۹ ساڵی تەواو بێ ووچان لە شاخ کارم کردووە و ئەوەی لە توانامدا بوبێت کردومە و لەبەردەم ویژدانی خۆم ئاسودەیە و بریارم داوە یەکجاری واز لە سیاسەت بهێنم و بۆخۆم وەک ئینسانیکی مستقل بژیم، بەڵام دەرهەق بەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی خۆم لە سیاسەت و بزوتنەوەی نیشتمانی و ۱۰ ساڵیش پێشمەرگایەتی کارێکی وا نەکەم وەک ئینسانیش قبوڵی بکەم خۆم توشی خیانەت و شتی وەها نەکەم کە هەموو ڕابردوی خۆم بسەرمەوە. چیم پێ بکریت بۆ پاراستنی ژیانی کاک بەختیارو کاک شێخ عەلی و مامۆستا پشکۆ دریغی ناکەم و چەند حەز بە لە ناوچوونی خۆم دەکەم ، ئەوەندەیش بە هی ئەوان. بۆیە پێم چاکە ئێوەیش هیچ کارێکی ئەوتۆ نەکەن وەک گرتن و کوشتن و شتی لەو بابەتە کە ببێتە مایەی تیاچوونی کاک بەختیارو ئەو برادەرانە و خۆشتان لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا وەک ڕێکخراوێکی "ارهابی" ناو دەرکەن. هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت. هەتا پێموایە ئەگەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بنێرنە لای یەکێتی هیچ عەیبی تیا نیە و کەسیش بە زوعف بۆتان لێک ناداتەوە. گرنگ ئەوەیە هەڵ نەسن بە کاری وەها کە پەشیمانی لە دوابێت. جارێکی کەیش دڵنیاتان دەکەمەوە کە چی لە ئیمکانی منایە دەیکەم بۆ پاراستنی ژیانیان و ڕزگارکردنیان و ئێستا من وەک هاووڵاتیەک وەهام و تەنیا نفوذی شەخسی خۆم هەیە کە لای هەمویان بەکاری دەهێنم بۆ ئەو مەبەستەو هەربژین.

دڵسۆزتان

عمر عبدالله

۹۸۵ /۱۱/۱٦

نامەی جمال محمد خواكرم بۆ سالار عزیز

دواتر لە ئەرشـــیفی لیژنەی ســـەرپەرشـــتی لە زێوە ئەم نامەیەی هاوڕێ ی تێكۆشـــەرو بەڕێزمان (جەمال حەمە خواكەرەم) بینی كە ئاراســـتەی ســـالار عزیز كرابوو، لەبەر پەیوەندی نامەكە بە ڕووداوەكانی ئەو ســـاتەوە بە پێویســـتم زانی بیخەمە بەرچاوتان:

هاوڕێی خۆشەویست كاك سالار

سڵاوێكی گەرم

كاكە گیان من گەرامەوە و ڕەنگە زانیبێتت. بەڵام گەرانەوەم بە درێژی ئەوەبوو كە گەرامەوە لە میراوا بیســـتم كاك بەختیار و هەندێ لە برادەران گیراون، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی بەڵگەو نوسراوەكانی ترو نامەی هەر برادەرێكی بۆچووبێ گیراوە. هەربۆیەش دەستیان كردوە بە گرتن و دەست بەسەراگرتنی هەندێ لە برادەران بەم شـــێوەیە : كاك نەبەز چەك كراو بە تونڈی گیراوە. باباطاهر چەك كراو گیراوە هەرچەند ئەو ڕۆژە كە من هاتم بە قسە بەردرابوو.

ناوی هێمنە ڕەش هەبوو بۆگرتن. هەرچەند كاك هێمن زیاتر لە مانگێك بوو بە ئیجـازە لە نـاوچەی قەرەداغدابوو، ئەوەبوو لەگەڵ كـاك بكر و ئەواندا ٧ ڕۆژ لەمەوپێش پەڕیەوە ئەم بەر.

مامۆستا شیركۆیان دەركرد و چەكیان كرد. هێمنە بچكۆل دەست بەسەربوو كە من هاتم. زۆركەس گومانی گرتنی لە خۆی هەبوو.

كاكە بە ڕاســـتی ئەوەی كاك بەختیارو ئەو برادەرانە كردویانە من بە خاڵێك لە پۆپۆلیزمی دەزانم لە ماركسـیزم دا. چونكە خۆش باوەری بە دەســـەڵاتی بۆرجوازی دووڕە لە هەڵویستی شۆڕشگێڕیەوە. بە كورتی ڕیسەكەمان بوو بە خوری.

پاش ئەوەی گەیشتمەوە لای خۆمان زۆر كەس سەری سوڕدەما، دیاربو بریاری گرتن زۆربوو بۆیە!

بۆیە منیش كاك نەبەزو بابا طاهرم دیو بەم شـێوەیە لەگەڵیان دوام: برادەرینە بە تەمای چین؟ لە وەڵامدا وتیان : بەتەمای هیچ و نامانەوێ ساحەكە چۆڵ كەین...!

ئەم قســـانە لای من دەرك نەكردنی واقعەكە بوو، پێم وتن هیچ نەبێ بـا ئێمە ڕاكەین بۆ لای برادەران و هێزێـك كۆببێتەوە، چونكە لام ڕونە كە هەمووەـان دەگرن و چەكیشـــمان دەكەن و ســـجنیش ئەبین، زۆروتن لەوان نەبیســـتن تا ئاوایان بەسەر هات.

هەمان ڕۆژ بە پەلە دوای گرتنی باباطاهر لەگەڵ دو پێشـــمەرگەدا بە بیانوی گەڕانەوەی منالەكانمەوە بەرەو سنوری ٢٧ حەرەكەتم كرد، كە دووشـەو بە هەموو قاچاغە ڕێ دا خۆم گەیاندە سـنور. بەڵام بە ڕاسـتی حزبی دیموكرات زۆر ناپیاوانە

خســـتیانینە ژێر تحقیق، لە قســـەکانیاندا زۆر بە باشـــی دەردەکەوت کە ئەمریان بۆ هاتووە ڕێگاکان بگرن و بە وردی تحقیق لەو پێشمەرگانە بکەن کە لە ناو یەکێتیەوە بەرەو ئێران دەڕۆن، بەو ناوەی کە بیســـتومانە هەندێ لە لیپرســـراوانی یەکیتی ڕائەکەن بۆ ناو پارتی!

بە کورتی ئیمە فێڵمان لی کردن و دەرچووین. یەکێک لە لێپرســـراوەکانیان کە نازانم ناوی چی بوو دەیگوت ئەم مەســـەلەیەمان لە شـــەریفە کەچەڵەوە وەرگرتووە. دیارە بە ڕای من شـــەریف وەکو هەڵمات ئەیەوی بژی، بۆیە حەقە قســـەیان لە گەڵدا بکەیت. وەزعی نەخۆشیەکەشم باش نیە و حەبەکان ٣-٤ دانەم ماوە بۆیە دەگەڕێمەوە لای دکتۆر.

بە هیوای خۆشیتان

برات جمال

لە بەرواری ١٩٨٥/١١/١٣ دوای ئەو تەعمیمەی لە ناو هیزی پێشمەرگە پێشتر بڵاومانکردەوە ئەم نامەیەمان لە وەســـتا تایەرەوە کە کادرێکی پێشـــمەرگەبوو پی گەیشت:

کریکارانی جیهان یەکگرن

هاوڕییانی ئەڵقەی ناوندی نوسەرانی ئاڵای شۆڕش.

هاوڕێیانی تێکۆشەر

لە١١/١١ /١٩٨٥ نامەیەکتان گەیشتە دەستم بە بێ دواکەوتن ئەو هاوڕێیانەی کە ناســـیومن بێ دواخســـتن نامەکەی ئێوەم پیشـــاندان و بۆم خوێندونەتەوە وە ئاگادارم کردون ئەوە بریاری هاوڕێیانی ناوشارە.

ئیتر بە زووییی من دوورکەوتمەوە لە ناویاندا چونکو خۆتان دەزانن وەزعەکە چۆنە و مانەوەی خۆشم لە ناوچەی شارەزوری بنارم بە شتێکی باش زانی کە جارێ بمێنم و بە هیچ لایەکدا نەڕۆم.

جا ئیتر نازانم ڕەئی ئێوە چی یە

ڕسوابێ شەڕی ناوخۆ

سەرکەوتووبیت بزوتنەوەی کۆمۆنیستی

هاوڕیتان

وەستا تایەر

نامەیەكیتریش هەرلەو دەمەدا لە هاوڕێ ئاوات شێخ جناب بە دەستم گەیشت، لەبەر پەیوەندی بە هەمان دۆخی ئەو كاتەوە دەیخەمەڕوو:

نامە یەك لە ئاوات شیخ جنابەوە

برای بەڕێزم كاك حمە ڕەوف

سڵاوێكی شۆڕشگێرانە.

هیوای سەربەرزی و سەركەوتن و بەردەوامیت بۆ ئەخوازم. ڕێزو سڵاوم بۆ ماڵەوەتان.

١-برای بەڕێزم هەندێك پ.م تان هەیە لە سنوری گەرمیان و قەراخ دا ئەسوڕێنەوە و تا ئێستا سەربەخۆ لە گەرمیان كۆبونەوە بە خەڵك ئەكەن. خەڵكی زۆر باشن جا بۆ ئەوەی پەرەوازە نەبن بەڵكو ئێوە لە ڕێگەی خۆتانەوە پەیوەندیان بۆ دروست بكەن توجیە یان بكەن، ناسراوەكانیان ئەمانەن(جمالە ڕەش. ئازاد فقی عەلی، علی چاوجوان. خەبات. ژمارەیان (١٥)پ.م ئەبیت ، ئەتوانن بۆ مەسەلەی پەیوەندی لە ڕێگەی پ.م هەیە لە (سێوسێنانە) لای بكری حاجی سەفەرە ناوی(شێرزادە) ماڵیان هەر لەوێیە. ئەوان جارجار شەو سەری لی ئەدەن. پەیوەندیان بۆ دروست بكەن، ئەگەر نامەشتان بۆ ناردن ئاراستەی (جمالەڕەش و ئازادی)بكەن. بۆ ئاگاداریشتان خەڵكی زۆر ڕێك و پێك و ئازان و هەموو شتێكیشیان لەدەست دێت. بە ڕای من ئەگەر هەر لە ناوچەكەدا بمێننەوە زۆر باشترە . بەڵام هەوڵی توجیە و ضبط كردنیان بدرێت.

هەروەها لە سنوری ئێمەدا كۆمەڵی خەڵكی ترتان هەیە، هەندێكیان پ.م و هەندێكیش دانیشتووە، ئێستا هیچ ئاگاداری توجیهاتی ئێوە نین. ئەگەر اهمال كرێن لەوانەیە لە دەستتان بچن و پەرەوازەبن.خەڵكی باشیان تێدایە. بۆ چۆنیەتی پەیوەندی بۆ دروسكردنیان نامە بە یەكێكی ئەمیندا بۆ من بنێرن بۆ ئەوەی من نامەكەیان پێ بگەیەنم وەیان ئاگاداریان بكەم.

تكایە ئەم موضوعە اهمال مەكەن چونكە خۆتان پێش هەموكەس زەرەری لی ئەكەن و لەم كاتە ناسكەشدا بچوكترین پاش گەزبونەوەو پەشیمانبونەوە زیانی گەورەتان لی ئەدات و احتمالە بە هۆیەوە خەڵكیشیان لێ كەشف بێت چونكە ئێستا ئاشكرایە (ئ.ن.ك)زۆر لەو دعایانە بڵاو ئەكەنەوە كە (سەرەكەی) ئاڵای شۆڕشیان گرتووە و ئیتر كەس ناتوانێت هیچ بكات. جا بۆ ئەوە ئەم جۆرە دعایانە هیچ كارێكی وا نەكاتە هاوڕێ كانتانەوە پێویست بە ڕەنج و زیرەكی و ووریاییەكی زۆر هەیە. بە تایبەت كە ژمارەیەكی زۆری پ.م كان كە سەر بە ئێوەن حسابی تایبەتی ئەكەن بۆ مەلا بەختیار و گرتنی مەلا بەختیار .

ضربەیەكی معنوی یە بۆیان. جا ئەكەوێتە ئەستۆی ئێوە كە رد فعلی ئەو ضربە لە ئەنجامێكی سەلبیەوە بگۆڕن بۆ رد فعلیكی ایجابی.

دووبارە سڵاوو رێزم
سەركەوتوبن
چاوەڕوانی وەڵامم
بۆ مەســـەلەی ئەو برادەرانەی گەرمیـان و قەرەداخ چەنـد بە پەلە پەیوەنـدیـان ڕاسەوخۆ و بێ دواخستن پێوە بكەن كەمە.

برای دڵسۆزت
ئاوات جناب

زێوێ و لیژنەی سەرپەرشتی

دوای هێرش و پەلاماری سەرانی یەكیتی نیشتمانی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش و بۆ خۆدوورگرتن لە دروســـتبوونی شـــەڕی نـاوخۆ(كە یەكێـک لە هۆكـارەكـانی) جیابوونەوەمان بوو، بە ناچاری هاوڕێ یانی پێشمەرگەی ڕاونراو ڕوویان لە ئێران كرد و لە زێوێ (كەمپێكیان) بۆ سـازدرا.. سـالار عزیز كە تا ئەو سـاتەش (وەک لە نامەو دیكۆمێنتەكانی ئەو كاتەشدا) دەردەكەون، هەر بە ناوی (كۆمەڵەی ڕەنجدەران كوردســتان-عێراق)كاری كردبوو هەر بەو ناوەشـــەوە نامەی ئاراســـتەی ئیران، ســوریا ، لیبیا، لایەنەكانی جودو جوقد كردبوو. هەر لە ڕۆژانی یەكەمی گەیشـتنی هاوڕێ ڕاونراوەكانەوە بۆ ســـەر ســـنوور (وەک كادرەكان دواتربۆیان گێڕامەوە) ســـالار عزیزلە بەردەم (ئەحمەد بانیخێڵانی- ابو ســـەرباز) حزبی شـــیوعیدا و كـادرەكـانی ئـاڵادا (پڕۆژەی بەرنـامەكەی ئـاڵای شـــۆڕشـــی دراندبوو). كـادرە پێشـمەرگەییەكان بە توندی نارەزایی دەردەبڕن و پابەندبوونی خۆیان بە پڕۆژەكەوە دوبارە دەكەنەوە. دواتر ناچار دەبێت مل بۆ ڕای كادرەكان بدات و بە ناوی ئاڵای شـــۆڕشـــەوە كـاربكـات، هەر ئەودەم ئێرانیەكـان بەشـــیكی زۆری چەكەكـانی پێشـمەرگەكانیان گرت و بردو هەر نەیان دایەوە. (لەو دەمەدا) كادرەكانی پارێزگای ســولەیمانی یەک دەنگ بوون لەســـەر پڕۆژەی بەرنامەكە. لە كاتێكدا بەشـــێک لە هاوڕێ یانی هەولێر لە ژێر كاریگەری (حاجی مەمۆ) و حزبی شـــیوعیدا بوون و مـاركســـیزمی شـــۆڕشـــگێریـان قبوڵ نەبوو. لە كـاتێكدا ئـاڵای شـــۆڕش وەک ڕێكخراوەیەكی ماركسیستی شۆڕشگێر دروست بووبوو.

زێوە لەو دەمەوە بووە شـوێنی ململانێ ی دژەكان (ئاڵای شـۆڕش و كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردســتان-عێراق) . كە ســەرچاوەكەی بەشـێكی زۆری دەگەڕایەوە بۆهەڵەكانی دروســتبوونی ناوەندی نوســەران و ســاغ نەكردنەوەی بەرنامەكە و بە

پرۆژە وهێشـــتنەوەی وکەم ئەزموونیان..دواتر هاوڕێ یانی زیندان بێ ئەوەی لە بـارودۆخەکەی دەرەوەی زیندان بگەن، لە زیندانەوە کەوتنە نـامەو نـامەکـاری و فەرمان دەرکردن. لەسەر بریارو پێشنیاری ئەوان لە زیندانەوە لیژنەی سەرپەرشتی لە زێوە دروســـتکرا! لەو هاوڕێ یانەی خۆیان پاڵاوتبوونیان! بێ ئەوەی پرســـێ، ڕایەک بە ئێمە بکەن لە ناو شـــارەکان، تا بارودۆخەکەیان بۆ ڕوون بکەینەوە، وەک دەســتەی دامەزرێنەر یا وەک کۆمێتەی ســەرکردایەتی شـــارەکان، دیاربوو ئەوان لە بێ ئاگاییان لە هەڵەیەکەوە دەچوون بۆ هەڵەیەکیتر، لەو ساتانەدا ئێمە لە ناوەوە یەک دڵ و یەک دەســـت کـارمـان دەکرد، زێوە کرابووە مەکۆی ململانێ (کۆمەڵەی ڕەنجدەران کوردستان-عێراق) و (ئاڵای شـۆڕش). ئەو کادرانەی ئاڵای شـۆڕش لە زێوە ناچار دەبن نامەیەکی پڕ ڕەخنەو گلەیی ئاراستەی مەلا بەختیار بکەن لەســەر ئەودژایەتی کردنەیان لە لایەن سالار عەزیزو حاجی مەمۆوە کە دواتر مەلا بەختیار لە زیندانەوە لە سەرەتای مانگی یەکی ١٩٨٦بە نامەیەک وەڵامی دابوونەوە ...

هەر لەو دەمەدا ، پاکڕەو(ئازاد هەورامی)، لە بەرامبەر ئەو شاڵاوی پەلامارەی یەکێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش دەستی لە کار کێشابوەوەو ڕووی لە ئێران کردبوو بە مەبەســتی ســەفەر بۆ ئەوروپا. م.پشــکۆ وتووێژێکی نێوان خۆی و ئازاد هەورامی نووسیوە کە بەڕوونی وەزعی ئەو دەمەی (زێوێ) دەردەخات:

" -کاک پشکۆ. نازانیت چ بارێکی خراپ خولقا...

-من پێم وانەبوو. وەها دەشـکێتەوە.. بە هەرحال ئەوەی نەدەبوو ڕوو بدا، ڕووی دا.. دەنگ و باسی ئەودیو و ئەو برادەرانەی ئێمە؟

- چی بڵێم باش نیە هیچیان بەســـەر هیچەوە نیە بە داخەوە کە وائەڵێم بەڵام ئەوە حەقیقەتە. کەس بە کەس نییە. هەمیشــە ناکۆکن و شــەڕو هەرایانە..هەڵوێســتیان لە ئاســـت مندا زۆر خراپ بوو..من لە ئێران گیرام، ئەوان نەک یارمەتییان نەدام، ڕەنگە کارەکەیشیان لێ خراپتر کردبم..ئەوان سیاسەت نازانن و بێئەزموونن.....([1])

چەندین مانگ دواتر لە ئەرشــیفی لیژنەی ســەرپەرشــتی لە زێوە ئەم نامەیەی هاوڕێ شــێخ عەلی م بینی کە لە زیندانی یەکێتی یەوە ناردبووی بۆ عیماد ئەحمەدو ڕوناکی شیخ جەناب لە زێوێ ی ئێران کە بە خەت و ئیمزای خۆی نووسـی بووی. لەبەر پەیوەندی بەو ڕووداوە مێژوویییانەی ئەو کاتەوە وەک خۆی دەینووسمەوە:

نامەیەك لە شیخ عەلی یەوە

کرێکارانی جیهان یەکگرن

هاوڕێیانی تێکۆشەر

عمادو ڕوناک ٩٨٥/١١/١٨

[1])ئەزموون و یاد نووسینی – پشکۆ نەجمەدین- لاپەڕە ٢٨٤ -٢٨٥.

پاش سڵاوی كۆمۆنیستانە بۆ خۆتان و هەموو هاوڕێیان تێكڕا

خۆتان چاك دەزانن وە لە هەمو كۆمۆنیستەكانی جیهان و تێكۆشەرەكان ئاشكرایە كە میژووی پڕ شانازی و سەروەری بزوتنەوەی كۆمۆنیستی و چەوساوەكانی جیهان بە خوێنی دەهاو هەزارەها كۆمۆنیست و شۆڕشگێڕی ڕاستگۆ نوسراوە، سستەمی سۆسیالیستی لەسەر لاشەو كەلەسەری صەدەها خەباتگێڕ دروست بوەو ئەو كاروانەش هەر لە بڕەودایە.

تا ئیمپریالیزم و نزامی سەرمایەداری لەم سەرزەمینەدا درێژە بە تەمەنی چەوسێنەرانەی خۆی بدات دیارە چەوسانەوەو سەركوت كردن و گرتن و تۆقاندن، زیندان و یاساو ڕەسمی برژوای سەرمایە داری هەر بەردەوامە و هەمیشە برژواكان بۆ ڕیگە گرتن لە بزوتنەوەی كۆمۆنیستی هەزارو یەك فێڵ و تەڵەكە دروست ئەكەن تا ئەو كارە جینایەتكارانەی خۆیان حەڵاڵ كەن، بڕوو بیانوو بەڵگەی درۆو فیشاڵی شاخدار ئەدۆزنەوە تا خەڵكی نەفام و دواكەوتووی پێ بخەڵەتێنن. هەڵپەرستە ناسیۆنالیستە كەڵەك چیەكانی لای خۆمان ئەوەی دەیكەن و پێی هەڵدەسن بەشێكە لە پیلان و نەخشەی امپریالیزم دژی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی، جا بە خۆیان بزانن یا نەیزانن ئەوە لای هەموو خەڵكانی تێكۆشەرو هێزو گروپە چەپەكان و دیموكراتەكانی وولاتی خۆمان و ناوچەكە ڕۆشنە.

بە گرتن و لە ناوچوونی ئێمە نەخشەكانی ئەوان تەواو جێ بەجێ نابێ، ناشتوانن بەرهەڵستی شەپۆل و لافاوی بیرو هۆشی كۆمۆنیستی بكەن، ئەوە كاریكی مێژوو كردە، ئەوەی بیەوێ ڕێ بە ڕەوڕەوەی مێژوو بگرێ سەرلێ شێواو و خەیاڵ بڵاوە، مێژوو بێ ڕەحمانە ئەیهاڕێ و بە قێزەوە لە تۆێ ی لاپەڕەكانیدا بۆ نەوەكانی داهاتووی دەنوسێ.

هاوڕێیان..ڕاستە ئێمە لەوانەیە لە ڕووی عەسكەریەوە توشی شكست و گلان بوبین بەڵام بە شانازیەوە دەڵێم لە ڕوی سیاسیەوە گرەومان بردۆتەوە. وەكو ئاگادارم كە هەموو خەڵكی كوردستان بە تایبەتی تێكۆشەرە وشیارەكان لەم ڕوداوە مێژوویییەدا هەق بە ئێمە ئەدەن كە ئەوەش بۆ خۆی دەستكەوتێكی گەورەیە، لە هەمان كاتدا تاقیكردنەوەیەكی چاكیشە بۆ ئەوەی بیكەینە بناغە بۆ خەباتی لەمەودوای هاوڕێانمان.

ئاگادارم هاوڕیانی ناوشار هەنگاوی باشیان ناوە بۆ ساڕێژكردنی ئەو برینە و پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە كە بە هۆی هێرش و پەلاماری ناجەوامیرانەو نامەردانەی دۆستەكۆنەكانمانەوە هاتە سەرمان. دەبێ زۆر لە جاران زیاترو سوورتر و بەتین تر لەسەر خەباتی خۆتان بڕۆن. دڵنیابن ئەم ڕوداوەش هەروەكو ڕوداوەكانی پێشووی مێژووی گەلەكەمان زۆر ناخایەنی ئەنجامێكی زۆر باشی ئەبێ بۆ بزوتنەوەی كرێكاران و كۆمۆنیستی بەتایبەتی و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەكەمان بە

گشـــتی. وە ئەم ڕووداوە دڵنیام کە طەفرەیەکی چونایەتیە لە مێژووی بزوتنەوەی کرێکاران و کۆمۆنیســتەکانی کوردســتان و عێراق و ناوچەکەدا. لە هەموو جارێ ڕوون تر کــاری نــامەردانەو ســـــاختەچیەتی برژوازیەکــان بۆ هەموو لایەک دەرئەکەوێ.

حەز ئەکەم ئاگاداری برادەران بکەن کە ئاگاداری :

آ-ئەوروپا بکەن کە بەیانێک لەسەر ئەم مەسەلەیە دەرکەن.

ب- موزەکەرەی احتجاج بدەن بە ینک و هەمو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و ناوچەکەو جیهانیەکان.

ج- برادەرانی ناوشـۆڕش و هەندی شـەخصـیاتی خاوەن قەڵەم و ئەوانەی ناو و ناوبانگ و تەئسیریان هەیە لە ناو کۆمەڵدا، ئەوانیش موزەکەرە بدەن بە ینک و هێزە سیاسیەکان وە هەتا ئەتوانن بیدەن بە دەزگا مرۆڤایەتیە جیهانیەکانیش.

تەئکید لەســەر ئەوە بکەن کە ئێمە لەســەر ئەوە گیراوین کە تەنها داوای ئازادی و دیموکراتی ئەکەین.

رۆنیۆکە چی ی نوقســـانە بۆی پەیدا بکەن بە هەر نەوعێ بووە، ئەتوانن کاری خۆتان بکەن با بەرهەمەکانیش زۆر نەبن، با کاڵ و کرچیش بن گرنگ ئەوەیە لە ڕووی سیاسیەوە تەئسیری خۆیان بکەن.

من لێرە وەزعم باشە ئەتوانم خەڵک ببینم ئەتوانم جار بەجارێ بە دزیەوە بنوسم، ئەتوانم یارمەتی ئێوەش بدەم ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ بکەن.

کاک بەختیارو کاک پشـکۆ من نەمدیون لە یاخسـەمەرن هەواڵیان ئەزانم ، کاک نەبەز نازانم لە کوێیە. ئێوەش بە ووریایی کاری خۆتان بکەن.

سەرکەوتووبیت بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان

بژی سۆشیالیزم، بمرێ فاشیزم

ئیمزا

شاخەوان

ئەو لە نامەکەیدا نووسـیویەتی (گەرچی لە باری عەســکەریەوە شــکســتمان هێنا بەڵام لە بواری ســیاســیەوە گرەومان بردۆتەوە!) دیارە ئەو بۆچوونە تەواو هەڵەیە، چونکە شکستی سیاسەت و دانەڕشتنی بەرنامەی سیاسی دروست دەبێتە هۆکاری شکستی سەربازی و ڕێکخراوەییش. شکستەکەش پێش هەرشتێک شکستی سیاسی و نەبوونی بەرنامەی سیاسی بوو.

چەند ڕونکردنەوەیەک لە باری ئەم نامەوە پێویستە:

١-شێخ عەلی لەو ساتەدا لە بارەگای نەوشیروان مستەفا (دەست بەسەر) بوو.

٢- ئەمیش وەک مەلا بەختیار هیچ هەڵەیەکی ناوەندی نوسەرانی دان پیادا نەناوە کە بووە هۆکاری گرتنیان و لە باربردنی تەواوی پرۆسەی دامەزراندنی خۆیان وتەنی (ڕێکخراوە کۆمۆنیستی یەکە) لە سەرەتای ژانی یەکەمی سەرهەڵدانیدا..
٣- نازانم باسی ئەو ڕۆنیۆ شکاوەی ناو شارەکان چ پەیوەندی بە زێوەوە بووە وا باسی کردووە! لای ئەوان و لای کەسێکی تریش! کە نەشتوانن هیچ بکەن بۆ چارەسەری کێشەکە!..

هاوڕێ یانی پەڕاگەندەی زێوێ لەسەر هێرشەکەی سەر ئاڵای شۆڕش بەیانێکیان دەرکرد بەم شێوەیەی خوارەوە، پاش ئەوەی سالار عزیز رازی دەبێت کە بە ناوی ئاڵای شۆڕشەوە کار بکات:

تاوانێکی گەورەتری
سەرانی یەکێتی نیشتمانی

وا بۆ چەند ساڵە، ناکۆکی و ململانی لە ناو یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا، لە نیوان دو تەییاری جیاواز لە ڕووی فکری و سیاسیەوە بەردەوامە.
ئێمە وەک تەییارێکی شۆڕشگێر و چەپ لە ناو (ی.ن) دا خەباتی خۆمان دژی تەییاری ڕاستڕەو و سازشکار دریژە پێداوە.
لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا، توانیمان بگەینە ئەو ڕاستیەی کە چیتر ناتوانرێت و بگرە کارێکی ئۆپۆرتینیستانەیە ئەگەر لە ژێر باڵی (ی.ن) بمێنینەوە، سەرەڕای ئەوەی کە (ی.ن) لە ڕاستیدا بۆتە حزبیک نەک بەرە، یا شێوە بەرەیەکیش و دەستێشی لە دروشمی ڕوخانی ڕژێم هەڵگرتوە، لە پێناوی ڕێکەوتن لەگەڵ فاشستەکاندا خۆشکەری ئاگری شەڕی براکوژی تێکدەری ڕیزەکانی شۆڕش بووە.
هەربۆیە ئەم تەییارە شۆڕشگێڕە، کەوتە خۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی جیاواز و کارکردن بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەی یەکجارەکی لە (ی.ن) و لە هەمان کاتدا سوربوون لەسەر دروشمە ئەساسی و شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ، کە ئەویش ڕووخاندنی ڕژێم و یەکیتی و هاوکاری لە نیوان هەموو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی شەڕی ناوخۆو، گۆڕکردنی گیانی سازشکاری و هودنە و مفاوەزە لەگەڵ ڕژیمی فاشستی بەغدادا. ئەو ڕێبازە فکری و سیاسیانەی کە ڕێکخراوەکەی ئێمە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوواییدا پیادەی کرد، بووە مایەی کۆکردنەوەی دەیان و سەدان کادرو پێشمەرگە لە دەوری و پێکهێنان و دروستکردنی سەدان شانە و لیژنەی تەنزیمی لە ناو شارو شارۆچکە و گوند و دیهاتەکاندا و ناسینی ئەم بیروباوەر و ئەم ڕێبازە سیاسیە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پێشوازی لێکردن و پشتیوانی کردنی لە لایەن جەماوەرەوە، بە تایبەتی

كە دروشمەكانی ڕووخانی ڕژێم و گۆڕكردنی شەڕی براكوژی و یەكێتی ڕیزەكانی گەلی بەرزئەكردەوە.

هەر بوونی ئەم تەییارە شـــۆڕشـــگێڕە و تێكۆشـــانی ئەو هاوڕییانە بوو، توانی دەورێكی مەزن لە دژی سازشكاری و خۆبەدەستەوەدانی سەرانی (ی.ن) بە ڕژێمی فاشستی بەغدا وازی بكاو، جەماوەرو پێشمەرگە نەبەزەكان لە مەترسی ئەو پلانەو خۆ بەدەســـتەوەدانە هوشـــیارگاتەوە، دەوری گەورەش لە بەگژاچوونەوەی ڕژێمدا ببینێت و داستانی وەكو نەبەردیەكەی دابان و دەیان نەبەردی تر تۆمار بكات.

ســـەرانی (ی.ن) پاش ئەوەی هەســـتیان بەوەكرد كە ڕۆژ بە ڕۆژ نەخشـــەكەیان پوچەڵ ئەبیتەوە و، جەماوەرو پێشمەرگە ئامادە نابن ببنە بەشێك لە ڕژیمی فاشستی بەغداو، نایانەوێت لە ژێر پەردەی (بەرگری لە وڵاتدا) بچنە شـــەڕێكی ناعادیلانەوە و شـــەڕی ئەترافەكانی دیان پێ بكەن، بۆیە بە ناچاری ســـەرانی (ی.ن) ملیان بۆ ئەمری واقع شـــۆركرد و كەوتنەوە ســـەرلێشـــێواندنی پێشـــمەرگە و جەماوەر و هەڵگرتنی دروشمەكانی (مافی چارەنووس و كوردستانیەت و ماركسیەت وئەوپەڕی دروشمی تەنگ نەزەری ناسیۆنالیستی و پەروەردەكردنی خەڵك بەوەی ئەمجارەیان شـــەڕی كوردو عەرەبە..هتد)، هەرچەندە لە كاتی نەبەردەكەی داباندا دیســـانەوە هودنەیەكیان لەگەڵ ڕژێم بەســـتەوە و ئەمجارەشـــیان پێشـــمەرگە قارەمانەكان ئەو هەوڵەشـــیان پەك خســـت، كەچی هەر كۆڵیان نەداو لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییشـــدا چەندین جار لەگەڵ نوێنەرانی ڕژێمدا كۆبونەتەوە. بەڵام ڕژێم پاكســـازی ڕیزەكانی خۆیانی ئەمجارەیان كردۆتە مەرجی ڕێكەوتن، واتە لیدان و پەلاماردانی هاوڕێ یانمان هەروەك چۆن قەســـابخانەكەی قرناقاو پشـــت ئاشـــان بووە بارمتەی مفاوەزاتەكەی ساڵی ١٩٨٣.

لە مانگی تەموزی ئەمســـاڵدا ســـەركردایەتی (ی.ن) ڕووداوێكی بچووكی كردە هەڵێك بۆ پەلاماردانی هاوڕێ یانمان لە قەرەداخ و كەوتە كۆكردنەوەی هیزو، پاش ئەوەی لەشـــكرێشـــیان كرد. خۆشـــبەختانە هەوڵەكەیان پووچەڵ كرایەوە و زۆربەی پێشـــمەرگەكانیش چوونە پاڵ هاوڕێانمان و بەشـــێكی تر بەو كارە ڕازی نەبون، بۆیە دواجار سەری شكان و شەرمەزاریان شۆڕكرد و ملی نائومێدیان گرتەبەر.

پـــاش ئەوەی ســـــەكردایەتی (ی.ن) گەیشـــــتە ئەو قەنـــاعەتەی كە بە ڕێگـــای بەكـــارهینـــانی چەك، ئێســـــتـــا نـــاتوانن هیچ بكەن. بۆ ئەوەی پێشـــــمەرگە لە ڕووی نەفسیەوە بۆ شەڕی براكوشتن ئامادە بكەن، كەوتنە هێرشی ئیعلامی و پرۆپاگەندەو دەیان لاپەڕەشیان بە درۆو دەلەسەو بوختان پڕكردەوە و تەنانەت ئێزگەشیان بۆ ئەو مەبەســـتە بەكار هینا. بەو بۆنەیەوە لە ڕۆژی یەكەمی تشـــرینی یەكەمی ئەمســـاڵدا بەیاننامەیەكمان بڵاوكردەوە و پەنجەمان بۆ نەخشەكانی سەرانی (ی.ن) ڕاكێشاوە و نوسیومانە(هەمو تەییارێكی سیاسی، كە لە لا یەكی سیاسی تر جیا ئەبێتەوە و بە

جیاواز بیرو باوەڕی خۆی دەرئەبڕێ، ئەركیەتی زۆرتر دژی ئەو لایەنە بنوسێ و گەر واش نەكات جیابونەوەكەی واتایەكی نیە. ئەو بریارەشمان دا، ئەوەمان لەبەرچاوبو كە (ی.ن)وەڵاممان ئەداتەوەو لەسەرمان ئەنوسێ..سێ مانگیشە گۆڤارەكەی (كۆڕەك)جۆرەها وتارو وتارۆكمان دژ بڵاوئەكاتەوە، گەرچی ئەمانزانی زەمینەی سایكۆلۆجی شەڕو پەلامار و تیرۆر ساز ئەدەن . هەروەها نوسیومانە وا (ی.ن) بێ پەردە لە ژمارە(٧،٨) ی مانگی تەموز و ئابی ١٩٨٥ ی (رێبازی نوێ) كەیدا، ڕاستەوخۆ شاڵاوی شەڕەنگێزانەی بردۆتە سەرمان و جۆرەها بوختان و جنێوی بورژوازیانەی بۆ هەڵبەستووین و پێ ی داوین، بێ پەردە هەڕەشەی كوشتنمان لێ دەكات).

سەرەڕای ئەو هەموو هەڕەشەو ئەو هەموو هێرشە ئیعلامیە ودرۆو بوختانانە مانگی پێشوو، هاوڕێ ی تێكۆشەر كاك مەلابەختیار و چەند هاوڕێ یەكی تر بە نمایندەیی ئەم ڕێكخراوە چونە لای سەرانی (ی.ن) و لەگەڵیاندا كۆبونەوە. هاوڕێ یانمان بەوپەڕی شەهامەت و ڕاستگۆییەوە پێ یان ڕاگەیاندبوون كە ئەم تەیارەی ناو (ی.ن) ئەمڕۆ وەك كۆمەڵێك، كە جیاوازی فیكری و سیاسیان لەگەڵ(ی.ن) هەیە و ئەیانەوێت وەكو ڕێكخراوێكی سەربەخۆ كار بكەن و ئەوانیش لە سەرزەمینی كوردستاندا وەك هێزێكی ئۆپۆزیسیۆن دەوری خۆیان ببینن . لە كاتێكدا هاوڕێ یانمان داوایان لێ كردون كە پێویستە ئەم حاڵەتە بە گیانێكی دیموكراتیانە و هەست بە مەسئولیەتی نیشتمانی وەربگرن و ئاگاداریشیان كردوون كە ئێمە ئەمانەوێت باشترین پەیوەندیشتان لەگەڵدا بكەین و گیانی برایەتی لە نێواندا بەهێز بكەین و پێشیان ڕاگەیاندون كە پەیوەندیمان لەگەڵ هێزەكانی (جود) و باقی هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆندا هەیەو بروامان وایە كە ئەبێت لە پێناوی خەبات بۆ ڕوخاندنی رژێم و هێنانەدی دیموكراتیەت بۆ عێراق مافەكانی گەلی كوردا، هەوڵی یەكخستنی ئەم هەموو هێزو توانایانە بدرێت.

دیارە سەرانی (ی.ن)، دوژمنانی دیموكراتیەت و ئاشقانی دیكتاتۆریەت و ئیرهاب و فاشییەت، ، وەكو پیشەی هەمیشەییان لە فێڵبازی و درۆ. لە كاتی گفتوگۆكاندا وایان خۆ نیشان داوە كە ئەو قسانەی ئێوەمان قبوڵەو زۆریشمان پێ خۆشە كە ئێوە بە سەراحەت و شەهامەتەوە، هەڵویستی خۆتان بۆ ئێمە دەربڕیوەو، ئێمە ئێستا یەكچاوبوینەوە و بەڵێن ئەدەین، ئەم حالەتە قبوڵ بكەین و لەمەولا هیچ ڕەفتارێ دژی ئێوە نەكەین.

هەرپاش گەڕانەوەی هاوڕییانمان، سەرانی (ی.ن) بە پێ ی ئەو نەخشەیەی دیارە لە دەمێكەوە ئامادەیان كردوە و لاشیان ڕون بوە كە زۆربەی پێشمەرگە ئامادە نیە بەرەنگاری هاوڕێیانمان بوەستنەوە، بۆیە زۆر بە نهێنی هێزیكی چەكداری سەربەخۆیان ئامادە كردوە. لە بەرەبەیانی ٢/ئەم مانگە لە سەعاتی سفردا، شاڵاویان

بردۆتە ســـەر ماڵی هاوڕێ مەلا بەختیار لە گوندی (تەکێ) ی ناوچەی قەرەداخ و گرتنی ناوبراو و هاوڕێ مامۆســـتا پشـــکۆ چەند هاورێ یەکی تر و پەلاماردانی هەنـدێ کەرت و مەفرەزەی تر، هەروەهـا پەلامـاردانی هـاورێیـانی ترمـان لە ناوچەکانی هەولێرو سولەیمانی و کەرکوک و پەلاماردان و گرتنی کاک شێخ عەلی و چەند کەرت و مەفرەزەیەکی تر لە نزیکی مەکتەبی ســـیاســـی (ی.ن)یەوە بون، تەنانەت چەککردنی هەندێ کەس لەسەر پەیوەندی شەخسی و یا تەنها شک لێکردن، وەک کـاک نەبەزی –ســـەرتیپ- کە ئـازایەتی قـارەمـانیتی لای کۆمەڵانی خەڵـک ئاشـکرایەو تا ئێسـتاش سـێ جار لە شـۆڕشـدا بریندار کراوە. لەم شـاڵاوە درندەیەدا زیاتر لە (١٢٠) هاوڕێمان کەوتونەتە دەســـت تاقمە دەســـت درێژکەرەکە. گەلێ لە کەرت و مەفرەزەکان لەو پەلاماردانە خۆیان ڕزگارکردوە و ئێســـتا لە ناوچەکاندا کاروباری خۆیان جێ بەجێ ئەکەن و تا نوســـینی ئەم بەیانەش هاوڕێ فەرەیدون حەمە ساڵح –سـەرتیپ- و کادرانی پێشـکەوتوی عەسـکەری و سیاسـی وەک دکتۆر قادر و ئەحمەد ڕیشە، مەلا یاسین ، ئاسۆ عەلی و دەیان کادرو پێشمەرگە، هەروەها هاوڕێیان جەلال محمد محێ الدین- سـەرتیپ- و بەختیار محمد- ئامر کەرت-، شـێخ فازڵ- ئامر کەرت-، شـــێخ محمد- ئامر کەرت-، شـــێخ نەبەز-ئامرکەرت-، حاجی ڕزگار – ج کەرت-، شـــەهاب محمود کریم --ج کەرت-، نامیق خدر-ج کەرت-و دەیان پێشـمەرگەی تر هەروەها کادرانی پێشـکەوتو مامۆسـتا عماد، دکتۆر حسـن، دکتۆر نەبەز، گەیشتوونە بنکەکانمان. تا ئێستاش سەدان پێشمەرگە لە جێگاو ڕێگای خۆیان ماون و کاری شۆڕشگێڕانەی خۆیان ئەنجام ئەدەن.

ئەی جەماوەری گەلی کوردستانی تێکۆشەر

ئەوە تا سـەرانی (ی.ن)کە چەندین سـاڵە لە ژێر پەردەو دروشـمی جۆراوجۆردا شـــەڕی هێزو ئەترافەکانی تر ئەکەن و ســـەدان ڕۆڵەی ئەم گەلەش ئەکەنە قوربانی شەڕی براکوژی و لە پێناوی هەندێ دەستکەوتی شەخسی و پلەو پایە و زەعامەتدا، لە پێناوی ڕێکەوتن لەگەڵ فاشستەکانی بەغدادا، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلێک، توشـی شـکسـتی ئەکەن و بزوتنەوەی جەماوەری ئەپوکێننەوەو گیانی ڕەش بینی، بێ وڕەیی لە ناو جەماوەردا ئەچێنن و ئەبنە مایەی دروســـتبوونی هەزاران جاش و خەفیفە و بێ هیواکردن و دڵ کرمێ کردنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە و بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمدا، سازش لەسەر مەسەلەی دیموکراتی بۆ عێراق و مافە ڕەواکانی خەلکی کوردستان، سەرەڕای هەموو ئەوانە بی گوێدانە بەڵێن و گفتەکانیان ، بە بێ ڕەچاوکردنی کەمترین گیانی دیموکراتی و نیشـــتمان پەروەری، خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ هاوڕێیانمان ئامادە ئەکەن و پەلاماریان ئەدەن.

ئەی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی ئەم گەلە

ئێوە خۆتان باش ئەو هاوڕێ یانەمان ئەناسن و چاک لە دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری و ئازایەتیان ئاشنان.

ئەمڕۆ هەر هەمان هاوڕێکانی (شەهید ئارام) ن ،ئەو هاوڕێیانەی کە ئاڵای هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکداریان لە چیاکانی کوردستاندا، دژی ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر گەلەکەمان هاتبوو، لە دژی فاشستەکان هەڵکردەوە و سەدان داستانی قارەمانیتی و فیداکاریان لە جەرەیانی خەباتدا تۆمارکردوە و دواجار نەیانهێشت ئاڵای دەستی شەهید ئارامی سەرکردە بنەوێ و ئەو ڕێگەیەیان گرتەوە بەر کە بە خوێنی هاوڕێ ئارام و سەدان شەهید سوور بوە، بوونە سەرمەشقی پیادەکردنی ئەو ڕێبازەو پاراستنی و ئازایانە وەستان بەرامبەر تەییاری بۆرژوازی ڕاستڕەو و سازشکار. دەرس و پەند وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی ژیان و دڵسۆزانە و شۆڕشگێڕانە و بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ڕوخانی فاشستەکان و یەکێتی ڕیزەکانی گەل و گۆڕکردنی شەڕی ناوخۆ و خەبات دژی سازش کاری.

کەچی ئێستا سەرانی (ی.ن) بێ گوێدانە تەنانەت عورف و عادەتی کوردەواری و تۆزقاڵێک لە شەهامەت و وەفاداری، نامەردانە دەستدرێژی ئەکەنە سەر بنەماڵەی شەهید ئارام و شەهید شەهاب و کەسانی وەکو کاک بەختیار و ڕوناکی شێخ جناب و خەباتی شێخ جناب ئەگرن و چەکیان ئەکەن. هاوڕێ شێخ عەلی چەک ئەکەن و ئەگرن کە تا ئێستا بنەماڵەکەیان زیاتر لە (۷) شەهیدی بەخشیوە.

ئەم کردەوە ناجوامێرانەیە و جێ بەجێ کردنی کاری وا شێتانە، بێ هیچ حساب و ئیعتباراتێک، هەر ئەو کەسانە پێی هەڵئەستن کە بێچارەن و ئیفلاسیان کردوە و لە ناو دۆستانی گەلی کورد و جەماهیری خەڵکدا سووک و نابود بوون و بە دوای ڕزگارکردنی سەری خۆیاندا ویلّن، دیاری وا گەورەو بی ئەخلاقانەش ئەکەن و ئەیکەنە مەداليەو لە بەرۆکی سەدامی جەلادی ئەدەن.

ئاشکرایە هاوڕێیانی ئێمە چەند کاری مەزنیان سەبارەت بە هوشیارکردنەوەی خەڵک و پێشمەرگە کردوە ،چ دەورێکی قارەمانانەیان لە لێدانی هێزەکانی ڕژێم بینیوە و چۆن جەماوەریان دژی شەڕی براکوژی و سازش هانداوە. ڕژێمی فاشستی بەغداو ئیمپریالیستەکان کە ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا شان بە شانی ئیمپریالیستی ئەمریکی، بەرامبەر هەموو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز وەستاونەتەوە و ئەرکی دژایەتی هێزە شۆڕشگێڕەکانیشیان داوەتە دەست چڵکاوخۆرەکانی خۆیان و شاڵاو و پەلاماریان پێ ئەبەنە سەر هێزە نەیارەکانیان و هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەو بزوتنەوە فراوانەی ڕەگ و ڕێشەی لە شۆڕشی گەلی کوردا داکوتاوە لە بەینی بەرن.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان..برایانی مەسئولینی سیاسی و عەسکەری(ی.ن)

دیسانەوە ئەیڵێینەوە.. نۆ ساڵی ڕەبەقە ئێوە لەم پەڕ تا ئەوپەڕی كوردستان، لە گەرمیان، لە كوێستان، گیرۆدەی شەڕی ناوخۆو براكوژی بون، دەیان و سەدان هاوڕێ و هەڤاڵتان، براو كەس و كارتان بونەتە قوربانی سیاسەتی چەپەڵی برا كوشتن..نۆ ساڵی ڕەبەقە.. دژی حزبی شیوعی..دژی پارتی..دژی حزبی سۆسیالیست..دژی پاسۆك..دژی گروپە ئیسلامیەكان.. دژی ئێران، لە شەڕی بێ پشوودان بە بێ ئەوەی بچوكترین و كەمترین دەستكەوتتان لەم شەڕانەدا بۆ هاتبێتە دی. بگرە زەرەری لێداوین و دەستكەوتی گەورەی فەوتاندووین.

وا ئێستا سەرانی (ی.ن) و هەندێ مەسئولی سیاسی و عەسكەری كە تەنیا بەدوای پەرژەوەندیەكانی خۆیاندا ئەگەڕێن. لەسەر حسابی شەڕی براكوژی هەزاران دینارین پەیدا كردووە و هەموو قیەم و شەهامەتێك و دابێكی كوردەواریشیان ونكردوە، ئێوەش بە درۆو فیشاڵەكانیان تەفرە ئەدەن و بۆ شەڕی هاوڕێكانتان هانتان ئەدەن، دواجاریش بەرەو لای ڕژێم ئەتانبەنەوە و لە ژێر پەردەی(بەرگری لە وڵاتدا) شەڕێكی ترتان پێ ئەكەن. چیتر ئەم وەزعە قبوڵ مەكەن و بە گژ ئەو تاوانانەدا بچنەوە.

ئەی هەموو حزب و ڕێكخراوە سیاسی و پێشكەتنخوازەكانی ناوچەكە، ئەی ڕێكخراوە فەلەستینیەكان، ئەی دەوڵەتان و حیزب و ڕێكخراوەكانی دۆستی شۆڕشی كورد و شۆڕشی عێراق. داواتان لێ ئەكەین دەنگتان بەرز بكەنەوە و داوای ڕزگاربون و بەردانی هاوڕێیانمان بكەن.

ئەی هێزە نیشتمان پەروەرەكانی عێراق

ئەوەی سەرانی(ی.ن) جێ بەجێی ئەكەن بەشێكە لە نەخشە كۆنە دیاریكراوەكان و ئەم ڕوداوەش زەبرێكە بۆ هەموو ئازادیخوازەكان. پێویستە نەهێڵن ئەو بارودۆخە شۆڕشگێڕیەی لە ساحەی كوردستاندا هەیە بە فیڵ و تەڵەكەبازی سەرانی (ی.ن) و مناوەرەیەكی تر لەناوببرێت. پلانەكان زۆر ئاشكراو دیارن. دەنگی خۆتان بەرز بكەنەوەو با جارێكی تریش تاوانەكانی ئەم تاقمە بە دونیادا ڕابگەیەنین و جەماوەری گەلەكەشمان بە ئاگاتر بهێنینەوە.

ئەی جەماوەری خەڵكی كوردستان...چیتر بێ دەنگ مەبن، ئەوەتا باشترین ڕۆڵەی گەلەكەتان دەستدرێژی ئەكرێتە سەر و ئەكرینە بارمتەی سازشێكی تر، بەرگری لە ڕۆڵەكانتان بكەن و بیانپارێزن و ڕزگاریان بكەن.

ئەی هاوڕێیانی تێكۆشەر

ئەمە یەكەمین جار نیە كە هاوڕێیانمان لە لایەن فاشستەكانی بەغدا و سەرانی (ی.ن) پەلامار ئەدرێن، تا ئێستا هاوڕێیانمان لە پێناوی بیروباوەڕەكەیاندا گیانی خۆیان بەخشیوە، تا ئێستا دەیان و سەدان كەسمان لە ماوەی چەند سالی رابوردودا

بەر شـــالاوی لێدان و ڕاونان و بوختان هەڵبەســـتن و تەنانەت كوشـــتنیش لە لایەن سەرانی(ی.ن) كەوتون.

ئەو ڕۆژانەی ســـەرانی (ی.ن) لە هەندەران ژیانی خۆشـیان بەســـەرئەبرد و لە ناوەوەش مەیدانیان بەجێ ئەهێشـــت و بێ لێدان و ئەشـــكەنجە لە بەردەمی پیاوەكانی ڕژێمدا ئەڕوخان و چۆكیان دائەدا كە بەرئەبون وێنەی(ســـــەدامیان بەرزئەكردەوەو ستایشیان بە ژیانی شاگردەكەی هێتلەردا ئەوت)، ئەو كاتانە شەهید ئارامی سەركردە و ئەم هاوڕێیانە ئازایانە لەو هەل و مەرجە دژوارو ســـــەختەدا هاتنە مەیدان و بێ گوێدانە هیچ، بە دڵێكی پۆڵاییـنەوە بەگژ فاشستەكاندا چوونەوە.

ئەمڕۆش لەم هەل و مەرجەدا ، لە كاتێكدا كە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد و بزوتنەوەی نیشـــتمانی و دیموكراتی عێراق پێیدا تێدەپەڕێ و پێی نـاوەتە ئاستێكی لەبارتر و هەنگاوی مەزنی بۆ پێشەوە ناوە. لە هەمان كاتدا ڕێكخراوەكەمان توانیویەتی باشـــترین پەیوەندی بە دەوڵەتانی دۆســـتی گەلی عێراق و گەلی كوردەوە ببەســـتێ و پەیوەنـدی لەگەڵ دەیـان ڕێكخراوی عەرەبی و جیهـانی و پەیوەنـدی تونـدوتۆل بە ئۆپۆزیســـیۆنی عێراقی و ئەمرۆ لە ســـاحەكەشـــدا پەیوەندی بەهێز بە بەرەی (جود) ی دۆست و هاو ســەنگەرەوە دروست بكات. ســەرەڕای ئەو هەموو ڕێكخســـتن و كـارە جەمـاوەریـانە و بونی هیزێكی پێشـــمەرگەی بە توانـاو بە بیروباوەڕو، بوونی دەیان كادری عەسـكەری و ســیاســی هوشـیار. هەر بۆیە ئەو دەستدرێژیەی كرایە سەر هاوڕێیانمان ناتوانیت تۆزقاڵێك لە ورەو هیممەتی هاوڕێ یانی ئارام كەم بكاتەوە و بچوكترین سازشیان پێ بكات.

هاوڕێ نەبەزەكان.. بە خوێنساردیەوە بە پیر ئەم وەزعەوە بچن و نابێ ئەو كارە شێتگیرانەوەی ســەرانی (ی.ن) ، ئێمەش بخاتە ئاستی ئەوانەوە و بتوانیت بەرنامەو نەخشـــەی كاری خۆمان تێك بداتەوە. ڕیزەكانتان پتەوتر، یەكیتی بیرو كردەوە پیادەبكەن و فەرمانەكانی خۆتان بەجی بگەیەنن.

هەربەم بۆنەیەشـــەوە بۆ جەماوەری كوردو هەموو جەماوەری عێراق و هەموو هێزە ســـیاســـی یەكانی ناوەوەو دەرەوەی ولات ڕا ئەگەیەنین كە ئێمە بە تەواوی لە (ی.ن٠ جیابوینەوە و ســەربەخۆیانە كاری شـۆڕشـگێڕانەی خۆمان ئەكەین و لەســەر دروشـــمەكانی ئەمڕۆمان كە خەباتە لە پێناوی ڕوخانی ڕژێم و هێنانەدی ڕژێمیكی دیموكراتی شـــۆڕشـــگیر و هەموو مافەكانی گەلی كورد و یەكێتی ڕیزەكانی گەل و گۆڕكردنی شەڕی ناوخۆ درێژە ئەدەین.

ئالای شۆڕش/ كوردستانی عێراق
١٨/تشرینی دووەمی/ ١٩٨٥

چەند ڕۆژێک دواتر نامەیەکی تری مەلا بەختیارم پێ گەیشت کە لە زیندانی یاخسەمەرەوە، کە بەرواری ١٩٨٥/١١/١٨ ی لەسەربوو سەبارەت بە یەکەم چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ تاڵەبانی دا لە یاخسەمەر دوای گیرانیان نووسی بووی:

چەند (زانیاری و سەرنج) ێ لە زیندانەوە

هاوڕێ یانی خۆشەویست! سڵاوێکی گەرم و هیوام بەردەوامبونی خەباتدانە، بۆ شەوی ١٩٨٥/١١/١٠ گەیشتینە سکرتارییەتی سکرتێری یەکیتی و پاش دەوری سەعاتێ حەوانەوە و خواردن..بە حەرە سیاتێکی بێ وێنە، لە مەودای ٢٥ مەتردا، ١٥ پ.م بە ئامادە باشەوە وەستابون و چواریش بە دوامانەوە بون و چوینە بارەگای (م.س)و (مام جەلال و د.خسرەو و یوسف زۆزانی لەوێ بوون و بە من و کاک ئازادی سەرتیپەوە بووین بە پێنج. پاش کەمێ دانیشتن و مەنگی، مام جەلال لێی پرسیم قسەت هەیە پێم گوت بە تەنها دەمەوێ قسەبکەین و باقیان چونە دەرەوە. پرسیارم لێکرد کە ئەمەتان بۆ کرد؟ گوتی...(لەبەر ئەوەی سیقەمان پێت نەبووە، دوو ساڵە ئێوە دژی ئێمە کار دەکەن، تۆ سالارت ناردۆتە دەرەوە، نەخشەتان هەیە، ئەتانەوێ لە ناومان بەرن، کە ئاخرجار هاتیتە لامان و تەرحی ڕێکخستنی تازەتان کردووە، هەر ووتمان قەیناکە، کەچی شێخ عەلی نامەی بۆ نەبەزی سەرتیپ نوسیوە بیکەنە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، ئەگەر ئێوە ناتانەوی ئینشقاقی چەکداریش بکەن ئەندامی مەکتەبی عەسکەریتان بۆچیە، وە تۆ ئەتوت ئاڵای شۆڕش نیم ، وانەبوو دەرکەوت دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕشی، وە ئێمە شکمان هەیە کە لەو ماوەی مەسئولی مەڵبەندی یەک بویت، چەک و پارەت گل داوە، ئیتر نازانین بۆ خۆت بوە یان بۆ غەرەزی سیاسی، سالاریش (١٦٠٠)دۆلاری داویتێ کە لە باتی چەک و دەمانچەکەی کە بردویەتی بۆمان بهێنی، هەر پێت نەداوین. لە بەر ئەوانە ئێمە دوو مەحکەمەت دەکەین، یەکێکیان هی یەکێتی یە و ئەوی تریان کۆمەڵە. بەڵام لە پێشەوە پێت ڕادەگەیەنم کە نات کوژین و بەریشت دەدەین. **ئێمە بریارمان داوە ئاڵای شۆڕش تەحتیم بکەین و نەیهێڵین**، سالارو جەعفەر بگرین یەکسەر ئیعدامیان دەکەین. بەڵام سەبارەت بەوەی شەش ساڵ ئازاو دلسۆز بوویت بۆ یەکێتی ناتکوژین. دەریش کەوت کە عیراقیت کەچی هەر ئەتوت کوردستانیم، پێویستیش ناکات خۆت تووڕە کەیت و عەنتەریاتمان پێبفرۆشی، ئێمە مەحکەمەی سیاسیت دەکەین و بەڵگەشمان زۆر گرتووە و **سۆرانیش ئیعترافی زۆر کردووەو** کەمیمان باس کردووە.) قسەکانی تەواو.

منیش پێم گوت(لە مردن ناترسم و سجنم لاتان چی ئەکەن بیکەن من ئەشم توانی ڕابکەم، بەڵام چونکە قەناعەتم بە مەسەلەکان هەیە ڕام نەکردووەو هاتوم قسەتان لەگەڵا بکەم . پەشێمان نیم لە بیروباوەڕی خۆم و هەرچیم کردووە و گوتوە ئاڵای

شۆڕشم ئەوە شتی تەنزیمی بووەو پێویستی نەکردووە پێتان بڵێم ئەمەی کردوتانە زەرەری زۆری لێ ئەکەن و زۆرتان لەسەر دەکەوێ، ئیسپاتتان کرد کە دژی ئازادین و باوەڕتان پێ ی نیە. چونکە ئێمە نەمان ویستووە هێز جیا کەینەوە و تەنها داوای دیموکراسیمان کردووە، ئەوەش دیموکراسیەکەتانە. نازانم شیخ عەلی نامەی نوسیوە بۆ نەبەز یا نەء. ئێمە بریاری وامان نەبووەو تەحەداتان ئەکەین ئەگەر یەک بەڵگە بهێننەوە کە ویستبێتمان هێز جیاکەینەوە. کە هەموو بەڵگەیەکتان گرتبێ ئیتر تەحقیقی چی ئەکەن؟ بۆخۆتان بریاربدەن تەواو. تازە کە ئەمەتان کرد ئیتر مەجالی قسەتان نەهێشت و ئێمە تا سجن بین لە سەر شتی سیاسی قسەمان نیە. بەڵام هەمو مەعلوماتەکانتان هەڵیە. چونکە زۆر شت هەیە ئێوە بە ئارەزو و مێش دەکەنە گامێش. وە تۆ سەیریت لە قسەیا هەر دەتەوێ ئەوەی خۆت قەناعەتت پێ یەتی بیسەپێنی، بۆچوونەکانی ئێمەزۆر جیاوازن لەوەی سالارو جەعفەر و ئێمە زۆر شتمان نووسیوە ئەوان بە راستی نازانن و ئێمەش کوڕاسەکەی ئەوانمان پێباش نیە. ئەوەش وەڵامی من بوو. هاوڕێ یانی خۆشەویست

١-خۆتان دەزانن ئێمە لە مێژە مەسەلەی ئینشیقاقی چەکداری بە خراپ دەزانین ولە دوا نامەکانیشمان هەر ئەم مەسەلەیەمان بۆ نوسیون.

٢-**خۆتان دەزانن کە هاتنەوەی کاک سالارو م.جەعفەرمان پی خراپ بوو**، وە ئەو نامێلکەیەی(لم یعد الصمت ممکنا)مان پێ باش نیەو بگرە زەرەری خراپمان لێ کرد. وە **ئەوان داوای ئینشقاقی چەکداریان کردووە و ئێمە بە خراپمان زانیوە**. بەڵام ئەوانە هاوڕێ ی خۆشەویست بون و ویستوشمانە پێکەوە بگەینە یەک هەڵویستی ڕاست.

٣-خۆتان دەزانن کە ئێمە هەمیشە گوتومانە لە ناو لایەنەکان تا بکرێ بێ لایەن بین و چونە ناو ئێران و پاڵ جودمان پێ زۆر خراپ بووە، وە گوتوشمانە ئەگەر لە دووڕەوەش سەیر بکەین یەکێتی لەوان باشترە.

٤-خۆتان دەزانن بەردەوام گوتومانە نابێ کارێ بکرێ مقاوەمەت لە کوردستان لاوازبکرێ و دوژمن سودی لێوەرگرێ.. وە بەردەوام خەڵک و پ.م مان هان داوە بەرگە بگرن و مقاوەمەت بکەن.

کەچی چونکە ئێستا یەکێتی ئەیەوێ سیاسەتی دژی دیموکراسی خۆی داپۆشێ، هەموو ئەو ڕاستیانە ئاوەژو دەکات و ئەیەوێ لە ناو خەڵک و پ.م هەموو ئەوانەمان لەسەر بکاتە ماڵ و بە حساب بمان دا بە دادگای دژی ئازادی و دیموکراسی خۆی . بەڵام دڵنیاین کە ڕاستی گەورەی وا بە سەدان دادگا داناپۆشرێ و ئەبێ ڕاستیە بابەتیەکە لە پاشە ڕۆژدا بچەسپێ. ئەوانیش چی دەکەن با بیکەن و ئەبێ ئێستا لە هەمو کاتێ زیاتر سوربین لەسەر دیموکراسی و ئازادی و مارکسیزم. **ئەوان بە دریژایی مێژووی سیاسیان خەریکی تەکەتول و ناکۆکی و دوبەرەکی**

بون،بۆ خۆیان هەرچێەكیان كردووە قەیناكا، بەڵام غەیری خۆیان شـــتێ بكەن ئیتر كۆڵەكەی ئاسمان ئەشكێ ئاسمان دائەتەپی، چونكە دژی خۆیانە. **ئەوان ئەیانەوێ هەركەسێ ڕێكخستنی نهێنیش دروست بكات بچن ڕاوێژیان پێبكات. بۆ؟** چونكە بە حســـاب لە ناو ئەوانەوە ڕیكخســـتن دروســـت دەبێ. باشـــە ئێمە كە هەمو پێش مەرگەین، وە لەناو كۆمەڵەو ئەم شۆڕشـە دۆست و هاوڕێ و خەڵك دەمان ناسـێ، دەرفەت نەبێ لەســـەر تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنـامە بیروبـاوەڕی خۆمـان بڵاو بكەینەوە، مەجبورین هەر لەو شوێنەو لە ناو ئەو شۆرش و ڕێكخستنەی لە ناویاین و ئەتوانین كاری تێدا بكەین بناغەیەك بۆ پاشـەڕۆژ و ڕێكخراوی خۆمان دابڕێژین. چ مەعقولیەتێكی تیایە وا بە ئاسانی دەست لە ماندووبون و هاوڕێ و هەموو شتێكی خۆمان بهێنین و وەكو سڵقی ڕوت لەو ڕێكخراوە بچینە دەرەوە كە هەموو خۆشیەكی خۆمان داوەتێ.هیچ نەبێ ئەبێ ئەوانەی دەیان ناســـین، هاوبیرین كۆیان كەینەوە. جا با ئەمە دژی پەیرە و بێ، دژی دیســـپلین بێ. من كە ئەو ڕێكخراوەم بە دڵ نەما چ كارم داوەتە پەیرەوو دیسپلینی، تا بتوانم كاری تێدا كەم و بایی ئەو ڕەنجەی داومانە بە دوای ماف و هاوبیری خۆمان دەگەڕێین.

ئێســـتاش خەریكین لەژێر دروشـــمی (ئازادی یا مەرگی پر ســـەروەری) مان ....دەقی ئەو نامەیەی ئەم مانگرتنە بۆ (م.س) یەكیتی بنوسـین، بۆتان بنێرین، تكایە بە چڕی و ووردی مـانگرتنەكە بڵاوبكەنەوە و گەر كرا دەقی نـامەكەش بە نـاو كۆمەڵانی خەڵكیشـــا بە زۆری بڵاوبكەنەوە، **چیمان بەســـەر هاتوە، تازە خۆش باوەڕی و باوەڕ بونمان بە** دیموكراســـی **گەیاندینیە حاڵەتی وا ..**ئیســتاش هەردەبێ پیرۆزی ئازادی و دیموكراسی گەش بكەین، نەهێڵین ئازادی لە تێكۆشەرێك زەوت كرێ. ئەمەش بەسەرهاتێكی سیاسیە كە پێویستە لە پێناوی بیروباوڕو ماركسیزم و ئازادی و دیموكراسـی دا لایەنە باشـەكەی سـود لێ وەرگرین و هەڵەكانی خۆشـمان پاشەڕۆژ ڕاست كەینەوە.

تكایە زۆر ووردبن ، ووریابن ، كاتی تۆندڕەوی و بریاری ســـەرپێ یی نیە. لە هەمو لایەكەوە گەرەكیانە بكەوینە داوەوە و ئەبێ نەكەوین، ئێمە چەند هاوڕێ یەكی ئێوەین و بەس . گەر لەناویش بچین بێگومان وەكو زیانمان ئەبێ، سودی زۆریشمان بۆ ماركسیزم دەبی. ئەبێ هەمووتان چ لە زیندان بونمان وە چ شـەهید بونیشـمان بۆ سوودی كرێكاران و زەحمەتكێشان بقۆزنەوە، ڕێگە مەدەن كەس هەڵەشەیی بنوێنێ و سەرچڵ بێ. ئەمە تكای ئێمەیە و هیچی تر.

دوبارە ڕێزو خۆشەویستی هاوڕێ ی

بۆیە بە درێژی قسەكانم تۆماركردووە تەنانەت شەخسیە ناخۆشەكانیش تا بە تەواوەتی لە مەغزای مەبەست و ویست و سیاسەتەكانیان تێ بگەن و بزانن چی دەكەن.

هاوڕێ ی دڵسۆزتان
مەلا بەختیار
١٩٨٥/١١/١٨
زیندانی یاخسەمەر

لەو ماوەدا نامەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتیمان پێگەیشت، سەبارەت بە هەندێ لە پیشمەرگە کە گومانی ئاڵای شۆڕشیان لێدەکرا، بە م جۆرە نوسرابوو بە مۆری دەزگای پێشمەرگایەتی یەکێتی یەوە:

نامەی دەزگای پیشمەرگایەتی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
دەزگای پێشمەرگایەتی

ژمارە/ف/
ڕۆژ ٩٨٥/١١/٢٢

بۆ مەڵبەندی یەکی بەڕێز
سلاوێکی شۆڕشگێرانەی گەرم
بە هیوای خۆشی و سەرکەوتنتانین

لەسەر بریاری(م.س) بەڕیز لیژنەیەک پێک هات بۆ بینینی پەراگەندەکانی مەلابەختیار. و بریاردرا ئەم ناوانەی خوارەوە بنیرینەوە سنوری مەڵبەندتان بۆ ئەوەی لە هەر دێیەک لەو ناوچەیە دائەنیشن.

تکایە کەفالەتیان لێ وەرگرن و ئاگاداریان بکەن کە هەرجۆرە قسەیەک بەرانبەر بە شۆڕش و یەکێتی بکەن لێیان قبوڵ ناکرێت. و سزای تونديان دەدرێت.

ئیتر بۆ پێشەوە ڕوەو سەرکەوتن مۆرو ئیمزای
دەزگای پێشمەرگایەتی

ناوەکان

١-محمد اغا جوهر ٨-جعفر محمد علی
٢-هوشیار احمد مهدی ٩-حمزه علی احمد
٣-محمد رشید علی ١٠-سمیر احمد سنبور(نوسراوه)(ڕاستەیەکەی سنبور نی یه- طیفوره و برای (عیماد ئەحمەدە)
٤-عدنان محمد عزیز ١١-صباح شاکر محمود
٥- انور علی توفیق ١٢- فرید ابراهیم عبدالقادر
٦- کنعان محمد عزیز ١٣ -جمال کریم علی

٧-عثمان عبدوللا قادر ١٤-قادر محمد محمود

دوای ئەوەی مەلا بەختیار بە زیندانی دەگەیەنرێتە یاخسەمەر، لەزیندانی یاخسەمەرەوە بە بەرواری١٩٨٥/١١/٢٢ ئەم نامەیەی نارد، لەم نامەدا بۆ یەکەمینجار دانی بە هەندێ لە هەڵە سیاسیەکاندا ناوە کە بووە هۆکاری ئەو کارەساتە:

نامەیەک لە زیندانی یاخسەمەرەوە

هاوڕێ یانی تێکۆشەرو خۆشەویست

سلاوێکی کۆمۆنیستانەو هیوای سەرکەوتن

جارێ ئێمە بە جیا هەریەکە لە شوێنێ سجنین. من لە پرسگای مەکتەبی سیاسی، شێخ عەلی لە بارەگای سکرتێری کۆمەڵە، هاوڕێ پشکۆش لە مالێکی تەنیشت مالّی فەرەیدون لە ناو گوندی یاخسەمەر. هێندەی دەزانم تحقیق لە کەسمان نەکراوە، ئیتر نازانم لەوانی تر بە نهێنی کراوە یا نەء؟ واش دەزانم ئەم دواخستنەمان لەبەر ئەوەیە وەکو مام جلال گوتی(ئالای شۆڕش تەحتیم دەکەین)، نیازیانە هەموو ئەو کەسانەی گومانیشیان لێدەکەن سەر بە خۆمان بن، چەکیان کەن و دەریان بکەن، لەوان وایە ئێمە هەموو سەنگێکی خۆمان خستۆتە ناو پ.م. **نازانن کە گرنگترین مەیدانی خەباتمان شاربووەو** کەم شتی خۆمان بە خەباتی چەکداریەوە بەستووە.

داخ بۆ ئەوە دەخۆم زۆر کەس هەن تەنها برادەرمانن و فڕیان بەسەر ئالاوە نیە ئەوانیش دەکەونە بەر پاکسازیان. هاوڕێ یان

ئەوان ئەوپەڕی هەوڵدەدەن، شەرعیەت بدەن بەم سیاستە دژی ئازادی و دیموکراسیە، پڕۆپاگەندەی بۆ دەکەن و بە دووری نازانم چەند ڕۆژێ ئێزگەکەشیان بۆ ئەم کارە تەرخان بکەن و زۆر شتی پێوەدەنێن، بۆ نموونە دوێنێ کوڕی شەهید شەهاب سەری دام و لێی پرسیم ڕاستە ئێوە باوکی منیشتان بە جاش زانیوە، خۆتان دەزانن ئەمە درۆیەکی شاخدارە، چونکە لەو بریارانەی دامان شەهید شەهابمان بە مارکسی و قارەمانی نەمری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە قەڵەم داوە، وێڕای ئەوەش ئەویش و شەهید ئارامیشمان بێ هەڵەو کەم و کوڕی نەزانیوەو گوتوشمانە گەر ئەوان بمابان ، ئێستا لە ئێمە زیرەکانەتر دەرکیان بەم بارە نالەبارە دەکردو هەر ئەوان ڕێبەری پاراستنی م.ل دەبوون، کەچی ئەمەشیان هەڵگێڕاوە و تەنانەت گەرەکیانە لەم بارەشەوە، ئەوەی بە خۆیانمان گوتووە، یا بە خۆبەستنەوە بە شەهیدەکان، پارسەنگی هەڵسەنگاندنەکانیان هەڵسێننەوە، جگە لەوەی خۆتان دەزانن ئێمە ئەمانمان بە عنوانی مارکسی و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مارکستی ڕەت

كردووە، لە نوسینەكانمان لەسەر هەڵسەنگاندنی بەراوردكردنی ئەمان و لایەنە بۆرجوایەكانی دیكە، گوتومانە ئەمانەمان لەوان پێ پێش كەوتوترن و گەر ئەمان ئازادی بسەلمینن هاوكاری ئەمان زۆر شەریفانەترە. بە هەرحاڵ وەكو گوتم ئەوپەڕی هەوڵدەدەن چیان پێ دەكرێ پینەی ئەم سیاسەتە دژی دیموكراسیە بكەن، بەڵام لەبەردەم ڕاستیەكاندا هەر هەڵدەوەشێتەوە. ئێستاش من پێم وایە نابی لۆژیک لەدەست بدەین، نابێ بە كاردانەوەی كارە ناجوامێرەكانی ئەمان، ئێمە هەڵوێستێ بگرین. دەبێ وەكو گروپێكی كۆمۆنیستی عەزیمەتی پۆڵایین ئاوێتەی لێكدانەوەی زانستی بكەین و ئەركی ئایندە دیاری بكەین. دیارە ئەركێ كە لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی ڕابوردوو، دەستنیشانكردنی گەشی و خامۆشی، هەڵەو ڕاستی دیاری دەكرێ و لە پێناوی پاشەڕۆژدا پیادە دەكرێ. لەمەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە ناو گێژاوی لایەنە بۆرجواكان دا نابێ لە ڕقی لایەك بچین دۆستایەتی توندی لایەكی دیكە بكەین. **سیاسەت بە ڕق و ڕقەبەرایەتی ناكرێ** و بە ڕاشكاویش دەیڵێم وێڕای ئەم چارەنووسە تا ڕادەیەك تاڵە، هێشتا وادەزانم لەسەر ئاستی دوور سودمەندین نەك زەرەرمەند،بۆ؟ چونكە هەندێ بریار هەیە زۆر چارەنووس ڕەشە ئەگەر ووردنەبین لە وەرگرتنی ، ئەم وەزعە خۆتان دەزانن لە بەردەم مێژوو یەكێتی بەرپرسیارە بەرامبەری. هەرچەند خۆشمان بێ هەڵەو كەم و كوڕیش نەبین بەرامبەری. بەڵام نەدەبا گشت قورسایی خۆیان خستبایەتە ئێران و لای جود، ئەو كات لە سەدا سەد% ١٠٠ خۆمان مەسئول دەبوین لەو شكستەی كە حتما لەوێ دا دەمان خوارد. ماركسیزمی شۆڕشگێر و (تا انقلابی مهدی خومەینی ڕا نگهدار) كوجا مەرحەبا، .خەباتی ماركسیزمی شۆڕشگێڕو چوونە ناو جود چۆن دەسازێن و دەگونجێن. ئەمە واقعێكە بزوتنەوەی ماركسی تێی كەوتووە و زیاتریش لە هەمو لایەك خۆمان ئەركە تاڵ و سەخت و دژوارەكەی تحمل دەكەین. سەبارەت بەوەی ئەوەی خۆمان لە گروپەكانی دیكە جودا دەكاتەوە، بونی عەمەلیمانە لە بۆتەی مومارەسە عەمەلیەكەدا. هەربۆیە تا لە ناو ئەم واقعە سەركەوتوانە دەربازبین، هەموو كارو بەرهەمەكانمان هەر سەركەوتن نابێ و هیچ حزب و گروپێ بێ هەڵدێرو بەسەرهات، سڵ نەكردوو نەگەیشتۆتە هیوا، جا چ بۆ ئێمەومانان كە لە ناو ئەم هەمولایە دوژمن و نەیارە جۆراوجۆرانە گەرەكمانە كەشتی خەبات بگەینینە دۆخی سەرفرازی . ئێمە بابێین و دوور دوور بڕوانین، هێزە بۆرجواكان چ دەكەن گیانی سیاسی چۆن دەربار دەكەن..ئەوان تەنها لە ئیحتمالاتی(انقلاب، پشێوی، داگیركردنی عێراق) جۆرە ئومێدیكیان بە سەركەوتن هەیە، وەكوتری لە ڕوی چینایەتیەوە پێگەی چینایەتی بۆرجوازی بچوكانەو ڕێبازی ناسیۆنالیستی-پۆپۆلیستیان، هەرگیز لەم سەردەمەدا مەسەلە دیموكراسیەكان بەرەو سەركەوتن نابات، **شەقڵی خەباتیشیان كە خەباتی چەكدارانەیە.. لەم سەردەمەدا، لە سەردەمی**

ئەم چینەو ئەم بیرو باوەڕو ئەم بێ پشت و پەنا ستراتیجیەو لە كوردستانێكی تۆبۆگرافی كەم گونجاوە سنور تەسك بۆ هەڵسوڕانی چەكدارانە، بەرامبەر دەوڵەتانێ بە نوێترین چەك پڕچەك كراوی سڵ نەكردوو لە وێرانكردنی شارودێی بەرتەسك بوەی كوردستان، وە بەم هەموو كێشە ناوخۆیی و شەڕو خوێناوەی ناوخۆییەوە پێم وایە جۆری خەباتی چەكدارانەكەش لە بن بەستەو مەسەلەیەكی گرنگی واش ببەستریتەوە تەنها بە ئیحتمالاتی سیاسی- عەسكەریەوە، نەك بە لۆژیك و زەمینەی زانستی، دیارە هەرگیز ئایندەكەی سەبارەت بە هێزە بۆرجوازیەكان ڕۆشن نیە و بەڵكە لە گرێژنەیان دەرچوە.

ئەمە خۆشیان باش دەیزانن، بۆیە لەولاوە (پارتی)توند ستراتیجی خۆی بە ئێرانەوە بەستووە، یەكێتیش هەمیشە لەسەر پێ یە بۆ هدنە- مفاوەزات، حشع و حسكیش بە دوو جۆر جیا ماڵی خۆیان دەپارێزن، حشع بۆ ئەوەی كیانە سیاسیەكەی بمینێ گەر هەڵیش كەوت لە ناو ڕوداوەكان و بە هۆی سیاسەتی دەولیەوە بەڵكە لە پاشەڕۆژدا چنگی لە چمكێكی گۆڕانی دۆخەكە گیرببێ، حسكیش بەو زۆر لاوازیە ئەمسەرو ئەوسەر ڕایدەكێشن و قەوارەی خۆیان هێشتۆتەوە. هاوڕێ یان! ئەمەوی ئەوەش بڵێم لە ساڵی ئایندەشدا بە دووری نازانم جەنگی عێراق- ئێرانیش ڕاگیرێ وهەرلایەك لە ناوخۆیا بكە ویتەوە بەرگری لە خۆی.. چونكە ئێران شەكەت بووە، وەزعی ئابوری ، كۆمەڵایەتی، گەیشتۆتە ڕۆخیكی سەیر، بەسیج و پاسدارانی جاران بەسەر لوغمدا خۆ تەقێنەر، ئێستا بە هەزار حاڵ عەمەلیاتی زۆریان پێ دەكەن.. كە هەزار ئەم لاو ئەولا دەكەن و هەزار كەسیش بۆ جەبهە كۆدەكەنەوە، یەك هەفتە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن، كە لە كاتێكدا سەرەتای جەنگ سەد هەزاریش بچوبایەنە جەبهە، زۆریان"ئاسایی بوو چونكە دەیناردن بۆ بەهەشت و بگرە منەتیشیان بەسەردا دەكردن. بەراوردی ئێستاو ئەوسای ئێران، جیاوازیەكەی ئاسمان و ڕێسمانە. كەواتە ئێستا پێم وایە قۆناغی نوێ ی گەرمەی جەنگ سەبارەت بە ئێران، ئەوەیە كە جەنگ ئیدی مەترسی لە ناوبردنی خۆیان دەهێنێتە گۆڕێ لە بری ئەوەی جەنگ سەریان خاو بیان چەسپینی، كە جەنگیش مەترسی لە ناوبردنی هێنایە گۆڕی، دیارە ڕژێمی ئێران لە دووریانی درێژەپیدانی جەنگ كە لە ناوی ببات و لە وەستانی جەنگ كە بیگرێتەوە كامیان هەڵدەبژێری، من دڵنیام هەر ئەوە هەڵدەبژێری كە دەیكڕێتەوە، ئەویش وەستانی جەنگە، گەر نەك مەزهەبی بن، بگرە هەزار جار مەزهەبی بن و(انقلابی مهدیش)ڕوبدات ناچار جەنگەكە دەوەستێنن. جا ئیتر نازانم سیاسەتی دەولی بگۆڕێ و ئێرانیش سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و لا سەنگێكی سیاسی جیهانی خۆی سەرهەڵبدات، یاخود لە ناو عێراقا ڕاپەڕین و مانگرتن، یان كودەتایەك ڕووبدات. ئەمانەش لە پێشدان و لە ئیحتمالاتی سیاسیدا حسابیان بۆ دەكرێ. خۆشتان دەزانن عێراق تا ئێستا دەركەوتووە كە لە پاش شەڕی(محمرە)وە

كە بەرگەی ئێرانی گرتووە و چەكی كیمیاوی و فرۆكەی زۆرو تۆپی دووربوردو زەمینی بە.....،كێشـــی تەرازووی جەنگیان لە ســـەرتاســـەری جەبهەكاندا ڕاگرتووە و ئەوەیشـــی ئێران خەریكێتی كە شـــارێكی گەورە داگیربكات وبیكاتە بنكەی كۆبەندی خەڵكی عێراق بە تایبەت تەیاری ئیســـلامی شـــیعەگەر..ئەمەی بۆ نەچۆتە ســـەر. داگیركردنی حاجی عەمران و وێران كردنی پێنجوینیش، جووت هاتوونەوە لەگەڵ ســیاســەتی ڕاگواســتن و كاول كردنی كوردســتان و بەعس هێندە خەمیان ناخوات. جا هاوڕێ یان..

كە گوتم دووردوور بڕوانین، مەبەســـتم لێک دانەوەی ئەو حســـاباتانەیە، ئینجا بینینی وەزعی خۆمانە، چونكە وەزعی خۆمان لەســـەر ئەم زەمینە كۆمەڵایەتیەوە بە پێ ی ڕادەی خەباتی چینایەتی ئێستای عێراق و ئاستی وشیاری كۆمۆنیستی، دابڕاو نیە لەو وەزعە گشـــتیە، تەنانەت شـــۆڕشـــی ئۆكتۆبەرو حزبی بۆڵشـــەویكیش دابڕاو نەبوون لە جەنگی یەكەمی جیهـانی. كەواتە.. وا **دەزانم ئێمە لەم واقعەدا وەكو لە كۆبونەوەكەش لێک دراوەتەوە،** ئەوەندەمان لە ســـەر بزوتنەوەی دیموكراســـی كڵپە ســـەندووە كە لە پێنـــاوی: ١ – لاوازكردنی رژێم و دەرك كردنی تەنـــگ و چەڵەمەكـانی. ٢- بە هیزكردنی گیـانی ووشـــیـاری و مقـاوەمەت دژ بە ڕژێم. ٣- بەســـتنەوەی ئەو واقعە بە جوڵانەوەی چینـایەتی و بزوتنەوەی خەڵكی عێراق بە تایبەت كرێكاران و زەحمەتكێشـانی. ٤- دروســتكردنی شـــەخســـیەتی ســـەربەخۆی ناسراوی كۆمۆنیستی تا كۆمۆنیستەكان و ماركسیستەكان ڕووی تێ بكەن و وورده وورده باری خۆیی دامەزراندنی **حزبێكی كۆمۆنیســتی شـــۆڕشـــگێر بڕەخســێنین.. وەكوتر زۆر هەڵەیە تەواوی مەسەلەكانی خۆمان بە چەک و شاخەوە گرێ بدەین،** چونكە وەكو گوتمان چەک و شاخ مەوداكەی بەرتەسكەو كارتێكردنەكەی سنووری تایبەتی هەیە. پێجەوانەی بۆرجوازیەكان دەبی ئێمە شـــارو بە زۆری شـــارەكان، كارگەكان، شـــۆێنی زەحمەتكێشـــان، جەرگەی ڕۆشـــنبیرە شـــۆڕشـــگێڕەكان بكەینە بنكەی .....تێكۆشـانی چینایەتیمان. جا لە پێناوی ئەوەی ئەوەمان بۆ بچێتە ســەر، پێویســت بوو ئێمە دانەكەوینە تەحالوفاتی لایەنەكانی ســاحەكە بەو چەشـــنەی ئەوان دەیانویست. جود داوای چوونە ناوجودی لێدەكردین بۆ دژایەتی ینک، ینكیش داوای داوای مـانەوەی لە نـاوخۆیدا وەكو تەیـاری ســـێهەم لیدەكردین بۆ دژایەتی جود و درێژەپێدانی ســـیاســـەتی چەواشـــە كردنی كرێكاران و زەحمەتكێشـــان و ئێمەش ستراتیجمان ئەوەبوو تا بكرێ بێ لایەن بین. پەیوەندیش بە هەموو لایەنەكان بكەین بۆ دژایەتی فاشـــستەكان..دیارە گەر یەكێتی دیموكراســـی و ئازادی ســـەلماند، لەمان زۆرتر نزیک بكەوینەوە، لەبەر ئەوەی لە زۆر ڕووەوە ئەمانمان لەوان پێ باشـــتر بو. ئێمە لەســـەر ئەم ستراتیجە ڕۆیشتین و پێویستیش بو بە عەمەلی تاقی بكەینەوە، قۆناغێک بوو پیایا بڕۆین و تێپەڕین، پێویســـت بوو لەســـەر خوازیاری ئازادی و دیموكراســـی ســـوور بین تا بتوانین یا ن ئازادی و دیموكراســـی بێنینە دی(گەر بۆ مـاوەیەكیش بێ) یـان حەقیقەتی گەورە دەرخەین كە ئەبی خەڵكینە! وا یەكێتیش دیموكراســـی و ئازادی ناســـەلمێنێ و لە پێناوی حوكم و دەســـەڵاتی تاكە هێزی خۆیدا

ئازادی بیروڕا زەوت دەكات. حەقیقەتی بچوكی زۆر دەركەوتبو دەربارەی گەلێ مەسەلەی فكری و سیاسی و چینایەتی.. **بەڵام تا هاتنە سەر (تەكیە) حەقیقەتە گەورەكە جارێ داپۆشرابوو**، وە جارێ یەكێتی لەم بارەوە چیكە لافی پێ لێنادری و باوەڕیش ناكەم بە عام خەڵك ئەم سیاسەتەی دژی ئازادیەی قبوڵ بێ. ئایندەش ، یان ئەبی بۆ ماوەیەكیش بێ ئەم سیاسەتەی ڕاست كاتەوە، یان كە ئێمە لە نەبونی ئەو ئازادیەو دیموكراسیە سیاسەت و تاكتیكی دیكەمان گرتەبەر، كەس لۆمەمان ناكات و پێمان ناگوتری حەق بوو هەر دۆستایەتی یەكیتی بكەن. دیارە لە هەموو حاڵەتێكیشدا بەش بە حاڵی خۆم سورم لەسەر ئەوەی نەچینە ناو جود، لە پاڵ هیچ لایەكەوە دژی لایەكی دیكە شەڕنەكەین، هەوڵ بدەین شەڕی ناوخۆ ڕیشەكێش بكرێ، هەموو هەنگاوێ كە بەعس لاواز بكات پشت گیری بكەین، لە هەموو سەنگەرو شوێن و كۆڕو كۆمەڵێ كراو لواو گونجا كریكاران و زەحمەتكیشان ووشیار بكەین و **سووربین لەسەر بڵاوكردنەوەی ماركسیزمی شۆڕشگێر بە تایبەتی لە شارەكاندا**..

هاوڕێ یان .. پێویستیشە ئەوە ڕۆشن بكەمەوە كە لە سەرجەمی ئەو بۆچون و دیاریكردنەی ستراتیجی كاری ئەم قۆناغەدا..**هەڵەی گەورەی ئێمە لەودابوو، تەوقیتی جوڵان و جیاوازی دوو واقعی پێش و پاش جیابونەوەكەمان باش نەپێكا.. واتە دوای خۆ تەرح كردن زۆر زیاتر لە پێشتر ئیحتیاتمان بكردایە و زووتر لە تەكیە بجوڵاینایە دەبوو** لە پاش خۆ تەرح كردن، هیچ نەبێ بۆ نزیك سەركردایەتی یەكێتی ، یان **شوێنێكی دورە دە ستتر**، تا بتوانین لە وەها ڕوداوێ پارێزراو بین، گەرچی پێشم وایە ئەمەش بە بروا بۆ ئێمەو بەبێ بڕوا بۆ یەكێتی لە جۆری پەیوەندی و دۆستایەتی تۆمار دەكرێ، بەوە بۆیان دەنوسرێ كە دەگە تەنانەت لە هاوخەباتانی چەند ساڵەی خۆشیان دەدەن، ئەمەش بۆ پترو باشتر ناسین و ناساندنی حیزبە نا كرێكاری و نا ماركسیستەكان هەر سوودی خۆی هەیە، با ئێستاش شەرابی شانازی بەم كارە بنۆشن، بەڵام چ شەرابێكە، تاڵ و تفت و ژەهراوی یە ئەگەر سووربن لەسەر هەڵوێستیان و خۆیان عیلاج نەكەن، حەتما وەكو نەخۆشی....،دەشیان كوژی، ئینجا سەد حەیف و مەخابن، تەجروبەكانی چارەسەركردنی ناكۆكیەكانی ڕابوردوو خاڵی پینەكردن بون كە چەندیان هەڵە تیا كردووە و دوژمن چەندە قازانجی لەو...چارەسەركردنە هەڵانە كردووە، ئەمجارەش هەمدیس پەلاماری .....نامە هەڵەدا، پێشم وایە كە مرۆڤ بیری حیزبایەتی نەك وەلاوە بنێ، هەر دەبێ بڵی حەیف و مەخابن گەورەترین مقاومەتی كوردستان توشی شكست دەبێتەوە ودوژمنانمان بە سەرماندا ماوەیەكی دیكە زاڵ دەبنەوە، كە بێگومان لە حاڵەتی تراژیدی وادا، مرۆڤ دەچێتە جیهانی ڕۆمانسیەت و خەم و پەژارە دایدەگرێ. یادگار دەمباتەوە بۆ ئاشبەتاڵی پشت شكێنی(١٩٧٥)..ئەوێ دەم، دەزانن كۆمەڵە بوین تا شۆڕشیش هەبوو بەرەو ڕووی زۆرداری سەركردایەتی پارتی وڕێبازی سیاسیان بووینەتەوە ڕۆژمان بەوان و بە قسە پێگوتنیان دەبردەسەر.. كە ئاشبەتاڵیان كرد و دوابەدوای ئەوەش سەركردایەتیە كۆنەكە ئاشبەتاڵی كردو مقاومەی نەكرد، ئینجا وێڕای بۆ ئەوكاتی كۆمەڵەش كە بیرمان لەوەدەكردەوە چۆن

بە زەلیلی دەچینەوە بەردەستی بەعس..بیرم دێ لە گوندێ بوین ناوی (....) بوو لە خانەقین ، دەوری هەشت کادری کۆمەڵە لە بارەگای لاوان دا چاوەڕێی بریاری مقاومەی کۆمەڵەمان دەکرد، کە نەکرا، ئەوسا هەموو پێکەوە دەستمانکرد بە گریان و کەسمان وەزعەکەی پی تەحەمول نەدەکرا. ئێستاش ڕوداوەکان وەکو فلیمێکی دوبارەکراوە پێش بینی دەکرێ، هەرچەندە مێژوو دەقاودەق دووپات نابێتەوە پڕ بەدڵیش هەروا دەخوازم گەر سەرکەوتنی ڕێبازی خۆمان (....) باش بکەوێ، گۆڕانەکان بەو چەشنەی پێشوو ڕوونە دەنەوەو دۆخێکی تر بێتە کایەو ئایندەی .....ڕۆشنە کە بەرەو سەرکەوتن سۆشیالیزم دەبێ.

هاوڕێ یان...دەگەڕێمەوە دێمە سەر دوو مەسەلەی عەمەلی ئێستا کە ئەویش پەیوەستی بە چارەنووسمانەوە یە، یەکەمیان ئەوەیە ئێستا ینک ئەیانەوێ چارەی سیاسی بۆ ئەم کارەیان بدۆزنەوەو گوتویانە کە زەمینەیەکی سیاسی هەبێ لە سەری ڕێک کەوین ئێمە ئامادەین و ملازم عومەرو کاک ئازاد و کاک بەکر بۆ ئەم مەسەلەیە کەوتونەتە نێوان، دوهەمیش چارەی خۆمانە ئەگەر چارەی یەکەم سەری نەگرت. بۆ چارەی خۆمان نامەیەکم بۆ م.س یان نووسیوە کە لە کات و ڕۆژی خۆیا، بە نەخشەوپلان، بە ووردی و بە دیعایەیەکی بەربڵاو، بە ئاگادارکردنی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و پیشەیەکان، کەسانی نیشتمان پەروەر و پێشکەوتنخواز، دەست دەکەین بە مانگرتنەکە و ئیتر ئەبێ ببێ بە چەکێک سیاسی ر سواکەری دژانی دیموکراسی و ئازادی...دیارە ئەم کارە ئەو کاتە دەبێ کە خۆمان ئاگادارتان دەکەین و پێ ی هەڵدەستن. بەڕای من بۆ سازبوونی ئیشەکەش پێویستە ئەم نامەیە چاپ بکەن و لەسەر ئستێنسل حازری بکەن..کەی ئاگادارمان کردنئەوە دەکرێ لە ڕێ ی (حەمە گرێزەیی یەو) کە دۆستێکی دەست ڕۆیشتووی هەیە بۆتان ڕادەکێشێ. بۆ چارە سیاسیەکەشی، ڕەنگە پێویست بکات(م.س) یان نوێنەری شار ببینن چونکە ئێمە ئاگادارمان کردون تا سجن بین دەسەڵاتی تەوقیعی هیچ جۆرە ڕێک کەوتنێکمان نیە، بۆیە مەسەلەکان بەرۆکی ئێوە دەگرێتەوەو من وای بە پەسەند دەزانم کە ئێوەش هاوڕێ یەکی نەناسراو دەست نیشان بکەن کە زیرەک و قسەزان و ووشیار بێ، کەمی تەمەنداریش بی. ئەو هاوڕێ یە بە نامەی ئالای شۆڕشەوە لەسەر سێ شت قسەیان لەگەڵا بکات:

١-ئامادەگی دەربڕێ بۆ ڕێک کەوتنی سیاسی.

٢-داوای ڕەخساندنی زەمینەی ڕێک کەوتنیک لە (ینک) بکات.

٣-تا بەرنەدانی ئێمە هیچ جۆرە ڕێک کەوتنێ بڵاوناکرێتەوە.

بۆ مەسەلەی ئیدانەکردنی کارەکە..ئەمە پێویستیەکە دەبێ دوای بەربوونی خۆمان پێ ی هەڵسین، چونکە ئەمان کاری وا ناکەن. دیاریشە پێویستە داوای ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە و گەڕانەوەی زۆری.....(وشەکە دیار نیە-نوسەر) .

کەی پێویستی کرد ئاگادارکران هەموو ئەڵقەکان ڕاو تەگبیر لە دەست نیشان کردنی هاوڕێ یەک بکەن بۆ کاری وا. ڕەنگە ئەوان داوای ئەمە بکەن کە یەکێتی بە هێزی نیشتمان پەروەر لە قەڵەم بدرێ. **خۆتان دەزانن ئێمە هەمیشە ئەمانمان بە**

دژی مارکسیزم و کرێکاران زانیوە، نەک بە خائین و نا نیشتمان پەروەر..نیشتمان پەروەرێکی بۆرجوازی بچوکن. پێم وایە شـــتی وا جارێ نەکرێتە گرێ کوێرە بە تایبەتی خۆشـمان بریارمان نەبووە ئەمان بە نانیشـتمان پەروەر بزانین. جگە لەوەی خۆشـتان دەزانن گەرەکمان بێ لە کوردستاندا بۆ یەک مانگیش بێ هەڵسـورێین و سیاسەت بکەین، ئەبێ بزانین چۆن لەگەڵ ینک دا مامەڵە دەکەین و سیاسەتیان لە گەڵدا پیادە دەکەین. من مەســەلەی ژیانی ئێمەو چارەنووســمان باســناکەین، ئەگەر پێویســت دەکات و مردنمان ئێســتا زەروریە قەناعەت بکەن ، بە مارکســیزم، یەک دەقیقە ژیـانمـان لا گرنـگ نیە. ئەوەی زیـاتر مەبەســـتمە کـارو خەبـاتی ئـایندەو ســـەرکەوتنـی ڕێبـازەکەمـانە و هیچـی تر. جـا هیوادارین ئێوەش تەواوی مەســەلەکان،ووردو درشـتی، زانسـتیانە هەڵسـەنگێنین و ئیسـتاو پاشـەڕۆژ ببینین. زۆرمان لە بارایەو پێ یە، ڕەوڕەوەی ڕوداوەکان و مێژوو..هەنگاوی پڕ شـــکۆی بۆ دونیای کرێکاران و سۆسیالیزم دەچەرخێ.

هاوڕێ یانی ئازیز.. چەند ڕۆژێ لەمەوبەر نامەی ســـێهەمم ئاراســـتە کردون ســـەبارەت بە دیداری خۆم و ســـکرتێری ینک..هیوادارم وەکو بەڵگەی مێژوویی ئەویشتان بگاتە دەست و هەڵبیگرن و ئەم نامانە نرخی گرنگیان هەیە.

تکایە دەقی ئەم نـامـانە بە شـــێوەیەک بڵاوبکەنەوە کە نەزانرێ ئێمەین. دەقی نامەی نوسراویش بۆ (م.س)یش، جارێ پیشانی کەسی مەدەن تا ئاگادارتان دەکەین. ڕەنگیشـــە هەوڵە ســیاســیەکە ســەرگرێ، من و هاوڕێ یانی دیکە یەک بگرینەوە. ئەوسا نامەی تریشتان ئاراستە دەکەین.

تکایە پەیوەندی بە سەلامی فەقێ عەلی و برایمەوە بکەن و بزانن بۆ ئەم کارەیان کردووە.. برایم ناوە نهێنی یەکەی (حەمە پشـتەیی) یە، هینەکەی ســەلام تەنها ناوی یەکەمی دەزانم(محمودە) .. پێم وایە باوکیشـــی (عەلی) یە واتە (محمود علی) یان (مەحمود ئەحمد) لەو دوو ناوە یەکێکیانە.. بۆیان بنووســـن کە گەرمیان ئەیەوێ بزانێ بۆ وا کراوەو دوا نیازیان چیە. گەر یەکێکیش بیان بینێ لێیان مەترسن.

ئیتر خۆشیتان هیوامانە

هاورێتان
مەلا بەختیار
١٩٨٥/١١/٢٢
زیندانی یاخسەمەر

نامەیەکیترم نارد بۆ برای بەڕیزم ملازم عمر عبدوڵلا، ســـەبارەت بە هەندێ سەرنجی خۆمان لە سەر نامەکەی پێشووی ناوەوە. ئەویش ئەم وەڵامەی دامەوە:

نامەی ملازم عومەر
ئاڵای شۆڕشی بەرێز

سڵاوێكی گەرمی شۆڕشگێڕانە
بە هیوای سەركەوتنتانم.

نوسراوەكەتان گەیشت و ڕوناک ئاگادارە لەسەر ڕۆیشتن بوم بۆ لای اشرفی دهقانی بۆیە نامەكەم كورتە و پێشەكی داوای لیبوردنتان لیدەكەم. حەز دەكەم لای ئێوە ڕوون بێتەوە كە هەروا بە ئاسانی كاک بەختیار و ئەو برادەرانە بەر نادەن. دەڵێن ئامادەین بۆ چارەسەری سیاسی و **خۆیان بێن گفتوگۆ بكەین** و **ئەگەر** گەیشتینە ئەنجامێكی باش ئەوا بەر ئەدرێن. ئەگەر نەگەیشتین **كاتێ بەریان ئەدەین كە دڵنیا بین شتێكی ئەوتۆیان پێ ناكرێت**. بۆیە من وام پێ چاكە ئەگەر خۆتان چارەسەری سیاسیتان لا مطرەحە جارێ خۆتان گفتوگۆ بكەن و مەیبەستن بەوەی كە ئەوان هەر ئەبێ بەربدرێن. ئەگەر بیبەستن بەوەوە یەكێتی شەرتەكەتان قبوڵ ناكات و دڵنیام كە بەریان نادەن و چەند ڕۆژە لێرەین و دەزانین كە ئەمە ناكەن. ئەوان كە هێزیان ناردۆتە سەریان حسابی ئەوەیان كردووە كە خۆیان نەدەن بە دەستەوە بكوژرێن. جا ئەگەر حسابی كوشتنیان كرابیت. هەقە لەمەوە ئێوە حساب بكەن كە بە ئاسانی بەریان نادەن. هەتا دەڵێن ئێمە دەمانزانی كە تۆ (واتە من) استقالە دەكەیت و كارمان لەگەڵ ناكەیت. بەڵام بۆمانی خۆمان و هێزەكەمان هەموو شتێ دەكەین. منیش هاتومە ئەو قەناعەتە كە سڵ ناكەنەوە و ئێستا ئەوەی بیانەوێت دەیكەن و بە زیانیش تەواو ئەبێت بۆ جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلەكەمان و لە دڵەوە پێم ناخۆشە كە شەڕەكە خەست بێتەوە و ژیانی ئەو برادەرانەیش بكەوێتە مەترسیەوە. بۆیە من وەک دۆستێک وا پێشنیار دەكەم كە ئێوە لەگەڵ كاک سالارو برادەرانی دەڕەوە خۆتان كۆبونەوەیەک بكەن و هەڵوێستتان یەک خەن، جا ئەو كاتە وەفدتان دێت یان یەک كەس دەنێرن ئێمە پێشتر ئاگادار بكەن و هیچ نەبێت ئامادەی كۆبونەوەكان بم. ٥-٦ ڕۆژی تر هەرسێكیان یەک دەخەن و جێگەیان بۆ تەرتیب دەكەن كە پێكەوەبن و دەرگاو شتیان لەسەر داناخرێت و لە جیاتی لە سجن دا بن. حجزبن لە شوێنێكدا. هەتا ئەو كاتە من لێرەم و دوای ئەوە دەچمەوە سێروان و هەر شتێكتان بە دەستەوە بوو پێم خۆشە وەک كەسێكی هاوڕێ ی نزیكی بەختیارو شێخ عەلی و مامۆستا پشكۆ كە ژیانی ئەوانی بەلاوە گرنگە ئاگادارم بكەن و

هەر سەركەوتوبن

دڵسۆزتان
عومەر عەبدوڵڵا
١٩٨٥ /١١ /٢٥

لە وەڵامی نامەیەكی ئێمەدا بۆ مەلابەختیار لە زیندانی یاخسەمەر ، كە زیاتر پەیوەندی بە داوای جلال تاڵەبانی یەوە هەبوو، كە داوای دانیشتنی كردبوو لەگەڵ

هاوڕێ سامی عبد(عادل)، بە هۆی ئەوەی ئەوەندە نەبوو پەیمانەكانی خۆیان شكان بەرامبەر ئاڵای شۆڕش و هەڵسان بە گرتنی ئەو هاوڕێ یانانەمان. مەرجی ئێمە بۆ دانیشتن لە گەڵیدا ئەوەبوو بۆ ئیسپاتی نیەت پاكی خۆیان، سەرەتا ئەو سێ هاوڕێ یەمان ئازاد بكەن. ئەم وەڵامەی دایەوە:

نامەیەک لە زیندانی یاخسەمەرەوە

هاوڕێ یانی خۆشەویست

سڵاوێكی كۆمۆنیستانە

نامەكەتان گەیشت و ناوەرۆكەكەیم بە دڵ بوو. سەبارەت بەم وەزعەو ئەوەی ئێمەش گوتبومان و نوسیبومان شتێكی ئەوتۆ لە بۆچونەكانی ئێوە جیاواز نەبوو، تەنها هێندە هەیە كە كار بگاتە سەر بینینیان، ئێوە بە ڕەسمی بیان بینن باشترە لە ئێمە، ئەگەر بێت و ڕێک كەوتنیشیان لەگەڵ ئێوەش هەڵوەشاندەوە بەرامبەر جەماوەر و مەسەلە دیموكراسیەكان داشی خۆمان سوار ئەبێ.

ئێستاش لەوە ناچی ئەو هەوڵانە شتێكی ئەوتۆی سەوزكردبێ بۆیە وای بە باش دەزانین نامەی مانگرتنەكە چاپ بكەن و بە پێشەكی و پاشەكیەكەیەوە، لە دێرێكی سەرەوەدا نوسراوە(نزیكەی بیست ڕۆژە سجنی سیاسەتی...هتد) ئەو نزیكەی بیست ڕۆژە (بكەنە نزیكەی مانگێكە).

بێگومان ئەمە مەسەلەیەكی چارەنووس سازە سەبارەت بە ژیان و سیاسەت و بریارەكانمان. بۆیە پێویستی بە نەخشەی ووردو هەمە لایەنەیە. پێویستە زۆربەی خەڵک بە تایبەت دڵسۆزان و شەخسیەتە بە ناوبانگەكان، لە نوسەران و پیاوە ئاینیەكان، سیاسیە كۆن و تازە ناسراوو ناودارەكان. ڕێكخراوو گروپ و حزبەكان. هەموو لایەک ببینن و داوای هەڵوێستیش لە هەموو لایەک بكەن. گەربكرێ، كەس و كاری ئێمە و شێخ عەلی و هاوڕێ پشكۆو هەروەها چەندین ئافرەت و خوشكی هاوڕێ یانی دیكە بە ناوی كەس و كاری هەر سێكمانەوە، تێكڕا پێكەوەڕا بێنە دێ ی یاخسەمەرو لەوێ لە مزگەوتەكەی مان بگرن و گەر بشكرێ یەک دوو لافیتەی مەعقولی وەكە (ئازادی بۆمەلابەختیارو شیخ عەلی و پشكۆ) (پێشێل كردنی دیموكراسی لە خزمەتی دوژمن دایە)..لافتەی واش بنووسن و فعلا بین لەو مزگەوتە مانبگرن و تا چارەنووسی ئێمە دەردەكەوێ لەوێ نەجوڵێن..گەر سەرجەم ١٥ ئافرەت بە منااڵەكانیشیانەوە ڕێک بخەن زۆری تەئسیر دەبێ بۆ سەر سۆزی خەڵک و پێشمەرگەو زەختیكی گەورەش دەبێ بۆ سەریان. دیارە دەبی ئەو خوشكانە ببینن و قسەشیان بۆ بكەن كە زۆر ژیرانە مەسەلەكان تەرح بكەن و بە عاقڵی قسە لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵكدا بدوین، نەک بە جنێوو هەڕەشە با ئەمەش تەقلیدێكی نوێ بێ ئێمە دای بهێنین. تا دیموكراسییەت زۆر خۆشەویست بكرێ و ببێتە داخوازی جەماوەری.. نمونەی مانگرتنەكەی خەڵكی سنەو مەریوان بیر بخەنەوە چەند

تەئسیری هەبو لەسەر دەوڵەتی ئێران بۆ بەردانی چەندین کادری کۆمەڵە، لەوانە کاک ئیبراهیم کە سەرکردایەتیشیان بوو ساڵی(...198). دیارە تا زۆریش بن زۆرتر تەئسیریان دەبێ. گەر بکرێ حسابی پۆشتەیی ، جل وبەرگ و ئەو شتانەی خۆشیان ، لەگەڵ شیرو خواردن بۆ منالەکانیان بکەن. خۆیان بگرن و زوو بێ تاقەت نەبن. جا ئەمە تەجروبەیەکی نوێ یە هیوادارین بە سەرکەوتوویی لێ ی بێنە دەرو تەقلیدیکی شۆڕشگێڕانەبێ بۆ ڕەخساندنی زەمینەی خەباتی چینایەتی و جەماوەری.

مێژووی مانگرتنەکەش لە ١٩٨٥/١٢/٣ بێ.. سەرو نوسخەش بنێرن بۆ کۆمەڵەو دیموکرات و چریکەکان، کە هەر هەموویان لە یەک ناوچەدان. ئەگەر بتوانن زوو بیگەیەننە جودیش خراپ نیە بە تایبەتی بگاتە سەرکردایەتیان، ڕوناک لە ڕێ ی باییزەوە دەتوانێ بیگەیەنێ..هەروەها دەستتان دەگات بە هەر سەرتیپ و کەرت و شۆێنێکی پ.م بە سەیارە و کەس و کاری خۆیان بێ بە ناوی نامەی تایبەتی بۆیان بنێرن . هیوادارین لەم پێنج رۆژە فریای تەواوی ئیشەکان بکەون و ئێوە لیژنەیەک بۆ سەرپەرشتی ئەم کارە دروست بکەن تا ئەم کارە بە نەخشە سەر دەخرێ.

گەر هات و وێڕای ئەوەش سەرکردایەتی یەکیتی سوور بوو لەسەر بەرنەدانمان..ئەوا بێگومان ئێمە بەرەو کاروانی شەهیدانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ دوا هەناسەی مانگرتن ئەدەین و ئالای ئەم خەباتە پیرۆزە بۆ تەواوی هاوڕێ یان و کۆمۆنیستەکان جی ئەهێڵین وئەو کەم و کورتیانەی هەمان بوبێ، ڕاست کردنەوەی لەسەر ئێوەیە و ئەمەش ڕێ ی خەباتی چینایەتی یە وا ڕێک کەوت بتوانین تا ئەم دووڕیانە مێژووی یە بمێنین و خزمەتی مارکسیزم لینینیزم بکەین، ئەوەندەی هەیە تا دەمرین سەربەرزین هەڵویستمان هەبوو، سووربووین لەسەر بیروباوڕ، دوای ئارەزووە تایبەتی یەکان نەکەوتین، بە مەرگی ئێمەش گەورەترین حەقیقەتی کۆنەپەرستی بۆرجوازی بچوکی کوردستان بە موتڵەقی دەردەکەوێ.

بژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی
ژێرکەوێ سیاسەتی دژی دیموکراسی

هاورێتان
مەلا بەختیار
١٩٨٥/١١/٢٨
یاخسەمەر

ئەو بڕگەیەی ســـەبارەت بە چوون و نارەزایی دەربڕینی کەس وکاری گیراوەکان جێ بەجی کرا و لە شـــاریشـــەوە کۆمێتەی ســـولەیمانی بەیانێکی لەو بارەوە بڵاوکردەوە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەشـــمان دەکرد کە تاڵەبانی پشـــت بکاتە داخوازیەکانی ئازادکردنی زیندانیەکان، هەرواش دەرچوو.

جلال تاڵەبانی لە کاتێکدا کە پێ یەکی هێشـــتا لای بەعس بوو، هەوڵی ئەدا لە ڕێگەی حســـک و حەمەی حاجی محمودەوە، بەینیان لە گەڵ ڕژێمی جمهوری ئیســـلامی دا ڕێک بخاتەوە، وەک لەم نامەدا دەردەکەوێت کە بۆ محمدی حاجی محمودی نووسیوە دەیەوێت هۆکاری هەڕەشەو پەلامارەکانی یەکێتی بۆ سەر حسک بخاتە ئەســـتۆی مەلابەختیار و ســـالار. **هەمیشـــە بۆرژوای کۆنەپەرســـتی کورد ئامادەبووە دەستی بنێتە دەستی داگیرکەرانی کوردستان ، بەڵام ئامادەی سەلماندن و ڕەخساندنی بچوکترین دەرفەتی ئازادی و دیموکراسی ویەکێتی ڕیزی نەتەوەیی نەبوون و نین،** ئەوە سروشتی چینایەتی بۆرژوای نادیموکراسی کوردە. ڕێکەوتنە کاتیەکانیشیان تەنها لەو ساتانەدایە کە لە ڕووی سیاسیەوە تەنگەتاو دەبن و زۆر نابا حەزی دەســـەڵات و پارە دەیانکاتەوە بەگژی یەکدا. ســـووتەمەنیەکەشـــی ڕۆڵەی هەژارو ڕەش و ڕووتی نا هوشیاری ئەم گەلەیە.

ئەمەش دەقی **نامەکەی تاڵەبانی** کە بە خەت و ئیمزای خۆی نووســـراوە، وەک خۆی دەینوسمەوە:

نامەی تاڵەبانی بۆ محمد حاجی محمود
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
الاتحاد الوطنی الکردستانی

العدد: التأریخ: ۱۹۸۵/۱۲/۲

برای خۆشەویستم کاکە حەمەی بەڕێز سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم شادی و خۆشی و بەختیاریتانم داوایە و ئیمەش شوکر باشین.

نامەی ۲۵-۱۱-۱۹۸۵ تان گەیشـــت زۆر ســـوپاس بۆ هەســـتی برایانەتان و بۆ هەوڵو هاوکاری یەکانتان. ئێمەش (وەک سەرکردایەتیی ی.ن.ک) هەمو هەنگاوەکان و هەڵوێســتەکانمان لەســـەر ســـەرەتاکان و ڕەوشـــتو خوی شـــۆڕشـــگێڕانەی دێرینی یەکێتی یە، بۆیە هەم لە پەرۆش و دڵسـۆزیەوە و هەم لە جدییەت و ســـەر ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرن.

براگیان: ئێمە لەگەڵ تۆ بە ڕاستمانەو بە پەرۆشـەوە دەمانەوێ برایەتی بکەین و هەمیشەش بە ڕاشکاوی و سەربەستی هەڵوێستی خۆمانم بۆ نوسیویت. لە بیرمە کە لە دەرەوەی ووڵات گەڕامەوە دیسان نامەمان بۆ یەکتر نوسی! ئەوی ڕۆژیش فێڵ و

چاوشارکێمان نەکرد. سیاسەتی ئەوی ڕۆژێ چۆن بوو وام بۆ نوسین! دیارە خۆشت ئەتزانی ئەوێ ڕۆژێ نەدەکرا دڵی برایانی کۆمەڵە بڕەنجێنم، **بۆیە بە قسەی ئەوانم لەگەڵ کردیت**. ئەمجارەش پرسم بە کاکە نەوە کردو ڕەئی ملازم عمریشم وەرگرت- دیارە سالارو تاقمەکەی نەمابوون. بۆ مەلابەختیاریش کە لە سەرکردایەتیشدا نەمابوو- وە ئەگەر هەردوکیان (کاکە نەوەو م.عمر)زۆر زۆریان پی خۆش نەبا، پێ باش نەبا، بەلاوە پەسەند نەبا نامەم بۆت نەدەنووسی، وە بەو جۆرە دەستی برایەتیم بۆ درێژ نەدەکردی.

کاکە حەمە : من دەزانم تۆمنت خۆش ویستووە و ڕێزت گرتووم! منیش هەروابومە، بەڵام قەت ڕەئی خۆمم نەسەپاندووە بەسەر ڕەئی برایان دا بەڵکو بە قسەم کردوون : بۆیە هەقە دڵنیا بیت کە ئێمە بە ڕاستمانە و بە دڵ وگیان لێت هاتوینە پێش. مایەوە چەند مەسەلەیەکی گرنگ، وەک موتمانە(ثقة) و باوەڕ بە یەک کردن، وەک باش زانینو تێگەیشتنی وەزعی یەکتر، وەک نوارینە یەکتردا وەک براو هاوپەیمان، بە ڕەچاوکردنی دەسکەوتەکانی ڕاستەقینەی هەمولایەک. بۆ موتمانەو باوەر پێویستیمان بە ١-کارو کردەوە هەیە ٢- بە زەمان و وەخت هەیە.٣- بە چاوپێکەوتن و یەکتر دیتن هەیە- هەروەک پێویستە باوەڕیشمان بە یەکتر هەبێت(**من تۆم گەرەکە**) .

وەزعی تۆ : ئێمە ڕەچاوی دەکەین. پێم خۆشە لەودیو، ئنجا لە ناو حسکع پایەدارو پایە بەرز بیت و قسەت بڕوا- ئەمە بۆ ئێمەش باشە. گەر ئەمە نەکرا لە پێشەوە لەگەڵ خۆت و هەڤاڵەکانی لای خۆت! ئنجا ئەوانی تریش. **دیارە ئێمە یەکبوونەوەمان پێ لە هەمو شتێک باشترە**، بەڵام بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەکیش ئامادە ین.

وەزعی ئێمە : بە داخەوە، سەبارەت بە دووری و پڕۆپاگەندەی ناحەزان، وەزعی ئێمە لە لای ئیوە ڕوون و ئاشکرا نیە:

کاکە حەمە : وەزعی ی.ن.ک ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زۆر باشترە: لە ڕوی ڕێکخستنەکانی شارەکان و لادی یەکانەوە(لە ڕوی ژمارەو چونایەتیانەوە ئیمڕۆ لە هەمو کاتیک و زەمانیک زۆر زۆرترو چالاکترن)، لە ڕوی (ه.پ.ک) ی ئێمە و لە ڕوی ژمارەو چەکو چونایەتی یەوە[لە **ڕوی یەکێتی ڕیزەکانی** و **نەمانی (مراکز قیوا)**- عەشایەریەت و هتد] لە هەموو کاتێک زۆرترو باشترە. **ڕاستە سەدان پێشمەرگە تەسلیم بونەتەوە**- بێ چەک و بە چەک-**سەدانیش دانیشتوون**. بەڵام سەدانیش هاتونەتە ڕیز و پتر لە دووسەدیش بە چەکەوە گەڕاونەتەوە. بنوارە ژمارەی چالاکی، ژمارەی کوژراوی دوژمن، ژمارەی ئەسیری دوژمن، ژمارەی چەک و دەسکەوت،

ژمارەی ڕەبیەی گیراو، بزانە شۆڕشەكەمان چەند گەشەی كردووە. كاكە حەمە باوەڕبكەن ە،پ.ك ئیمڕۆ بە هەزاران هەزارە! جگە لە بەرگری میللیش. چەكی سووكیش زۆر باش بووە و چەندیش هەبێ – گەربمانەوێ – پێشمەرگە هەیە و دەبێت.

لە ڕوی مالیشەوە، وا یەكەم ساڵە(ساڵی ١٩٨٥)هەموو مانگێك یارمەتی پێشمەرگەی خیزاندار(50دینار)و سەڵت (25 دینار) ئەدرێت جگە لە یارمەتی تر. **بەشی دوساڵی تریش ئیحتیاتمان هەیە،** بێ ئەوەی یەك فلسمان لە دەرەوە وەرگرتبیت. وەزعی جەماهیریشمان زۆر باشە. خەڵكی كوردستان ئەوەی خۆش دەوێت كە لە ساحەكەدا بجەنگێت و فیداكاری بكات و قوربانی بدات. شوكر(ی.ن.ك) و(ە.پ.ك)یش هەر ئەوە دەكەن. جگە لە مانەوەشمان لە ناو كۆمەڵانی خەڵكدا.

لە ڕوی پەیوەندی دەرەوەشەوە، بۆ یەكەم جارە دوای ئاشبەتاڵ شۆڕشی كوردستان لەگەڵ وڵاتانی – سۆشیالیستی و زۆربەی حزبە سۆشیالیست و شیوعیەكان و هێزە شۆڕشگێڕەكان، ئەم جۆرە پەیوەندیەی دەبێت. لەگەڵ لیبی بەینمان باش بۆتەوە.. لەگەڵ سوریەش نێوانمان خراپ نیە. ئەوا خۆشت دەبینیت كە جمهوری ئیسلامی دەیەوێ نێوان خۆش و چاك بێت و ئێمەش وا ئامادەین و داوامان لە ئێوە ئەمەیە :

١-ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنیت بۆ ایت الله المنتظری بەڕیز.

٢-بە برادەرانی لای خۆتان بڵێ (مەبەستی تاڵەبانی ئێرانیەكانە – نوسەر) (ئەوانەی كاك وریایان دیوە) كە ئێمە ئامادەین وەفدێك بنێرین بۆ لایان بۆ باس كردنی هەمو شتێك.

تۆش وەك براو دۆست هەقە خۆتو كاك محمد شاكەلی نزیك ببنەوە، تاكو ئێمەش كاك فەرەیدون(یان برایەكی تری كۆمەڵە) لەگەڵ كاك شێخ دارا و كاك شەوكەت بنێرین بۆ لای كوردەداوێ تاكو یەكتر ببینن، گەر باوەڕیشت هات ئەوا خۆت سەرێكم لێ بدە یان با كاك محمد شاكەلی بێتە لامان بۆ سەردان و گفتوگۆ.

سالار+جەعفەر+مەلابەختیار

خۆت باش ئەوانە دەناسی ، وەزن و قیمەتی ڕاستەقینەیان باش دەزانی. لە دەوری گیرە شێوێنی و خراپەكانیان شارەزای. دەوریان لە شەڕی براكوژەدا، لە تێكدانی ی،ن،ك و شۆڕشدا . بەڵام ئەوەی دەمەوێ بۆتان بنووسم ئەمەیە :

١-ئەوانە كە خۆیان زۆر پێ زل بوو، خۆشیان زۆر فیشاڵچی و خۆ هەڵكیشن خۆیان زۆر بە گەورە دانابوو! ئێمەش زۆر كەسمان ناردبووە ناویان، لە (ە.پ.گ)دا **هەرچی دواندبو بۆیان و بە ئێمەی گوتبوو، پێمان گوتبوون لەگەڵیان**

بڕۆن! تەنانەت مەلا بەختیار کاک ڕۆستەم وکاک وەهاب و کاک حامیدی بە هی خۆی دەزانی و لای سەیربوو کە لەگەڵ کاک شەوکەت چوون بۆ گرتنی!!

٢- ئەوانە هەندێ کادری ترسنۆک و بەزیویان لەگەڵ بوو. هەندێ کۆنە سەرتیپی پاشەڵ پیس وەک فەرەیدون(کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئیستیخبارات-دا وا نامەکەت بۆ دەنێرین- جمال خواکەرەم لەسەر دزی و ساختەچیەتی براکەی و بە کارهینانی شۆڕش بۆ ڕاوو ڕووت لامان بردبوو- جلال حەمەی محە- **ناردم بە دوایدا** لەسەر (منالّبازی) بۆ محاسەبەی ترساو هەڵات!

بە کورتی دامان نابوو(٣٠٠) کەس بن بەڵام باوەڕ بکەن سەد دەرنەچوون!! **لە ناو شاریش تاقمێکە، منالّ و لاوی متطرفن کە شەیدای ووشەی شیوعیەت و کۆمۆنیزم و مارکسیزم لینینیزمن. بێ ئەوەی تێیان بگەن،** بەڵام هەمویان بە – سالارو مەلا بەختیاریشەوە-دەیانەوێ حزبێکی کۆمۆنیستی عێراقی تازە دابمەزرینن، چونکە (حشع) یان پێ تحریفیە(ڕفیزنیستە)!! بەڵام ئەو تاقمە ساختەچی (کەڵەکچی) لای هەر یەکە ئەوە دەڵێن کە خۆیان پێ وە پێش دەکەن :

لای حشع دەڵێن دۆستی تۆین و لە دواڕۆژدا دێینە ناوتان، لای کۆمەڵەی ئێران دەڵێن باوەڕمان بە مارکسیزمی ئینقلابی یە و هەرچی ئێوە دەیڵێن پشتیوانی لێ دەکەین و حشع تحریفیەو روس ئیستعمارە! لای ئێران دەڵێن (پەرچەمی ئینقلابین)، لای هەندێ دۆستی حوکمی عراقی دا دەڵێن ئێمە عراقین. بۆ ئاگاداریت مەلا بەختیار خاوەنی نظریەیەک بوو دەیگوت : دەبێ هەتا دوایی گفتوگۆ لەگەڵ عراق ئیدامە پێ بدەین، تا دواچۆڕی گفتوگۆ!! بۆیە ناوی نظریەکەی لای ئێمە (نظریەی دواچۆڕ)بوو.

٣-**کەوا بە سووکو سانایی** مەلابەختیار و خولە کەشکۆڵ و پشکۆ گیران و ڕیزێ لایەنگریان چەک کران ، پتر ریسوا بون و حەجمی حەقیقیان دەرکەوت. کە دەرزیەکمان بە باڵۆنە پفدراوەکەیاندا کرد فس بوونەوە و هاتنەوە سەرحەجمی خۆیان. بەڵام هێشتا ماویانە: کەمترو بچوکتر و سووکتریش دەبن. جارێ سەرەتای گلۆر بونەوەکەیانە هەتا دەگەنە ناوچاڵی نەمان ، وەختێکی دەوێ! باوەر بکەن لە کۆمەڵەدا لە سەدا پێنج کەسیان لەگەڵ نیە. باوەڕ بکەن(ه.پ.گ)سەدی پێنج پێشمەرگەیان لەگەڵ نیە. باوەڕ بکەن زۆر سوواک و ڕیسواشن لە ناو خەڵکدا. بەڵام خۆت سالاری فیشاڵجی و تڕزل دەناسی: خۆت مەلا بەختیاری لە خۆبایی و فوڵی گیراو دەناسی، لە لای (حدکع) و ئێرانیش دەبێ درۆی زل و فیشاڵی گەورەو بوختانی شاخدار بکەن بۆ گەرم کردنی بازارەکەیان.

بە کورتی تاقمێکی گێرە شێوینی سەرلیشێواوی بچوکن. فکریشیان نوێ نیە! لە دانانی (حشع)ی نوێ نوێ نییە! بەڵام بیرێکی چەوتی بێ دواڕۆژی پووچەڵە! تەسلیم بوونەوەش یەگجار زۆر نەبوو! بەڵکو لە مەڵبەندی (٣) نەبێت شوێنەکانی تر،

زۆرتر بژار كردن و پوخت بوون بوو! زۆریش لە جیاتی ئەوان هاتنەوە ڕیز: ئەمە جگە لەوەی لە هەل و مەرجی ئێمەو ئێستەدا دڵنیاشم لەوەی كە نوسیووتە كە رەئی تۆ لەسەر سالار و ئەمسالی سالار هەروەك ڕووداوەكانی نسكوڵان و بێوران وایە.

ئینجا دێمە سەر وردە مەسەلەكان:

١-چەك كراوەكان ئاگادارەكەین كە بێنەوە لای خۆت. باوەڕ بكە ئێستە ئێمە لای تۆ بە لای شۆڕش و (هاوپەیمانی خۆمان) دەزانین، چەندە پڕو قەڵەباڵغ بێت پێمان خۆشە.

٢-نازانم مەسەلەی شەهیدكردنی (مامە ڕەشەی كەچە) چی یە؟ باوەڕبكەن ئاگام لێ ی نیە.

٣- ئامادەین بە تەواوی ڕیكەوتنەكەمان لەگەڵ خۆت جێ بەجێ بكەین.

٤-وەفد دەنیرین بۆ كوڕەداوێ: كاك فەرەیدون(یان هاوڕێ یەكی تری كۆمەڵە)+شێخ دارا+ كاك شەوكەت بۆ ناوچەی كەناروێ و كوڕەداوێ تاكو تۆش لەگەڵ كاك شێخ محمد شاكەلی تەشریف بهێنن، منیش وام لە پەنا یاخسەمەر لە بناری شاخەكەم(كانی مراد) گەر پێتان خۆش بوو،بفەرموون ،یان بیهێڵنەوە بۆ جارێكی تر.

وەك دۆستێكیش دەیڵیم، گەر لای ئێران و لای حزبەكەتان بۆتان خراپ بوو ئەوا مەیەن بۆ لام، من باوەڕم بە تۆ هەیە. گەر بۆشتان خراپ نەبوو، پێتان خۆش بوو، دڵنیا بوو بوون ئەوان بەخێر بێن بە سەر چاوان، بەڵام تكایە حسابی ئەوە بكەن هاتنەكەت زەرەرتان لێ نەدات لە دیوی ئێرانداو چونكە ئەمەیان بۆ ئێمەش زۆر خراپە.

براگیان كاكە حەمە

بۆ ئەوەی یارمەتی شۆڕش و ی.ن.ك یش بدەن ئەوا زۆر مەمنونین چونكەخۆشت ڕۆڵەی شۆڕش و لە پێشمەرگەكانی یەكەمیت، پیاوێكی جوامێریش دیارە هەردەبێ وابیت.

ئنجا داواكانی من ئەمەی خوارەوەن :

١-نامەكەم بنێرە بۆ جەنابی ئایەتوڵڵای مونتەزەری.

٢- ئەو (بەستانەم)بۆ بنێرە بۆ كاك حازم و كاك علی شەنگاری.

٣-نامەكەی دایكی بافڵم بۆ بخەرە پۆستەوە بۆ دایكێتی لە لەندەن. سوپاست دەكەم.

منیش لەگەڵ كاك شەوكەتدا:

١-بێسیمێكی باشت بۆ دەنێرم، لەگەڵ جفرەی تایبەتی خۆشت(مجەفیرە)پەیدا بكە تاكو پێكەوە قسە بكەین.

٢-فیدیۆیەکت بۆ دەنیرم، هەر بەیانی ڕادەسپێرم بۆتان بکڕن.
٣-کامێرایەک دەنێرم بۆ کاک شـــیروان بەشـــکە دڵی لێم چاک بێتەوە تکایە زۆر سڵاوی لێ بکە و هەوڵ بدە ئاشتی کەیتەوە لەگەڵم.
٤-هەرچی تۆ پێویستت پێ بێ بە من بکرێ بۆت دەکەم.
براڵە، بۆ نـاردنی کـاک علی حەوێزیش زۆر مەمنون دەبم، بۆ نـاردنی هەندێ کەســـی تریش بۆ دەرەوە، دیســـان تکایەکی برایانەم هەیە، پاشـــان ناوەکانیان دەنێرم بۆتان. زۆریشم پێ خۆشـە بارەگاکانتان بێتە (بێژووێ) ئێمەش لە سـەفرەو زەروون هەین، پەیوەندی ئاسان دەبێت. دڵنیابە من بە قسەی(پشکۆ،سالار،مەلابەختیار، شێخ عەلی) باوەڕم نەکردبوو، **ڕۆژەکەت لە بیرە چیم پێ ووتن لەســـەر تۆ؟** بەڵام خۆت دەتزانی وەزعمان چۆن بو؟ بەشی زۆرو کەم چۆن بوو؟
ســالار، جەعفەر،مەلابەختیار، ناوەندی کۆمەڵەبوون، من نرخی تۆم، قەدری تۆم هەرزانیوە، هەر بۆیەش وا خۆم خەریک دەکەم بە برایەتیتەوە، بە دڵ و بە پەرۆشەوە ئێستاش نەچوە بچێت، ئەوەی ماوە زۆرترە لەوەی رابردوە.
لە دوایدا جارێکی تر سڵاوی برایەتیم هەیە بۆ کاک شیخ محمدی شاکەلی و کاک شیروان و کاک عبدولخالقی دۆستی دێرین، سڵاوم هەیە بۆ هەموو برایانی لای ئێوە و هەربژی بۆ

برای دڵسۆزتان
مامجەلال

ئاگاداری: وا هەندێ بلاوکراوەم بۆ ناردیت دوو داستانیش بۆ کاک محمد شاکەلی.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ملازم عومەر عبدوللا کە لە غەم و پەرۆشی وەزعەکەدابوو. وەک نارەزایەتی دەربڕینیش لە دژی ئەو شـــاڵاوەی یەکێتی دەســـتی لە کار کێشـــابووەوە و چووبوە سـێروانە دانیشـتبوو. بێ ئاگاداری کۆمێتەی سـەرکردایەتی ناوخۆی ئاڵای شـۆڕش. کەسـێک بە ناوی نهێنی (هوشـیار) **سـەربەخۆ وەک ڕای شـەخسـی** خۆی نامەیەکی ناردبوو بۆ ملازم عومەر، ئەویش بە ڕای کۆمێتەی ســـەرکردایەتی ڕێکخســـتنی ناوەوەی زانیبوو، ئەم نامەیەی نارد بۆ کۆمێتەی شارەکان:

نامەی ملازم عومەر بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش

سێروان
٩٨٥/١٢/٧

هاوڕێ یانی ئاڵای شۆڕشی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە
بە هیوای سەرکەوتنتانم.

زۆر بە داخەوە کاتێ ڕوناکی شێخ جەناب هات هێندە وەزعەکەم لا ناخۆش بوو، هی ئەوە نەبووکە بە ئاسودەیی نامەیەکتان بۆ بنووسم و کار گەیشتە ئەوەی لەمن کەوتنە گومانەوە و دیارە ڕوناک هەندێ شتی بۆ باسکردون. من گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم.

هاوڕێ یەک بە ناوی (ووشیار)نامەیەکی بۆ ناردووم و تیایدا داوای ئەوەم لێ ئەکات استقالەکردنی من و چەند کەسێکی تر سوودی نیە و ئەبێ موقف وەربگرین لە ی.ن.ک. جا نازانم ئەو هاوڕێ یە چۆن سەیری من ئەکات؟ ئایا منی وەک ئاڵای شۆڕش حساب کردوە؟ **استقالەکردنی من لەبەر ئەوەیە کە دژی نەبوونی ئازادی و دیموکراتیم. نەک وەک ئاڵای شۆڕش هەموو شتێکی ی.ن.ک ڕەت بکەمەوە،** هەموو ئەو شتانەی یەکێتی ی کردوویەتی وەک مەسئول من تیایدا بەشداربووم و چاک کرابێت یان خراپ من ڕەئیم هەبووە و لە زۆری پەشێمان نیم. مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ میری ئێوە بە خیانەتی دەزانن. من ڕەئیم داوە بۆ گفتوگۆ و قیادەی شەڕی دابانیشم کردووە و دوای گەڕانەوەم لە شەڕەکە هەر وتومە کارێکی خراپمان کرد کە شەڕمان هەڵگیرساندەوە. جا ئەو مەوقیفەی من هەر حسابێکی بۆ بکرێت بە لای خۆمەوە گرنگ نیە و خۆم دەناسم کە لە ترسنۆکی و بەزین و چۆک دادانی خۆمەوە نیە. ٩ سال و ٣ مانگم لە شوێنێکدا بەسەربردووە و ئەتوانم باقی تەمەنم ببەخشم بە مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەم. **بەڵام وەزعی کوردو شۆڕشەکەی بەوە نازانم لە درێژە پێدانی بزوتنەوەی چەکداری بگەینە ئەنجامێکی باش.** مساوەمەیش بێت پێم چاکترە وەک لە تیاچوونی شۆڕشەکە.پاسان من نەگەیشتوومەتە قەناعەتی ئێوە لەسەر یەکێتی نیشتمانی. ئەگەر قەناعەتم وەک ئێوە وابوایە هەڵبەتە پێکەوە کارمان دەکرد و من یەکێک دەبووم لە ئێوە. ئەو مذکەرەیەی نوسیبوتان بۆ سکرتێری گشتیی.ن.ک بە ڕاستی من لەگەڵ هەندێ ڕاو بۆچونیا نەبووم و بە ڕوناکم ووت ئەوە لغەی تفاهم نیەوئەگەر ئەمە بدەینە مام جلال، ئیتر ئەبێ ئومێدتان بە پێک هاتن نەمێنێت ، هاوڕێ هوشیار لە نامەکەیدا وەک بیەوێت داوا لە چەند کەسێک بکات تمرد دروست بکەین و هێز جیابکەینەوە و لەشکرێک دروست بکەین بەرامبەر ی.ن.ک. بە ڕاشکاوی حەز دەکەم لەوە دڵنیابن کە من بەش بە حاڵی خۆم بڕوام بە شتی وەها نیە و جا ئیتر ئێوە خۆتان و ویژدانتان چی بە من دەڵێن! ئەوەی من کردوومە تەنیا بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو جۆرە چارەسەرەیە کە

چەند ساڵە لە ناو ڕیزی كۆمەڵەدا كراوە بۆ كێشەكانی ناو خودی كۆمەڵە و دژی نەبوونی ئازادی و دیموكراتی بووم. مانای وا نیە كە من هەموو شتێكی ی.ن.ك ڕەت دەكەمەوە. ئێستایش بۆ ڕزگاركردنی كاك بەختیار ئەو هاوڕێ یانە چی بە من بكرێت غەیری تمرد و هێز جیاكردنەوە دەیكەم و پێم چاكە ئەگەر هاوڕێ یەكی سەركردایەتیتان بێت لێرە بە سەربەستی قسە بكەین و ڕێگەكەیش ئەمین و سەلامەتە.

هەربژین و سەركەوتووبن

عومەر عەبدوڵڵا
١٩٨٥/١٢/٧

من بە نامەیەك بە ناوی كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆوە ئاگاداری كاك عومەر عەبدوڵڵام كردەوە كە ئەو نامەی بۆی نووسراوە لە لایەن ئەو هوشیار ناوەوە، بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە ڕای سەركردایەتی ڕێكخستنەكانی ناوخۆوە نیەو ڕای شەخسی كەسێكە ناردوویەتی، و ئاڵای شۆڕش بە پێی بریارەكانی دەستەی دامەزرێنەری بریاری هێز جیاكردنەوەی نەبووە ونیەو ئەو براەرە هەركەس بێت ئاگای لەو بریارانە نیە و قسەی خۆیەتی. وزۆر سوپاسی هەڵویستی ملازم عمرم كردو بۆشم ڕوون كردبۆوە كە ئاڵای شۆڕش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ جیابوونەوەی هێزی چەكداردا نەبووەو نیەو ستراتیژی ئێمە خەباتی شارەكانە نەك شاخ و دیارە ئەوەی نامەكەی ناردووە بۆت ئاگاداری ئەو بریارانە نیە و نامەیەكی شەخسی كەسێك بووە.

كاك عومەریش لە وەڵامی ئەو نامەیەی كۆمێتەی سەركردایەتی ڕیكخستنەكانی شارەكانی ئاڵای شۆڕش دا ئەم وەڵامەی نووسی بوو:

نامەی ملازم عومەر بۆ كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆی ئاڵای شۆڕش

ئاڵای شۆڕش ی بەرێز

سڵاوێكی شۆڕشگێڕانە
بە هیوای سەركەوتنتانم

نامەكەتان گەیشت و سوپاسی تەقدیرتان دەكەم بۆمن و لە ڕاستیا من ئەمەم لا ناخۆشبو كە هەموو ژیانی ٩ ساڵەی خەبات و ماندوبوونی خۆم بەلاوە نا و لە پیناوی ئەوەی كە سەركردایەتی یەكێتی ی ڕێگەی دیموكراتی نەگرت لەگەڵ كاك بەختیار و ئەو هاوڕی یانە و ئاڵای شۆڕش بە گشتی. بۆیەشم نەكردوە كەوا سوپاس و تەقدیر بكرێم. بەڵام لە لایەكەوە یەكێك بێت و بنوسێت كە ئەوە شتێكی وەهایە و ئەبوایە شتێكی كەم بكردایە. بە هەرحاڵ من نامەی ئەو هاوڕێ یە وەك شتی شەخسی سەیر دەكەم و نوسراوی بەڕێزتان جێگەی تەقدیرە. حەز دەكەم لەوە بگەن

كە مشـــكلەی من جیـاوازە لەگەڵ هی ئێوە لەگەڵ یەكێتی. هی ئێوە ئەمەیە كە بە یەكجاری دەستتان لە كۆمەڵەو یەكێتی شتوە و ئێستا ڕێكخراوێكی جیاوازن. كێشەی گەورەی من لەگەڵ یەكیتی بە گشـــتی و كۆمەڵە بە تایبەتی هەر لە كۆنەوە دژی ئەو جۆرە چـارەســـەرە بووم كە بۆ ململانێ ی نـاو ڕیزەكـانی كۆمەڵە گرتیـانەبەر و كۆتاییەكەی بەم مآســـاتە دوایی هات. من پێموابوو، ئەگەر وەها نەكرابایە ئێســـتا چ كاك بەختیار، چ كاك ســـالار، ج مامۆســـتا جەعفەر زۆر هاوڕێ ی تر دوور نە ئەكەوتنەوە لە كۆمەڵە و ئێمەیش بە تایبەت من و كاك ئازاد و هەندی هاوڕێ ی تر تو شی ئەم حاڵەتی یەئسە نەدەبووین. وەك شێوەی چارەسەرەكەمان پێ خراپ بوەو لە پیناوی نەبوونی جەوی ئازادی دیموكراتی .....لە هەمان كاتدا جیابوونەوەی بەشـــێك لە هێزی پێشـــمەرگە بە هەر ناوێكەوە بێت پێمان كارێكی خراپ بوە و گەیشـــتینە قەناعەتێك كە لەو بەینەدا ئیتر ئێمە كارمان پێ ناكرێت و كشـــانەوەمان چاكترە. بە مانەوەمان لە مەوقیعی مەســـئولیەتدا بڕواتان هەبێت هیچ تەئســـیریكی نەدەبوو، ئەبوایە ئێمە دوای قەناعەتەكانی ئێســـتای ســـەركردایەتی كۆمەڵەو یەكیتی بكەوتینایە بۆ چارەســـەری ئەو كێشەیە. حەز دەكەم وەزعی ناو پێشمەرگە تی بگەن كە وایان لێ كردووە لە ٧٠%ی و بگرە زیاتریش بەو كارە ڕازیە كە سەركردایەتی یەكێتی كردویانەو باقیەكەشـــی كە ناڕازیە هی ئەمەیە كە پێ یان ناخۆشـــە كاك بەختیـار و ئەو هـاوڕێ یـانە گیراون و قەنـاعەتیـان بەوە نەكردووە كەوا هێز جیادەكەنەوە، بە عام لە ٩٩% ئەتوانم بە ڕاشـــكاوی بڵێم كە لەگەڵ جیاكردنەوەی هێزدا نیە و بگرە دژی ئەوەســـتێتەوە. ئەوە حاڵی نـاو شـــۆڕش و یەكیتی و هیچ چاوەڕوانی ئەوە مەكەن كە زەخت بە پێشـــمەرگە بكرێت. ڕاســـتە من مەســـئولی مەكتەبی عەسكەری بوم و زۆری پێشمەرگەو كادرە عەسكەریە ئەساسیەكانی ناو شـۆڕش ئەمەندەی بە قسـەی من هەڵسـوڕاون و بەگەڕخراون، ئەوەیان بۆ حاڵەتێك بوە بۆ شەڕ لەگەل دوژمن و لەگەڵ دوژمنانی یەكێتی. بەڵام بۆ بەربەرەكانی یەكێتی بڕواتان هەبێت لە دەســـتەكەی خۆم ڕانابینم چونكە من ٩ ســـاڵە بەو اتجاهە ئیشـــم نەكردووە. ڕە ئی عامی پێشـمەرگەیان والێكردووە كەوا مەلابەختیار و كاك سـالار و ئاڵای شـــۆڕش هەموو یەكن و هەموو ویســـتویانە بەشـــێك لە هێزەكەی یەكیتی جیابكەنەوە و بۆ خۆیان لەشـكر دروست بكەن. ئەگەر ڕەئی پێشـمەرگەی یەكێتیتان ئەوێت ئەوەیە كە بۆم نوسیون و من بەش بە حاڵی خۆم ئەو حاڵەتەم پێ خۆش نیە و ئەگەر بەدەست من بوایە و بە حەزی من بوایە پێم خۆشبوو هەموو هێزی پێشمەرگە بە گشـــتی دژی ئەو ڕەفتارەی ســـەركردایەتی یەكێتی بوەســـتانایە و منیش دەنگم بخســـتایەتە پاڵ دەنگیان بۆ ئازادكردنی كاك بەختیار و ئەو هاوڕێ یانە. هەیە لە دڵەوە كاك بەختیاری خۆش ئەویت و دەڵێن یەكێك بووە لە ســەركردەكانی شـۆڕش و كۆمەڵە و یەكێتی و زۆری كردووە بۆ كۆمەڵە. بەڵام بردوو یانەتە مێشـــكیانەوە

كەوا كاك بەختیار ویســـتوویەتی هێز جیاكاتەوە و **نوســـراوەكانی كاك ســـالارو مامۆستا جەعفەر كە گیراون لای كاك بەختیاریش هەر ئەوە دەسەلمێنن** و ئەوەی كە پێ یان دەڵێ وا نیە نیازی جیاكردنەوەی هێزیان نەبووە. دەڵین فەرموون ئەوە نامەو بەڵگەی خۆیان!

دیارە لە بینینەكانی من و كاك بەختیار ئەو وەزعەی ناو هێزی پێشـــمەرگەم پێ نەوتووە. چونكە ئەوان گیراون و لە حاڵەتێكی نەفسی ناخۆشدان. بەڵام بە پێویستم زانی ئیوەی لی ئاگادار بكەم. ئێســـتا خانویەكیان دروســـت كردووە لە هەڵەدن بە شێوەیەك حمام و توالیت و هەمو شتێك لە ناو خانوەكەدایە. بیان بەنە ئەوێ و بەو حسابە ئەگەر كاك بەختیار و شێخ عەلی بیانەوێت خێزانەكانیشیان لەگەڵ بێت و لەو خانوەدا دەست بەسەربن. بەڵام شوێنی حەراسەت و شتی لەو بابەتەیان هەر لە ناو خانوەكەدا كردووە. نیازی بەردانیان نیە بەم نزیكانە. دەڵێن كاتێ بەریان ئەدەین كە ئیتر مەترســـیان نەمابیت كە هیچیان پێ دەكرێت. **بە نیازی ئەوەن لەگەڵ پارتی وحزبی شـــیوعی پێك بێن، ئەو كاتە لەگەڵ ئێوە قســـە بكەن**. ئازاد هەورامی لای من بوو، ووتی **مذكرەكەی ئالای شـــۆڕش** بۆ مام جەلال وایان حســـاب كردووە كە ئەوە شـــەڕە جوینەو وتویانە هەتا رەئیان لەســـەر یەكێتی نەگۆڕن و وەك دۆســـتانە نەیەنە پیشـــەوە ئیمە لەگەڵیان دانانیشین. جا ئێوە هەقە بیر لە وە بكەنەوە كە ئیتر بەم نزیكانە ئەو برادەرانە بەرنادەن و هەوڵی چارەسەری تر بدەن. ئەگەر بۆتان ئەكرێت و بۆتان دەســـت ئەدات نەرمتربن لەگەڵیان. من نالێم واز لە قەناعەتەكانی خۆتان بهینن. بەڵام ئەگەر بتانەویت ئەو برادەرانە ڕزگاریان بیت ئەو شـــێوە نووســـینانەی ئێوە بۆیان تونـدتریـان دەكـات. كـاتێ من لەوێ بووم لە ئـاخر دوو ڕۆژدا كەوتنە گومانەوە لە من كە گوایە نیازی دەربازبوونیان هەیە بە ڕێگەی هەڵاتن و بە غەیرە مباشـر پێ یان ووتم و حەراسـەت و شـتیان لەسـەر تونـدتر كردن. منیش بە عاجزی گەڕامەوە و ڕوناك ئەو شەوە لەو ناوە بووە. ئاگادارە كە هەمو پێشمەرگەیان خستە ئینزارەوە. تەنها وەعدیان بە ئێمەدا كە ژیانیان پارێزراوەو بەریشـــیان ئەدەن. بەڵام كاتێ كە خۆیان قەناعەتیان كرد كە ئیتر بەریش بن هێزیان پێ كۆ ناكرێتەوە.

مەترســـی ئەمەم هەیە كەوا اضـــراب بكەن لە نان خواردن و ئەگەر ئەوەبكەن ڕەنگە هەبێت پێی خۆشـــبیت بمرن و بروانتان هەبێت تەئسـیری نابیت و حزبی دیموكرات ئەوەندە شـــتەكەی بە گرنگ نەگرتووە، كۆمەڵەی ئێرانیش من و كاك ئازاد قســـەمان لەگەڵا كردن، خۆیان وەزعیان لەگەڵ یەكێتی هێندە باش نیە هەتا یەكێتی گوێ لە قسـەیان بگرێت. وەزعی ناو پێشـمەرگەشـم بۆ باس كردن. ماوەتەوە ســـەر كۆمەڵانی خەڵـك، حەز ئەكەم نموونەی خۆمانتـان بیر بخەمەوە كـاتێ لە هەكاری هێزێكی هەشت سەد پێشمەرگەیی كە باشترین كادرە عەسكەریەكانی ئەو ســـەردەمی شـــۆڕش و یەكیتی تیدابوو، هەمووی بەدەســـتی پارتی و بە پیلانی پارتی

فەوتاو لە ناوچو، ئێمە هەموو گیراین، شـــەهیدان كاك علی عەســـكەری و دكتۆر خالید و شێخ حسێن و....بە ئەسیری كوشت، كاك ئازاد هەورامی و شێخ عەلی و شـــەهید عەلی شـیعە و كاك حامیدی حاجی غالی یەك ســاڵی ڕەبەق لە ناو بەفرا لە ســجنی پارتی مانەوە، ئەو هەموو نوســینە لەســەر پارتی نوســرا، بە ئێســتگە، بە بڵاوكراوەی نەێنی و ئاشكرا، لەسەر دیوار نووسین، چی پێویست بوو كرا، لە كام شوینی كوردستان جەماوەر خۆپیشاندانێك یان مانگرتنێكی كرد دژی سەركردایەتی پارتی ئەو سەردەمە؟

هاوڕێ یانی بەڕێز من ئەمانەتان بۆ نانوســم كە تا هەموو تووشـــی یەئس ببن و بڕواتان هەبێت بە قەدەر ئێوە و بگرن زیاتریش پەرۆشـی ژیانی ئەو هاوڕێ یانەم و تەنیا مەبەســـتی من ئەوەیە كە بە خۆڕایی تیا نەچن و ئیوەیش لای خۆتانەوە بیر بكەنەوە.لەگەڵ كاك ســـالارو ئەو برادەرانە تەنســـیق بكەن. بە ڕەئی من ئەگەر وابكەن پارتی و حشع بە تایبەتی و جود بە گشتی بیكەنە شەرت لەسەر یەكیتی كەوا ئەوكات لەگەڵ یەكێتی دائەنیشـن ئەو برادەرانە ئازاد كرابن و ئەوەم بیرچو بۆ كاك ســـالاری بنووســـم و تكام وایە كە ئێوە بۆی بنووســـن و بڵێن ڕەئی عمر وایە و لە نامەكەی خۆیدا بیری چووە بۆتانی بنوســـن. ئەگەر جود فعلا دۆســـتی ڕاســـت و ستراتیجی ئاڵای شۆڕش بێت ئەبێت ئەمە بچوكترین داوای بێت. ئێستا یەكیتی زۆر مەبەســـتی نزیك بونەوەیە لە پارتی و حزبی شـــیوعی و من قەناعەتم وەهایە ئەوە وەســـیلەیەكی باشـــە بۆ زەغت دڵنیایش بن چی بە من بكرێت دەیكەم بۆ ڕزگار كردنیان. حالیا هیچ نزیك بونەوەیەك لە نێوان یەكیتی و ڕژێم نیە و من ئەوەی پێشترم بۆیە نەنوسی بۆتان كە گوایە بە نیازبم ئەمجارەش لە وەفدی مفاوض دا بم و ئێستا من ئینسانیكم بی لایەن و دۆستی هەموان و یەكیتی پێویستی بە ڕەئی من نیە لەسەر گفتوگۆ و منیش بە نیازم ئەمجارە نە بە چاك ، نە بە خراپ لەمەڕ مەسەلەی گفتوگۆ ڕەئی نەدەم و قسە نەكەم.

تكام ئەوەیە ئەو نامانەی من بۆ كاك ســالارو مامۆستا ســەلام و كاك فەرەیدون حەمەســاڵح لەگەڵ پۆستی خۆتاندا بۆیان بنێرن و دوا تكایشم ئەمەیە ئەو ئیقتراحەی من ئەگەر خۆیشـــتان بە دڵتان نیە هەر بە ناوی منەوە بۆیان بنووســـن و دڵنیام كە تەئسیری ئەبێت و **ئێستا پەیوەندی نامەو نوسین لە نێوان پارتی و حشع لە لایەك و مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی لە لاكەی تر هەیەو ماوەیەكی تر ئەگاتە لقاء و یەكتر بینین و با ئەمە شەرتی پارتی و لایەنەكانی جود بێت.**

هەربژین و سەركەوتووبن

دڵسۆزتان

عومەرعەبدوللا

١٦-١٩٨٥/١٢/١٧

لە بەرواری ١٢/١٢/ ١٩٨٥ ســـێ كەس لە زێوێ ی ئێران بە نهێنیەكـانی (صـادق-عماد ئەحمەد) و (وەستا ئەنوەر-كریم عوسـمان) و (سـیروان). نامەیەكیان ئـاراســـتەی مەلا بەختیـار كردبوو لە وەڵامی نـامەیەكی مەلابەختیـاردا كە بۆیـان نێردرابوو لە زیندانی یەكێتی یەوە ئەمەش دەقی نامەكەیە:

نامەیەك لە زێوەوە بۆ زیندان

هاوڕێ ی زۆر بەڕێزو خۆشەویستمان كاك بەختیار

گەرمترین سڵاوی هاوڕێ یانەو وەفاداری و خۆشەویستیت پێشكەش ئەكەین..

نـامە زۆر بە نرخ و پڕ لە ڕەئی مەعقولەكەتمـان پێ گەیشـــت و كردمـانە سـەرچاوەیەكی گرنگی كارو بۆچوونی سیاسـی مان...هەرچەندە تۆ دیلی سیاسـەتی دژ بە دیموكراســی و ئازادی ســەرانی (ی.ن) ی بەڵام هەموو ڕەئی و پێشــنیارو بۆچوونەكـانـت لای ئێمە هەر هەمـان ڕەئی و پێشــنیـارو ئەمری ســەركردەی خۆشەویستی(پێش بەندیخانەی ڕەفتار فاشیەكانی) خۆمانە.

هاوڕێ ی تێكۆشەرمان.. بە پێویستی ئەزانین بەم نامەیە وەزعی ئێرەو خۆمانت بە كورتی بۆ شی بكەینەوە و هەڵبسەنگێنین:

١-دەربارەی هاوڕێ كاك ســـالار: هەر لە یەكەم ڕۆژی گەیشـــتنمانەوە بە دووروودرێژی دەربارەی ڕووداوەكە و بیرو بۆچوونەكانی تۆ لەســـەر ئەو ڕووداوە لەگەڵ بیرو بۆچوونەكانی ئێمە و هاوڕێ یانی شـــارو دۆســـتەكانمان و دەربارەی هەڵوێستەمان لەو ڕووداوەو سیاسەت و ئایدۆلۆژی گشتی ئاڵای شۆڕش مناقەشە و لێدوانی تەواومان كرد...لە زۆربەی زۆری بۆچوونە ســـیاســـیەكان و مەســـەلە ئایدۆلۆژیەكاندا لە یەك نزیكین، تا ڕادەی چوون یەكی و ئیتفاقی تەواویشمان لەسەر ئەو مەسەلانە كردووە كە لە دواییدا بۆتی ئەنوسین.

٢-پەیوەندی و هاوكاری چاكمان لەگەڵ لایەنەكانی ناو(جود) هەیە بە تایبەتی حزبی شـیوعی و پارتی و تا ئێسـتە كۆمەكی باشـمان ئەكەن. جگە لەوەی دەوڵەتی دۆسـت وەعدی زۆریان داوە كە پشـتگیری تەواومان بكەن و یارمەتیشـمان بدەن. خۆت چاك لە سـروشـت و تەركیبی ئێرە شـارەزایت. دەربارەی دۆسـتانی لیبی و سوری هەر بەو جۆرەی وەعدی زۆریان داوە و لەم ماوەدا كاك سالار سەری لێدان و زۆر بە ڕێزەوە پێشـوازیان كردبو، وە پیرۆزبایی جیابونەوەكەیان كردوین و زۆر نارەزای خۆیان بەرامبەری شـــەخســـی جەلال تاڵەبانی دەربڕیبوو. جگە لەوەی دۆستانی لیبی بە ڕەسمی دەعوەتی كاك سالاریان بۆ سەردانی لیبیا كردووە، بەڵام چوونی كاك ســالار لەم كاتەدا بە چاك نازانین لەبەر وەزعەكانی ئێرە و بە هیواین مامۆستا جەعفەر بڕیاری گەڕانەوە بدات و پاشان كاك سالار سەفەرەكەی بكات.

٣-وەزعی ناوخۆمان بەمجۆرەیە: هاوڕێ شێخ حسێن و پێشمەرگەكانی و پێشمەرگەكانی كاك فەرەیدون و كاك شێخ عەلی تا ئێستا مقرەكانیان هەر لە سپیارە (لە نزیک چاڵە خەزێنە)وەزعیان چاكەو خانوویان بۆ خۆیان دروست كردووە. كاك جەلالی سەرتیپ و پێشمەرگەكانی وا بریارە لە ناوچەی ئالانی ئێران مقر دابنێن.. كاك هێدی و كاك وەرزێر و باقی هاوڕێ یانی هەولێر هەر لە ئەڵوەتانن. ماوەیەک لەمەوپێش كاک حاجی مەمۆلە ناوچەی بلەو بارزان بوو وا هەواڵە كە لەو ناوچە مقرێكی دانابێت، بەڵام ئێستە دابەزیوە لە ناوچەی دەشتی هەولێرەو پێنج هاوڕێ ی ئەڵوەتانیشی لەگەڵ خۆی بردووە. تا نوسینی ئەم نامەیە هاوڕێ حاجی مەمۆمان نەدیوە و نامەیشمان پێ نەگەیشتووە. بەڵام ئێمە نامەیەكی درێژمان بۆ نووسیوە. لێرەش هەواڵ وایە كە ژمارەیەكی زۆر پ.م گەیشتوونەتە لای هاوڕێ یانی دەشتی هەولێر، بەڵام تا ئێستە دڵنیانین چەندن و كێن. هاوڕێ تەپل و پێشمەرگەكانی گەیشتن پاش ئەوەی لە ناوچەی گەڵاڵی شاربازێر كەوتبونە كەمینی جەلالیەكان و هاوڕێ یەكمانیان بە بریندار گرتبوو(هاوڕێ مستەفا شێخ المارێنی- ناسراو بە هەڵۆ).نامەردانە هەروەک عادەتی هەمیشەیان شەهیدیان كردبوو..هاوڕێ ئاسۆی زەعیف و ئازاد چاوشین و سەلام و سەردار پێش شەش ڕۆژ گەیشتنە لای ئێمە، ئەوانیش كەوتبونە كەمینەوە و هاوڕێ سەلام قۆڵێكی پێكراوە و ئێستە تەندروستی باشە.

پێشمەرگەكانی مقڕی خۆت جگە لە هاوڕییانی هەولێری هەموویان بە سەلامەتی گەیشتن و وەریان زۆر بەرزە...بریار وایە هاوڕێ تەپل و عریف كریم بڕۆنە ناوچەی سوڕێن و مقڕێک دابنێن.

٤-وەزعی سیاسی و ئیداری خۆمان... پاش گەیشتنی نامەكانی تۆو گەیشتنی هاوڕێ ئاسۆی زەعیف كۆبونەوەیەكی (٥) قۆڵیمان كردو ئەم بریارانەی خوارەوەمان دا:

*-<u>دانانی لیژنەیەكی كاتی بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی</u> كردنی ئیش و كارەكانمان، بە بێ ئەوەی سیفەتی ئەڵقەی ناوندی نوسەران یان سەركردایەتی بەو لیژنەیە بدرێ، لیژنەكە ناونرا لیژنەی سەرپەرشتی(اللجنة المشرفة)كە لەم هاوڕێ یانە پێک هاتووە. كاک سالار. مامۆستا جەعفەر(هەوڵ درا بگەڕێتەوە)، حاجی مەمۆ، كاک عماد، كاک ئاسۆی زەعیف، كاک كریم عوسمان، مامۆستا سلام.. هەروەها ئەوەیش باس كرا كە كاک سالارو حاجی مەمۆ ئەڵقەی ناوەندی نوسەرانن و لێ پرسراوی هەمومانن. كارەكانی ئەم لیژنەیەش بەمجۆرە دابەش كرا: كاک سالار لێپرسراوی لیژنەی كاروباری پێشمەرگایەتی، مامۆستا سلام سەرپەرشتی كەری پەیوەندیەكان، كاک عماد سەرپەرشتیكەری ڕێكخستن، كاک كریم عوسمان سەرپەرشتیكەری اعلام و رۆشنبیری.. كاک ئاسۆ یارمەتی دەری بەشی ڕێكخستن

و پەیوەندیەكان و دارایی و...كاك حاجی مەمۆ كارگێڕی لیژنە.. بریاریش دراوە كە هەموو بریارو كاروبارەكان ئەم لیژنەیە بیكات و دەنگدانیش بۆ هەموان یەكسان بێ.

*-وا بریارە كە هەوڵی تەواو بدەین بۆ دەركردنی گۆڤاری ئالّای شۆڕش پاش ئەوەی (تآشیری) ژمارە یەك ئەكەین.

*- لەسەر مەسەلە ئایدۆلۆژیەكان بەمجۆرە اتفاقمان كرد: جاری مەسەلەی سۆڤیەت لە نوسراوو بلّاوكراوەكانماندا باس نەكەین تا گرتنی كۆنفرانس، بەلّام ئازادی بیروڕا بۆ هاوڕێ یانمان ئاسایی یە بە مەرجێك ئەو بیروڕایانە لە سنوری ڕێكخستن دەرنەچن.. لەسەر مەسەلەی حزبی شیوعی وا بە چاك ئەزانین لە نوسراوو بلّاوكراوەكانماندا نە بە چاك و نە بە خراپ باسیان نەكەین.

*- هەوڵ بدەین كە بە هۆی بلّاوكراوەی زەم و ئاشكراوە لەگەڵ دەوڵەتی دۆست نەكەوینە ناكۆكی یەوە و ڕێگە نەدەین بەو هۆیەوە گیروگرفت بكەوێتە نێوانمانەوە. ئەمەیش بەو مانایە نیە كە بە هیچ جۆرێك و تۆسقاڵی لە بیرو باوەڕو بۆچوونەكانمان لابدەین، بەڵكە تەنیا خودداری یە لە هەندێ سەروتارو ناونیشانی زەق. بۆیە وا پێویستە ئەكات كە ئێوەش ئاگاداری هاوڕێ یانی شار بكەن لە هەندێ مەسەلەدا ئاگاداری زروفی ناسكی ئێمە بن.

*-بریارمان دا تا گرتنی كۆنفرانس نەچینە ناو هیچ بەرەیەك، بەلّام باشترین و چاكترین پەیوەندی دۆستایەی و هاوكاری لەگەڵ هەمو لایەنەكان(پارت و ڕێكخراوە كوردستانی و عێراقی یەكان) ببەستین، لەسەر ئەم پرنسیپانەی(ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق، باوەڕبوون بە ئازادی و دیموكراسی سیاسی و عەسكەری لەسەر ساحەی كوردستانی عێراق و عێراق دا، دژایەتیكردنی شەڕی ناوخۆ).

*-بێ گومان ئەو بریارەش بریاری هاوكاری (ی.ن) یش دەگرێتەوە، بەلّام بۆ هەر ڕێك كەوتنێك لەگەڵ ئەوان مەرجی یەكەممان بەردانی ئێوەیە.. جگە لەوەی وامان بە چاك زانی (هەروەك ڕەئی خۆت)كە مەسەلەی چارەسەری سیاسیانە لەگەڵ ینك بۆ بەردانی ئێوە لەم قۆناغەدا بخرێتە ئەستۆی شارو خۆیان چ تاكتیكێك بە چاك دەزانن با بیكەن. ئێمە بەو چارەسەرە سیاسیانە ڕازین بە مەرجیك سەربەخۆیی سیاسی و ڕێكخراوەیی و جیابونەوەكەمان پارێزراوبیت...بریاریشمان وادا كە لەم قۆناغەدا استفزازی عسكری ینك نەكەین تا نەیكەنە بیانوو بۆ دەست درێژی كردنە سەر ژیانی ئێوە...جگە لەوەی بۆ ڕزگاركردنی ئیوە لە چەند ڕێگەیەكی تر دواوین و بریاریشمان داوە ئەگەر ئەوانە جورئەت بكەن و دەست درێژی بكەنە سەرژیانی ئێوە ئەوا ئێمەش ژیانی سەرانیان لە ناو ئەبەین.

*- بریارمان دا مۆرێك بە ناوی ئەم لیژنەیەوە دروست بكەین، هەروەها مۆرێكیش بۆ شار.

*- پێمان چاكە كە لەم كاتەدا هاوڕێ یانی پێشـــمەرگەمان بە ژمارەی زۆر لەم نـاوچەوە نەیەنە ئەمـدیو. بە مەرجی بتوانن لەودیو بمێننەوە و چەک نەکرێن و نەگیرێن. خۆ ئەو هـاوڕێ یـانەی امکـانی مـانەوەیـان نەمـاوە ئەوا بەخێر هـاتنیـان ئەکەین. بەڵام داوا لەو هاوڕێ یانە بکەن با هەوڵبدەن بە چەکەکانیانەوە بێن.

*- **وەزعی دارایی مان ئێستە چاک نیە**، بەڵام ئەوەندە هەیە پەک ناکەوێ و کاک سالار هەرچۆن بی بەشی ژیانمان بۆ دەبر ئەکات و هیواشمان وایە پاش سەفەرەکەی کاک سالار وەزعمان باش بێت.

*- مقری ئەو لیژنەیەمان لە زێوێ داناوە.. پێشـمەرگەکانی مقڕی تۆ لای خۆمان دەهێڵینەوە، (طابعەو ڕۆنیۆ)مان پەیدا کردووە، وا بڕیارە جیهازێکی فۆتۆ سنتێنسڵیش پەیدا بکەین.

*- داوامان وایە کە بە هاوڕێ یانی شـــارمان ڕابگەیەنن زوو زوو نامەمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا بتوانین (تنسیقی) تەواو بکەین و هەموومان پیادەی یەک سیاسـەت و یەک ئـایدۆلۆژی بکەین...داواش لەو هـاوڕێ یـانەمـان بکەن کە توانـای مقـالە نوسینیان هەیە قەڵەمەکانیان بخەنە گەر تا بتوانین بەردەوام گۆڤارەکەمان دەرکەین.

*- وەزعی ئەوروپـا : هـاوڕێ یـانمـان لە ئەوروپـاو ئەمریکـا کەوتونەتە کـارو ژمارەیەکی چاک خەڵکیان بۆ خۆمان ڕاکێشـاوە و توانیویانە سـیاسـەتی ینک ڕسـوا بکەن و ڕاستی یەکان لە خەڵك بگەیەنن.. ئەو بەیانەش کە لێرە دەرمان کرد بە ناوی (تاوانیکی گەورەتری ســەرانی یەکێتی نیشـتمانی) بۆ هەموو ئەوروپاو ئەمریکامان ڕەوانە کردو داواشـــیان لیکراوە بە زمانەکان وەربگێردرێت..هیوادارین ئەو بەیانە ت پێ گەیشـــتبێ. بە لای ئێمەوە زۆر ناوەرۆکیکی چاک و بەهێزی هەبو. بە ناوی ئاڵای شـــۆڕشـــەوە بڵاوکرایەوە...کوردســـتانی عیراقی بە بچوکی لی نوســـرابو بۆ ئەوەی پـارت و ڕێکخراوەکـان و دەوڵەتـان بزانن ئـاڵای شـــۆڕش لە کوێ خەبـات دەکـات. چونکە کرا بە عەرەبی و نێردرایە بـاڵوێزخـانەی ســـوری و لیبی.. ئیتر لەمەولا هەر ئیشێک دەربچێ تەنیا بە ناوی (ئاڵا شۆڕشەوە) دەبێ.

*- بریارمان دا پاش جێگیربونی هاوڕێ یانمان لە بنکەکانیاندا، کۆبونەوەیەک بە کادرانی عەسکەری بکەین و تشکیلاتی عسکری تەواوبکرێت.

ئەمانە پوختەی بریارەکانی کۆبونەوەی یەکەمی لیژنەکە بوو لە زێوی لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٩ کرا.

هاوڕێ ی خۆشـــەویســـت : وەزعی (جود) و ینک بەم جۆرەیە.. ینک نوێنەری ناردۆتە لای (جود) داوای ڕێکەوتن دەکات.. نوێنەرەکە ڕفیق پشـــدەری یە.. (جود) دەڵێن لەبەر چەندین هۆ ئامادەنین لەگەڵ ینک دابنیشین، بەڵام لەوە دڵنیایان کردووین کە هەر ڕێک کەوتنێک ببێ لەســـەر حســـابی ئێمە نابێت، بەڵکە بە ســـودو قازانجی ئێمەش دەگەڕێتەوە..حزبی شـــیوعی بە کـاک ســـــالاریـان ووتوە کە یەکێـک لە

مەرجەكانی ڕێكەوتنیان بەردانی هاوڕێ مەلا بەختیارو باقی هاوڕێ یانی دیلە..ئێمە هەر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ لیژنەی مەركەزی پارتیدا قسەمان كرد و ئەوەشمان بۆ پێشنیاركردن. هیوادارین كە ئەو وەعدەمان بۆ جێ بەجی بكەن..هەربۆ ئاگاداریت حزبی شیوعی لە ١٠تا ١١/١٥/ ١٩٨٥ موءتمریان بەست. بریارەكانی موءتمرەكەیان چاكەو دووباتی (خەبات بۆ ڕوخانی ڕژێم) یان كردۆتەوە.. ڕەخنەی تۆندوتیژیان لە ینك گرتووە و بە تۆندی دژی شەڕی براكوژین و داوای هاوكاری و هاوخەباتی هەموو موعارەزەی عیراقی دەكەن.

هاوڕێ ی هەمیشە لە یادمان.. ئەمانە هەموی بریارو هەوڵدانن، لە پێناویشیاندا خەبات دەكەین و هەمو توانایەكی خۆمان بۆ سەرف دەكەین. جا تا چ ڕادەیەك سەركەوتو دەبین، تا چ ڕادەیەك ئەو كارانەمان بۆ ئەچنە سەر، ئەوە پەیوەندی یان بە زروفی سیاسی ئێرەو لای ئێوەو شارەكانەوە هەیە، پەیوەندی تەواویشی بەسەر بونی سەبرو پشوودرێژی و تەبایی وخۆ ماندووكردنی هەموو لایەكمانەوە هەیە. بێگومان سەركەوتنیش هەر بۆ ئەم ڕێبازە پیرۆزو دروستەی ئێمەیە و سەرشۆڕی و تێك شكانیش بۆ دوژمنانی ی ئازادی و دیموكراسی و سازشكارانە.

لە كۆتایی دا سڵاوی گەرمەمان دوبارە دەكەینەوە بۆ ئێوەی خۆشەویست و مامۆستا پشكۆ كاك شێخ عەلی، كاك نەبەز و هەموو هاوڕێ یانی ترمان و بە پەرۆشەوەین بۆ ئەو ڕۆژەی بە سەلامەتی بە یەك دەگەینەوە.. كاك سالارو مامۆستا سلام و باقی هاوڕێ یان سڵاوو ڕیزی زۆریان بۆتان هەیە.

ئیتر سەركەوتووبن

هاوڕێتان	هاوڕێتان	هاوڕێتان
صادق(عماد احمد)	وەستا انور(كریم عثمان)	سیروان

زێوێ
١٩٨٥/١٢/١٢

<u>تێبینی</u>:

هاوڕێی بەڕێز.. لە نامەیەكدا كە بۆ كاك سالارت نوسیبوو، گلەییت هەبوو كە ئەمان بە تۆندی لەسەر سەرانی ینك قسەیان كردووە تا ڕادەی هەڕەشەكردن لە ژیانی تاڵەبانی.. بەڵام كە ئێمە گەیشتینە لایان ئەمان چەندین جار لە ئێمە هێمن تر بون و داوایان ئەكرد بە پشوودرێژیەوە ئەم مەسەلەیە سەیربكەین، ئەوەبو كلێشەی بەیانەكەمان نوسی بوو(تاوانێكی گەورەتری...) كە بە لای ئێمەوە زۆر لەسەرخۆو دووربینانە بوو..تەنانەت ئەمانیش ڕەخنەیان لە شار ئەگرت كە بۆ لە بەیانەكەیاندا هەڕەشە لە سەرانی ینك ئەكەن.. هەروەك لەم نامەدا بۆمان نوسیت ئیستە سیاسەتێكی واقیعیانە و نەرممان گرتۆتەبەر، بێ گومان دوژمنانیش بە گوێرەی

پەرژەوەندی خۆیان دیعایەمان بۆ ئەكەن و جلال تاڵەبانی كردوویەتی بە فەرتەنە كە گوایا كاك ســالار دەیكوژێ. بەڵام مەســەڵەكان بەو جۆرە نیە. جا تكامان وایە كە دڵنیابن لە نەرمی ئەو هاوڕێ یانە.

ئیتر سوپاس

زێوێ
١٩٨٥/١٢/١٢

یەكەم پەیوەندی من بە سالار عزیزەوە

دكتۆر قادرو مەلا یاسین لە زێوێ ی ئێرانەوە بە نهێنی یەكی زۆرەوە گەیشتنەوە شاری هەڵەبجە، كاتێك هاوڕێ هەورامان(محمد حاجی حەمە شریف) كە بەرپرسی ڕێكخستنەكانی هەڵەبجەی ئاڵای شۆڕش بوو ئاگاداری كردمەوە، چووم بۆ هەڵەبجە بۆ بینینیان. زۆر بە وردی باســـی كێشـــەكانی زێوەیان بۆ كردم...كە لە ئەنجامی تێكەڵبوونی ئاڵای شــۆڕش و (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردســتان –عێراق) هاتبووە كایەوە..

ئەو كارەســاتەی بە هۆی خۆشــباوەڕی و..ناوەندی نوســەرانەوە بەســەر ئاڵادا هاتبوو لە سەرەتای دەست پێكیا و گرتنی ئەو سێ هاوڕێ یەوە، چارەیەكی تری بۆ نەهێشـــتبووینەوە لە غەیری هەوڵدان بۆ خۆگونجـاندن لەگەڵ بـارودۆخە نوێ یە نەخوازراوەكە لە گەڵ ســالار عزیزدا، بۆ ئەوەی لانیكەم هەر هیچ نەبێت، بە پێ ی پەیمانەكانی بۆ مەلابەختیار هەڵســـێت بە دابینكردنی ژیانی ئەو هاوڕێ یانەی بە هۆی پەلاماری یەكێتی یەوە پەنایان بردبووە زێوی ی ئێران ..نامەیەكم سەبارەت بە ڕوداوەكانی دوایی، هێرش و پەلامارەكانی ینك بۆ ســەر ئاڵای شـۆڕش بۆ نووســی بەم جۆرە :

نامەیەك لە كۆمیتەی سەركردایەتی ناخۆ بۆ سالار عەزیز
كرێكارانی جیهان یەكگرن

هاوڕێ ی زۆر بەڕێز كاك سالار
سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم

لەگەڵ گەرمترین ڕێزو ســڵاوی ڕیزەكانی ڕێكخســتن بۆ هەموو هاوڕێ یان، وا لە خوارەوە لە سەرجەمی وەزعەكە ئاگاداری بەریزتان دەكەینەوە:

دەزانن لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی باڵادەستی ئیمپریالیزم و كۆمپانیا فرە ناسنامە جیهانی یەكاندا و بە پێ ی پێگەیشـــتنی بۆرژوای ئەم وڵاتە دواكەوتوانە و گەلانی ژێر دەستیاندا، لە باوەشـی ئیمپریالیزم...هەر لە سەرەتای نەش و نمایەوە بۆرژوای ئەم وڵاتە دواكەوتوانە بە ئیفلیجی و نـاكـاملّی هـاتوتە كـایەوە. گرێدراویی ئـابوری بۆرژوای وڵاتە دواكەتوەكان بە ئیمپریالیزمەوە، بووە هۆی لەدەســـت چوونی هۆی

بنەڕەتی مل ملانێ ی پێشكەوتوو، پێگەیشتن و وابەستەیی بۆرژوا بە ئیمپریالیزمەوە سیفەتی ئازادیخوازی و دیموكراسی خوازی پێ لە دەست دا.. ئەوەش یەكێكە لەو هۆكارە سەرەكیانەی كە حزبە بۆرژواكانی كورد لە باتی بەهێزكردنی ئازادی و دیموكراسی وكار بۆ بەهێز كردنی یەكێتی ڕیزی نەتەوەیی هەمیشە لە خانەقای داگیركەرانی كوردستاندا دەف دەكوتن، بەڵام ئامادەی سەڵماندنی كاری هاوبەشی نەتەوەیی نین. بەو جۆرە بۆرژوا لە ڕووی چینایەتیشەوە...بووەتە جێ بەجێكەری مەرامە ئیمپریالیستی یەكان..لە ڕووی سیاسیشەوە نەسەڵماندن و دژایەتی ئازادی و دیموكراسی و پاوەنخوازی بۆ دەسەڵاتی زیاترو قازانجی زیاتر، لە ڕێگەی پەنابردنە بەر سیاسەتی گرتن و كوشتن و تۆقاندن، دیوێكی تری سیفەتەكانی بۆرژوای وابەستە بە ئیمپریالزیمە...

دیارە سروشتی بۆرژوا كۆنەپەرستی سەركردایەتی یەكێتی وەك لایەنی بۆرژوا كۆنەپەرستی دەسەڵاتداری سەرساحەكە لەو حەقیقەتە بەدەر نیە. ئەوە تا، لەو هێرشەی بۆسەر هاوڕێ یانمان، لە سەوداكاری لەگەڵ بۆرژوا فاشست و كۆنەپەرستەكانی دەوڵەتیدا، لە دژایەتی ئازادی و دیموكراسی، لە بە تەنگەوە نەهاتنی ئەو چارەنووسە پڕ مەترسی یەی ئەمرۆ لەسەر گەل و نیشتمانە، لە تووندكردنی شەڕی ناوخۆی كۆنەپەرستانەدا، ڕەنگی داوەتەوە.. كار گەیشتۆتە ئەوەی لەسەر ساحەكە خاوەنی قسەی خۆشیان نەبن.

لە بەرامبەریا ئێمەی كۆمۆنیست، هەر لە سەرەتاوە وەك سروشتی شۆڕشگێڕی خۆمان تەنها لایەن بووین كە بە ڕاستی خوازیاری ئازادی و دیموكراسی بووین، چونكە لەوەدا گەشەی بزوتنەوەكەمانی تیا دەبینین و دورمان دەخاتەوە لە كێشەی لاوەكی. بێجگە لەوەی هەر لەو ئازادی و دیموكراسی یەدا ڕێگای كۆتایی هێنان بە شەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆی كورد دەبینین.

بەو پێ یە، لەو سروشتی ئازادیخوازی و دیموكراسی خوازیەی خۆمانەوە چووینە پێشەوە بۆ تەبا بوون لەگەڵ گشت لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكانی سەرساحەكەدا بە مەبەستی(یەكخستنی كار)لە دژی ڕژێمی بۆرژوا كۆنەپەرست و فاشستی بەغدا.

هەر لە سەرەتاوە باوەڕمان وابووە، كە دەبێت كۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەكان كار بۆ بەرقەراربوونی ئازادی چالاكی سیاسی و عسكری گشت لایەنەكان بكەن. جەماوەرو گشت لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكانیش فێری چۆنیەتی موماڕەسەی دیموكراسیانە بكرێت، دیارە لەو بەینەدا كۆمۆنیستەكان دەبێت قدوە بن. چەندە سروشتی كۆنەپەرستی بۆرژواش تووندوتیژ بێت لە دژایەتی ئازادی و دیموكراسی. دەبێت كۆمۆنیستەكان سوورترو شێلگیرانەتر كار بكەن بۆ بەرقەرار بوونی ئازادی و دیموكراسی و كۆتایی هێنان بە شەری كۆنەپەرستانەی ناوخۆ. چونكە لە ئاست

سـروشـتی چینایەتی نادیموكراسـیخوازی بۆرژوا، ئەمرۆ ئەركی بەرقەراربوونی ئازادی و دیموكراسی لە ئەستۆی كۆمۆنیستەكاندایە.

ئەوە سـروشـتی كـاری ئێمە بووە. هەربۆیە توانیومـانە لە نـاو جەمـاوەری زەحمەتكێشـی كوردسـتانی عێراقدا جێ ی خۆمان بكەینەوە و هەسـت و سـۆزیان ڕابكیشـین بە لای بزوتنەوەكەماندا و لە بەرامبەردا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سـیاسـەتی كۆنەپەرستانەی بۆرژوایی سەركردایەتی ینک پەردەی لەسەر هەڵماڵدرێ. سیاسەتە دژ بە ئازادی و دیموكراسیەكانی تا دیت سوكی دەكات و لە جەماوەری دادەبڕێت.

هاوڕێ یانی نمایندەمان زۆر بە دڵپاكی و دڵسـۆزی یەوە لە یەكێتی چوونە پێشـەوە بۆ ڕێكەوتن لەگەڵیان ودابین كردنی ئازادی چالاكی سـیاسـی، بەڵام بێ حسـاب كردن بۆ پیلانەكانی ژێرەوەی سـەركردایەتی كۆنەپەرسـتی یەكێتی. پاش ڕێكەوتنی ١٩٨٥/١٠/٢٤نێوان یەكێتی و ئـاڵای شـۆڕش، دیـاربوو دەمێـك بوو یەكێتی نەخشـەی شـاڵاوی خۆیان بۆ سـەر هاوڕێ یانمان ئامادە كردبوو. پێشـەكی بە ئێستگەكەیان و بلاوكراوە ڕێ خۆشـكەریان بۆ كرد. لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێ یانمان هیچ ئیحتیاتێكیان بۆ ئەو هەڕەشە ڕاستەوخۆیانە نەكردبوو، هێلانەیان لەبەردەم كونە ماردا كرد.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ شـوكت حاجی موشـیر و ڕۆسـتەم لەگەڵ (جبار فرمان) لە تەكیەی قرداخ چوونە سـەرماڵی هاوڕێ مەلا بەختیار و نۆ ئاربی جیان لە دەوری ماڵیان دامەزراند، جبار فرمان هاواری دەكرد بیكوژن، بیسـوتێنن. ویژدانی هەندێ پێشـمەرگەی وەك كاك وەهاب و كاك حامد حاجی خالید جوڵا، توانیان بە سەلامەتی لە ماڵ بیهێننە دەرو نەكوژرێ. لەگەڵ م.پشكۆ بە دیلی شوكت بردنی بەرەو شـیوی قازی، ئەو دوو پێشـمەرگەیە(وەهاب و حامید)لەگەڵ كاك بەكری حاجی سـەفەر لەگەڵی چوون، لە ١٩٨٥/١١/٥ برانە ئاوایی حەمەی كەرەم، لە ١٩٨٥/١١/٩ برانە مێوڵی. لەو ڕۆژەدا نامەیەكی مەلا بەختیارمان پێگەیشت.

لەوێ شـوكت حاج موشـیر وەك كاك بەختیار خۆی نووسـی بووی(بە نەزاكەتەوە!!)كاك بەكری حاجی سـەفەرو كاك وەهاب و كاك حامیدی دوور خسـتبۆوە، لە هەمان كاتیشـدا هەریەكە لە هاوڕێ یانمانیان بە جیا زیندانی كردبوو. لە ١٢لەسـەر١٩٨٥/١١/١٣برانە یاخسـەمەر، ماوەیەكی كورت مەلا بەختیار لەگەڵ جلال تاڵەبانی كۆبۆتەوە. بە پێی نامەی كاك بەختیار(كە بە پێێ توانا هەوڵمان دا پەیوەندیمان پێیانەوە نەپچڕێت)كورتیەكەی، ڕازو گلەیی بووەو جلال هەڕەشـەو گوڕەشـەی كردووە. گوایا ئێوە ویسـتوتانە هێز جیا بكەنەوەو نامەی كاك سـالار گیراوە. پاشـان هێناویانەتە دەرەوە و بێ ئەوەی هەریەكەیان بزانێت ئەوی تر لە كوێ زیندانە یەكێكیان لە پشت ماڵی فەرەیدون عبدالقادر و ئەوی تریان لە بەرامبەر ماڵیان هەر یەكە لە ژووری ماڵێكدا زیندانی كراون. كەس و كاریان كاتێ چوون بۆ

مواجەهەیان لە پێشـــدا چوونەتە مـاڵی فەرەیدون عبدالقادرو داوای مواجەهەیان كردووە، ئیبراهیم جلال وتوێەتی فریدون دەزانێ و ئەمیش وتوویەتی بە دەســـت ئیبراهیمە! پاشان ئیبراهیم ڕێ ی نەداون بچن بۆ شوێنەكەی م.پشكۆ و مامۆستایان هیناوە بۆ ماڵی فەرەیدون. بە مواجەهە كەرەكانیان وتووە قســـە نابێت بە هێواشـــی بكەن و نابێت لە نزیک یەكیشـــەوە دانیشـــن. بە كورتی ماوەی قســـەوباس نەبووە، چونكە ئیبراهیم و فەرەیدون لە نێوان مامۆستاو مواجەهەكەرەكاندا دانیشتوون.

پاشـــان چوون كاك بەختیار ببینن، كە ماوەی پێنج دەقیقە لەولا ماڵی فریدون زیندانی بووە، لەو ماوە كورتەدا چەندین جار تەفتیش كراون. بە مەرجێ ئیبراهیم جەلالیشیان لەگەڵ بووە، ئەوەی بە دەمیاندا هاتووە بە چەكدارەكانی جەلالیان وتووە، ئیبراهیم وتوویەتی لێیان مەگرن دڵیان گەرمە. كە گەیشـــتوونەتە بەردەمی ژووری زیندانەكە، ئیبراهیم جەلال بە چەكدارەكـانی وتووە كلیلەكەم بۆ بێنن، وتوویـانە لە گیرفـانی خۆتـدایە. پێش چوونە ژوورەوەش بە مواجەهەكەریـان وتووە لە نزیكی نابێت دانیشـی و بە هێواشـیش قسـە نەكەیت، وتووشـیەتی مەحكەمەی عشـائریان بۆ دەگرین...لە ژووریشـــەوە ئیبراهیم جەلال لە نێوان مواجەهەكەرو كـاك بەختیـار دانیشتووە. لەوێدا هاوڕێ مەلا بەختیار زانیویەتی كە م.پشكۆ لە ماڵێكی بەرامبەری زیندانە.

لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٥ بەیانێكمان لەســەر شـاڵاوەكەی ســەركردایەتی یەكیتی دەركرد. لە ژێر سەردێری (یەكیتی نیشتمانی تابوری پێنجەمی فاشستەكانێ عێراقە). ئەو بەیانە لە كاتێكدا بوو سـەرانی یەكیتی وایان بڵاوەكردەوە بە گرتنی ئەو هاوڕێ یانەمان ئیتر ئالا تەواو! دەیان ووت ئەوان و هەندێكی تری(وەك هاوڕێ ســـامی - عادل) لەت و پەت و ونجر ونجر دەكەین. توتیەكانی ڕیزەكانیشـــیان ئەو قەوانەی هەڕەشەو گوڕەشەیەیان لە ناو خەڵكدا دەگوتەوە.

بەیانەكەمان بە ڕونكردنەوەی ڕاستیەكان وخستنە ڕووی سروشتی كۆنەپەرستی سەرانی یەكیتی، كاریگەری خۆی هەبوو لەسەر جەماوەر. بە تایبەت بە پێ داگرتن لەســـەر مەســـەلەی دابین كردنی ئازادی ودیموكراســـی بۆ گشـــت لایەنەكانی ئۆپۆزیسـیۆن وەك تەنها ڕێگە بۆ كۆتایی هێنان بە شـەڕی كۆنەپەرستانەی ناوخۆ. مەوقعییەتی ئـاڵای لە نـاو جەمـاوەردا بەهێزتر كردو پەردەی لەســـەر ڕووی شـەڕخوازی سـەرانی یەكێتی هەڵماڵی. توانیشمان بیگەیەنینە شارەكان و قەزاكان و نـاو هێزی چەكـداری یەكیتی و تەنـانەت نـاو بنكەی ســـەكردایەتی یەكێتی...وا نوسخەیەكتان لەگەڵ ئەم نامەدا بۆ دەنێرین.

بۆ سـەرانی یەكیتی دەركەوت كە مەسـەلەی ڕێكخستنی ئاڵای شۆڕش زۆر لەوە ڕیشە داكوتراوترە بە گەردە لولی لەرزۆكی ئەو دژە دیموكراسیانە هەڵتەكێنرێت.

لەسەر ئاستی جەماوەریش هەندێ پیاوانی ئاینی بە نامەو بە چوون بۆ بارەگای یەكێتی نارەزایی خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە سیاسەتی شەڕەنگیزانەی سەرانی یەكێتی، هەرە وەها گەلیک هاوڵاتی و پیاوانی عەشائیرش چوون و داوای ئازادكردنی ئەو هاوڕێ یانە و كۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆیان كردووە.

ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ كە ئەو هاوڕێ یانەمان گیران لەسەر جیهازی بێ تەل فریدون عبدالقادر پیرۆزبایی لە شوكت حاجی موشیر كردووە، لەو كاتەدا ملازم عومەر كە بە بێتەل دەیبیستێت گەلێک قسە بە فریدون دەڵێت، پاشان بە ڕەسمی ئیستقالە دەكات و لێ یان قبوڵ كردووە. لە هەمان ڕۆژیشدا كاك ئازاد هەورامی بە هۆی كاك عومەرەوە دەیبیستێ ئەویش ئیستقالەی ڕەسمی دەكات، بەڵام جەلال تاڵەبانی لێی قبوڵ نەكردووە و وتوویەتی مانگێ پشوو بە، بەڵام ئەم هەر سووربوە لەسەر ئیستقالە.

هەڵویستی دلێری سەید مجید هەلپەرستانەو ترسنۆكانە بووە، لەم ڕۆژانەدا لەو نامەی كە نووسیویەتی بۆ ڕوناک خان دەڵێت: (گوایا پاش موافەقەتی جلال تاڵەبانی دەچێتە لای كاک بەختیار و داوای لێدەكات واز لە سیاسەت بهینێ و عێراق جێ بهێڵی و بڕوا بۆ هەندەران!!) ئێمە ئەو ڕەفتارەی دلێرمان پی سەیر نیە، وەک پیاوی تاڵەبانی.. دیارە هەڵوێستی مامۆستا موحسنیش لەو باشتر نەبووە، چونكە لە ١٩٨٥/١٠/٢٤ئیستقالەی لە ئاڵا كرد، پاش گرتنەكەی هاوڕێ یانیش بە دایكی زیلانی وتووە(نەمگوت جیابوونەوە ئاواتان بەسەردێنی و كەس دەرەقەتی یەكێتی نایەت!!) ئەوە ئەندامی دەستەی نوسەرانی ئاڵای شۆڕش بوو! گەر هەرزوو بنكەی خۆیان لە نزیک و ژێردەستی یەكێتی بگواستایەتەوە بۆ سورێن یا هەر ناوچەیەكی دورەدەستی یەكێتی ئەو كارەساتە ڕووی نەدەدا. دواتریش لە باتی داوای ئازادكردنی هاوڕێ كانمان بە جەلال تاڵەبانیان وتووە مەیان كوژن! لە باتی پێ داگرتن لەسەر ئازادكردنیان. وا ئێستاش بە فیت و نەخشەی تاڵەبانی شانۆگەری ناردنیان بۆ هەندەران دەدەن بە گوێ یاندا تا باری دەروونیان هێندەی تر ئاڵۆز بكەن و بڕوخێنن. لە كاتێكدا دەزانن كە تاڵەبانی نیازی بەردانیانی نیە، لە هەردوو حاڵەتەكەدا ئەو قسانەیان، بوونە كۆسپ لە ڕێگەی ئەو فشارەی ئێمە ویستمان دروستی بكەین لەسەر سەرانی یەكیتی بۆ ئازادكردنی هاوڕێ یانمان.

ئێمە هەر لە یەكەم ڕۆژی بیستنی شاڵاوەكەوە، ئەڵقەكانی ڕێكخستنمان گرێ دایەوە بە یەكەوە چ لە شارەكاندا چ لە قەزاوناحیە و چ لە ناو ڕیزەكانی پێشمەرگەدا...پەیوەندیەكان توندوتۆڵ كران، شێوەی ئیش و كارە ڕێكخراوەییەكانی نێوان شارەكان داڕێژرا و ئوسوڵی داهێنەرانەی كاری نوێ ی بۆ دانراو چەند دانیشتنێک لەو بارانەوە كران. لێژنەی سەرپەرشتی هەر پاریزگایەک بە جیاو پاشان لێژنەی سەرپەرشتی شارەكان دامەزرا...

تعمیم ئاراستەی هاوڕێ یانی پێشمەرگە كرا تا ئەوانەی (ئاشكرابوون)و (مەترسی یان) لەسەرە هەموو بەرەو لای ئێوە بڕۆن. زۆر پێم لەسەر ئەوە داگرت كە هەر كەسێك ناوی گرتن و مەترسی گرتنی لەسەر نی یە نابێت بڕوات و دەبێت لە شوێنی خۆیان بمێننەوە.

لە ناوەوەش توانیمان هەندێ مەفرەزەی پێشمەرگەی ناوشارمان لە هاوڕێ یانی هوشیارو كارامە دروست بكەین بەردەوام تا ئێستاش لە ئامادەباشیدان....لە ناو بەیانەكەشدا بە ئاشكرا ئینزاری راستەوخۆی سەرانی یەكێتی مان كردووە، دلۆپێ خوین لە گیانی هەر هاوڕێ یەكی گیراومان بێت سەركردایەتی یەكیتی تحملی مەسئولیەتی دەكات و زۆر بە تونDی و كاریگەر وەڵامیان ئەدەینەوە. گەرچی ئەوە ریبازو خواست و وویستی ئێمە نیە، بەڵام وەك مافی بەرگری لە خۆكردن ناچارین بە تونDی وەڵام بدەینەوە. دیارە ئێمە بەرپرسەكانی لێژنەی ئیغتیالاتیان(...) و(...)و ئەوانەی خوارەوەیان دەناسین و ناوو ناونیشانەكانیانمان لایە.

بە پێی هەواڵەكانی هاوڕێ (لیدیا- روناكی شیخ جناب) لە لایەن سەرانی یەكیتی یەوە ئاگاداری ئەو بكوژانە كراوە (هاوڕێ سامی عبد- عادل) بكوژن. لەولاشەوە جلال تاڵەبانی بە ناوهێنانی ناوی ثلاثی و عینوانی ئەو هاوڕێ یە لە ناو خەڵكدا لە چەندین شوین كەوتۆتە جنێودان و هەڕەشەی لەت و پەت كردنی ئەو هاوڕێ یە، بێجگە لە سەرچاوەی مەعلوماتی خۆمان، ئەوهەواڵەشمان لە ڕێگەی ملازم عومەر و دایكی زیلانەوە پێ گەیشتووە.

پاش دەركردنی بەیانی ١٩٨٥/١١/٥ هستیریای جلال تاڵەبانی گەیشتۆتە ڕادەیەك هەڕەشەی كوشتنیشی لە هاوڵاتی كاك فوءاد قەرەداخی كردووە، (دیارە وای زانیووە ئاڵای شۆڕشە!) لە لایەن خۆمانەوە هەواڵمان بۆ ناردووە و ئاگادارمان كردۆتەوە هوشیاری خۆی بێت.

ناوهێنانی ناوی ثلاثی هاوڕێ (سامی- عادل) لە لایەن جلال تاڵەبانی و هەندێكی تریانەوە بێ ڕیشە نیە و دوو لایەنی هەیە: یەكەم گەر هەوڵی كوشتنی سەری گرت ئەوا كۆسپێك كەم دەكەنەوە، گەر سەریشی نەگرت ئەوا بە ناوی ثلاثی هێنانی نا ڕاستەوخۆ ناوەكە دەدەن بە گوێ ی دەزگا سیخوڕیەكانی ڕژێمدا. بە هەرحاڵ ئەو هاوڕێ یە ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە، ئەوەندەی بكرێت و نەبێتە هۆی دواكەوتنی كارەكانی ڕێكخستن.

بۆ ئاگاداری بەرێزیشتان پەیوەندی شارەكان و هێڵەكانی ڕێكخستن لە ڕێگەی هاوڕێ(عادل- سامیەوەیە)، پلان و نەخشەش دارێژراوە بۆ حاڵەتی شەهید بوونی ئەو هاوڕێ یە یا شاڵاو بردنە سەری، تا كارەكانی ڕێكخستن پاش ئەویش ئاسایی بڕوات. پلان بۆ هەموو حاڵەتێك دانراوە.

دیراســـەو كارە ڕێكخراوەییەكان شـــێوەی ئاســـایی خۆی وەرگرتووە، بە چڕی ترکیز کراوەتە سەر دیراسەی ئایدۆلۆژی و پەروەردەی کۆمۆنیستی.

گەلێک نامەشمان لە هاوڕێ یان کاک مەلا بەختیارو شێخ عەلی پی گەیشتووە، دوا نامەی کاک بەختیار لە بەرواری ١٩٨٥/١١/٢٨ بووە و دوا نامە بووە. لە گەڵیدا موزەکەرەیەکی ناردووە بۆمان (دەقی نامە نوسراوەکەمان) بە هاوڕێ مەلا یاسین دا بۆ ناردن. داوای کردووە لە کاتی مانگرتنیان دا چاپی بکەین و وێنەی بنێرینە لای ئەحزابەکان و بە ناو خەڵکیشا بلاوی بکەینەوە. بەڵام تا ئێستا مانیان نەگرتووە، ئێمە وەها مانگرتنیک بە چاک نازانین.

جلال تاڵەبانی لە ١٩٨٥/١١/٢٣ لەبەردەم کاک ملازم عومەر و دایکی زیلاندا داوای کردبوو نوێنەریکی ئـاڵا بچێتە لایـان بۆ بەســـتنی ڕێکەوتنێـک لە گەڵیـان! بەڕێزتان دەزانیت سەرانی یەکیتی لە کاتێک دا شاڵاویان هینایە سەر هاوڕی یانمان کە چەند ڕۆژێک تێ نەپەڕیبو بەسەر ڕێکەوتنی ١٩٨٥/١٠/٢٤. ئەوان بەو کردارە ناجوامێرە یان دەریان خست، نەک هەر دژی ئازادی و دیموکراسین، بەڵکو خاوەنی قسەو پەیمانی خۆشیان نین.

لە کاتێکدا ئەوان هاوڕێ یانی ئێمەیان گرتووە، لە لایەک جلال تاڵەبانی باس لە ئیتفاق دەکات لە لایەکی تریشەوە وتوویەتی ئەوانە بەرنادەین تا هەندێ کاری خۆمان دەبەینە ســەر. بە پێی ئەو مەعلوماتانەی پێمان گەیشـتووە نیازی ئەوەیان بوە و جێ بەجێشیان کردووە، ئەوەی سەر بە ئاڵای شۆڕش بێت و ئەوان بیناسن چەکی بکەن یـا بیگرن، وەک گرتنی هـاوڕێ نەبەز لە ١٩٨٥/١١/١٣. وەکو جلال تـالەبـانی وتوویەتی کاتێک بەریان ئەدەین کەسیان لەگەڵ نەمێنێ. لە ئاست هەڵویست ونیازی ئاوای ســەرانی یەکیتی دا پاش مناقەشــەی لەگەڵ کۆمیتەدا گەیشـتینە ئەو قەناعەتەی کە یەکێتی لە ژێر فشـــاری جەماهیرو بەیانەکانماندا ئەو قســـانە دەکات. ئەگینا لە ڕاستی دا نایەوێ ڕێک بکەوێ.دەیەوێت مناوەرە بکات و کەسانی زیاتری ڕیزەکان کەشف بکات. لە پاش بینینی هاوڕی یانی کۆمیتەی شارەکان بریاری ئەوەدرا کەس نابێت بچێت و **مذکرەیەک بنێرین** بۆ ســـەرکردایەتی یەکێتی و وێنەی بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن.مەرجمان بۆ دانیشتن لەگەڵیآن ئازادکردنی هاوڕێ زیندانیەکانمانە.

ئێمە لە ناوەوە لەگەڵ برادەرانی حشـــع قســـەمان کردووە، هەڵوێســـتیان (لە ناوەوە)زۆر باشـــە، لە یەکەم ڕۆژەوە بە دەمی و بە چڕی ئیعلام دەکەن(وەســـیلەی تریان نیە!)وەک خۆیان دەڵێن!

لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢٣وە ڕێگەی بینینی کاک بەختیار و هاوڕێ یان نەدراوە، مواجەهەیان قەدەغە کراوە. پاش هەوڵێکی زۆر لە ١٩٨٥/١٢/١٧ توانرا مواجەهەی کاک شـێخ عەلی و کاک نەبەز بکرێت(کە بە یەکەوە لەیەک شـوێن زیندانین، بەڵام هێشتا ڕێی ئەوانی تر نەدراو.

بە تەمان لە هەڵەدن خانویەكیان بۆ دروست بكەن بە حمام و تەوالیت و شوێنی حەراسەتەوە و لەوێ حجز بن. ئەگەر كاك بەختیارو كاك شێخ عەلی بیانەوێت خێزانەكانیشیان لەگەل بێت و لەو خانووە دەست بەسەربن. نیازی بەردانیان نیە بەم نزیكانە. جلال تاڵەبانی دەڵێت كاتێك بەریان ئەدەین ئیتر مەترسیمان نەمابیت كە هیچیان پێ بكرێت.. .

یەكێتی بە نیازن لەگەڵ پارتی و حشع پێك بێن... جلال تاڵەبانی **سەبارەت بەو مذكەرەیەی ئێمە** ناردوومانە وتوویەتی: (ئەوە شەڕە جوێنە وهەتا ڕەئیان لەسەر یەكیتی نەگۆڕن و وەك دۆست نەیەنە پێشەوە ئێمە لەگەڵیان دانانیشین). وا نوسخەیەكی مذكەرەكەشمان بۆ ناردن بە هیوای گەیاندنی بە پارتی و حشع و حسك. (ڕای زۆربە لەسەر گۆڕینی مذكرەی یەكەم بوو لەبەر ئەوەی بە تونديان دەزانی . تەنها ڕایّ معارض هاوڕێ سامی بوو كە ڕای وابو مذكرەی یەكەم بنێردرێ و هەڵوێستی لەسەر وەرگیرێ. (وینەی مذكرەی یەكەم) كە نەنێردراوە وا بۆمان ناردن بە هاوڕی مەلا یاسین دا. هەر بۆیە مذكەرەكە گۆڕدرا بەو شێوەیەی وێنەكەیتان بۆ دەنێرین.

كاك ملازم عومەرلە ١٦ لەسەر ١٢/١٧/ ١٩٨٥دا نامەی شخصی ئاراستە كردووین تیایدا ئاگاداری كردووین بۆتان بنووسین چونكە خۆی لە نامەكەیدا بیری چوە بۆتان بنوسی، كە (ئەگەر جود فعلا دۆستی ڕاست وستراتیجی ئاڵای شۆڕش بێت، دەبێت سووربن لەسەر داواكاری ئازادكردنی ئەو هاوڕێ یانە و بیكەنە پێش مەرجی دانیشتن لە گەڵیان). بەڕای ئێمەش دەبێت ئەو مەرجە بكرێتە خاڵێكی گرنگی داخوازیەكانیان.

هاوڕێ ی بەڕێز

سەرانی یەكێتی هەر ئەو بۆرژوا كۆنەپەرستە دژە ئازادی و دیموكراسی یانەن كە چەندین ساڵە لە ١٩٦٤ وە تۆوی كوشتاری ناوخۆو ڕق و كینە بڵاو دەكەنەوە... سەرانی یەكێتی كە دژی سەرەتایی ترین مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموكراسی بن لە ڕیزەكانی خۆیاندا دیارە هەرگیز وەها مافێك بە هیچ لایەنیك لە لایەنەكانی جود ڕەوا نابینن.

ئێستاش ئەو حركە دبلۆماسیەی دە یكات چەند لایەنێكی هەیە : یەكەم :تەسك بوونەوەی ڕیزەكانی ڕێكخستنی یەكێتی یە. دووهەم: دابڕانی لە جەماوەر ..سێیەم: ئاشكرابوونی سیاسەتی سەوداكاری و هەلپەرستی بۆرژوازیانەو فریودەرانەی جەماوەر ..چوارەم : سەرانی یەكیتی بە گشتی و تاڵەبانی بە تایبەتی ئەوەندەی مەترسی لە ئاڵادا دەبینن لە هیچ لایەنێكی تری ئۆپۆزیسیۆندا نایبینن، چونكە بە

درێژایی صـراعی سـیاسـی و عەسـکەری لایەنەکانی جود لەگەڵ یەکێتی دا نەیان توانیوە چوار کادری سیاسی ڕێک و پێک لە یەکێتی دابڕن.

لە ڕۆژانی یەکەمی گرتنی هاوڕێ یانمان ئەوان باسی گرتن و کوشتنیان دەکرد، پاش بەیانەکانمان و خستنە ڕووی سیاسەتی شەرخوازیان لە ماوەی (دوو ڕۆژدا) وەرچەرخانەوە و بە پەلە بە تعمیم ئیعلامیان گۆڕی و گوایە پێک هاتنیان دەوێت! ئەو حەرەکانەو قسـانەو هەوڵانەیان لە گەمارۆدانی دیپلۆماسـی ئاڵا ناترازی. ئەم هەنگاوەی ئێسـتەی یەکێتیش، بۆ خۆ دەربازکردنە لەو دابڕانەی تێیکەوتووە بە تایبەتی دوای شکستی مفاوزەکەیان. لەلایەکی تریشەوە بۆ گەمارۆدانی سیاسی و دیبلۆماسـی ئاڵایە. بۆ دەربازبوونیش لەو دوو شـتە مانعی نیە ببێتە کەوا ڕەشـی بەرلەشکری دەوڵەتان.(دواتریش هەروادەرچوو- نوسەر).

دەبێت جود تێ بگەیەنرێت ، یەکێتی هێشـتا لایەنی (عەسـکەری) باڵادەسـتی سـەرسـاحەکەیە و وەک کاتەکانی پێشـوو لەو کاتەی بیەوێت لایەنەکانی جود دەردەپەڕێنێتەوە، تاقی کردنەوەی خۆیان لەو بارەوە زۆرن.

هەربۆیە پێویستە بزانن کە تەنها بە ئیجبارکردنی سەرانی یەکێتی بۆ دان پێدانان و دابین کردنی ئازادی و دیموکراسی چالاکی سیاسی و عسکری گشت لایەنەکان، بە ئاڵاشەوە کێشەکە بە ڕیشەیی چارەسەر دەکرێت. لە پێش هەموو شتێکیشەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە قسە لەگەڵ پارتی و حشع و حسک بکرێت و داوایان لێ بکرێت کە مەرجی ئازادکردنی ئەو هاوڕێ یانەی ئاڵای شـۆڕش بکەنە مەرجی دانیشـتن و گفتوگۆ لەگەڵ سـەرانی یەکێتی دا. بەو جۆرە لوتی مەغروریەتی سـەرانی یەکێتی دەشکێت وەک هەنگاوی یەکەم ، لە هەنگاوی دووهەمیشدا مەرجەکانی دابین کردنی ئازادی چالاکی سیاسی و عسکری گشت لایەنەکان دابین دەکرێت.

دەبێت لەوە بگەیەنرێن بێ ئەو کارەو بێ پشـگتیری ئاڵا[کە تەنها لایەنە یەکیتی لێی دەترسـێـت و هەر ئەوەشـە ئەمرۆ بەرەو داوای ڕێکەوتنی هێناون]، بێ ئـازادکردنی هـاوڕێ یـانمـان یەک لایی گەر هەر ڕێکەوتنێکیش بکەن، هەر کە سـەرانی یەکێتی لە ئاڵا بوونەوە سـەرئەنجامی لایەنەکانی جودیش لە جارەکانی پێشـوویان باشـتر نابێت. هەر بۆیە باشـتر وایە بۆ هەموولایەک کارێک بکرێت ڕیشـەیی، کە چیتر سـەرانی یەکێتی نەتوانن شـاڵاوی ناجوامیرانە و شـەرخوازی بەرنە سەر هیچ لایەک.

داوامان وایە چیتان پێ دەکرێت بیخەنە گەڕ بۆ ئەوەی پارتی، حشـع، حسـک هەڵوێست وەرگرن. بە ئێستگە، بە بڵاوکراوە ، بە نووسین، مەرجی ئازادکردنی ئەو هاوڕێ یانەمان بکەنە مەرجی یەکەمی ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتی دا.

دیارە دە شـبوو لەسـەر ئاسـتی سـیاسـەتی دژ بە ئازادی و دیموکراسـی یانەی سـەرانی ینک لە نموونەی بەرپاکردنی شـەڕی ناوخۆو گرتنی ئەو هاوڕێ یانە تا

ئێستا هەر هیچ نەبوایە بۆ اعلامی خۆیان هەڵوێستیان ببوایە. لە ڕاستی دا نەبوونی هەڵوێستی عملی ئەو لایەنانە تا ئێستا ئێمەی خستۆتە گومانەوە لێیان.

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لە تەواوی بڵاوکراوەکانماندا پێمان داگرتووە لەسەر دابینکردنی ئازادی و دیموکراسی چالاکی سیاسی و عسکری گشت لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. لە یەکەم ڕۆژەوە ئەوە هەڵوێستمان بوە و دەبێت. چونکە سروشتی شۆڕشگێڕی و ئازادی و دیموکراسی خوازی خۆمانە. بەڵام پێمان سەیرە کە لایەنەکانی جود تا ئێستا لەسەر هەڵوێستێکی ئاوا فاشیانەی دژ بە ئازادی و دیموکراسی کە کراوەتە سەر هاوڕێ یانمان بێدەنگن.

لە بۆچوونی ئێمەوە دەبێت زۆر بە ڕاشکاوی قسە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و حزبی شیوعی بکرێت و داوای هەڵوێستی عملیان لێ بکرێت و چاوەروانی هەڵوێستیانین.

سەرانی یەکێتی بە هۆی هەڵویستی ڕێکخراوەیی و سیاسی و ئیعلامی ئێمەوەیە باری شلۆق بووەو بەوجۆرە لە جود چۆتە پێشەوە نەک لە خۆشەویستی جود یا بەتەنگەوە هاتنی کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ.

تێ بینی :

١-لەم ماوەشدا بە پێی توانا نوێنەرمان دەنێرینە لاتان.

٢-گەر بۆتان دەکرێت ڕۆنیۆیەکی بچوک بکڕن بۆمان (بچوکترین حەجم بێت).

٣-پێویستیشمان بە (ڕۆڵەی) خوارەوەی ڕۆنیۆیەکی گەورە هەیە لەگەڵ شاشەکەی. بگاتە ماڵە ناسیاوەکەی کاک جەمال لە گوندی(...) خۆمان دەیهێنینە ناوەوە. یا بۆمان بگاتە شارەزوور...

سەرکەوتووبێت بزوتنەوەی کۆمۆنیستی

شەکاوە بێت ئاڵای کرێکاران و زەحمەتکێشان

ئاڵای شۆڕش
ڕێکخستنی شارەکان
١٩٨٥/١٢/١٨

بۆ مێژوو دەینوسم نە سالار عزیزو و نە لیژنەی سەرپەرشتی زیوە، تا ئەو کاتەش خۆم چوومە دەرەوە بۆ زێوێ ئەو شتانەی داوامان کردبوو نەیان نارد، نەک کۆمەکی ڕێکخستنی شارەکانیان پێ نەکرا و نەکرد، بەڵکو هەموو پەیمانی دابین کردنی ئەو کۆمەکەی دابووشیان بە پێشمەرگە راست دەرنەچوو. ئەو کاتیش پارەی کڕینی ڕۆنیۆی بچوکمان نەبوو، بەڵام ڕۆڵەکەم بۆ ڕۆنیۆ گەورەکە لە تاران پەیدا کرد و دایکی حاکم سەردار کە لە جاری یەکەمیدا هاتبوو بۆ سەردانی حاکم سەرداری کوڕی، لە گەڕانەوەیدا بردیەوە بۆ ناوشار.

لە سەرەتای مانگی یەکی ١٩٨٦ نامەیەکی مەلابەختیار، لە زیندانەوە ناردبووی بۆ ئەوهاوڕێ یانەی زێوە کە ناوەکانی نووسیون . دیارە لە وەڵامی گازندەو ڕەخنەی

ئەوان سەبارەت بە سالار عزیزو حاجی مەمۆ نوسراوە، لەو نامەدا دەردەکەوێت کە سالار عزیزو حاجی مەمۆ کێشەی فکری و ڕێکخراوەیی هەیە لەگەڵ ئەو هاوڕێ یانەی ئاڵای شۆڕش لە زێوەی ئێران، بۆیە مەلابەختیار ئەم نامەیەی بۆ ناردوون:

نامەیەک لە زیندانەوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتی

هاوڕێ یانی زۆر خۆشەویست کاک ئاسۆ و کاکە عمادو کاک کەریم و کاک مەلا یاسین

سڵاوێکی کۆمۆنیستانەو هیوام سەربەرزی و سەرکەوتنتانە

سەبارەت بە هاوڕێ سالارو کاک حاجی مەمۆ خۆتان دەزانن وەکو هاوبیرن و چەند ساڵ پێکەوە تەگبیرکردنی فکری و سیاسی، هەمو پێکەوە هێناو تێکڕا تا ئێستا مەسئولین لە کاروبارەکان و سەرکەوتن و پێشکەوتنی تەیارەکەمان، جیاوازی فکری و بۆچوونی سیاسیش لە گۆڕێدایە.. هاوڕێ حاجی ئەندامی ئەڵقەی ناوەندی نوسەرانە.. بەڵام بە حوکمی دووری و گەلێ کێشەی سیاسیەوە، وەک پێویست وەکو باقی هاوڕێ یان ئینسجامی فکری تەواومان نیە، بە تایبەت لەم ساڵی دواییەدا، گەلێ مەسەلەی فکری گرنگ لامان گەڵالەبوون و ئەومان لێ دووربوو. پێم وایە یەکەم مەسئولیاتەو پێویستە حورمەتی سەرکردەی خۆتانی لێبگرن. دووهەم دەشتوانن قسەی زۆری لەگەڵ بکەن و ئینسجامی فکریشی لەگەڵا ساغ کەنەوە.. سەبارەت بە کاک سالار خۆتان باشی دەناسن ..کە چەند ماندوو، پاک، دڵسۆز، زۆر بە قابلیەت، هیلاک لە پێناوی **تەیارەکەماندا** .. لە ناو شۆڕشەکەدا. **وێرای ئەوەی لە مێژە کێشەی فکری و سیاسیمان هەیە** بەڵام هێندە جگەرسوتاوی مەسەلە ئەساسیەکان بوین، هەرگیز نەمان هێشتووە ئەو کێشانە کۆسپی بەردەم ئامانجی پاشە ڕۆژبن. خۆشتان دەزانن. زروفی سیاسی ئەوی لێ دوورخستینەوە، ئەگینا لە کۆبونەوەکە باو بە تەواوی لەسەر مەسەلە فکریەکان ساغ بوینایەتەوە، حەتما ئەویش لە ئەڵقەی ناوەندی دەبوو. ئەوەی لام گرنگە ئەوەیە تکام وایە چەندتان پێش زیندان حورمەتی من گرتووە، هێندەش حورمەتی ئەو بگرن و ئەو کێشانە مەکەنە ئەساسی پەیوەندی.....

هاوڕێ ی
دڵسۆزتان
مەلا بەختیار
١٩٨٦/١/.. یاخسەمەر

تێبینیشم، لەسەر ئەو نامەیە کە بەخەت و ئیمزای مەلا بەختیار نوسراوە، لە ئەرشیفی لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕش لە زێوێ ی ئێران، لە بەرگرنگی دەرخستنی مێژووی ناکۆکی یە فکری و سیاسی یەکان لە ڕۆژانی یەکەمی کۆبونەوە

فراوانەکەی سێوسێنان هەبووە، بە ناونانی کەسانێک بۆ ناوەندی نوسەرانی ئاڵای شۆڕش کە لە ڕووی فکری و ڕێکخراوەیی یەوە ساغ نەبووبوونەوە و دواتر لە زێوێش درێژەی هەبووە، بە گرنگم زانی بیخەمە بەردەمی خوێنەر. لە بەر کۆنی نامەکە ڕۆژەکەیم بۆ نەخوێندرایەوە بۆیە تەنها ئەوەی دیارە نووسیومە. بەڵام نامەکە لە نێوان ڕۆژانی(١بۆ٥) ی مانگی یەک / ١٩٨٦ لە زیندانەوە نوسراوە.

سەرنجێک لەسەر دروستکردنی ناوەندی نوسەران

ئەو شێوازی پێکهینانەی ناوەندی نوسەرانە، لە حزبە پۆپۆلیستیەکانیشدا کەم ڕووی داوە. هەر لە سەرەتاوە دوای چەند ڕۆژێک لە پێکهێنانی، یەکێک وازبهێنی، یەکێکی تر وەک خۆی نووسیویەتی بەدگومان و ڕەش بین و لە بەر سۆزی برادەری ماوەتەوە، یەکێکی تریان هەر لە بنەڕەتەوە بڕوای بە فکرو ڕێکخراوی مارکسیزمی شۆڕشگێر نەبووەو پێش چوونە دەرەوشی لە سەر ڕێبازی حشع بیری کردۆتەوەو ..(وەک لە نامەیەکی کەرتێکی هەولێریشدا دەردەکەویت کە بۆیان ناردووە و قسە بە ناوەندی نوسەران دەڵێیت!)..ئەوە ئەو ناوەندی نووسەرانە بوو کە مەلا بەختیار دایمەزراند، لە یەکەم ژانی لە دایک بوونی ڕێکخراوەکەدا، بوونە مایەی لە باربرد نی (ڕێکخراوە کۆمۆنیستیە) مارکسیستیە شۆڕشگێڕەکە!. لە ناو وڵات بوونە مایەی بە گرت دانی خۆیان و لە زێوێ ی ئێرانیش وەک خۆرە کەوتبوونە گیانی ئەو لێقەوماوانەی لە دەستی تیرۆڕی یەکیتی یە کۆمەڵە کوژەکە هەڵاتبوون. هەموو ئەو پەیمانانەش سالار عزیز دابووی بۆ کۆمەکی مادی نەیبردەسەر...

لە گەرمەی ئەو پەلاماره تیرۆریستیەی یەکێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش، تاڵەبانی لە تەنگژەیەکی سیاسی وادابوو بۆ خۆ دەربازکردن لێی، لەڕێگەی حەمەی حاجی مەحمودەوە لە هەوڵدابوو بۆ ئەوەی یەکێتی لەگەڵ ئێران پێک بهێنن، دواتر لەژیر فشاری ئێراندا لەگەڵ پارتیدا دانیشێنران و ڕیکەوتنێکیان مۆرکرد. وەک لە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتنەدا دەردەکەوێت مەرجەکانی تاڵەبانی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی پچڕانی پەیوەندی پارتی یە بە ئاڵای شۆڕشەوە. سالار عزیزیش کە پێشتر دەینووسی و باسی جیابونەوەی هێزی چەکدارو دابینکردنی کۆمەکی ماددی دەکرد، خۆی وتەنی لە (دۆستەکانی ئێران، لیبیا، سوریا، جود، جوقد) هیچی وا دەرنەچوو. هاوڕێ یانی لێقەوماوی کەمپی زێوەی بە ڕووت و ڕەجاڵی جێ هێشتبوو. گەر ئەو تۆزە کۆمەکە خۆراکەی پارتی نەبوایە کە مانگی جارێک بۆ سی تاچل کەس سەرف دەکرا لە زێوێ، ژیانی ئەوانی کەمپەکە ئەوەندەی تر تاڵتر دەبوو. دیارە پارتی بە پێدانی ئەو خۆراکەی بە ئاڵای شۆڕش، دەیویست وەک وەرەقەیەکی فشاری سیاسی

بۆ دژایەتی یەكێتی بەكاربهێنی تا بە مەرامەكانی دەگات. دواتر هەرواش دەرچوو. لە یەكەم دانیشتنی پارتی و یەكێتی لە تاران، بە سەرپەرشتی ئێران ، پارتی پشتی كردە ئاڵای شۆڕش. دواتر دێمە سەر ئەم باسە.

پڕۆپاگەندەی سەرانی یەكێتی

سەرانی یەكێتی دوای شاڵاوی گرتنی ئەو هاوڕێ یانەی ئاڵای شۆڕش، كەوتبوونە بڵاوكردنەوەی لێشاوێكی درۆو دەلەسەو قسە هەڵبەستن لە ناو هێزە چەكدارەكانیان و خەڵكدا دژی ئەو هاوڕێ یانەمان. چەندەها ڕاپۆرتمان بۆ هات كە باسی لەو كۆبونەوانەی بەرپرسە پێشمەرگەیی و سیاسیەكانیان دەكرد، دەیانووت گوایا مەلا بەختیارو م.پشكۆو شێخ عەلی (بە فیدیۆ) گرتوومانەو ئیعترافیان كردووە كە پەیوەندیان بە حكومەتی بەعسەوە هەیە و چەندین ملیۆن دیناریشیان لە ڕژێمی سەدام وەرگرتووە! بێ ئەوەی تەنها یەك كەس بوێربێت و داوای بینینی ئەو فیدیۆیانە بكات! یا لای چەكدارەكانیان سوێندی گەورەیان دەخوارد كە ئەو بڵاوكراوانەی بڵاودەبنەوە بە ناوی ئاڵای شۆڕشەوە هەمووی (موخابەراتی عێراقی) بۆیان چاپ دەكات! دیارە سەرانی یەكێتی دەیانویست :

١-ئەو درۆیانەیان بكەنە پاساوی شاڵاوە تیرۆریستیە دژە ئازادی و دژە دیموكراسیەكەیان بۆ سەر ئاڵای شۆڕش. بەتایبەت كە دەیانزانی كەسە كۆیلەو ناهوشیارەكانی شوێنكەوتووی ئەوان بە دوای ڕاستیەكاندا ناگەڕێن و ئەوان چی بڵێن وەك دەرۆیش ئەوە دەڵێنەوە.

٢-بە بڵاوكردنەوەی ئەو درۆیانە وا لە خەڵكی سادە بە گشتی و هێزی چەكداریان بە تایبەتی بگەیەنن كە ئەو هاوڕێ یانە خیانەتیان كردووە، نەك جیاوازی فكری و سیاسی و ڕێكخراوەییان هەبووە. تا ڕادەیەكیش بە هۆی ناهوشیاری شوێنكەوتووەكانیانەوە بۆیان چووە سەر. ئاخر نە لەوانەی بەشداری پلنیۆمی تیرۆركردنەكە بوون و نە لە دەرەوەی پلنیۆمەكە تەنها یەك كەسی تیانەبووە لێیان بپرسێت با ئەو شریتانە ببینین! یا با گیراوەكان ئامادەبكرین و گوێ لە قسەكانیان بگیرێت، كەس ئەو بۆیریەی تیانەبووە. بۆیە ڕاستیان وتووە : سنترالیزمی ستالینی مرۆڤی كۆیلە دروستت دەكات، هەرئەوە ش یەكێكە لە هۆكارەكانی لە باربردنی ئازادی و دیموكراسی و سەرهەڵدانی سەرۆكی هەمیشەیی لە حزبە بۆرژوازیە نا نەتەوەییەكاندا..

٣-خۆشكردنی زەمینەی تیرۆركردنی هاوڕێ یانی ئاڵای شۆڕش بڕەخسێنن .

پلنیۆمەكەی كۆمەڵە كوژەكان

وەک هەموو پلنیۆم و كۆنفرانسێكی پێشووتریان ناوەندی كۆمەڵە، كەسانێكی كۆیلەیان بۆ كۆبونەوەكە بانگ كردبوو كە بێ پرسیار و بینینی بەڵگە و ڕاستیەكان یەكسەر دەست بەرزبكەنەوە بۆ ئەنجامدانی تیرۆری هاوسەنگەرو سەركردەكانیان. نەوشیروان مستەفا بووە دەرهێنەری ئەو سیناریۆیەی جلال تاڵەبانی دایڕشتبوو. ئەو گەر چی لە ئەنجامی ناكۆكی دەسەڵات و فكری و سیاسی ڕق و كینەیەكی قووڵی لە ناخدابوو، بۆ تۆڵە دەگەڕا و لە سەر شانۆی ئیعدامكردنی ئازادی و دیموكراسی دا وای پیشان دەدا كە ڕۆڵی یەكەم دەگێڕێ، بەڵام هێشتا هەر ئەو قوتابی یەی قوتابخانەكەی تاڵەبانی بوو، نەیدە توانی بێ بریاری كۆتایی مامۆستاكەی كە تاڵەبانی بوو بریار بدات.

لە كاتێكدا ڕیشەی كێشەكان و ناكۆكی یەكان پەیوەندیان بە **زیندەبەچاڵكردن و تواندنەوەی كۆمەڵەوە هەبوو** لە یەكێتی دا. وا لەو شەستە كەسە بەشداربووەی پلنیۆم گەیەنرابوو، ئەوانە خیانەتیان كردووە و ئیعترافیان كردووە كە پەیوەندیان بە رژێمەوە هەیەو پارەیان لە ڕژێم وەرگرتووەو... پاداشتی خیانەتیش كوشتنە، بەوجۆرە یەكێكیان نەبێت لە بەشداربووەكان باقیەكەی ئیمزای كوشتنی ئەو هاوڕێ یانەیان كرد! بێ ئەوەی بەڵگەیەك ببینن! بێ ئەوەی تۆمەتبارەكان بانگ بكرێن و گوێ لە قسەكانیان بگیرێت! بێ ئەوەی مافی بەرگری لە خۆكردنیان بۆ برەخسێت! ئەو شانۆگەری یە تەنها بۆ چەواشەكاری چەكدارەكانیان وخەڵک بەڕێوە دەبرا، تا سەرنجی خەڵک و هێزەكانیان لە كێشە قوڵ و ڕیشەیی یە فكری و سیاسی یەكانی هەناوی یەكێتی و كۆمەڵە دووربخەنەوە. هەمیشە بۆڕژوای كۆنەپەرست و دژە ئازادی و دژە دیموكراسی، بۆ پاساودانی شكست و لاوازیەكانیان، پەنایان بردۆتە بەر درۆكردن و فریودانی خەڵک.

سەرانی یەكێتی، لە گەلێ بۆنەدا بە ئاشكراو بێ پەردە باسیان لەوە كردووە كە توانای دەرپەڕاندنی هێزەكانی ڕژێمیان نیە لە كوردستاندا و ڕۆڵی ئەو بزوتنەوە چەكدارەیان لە (ئیزعاجكردنی) ڕژێم تێناپەڕێت، بەڵام بۆ فریودانی خەڵكی سادە و كاڵفام باسیان لە (ڕاماڵینی) ڕژیم دەكرد! ئەوان بۆ پاساودانی مفاوەزە شكستخواردووەكەیان، دەست خستنە دەستی بۆرژوا فاشستی بەعسی عەرەبییان بە (ئەركی نیشتمانی) ناودەبرد! وخەنجەر نەدان لە پشتەوە لە سوپای عیراقی بە (نیشتمان پەروەری) ڕادەگەیاند! سەدامیان بە حەكەم و بەدیهێنەری مافی كورد بە خەڵک دەناساند! بەڵام لە ئاستی ناوخۆی كوردستاندا شەڕێكی خویناوی یان لە دژی نەیارە سیاسی یەكانیان بەرپاكردبوو (لەسەر دەسەڵات)! خۆیان هۆكارو لایەنی سەرەكی بوون بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و تۆمەتی هەڵگیرساندنی شەڕەكانیان دەخستە ئەستۆی بەرامبەرەكانیان.

هەمیشــە پشــت و پەنای بۆرژوا کۆنەپەرســتی دژە ئازادی و دژە دیموکراســی کورد(یەکێتی و پارتی)، ڕژیمە بۆرژوا فاشـــســـتەکانی عەرەب و تورک و فارس بووەو بە خۆشــیان وتووە کوردســتانی. **ئەوان دەســت لەناو دەســتانی بۆرژوا فــاشـــســتی داگیرکەرانی کوردســتــانیــان بە (کوردســتــانی) نــاودەبرد لای شــوێنکەوتوانیان، لە کاتێکدا هاوخەباتی و یەکێتی کاری چەپەکانی ئەو گەلانە کە دژی دەســەڵاتە فاشــســتەکانیان وەســتابوونەوە، بۆ هێنانە ســەرکایەی ڕژێمێکی دیموکراســی شــۆڕشــگێرانە، کە مافی چارەی خۆنووســینی کورد بســەڵمێنی بە (عێراقی) ناودەبرد!.**

سیاسەتی چەواشەکاری و فریودەرانەی بۆرژوای دژە دیموکراسی لە باشوردا هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی شکست و هەرە سی بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری یان بووە.

ســەرکەوتن، بە بە دەســتهێنانی دەســتکەوتی ســیاســی، ســەربازی ، ئابوری، کۆمەڵایەتی ..دەپێوریت. بۆرژوا دژە دیموکراســەکانی کورد، هەمیشــە شــکســتە سیاسی و سەربازیەکانیان کردووە بە ژێرەوەو، بۆ فریودانی خەڵکی سادە و ساوێلکە (شـــانازی)بە (روباری خوێنی شـــەهیدانەوە) کردووە، بێ ئەوەی لە بەرامبەردا لە بەدبەختی و ماڵوێرانی زیاتر شتێکیان بۆ هەژارو زەحمەتکێشــی ئەم گەلە بەدەست هێنابێت کە بە درێژایی مێژوو سەرەڕمی تێکۆشان وقوربانی یەکان بوون...

بەشـــداربوانی کۆیلەی ئەو پلنیۆمە بە بریاری تیرۆری ئەو ســـێ هەڤاڵەیان، دوابزماریان لە تابووتەکەی کۆمەڵە داکوتاو، دوا تروسکایی ئازادیان لە باشووردا خامۆش کرد.

پاکانە پێنووسین

دوو ڕۆژ پێش ئەوەی ئەو ســـێ هاوڕێ یە لە ژێر زەبری بریاری تیرۆرکردندا ئەو پاکانەیەی بۆیان دیاریکرابوو ئیمزا بکەن، لە ڕێگەی هاوڕێ (ڕوناک شـــێخ جناب) ە وە نامەیەکم لە زیندانەوە لە مەلا بەختیارەوە سەبارەت بەو بریارەی پلنیۆمی کۆمەڵە کوژەکان پێ گەیشت و داوای ڕای ئێمەی دەکرد لەو بارەوە. کۆمێتە کۆبۆوە بۆ هەڵســـەنگاندنی بارودۆخەکە. دیســـانەوە **ڕای خۆم بەمجۆرە دەربڕی:** من لە ســەرەتای شــاڵاوەکەی یەکێتی نیشــتمانی بۆ ســەر ئاڵای شــۆڕش و کارەســاتەکەوە، گرتنەبەری هەنگاوی ئەم شــیوازی ڕێکخســتن دروســتکردنەی پێی هەڵســام بە مارکســـی یانە نەزانیوەو بە هەڵە زانیوە، بەڵام گرتمانە بەر بۆ ڕزگارکردنی ئەو هاوڕێ یانەی لەسەر ئاڵای شۆڕش بوونەتە قوربانی. ئێستاش لەم حاڵەتەدا کە ئەوان خراونەتە بەردەم واز هێنان لە ئاڵای شــۆڕش و پاکانە نووســین و کوشــتن؟ من بێ ئەملاو ئەولا ووتم : **ئەوان (ناوەندی نوســەران) ئەنجامی ئەو هەڵانە دەدوورنەوە کە بە هۆی (ڕاڕایی و بەکەمگرتن و خۆشـــبـــاوەڕی و نەنـــاســـینی دوژمنی**

چینایەتیانەوە) تووشیان هاتووە. ئێستاش من وەک پێشتر، ژیانی ئەو سێ هاوڕێ یەو بە زیندومانەوەیان بە گرنگ دەبینم، من دەچمە ژێر بەرپرسیاری ئەو بریارەی کە ئەوان گەر بە وازهینان لە ئاڵای شۆڕش رزگاریان دەبێت با بیکەن. لە وەڵامی یەکێک لە هاوڕێ یاندا کە ووتی : ئەی ئەوان نامەیان بۆ ناردووین و ماندەگرن تا مردن؟ ووتم بەو پرسیارەی لە ئێمەیانکردووە سەبارەت بەو پاکانە نووسینە، دەردەکەوێت کە ئەوان بریارێکی تریان داوەو لە ژێر ئەو فشاری کوشتنەدا ئەو کارە دەکەن. وتم باشترە خۆمان بۆ شاڵاوێکی پرۆپاگەندەی تری کۆمەڵە کوژەکان ئامادە بکەین، لەوڵاشەوە ئامادە بین بۆ بەرەوڕووبوونەوەی لێشاوی ڕەخنەی ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی خۆمان.

من ڕای خۆمانم نووسی و دامە هاوڕێ ڕوناکی شێخ جەناب(هاوسەری مەلابەختیار). **بەڵام پێش ئەوەی ئەم بگاتەوە لای زیندانیەکان،** ئەوان هەرسێکیان پاکانەکەیان بەو جۆرەی بۆیان دیاری کردبوون نووسی بوو و ئیمزایان کردبوو.

ئێمە سەرەتا لە ئێستگەکەی یەکێتی یەوە گوێ بیستی ناوەرۆکی پاکانەکە بووین. لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخستنەکانمان لە ناو هێزی چەکدارەوە زانیمان کە بە ناو هێزە چەکدارەکانیان ودواتریش لە ناو شاردا بڵاویان کردۆتەوە.. ئێمە لە کۆمێتەی سەرکردایەتی ناوخۆی شارەکانی ئاڵای شۆڕش ئەسڵی نامەکانی نەوشیروان مستەفاو فەرەیدون عەبدولقادر و ئیبراهیم جەلالمان بەدەست گەیشت. وا وەکو خۆی دەیخەمە بەردەستی خوێنەر: جەلال تاڵەبانی لەسەر ڕۆشنایی ئەو نامانەی سالار عزیز کە بە سۆران گیرابوون. بریاری خۆی دابوو و دەستیشی بە شاڵاوەکە کرد، ئەرکی جێبەجێکردنی بە پێی ئەو سیناریۆیەی داڕشتبوو بە نەوشیروان مستەفاو ناوەندی کۆمەڵە سپاردبوو. بە پێچەوانەی ناوەندی نوسەرانی ئاڵاوە، سەرانی یەکیتی بە نەخشەوە کارەکانیان دەکرد. دوای دەستگیرکردنی ئەو سێ هاوڕێ یەی ناوەندی نوسەرانی ئاڵای شۆڕش. پلنیۆمێکیان بەست لەو کەسانەی کۆیلەی خۆیانن. بێ پرسیارلێکردن و بێ گوێگرتن لە ڕای زیندانی یەکان. بێ مافی بەرگری لە خۆکردن! تەنها لەسەر ڕای سەرانی یەکێتی لەو شەست کەسە بەشداربووەی پلنیۆمەکەیان، تەنها یەکێک ڕای جیاوازبوو باقیەکەی ئیمزای کوشتنی ئەو سێ زیندانیەی کردبوو، بێ ئەوەی یەک کەس داوای بینینی شریتی ڤیدیۆ و بەڵگەیەک بکات! تەنها بەڵگەیەکیش کە ئەو خەڵکەیان پێ فریودا، **نامەکانی سالار عزیز بووە کە بە ناوی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی-عیراق) کاری دەکرد، کە تا ئەو دەمەش ئاڵای شۆڕش نەبوو. بەڵام کوتەکیی تاڵەبانی و کۆیلەکانی (تا ئەمساتەش!) بە دامەزرێنەرو سەرکردەیەکی ئاڵای شۆڕشی دەزانن. تاڵەبانی و نەوشیروان لە باتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان - عێراق، ئالای شۆڕشیان دادگایی کرد و حوکم دا.**

لە كاتێكدا تا ئەو دەمەش سالارعزیز هەر بە ناوی كۆمەڵەوە بڵاوكراوەی دژی یەكێتی بڵاودەكردەوەو فكرو سیاسەت و بریارەكانی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕشی قبوڵ نەبوو... ملازم عومەر عەبدوڵڵا لە نامەیەكیدا بۆ سەركردایەتی ناوخۆی ئاڵای شۆڕش بە ڕوونی دەڵێت كە جلال تاڵەبانی لە وەڵامی بەڵگەی تاوانباركردندا باسی لە نامە گیراوەكانی سالار كردووە كە بەردەوام باسی لە جیاكردنەوەی هێز كردووە..ئەوان بێ سەلماندنی مافی بەرگری لەخۆكردن، بە تۆمەتی خیانەت، بریاری مەرگی ئەو سێ هاوڕێ یەی ئێمەیان دا، لەسەر ڕۆشنایی بیرو كرداری كەسێك كە ئاڵای شۆڕش نەبوو. یەكێتی بەو كرارەی لە بەعسیەكانیشی تێپەڕاند و كەوتە داڕشتنی سیناریۆی لە ژێر فشاری بریاری مەرگدا پاكانە پێنووسین بەو جۆرەی ئەوان دەیانویست.

دیارە هەر لە جبار فرمانەوە تا فەرەیدون عەبولقادر و نەوشیروان، هەریەكەیان بە جێی خۆی هەوڵیدا تا لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن و بریاری ئیعدام كردنیان ئەو سێ زیندانیە لە باری دەرونیەوە ئامادەی نووسین و ئیمزای ئەو پاكانەیە بكەن كە بۆیان دیاریكراوەو، بە ڕوونی وتویانە وەك ئەوەی ئێمە بۆمان دیاریكردوون نەینوسن و ئیمزای نەكەن ئیعدامتان دەكەین. پاش ئەوەی لە سەرەتاوە هەریەكەیان بە جیا لێكۆڵینەوەیان لە گەڵ كرا، دواتر هەرسێكیانیان لە یەك شوێندا كۆكردەوە.

نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەلا بەختیار لە زیندان

بۆ ئەوانەی كێبڕكێ دەكەن

بۆ بەڕێز كاك بەختیار
سڵاوێكی گەرم
هیوام خۆشیتانە

كاكە! ئەوە خۆم بۆم نەكرا بێمەوە، بەڵام وا برادەران لە باتی من هەرسێكتانیان یەكخستوە بۆ ئەوەی ئێوەش لە ناوخۆتاندا مشاوەرە بكەن، من وەكو برایەك ئەم تكایەم لە خۆت و هەردوو برادەرەكەی تریش هەیە كە نامەكە بەمجۆرە بێت:

١-عینوانەكەی خۆتان ئەزانن بۆ كێ ی ئەنیرن و بە ناوی چی یەوە ئەینوسن چونكە سەیر دەرئەچێ خۆتان ئەڵقەی ناوەندی نوسەران بن و بۆ ئەوانیشی بنوسن.

٢-ناوەرۆكەكەی ئەم شتانەی تیدابیت:

ا-كە ئێوە وازتان لەوان هێناوە.

ب-هۆی وازهێنانەكەتان چی بووە، بە چاكی ئەزانم هەم شێوەی ئیشكردنی خۆتان و هەم قۆناغی ئێستای خەباتی گەلەكەمان تێدا باس بكەن و ڕەچاوبكەن.

ج- نەختێك درێژە بە هۆیەكانی وازهێنانەكە و خاڵەكانی بدەن و حجەكان معقول بن و ڕوكەش نەبن.

د-هەڵوێستی ئێستاتان لە كۆمەڵەو یەكێتی نیشتمانی و شۆڕشەكە دیاری بكەن و وەڵامی ئەوە بدەنەوە كە هەموو دڵسۆزیكی نیشتمانپەروەر و ماركسیستیكی راستەقینە ئەبی هەڵوێستی دۆستانەبی و بەهیزی بكات یا دوژمنانەبێ و بە گژیدا بچێ.

و-حەزئەكەم تأكید لەسەر خراپی ئەو ئوسلوبە بكەن كە بە عربی بە (متسلل)و لە ئەدەبیاتی ماركسیدا بە(ئینتەریزم) كە بە زۆری تروتسكی یەكان كردویانە، وە زەرەری ئەوە بۆ هەردولا چ ئەوەی (متسلل) چ ئەوی (تسلل) ی تێ كراوە، ئەمە وەكو مەبدەئی تەنزیمی و هەروەها وەكو ئەخلاقی سیاسی.

٣-سەبارەت بەو تەفصیلاتە داوا لەوانەش بكەن كە تا ئێستا وەكو جاران كار ئەكەن چاوێك بە هەڵوێستی خۆیاندا بخشێننەوە و هەڵەكانی خۆیان كە زەرەر لە خۆیان و كۆمەڵەو جوڵانەوەی گەلەكەشمان ڕاست بكەنەوە.

٤-نامەكە چەندە مفصل و تێروتەسەل و زۆرتر لایەنە سیاسی و فیكری یەكان بگرێ باشترە. وە چەند مساهمە بكا لە بڵاوەپێكردن و لاوازكردن و گەڕانەوەی ئەو برادەرانە وا باشترە.

٥-لە كۆتایی دا ئەمەوێ ئەوە دوبارە بكەمەوە كە ئەم كارە بۆ كۆمەڵەو شۆڕش ئەكەن لەبەر ئەوە لە نرخی ئێوە زیاد ئەكا و لە لای ئێمە گەورەتان ئەكا و ڕێزو حورمەتی پێویستتان بۆ پەیدا ئەكا و ئەوەش گەورەترین خزمەتی كۆمەڵەو شۆڕشە.

دوبارە سڵاوو هەربژین

ئیمزای

نەوشیروان مستەفا

هەوالنامەی كێبڕكێ

گەر خوێنەر بە وردی لەو نامەی نەوشیروان مستەفا وردبێتەوە بە ڕوونی تێدەگات ئەوە نامەی سەركردەیەك نی یە بۆ كەسانێك تاوانی خیانەتیان خرابێتە پاڵ! بەڵكو بە پێی ئەو داوایانەی لە نامەكەدا كردوونی، دان پیانانێكی ئاشكرایە، (ئیدانەیەكی سیاسی یە) و داوا دەكات فكرو سیاسەتی خۆیان ئیدانە بكەن و بە شان و باڵی یەكێتی نیشتمانی دا هەڵبدەن! ڕونتر بڵێم كێشەكە (فكری و سیاسی) بوو نەك خیانەت، هەروەك لە دەرویشەكانی خۆیانیان گەیاندبوو.

زیندانیەكان سەرەتا نامەیەكیان بۆ نووسی بوون بەڵام دیارە بە دڵی ئەوان نەبووە بۆیە دووبارە دەیانخەنەوە بەردەم هەڕەشەی كوشتن، لە نامەی دووەم سەبارەت بەو بەزۆر پاكانە پێ نوسینە نەوشیروان مستەفا لە نامەیەكدا كە لە شەوی ٥-لەسەر ١٩٨٦/١/٦ ئاراستەی هەرسێكیانی كردووە بۆ زیندان، نووسیویەتی :

نامەی دووەمی نەوشیروان مستەفا بۆ زیندانی یەكان

برایانی بەڕیز كاك بەختیار
كاك پشكۆ
كاك شێخەلی

سڵاوێكی گەرم
لەو دووجارەدا كە سەردانم كردن و لەو نامەیەدا كە بۆم نوسی بون بە ڕاستی ویستم بە جۆرێک قسەبكەم كە ئێوە هەست بە بریندار بونی شعور نەكەن و هەوڵم دا زۆر بە نەرمی و دیپلۆماسی هەمو مەسەلەكانی لە سەرتانە و ئەوی ئێمەش ئەمانەوی تێتان بگەیەنم ، بەڵام پێ ئەچی لە كارەكەمدا سەركەوتو نەبوبم بۆیە بە پێویستم زانی لەم چەند نقطەیە ئاگادارتان بكەم:
١-ئەم نامەیەتان پاش گەزبونەوەیە لە هەموقسەكانی پێشو و ئاشتان لە ڕیزی یەكێتی دا داناوە و مجالی ئەوتان تێدا هێشتۆتەوە كە لە پاشەڕۆژدا پێكەوە لەگەڵ ئەوان تێ هەڵچنەوە و پیاو بۆی هەیە ئەمەشتان وەكو قسەو ئیشەكانی ترتان بەرامبەر كۆمەڵەو یەكیتی بۆ حساب بكا.
٢-ئێوە لە لایەن پلنیۆمەوە محاكمەكراون و (تجریم) كراون، ئەگەر بڵێن خۆتان لەوێ نەبون. بەیان و بڵاوكراوەو نامەو نوسینەكانتان لەوێ بون، كردەوەو شایەتەكان و مدعی یەكان لەوێ بون و هیچ دفاعێكي خۆتان دادي نەئەدان و دفاعي هیچ محامي یەكیش لە تاوانەكەی سوک نە ئەكردن. جا لەبەر ئەوەی ڕەنگە واتان زانی بێ ئێمە هەڕەشە بۆ إبتزاز ئەوەمان كردبێ حەز ئەكەم بیرتان بخەمەوە كە ئێوە بە (خائین) حوكم دراون بەرامبەر كۆمەڵەو یەكێتی و پێشمەرگەو شۆڕش. ئەشزانن لەم قۆناغەدا یەكێک خائین بێ بەرامبەر بەو مەفهومانە یەعنی چی و ڕەئی خەڵک و تأریخ چی ئەبێ لەسەری وا بە كورتیش (حیثیاتی)حوكمەكەتان بیر ئەخەمەوە كە هەر ٦٠ كادرە سیاسی و عسكری یە أساسیەكەی كۆمەڵە بە ناوی سەریحەوە ئیمزایان كردووە:
١-ئێوە وەكو خط مائل لە ناو كۆمەڵەو یەكێتی دا كارتان كردوە ڕێكخستنتان بە نیازی تێكدان و ڕوخانی كۆمەڵەو یەكیتی و پێشمەرگە دروست كردوە لە ناو ڕێكخستنی كۆمەڵەو یەكێتی و پێشمەرگەدا.

٢-ئێوە بە هۆی بڵاوکردنەوەی نهێنی یەکـانی شـــۆڕشـــەوە کە بە حوکمی مەسئولیەتە تیاریەکانتان زانیوتانە جاسوسـی تان بۆ دوژمن کردوە، ئەوەندەی نهێنی تان زانیوە لە بڵاوکراوەکانتان بۆ ئێران و عێراق و جودو لایەنەکانی ترتان نوسیوە. جگە لەوەی ئەو ئەندام و لایەنگرانەی ئێوە ئەوی تەســـلیمی عێراق و ئێران و جود بوە هەرچی زانیوە وتویەتی مەگەر بۆخۆی خراپ بوبێ.

٣-ئێوە بازرگانیتان کردووە بە ناوی شـــەهیدەکانەوە و ســـوێندی درۆتان بە گۆڕەکانیان خواردووە، مقابلەی درۆتان بە ناوەوە دروســـت کردون، تەوهینتان پێ کردون و تربیەتی ئەندام و لایەنگرەکانی خۆیشتان بەم ئوسلوبە کردوە.

٤- دوڕوی و دوزمانی و لیبرالیزم و هەلپەرستی و پیلانگێران و لە خشتەبردنی تێکۆشـــەرانتان بڵاوکردۆتەوە ئەوەتان کردۆتە(تقیم) ی ســیاســـی و اخلاقی حیزبی خۆتان.

٥-پەیوەنـدیتـان کردووە بە دەوڵەت و لایەن و حیزبی بێگـانەوە بۆ وەرگەرتنی یارمەتی و پشتیوانی بۆ انشقاق و یاخیکردنی پێشمەرگە و تێکدانی ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکیتی و پێشمەرگە و مەعلوماتەکانی ئیمەتان بۆ مەبەستی خۆتان داوە بەوانە.

٦-بون بە هۆی ڕوخاندن و ساردکردنەوە و دانیشتنی سەدان کادرو پێشمەرگەو تەسلیم بونەوەیان بە عراق و ئێران و ڕۆیشتنیان بۆ دەرەوە.

جا برایینە نامەوێ زیاتری لەســەربڕۆم، من وێســتم ســەبارەت بە موقفی خۆم و برایەتی و دۆستایەتی و هاوڕێ یەتی دەسـاڵی ڕابوردو کارێک بکەم ئەو حوکمەتان لەســـەر لابببەم و بە جۆرێک لێ ی دەربچین کەنە ئێوە بەو دەردە بچن و نە منیش پرتەو بۆڵەم بێتەســـەر. خۆتان ئەزانن بۆ من لە ئەســتۆگرتنی ئەو مەســئولیەتە واتە جێبەجینەکردنی بریاری بە گشتی هەمو کادرەکان یەعنی چی، وە بۆ ئێوە ش کە ئەو بریارە تان لەسەر لابچی یەعنی چی و ئەبێ چی بنوسن و چی بکەن و چی بڵێن.

من ئەوەی لە سەرم بو وەکو ویژدانی خۆم و وەفای برایەتی و جۆرێک لە ئیلتزام بەرامبەر هەندێ کەس کردم، ماوە ئێوە ش بەشـــەکەی خۆتان بکەن ، ئەگینا من لێ ی دەرچوم و هیچی تر قسەی هاوڕێکانم ناهێنمە سەرخۆم.

دوبارە سڵاو

ئیمزای نەوشیروان

١٩٨٦/١/٦-٥

بۆ مێژوو

بۆ مێژوو وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش دەینووسم :

١- تا دەمی نوسینی ئەو نامە پر تۆمەتەی نەوشیروان مستەفا. (ئێمە وەک **ئاڵای شـــۆڕش)** هیچ پەیوەندیەکمان بە دەوڵەتانی ئێران- عێراق- ســـوریا- لیبیا- بەرەی

جود- جوقد نەبووە. بەڵێ سالار عزیز کە وەک (کۆمەڵەی ڕەنجدەران-کوردستانی عێراق) کاری دەکرد (بە پێی نامەکانی خۆی) پەیوەندی کردبوو بەو لایەنانەوە.

٢- خاڵی یەکەمی نامەکەی نەوشیروان باس لە قبوڵکردنی کەڵەگایی یەکێتی نیشتمانی دەکات .

٣-ئەم برگەیەی نامەکە ریک دادگای (الثورة) بەعس دێنێتەوە یاد : (**ئەگەر بڵێن خۆتان لەوێ نەبون**. بەیان و بڵاوکراوەو نامەو نوسینەکانتان لەوێ بون، کردەوەو **شایەتەکان و مدعی یەکان لەوێ بون** و **هیچ دفاعێکی خۆتان دادی نەئەدان و دفاعی هیچ محامی یەکیش لە تاوانەکەی سوک نە ئەکردن)**

٤-سەیرە باس لە نهێنی شۆڕش دەکات، لە کاتێکدا چەندین کەسی سەرکردایەتی یەکیتی بە دەزگای ڕێکخستنیشیانەوە لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە کڕرابوون(سەپری مەلفەکانی دوای ڕوخانی بەعس بکەن)، بێجگە لەوەی لە سای مفاوەزاتە نەزۆکەکەی ئەواندا ژمارەی خەڵکی خۆفرۆشی(خەفیفە) چوارسەدهەزاری تێپەراندبوو؟

٥- باسی درۆ دەکەن، پێم بڵێن کام لە سەرکردایەتی یەکێتی درۆی شاخداریشی نەکردووە، مەلا بەختیار راستیی وتبوو کاتێک پێی وتبوون هێز جیاناکەینەوە.

٦-**ئاڵای شۆڕش تەنها لایەنێ بووە, بەکرێگیراوو پێش لەشکری بەعس و ئیران و سوریاو لیبیا نەبووە**

٧- لە وەڵامی خاڵی پێنجەمدا دەڵێم تەنها لایەنێک کە (**تا ئەو کاتە**) **پەیوەندی** بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە نەبووە ئاڵای شۆڕش بووە.

٨- ئەو پەیوەندیەی کرابووکۆمەڵەکەی سالار عزیز کردبووی کە باوەری بە هیچی ئاڵای شۆڕش نەبوو.

٩- **ئەوەش کە بو بەهۆی تێکدانی وەزعەکەو ڕاونانی پێشمەرگە، شاڵاوی یەکێتی نیشتمانی بوو بۆ سەر پیشمەرگە**...بەو **جۆرە یەکێتی نیشتمانی لە باتی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عێراق) ی سالارعزیز، ئاڵای شۆڕشی دادگایی کرد.**

١٠- یەکێک لە بریارەکانی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش دیاریکردنێکی ڕوونی **ستراتیژی خەباتی ئاڵای شۆڕش بوو، ئەویش کە خەباتی سەرەکیمان ڕێکخستنی شارەکان، ڕاپەڕینی شارەکانە نەک شاخ و بە هیچ جۆرێک جیاکردنەوەی هیزی چەکدار لە بەرنامەی ئێمەدا نەبووە.** لە بەر ئەوە ئەو تۆمەتی جیاکردنەوەی چەکدارەش، درۆیەکی زەقی مێژوویی بوو. سەرانی یەکێتی چاوو و گوێی خۆیان داخستبوو، نەیان دەویست ڕاستیەکان ئاشکرابێت ، هەر بۆیە لەسەر ئەو

هەڵوێستە سیاسیانەی سالار عزیز کە ئاڵای شۆڕش نەبوو، ئاڵای شۆڕشیان دادگایی دەکرد. بە کوتەکی لای سەرانی یەکیتی سالار عزیز بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش ناودەبرا.

زیندان
نامەی پاکانە بە زۆر پێ نووسراوەکەی ١٩٨٦/١/٧

بۆ کۆمیتەی سەپەرشتی ئاڵای شۆڕشی بەڕێز
پاش سڵاو
پاش ئەو هەموو ململانێ و ناکۆکی و دژایەتیانەی پێشووومان لە ناو کۆمەڵەدا، دواتریش تاوانی خۆ إعلان کردنمان وەکو ئاڵای شۆڕش بەرامبەر بە کۆمەڵەو یەکیتی وەکو جیابونەوە لێیان، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی هەموو ئەو کارە ناراستانەی پێشووی ناو کۆمەڵەمان و کردەوەکانی ئەم دواییەشمان ئیدانە بکەین وبە تاوانیان بزانین بەرامبەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی کرێکارانی کوردستان و شۆڕشی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان. بۆیە بریارمان دا کەچی تر لەمەودوا لەگەڵ ئێوەدا کار نەکەین و واز لە سیاسەت بهێنین، وە هەمو پەیوەندیەکی خۆمان لە گەڵتان دا ببڕین لە بەر ئەم هۆ فکری و سیاسیانەی خوارەوە!
آ-ئەو شێوە کارکردنەی کە ئێمە مەمارەسەمان کرد لە ناو کۆمەڵەو یەکێتی دا،پاشان پەیوەندی کردنمان لەگەڵ ئاڵای شۆڕش و نە پساندنی پەیوەندی حیزبیمان لەگەڵ کۆمەڵە بە ڕەسمی، واقعەکە سەلماندی کە ئەو شێوە کارە ناشەرعی و نادروست بوەو ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لێ پەشیمانین، وە دەرکەوت لە ناو شۆڕشی گەلەکەمان دا لە کوردستانی عێراق دا تەئسیری سەلبی زۆری بووە لەسەر بزوتنەوەی کرێکاران و یەکێتی ڕیزەکانیان و مارکسستەکان، بۆیە پاشگەزبونەوەمان و دورکەوتنەوەمان لە قازانجی شۆڕش دایە. چونکە ڕێبەرایەتی بەرگری شۆڕشگێرانە کە مەسەلەی سەرەکی یە بە هێزیکی وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرێ نەک بە چەند ئەڵقەیەکی بچوکی بێ هێز بە ڕاستی دەبوایە باشتر ڕەچاوی واقعی خەباتی گەلەکەمان و شۆڕشەکەی بکەین، تەنانەت ئەگەر قەناعەتی فکری تایبەتی و جیاوازیشمان بوبێ ڕاستتر وا بوو لە ڕێگەی ئسوڵی حیزبایەتیەوە وەک شەخسی خۆمان دوور خستبایەتەوە لە کۆمەڵەو یەکێتی، چونکە ئەبوایە بمان زانیایە ئەم کارانەی ئێمە بە حوکمی مەرکەزمان لە ناو شۆڕش و کۆمەڵەدا دەبێتە مایەی

كێشەو گیروگرفتی ئاوا كە گیانی بەرەنگاری لاوازدەكات، ئەویش سەرئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی كە ئێمە گرتبومانە بەر.

ب-كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان وەك ڕێكخراوێكی ماركسی لینینی شۆڕشگێڕی ئەساسی كۆڕی خەبات، یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش وەك لایەنێكی نیشتمان پەروەری ڕزگاری خوازی كاریگەر و باڵادەست، شۆڕشیش وەك بڕبڕەی پشتی گەلەكەمان و بزوتنەوەی نیشتمانی لە عێراق دا دژی فاشستەكان، ئەركی سەرشانی هەمو كەس ولایەنێكی شۆڕشگێڕ و دیموكراسی و چەپێكە، ئەمرۆ درێغی نەكات لە پشتیوانی و دۆستایەتی كردنیان، كاریكی وا نەكەن لە بەرامبەر دوژمن دا لاوازتربیت چونكە لاوازكردنیان دەبێتە هۆی پاشكەوتنی سەركەوتنی جولانەوەی ڕزگاری خوازانەی كوردستان، ئەمە ڕاستیەكە تا دێت ڕوداوەكان باشتری دەسەلمێنن. بۆیە لەمەوبەر كارەكانی ئێمە كە پێچەوانەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بوبێ ئیدانەیان دەكەین، بە تایبەت پاش ئیلتزام كردنمان بە ئاڵای شۆڕشەوە.

ج-خۆتان دەزانن هەڵوێستمان بەرامبەر نوسراوەكانی كاك سالارو م.جەعفەر بە تۆندی ڕەتكردنەوەیان بووە چونكە بە گیانێكی دوژمنكارانەو و ناراست بەرامبەر كۆمەڵە و یەكیتی نوسراوون، ئێستاش هەمان هەڵوێستی ئیدانەكردنمان هەیە، سەبارەت بە هاندانی لایەن و دەڵتەكانی ناوچەكە بۆ دووركەوتنەوە لە یەكیتی و دژایەتی كردنیمان هەر لە لایەن ئەو برادەرانەوە بە تاوان و خیانەت لە قەلەم دەدەین. لە كاتێكدا پێویست بو بە پێچەوانەوە دۆست و پشتیوان و ئیمكانیەت بۆ شۆڕش جولانەوەی گەلەكەمان زیاد بكەن، وە هەوڵی نزیك خستنەوەو یەكخستنی لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی-چەكداری كۆڕی خەبات بدەن بۆ نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ. وە ئێمەش دەبو پێش وەخت لەم بارەیەوە مەسەلەكانمان لەگەڵ ئەو برادەرانە یەك لا بكردایەتەوە.

د-هەر كە گەیشتینە قەناعەتی بێ هیوایی لە كۆمەڵە لە ڕووی ئوسوڵی حیزبایەتیەوە پێش وەخت دەبوو ئیستقالەی ڕەسمیمان لە كۆمەڵە بكردایە، پاشان بیرمان لە چونە ناو لایەنێكی تر بكردایەتەوە.

كاركردنمان بە چەشنی (تسلل) تاوانێكی تەنزیمی و سیاسی گەورەبوو، كاریكی نا شەرعی بوو، زیانی بۆ هەردولا هەبوو. بۆیە لەو شێوە كارە پەشێمانین، بە تۆندی ڕەخنەی لێدەگرین، وە بە پێویستیشی دەزانین هەوڵدەن ئەو شێوە كاركردنە بنەبڕ بكرێ و هەركەس لای خۆیەوە چاوی پێدا بگێڕێ و پاشماوەكانی نەهێڵێ تا چیكە نەبێتە زیانی بۆ كۆمەڵە و شۆڕش.

ه-دەربارەی كەرت و پەرت كردنی هێزی پێش مەرگەی كوردستان،هەرچەندە ئێمە بە كارێكی نالەبارو تاوانمان زانیبێ، بەڵام شێوەی سراعەكەو سیاسەتەكە، دەركەوت هەر بۆ ئەوەی دەبرد. بۆیە دیسان دژی جیاكردنەوەی هێزی

(پ.م)كوردستانین، وە هەموو تەقەلایەک بۆ ئەو مەبەستە، واتە جیاكردنەوەی هێزی پ.م كوردستان بە خیانەت و تاوان دەزانین، وە بە توندی لایەنگیری یەكێتی ریزەكانی و گیانی برایەتی و هاوڕێ یەتی ڕاستەقینەین لە ڕیزەكانیدا. دەست هەڵگرتن لەو جۆرە سراع و سیاسەتە تاقە زامنی ڕەواندنەوەی ئەو مەترسیەیە كە ئەبیتە هۆی لاوازكردنی شۆڕش و قوڵ كردنەوەی ئەو كێشە نا مەبدەئیانەی پێشوو، بۆیە هیوامان وایە هەركەسێكیش بە هۆی كێشەكانی ئەم دوایی یە و لە ژێر تەئسیری ئەو وەزعە سیاسیەدا توشی دووڕە پەڕێزی و لادان و دوورگەوتنەوە بووە لە یەكێتی و هێزی پ.م و كۆمەڵە، وەک پێویستە دان بە هەڵەكانی خۆیان دا بنێن و بگەڕێنەوە ناو هێزی پ.م و براكانی خۆیان لە یەكێتیدا، چونكە ئەم واقعە هەرگیز بەرگەی جیابونەوەو شەڕی ناوخۆو زیادكردنی لەشكرێكی تر ناگریت، هەر ئەوەش جەرگی دوژمن دەبڕێ و دڵی میللەتەكەمان خۆش دەكات. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە لەو جۆرە سراعە كە ئەم ئەنجامەی دا بە دەستەوە پەشێمانین هیوادارین هەموو برایەكی تریش ئەم هەڵوێستە وەرگرێ و چیكە درێژە بەو سیاسەتە هەڵەیە نەدات.

برایان.....

ئەوەی لە سەرەوە نوسیومانە پوختەی هەڵوێست و ڕاو قەناعەتی ئێمە سەبارەت بە ئالای شۆڕش و سەرجەم مەسەلە سیاسیەكان، بە بروای تەواوەوە دوور لە هەموو تەئسیریكی ئەم یان ئەوە، لە كاتی گرتنماندا لە لایەن یەكێتی و كۆمەڵەوە، لە جەوێكی زۆر هێمن و ئارام و دیموكراسیانەدا، بێ هیچ زۆرو فشارێ. بۆیە دیسان دوپاتی ئەكەینەوە ئیتر ئێمە كە لە خوارەوە ئیمزامان كردووە هیچ جۆرە ئیلتزاماتێكمان پێتانەوە نەماوەو نامێنێ وە ئیتر وەكو كوردێكی بێ لایەن و دلسۆز ودوور لە ژیانی سیاسی، دوور لە كوردستانی عێراق ژیان دەبەینە سەر ، بۆ ئەم مەبەستەش داوامان لە كۆمەڵە و یەكێتی كردووە یارمەتی چونە دەرەوەمان لە هەموو باریكەوە بۆ مەیسەر بكەن، ئەوانیش بە سوپاسەوە گفتیان پێ داوین...وە ماندووبونی چەند ساڵی ڕابوردویان بە گیانێكی مەسئولانەوە ڕەچاوكردووە، سەرەڕای ئەو هەموو ناكۆكی و دژایەتی كردنەمان لە ماوەیەكی دیاری كراودا بەرامبەریان

ئیمزای

ئیمزای پشكۆ	ئیمزای مەلابەختیار	شێخعەلی
٨٦/١/٧	١٩٨٦/١/٧	٩٨٦/١/٧

یەكێتی زۆر بە چڕی لە ئێستەگەكەیان و لە ڕێگەی ڕێكخستەكانیانەوە لە شارەكاندا و ناو هیزی چەكدار ئەو پاكانەیەیان بڵاوی كردبۆوە و نوسخەشیان

ناردبوو بۆ هەموو حزبەكانی جود و جەوقد. بە تایبەت لەناو رێكخستنەكانیان و هێزی چەكداریاندا دەیانوت كە (**ئەو گیراوانە بە فیدیۆ ئیعترافیان** كردووە كە پەیوەندیان بە رژێمی بەعسەوە كردووە وچەند ملیۆن دیناریک پارەیان لە بەعس وەرگرتووە). سەرانی یەكیتی وەستای درۆو دەلەسە دروستكردن بوون، توانیان ماوەیەک خەڵكێكی نا هوشیارو كاڵفام لە كۆیلەكانیان بەو درۆودەلەسانە فریو بدەن.

بڵاوبوونەوەی ئەو پاكانەیە بە ئیمزای هەرسێ هاوڕێكە، بووە مایەی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی دژی پاكانە پێنوسینەكەو لە هەموو ریزەكانی رێكخستەكانی ئاڵای شۆڕش لە سولەیمانی و هەولیرو كەركوک بە لیشاو ڕەخنە دەهات دژی ئەو پاكانە نوسینە. هەندێ لە برادەرانی لیژنەی سەرپەرشتی زێوە بریاریان دابوو بەیانێک لەو بارەوە دەربكەن و بە فەرمی ئەو سێ زیندانیە دەربكەن و تۆمەتی ناپاكی لە ئاڵای شۆڕش و خۆڕانەگریان بخەنە پاڵ. بە نامەیەک ئاگادارمانكردنەوە ، ئەوانە هاوڕێ ی ئێمەن و لەسەر ڕێبازی ئاڵای شۆڕش زیندانی سیاسین، ڕازی نابین لە ئێوەو هیچ كەسێک بریاری لەوجۆرە بدات و دەبێت بریار لە باری ئەوانەوە هەڵگیرێت بۆ دوای ئازاد بوونیان..

كۆبونەوەی كۆمێتەكان لەسەر نامەی پاكانەكە

پاش كۆبونەوەیەک لە كۆمێتەی سولەیمانی سەبارەت بەو بارودۆخە نوێ یە، بریارمان دا لە گەل كۆمێتەی هەر پارێزگایەكدا بە جیا دانیشین، لە گەل هاوڕێ علاء كەوتینەڕێ بەرەو هەولێر، لەگەڵ هاوڕێ كاكل بەرپرسی یەكەمی كۆمێتەی هەولێرو هاوڕێ كاردۆ ئەندامی كۆمێتەی هەولێر زۆر دواین. (هاوڕێ كاكل و هاوڕی كاردۆ، دوو هاوڕێ ی جوامێر و بە دیسپلین و چالاک و بە توانا و لە باشترین هاوڕی یانی كۆمێتەی هەولێر بوون)...پاش ئاڵ وگۆركردنی بیروڕا :

١-گەیشتین بە ڕایەكی هاوبەش كەبەردەوام بین لە بەرگری لە زیندانیەكان (تا ئازادبوونیان).

٢- مەسەلەی لێپرسینەوەی هاوڕێ زیندانیەكانمان هەڵگیرێت بۆ دوای ئازادبوونیان.

٣-ڕەخنەی ڕێكخستنەكان لەو بارەوە بە هەند وەربگیرێت، بەڵام ڕێگە بەناوزراندن نەدرێت.

٤-خستنەڕووی ئەو كارە قێزەونەی سەرانی یەكێتی، (پاكانە) پێنوسین لەژێر فشاری مەرگدا، وەكو كارێكی دژە ئازادی دژە دیموكراسی و وەكو رەفتارێک كە لە بەعسیە فاشیەكانی عێراقیشی تێپەراندووە، بە جەماوەر بناسرێت.

هەرلەو كۆبونەوەیەدا لەگەڵ ئەو هاوڕێ یانەی كۆمێتەی هەولێر، بە وردی شێوازی دروستكردن و كارپێكردنی ڕۆنیۆی شەعبیمان (ناومان نابوو پنەوتیرۆكەكە) بۆ ڕوون كردنەوە، وەک هەنگاوی یەكەم تا چارەسەری گونجاوتر

دەدۆزینەوە. لە سەر ئەوە ڕێكەوتین هەربڵاوكراوەیەک دەرچێت ، لە باتی فەردەیەک بەیان بەو هەموو سەیتەرانەی حكومەتدا بەرین بۆیان، تەنها بە دوو نوسخە بڵاوكراوەكە ستێنسل بكەین و بۆیان بەرین، ئەوان خۆیان چەندیان بوێت ڕایكێشن. شێوازێكی كاركردنی ئاسان و سەلامەت بوو، تا ئەو كاتەی لیژنەی سەرپەرشتی زێوێ و سالار عزیز، ڕۆنیۆی بچووک دابین دەكات بۆ كۆمێتەكان. بۆ مێژوو دەیلێم ئەو كارە بە بەهانەی نەبوونی پارەوە لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی یەوە هەر نەكرا!

چەندڕۆژێک دواتر لەگەڵ هاوڕێ یەكی كەرتی شەهید ئارام دا چووم بۆ كەركوک و لەگەل هاوڕێ جوتیاریش هەمان قسەوباسمان كرد وتوانیم تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەمانیش بە هەمان بریار بگەم، بەڵام ئەمان زۆر تونڕتر پێیان دادەگرت لەسەر بەرپرسیاریی سەرەكی ئەو هاوڕێ گیراوانە لەسەر ئەوەی ڕوویدا، دەیانووت ڕاڕایی وكەمتەخەمی و هەڵەكانی ئەوان بووە مایەی ئەوەی لە و ئەركە سەرەكی یەی كارمان بۆ دەكرد لا بدەین بۆ ڕێگایەک كە هی ئێمە نیە..

منیش پاش هەڵسەنگاندی بارودۆخەكە لەگەڵ كۆمێتەكاندا، نامەیەكم بە ناوی كۆمێتەی سەركردایەتی ناوەوە نارد بۆ لیژنەی سەرپەرشتی زێوێ، **بۆم ڕوونكردنەوە كە پڕۆسەی دروستكردنی ڕێكخراوە ماركسی یە شۆڕشگێڕەكە بە هۆی (هەڵەكانی) دەستەی ناوەندی نوسەرانەوە هەر لە سەرەتاوە لەباربراوە،** ڕازیش نابین تۆمەتی خیانەتیان بخەنە پاڵ، یا بە هەر ناوو ناتۆرەیەكەوە بێت قسەی نابەجێیان پێ بكرێت، تا ئەو دەمەی ئەو هاوڕێیانە ئازاد دەبن، ئەوسا هەركەس ئازادە لە وەرگرتنی هەڵوێست، بەڵام تا ئەوان ئازاد نەبن هیچ هەڵوێستێكیتر، قسەوقسەڵۆكیتر لە كەس قبوڵ ناكەین و بە بڵاوكراوە وەڵام دەدەینەوە. ئەوەی تا ئیستا كراوە :

یەكەم : تەنها بۆ ڕزگاركردنی ژیانی ئەو سێ هاوڕێ یە بووە..

دووهەمیش: بۆ ئەوە ڕێ لە هەر (كارێكی نامۆ) بگێڕێ كە بویستڕێ بە ناوی ئاڵاوە بكرێت دژی پرنسیپەكانی دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش.

دروستكردنی ئامێرێک جێی ڕۆنیۆ بگرێتەوە!

لەو ماوەدا لە كۆمێتەی سولەیمانی زۆر دواین لەسەر گەڕان بەدوای ڕێگا چارەسەرێک بۆ كێشەی ڕۆنیۆكە. هاوڕێ سەردار (شێخ فاتح) وتی لە ناو هاوڕێكانی لای مندا كەسانێكی تەكنیكی هەن هەوڵی قسەكردن دەدەم لەگەڵیان، پاش چەند ڕۆژێک ئاگاداریكردمەوە كە هاوڕێكانیان توانیویانە شتێک دروست بكەن. كە هێنایان بۆ تاقیكردنەوەی، لە سێ بەش پێک هاتبوو، بۆریەكی ئەڵەمنیۆمی بە درێژی چل سانتیمەتر و قوتری بیست سانتیمەتر كون كونی وردی تیاكرابوو بە

هەرچواردەوریا(وەک بێژنگ). دووپارچەکەیتر هەریەکەی لە ســـەرێکی بۆریەکە قایم دەکرا وەک قەپاغ، لە یەکێکیانەوە مەرەکەبەکە دەکرایە بۆریەکە، پاش داخستنی هەردووسەری، قوماشێک بە درێژی و قوتری بۆریەکە دەبەسترا لە دیوی دەرەوەی بۆریەکە ، دوای ئەوە ستێنسـڵەکەی لێدەبەسترا. لەو ساتی تاقیکردنەوەیەدا هەموو هۆش و خەیاڵم لای سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوەیە بوو، دڵە تەپێیەکی قایمم هەبوو، ئارەق بە ناوچاوانما دەهاتە خوارەوە. کاتێک ئەمسەرو ئەوسەری ڕۆڵەکەم گرت بە دەستەوەو هێنام بە سەر کاغەزە سپیەکەداو نوسینەکان دەرچوون، هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشـــاو، ڕوومکردە هاوڕێ علاء و هاوڕێ ســـەردار و وتم کوڕینە بینیتان ئەم گەلەی ئێمە خاوەنی داهێنەرە بەڵام خاوەنیان نیە. ئەو ئامێرە دروستکراوە، بچوک، ئاســـان هەڵدەوەشـــا بۆ ســـێ پارچە کە دەکرا هەر پارچەی لە شـــوێنێکی ماڵدا فرێ بدرێت بێ ئەوەی ســـەرنج ڕاکێشـــێت. ئاســـان لە بەیەکەوە بەســـتنەوەو لێک هەڵوەشاندنیا. خێرا دان بە دەستەوەی چاپ و جوانتر و خیراتر لە (پنەو تیرۆکەکە)، ئاســـان گواســـتنەوەی لە نێو بازگەی شـــار یا نێوان شـــارەکاندا بێ ئەوەی ســـەرنج ڕاکێشێت. پاش سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکە ، بەیانێکمان ستێنسڵ کردبوو بە وێنەی شەهید ئارامەوە بە بۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونیەوە ڕامان کێشا.

لە کۆبونەوەی کۆمێتەدا بریارماندا (لە داهاتوودا) ئەگەر لیژنەی سەرپەرشتی و سالارعزیز ڕۆنیۆی بچوکی دەستیان بۆنەناردین، ئەوا بۆ هەریەکێ لە پارێزگاکانی هەولێرو کەرکوکیش ســـەرو دانە لەم ئامێرە میکانیکیە دەســـتیە دروســـت بکرێت و بۆیان ببرێت، یان لانیکەم خۆیان فێری دروســـتکردنی بکەین. تا دوای ئەوە تەنها نوســـراوەکانیان بە ستێنسـڵکراوی بۆیان بچێت و ئەوان لای خۆیان چەندیان دەوێت ڕایکێشن..بۆ ئەو ساتەوەختە داهێنانێکی مەزن و لە کات و شوێنی خۆیدابوو.

ئێمە لە کۆمێتەی شـــارەکان، بە پێی ئەو هەموو باســـانەی ســـالارعزیز بۆ مەلابەختیاری کردبوو، چاوەڕوانی لانیکەم پەیداکردنی ڕۆنیۆ، وە ئاســـانکردنی کاری پەیوەندی ڕێکخراوەیی بووین لە نێوان لیژنەی ســـەرپەرشـــتی و کۆمێتەی شـــارەکاندا. بەڵام هیچکام لەو دوانەیان ئەنجام نەدا و، بگرە بوون بە بار بەســـەر ڕێکخستنەکانی ناوەوە و داوای پارەیان دەکرد بۆ بژێوی ژیانی لێقەوماوەکانی زێوە! بەو جۆرە لە کۆمێتەی شارەکان دەبوو خۆمان هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی دروست کردن بە لیژنەی سەرپەرشتیەوە بدەین. لیژنەی سەرپەرشتی نەک کارەکانی ئاسان نەکرد بەڵکو بوونە بارگرانی و ئەرکێکی قورستر بەســـەر کۆمێتەی ســـەرکردایەتی ناوەوە. بۆ تێگەیشـــتن لە بارودۆخی ئەودەمە، وا نامەکانی ئەو کاتەی کۆمێتەی شارەکانی ئاڵای شۆڕش بۆ لیژنەی سەرپەرشتیتان دەخەمە بەردەست. ئەم نامانە لە ئەرشیڤی لیژنەی سەرپەرشتی لە زێوە دەرمهێنان و پاراستوومن:

نامەی كۆمیتەی سەركردایەتی شارەكان بۆ لیژنەی سەرپەرشتی

كرێكارانی جیهان یەكگرن

هاوڕێ یانی لیژنەی سەرپەرشتی تێكۆشەر
سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم

١-لە گەیشتنی نامەكانی پێشووتانەوە ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین مۆرەكە بگات. بریا هەر ئەو كاتە لەگەڵ نامەكانتاندا بتان نارداید. ئێستاش هەرواچاكە بە هەڵگری نامەماندا بینێرن بەڵام باش بپێچرێتەوە تا لێرە بە هۆی ئەو مۆرەوە بتوانین پارە كۆبكەینەوە و ئەوەی دێتە دەستمان بۆتان بنێرین. بێ ئەو مۆرە مەگەر بە قەرز پارە وەربگرین. كۆمێتەی سولەیمانی زیاتر لە هەزارو شەش سەد دینار مەسرەفی بووە لە ماوەی ڕابردوودا، ئەوەی هەیە لەسەری قەرزار نیە. بەڵام كۆمێتەی هەولێر لەبەر مەسرەفی ڕێكخستن ناچاربوون هەزار دینار قەرز بكەن و بینێرن بۆ هاوڕێ حاجی مەمۆ، تا ئێستا هێشتا نزیكەی شەش سەد دیناریان قەرز لەسەر ماوە بیدەنەوە.خەڵكی ئێستا كۆمەك بە نامەی مۆركراو نەبیت نایدەن، كەسانێك هەیە ئامادەیە یارمەتیمان بدات بەڵام بە وەسڵ و مۆر، دیارە هەقیشیانە. نەخشەی پیتاك كۆكردنەوەشمان داناوە و چاوەڕوانی مۆرەكەین.

٢-نامەیەكمان لە نیوەی دووەمی مانگی یەكدا بۆ ناردن و تیایدا دیاریمان كردبو نوێنەرمان دێتە لاتان لەو شوێنەی دیاری دەكەن(نزیك). بەڵام لەم ڕۆژانەدا لە لایەن ئەو برادەرەی كارێزەوە كە متابعەی نەبوونی جوابەكەمان كرد، بۆمان دەركەوت هێشتا نەیان ناردووە بۆتان!

بە هەرحاڵ داواكارین بنكەیەك بكەنەوە لە ناوچەی هاوار یا بەمۆ، ئەو برادەرانە جیهازی لاسلكیان پێ ببێت، تا ڕۆژانە بتوانین هەواڵەكان بگەیەنینە ئەوێ و ئەوانیش بە جیهاز بیگەیەننە ئێوە. لە ڕاستی دا دووری شوێنی ئێوە و ئەو كۆسپانەی ڕێگا كە خۆتان دەزانن ڕیگرن لەوەی هەواڵەكانتان لە كاتی خۆیدا پی بگات، تەنها چارەسەریش لە ئێستادا بەوجۆرە دەزانین كە باسمانكرد.

٣-پێش گەڕانەوەی ئەم هاوڕێ نوێنەرەمان لاتان گەر بۆتان بكرایە هەویەی عدم تعرضتان بۆ بكردایە، بۆ ئەوەی هاتوچۆی داهاتووی ئاسان بكردایە كارێكی باش بوو. هەوڵ بدەن شوێنێكی نزیكتری سەرسنوری پێ نیشان بدەن و پێی بناسێنن، تا لە داهاتوودا ئیشی ئەم هاوڕێ یەشمان ئاسانتر جێ بەجێ بێت. لە ڕاستی دا(زێوێ) ئەو شوێنە نی یە بكرێتە (مركز)و چاوەڕوانی ئەوەش بن زوو هەواڵتان پێ بگات. پێویستە ڕەچاوی خەباتی سەختی ناوەوە بكەن. گەر نەشتوانن خۆتان نزیك بنەوە ئەوا خاڵی دووی ئەم ڕاپۆرتەمان پێشنیار كردووە، جا هەركەسێك بنێرنە ئەو

شـــوێنانە كە خۆتان بە باشـــترو نزیكتری دەزانن جیهازیان پێ نەبێت، بوونیان و هاتنیان هیچ ڕۆڵێكی نابێت.

ڕێكخستن :

بە گشـــتی ڕێكخســـتن ڕوو لە گەشـــەكردنێكی نەوعی زۆر باشـــە. كاریگەری قورسایی ڕێكخستن لە ڕووی ئیعلامیشەوە بە چاكی و تەواوی خۆی چەسپاندووە و ســـەلماندووە لەســـەر ســـاحەكە، وەك تەنها ڕیكخســـتن كە ئێســـتا لە گۆڕەپانەكەدا هەڵوێستی ڕوون و ئاشكرای شۆڕشگێڕانەی خۆی دەردەبڕێت و جەماوەر بە گیانی شـــۆڕشـــگێڕێتی پەروەردە دەكات. كە دەڵێین وەك تەنها ڕێكخســـتن، لەو ڕووەوە دەڵێین كە ئێستا بە جودو یەكێتیشەوە بڵاوكراوەیان نیە بۆ ناو جەماوەر، سەبارەت بە هەڵوێست لە ڕووداوەكان و ڕژێم.(دیارە مەبەستمان ڕێكخستنەكانی ناوەوەیە).

كۆمێتەی ســـولەیمانی و هەولێر لە ڕووی ڕێكخســـتنەوە زۆر بەهێزن، كۆمێتەی كەركوك ســـــەرەتای نەش و نمایانە، توانراوە لە بەغداش هەندێ خەت دروســـــت بكرێت. هەروەها لە كەلار-توز- كفری.بەڵام هێشـــتا بە چاكمان نەزانیوە ئەو ئەڵقانەی بەغدا لە یەك بدەین. تركیزیش كراوەتە ســـــەر مرۆڤە كۆمۆنیســـــتی و كرێكاری یەكانی عەرەبیش.لە بارەی جەیشـــەوە، زۆر بایەخی پێدراوە، ڕێكخســـتن نەخشـــــەو پلانی وردی خۆی خســـتۆتە كار و تا ڕادەیەكی باشـــیش هەنگاوی سەركەوتوو نراوە بۆ پەیوەندی كردن بە كەسانی كۆمۆنیست و باوەڕبوو بە خەباتی كرێكاران و بەردەوامیشین. ڕاستەوخۆ هاوڕێ ی بەرپرسیاری كۆمێتەی شارەكان ســـــەرپەرشـــــتی ئەم خەتە دەكات لەگەڵ هاوڕێ یەكی تردا كە یەكێكە لە ئەندامانی كەرتی شەهید مستەفا.

هاوڕێ سەردار زۆر بە پەرۆش و گیانێكی كۆمۆنیستی شۆڕشگێڕەوە لە هەوڵی گەشەپێدانی ئەو خەتانەی بەغدا-كفری-كەلار دایە كە پەیوەندی بەوەوە هەیە.گەرچی هەندێ كێشـــە لە ئارادایە بەڵام دڵنیاین لە چارەســـەری. لە قەرەداغ و شـــارەزوور و تیپی ســـەگرمەشـــدا و لە ســـنوری ئەو گوندانەی لەو ناوچانەش ماون ڕێكخســـتنی پتەویان بۆ دامەزراوە و گرێ دراونەتەوە بە كۆمێتەی ســـولەیمانی یەوە. لە ڕووی چالاكی ڕاگەیاندنیشـــەوە چەندین بەیان لە لایەن كۆمێتەكانەوە دەرچوون و بە چڕی بڵاوكراونەتەوە لە شارو قەزاكاندا.

ڕاوبۆچوون و پێشنیار

١-ڕای تەواوی ڕیزەكانی ڕێكخســـتن لە بارەی دەركردنی (هەڵوێســـت)ە وە بەم جۆرەیە:

گەر هەڵوێســـت وەك بڵاوكراوەیەك حســـاب بكرێت كارێكی زۆر باشـــە. بەڵام گەر لە باتی ئۆرگانەكەبێت ئەوا ناوگۆڕینی ئۆرگانەكە لە ئاڵای شـــــۆڕشـــــەوە بۆ

هەڵوێستی خۆیشتان دەزانن لە دەستەڵاتی کۆبونەوەی کادرانی ناوەوەو دەرەوە یا کۆنفرانسدایە. لەبەر ئەوە نابێت لە بری ئۆرگان حسابی بۆ بکرێت.

٢-پێویستە وەک لە ژمارە یەکدا هاتووە بڵاوکراوەکە ڕێبازی مارکسی لینینی خۆی طرح بکات.

٣-بابەت و نوسینەکانی تەم و مژاوی نەبێت.

٤-لە خستنەڕووی شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی- عسکری دا لە تێروانینی چینایەتی کرێکارانەوە بۆچوونەکان دابڕێژرێت، بە ڕاشکاوی.

٥-گرنگی بە ناوەرۆک و پتەوی دارشتنی بابەتی باسەکان بدرێت و پێشتر پوخت بکرێت. بۆ نموونە وتاری ئێستگە لە ژۆژی ١٩٨٦/ ٢/١٣لەسەر دروشمەکانی ئەمرۆ کە باسی دیموکراسی شۆڕشگێری دەکرد زۆر لاوازبوو. بابەتی واگرنگ پێویستی بە شیکردنەوەی وردو زانستیانەی باری ئابوری و چینایەتی پێکهاتووی بۆرژواو کرێکارانی دەکرد، تا لەوێوە سروشتی کۆنەپەرستی و گرێدراوی چینی بۆرژوا بە ئیمپریالیزم و سەرچاوەی دژی ئازادی و دیموکراسی بوونی بۆرژوا ڕوون بکرایەتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی گوێگر تێ بگات کە سروشتی کۆنەپەرستی و گرێدراوی و دژی ئازادی و دیموکراسی بوونی چینی بۆرژوا لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، وە ئێستە ئەو ئەرکە دیموکراسی یانە چۆن کەوتونەتە ئەستۆی کرێکاران و..هتد وەک سەرەتای کارتان هیوادارین سەرکەوتووبن.

هیوادارین ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش بەو پێیەی لیژنەتان لە نامەکەتاندا پەیمانتان دابوو لە ژمارە دووەوە دەری بکەن.

<u>هەواڵەکان</u>

١-وەزعی کرێکاران..بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەل و پەلی پیویستی ژیان، وەزعی گوزەرانی ژیانی کریکاران و زەحمەتکێشان زۆر دژوارتر بووە، لە کوردستان و بە تایبەتی لە باشووری عێراق بە لێشاو ڕاپێچ دەکرێن بۆ بەرەکانی چەنگی ناڕەوا. بێجگە لە کارگەو پرۆژەو دەزگادەوڵەتیەکان، بە ماڵانیشدا دەگەڕێن و لە هەر شوێنێک پیاوێک ببینن تۆزێ گەنج بێت ڕەوانەی بەرەی جەنگی دەکەن.

جەماوەری خەڵک لە میسری و مەغریبیەکان زۆر بێزارن، بە لایەنێکی هۆی درێژەکێشانی جەنگەکەی دەزانن، بەوەی گەر ئەوانە نەبوونایە ڕژێم ناچار دەبوو تەواوی دەزگا ئابوری و ئیداری یەکانی دابخا. بەڵام ئێستا بەوانی پر دەکاتەوە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتیش دەکاتە سوتەمەنی جەنگە شوومەکەی. مەسەلەی بە زۆر کردنە جەیشی ناشەعبی و بەعسی ئەوە هەر کاری ڕۆژانەی ڕژێمی فاشی بەغدابووە.

لە لایەکی تریشەوە بە هۆی کەمی کەرەسەی خاوەوە زۆربەی کارگەو شەریکەکانی کەرتی گشتی و تایبەتی وەستاون(وەک شەکر)یا کەم بوونەتەوە وەک

چنین و ڕستن و شەكری كەڵەو و حلویات و كلینێكس و..هتد یا وەكو شەركاتی تجمیعی تلفزیۆن و سەلاجەو موجەمیدەو كارەبایی، كە بە هۆی دابەزینی نرخی دیناری عێراقی و كەمی پارەی قورس(عملة صعبة)توانای ئەوەی نیە وەك پێویست كەرەسەكان بۆ ئەو شەریكانە مسۆگەر بكات، بەوجۆرە طاقەی ئینتاجیان كەم بۆتەوە و بە سەدان كرێكار لە كەرتەكانی گشتی و تایبەتی دا بەو بیانوەوە دەركراون. بەوەش وازیان لێ ناهێنن، بە زۆرەملێ ڕاپێچی بەرەكانی جەنگی ناڕەوایان دەكات.

لەوەتەی ئەم هێرشەی دواییش دەستی پێكردووە، ڕژێمی فاشی بەغدا لە شارەكانی ناوەراست و خوارودا وەكو سەگی هاربە دائیرەو ماڵ و دوكان و شەقامەكاندا دەسوڕێتەو بۆ گرتنی خەڵك و بە زۆر فرێ یان دەدەنە ئۆتۆمۆبێلەوەو دەیان نێرن بۆ بەرەكانی شەڕ. هەركەسێكیش یاخی بێت دەیكوژێ. بۆ نموونە لە شۆێنێكی وەك بەغدا بە دەگمەن بەغدایی لەسەرجادە دەبینرێت، ئەوەی بەردەست كەوتووە ڕەوانەیان كردووە و ئەوی تری خۆی شاردۆتەوە.

ڕۆژانە بە سەدان لاشەی كوژراوی بەرەكانی جەنگ دێننەوە(مدینة الطب). بە سەدان ئافرەت لەوێدا وەستاون بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەی كەس و كاریان بێ ئەوەی لە ترسی سیخوڕو ئەو جەندرمانەی بەعسی فاشی كە لەوێدا وەستاون بوێرن تەنانەت بگرین. یەك پیاویش تۆزێ گەنج بێت لەوێدا نابینرێت لە ئافرەت بەوڵاوە، لە ترسی ئەوەی نەكو بگیرین و ڕەوانەی شەڕە كاولكارەكە بكرێن.

تەواوی جەماوەری چەوساوەو زەحمەتكێش لە شارەكانی خواروودا وەكو بورکان پۆنگی خواردۆتەوە، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەكرێت گەر شارێكی وەكو بەسرە یا عمارە بگیرێت، تەقینەوەی جەماوەری لە شارەكانی خواروودا سەرهەڵبدات، لەو كاتەشدا حەتمەن هەموو شارەكانی عێراق دەگرێتەوە.

لە كوردستانی عێراقیشدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی بڵێسەی جەنگە ناڕەواكە دەزگا سەركوتكەرەكانی فاشی یەكانی بەغدا لە قوتابخانەو زانگۆو دائیرەو كارگەو شەقامەكاندا كەوتونەتە گیانی خەڵك و بەزۆر دەیان بەن خۆێنیان لی دەسەنن.محافظی پارێزگاكان لەگەڵ جەندرمەكانی بەعسدا دەچنە قوتابخانەكان داوا لە خۆێندكاران دەكەن خۆیان تطوع بكەن ، گوایە هەزار دینارو سەیارەیەكی بەرازیلیان دەدەنێ.

لە شارەكانی موسڵ و هەولیرو سولەیمانیش دەزگا سیخوڕیەكانی ڕژێم سەیارەیان بردووەو چواردەوری سەربازگەكانی سوپایان گرتووە بەو نیازەی سواری سەیارەیان بكەن بۆ بەرەی شەڕ. زۆر سەرباز هەڵاتووە، هەندێ لەوەی فریا كەوتووە لە ڕێگا خۆی دەربازكردووە. لە ناو سەربازەكانیشدا ئەوەی لە كاتی دەورگرتنی سەربازگاكەدا ڕای كردووە تەقەیان لێ كردووە (وەك ئەوەی لە

سەربازگەی فایدەی موسل و سەربازگەی تانجەرۆی سولەیمانی لە ڕۆژانی ٩٨٦/٢/١٤ وە ٩٨٦/٢/١٥ ڕوویاندا.

٢-ڕژێم زۆربەی ڕەبایەكانی خۆی چۆڵ كردوە یا دووكەس یا سێ كەسی تیا هێشتۆتەوە، سەربازگەی وا هەیە لە بیست كەس زیاتری تیا نیە. ئەوانەی تریان هەموو ڕاپێچی بەرەكانی خواروو كردووە. تەنانەت كەوتۆتە گیانی جاشە كوردەكانیش و هەندێكی لێ ڕەوانە كردوون.

٣-لە پێش ئەم هێرشەی دواییشدا تەواوی دەزگاكانی ڕژێم تووشی گەندەڵی(فساد) هاتوە و زۆربەی زۆری كاری خەڵك لەو دەزگایانەدا بە بەرتیل نەبێت ناروات. جاش و سێخوڕەكانی ڕژێمیش كەوتونەتە دزی و ڕاووڕووتی جەماوەر، بۆ نموونە لە سەیدسادق لە سولەیمانی نەك هەر ماڵی هاوڵاتیان بەڵكو مریشكیش دەدزن. لە هەڵەبجەی شاری سولەیمانیش شەوانە شەوكوت و دوكان و ماڵ تاڵانكردن لە لایەن جاش و سیخوڕەكانەوە بەردەوامە.

٤-ڕژێم بریاری دەركردووە پەنجاویەك هەزار خانوو لە شێوەی ئۆردوگای زۆرەملێ دروست بكات بۆ ئەو گوندانەی ماون و هەندێ قەزاو ناحیەو هەندێ گەڕەكی شاری سولەیمانیشی تێ بكات. لە لایەكی تریشەوە بریاری دەركردووە هەركەسیك براو كوڕی پێشمەرگەبێت معاشی دەبڕن.

٥-ڕێگای هاتووچۆی گوندەكان، گەلێكی هەر بڕاوەو هەندێكی تری زۆر بە ناڕەحەتی و بە دزیەوە هاتوچۆی بۆ دەكرێت. ڕژێم تەنانەت ئازوقەی گوندەكانیشی بڕیوە.

٦-ڕژێم بریاریداوە گەر كارەبای هەرشوێنێك بپچڕێ چاكی نەكاتەوەو ناشیەڵێت خەڵك چاكی بكەنەوە.

٧-لەم ماوەدا بە هۆی تەقەوە لە شاردا تانكی ئاوی تووی مەلیك لە سولەیمانی كون بوو، خەڵكی لەسەر حسابی خۆیان چاكیان كردەوە، بەڵام ڕژێم قوة خاصەی نارد تێكیان دایەوە. خەڵك چوونەتە لای مدیری ئەمن بۆ واسطە. مدیری ئەمنی فاشیەكان لە سولەیمانی وتویەتی هەر شوێنێك تێكدرا نابێت چاك بكرێتەوە با لەسەر حسابی خۆشتان بێت.

٨-ڕژێم بریاری داوە لە هەر شوێنێك سیخوڕێكی بكوژرێت لەو شوێنەدا چەند زیندانیەك گوللەباران دەكرێتەوە. وەك ئەو سێ كەسەی لەبەردەم سانەوی ڕۆشنبیر ڕە می كران.

٩-لە شاری كەركوك ڕژێمی فاشی كەوتۆتە وێزەی ئەو كوردانەی لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە زەوی یان كڕیوە و نفوسیان لەوێ بووە ، كۆیان دەكاتەوەو دەریان دەكات.

١٠-ڕۆژانە بازگەكان، جەندرمەكانی رژێم لە شـــارەكاندا خەریكی ئازاردانی دانیشـتوانەو خەریكی پشـكنینە. لە شـاری سـولەیمانی بۆ نموونە ڕۆژانە چەندین قوتابی هەرزەكار دەگیرێت. تا ئێســـتا نزیكەی هەزارو پێنج ســـەد قوتابی و منداڵ گیراون لە لایەن ڕژێمەوە و گەلێكیشیان لێكوشتوون.

١١-ئەو كەســـانەی كەس و كاریان پێشـــمەرگەیەو ماڵیان حجز كرا، لە لایەن ڕژێمەوە كەل و پەلی ماڵەكانیان فرۆشتوون.

زانگۆ

ڕژێمی فاشـــی بەغدا بە هۆی مامۆســـتا ســـێخوڕەكانیەوە كەوتۆتە ویزەی خوێندكارانی زانگۆكانی صلاح الدین و موسڵ، بۆ بەزۆركردنە بەعسی. بە زۆری هەڕەشـــەو فشـــارو تۆقاندن دەیەوێت ســـەریان پی دابنەوێنێ بە تایبەت لە كولیجی پەروەردەو ئاداب بەشـی كوردی وەك سـەرەتا. فشـاری ڕژێم بە جۆرێك توندبوو، كە یەكێك لە خوێندكارەكانی كولیجی پەروەردەی موسـڵ كە خەڵكی (كوت) بووە لە خێزانێكی زەحمەتكێش بوو لە قاعەی كولیجی پەروەردەدا نەوتی بە خۆیدا كردو خۆی سوتاند و لەو نامەیەی پاش خۆیشـی بە جێی هێشـتبوو بێزاری خۆی لە دەسـت فاشییەتی بەعس دەربڕی بوو.

ئاگاداری كولیجەكانیشـیان كردووە دبلۆمی دەرچوون (شـهادة تخرج)نەدەنە هیچ خوێندكارێك تا نەبێتە بەعسی و جەیشی ناشەعبی نەكات.

هەواڵەكانی یەكێتی

*-یەكێتی نیشـتمانی ڕێكخراوەكانی ناو هێزی پێشـمەرگەیان هەڵوەشـاندۆتەوەو دابەشیان كردوون بەسەر تیپەكاندا.

*- لە ماوەی مفاوەزاتەكەی یەكێتی، بە هۆی ئەوەی ڕیزەكانی یەكێتی لە شارەكان و سەركردایەتی یەكێتیشدا پڕبوە لە سیخورو بەكرێگیراوی ڕژێم. ڕۆژانە بەردەوام لێ یان دەگیرێت، بەخۆیشیانەوە ناوەستن خەڵكی تریش بەگرت دەدەن. لەو ڕۆژانە گۆران لە كاتێكدا لە مالی حەمەشـوكر نـاوێـك بووە لەگەل كمـال مهنـدس و خوشـــكەزایەك و برایەكی حەمە شـــوكور لە لایەن دەزگای ئەمنەوە گیراون. ئێمە پاش تحقیقی ورد دەلیلی اثباتمان دەستكەوت كە ئەوانە لە لایەن جاسوسەكانی بەعس لە ناو یەكێتی یەوە دراون بە گرت.

*-دەنگ و باسی ناو جەماوەر وایە سەرانی یەكێتی بروسكەی تەئییدیان لێداوە بۆ ڕژێمی فاشـــی بەغدا. دیارە ئەو هەواڵە ڕاســـتە چونكە بە ڕەســـمی فەرمانیان دەركردووە كە لە (ســـوپای ڕژێم نەدەن) فعلا لەم ماوەی هێرشـــەدا ینک تەقەی لە ســـوپای ڕژێم نەكردووە، دەنگی مفاوەزاتیش دەســـتی پێكردۆتەوە لە نێوان ینک و ڕژێمدا.

* شەوی-١٦لەسەر١٩٨٦/١/١٧ چەكدارەكانی یەكێتی لەو شەوەدا بەسەر سەدان سیخوری رژێمی بەعسدا، كە ڕیزەكانیان دەدەن بەگرت، هەنگاویان ناوە و چوون ئەحمەد چاوشین یان كوشت كە لەدەست یەكێتی هەڵاتبوو و خۆی تەسلیم كردبۆوەو لە ماڵی خۆیدا وەك هاونیشتمانی یەك دانیشتبوو.

*-پاش گرتنی هاوڕێ یانی ناوەندی نوسەران. لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/١٢ نامەیەكمان پێ گەیشت كە سەرانی یەكێتی بە هۆی دایكی زیلانەوە ناردبویان. بریتی بوو لە ئیستقالەی كاك بەختیار لە ئالای شۆڕش و تەنها چوار دێربوو. ئێمە وەڵاممان نەدایەوە، چونكە توقعی ئەوەمان هەبوو سەرانی یەكێتی بەوەوە ناوەستن و شتی تری بە دوادادیت. گەر وەڵام بدرایەوە دەبوو وەلامی ئەوەی بە دواشیدا دیت بدرێتەوە. نامەی ئیستقالەكە لە بەرواری ١٩٨٥/١٢/٢٦ نووسرابوو. هەرواش دەرچوو. لە ١٩٨٦/١/٢٨ نامەیەكی ترمان پی گەیشت كە ئاراستەی ئێوە كرابو لەو سێ برادەرەوە، بە ئیستینساخ و بەخەتی مەلابەختیار و هەرسێكیان ئیمزایان كردبوو بە بەرواری ١٩٨٦/١/٧. تیایدا ئەوەی سەرانی یەكێتی بۆیان دیاری كردبوون لە ژێر فشاری مەرگدا نووسیویانەتەوەو ئیمزایان كردووە. ئێستاش هەرسێكیان كراون بەیەك و لە هۆدەیەكدا حجزن و هەر لەو هۆدەشدا پیسایی دەكەن. واتە هاتنە دەرەوەیان نیە و مواجهەش هەر بە ئامادەبوونی زیندانیەوان برایم جلال و دەست و پێوەندەكەیەتی. ئێستاش سەرانی ینگ دەڵێن لەوە زیاتر كە پێیان كراوە نازانین چی یان لێ بكەین.

<u>تێبینی</u> :

١-بە هۆی هێرشی ئێران و شكانی سوپای عێراق و داروخانی باری ئابوری ،عەسكەری، بەشەریەوە ڕژێمی جەللادی بەغدا لە لەرزین دایە. **ئێمە پێمان وایە جەماوەر لە هەڵچوونـدایە. هەمو كەرەسەكانی ڕاپەڕین لە گۆڕێدان،** بۆیە ئاگادارتان دەكەینەوە كە ئێمە بە دوو قۆناغ ئەم وەزعە دەبڕین. یەكەم: مرحلەی هاندان و ڕون كردنەوەی سیاسەتی فاشستی بەغداو لە ڕێگەی بەیان و دروشم بڵاوكردنەوە بە ناو جەماوەردا بۆ خۆشكردنی زەمینەی ڕاپەڕین و زیاتریش خۆشمان بە جەماوەر، بە تایبەتی بە كرێكاران و زەحمەتكێشان بناسێنین.

٢- قۆناغی ڕاپەڕین. بۆ سەرپەرشتی كردن و قۆزتنەوەی عەفەویەتی ڕابەرایەتیكردنی ڕاپەڕینەكە. بۆیە داواكارین لە ئێوەش بۆ ئەو مەبەستە كاربكەن بە تایبەتی لە ڕێگەی ئێزگەوە.

٣-ئاگادارین لەوەی رژێم زۆربەی هەرەزۆری سەربازگەی لە كوردستان چۆڵ كردوە و جاشی لە جێگەی داناوە، هەمو سوپاكەی ڕاپێچاوە بۆ شەری خواروی عیراق.

٤-داواكارین دەنگ و باسی خۆتان و وەزعی دەرەوەی وڵات و وەزعی ئێران و جودمان بە درێژی بۆ بنوسن.
٥- هاوڕێ یانی ئێمە زۆر گرنگی یان داوە بە ڕێكخستن، زۆر لە هەوڵداین، كەم شارو شارۆچكە هەیە بەیانی ئاڵای شۆڕشی تیا بڵاونەكرابێتەوە، ئێستا بە نیازی ئەوەین بەیانێك بە عەرەبی دەربكەین، هەندێ شعارات بنوسین و بڵاوی بكەینەوە.
٦- هەرچەندە ئیستا پەكمان نەكەوتووە بەڵام پێمان باشە هەوڵی پەیداكردنی ڕۆنیۆیەكمان بۆ بدەن چونكە ڕۆنیۆكەمان شكاوە. وە ئیستنساخ زۆر پێویستە بۆمان. ئەگەر بە ئاسانی دەستتان دەكەوێت.
هەر سەركەوتووبن

كۆمێتەی ڕێكخستنی شارەكان
ئاڵای شۆڕش
٩٨٦ /٢/١٩

پلانی دەربازكردنی هاوڕێ زیندانیەكانمان

كۆمێتەی سولەیمانی بریاریدا پلانێك بۆ دەربازكردنی سێ هاوڕێ زیندانیەكانمان ڕێك بخات، ڕای خۆمان لەو بارەوە گەیاندە مەلابەختیار لە زیندان. ئەویش لەگەڵ شێخ عەلی و مامۆستا پشكۆ قسەی كردبوو، دواجار بە بیرۆكەو نەخشەی شێخ عەلی كلیلی زیندانەكەیان لە سەر قورو دواتر لەسەر كاغەز كردبوو، هاوڕێ لیدیا(روناكی شێخ جەناب). كلێشەكەی گەیاندە ئێمە لە ناو شار، هاوڕێ یانی تەكنیك كار توانیان بە باشی چەند كلیلیك لەو شێوەیە دروست بكەن، لەگەڵ هاوڕێ لیدیا كە چاوەڕوانی تەواوبونی كلیلەكان بوو، نەخشەی جێبەجێكردنی كاتی پلانەكەمان بۆ ڕوونكردەوە تا ئەویش بیگەیەنیت بە مەلابەختیار: لەو ئێوارەیەی دیاریكرابوو بۆ دەربازبوونیان، ئێمە، لە ناو شارەوە هاوڕێ یەك دەنێرین بە نامەیەكەوە بە ناوی ڕێكخراوی سولەیمانی و مۆری یەكێتی یەوە بۆ تاڵەبانی، كە چەند هەواڵێكی لەسەر بارودۆخی ڕژێم تیا بنوسرێت بۆ خەریك كردنی پاسەوانەكان بۆ ماوەی چارەكە سەعاتێك، تا دەرفەتی هاتنە دەرەوەو دوورخستنەوەی زیندانیەكان بڕەخسێت. بریاربوو زیندانیەكان لەو ساتەدا بێنە دەرەوەو دەربازبن. لە هەمان كاتیشدا مەفرەزەیەكی دوو كەسیشم لە شارەوە نارد تا لە دوورەوە چاوەڕوانی دەربازبوونی ئەوان بكەن، دوای دەربازبونیان ئەو مەفرەزەیە لەگەل زیندانیەكاندا یەك بگرنەوەو ئەوان بەرەو ناوشار بهێنن بە پێی ئەو نەخشەیەی بۆمان دیاریكردبوون. لە ناوشاریش شوێنمان دیاری كردبوو بۆ شاردنەوەیان و نەخشەش بۆ گەیاندنیان لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا بە چیای

سـورێن. ئەوە ئەو پلانەبوو كە دانرابوو. ئێمە لە ناوشـار ئەو ئێوارەیەی بریاربوو ئەو پلانە جێبەجی بكرێت كەوتبووینە ئینذارەوە، هەسـت و هۆشـمان هەمووی لای سـەركەوتنی پلانەكەبوو، من چاوەڕوانی گەیشتنی مەفرەزەكەی شـارم دەكرد لەگەڵ هاوڕێ زیندانیەكان بگەنەوە ئەو مـاڵەی بۆیانم دیاری كردبوو. ڕۆژی دوایی لەو شـوینەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەفرەزەكە بووم ، تەماشـامكرد گەڕانەوە، بەڵام كەسـیان لەگەڵ نەبوو. پرسـیم چی ڕویداوە ئەوان كوان؟ وتیان وەك نەخشـەكە كارمانكرد و لەو شـوێنەی دیاریكرابوو چاوەڕوانمانكرد، دەنگە دەنگ لە بازگەكە پەیدابوو، ئەو هاوڕێ یەی بۆ خەریک كردنی پاسـەوانەكان ناردبوتان پازدە دەقیقە پاسەوانەكان خەریک بكات، ئەو نیو سـەعات مەشغوڵی كردن، حەرەسـەكانمان دی لە زیندانەكە دووركەوتنەوە ، هاوڕێیانی زیندانی دەرگای زیندانیان كردەوە و بەڵام پاش ساتیک چوونەوە ژووەوەو نەهاتنەوە دەرەوە! ووتیان ئێمە تا درەنگانێکی شەو لەو شـوێنەی تیـابووین چـاوەڕوانیمـان كرد، لەوەزیـاتر نەمـانتوانی بمێنینەوە و گەڕاینەوە، دواتر هاوڕێ سـەردار لەگەل ئەو هاوڕێیەش كە بۆ مەشـغولكردنی پاسەوانەكان ناردبومان قسەی كرد، وتی: لە باتی پانزە دەقیقە نیو سەعات مەشغولم كردن. نەدەترسـام لەهیچ چونكە نامەكەی ئێوە داتانمێ مۆری یەكێتی نیشـتمانی پێوەبوو. بەوجۆرە هەوڵێک و پلانێکیترمان لە لایەن ئەو هاوڕێ یانەی زیندانەوە بۆ ڕزگاركردنیان پووچەڵكرایەوە. ئێمە وەک كۆمیتە لە ڕێگەی هاوڕێ لیدیاوە(ڕوناک شێخ جناب) تەنها نامەو نامەكاری و پەیوەندیمان بە مەلابەختیارەوە هەبوو.

م.پشكۆلە كتێبی ئەزمون و یادەكەیدا نووسیویەتی دەڵێت:

"شـیخ عەلی،وەهای كردو كۆپیەكەی لەسـەر كاخەز، بە "ڕوناک" ی هاوسـەری مەلابەختیاردا، نـارد بۆ شـار و پاش چەند ڕۆژێک، ڕونـاک بە چەپکێ كلیلەوە گەیشـت و بۆ ناو زیندانی هێنا"([1]).....لە لایەڕەیەكیتردا دەڵێت" ([2])هەواڵی كلیلمان بە ڕێكخسـتنی شـار گەیاند و ئاگادارمان كردن كە ئێمە لە شـەوێكی ڕەهێڵەو بـارانـاویـدا ، لە زینـدان هەڵـدێین و ئەوان هەر لە ئێسـتـاوە، شـوین و جێگـای خۆشاردنەوەمان لە شاردا بۆ دابین بكەن.

شـەوێک ئاسـمان تەقیەوە، باران و هەورە گرمە گاڵەیان دەكرد، ئێمە، بەرگمان پۆشـین، پێڵاومان لەپێ كردن، نانمان لە گیرفانمان ناو چاوەڕێ بووین، لەپڕ، لە دەرێ بوو بە دەنگدان و تێخوڕین، پاشـتر ئێمە زانیمان كە لە شـارەوە، كەسـێكیان ناردووە و وای پیشـان داوە كە نامەیەكی گرنگی بۆ مام جەلال هێناوە. ئەمەش بۆ ئەوەبووە كە پێشـمەرگە و پاسـەوانەكان بخاتە غەفڵەتەوەو سـەرگەرمیان بكات. بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ دەربازبوونی ئێمە

---

[1]) كتێبی ئەزموون و یاد- نوسینی پشكۆ نەجمەدین لاپەرە ٢٨٠.

[2]) هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢٨١.

بڕەخســـێـت، **بەڵام ئێمە جۆرێکی ترمـان لێـک دایەوەو ئەو شـــەوە دەرنەکەوتین".....**

لە کاتێکدا ئێمە لە شـــارەوە کارئاســـانیمان بۆ دەربازکردنی ئەو هاوڕێ یانە کردبوو، ســـەرکەوتنیشـــی مسـۆگەربوو، بەڵام بە جێبەجێ نەکردنی پلانەکەی ئێمە وشکست پێهێنانی ئەو پلانە ئەو هاوڕێ یانە دیسانەوە نائومێدیان کردینەوە. ئێمە ئەو پلانەمان تەنانەت لە لیژنەی ســەرپەرشـتیش شـاردبۆوە، چونکە دەمانزانی لەوێوە هەواڵ بە تاڵەبانی دەگاتەوە...

خوێندنەوەی ئەو نامانەی کۆمێتەی ســـەرکردایەتی ناوخۆی شـــارەکانی ئاڵای شـۆرش بۆ لیژنەی ســەرپەرشـتی، بایەخی خۆی هەیە بۆ تێگەیشـتن لەو بارودۆخە ســیاســـی و ئەمنیەی ئەو ســەردەمە. ئێمە ئەوکات لە ناوەوە، وا تێگەیشـتبووین کە ســـالارعزیز (وەک خۆی وتبووی)هەموو ئیمکـانـاتێکی مـادی لە پـارەو چەک و ئامێری چاپەمەنی دەســت خســتووەو بنکەی ســەرەکیان دێننە چیای ســورێن! بەڵام دەرکەوت هەر قسەبوو. لە سەرەتای پەلاماری یەکێتیشەوە بۆ سەر ئاڵای شۆرش و گەیشتنی پێشمەرگەکان بە ئێران. ڕژێمی ئێرانی لە سەر سنور زۆربەی هەرەزۆری چەکەکانی دەست بە سەرداگرت .بەوجۆرە وەک ئەوەی سالار عزیز بانگەوازی بۆ دەکرد وا دەرنەچوو، بووشن بە بار بەسەر ڕێکخستنەکانی ناوەوە.

ئێمە لە ناوەوە، لە کۆمێتەی ســـەرکردایەتی ناوخۆ، ناچاربووین دەســـت لەو هـاوڕێ یـانەی زێوەش بەرنەدەین، نەبـا ئەو بـارودۆخەی ئەوان لە دژی ڕێبـازو پرنســـیپەکـانی ئـاڵای شـــۆرش بەکـار بهێنرێـت. (بـارودۆخێکی حســـاب بۆ نەکراو)وسەردەمێکی قورس بوو بۆ هاوڕێ یانی ئاڵای شۆرش. حساب بۆ نەکراو، چونکە ئێمە لە نەخشـەماندا نەبوو هیزی ســەربازیمان هەبێت یا جیابکەینەوە تا کار بۆ دابینکردنی پێویســـتیەکانی بکرێت. ســـالاریش کە وەزعەکەشـــی بەودەردەبرد دەرکەوت هیچ ئامادەکاری یەکی نەکردبوو! ئەم نامانەی کۆمێتەی شارەکان بەشێک لە کێشەکانی ئەودەمە دەخاتەڕوو..

ئەمەش دەقی نامەیەکیتری کۆمێتەی شارەکانە بۆ لیژنەی سەرپەرشتی

لە سەرکردایەتی ناخۆ بۆ لیژنەی سەرپەرشتی

کرێکارانی جیهان یەکگرن

بۆ لیژنەی سەرپەرشتی تیکۆشەر

سڵاوێکی کۆمۆنیستانەی گەرم

بە پێویستی دەزانین لەم بریارو هەواڵانە ئاگادارتان کەینەوە :

١-سەبارەت بەو نامەیەی هاوڕی کاردۆ. ئێمە لەم کاتە ناسکەدا کە پێویستی بەوە دەکرد بنکەیەکتان نزیک بوایە بۆ پەیوەندی و ناردنی پێشـــمەرگە بۆ لاتان. وای بە چـاک ئەزانین هـاوڕێ نەورۆز بگەڕێتەوە بۆ بنکەی خۆی بەرەوپیری هـاوڕی

كوردۆ بچیت و لە بنكەی بارزان دا ڕێكی بخات. ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە چونكە بە هاتنی ئەو هاوڕێ یە و پەیوەندی كردنی پێمانەوە یەكێتی لە ناوچەی هەولێر لاواز دەبێت.....پیویستە چیتان بۆ دەكرێت بۆ پەلە كردن لەو پەیوەندی یە بیكەن.

٢-ئەو كەســـانەی هاوڕێ كوردۆ ناوی بردوون كە بڕوای پێ یان نیە، بە پێی بریـاری كۆمێتەی هەولێر هیچ جۆرە پەیوەنـدیـان بە ئـاڵاوە نەمـاوەو لە مێژیشـــە دەركراون.

-٣ئەو نامەیەی هاوڕێ كوردۆ لە ١٩٨٦/٣/٥ گەیشـــتۆتە كۆمێتەی هەولێر و لە ١٩٨٦ /٣/٦گەیشتۆتە كۆمێتەی شارەكان. واتە لە جەهتی ئێمەوە دوانەكەوتووە.

٤-ڕای هاوڕێ كاردۆ لەسـەرجۆری اعلام لە باری یەكێتی یەوە زۆر پەسـەندە و ئەوە ڕای ئێمەشـــە، كە ئەو جۆرە ئیعلامە شـــێوەیەكی تحلیلی تیوری ســـروشـــتی بۆرژوای باڵادەستی سەرساحەكە بگرێ بە خۆیەوە، گەر باسكرا. ئەگینا لەم كاتەدا زۆر پێویســـتە قورســـایی كاركردنی اعلامی ئاراســـتەی رووخانی ڕژێمی فاشـــی بكرێت و گرنگی ڕۆڵی ئەو بەدیلە(دیموكراتیكی شـــۆڕشـــگێڕە) دیاری بكرێت، كە تەنهالەو ڕێگەوە كێشە میللی و چینایەتیەكان چارەسەر دەكرێت.

بە ڕاســـتی ئەركی مەزن كاری مەزنی دەوێت. پێویســـتە لەم بارە ناســـكەدا قورسـایی چالاكی ڕیكخراوەیی-عسـكری-اعلامی ڕینمایی ڕێكخسـتن-كریكاران و زەحمەتكێشـــان، جەماوەری تێكۆشـــەر بێت كە چۆن لە ڕووی ڕژێمدا ڕیزەكانیان یەكخەن، ڕاپەڕن، ئامانجەكانیان بەدی بهێنن.

لەم كاتەدا زۆر پێویســـتە چەند بەیانێك لەئێســـتگەوە بە عەرەبی ئاراســـتەی كرێكاران و زەحمەتكێشـان و جەماوەری ستەمدیدەی عەرەب بكرێت لە خواروی عێراق، فێری خۆڕێكخســـتن و ڕاپەڕینیان بكەن و تێیان بگەیەنن كە تەنها ڕژێمی ســـەرفرازكەری ئەوان لە چەوســـانەوە، هێنانە ســـەركاری كۆماری دیموكراتیكی شۆڕشگێڕە.

٥- بە خۆشـحاڵیەوە ئاگادارتان دەكەین كە لە ئەنجامی گەشـــەسـەندنی ڕیزەكانی ڕێكخسـتنی خواروی عێراق، ڕادەی قەوارەی ڕێكخسـتنی جنوب گەیشـتە ڕادەی كۆمێتە.

<u>هەواڵەكان</u>

١-دەربارەی بارزانیەكان

بۆ ســـێ ســـاڵ دەچێت بۆرژوا فاشـــســـتەكانی بەغدا پیاوەكانی خێزانی بارزانی یەكانیان گرتووە و بێ ســـەروشـــوێنن، ئافرەت و منااڵەكانیان بە ناچاری لە پێناوی دڕێژەدان بە ژیانی كولەمەرگیان، دەســـتی كاری هەرزانی خۆیان دەفرۆشـــن بە ســـەرمایەداران. زۆربەی ئافرەتەكانیان ســـەرەڕای بەخیوكردنی منالەكانیان لە مەیدانی كشـت و كاڵدا، لە شـینایی یەكاندا لە بەیانی تا ئێوارە بە كرێ یەكی یەكجار

كەم كاریان پێ دەكرێ. زۆریشیان لە قەسابخانەكان و كارگەكانی لوقم و قەند دروست كردندا بە هەرزان هێزی كاری خۆیان دەفرۆشن و بۆرژوا كۆنەپەرستەكان دەیان چەوسێننەوە و ڕەنجی ماندووبونیان بە تاڵان دەبەن، هەركاتێكیش ویستیان بێ قەرەبو دەریان دەكەن و لە سەرچاوەی ژیانی پڕ كوێرەوەریان بێ بەشیان دەكەن. سەرباری ئەو ژیانە كولەمەرگی یە ڕژێمی بۆرژوا فاشستی بەغدا لە ١٩٨٦/٢/١٩ زۆربەی پاسەكانی هەولێری كۆكردەوە لە كات ژمێر ٤ ی بەرەبەیانی ١٩٨٦/٢/٢٠چواردەوری ئۆردوگاكانیان دا لە قوش تەپە، هەموویان لە پاسەكان باركرد بە نیازی ئەوەی بەرەو مێرگەسوور ببرێن و لەوێ بەرەڵلا بكرێن. ڕژێم لە ترسی زیادبونی ناڕەزایی كۆمەلانی زەحمەتكێش كە چۆن بە بەرچاویانەوە ڕەفتار بەرامبەر ئەو خەڵكە ستەمدیدە زەحمەتكێشە دەكرێت و لە ترسی باری ئاڵۆزی سیاسی ئێستا لە شارەكاندا ڕژێم بە ناچاری هەموویانی هینایەوە. بەڵام ئافرەت و خانەوادە بارزانی یەكان چونكە چاك شارەزای ماهییەتی ڕژێمی بۆرژوا فاشستی بوون، هەربۆیە لە ترسی ئەوەی نەبا جارێكیتر فرستیان لێ بێنێت و ڕەوانەی لایەكیان بكات بە ناچار و بێ دەرەتان بە ناو شارەكاندا بڵاوەیان لێكردووە.

٢-لە دیهاتەكانی ناوچەی هەولێری تێكۆشەر بەردەوام ڕژێم بۆردومانی دێهاتەكان دەكات و ئەوەی هەیانە دەیسوتێنی و بە تاڵان دەیبات. لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٦ سێ مەكینەی جووتی سوتاندووە. گوندەكانی دەشتی كۆیەش لە ٩ شاخە پیسكە، بانی ماران، بایز ئاغا، بانە قەرات) بە كۆپتەر بۆردومان كراون و شەش هاوڵاتی شەهید بوون، چەند كەسێكیش بریندار بوون. ئەوە جگە لە زیانی زۆر لە مەڕو ماڵاتی گونده بۆردومان كراوەكان.

٣-لە ئەنجامی جەنگە نارەواكەی عێراق-ئێران كە ڕۆژانە بە دەیان ڕۆڵەی زەحمەتكێشی ئەم گەلە دەبنە خۆراكی ئەو جەنگە كاولكارە، جەنازەكانیان دێتەوە بۆ خێزانەكانیان. لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٧ لە شاری موسل كەس و كاری كۆژراوەكانی جەنگ ناڕەزایی و بێزاری خۆیان لە دژی ئەم شەڕە ناڕەوایە و لە دژی ڕژێمی سەدامی جەللاد دەربڕی و لە شەقامەكاندا كەوتنە خۆپیشاندان. خۆپیشاندانەكە بە جۆرێك گەورەبوو ڕژیم نەیوێرا ڕاستەوخۆ هیچ كارێكی سەربازی دژی خۆپیشاندەران بكات.

٤- بە هۆی هێرشی ئەمجارەی ڕژێمی ئێرانەوە ڕژێمی بۆژوا فاشستی بەغدا لە ناو شاری هەولێرو ناحیەو قەزاكاندا دەستی كردووە بە ڕە شبگیری گشتی بە تایبەت بەرامبەر كرێكاران زەحمەتكیشان. لە دائیرە ڕە سمی یەكانی میری و كارگەكاندا بە زۆر كۆیان دەكەنەوە و ڕاپێچی خواروی عێراقیان دەكەن.

٥-وەک لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پێمان گەیشتووە، دەوڵەتە گەورەکان ئاگاداری سەدامی جەلادیان کردووە کە بڕوات و وولات بەجێ بهێڵیت ، پێیان وتووە تا تۆ نەڕۆیت جەنگ کۆتایی نایەت، سەدام وەلامی نەداونەتەو..

٦- لێرە دەنگ زۆر گەرمە و بە رەسمیش لە هاوڕێی خۆمانەوە ئاگادارکراوین کە ماوەیەک لەمەوبەر نوێنەریکی سەدام لە بولغاریا نوێنەری حشعی دیوە وسەبارەت بە ریکەوتن لەگەڵ حشع قسەی لەگەڵ کردوون. گوایە وەڵامی حشع وابوە، کە ئەوان بێ پارتی ئامادەنین بێنەوە.

٧-قەواعدی حشع وەک بە بەردەوامی قسەیان لەگەڵدا دەکەین زۆر بێزارن لە سەرکردایەتیان. ئەوانەی لە پارێزگای سولەیمانی قسەیان لەگەڵ کراوە تا ئێستا بە تەواوی بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی ئالای شۆڕش بە راستترین ڕێگە دەزانن. بەڵام چونکە دەستەمۆی بیرو کرداری چەندین ساڵی ریژیمن و کلکایەتی بوون و گیانی شۆڕشگێڕیان تیا مردووە ئامادەی کاری شۆڕشگێڕانەنین و چاوەڕێ ی هیمەتی دەرەکین. تەنانەت ئاگادارمان کردن هەرچیتان بوێت لە باری ئیعلامیەوە بۆتان دەکەین، تەنها ئێوە یەکێتی کاری کۆمۆنیستی لەگەڵ ئێمە دژی رژێمی بۆرژوا فاشستی عیراق بکەن، با تنسیقی تەنزیماتی ئێمە و ئێوە لەو بارەوە یەکخریت. بەڵام ئەوان دیارە وەک کەو چوون و پێزی کاری شۆڕشگێڕیان تیا نەماوە. بە هەرحال هەر خەریکین وەرەی شۆڕشگێڕیان بەرز بکەینەوە بەرەو کاری شۆڕشگێڕی یەکگرتوو(عسی و لعل).

٨-رژێمی بۆرژوا فاشستی عێراق هەر بە چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە فێرۆدان و بە تاڵان بردنی ڕەنجی شانی ئەو چەوساوانەو بە خۆرایی بە کوشت دانیان لە بەرەکانی جەنگی ناڕەوایدا نەوە ستاوە ئەوە تا لە ١٩٨٦/٣/١ وە بە زۆر کرێکاران و زەحمەتکێشانی دەزگا دەوڵەتی و کارگەکان دەبەن و خوێنیان لی دەگرن. هەریەکەی قاپێک خوێنی بە زۆر لێ سەندراوە. پاش ئەوە داوای تطوعیان لێ کردون. پاش ئەوەی بە توندی ڕەتکرایەوە و کەس ئامادە نەبوو تطوع بکات. رژێم وەک پیشەی هەمیشەیی بە تیرۆرو تۆقاندن کەوتە وێزەی کرێکاران و فەرمانبەرانی کەرتی دەوڵەتی و ئێستا هەر شوعبەو فەرعی دائیرەیەک بە زۆر چەند کەسێکیان جلی سەربازیان دەکەنە بەرو ڕاپێچی جەنگە دۆراوەکەیان دەکەن. ئەو هەنگاوەی رژێم نەک شارەکان بەڵکو قەزا و ناحیەکانیشی گرتۆتەوەو بۆتە زیاتر بوونی ڕق و بێزاری جەماوەر.

لەولاشەوە کاتی تاقیکردنەوەی تێکرا قوتابخانەو زانگۆکانی پێش خستووە بە مەبەستی ئەوەی دیراسە زوو تەواو ببێت و خوێندکاران و مامۆستایانیش ڕاپێچی ئەو شەڕە نارەوایە بکات..

٩- لە رۆژی ١٩٨٦/٣/٤ جەللادەكانی سەدام عبدالجبار شنشل و عزت دوری گەیشتنە سولەیمانی . ئامرلیواكەی شارباژێرو حەوت ئەفسەری گەورەی لە سەربازگەی سولەیمانی ڕەمی كرد، بەو بیانوەی خۆنەگربون لە بەردەم هێرشی ئێرانی دا.

عیزەت دوری نوێنەری ناردووە بۆ لای جلال تاڵەبانی بۆ قسەو وتووێژ و مفاوەزە دەست پێكردنەوە. ئەوەندەی ئاگادارین جلال تاڵەبانی ڕەفزی كردووە.

١٠- جلالیەكان وا بڵاودەكەنەوە لە ناو خەڵكدا كە لەگەڵ جودو ئێران ڕێك كەوتوون. لە لایەكی تریشەوە وەعدیان داوە بە چەكدارەكانیان معاشیان بۆ زیاد بكەن. دیارە ئەوەش بۆ هێشتنەوەی چەكدارەكانی دەوریانە ئەوەندەی بۆیان بكرێت.

وەزعی چەكدارەكانی جلالی بەم جۆرەیە :

گەرچی لای سیخوڕەكانی جلال تاڵەبانی و نەوشیروان ناوێرن بە ئاشكرا قسان بكەن، بەڵام لە زۆر شوێن و لە ناو خەڵكیشدا چەكدارەكانیان زۆر بیزاری دەردەبڕن و زۆر كەسیان ئێستا هاتووچۆی هاوڕێ یانمان دەكەن و پەشیمانن لەوەی شوێن یەكێتی كەوتوون و گەلیكیش ئامادەیی دەربڕیوە پەیوەندی بكات پێتانەوە، ئیمە داوامانكردووە ئەوەی مەترسی گرتنی لەسەر نەبێت كەس بەرەولای ئێوە نەیەت. ئێمە لێرە داوامان لێكردوون تا دەكریت لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، چونكە ئێمە بارودۆخی خراپی ئێوە دەزانین، هەموو كارێكی ئێستەو داهاتوومان بە نەخشە داڕشتووە و كاری بۆ دەكەین. ماوەتە سەر ئەوەی ئێوە كارەكانی ئێمە ئاسان بكەن.

لە ناو جەماوەریشدا مەگەر یەكێك لە مەلیك مەلەكیتربیت ئەگینا خەڵكێكی زۆر لە سەرانی یەكێتی بیزارە و ئومێدی پێیان نەماوە.

١١-وا دەقی ڕاپۆرتی هاوڕێ یانی ئاڵای شۆڕش لە دۆڵی باڵیسان تان بۆ ڕەوانە دەكەین هیوادارین كاری لەسەر بكەن.

سەركەوتووبێت بزوتنەوەی كۆمۆنیستی
شەكاوەبیت ئاڵای كریكاران و زەحمەتكێشان

كۆمیتەی سەركردایەتی شارەكان
ئالای شۆڕش
١٩٨٦/٣/٧

جلال تاڵەبانی لەو دەمانەدا زۆر بە گەرمی لە ڕێگەی حسكەوە، بە تایبەتی لە ڕێگەی حەمەی حاجی مەحمودەوە لە هەولێ ئەوەدا بوو پەیوەندیەكانی یەكیتی بە جمهوری ئیسلامی ئێرانیەوە گرێ بداتەوە یەكێتی لەو گۆشەگیریە دەرباز بكات بە هەر نرخێك بێت، لە بیر خۆی بردەوە لەو بارەوە چی تومەت و قسەو قسەڵۆكی

دوای (قیادە موەقەتە)! خست بوو. ئامادەبوو ئەوەی حزبە خێڵیكیەكەی پارتی نەیكردبوو ئەم بۆ ئێرانی بكات. لەو بارانەشەوە وتووێژو یەكتربینین سەرەتا لەگەڵ سەرانی حسك و دواتر لەگەڵ بەرپرسیارانی دائیرەی ئیتلاعاتی كوردستان وئازربایجانی ڕۆژئاوا بڕێكی زۆر چووبووە پێشەوە. ئێرانیەكان دەیانویست لە ڕێگەی بردنی سوپای پاسداران بۆ سەر كانە نەوتەكانی كەركوك، بە جۆرێك دەستی یەكێتی بكەن بە زاخا كە بە حسابی خۆیان ئیتر نەتوانێت بگەڕێتەوە لای سەدام.

دوابەدوای ناردنی ئەو نامەیە بە هەمان بەروار نامەیەكیترم نوسی بۆ لیژنەی سەرپەرشتی بەمجۆرەی خوارەوە :

لە سەركردایەتی ناوخۆ بۆ لیژنەی سەرپەرشتی
كرێكارانی جیهان یەكگرن

بەڕێز هاوڕی یانی لیژنەی سەرپەرشتی
سڵاوێكی كۆمۆنیستانەی گەرم

نامەی ١٩٨٦/٢/١٧ تان لە ١٩٨٦/٢/٢١ گەیشت. لە كاتێكدا دوو ڕۆژە هاوڕێ یەكمان بەڕیوەیە بۆ لاتان و بەڕێدی پێ یە.

ئەوەی زۆر پێویستە لێ ی بدوێین مەسەلەی جێ و ڕێ ی ئێوەو چۆنیەتی پەیوەندی كردنە پێتانەوە. لە كاتێكدا ڕەخنەتان گرتووە بەڵام هیچ كارێكتان نەكردووە بۆ ئاسانكاری پەیوەندی پێتانەوە نەخشە بۆ دانانی. لە نامەكەتاندا ئەوەتان نووسیبوو(لە زێوێ)ن و لە جۆری پەیوەندی لەداهاتوودا ئاگادارمان دەكەنەوە. ئێمە ڕەخنە ناگرین، چونكە ئەوەی لامان مەبەستە هەنگاونان و كاركردنە بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام پرسیار دەكەین ئایا زێوێ ئەو شوێنەیە بكرێتە بارەگای سەرەكی؟ ئایا دەزانن هاوڕێ یانمان دەبێت بە ناو چەند لایەن و دەوڵەتدا تێ بپەڕن تا دەگەنە لای ئێوە؟ ئایا دەزانن چەند سیخور لە ناو ڕیزەكانی یەكێتی دا (سیخوڕی بەعس) بڵاوبۆتەوە و چۆن ڕۆژانە مەعلومات دەدەن بە ڕژێم؟ ئایا دەزانن فاشیەكانی بەعس چەندی لە مەسئولینی یەكێتی نیشتمانی كڕیوە چ لە دەرەوە چ لە ناوەوەی شارەكان؟...

لەودیو سنوریش ئایا كار كراوە بۆ پسوڵەی(عدم تعرض) وەرگرتن تا ئەو هاوڕێ یەی دێت تووشی گرتن و چەندوچوون نەیەت و ببێتە هۆی ئاشكرابوونی؟ دیارە دەشزانن ئاشكرابوونی هاوڕێ یەكمان ئا لەم كاتەدا چ زەرەرێك لە ڕێكخستن دەدات؟ بۆ نموونە ئێمە لە گەڕانەوەی هاوڕێ مەلایاسین و دكتۆر قادرەوە وێنەكانمان بۆ ناردوون بۆ عدم تعرض تا ئەو هاوڕی یەمان بتوانێت بێتە لاتان و هیچتان دیار نیە!

هاوڕێ یانی خۆشەویست

باشـــتر وایە بیر و كار بۆ چۆنیەتی بە هێزكردنی پەیوەندی بكرێتەوە لە هەردوو لامانەوە. بە ڕای ئێمە وەك لە نامەی دووڕۆژ پێشـــتردا نووســـیمان و پێشـــتریش پێشـــنیارمان بە هاوڕی یان مەلایاســـین و دكتۆر قادردا بۆ ناردن كە باشـــترین چارەسەر ئەوەیە ئێوە بنكەیەكتان بهێننە پشتی هاوار و شێخان لە ناوچەی هەڵەبجە، یا لە بناری بەمۆ نزیك بە هەڵەبجە، ئەوەش دوو لایەنی گرنگی هەیە:

١-دەتوانین لەو ڕێگەوە ئەو پێشـــمەرگانەی ئـاشـــكرادەبن بگەیەنینە ئەوێ و لەوێشەوە بەرەو لای ئێوە.

٢-دەتوانین لەو شـــوێنەوە (ڕۆژانە)بە هۆی ئەو جیهـازی بێتەلەی لەو بنكەیە دەبێت پەیوەندیتان لەگەڵ ببەستین و ڕۆژانە لە هەواڵەكان ئاگاداربن.

وەك پێشـــتریش نووســـیومانە ئەو بنكەیە بێ جیهازی بێ تەل هیچ ســـودێكی ئەوتۆی نـابیت مەگەر تەنهـا بۆ خـاڵی یەكەم. بنكەیەكی لەوجۆرە ئەو گەمـارۆیەی یەكێتی دەشكێنی و قاپی دەخاتە سەرپشت بۆ هاتنی ئەو پێشمەرگانەی ئاڵای شۆڕش كە لە ناو یەكێتی ئاشـــكرا دەبن و دەیانەوێت بگەنە لاتان. ئێوە كار بۆ شـــوێنێكی كراوە نەكەن ئەوا پێشـــمەرگە ناتوانێت ئا بەمجۆرەی ئێســـتا بێتە لاتان، چونكە ناســـراون و بە هاتنیان بە ناو چەكداری ســـەرانی یەكێتیدا دەیانگرن. بۆ نموونەش چەند ڕۆژێـك لەمەوبەر هـاوڕێ ئـازادی فەقێ علی پەڕیەوەو خۆیشـــی گەیـانـدە كوردەداوێ، لەوێ لە لایەن چەكدارەكانی یەكێتی یەوە گیرا، بەڵا توانی خۆی دەرباز بكات و بگاتەوە شـارو لەوێوە بۆ شـوێنی خۆی...لە شـارەزووریش چەند كەسێكمان هەیە دەیانەوێت بێنە لاتان بەڵام چۆنیەتی خۆ گەیاندنە ئێوەمان خســـتوتە ئەســـتوی خۆیان.

ئەو پێشـمەرگانەی ناو ڕیزەكانی یەكێتیش كە ســەر بە ئاڵای شـۆڕشـن و ئاشـكرا نەبوون ئاگاداركردۆتەوە، لە شـــوێنەكانی خۆیان بمێننەوە تا ئاگاداریان دەكەینەوە. دیارە هۆكارەكەی ئەو بریارەمان ئەو وەزعە نا ئاســـایی و بی دەرامەتییەی ئێوەو وەزعی گشتی تانە. ئێمە ئاگادارتان دەكەینەوە بە هیچ جۆرێك نامانەوێ تەقە لەگەل جەماعەتی ینك ڕووبدات و خوێن بڕژێ. ئەوە مەسەلەی دفاع عن النفس ناگرێتەوە، كە لەو كاتەدا مافی سروشتی خۆمانە بەرگری لە خۆمان و ڕێكخستنەكانمان بكەین.

٣-وەكو لە نامەی پێشوماندا بۆمان نووسیون، لە ١٩٨٦/١/١٢ وێنەیەكی ئەسڵی خەتی مەلابەختیـار كە بۆ نـاوەنـد نووســـرابوو بە بەرواری ١٩٨٥/١٢/٢٦ لە ١٩٨٦/١/١٢ گەیشـــتە لامـان. بەڵام وەڵاممـان نەدایەوە، چونكە بە پێی تحلیل و بۆچوونی خۆمان دەمانزانی سەرانی یەكێتی بەوەوە ناوەستن و شتیتری بە دوادادیت، هەرواش دەرچوو لە ١٩٨٦/١/٢٨ نامە هەشت لاپەڕەییە ئیستنساخەكەیان بۆ ناردین كە هەرســـێكیـان لە بەرواری ١٩٨٦/١/٧ بە خەتی مەلابەختیـار نوســـرابوو، هەرسێكیشیان ئیمزایان كردبوو.

ئێمە بەڵگەی ڕەســـمی تەواومان هەیە، ناوەرکی ئەونامەیە لە خۆیانەوە نەیان نوسیوە، بەڵکو نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی و برایم جەلالیش لێی زیاد کردووە، پاشـــان مەلا بەختیار بە خەتی خۆی نووســـیویەتیەوەو هەرســـیکیان ئیمزایان کردووە.نەوشیروان مستەفا نامەکانی ســالار عەزیز کە بە سۆران ناوەکە گیرابوو کردۆتە بەڵگە گوایـا ئەوان ویســـتویـانە هێز جیـابکەنەوە! پێی وتون گەر ئەوە بەوجۆرەی ئەوان بۆیان دیاری کردوون نەنوسنەوە و ئیمزای نەکەن بە پێی بریاری پلنیۆمیان ئیعدام دەبن. ئەو بەڵگانەمان لایە و لە ئەرشـیفی ئاڵادا هەڵمان گرتون، لەو بەڵگانەشدا هاتووە کە شەست کەس لەو پلنیۆمەدا بە ناوی ئاشکراوە ئیمزایان لەسەر کوشتنیان کردووە ،(یەک کەس نەبێت)...

ئەو پاکانە هەشـــت لاپەڕەییەش بە ئیســـتنســـاخ کراوی بڵاویان کردۆتەوە، گوایە بەومەرجە بەریان ئەدەن. ئەو مەسەلەیەش بە بۆچوونی ئێمە چەند لایەنیکی هەیە :

١-ئەوانە ئیستقالەیان کردووە و ئاڵا نین بە ڕە سمی.

٢-بە پێی ئەوەو بەوجۆرەی بۆیان نوسـیون ئیدانەی ڕابوردوو و ئێسـتەی خۆیان کردووە. واتە بەو کارەی ســەرانی یەکیتی پێی کردوون هەڵوێســتی ســیاســـی پێ لەدەست داون و ئاوەڕوتی کردوون.

٣-ئەو کارە زیاتر بۆتە تۆندبونی ڕق و بێزاری ڕێکخســـتنەکان و جەماوەرو زیاتر پەچەی لەســەر سیاســەتی نامەبدەئی سیاســەتی تیرۆریستی و دژی ئازادی و دژی دیموکراســییانەی ســەرانی یەکیتی هەڵماڵیوە. ســەرانی یەکیتی بە حســاب بەو کارەیان زەبر لە ئاڵای شۆڕش دەدەن. بەڵام نەک هەر کاری لە ئاڵا نەکردووە بەڵکو زیاتر ڕووی جانەوەرانەی یەکێتی دەرخستووە بۆئەو کەسانەی تا ئێستا لە سەرانی یەکێتی نەگەیشتوون.

٤-ســەرانی یەکێتی بەو کارەی بەوانیان کردووە بە هەموو حســابێکی خۆی ئیتر ڕێکخســتنەکانی ئاڵا بە ئێوە شــەوە بە تۆبەو ئیســتغفارەوە دێنەوە لایان و ئیتر دوای ئەو کارەی بەوانیان کرد هەموو شت حل دەبێت و ڕێگەیان بۆ تەخت دەبێت.

دیارە ئەو بۆچوونە ســاوێلکانەیە. بە ئیســتقالەو پاکانە پێکردنی نەک هەر ئەوانە بەڵکو هیچ کەسێک ململانێی چینایەتی نێوان بۆرژواو کرێکاران ناوەستی. دیاریشە سەرانی یەکێتی دوای پاشەکشەشیان لە ڕیبازی مارکسیزم بە ئاشکرا هێشتا مەترسی گەورەیان لە بزوتنەوەی کریکارانەی ئاڵای شـــۆڕش هەیە. هەربۆیە بەوەوە نەوە ســـتاون، بەڵکوپاش ئەوەی زانیان کە ئەو ئیســـتقالە پێکردن و پاکانانە هیچ دادێکی نەدان، ئێستا ئەوەتا بە ڕە سمی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەیان لە دەرەوەی شـارەکان و ناو هێزی پێشمەرگە هەڵوەشاندۆتەوەو دابەشیان کردوون بەسەر تیپەکاندا! پێشیان ڕاگەیاندوون بە هەموو جۆرێ باســـی مارکســـی لینینی و ئەو شـــتانە! قەدەغەیە و هەرکەس باسی بکات دەگیرێت...

سەرانی یەكێتی كە بە ئاشكرا كار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە دەكات، چاك تێگەیشتووە لە ململانێ ئایدۆلۆژیەكەدا دەرنابەن لە بەرامبەر بزوتنەوەی كۆمۆنیستی ئاڵادا.هەربۆیە بەوەشەوە نەوەستان، ئێستا هەندێ عناصری چەكداری خۆیان (وەك تاكتیك)بە ناوی ئیسلامیەوە كار پێدەكەن، بە تایبەت لە ناوچەی قەرەداغ. بە كورتی ئەوان هەوڵ دەدەن بەوجۆرە پارسەنگی هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە بكەن.

لە ناو هێزی چەكدارو بەرپرسەكانیان و خەڵكدا كەوتونەتە بڵاوكردنەوەی پرۆپاگەندەی پڕ درۆ لەسەر ئەو سێ كەسە، وەك ئەوەی گوایە بە فیدیۆ ئیعترافیان كردووە كە كار بۆ حكومەتی عێراق دەكەن! و چەك و پارەیان لێوەرگرتوون! ئەو درۆو دەلەسانەی ئەوانە سەیر نیە، بەڵام سەیر لای ئەو خەڵكە كۆیلەو گێلەیە كە شۆێنیان كەوتووە و یەكێكی تیانەبووە بپرسێت ئادەی ئەو شریتانەمان پیشان بدەن كە باس لە پەیوەندیان بە ڕژێمی عێراقیەوە دەكات؟ كە ئێمە دەزانین درۆن. ئەو هەشت شریتی تەسجیلەی پێیان پڕكردونەتەوە و دیارە بەدڵی سەرانی یەكێتی نەبووە بۆیە ئیستقالەكەو پاكانەكەیان بە دوایدا هینا. بۆ ئاگاداریشتان هەر لە یەكەم ڕۆژی گرتنی ئەوانەوە دلیری سەیدمجید ڕۆڵێكی باشی بۆ سەرانی یەكێتی بینی سەبارەت بە ئیستقالە قبوڵكردن و باقیەكەیتر..ئێمە هیچ پێمان دوور نیە گەڵێك مەعلومات لە ڕیگەی ئەمەوە گەیشتبێت بە سەرانی یەكێتی.

ئێمە لە كاتێكدا ئەو كارەی ئەو سیانە بە نادروست دەزانین بەڵام بە ڕاشكاوی دەڵێین بە خیانەتی نازانین وەك ئێوە نووسیوتانە. چونكە ئەوان و هەموو خەڵكێك ئازادن لە كاركردن یا نەكردن لە هەر ڕیكخستنێكدا تا ئەو كاتەی دەتوانێت. ئەو مەسەلەیە باشتر وایە هەڵی بگرن بۆ دوای ئازادبوونیان و كۆنفرانس. بڵێن بێ هەڵوێستی یە و خۆ نەگریە ئەوە جیایە، بەڵام مەسەلەی خیانەت بێت هەرگیز وای نازانین. زۆر مەسەلە هەیە لە كۆبونەوەدا باسی دەكەین.

٥-لە بارەی وەڵام دانەوە، بە ڕای ئێمە، هێشتا زۆرشت ماوە لەسەر بۆرژوا فاشست و دژە دیموكراسی كوردو عەرەب بنوسرێت. ئەو ڕەفتاری پاكانە پێنووسینەش بەڵگەیەكە، خۆ گەر هەر ویستیشتان وەڵام بدەنەوە ئەوە :

A-لەسەر واقعی مومارە ساتی تیرۆریستی و دژە دیموكراسی یەكێتی بێت.

B-لەسەر ئەوەبێت كە چۆن سەرانی یەكێتی دژی سەرەتاییترین مافی مرۆڤن و هەمان هەڵوێستی سیاسی و مومارەساتی فاشیەكانی ئاغاو حەكەمی بەغدایان لە كوردستان دوپات دەكەنەوە (بەڵام بێ ناوبردنی ئەو سیانە).

C-لەسەر ئەوەبێت كە ئیستقالە پێكردن و پاكانە پێكردن نەك نابێتە خاوكردنەوەی ململانێی چینایەتی بۆرژواو كرێكاران بەڵكو زیاتر قەناعەت بە كرێكاران و زەحمەتكێشان پەیدا دەكات كە وەها مومارەساتێكی فاشیانە جەوهەری ڕاستەقینەی دژی دیموكراسی بۆرژوایە و دەبێت خەبات لە دژی توندتر بكرێت.

D- نووسین و وەڵامەكەتان لەسەر ئەوە بێت كە ئیستیقالەو پاكانەی خەڵكێك لە هەر ئاستێكدا بیت گەر ململانێی چینایەتی تووندتر نەكات لاوازی ناكات، چونكە زەحمەتكێشان هێزو توانایان لە بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕو سەربەخۆی كرێكارانەوە سەرچاوە دەگریت.

E-لەسەر ئەوەبێت كە مرۆڤە كۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەكان دەبێت خۆڕاگرترو شۆڕشگێڕتر لە هەموو بوارێكدا بەرەوڕووی دوژمنانی چینایەتیان ببنەوە.

F-ئەوە ڕوون بكەنەوە كە بۆرژوا نەك هەر بە ئیستقالە پێكردن و پاكانە پێكردن بەڵكو بە گرتن و توقاندن و تیرۆرو كوشتنیش ناتوانێت چارەنوسی ڕەشی ڕووەو سەرەنوێلك ڕۆیشتووی خۆی رزگار بكات.

G- ئەوە ڕوون بكرێتەوە لە كاتێكدا هاوسەنگەرەكانی خۆیان دەگرن و (لەسەر بیروباوەڕی جیاواز) و لە ژێر فشاری تیرۆردا ئیستقالەو پاكانەیان پێ دەكەن و بریاری تیرۆریستی جۆراوجۆریان بەسەردا دەدەن، ئا لەو كاتەدا سیخوڕی ڕژێم و ئەفسەری خزمی سەدام ی فاشیان گرتووەو بەرداوە.

H- ممارەساتی سەرانی یەكیتی و رژێمە فاشستەكەی بەغدای حەكەمیان بەراورد بكرێت كە چۆن هاوشێوەی یەك ڕەفتار دەكەن. لە هەموو ئەو باسانەدا بە هیچ جۆرێك نابێت ناوی ئەو سێ كەسە ببرێت. ناوزراندنیان لە خزمەت یەكێتی دایە و زیانێكی گەورە دەگەیەنێت. تەنكید دەكەینەوە بە ناوبردن ناویان نەبەن و ووشەی خیانەتیش بەكار نەهێنن.

سەرانی یەكیتی بە هەمو جۆرێك هەوڵی ئەوە دەدەن وەڵامیان بدەینەوە. وەڵام نەدانەوەی ڕاستەوخۆیان توشی هیستێریای كردوون، نازانن مەسەلە چی یە و لەوە زیاتر چی بكەن. جەماوەر ئێستە گاڵتە بە قسە پڕوپوچەكانیان دەكات. چالاكیە ڕێكخراوەیی و ئیعلامیەكانی ناوەوەمان بە ئاستێك گەیشتووە تا ئێستا دوو جار جلال تاڵەبانی داوای كردووە نوێنەری ئاڵا ببینێ بۆ(گفتوگۆ). جاری یەكەم كاك ملازم عمری ڕاسپاردبوو وە وتبووی بە ناوهینان ئامادەیە دابنیشی لەگەڵ هاوڕێ سامی(عادل) بۆ گفتوگۆ، جارەكەیتریش دایكی زیلان هاوڕێ(روناک شێخ جناب)ی ڕاسپاردبوو بۆ وتووێژ،(ناوی سیانی هاوڕێ عادلی وتبوو)كە دیارە هەر لە گیراوەكانی بیستووە.

هەردووجارەكەش ئەو دانیشتنەی ڕەفز كردووە(مەبەست هاوڕێ عادلە). بۆمان ڕوونكردنەوە كە ئەوان پاش دوو هەفتە لە ڕێكەوتنی مەلابەختیار لەگەڵیان ناپاكیان لە پەیمانەكەیان كرد، بۆیە داوامانكرد بۆ ئیسپاتی نیەت پاكیان با ئەو سێ گیراوەی ئێمە ئازاد بكەن ئەوكات ئامادەی دانیشتن دەبێت لەگەڵیان. سەرانی یەكێتی ئامادەی ئازادكردنی ئەو هاوڕییانە نەبوون، لەسەر ڕۆشنایی ئەوەو لەو قەناعەتەوە كە دانیشتن و گفتوگۆ لەگەل لایەنێك دەكرێت كە خاوەنی قسەی خۆی بێت و باوەری

بە ئازادی و دیموکراســـی هەبێت، کە ئەوەش لە یەکێتی دا نابینین بریارماندا نەچین بۆ گفتوگۆ.

کە ناوی هاوڕێ ســـامی(عادل) براوە چونکە وەک دوایی زیندانیەکان وتویانە گوایە ناوی لەو قائمانەی گیراوە دەســـتیان کەوتووە و کاتێکیش خراوەتە بەردەم زیندانیەکان ئەمانیش دانیان بەوەدا ناوە کە کاریان لەگەل دەکات. ئەو مەعلوماتەش لە دایکی زیلانەوە گەیشتووە.

*-ئەوە دوو نامەتان هات و باســـی مۆرەکە دەکات! بەڵام نەتان ناردووە، لە باتی (لەو کۆمەکانەی کاک ســـالار لە دۆســـتەکانی وەریگرتووە ئێوە کۆمەکتان بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی ڕێکخستن بکردایە!) کەچی ئێوە داوای پارەتان کردووە! ئێمە بەبێ مۆر پارەمان بۆ کۆناکرێتەوە، هۆی پارەکۆنەکردنەوەو نەبوونی پارەش هەر ئەوەبووە. دەبوو خۆتان هەســـتتان بەوە بکردایە و پەلەتان لە ناردنیدا بکردایە وهەر لەگەل نامەی پێشووتاندا بتان نارد‌ایە. گەر مەبەستیشتان ئەوەبووبیت نەگیرێت دیارە گیانی هاوڕی یەکمان لە مۆرەکە خۆشـــەویســـتتر نیە. گەر لە ناردنی مۆرێک کە بەقەد سەد فلسیەکە ئەوەندە حذر بکەن(لە کاتێکدا حذر پێویستە بە مەرجی نەبێتە کۆسپ لەبەردەم کارەکاندا) کارەکان دوادەکەوێت.

*- تا ئێســـتا چاوەڕوانی ژمارە دووی (گۆڤاری ئالای شـــۆڕشـــین) کە خۆتان پەیمانتان دا بەوزوانە دەردەچیت ، نازانین چی بەسەر هات؟

*-پارێزگای سولەیمانی هەمان ژمارەی ڕێکخستنی شارەکانی بۆ بەکار بهێنن. بۆ کۆمێتەی هەولێر ژمـــارەی ١٣٣ بەکـــار بهێنن. کرکوک و بەغـــدا لە ڕێگەی ڕێکخستنی شارەکانەوە دەبینرێن هێشتا بە (فەرمی) سیفەتی کۆمێتەمان نەداونەتی.

*- بە پەیدابوونی کادری ئیزاعی و ئیعلامی بۆتان ڕەوانە ئەکەین.

*-ســـەبارەت بە ناردنی پێشـــمەرگە بۆ لاتان، لە پێشـــەکی ئەم نامەدا ڕوونمان کردۆتەوە کە دەبێت چی بکەن. گەر خۆشـتان چارەســەری باشـترتان لابوو باشـتر. گەر هەوڵیش بـدرێـت لە ڕێگەی هەولێرەوە دوو خـاڵی پەیوەنـدی لەگەڵ کۆمێتەی هەولێریش دروست بکەن هەر چاکە.

***-سەبارەت پلنیۆم**

١-دەبوو لە نامەکەتاندا لە هۆکانی گرتنی پلنیۆم و بەرنامەی باســـەکانی بۆتان بنوســـینایە، تا ئاگادارببووینایە، لەســـەر ئەو ئەســـاســـە هاوڕێ یان خۆیان بۆ ئامادە بکردایە.

٢-دەبوو پێش بریاری ئەو پلنیۆمە پرستان پێ بکردینایە.

٣- پێویست بوو لەسەر شوێنی بەستنی پلنیۆمەكەش ئاگادارتان بكردینایەتەوە تا ڕای خۆمانی لەسەر بدەین و بزانین هاوڕێ یانمان دەتوانن بگەنە ئەو شوێنەی ئێوە دیاری دەكەن؟

٤- دەبوو پێشتر بۆتان بنوسینایە، بە لانی كەمەوە پێویست بە دوو مانگ خۆ ئامادەكردن دەكات، هەربۆیە پێویست بوو بۆ ئەوەی پلنیۆمیكی تیروتەسەل و بە بەرهەم و بێ گیروگرفت ئەنجام بدریت، پێشتر ئاگادارتان بكردینایەتەوە.

بەڵام سەبارەت بە ڕای ئیمە لەسەر گرتنی پلنیۆم بەمجۆرەیە:

لەم كاتەو بارەدۆخەداو لەبەر نەبوونی ڕێگاوجێ ی لەبارو دژواری ڕێگا كە هاوڕێ یانمان بە ناو چەندین لایەندا دەبێت بڕۆن و ئەو كارەش دەبێتە هۆی ناسین و ئاشكرابونی هاوڕێ یانمان كە ئێستە كاتی ئەو گیروگرفتەمان نیە. لەبەر ئەوانە ئێمە لە ئێستادا بەستنی پلنیۆم بە بآش نازانین. ڕاپەڕاندنی كارەكان جارێ با بەوجۆرە بڕوات كە هەیە. لە ئێستاشدا زیاتر گرنگی بدریت بە خۆپەروەردەكردن و ڕێكخستن و بەرزكردنەوەی ئاستی هوشیاری فكری و دۆزینەوەی ڕێگەی گونجاو بۆ پتەوكردنی پەیوەندی شارەكان و ئێوە. گرنگی بدەن بە كردنەوەی دەورەی دیراسی چڕی كادران لە ناو ئەو پێشمەرگانەی لاتانن تا بتوانن كادری كۆمۆنیستی شۆڕشگێڕیان لی دروست بكریت و ئامادەبن بۆ ڕابەری ئەو لەشكرە پرۆلیتاریەی لە داهاتوودا پێك دێت.

- **ئێستگەكە**

ئیستگەكە هەنگاوێكی باشە، پیرۆزباییتان لێ دەكەین، چاوەروانی ئەوەین ئەو ئێستگەیە دەنگ و فكری كرێكاران بگەیەنێتە كرێكاران و زەحمەتكیشان و بەرنامەی تیوری م.ل یش بە خۆیەوە ببینێ. چونكە لە بارەی بەرنامەی تیوریەوە پرسیار زۆر دەكرێت و دەوترێت ئێستگەیەك دەنگی ڕێكخستنێكی كۆمۆنیستی بێت دەبێت بایەخ زۆر بدات بە بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ. داواكارین ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن. لەو ڕەخنانەی لە ئێستگەكە دەگیرێت ئێستگەی ریكخستنیكی كۆمۆنیستی دەبوو بە سرودی ئینتەرناسینالّ بكرایەتەوە، یا كوا بەرنامەی تیوری و دیراسەی م.ل ؟

دەشزانن مەسەلەی ئێستگە لایەكی كارە ئیعلامیەكەیە. بەڵام لایەنی زۆر زەق و ئاشكرایەتی، خەڵك لەوێوە كۆمۆنیستی بون یا نەبونی ئێمە هەڵدەسەنگێنن. وەك پێشینیان وتویانە بە زمانی خۆمان نەگیرێین.

وەك پێشتر وتمان مەسەلەی دەورەی كادران و پەروەردەی كادیری كۆمۆنیستی شۆڕشگێر مەسەلەیەكی زۆر حەساس و گرنگە. پیویستە ئەو هاوڕێ یانەی لاتان

سەرجەم بخەنە دەورەوە. بیرو كرداری كۆمۆنیستی یەكبخرێت. بە بیرو ڕەفتاری كۆمۆنیستانە هەمو بیروڕەفتاریكی بۆرژواو وردەبۆرژوازیانە لە هەر شوێنێكداو لە هەركەسێكدا سەری هەڵدا بە گیانێكی هاوڕی یانەو فێركەرانەوە بخرێتە بەر ڕەخنەو هەڵسەنگاندن و موجامەلە لەسەر حسابی بیروباوەڕ نەكریت.

هەواڵەكان

دوابەدوای ئەو هەواڵانەی چەند ڕۆژێک پێشتر بە هاوڕێ یەكماندا بۆمان ناردن، ئەم هەواڵانەشمان پێ گەیشتووە:

١-لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٢ لە شاری سەماوە ڕژێمی فاشی بەغدا بە زۆرەملی خەڵكی كۆكردۆتەوە بۆ ئەوەی خۆ پیشاندانیان پێ بكات كە گوایە لە شەڕی فاو سەركەوتوون، لەو كاتەدا سیارەیەكی پر لە تەقینەوە هاتۆتە ناوەراستی جەماوەرەكەو لەبەردەم پیاوەكانی ڕژێمدا تەقیوەتەوە سەدوپەنجاكەسی كوشتوە. جەماوەرەكە دژی ڕژێمی فاشی بەغدا دروشمیان داوە. ڕژێم لە شارەكانی ترەوە قوات خاصەو قوات طواری گەیاندۆتە شاری سەماوە. خەڵكێكی زۆریان گرتووە.

٢-پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٨٦/٢/٢٠ ئەو ماڵانەی كوڕیان پ.م یان ڕاكردووەو حجزكرابوو، ڕژێم هەموویانی بەرەو زیندانەكانی خوارو ناوەراست و موسڵ بردووە، كە زۆربەیان منال و ژن و پیری پەك كەوتەن.

٣-لەم ڕۆژانەدا فشاری ڕژێم زۆر توندوتیژتر بووە، بازگەكانی ناوشار زیادی كردووە. هەروەها بازگەكانی نێوان شارەكانیش بە تایبەتی شارەكانی ناوەراست و خواروی عێراق زۆر توند كراوەو توندتر پشكنین دەكەن.

٤-ڕۆژی هەینی ١٩٨٦/٢/٢١ ڕژێم لە ڕێگەی ڕێكخراوە فاشستیەكانیانەوە ئاگاداری دانیشتوانی بەغدای كردووە كە زەخیرەی ئازوقەو بەنزین بخەن. پێی وتوون گوایە نیازی وایە بۆردومانی شارەكانی ئێران دەكات و ئیرانیش وەڵام دەداتەوە بۆ ئەوەی شارەكە چۆڵ بكەن.

٥-جاشەكانی ڕژێم لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢١چوونەتە گوندی(كەڵۆڕان)لە شارەزوورو سوتاندویانە.

٦-ڕژێم كردوویەتیە سەردائیرەكان و هەمویان ڕۆژانە كۆدەكاتەوە و دەڵێن دەبێ ژنەكان خوێن بدەن و پیاوەكانیش تطوع بكەن ، بۆ ئەم مەبەستەش ئیستمارەی تایبەتی داوەبە دائیرەكان كە هەمو منتسبی دائیرەكان پڕی بكەنەوە.

٧- ڕژیم بەسەر هەمو چێشتخانەكاندا گەڕاوەو كردویە بە (سەرە) بۆیان هەریەكەیان دەبێ ڕۆژی خواردنی (١٥٠)كەس بهێنێ بۆ (میوانخانەكەیان) كە لەسەر ڕیگای ئەزمر كردویانەتەوە و دەرخواردی سەربازوجاشەكانی بدەن.

٨- ئیستاش كردویەتیە سەر دائیرەكان هەرڕۆژەی دائیرەیەك خواردنی (٥٠٠)كەس دروست بكەن و بیهینن بۆ میوانخانەكەیان.

۹-حەمەی شێخ عبدالكریم لە دەشتایی بانی مەقان میوانخانەیەكی لەسەر حسابی خۆی دروست كردووە بۆ ئەو جاشانەی دەچنە جەبهە.
۱۰-ڕژیم كرێكارانی زراعە لە قەزاو ناحیەكان كۆدەكاتەوە، بە قوات خاصة چواردەوریان دەگرێت و سەیارەیان بۆ ئامادەدەكات وسواریان دەكات و دەستبەجی جل و بەرگ و پێڵاوو قیناعیشیان ئەداتێ. لە یەكێك لە سەربازگاكانی خواروی عێراق بیست ڕۆژ مەشقیان پێ دەكات ڕەوانەی بەرەكانی شەڕیان دەكات.
شەكاوەبێت ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكێشان
كۆمێتەی سەكردایەتی شارەكان
۱۹۸٦/۳/ ۷

پیتاک بۆ زێوێ

فشاری باری ژیانی خراپی پێشمەرگە لێقەوماوەكانی زێوەو داواكانی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ پارە، ناچاری كردین، كارێك بكەین كە نەماندەویست بیكەین. لە كۆبونەوەی كۆمێتە بریاردرا نەخشەی كۆكردنەوەی پیتاک دابنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش، بریاردرا سەرەتا داوای پیتاک لە توێژی دكتۆرەكان بكرێت، چونكە ئەمانە لەو ڕۆژگارەدا دەستكەوتیان لە گەلێ لەسەرمایەدارەكانیش زیاتر بوو. ناوو پسوڵەمان ئامادەكردو هەر دكتۆرە خۆیمان سەرپشک كردبوو لە مقداری ئەو كۆمەكەی دەیدات، لە سەعاتی سفری پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دیاریكراودا بۆ كۆكردنەوەی پیتاک هاوڕێ یانمان پسوڵەكانیان برد بۆ عیادەی دكتۆرەكان. ڕۆژی دوایی پێش نیوەڕۆ، هاوڕێ (حەمە ئاوات) كە پەیوەندی فەردی بە خۆمەوە بوو، لە بەشی ئەشعەی عیادەكەی دكتۆر عبالرحمن ریس كاری دەكرد، بە پەلە هات بۆ ماڵەوە، "ووتی : بیستومە دوێنێ ئێوارە هەوڵدراوە پارە كۆبكرێتەوە لە دكتۆرەكان، یەكێك لە دكتۆرەكان (ناوەكەی ووت) چووە یەكسەر هەواڵی بە ئەمن گەیاندووە، منظمەی بەعس و محافظ و دەزگاكانی ئەمن و ئیستخبارات ئەمرۆ هەموو دكتۆرەكانیان بانگ كردووە بۆ دائیرەی پارێزگا، پێیان وتون باشتان كردووە پارەتان نەداونەتێ و ئاگاداری ئێمەتان كردووە، ئێمە ئەوانە دەناسین و دەیانگرین..." من زۆر سوپاسی هاوڕێ حەمە ئاواتم كردو وتم خەمت نەبێت، من هەواڵەكەت دەگەیەنم.
دوای ڕۆیشتنی ئەو پەیوەندیم بە هاوڕێ یانی كۆمێتەوە كرد و هەواڵەكەم لەگەڵیاندا باس كرد، ئەوانیش وتیان هەواڵەكە ڕاستەو ئەمرۆ هەموو دكتۆرەكانیان

بانگ كردووە بۆ پارێزگا. گەلێک لە دكتۆرەكان بە هەواڵدان بە دەزگا سیخوڕیەكان لە لایەن (د.ج) زۆر تووڕە بوون، چەند كەسێک لە دكتۆرە نیشتمان پەروەرەكان لەگەڵ ئەو حاڵەتەشدا لە پەناوە ئەوەی لە دەستیان هات كۆمەكیان كردین.

ڕۆژی دوایی لە ئێستگەكەی یەكێتی نیشتمانیشەوە هاوشانی دەزگا سیخوریەكانی بەعس دەستیانكرد بە شاڵاوی ڕاگەیاندن دژی ئاڵای شۆڕش! خەڵک و دكتۆرە نیشتمانپەروەرەكان كە دەیانزانی دەزگا سیخوریەكان و منظمەی بەعس چۆن هەواڵەكەیان پێگەیشتووە و لە لایەن كێوە هەواڵیان پێ گەیەنراوە، بە لایانەوە سەیربوو كە یەكێتی لە ئێستگەكەیانەوە پاڵپشتی لە سیخور دەكات و هێرش بۆ سەر ئاڵای شۆڕش دەبات. ئێمە سەرەتا مقداری یەک هەزار و پێنج سەد دینارێكمان بۆ كۆكرایەوە . چەند ڕۆژێک دواتر هاوڕێ هوشیار(حەمە ئاوت) هات ئاگاداری كردم كە دەیەوێت بە یەكجاری بچێتە دەرەوە، بەودا ئەو مقدارە پارەیەم نارد بۆ لیژنەی سەرپەرشتی.

هەوڵی تیرۆركردنی سامی(عادل)

لە دوای گرتنی ئەو هاوڕێ یانەی ناوەندی نوسەرانەوە ینک دوو هەوڵی تیرۆركردنی هاوڕێ سامی دا، یەكێكیان لە ناو شارەوە لە لایەن ئەو مەفرەزەی تیرۆرەی یەكێتی یەوە بوو، {مەلا محمد) كە ناوی نهێنی(.....) بوو (سەرپەرشتی دەكرد}، ئەویتریان ناردنی مەفرەزەیەكی دووكەسی بوو لە لایەن جبار فەرمانەوە لە مەڵبەندی یەكەوە، كە وەكو بۆمان ئاشكرا بوو دەیانویست كاری تیرۆرەكە وا ئەنجام بدەن گوایە كاری ڕژێمە. هەردوو پیلانە تیرۆریستیەكە بە هۆی وریایی هاوڕێ یانی ئاڵای شۆڕشەوە شكستیخوارد. دوای شكستی ڕاستەوخۆی ئەو هەوڵی تیرۆرانە، وەک لە هاوڕێ لیدیاوە پێمان گەیشت، جلال تاڵەبانی لە ناو دەستەو دائیرەكەیدا بە ناوهێنانی ناوی سیانی هاوڕێ سامی كەوتبووە زراندنی ناوی تا بیدەنەوە بە گوێی ڕژێمدا..

هەوڵی گرتنم لە لایەن رژێمەوە

هاوڕێ یانی كۆمێتەی هەولیر ئاگاداریان كردینەوە كە بلاوكراوەی (هەڵوێست)یان بۆ هاتووە، داوایانكرد بچین بیهێنین. منیش وام دانابوو هاوسەرەكەم بنێرم (یەک نوسخە) بهێنێت و خۆمان لە سولەیمانی چاپی بكەینەوە. دوانێوەڕۆ هاوڕێ یان حەمەرەشیدو هاوڕێ عوسمان هاتن، ئۆتۆمۆبیلێكی كرۆنای سەوزی

هاوڕێ یەکی خۆیان پێ بوو. من لای ئەم دوو هاوڕێ یە ناوە نهێنیەکەم (عەلی) بوو. ئەوان وتیان ئێمە دەچین بڵاوکراوەکە دەهێنین، ووتم باشە هاوسەرەکەشم دێت، تەنها مەبەستیشم لە ناردنی هاوسەرەکەم ئیلتزام کردن بوو بەوەی (یەک نوسخە) بهێنن نەک زیاتر، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی هەر هەردوکیان بچن و ئیلتزامیش دەکەن بە کارەکەوە. وتم باشە سبەینی ئێوە کە دەچن دەبێت سەعات شەشی ئێوارە بگەنەوە لای من و دوانەکەون. وتیان باشە. ڕۆژی دوایی سەعات بوو بە شەشی ئێوارە دیار نەبوون. دوای سەعاتێک لە ماڵ چوومە دەروە. لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێ یانەوە تلفۆنم بۆ هاوڕێ یەک لە هەولێر کرد وتم : برا ئەڵێی بیرتان چووە جلی بوکەکەتان نەناردووە، لە وەڵامدا وتی دڵنیابە (بوخچەیەک) جلە بوکێنیمان ناردووە. بەوجۆرە تێگەیشتم کە ئەوان لە هەولیر دەرچوون بە ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوەوە! چونکە هاوڕێکەی هەولێر ووتی (بە بوخچەیەک جلی بوکێنیەوە!)، تەلەفۆنم بۆ هاوڕێ جوتیارکرد لە کەرکوک، لە تەلەفۆنەکەدا لێم پرسی وەک بزانیت ئەمرۆ کەس لە خزمان داخڵی خەستەخانە نەکراوە، وتی دەڵێن ئۆتۆمۆبێلێک وەرگەڕاوە ودوان براون بۆ نەخۆشخانە. زانیم شتێک ڕوێداوە و دووکەس گیراون...

هەر لە سەردەمی کۆمەڵەوە، لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەری ژیانم (ڕوناک حاجی محمد نوری حاجی عبدالله) نەخشەیەکمان بۆ ئەو ساتانە دانابوو کەمن لەماڵ نەبم و دەزگا سیخوریەکانی ڕژێم پەلاماری ماڵەوە بدەن. سەرەتا داوام لێکرد لە ماڵەوە نەبێت و منالەکان بەرێت و لە ماڵەخزمان ماوەیەک خۆی بشارێتەوە، ڕازی نەبوو، ووتی لەو کاتەدا نازانین ئەمن کەی دێن و کەی بەدواتا دەگەڕێن، وتم ئەمن بچن بۆ گرتنی هەرکەس و بەردەست نەکەوێت هاوسەرو منالەکانی دەگرن و چەند ڕۆژێکیش ئەمن لە ماڵەکەدا جێ دەهێلن تا هەرکەسێک بچێ بۆ ئەو ماڵە بیگرن. ئەو وتی گرنگ ئەوەیە تۆیان بەردەست نەکەوێت. بە ناچاری قبوڵم کرد و پێم ووت هەر ساتێک دەزگا سیخوریەکان هاتنە سەرتان و ناوی منیان پرسی، ناوە ڕاستیەکەی من بڵێ، چونکە ئەوان تحقیق لە ناوەکە بکەن هەڵە بێت تۆ تووشی کێشەی زیاتر دەبیت، گەر پرسیشیان مێردەکەت لەکوێ یە؟ بڵی نەخۆش بووەو ئەمرۆ چووە بۆ بەغدا بۆ لای دکتۆرو دوو ڕۆژی تر دەگەڕێتەوە، گەر بەو قسەیە قەناعەت بکەن، ئەوا ڕەمبێکم لەو ساتەدا دەم و دەست نەتانگرن چاوەڕوانی گەڕانەوەم بن، گەر سەری گرت ئەوا دوای ڕۆیشتنیان خۆتان بشارنەوە. بە هاوسەرەکەم وت زۆر گرنگە شەوبێت یا ڕۆژ هەرکات ئەمن دای بەسەر ماڵەوەدا گلۆپێکی نیۆنی سپی مان لە حەوشەکە بە بەرزیەوە هەبوو ووتم گلۆپەکە داگیرسێنەو مەیکوژێنەرەوە، کە دەتوانرا لە دووری پێنج سەد مەترەوە لە ماڵەکەوە ببینرێت. بەوجۆرە من دەزانم گەر ئەمن دابیتی بەسەرتاندا.

ئەو بەشـــەی ئەو هاوڕێ یانە لە ســـێ هاوڕێ پێکهاتبوو، هاوڕێ ی ســـێهەمیان (هێمن)ڕۆژی ١٩٨٦/٤/١٣هات بۆ لام وتی هەواڵمان بیســـتووە ئەو هاوڕێ یانەی گیراون ئیعترافیان کردووە وریای خۆت بە. ئەو وتی عوســـمان ئیعترافی کردووە، (بەڵام دوایی دەرکەوت ئەو نەبووە و هاوڕێ حەمە ڕەشـــید ئیعترافەکەی کردبوو). من لەو ڕۆژەوە کە زانیم ئەو دوو هاوڕێ یە گیراون، هەموو شتەکانم گواستبووەوە و بەڵگەیەکم لە ماڵەکەدا نەهێشتبوو.

من ڕۆژی ١٩٨٦/٤/١٤ چووم بۆ دارشـتنەوەی پەیوەندیەکانی ڕێکخسـتنەکانی هەڵەبجە لە دوای خۆم. شـــەو لای هاوڕێ یان مامەوە لە هەڵەبجە و ڕۆژی دوایی گەڕامەوە ســـولەیمانی، بەپێ بەرەو ماڵەوە ڕۆیشـــتم لە دووڕەوە دیم گلۆپەکەی حەوشـــەکە داگیرســـاوە، زانیم کە ئەمن چوونەتە ماڵەوە، گەڕامەوە بە کۆڵانەکەی پشتەوەدا بڕۆم ، لەوسەرەوە ژنێکم دی بە عەبایەکەوە بە پەلە بەرەو ڕووم دەهات ، هاوســـەرەکەم بوو، ئەویش لە دووری ماڵەکە خۆی داگرتبوو تا لە گەڕانەوەمدا ئاگادارم بکات.

بەدەم ڕێـگـاوە هـاوســـەرەکەم بـۆی بـاســـکـردم : کە درەنـگـانـێـکـی شەوی١٩٨٦/٤/١٥، ئەمنێکی زۆر چواردەوری ماڵەکەیان گرتووەو لە دیوارەکانەوە بازیان داوەتە حەوشەکەو بە شەق بەربوونەتە دەرگای مەدخەلەکە، ژمارەیەکی زۆر ئەمن هێرشـیان هێناوە بۆ ژوورەوە، هەریەکەیان شـوێنێکی ماڵەکەیان دەپشـکنی، یەکێکیشـیان پرسـیاری لە من دەکرد، نـاوی مێردەکەت چی یە؟ وتم روف. جارێکیتریشی پرسیەوە. بە وەڵامەکەی من ڕەنگی گۆڕا، چونکە ئیعترافەکە لەسەر علی ناوێک بوو! (من لای ئەو ئەڵقەیە نهێنی یەکەم علی)بوو، بە پەلە چووە دەرەوە و دوای تۆزێک گەڕایەوە، نامەیەکی بە دەستەوەبوو پرسـی کوا مێردەکەت لە کوێ یە؟ وتم نەخۆش بوو ئەمڕۆ چووە بۆ لای دکتۆر بۆ بەغداو دوو ڕۆژیتر دەگەڕێتە. پرســـی مێردەکەت کاری چیە؟ وتم مامۆســـتایە. جارێکی تریش چووە دەرەوەی ماڵەکە، کە گەڕایەوە پرسـی کەی دەگەڕێتەوە؟ وتمەوە دوو ڕۆژیتر. ئەمنەکانیتر کە دەگەڕان هیچیان لە ماڵەکەدا نەدۆزیەوە، یەکێکیان شـــتێکی چرپان بە گوێ ی ئەو ئەمنەی پرســـیاری لەمن دەکرد ئەویش چوو بۆ ژووری کتێبخانەکە و کە گەڕایەوە پرســـی ئەو کتێبانە هی کێ یە؟ وتم هی مێردەکەمە حەزی لە خوێندنەوەیە. پاش ئەوەی لە پشـکنینی ناو ماڵەکەو سـەربان و حەوشـەکە بوونەوەو هیچیان نەدۆزیەوە. پرسیەوە تۆ دڵنیای دوو سبەی دێتەوە؟ ووتم ئەو بۆ نەخۆشـی چووە بێ گومان پاش دوو ڕۆژیتر دێتەوە ، چی ئەکات لەوێ؟ کابرا چووەوە بۆ دەرەوەی ماڵەکەو پاش ســـاتێک هاتەوە، وتی ببورە ئێمە بە هەڵە هاتووین! ئیتر ئەوان ڕۆیشـــتن و گڵۆپە نیۆنەکەی حەوشەم بە داگیرساوی هێشتەوە، وتیشی دراوسێکان دیویانە کە ئەمنەکان دووکەســـی تری گیراویان پێ بووە. کە ڕۆژ بووەوە ، منداڵەکانم هەڵگرت و لە ماڵە

خزمان دامناون و خۆیشم هاتووم دورو نزیک مالّەكەم چاودێری دەكرد تا تۆ دێیتەوە..لەوساتەوە ئیتر خێزانەكەم مالّی خۆمانیان نەدیەوە و سەردەمانێكی زۆر هەر ماوەی لە مالّیک خۆیان دەشاردەوە، منیش بە جیا لەوان هەر ساتەی لە شوێنێک....ئەو شەوەی ئەمنەكان چووبوونە سەر مالّەكەمان ١٩٨٦/٤/١٥ بوو، یادی ڕۆژی لە دایک بوونی شەش سالّەی (كاردۆ)ی كوڕم بوو.

پاش ئەوەی لە شوێنی مانەوەی خیزانەكەم دڵنیا بووم، هاوسەرەكەم گەڕایەوە بۆ لای منالّەكان و منیش بەرەو مالّی هاوڕێ علاء كە چەند كۆڵانیک لە مالّی خۆمانەوە دووربوو. من لە لای دایک و هاوسەری هاوڕێ علاء ناوم علی بوو، كە چوومە ژوورەوە هاوڕێ علاء خۆشحالّی خۆی دەربڕی كە نەگیراوم، دایكی بۆ بەخێر هێنانم هات و پرسی كاک علی شەو هەموو گەڕەک ئەمن گرتبووی وتیان داویانە بەسەر مالّی مامۆستا ڕەوفێكدا تۆبلێ ی نەیانگرتبێت؟ تۆ نایناسی؟ وتم نەء دایە نایناسم. لەولاوە هاوڕێ علاء پێدەكەنی. هەر ئەو ڕۆژە كۆبونەوەیەكی كۆمیتەمان بۆ دارشتنەوەی كارەكان سازكرد، هاوڕێ سەردار(شێخ فاتح)م ڕاسپارد كە ڕاپۆرتیک بۆ لیژنەی سەرپەرشتی بە ناوی كۆمیتەی شارەكانەوە بنوسێت، ئەویش ڕاپۆرتێكی تیرو تەسەلی بۆ نووسیبون، ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەكەیە كە لە ئەرشیفی لیژنەی سەرپەرشتی دابوو بە خەتی هاوڕێ سەردار نوسراوە:

لە كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆ بۆ ل.س

كرێكارانی جیهان یەكگرن

كۆمیتەی سەركردایەتی شارەكان ١٩٨٦\٤\١٨

بۆ هاوڕێ یانی لیژنەی سەرپەرشتی بەڕێز

سلاوێكی شۆڕشگێڕانە

هەمیشە بە هیوای سەركەوتنتانین

هاوڕێ یانی بەڕێزو تێكۆشەر. بە هۆی دووریمانەوە لێتان ناتوانین وەكو پێویست بەرنامەیەكی كاری هاوبەشی پیكەوە گرێ بدەین و ئاگاداری گەشەكردن و گۆڕانكاری یەكان ببین. خەباتی ئەمرۆشمان جیاوازی یەكی گەورەی هەیە لە شیوەی كاری خەباتی ڕابوردووی ڕێكخراوە سیاسی یەكانی پێشووی عێراق. بۆیە لە ناو خەڵک و هەندێ هاوڕێ یانماندا وا دەزانن گوایە بیری جودا هەیە لە ناو ئالّای شۆڕش دا. نەگۆڕینەوەی ئاراكانمان و دووری ئێوە لە واقعەكەوە ئەو كێشەیەی دروست كردووە. بەڵام ئێمە هیوادارین لە داهاتوویەكی نزیكدا نوێنەرمان بێتە لاتان، لە هەموو لایەنەكانی جۆری كاركردن موناقەشە بكەین و بریاری موحد بدرێت وهەموو لایەكمان دەست بە كار بین و چیتر لایەنە نەیارەكان ئەو كەلێنە

نەقۆزنەوەو بیكەنە كێشــەو بیری خەڵكی كۆمۆنیســت و شــۆڕشــگێڕەكانی پێ ئاڵۆز بكەن.

وا لێرەدا بە تێكڕا لە وەضعی ڕێكخستن و دەنگ و باسەكان ئاگادارتان دەكەین

١-ڕیكخستن

A- ڕێكخستنی شارەكان لە گەشەكردندایە و خەڵكی ڕۆشنبیرو شۆڕشگیر ڕۆژ بە ڕۆژ متابعەی گەشــەكردنی ئاڵای شــۆڕش دەكەن و چاوەڕێن أدبیاتی دەربچێ و دەستیان بكەوێ و دیراسەی بكەن و هەڵیسەنگێنن. ئێمە لە هەوڵداین گرنگی بدەینە ڕێكخستن لە بەغداو كارمان بۆ كردووە. ئێستا شارو شارۆچكەكانی كوردستانی هەمووگرتۆتەوە. دەبێ ئێمە ڕەچاوی ئەوەیش بكەین كە دوژمن زۆر بە وردی بە دواماندا دەگەڕێ و لە هەوڵدایە وەك یەكێتی نیشتمانی سیخوڕو ئەڵقە لە گوێكانیشی بخزێنیتە ڕیزەكانمانەوە. بۆیە دەبێ زۆر بە وردی هەڵســەنگاندنی هەمە لایەنەی واقعی ئەمڕۆی خەبات بكەین و پاشان گەشە بە ڕێزەكانمان بدەین.

B-پێش ماوەیەك دەزگای ئەمنی هەولێر٣ هاوڕێ ی گرتین و ئێســتا ئێمە لە تحقیق داین لەو بارەوە. وە كاتێك هەڵویســتی ژمارە ١ هاتبووە هەولیر٢ هاوڕێمان چوون بیگەیەننە ســولەیمانی لە ڕێگا خۆیان و ســەیارەو گوڤارەكان لە ســیطرەی كركوك-ســولەیمانی گیران. ئێســتا ئەو هاوڕێ یانەی دەناســرێن لە لایەن ئەو دوو هاوڕێ یەوە كەنارە گیریان كردووەو خۆیان شاردۆتەوە.

C-مەفرەزەیەكمــان لە گەرمیــان هەیە و بەردەوام پەیوەنــدیمــان لەگەڵ دەكەن. ئێمەش بەرنــامەی مــانگــانەی بۆ دادەنێین كــاری لەســــەر بكەن. زۆر چــالاكن و خەڵكێكی بە توانــان. بەردەوام كۆبونەوە بە دێهــاتەكــانی گەرمیــان دەكەن،....چەند ئامر كەرتیك لە ســــنوری مەڵبەندی یەك بەردەوام پەیوەندی دەكەن لەگەڵمان و كاری ڕێكخستن ئەنجام ئەدەن.

D-هەمو لایەكمان چاك ئەزانین باری ئابوری ئاڵای شــۆڕش چۆنە، بێ پارەیی زۆری بۆ هیناوین، وەضــــعی ژیانی نێوەش زۆر بیری ئاڵۆزكردووین. زۆرمان هەولدا، زۆر دۆســــت هەبوو پەنامان بۆ بردن، داوای یارمەتیمان لێكردن، هەمو دەســــتیان بە ڕوومانەوە نا. هەتا بە قەرزیش كەس ئامادە نەبووبیدات. داهاتی مانگانەی ڕێكخســتنیش هێندە نیە كەلێنێك پڕ بكاتەوە.....پاش ئەوەی توانیمان مۆر پەیدا بكەین، دەســت نیشــانی هەندی دەوڵەمەندمانكرد بە نوســراوی ڕەســمی داوای یارمەتیان لێ بكەین پێشەكی بردمانە لای دكتۆرەكان، (د.ج) جنێویشی دابوو قسەی ناشیرینی زۆر كردبوو، كاغەزەكەی بردبووە لای (محمد حمزە) بەرپرسی منظمەی بەعس لە سولەیمانی، ئەوانیش هەموو دكتۆرەكانیان كۆكردبۆوەو پێیان وتبوون پارە مەدەن، بۆیە بریاردرا و(سەیارەكەی) (د،ج) تەقێنرایەوە. ئێمەش چاوروانی گۆڕانی

دۆخەكە بووین. تا دكتۆرەكان پەشـــێمانیان حاصـــل كرد. تا ئێســـتاش نەچوینەتەوە ســـەرو كـــاری چونكە هەموو عیـــادەیەكی دكتۆرەكـــان ئەمنێكیـــان لێـــداناوە. دەوڵەمەندەكانی تریش زۆریان ئامادە نەبوون و ئەوەش ئامادەبووە مقدارێكی كەمی نـاردووە. بۆیە ئێمە هێندەمـان بە دەســـتەوە نیە تەنهـا ئەو مقدارە كەمە نەبێت كە دەینێرین بۆتان. گەر لە داهاتووشدا پارەمان هاتە دەست بۆتان دەنێرین.

٣-دەنگ و باس

٣-١-وەضـــعی عێراق بە گشـــتی زۆر ئاڵۆزتربوە دوای گیرانی فاو لە لایەن ئێرانەوە. عێراق بەردەوام لە هەوڵدایە توانای بەشەری كۆكاتەوە و هەڵی گێڕانەوەی فاو بدات. بە زۆر تطوع كردن لە ناو مامۆستایان، دائیرەكان،لە موالیدی ١٩٤٤ بۆ ســـەرەوە، ڕەشـــبگیر، چوونە ســـەرماڵان، گرتن و گوشەبارانكردنی بە كۆمەڵ لە ناوەراســـتی شـــارەكاندا بەردەوامە. زۆر لە قوتابیان و مامۆســـتایان و فەرمانبەران وازیان لە قوتابخانەو وەزیفە هێناوە.

٣-٢نرخی شتومەك زیادی كردووە ، برنج، ڕۆن،هیلكە ، نەوت بەنزین و زۆر شـتی تر. سـەرجەمی مامۆستایان كرانە بەعثیبە زۆر ئەوی نەیكرد وازی هێناوە.-- لەم مانگەدا ٦ منالیان لە خوار فلكەی سـجنی سـولەیمانی یەوە(گوشەباران كردووە) بە بەرچاوی هەموو مدیر دائرەكانەوە. دوانزەش لە هەولێر.

٣-٣بوون بە جاش زۆر باوە، ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر خەڵكی مەشـــغوڵ كردووە جاشـــێتی یە. (قوة صـــدام) بە ناوی عشـــائیرەوە ٣٠٠ تفەنگ، كردنەوەی فەوجی خەفیفە، سیلاح وەرگرتنی بێ قەیدوشـەرت... خەڵكی بە هۆی دابەزینی دەرامەت و ڕاكردن لە سەربازی یەوە زۆر سەریان تێكردووە. وە بە خۆشحاڵیەوە دەچێت چەك هەڵدەگرێت، ئێمە زۆر دەناســـین چاك بووە و ئێســـتا جاشـــە. پەردەی عەیب و ئابڕووچوون لادراوە.

٣-٤-حجزكردنی كەس و كاری پێشـــمەرگە بەردەوامە. ئەمن بەردەوام خەریكی گرتنی خەڵكە، ســـیارە لە هاوڵاتیان دەســـێنێ و دەچن خەڵكی پێ دەگرن. كەس و كاری گیراوەكەش دەچێ ڕەقەمی ســـیارەكە دەداتە دەزگای پۆلیس ئەوانیش خاوەن سیارەكە دەگرن. بەو جۆرە دوژمنایەتی لە نیوان خەڵكدا دروست دەكەن.

سەرجادەكان بە شەوو بەڕۆژ سەیطرەی تیایە. هەمو ناوشارو دەرەوەی شاریان تەنیوە...هەركەسـێك بیەوێت تعین ببێت ئافرەت یا پیاو یا هەر كەسـێك وەكالەتیك وەربگری، لە ئەمن بانگی دەكەن دەبێت ناوی ٦كەس بڵێت، ٣ فیرار و ٣پێشمەرگە، ئەگەر نەیڵێت ئەوا ئیشەكەی ڕەفض دەكەن.

ئێســـتا زۆر لە دائیرەكان داخراون بە هۆی بردنیان بۆ جەیشـــی شـــەعبی، یان ڕاكردنیان لێ ی.

رژێم وا بەتەمایە لەم ڕۆژانەدا منع التجول ی گشتی بكات لە سوڵەیمانی، تەشدیداتیكی زۆر توند لەسەر جەماوەر دروست كراوە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و باری كۆمەڵایەتیەوە.

پێشنیار

١-هیوادارین گەشبدەنە ئێزگەكەو بابەتی ثقافی ثوری و لایەنی شیكردنەوەی سیاسی بەهێز بڵاو بكەنەوە لە روانگەی زانستیانەوە، زیاتر تركیز بكەنە سەر دڕندەیەتی و فاشیەتی بەعث و رەفتارە نامرۆڤانەكەی بەرامبەر بە جەماوەر. بەردەوام بانگەوازتان هەبێت بۆ پێشمەرگەو خەڵكی زەحمەتكیش. هیوادارین خۆتان دووربخەنەوە لە هەندێ وتار كە دەبێتە هۆی تعقیدكردنی پێشمەرگە. با وتارەكانتان كارێك بكات بۆ لای خۆتانیان رابكێشن.

واش بە باش دەزانین هێرشی ڕاگەیاندن نەكریتە سەر ینك، پەرچەكرداری وەڵامدانەوەی ئەوان نەبیت كە شتمان لەسەر دەلین. ئێمە وادەزانین كە ئێستە ئیستگەكە هەنگاوی باشی بۆ پێشەوە ناوە.

٢- ئیوە بواری كاری ئیعلامیتان زیاترە، بۆیە بە باشی دەزانین لە هەموو موناسەبەتەكاندا بەیان بڵاوبكەنەوە، بینێرنە دیوی عێراق بە هەر وەسیلەیەك بوە.

٣-ئەگەر مەفرەزەكان بەردەوام هاتوچۆی ئەمدیو بكەن بە هۆی ئەوانەوە دەتوانن بیگەیەننە دەستمان. هیوادارین گەر دەتوانن ڕۆنێوێەكمان بۆ پەیدا بكەن و بۆمان بنێرن.

٤-ئێمە بە هۆی نەورۆزەوە هەندێ دروشمان بڵاوكردەوە، بە تەماین بە بۆنەی ١ ئایارەوە بەیانێك بڵاوبكەینەوە.

٥-وا بە باش دەزانین بەردەوام (نامە)مان بۆ بنێرن و بەهۆی ئێستگەكەوە لە دەنگ و باسی خۆتان ئاگادارمان بكەن، وەك :

A-كارەكانی ئەو وەفدەی لە دەرەوەیە، چییان كردووە؟ كەی دەگەڕێنەوە؟

B- برا پێشمەرگەكان وەضعیان چۆنە ؟ بنكەكان تا چ ئەندازەیەك گەشەیان كردووە؟

٦- هیوادارین هەمیشە بریارەكانتان بە كۆمەڵ بێت و گوی بۆ ڕاو بۆچوونەكانی سەرجەم پێشمەرگەكان بگرن و بە گیانێكی كۆمۆنیستانەوە رەفتاریان لەگەڵدا بكەن.

٧-گەر هەواڵ دەزانن لە سەر نزیكبونەوی ئێران و یەكێتی و یەكێتی و جود ئاگادارمان بكەنەوە بۆمان ڕوون بكەنەوە ڕیكەوتنەكانیان لەسەر چی بووە؟

شەكاوەبێت ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكیشان

سەركەوێ بزوتنەوەی كۆمۆنیستی

كۆمیتەی سەركردایەتی شارەكان

ئاڵای شۆڕش

مۆری كۆمێتەی شارەكان

بە هۆی دەنگۆی منع التجولەوە بە باشـــم زانی چەند ڕۆژێک لە ناو شـــاری سـولەیمانی بچمە دەرەوە، سـەرەتا لە گوندی شـێخ وەیسـاوا بوومە میوان لای ئاواتی ژن برام، کە ســەربازی هەڵاتووبوو لەو گوندەی خۆیان. لەو ڕۆژانەی لەوێ بووم، چەند جارێک لە ئێستگەکەی ئاڵای شۆڕشـەوە بە جفرە بروسـکەیان دەنارد و داوای چوونە دەرەوەی منیـان دەکرد. چەنـد جـارێکیش هـاوڕێ شـــێرکۆ(عبـدالله علی موهەندیس) کە بەرپرسـی بەشـێکی ڕێکخستن بووو لەگەڵ هاوڕێ علاء سـەردانیان کردم لە گوندی شێخ وەیساوا. ڕۆژی دوای منع التجول بە پێ لە شەست مەتریەکەوە چوومەوە ناوشارو کۆبونەوەیەکی کۆمێتەمان سەبارەت بە بارودۆخەکە ئەنجامدا.

وتارێک کە مەلابەختیار نووسیبووی لە زیندانەوە گەیشتە دەستم، داوای کردبوو پاش دەستکاری کردنی بە جۆریک نەزانن ئەو نووسیویەتی بە ناوی هاوڕێ سامی یەوە بینێرین بۆ لیژنەی سـەرپەرشـتی بۆ بلاوکردنەوەی لە گۆڤاری (هەڵوێسـت)دا، وتارەکە بە سـەردێری (جەنگی ناڕەواو ئەرکی خەباتی ڕەواو ڕاسـت) بوو. ئەمەش دەقی نامەکەیە کە ناردمان بۆ لیژنەی سەرپەرشتی :

کرێکارانی جیهان یەکگرن

بۆ لیژنەی سەرپەرشتی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

بە ئومێدی پتر جۆشـــدانی خەباتی شـــۆڕشـــگێرانەی کریکاران، ســـەرکەوتنتان هیوامـانە. وا لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەمـاندا کە تـایبەتە بە هەواڵ و کـاری ڕێکخســـتن بابەتێکمان بۆ ناردن بە سـەردێڕی(جەنگی ناڕەواو ئەرکی خەباتی ڕەواوڕاسـت) لە نوسینی هاوڕێ سامی عبد، بۆ بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری (هەڵوێست)دا.

*-کاری ڕێکخستن

پاش ڕاپۆرتی پێشـــوومان و ئاگادارکردنتان لەو کێشـــانەی ڕوویدا، توانرا بە نیسبەت کۆمێتەی سولەیمانیەوە کارەکان دابڕێژڕێتەوەو ئاسایی بکرێتەوە. هەڵوێستی ژمارە دوو وەرگێڕراوی حیزبی سۆسیالیستی زانستی گەیشتن.

بەرپرســـیاری هێڵی بەغدا هاوڕێ (ســـامی عبد-عادل) بە هۆی ئەو گرتنانەوە تووشی ئیختفا بووە، بەڵام بە ئیختفایی کارەکانی ئەنجام دەدات، ڕێکخستنمان ئاسایی کارەکانی دەروات.

پاش گرتنی هاوڕێ (کاروان)بە هۆی ئیعترافەوە لە لایەن ئەمنەوە. هاوڕێکانی تریان اختفایان کردووە، لە ئێســـتادا وآ بە باش دەزانین لە ڕێگەی بنکەی بارزانەوە پەیوەندی ببەســـتنەوە بە کۆمێتەی هەولێرەوە تا ئەو کاتەی کۆمێتەی شـارەکان بریار

لەسەر پەیوەندی بەستنەوەیان دەدات. داواكاریشین بروسكەیەكیان بەم جۆرە لە ئێستگەكەوە بۆ بلاوبكەنەوە و لە دوو بەرنامەدا ئاراستەیان بكەن ،واتە دوبارە بكرێتەوە :بروسكەكە:

(پەیام لە ل.س بۆ ١٣٣ داواكارین پەیوەندی بكەن بە ١٠٦ وە بە زووترین كات).

ناردنی كەرەسەی بلاوكراوە بۆ كۆمیتەی هەولێر هەر وای بە پەسەند دەزانین كە بەشی ئەوان لە رێگەی بنكەی بارزانەوە بۆیان بچێت. كۆمێتەی سولەیمانیش و كەركوك و شوێنەكانی تر لە رێگەی هاوڕێ یانی هەورامانەوە بنێردری دروست ترو كەم كێشە تر‌ە. داواكارین لەمەودوا بەو جۆرەی لێ بكرێت.

رێكخستنەكانی ناو هێزی پێشمەرگەش كارەكانیان ئاسایی دەروات. داواكاری زۆربەی هاوڕێ یانی رێكخستن ئەوەیە هەوڵ بدرێت ناو بە ناو وتار لە سەر مەسەلەی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی بنوسرێت. دیارە ئێمە لێرە تووشی گەلێك كێشە هاتووین سەبارەت بە باس و بابەتەكانی ئێستگەكەتان، گەلێك هەوڵمان داوە وەڵام بدەینەوە، بەلام دوو لایەنی هەیە، بە هەرحاڵ ئەو مەسەلەیەو هەندێكیتر لە هاتنی هاوڕێ سامی عبد بۆ لاتان باس دەكریت كە ئەوپەڕی لە نێوان ١١تا ١٩٨٦/٥/١٦ دەگاتە ئەودیو لە هەمان رێگای هاتنی هاوڕێ ئاكۆوە....

تا ئێستاش مەفرەزەمان لە ناوچەی گەرمیان جەولە دەكەن و تووشی كێشەی ئەوتۆ نەهاتوون.

ئاسۆ پاش ئەوەی خۆی تەسلیم بە یەكێتی كردەوە هاوڕێ یەكی ئێمەی بە گرت دا بە یەكێتی و بوو بەهۆی ڕاكردنی هاوڕێ ی بەرپرسیاری رێكخستنی ناوچەكە. دووبارە لە ناو یەكێتیشەوە لەگەڵ نورەددین خۆیان گەیاندە ناو ڕیزی فاشستەكانی بەعس..

پاش ئەو جەولە كورتەی هاوڕێ سامی بە گوندەكانی ناوچەی شارەزووردا، لە نزیكەوە قسە لەگەڵ دانیشتوانی گەلێك گوند كرا ، زۆربەی زۆری دانیشتوان بێزاری خۆیان دژی سیاسەتی شەڕی ناوخۆو پێشێلكردنی ئازادی و دیموكراسی دەردەبڕی...

<u>هەواڵەكان</u>

١-رژێمی بۆرژوا فاشستی عێراق لە هەوڵی تێكڕا چەكداركردنی خەڵك و ڕاپێچ كردنیانە بۆ جەنگە نارەوا دژڕاوەكەی. بەردەوام دەزگا سیخوڕی یەكانی دەدەن بەسەر دائیرەكاندا و بە زۆر موچەخۆران و كرێكارانی ئەو دەزگا دەوڵەتیانە جل دەكەنەبەرو چەكدار دەكەن و دەنێرنە كورەی جەنگەوە.

٢-لە كاتێكدا كرێكاران زێدەقازانجی هێزی كاریان بە تاڵان دەبرێت، ناچاریش كراون رۆژانە سەعاتی كاری زیادە كاربكەن و لە هەفتەشدا زۆرجار پشوەكان

كاریان پێ دەكەن بێ بەرامبەر و حسابكردنی هەقی كاریان، بە ناوی جۆراوجۆری زۆركردنی بەرهەم و پشتگیری قادسیەی سەدامی جەلاد. بەوجۆرە كرێكاران تا دێت لە بەردەم كاری هێزپڕوكێنی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیانەدا و كەمی كرێ و زیادبونی چەندین قاتی پێداویستیەكانی ژیانیاندا گوزەران و ژێواری كرێكاران ناهەموارتر دەبیت. كرێكاران بۆ دابینكردنی ژێواریان دوچاری كاری زیاتر دەبن لە بەشێكی تری بازاری كاردا، بە جۆرێك بۆرژوای فاشی دەوڵەتیی مەودای حەوانەوەو ژیانی ئاسوودەو تازەكردنەوەی هێزی سەرف كراوی كاری بۆ كرێكاران نە هێشتوتەوە و ناچاری كردوون ،هەر لە هەڵپەی فرۆشتنی هێزی كاریاندا بن بە خاتری دابینكردنی گوزەرانی ژیانی خێزانەكانیان. ئەوەش كاری كردۆتە سەر باری تەندروستی و نزم بوونەوەی ئاستی هوشیاری و ماوە نە هێشتنەوە بۆ بیركردنەوەو كاركردن لە دژی ژیانی تاڵی كۆیلایەتی ....

ئەوانە سەرباری بەزۆر ڕاپێچ كردنیان بۆ بەرەكانی جەنگ و ئەو پارانەی لە مووچەكانیان دەبڕن بە ناوی تبرعەوە..

٣-دەزگا سیخوڕی و تیرۆریستیكانی بەعس ئیجازەی سائقی تەكسیەكان دەست بەسەردا دەگریت و بۆ دانەوەی داوایان لێ دەكات كە هەواڵ و دەنگ و باسی پی ڕابگەیەنن سەبارەت بە كەس و كاری پێشمەرگە.

٤-بۆ دامەزراندنی هەركەسێك لە دەزگایەكی دەوڵەتیدا بە كریكار یا فەرمانبەر دەبێت دەزگا سیخوڕیەكانی ڕژێم بریاری لەسەر بدات، داوا لەو كەسە دەكەن ناوی چەند كەسێك لە پێشمەرگەو كەس و كاری بڵێت.

٥-بەردەوام وەك سیاسەتی هەمیشەیی تیرۆریستی دژی مرۆڤانەی ڕژێمی بۆرژوا فاشستی بەعدا هێرش و شاڵاوی شەوانە بەردەوامە بۆ گرتنی هاوڵاتیانی بی تاوان. تا ئیستا ژمارەی 162 هەزار زیندانی سیاسی لە تەواوی عێراق دا هەیە. بە ڕۆژیش مەفرەزەی دەزگا جاسوسی و سیخوڕی و تیرۆریستیەكانی سەدامی جەللاد لەسەر جادەو شەقامە گشتیەكاندا ئیهانەی خەڵك دەكەن و دەپذشكنن و دەگرن و تێر جنێو دەكەن..

٦- جاشی خەفیفە تادیت لە زۆربوونداید، دیارە هۆی سەرەكی ، ڕەفتارو كرداری ڕێكخستنە بۆرژواكانی كوردە..

سەركەوتوبێت بزوتنەوەی كۆمۆنیستی

شەكاوەبێت ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكێشان

كۆمیتەی شارەكان

١٩٨٦/٥/٦

گەلێک لەو بابەتانەی لە ئێســـتگەکەوە پەخش دەکرا جێی ســـەرنج و ڕەخنەی هاوڕێیانی کۆمێتەی ســـوڵەیمانی بوون، لە ڕاپۆرتەکەیاندا ســـەرنجی لیژنەی سەرپەرشتیان بۆ ئەو خاڵانە ڕادەکێشا :

کرێکارانی جیهان یەکگرن

ئاڵای شۆڕش ١٩٨٦/٦/ ٢

کۆمێتەی شارەکان

هاوڕێ یانی لیژنەی سەرپەرشتی بەڕێز

سڵاوێکی کۆمۆنیستانە

ڕیزمان هەیە و هیوای ســـەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، ئومێدەوارین بەردەوام پەیوەندی یەکان پتەو بکەین و ئاگاداری گەشەکردن و گۆڕانکاریەکانتان بین.

١-هاوڕی یانی بەڕێز: هەردوو بروســـکەکەمان پێگەیشـــت. بەڵام دەرهەق بە کۆنفرانس و ئـامـادەکردنی هـاوڕێ یـان بۆی زۆر ڕوون نی یە. هیوادارین لە داهاتوودا بە ڕوونی ئاگادارمان بکەنەوە. وا ئێمەش لە وەضـــعی شـــارەکان و ڕێکخستن و دەنگ و باسەکان ئاگادارتان دەکەین.

٢-وەضـعی ڕێکخسـتنمان لە سـنوری پارێزگای سـوڵەیمانی زۆر باشـە، قەزاو ناحیەو دێهاتەکانی گرتۆتەوە. بەشـــەکانی هاوڕێ ســـامی گیراونەتەوە، ئیشـــەکانی ڕێکخستن زۆر ئاسایی دەرواو گیرو گرفتمان نی یە. هەتا ئێستاو لە بەر پاراستنی ڕێکخستن نەمان توانیوە ڕێکخستنی هەوڵێر بگرینەوە. وە نازانین ئایا پەیوەندیان بە ١٠٦ وە کردووە یان نەء. بەڵام ئێمە لە هەوڵدایین بە هۆی ئەو ڕێگەیەوە کە هاوڕێ یان دەست نیشانیان کردووە بۆ گرتنەوەیان و لە داهاتوودا ئاگادارتان دەکەینەوە.

ڕێکخســتنی ناو ڕیزەکانی هێزی پ.م لە گەشـــەکردندایە و لە هەوڵدایین بەردەوام پەیوەندی بەو خەڵکانەوە بکەین کە هەڵوێستیان لە سیاسەتەکانی سەرانی ینک هەیەو خەڵکێکی شۆڕشگێڕن.

-سێ پێشمەرگەمان دابەزیبوونە هەڵەبجە لە کاتی گەڕانەوەیاندا پاسدار پەلاماری داون ئەوانیش گەڕاونەتەوە، ئێمە بریارمان داوە بیان نێرین بۆ لای ئەو مەفرەزەیەی گەرمیان. هەم بۆ دەعمی ئەوان و هەم بۆ چارەسەری وەقتی ئەمانیش.

٣-پێشـــنیار دەکەین لە ســـەر ڕای زۆر لە هاوڕی یانمان کە دەبێ: لە کاتی کردنەوەی ئێزگەکە لە باتی (حکومەتی دیموکراســی شـۆڕشـگێڕ) بوترێ (کۆماری دیموکراســـی شـــۆڕشـــگێڕ)، چونکە کۆمـار زاراوەیەکی فراوانترە، جگە لە وەزارەتەکان و سەرۆک وەزیران و داوو دەزگاکانیان هەموو خەڵکیش دەگرێتەوە..

هاوڕێ یان وایان پێ باشـە لە کاتی کردنەوەی ئێزگەکە مافی چارەنووس بخرێتە پێشـەکی کردنەوە. دروشـمی (سـەرکەوتووبێ بزوتنەوەی شـۆڕشـگێڕانەی گەلی

كورد)، لە پێناوی چیا سەركەوتوبێ؟ وەک ئاڵای شۆڕش خۆی بە جودا بزانێ لە گەلی كورد...

*- ئێمە پێمان وایە دژایەتی كردنی یەكێتی هێندە تووندو ڕەق پەیڕەو نەكرێ. وەک دەڵێن هەر بگوترێ یەكێتی لە بری ینک، چونكە لە ڕووی ئوسوڵی ڕاگەیاندنەوە جوانترە. بۆ نمونە حیزبی كۆمۆنیستی ئێران شەڕیشیانە لە گەڵ دیموكرات، كەچی هەر دەڵێن حیزبی دیموكرات لە باتی (حدكا)، وە لە باتی چەكدارەكانی ینک بوترێ پێشمەرگەكانی یەكێتی..

*-ئێمە پێمان باشە ئێزگەكە باسی ئەدەب و ئەدەبیات بكات بەڵام نە باسكردن بەوجۆرە كە جنێو بە هەمویان بدرێ. چونكە لە قازانجی یەكێتی دەكەوێتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێین ئێوە دەبێ زۆر ووردبن و ووریای هەست و نەستی خوێنەران بن. هیوادارین خواستی شەخصی نەچیتە ناو ئێزگەكەوە و خۆمان بپارێزین لەو جۆرە نوسینانەی كە بە قازانجی بۆرژواكان دەشكێتەوە.

*-ئێمە پێمان وایە لە باتی درێژەدان بە مۆسیقاو سرود، بەشێكی بۆ ڕوونكردنەوە بەكار بهێنن.

*-هیوادارین هەر نامێلكەو بابەتێكتان نارد بۆمان پێویستە بوترێ دەبی تەسلیم بە كۆمێتەی شارەكان بكرێ. چونكە هەتا ئێستا نە هەڵوێست و نە وەرگێڕاوەكەمان بە دەست نەگەیشتووە. ئەو هاوڕێیانەی كە پێیان گەیشتووە بە كەیفی خۆیان بڵاویان كردۆتەوە.

دەنگ و باس :

*-بە پێی ئەو هەواڵەی پێمان گەیشتووە، ڕژێمی بەغدا چوونەتە سەر ئەو (عەرەبانەی كە ئێرانین و عێراق دەیوت حق تقریر مصیریان بۆ وەردەگرێ!) لە ئۆردوگاكانی پارێزگەی ناصریە، داوای كردووە جلی سەربازی ئێرانی لەبەربكەن و بیان گەڕێنن بە شارەكاندا و بڵێن ئەسیری ئێرانین. ئەوانیش قبوڵیان نەكردووە ، پیا هەڵپژان لە نێوانی پەناهندە عەرەبەكان و جەیشی شەعبی ڕوویداوە، گەلێک جەیشی شەعبی كوژراون، لە پەناهندەكانی كوژراوی زۆر هەیە و زۆریشیان لێ گرتوون و پەرەوازەیان كردوون.

*-ئۆردوگای بنگرد لە مێژە ئاویان نیە و هاوارو دادیانە، زۆر مراجعەی كاربەدەستانی میریان كردووە كەڵكی نەبوە، خەڵكەكەش توانای ئەو ژیانەیان نەماوە، پەلاماری ناحیەو دائیرەكانی میریان داوە لە بنگرد. جاشەكانیش پستگیریان كردوون، هەموو دائیرەكانیان سوتاندوە، میریش بۆ تۆڵەی ئەمە، هەستاوە بە دەبابەو سەربازێكی زۆرەوە چواردەوری ئۆردوگاكەی گرتووە، خێزانەكانی هەموو بە زیلی عەسكەری گواستۆتەوە و ئۆردوگاكەی تەخت كردووە. جاشەكانیش زۆریان گیراون و تحقیق یان لەگەڵ دەكرێت.

* تۆقاندن و ڕاونان لە ناو شارەكاندا بەردەوامە، سیطرەی سیخورەكان بە شەوو بە ڕۆژ لە ناو شاردا هەیە.
* ئەو جاشـــانەی بە ناوی (قوة صـــدام)كۆ كراونەتەوە چەكیان دراوەتێ، وا بۆ چوار مانگ دەچێت پارەیان وەرنەگرتووە، بێزارن و دەستیان بە ڕاكردن كردوە.
*-ســەرانی یەكیتی و پیاوەكانیان كەوتونەتە دروستكردنی پ.م بۆ كوشتنی ئەو كەســانەی ســەر بە ئاڵای شــۆڕشــن. ئەو هەواڵەش لە هاوڕێ یەكی پ،م ئاڵای شۆڕشەوە پێمان گەیشتووە كە لە ناو ڕیزەكانی یەكێتی دایە..
*- پێشمەرگەیەكی ئاڵای شۆڕش بە ناوی نەبەز تەسلیم بە ڕژێم بۆتەوە.
*= هەتا ئێســتا ٣ هاوڕێی پێشــمەرگەمان لە ناو ڕیزەكانی ینک دا بوون لە دوو شەڕی دژ بە ڕژێم شەهید بوون.
لەگەڵ ئەم پارچە هۆنراوەیە بۆ شــەهید ئارام ، كە هاوڕێ یەكمان نوســیویەتی. چۆن بە باشی دەزانن بڵاوی بكەنەوە، پاش هەڵسەنگاندنی.
سەركەوێ بزوتنەوەی كۆمۆنیستی
شەكاوەبی ئاڵای كرێكاران و زەحمەتكێشان

مۆری كۆمێتەی شارەكان
ئاڵای شۆڕش
١٩٨٦/٦/٢

هەواڵنامەی كێبڕكێ

دوای هێرشـــی دەزگـا ســـیخوڕی یەكـانی ڕژێم بۆ گرتنم لە بەرواری ١٩٨٦/٤/١٥، من نزیكەی مانگێك بە نهێنی و هەر ڕۆژەی لە ماڵێك لە ناوشـــار بۆ ئەنجامدانی كارە ڕێكخراوە بیەكان مامەوە، لەو ســاتانەی دەنگۆی قەدەغەكردنی هاتووچۆ(منع التجول) پەیدابوو، چوومە گوندی شـــێخ وەیســـاوا نزیک شـــاری ســـولەیمانی (كە خزمانی خۆمان) بوون شـــەش ڕۆژێک لایان مامەوە، هاوڕێ شـــێركۆ(موهەندیس عەبدوللا علی)و هاوڕێ علاء ســەردانیان كردم بۆ تنســیق لە هەندێ كاری ڕێكخراوەیی و هاوڕێ شـــێركۆ(موهەندیس عبدوللاعلی) ڕادیۆیەكی دەستی بچوكی بۆ هێنابووم بۆ گوێگرتن لەو پەیامانەی لە ئێزگەی ئاڵای شۆڕشەوە بڵاودەكرانەوە. پاش شـەش ڕۆژ لە جادە شـەستیەكەی چواردەوری سولەیمانی یەوە بە پێ چوومەوە ناو شـار. لە یەكێ لەو ڕۆژانەی بە نهێنی لە ماڵی هاوڕێ سـیروان خۆم شـــاردبۆوە، لە پڕێكدا لە گەڕەكی ســـەروی ماڵەكەیانەوە بوو بە تەقە، دواتر زانیمان كە جەللادە بەعسـیەكان شـەش لاوی خوێندكاریان لای سـانەوی ڕۆشـنبیر گوللەبـاران كردبوو، بێ ئەوەی ئەو لاوانە كـاڕێكیـان كردبێ یـا تەنـانەت لە ڕێكخراوێكی سیاسیدابن.

لە ئیستگەكەوە بە جفرە داوای چوونی منیان دەكرد، پاش وتووێژ لەگەل هاوڕێ یانی كۆمێتە بریارمدا بۆ (ماوەیەكی كورت) بچم سەردانیان بكەم. ئێوارەیەک لە ماڵی یەكێک لە خاڵەكانم ماڵ ئاواییم لە هاوسەرو منداڵەكانم كرد و شەو چوومە ماڵی هاوڕێ شێركۆ، بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی چووم بۆ ماڵی هاوڕێ سەردار، هاوسەرەكانی هاوڕێ یان حاكم سەردارو شێخ فازل ئەوانیش ئامەدەكرابوون بچنە دەرەوە بۆ لای هاوسەرەكانیان، بە تەكسیەک هەموو كەوتینە ڕێ بەرەو ماوەت، پێموابێت هاوڕێ كاروانیش بوو، لە بازگەكەی سولەیمانی- شارباژێر سەربازێک هاتە پێشەوەو داوای پیناسەیكرد ، منیش دەفتەرخدمەكەم دایە، لەوێ دەرباز بووین، لە ماوەت چووینە ئەو ماڵەی دیاری كرابوو، كە چوینە ژوورەوە، حاكم سەردارو شێخ فازل لەوێ چاوەڕوانییان دەكرد. ئەو شەوە لەو ماڵەبوین، خانە خوێكە مرۆڤێكی زۆر میهرەبان، نیشتمانپەروەر بوو، گلەیی كرد لە دكتۆر قادر، كە ماوەیەک لەوەبەرچووەتە مالیان، بەڵام چونكە نائارام بوو نەیدەتوانی لە ژوورەوە دابنیشێ زوو زوو چووەتە سەر بانیژەكە. وتی ئێمەش دەترساین خەڵكێک بیناسن و ئاگاداری حكومەت یا یەكیتی بكەنەوە و لە مالی ئێمەدا تووشی كارەساتێک ببوایە. بۆ بەیانی یەكەی شەبەقی كەوتینە ڕێ بەرەو سنووری ئێران. تا ئەو ساتە هەر بە ناوی نهێنی سامی بووم، حاكم سەردار وتی ناوی ساميم بەدڵ نیە با ناوێكیترت لێبنێین، ئەوان پێشنیاری ناوی عادل یانكرد ووتم باشە، ئیتر لەو ساتەوە بە عادل ناسرام و ناوەكانیترم بەكار نەهێنایەوە. لە ڕۆیشتنمان بەرەو سنوری ئێران دەبوو زۆر ئاگاداربین نەكەوینە بۆسەی یەكێتی یەوە. ئەوان زۆر شارەزابوون، بە سەلامەتی گەیشتینە ناو ئێران و لەسەردەشتەوە بەرەو مەهاباد و لە ورمێ سەردانی خانووی علاقاتم كرد، مامۆستا سلام عبدوللا بەرپرسی پەیوەندیەكان بوو، تێكۆشەرێكی دێرین بوو خۆشحاڵ بووم بە دیداری، لەوێشەوە بەرەو ئۆردوگای زێوی كەوتینە ڕێ. لە شەوی ٩-١٠/٥/ ١٩٨٦لە زێوێ بووم.

ئۆردوگای زێوی

زێوێ كەوتبووە سەرسنوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، و ڕۆژئاوای ئێران. لە سێ گۆشە سنوریەكەی ئێران-عێراق-تورکیا. ئاوو هەواكەی لە هاویندا وشک وگەرم لە زستانیشدا زۆر سارد (چەندین پلە دەچووە خوار سفرەوە)، خواکورک دەكەوتە ئەودیوی چیاكەی بەرامبەری زێوێ، لە تەنیشتیەوە گوندی دزە بوو، بەوبەریەوە بە لای ژورودا گوندی ڕاژان بوو، خێزانی بەشێكی بەرچاوی بەرپرسەكانی پارتی

لەو گونده بوون، بارەگای مەكتەبی سیاسی پارتی بەسەر گردێكەوە نزیكی گوندەكە بوو.

لەدوای ئاش بەتاڵەكەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٧٥، ڕژێمی شاهەنشاهی ئێرانی ئەو ئۆردوگایەی بۆ پەناهنده ئاوارەكانی بادینان دروست كردبوو، دوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق-ئێران، رژێمی بۆرژوا فاشستی بەغدا بە فرۆكە بۆردومانی ئەو ئۆردوگایەی كرد كە ژن و منال و پیرو پەككەوتەی لە خۆگرتبوو، زیاتر لە سەدو بیست هاوڵاتی سڤیل لە گەورەو بچوك لەو بۆردومانەدا شەهید بوون.

هەموو قاعەكان سەرەكانیان جەمەلۆن بوون، بە هۆی بۆردومانەكەوە زۆربەی ڕووخاو و وێران بوو. لەو دەمەی من چووم خەڵكی ئۆردوگاكە گواستبوویانەوە بۆ ناو گوندەكانی نزیک یا بۆ ناو شاری ورمێ. بارەگایەكی یەكێتی قوتابیانی پارتی دیموكراتی كوردستان لێ بوو، پارتی بۆ چارەسەری نەخۆشی هاوڵاتیەكانی لەو ناوچەدا نەخۆشخانەیەكی كردبۆوە لە یەكی لە قاعەكاندا، برایەكی كمال چاومار بە ناوی (ئەنوەر)وەک برین پێچ و دكتۆرێكی خەڵكی سولەیمانی بە ناوی (دكتۆر ئازاد)كاریان تیا دەكرد. هاوڕێیانی پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش لە چوار قاعەی یەكەمی دا كە نزیكی جادەی ئۆتۆمبێل بوو نیشتەجی بوون، هەر قاعەیەک پێک هاتبوو لەسێ ژوور لە تەنیشتی یەكەوە و سێ ژووریش بەرامبەری، منیش دواتر، دوای گەیشتنی هاوسەرو منااڵەكانم یەكێک لە قاعەكانمان پاككردەوە ... دوای گەیشتنم لە مانگی مایس / ١٩٨٦و چاوپێكەوتنی ئەو هاوڕێ یانەی لیژنەی سەرپەرشتی كە لە زێوە بوون، لە كۆبونەوەیەكدا كە كریم عثمان، عماد ئەحمەد، ئاسۆ علی (بیرمە دوو سێ كەسیترێش) ئامادەی بوون بەڵام ناوەكانم یاد نایەت. لە تەواوی كێشە ڕێكخراوەیی، سیاسی، پێشمەرگەیی، پەیوەندیەكان بە حزبەكان و بە دەوڵەتانەوە. دارایی یەكان دوان...وتیان ئاگاداری ساڵار عزیز كراوە كە گەڕابۆوە سوید تا بێتەوە، بە هاتنەوەی كۆبونەوەیەكی فراوان ئەنجام دەدەین.ئەوان باسی شاڵاوەكەی یەكێتیان كرد بۆ سەر ئاڵای شۆڕش، چۆنیەتی دەربازبوونیان و گەیشتنیان بە ئێران. ئەوان ڕەخنەیەكی زۆریان هەبوو لە دەستەی نوسەران كە لە ئاستی بەرپرسیاریتی دا نەبوون و بوونە مایەی ڕودانی ئەو كارە ساتە بە هۆی كەمتەرخەمی و خۆشباوەڕی یەوە و مانەوەیان لە بندە ستی یەكێتی دا..ڕەخنەشیان هەبوو لە سالارعزیز كە وەک زووتر پەیمانی دابوو پەیمانەكانی خۆی نەبردۆتەسەر. باسیشیان لە قۆڵیی ناكۆكی یە فكری و سیاسی یەكان كرد لەگەڵ سالارعزیزدا تا ئەو ڕادەیەی لە گەیشتنی ئەو پیشمەرگانەی ئاڵای شۆڕش كە لە دەست یەكێتی هەڵاتبوون و گەیشتبوونە سورێن ، سالار عزیز بەبەرچاوی ئەحمەد

بانیخێڵانی حزبی شیوعی یەوە پڕۆژەی بەرنامەكەی ئاڵای شۆڕشی لە پێشمەرگەكان سەندووەو دراندوویەتی.

دانیشتن لەگەڵ ئێرانیەكان

هاوڕێ یانی لیژنەی سەرپەرشتی، بۆیان باسكردم لە گەڵ گەیشتنی (زۆرێک) لەو پێشمەرگانەی لە ئەنجامی پەلامارەكەی یەكیتی یەوە ڕوویان لە ئێران كردبوو، سوپای پاسدارانی ئێرانی چەكەكانی لێوەرگرتبوون و نەیدەدایەوە، ئێرانیەكان نەشیان دەوت نایدەینەوە، هەموو جارێک كە داوای چەكە گیراوەكانیان لێدەكرایەوە دەیانووت(انشائەڵلا فەردا-واتە ئینشائەڵلا بەیانی) ئەو حاڵەتە هەروا مایەوەو چەكەكانیان هەرنەدایەوە. ئێرانیەكان لە ڕووی سیاسیەوە سالار عزیزیان دەناسی و جێی بڕوایان بوو. سالار عزیز توانی بووی ڕەزامەندی ئێرانی یەكان وەرگرێت بۆ مانەوەی پێشمەرگە ئاوارەكانی ئاڵای شۆڕش لە كامپی زێوە و كردنەوەی ماڵێک بە ناوی علاقاتەوە لە شاری ورمێ، مامۆستا سلام عەبدوڵڵا دانرابوو بە بەرپرسیاری علاقات و لەوێ دەوامی دەكرد. ئەو ڕێگەدانەی جمهوری ئیسلامیش لە دۆستایەتی ئاڵای شۆڕش نەبوو ئەمانیش كاریان لەسەر (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) دەكرد. بۆ فشاربوو بۆ سەر یەكێتی، كە تا ئەو دەمە گەرچی یەكێتی زۆری كردبوو بە واسطە (بە تایبەتی محمد حاجی محمود و حەمە رحیم) بۆ ڕێكەوتن لەگەل جمهوری ئیسلامی ئێراندا، بەڵام تا ئەودەم هێشتا (گفتوگۆیان هەبوو) ڕێكەوتنیان نەبوو.

ئێرانیەكان ئاگاداری علاقاتی ئاڵای شۆڕشیان كردبوو كە بۆ هاتووچۆی نێوان شارەكان هاوڕێ یان دەبێت لە ڕێگەی عیلاقاتەوە ئیجازەی هاتووچۆ لە اطلاعات وەربگرن، دیارە ئەو بریارە بۆ هەموو حزبەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی بوو كە تا ئەو كاتە لە ئێران بوون. ئێرانیەكان ئامادەی كۆمەكی لۆجستی و سەربازی نەبوون بە ئاڵای شۆڕش، تەنانەت چەكە گیراوەكانیشیان نەدەدایەوە. ئێرانیەكان بەردەوام لە هەوڵی ئەودابوون لیژنەی سەرپەرشتی رازی بكەن ئەمانیش وەک لایەنەكانی جود لە گەل سوپای پاسداراندا كاری سەربازی هاوبەش ئەنجام بدەن لە بەرامبەر كۆمەكی سەربازی و لۆجستی دا.. بەڵام لەگەڵ ئەو زەحمەت و تەنگانەو چەرمەسەری و ژیانە كولەمەرگیەی زیوەدا، بە ئازایەتی و خۆڕاگری پێشمەرگەكان، هاوڕێ یان جوامیرانە ئەو پێشنیارانەیان ڕەت دەكردەوە، هەر جارەی بە بیانوویەک. بۆنموونە كە دەمانووت ئێمە هێزی چەكدارمان نیە، بنكەكانی ئاڵای شۆڕشیان بۆ دەژماردین و دەیانوت دەیان بەرابەر(پارتی گەلن)كە خۆیان ناوناوە حزب. هەوڵمان دەدا تێیان بگەیەنین كە ستراتیژی خەباتی ئێمە چەكداری نیە، بەڵكو ڕاپەڕینی شارەكانە، ئەوان گاڵتەیان پێ دەهات و هەموو شتێكیان دەبەستەوە بە هێزی چەكدارەوە. بەڵام ئێمە بریاری تەواومان دابوو سەربازی ئەو ژیانە كولەمەرگیەی زێوێ ، لەژێر هیچ فشاروبارودۆخێكدا نەبینە كەوارەشی بەر لەشكری جمهوری

ئیســـلامی ئێران. هەربۆیە لەگەل فراوانکردنی ژمارەی پێشـــمەرگەدا نەبووین. گەرچی دەمزانی لە ناو لیژنەی سەرپەرشتی و هەندێ کادری پێشمەرگەدا کەسانێک هەیە دەیانەوێت وەک لایەنەکانیتر ئەمانیش ڕۆڵ ببینن.نامەکانیانم لایە..

پەیوەندی ئاڵای شۆڕش بە پارتی یەوە

لە ناو (جود) پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ساڵەهابوو لە ناکۆکی و شـەڕو کوشـت و کوشـتارابوو لەگەڵ یەکێتی نیشـتمانی لەسـەر دەسـەڵات، وە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی سـۆران (سـولەیمانی –کەرکوک-هەولێر)یان لی گیرابوو، زۆر مەبەسـتیان بوو دەرفەتێکیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بۆ هەڵکەوێت. پارتی لەسـەر ئەسـاسـی (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە) مامەڵەی لەگەڵ ئاڵای شـۆڕشـدا دەکرد. واتە بۆ پەرژەوەندی حزبی خۆی (هەندێ کۆمەکی- مەمرەو مەژی) بە ئاڵای شـۆڕش دەکرد. لەوێ زانیم، کە ئەو ئێزگەیەی ئاڵای شـۆڕش بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعاتێك لێوە بڵاودەکاتەوە، ئێزگەی پارتی یە نەک ئاڵای شۆڕش. لە هەمان کاتدا مانگی جارێک ئازوقەی چل کەسـێکیان دەنارد بۆ زێوە، گەلێکجار بەشـی مانگەکەی نەدەکرد، بە تایبەت گەر پێشـمەرگە لە بنکەکانیترەوە بهاتنایە بۆ زێوێ. ئەوەندەی من ئاگادارم لە تموزی ١٩٨٦ من وەک ئەندامیکی لیژنەی سـەرپەرشـتی دەسـت بەکاربووم تا ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکیتی و پارتی لە سـاڵی ١٩٨٧، **تەنها دووجار** ئەو کۆمەکە هات. (هەندێکجار چوار مانگ جارێک-چل هەزار تمەنیان دەنارده زێوێ) کە بە پارەی ئەو ڕۆژە دەیکردە یەک هەزار دیناری عێراقی.ئەویش پێش ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتي نیشتماني دووجار رووبدا. دواي ڕێکەوتنەکەیان ، بۆ دواجار فەلەکەدین کاکەیي و فرنسۆ حریري شەست هەزار تمەني ئێراني کە دەیکردە یەک هەزارو پێنجسەد دیناری عێراقي یان هێنا. ئەو پارانە دەدرایە دەست هاوڕی عەدنان کە بەرپرسـي ئیدارەبوو بۆ کرینی سـوتەمەني و نەخۆشـي و پێویسـتیەکاني پێشـمەرگە خەرج دەکرا، گەلێکجار ناچار دەبووین بۆ مەسـرەفي بنکەکە پارە قەرزبکەین).

دواي ڕێکەوتنەکەی یەکێتي و پـارتي بە سـەرپەرشـتی ڕژێمی جمهوری ئیسـلامی، بە پێی ئەو مەرجانەی یەکێتی دانابوو بۆ ڕێکەوتنەکەی. پارتی دەبوو هەموو کۆمەکێک لە ئاڵای شۆڕش ببڕێت، پارتی هەرواشی کرد.

ئاڵای شۆڕش و جود

زێوێ بنکەی سـەرکردایەتیی نەبوو.. کەمێـک بوو بۆ ئەو پێشـمەرگە لێقەوماوانەی لە دەسـت شـاڵاوی گرتن وتیرۆری یەکێتی هەڵاتبوون و بە ناچاری ڕوویان تێکردبوو، تا خۆیان لە شەڕی ناوخۆ لابدەن.

لەسەرەتادا جود دەیویست كێشەی ئاڵای شۆڕش بقۆزیتەوەو لە دژی یەكیتی نیشتمانی و رازی بوون ئاڵای شۆڕش بچێتە بەرەی جودەوە. بەڵام هاوڕێ یان، ئاگاداری جودیان كردبوو، كە ئاڵای شۆڕش ناچێتە هیچ بەرەیەكەوە دژی ئەویتر، و ئاڵای شۆڕش لە بەرامبەردا بروای بە (یەكێتی كاركردن) هەیە لە گەڵ هەموو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكانی كوردستان و عێراقدا بە یەكێتیشەوە، سالار عزیز لەگەڵ ئەو ڕایەدابوو ئاڵای شۆڕش بچێتە بەرەی جودەوە.

پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی

حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٧٢ تا ساڵی ١٩٧٩، لە ئەنجامی وابەستەیی بە سۆڤیەتەوە، كەوتبووە بەرەی فاشیزم، لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ١٩٧٤ چەكی بۆ بەعس كردەشان، لەو ماوەی هاوپەیمانتیەیان لەگەڵ بەعسدا دەزگا ئەمنیەكانی بەعس توانی بووی زۆربەی هەرەزۆری رێكخستنەكانیان بناسێت. دوای ئاشبەتاڵەكەی یەكەمی ساڵی ١٩٧٥بارزانی، بەعس لە ژێرناوی قەدەغەبونی كاری سیاسی و رێكخراوەیی لە ناو سوپاو بەشەكانی پەروەردەدا بۆ غەیری بەعس. زۆر لە ئەفسەرو لایەنگرانی حزبی شیوعی لە ناو سوپا كوشت. لە ژێر فشاری وابەستەییان بە سۆڤیەتەوە چاویان لە تاوانەكانی بەعس پۆشی و درێژەیان بە هاوپەیمانێتیەكەیان دا لەگەڵ بەعس تا ساڵی ١٩٧٩ . دیسان پەنایان هێنایەوە بۆ چیاكانی كوردستان. یەكێتی كە دەیویست تەنها دەسەڵاتداری بێ ڕقابەری گۆڕە پانەكە بێت، كەوتە تەنگ پێهەڵچنینیان و سەرەتا لە لایەن یەكێتی نیشتمانیەوە دژایەتی زۆریان كرا، بۆیە بە ناچاری ڕوویان لە پارتی كردوو بوونە بەشێك لەو بەرەیەی پێیان دەوت (جود).

حیزبی شیوعی وەك حزبێكی ستالینیستی لە دروستبوونیەوە هەرگیز وەك حزبێكی كرێكاری خاوەن بەرنامەی كرێكاری شۆڕشگێڕانە، بە پێی بارو دۆخی هەڵكەوتووی نێو كوردستان و عیراق بەرنامەو سیاسەتی دانەڕشتبوو. بەڵكو هەمیشە بە پێی پەرژەوەندی و خواستەكانی دەوڵەتی تۆتالیتاری سۆڤیەتی و فەرمانەكانی ئەو كاری دەكرد، وابەستەیی حزبی شیوعی بۆ سۆڤیەت تا ڕادەی كۆیلایەتی بوو، قوربانی بە پەرژەوەندیە كرێكاری و نیشتمانی و نەتەوەییەكانی عێراق و كوردستان دەدا بە خاتری پاراستنی پەرژەوەندییە نیودەوڵەتیەكانی سۆڤیەت، هەرئەوەش بوو كە بە درێژایی تەمەنی نەیتوانی ببێتە حزبی پێشرەوی كرێكاران و زەحمەتكیشان و هەمیشە كلكی سیاسەت و پەرژەوەندیە دەوڵەتیەكانی سۆڤیەت بوو. حزبی شیوعی دۆست و دوژمنەكانیشی هەر لە ڕوانگەی ئەو وابەستەیی یەوە بۆ سۆڤیەت دیاری دەكرد و دەناساند. نەك لە پەرژەوەندی چینایەتی كرێكارانەوە. ئەوەش هۆكارێك بوو، بووە هۆی ئەوەی سەردەمانێك (لە سەردەمی كودەتاكەی قاسم و دواتر سەدامدا) دژی مافە نەتەوەییەكانی كورد

بوەستنەوە و ببنە بەشێک لە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری بۆرژوا فاشستەکانی عەرەب. لە شـــیکردنەوەی چینـــایەتی پێگەی چینی بۆرژواو ئەنجـــامـــدانی ئەرکی قۆنـــاغی دیموکراســی دیســانەوە بە هەڵدا چووبوون، بەدیهێنانی ئەرکە دیموکراســی یەکانیان بە ئەرکی(حیزبە بۆرژوا فـــاشـــســـتەکـــان) دەزانی! نەک ئەرکی کرێکـــاران و زەحمەتکیشانی شۆڕشگێڕ.... لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا دەوڵەتی سۆڤیەت داوای لە حزبە شیوعیە وابەستەکانی دەکرد خۆیان هەڵوەشێننەوە و بچنە ناو ئەحزابە بۆرژوا فاشـــســـتە فەرمانڕەواکانی ناوچەکە ! گوایا ئەو ڕژێمە بۆرژوا فاشستانە بە ڕێگەی ناسەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم دەچن!

تا ئەودەمەی من لە ناوشاردا ســەرپەرشتی ڕێکخستنەکانم دەکرد، (وەک تاک) لەگەڵ زۆرێک لە برادەرانی حیزبی شـیوعی عێراقی پەیوندیم هەبوو. ئەوان، دوای بە ناچاری جیابونەوەیان لە حزبی بەعس، لە لایەن بورژوا فاشـســتەکانی عیراقەوە بەرشـــاڵاوی تۆقاندن و فشـــاری دەروونی زۆر هاتن، وەک ئەو برادەرانەی حیزبی شیوعی باسیان دەکرد دەزگای ئەمن زوو زوو دەینارد بە دوایاندا بۆ پاکانە نووسین و داوای زانیاری گەیاندنی لێدەکردن لەسەر هاوڕێکانیان.

لەبەر ئەوەی ئاڵای شـــۆڕش بڕوای وابوو، بە هۆی پێگەی ســـەرهەڵدانی چینی بۆرژوا لە کوردستان و عێراقدا وەک چینێکی مشەخۆرو وابەستە بە ئیمپریالیزمەوە، بۆرژوای ئەم وڵاتانە چینێکی نا ئازادیخوازو نادیموکراســـیخوازن ..و ئەنجامدانی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراسیانە لە ئەستۆی چینی کرێکارو زەحمەتکێشـان و ڕێکخراوەکەیدایە.. لە ڕووی تێروانینی نێونەتەوەیی و سروشتی شۆڕشی شوبات و ئۆکتۆبەر و (بانگەشەی سۆسیالیزم) و دانانی ستالین بە دکتاتۆری تاقانەی دەسەڵات و.. پیناسەی دەوڵەتی سۆڤیەت و وابەستەیی حزبی شیوعی عیراقی بە سۆڤیەتەوە، سەرکردایەتی ئەو حزبە دژ بە بۆچوونەکانی ئاڵای شۆڕش بوون! ....

جیاوازی ئەو لایەنە فکری و ســیاســیانە، هۆکاری ئەوەبوون حیزبی شـــیوعی بەردەوام بێت لە ئاژاوە نانەوە بەرامبەر ئاڵای شـــۆڕش لە ڕیگەی ئەو کەســـانەی ئاســـتی هوشـــیاری چینایەتیان لە ناو ئێمەدا لە خوار بوو. بەڵام خۆم باوەڕم وابوو دەبێت کۆڵ نەدەین لە ڕوونکردنەوەی ڕاســتیەکان. چونکە ئەرکی ئێمە پێگەیاندن و تێگەیاندن و گەیاندنی ڕاســـتیەکان بوو بە هەموو کەســـە چەپ و کرێکاریەکان. پەیوەندیشـمان بە هەموو چەپەکانەوە درێژە پێ بدەین بەرەو داڕشـتنی بەرنامەیەکی کرێکاری شـــۆڕشـــگێڕی هاوبەش. چاک ئەو ڕاســـتی یەشـــم دەزانی کە دوای لە باربردنی ئاڵای شۆڕش لە یەکەم ژانی دروست بوونیدا (بە هۆی هەڵەکانی دەستەی نوسەرانیەوە...)، ناتوانرێت بەو کەرەسەیەی هەبوو ئەو ئەرکە ئەنجام بدرێت ...ئەو ڕیکخســـتنەی دوای گرتنی دەســـتەی نوســـەران دروســـتکرا لە ڕیکخراوەیەکی پۆپۆلیســـتی تێپەڕی نەدەکرد. من کە یەکێک بووم لە جەمســـەرە ســـەرەکیەکانی

دروستکردنی ئەو ڕیکخستنە لە شارەکاندا و بەرپرسیاری یەکەمی ڕێکخستنەکەی ناوەوەش بووم، دوای گرتنی ئەو هاوڕێیانە بە ڕوونی دەموت: ئەرکی ئەم ڕیکخستنە بەرگریە لە گیان و ژیانی ئەو هاوڕێیانە و لە ڕوداوەستانی شەڕی ناوخۆو ڕێگرتن لە کەسانێک کە بیانەوێت ئالای شۆڕش بکەنە کەواڕەشی بەرلەشکری داگیرکەران.

پارتی گەل

ناوی زل و دێی وێران بوو. سامی عبالرحمن بەو ناوەوە کاری دەکرد، خۆی سکرتێرو چەند کەسێکی ئەوروپاشیان ئەندام مەکتەب سیاسی، ئۆرگانێکی حزبی یان دەردەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ ڤیتۆیەکی لەسەر کارکردنی سیاسی و ڕێکخراوەیی یان نەبوو، ڕێگەشیان درابوو کاری چەکداریش بکەن. بەڵام ئەوەندەیان کەس نەبوو بۆ ئەو کارە. بارەگای سەرەکیان لە ورمێ بوو، لە خواکورک بنکەیەکیان !کردبۆوە بەرامبەر مەکتەب سیاسی حزبی شیوعی، لە ئەوروپاوە ئەو کەسانەی لەگەڵیان بوون هەر ماوەی دە دوانزە کەسیان بە نۆبە دەگەڕانەوە و وەک پێشمەرگە! دەچوونە بنەکەکەی خواکورک. بەش بە حاڵی خۆم هەموو ئەو ساڵانەی لە شارەکاندا بووم نەمبیست ڕێکخراوێکیان هەبێت یا یەک چالاکی سیاسی، ڕاگەیاندنیان دژی ڕژێم بووبێت. گەرچی لە دانیشتن لەگەڵیان بە ناو خۆیان بە پێشکەوتووخوازو پارتی بە کۆنەپەرست ناودەبرد، بەڵام ژێرخانی چینایەتی و سیاسەت و فکریان لە گەڵ پارتی هەر یەک بوو، جیاوازی نێوانیان مەسەلەی دەسەلات و ئیمتیازات بوو.

حیزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسک)

(تا ئەو دەمە)، لە دوای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم حیزبە توندوتۆڵترین پەیوەندیان بە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی یەوە هەبوو، لە هەندێ بواری ئیستخباراتی یا لەوانیشی تێپەڕاندبوو. ئەم حزبە ئەندام بوو لە بەرەی جود. لە ناو شاری سولەیمانیشدا هەواداریان هەبوو. لەو دەمەی من گەیشتمە دەرەوە، لە ڕێگەی هەندێ لە سەرانی ئەمانەوە جلال تاڵەبانی لە هەوڵدابوو تا لە گەڵ رژێمی جمهوری ئیسلامی دا ڕێکیان بخات. محمد حاجی محمود و حەمە رەحیم لە بەیندابوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

جیاوازی ئەو حزبە کوردیانە تەنها لە ناوەکانیاندا بوو، وەکوتر هەموو نمایندەی بۆرژوا کۆنەپارێز و دژە ئازادی و دژە دیموکراسی بوون، ژێرخانی چینایەتیان یەک بوو. ململانێکانیان چ سیاسی و چ چەکداری لەگەڵ یەکتردا کە سەدان مرۆڤی زەحمەتکێشیان دەکردە قوربانی تەنها لە پێناوی دەسەڵات و پارەوپولدابوو.

ئێمە وەک ئاڵای شـــۆڕش هەوڵمان ئەدا، پەیوەندی ســـیاســـیمان بە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیســیۆنی کوردیەوە ئاســایی بێت، کارمان لەســەر یەکریزی کاری ســـیاســـی دژ بە رژێمی بۆرژوا فاشـــســـتی عیراق دەکرد. دەشـــمانزانی ئەو نزیکبوونەوەی یەکیتی نیشـــتمانی لە ئێران و پارتی و جود لە ســـەر حســـابی ئێمە ئەبێت. لامان ڕوون بوو هەموو ئەو لایەنانە ئەوەندەی پەرۆشـــی بە دەســـتهێنانی دەســـتکەوتی کاتین ئەوەندە بە تەنگ چارەســـەری ڕیشـــەیی کێشـــەی نەتەوەیی و داڕشتنی ستراتیژیکی نەتەوەیی یەکگرتووەوە نین.

گرنگی ڕاپۆرتی شـــارەکانی ئەو ســـەردەمە لەوەدایە بارودۆخی ســـیاســـی و ڕێکخراوەی ئەو دەمانە وەک خۆی و بێ ڕتووش دەخاتە بەردەم خوێنەر، ئەمەش نامەیەکیتر :

کرێکارانی جیهان یەکگرن ١٩٨٦/٧/١٦

ئاڵای شۆڕش
کۆمیتەی شارەکان
بۆ /هاوڕێیانی لیژنەی سەرپەرشتی بەرێز
سڵاویکی کۆمۆنیستانە

هیوادارین هەمیشـــە ســـەرکەوتوبن لە خەباتی بێ وچانی چینایەتیدا و بەردەوام ســـووربن لەســـەردرێژەدان بە بیروباوەڕی مەزنی کریکاران، بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بۆرژوا فاشستی عێراق و دابین کردنی کۆماری دیموکراسی شۆڕشگێر.

هاوڕێ یانی بەڕێزو تێکۆشـــەر. وا ئێمە بەم نوســـراوەمان لە ســـەرجەم چالاکی یەکانی ڕێکخستنی شارەکان ئاگادارتان دەکەین.

١-ڕێکخستنمان بەردەوام پەل دەهاوێ و گەشەدەکات، بەردەوام خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش پەیوەندی بە ڕیزەکزنمانەوە دەکەن. جەماوەرێ شـــۆڕشـــگێری گەلەکەمان دەگەڕێن بە شوێن هەواڵ و دەنگ و باسەکانی ئاڵای شۆڕش دا..

A-بەشـــەکانی کەلار و ناوچەی کەلار و خانەقین گیراونەتەوە، پەیوەندی تۆندوتۆڵیان هەیە.

B-لەم ماوەی دوو مانگەدا چەندین ئافرەت و کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش پەیوەندیان کردووە.

C-بەشەکەی لا ی هاوڕی (ئاری) گیراوەتەوەو پەیوەندیان بۆ دروست کراوە.

D-هاوڕێ یانمان نزیک بوونەتەوە لە منظمەی (العمل الاحمر)(کاری ســـوور) کە ڕێکخراوەیەکی مارکســـی لینینی یە لە خواروی عێراق کار دەکەن، هەندێ هاوڕێشـــمان دیســـان پەیوەندیان کردوە لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی عەرەبی حیزبی

شیوعی عێراقی لە بەغدا. سیاسەت و ڕێبازی ئاڵای شۆڕشیان بۆ ڕوونكردونەتەوە، ئاڵ و گۆری بیروڕا دەكرێ لەگەڵیان.

E- بەردەوام پەیوەندی پتەومان بە مەفرەزەكەی گەرمیانەوە هەیە، ئەوان زۆر چالاكانە دەورێكی كاریگەر دەبینن لە ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ دا.

F-پەیوەندیمان لەگەڵ چەندین ئامر مەفرەزەو ئامركەرت ی ناو یەكێتی پەیداكردووە و بەردەوام بە نامە و بە نهێنی دەنگ و باسەكان بە یەكتر ڕادەگەیەنین.

I-بە هۆی بە زۆر ڕاپێچكردنی مامۆستایان و خوێندكاران بۆ بەرەكانی جەنگ لە مانگی حوزەیراندا، زوو بە پیری ئەو مەسەلەیەوە چووین. (بەیانێكمان)لەسەر ئەو وەضعە دەركرد. شایانی باسە هەتا ئێستا هیچكام لە ڕێكخراوە ئۆپۆزیسیۆنەكان بەیانێكیان لەو بارەوە دەرنەكردووە.

ئەو بەیانە عەرەبی یەی لای بەرێزتانەوە دەركرابوو، نوسخەیەكی گەیشتە لامان، ئێمەش بە پێویستمان زانی زیاتر لە ٢ هەزار نسخەمان لەسەر ڕاكیشا و بڵاومان كردەوە. شایانی باسە بڵاوكردنەوەی ئەم دوو بەیانە ناوچەكانی كەلارو گەرمیان و قەرەداغ و شارەزوورو هەڵەبجە و چەمچەماڵ و شارباژێرو ناوچەی سەرانی یەكێتیشی گرتەوە. بۆنمونە برایم جلال (قاپیەوانەكەی) زیندان، بەیانی هەستابوو (لە سەرگەڵوو) خۆی بەیانەكانی لە دیوارەكان كردبۆوە. ووتبووی (ئەمانە هێشتا لێرەش ماون). ئەو جم و جوڵانە وای لە سەرانی ینک كردوە كە بە درندانەترین شێوە پەلاماری نامرۆڤانە بدەنە سەر هاوڕێ یان و دۆستەكانمان لەو ناوچانەی ئەوانی تیا دەسەڵاتدارن.

G-بە نیازین بەیانێک لەسەر ڕەفتاری (دوژمنكارانەی) سەرانی ینک دەركەین و زۆر بە خەستی بڵاوی بكەینەوە.

H-تا ئێستا نەمان توانیوە ڕێكخستنی كۆمێتەی هەولیر بگرینەوە، هیوادارین لە ڕێگەی بنكەی بارزانەوە ئاگاداریان بكەنەوە تا پەیوەندیان ڕێک بخەینەوە.

هاوڕێ یانی بەریز:

هەتا ئێستا(فۆتۆ)كەمان ئیش ناكات. (دەرمانی)نی یە زۆرمان هەوڵ داوە دەستمان نەكەوتووە. هیوادارین ئێوە بتوانن ئەو (دوو) جۆر دەرمانەمان بۆ پەیدا بكەن لەگەڵ گلۆپێكدا بۆمان بنێرن. زۆر پێویستمان پێی هەیە، تەنها ئەو گرفتەمان هەیە كە ڕیگرە لە بڵاوكردنەوەی نوسراوەكانمان.

٢-وا دوو شریتی تیپی مۆسیقای شەهید كارزانمان بۆ ناردن هیوادارین سوودی لێوەرگرن بۆ ئێزگەكە.

*-وا دوو كتێبمان بۆ ناردن هیوادارین سودی لێوەرگرن.

*-بەخێرهاتنەوەی هاوڕێ سالار دەكەین و هیوادارین گەشتەكەی زۆر سوودمەند بووبێت. بەو هیوایەی لە تەواوی :١- كۆبونەوەكەتان، علاقاتی دەرەوە، **هینانی (پارەو چەك)!** و یارمەتی، علاقاتتان لەگەڵ جود، ئاگادارمان بكەن.

ئێمە زیاتر ناردنی هاوڕێ یەكمان(هاوڕێ سامی)(عادل) بۆ ئەوەبوو كە پێویستە ئاگادارببین لە تەواوی ئیمكانات ودەنگ و باس و كارەكان.

*- هیوادارین گرنگی بدەنە ئێزگەكە، بە هۆی لاوازی پەخشیەوە، لە پەیامەكەتان نەگەیشتین، دەبوو بە هاتنەوەی هاوڕێ سالار ئێمەتان لە سەرجەم وەزعی خۆتان ئاگاداركردبایەتەوە.

* ئێمە سەرجەم هاوڕێ یانمان مەشغوڵی دیراسە كردووە و چەندین هاوڕێمان ئامادەكردووە بۆ كۆنفرانس.

*-ئێمە نازانین بە هاتنەوەی هاوڕێ لیدیا (روناك شێخ جناب)، نامەتان بۆ ئێمە نووسیوە؟ ئەگەر نووسیوتانە بە دەستمان نەگەیشتووە. ئەو نامەی جلال تاڵەبانی بۆ ئایەتوللا منتظری كە بۆ ئێمەتان ناردووە بە دەستمان نەگەیشتووە كە دراوەتە دەست خوشكی هاوڕێ (هوشیار-حەمە ئاوات). ئێمە پێمان وایە هەرشتێك بۆ ئێمەبێ دەبێ زۆر نهێنی بێت و تایبەت بێت بە ئێمەو خەڵكی غیری ڕێكخستن یاری پێ نەكەن كە نرخ بۆ ڕێكخستنەكە دانەنین. هەرگیز بەوە قایل نابین بە هۆی دۆستایەتی و خزمایەتی كەسانێك قسەوقسەڵۆك بە كەیفی خۆیان بۆ ڕێكخستن دروست بكەن. هیوادارین ئەو جۆرەكارانە دووبارە نەبنەوە. <u>هەموو شتێك دەبێت لە ڕێگەی ڕێكخستنی شارەوە بگاتە سەرجەم ڕێكخستن، ئەو كارەتان بەرەڵلاییەو دەبێتە مایەی تێكدانی ڕیزەكان و قابلی قبوڵ نیە.</u>

*-هاوڕی یانی بەرێز زۆر پێویستمان بە ئامێری ئیستنساخ هەیە، نازانین گرانی و هەرزانی چۆنە ؟ ئەگەر بۆتان بكڕینایە پارەكەمان بۆ دەناردن.

*-دەنگ و باسەكان

١-ڕژێم لەم ماوەدا ٣٠٠ ماڵی كوردی لە كەركوك دەركردووە و خێزانی عەرەبی هاوردەیان لە جێگایان داناوە.

٢-ڕۆژانە بە سەدان منداڵ لە تەمەنی ١٤-١٧ساڵان لە لایەن نەقابەی كرێكارانی بەعسەوە ڕەوانەی خواروی عێراق دەكرێن، ئەو جێگایانەیان پێ پڕ دەكەنەوە كە ناردویانن بۆ بەرەكانی جەنگ.

٣-لە هەڵبجە پێكدادان دروست بووە لە نێوان جەماوەرو جاش و جەیشی ناشەعبی، بە هۆی بە زۆر ڕاپێچكردنەوە بۆ بەرەكانی جەنگ. دوو جاش بریندار بوون.

٤-بە پێی ئەو هەواڵەی پێمان گەیشتووە، مەعەسكەری مامۆستایان و قوتابیانی محافظەی موصڵ كە بریتی بوون لە ١٥ هەزار كەس ڕایانكردووە، ڕژێم بە

کۆپتەر هێرشـــی هێناوەتە ســـەریان، زۆری لێ گرتونەتەوە، بریندارى زۆر هەیە، هەندێکیش لە ئاودا خنکاون.

٥-زۆر لە مامۆســـتایان و قوتابیان نەچوونەتە تدریب و لەو ناوچانەدا جێگایان نابێتەوە کە ســـەرانی ینک تیا دەســـەڵاتدارن، بۆیە بە ناچاری لە ناو شـــارەکاندا دەمێننەوە و ڕژێمیش بە دوایاندا دەگەرێت.

٦-چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە هەولێر ڕە ش بگیربووە. سەرباز، جاش، جیش شعبی، قوتابی،، فەرمانبەر، پیر، گەنج، چییان دەســـت کەوتووە گرتوویانە و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان کردووە. لە پارێزگاکانی تریش هەمان ڕەفتار دەکەن.

٧-ڕژێم سەرەک جاشەکانی بانگ کردووە، پێی وتون، هەرجاشێک ١ پێشمەرگە بکوژێت، هەزار دینارى ئەدرێتێ، وەک دەنگ بڵاوە وەفدو وەفد کارى لە نێوان یەکێتی و حکومەتدا هەیە.

٨-لە کەرکوک، ئەمن سائق تەکسی لە بازاردا گرتووە، وتویانە تا ناوى کەس و کارى پێشمەرگەمان پى نەڵێیت بەرت نادەین.

٩-ســـەرانی ینک بەردەوام هاوڕێ یانمان ڕاودەنێن و دۆســـتەکانمان محاســـەبە دەکەن، ئەوەى ناوى دیموکراسى بهێنێ یەکسەر دەڵێن (ئاشى). تەنانەت گومانیان لە نزیکترین دۆستەکانى خۆشیان هەیە.

هاوڕێانى تێکۆشـەر هیوادارین هەڵوێستى خۆتانمان بۆ ڕوون بکەنەوە بەرامبەر هاوڕێ زیندانیەکانمان.

*- لە بریارتان بۆ نزیک کردنەوەى بنکەکانتان ئاگادارمان بکەن.

*- ئەگەر ئێوە کەســێکتان دەســت دەکەوێت جێگەى ثقە بێت نامەى پێدا بنێرن، چاوەڕێ ى ناردنى نامەى ئێمە مەکەن.

*-داواکارین نامەکانى بە ئێســـتتگەدا بۆمان دەنێرن ڕونترو درێژتر بێت تا بە تەواوى لێ ى تێ بگەین .

هیوادارین هاوڕێ ى هەڵگرى نامە زوو ڕەوانە بکەنەوە
ئیتر بە هیواى سەرکەوتنتان
شەکاوەبێت ئاڵاى کریکاران و زەحمەتکێشان
سەرکەوێ بزوتنەوەى کۆمۆنیستى

مۆرى
سەرکردایەتى کۆمێتەى شارەکان
ئاڵاى شۆڕش
١٩٨٦/٧/١٦

تێبینى:

لەم ماوەیەدا زیاتر لە دوو هەزار كرێكار لە دائیرەی طرق،أشـــغال، كارە با، زراعە دەركراون گوایە هەندێكیان موئەقەتن و هەندێكیشیان زیادەن(فائض).

دەرامەت لە زێوە

ســـالار عزیز دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، بە پێ ی ئەو پەیمانانەی دابوی بە مەلابەختیـار، دەبوو لانیكەم هـاوكـاری مـادی بۆ ئەو هـاوڕی یـانەی بە هۆی بانگەوازی ئەوەوە تووشی ڕاونان هاتن لە لایەن یەكێتی یەوە مسۆگەر بكردایە. لەو دەمانەدا خۆیشـم لە زێوە بووم ، بارودۆخی گوزەرانی ژیانی ســەختی ئەو هاوڕی یانە، بەتەواوی غەمبارو هەراسانی كردبووم. چەند جاریك لەو بارەوە لەگەڵ سالار عزیز قســەم كردو پێمووت كە تۆ نوســیبووت بۆ مەلا بەختیـار كە یـارمەتیت وەرگرتووەو هەموو شــتێك ئامادەیە! ئەو بە هیچ جۆرێك نەدەچووە ژێر باری ئەوەی پارەی وەرگرتبیت لەو دەوڵەتانە! لە كاتێكدا لە نامەكانی بۆ مەلا بەختیار كە لە لایەن یەكیتی یەوە بە ســوران گیرابوو، دەڵێت كە كۆمەكی مادی وەرگرتووەو كاتی جیابونەوەیە! ....

هەوالنامەی كێتێ

كۆبونەوەی فراوانی زێوێ (پلنیۆمی یەكەم)ئاڵای شۆڕش
١٩٨٦/٧/١٦

دوای گەڕانەوەی ســالار عزیزبۆ زێوێ، هاوڕێ یانی لیژنەی ســەرپەرشــتی پێشــوو، بریاری بەســتنی كۆبونەوەیەكی فراوانیان دا لە كەمپی زێوێ، تا ڕێگە چارەیەك بۆ كێشەكان بدۆزرێتەوە، زێوێ پێشتر لە ئەنجامی ڕێكەوتنی سالارعزیز و ئێرانیەكـان و پـارتی دیموكراتی كوردســتـان دیـاریكرابوو وەك شــوینێـك بۆ كۆكردنەوەی پەناهندەكانی ئاڵای شــۆڕش كە بە هۆی پەلاماری یەكێتی نیشــتمانی یەوە هەڵاتبوون.

لەو دەمەدا یەكیتی نیشــتمـانی لە هەوڵی ڕێكەوتنێكدا بوو لە ڕێگەی حیزبی سـۆسـیالیسـتەوە لەگەڵ ئێران دا (بە هەر نرخێك بێت). دیاربوو، هەنگاوێكی باش چووبوونە پێشــەوە، چاوەڕوان دەكرا وتوویژیان لەگەڵ پارتیشــدا بە هەمان خەتدا بڕوات. دەمانزانی كە گەورەترین كێشــەی یەكێتی دوای گۆشــەگیری و ئەو قەیرانە ســیاســی یەی خۆی تێخســتبوو، ئاڵای شــۆڕش بوو. لێم ڕوون بوو لە هەموو ئەو دانیشتنانەی یەكێتی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا لانی كەنارگیركردنی ئاڵای شۆڕش یەكێك

دەبێت لە مەرجەكانی ڕێكەوتنی. دەبوو ئێمەش بۆ ئەو بارودۆخەی چاوەڕوان دەكرا ڕووبدات، پێشەكی خۆ ئامادەكاریمان هەبێت..

بڕبڕاگە پشـــتی هەموو ڕێكخســـتنێك، ئامیرەكانی ڕاگەیاندنیتی كە دەبێت لە دەستی خۆیدا بیت، یەكێك لەو شتانەی سەرنجی ڕاكیشام لە گەیشتنمدا بۆ كەمپی زێوە، ئەوەبوو برادەرانی ڕاگەیاندنی ئاڵای شـــۆڕش ئامێرێكی تەســـجیلیان وەرگرتبوو، هەموو جارێك بەرنامەكەیان لە زێوی تۆمار دەكرد، شـــریتەكەیان دەنارد بۆ ڕاگەیاندنی پارتی، ئەوان لە ئێســـتگەكەیانەوە بە ناوی ئاڵای شـــۆڕشـــەوە بڵاویان دەكردەوە! واتە دەبوو چاوەڕوان كراوبێت كە لە هەر ڕێكەوتنیكی یەكیتی لەگەڵ پارتی دا گۆڕانی بە ســـەردا بێت، ئەو بەرنامانە ڕاگیرێت... دووەم ئامیری چاپ بوو، ئەو برادەرانە لە زێوی تەنها تایپێكیان هەبوو كە لە لایەن هاوڕێ كەنعانەوە كاری پێ دەكرا، بیرم نەماوە ڕۆنیۆ هەبوو یا نە، چونكە گەلیك لە نوسینە تایپكراوەكان دەبرایە ورمێ لە دوكانەكان بە پارە ڕادەكێشرا یان هەندێجار (تا ئەودەمە) فەلەكەدین كاكەیی بۆی بەچاپ دەگەیاندین! لە كاتێكدا لانیكەم دەبوو ئامێری فۆتۆ ستێنسل و ئیستنساخیان بۆ زێوێ و بۆ هەریەك لە كۆمێتەی هەولێرو سولەیمانی سەرو ڕۆنیۆی بچووكیان بكڕیایەو بۆیان بناردنایە. بە تایبەتی كۆمێتەی ســەركردایەتی ناوخۆی شــارەكان چەندینجار لە نامەكانیدا بۆ لیژنەی ســەرپەرشــتی داوای كردبوو. تەنانەت لە یەكێك لە نامەكانیشـــیاندا داوایان كردبوو جیهازێكی ئیســـتنســـاخیان بۆ بكڕن(ئەوان پارەكەیان دەدەنەوە). دەشـــیانزانی ئەو شـــتانەی داواكراوە بڕبڕاگە پشـــتی ڕێكخســـتنە..كاتێك لە گەل لیژنەی ســـەرپەرشـــتی ئەو كێشـــانەم باس دەكرد. ئەنجام نەدانی ئەو داوایەیان دەگێڕایەوە بۆ هۆكاری نەبونی (پارە)! دیاربوو هیچ ئامادەكاریەك بۆ ئەو بارودۆخەی (لە ئەنجامی ڕێكەوتنی یەكێتی) لەگەڵ ئەو لایەنانەدا دەهاتە پێشەوە بۆ لەسەرپێی خۆ وەستان نەكراوە..

پلنیۆمە فراوانەكە لە یەكێك لە قاعەكانی زێوێ لە ١٩٨٦/٧/١٦ بەســـترا، ئەوە یەكەمین كۆبونەوەی فراوانی ڕەوتی (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردســـتانی – عیراق) كە سالار عزیز بەرپرسیاریان بوو لەگەڵ ڕێكخراوەی (ئاڵای شۆڕش) بە ئامادەبوونی سالار عزیزو لیژنەی سەرپەرشتی پێشوو وهەموو ئەو هاوڕێ یانەی لە كامپی زێوێ بوون. ســێ كەس دیاری كرا بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی كۆبونەوەكە. پاش تاووتوێكردنی پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شـــۆڕش، گەرچی كەســـانیك هەبوون دەیانەویست دژی بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ بوەستنەوە! بەڵام ســەرئەنجام، ئەو ڕایە زاڵ بوو كە وەك لە پرۆژەی بەرنامەكەدا هاتووە كاربكرێت. ســاغكردنەوەی جیهانبینی لە مەڕ (ســـۆفیەت و كەمپەكەی) هەڵبگیرێت بۆ داهاتوو. بەو پێ یە بۆ جارێكیتریش (بە ناچاری ئەو بارودۆخەی تیایدابووین) هێڵی فكری، هێشترایەوە بۆ گفتوگۆ لەســـەركردن! بەوجۆرە دەبوو، ڕێگەبدرێت ئەو كەســـانەی لە (ناو ئاڵای

شۆڕشدا) باوەڕیان بە حزبی شیوعی و سۆڤیەت هەیە وەكو ڕابەرو پێشەنگی چینی كرێكاران، لە ناو ئاڵای شۆڕشدا و دژی ئاڵای شۆڕش ئەسپیان تاودەن! بۆ تێكدانی یەكێتی ڕیزەكانی ئاڵای شۆڕش..

كۆبونەوەكە بە وردی هێرش و شـــاڵاوە تیرۆریســـتیەكەی یەكێتی نیشـــتمانی كوردستانی خستە بەرباس و هەڵسەنگاندن، لەو بارەوە ئەوی من ئاگاداری بوم و بۆ وتن ئەشیا، ڕوونمكردەوە، كە ئەوە سروشتی چینایەتی بۆرژوای وابەستەیە، دەبوو ئەو سروشتە نادیموكراسیخوازیەی بۆرژوا لە لایەن هاوڕێ گیراوەكانمانەوە باشتر بناسرایەو بەرنامەی كاریان بۆی هەبوایە، ئەو باش نە ناسینەی دوژمنی چینایەتی و نەبونی بریارو پلانی كار لە كات و شـــوێنی خۆیدا بووە مایەی ڕوودانی ئەو كارەساتە.

كەسانێك لەو كۆبونەوەدا لە ڕەوتەكەی سالار عزیز دیسانەوە دەیانویست(پاكانە بلاوكراوەكەوە) بكەنە بەهانەی دەركردنی بەیانێك تیایدا ئەو ســـێ هاوڕێ یەی لە لایەن یەكێتی یەوە گیرابوون ئیدانە بكرێن، بگرە بە خائینیش بناســـرێن. هەوڵمدا تێیان بگەیەنم ئەو كارە لەوە زیاتر بە قازانجی ســـەرانی یەكێتی دەشـــكێتەوە، ئاڵای شـۆڕشـیش زیانی لێدەكات. وتم من چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد هەوڵی زیاتر بدرایە بۆ هاتنەدەنگی لایەنە حزبی و حكومی و نیودەوڵەتیەكان، لە دژی پێشـێلكردنی ئازادی فكرو كـــاری ڕیكخراوەیی لە ســـەردەســـتی یەكێتی داو چڕكردنەوەی داوای ئازادكردنی هاوڕێ گیراوەكانمان. داوامكرد مەسـەلەی لێپرسـینەوەو بریارلە بارەی ئەو پاكانەو تەواوی هەڵەكانی ناوەندی نوســـەرانەوە هەڵگیرێت بۆ ئەو كاتەی ئەوان ئـازاد دەبن و كۆنفرانس دەگرین. پـاش لیدوانێكی زۆر لە كۆتـاییدا ئەو بۆچوونەی دوایی بووە بریاری زۆربە.

سەبارەت بە ڕێكخستنی شارەكان

بۆم ڕوونكردنەوە، لە (دەمی گرتنی) ئەو هاوڕێ یانەدا، ئاڵای شۆڕش كۆمێتەو ڕێكخراوی نەبووە، **ئەوەی هەبووە لەو ســـاتەدا ژمارەیەك ئەڵقەی دیراســـی پچڕ پچڕ بوون،** هەر چەند ئەڵقەیەكی دیراســـی پەیوەندی بووە بە هاوڕێ یەكەوە. لەگەڵ ڕوودانی هێرشـــەكەی یەكێتی بۆ ســـەر ئـاڵای شـــۆڕش، كە بۆ ئێمە لە نـاوەوە چـــاوەڕوانكراو بوو. پێشـــتریش مەلا بەختیـارو دەســـتەی نوســـەرانمـان لێ ئـاگـاداركردبۆوە بەڵام ئەوان گوێیـان لە ئێمەی ئەڵقەكـان نەدەگرت. لە دوای گرتنی ئەو هاوڕی یانەوە، ئەڵقەكەمان پەیوەندی بە هەموو ئەڵقەكانەوە كردەوەو لە شـێوەی شانە، شانە سەرەكی، كەرت، ڕێكخراو، كۆمێتە، كۆمێتەی شارەكاندا ڕێكخستنەوە. ڕونمكردەوە گەر دەســـتوەردانی تێكدەرانە لە كارەكانیاندا نەكرێ وپێداویســـتیە ســـەرەتـاییەكـانیـان بۆ دابین بكرێـت(لە ئـامێری چـاپ) ئەوان زۆر بە كـارامەیی كارەكانیان ئەنجام دەدەن.. بارودۆخی مەترســـیداری ناوشـــارەكانم ڕوونكردەوە،

لەگەڵ پێویستی گۆڕگرتن لە راو سەرنج و بۆچوونەکانیان. لەو بارەوە، کردنەوەی بنکەی سورێنم وەک نموونە هێنایەوە بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی لێژنەی سەرپەرشتی بە کۆمێتەی شارەکانەوە. کە تا ئەوساتە لە چەندین نامەی کۆمیتەی شارەکاندا داواکرابوو بۆ ئاسانکاری پەیوەندی کۆمیتەی شارەکان بە لێژنەی سەرپەرشتی یەوە بنکەی سورین بکرێتەوە..

ڕوونمکردەوە کە **ستراتیژی خەباتی ئاڵای شۆڕش** خەباتی چەکداری نی یە، بەڵکو ڕێکخستن و ڕاپەڕینی شارەکانە، هەر بۆیە ئێمە نابێت بیر لە کۆکردنەوەی هێزی چەکدار بکەینەوە و خۆمان بە کارێکەوە خەریک بکەین پێچەوانەی ستراتیژی کاری ئاڵای شۆڕش بێت و ببێتە هۆی ئەوەی ڕاپێچمان بکات وەک لایەنەکانیتر ببینە کەوا ڕەشی بەر لەشکری داگیرکەران. هەربۆیە زۆر گرنگە لە ڕووی چەکداریەوە هەوڵی فراوانکردنی چەکداری نەدەین و قورسایی بخەینە سەر ڕێکخستنەکان..لەم بۆچوونەدا هەستمکرد هەندێک کەس(لەوانە سالارعەزیزو...) کە لە مێژەوە کاریان لەسەر کاری پێشمەرگەیی دەکرد و بەوڕۆژەیان گەیاند، ئەو بۆچوونانەیان بە دڵ نەبوو، هەندێ لە بەرپرسی مەفرەزەو کەرت وتیپیش گەرچی ڕاستەوخۆ دەریشیان نەدەبڕی، لایەنگری ئەوەبوون (وەک ناو یەکیتی و پارتی) کاری پێشمەرگەیی کاری سەرەکی بێت.

سەبارەت بە دارایی ئاڵای شۆڕش

ئاگادارم کردن کە لەو هەڵمەتەی کرا بۆ پارە کۆکردنەوەو بە شاڵاوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و هێرشی ڕاگەیاندنی یەکێتی تەواو بوو، توانرا تێکڕا تەنها سێ ٣ هەزار دینار کۆبکرێتەوە، کاتێک حەمە ئاوات هاتە دەرەوە هەزارو پێنج سەد دینارمان پێدا نارد، (کە لەو کاتەدا لە بەردەستدا بوو). دواتر کە خۆیشم هاتمە دەرەوە بۆ زێوێ هەزارو پێنج سەد دینارم هێناو تەسلیمی ئیدارەم کردووە. ئاگادارم کردن کە چیتر ڕێکخستنەکانی ناوەوە ناخەینە مەترسی بۆ کاری پارە کۆکردنەوە. کە دەبوو لێرەوە کۆمەکی ڕێکخستنەکانی ناوەوەش بکرایە نەک بە پێچەوانەوە! **ساڵار عزیز باسی پەیوەندیەکانی بە جودو لایەنە دەوڵەتیەکانەوە کرد و وتی کە بریاربووە کۆمەکی دارایی بکرێین بەڵام تا ئێستا نەکراوین و کۆمەکەکان جگە لەو مقدارەی بۆ نثریە لە پارتیەوە دێت تێپەڕی نەکردووە!(ئەو مقدارەش بە (چوار مانگ) جارێک چل هەزار تمەن کە لەو کاتەدا دەیکردە (یەک هەزار) دیناریان دەنارد- تا ڕۆژی ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دووجاریان نارد، لە دوای ئەوە وەستانیان)** بە ڕوونی وتم کە دەبێت پشت بە خۆمان ببەستین، چونکە گەر ئەو هەوڵی ڕێکەوتنەی یەکێتی نیشتمانی (کە ئێستا لە ئارادایە) لەگەڵ پارتی و جود و ڕژێمی جمهوری ئیسلامی سەربگرێت، گەمارۆکانی سەر ئاڵای شۆڕش چڕتر دەبنەوە.

بریاردرا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی كارەكان، (پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش) هەروەک (پڕۆژە) بمێنێتەوە بۆ لێدوان و بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

دوادانیشتنی كۆبونەوە فراوانەكە، بۆ هەلبژاردنی لیژنەی سەرپەرشتی تەرخان كرا، من هەوڵمدا زۆرترین كەس خۆی بپالێوێت، بۆیە لەو بارەوە قسەم لەگەڵ گەلێک لە هاوڕێ یان بە تایبەت هاوڕێ یان حاكم سەردارو و ئاسۆ علی كرد، بەڵام ئاماده نەبوون خۆیان بپالێون. قاپی پاڵاوتن كرایەوە ، لەبەر ئەوەی تەنها پاڵێوراو بۆ لیژنەی سەرپەرشتی ، سالار عزیز، حاجی مەمۆ، عادل بوون و كەسیتر ئاماده نەبوون خۆیان بۆ ئەو جێگەیە بپاڵێون، یەكسەر سالار عزیز وتی لە بەر ئەوەی پاڵێوراویتر نی یە بە تزكیە ئەو سیانە لیژنەی سەرپەرشتین و كۆبونەوەكە كۆتایی هات... مامۆستا سلام عبدالله دانرایەوە بە بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئاڵای شۆڕش..

لەگەڵ سالار عزیزدا چووم بۆ سەردانی مەكتەبی سیاسی پارتی لە ڕاژان، لە لایەن ئیدریس بارزانی و علی عبدالله و ئەندامانی مەكتەبی سیاسیەوە بە خێریان هێناین. قسەوباسەكان زۆرتر لەسەر هێرش و پەلاماری یەكیتی بوو بۆسەر ئاڵای شۆڕش و گرتن و زیندانیكردنی ئەو هاوڕێ یانەمان، ئەوان زیاتر دەیانەویست بزانن هۆكاری وا بە ئاسانی گرتنی ئەو هاوڕێ یانە چی بووە؟ منیش باوەڕبوونی ئاڵای شۆڕش بە یەكێتی كاركردن لە گەڵ یەكێتی و جودو هەموو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكانیترم ڕوونكردەوە، كە هەفتەیەک دوای ڕێكەوتنێک لەگەڵ یەكێتی، ئەوان ئەو شاڵاوەیان كرد بۆ گرتنی هاوڕێ یانمان و پەیمانەكەی خۆیان شكاند...داوام لێكردن لە ڕێگەی پەیوەندیەكانی خۆیان و جودەو هەولبدەن فشار لەسەر یەكیتی نیشتمانی دروستبكەن بۆ ئازادكردنی ئەو سی هاوڕێ یەمان و گرنگی بایەخی یەكریزی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی و عێراقی و پەنا نەبردنە بەر چەک لە چارەسەری كێشە سیاسی یەكاندا خستە بەرچاو، بە ڕوونی وتم كە گەل بێزارە لە شەڕی ناوخۆ، ئیستەش (بە هەر هۆیەكەوە بێت)كە یەكیتی نیشتمانی ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ڕێكەوتن، ئەو دەرفەتە لەدەست نەدرێت. بەڵام بۆ چارەسەری ڕێكەوتنێكی ڕێشەیی، پێویست دەكات مەسەلەی ئازادی كاری ڕێكخراوەیی و سیاسی و پێشمەرگەیی (هەموو) لایەنەكان لە بەرچاوبگیرێت بە ئاڵای شۆڕشیشەوە، بواردنی ئازادی كاری (هەرلایەنێک) بە هەر بەهانەیەكەوە، لە پاشەڕۆژدا دەبێتە بەرتەسک كردنەوەی كاری سیاسی لایەنەكانیترش. ئیدریس بارزانی پرسی پێتوایە جلال تاڵەبانی ڤیتۆ لەسەر چی وكێ لێ بدات؟ وتم لە ئێستادا تەنها ڤیتۆی تاڵەبانی لەسەر ئێمە دەبێت. بەڵام ئێمە وەک ئاڵای شۆڕش پێشوازی لە هەموو ڕێكەوتنێک دەكەین كۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنێت و ئۆپۆزیسیۆن یەكبخات دژی فاشیزم..ئیدریس بارزانی وتی : سامی عبدالرحمن لە پارتی جیابوەوە، ئێمە نەک

هەر ڤیتۆمان لە دژیان نەبوو، بەڵكو ڕێگەدراون بە ئازادی كاری سیاسی و ریكخراوەیی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوەتا لە خواكورکیش بنكەیەكیان هەیەو بە ئازادی كار دەكەن. بۆ هاتنە ناو جودیشیان ڤیتۆمان نەبووە..وتم دەیبینی لەیەكەم دانیشتندا لەگەڵ هەموو لایەنەكان، یەكەم داوای تاڵەبانی دژایەتی و برینی پەیوەندی دەبێت بە ئاڵای شۆڕشەوە..بەڵام داوای ئێمە لە ئێوەو هەموو لایەنەكانی جود ئەوەیە بەردانی ئەو هاوڕێ یانەی ئێمە بكەنە وەرەقەیەكی فشار بۆ سەریان و خاڵێكی ڕێكەوتنەكانتان، بە تایبەت (لەم كاتەدا) بەهۆی ئەو وەزعەی یەكێتی بۆ خۆی دروستكردووە و فشاری جمهوری ئیسلامیەوە یەكێتی نیشتمانی ئامادەی قبولكردنی هەموو مەرجێكە، باشترین ساتێكە مەرجی ئازادكردنی ئەو هاوڕێ یانەمان بكرێتە یەكێك لە مەرجەكانی ڕێكەوتن. بەو جۆرە یەكێتی نیشتمانی تێدەگات كە هێزێك هەیە بۆ وەستانەوە لە دژی بەرتەسك كردنەوەی ئازادی لە داهاتوودا.

من كە داوام دەكرد پارتی خاڵی بەرقەرارکردنی ئازادی كاری سیاسی و ئازادكردنی ئەو سێ هاوڕێ گیراوانەمان بكاتە مەرجێكی ڕێكەوتنەكەیان لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی، ئەو ڕاستیەشم دەزانی، خەونی پارتی گەرانەوەیە بۆ ناوچەكانی سۆران، لەو پێناوە شدا ئەو داوایەی ئێمە ناكاتە مەرجێكی ستراتیژی ڕێكەوتنەوەیان لەگەڵ یەكێتی. دەمزانی پارتی ئەوەندە قوڵ (نەتەوەیی یانە) بیرناكاتەوە و پەرژەوەندی یە ستراتیژی یەكان دەكاتە قوربانی پەرژەوەندی یە كاتییەكانیان، چونكە ئەوە سروشتی چینایەتی هەموو حزبە بۆرژوا نا ئازادیخوازو نا دیموكراسیخوازەكانی باشووری كوردستان بوو.

یەك دوو ڕۆژ دواتر مامۆستا سلام عبدالله كە بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئاڵای شۆڕش بوو، چاوپێكەوتنێكی بۆ سالار عزیز و من ڕێكخست لەگەڵ بەرپرسی اطلاعاتی ئازربایجانی غەربی و كوردستان (مستەفەوی)، كە بەرپرسی پەیوەندیەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كورد و هەموو عێراقیش بوو، قسەكان زیاتر لەسەر گرتنی هاوڕێكانمان و هۆكاری شاڵاوی یەكێتی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش بوو، داوامانكرد: ئێوە لای خۆتانەوە لەو دانیشتنانەی هەتانە لەگەڵ یەكێتی دەتوانن فشاریان لەسەر دابنێن بۆ ئازادكردنی هاوڕێ گیراوەكانمان. بەڵام مستەفەوی وتی كە هیچ جۆرە پەیوەندی یەكمان نیە بە جلال تاڵەبانی یەوە! چونكە جێگەی بڕوای ئێمە نی یە. (ئێمە لە سەرچاوەی هەواڵەكانی خۆمانەوە دەمانزانی هەوڵێكی بەردەوامی یەكێتی نیشتمانی هەیە بۆ ڕازیكردنی جمهوری ئیسلامی بۆ ڕێكەوتن لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی دا لە لایەن حسكەوە).

دڕندەیی رژێمی عێراق، هەڵوێستی خەڵك، بیروبۆچوونی ئێمە لەسەر خەباتی چەكداری، تەوەرێكیتری باسەكان بوو لەگەڵ (مستەفەوی). بە ڕوونی وتم كە ئێمە بە پێی بریارەكانی دەستەی دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش، خەباتی سەرەكی ئێمە

شارەكان و ڕێكخستنی شارەكان و ڕاپەڕینی شارەكانە نەك هێزی چەكداری شاخ. مەبەستی سەرەكیشم لەو باسە ئەوەبوو تێبگات كە ئێمە بە پێی ئەو پرنسیپە ڕێكخراوەیی یە ڕۆژێك لە ڕۆژان (وەك لایەنەكانیتر)نابینە كەواڕەشی بەرلەشكری جمهوری ئیسلامی و ستراتیژی بیركردنەوەمان لە گەڵ ئەوان و هەموو ئۆپۆزیسیۆنی باشووری كوردستان و عێراق جیاوازە. دیاربوو مستەفەوی لەگەل ئەو ڕایەدا نەبوو كە ڕۆژێك ڕاپەرین بەرپابێت، و پێی لەسەر دروشمەكەی (ئایەتوڵلا خومەینی)(جنگ جنگ تا پیرۆزی)دادەگرت. كاتێكیش مەسەلەی چەكە گیراوەكانی ئاڵای شۆڕشمان لە لایەن (قەرارگای ڕەمەزانی) سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی یەوە لەگەڵدا باسكرد، وتی ئینشائەللا دواتر لەگەڵ سوپای پاسداراندا قسەی لەسەر دەكەین، چونكە پەیوەندی بەوانەوە هەیە! دواتریش، چەندەها جاریتریش كە داوای چەكە گیراوەكانمان دەكردەوە لەو وشەی ئینشائەڵڵایە تێپەڕی نەدەكرد و چەكەكانیان هەرنەدایەوەو خواردیان..

بە لای منەوە ستراتیژی كاری جمهوری ئیسلامی ئێران لە بەرەوڕووبوونەوەی هێزەكانی سەدام و لە مامەلەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی كوردو عەرەبیشدا هەڵە بوو. ئەوان دەیانویست هەموو جووڵەیەكی سیاسی و سەربازی ئۆپۆزیسیۆنی كوردو عێراقی لە ژێر بریارو سەرپەرشتی و كۆنترۆڵی ئەواندا بێت. وەكو پێویستیش چەكی پێویستی قورسی بە هاوكارە ئۆپۆزیسیۆنەكان نە ئەدا تا بتوانن لە دیفاعەوە دەست بە هێرش بكەن.. لە ڕووی موخابەراتیشەوە داوایان لەو (لایەنە سیاسیانە) دەكرد كە بووبوونە كەواڕەشی بەر لەشكری ئێرانی بۆ ئەنجامدانی كاری تیرۆری نەیارە سیاسیەكانیان. (پێشتر لە شۆڕشی ئەیلول پارتی دیموكراتی كوردستان، دواتریش لە لایەن یەكێتی نیشتمانیەوە چەندەها بەرپرسی باڵای حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بە كاری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەخۆ تیرۆركران..).

لەو ساتانەدا، دەنگۆی هەوڵی نزیكبوونەوەو ڕێكەوتنی جمهوری ئیسلامی ئێران و یەكیتی نیشتمانی تا دەهات زۆرتر دەبوو. ڕوون بوو هەر ئەنجامێكی نزیك بوونەوە ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر ئاڵای شۆڕش بە هەردوو بارەكەی پۆزەتیف و نیگەتیفدا. سالار عزیز هۆكارەكانی بێ ئەنجامی و شكستی هاوكارییەكانی ئاڵای شۆڕشی دەبردەوە بۆ ئەو هەوڵی ڕێكەوتنەی یەكێتی لەگەل جمهوری ئیسلامی و پارتی دیموكراتی كوردستاندا. هەوڵەكانیش لە لایەن هەموو لایەكیانەوە بەرەوپێش دەبرا، هەرلایەی لە تێڕوانینی پەرژەوەندییەكانی خۆیەوە بۆی دەڕوانی و كاری لەسەر دەكرد. بە تایبەتی جمهوری ئیسلامی ئێران دەیویست لە ڕێگەی فشار بۆ سەر هەردوولا، ناكۆكی یەكانی نیوان یەكێتی و پارتی كۆتایی پێ بهێنێ تا بتوانێت هەردولایان وەك سەرەڕم لە باشووری كوردستانەوە بە كاربهێنێت بۆ دروستكردنی فشاری سەربازی لەسەر بەرەكانی جەنگ لە خواروو و ڕۆژئاوا، تا عێراق ناچار بە كشانەوەی بڕێك لە سەربازەكانی بكات لەو بەرانەوە. ڕژیمی

ئێرانی گەرچی بە چەکی سوک و پارەو لۆجیستی کۆمەکی پارتی و یەکێتی و حسکی کرد، بەڵام سیاسەتی ئێرانی لەوە تێپەڕی نەدەکرد کە ئەو لایەنانە چەکی قورسیان هەبێت و لە دفاعەوە بتوانن بکەونە هێرش بردن..

لەو ماوە کورتەی سالار عزیز لە زێوەبوو، زۆر قسە لەسەر نەتەقاندنەوەی ناکۆکیەکان کرا لە ناو ئاڵای شۆڕشدا کە ڕیشەی جیاوازیی جیهانبینی و فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی هەبوو، هەموو جارێک دەگەیشتینەوە ڕێکەوتن لەسەر پرۆژەی بەرنامەکەی ئاڵای شۆڕش، بەڵام هەر چەند سەعاتێک دواتر هەواڵ دەهات کە پێچەوانە کاری دەکرد. دەرکەوت هەر لە کۆبونەوە فراوانەکەی گوندی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداخ چ هەڵەیەکی مەزنمان کردووە. بە هۆی ساغنەکردنەوەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش و ڕێبازی مارکسیزمی شۆڕشگێر و هێشتنەوەی وەک پرۆژەی بەرنامە هەڵەیەکی ڕێکخراوەیی و سیاسی زۆر گەورەبوو. بەهانەی بە پرۆژەیی هێشتنەوەی بەرنامەکە، گوایا بۆ ئەوەبوو تا ڕێگای ئاڵ و گۆڕی تیوری و فکری و سیاسی لە گەڵ لایەنەکاندا باشتر فەراهەم بکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە شکایەوە و بووە مایەی کێشەی زیاتر، هەڵەیەکی گەورەبوو کە تێی کەوتم. دواخستنی ساغبونەوەی تیوری وفکرو سیاسەت وڕێکخراوی نیوەناچڵ دیارە لەوە باشتر نادات بە دەستەوە، هەر ئەو بریارو سیاسەتە نیوە ناچڵە بوو وایکرد ناوەندی نوسەران نەتوانن (بریاری پێویست لە کاتی پێویستدا) بدەن و لە یەکەم هەنگاوو دەستپێکدا وا بە سوک و ئاسان بگیرێن و ئاڵای شۆڕش تووشی ئەو لە باربردن وشکستە بکەن.

دابینکردنی پیویستیەکانی مەمرەو مەزێ بۆ هاوڕێ یانی لێقەوماوی پەلامارەکەی یەکیتی بۆسەر ئاڵای شۆڕش هەموومانی هەراسانکردبوو، بە تایبەت سالار عزیز کە هیچ وەڵامێکی بۆ چارەسەری وەزعەکە پێ نەبوو، لەو کاتەشدا تا دەهات گفتوگۆکانی یەکێتی نیشتمانی و جمهوری ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان دەچوونە پێشەوە، ئەوانە وایکرد سالارعزیز نا ئومێد بێت و بریاری ڕۆیشتنەوە بدات بۆ سوریاو لەوێشەوە بۆ سوید و ئیتر نەگەڕایەوە.

لەو ماوە کورتەی مانەوەی سالار عزیز لە کامپی زێوی. چەندین دانیشتنی لیژنەی سەرپەرشتی و خۆیشم بە تایبەت لەگەڵیدا ئەنجامدا بە بێ ئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامەی هەر هیچ نەبیت وەکو کۆمەڵێک لێقەوماو پیکەوە هەڵبکەین.گەلێکجار ناچار دەبووم کۆبونەوە جێ بهێڵم و بچمە دەرەوە. ئەو و هاوەڵەکانی وەک ناو یەکێتی فێربووبوون و وەک سەرکردەیەکی ناو یەکێتی بیری دەکردەوەو ڕەفتاری دەکرد کە ئەوەی ئەو دەیڵێ و دەیکات ئەوە ڕاستە. زۆربەی جارەکان لە ڕوو ڕازی دەبوو هەموو شتیک بخرێتە لاوە، بەڵام هەر دوای کۆبونەوەکە دەکەوتە هێرش بۆسەر پرۆژەی بەرنامەکەی ئاڵای شۆڕش. بە جۆرێک ڕەفتاری دەکرد وەک

ئەوەی ئەو بەرپرسیار نەبێت لەو هاوڕی یانەی باوەریان بە ئاڵای شۆڕش و مارکسیزمی شۆڕشگێر هەبووە و بە هۆی ویست و خواستی جیاکردنەوەی هیزی پێشمەرگەوە، کە ئەو دەیویست بکرێت و بوو بە هۆی ئەو پەلامارەی یەکیتی بۆسەر ئاڵای شۆڕش.

ئەو بارودۆخەی ئاڵای شۆڕشی تێکەوتبوو (ئەنجام)بوو. (هۆکارەکەی) دەرکەوت نەبونی سەرکردایەتی یەکی بە ئەزمون و بە باوەڕ و بە کەمگرتن و نەناسینی نەیارە چینایەتیەکەو ساغنەکردنەوەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش و نە چەسپاندنی ڕێبازی مارکسیزمی شۆڕشگێر و هێشتنەوەی وەک پڕۆژەی بەرنامە هەڵەیەکی ڕێکخراوەیی و سیاسی زۆر گەورەبوو. بەهانەی بە پڕۆژەیی هێشتننەوەی بەرنامەکە گوایا بۆ ئەوەبوو تا ڕێگای ئاڵ و گۆڕی تیوری و فکری و سیاسی لە گەڵ لایەنەکاندا باشتر فەراهەمبکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە شکایەوە و بووە مایەی کێشەی زیاتر، دەنگدانم بە (پڕۆژە هێشتنەوە)ی بەرنامەکە و ساغنەکردنەوەی لە کۆبونەوەکەی سێوسێنان، هەڵەیەکی گەورەبوو کە تێی کەوتم.

لەو ماوەی سالار عزیز لە زیوە بوو چەندینجار پێی ڕاگەیاندم کە ئاگاداری عماد ئەحمەد بم چونکە پەیوەندی هەیە لە ڕێگەی مامۆستا موحسنەوە بە یەکیتی یەوە. من هێشتا لە ناوشاربووم دەمزانی لە زێوەوە هەواڵ بۆ یەکێتی دەروات، تەنانەت مەلا بەختیاریش لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە زیندانەوە بۆ منی ناردبوو ئیشارەتی بەوە دابوو کە لە زێوەوە هەواڵ بە سەرانی یەکێتی دەگاتەوە، بەڵام پێشتر بیرم بە لای عیماد ئەحمەدا نەدەچوو، لە خۆمم دەپرسی گەر ئەوبوایە، کۆبونەوەکەی ئاڵای شۆڕش لە ناو مەڵبەندی یەک لە گوندی سێوسێنان لە ماڵی ئەوداکرا ئەی بۆ هەواڵی لێنەداین؟ بەڵام لە ڕیگەی هەندێ لەو پێشمەرگانەی لای بوون، هەواڵم هەبوو کە جلال محمد محیدین پەیوەندی بە یەکێتی یەوە کردۆتەوە و لە دەقیقەو سەعاتدایە بچێتەوە ناو جلالیەکان. من دەمزانی دوای ئەو کارەساتەی بەسەر ئاڵای شۆڕش هێنرا، ڕێکخراوەی کرێکاری بەو کەرەسەو چەشنە لەو بارودۆخەدا مەحاڵە دروست بێت. ترسی من لەسەر ئەوەبوو، ئاڵای شۆڕش کە لەسەر کۆمەڵێک بنچینەو پرنسیپی شۆڕشگێر پێکهاتبوو بکرێتە کەوا ڕەشی بەرلەشکری جەنگی ئێرانی عێراقی، یا بە کاربهێنرێت لەو ململانێ خوێناویەی بۆرژوا کۆنەپەرستەکان بۆ دەسەڵات دەیانکرد، ڕوونیش بوو هەر هەنگاوێکی چوونە پێشەوەی بۆرژواکان لە یەک و لە ئێران بە چڕبوونەوەی گەمارۆی سەر ئاڵای شۆڕش تەواو دەبێت. سالار عزیز دەیزانی لەو بارودۆخەدا و لە ژێر هەژمونی (نزیک بوونەوەی ئەو لایەنانە)و ئەو گۆڕانە نوێ یەدا، ئەو لایەنانەی وەعدی کۆمەکیان پێدابوو هیچی بۆ ناکەن. دابینکردنی پیویستیەکانی مەمرەو مەژی بۆ هاوڕێ یانی لێقەوماوی پەلامارەکەی یەکیتی بۆسەر ئاڵای شۆڕش هەموومانی هەراسانکردبوو، بە تایبەت

ســـالار عزیز كە هیچ وەڵامێكی بۆ چارەســـەری وەزعەكە پێ نەبوو، تا دەهاتیش گفتوگۆكانی یەكێتی نیشـــتمانی و جمهوری ئیســـلامی ئێران و پارتی دیموكراتی كوردستان دەچوونە پێشەوە. ئەوانە وایكرد سالارعزیز بریاری ڕۆیشتنەوە بدات بۆ ســـوریاو لەوێشـــەوە بۆ ســـوید و ئیتر نەهاتەوە گەرچی هاوڕیكانی چەندینجار پەیوەندیان پێوەكردو داوایان لێكرد بگەڕێتەوەو شـــان بداتە ژێر باری ئەو وەزعەی خولقاندبووی.

كۆبونەوە لەگەڵ ئیدریس بارزانی

دوای ڕۆیشـتنی ســالار عزیز، ئیدریس بارزانی بە ناوی مەكتەب ســیاســی پـارتی دیموكراتی كوردســـتـانەوە داوای چـاوپێكەوتنی منی كرد. دەزانم بە تەنیـا نەچووم بەڵام بیرم نایە چ هاوڕی یەكم لەگەڵ خۆمدابرد. بێجگە لە ئیدریس بارزانی علی عبدالله و فاضـل میرانی و حەمەی مەلاقادر وفرنسۆ..هتد لەوێ بوون، سـەرەتا هەسـتم بە گرژی دانیشـتنەكە كرد بێ ئەوەی هۆكارەكەی بزانم. تا ئیدریس بارزانی ووتی : كاك عادل ئێمە گلەیی و ڕەخنەیەكی زۆرمان هەیە، ئێمە ئەو چەكانەمان دا بە ئێوە بۆ ئەوەی خۆتانی پێ بپارێزن، نەك بیبەن بیفرۆشن؟ (دواتر زانیم چەكەكان بریتی بوون لە چەند سیمینۆفێكی روسـی سـاڵی ١٩٧٥ و..). بەو قسـانەی ئیدریس بارزانی داچڵەكیم، چونكە ئاگام لێی نەبوو پارتی چەكی بە ئاڵای شـــۆڕش دابێت. پرسیم ئەو چەكانەتان بەكێ داوە وتی :كاك سالار عزیز ئاگادارەو چەكەكان براوە لە ناو ئێراندا، لە بازاری ئاوایی (گوندی دزە) فرۆشـــراوە بە قاچاخچی و ئەمەش لیســـتی چەكەكان و ژمارەكانێتی كە قاچاخچیەكان بۆ یان ناردووین و ئەوەش ناوی ئەوانەی چەكەكانیان فرۆشـــتووە، وتیشـــیان ئەو كارە كێشـــەی گەورە بۆ پارتی و ئێوەش لەگەل ئێرانیەكاندا دروســـت دەكات و نەدەبوو وا بكرایە. وتم لەبەر ئەوەی ئاگاداری وەرگرتنی ئەو چەكانە نیم، پێویستە لێكۆلینەوە لەو بارەوە بكەم، وتم دڵنیام هۆكـارێكی گەورە هەبووە، وتیـان ئەوەش نـاوی ئەو كەســـانـەی چەكەكـانیـان بە قاچاخچیەكان فرۆشـــتووەو ئەوەش لیســـتی ژمارەی چەكەكان. بۆ من كە ئاگاداری وەرگرتن و فرۆشتنی ئەو چەكانە نەبووم هەواڵیكی كوتوپڕو سەرسووڕهێنەر بوو، تەواو نـاڕەحەتی كردبووم، بە تـایبەتی بێ ئـاگـاداری من و لە پشـــتی منەوە وەك ئەندامێكی لیژنەی ســـەرپەرشـــتی كرابوو. كە گەڕامەوە زێوە و پرســـیارمكرد بۆم ڕوونبووەوە ، بەوجۆرەبوەو ســـالارعزیز ئەو چەند چەكەی كە وەرگرتووە بە چەند كەســـێك لە كەســـە نزیكەكانی خۆی دا (حەیدەرو....) ناردوونی بۆ فرۆشـــتن بێ وەوەی من واگادارىكاتەوە..تا مەسرەفی چەند ڕۆژێكی بنكەی زێوەی پێ بكات!!..

لە ١٩٨٦/٨/٤/٣ هەواڵمان پێ گەیشت كە مفید محمد نوری عبدالله گەیشتووە ، ئێرانیەكان لە ١٩٨٦/٨/٥ دابویانە دەسـت دكتۆر قادر لە علاقاتی ئاڵای شـۆڕش لە ئورومیەو دواتر هاتە زێوە. هاوڕێ موفید دەرچووی كولیژی ئیدارەو ئیقتســـادی

جامعەی موسل بوو، (تا ئەودەم) خۆی بە هەواداری بیری ماركسیزمی شۆڕشگێر دەزانی.

لە ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٢٥ { (دایكی زیلان)هاوڕێ روناك شێخ جەناب (هاوسەری مەلابەختیار)} گەیشتە زێوێ، هاوڕێ روناك نموونەی مرۆڤێكی جوامێر، ئازا، نەترس ، بە باوەڕو خاوەن ورەیەكی بەرز، دڵسۆز و بەوەفاو كادرێكی دێرینی ڕیزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان وئاڵای شۆڕش بوو، ئەندامی یەكەم شانەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بوو كە لە ناوەوەی وڵات دروستكرا، ئەو لەگەڵ خۆیدا ڕاپۆرتی كۆمێتەی سولەیمانی ئاڵای شۆڕشی هێنابوو، لەگەڵ هەواڵی بارودۆخی هاوڕێ زیندانیكراوەكانمان لای یەكیتی.

نامەكەی كۆمێتەی سولەیمانی ئاڵای شۆڕش

كرێكارانی جیهان یەكگرن

ئاڵای شۆڕش ١٩٨٦/٨/٢٠

كۆمێتەی سولەیمانی

بۆ هاوڕی یانی لیژنەی سەرپەرشتی بەڕیز

سلاویكی كرێكارانە

هیوادارین هەردەم سەرگەرمی خەباتی جینایەتی بن دژ بە ڕژێمی فاسستی بەغدا.

هاوڕێ یانی بەڕێز. وەضعی ڕێكخستنمان بەم جۆرەیە

١.بەهۆی نەبوونی پارەوە و لاوازی باری ئابوریمان هەوڵماندا كە عملیەیەك بۆ پارە فراندن بكەین، هاوڕێ یەكی چالاكمان ئەندامی كەرت و مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی ناوەوەی لابوو ڕاسپێردرا بەو كارە. لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/٢١ سعات ٧،٣٠ پێش ئەوەی عملیەكە بكرێت یەكیك لەو ٣ كەسەی مەفرەزەیە خائن و خۆفرۆش بوە اتصالی بە منظومەی شرقی استخباراتی كەركوكەوە بووە، پێش عملیەكە خۆی دەربازبوو دوو هاوڕی كەمان گیران و ئێستە شەهید لەو بەشە كەوتووە. هاوڕێ سەردار اختفایە، وا مانگێكە گیراون اعترافیان نەكردووە وە ئێمەش لە هەموو لایەكەوە ئیحتیاتمان كردووە، هاوڕێ ی ئەندام كەرت نە دەمانچەو و قومبەلەو نە كاغەزی پێ نەبوە تەنها هاوڕێكەی تر دەمانچەی پێ بووە.

٢.ڕژیم فشارێكی زۆری خستۆتە سەر مامۆستایان و قوتابیان و منتسبی دائرەكان بۆ جیشی شعبی و عسكریش بە لایەكیتر . بە راستی ئەم فیشارو شاڵاوانە بوەتەهۆی پەرش و بڵاوبونەوەو پچراندنی زۆربەی شانەكان و هاوڕێ یان. هەر ڕۆژەی ئەدەنە سەر دائیرەیەك و هاوڕێ یانمان ناچار دەبن هەڵبێن و بەشەكەیش دەپچڕێن.

بە ڕاستی ئەم فشارەی ڕژیم زۆر تأثیری هەیە لەسەر ئاسایی نەڕۆشتنی كارەكانی ڕێكخستن.

٣.داوای پارەتان كردبوباوەڕبكەن ئێمەیش هەروەكو ئێوەین بەڵام بەردەوام لە هەوڵدایین پیتاك كۆكەینەوە هەرچەندە زۆر دەستنرا بە ڕومانەوە و زۆر جنێوو قسەی ناشیرینمان پی دراوزۆرجار دەریان كردین و دەست درایە تەلەفۆن كە ئەمن مان لێ ئاگادار بكەن لەسەر ئەوە لەم ڕۆژەدا ناتوانین لەو بارەوە هیچ كارێك بكەین.

<u>هەواڵەكان</u>

١)وەضعی شارەكان لەم چەندڕۆژانەدا زۆر ئاڵۆزتربوە، تفتیش و سیطرەكانی بازار سەرانسەری هەمو عیراقی گرتبوەوە بە تایبەتی دوای ئەو (١٠)ڕۆژ عەفوە، وە هاوڕێ یانی ئێمەش زۆربەیان پەنایان بردۆتە بەر دەرەوەی شارەكان.

٢-لە ڕۆژی ١٩٨٦/٨/١٠ رژیم (٢١) كەسی بە سوتاوی كردووە بەژێر خۆڵەوە. دیسان پاش ئەوە (٤)كەسیتریان لەسەر زبلدانی شار(لە كانی با) دۆزیەوە و هێنایاننەوە خەستەخانە ئەوانیش هەر سوتابوون. لەم ماوەیەشدا چەند كەسی تری بە هەمان شێوە لە دەرەوەی شار فرێ دراوە. بە شێوەیەك سوتێنراون ناناسرێنەوە، بەڵی ئێستا ئەمەیە سیاسەتی رژێم.

٤-بریارێك لە عێراقەوە دەرچووە، ئێستا لە جنوب خەریكی تطبیق كردنە و لە مانگی ٩ش لە سولەیمانی بە تەمان تطبیقی بكەن گوایە دەبی ئافرەتیش بچێتە تدریبی جیشی شعبی، تەنها ئەو ئافرەتانە شمل ناكات كە (سك پڕن) یان لە ٥ منال زیاتریان هەیە.

٥-ڕژێم بەردەوامە لە تۆقاندن و ڕاونانی هاوڵاتیان، لەم ماوەدا بریاری دا كە افواجی خفیفە كەم بكاتەوەو بەرەو سەربازگەكان ڕایان مالێ. ضجەیەكی گەورە ڕوویدا هەتا بە پەلە پاشگەزبوەوەو وازی لەو بریارە هێنا. وە ئیستا بارودۆخیكی وا پێش هاتوە هاوڵاتیان دەستە دەستە و پۆل پۆل دەچنە ژێر باری خیانەتكاری و چۆك بۆ بریارو فەرمانەكانی ڕژیم دادەدەن. ڕۆژگاریكی وایە ثقە زۆر كەم بۆتەوە.

بە راستی خەڵكی بی دەرەتان، خەڵكی شۆڕشگێر و خاوەن هەلوێستی شۆڕشگێڕانە ئەمڕۆ مل كەچ و شەرمەزارە پەناگایەك شك نابەن.

هاوڕێ یانی بەڕێزو تێكۆشەر

ئێمە وەزعی ئێوەمان لە ئێران پێ باش نیە، ئیشەكان بۆ پێشەوە ناچێت و گەشە ناكەن. هیوادارین لە هەوڵدابن بۆ جێگایەكی گونجاو هەتا بتوانین كاری سەرشانی ڕۆژانەمان ئەنجام بدەین. ئەو هاوڕێ یانەی دەتوانن لە شارەكانی عێراقدا شەرت نیە هەر سولەیمانی دانیشن با بێن و لیرە دەست بەكاربن و با لە نزیكەوە احداثەكان ببینن و هەڵسەنگاندن و مامەڵەیان پێ بكەین.

ئیتر بە هیوای سەركەوتنتان

مۆری كۆمیتەی شارەكان

ئیمزای هاوڕێ سەردار
١٩٨٦/٨/٢٠

كۆبونەوەی عادل و هاوڕێ روناک لەگەڵ ئیدریس بارزانی

چاوپێكەوتنێكم بۆ هاوڕێ لیدیا (ڕوناک شێخ جناب) سازدا لە مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ڕاژان لەگەڵ ئیدریس بارزانی دا بۆ لێدوان سەبارەت بە هاوڕێ گیراوەكانمان.ئەمەش دەقی نامەكەی ئیدریس بارزانی یە :

هەڤاڵانی بەڕێزی ئاڵای شۆڕش
سڵاو وە احترام
نامەتان ژمارە ٤٢ ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ ڕۆژی ٨٦/٩/١٤ بە دەستم گەیشت. زۆر سوپاس تكایە سبەینێ سعات ٣/- پاش نیوەڕۆ (١٩٨٦/٩/١٥) خوشكە ڕوناک لەگەڵ كاک عادل تشریف بێنن بۆ ڕاژان.
هەوڵ ئەدەین ترومبیلەک بنێرینە زێوە بۆ ئەوەی تشریف بێنن. سوپاس

ئیمزای
ئیدریس بارزانی
١٩٨٦/٩/١٤

هاوڵاتیەوە كێتێب

لە لایەن پارتی یەوە بێجگە لە ئیدریس بارزانی، سكرتێری پارتی علی عبدالله و چەند ئەندام مەكتەب سیاسی تر بەشداربوون، لە دانیشتنەكەدا هاوڕێ روناک هەموو بەسەرهاتی گرتنی هاوڕێ زیندانیەكان و پەلامارەكەی سەر ئاڵای شۆڕشی ڕوونكردەوە، وتی ئێمە چاوەڕوانین كە لەم كاتانەشدا ئێوە وتووێژتان هەیە لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی، داوای ئازادكردنی گیراوەكانمان بكەن و بیكەنە مەرجی ڕێكەوتنتان لەگەڵیان. وتی ئێمە هەمان هەڵوێست و داواشمان لە هەموو لایەنەكانی بەرەی جودیش هەیە، زۆر پێی لەسەر ئەوە داگرت كەدابین نەكردنی ئازادی كاركردن دژی رژێمی عێراقی بۆ هەموو لایەک و پشتگوێخستننی لایەک دواتر دەبێتە چەندبارەبوونەوەی تەقینەوەی كێشە لە نێوان لایەنەكانی تریشدا، هەربۆیە ستراتیژیكی كاری هاوبەش بۆ هەموو لایەک دژ بە رژێم لە قازانجی خەباتی یەكگرتووی كوردە لە داهاتوودا. ئیدریس بارزانی وتی ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین

لەو بارەوە قسە لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی دەكەین. باسیشی لە جیابونەوەی جەماعەتی سامی عبدالرحمن كرد و وتی ئێمە وەك پارتی ڤیتۆمان لەسەر كاری سیاسی و چونە جودیش نەبوو بەرامبەریان پێم سەیرە ئەوان ئەوندە تواندن بەرامبەرتان. كۆبونەوەكە بەوە تەواوبوو ئەوان پەیمانیاندا كە لە وتووێژەكانیاندا باسی گیراوەكانی ئالای شۆڕش بكەن. لەگەل بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی حزبی شیوعیش ئەبوحكمەت بۆ هەمان مەبەست دیدارمان بۆ سازكرد، ئەوانیش پەیمانیاندا كە هەوڵی خۆیان دەدەن و لەو بارەوە قسە لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی دەكەن.

كۆچی دوایی دایكی حاكم سەردار

قاعەكانی زێوە ئاوی نەبوو، بۆ بارەگاو بۆ ماڵەكان لە خوار قاعەكانەوە بە دووسەد مەتریک سەرچاوەیەكی ئاو هەبوو بە تەنەكەو سەتل بە شان ئاودەهێنرا، شەقامێكی خۆلیش كە ئۆتۆمۆبیلی پیا دەهات و دەچوو لە نێوان گوندی دزەو ئورومیەدا قاعەكانی لە سەرچاوە ئاوەكە جیادەكردەوە. چەند ڕۆژێک لەوە بەر دایكی حاكم سەردار و گۆران و خێزانی گۆران و هاوسەرە كەم و مناڵەكانم گەیشتبوون، لە كاتێكدا خەریكی هێنانی ئاوی خواردنەوە دەبێت لە سەرچاوەكەوە بۆ قاعەكەو لە كاتی پەڕینەوەدا لە ڕێگاكە جێبیكی كورتی نەفەرگواستنەوەی یەكیک لە ئاوارەكانی پارتی دایكی حاكم سەردار دەكات بە ژێرەوەو كۆچی دوایی دەكات. كارەساتێكی دڵتەزێن و كۆستێكی گەورە بوو، دایكێک خۆشەویستی كورەكەی و تاسەی بینینی گەیاندبوویە ئەو چیاو هەردەو بەوشێوەیە كۆچی ناوەخت بكات هەموومانی خەمباركردبوو، ڕۆژی دواتر لە سەر داوای هاوڕێ حاكم سەردار لاشەكەی دایكیمان برد بۆ ئەڵوەتان و لەوێ بە خاكمان سپارد، زۆربەی هاوڕی یان بەشداری ئەو مەراسیمی بەڕێكردن و ناشتنە بوون.

لە نێوان ١٩٨٦/١٠/٣٠ وە ١١/٨ /١٩٨٦ حەمەئاوات و هەندی كادری تر، بە پێی نامەكانیان بۆمن زیاتر لە چوارجار تەلەفۆنیان كردبوو بۆ سالار عزیز و داوایان لیكردبوو بگەڕیتەوە ، هەر نەگەڕایەوە.

بنكەی شەهید مناف

دەستەیەک پیشمەرگەی تیا دانرابوو، لە لایەن ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی (حاجی مەمۆ) سەرپەرشتی دەكرا ئەركی سەرەكیان كاری ڕاگەیاندن و ریكخستن بوو لە ناوچەكە و لەو ڕێگەوە پەیوەندی ڕێكخراوەیی لە نێوان لیژنەی سەرپەرشتی و كۆمێتەی هەولێرو كۆمێتەكانی تردا بەردەوام بێت. تا ئەو دەمەی هاوڕێ كاكل بەرپرسیاری كۆمێتەكە بوو، لەو بارودۆخە پڕ مەترسیەشدا جوامێرانە سەرپەرشتی كۆمێتەكەی دەكرد ، تا ئەودەمەش خۆم لە ناوەوە بووم، پەیوەندیەكی پتەو لە نێوان

كۆمێتەكانی ناوەوەدا هەبوو. دوای گرتنی ئەو هاوڕێ یانە، حاجی مەمۆ هەوڵی دابوو پەیرەوی لە پرۆژەی بەرنامەكە نەكات، كە ڕیبازی ماركسیزمی شۆڕشگێڕو باوەڕو فكری ئاڵای شۆڕش بوو ، كەسانێكی دانا لە كۆمێتە كە هەڵگرێ بیرو بۆچوونەكانی ئەو بن لەسەر سۆڤیەت و حزبی شیوعی. كەسانێك كە فڕیان بە سەر بیروباوەڕی ئاڵای شۆڕشەوە نەبوو، لەسەر قسەی ئەو كاریان ئەكرد، سەرباری ئەو هەموو داوایەی كۆمێتەی سلێمانی و خۆیشم لێمدەكرد، بۆ كارئاسانی بەستنەوەی كۆمیتەكانی ناوەوە بە یەكەوە. نە حاجی مەمۆ ئامادەبوو ناوێك بناسێنێ تا كۆمێتەی سولەیمانی و هەولێر و كەركوك پەیوەندی بگرنەوە نە ڕێیشی دەدا بە كۆمێتەی هەولیر خۆیان ئەو كارەبكەن. لە كۆبونەوەی كادرە ئەساسیەكانی زێوی ناچار بووین، ژمارەیەك پێشمەرگە لەگەل هاوڕێ شێخ حسێن بنێرینە بنكەی شەهید مناف ، تا لەوێوە هەوڵی دروستكردنی ئەو پەیوەندیە بدات و كۆمێتەكانی هەولێرو سولەیمانی پەیوەندی پەیدا بكەنەوە. هاوڕێ شێخ حسێن بە چاوساغی (وریا) كە باوەڕپێكراوی حاجی مەمۆبوو، چووە ناو شاری هەولێرەوە بە ئومێدی پلاندانان بۆ دروستكردنەوەی پەیوەندی كۆمێتەی هەولێرو سولەیمانی. بەڵام وەك لەو نامەیەی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٧ كە لێپرسراوی كەرتی شەهید ئەسعەد بە ناوی "دكتۆر" ناردوویەتی بۆ حاجی مەمۆ هاتووە بە ئاشكرا باس لە تكتل كاری دەكات ودەڵێ (باوەركردن بەم دۆستانەی لە ڕووی فكریەوە لێمان نزیكن و لە ڕووی سۆڤیەتەوە بیرمان لیبان نزیكە) ئاوا نوسیویەتی، (ئێمە خۆمان كەشف نەكرد وەكو كۆمێتە!) لای ئەو؟ مەبەستی هاوڕێ شێخ حسێنە. دواتر چەند وشەیەكی بازاری نوسیوە لەسەر ئەو دانیشتنەیان! و دەڵیت لە وریا بپرسە بۆت دەگێڕێتەوە!....نامەیەكە قێزەون لە داهاتوودا گەر پێویستیكرد بڵاوی دەكەمەوە. بەوجۆرە ئەو هەوڵەشیان شكست پێهێنا. دیارە (پ.م وریا) كە دەمڕاستی حاجی مەمۆ بووە ڕۆڵێكی ئاژاوەگێڕی دیوە لە تێكدانی وەزعەكەو شكست پیهێنانی كۆبونەوەكەی هاوڕێ شێخ حسین لەگەل كۆمیتەی هەوڵیردا. (نامەكەی وریاش) لە ١٩٨٦/١١/١٧ بۆ حاجی مەمۆش تأكید لەسەر كاری تێكدەرانەی خۆی دەكاتەوە، بۆ تێكدانی كۆبونەوەكەی شێخ حسێن لەگەڵ كۆمێتەی هەولێر و دژایەتی شێخ حسین و هاوڕیكانی دەكاتەوە بە هۆی (جیهانبیی) جیاوازەوە! كە لە نامەكەیدا بە ئاشكرا دان بەوەدا دەنێت كە دژی هاوڕیكانی و ئاڵای شۆڕش لای لایەنە سیاسیەكانیتر قسەدەكات!نوسیویە(هێزە سیاسیەكان! لە گەڵم قسە دەكەن منیش ڕاستی مەسەلەكەیان پێ دەڵێم ....). نازانم لای ئەوانە ڕاستی چیە؟ لەوە زیاتر كە ئاڵای شۆڕش لە دامەزراندیەوە وەك ڕێكخراوەیەكی ماركسیزمی شۆڕش دامەزراوە ، (پ.م وریا) دیسانەوە نوسیویەتی(محاوەلەش دەكەین لیرە بەدواوە بە سەریاندا زاڵ بین !) پ.م وریا لە بارەی كۆمێتەی هەولێریشەوە نوسیویەتی :(تاكو ئێستا نەمهیشتووە كەس دەستیان

تێوەربدات، دیارە (م.عادل)بە ناوی دەزگای ڕێكخستن نامەی ڕەوانەكردووە شێخ حسێن بچێتە ناوشار و نامەی شاری پێ بوو منیش هەرزوو لە نیازیان گەیشتم دەیانەوێ دەستی تێوەربدەن)!.... وریا دیسان لە خاڵی (٩) ی نامەكەی بۆ حاجی مەمۆ دەنوسیت: دەربارەی توهمەتی دزی دەربارەی تۆ پێش هاتنی ئەوانەش هەبوو بەڵام بەم جۆرە نەبوو فوئاد جارێک باسی كرد گوایە گۆران باسی كردبوو حاجی (٢٠٠) دیناری لێ وەرگرتوە كەس ئاگادار نیە، شتی تریش! لە خاڵێكیتری نامەكەیدا پ.م وریا لە بارەی كۆمێتەی هەولێرەوە ! نوسیویەتی(بریاریشە لەم ماوەدا پارەكی باش كۆ بكەنەوە دوایی ئاگادارت دەكەمەوە، لەسەر مەسەلەی سۆڤیەت برادەرانی كۆمێتە كەس نیە بە سۆسیالیستی نەزانێ... سەیرە كەسێک ، پێشمەرگەیەک ، بەرپرس نەبی و بە ناوی كۆمێتەوە نامە بنوسێت؟ وەک خۆی لە نامەكەیدا بۆ حاجی مەمۆ دوبارە دەنوسێ(نامەیەكم بۆ برادەرانی ڕانیە نارد بە ناوی كۆمێتە!..)و(بە گشتی وەزعی كۆمێتە زۆر باشە نایەڵم كەس دەستكاری بكات!) و (هەوڵ ئەدەین بۆ ئەم كۆبەنەوەیە خۆمان ئامادە بكەین و ساغی دەكەین!)و(برام ئەو گیروگرفتانەی ناو ئاڵا ئەگەر زوو چارەنەكرێ و ساغ نەكرێتەوە بەلای خۆماندا كاری خراپ ڕوبەڕووی ئاڵا دەبێتەوە)...نامە ئیمزا كراوەكەی وریا بۆ حاجی مەمۆ بەرواری ١٩٨٦/١١/١٧ ی لە سەرە.....ئەوە بەشێكی بچووكە لە دەست تێوەردانی عەشائیریانەی كەسانی نا مەسئولی وەک وریا لە كاری كۆمێتەیەک.. .لە كاتێكدا من لە وەڵامی نامەیەكدا كە هاوڕێ یان ڕیبوارو شاسوار ئەندامانی كۆمێتەی سولەیمانیش بوون ناردبوویان بە شەخسی بۆ من (عادل) پشتگیری خۆیان بۆ (عادل) دەربڕی بوو، نامەیەكی ڕەخنە ئامیزی تووندم بۆ ناردن تا فێربن خۆیان پابەندكەن بە بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕو پرنسیپەكانی ڕێكخستنەوە و خۆیان دوور بگرن لە پابەندبوون بە(كەسەوە) و ڕاوبۆچوونێ گەرهەیانبێ لەسەر هەر یەكێ و هەر شتێک دەبێت لە كۆبوونەوەی دەستەجەمعی كۆمێتە بكرێت ولە كەشێكی ڕادەربڕینی ئازادا. هاوڕێ یانی كۆمێتە دەبێت لە دانیشتنەكانیاندا ڕووبەڕوو باسی بكەن و دوایی، ڕاپۆرتی گشتی كۆمێتە ئاراستەی دەزگای ڕیكخستن بكەن...ئەوە مشتێكە لە خەروارێک، سەبارەت بە هەڵەكانی سەرەتای دروست بوون و سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش. دانانی كەسانێک ساغ نەبوبنەوە لەسەر لانی كەمی فكری ڕیكخستنەكە...كەسانێک لە ڕێكخراوەیەكدا كار بكەن بێ ئەوەی بزانن ڕێكخراوەكەیان پەیڕەوی لە فكرو ئایدۆلۆژی ماركسیزمی شۆڕشگێڕی دەكات، جیهانبینی و فكری جیاوازو....بە دەیان نامەیتری كۆمەڵەو مەلا بەختیارو ئاڵای شۆڕش و بنكەی زێوێ و كادرە پێشمەرگەیی و سیاسیەكانی ئالاو بنكەی شەهید مناف (لە هەردو ڕەوتەكە)و كۆمێتەی هەولێرم لایە وەک دیكۆمێنت هەڵم

گرتوون، بە تەمام لەگەڵ هەموو نامە بڵاونەكراوەكانیتری كۆمەڵەو (ئاڵای شۆڕش-زێوێ) دا گەر تەمەن بوار بدات هەمووی چاپ بكەم لە بەرگێكیتردا..

هەوالنامەی كتێب

پەیوەندی كۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتكیشان و ئاڵای شۆڕش

لەسەر پێشنیاری دكتۆر قادر كە بەرپرسی پەیوەندیەكانی ئاڵای شۆڕش بوو چووین بۆ شاری سنە. لەوێوە یەكێك لە هاوڕێ بەرپرسەكانی كۆمەڵەی زەحمەتكێشان لە سنەمان لەگەڵدا هات بۆ مەریوان. بریاربوو یەكێك لە بەرپرسەكانی پێشمەرگەی كۆمەڵەی زەحمەتكێشان ببینین بۆ داڕشتنی شێوازی هاوكاری ڕێكخراوەیی یەكتر. لە زێوە لە (مەلایاسین) بەولاوە كەسیتر بەو ئەركەی نەدەزانی، چونكە ئاشكرابوونی لای ئێرانیەكان بە لەناوبردنی هەموومان تەواودەبوو، لەبەر ئەوە بێجگە لە دكتۆر قادر تەنها بە (مەلایاسینم) وت نەبا كارێك ڕووبدات و ئێمە تیابچین و نەگەڕێینەوە. لە سنە بەڕێكەوتین بۆ مەریوان، لە مەریوان لە ماڵیك تا تاریك داهات چاوەڕوانیمانكرد، لە گەڵ خۆر ئاوابووندا زۆر بە وریایی یەوە، هەرسێكمان لەشار چووینە دەرەوە، لە كاتێكدا چواردەوری شار بە چەندین ڕەبایەی سوپای پاسداران تەنرابوو، ماوەیەكی زۆر بە بەرزاییەكاندا سەركەوتین بەرەو ئەو شوینەی دیاری كرابوو بۆ یەكتربینین، هاوڕێكەی كۆمەڵەی زەحمەتكێشان ڕێپێشاندەرمان بوو، گەیشتینە چڕە دەوەنێك، لە ناودەوەنەكانەوە سەرەتا سێ كەس هەڵسانە سەرێ و بانگیان لێ كردین دوانیان پێشمەرگەی پیاوو یەكێكیشیان ژنە پێشمەرگە بوو بە چەكەوە، داوایان لێكردین بەرەوڕوویان بچین، كە نزیكبوونەوە لێیان بینیمان فەرماندەی هێزی كۆمەڵە (عبدالله دارابی)یە، بە گەرمی بەخێرهاتنیان كردین، پاش تاوێك زانیمان كە هێزەكە بەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوەو چاوەروانی فەرمانی هێرش بوون بۆسەر سوپای پاسداران، ژمارەیەكی بەرچاو پێشمەرگەی ژنیان لەگەڵ بوو، لەگەڵ فەرماندەكەی كۆمەڵە وا ڕێكەوتین كە لە كاتی بریندار بوونی هاوڕییانیان یا هەڵاتنی هاوڕێ یانی شارەكانیان لە دەست ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران كۆمەكیان بكەین، لە بەرامبەردا ئەوانیش لە باشووری كوردستان هاوكارمان بن بۆ دەربازكردن و گواستنەوەی ئەو هاوڕێیانەی ئاڵای شۆڕش لە شارەكاندا كە تووشی پەلامارەدبن لە لایەن ڕژێمی فاشیی عێراقەوە. داڕشتنی ئەو پەیوەندیە چەندە مەترسیداربوو بۆ هەردوولامان ئەوەندەش پێویست بوو بۆ هەردوولا. فەرماندەی هیزەكە عبدالله ی دارابی دوای تواوبوونی باسەكان پرسیاریكرد شەو لە كوێ دەمیننەوە، وتم مەریوان. ئاگاداری كردین كە شەو لەوێ نەمێنینەوەو بچینە شوێنێكیتر چونكە ئەوشەو دەدەین بەسەر سوپای پاسدارانداء هەربۆیە لەگەل دكتۆر قادرو هاوڕێكەی كۆمەڵە بەرەو مەریوان گەڕاینەوە، یەكسەر هاوڕێكەی سنە ئۆتۆمۆبێلیكی گرت بەكرێ و لە مەریوان چووینە دەرەوە بۆ گوندێكی نزیكی شاری مەریوان، لەوێ لە ماڵێكی ناسیاوی ئەو هاوڕێ یە لامانداء خانە خوێكە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی كردین، نانیان بۆ هێناین، ئێمە لە نانخواردندا بووین گوێمان لە شڵپەی تەقینەوەبوو لای مەریوانەوە،،

بۆ بەیانی زوو کەوتینەوەڕی بۆ ســـنە وشـــەوەکەی میوانی مـاڵی جمـال حەمەی خواکەرەم بووین. جەمالی حەمەی خواکەرەم یەکێک لە ئەندام و فەرماندە پێشمەرگە دێرینەکـانی کۆمەڵە بوو، بە ئـازایەتی و زیرەکی خۆی بووبووە فەرمـانـدەی تیـپ، فەرماندەیەکی جوامێر، دڵسۆز، لە ڕاپەڕینەکانی کاتی مفاوەزاتەکەی یەکیتی لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ پێشـــمەرگەکانیدا پەلاماری مقری تۆپیو عوســـمانیان دا لە گەرەکی تووی مەلیک لە ســلیمانی و گرتیان، لە دەســتپێکردنەوەی شـــەڕی یەکیتیش لەگەڵ حکومەت ئەوبوو دوای گرتنی ڕەبـایەکـانی حکومەت لە (دابـان) یەکەم تەقەی ســـەرکەوتنی کرد، دوای هێرش و پەلامارەکانی یەکیتی نیشـــتمانی بۆســـەر ئاڵای شـۆڕش ئەمیش کەوتە بەرشـاڵاوی هێرش و پەلاماری یەکیتی نیشـتمانی وناچارکرا بە هەڵاتن بۆ ئێران..ڕۆژی دوایی لەگەڵ دکتۆرقادردا ئێمە گەڕاینەوە بەرەو زێوێ.

پیلانی یەکێتی

یەکێتی نیشـتمانی و حزبی شـیوعی دوو مۆتەکەی گەورە بوون لەســەر ســنگی ئاڵای شۆڕش، هەریەک بە شێوازی خۆی و لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە کە توانیبویان لە خۆیان نزیک بکەنەوە هەوڵیان دەدا بە هەرشـیوەیەک بۆیان دەکرێت ئاژاوەگێڕی بکەن، لە زێوی تەنهـا کۆمەڵ کە چەکیـان پێ بوو جەمـاعەتی جلالی حەمەی محە بوو، دوای گرتنی مەلابەختیار تاڵەبانی وێستی بیانگرێت (لەو گرتنە رەشـۆکی یەی دەســتی پیکرد) دژی ئاڵای شـــۆڕش ، من نامەم بۆ نارد بۆ شـــارباژیر کە تاڵەبانی بریاری گرتنی دەرکردووی و ئەویش گەیشـتبووە زێوێ. دیارە نامەم بۆ هەموو ئەو کەســـانە دەنـارد کە بریـاری گرتیـان لە لایەن جەلال تـاڵەبـانی یەوە دەردەچوو (گەلیکیشـــیان) ئاڵای شـــۆڕش نەبوون وەک هاوڕی نەبەز. لەو ڕۆژانەدا چەند نـامەیەکم بۆ هـاتبوو کە جلال حەمەی محە و عیمـاد ئەحمەد پەیوەنـدیـان بە یەکێتی یەوە کردۆتەوە و جلال دەچیتەوە ناویان و هەندێ کاریان پی ســـپاردووە. جارێک ویســـتی ئـاژاوە بنێتەوە، دواتر داوای لیکردم موافەقەتی ئێرانیەکـان و پـارتی بۆ وەربگرین تا بچێت لە ئەلوەتان بنکە بکاتەوە، من دەمزانی دەرووانەوە ناو یەکێتی، لەو پێشمەرگانەی لاشی بوون تیایاندابوو خوێندکاری خۆم بوون هەموو شتێکیان بۆ باسدەکردم، پاش ئەوەی ڕەزامەندی ڕۆیشتنم لە ئێرانیەکان و لە پارتی بۆوەرگرت ، پێش ڕۆیشـــتنیـان ، ئەو چەند پێشـــمەرگەیە هاتن خواحافیزیـان لێکردم و وتیـان دەمانبانەوە بۆ ناو یەکێتی.. وتم پێشمەرگایەتی لە هەرشوێنێک بێت پێشمەرگایەتیە، گرنگ ئەوەیە ڕۆژێک نەتانکەنە کەواڕە شـی بەرلەشـکر یا دەستتان سـووركەن بە خوێنی کورد، ئەوان ڕۆیشـــتن بۆ ئەڵوەتان و دواتر شـــەو لەوێوە چووبوونەوە ناو یەکێتی. لە ئەڵوەتان بنکەی پێشـــمەرگەی حزبی شـــیوعی و پارتی لێ بوو. دوای ڕۆیشـــتنی ئەوان ئیدریس بارزانی ناردی بە دوامدا و وتی تۆ داوای ڕەزامەندی

ئێمەت كردبوو بۆ جلال، لەسەر سیقەی تۆ بۆمان كرد، كێ دەڵێ دەستیان نەدەوەشاند لە پێشمەرگەكانی ئێمە؟ لێی پرسیم تۆ هەواڵت هەبوو كە دەڕۆن؟ وتم بەڵێ لە مێژە ئاگاداری هەموو جوڵەیەكی بووم ، پرسی بۆ بە ئێمەتان نەگوت دەمانگرتن، منیش پیكەنیم و وتم كاك ئیدریس ئێمە باوەڕمان بە ڕاپەڕینی شارەكان هەیە نەك بزوتنەوەی چەكدار، بۆ ئێمە لێرەبێ یا لەوێ جیاوازی نیە، بگرە لێرە دەبن بە بار بەسەرمانەوە، دواتریش من لای هەندێ لە چەكدارەكانی لای ئەوەوە پەیمانم پێدرابوو كە ڕێگە نادەن كاری وا ڕووبدات.

سەبارەت بە بارودۆخە ناوخۆییەكەی ئاڵای شۆڕشیش لە دەرەوەی شارەكان بە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە فریای پەروەردەی كادیر نەكەوتبوو، ئاستی هوشیاری فكری و تیوری زۆر لە خوارەوە بوو، هەر لە سەرەتاشەوە كەسانێكی تێكخرا كە بە ئاشكرا نەیاری بیروباوەڕی ماركسیزمی شۆڕشگێربون. نەخۆشیەكانی ناوەكێتی لێرە زۆر بە ڕونی خۆی دەنواندەوە. كاتی پەلامارەكەی یەكێتیش بۆسەر ئاڵای شۆڕش هێشتا ڕێكخستن بە مانا ڕێكخراوەییەكەی دروست نەبووبوو، تەنها یەك ریكخراوی نەبوو، لەو كاتەدا ئەوەی هەبوو ئەڵقەی ڕێكخستن بوون و لە لایەن ئەو كەسانەوە بەڕێوە دەبران كە پەیوەندیەكانیان بۆ دروست كردبوون. هێشتا ئاڵای شۆڕش تەنها یەك هەنگاوی نەنابوو بۆ پەروەردەی كادری هوشیارو خاوەن باوەر، گەرچی لایەنەكانی دەرەوەی ئالای شۆڕش ئەوەیان نەدەزانی و وایان دەزانی ڕیكخراوەو ڕیكخستنێكی گەورەو جیاوازە، سەرباری ئەو باروگوزەرانە سەختە و نەبوونیەی هاوڕێ پێشمەرگە هەڵاتوەكانی تێكەوتبوون. ئەوانە زەمینەیەك بوون تا جێ پەنجەی دەست تیوەردانەكانی حشع و یەكێتی لە ناو بنكەی زێوە و بنكەی شەهید مناف زۆر بە زەقی دیاربن. دوای هێرشەكەی یەكێتی نیشتمانی بۆ سەر ئاڵای شۆڕش و گرتنی ئەو سێ هاوڕێ یەی ناوەندی نوسەران، دە ستكرا بە كۆكردنەوەی ئەڵقەكان لە شێوەی ڕێكخراودا، ئەودەم بە هۆی گەرم و گوڕی هاوڕێیان لە جێبەجێ كردنی ئەركەكانیاندا لە شارەكاندا، ئاڵای شۆڕشی وەك ڕێكخراوەیەكی مەزن دەهاتە پێش چاوی دۆست و دوژمن.

دكتۆر قادر كە پەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئاڵای شۆڕش بوو ئاگاداری كردم كە لە مەریوانەوە هەواڵمان بۆ هاتووە، سواره دەڵێت قەرارگای ڕەمەزان چەكەكانتان دەدەنەوە بابێن بۆی! من ئەو قسەیەی سوارەم پێ سەیربوو، عەقڵم نەیدەبڕی ئێرانیەكان ئەوكارە بكەن. بەڵام بۆ ئەوەی ڕۆژێ نەوتری ئێمە ئەماندایەوە ئێوە نەهاتن، هاوڕێیانی زێوەم ئاگاداركرد كە دەچم بۆ مەریوان و سنە بەدەم ئەو هەواڵەوە، پێموابێت هاوڕێ خەباتی شێخ جنابیشم لەگەل بوو هەندێ هاوڕێ ی ئالامان بینی، بەڵام هەروەكو چاوەڕوانیم دەكرد هەواڵەكە ناراست بوو درۆیان لەگەڵ كردین..ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە زێوە.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٧ كاتێک گەڕامەوە زێوێ، هەستمكرد بارودۆخەكە ئاسایی نیە، سەرەتا چومە ماڵەوە بۆ بینینی هاوسەرو منداڵەكانم، پاش كەمێک تاراخان هاوسەری عماد ئەحمەد بە شپرزەیی هات وتی مامۆستا عادل عمادیان زیندانی كردووە! من زۆرم بەلاوە سەیربوو بڕوام نەدەكرد، چونكە ئاڵای شۆڕش زیندانی نەبوو، بەڵام ئەو كە زانی سەرسام بووم قسەكانی دوبارەكردەوە، پرسیم لەسەرچی و كێ ئەو كارەی كردووە؟ وتی لەگەڵ چەند كەسێكدا شەڕی بووە. لەو كاتەدا عدنان خانەقینی كە بەرپرسی ئیدارە بوو هات، لێمپرسی چی ڕوویداوە ؟ ئێمە زیندانمان كواهەیە وا ئەم ئەڵێت عماد زیندانی كراوە؟ پێمبڵێ لە كوێیە؟ وتی لە ژوورەكەی (ئاسۆ علی)یە و باشترە لەگەڵ حاكم سەردارو مەلایاسین و ئاسۆعلی قسە بكەیت. یەكسەر هەڵسام چووم بۆ لایان، گوێم لە قسەكانیان گرت، دواتر چووم بۆ لای عماد لە ژورەكەی ئاسۆ دەرگای لەسەر داخرابوو، كە چوومە ژوورەوە، دیم ژورەكە وەكو سوتابێت، لە عمادم پرسی چی ڕوویداوە؟ وتی هاتونەسەرم و تەعەدایان لێكردووم! وتم شەڕەكەتان لەم ژورەی ئاسۆدا دابووە و تۆ بۆ هاتویت بۆ ئەم ژوورە؟ ئەو كە لە هەڵچون و بارێكی دەرونی خراپدا بوو چەند قسەیەكی بە ئاڵای شۆڕش وت، وتم تا ئێستا ڕاستی هۆكاری شەڕەكەت بۆ باس نەكردوم، بەڵام كە تۆ لەبەردەمی منا ئەو قسە هەڵانەت بە ئاڵای شۆڕش وت، لە كاتی شەڕەكەشدا كردووتن، ئەمەوێت ئەوە بزانیت من دەزانم كە تۆ پەیوەندی ژێرەكیت بە یەكێتی نیشتمانیەوە هەیە سەرباری پەیوەندیشت بە حزبی شیوعیەوە لە ڕێگەی ئەبو حكمەتەوە، عماد ئەحمەد وتی(من سیاسەت دەكەم كارم بە مبادئەوە نیە!). ئەو ئەو ڕاستیەی وت كە باوەڕی پێی بوو. بە عمادم وت دەتوانیت بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە ئێمە لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە دروست دەكەین بۆ شەڕكەرەكان . لیژنەكەش پێكهێنرا لە ١- هاوڕی بابكر درەیی٢- هاوڕێ صلاح صدیق ٣- هاوڕی مامۆستا حمید٤- هاوڕێ حەمە ڕەشید ٥- هاوڕێ ئەكرەم.

بریارەكانی لیژنەی لیكۆڵینەوە

لیژنەكە دوای لێكۆڵینەوە دوابریارەكانی خۆی خستە بەردەست لیژنەی سەرپەرشتی بەم جۆرەی خوارەوە:

بۆ لیژنەی سەرپەرشتی بەرێز

١٩٨٦/١١/١٣

سلاویكی شۆڕشگێڕانە

هاوڕی یانی بەرێز

لیژنەكەمان لیژنەی لێكۆڵینەوە ، هەستاین بە جێ بە جێكردنی لێكۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوەی كە لە بەرواری ١٩٨٦/١٠/٢٥ ڕوی دابوو. وە بریارەكانیش بەم شێوەیەیە

	ناو جۆروماوەی سزا			لە بەرواری تیبینی
1	هاوڕێ عماد ئەحمەد	٥ مانگ	تجمید	١٩٨٦\١٠ /٢٥
2	هاوڕێ ئەمیر	٢مانگ	تجمید و دووڕۆژخەفەر	١٠/٢٥
3	هاوڕی مەلایاسین	بیست ڕۆژ	تجمید	١٠/٢٥
4	هاوڕێ ئاسۆ علی	دە ڕۆژ	تجمید	١٠/٢٥
5	هاوڕی سمیر ئەحمەد	دوو ڕۆژخەفەر =		
6	هاوڕی حاکم سردار	ئینذار		
7	هاوڕی فەرهەنگ	ئینذار		
8	هاوڕێ عدنان	ئیندار		
9	هاوڕی سلام	ئینذار		
10	.هاوڕی ماجید	ئینذار		

لیژنەی لێکۆڵینەوە
١٩٨٦/١١/١٣

ئیمزاو ناوی ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە
هاوڕێ/ بابکر. هاوڕێ/صلاح. هاوڕی/أكرم هاوڕێ/حمید هاوڕێ / حەمە ڕشید

هەوالنامەی کتێب

ڕێکەوتنەوەی یەکێتی و پارتی لە تاران

دوای ئەوەی بە هەوڵەکانی حەمەی حاجی محمودو حەمە ڕەحیم لە حزبی سوسیالیست یەکیتی نیشتمانی لەگەڵ ڕژیمی جمهوری ئیسلامی ئێراندا ڕێکەوت، پەرژەوەندیەکانی جەنگەکە بە نیسبەت ئێرانەوە وای دەخواست ناکۆکیەکانی نێوان یەکیتی و پارتی کۆتایيان پی بهێنرێت، تا بتوانێت باشتر کەڵک لە هێزەکانیان وەرگرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەیویست کۆبونەوەیەکیان بۆ سازبکات لە تاران .

جلال تاڵەبانی لە هەموو ئەو هەوڵانەی لە ڕیگا جیاوازەکانەوە دەیدا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران، لە لایەن ئێرانیەکانەوە بەڕەوڕووی مەرجی تەقاندنەوەی بۆریە نەوتیەکانی کرکوک دەبوەوە. جمهوری ئیسلامی ئێران بە خەیاڵی خۆیان لەو ڕیگەیەوە هێڵی گەرانەوەی تاڵەبانی بۆ لای سەدام ببڕێت. تاڵەبانی بەو مەرجەش ڕازی بوو، دواتریش لەگەڵ سوپای پاسداران هەڵسان بەوکارە. لای ئێرانیەکان ئەوەندەی توانی دژی ئاڵای شۆڕش قسەی کردبوو، بەڵام نەیتوانیبوو ئەوە نده قەناعەت بە ئێرانیەکان بهێنێت لە ئێران بمانکەنە دەرەوە، گەرچی تا ڕادەیەکی زۆر بەربەستیان دروست دەکرد لە جوڵانماندا. ڕژیمی جمهوری ئیسلامی ئێران، بۆ

ئەوەی بتوانێت جموجوڵە سەربازیەكانی دژی ڕژیمی سەدام فراوانتر بكات، تا ڕژێمی عێراق ناچار بە ناردنی بەشیكیتری زیاتری سوپاكەی بۆ كوردستان بكات و بەرەكانی بەعس لە خواروو و ڕۆژهەڵاتی بەرەكانی خوارو لاوازبن پێویستی بەوەبوو كۆتاییی بەو ناكۆكی یە بهێنێت، یان هەرهیچ نەبیت دوای بخات، كە لە نێوان یەكیتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستاندا هەبوو. بۆ ئەو مەبەستەش جلال تاڵەبانی و ئیدریس بارزانی بانگهێشت كرد بۆ تاران.

ڕۆژێک پێش چونی ئیدریس بارزانی بۆ تاران ناردی بە دوامدا سەردانی بكەم، بۆ ئەو مەبەستەش وەک گەلێک جارئۆتۆمۆبێلەكەی خۆی (جێبێکی بچوک بوو) نارد، چونكە ئێمە ئۆتۆمۆبێلمان نەبوو، بە ئامادەبونی علی عبدالله و زۆرێک لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی پارتی بە گەرمی پێشوازی لێكردم. وتی بریارە لە ڕۆژانی داهاتوودا بچم بۆ تاران و لەگەڵ مام جلال دادەنیشین بۆ ئەوەی كێشە زۆرلەسەركەوتوەكان چارەسەر بكەین و ماڵی كورد یەكخەینەوە، ئەو زۆر بە پەرۆشەوە باسی لە كۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ دەكرد. پاش ئەوەی لە قسەكانی بووەوە وتی (ئێوە هەر بە دۆستی ئێمە دەمێننەوە) . من بەو ڕستەیەی دوایی قسەكانی تێگەیشتم كە لە لایەن یەكێتی یەوە فشاریان لەسەرە سەبارەت بە پچرانی پەیوەندی پارتی بە ئاڵای شۆڕشەوە. ئیدریس بارزانی پرسی پێتوایە داواكاری مام جلال چی دەبێت؟ دیاربوو دەیویست ڕاوبۆچوونی من تاقی بكاتەوە. پێموت : ئەو گفتوگۆیە و ڕێكەوتن، كە لە ژێر فشاری جمهوری ئیسلامی ئیرانیدا ئەنجام ئەدریت سەركەوتوودەبێت چونكە یەكێتی ناتوانێت لە بریارو داواكاریەكانی ئێران بچێتە دەرەوە، تاڵەبانیهەموو مەرجكی ئێران قبوڵ دەكات، لەبەر ئەوە ترسی ڕێنەكەوتن لە ئارادا نیە. بەڵام دەبێت ئەو ڕیكەوتنە بە ستراتیژی بكرێت، واتە كەسی لێ نەبوێرێ و ڕیشەیی بێت، ئەگینا ئەگەر لەسەر حسابی ئێمە تەواوبێت و ئازادی كاری سیاسی و هەموو لایەک نەسەلمێندرێ ئەوا گەرچی بۆ ماوەیەک شەڕی ناوخۆ دەوەستێ بەڵام كاتیی دەبێت و ئەو قیتۆ لێدانە درەنگ یا زوو لایەنەكانی تریش دەگرێتەوە. پرسی پێتوایە قیتۆ لێبدات ؟ وتم بەڵێ مەرجی سەرەكی تاڵەبانی بۆ ڕێكەوتن لەگەڵ ئێوە پچراندنی هاوكاری و پەیوەندیەكانی ئێوەدەبێت بە ئاڵای شۆڕشەوە، خۆ ئەو لە كاتێكدا تونترین پەیوەندی دروستكردووە بە جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە نایەت داوای پچرانی پەیوەندیتان لە ئێران لێبكات. كێشەی سەرەكی تاڵەبانی لەناوبردنی ئاڵای شۆڕشە و یەكێک لە داواكاریەكانی دەبێت. تاڵەبانی ناشتوانێت لەو بانگ كردنە ڕێكنەكەوێت لەگەڵتان چونكە ئەوە خواست و پەرژەوەندی و بریاری جمهوری ئیسلامی ئێرانە كە دەبێت ئێوە ڕێكەون. لەبەر ئەوە پێموایە باشترین فرسەتە تا ئێوە پێ لەسەر بەرقەراری ئازادی كاری سیاسی و پێشمەرگەیی هەموو لایەنەكان بكەن و هەڵێكی باشیشە بۆ داوای ئازادكردنی هاوڕی گیراوەكانمان،

مەلابەختیارو شێخ عەلی و مامۆستا پشكۆ. ئیدریس بارزانی سەیری هەندێ لە ئەندامە ئامادەبوەكانی مەكتەب سیاسیانی كرد و هیچی نەوت . لە كۆتایی دانیشتنەكە دوبارەیكردەوە كە ئەوان وەك پارتی دەست لە دۆستایەتی ئاڵای شۆڕش بەرنادەن.

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٣٠ لە لایەن بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئاڵای شۆڕش ئاگاداركراین كە ئێرانیەكان داوای یەكتربینینیان كردووە و بە گەرمی هەوالّی سالار عزیز دەپرسن. لە ١٩٨٦/١٠/٣١ واتە ڕۆژی دوایی چووین بۆ دانیشتن لەگەڵ (مستەفەوی)(كە بەرپرسی ئیتلاعاتی ئازربایجانی غەربی و كوردستان بوو، وە بەرپرسی پەیوەندیەكانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و كوردستان بوو) دوو لە هاوڕێیان هاتن لەگەڵم وابزانم حاكم سەردارو مەلایاسین بوون. مستەفەوی وتی سالارعزیز ڕۆیشتۆتەوە بە ئێمەی نەوتووە، ئێستاش كۆنفراسێكی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەدەستەوەیە دەبێت ئامادەبێت و بێتەوە، وتم كاك سالار بۆ كاری ڕێكخراوەیی ئاڵای شۆڕش چووە بۆ ئەوروپا، كەی زانی كارەكەی تەواو بووە دێتەوە..

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ تا ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٤ چوارجار هاوڕییان تەلەفۆنیان بۆ سالار عزیز كرد تا بێتەوە، بەڵام بڕوام نەبوو بگەڕیتەوە ، چونكە دەیزانی كە جەلالیەكان بە ڕێكەوتنی لەگەڵ ئێرانیەكان و پارتی دا بوونەتە باڵادەست و گەمارۆی سەر ئاڵای شۆڕشیش تونددتر دەبیتەوە....

چەند ڕۆژێك دواتر بەیانێكی هاوبەشی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان ڕاگەیەنرا كە لە لایەن جلال تاڵەبانی ئیدریس بارزانی یەوە ئیمزا كرابوون، ئەمەش دەقی (بەلاغی هاوبەشی كۆبونەوەی ١١/٧/ ١٩٨٦تارانی) یەكیتی نیشتمانی و پارتی دیموكراتی كوردستان :

بەلاغی هاوبەشی كۆبونەوەی ١٩٨٦/١١/٧
پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان
لە تاران

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٧ دا وەفدی پارتی دیموكراتی كوردستان – عێراق بە سەرۆكایەتی هەڤاڵ ادریس بارزانی و وەفدی یەكیتی نیشتمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی هەڤاڵ مامجەلال كۆبونەوەی هاوبەشیان كرد بۆ چارەسەركردنی كێشەی نێوانیان و داڕشتنی بنچینەو ڕێ و شوێنی پەیوەندی دۆستانە و هاوكاری نێوانیان ڕوو لە كۆكردنەوەو یەكخستنی هەمو هێزو توانای گەل و وڵاتەكەمان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە عیراقدا و مسۆگەركردنی مافە ڕەواكانی گەلەكەمان.

میواندارى كردنى كۆمارى ئیسـلامى ئێران لە هەردوو وەفدەكە و پشـتیوانى كردنى لە یەكیتى هێزە شۆڕشـگێڕەكانى گەلەكەمان و خۆشحاڵى و دەورى ئیجابیان لە پێكهاتنى پارتى دیموكراتى كوردسـتان-عیراق و یەكێتى نیشـتمانى كوردسـتان، شایەنى سوپاس و ڕیز لێنانە.

لەم كۆبونەوە گرنگەدا وەفدى هەردوولا بە گیـانى بەرزى هەسـت كردن بە مەسئولیەت و بە ڕاشـكاوى لە مەسـەلە گرنگەكانى كوردستان و عیراق و ناوچەكە دوان، بەر لە هەمویان پێویستى یەكخستنى هێزە شـۆڕشـگێڕەكانى كوردسـتانى – عێراق و پیكهێنانى بەرەى نیشـتمانى فراوانى عێراق و كۆتایى هێنان بە جەنگى ناڕەواى عیراق دژى كۆمارى ئیسلامى ئێران بە ڕوخاندنى رژیمى فاشـى عێراق و ئەركەكانى ئەمڕۆى خەبات و مافى ڕەواى گەلى كورد.

لە ئەنجامى گفتوگۆى برایانەو دڵسـۆزانەدا پارتى دیموكراتى كوردسـتان-عیراق و یەكێتى نیشتمانى كوردستان پیكهاتن لە سەر :

١-هەوڵى تەواو و بەردەوام بۆ بەگەڕخسـتنى هەمو توانـاى هەردولا بەرەو ڕوخاندنى ڕژێمى بەعسى عەفلەقى.

٢-دابین **كردنى ئازادى چالاكى سیاسـى ،عەسـكەرى، ڕێكخراوەیى هەردولا** لە هەمو ناوچەكانى كوردستانى عێراق بۆ گەشەپیدانى خەبات.

٣-وەستاندنى چالاكى ڕاگەیاندنى هەردولا لە دژى یەكتر، چە چالاكى ڕاستوخۆ بێت یا ناراستەوخۆ.

٤-ڕێگەگرتن لە شەڕى براكوژى و حەرام كردنى.

هەروەها ڕێكەوتنیكى هەمەلایەنەى سـیاسـى ،عەسـكەرى، ئیعلامى دوو قۆلى مۆركرا و كۆمیتەیەكى بەرز لە سـەركردایەتى هەردولا دیارى كرا بۆ دانانى ڕى و شوێنى جێ بە جێ كردنى ڕێكەوتنەكەو گەشەپیدانى پەیوەندى نێوانیان.

جەماوەرى خەڵكى كوردستان

تێكۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەكان

كێشـەو ناكۆكى ناو جوڵانەوەى ڕزگاریخوازانەى گەلەكەمان بە گشـتى، كیشـەو ناكۆكى نێوان پارتى دیموكراتى كوردستان –عیراق و یەكیتى نیشتمانى كوردستان بە تایبەتى هۆیەكى كاریگەرو كۆسـپیكى گەورە بو لە ڕیگەى گەشـەكردن و بۆ پێشەوە چوونى جوڵانەوەى گەلەكەمان. لە ڕیگەى كۆكردنەوەو بە گەڕخستنى بەشى هەرە فراوانى كۆمەڵانى خەڵكى كوردسـتان پیكهاتن و هاوكاریشـیان بایەخیكى گرنگ و شـوێنەوارى كارگەر لەو بوارەدا ئەخاتەوە. دۆست دوژمنەكانى گەلەكەمـان ئەجوڵێنى بۆیە بە یەك دەنـگ داوا لە كۆمەڵانى خەڵـك و لایەنە سیاسیەكان و تیكۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەكان ئەكەین كە دڵسۆزانە و هوشیارانە

پشـــتیوانی لە ســـەركەوتنی ئەم ڕێكەوتنە بكەن و وریای پیلان و دەس تێوەردانی دوژمنان بن.

پارتی دیموكراتی كوردستان-عیراق ئیمزای تاڵەبانی

ئیمزای ئیدریس بارزانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان

١٩٨٦/١١/٨

ئەوە دەقی بەلاغەكەیە كە بەوجۆرە نوســـراوە بێ دەســـكاری وەكو خۆی نوسیومەتەوە . گەر لە خاڵەكانی ١ و ٢ و ٣ وردبیتەوە چەندپاتی ووشەی (هەردولا) دەكاتەوە، خاڵی ٢ و ٣ دەربارەی وەستاندنی پەیوەندی پارتیە بە ئاڵای شۆڕشـەوە ، دەردەكەوێت خاڵی ٣ كە گرنگترین خاڵەكانی ڕێكەوتنەكەیانە لە دژی ئاڵای شۆڕش بووە.

ئەو مەرجانەی ڕێكەوتنەكەیان گەرچی ناوی ئاڵای شـــۆڕش نەهێنرابوو بەڵام بەڕوونی خاڵەكانی پێیان لەســـەر هاوكارینەكردنی نەیارەكانی یەكتری دەكرد. لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ پارتی بە فەرمی ئاگادارییانكردین بە پێی بەندەكانی ڕێكەوتن لەگەڵ یەكێتی نیشـــتمانی بەرنامەكانی ئاڵای شـــۆڕش كە لە ئێســـتگەكەی ئەوانەوە پەخش دەكرا ڕادەگیریت. ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٩ داوای كۆبونەوەم لەگەڵ علی عبدالله ســـكرتیری پارتی دیموكراتی كوردســـتان كرد. ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٠ كۆبونەوەم لەگەڵ علی عبدالله لە مەكتەب ســیاســی پارتی لە ڕاژان كرد، وتیان ڕیكەوتن بووە لەگەڵ جلال تـاڵەبـانی لەســـەر ســـێ خـاڵ ، یەكەم: ئـازادی كـار بۆ لایەنە ڕێككەوتووەكان. دووەم: ڕاوەستانی شـەڕی ئیعلام و بەرنامەكانی ئاڵای شـۆڕش . ســـێهەم: دابەزینی معارەزە (بە تـایبـەت) یەكێتی نیشـــتمـانی و پـارتی دیموكراتی كوردستان بۆ باشووری كوردستان. داوام لە علی عبدالله كرد كە ڕێگە بدەن با دوا بەرنامەی ئێمە بڵاوبێتەوە لە ئێستگەكەیانەوە، كە تایبەت دەبێت بە بروسكەی جفرە دار بۆ هەموو كۆمێتەو بنكەكانی ئاڵای شـــۆڕش تا ئاگاداری وەزعەكە بن. ئەو ڕەزامەندی دەربڕی.

ڕۆژی دوایی بەرنامەی ڕادیۆی ئاڵای شـــۆڕشـــم لە گەڵ هاوڕێ كامەران تۆماركرد ســەرەتا وتارێكم نووســی بوو لەســەر ڕیكەوتنەكەی یەكیتی و پارتی، و ئەو ڕێكەوتنەو، كۆتایی هێنان بە شـــەڕی ناوخۆم بە دەســـتكەوتێكی گەورە و بەدیهاتنی یەكێك لە خاڵە ســەرەكیەكانی تێكۆشـــانی ئاڵای شـــۆڕش ناوبردبوو، لە بەشی دووەمی بەرنامەكەشدا كۆمەڵێك بروسكەم بە جفرە نوسی بوو بۆ كۆمێتەكانی ناوەوە و بۆ بنكەی شەهید مناف و هاوڕێ یانی گەرمیان(ئازاد فقێ عەلی) سەبارەت بەو ڕیكەوتنە. وەكوجاران شـریتە تۆمارگراوەكەمان نارد بۆ پارتی تا لە ڕادیۆكەوە بڵاوبكریتەوە، لە كاتی كردنەوەی ڕادیۆكە زۆر گوێمگرت لەگەڵ هاوڕێیان بەڵام لە خشـــەخشـــێك زیاتر دەنگ نەبوو، زانیم بەرنامەكەی ئێمەیان ڕاگرتووە، بەڵام

چاوڕوانیم نەدەكرد بەو زوویی یەو بەوجۆرە دوابەرنامەی ئێمە ڕابگرن، وامدەزانی هیچ نەبێت ئەو بەرنامە تۆمارکراوەی ئێمە دەکەنە دوا بەرنامە، بە تایبەت داوام لە علی عبدالله کردبوو کە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیە بۆ ئێمە زۆر گرنگە و ئەویش بەڵێنی دا بۆمان بڵاوبکەنەوە .

ئەو هەڵوێستەی پارتی بۆ من چاوەڕوانکراوبوو، بەڵام ئەوەی ئازاریدام بڵاونەکردنەوەی بروسکەکان بوو. دوای چەند ڕۆژێک لە گەرانەوەی ئیدریس بارزانی لە تاران ئیمە بێدەنگیمان لێکرد، ئەو ناردی یەکتر ببینین. منیش لە ١٩٨٦/١١/١٥چووم وەک هەموو جارێک علی عبدلله وچەند ئەندام مەکتەب سیاسیەک لەوێ بوون، هاوڕێ یەکیشم لەگەڵ خۆم برد، باش بیرم نیە کێ بوو، پێموابیت هاوڕێ بابکر درەیی بوو، ئیدریس بارزانی وتی وامدەزانی دوای گەرانەوەم دێیت و پرسیار لەسەر ڕێکەوتنەکە دەکەیت؟ من زۆر گلەییم لە ئیدریس بارزانی کرد کە مەکتەبی سیاسییان بەو چەشنە خیراو کوت وپڕە بەرنامەکانیان وەستانین تەنانەت نەیانهێشت بروسکەکانیشمان بڵاوبنەوە، وتم بەو جۆرە دەتانەوێت لە یەکێتی بگەیەنن کە لەوان بە پەلەترن بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەتان تا ڕێگاتان بۆ بکەنەوە بچنەوە ناوچەکانی سولەیمانی، وتم دڵنیابن بریاری گەرانەوەی ئێوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر لەدەست جمهوری ئیسلامی ئێراندایە نەک یەکێتی، و یەکێتی ناتوانێت لە ئێستادا ڕێگربێت، بەڵام ئەم هەڤاڵانەی ئێوە کارێکی پەلەیانکرد. لە دەم وچاوی ئیدریس بارزانی دا دیاربوو بەو کارە پەلەیە زۆر نارەحەت بووە، بە تایبەت پێش چوونەکەی بۆ تاران پەیمانی دامێ کە دۆستایەتیمان بەردەوام دەبێت. ئەو جارێکیتریش چەند بارەی کردەوە کە ئێمە دۆستی ئەوانین و دەست بەرنادەن لە دۆستایەتیمان، بە پیکەنینیشەوە وتی ئێوە کۆمەڵەکەی خۆمن چۆن دەستبەردارتان دەبم.منیش وتم ئێمە مارکسیستین کۆمەڵەی کەس نین. من دەمزانی ئەو قسانە لە ناخیەوە دەیکات و ڕاستەکات، بەڵام دەشمزانی کە لە ناو مەکتەب سیاسیاندا کەسانێک هەن لەژێر کاریگەری لایەنی دەرەوەی بریارەکانی ئەو ڕەفتاردەکەن. پەیوەندی سیاسی من لەگەڵ ئیدریس بارزانی تووندوتوڵ بوو، گەلێکجار کە بیویستایە بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی دەربڕیت سەبارەت بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراو، لە ژوورەکەی علی عبدالله هەڵدەساو دەیوت با بچینە ژوورەکەی ئەوبەر قسە بکەین، لەوێ دوور لە قسەی دیپلۆماسی زۆر بە ڕوونی ڕاکانی خۆی لەسەر حزبەکان باشووری کوردستان،عێراق و ناوچەکە دەردەبڕی.

هاوڕی حاجی مەمۆ ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی ماوەیەک بوو چووبوە بنکەی شەهید مناف. تا لەوێوە پەیوەندی بەردەوام بێت لەگەڵ کۆمێتەی هەولێر. **بۆ بەهێزکردنی بنکەکە و بۆ دروستکردنی پەیوەندی و بەستنەوەی هەردوو کۆمێتەی هەولێرو سلێمانی و کرکوک بە یەکەوە،** هاوڕێ شیخ حسێن و ژمارەیەک

پێشـــمەرگەیترمان نارده بنکەکه.. به بەرواری ١٩٨٦/١١/٢٧ نامەیەک لە ئەڵقەی سـەرەکی شـەهید مناف ئاراستەی دەزگای ڕێکخستنی ئاڵای شـۆڕش کرا، ئەمەش دەقی نامەکەیە وە خۆی دەنوسمەوە:

نامەی بنکەی شێهید مناف بۆ ل.س

کرێکارانی جیهان یەکگرن

ئاڵای شۆڕش ژمارە/١

ئەڵقەی سەرەکی شەهید مناف بەروار/١١/٢٧/ ١٩٨٦

بۆ بەڕێز دەزگای ڕێکخستن

سڵاوێکی کۆمۆنیستانه

دراسەی زانستیانه خەباتی شۆڕشگێڕانه ڕێکخستنی پۆڵاییانه

هاوڕی یان دوور نیه ئێوه ئاگاداری وەزعی ڕێکخســـتنی لای ئێمه بووبن، ئێمەش به پێویستی دەزانین که زیترو به روونتر ئاگادارتان بکەینەوە.

له سەرەتای دامەزراندنی بنکەی شەهید مەناف تا ئێستا، هەرچەند له ناو هاوڕی یانی پێشـــمەرگه چەند جار تەشـــکیلات کراوه بەڵام تا ئەو ماوەیه نەتوانراوه که کۆبونەوەی ئەڵقەکان بکریت و ڕێکخستن به شێوه سروشتیەکەیەوه ڕیچکەی خۆی بگرێت. ئەوەش دیاره ســـەلبیاتەکانی دەگەڕیتەوه پاڵ ئەو هەمو ســـەلبیاتانەی ناو بنکەکەو هۆیەکەشی ئەگەر بتانەوێ ئەوا دەتوانین به درێژی بۆتان بنووسین.

ئیستاش که کۆمەڵێ هاوڕیتان نارده بنکەکه، وەزعەکه تەواو گۆڕاو به هاوکاری تەواو توانرا زۆر لەو کەم و کوڕیانه نەهێڵرێن، یەکیک لەو هەنگاوه باشـــانه مەسەلەی ڕێکخستن بوو. توانرا دووباره تەشکیلات ڕیک بخرێتەوەو ئەمجاره ئەو خەڵکانه دابنرێن بۆ سەرپەرشتی ئەڵقەکان که به پەرۆش بن بۆ ڕێکخستن. ئەوەبو پێش ماوەیەک کۆبوونەوەی ئەڵقەی سەرەکیمان کرد ، هەرچەنده به شێوەی ڕاپۆرت نەمان نووســیوه بەڵام کارمان به بریارەکانیەوه کردو یەکەم کۆبونەوەی ئەڵقەکانمان کردو لەم ڕاپۆرته باسی ڕاپۆرتی کۆبونەوەکانتان بۆ دەکەین.

ئەمرۆش به ئامادەبونی هاوڕی یانی ئەڵقەی ســەرەکی و به ئامادەبوونی هاوڕی شـــیخ حســـین که نوێنەری دەزگای پێشـــمەرگایەتیه له کات و شـــوێنی دیاریکراو کۆبونەوەی خۆمان کردکه لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆ دەبێتەوە:

١-ڕێکخســتن : تا ئێســتا ئەڵقەکانمان دابەش بوینه به ســەر پێنج ئەلقەی ســەر به ئەڵقەی سەرەکی.

٢-بەرنامەی کۆبونەوەکان : پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش وەک ناسنامەیەک دانراوه بۆ شـیکردنەوەو گفت و گۆ لەســەرکردنی له ناو کۆبونەوەکان بەند به بەند. هەروەها خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەســـەر بابەته فیکریەکانی ئاڵا دەری دەکات، لەگەڵ ئامادەکردنی بابەتی تری زانستیانه بۆ هاوڕێ یان.

٣-گیروگرفتەکان : بە هۆی دواکەوتنی کۆنفرانس و مەعامەلەنەکردنی ڕاست دروست لەگەڵ ناکۆکیەکانی ناو ئاڵا، ئیستا کۆسپی گەورەی بۆ ئێمەش دروست کردووە، خەڵک هەیە ویستویانە بە ئیتجاهی تەکەتول و بەرەڵایی بەرن . ئێمەش ئەوەندەی لە تواناماندیە ئەوەیە ڕێ لەو جۆرە کارانە بگرین و هەوڵیان لەگەل بدەین کە واز لەوجۆرە ڕەفتارانە بێنن، ئەوەی هەر بەردەوامیش بێت لە ئاژاوەو پشێوی دیارە دەبیت ئیجرائاتی لەگەل دا بکرێت.

٤-ڕەخنە : بەهۆی ئەو ماوەیەی کە هەندێ ئاگاداریمان لە شار هەیە دەبینین تا ئێستا لەوەتەی کۆمێتەی تازە ی هەولێر دانراوەتەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەر بە هاوڕێ یان (حاجی مەمۆ) و (هاوڕی وریا) هەیە بە بێ ئەوەی تنسیقیان لەگەڵ کۆمێتەکانی تر هەبێت! هەروەها ئەوانەی تازە دانراون بە ئەندامی کۆمێتەی هەولێر خەڵکێکن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بونەتە ئاڵای شۆڕش لەگەڵ ئەوەشدا خەلکی کۆن و بە توانا پشتگوی خراون. هەروەها لە ناو ئەندامانی کۆمێتەی شار جاش خەفیفەی تێدایە کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت، کە جاش خەفیفە نەک هەر نابێت ببێتە ئەندامی کۆمێتە بەڵکو نابێت بخرێتە ناو ریکخستنیشەوە.

داواکاری : ١-ئومیدەوارین هاوکاریمان بکەن لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بنکەکەمان و ئەگەر بتوانرێت نوێنەری دەزگای ڕێکخستن خۆی سەردانێکی ناوچەکە بکات و بە چاوی خۆی واقعەکە ببینێت .

٢- هەروەها لە بۆ بەرنامەی کاری کۆبونەوەکانمان ئەگەر بابەتی پێویستی تر هەیە ئاگادارمان بکەنەوە

4 ئەو ناکۆکیانەی کە هەن گەیەندراونەتە ڕادەی جیاکردنەوەی جەماعەت و دیعایەی بۆگەن کردن لەناو خەڵک و حیزبەکان و ساردکردنەوەی پێشمەرگە کە بۆتە هۆی ئەوەی لەوەتەی ئەو بنکەیە دامەزراوە زیاتر لە (٢٥) پیشمەرگە تەسلیم بە ڕژیم ببێتەوە. هەروەها دروستکردی قڕەقڕ و شەر لە نێوان دا. هەروەها دیفاعکردنی کوێرانە لە حزبی شیوعی عێراقی کە جەماعەتی حشع خۆیان ئەو دیفاعە لە خۆیان ناکەن، ئەوانە بە هاندانی حاجی مەمۆ ڕوودەدەن، ئیتر ئینجا ئەگەر بێت و ئێوە جارەسەری ئەو وەزعە نەکەن ئەوە مەجبوور دەبین خۆمان چارەسەری بکەین

ئیتر بۆ پێشەووە

ئەڵقەی سەرەکی شەهید
مەناف

تێبینی :

بۆ ئاگاداریتان ١- ئەڵقەسەرەکیەکەمان بەم شێوەی خوارەوەیە

١-هاوڕێ وەرزێر لیپرسراوی ئەڵقەی سەرەكی
٢-هاوڕی شوانە ئەندامی ئەلقەی سەرەكی
٣-ئازاد چاوشین =
٤-دكتۆر ئازاد =
٥-فوئاد =

هەر ئەڵقەیەک لە پێنج هاوڕێ پێک هاتووە كە هەر یەكەی لەو هاوڕێ یانەی سەرەوە سەرپەرشتی دەكەن.

٢-هەندێ كەس هەن بەو تەشـــكیلاتە ڕازی نین، ئەوانەن كە لە دەوری حاجی مەمۆن، ئیتر ئەوەش ڕووبەڕووی ئێوە دەبیتەوە.

٣-بەرنامەمان بۆ كۆبونەوەكان لەسەر ئەساسی پرۆژەی بەرنامەكەیە، بەڵام ئەو خەڵكانەی باسمانكردن كۆسپ دروست دەكەن و بە ئاشكرا دەڵین پێویستمان بە دیراسە نیە و یەخەی هاوڕی یان دەگرن و بۆ ئیستفزاز پێ یان دەڵێن سۆڤیەت قەڵای سۆسیالزمەو حزبی شیوعیش تەحریفی نیە و تا كۆتاییەكەی.

ئەڵقەی سەرەكی شەهید مناف

ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٦ هەموو ئەو هاوڕی یانەی شـــەڕیان بوو لەگەڵ عیماد ئەحمەد لەگەڵ یەكتری ئاشتم كردنەوە.

نامەیەكی حاجی مەمۆ بۆ لیژنەی سەرپەرشتی

لە بنكەی شەهید مەنافەوە نامەیەكی ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی حاجی مەمۆ هات بۆ لیژنەی ســەرپەرشــتی، وا لە خوارەوە گرنگترین خاڵەكانی دەنوســمەوە تا خوێنەر وێنەیەكی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی لەپێش چاوبیت بۆ بەرچاوڕوونی لە ١٩٨٦/١١/٨ بەیانی دووقۆڵی جلال تالەبانی و ئیدریس بارزانی ســـەبارەت ڕێكەوتنیان بڵاوبووەوە و هەرهەمان ڕۆژ مەكتەبی ســـیاســـی پارتی كەوتە جێ بەجێكردنی خاڵەكانی ڕێكەوتنەكەو بەرنامەی ئێســـتگەكەیان وەســـتاندین، نامەكەی حاجی مەمۆ مێژووی ١٩٨٦/١٢/٦ ی لەسەرە :

بۆ ل.س ی تیكۆشەر

پێشەكی سڵاویكی هاوڕێ یانەی گەرم
هیوامان خۆشی و سەركەوتنتانە

پێش ماوەیەک نامەیەكی جفرە دارمان لە ڕیگەی هەڤاڵێكی پارتی (صـــابر خۆشـــناو) و لقی دوو بۆ ڕەوانە كردن بەڵام دیارە هیچ دەنگتان نەبوو، بۆیە ناچار

بوین هاوڕێ گۆران ڕەوانە بكەین، چ بۆ هێنانی ئەو ئەدەبیاتەی چاپ كراوەو چ بۆ ئەوەی لە هەمو مەسەلەكان ئاگادارین.

١-بە پێویستی دەزانم هەندی شتی ئەو نامەیەی ڕابردو دوبارە بكەمەوە

بە ڕا ستی ڕەخنەی زۆر تووندم لێتان هەیە بە تێكڕا و بە تایبەتیش مەبەستم هاوڕێ مەلا یاسینە، كە ئەو زۆر خۆی هەڵدەكێشاو (تەحەدامانی دەكرد) لەوەی ڕێگای هیچ جۆرە تجاوزێک نادات. كەچی ئەوەی لای من ئاشكرابێت كە تەنیا قسەبوو، چونكە ئێمە بەر لە هاتنە خوارەوە كۆبونەوەیەكمان كرد و پێكەوە (وشەكە بآش ناخوێنرێتەوە) بە یەكتری كە لانی كەمی ڕیک و پێكی و ڕێزگرتنی یەكتری لەبەرچاو بگرین و بە یەكەوە بریارماندا كە هەمو ئەو جفرانەی مامۆستا عادل بۆ ئەم و ئەوی ناردوە لە خوارەوە و هیچ بروسكەیەک بە بێ ئاگاداری من بۆ هیچ یەكیک لە سنوری ناوچەكانی هەولێر لێ نەدرێ ، نامە بۆ شێخ حسێن لە ڕیگەی منەوە بێت چونكە تەنیا من بەرپرسی سەرەكی ئەو ناوچەیەم لە جیاتی (ل.س). لە گەڵ بەڵێنەكانی خۆتان ڕاستگۆ نەبوون، بەڵكو هەر بەدوای من كەوتنە بروسكەو بروسكە كاری بۆ ئەوانەی خوارەوە.. بە ئاشكرا پیرۆزبایی خۆتانتان بۆ بڵاوكردنەوە لە ئێستگەكەتان، لە دوایش دا ، پاش هەمو كەسێک بروسكەیەكی نامەفهومتان بۆ ئێمە لیداوە.

حەزدەكەم ئەو جۆرە كارانەی ئەوانەی ناردوتانەتە خوارەوە بۆ گەڕەلاوژێ و كاری نا مەسئولانە و ئەوانەی خۆشتان دەیكەن بای سەرە مویک كار لە مەعنەویەتی ئێمەو ئەو هاوڕێ یانە ناكەن كە دڵیان بە قوربانی دان و ماندوبونی هەمولایەک دەسوتێ، بگرە هەناسەیەكی نوی یان وەبەر هێناوین كە بۆ هەمو جۆرە هەڵس و كەوتێكی ئینقلاب چی یەتی وپیلان گێری و گێرە شێوێنی بالمرصاد بین و لەبەردەم هەمو كاری نامەسئولانە بچەقین، من گەلێ بریاری قورسم دابو بەڵام ئەم جۆرە بێ ویژدانیەتان وای لی كردم بە خۆم دا بچمەوە، بە ئاسانی مەیدان چۆڵ نەكەم و ئەوەی بۆم بكرێ بۆ پاراستنی ئاڵای شۆڕش ! وەک دیاردەیەكی نوێ درێخی نەكەم لە پشتگیری و هاوكاری هاوڕێ تێكۆشەرو پاک و ڕاستگۆو چاونەترسەكان، جا ئیتر با پێنج كەس بین.

٢-نازانم بۆ مەسەلەی كۆنفرانس بەستنەكە چیتان كردوتەوە، تكایە لەگەڵ هەڵگری نامە هاوڕێ گۆران وەڵاممان بدەنەوە، لەگەڵ ناردنەوەی هاوڕێ یان خۆشناو و م.مهدی و علی و سەرهەنگ،،بلاوكراوەكان لە هەر یەكەی (١٠) دانەمان بۆ ڕەوانە بكەن.

٣-ئەگەر كاک سالار هاتۆتەوە، بەڵكو هەندێ پارەمان بۆ ڕەوانە بكەن چ بە دۆلار بێت یاخود دیناری عێراقی، چونكە چەندان مانگە یەک پێشمەرگە یارمەتی وەرنەگرتوە و هەندێ پارە مان لە هەڤاڵانی (اتجاهی دیموكراتی شۆڕشگێر)بە

قەرز وەرگرتوە لێرە زۆر یارمەتی یان داوین بە تایبەت لە ڕووی ئازوقەوە، چونکە ئێســـتا بریارمان داوە ئەو یارمەتی یەکەی (**حشـــع**) چی تر وەرنەگرین بۆ هەندێ زروفی پێویست، لە پێشەوە خۆیان گوتویانە بۆ هەر پێشمەرگەیەک (١٠) دینارتان دەدەینێ بەو مەرجەی چەند کەســـتان لە مقر بێت ئەوەندەمان بدەنی ،ئێمە ئێســـتاو ڕابردووش بەردەوام لە (٣) پێشـــمەرگە زیاتر لە مقر نەبوە بە بەردەوامی، بۆیە بە پێویستم نەزانی ئەوەندەش وەرگرین، تەنیا مانگی (١٠)ی ڕابوردو (١٠٠) دینارمان لێ یـان وەرگرت، چونکە هیچ ئـازوقە لە مقر نەمـابوو، بۆیە تـا دەکرێ هەنـدێ پارەمان بۆ ڕەوانە بکەن..ئەگەر دەشـــتانەوێ ، ئێمە هەتا مانگی (٣-٤) خۆمان بۆ کۆنفرانس ئامادە دەکەین ، هەرچەندە ئەو شـــوینەی مقر ڕەنگبێ تۆزێ مەترســـی هەبی بۆ هێرشـــی رژێم، بەڵام هەڤاڵانی اتجاە شـــوێنی چاکتریان لە ئێمە هەیە و کە زۆر ســـەلامەت و دوورە لە هەمو شـــتێک و شـــوێنێکی زۆر چاکە، ئەگەر بریاری هاتن دەدەن ، بەڵکو ئاگادارمان بکەنەوە کە هەم شـــوێنەکە ئامادە بکەین هەمیش ئازوقەو شتی پێویستی لی دابین بکەین.

٤-تێکرای دۆستان و هاوڕی یانی خۆمان و لایەنگرانمان لە ناوچەکانی هەریرو شـــەقڵاوە و بەڕانەتی ڕەخنەی زۆریان لێمان گرتوە، کە ئەو برادەرانەی ناردوتانە خوارەوە بە شـــێوەیەکی زۆر نابەجێ پارەیانن کۆکردۆتەوە کە تا ڕادەیەک بەگران کەوتۆتە سەرمان کە زۆر لە کارو کردەوەیەکی (ینک) و ئەم و ئەو دەچێ..

٥-بۆیە ســـەرلەنوێ تەئکید لەســـەرئەوە دەکەمەوە کە تا پەلە بکەن لە بەســـتنی کۆنفراس شـــتێکی چاک و ســـودبەخشـــەو قازانجی زۆری دەبێ، ئیمە بە پێ ی هەســـتکردنمـان بەم واقعە کۆبونەوەی خۆمـان بۆ مـانگێکی تر دوا دەخەین کە بریـاربوو ١٢/١٥بێ، بەڵام چـاوەڕوانی گەڕانەوەی هـاوڕێ گۆران و ئەنجـامی سەفەرەکەی دەکەین و لەسەر ئەوە کۆبونەوەی خۆمان دەکەین.

٦-تکایە بە دووردرێژی لەســـەر وەزعی خۆتان لە ناوچەکانی ســـلێمانی و هەنگاوەکانتان بۆمان بنوسن، هەروەها دەربارەی وەزعی ئاڵا لە ئێران و هەلوێستی ئێستایان و مەسەلەی چەکەکان و شتی تری لەم جۆرە.

٧-لەســـەر وەزعی (ینک) بە درێژی بۆمان بنوســـن و دەربارەی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ پارتی کراوە ئاگادارمان بکەنەوە لە هەمو هەڵوێستەکانی ئەوان و خۆتان.

٨-تـا دەکری بە هەر شـــێوەیەک بێت **تـایپیکمـان بۆ ڕەوانە بکەن لە نەوعی (المپیا) ی بچوک** بۆ هەندێ کاری پیویســـت و یارمەتی دانی هاوڕی یانی شـــار بۆ نوسین و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی پێویست و بە پەلە.

٩- ئەگەردەکرێ هاوڕی یان هاتنە خوارەوە لەگەڵ گۆران **چەکداریان بکەن** ، چ **ئەگەر لای خۆتان هەیە چ لە پارتی وەرگرن.**

١٠-ئەوە هەڤال قادر عزیز هاتۆتە خواکورک ئەگەر پێ تان دەکرێ میوانداری بکەن و لە نزیکەوە قسانی لەگەڵ بکەن.

١١-تكایە لە هەموو مەســـەلەكان بە پێ ی ئەوەی زۆر نهێنی یە بە پێی جفرەكە داومەتە كاك مەلا یاسین بۆمان بنێرن.
لە كۆتایی دا دوبارە تەئكید لەســـەر ئەوە دەكەمەوە كە هەموو شـــتەكانمان بە درێژی و پوختی و گشت لایەنی بۆ بنوسن و چاوەڕوانی وەڵامی ئێوە دەكەم و هەمو شتێكم بۆ ئەو كاتە پاش داوە.

تێبینی :

١-ئەگەر مۆرێكی (ل.س) بۆ ئێرەو مۆری ڕیكخراوی شـــارەكانمان بۆ بنێرن زۆر باشە.

٢-لەوە دڵنیابن ئەگەر ئێوە ئامادە نەبن بۆ كۆنفراس بەســـتن ، ئێمە ناچارین **كۆنفراسی محلی خۆمان دەبەستین و هەموو شتێك دەبڕێنینەوە.**

٣- ئەوە لەگەل هاوڕی گۆڕان دەقی ئەو نوســـینەی خۆم بە ناوی (بەركولێك وشـــە) بۆ ڕەوانە كردن ، بەو هیوایەی لە چوارچێوەی نوسینەكانی تر بكەوێتە ژێر چاپ و بڵاوبكرێتەوە. بەڵام بە بێ ئەوەی كەس مافی دەســـتكاری تاكە وشـــەیەكی هەبێ، چونكە خۆم لێ ێ بەرپرسیارم.

ئیتر هەربژین

هاوڕێ تان

سیروان

١٩٨٦ /١٢/٦

نموونەیەك لە بێ دیسپلینی

نامەیەكم لە (هاوڕێ ڕیبوار) ئەندامی كۆمێتەی شـارەوە پێ گەیشـت، سـەبارەت چوونی پ.م هاوڕێ ئەحمەد سـدیق (كە نامەی دەگواسـتەوە لە نێوان شـارو لێژنەی ســەرپەرشـتیدا) لە گەڵ دوو پێشـمەرگەیتر بۆ شـار و مانەوەیان لە ماڵی ئەودا لەو ڕۆژگارە پڕ مەترسـیەدا! و بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی لێژنەی سـەرپەرشـتی. دیارە ئێمە وەك لێژنەی سـەرپەرشـتی ئاگاداری ئەوە نەبووین سـێ پێشـمەرگە بە جارێك بڕواتە ناوشـار. لە هاوڕێ ی پۆسـت بەر زیاتریش كەسـیتر بۆی نەبووە ماڵی ئەندام كۆمێتەیەك بزانێت . لە نامەكەیدا بۆ عادل نوســـی بوی : بەریز ئەم هاوڕێ پ.م مانە كە لە لایەن بەڕێزتانەوە نیردرابون بۆ كۆمێتە! (دیاربو ئەحمەد سدیق سەربەخۆ ئەو دوو پێشـــمەرگەیەی شـــوێن خۆی خســـتبوو كە بۆ ســـەردانی كەس و كاریان چووبوون!) ئەوانیش وایان زانیوە ئێمە ناردومانن. دواتر :

هاوڕێ ڕێبوار لە نامەكەیدا بۆ عادل نوسـیویەتی : هاوڕێ ی بەڕێز ئەو برایانە لای من بوون تا ڕۆژی هاتنەوەیان، بەڵام لە ڕووی پاراستنی ڕیزەكانی ئاڵاوە دیارە ئەمەوی پێت ڕابگەیەنم هـاتنی "٣" كەس بۆ كـارێـك بە جێ نیە و ڕازی نـابین بەوجۆرە كارەكان بەڕێ بكرێ، چونكە هەریەكێ لەوانە داوای بینینی دایك باوك

و برادەرو كەس و كاریان دەكەن كە بەجێ نیە..دیارە هاوڕێ ئەحمەد یا هاوڕێ محمد كافیە بۆ گەیاندنی پۆستیک، دیارە ئێوەش ئەم داوایەتان لا بەجێ یە.....

هەموو نامەكان من دامخستووە بۆ ئاگاداریت چونكە هاوڕێ سەردار دایە دەست من و وتی دایخە. نامەكان بە دوو قەڵەم نوسراون ناوەوە بە جافەو دەرەوە بە مرەكەب. نامەكەی كۆمێتە لەسەر بریاری هەموو ئەندامانی كۆمێتە بووە.....

هاوڕێ تان

ڕێبوار

١٩٨٦/١٢/١١

ئەوە بەشێكە لە نامەكەی هاوڕێ ڕیبوار .. كە دیارە حەق بەو هاوڕێ یە بووە و ئەوانە سەربەخۆ ئەوكارەیان كردبوو، ئەو جۆرە بەرەڵایی یە دەشێت بە كارە سات بگەڕیتەوە بۆ ڕیكخستن و بۆ خۆیشیان..

هەوڵێكیتر بۆ شكاندنی زیندان

لە ناوشارەوە، ئاگاداركرام ئەوان خەریكی دارشتنی پلانیكن بۆ ئازادكردنی مەلا بەختیار، بۆ ئەو كارەش پێویستیان بە مقەستێكی گەورەیە بۆ شكاندنی قوفڵ، دەبوو كارەكە زۆر بە نهێنی و پەلە ئەنجام بدریت، پاش ئەوەی لەگەڵ دایكی زیلان-ڕوناكی شێخ جناب قسەم كرد، هەوڵەكەی پێ باش بوو، مابۆوە گەیاندنی ئەو مقەستە گەورەیە بە شار. لەگەڵ ڕوناكی هاوسەرم قسەم كرد ، وەك هەمیشە لە ئەنجامدانی كرە پڕ مەترسیەكانی ڕێكخستندا ئامادەبوو بیاكات، ئەوكارەشم سپارد بە روناك محمد نوری عبدالله ی هاوڕێ وهاوسەرم، لەو كاتەدا هاوسەرەكەی مەلا یاسینیش دەیویست بگەڕێتەوە بۆ شار ئەویش ناوی ڕوناك بوو، بریاردرا هەردوو روناك پیكەوە بڕۆن، **لێرەدا گێڕانەوەی بەسەرهاتەكە دەدەمە دەست ڕوناك نوری هاوسەرم لە زاری خۆیەوە باسی بكات و بیگێڕێتەوە :**

(سڵاوم بۆ خوێنەرانی بەڕێز: من ڕوناكی هاوسەری مامۆستا عادل، بە ڕاستی مێژووی ڕۆژەكانم بیر نەماوە، بەڵام كاتێک مامۆستا عادل لە زێوێ هاتوو پێ ی ووتم" روناک كارێكی زۆر پەلەمان هەیە و زۆریش گرنگە، هەوڵێكیتر دەیدەین بۆ رزگاركردنی زیندانیەكان، كاتی نیوەڕۆ بوو، ووتی ئەبێت هەر ئەمڕۆ بڕۆیتەوە بۆ ناوشاری سلێمانی، شتێكمان هەیە ئەبێ بیبەیتەوە، كوڕەكانیش لە مقر هەر یەكەی لە جێگای خۆیەوە خەریكی نوشتەكان بوون دەیانپێچایەوەو حازریان دەكرد بۆیان بەرمەوە (مەبەستی لە پێشمەرگەكانە كە نامەكانیان ئامادە دەكرد بۆ ناوەوە و وەكو نوشتە دەیانپێچایەوە تا بە ئاسانی بشاریتەوە- نوسەر) وتی ڕوناكی هاوسەری مەلایاسینیش دەگەڕیتەوە، منیش وەك هەمووجارێكیتر كە ئەركم پێ سپێردراوە بە دڵێكی فراوانەوە ووتم من ئامادەم، روناكی شێخ جناب هات پرسی چی ئەكەیت ؟

ووتم عـادل ئەڵێ ئەبێ بڕۆیتەوە ، ووتی خۆت ئەڵێ ی چی ؟ ووتم ئەوە نیە من حازربووم، پرسی هەروا خێرا قەرارت دا وتم بەڵێ . ئەمیش هەر بەقەدەر گەیاندنی بڵاوكراوەكـان بۆ كەركوك خەتەرە....كەوتینە ڕێ بەرەو خـانوی علاقـات لە ئورومیە، چونكە ئەبوو لەوێوە برۆین بەرەو سەردەشت، ئالای كچم كە شەش ساڵان بوو لە علاقات لای ماڵی دكتۆر قادر جێ هێشـــت. ئەگەر بە باشـــی بیرم مابێت هاوڕێ ئەحمەد صـــدیق لەوێوە لەگەڵمان هات تاكو جێگایەك، ئەحمەد گونیەیەكی دامێ مقەســتێكی زۆر گەورەی تیابوو نزیكەی مەترێك دەبوو لەگەڵ پێجراوەكانی كوڕەكان، ئیتر من و ڕوناكی مەلایاسـین كەوتینە ڕێ . من بە عادەتی خۆم دائیمەن دەرزی و دەزوو ئەبەم لەگەڵ خۆم، ئێســـتاش هەروام . لە ڕیگا كەس نەیپرســـی ئەوەچیە لە گونیەكەدا تاكو گەیشتینە سەر حدود لای ئەشكان، وەزعەكە زۆرخراپ بوو، شەڕیكی زۆر گەورە هەبوو لە سەفرەوزەرون گەر كەسێكی ناسیاوت نەبوایە نەیاندەهێشـت بپەڕیتەوە، منیش موفیدی برام لە علاقات ناوی (هیوا سـور) ی دامێ كە لە جەماعەتی یەكێتی بوو، هەواڵم پرســـی، بۆیان دۆزیمەوە و پێموت من كچی حەمە نوری حاجی عبد الله م و خوشـــكی موفیدم. زۆر بەڕێز بوو پرســـی ئەچی بۆكوێ ووتم ئەمەوێت بڕۆم بۆ لای خۆمان، ووتی بۆ خاتری خوا ســـەیربكە چ فەرتەنەیەكە ناگەیت، بەڵام من هەر سوور بووم ، چەندجاریک هاتوچوو، دەیویست قەناعەتم پی بكات نەڕۆم، بەڵام فائیدەی نەبوو، ووتی كەس نـاڕواو بریندارێكی زۆر هەیە ئیتر ئێمەیان گێڕایەوە بۆ بەری ئێران، دیســـان ئێرانیەكان من و ڕوناكی هاوســەری مەلا یاسینیان پشـكنی و گومانیان لێ كردین و گیراین. پرسـی یان ئەچن بۆ كوێ ئێمەیش ووتمان نەخۆشـــمان هەیە لەودیو ووتیان هەر نابێ، ووڵاخ دارەكە بانگی كردم ووتی تۆ شـــتێكت لای منە و هەرچی ئیشـــارەتم دەكرد بڕوات، بێ سوودبوو ئەو دەیویست گونیەكەم بۆ دابنێ. پاسدارەكان من و ڕوناكی مەلا یاسینیان بردە پایەگاكەی ئێران لە ژووریكدا پڕفەرش، لە ژوری میوان ئەچوو، كابرای مقدم پیاوێكی تەمەن شـــەســـت ســـاڵ دەبوو، یەك بە یەك بانگی لێ دەكردین و زۆر پرسیاری لی كردین، بە منی دەگوت تۆ شتت پێ یە منیش دەمگوت هیچم پێ نی یە ، نەم ئەویست ئەو نامانەی وەك دوعا پێچرابوونەوە دەست ئەوان بكەوێ. بریدیانینە ژووڕێكیتر ، ژنیكی تەمەن گەورەی لێ بو گوتی منیش گیراوم چیتان پێ یە بیدەن بە من تا بۆتان هەڵگرم، بەڵام دەمزانی درۆ دەكات و دەم و چاوی لە جاســـوس ئەچوو، چونكە چەندجاریک لێی دووبارە كردمەوە، منیش تووڕە بووم ووتم هیچم پێ نی یە بۆ وا قســـەم لەگەڵ دەكەی، ناچار بوو بێدەنگ بێت. بۆ ئێوارە بردیانینە شـــوێنێكیتر، خەڵكەكە كە ئێمەی ئەدی ئەیان پرســـی چیان كردووەو بۆچی گیراون پێشـــمەرگەكانی یەكێتی لە دووڕەوە بە ســـەرســـامیەوە ســـەیریان ئەكردین، بردیانینە ژووڕێک تەنیشـــتی چایخانەیەک بووحەســـیرێک و دوو ســـەرینی گەورەی لە پەڕ

دروســـتكراوی تیابوو لەگەڵ جامێک ئاو و چرایەکی دوکەڵاوی لێ بوو. یەکەمجار دوو حەرە ســـیان دانابوو، کە تەواو تاریک بوو بوو بە یەک حەرە س . ژووڕەکە پەنجەرەیەکی تیابوو، لە پەنجەرەکەوە جار جاردەمڕوانیە دەرەوە، چراکەم کزکردوو هێواش هێواش دۆعاکانم دەردەهێناو بە دەرزیەک کە پێم بو تییەکەم ئەدڕی و ئینجا نامەکانم ئەخســـتە ناو ئاوەکەوە بۆ ئەوەی نوســـینەکە دیار نەمێنێ ،ئینجا بە نوکی دەرزیەکە پشـــتیەکەم کونکردو نامە پوکاوەکان دەخســـتە ناویەوە، بەو جۆرە تا دنیا خەریک بو روناک دەبوەوە، کاتێ چاوم لە ئەرزەکە کرد هەرهەمووی پەڕبوو، باش بوو ئاوەکەی کە مەرەکەبی نوســـینەکانی پێوەبو هەر مابوو، دەســـتم تەرکردوخێرا هێنـام بە ژووڕەکەدا و پـاکم کردەوەو ئـاوەکەم لە قوژبنیکی ژووڕەکەدا رشـــت و پشـــتیەکەم دوری یەوە. کە بەتەواوی ڕوناک بوەوە هاتن بە دواماندا بردینیانەوە بۆ هەمان جێگای رۆژی پێشـــوو بۆ لای هەر هەمان مقدم، ووتی نەتگووت چیت پێ یە؟ وتم ژنێک بهێنە بمان پشـکنی، ووتی خۆم دەتان پشـکنم ، ووتم تۆ بۆت نیە ئێمە بپشکنی ئێرە جمهوری ئیسلامی یە و ئێمە شکاتتان لی دەکەین، پاش چەندوچوونێکی زۆر ژنە بەتەمەنەکەیان هێنابۆ پشـــکنینم وهیچی نەدۆزیەوە، ڕوناکیش هیچی پێ نەبوو. ئێمەیان خستە ئۆتۆمۆبێل و بردیانین بۆ جێگایەکی تر لە گەراج ئەچوو، زۆر پیس بوو پڕبوو لە مشـک، چونکە زۆر فەردەئاردی لی بوو، پاش چەند ســەعاتیک دیسانەوە هاتن و بردیانین بۆ جێگایەکی تر ماڵێک بوو لە دائیرەی حکومەت ئەچوو، یەک بەیەک پرسیاریان لێ کردین و دیسان خۆمان معرفی کرد، بەلام کاربەدەستەکە زۆری ڕق لە جەماعەتی ئیسـلامی بوو، هەر دەیپرسـی لە ئەشـکان و بێتووش چۆن معامەلەیان کردوون، ئێمەش وەک خۆی باسمان کرد، پرسی خانم منالّت هەیە؟ وتم بەڵێ ســـیانم هەیە، ئیتر ناوی تەواوی جێگاکانمانیان وەرگرت کە ئێمە جەماعەتی (پرچم انقلاب – ئاڵای شـــۆڕش)ین، ناوی عادل و ئەوانەی زێوەیان پرســـی و هەمووی نووسـی ، ئەو کاربەدەستە کوردێکی سووڕکاری لابوو ناوی ڕسوڵ بوو ، بەڵام هەر بـانگی ئەکرد ڕە ســـوو . نـانی بەیـانیـان دایێ و وتی من (بەرگەتـان بۆدەکەم) هەتاکو دەگەنە ماڵەوە مەشـڵەژێن. ئیتر پاصـمان گرت لە سـەردەشـتەوە بۆ مەهاباد و لەوێوە بۆ ئورومیە ولەوێشـــەوە بە پاصـــێکی تر بۆ زێوی، کە گەیشـــتمە ماڵەوە عادل تەراشـــی دەکرد، پرســـی چۆن وا بە ٣ ڕۆژ گەڕانەوە، منیش تەواوی چی ڕوویدابوو بۆم باسـکرد، ئیتر ئەو یەکسـەر چوو بۆ ئورومیە بۆ علاقات. من لە ســـەردەمی کۆمەڵەو ئاڵای شـــۆڕش دا بە قەد دوو کادر کارم کردووە، لەگەل عادل بەیان و بڵاوکراوەم بە رۆنیۆ راکێشـــاوە، بڵاوکراوەم گەیاندۆتە هەموو ئەو شـــارو شارۆچکانەی ناردوویانم، لە کەرکوک و هەولێرو هەڵەبجەو ناو شاری سولەیمانی، چەندەها شـــەو لە کاتی گەیاندنی بڵاوکراوەدا کەوتومەتە ناو تەقەوە.. بێجگە لەوەی عادل پارێزگاری هەموو بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەو ئاڵای شـۆڕشـی بە من دەسـپارد و

نەمهێشت هیچی بفەوتیت ..كەچی لە سەردانێكدا مەلا بەختیار بە من دەڵێت تۆ چیت كردووە! بە ڕاستی ئەو ڕاستەكات، ئێمە نەبوین.. ئەو سەدان هەزار بەعسی و جاش و خەفیفەو نەتەوە فرۆشانەی دوێنێ بوون كە لە لیستەكانیاندایە كردیان. لە كاتێكدا ئێمە تەنها كەسین لە ناو (سەركردایەتی) و بنكردایەتی هەموو حزبەكانی باشوری كوردستاندا كە قبوڵی هیچ جۆرە ئیمتیازاتێكی حزبی و پێشمەرگەییمان نەكردووە و سەرباریشی غەدریان لێكردووین.....) لیرەدا باسەكەی هاوسەرم تەواوبوو.... بەو جۆرە ئەو هەوڵەمان سەری نەگرت.

نامەیەكی هاوڕێ خلیل دهۆكی (بەرپرسی پەیوەندیەكانی ئاڵای شۆڕش لە سوریام پێگەیشت نووسی بووی كە سالارعزیز نایەتەوە ، وا لێرەدا چۆن نوسراوە دەینوسمەوە:

نامەی خلیل دهۆكی
هاوڕێ یانی لیژنەی سەرپەرشتی
ئاڵای شۆڕش

سڵاوێكی برایانەی گەرم، هیوام وایە سەرفرازو سەربلندبن ، داوامان سەربڵندی و سەركەوتنی ئێوەیە.

وەزعمان لە سوریا باشە، چەند مقالەی هەڵوێستمان تەرجمەی عەرەبی كرایەو بەلاومان كردیە. لە دەرەوە گوڤاری (بەرگری) دو ژمارەی لی دەرچویە، بە عەرەبی و كوردی یە، ئێمە علاقاتمان لەگەل حزبە كوردستانی و عەرەبی و جیهانی زۆر باشە، هیوامان وایە زۆر باس و سەركەوتوبن.

هاوڕی یان ..زۆرجار تأكید لەسەر هاتنی كاك سالار ئەكەن، برقیە گەیشت، بە داخەوە دەبا تەلەفۆن بەو صیغەتە نەكرابا، چونكە تەلەفۆنی ئێمە نەبو. حەزدەكەم ئەوە بزانن لە بەر سمعەت و مصلحەت و پاشەڕۆژی ئاڵای شۆڕش ، **ئەم برادەرە نائێتە لاتان**، خەڵك و دۆستانیش پێیان خۆشە لەم كاتەدا نەئێت، **هیوام وایە ئێوەش مراعاتی ئەم وەزعە بكەن، چونكە ئێستا وەكو پێش مانگێك نیە** دەبێت ژیرانە تصرف بكەین و بە حذر بچینە ناو أحداثەكان ،هیوام وایە بە **پێ ی توانا و أمكان خۆتان لەم ڕوداوە دوایی یە، دوربخەنەوە و وریابن**، خۆتان دەزانن ئێمە چ بیروباوەرمان هەیە، جەماوەر تەماشای هەڵویستی شۆڕشگێرانە ئەكات.

ئەگەر مامۆستا سلام هات، چەند شت بۆتان دەنێرین، نێزیكە بێتن.

سڵاوڕیزم بۆ گشت هاوڕییان
بۆ پێشەوە بەرەو سەركەوتنتان

ئیمزای
هاوڕێتان خلیل دهۆكی
١٩٨٦/١٢/١٢

١٩٨٦/١٢/١٥ ئەو بەیانیەی بریاربوو من برۆم بۆ تاران بۆ بینینی هەندێ لەو كەسایەتیانەی لە حزبی شیوعی جیابووبونەوە، رونا‌كی هاوڕێ و هاوسەرم لە كاتی داگیرسانی زۆپادا سەروقژی سوتا، باشبوو هیشتا لەوێ بوم و نەڕۆیشتبووم خیرا بە بەتانی ئاگرەكەم كوژاندەوە، چوم لە علاقات لە ارومیە موفیدی برایم نارد كۆمەكی بكات.

موّتمر نصره الشعب العراقی

١٩٨٦/١٢/٢١حاجی مستەفەوی(بەرپرسی ئیتلاعاتی ئازربایجانی رۆژ ئاواو كوردستان) خۆی چووبوو بۆ علاقاتی ئاڵای شۆڕش لە اورومیە و دوو كارتی بەشداری (موءتمر نصرة الشعب العراقی) بە ناوی سالار عزیزو سلام عبدالله وە دابوو بە (دكتۆر قادر) بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوە.

ئەمرۆ ١٢/٢٣ گەیشتمەوە زێوێ. سەبارەت بە بەشداری (موءتمر نصرة الشعب العراقی)(كۆنگرەی بە هاناوە چوونی گەلی عێراق) هاوڕێیان كۆبونەوەیەكیان سازكردبوو بۆ كادرە ئەساسیەكان لە خانووی پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئاڵای شۆڕش لە ارومیە منیش چووم بۆ كۆبونەوەكە، دوای هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەكانی گرتنی ئەو كۆبونەوەیە كە جمهوری ئیسلامی ئێران دەیویست هەموو حزبە ئۆپۆزیسیۆنەكان باشووری كوردستان و عێراق كۆبكاتەوە بخاتە گەڕ لەو جەنگە نەگریسە نارەوایەی ڕژیمەكانی ئێران و عێراق دا، نامەكەی خلیل دهۆكیش خوێندرایەوە كە لە سوریاوە هاتبوو ، بە ڕوونی نووسیبووی كە سالار عزیز ناگەڕێتەوە، نامەكەش خرایە بەر هەڵسەنگاندن، بە ڕوونی بە هاوڕێیانم ووت كە من بە هیچ جۆرێک ئامادەنیم بەشداری ئەو كۆنگرەیە ببم، گەر ئێوە بتانەوێت دەتوانن یەكێكتان بچێت بەشدار بێت و لە كۆنگرەكە داوای ئازادكرنی هاوڕێ زیندانیەكانمان بكات. تەواوی كادرە ئامادەبووەكانیش بە ئاسۆ علی و حاكم سەردارو مەلایاسینیشەوە كەس ئامادەنەبوو بەشداری وەها كۆنگرەیەک بكات، دەشمانزانی بەشدارنەبونمان كێشەی گەورەمان لەگەڵ ئێرانیەكاندا بۆ دروست دەكات. یەكێک لە هاوڕێكان پێشنیاری كرد بانگەوازێک بنوسرێت خاڵی سەرەكی بانگەوازێک بیت بۆ بەردانی مەلا بەختیارو شێخ علی و مامۆستا پشكۆ و داوالە عماد ئەحمەد بكرێت لەگەڵ هاوڕێ ڕوناكی شێخ جنابدا بچن و لەوێ ئەوان نامەكە بخوێننەوە. هەندێک وتیان عماد ئەحمەد تجمیدە و شەرعیەتی بەشداری نیە، وتم كەس بەوە نازانێت تجمیدە، لەو حاڵەتەدا ئەو شەرعیەتی ئیمزای هیچی نابێت، ئەو دوو هاوڕییە تەنها دەچن ئەو بانگەوازەی ئێمە لە كۆنگرەكە دەخوێنەوە، فرسەتێكە لە كۆبونەوەیەكی وادا كە هەمووئەحزابەكان لەوێن داوای ئازادكردنی زیندانیەكانمان بكەین. ئەوەبوو بە بریار. نامەم نووسی بۆ عماد ئەحمەد بۆ زێوێ و لەگەڵ روناک شێخ جناب ئامادەی كۆبونەوەكە بوون. بریاری كۆبونەوەكەمان تێگەیاندن، پێمان وتن كە

شـــەرعیەتی ئیمزای هیچ شـــتێكتان نیە بە ناوی ئاڵای شـــۆڕشـــەوە، ئێمە بەم كارە دەمانەوێت تەنها بانگەوازی ئازادكردنی زیندانیەكانمان لای یەكێتی بدەین بە گوێی ئامادەبواندا. هاوڕێ ڕوناک شیخ جناب زۆر زۆری پێ باش بوو، عمادیش یەكسەر وتی ئامادەم بچم. بانگەوازە نوســـراوەكەمان دانێ، بریاربوو خەڵاتی برای ڕوناكی شێخ جنابیش لەگەڵ ڕوناكی خوشكیدا بچێت بۆ تاران ، ئەوان ڕۆژی دوایی كەوتنە ڕێ بەرەو تاران بۆ بەشداری كۆنگرەكە.

دكتۆر قادرحاج حەمە شریف كە لە دوای مامۆستا سلام بوو بوو بە بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوە، بە هیمەتی خۆی توانی بووی هەوڵێكی باش بدات و لە ڕێگەی مانگی سوری ئیرانیەوە مقدارێكی باش، پەتۆ و خۆراک بە دەست بهینیت و گەیاندیە زێوی، بۆ ئەو زســـتانە ســـاردەی زێوێ و لەو نەهامەتی چڕبونەوەی گەمارۆیەدا لەسەرمان شۆینی خۆی گرت.

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٣١بە بریاری لیژنەی ســـەرپەرشـــتی حەمە ئاوات كرایە بەرپرســـی پەیوەندیەكانی دەرەوە. ڕۆژی ١٩٨٧/١/١ بە فەرمی ناســـاندمان بە ئێرانیەكـان وەک بەرپرســـی پەیوەنـدیەكـانی دەرەوە. ئێرانیەكـان بەردەوام داوای گەڕانەوەی ســـالاریان دەكرد، لە ١٩٨٧/١/١٤ دایكی زیلان ویســـتی بچێت بۆ ســـولەیمانی بۆ وەرگرتنی هەواڵی مەلا بەختیارو زیندانیەكانی تر، حەمە ئاوات داوایكرد ئەویش بچێت، ئاگادآرم كردتۆ تازە ئەركی پەیوەندیەكانی دەرەوەت پێ ســـپێردراوە ، بە هۆی نەهاتنەوەی ســـالارعزیزەوە پەیوەندیەكان ئاڵۆزتر بووە، ئێســـتاش كە تازە دەســـت بەكاربوویت وەک علاقات بە ڕۆیشـــتنی تۆ لەم كاتەدا ئەوەندەیتر پەیوەندیەكان خراپتر دەبێت، ئەو وتی: تەنها بۆ ماوەی هەفتەیەک دەچم.

هەوڵێک بۆ ئاشتی لەگەڵ یەکێتی

ڕوناكی شـــیخ جناب بە گەیشـــتنەوەی بۆ ســـولەیمانی كەوتبووە هەوڵی پەیوەندی گرتن بە جلال تاڵەبانیەوە بە ئومیدی ئەوەی گفتوگۆ لە نیوان ئاڵای شۆڕش و یەكێتی نیشتمانی دا دەست پێبكات. پێش ڕۆیشتنەكەشی بۆ سولەیمانی لەسەر خاڵی هەوڵدان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی ڕیكەوتن هەبوو ، ئاگادارم كرد مەرجی دانیشتن و بریاری ڕێكەوتن یا ڕینەكەوتن، دەبێت لیژنەی ســـەرپەرشـــتی (ســـالار عزیز ، حاجی مەمۆ ، عادل) و تەواوی كادرەكان بریاری لەسەر بدەن.

بەڵام بە پێ ی نامەیەک كە ئیمزای حەمە ئاواتی لە ســـەرە و بە ناوی (لیژنەی ســـەرپەرشـــتی یەوە) ئیمزای كردووە بێ ئەوەی لیژنەی ســـەرپەرشـــتی بێت و بێ ئەوەی لیژنەی ســـەرپەرشـــتی ئاگای لە ناوەڕۆكی نامەكە بێت ! ناردویانە بۆ جلال تاڵەبانی، دەردەكەوێ ،پێش ئەو نامەیە نامەیەكی تریشـیان بۆ تاڵەبانی ناردووە وەک لە نامەكەدا ئیشـــارەی پێدراوە و ئیشـــارە بە چوارخاڵ كراوە .....نامەكە تابڵێیت لاوازبوو، پێش دەســتپێكردنی هیچ حوارێک نوســیویانە یەكێتی نیشــتمانی حزبێكی

شـــۆڕشـــگێرە، لە باتی ئەوەی بنوســـن نیشـــتمان پەروەرە! دیارە جیاوازی نێوان نیشـــتمانپەروەری و شـــۆڕشـــگێڕ زۆرەو هەرگیزیش یەکیتی نیشـــتمانی لە دروســـتبوونیەوە تـا ئێســـتەش حزبیکی شـــۆڕشـــگێر نەبووە و (گۆڕانکـاری کۆمەڵایەتی،ئابوری، سیاسـی ،فەرهەنگی ئەنجام نەداوە..) . بێ پرس وڕای ئێمەو بێ ڕەزامەندی وەرگرتن لەســـەر ناوەرۆکی نامەکە ، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئێمە نامەکان ببینین، ناردبوویان بۆ تاڵەبانی !. تاڵەبانیش وینەی ئەو نامانەی ناردبوو بۆ هەموو حزبەکان. ســـەرەتا ئێمە لە پارتیەوە بیســـتمان !؟ دوای ڕەخنەکانی لیژنەی سەرپەرشتی لێیان ئەوسا نامەکانیان نارد...

بە مەبەســـتی هەوڵیک بۆ ئاســـاییکردنەوەی پەیوەندی و گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتی نیشـتمانی نامەیەکم ئاراستەی بەڕیزان هەریەک لە ئازاد هەورامی و بکری حاجی سفر کرد . ئەمەش دەقی ئەسڵی نامەکەیە وەک خۆی دەینوسمەوە:

برایانی زۆر بەڕێز کاک بکر حاج سفرو کاک ئازاد هەورامی

ئەم کاتەتان شاد

پیشەکی گەرمترین ڕێزو سڵاوم دەگەیەنم بە هەموو ئەو برا دڵسۆزانەی هەر لە ســـەرەتاوە باوەریان بە ئازادی و دیموکراســـی هەبووەو دوژمنی شـــەڕی ناوخۆ و پشتگیری دیموکراسی و تەبایی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون.

برایانی بەڕێز

ئێستاو پاش ئەوەی کۆمەڵێ هەنگاوی باش نراوە لە لایەن ئەو لایەنانەوە تێکڕا، بۆ تەبایی و یەکخستنی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەنجامی باشیشی داوە بە دەستەوە، ئێمە شـتێکی تازە نااڵێین گەر دووپاتی بکەینەوە کە ئەو ئاشـت بونەوەو ڕیکەوتن و یەکبونەی ڕیزەکـانی ئۆپۆزیســـیۆن بە ســـەرکەوتنیکی گەورەی دەزانین بۆ ئەو ســـیاســـەتە مەبدەئیەی ئاڵای شـــۆڕش هەر لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە پیادەی کردووە، ئەویش کە بەرگریکردن بووە لە ئازادی و دیموکراسی و سەلماندنی ئەوانە بە پراکتیـک لە ڕووی ســـیاســـی و پێشـــمەرگەیی یەوە بۆ هەموو لایەنەکـانی ئۆپۆزیســـیۆنی دژ بە ڕژێمی ســـەدامی جەلادو کۆتایی هێنانی ڕیشـــەیی بە شـــەڕی نـاڕەواو بێ هودەی نـاوخۆ. هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە هەوڵمـان داوە پەیوەنـدی دۆســـتـانەو (یەکێتی کـار) دامەزرێنین و پتەوبکەین لەگەڵ یەکێتی نیشـــتمـانی کوردســـتانیش، لە کاتێکدا پەیوەندی دۆســـتانەی پتەویشـــمان هەبووە و هەیە لەگەڵ گەلێک حزبی تریشدا. جێی داخ بوو ئەوەی توقع نەئەکرا ئەوەبوو یەکیتی نیشتمانی بەوجۆرەمان لەگەڵ بکات...ســـەرباری ئەوەش چەندینجار بانگەوازی دانیشـــتن و حوارو ڕێکەوتنمان کردووە لەگەڵ یەکیتی نیشـتمانی، ئەویش لەو باوەڕەوە بووە کە تەنها یەکێتی ڕیزەکانی ئۆپۆزیســـیۆن خزمەت بە بزوتنەوەی دیموکراســـی عراق و

بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی كوردستان دەكات. شتێكی نهێنی نااڵیین گەر ئەو ڕاستیە بخەینە ڕوو كە سەرباری هەڵوێستە دژكاریەكانی یەكێتی بەرامبەر ئاڵای شۆڕش بەش بە حاڵی خۆمان ڕۆ ڵی باشمان گێڕاوە لە ڕێكەتنی گەلێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ یەكیتی، چونكە باوەڕمان وابوە ئەو كارە خزمەت بە بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموكراسی دەكات، دیارە یەكێتیش بە هەرهۆیەک بێت ئیستجابەی باشی نواندو سەرئەنجامی باشیشی دا بە دەستەوەو مایەی دڵخۆشی یە كە هەموو ئەو لایەنانە ئێستا هاوشان دژبە ڕژیمی دیكتاتۆری بەغدا خەباتیان یەكخستوەو پێكەوە تێدەكۆشن. نامەوێ برین بكولێنمەوە بەڵكو تەنها وەک خستنە ڕووی ڕاستی دەیڵێم ئێمە نە لە یەكێتی نیشتمانیمان گرتوەو نە لێشمان كوشتووە، چونكە باوەڕمان بە شەری ناوخۆ نەبووەو نییە. لە كاتێكدا هەموو لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆن بە یەكێتیشەوە لە یەكتریان گرت و كوشت و ئەنجام بە هۆی هیمەتی دڵسۆزانەی هەموو لایەكەوە كۆتایی پیهات.. ئیتر بۆ ئەبی یەكیتی نیشتمانی لەو جۆرە صراعە خویناویەوە بۆ ڕیكەوتن بچیت، كەچی هێشتا یەكێتی نیشتمانی علاقەی وا ناتەبابێت لە گەڵ ئاڵای شۆڕشداو شیروتیری لێ بسوێ؟ هیوادارین هەمان گیانی دڵسۆزی بە تەنگەوەهاتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دیموكراسی و نیشتمانی لە ئارادابیت و هیمەتی دڵسۆزان بكەوێتە گەر بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تەم و مژی علاقەیەی نێوان ئاڵای شۆڕش و یەكێتی نیشتمانی كوردستان . زۆر بە ڕاشكاویش ڕایدەگەیەنین كە ئێمە لە لایەن خۆمانەوە وەک ئاڵای شۆڕش ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆ و ڕیكەوتنین لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی و لە بلاوكراوەكانیشماندا بڵاومان كردۆتەوە، لە ئێوەش چاوڕوانی هیمەتی ذلسۆزانەتانین. هەرشادو سەركەوتوبن

عادل
١٩٨٧/١/١٤

١٩٨٧/١/٢٠ مامۆستا سلام عبدالله گەڕایەوە، لەگەڵ حاجی مەمۆدا كەوتنە گوبونەوە. لە ١٩٨٦/١/٢٤مامۆستا سلام و حاجی مەمۆ بۆ ئاسایی كردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی پەیوەندیەكان چوون بۆ بینینی حاجی مستەفەوی(بەرپرسی ئێرانیەكان بۆ علاقات).

لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٢٧ هەواڵمان بیست ئێرانیەكان هاوڕێ ئازاد و مامۆستا حمیدیان گرتووە، لە بەر ئەوەی نزیكەی دوو هەفتەبوو بە هۆی ڕۆیشتی حەمە ئاواتەوە پەیوەندیمان پچرابوو، پەیوەندیەكان ئاڵۆزتربوو. مامۆستا حمید پاش پێنج ڕۆژ توانی لە زیندان هەڵبێت. هاوڕێ كەنعان لە ڕاگەیاندن ئاگاداریكردمەوە كە

چاپكردنی نامیلكەی (چۆن دەجەنگینن بەرامبەر بەو كارەساتەی چاوی تێ بڕیوین)ی لینین كە وەرمگێڕابووە سەر زمانی كوردی تەواو بووە، پێمووت چەند دانەیەك بۆ ڕێكخستنەكانی شارەكان جیا بكاتەوە. لە ١٩٨٧/١/٣٠ بە بۆنەی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ (ساڵیادی شەهیدبوونی هاوڕێ ئارامەوە) بەیانێكمان بڵاوكردەوە.

كۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ فرۆكەكانی عێراقیش ئەو ڕۆژە بۆردومانی شاری ئورومیەیان كرد. هاوڕێ عدنان هات و وتی هاوڕێ هەواڵێكی ناخۆش و كوتوپڕم پێ یە، كاك ئیدریس كۆچی دوایی كردووە، بە ڕاستی بەو هەواڵە كوت وپڕە داچلەكیم، پرسیم چۆن و بەچی مردووە، وتی بەرپرسەكانیان دەڵێن بە جەڵتەی دل بووە. ڕۆژی ١٩٨٧/٢/١ڕۆژی بە خاك سپاردنی ئیدریس بارزانی بوو، ڕۆژێكی ساردو سەرمابوو، بەفرێكی زۆر دەباری بە باوە، لەگەڵ هەموو هاوڕی یاندا چووین بۆ سەرقەبران بۆ بەشداری بە خاك سپاردنەكەی، بۆ من لە دەستدانی هەڤاڵێكی دۆست و سەرۆك و بەڕێزبوو زۆر خەفەتباری كردم. هەندێ لە سەركردایەتی حزبی شیوعی هاتبوون بۆ مەراسیمی بە خاك سپاردنەكە و وتیان فەرەیدون عبدالقادری جەماعەتی یەكێتیش لەوێ بووە. ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢بۆردومانی شاری ئورومیە لە لایەن فرۆكە جەنگیەكانی عیراقەوە بەردەوام بوو، هەر ئەمرۆ لەگەڵ هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕشدا چووین بۆ ڕاژان بۆ تەعزیەكەی ئیدریس بارزانی و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی مەكتەب سیاسیان كرد .

كۆبونەوە لەگەڵ حزبی شیوعی

لەگەڵ حاجی مەمۆ بۆ شەوەكەی ٢لەسەر ١٩٨٧/٢/٣ لە زێوە لەگەڵ ئەندامانی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق عبد الرزاق صافی و ئەحمەد بانیخێلانی(ابو سەرباز)و ابو حكمەت بەرپرسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی حزبی شیوعی دانیشتنیكمان ئەنجامدا. بەشێكی گفتوگۆكە لەسەر هاوڕێیانی زیندانی كراومان و بەشێكیشی لەسەر ئەو كۆنگرەیەی ئێران بوو كە بە ناوی (موءتمر نصرة الشعب العراقی) و بەشی زۆری گفتوگۆكە لەسەر مەسەلەی ڕاپەڕینی جەماوەری شارەكان وستراتیژی خەباتی شاخ و شار بوو، كامیان سەرەكیە، ئەوان بڕوایان بەوە نەبوو ڕاپەڕین دەست پێبكات و وای بۆ دەچوون جەماوەر خەساوە، لە قسەكاندا حاجی مەمۆ كە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕش بوو لایەنگری قسەكانی ئەوان بوو، منیش كردم بە گاڵتە لەگەڵیان وتم : سەیركەن دیموكراسی ئاوایە لای ئێمە هەركەس ئازادە ڕای خۆی بڵێت نەك وەك لای ئێوە لە ژێر بەهانەی سنترالدیموكراتیدا سنترالیزە بكرێیت. بەڵام دواترلە **مانگی پێنجی**

١٩٨٧گەورەترین ڕاپەڕین لە هەڵەبجەو شارەزوور سەری هەڵدا و هاوڕی یانی ڕكخستنەكانی ئاڵاو چەپەكان وەك هەمیشە ڕۆڵی مەزنیان تیادی....

ڕۆژی هەینی١٩٨٧/٢/٦ مامۆستا سلام عبدالله هات بۆلام لە زێوێ، زۆر توند دابەزی یە سەر سالار عزیز بە قسەكانیدا دیاربوو بەهۆی نەگەڕانەوەی سالار بوو، لە كاتێكدا ژمارەیەكی بەرچاو لە هاوڕێ یان و خۆیشم بە تلفۆن داوامان لێكردبوو بگەڕیتەوە. سالار عزیز دوای ڕێكەوتنەكانی یەكیتی لەگەڵ ئیران و پارتی دا ، دەیزانی كە گەمارۆیەكی توند دەخریتە سەر ئالای شۆڕش و دۆستەكانی لە ژێر فشاری تاڵەبانی و خاڵی ڕیكەوتنەكانیان هیچی بۆ ناكەن وئەو هیچی بۆ ناكریت، بە تایبەت تاڵەبانی لە هەموو پەیوەندیەكانی بە هەموو لایەنەكانەوە ئاڵای شۆڕشی زۆر بە خراپی باس دەكرد و لە هەموو كۆبونەوەكانیدا لە گەڵیان باسی لە (خیانەتی!) دانپیادانراوی مەلابەختیارو شێخ علی پشكۆ دەكرد!. لەولاشەوە جلال تاڵەبانی لە وەڵامی هەوڵەكانی ئێمە بۆ ئاساییكردنەوەی پەیوەندی ئاڵای شۆڕش و یەكێتی بە مەرجی (سەرەتا ئەوان بۆ ئیسپاتی نیەت پاكی مەلا بەختیارو شێخ عەلی و مامۆستا پشكۆ ئازاد بكەن)، . وەك لە نامەكەی دایكی زیلان و حەمە ئاواتدا كە لە سلێمانیەوە ناردبوویان، لە وەڵامدا جلال تاڵەبانی مەرجی دەركردنی سالارعزیزی دانابوو، بێ ئەوەی مەرجەكەی ئێمەش بۆ ئازادكردنی مەلا بەختیارو هاوڵەكانی قبوڵ بكات. لە وەڵامی نامەكەیاندا سەبارەت بەو مەوزوعە بە ڕوونی نووسیم : لە كاتێكدا هەموو كات ئامادەبووین لەگەل هەمو لایەنەكاندا دۆستایەتی و یەكێتی كاری هاوبەش پیك بێنین بە یەكێتی نیشتمانیشەوە، بەڵا م بە هیچ جۆرێك مەرجی دەركردنی هیچ هاوڕێیەكمان قبولناكەین بە تایبەتیش هاوڕێ سالار كە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕشە، هەر كەسێكیش لە پشتی لیژنەی سەرپەرشتی یەوە وەها كارێك بكات بەیانی لەسەر دەردەكەین.

گەرانەوەی خلیل دهۆكی

بەرپرسی پەیوەندیەكانی ئالا لە سوریا خلیل دهۆكی گەڕایەوە بۆ ئێران، هەربۆ ئەوە هاتبۆوە تا لە نزیكەوە ڕای هاوڕیان بزانێت سەبارەت نەگەڕانەوەی سالارعزیز. ١٥لەسەر ٢/١٦ /١٩٨٧ كۆبونەوەیەكمان بۆ ڕیكخست لە گەڵ هەموو ئەو پێشمەرگەیەی لە بنكەی زێوێ بون ، پاش گوێگرتن بۆ قسەكانی خلیل دهۆكی سەبارەت بەهانەكانی نەهاتنەوەی سالار عزیز، گفتوگۆ لەو بارەوە كرا ، بەشداربوان ڕەخنەیەكی زۆر توندیان ئاراستەی سالار كرد كە وەك ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی دەبوو وەكو ئەوان ئەویش ئامادەبوایە و لە ڕووی نەیارەكانی ئاڵادا

وەک ئەو خەڵکە بوەستایە، بەڵام دیاربوو هەندێک بە کۆمەڵێک درۆو دەلەسە بە هەڵەیان بردبوو. زۆر هەواڵی ناراستیان پێ گەیاندبوو، بە تایبەت سەبارەت بە هەوڵی ئاسییکردنەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتی نیشتمانی و ئالای شۆڕش و هەروەها هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە داواومەرجی جلال تاڵەبانی سەبارەت بە بەیان دەرکردن سەبارەت دەرکردنی سالارعزیز! کە بە تۆندی رەتمانکردبۆوە.

کۆبونەوەی لیژنەی سەرپەرشتی

لە بەرواری ١٩٨٧/٢/١٥ لیژنەی سەرپەرشتی ، بە ئامادەبوونی حاجی مەمۆ و عادل و بەشداری کادرانی سەرەکی عماد ئەحمەد و خلیل دهۆکی و مامۆستا سلام و ابوبکر خۆشناو سەبارەت بە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی سالار عزیز کۆبۆوەو ئەم نامەیەیان بە هاوڕێ خلیل دا بۆ نارد ئەمەش دەقی نامەکەیە:

هاوڕێ ی تێکۆشەر کاک سالار ژمارە / فق

سڵاوێکی گەرم و گوڕ ١٩٨٧/٢/١٥

دوای ئەو هەموو نامەو بروسکەو داواکردنی هاتنەوەت، ئێمە بە ئامادەبوونی هاوڕێ خلیل دهۆکی (بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە ی ئالای شۆڕش لە سوریا) ڕاوبۆچونی هاوڕی یانمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت کردەوە:

١-تا ئێستا بە هەرناوێکەوە بوبێ ، بە هەموولایەک توانراوە بوونی ئاڵای شۆڕش بپارێزرێ، بەڵام ئەم پاراستنە هیچی تر بە پینەکردن و هەڵخەڵەتاندن ناتوانێ بەردەوام بێ.

٢-وەک خۆتان ئاگادارن زۆربەی ئەو حزبانەی لە کوردستان دان لەگەڵ یەکێتی ڕێک کەوتوون و زەمینەی ئاشتبوونەوەی گشتی هەیە و ئەگەر ئێمەش هەر هەنگاوێک بهاوێژین، پێویستی بە بوونی تۆ هەیە.

٣-ئەوەی پەیوەندی بە خودی (ئاڵای شۆڕش) ەوە هەیە، وەزعەکە وایە هەرگیز تەحەمول ناکرێ.

٤-هاتنەوەت بۆ گرتنی کۆنفرانسێک یان کۆبونەوەیەکی گشتی چ بۆ چارەسەرکردنی وەزعی ئاڵای شۆڕش بە دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، چ بۆ خۆ حەلکردن، زۆر ناچاری و پێویستە.

٥-ئەگەر لە لای خۆت بریاری ئەوەت داوە کە ئیتر سیاسەت نەکەی، هەر پێویستت بە هاتنەوەت دەکا تا خوداحافیزی لەو کەسانە بکەی کە سەردەمێک بە هاوڕێ ی خۆیان زانیوی.

٦-ئەگەر لە نەهاتنەوەش اصرار دەکەی ئەوا بە ڕاشکاوی ئاگادارمان بکەوە، تا ئێمەش چی تر سەریەشەت بۆ دروست نەکەین.

٧-بۆ مێژوو، هۆی سەرنەكەوتن و پەراگەندەبوونی چەندان هاوڕێت دەكەوێتە سەرشان كە ڕۆژێ لە ڕۆژان قەولی شەرەفت پێ داون.
٨-بە نەهاتنەوەت باری فەشەل هێزنانی (ئاڵای شۆڕش) تا ڕادەیەكی زۆر دەكەوێتە سەرشانی تۆو هەموو ئەو قسانەی دوژمنانی ئاڵای شۆڕش دەیانكرد زیاتر تاسیری دەبێ.
٩-لەبەر ئەوە بە گیانێكی هاوڕی یانەو دڵسۆزانە داوای زوو گەڕانەوەت دەكەین، ئەم اصراره شمان بە پلەی یەكەم بۆ پاراستنی شەخسیەتی تۆو ماندوبونی خۆمان و بە درۆخستنەوەی قسەكانی دوژمنانی ئاڵای شۆڕشە.
بە هیوای گەڕانەوە، سلاوو ڕێزی دوبارەمان
مۆری لیژنەی سەرپەرشتی

تێبینی ١) بە قسە هاوڕێ خلیل دهۆكی گوتراوە كە ئاگاداری بكات
تا كۆتایی شوباتی ١٩٨٧ لە هاتنەوەو نەهاتنەوەی ئاگادارمان بكاتەوە.
٢- ئەم تێبینی یە تەنیا لەم نوسخەیەدا نوسراوە.
من ئەم نامەم نەنوسیوە وخەتی من نیە، منیش وەك ئەو هاوڕێیانە بەشداڕێكی كۆبونەوكە بووم ڕەزامەندیم لەسەر نامەكە دا سەرباری ئەوەی كە لە گەڵ دارشتنی خاڵی چواره می نامەكە نەبووم.
هەرئەو ڕۆژە ١٩٨٧/٢/١٥ لەگەڵ حاجی مەمۆ و مامۆستا سلام و عماد بە خێزانی دەعوەتی حزبی شیوعی عراقی بووین. ڕۆژی دوایی ١٩٨٧/٢/١٦ خلیل دهۆكی كە بە دەستی بەتاڵ هاتبوو بە كۆڵێ ڕەخنەو دەستی بەتاڵیشەوە گەڕایەوە بۆ سوریا.

ئینذاری ئیران بۆ ئاڵای شۆڕش رژێمی جمهوری ئیسلامی

ئێران بە فەرمی لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٢ داوای لێكردین لە ماوەی حەفتاو دوو سەعاتدا ئێران چۆڵ بكەین و لە خاكیان بچینە دەرەوە. ئەویش بە چەند هۆكارێك یەكێكیان بە هۆی دابەزینی بەرپرسی علاقات حەمە ئاوات بۆ سولەیمانی و دواكەوتنی لە گەڕانەوە، دەبوو كەسێكیترمان دابنایە بۆ علاقات، بە هۆی ئەوەی ئەو بە ئێمەی وت بۆ هەفتەیەك دەڕوات ئەو كارە مان نەكرد و كەسیترمان دانەنا، بەوهۆیەوە پەیوەندیمان بە هەموو لایەكەوە بچڕا، دووەمیش ئێرانیەكان ئێمەیان بە رادیكال دەزانی لە هەڵوێست و بۆچوونە سیاسی یەكانماندا و مەوزوعی نەگەڕانەوەی سالار عزیزیان لێكردینە بەهانەیەكیتر، سێهەمیش بەردەوام بە هۆی زمانی یەكێتی لەدژی ئالای شۆڕش، ئێرانیەكان بەو كارەیان دەیانویست دیاریەك بە یەكێتی بدەن و بۆیان پیشان بدەن كە داواكاریەكانیان لە دژی ئاڵا بۆ جێ بەجێ دەكەن. بە تایبەتی یەكێتی بەو هێرشەی لەگەڵ سوپای پاسدارانداو بۆ سەر كركوك ، بە پێش لەشكری

ئێرانیەكان، بە چەند قۆناغێک پێشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستیشی دابۆوە. ئێمە ناچاربووین دەست بەخۆکۆکردنەوە بکەین، لیژنەی سەرپەرشتی بریاری دا بنکەیەک لە ناوچەی خواکورک بکاتەوە. بەڵام ئێرانیەکان ماوەیەک دواتر بێدەنگیان لێکرد.

لە ناوچەی هەولێر هێزەکانی یەکێتی نیشـــتمانی پەلاماری مەفرەزەکانی ئاڵای شۆڕشیان دابوو، لە یەکێک لەو بۆسانەشدا کا نابویانەوە چەند هاوڕێ یەکمان شەهید بوون، بەو بۆنەوە بڵاوکراوەیەک لەســەر ئەو دەســت درێژی یەی یەکیتی نیشـتمانی بۆســەر پێســمەرگەکانی ئاڵای شـۆڕش بڵاوکرایەوە. لە ١٩٨٧/٣/٩ وە کۆبونەوەی دەزگاکانی ئاڵا دەستی پیکرد ..

لەگەڵ حاجی مەمۆدا گەیشـتبوینە ئەو باوەڕەی پیویسـتی بە بەسـتنی پلنیۆمێک دەکات بۆ دارشتنەوەی کارەکان. بە تایبەتی دوای ئەوەی ساغ بوەوە کە سالار عزیز ناگەڕیتەوە، لیژنەی ســـەرپەرشـــتی مابۆوە من و حاجی مەمۆ. لایخۆمەوە بریارم دابوو خۆم هەڵنەبژێرمەوە و کەسی ترییش لە لیژنەی سەرپەرشتی (سالارعزیز و حـاجی مەمۆ) بۆی نەبێـت خۆی هەڵبژێرێتەوە. پلنیۆم بگیرێـت و لیژنەیەکی سەرپەرشتی نوێ هەڵبژێررێت، دەستاو دەستی بەرپرسیارێتی لە ناو ڕێکخراوەی سیاسـی کوردی دا بۆ یەکەمینجار بکرێتە نەریت، بەلام سـەبارەت بەو خاڵەو بە خۆ هەڵنەبژاردنەوە تا ئەو ساتە هیشتا لای کەس لە هاوڕێ یانی زێوی باسم نەکردبوو. بەلام ئاگاداری کۆمێتەی سلیمانیم کردبۆوە.

کۆبونەوەی لیژنەی سەرپەرشتی

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٨ بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی ســەرپەرشــتی حاجی مەمۆ و مامۆستا عادل و بەشداربونی دوو کادری ئەساسـی مەلا یادسـین و ابوبکر خۆشناو لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕش کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا و لەسەر پلنیۆم دواین و ئەم بریارانە درا:

١-بەستنی پلنیۆم لە لە نێوان ڕۆژانی ١٩٨٧/٥/١٥ و ١٩٨٧/٦/١ لە زێوێ یا لە خواکورک.

٢- مەسەلەی سالار پلنیۆم بریاری لێ ئەدات.

٣-مامۆستا عادل لێپرسراوی ئاڵای شۆڕش دەبێت لێرە تا کاتی پلنیۆم.

٤-مامۆستا سلام لە علاقات کار بکات.

٥-ئاگادارکردنەوەی کۆمیتەکانی سلێمانی و هەولێر لەسەر تێکڕای وەزعی ئاڵای شۆڕش و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و نوێنەریان بۆ پلنیۆمەکە.

٦-هێنانی ئەو پارەیەی هاوڕی یان لە خوارەوە کۆیان کردۆتەوە بۆ بەردەســـتی لیژنەی سەرپەرشتی.

ئیمزای:
حاجی مەمۆ. عادل . مەلا یاسین . ابوبكر خۆشناو
١٩٨٧/٢/ ٢٨

تێبینی :

١--دوای هاتنە دەرەوەی من بۆ زێوی، پەیوەندی كۆمێتەی هەولێر پچرا بە كۆمێتەی سلێمانی و كەركوكەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندیجار بە حاجی مەمۆم وتبوو كار ئاسانی بۆ بەیەكەوە بەستنەوەی هەردوو كۆمێتەكە بكات، نەیكرد، هەر ئەو هۆكارەش بوو (هاوڕی شێخ حسێن)م نارده بنكەی شەهید مناف تا پەیوەندی بە كۆمێتەی هەولێرەوە بكات. حاجی مەمۆ كەسێكی سەر بە حزبی شیوعی بە ناوی (وریا) كردبووە ئەڵقەی پەیوەندی خۆی و كۆمێتەی هەولیرو دژی ماركسیزمی شۆڕشگێرو بە قازانجی سۆڤیەت و حزبی شیوعی كاری دەكرد(سەیری نامەكانی بكەن- عادل) لە بەرئەوە پەیوەندی (هاوڕێ شێخ حسین) دەبوو لە ڕێگەی ئەو وریایەوە بكرایە بە كۆمێتەی هەولێرەوە، لە دانیشتنەكەی هاوڕێ شێخ حسێن لەگەڵ كۆمێتەی هەولێر ئامادەبوو! ئەو وریایە ڕۆڵێكی تێكدەرانەی گەورەی دژ بە ئاڵای شۆڕش بینی و بووە هۆكاری شكستی هەوڵی بە یەك گەیاندنەوەی دوو كۆمێتەكە، (سەیری نامەكانی وریا و بەڕپرسی شەهید ئەسعەد بكەن كە بۆ حاجی مەمۆیان ناردووە--نوسەر)بە ئاشكرا دژایەتی خۆی بۆ هەڵگرانی بیری ماركسیزمی شۆڕشگێر (وەك –وریا) بۆ حاجی دەردەبڕێت! و بە ئاشكراش لە نامەكەیدا بۆ حاجی مەمۆ دەڵێت كە شكستمان بە هەوڵەكەی هێنا! لە كاتێكدا هەوڵەكە بۆ بەیەك گەیاندنەوەی كۆمێتەكانی ناوەوە بو بە یەك و بەگەرخستنەوەی كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی سارانی ئاڵای شۆڕش بوو، ئاڵای شۆڕشیش لە دامەزراندنیەوە هەڵگری بیری ماركسیزمی شۆڕشگێر بوو، لە پرۆژەی بەرنامەكەشی بە ڕوونی باسی لێوە كردووە.

٢--ئەوەندەی من ئاگادارم، لە لایەن (سالار عزیز) و (كۆمێتەی هەولێر) و (حاجی مەمۆ) و (بنكەی شەهید مەناف) و (شێخ حسێنیشەو) هیچ كاتێك، یەك دینار بۆ لێژنەی سەرپەرشتی زێوە نەهات ....

چەند ڕۆژێك دوای ئەو كۆبونەوەیەی لێژنەی سەرپەرشتی نامەیەكم نارد بۆ كۆمێتەی سولەیمانی بە درێژی لە وەزعەكە ئاگادارم كردنەوە و داوام لێكردن نوێنەری خۆیان بۆپلنیۆمەكە ئامادە بكەن، لە نامەكەشدا بۆم نووسین كە خۆم هەڵنابژێرمەوەو دەبێت كەسانیكی نوێ بكرینە لێژنەی سەرپەرشتی. لە وەڵامی كۆمێتەی سلێمانیدا هاتبوو ئەوان ناڕازین بە كشانەوەم لە لێژنەی سەرپەرشتی ئەوان دەنگ بە من دەدەن، بە جیاش هاوڕێ علاء (شێخ جمال شێخ نوری) نامەیەكی نوسی بوو بە هەمان مەبەست. سەرنجی دووە می كۆمێتەی سولەیمانی لەسەر كاتی

پلنیۆمەکە بوو کە باشـــتربوو لە باتی مانگی پێنجەم مانگی حەوتەم بێت تا بتوانن خۆیان و هاوڕێ یانیان ئامادەبکەن.

چلەی ئیدریس بارزانی

ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٢ دوو کلیلەمان برد بۆ ســـەر ئارامگای ئیدریس بارزانی و لەگەڵ زۆربەی هاوڕێ یانی ئاڵای شۆڕش چووین بۆ گوندی ڕاژان بۆ بەشداری لە چلەی کۆچکردوو ئیدریس بارزانی دا، وتەیەکم لەو بارەوە نووســـی بوو تا لەوێ بیخوێنینەوە. بە گەیشـــتنمـان بۆ ڕاژان لە چـاوەڕوانی کردنەوەی مەراســـیمەکە جیگەیەکیـان بۆ ئێمە دیـاری کردبوو، هەموو حزبەکـانیتری نـاوجودو یەکێتیش هاتبوون بۆ مەراسیمەکە. پارتی لەوەی لە چلەکەدا کە هەموو لایەنەکان ئامادەن ئێمە شتێک بڵێین یەکێتی نارەحەت بکات دەترسا، فرنسۆ حریری هات بۆ بەخێرهاتنمان، بە بەرچاوی هەموو هاوڕی یانی ئامادەبووی ئاڵای شـۆڕشـەوە لێی پرسـیم وتەتان هەیە بەو موناســـەبەتەوە وتم بەڵێ وتەیەکم نوســـیوە، دیاربوو پارتی ئەترســـا ئێمە شـــتێک بڵێین یەکیتی نیشـتمانی نارەحەت بکات. وتی ئەتوانم بیبینم! وتم نەء چونکە پەیوەنـدی بە خۆمـانەوە هەیە، من کۆنترۆلکردنی وتەکەم بە بێ بـاوەڕی و بێ متمـانەیی دەزانی و پێموت، پێمســـەیرە ئێوە ئەوەندە متمـانەتـان بە ئێمە نەبێ؟ لە کـاتێکدا دەزانن هەڵویســـت و تێروانینی کۆچکردوو چۆن بووە بەرامبەر ئـاڵای شۆڕش. هەندێ کەسی مەکتەب سیاسی پارتی لە ژێر کاریگەری یەکێتی نیشتمانی و حزبی شـــیوعیدا ئەو کارە یانکرد. لە چلەکەدا بەشـــداربووین بەڵام نەیانهێشـــت وتـارمـان هەبێت! کە مەراســـیمەکە تەواوبوو، ملازم یونس کە بۆ خواحـافیزی بەشـداربوان لە ناو دەرگاکەدا وەسـتابوو، وتارەکەم دایە دەسـتی، پێم وت ڕیگریتان لێکردین ، ئەمە ئەو وتارەیە کە لێی تۆقی بوون و نەتانهێشت بخوێنرێتەوە بیاندەری. ئەو هەڵوێســـتەی پـارتی لە چلەکەدا جێگەی ڕەخنەو نـارەزایەتی زۆری هەموو هاوڕی یانی ئێمەبوو.

دوای ڕۆیشـتنەوەی هاوڕی (روناک شـێخ جناب) بۆ ســولەیمانی ، هەوڵیدابوو حوارێك لەگەڵ یەکێتی نیشـتمانی پێک بێنێت ، بە بەرواری ١٩٨٧/٣/١٦ لەوبارەوە نامەیەکی بۆ ناردم، ئەمەش دەقی نامەکەیە :

نامەی هاوڕی لیدیا بۆ عادل

هاوڕێی بەڕیز مامۆستا عادل

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هیوام وایە سەرکەوتوبن ...ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ گشت هاوڕێیان.

هاوڕێی بەڕیز

ئەم ماوەی کە لێرەبووین توانیومانە ئەم کارانەی خوارەوە جێ بەجێ بکەین .

١-ئەو نامانەو لەگەڵ نامەیەكی تر بۆ مام جەلال ئەویش بە تنسیق لەگەڵ ڕێكخراوی شاردا ناردمان بۆیان و (مام جەلال) ئەم جوابەی داوینەتەوە

١-دەركردنی كاك سالارو دوەم و سێ یەم ئەمەی ئەگەیاند كە بڕواكردن بە یەكێتی و كۆمەڵە كە هێزی وطنین . لەو شتانەی كە لەوەپێش نوسراوە دژیان هەمووی پاشگەزبینەوە. ئێمەش جوابمان دانەوە جوابەكەشی ئەوا بۆتانی ڕەوانە ئەكەین.

٢-بۆ مەوضوعی ئاشت بوونەوە لە دوو سێ لاوە هەوڵمان داوە، با تناقض نەبێ لە قسەی من و ئێوەدا، بۆمان دەركەوت كە ئێستا ئەوان رایان باشە لەسەر ئەو مەوضوعە. ئەگەر ئەم ماوەیە تۆزێک خۆتان هیلاک بكەن و وە ضعی ناوەوە ش باش بكەن هەندێ شت هەیە بە لاوە بنێن خۆشتان بزانن چی ئەكەن بە راستی ئەمە شعاری مبدأی خۆمانە با هەوڵی بۆ بدەین خۆ ئەگەر واش نیە بابزانین...بۆ پشتگیری ئەم كارە ش سەردانی پارتی و شیوعی و لایەنەكانی دیكە بكەن نامەی پشت گیریان لێ وەرگرن..هەندێ شتی تر هەیە خۆم ئەیكەم ئەوانە پاشان هاوڕێ بۆتی باس بكات..ئەم ماوەیە كۆبونەوە بكەن و ڕأی خۆتان لەسەر ئەو مەوضوعانە گەڵاڵە بكەن و بۆمی بنێرن با تناقض نەبێ لە قسەی من و ئێوەدا شاریش رأیان زۆر باشە لەسەر ئەو موضوعە.

٣-بە نیسبەت هەورامانەوە دیمان و قسەمان لەگەڵ كرد ئەویش ئەڵێ من خۆم وتومە ماوەیەک وازدێنم پەیوەندی فردی بكات و ئیتر هاوڕی سردار هەر لە خۆیەوە ئەو قسانەی پێشوی كردبوو. ئەوانە زۆریان لە نەبونی چالاكی لێپرسراوەكەیان وازیان هێناوە ئێستاش ئەوا وردە وردە چەند پەیوەندیەكمان دروست كرد خەریكە وەضعەكەیان باش بی.

٤-بە نیسبەت هاوڕێ ئازادەوە ([1]) لەم ڕۆژانەدا چووم لە شارەزور چاوم پێ كەوت ئەوانیش باشن لەم ڕۆژانەدا دو هەزار دینار ئەبڕێ بۆتان ڕەوانە ئەكەم.

سردار وازی هێناو شتەكانی تسلیم علاء كردبوو ئەویش زۆری لەسەرە، ئێستاش هاوڕێ یەكی تریان سەرخستووە عنصریكی زۆر باشە ، وەعی تنظیم بە عام باشە، ئەوانیش زۆر حەز بە ئاشبونەوە ئەكەن وەزعیان زۆر باشە.

---

[1]) **شەهید ئازاد فقێ علی** دوای شالاوەكەی یەكێتی بۆ سەر ئالای شۆرش لەگەڵ گەلێک لە هاوڕی یانی لە ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ مانەوەو ، وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگەو كادریكی هوشیار لەو ناوچانەدا جەولەی دەكرد، لە دوای ئەنفالەكانیش ئەوو هاوڕیكانی لە دژوارترین ساتی نەتەوەكەماندا مایەوەو درێژەی بە كارو تێكۆشانی دا. بە هۆی هەڵدێرانی لە چیا دەستی شكا، خۆی گەیاندە زێوێ و دوای چارەسەری لەگەڵ هاوڕێ یەكیتردا گەڕایەوە بۆ لای هاوڕیكانی لە گەرمیان. دەستێكی ڕەشی ڕاسپێرا وی یەكێتی نیشتمانی لە كاتی خەودا شەهیدی دەكات و رادەكاتەوە بۆ لای ڕژێم....

بۆ موضوعی كاك سالار نازانم چیتان كردوە لە وەڵامی مام جەلال خۆتان نەدەن لە قەرەی ئەو مەوضوعە ئەو پیاوە زۆر لە ئێمە باشتر شارەزای وە ضعی ئەوە.

هەوڵ بدەن تنسیق لە بەینی ئێمەو هەولێردا دروست بكەن زۆر ضروریە، ئەو ئاسۆیە دووجار پەیوەندیمان پێوەكرد أمری گرتنی هەیە خۆی شاردۆتەوە.. نازانین چی بكەین.

بە نیسبەت برادەرانی زیندانەوە وە ضعەكەیان هاوڕی حەمە باسی دەكات، ئەوەی هەتا ئێستا من بیستبیتم ئەوەیە هەتا ئێستا یەك دوجار مام جەلال هاوڕی مەلابەختیاری دیوەو نازانم چیان باس كردوەو بۆچی.

ئیتر زۆر ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ روناك خان و چاوی منااڵەكان ماچ ئەكەم

ئیتر بۆ پێشەوە

هاوڕێتان

لیدیا

١٩٨٧/٣/١٦

دیارە من لەگەڵ گەلیك خاڵی ئەو نامەو كارانەدا نەبووم كە بێ ئاگاداری و پرس و ڕا و لە پشتی لیژنەی سەرپەرشتی یەوە كرابوو، بە تایبەت ئەو نامە لاوازەی بە ناوی (لیژنەی سەرپەرشتیەوە) ئیمزاكرابوو (بێ ئەوەی كەسیان ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی بن و مافی ئیمزایان بە ناوی لیژنەی سەرپەرشتیەوە هەبیت) وە نیردرابوو بۆ جلال تاڵەبانی! تاڵەبانیش وێنەی نامەكانی دابووە ئێرانیەكان و هەموو حزبەكان ، ئەو كارە ی كرا لوتكەی بێ دیسپلینی بوو.

ناكۆكیەكانی ناو حزبی شیوعی

بە هۆی سیاسەت و ستراتیژی هەڵەی سەركردایەتی حزبی شیوعیەوە چەندین كەسایەتی و كادری پێشكەوتوویان لێ جیابووبەوە، من وەك ئاڵای شۆڕش هەوڵم ئەدا لەگەڵ ئەندامانی مەكتەب سیاسی حزبی شیوعی و هەموو باڵەكانیدا و كەسایەتیەكانی پەیوەندیم باش بێت تا لەو ڕێگەوە بتوانین ئال و گۆڕی فكری و ئایدۆلۆژی و سیاسیان لە گەڵدا بكەین هەر هیچ نەبێت بۆ لەیەكتر تێگەیشتن بە ئومێدی دروستكردنی هەڵوێستیكی یەكگرتووی چەپەكان، بەڵام دەشمزانی چەند زەحمەتە لەگەڵ لایەنیكدا گفتوگۆت دڕێژە پێ بدەیت لە كاتێكدا بزانیت لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویت لێ دەدەن.

ئەمەش نموونەی یەكێك لەو نامانەیە كە كەسە ئۆپۆزیسیۆنەكانی ناو حزبی شیوعی بۆیان ناردبووم:

العزیز عادل ، تحیة

ارجو ان تكون فی صـحة جيدة، لقد المنی كثيرا ان اسـمع بانک مريض، اتمنی لک الشـفاء العاجل و الصـحة و العافية للاسـتمرار بخدمة قضـيتنا المشـتركة. وفی الوقت نفســه أهنئكم على منحكم الثقة من قبل رفاقكم للاســتمرار فی قيادة عملكم الثورى، مما يوءكد بالدرجة الرئيسية الامكانية لتطور عمل المنظمة لاحقا.

*- ان ابتعاد (س- سالار) الى سوريا قد يخفف بعض المسشاكل، احب ان اضيف بانه قد اخبر احد قادة الاحزان الكردســتانية العراقية فی ســوريا بانه تورط بقبول القيادة فی منظمتكم.

*- بيانكم الذى ارسلتموه لی كان ايجابيا و لقد استحسنه بعض الاصدقاء كما اننی اعطيته الى احد الاخوان فی الاوک، اما بيانكم حول الاعتداء التركي فانه عموما جيد، و اعتقد ان تسميته بالنظام الدكتاتورى او النظام التركى العميل او الفاشيا صح من الناحية السياسية.

*- الاخبار التی ارسلتها ، كنت قد ارسلتها لكم للاطلاع ، و سازودكم لاحقا بكل ما يستجد، اقترح المباشرة باصدار الجريدة لانها باتت ضرورية لكم.

*- اتفاق اوک مع حشع اعتبر بحكم الفاشل لان اوک اصلا لا يحترم هولاء، كما ان اوک يعتبرهم قوى ثانوية و ليس لها تأثير.

*- ان اوک اقدم على هذا الاتفاق فقط لمحاصــرتكم ، و كان احد شــروط الاتفاق مع حشع محاربة و محاصرة منظمتكم.

*- حشـــع يحاول ان يعيد مكانته بين القوى الكردســـتانية وقد قام وفد منهم- ابو حكمت و الصافی بزيارة مقر حسک، كان اللقاء باردا و لم يتفقوا على شيء.

*- دۆلّەكۆگە بات مهددا بالسـقوت- بعد سـقوط (قەلەتوكان) و رزگە . و كان من المحتمل ان يشن السلطة هجوما عليه لولا الاحوال الجوية..

*- ســـمحت باخراج ال پكک فی زێوه – هل صـــحيح هذا و اين ذهبوا و ماهی التطورات.

*- فی حال مجيء اى من اصــدقائنا من طهران اليكم، بامكانه المجيء الى، فی الوتان يذهب الى مقر البارتی – حيث صـــلاح هناک او يســـأل على بيت فرهاد و سيرسلونه الى فی كاولان او انا اتی اليه الى الوتان.

*- اذا ما وصل اليكم شيئ من طهران – نشريات-مقالات- اجهزة طباعة- فلوس- يرجى ارسالها بيد حامل الرسالة.

*- هنالک تقرير – حول موءتمر طهران- صـــادر من قبلنا و موجود لدى عدنان او كنعان – يرجى ارسال ثلاثة نسخ منه الينا.

*- رزگار او ازاد ماهی اخبارهم و هل وصـــل احدا من داخل حشـــع ارجو ان يكتبوا لی بذلک.

*- ارســـل الیكم موضـــوعا – بهدف طبعه – ارجو ان یتم طبعه علی التایب و سحب عدد من النسخ منه علی زیراكس و ارسال احدها الی د.علی و نسخة لی اذا امكن.

سلام الی كافة الاصدقاء.

ملاحظة / ساتأخر الی ما بعد نوروز. بسبب انقطاع الطریق.

التوقیع

١٩٨٧/٣/١٨

من هاوڕێ عدنان و هاوڕی كنعانم دانابوو زۆر بە نهێنی ســـەرپەرشـــتی ئەو پەیوەندیانەو ، ئاسانكاری هاتن و چونی ئەو هاوڕێ یانە بگرنە ئەستۆ لەبەر ئەوەی دوو هاوڕی ی زۆر ئیشكەرو جالاك و وریاو بێدەنگ و نهێننی پارێزبوون.

نامەی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ كۆمێتەی سولەیمانی

كرێكارانی جیهان یەكگرن
كۆمێتەی سولەیمانی تێكۆشەر

سڵاوێكی كرێكارانەی گەرم

پاش ڕێزو ســـڵاوی گەرممان بۆ هەموو هاوڕی یان، ئێمە لە مانگی كانونی دوەمی /١٩٨٧ نامەمان ئاراســـتە كردن تا ئێســـتا وەڵاممان پێ نەگەیشـــتۆتەوە بە تایبەتی داوای ڕای فەرمی كۆمێتەكەتانمان كردبوو ســـەبارەت بەو حوارەی طرح كراوە لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی و هەڵوێستتان لەسەر وەزعەكە. لەو ڕوانەوە ڕەخنەی خۆماندتان ئاراســـتە دەكەین، داواكارین بە وردی بە خۆتاندا بچنەوە و بەو گیانە پرۆلیتـــاریەی بـــاوەرتـــان پییەتی بە ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن هەوڵ بـــدەن ئەو ســـەلبیاتانەی دێتە پێش بیخەنە ڕوو و چارەســـەری بۆ بدۆزنەوە و چاو لە بچوكترین هەڵە و كەم و كوڕی و سستی نەپۆشرێت.

نامەیەكی شـــەخســـی لە لایەن هاوڕێ یانی كۆمێتەكەتان شـــاســـوارو ڕێبوارەوە نێردراوە بۆ هاوڕێ عادل تێیدا چەند خاڵێك باســـكراوە (لێرەدا وەلامی گرنگترین خاڵەكانی دەخەمە بەرچاوی خوێنەر- نوســـەر) و لە بەر گرنگی بۆچونەكان و بە پێویستمان زانی تیشكی بهاوینە سەر:

مەسەلەی حوار لە گەڵ یەكێتی و لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆن

١-لەسەر مەسەلەی حوار نوسیوتانە (نە مساوەمەیەو نە تنازول....) ! و ئالا ئیتر كێشەی نامێنێ!

ئەو بۆچوونە تەنگ نەزەری نەک ئادۆلۆژی بەڵکو سیاسیش دەردەخات، چونکە مرۆڤی شۆڕشگێر چ جای (کۆمۆنیست) پێویستە بزانێت حوار و مفاوەزە لە نێوان دوو لایەنی سیاسی نابەرامبەر و جیاواز لە ڕووی هێزی مادی و بەشەریەوە، حتما مساوەمەشە و تنازولیشی تیا دەبێت. ئیتر زروفەکە ناچارت دەکات یا هەر شتێکیترە ئەوە جێی موناقەشەیە. بۆ نمونە کاتێک لینین پەیمانی (بریست لیتۆفسکی) مۆر کرد هەم مساوەمەش بوو هەم تنازول، تەنانەت لێنین خۆی بە (پەیمانی سەرشۆری ناوبرد- معاهدة العار) بەڵام بە خاتری ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە مەترسی جەنگ و ڕووخان دوورخاتەوە هەرکردی. نابیت شت بە خاتری خاتران هەڵگەڕێتەوە، ئەوە ئەلف و بای سیاسەتە. ئیوە یا ئەو برادەرانە کاتێک ڕێکەوتن، یا علاقەی خارجی سیاسی لیژنە بە جیهەتە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوەیا ...هتد بە مساوەمە ناودەبەن، بەڵام لەگەڵ یەکێتی دەنوسن (نە مساوەمەیە نە تنازول)! هاوڕێ یان باڵێک نیەو دوو هەوا، بۆرژوا هەر بۆرژوایە لەگەڵ یەکێتی بێت یان لایەنەکانیتر مساوەمەش و تنازولیشی تێدەکەوێت لە هەردوو تەرەفەوە...

٢-سەبارەت بەوەی نوسیوتانە بە ئازادبوونی ئەو هاوڕی یانە ئیتر ئاڵا کێشەی نامێنێ! پیمان وایە ئەو حوکمە پێش وەختە ، چونکە ئەو کێشەیەی بۆ ئاڵای شۆڕش دروستکرا، کێشەی دوو ئایدۆلۆژی و ڕەفتارو کرداری پرۆلیتاری و بۆرژواییە، بە بەربوونی ئەوانیش چارەسەر نابن، یا ئایا ئامادەن وەک ئاڵای شۆڕش کار بکەنەوە؟ پێمانوایە لای خۆمانەوە حوکمی پێش وەخت نادەین، گرنگ سەرکەوتنی هەوڵەکانە بۆ ئازادبوونی زیندانیەکانمان.

سەبارەت بە مەسەلەی ئەو هەوڵانەی هاوڕێ لیدیا(دایکی زیلان) و ئێوە بۆ دەستپێکردنی حوار لەگەڵ یەکێتی ئەمە ڕای ئێمەیە:

ئێمە لە تێڕوانینی کریکاری ئاڵای شۆڕش بۆ مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی، هەرلەیەکەم ڕۆژی دروست بوونەوە کارمان بۆ کردووەکە پەیوەندی (علاقەی سیاسی) ببەستین لەگەڵ هەمو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەساسی قانونی (وحدة و صراع)، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو حەقیقەتە دەزانین کە بۆرژوا نا دیموکراسی یە، بەڵام پێویستە هەندێ هەل و مەرج بقۆریتەوە و چەندە بکرێت تەبایی و دیموکراسیەت بەرقەرار بکرێت تا لە سایەیدا کریکاران و ڕێکخستنەکەی گەشە بکات. بۆ بەرقەراربوونی ئازادی و دیموکراسی قبوڵی حوار دەکەین لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بەڵام بەمجۆرە :

١-گەر ئەو سێ مەرجەی یەکێتی بۆ پێش دەستپێکردنی حوارە ئەوا یەکسەر لای ئێمەوە مەرجی ئاوای پێش وەخت قبوڵ ناکرێت.

٢-خۆ ئەگەر مەرجی كاتی مفاوەزەو دانیشتنە، ئەوا جوابی ئێمە بەمجۆرەیە(كە هەموو شتێك قابلی لێدوانە، بەوانەی ئەوانیشەوە، چونكە ئەوەی شەرتی هەبێت دەبێت شەرتیش قبوڵ بكات.

٣-ئایا ضمان لە بەرامبەر ئەو سێ شەرتەی یەكێتی دا چیە؟

ئەمە ڕای لیژنەیە سەبارەت هێڵی گشتی حوار لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی

١-بۆ دەرخستنی نیەت پاكی، یەكێتی هەڵسێت بە بەردانی هەموو ئەو كەسانەی بە ناوی ئالای شۆڕشەوە گیراون .

٢-ئازادی كاری سیاسی و ڕێكخراوەیی بۆ هەموو لا بە ئالای شۆڕشیشەوە بسەلمێنێت.

٣-ڕاگرتنی هەمو شالاوێكی عسكری یەكێتی بۆسەر ئالای شۆڕش.

٤-بە گفوگۆ بۆ چارەسەری ئەو كێشانە بكرێت كە سەر هەڵدەدەن. ناوچەكان ئازادبێت بۆ كاری سیاسی و ڕیكخراوەیی و عسكری هەردوولا.

٥-ڕاگرتنی هێرشی ئیعلامی بۆ سەر یەكتر.

٦- دەتوانرێت تەنسیقیش لەگەلێك كاری هاوبەش لە قۆناغەدا بكرێت چ لە بواری سیاسی یا پێشمەرگایەتی دا.

تێبینی :

دەبێت لە خستنە ڕووی ئەو خاڵانەدا وەك دوو طرفی سیاسی مەسەلەكە طرح بكرێت نەك وەك لایەكی دەسەڵاتدارو لایەكیتری كەم دەسەڵات.

دەسەڵاتەكانتان بۆ ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی

1. دەبێت هەر نامەیەك دەنێرن یا بۆتان دێت دەقاو دەقەكەیمان بگاتە لاو ، لە دەرەوەی ئەو خاڵانەی سەرەوە تصرف نەكرێت.
2. هەر ئەنجامێك لە تطوری مفاوەزە لەگەڵ یەكێتی هاتە پێشەوە دەبێت بخرێتەوە بەردەم لیژنەی سەرپەرشتی و كادرە سەرەكیەكان تا دوا بریاری لەسەر بدەن.
3. هیچ ڕێكەوتنێك نابێت مۆر بكرێت تا بە تەواوی لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتی دراسەنەكرێت و ساغ نەكرێتەوەو بریاری لەسەر نەدریت.
4. كاری ئێوە ڕێگە دۆزینەوەیە بۆ حوارو نزیك كردنەوەی تێڕوانینی هەردولا نەك هەڵسانی ڕاستەوخۆ بە حوار.
5. دەبیت هەموو ئەو نامانەی ئاڵ وگۆڕ دەكرێن بە زوویی دەقاودەقەكەی بنێرن.
6. لیژنەی سەرپەرشتی بەرپرسیارە لە بریاری كۆتایی لەسەر دیاریكردنی كات و شوێنی حوارو دیاریكردنی وەفدو مۆركردنی ئیتفاق.

وا دوو بابەتمان بۆ ناردن ١ - نامێلکەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا لە وەرگێڕانی هاوڕێ حاکم سەردار. ٢- نامێلکەی چۆن دەجەنگین بە ڕامبەر بەو کارەساتەی چاوی تێ بڕیوین . نوسینی لینین و وەرگێڕانی هاوڕێ عادل. وا لەگەڵ ئەم نامەماندا بۆمان ناردن . داواکارین نەیەڵن چارە نوسیان وەک ئەو بڵاوکراوانەی پێشتر ناردمان بە سوتاندن بچێت.

مۆری لیژنەی سەرپەرشی
١٩٨٧/٣/٢٥

ئەوەی سەرەوە بڕێک لە وەڵامەکانی لیژنەی سەرپەرشتی بوو بۆ کۆمێتەی سولەیمانی کە لە لایەن منەوە نوسرابوو، سەبارەت بەو هەوڵانەی هاوڕێ (روناک شێخ جناب) دابووی بۆ حوار لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دا ..

نامەیەک بۆ هاوڕێ یان روناکی شێخ جناب (هاوڕێ لیدیا)و حەمە ئاوات لە عادلەوە

هاوڕێ یان ڕوناک و حەمە ئاوات

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هاوڕی یان کاتی ئێوە ڕۆیشتن بۆ ئەو چەند ڕۆژە (هەفتەیەک)، خۆتان دەتانزانی لە هەموو لایەنیکەوە چ جۆرە گیروگرفتیک ڕووی تێکردبووین، ئێوەش بوونە سەرباری کیشەکانمان لەمدیو، لە لایەن ئێرانیەکانەوە لە ناوچەی بانە بریاری گرتتان دەرچووە، لەوڵاشەوە ئێرانیەکان دەڵێن درۆتان لەگەڵ کردین وتویانە دەچین بۆ پایتەخت کەچی چوون بۆ ئەودیو..ئامادە نەبوونی هاوڕێ ڕوناک بۆ وەرگرتنی لیزەپاسەکەی..، ئێرانیەکان دەڵێن تەواوبووەو دیار نەبوونی ئێوە ئەمانی شێت کردووە، بۆ جاری چەندەمین بە درۆزن و ناراست لە قەڵەمیان داین، لەوڵاشەوە کار گەیشتە ئەوەی مەزوعی سالار عزیز و عیلاقات ساغنەکریتەوە، بوونە هۆی ئەوەی ئینذارمان بکەن لەماوەی حەفتاودوو سەعاتدا ئێران بەجێ بهێڵین .. ئەوە ش نەتیجەی کەمتەرخەمی و بەکەمگرتنی مەسەلەکان لە لایەن ئێوەوە. بە هەرحاڵ لە کۆبونەوەی لیژنەی سەرپەرشتی ١٩٨٧ /٢/٢٨ (عادل) وەک مەسئولی یەکەم و (مامۆستا سلام) وەک نمایندەی علاقات بە ڕە سمی بە ئێرانیەکان ناسینران، مامۆستا سلام لەو بوارەدا ڕۆڵێکی دیپلۆماسی باشی بینی و لەگەڵ هاوڕێ حاجی مەمۆ چوون و ئەوانیان بینی. ئێستا کەمتر کیشەمان بۆ دەنێنەوە و جارێ بیدەنگیان لە دەرکردنەکەمان کردووە و نازانین تا کەی.

با هاوڕی یانی ناوەوە بزانن، ئەوە بۆ ماوەی سێ(٣)مانگ دەچیت یەک فلس نەهاتوە بەلای ئاڵای شۆڕشدا، بۆ ئاگاداریتان بە قەرز دەرۆین بەڕێوە، تا ئێستا یەک

هەزارو پێنج سەد دینارمان قەرزكردووە. خۆیشم هەرچیم هەبوو سەرف بوو ، كار گەیشتۆتە ئەوەی پارەی نان نیە پێ ی بكڕین.

هاوڕێ یان بە خۆشمەوە ڕەخنەمان هەیە لە چۆنیەتی ڕۆیشتنتان و دواكەوتنتان و پچراندنی هەواڵتان. ئێوە لەگەڵ ڕیكخراوی شـــار نامەتان ناردووە بۆ یەكێتی نیشـــتمانی بێ ئاگاداری ئێمە! (بۆ ئاگاداریتان نوســـخەی ئەو نامەیە لای حاجی مستەفەوی بەرپرسی ئیتلاعاتی ئێرانی یە) و سكرتیری یەكێتی نیشتمانی داویەتێ. كەچی ئێمە لەوانمان بیست. ئێوە ١٩٨٧/٢/٣ هەواڵتان لابووە كەچی ١٩٨٧/٣/٢٠ ئاگادارتان كردووین! لەولاشـــەوە هاوڕێ حەمە ئاوات بێ ئەوەی ئەندامی لیژنەی ســەرپەرشـتی بێت، بە ناوی لیژنەی ســەرپەرشـتی یەوە؟ ئیمزای نامەیەكی لاوازی كردوەو نـاردووە بۆ جلال تـاڵەبـانی.. هەوڵی تحركـاتی ئێوە دەوڵەت داویەتی بە هەموو جهەتەكانیتر.. ئەوەی بێ خەبەر بوە ئێمە بووین.

پێویستە بە زوترین كات یا هەردوكتان یا یەكیكتان بگەنەوە ئێرە چی نامە ئاڵ و گۆڕكراوە، دەقەكەیمان بۆ بێنن. ئێمە بە تفصـــیل مناقەشـــەمان كرد وەك لیژنەی ســـەرپەرشـــتی و لەگەڵ گەلێك لە كادرە ســـەرەكیەكان وەك لە جوابی كۆمێتەی سلیمانی دا نوسیومانە ڕای هەموو لایەكمانە. ناشبێت لە كاتی گەرانەوەتاندا لە زەڵێ و شاناخسێ وە بێنەوە چونكە دەتانگرن، ئەو ناوە یەكێتی زۆر بە توندی گرتویەتی، لە لایەكی ترەوە وەرنەوە، هەوڵ بـدەن ئەو برادەرانەی كۆمێتە وریـا بكەنەوە لە ئوسوڵی كاری ڕیكخستن، گەر هەركەسی سست یا كەمتەرخەم یا هەڕەخنەیەكی هەبێت لە هاوڕێ یەكی دەبێت و پێویســـتە نەیشـــارێتەوەو بێ دەنگی لێنەكات و لە دانیشـتنەكاندا ســەرنج ڕاكێشـن و ڕوو بە ڕوو ڕەخنەی لێ بگرن ، نەك بەوجۆرە ترسـنۆكانەیە لە پشـتەوە ڕەخنە لە هاوڕێ یەكی كۆمێتەكەیان بگرن. نەخۆشـیەكەی زێوێ نابێت بگەیەنن ئەوێش. لە كاتێكیش ئەو دوو هاوڕێ یە لە پشـــتەوە ڕەخنە لە هاوڕێكەی كۆمیتەیان (علاء) دەگرن ، ئایا خۆیان چەندی كارەكانیان ئەنجامداوە، چلو پێنج ڕۆژ بلاوكراوەكانمان لەو شـــوێنە بووە تا ئاخری ســـووتا، هیوادارم و داواكارم بە گیانی هاوڕێیەتی ڕوو بە ڕوو ڕەخنە بگرن و وەلامیشـــم بۆ ئەو دوو هاوڕێ یە (ڕێبوارو شـــاســـوار) نوســـیوە و بۆم ناردوون، ئینجا هۆی وازهێنانی هاوڕێ ســەردار كە یەكێك بوو لە دڵسـۆزترین هاوڕێ یانی ئاڵا وە هێنانی هاوڕێ شـاسـوار كە عەسـكەری فیراڕە ئایا ڕاسـتە؟ كەی؟ كێ؟ بریاری داوە فیرارێك لە كۆمێتەدا دانێن؟ گەر لە ڕیكخســـتنی ناوەوە بەو جۆرە كاربكرایە دەبوو كاتی خۆی هاوڕێ (سیروان) بكرایە مەسئولی كۆمێتەش، كە كاك مەلا بەختیار پێشی موعجب بوو، بەڵام ئەوەبوو لەبەر ئەوەی فیراربوو نەكرا، چونكە فیرار بە بەهانەی ئەوەی

فیراره كاری بۆ ناڕوات بەڕێوە، لە كاتێكدا هاوڕێ یانی كۆمێتە دەبێت حركی بن و بتوانن بێ ترس و موشكلە دروست كردن بۆ ریكخستن بە هەموو لایەكدا بڕون. بۆ ئاگاداریتان ملازم عومەر گەڕایەوە بیست ڕۆژ لەمەوبەر نامەی نوسیوە بۆ دلاوەری ئەحمەد مجید كە (گوایا مەلا بەختیار لە هەموو شـــتەكانی پەشـــیمانە).... ئەوە لە نامەی دلاوەردا هاتووە بۆ (هاوڕێ لیدیا - روناك شـێخ جناب) كە لە لایەن خەباتی شێخ جنابی برایەوە كرایەوە.

گەر خۆتـان دواكەوتن پێویســـتە ئەوپەڕی پـازدە ڕۆژی تر هـاوڕێ ئەحمەد بنیرنەوە بەو شتانەوە...

هەربژین عادل

١٩٨٧/٣/٢٥

(دوابەدوای گەرانەوەی خلیل دهۆكی بۆ سوریا سالار عزیز نامەیەكی بۆ ناردم كە دەبوا لە راسـتیدا وەڵامی نامەكەی لیژنەی سـەرپەرشـتی بداتەوە كە هاوەڵەكانی خۆی بۆیـان نـاردبوو، بەڵام ئەو نـامەیەكی شـــەخســـی بۆنـاردم . "لە نـامەكەدا دەردەكەوێت كەسانێك لە رەوتی سۆڤیەتی، كۆمەڵێك درۆوده لەسەیان بۆ كردوە و بێ ئەوەی لە نزیكەوە قسەی لەسەر بكات ، لە ژێر كاریگەری ئەو درۆو دەلەسانەی بۆی كرابوو نـامەیە كی نـارد، لێرەدا وەك خۆی چۆنی نـامەكەی چۆن نوســـیوە دەینوسمەوە، ئەمەش دەقی نامەكە

نامەكەی سالارعزیز لە سوریاوە بۆ عادل

بەڕێز مامۆستا عادل

سڵاوێكی گەرم. هیوام خۆشیتەو و سڵاوم بۆ ماڵ و منداڵت هەیە

بە پێویســتم زانی ئەم نامەیەت بۆ بنوســم، نامەوێ هەڵوێســتی ناراســت و هەڵە گەورەكانت بخەمە بەرچاو، چونكە من كاتێك ئەتوانم لەگەڵ كەســـێكدا هاوڕێ بم ئەگەر جیاوازی فكریش هەبێ بەڵام تۆزێ أعتباراتی كۆمەڵایەتی و تێكۆشـان لێك بداتەوە..بە داخەوە تۆ زۆر هەوڵت داوە ئەویش تەنیا لەبەرخاتری خۆت فقط نەك لەبەر خاتری هیچ، كە دوژمنایەتی من بكەیت، خۆزگا مەوزوع فكرو بیروڕابوایە، بڕواناكەم نە تۆ نە من بمانگەیانبایە ئەم ئاســـتە..تۆ هەروەك ارســـلان و ئاســـۆ و ئەمانەی ناو جلالی ویستوتە صراع بكەیت، نەك صراعێكی مەبدەئی و اصولی.. بۆیە كەوتویتە بوختان هەڵبەســتن و مەســەلەی پارە دواخســتنم.. برام جلال تالەبانی جورئەتی نەكرد ئەوە بكات. هەموكەس منیش ئەناســـێ، خەڵك نابێ لە خۆیەوە سەیری خەڵكی تر بكات. برادەر پارە لای من زۆر بێ ئەهمیەتە و من ئەتوانم دائمە پارەی زۆرم هەبێ، **كە پارەشم لە لیبیا وەرگرتوە** ڕاستە بۆ مساعدەی شەخسی بوە

، بەڵام من هەمیشە پارەی كەس كاری خۆشم بۆ پێشمەرگە و ئەم ڕێبازە سەرف كردوە چ جای ئەم پارە تافهەی لیبیا كە بایی بڕینی دوبلیتی تەیارەیە.. تۆ ڕێكخستنێكت لە بەردەمدا بوەو چەندین دۆستی تر بەڵام بڵێم چی نە ڕێكخستن ئەو ڕێكخستنەیە بتوانی مانگی (١٠٠٠)دینارتان بۆ بنێری نە ئەوەندەش سیاسەتتان دۆستانە بوە یارمەتیتان بدرێت، نە شێخ حسێن حسابتان بۆ ئەكات و لەو پارەیەی كوی كردۆتەوە بۆتان ئەنێری.. بۆ ئاگاداریتان یەكەمین دزی لە ژیانی ئاڵای شۆڕشدا (شێخ حسێن) كردی ومن دزیەكەم لێگرتوەو خۆی باش ئەزانی..پاشان ئەو هەموو موءامرەو گێرە شێوێنیە دژی ئێمە بەڵام بەبێ بیركردنەوە لە مەسەلەحەتی گشتی بۆ، دوسالّە پێم نالّێ ی چیمان كردوە..مع العلم باشترین زروفمان بۆ ڕەخساوە، كەچی تۆ هەرئەتەوێ نوقتەیەك لە مندا بگری و بۆ پەرژەوەندی خۆتی بەكاربهێنی.. ئەتەوێ وا نیشان بدەیت كە من بەزی و روخاوم و ناوێرم بێمەوە، لە كاتێكدا ئەگەر ئێوە دڵسۆزی ئاڵای شۆڕش بونایە هەم بۆ پاراستنی ریزەكانی و هەم بۆ وەرگرتنی هەڵویستی شۆرشگێرانە، ئاوها تەماشای هاتنەوەی منتان نەئەكرد، تلفۆن ئەكەیت بە شێوەیەكی زۆر نالەبار هەڕەشە لە من ئەكەیت ئەگەر نەیەمەوە، بەبێ ئەوەی تحقیق بكەیت، یا نامەیەكی برایانەم بۆ بنوسی كە هۆی تأخیربونم چیەو یا من وەزعەكە چۆن ئەبینم، یا چی بكەین باشە. تۆو هەندێك وەك چۆن ماوەیەكی زۆرە ئیستغلالی منتان كردوەو بە ئێمەوە ماون و ئەژین و سەواو مامەلە ئەكەن، هەرچی هەڵوێستی نامەبدەئی ناشۆڕشگێرانە و ترسنۆك و بێ ئابروانەیە بە منتان بكردایە، نەء من زۆر لە ئێوە فراوانترو گەورەترتەماشای دونیا ئەكەم، من هەر بە چاوێلكەكەی دوێنێ سەیری ئەمڕۆ ناكەم بەڵكو لەگەڵ هەر گۆڕانكاریەكی ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەوە ڕێ ئەكەم، بەڵام بەداخەوە ، ئێوە

١-نە رە فتارتان لە مەسەلەی صراع و ناكۆكیەكاندا لەگەڵ بچوكترین ڕەوشتی شۆڕشگێرانە ئەگونجا

٢-نە هیچ حسابێكتان بۆ وەزعەكەو گۆرانكاریەكانی كرد.. ئەتانویست دوسالّ لەمەوبەر چۆن جوڵاوینەتەوە ئێستاش هەر ئەبێ بەو شێوەیە بەرێ بكەین كەچی ئەم شتانەش هەموی هاتبونە پێش١- تسلیم بونی (ینک) بە ئێران و بونە جاشی ئێران و بەشداری(ینک) بە هەموتوانایانەوە وەكو گوردانێكی قرارگای رمضان لەگەڵ ئێراندا، كە ئەمە وەزعی سەرساحەكەی گۆری و بگرە وەزعێكی تەواو پێچەوانەی دروست كرد ٢- هاتنە پێشەوەی (موءتمر نصرة الشعب العراقی) بەوشێوەیەی كە موءتمری ایران بو بۆ ڕا وەرگرتنی هەموو لاكان لەسەر أ-دڕێژەدانی جەنگی عیراق و ئیران(كە هەرچی تأیدی ئەمە بكات نەك ماركسی نیە بەڵكو موجرمیشە) ب-سەلماندنی هەموو شەرتەكانی ئێران لەسەر مەسەلەی داهاتووی جەنگ ج- قسەكانی خامەنەیی بكرێتە بەرنامەی موءتمر و كاركردن د- ڕێكردن لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا بۆ پێكهێنانی جمهوری ئیسلامی.. زۆر نەنگە ، زۆر ئابڕوچونە بۆ ئەوەی

خۆی بە مارکسی بزانێ ئا ئەمەش هەڵوێستی بێت..ئا ئەمەیە ئەو مارکسیەتەی ئێوە تێ ی گەیشتون، ستراتیج ئەکەنە قوربانی تاکتیکێکی زۆر بێ مەعنا و ئا ئەمەیە مارکسی یەتی ورده بورژوا، مارکسیەتی تۆندڕەوەکان کە هەر بە رواڵەت مارکسین و خولیای چەند ڕستەیەکی شۆڕشگێڕانەن! ئا ئەمەیە کە وتویانە بەینی یساری متطرف و یەمینیەت تاڵە دەزویەکیان بەینە، جا تۆ منت بۆ ئەوە ئەویست کە چەندین ساڵە لە پێناوی بیروباوەڕی ڕاستەقینەدا و لە ناو (ینک) دا سەرمان لە چەقۆ ئەسو، ئێستا وا بە سانایی خۆم بکەم بە ناو موئتمرێکی وادوا خوطبە بخوێنم و ستایشی جمهوری ئیسلامی و سیاسەتەکانی بکەم.. دوای ئەوەش وابزانن هیچ روی نەداوەو هەر داوای هاتنەوەی من بکەن، **لە کاتێکدا هەموو لاکان لەگەڵ (ینک) دا لەسەر حسابی ئێمە ڕێک کەوتون و لە کاتیکدا (ینک) بە تین ترین پەیوەندی لەگەڵ ئێران** هەیە و ئیرانیش کە بیرورای ئێمە کە ئەڵێم ئێمە **یانی أتجاهی ئێمە ی گەرەکە، نە تازە لە هەڵوێستی من خۆشئەبێ ، نە من حەصانەیەکم هەیە، نە دۆستێکمان لەسەر ساحەکەیە.. ئەوە بێجگە لەوەی ئێران وایان لێئەکردین یا ئەبێ تنازولی تەواویان بۆ بکەین یا ڕێگەی هیچمان نادەن** خۆشم بۆ تنازول ئاماده نەکردبو، ڕەنگ بو ئەگەر ئێمە یەک و یەکگرتوبوینایە، ئێوە فعلا هاوڕی بونایەو یەکمان خۆشبویستبایە و ناکۆکی نەبوایە ، ئەوا ئەو کارە ئاسایی بوایە و منیش ملم بۆ ئێوە کەچ بکردایە، بەڵام کە ئێوە هەر خەریکی موئا مرەو تا حەز بە تیاچونیشم بکەن و حەز بکەن سومعەشم نەمێنی وابزانم خۆ لەو هەورازە کارێکی زەحمەتبی..ئەوە بێجگە لەوەی ئەبوو پێتان باشبوایە من وام کردوە یا تأخیربوم یا من متأ کدم ڕێکخستنێکی ئەوە حەجمی بێ بە چوارکەس بەڕێوە ئەچێ، ئێوەش ئەزانن بەڵام ئەتانەوێ استغلالی نەهاتنەوەی من بکەن ، سەد شتتان بێ من کردوە، کەچی کە مەسەلە دێتە سەر چەک و پارە وەرگرتن و تنازول کردن لەسەر مبادیء منتان ئەوێ و داوای هاتنەوەی من ئەکەن.. بۆیە حەز ئەکەم ئەم قسانە چەندجارێک بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بزانی ئەمە بەشێکی بچوکە لەو قسانەی ئێمە .. پاشان زۆر بە سادەیی وەکو (ینک) هیچی نەکردبێ ، وەکو جاشایەتی (ینک) هیچ تأثیریکی خراپی لەسەر عمومی وەزعەکە نەبێت و وەکو کارێکی راست و ڕەوانی کردبێ بەیانی صلح دەرئەکەن، تبریکی ئەو ڕێکەوتنەی پارتی و ینک ئەکەن کە ئێران بۆ پەرژەوەندی خۆی فەرزی کردوە، ڕاستە پێکهاتن باشە ، بەڵام نەک پێکهاتنی وا، بە مەسلەحەتی تەرەفیکی خۆفرۆش تەواو بێت، لەسەر حسابی ئێمەو داهاتوی بزوتنەوەی گەلی کورد و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عیراقەوە بێت.. ئەمانە هەموی مەسائلێکن بروا مەکەن هیچ کرێکارو زەحمەتکێشێ لیتان قبوڵ بکەن و ئەمە هی نوێنەرایەتی کرێکارانی عیراق نیە کە پێ ی خۆشبێ عیراق داگیربکرێ و شەڕی ئێران و عیراق بەردەوام بێ و **بیەوێ لەگەڵ کۆمەڵێ جاشی خائنی وەک جلالی ڕێک بکەوێت .. بیستومە** هەر مەلابەختیار بە سەرکردەی خۆت ئەزانی ، جا زۆر دیارە کەسانێک ئەمە فکرو سیاسەت و هەڵاوێستیان بێت ئەبێ بەوەش ڕازی بێت و ئەوانە لە بیرخۆی بەرێتەوە کە مەلابەختیار خۆشی و ئێمەشی بە خائن ئەزانی و تنازول ئەکات و دەیان نامەی تر بۆ نەوشیروان ئەنوسێ و ئیعترافات ئەکات..

ئێســـتاش **بیســـتومە** کە ئەتـانەوێ لەگەڵ **جلالیە خـائنەکـانـدا** بە نـاوی بەردانی مەلابەختیـارەوە ببنە یەک یـا ڕێ بکەون.. جـاڕێ حەز ئەکەم بزانی ئەگەر مەلابەختیار بە دەســت خۆی بێت و تۆزێک پیاوەتی تێدابێت شــتی وا ناکات، بەڵام ئێمە ئەزانین مەلابەختیـار ڕەنگە یەکێتی چی پێ بڵێن جێبەجێ ی بکـات.. ئەوەی ئەمڕۆش بۆتـان بخەڵەتێ و بیبەنەوە لای (ینـک) ئەوا بیبەن خواتـان لەگەڵ، ئەو بەیانەی جلال داواتان لێئەکات لەسەر منی دەرکەن بیکەن منەتتان نەبێ من نەک پێم نـاخۆش نیە بەڵکو بەســـەرکەوتنی ئەزانم..بڕۆن نەجـاتمـان بەن و وازمـان لیبینن، بڕۆن بۆ لای جەماعەت چەک و پارەتان باتی، بڕۆنەوە بۆ لای مامە جەلالتان و ئێوە هەر موەقەت بون لای ئێمەو ڕێتان هەڵەکردوە.. ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێرانەیەی ئێمە لە کۆنەوە تا ئێستا و ئەو هەڵوێستە مائع و ناشۆڕشگیر و انتهازیانەیەی ئێوەش کۆن و ئێستا، هەموی فعلا هی دو بیروباوەڕن یەک مارکسی لینینی ڕاستەقینە یەک انتهـازی یەمینی و ورده بۆرژوازیـانەی قەومی ، بۆیە فەرزەکە بوەو دەمێکە بوە، بۆیە کرێکاران و زەحمەتکێشـــان و جەماوەری گەلی کورد زۆر هوشـــیارن چۆن تەماشای (ینک) ئەکەن لەوان خراپتریش هی ئێوە ئەکەن و ئەمەش باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی بزانرێ لە جەرەیانی تیکۆشـاندا دەرکەوت کامە بیروباوەر و تیز ڕاسـتەو کامە یەمینی و مساومە..

نامەوێ لەمە زیاترت بۆ بنوســـم ، حەزیش ئەکەم ئەمەش نیشـــانی زۆرکەس بدەیت و حەزیش ئەکەم بزانن چۆن دەوری ئینتیهازیانەی بۆچونەکانی ئێوەو هەندێ منالّی لاسـاری ناسیۆنالیسـت کە ڕۆژگارێ لە خۆیان گۆرابوون لە ئان و سـەعاتدا خۆی لی بوە بە ســـەرکردەی کرێکارانی عێراق و کەوتنە دعایەی بە عراقی بون، بەڵام ئێوە لە مشـــتی ورده بورژوای ناســـۆنالیســـت زیاتر هیچی تر نین و ئەوە ڕۆژگاریش لە بەردەممانە و بنوســـن تا ئێمەش هەرچی هەیەو نیە بە وەســـائق بە سەدان شت رونی بکەینەوەو ئەوەندەی تر بتانتۆنینەوە..

خوات لەگەڵ

سالار

۹۸۷/۳/۳۰

لە ســـەر ڕۆشـــنایی ئەو نامەیەی ســـالار عزیز بە پیویســـتم زانی ئەم چەند خاڵە بخەمە ڕوو..

چەند خاڵێک لەسەر ئاڵای شۆڕش

ئێمە وەک ئاڵای شـــۆڕش، ســـەرباری هەموو نەهامەتی و نەبوونی و کێشـــە ناوخۆیی و دەرەکیەکان:

١)نەمانهێشت ئاڵای شۆڕش بكرێتە بەشێک لە لایەنەكانی شەڕی ناوخۆ. گەرچی یەكێتی نیشتمانی لێی گرتین و چەندین پێشمەرگەمانی شەهید كرد، لەبەر ئەوەی دژایەتی شەڕی ناوخۆ یەكێک بوو لەو پرنسیپانەی لە ڕۆژی دامەزراندیەوە باوەڕمان پێی بوو، خۆمان لێ ی لادەدا.

٢)هەوڵمان دا لەگەڵ گەلێک لە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكان بە تایبەتی (پارتی) بۆ كۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ. دانیشتن و پێكهاتنی یەكیتی و پارتیش گەرچی دەمانزانی بەشی زۆری لە ژێر كاریگەری ئێراندا بووە و بەشەكەیتریشی خۆ دە ربازكردنی یەكێتی بوو لەو گۆشەگیریە سیاسی و جەماوەری یەی خۆی تێخستبوو، بەڵام بە سەركەوتن بۆ ئەو ڕێبازەمان لەقەڵەمدا كە ئاڵای شۆڕش گرتبوویەبەر.

٣)سەرباری هەموو كێشەكانی ئاڵای شۆڕش و دژایەتی سیاسی و نەبوونی و كەمدەرامەتی، لە هەموو لایەنە سیاسیەكانی تری سەرساحەكە باشتر، سەربەخۆیی كاری ڕێكخراوەیی ئاڵای شۆڕشمان پاراست. هیچ كاتیكیش نەمان وتووە ئەمە ئەو ڕێكخراوو ریكخستنە ماركسیستیە شۆڕشگێرە كرێكاریەیە كە خوازیاری بووین.

٤)سەرباری هەموو ئەو فشارانەی لەسەرمان بوو لە لایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە، ئاڵای شۆڕش تەنها ڕێكخراوەی سیاسی كوردستانی بوو نەبووە كەوا ڕە شی بەرلەشكری جمهوری ئیسلامی ئێران و لەمەیشدا توانی خاڵێكیتری پرنسیپی دامەزراندنی ڕیكخراوەكە بپارێزێت.

٥)هەرچەندە بە هۆی شاڵاوو پەلاماری یەكێتی نیشتمانیەوە بۆسەر ئاڵای شۆڕش و هەر لە لانكەدا زیندە بەچاڵكردنی ڕێكخستنە ماركسیستیە شۆڕشگێڕەكە و دروست نەبوونی ئەو ڕێكخراوو ڕێكخستنە كرێكاریەی بۆی دامەزرابوو، **بەڵام ئەو ڕێكخراوەی دوای شاڵاوەكە دروستكرا، هەرهیچی نەكردبێت توانی لە سەختترین بارودۆخ و ڕۆژگاردا، سەرباری فشاری رژێمی بەعس و یەكیتی نیشتمانی و جمهوری ئیسلامی ئیران ، حزبی شیوعی و نەیارەكانی ناوەوەی خودی ئاڵای شۆڕش..هتد توانیمان هێڵە پرنسیپیەكانی دامەزراندنی بە بەرزی ڕابگرین و بهێڵێنەوە ئەوەش شانازیەكی گەورەیە بۆ هەموو ئەو هاوڕێ یانەی لەو ڕۆژگارە سەختەدا بە خۆڕاگری مابوونەوە.**

٦)مێژووش دەریخست تاچەند ئاڵای شۆڕش لە بۆچونەكانیدا سەبارەت بە نا ئازادیخوازی و نا دیموكراسیخوازی چینی بۆرژوا و نمایندە حزبیەكانی(حزبە كوردی یەكان) و یەكێتی سۆڤیەت و ریڤیژینیزمی عراقی و جیهانی و تێروانینەكانی لەسەر ئیمپریالیزم و جیهانگیری ڕاست دەرچوون. كە ئەودەم لەسەر ئەو بۆچونانەمان ئێمەیان بە رادیكال ناودەبرد. ئاڵای شۆڕش تاكە ڕێكخراو بوو لە ناو حزبەكانی باشووری كوردستان و عیراق بۆچونەكانی تەواو دەرچوون و تا ئەمساتەش ئەوە تا بە بەرچاوی هەموو كەسێكەوە .

٧) بەهۆی سروشتی پیكهاتەی ستالینیستیانەی حزبەكانی باشوور و عراقیش ، تاكە تاكەیەك نەبێت لە ناو ئەو حزبانەدا كە بە هەوڵی كەسێتی خۆی ئاستی هوشیاری سیاسی بڕێك ڕاگرتبوو ، بە گشتی ئەو حزبانە هیچ كات شوێنی فێركردن و پەروەردە نەبوون، بەڵكو قوتابخانەی پیگەیاندنی مرۆڤی كۆیلە بوون نەك مرۆڤی ئازاد. بۆ مانەوەو دریژەدان بە دەسەڵاتی نامرۆڤانەی نا ئازادیخوازی نادیموكرسیخوازیان هەرگیز و لە هیچ دەمێكدا نەیانویستووە مرۆڤی هوشیار جێ بگرێت، چونكە ترساون دەسەلاتیان پێ لەق بكەن، لەبەر ئەوە بە درێژایی دروستبوونی ئەو حزبانەی باشووری كوردستان كەسی گونجاو لە شوێنی گونجاودا نەبوە و هەمیشە كۆمەڵێك كۆیلەی حزبی سەركردایەتی حزبەكانیان كردووەتە موڵك و مالی خۆیان. لەمەشیاندا ئاڵای شۆڕش ئەوەندەی لەو بارە ناهەمواوە و گەمارۆیەی تیایدابوو، بەڵام پرنسیپی مرۆڤی ئازادی بە ئازادی ڕادەربڕین بەرز ڕاگرت، هەوڵمان ئەدا هەموو یەكێك ئازادانە رای خۆی بڵێت، گەرچی هەندێ جاربە هۆی جیاوازی ئاستی هوشیاری سیاسی و فكری و ئایدۆلۆژیەوە، دژیش بووبێت، رێپێدراو بووە ئازادانە رای خۆی بڵێت، تەنانەت گەر لە گروپی ڕاستڕەوتر و چەپیتریشەوە سەرچاوەی گرتبێت. بە تایبەتی لای من رێپێدراوبوون و بە هۆی ئەو تێروانینەمەوە گەلێك ڕەخنەم دەبیستەوە لە هەندێ لەوانەی پەروەردەی قوتابخانەی ستالینیزمی بوون و هاتن یا لێدوان یا بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوەكانی گەلێك لە چەپەكانیان بە مەترسی و پیلانگێڕی دەبینی، بۆ منیش كرانەوە بوو بۆ لای چەپەكان. هەمیشە ئەوەم وتووە نەنگیە بۆ چەپەكان نەتوانن لەسەر بەرنامەیەكی (هیچ نەبێت) لانیكەم (یەكێتی كار) دامەزرێنن و لە بەرامبەر بۆرژوادا بتوانن ببنە ئەڵتەرنانیف، لە كاتێكدا بۆرژوا بۆ درێژە پێدانی دەسەڵاتە چەوسێنەرانەكەی بەرنامەی كاری هاوبەش دادەنێن، بە تایبەت لەو دەمانەی دەسەڵاتیان دەكەوێتە بەر مەترسی هەڵویستی خەڵكەوە.

مامۆستا پشكۆ لە كتێبی ئەزموون و یادا، لە لاپەڕەكانی ٣٥٦ــ٣٥٧ دا ئاوای نوسیوە :

(هەر ئەو هاوینە هەواڵی شەهیدكردنی " ئازاد فەقێ عەلی" و هاوڕێكانی لە قەرەداخ گەیشت. ئازادو مەفرەزەكەی لە رۆژگاری ئەنفال و شكستدا، قەرەداخیان جێ نەهێشتبوو، لە "قۆپیەكان" دا مابونەوەو لە هەوڵی درێژەدانی خەباتی دژە ئەنفال و هاوكاریكردن بوون لەگەڵ مەفرەزە پەردەوازەكانی یەكیتی. پاش چەندین ساڵ بەهادینن نوری بۆی گێڕامەوە و گوتی : " بەڵێ..ئازادو هاوڕێكانیم لە قۆپی دیتن و داوایان لی كردم تا بۆ مەسەلەی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ مەفرەزەكانی یەكێتیدا هەوڵێك ببدەم. لەو دۆخە دژوارەدا كە هەمو كوردستان دەسوتا، دەمویست كاریكی وەها بكەم، بەڵام ــمەحمودی مامە عەزە ــ كە لێپرسراوی مەفرەزەكەی یەكێتی

بوو ، نەدەهاتە ژێربار و لە ترسی سەركردایەتیی خۆی نەیدەویراهاوكاریان بكات و لەگەڵیانن ئاشت بێتەوە" ئازادو هاوڕیكانی ، لە ئەشكەوتێكدا، دەستێك یاخود دەستانێكی نادیار، فرسەتیان لێ هێنابوون و شەهیدیان كردبوون!).

لە باری ئاڵای شۆڕشەوە لە هەمان لاپەڕەدا مامۆستا پشكۆ ئاوای نوسیوە :

(دەبێت حەقیقەتیک بۆ مێژووی خوێناوی شەڕی براكان بنوسەوە و بڵێم : یەكێک لە سەروەرییەكانی ئاڵای شۆڕش، پێبەستبوونی "ئاڵا" بوو بە پرنسیپێكی سیاسی و دروشمێک كە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە بەرنامەی سیاسی خۆیدا چەسپاندبووی و كاری بۆ دەكرد. ئەویش دژایەتیكردنی شەڕی نێوخۆ و هەوڵدان بۆ ئاشتەوایی و یەكڕیزی بزوتنەوە چەكدارییەكەی كوردستان بوو. بە درێژایی ئەو ساڵانە، وێرای تەنپێهەڵچنین، ڕەدونان و شەهیدكردنی چەند پێشمەرگەی "ئاڵا" بە دەستی مەفرەزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، لە ناوچەی هەولێر و شۆڕنەكانی دیكەدا، خوێنی یەک پێشمەرگەش بە دەستی مەفرەزەكانی "ئاڵا" نەڕژێنرا و هەرگیز لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە و قوڵكردنەوەی زامەكاندا نەبوون. كەم هێزی سیاسی كورد هەبووە، هەرچەندیش بچووک و كەمهێزیش بووبێت، سەركردەكانی زیندانی كراون، پێشمەرگەی بە بە ناهەق لێ شەهید كرابێت، هەموو كوردستانی لێ پاوان كرابێت، لە شاخ و لە شاردا، دژایەتی كرابێت و هێندە یۆلیرانسی هەبووبێت، بە ناخێكی بێ كینە و ڕكەوە كاری كردبێت و هەڵسووڕابێت!

هیچ هێزێكی سیاسی كورد، وەكو "ئاڵا" و لێپرسراوەكانی ، نەیتوانیوە لە فەزای ململانێكان و لە گەرمەی جەنگی ئێراق-ئێراندا، دەست بە بنەما فیكری و سیاسی و ئەخلاقیەكانی خۆیەوە بگرێت وبۆ پەرژەوەندی و بە هێزكردنی خۆی مۆراڵی فیكرو سیاسەت نەدۆڕێنێت و لە بازنەی جەنگەكە نەكەوێت. مەرجەكانی ئیتڵاعاتی ئێران جێبەجێ نەكات و نەكەوێتە بازنەی سیاسەتی ئێرانەوە. ئەگەر لە كۆمێتەی سەرپەرشتی "ئاڵا" دا كەسانێک هەبووبن كە ویستبێتیان بازنە فیكری و سیاسی و ئەخلاقیەكانی ببەزێنن و لاسایی هێزەكانی دیكە بكەنەوە، ئەوا خۆشبەختانە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی "ئاڵا" و كادرەكانی ، ئەو سیاسەتەیان پێ قووت نەچووە و جێببەچێیان نەكردووە! ئەمە دەشێ سەروەرییەكی دیكە بێت كە كادرانی " ئاڵا" شانازی پێوە بكەن.

بازنەی پەیوەندییە سیاسییەكانی " ئاڵا " لەگەڵ هێزەكانی كوردستانی ئێراقدا، پارتی دیموكراتی كوردستان لە پلەی یەكەمدا و حیزبی شیوعی ئێراق لە پلەی دووەمدا بوو. پارتی، جگە لە كۆمەكی لۆجستیكی، لە سەرەتادا ، كاتژمێرێكی لە وێستگەی ڕادیۆكەی خۆی بە "ئاڵا" دابوو.حزبی شیوعی ئێراق، لەگەڵ ئەوەی هاوكاریی "ئاڵا" یان دەكرد دیسانیش وەكو پێشەی خۆیان دەستیان تێ وەردەدا و

گرفت و كێشەی فیكری و سیاسییان بۆ دەخولقاندن. "ئالا" وەكو پرنسیپی فیكریی خۆی، هاوكاری كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێرانیشی دەكرد و ئیشوكاری كادران و خێزانەكانیانی لە شارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان جێ بەجێ دەكرد).....

لەسەر ڕۆشنایی ئەو نامانەی هاوڕێ یانی كۆمێتەی سلێمانی (ڕیبوارو شاسوار) ئەم وەلامەم ئاراستەی كۆمیتەی سلیمانی كرد..

وەڵامی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ كۆمیتەی سولەیمانی

لیژنەی سەرپەرشتی
كرێكارانی جیهان یەكگرن ژمارە /٢
بەروار / ١٩٨٧/٣/٣١

بۆ كۆمێتەی سلیمانی تێكۆشەر
سڵاویكی كریكارانەی گەرم

نامەیەكی شەخسی هاوڕێ یانی كۆمێتەكەتان (شاسوار) و(ڕێبوار) كە بە بەرواری ١٩٨٧/٣/١٦ نوسرابوو وە ئاراستەی هاوڕێ عادل كرابوو ، لەگەل نامەیەكی هاوڕێ لیدیا لە بەرواری ١٩٨٧/٣/٢١ گەیشتنە دەستمان لە ١٩٨٧/٣/٢٥ وەڵامەكەمان لە نامەیەكی پێشترماندا ئاراستەی كۆمێتەتان كردەوە. ڕاپۆرتی ڕەسمی كۆمێتەتان دواكەوت لە ١٩٨٧/٣/٣١ گەیشتە دەستمان، وا لە هەمان ڕۆژدا وەڵامەكەتان ئاراستە دەكەینەوە، واتە بە دوو ڕاپۆرت وەڵاممان داونەتەوە. لە ڕاپۆرتی یەكەمماندا یەكەم ڕەخنەو سەرنجی خۆمان لەسەر نوسینەكانی ئەو دوو هاوڕێ یە و شێوەی كاری ڕێكخراوەیی دروست و دووەمیش سەرنجی خۆمان و كادرانمان لەسەر حوار لەگەڵ یەكێتی ڕونكردەوە ئەمەش وەڵامی نامە ڕەسمیەكەی كۆمێتەتانە:

١-وازهێنانی هاوڕێ سەردار كە یەكێك بو لە هەرە هاوڕێ دڵسۆزو تێكۆشەرەكانی كۆمێتەتان جێگەی دڵگرانی زۆرمانە، دەبوو بە ڕاشكاوی و زۆر بە ڕوونی نامەی خۆی ئاراستە بكردینایە، ئێمە مقنع نین بەو مبرری وازهینانەو وای بۆ دەچین كە جگە لەو سەرنجانە ئەسبابئ تریش هەبوە، لەوانە كەڵەكەبوونی زۆربەی كارەكان لە سەری بە كردەوە بە دەنگەوە نەچونی، وەك پێویست یارمەتی نەدانی لە لایەن هاوڕی علائەوە، دەلیلی ئەم بۆچوونەشمان نەبونی كەسێكە لێبراوانە كارەكانی سەرشانی ئەو تایبەت بە چاپەمەنی بكات. ماوەی چل و پێنج ڕۆژ بڵاوكراوەمان ناردۆتە ئەو شوێنەی پێتان وترابوو هەر نەچوون بە دەمیەوە بیگەیەننە

لای خۆتان تا ماڵەكە ســـوتاندنی؟ كەچی دەڵێن ئێوە هیچتان نەناردووە! ([1])زۆر پێویســـتە كادری ئیعلامی وریاو هوشـــیار پێ بگەیەنرێت، گەر هەر لە ســـەرەتاوە كاتێـک عـادل كـاری چـاپەمەنیەكـانی دەكرد گیـانی لێبوردن و خۆفێركردن هەبوایە ئێستا ئاوا دا نەئەمان. ئەو ڕەخنەیە بە تایبەت ڕووی لە هاوڕێ (علائە) و ئاراستەی هاوڕێ یان شاسوارو ڕیبواریشە سەبارەت بە نەگەیاندنی بڵاوكراوەكان بۆ ناوشار. ئێمە لە مەترسـیەكان تێدەگەین، بەڵام تێكۆشـەران هەمیشـە دەبێت ئەو دیوارەی لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە دوژمن دروستی دەكات بڕوخێنن.

٢-ســـەبارەت دانانی هاوڕێ و بەرزكردنەوەی كەســـێک بۆ كۆمێتە ا- نابێت ئەو كەســـەی بۆ ئەو شـــوێنە دادەنریت عەســـكەری فیرار بێت. ب – دەبێت باش هەڵی ســـەنگێن ، هوشـــیار و ئازاو چاونەترس بێت لە ئاراســـتەكردنی ڕەخنە. ج – دەبێت لانیكەم ئاســـتی فكری و ئایدۆلۆژی و پرنســـیپەكانی ڕیكخســـتنی هەبێت و ئیلتزامی پێوە بكات.

٣-هاوڕێ جەلیل خلیل ئەندامی تأســـیســـی ئالای شـــۆڕش و ئەندامی (كۆمێتەی شـــارەكانە)، ئەوە هیچ جێی مەناقەشـــە نیە. ئەوو هاوڕێ علاء بەرپرســـیاردەبن لە پـاراســـتنی ئـامیرەكـان و چـاپەمەنیەكـان..هـاوڕێ جەلیـل خەلیـل لەگەڵ كۆمێتەی سوڵەیمانی دانانیشێت. ئەوە هاوڕێ علاء پێ ی هەڵدەسێت. هاوڕێ جلیل خلیل وەک ئەندامی كۆمێتەی شارەكان بەشداری كۆبونەوەكانی كۆمێتەی شارەكان دەكات.

٤-سەبارەت هەوڵی حوار لەگەڵ یەكیتی، وەک پرنسیپ ئێمەش لەگەڵ پیكهێنانی یەكیتی كارین، دەبوو وەک پرنســـیپی كاركردن دەقی نامەكەی جلال تالەبانیتان بۆ

---

[1]) هاوڕێ ســـەردار(شـــێخ فاتح) یەكێک لە ئەندامە چالاكەكانی ڕێكخســـتنەكانی كۆمەڵەو ئەڵقە سەرەتایی یەكانی ئالای شۆڕش بوو، دوای شاڵاوی یەكێتی بۆ سەر ئالای شـــۆڕش و گرتنی ناوەندی نوســـەران و كۆكردنەوەی ئەڵقەكان ودروســـتكردنی ڕێكخستن، هاوڕێ سەردار یەكێک لە چالاكترین ئەندامی كۆمێتەی سولەیمانی بوو، جوامێر ، بە دیسپلین بە هەڵمەت. من خۆم پێمواپە هۆی وازهێنانەكەی پەیوەندی بە هاوڕێ (شـێخ فازل) ی برایەوە هەبوو، ئەو بە هەڵە تێگەیشـتبوو. دوای كێشـەكەی لەگەڵ ئێرانیەكان دروســـت بوو لە زێوێ بە هۆی ئەو تەقەیەی شـــێخ فازل كردی ، ئێرانیەكان وایانزانی تەقە لەوانكراوە، هاتن چواردەوریان گرتین و داوای تەقەكەرەكەیانكرد، من نەمدا بە دەســـتەوە، ئێرانیەكان هاوڕی بابكر دڕەیی و عریف كریمیان برد. پێموتن من بەرپرسیاری ئێرەم من بگرن لە باتی ئەوان ، ئەو برادەرانەمان تاوانێكیان نەكردووە ئێوە دەیانبەن ، وتیان تەقەكەرەكەمان تەســـلیم نەكەن ئەمانە بەرنادەین، (هەرواش بوو زیاتر لە دوو مانگ لە زیندانا مانەوە)، لیژنەیەكمان دروستكرد بۆ ئەو كیشـــەیە، بە پێی لیژنەكە بە دوور نەزانرا پاســـداران جارێكیتریش بێنەوە بۆ گرتنی شێخ فازل، وەزعەكەیان خستە پێش چاوی شێخ فازل خۆی ، ئیستقالە بكات و پرواتە شـــوێنێكی ئەمین تا لە زێوی نەگیرێت یا بمێنێتەوە و مانگێک تجمید بكرێت، خۆی ئیستقالەكە و وەرگرتنی چەكێكی قبول كرد.

بناردینایە پێش ناردنی بۆ تاڵەبانی! تا سەرنج و رای خۆمانی لەسەر بدەین و نامەیەکی گەڵاڵەکراویان ئاراستە بکەین . **مەسەلەی حوارو بڕانەوەی دەبێت بریاری لیژنەی سەرپەرشتی و کادرە ئەساسیەکانی ناوەوەو دەرەوەی لەسەر بێت.**

٥- کاک سالار و بریاری نەگەڕانەوەی

لە کۆبونەوەی لیژنەی سەرپەرشتی دەربارەی بەرواری ١٩٨٧/٢/٢٨، بە بەشداربوونی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی حاجی مەمۆ و مامۆستا عادل و بە ئامادەبونی کادرانی سەرەکی مەلا یاسین و ابوبکر خۆشناو ئەم بریارانە دران:

١-بەستنی پلنیۆم لە نێوان ١٩٨٧/٥/١٥ تا ١٩٨٧/٦/١ لە زێوێ یا خواکورک.

٢-مەسەلەی سالار پلنیۆم بریاری لێ ئەدات.

٣ مامۆستا عادل لێرە لێپرسراوی ئاڵای شۆڕش دەبێت تا کاتی پلنیۆم.

٤-مامۆستا سلام لە عیلاقات کار بکات.

٥-ئاگادارکردنەوەی ڕیکخراوی سلیمانی و هەولێر بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و نوینەریان لەسەر تێکڕای وەزعی ئاڵای شۆڕش.

٦-هینانی ئەو پارەیەی هاوڕیان لە خوارەوە کۆیان کردۆتەوە بۆ بەردەستی لیژنەی سەرپەرشتی

ئەوەبریارەکانی لیژنەی سەرپەرشتی بوو لە کاتی خۆشیدا لەو بارەوە نامەمان بۆ ناردون.

ئەو بریارەی لیژنەی سەرپەرشتی سەبارەت بە سالارعزیز نابیت لای خۆتان دەرچیت تا پلنیۆم.

٦-لێرە، دوو کەس(عیماد ئەحمەد و سواڕە) وا باسیاندەکرد گوایا کۆمێتەی سلێمانی سەدهەزار دینار پیتاکی کۆکردۆتەوە، گەرچی عادل هەردوو کەسەکەی بانگ کرد بۆ لیکۆڵینەوە و داوای بەڵگەی لێکردن ، هەردووکیان ئینکاریانکرد و وتیان قسەی وامان نەکردووە. دیارە بۆ ئاژاوەگێڕی کردویانە. داواکارین لە بارەی ئەو مەوزوعەوە ڕاستە یا نەء؟ لە ڕاپۆرتی داهاتووتاندا ئاگادارمان بکەنەوە بە وردی بۆمان ڕوون بکەنەوە. بۆ ئاگاداریتان تا ئێستا ش (٣) هەزار دیناری ئێوە گەیشتۆتە لیژنەی سەرپەرشتی. هەزارو پێنج سەد دیناری بە هاوڕێ حەمە ئاوات دا و هەزارو پێنج سەد دیناریشی بە هاوڕێ عادل دا بە دەستمان گەیشتووە.

٧-بە نیسبەت ناونیشانی کۆمێتەی هەولێر لە ڕیگەی خیزانی هاوڕێ حەمە ڕشید هاوڕێ (ک)تان پێ دەناسێنێ چونکە مالیان دەزانێت، لەو ڕێگەیەشەوە هاوڕێیان دەدۆزنەوە. یان (لە ڕێگەی مالی باوکی هاوڕێ شێخ حسێنەوە).

٨-دەبوو سەبارەت هاوڕێ سلام سلمان(ناوی نهێنی تازەی مەلا بەختیاربوو-نوسەر) و هەردوو هاوڕێ کەیتر بۆتان بنوسینایە.

مۆری لیژنەی سەرپارشتی
١٩٨٧/٣/٣١

ئەوە بەشی زۆری نامەكەی لیژنەی سەرپەرشتی بوو بۆ كۆمێتەی سولەیمانی.

بۆ ئاگادارکردنەوەی حاجی مەمۆ لە ســـەرجەم هەواڵەکان ، نامەیەکم بە ناوی لیژنەی سەرپەرشتیەوە ئاراستەکرد ئەمەس ناوەرۆکەکەیەتی:

لە لیژنەی سەرپەرشتیەوە بۆ حاجی مەمۆ

بەرێز هاوڕێ حاجی مەمۆ

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

لەگەل گەرمترین ڕیزمان بۆ هەموو هاوڕێ یان

١-لێرە مسـوە دەی پەیرە ویەکی ناوخۆ نوسـرایەوە و موناقەشـەکراو(لێرە)کاری پێ دەکرێـت، تـا بە تەواوی لە پلنیۆم ئیقرار دەکرێـت. داواکـارین هـاوڕی یـانیش هەرچی سەرنج و بۆچونیان هەیە لەسەری ئامادەی بکەن.

٢-مەســەلەی حوارەکەی پێشـنیارکرابوو لەگەل ینک تا ئێسـتە نەتیجەی نەبووە. هاوڕێ حەمە ئاوات لە ١٩٨٧/٥/٦ لە ســـلێمانی گەڕایەوە، تەئکیدی کردەوە کە هاوڕێ روناک نەچووە بۆ لای جلال تاڵەبانی و ئەوەی وتراوە درۆبوە.

٣-علاقاتمان : لەگەڵ ئێران گۆڕانێکی ئەوتۆی بەســـەردا نەهاتووە لەوەزیاتر لە مەسەلەی ئینذار دەستیان هەلگرتوە گەرچی یەکیتی نیشتمانی زۆر تێ دەچێنیت.

لەگەل پارتی باشـــەو تأکید لەســـەر دۆســـتایەتی دەکەنەوە...بەڵام بۆ تێکنەچوونی علاقاتیان لەگەڵ(ینک) وتیان ئامادەنین شتتان بۆ چاپ بکەین...

لەگەڵ حشع طبیعیە...جێی داخ بوو لەم ماوەدا بە هۆی ئەوەی لە لایەن ینک ە وە لای ئێرانیەکـان بۆیـان تێچـانـدرابوو کـاک ئەبو حکمەت و برادەرانیـان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە گیران و پاش چوار ڕۆژ کاک ئەبوو حکمەت بەربوو. ئەوەندەی لە توانامانداا بوو بە دەنگیانەوە چووین.

٤-داواکارین چەندە دەکرێت بە زوویی ســـەرکەونەوە بۆ بەســـتنی پلنیۆمەکە لە زێوە ، تا بۆتان دەکرێت با لەوکاتەی دیاریکراوە تێ نەپەڕێت و ئاگاداری هاوڕی شـــێخ حســـێن و ئەوانیش بکەن. چونکە تطوراتەکان چ لە ناوخۆی وڵات و جیهان زۆر خێرا دەڕوات. وەکو لە لایەن برادەرانی حشـــعەوە ئاگادارکراین و خۆشـــمان متابعەی هەواڵمان کردووە کە غۆرباتشێف وەعدی لە حافظ ئەسەد وەرگرتووە بۆ :

٤.١-تدخل بۆ ڕاوەستانی شەرەکەی ئێران-عێراق.

٤.٢-بۆ دروســـتکردنی (وحدە) لەگەڵ ڕژێمی ســـەدامی جەللاد و بوونی حافظ ئەسەد بە سەرکۆماری هەردوو وڵات. بۆ ئەو مەبەستەش دانیشتنی دووقۆڵی نێوان حافظ ئەسەدو سەدام ڕوێداوە.

٣.٤-دیارە ئاگاداری موقعی سۆڤیەتیشن کە بە ئاشکرا دعمی عێراق دەکات و هەموو قورسایی خۆی بۆ کۆتایی پێ هێنانی جەنگەکە بەکاردێنی.
لەولاشەوە ئەمریکا لە ڕێگەی دولی خلیجەوە وە بۆ ئەوەی مصالحی لە خلیج نەکەوێتە مەترسی یەوە و پاش ئەوەی لە مەسەلەی ماکفارلین ڕەفتاری لەگەل کرا، ئەمیش بۆ ڕاوەستانی حەربەکە و پاراستنی پەرژەوەندی ئیمپریالیستی خۆی لە ناوچەی خلیج کاردەکات...
وەکوتر ضخطی هەردوو قوطبەکە بەلای ڕاگرتنی جەنگەکەیە و کاریان بۆ کردووە. هەربۆیە توقعی ڕووداوی سیاسی گرنگ دەکرێت.
لە ساحەی داخلیش جلال تاڵەبانی باس لە جەبهەی کوردستانی دەکات و کاری بۆ دەکات و وەعدی داوە بە ئیرانیەکان کە بیخاتە خزمەتیانەوە.گەرچی مەرامی جلال تاڵەبانی لەو جەبهەیە واضحە و زەمینە خۆشکردنە بۆ ئەوەی لە حاڵەتی شکستی ئێران لە بەرەی شەردا ئەو بە ناوی جەبهەی کوردستانیەوە بۆ مفاوەزات و مساوەمەیەکیتر لەگەڵ بەعس لابکاتەوە...
ئەوانەو کارەکانی ناوخۆی ئاڵا پێویستیان بە دیاریکردن و ڕونکردنەوەی مەسەلەکان و یەکاڵاکردنەوەی کێشەکان هەیە، هەربۆیە پێویستە زۆر بە زوویی لە مەوعدی خۆیدا کە بۆ پلنیۆم دیاریکراوە بگەڕینەوە.

شادوسەرکەوتوبن

لیژنەی سەرپەرشتی
١٩٨٧/٥/١١

دوای ئەوەی لە وەڵامی ڕاپۆرتی کۆمیتەی سولەیمانی دا ئاگادارمکردن کە چیتر خۆم هەڵنابژێرمەوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتی پێویستە گۆڕان لەو سیستەمەدا لە ئاڵای شۆڕشەوە دەست پی بکات و ئێمە یەکەم ڕێکخستن بین سیستەمی سەرکردایەتی ستالینیستی هەتا هەتایی یە ڕەت بکاتەوە. هەوڵدەدەم لیژنەی سەرپەرشتی نوێ لە هاوڕێیانی نوی پێک بێت. ئەوان لە وەڵامدا ئاوایان وەڵامدایەوە :

هاوڕێی خۆشەویست عادل
سڵاوێکی کۆمۆنیستانە
ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ براژنە ڕوناک خان، هەواڵی تەندروستی ئەپرسم ماڵەوەمان ڕیزو سڵاوی هەیە و هەواڵتان ئەپرسێت.
هاوڕێ شێرکۆ و هاوڕی هێمن و هاوڕێ سیروان ڕێزو سڵاویان هەیە. کاکەگیان لە نامەکەت نوسیبووت بەشداری پلنیۆم ناکەم و خۆیشم هەڵنابژێرمەوە. من بەش بە حاڵی خۆم وەک هاوڕێ یەکت ڕەفزی ئەو بریارە ئەکەم و داوایشت لێ

ئەکەم بچی بۆ پلنیۆم و خۆیشـــت هەڵبژێری. هاوڕێ یانی کۆمیتەی ســـولەیمانی و هاوڕێ لیدیاش ڕایان وایە خۆت هەلبژیری.
ئیتر هیوادارین قسەمان نەشکێنی

هاوڕێیت
هاشم-علاء
١٩٨٧/٦/١٣

نامەیەکی ئەندامی کۆمیتەی ســـولەیمانی هاوڕێ ریبوار لە هەمان بابەتەوە هات ئەمەش دەقەکەیەتی :

بەڕێز / هاوڕێ عادل

سڵاوێکی کۆمۆنیستانە

هاوڕی ی بەڕێز بە گەرمی پیرۆزبایی بەســـتنی پلنیۆم لە هەموو هاوڕێ یان دەکەم و هیوام ســـەرکەوتنتانەبەســـەر هەمو ئەو کۆســـپانەی ڕێگای خەباتی پێ گرتووین.

هاوڕی لە نامەی (ل.س) بۆ کۆمیتەی سولەیمانی وا بریارت دابوو کە کارنەکەی لەگەڵ (ل.س) داو خۆ هەڵەبژێری ئەم جـارە ، بەڵام من بەش بە حـاڵی خۆم بریـارەکەت ڕەفض دەکەم و داواکـاریشـــم داواکەم لات قبوڵ بێـت چونکە دورکەوتنەوەت گیروگرفتەکان چارەسەر ناکەن.

ئیتر خۆشیت و بەهیوای بەشداریت لە پلنیۆم هاوڕێت

ڕێبوار
١٩٨٧/٦/١٤

پلنیۆمی دووەمی ئاڵای شۆڕش لە خواکورک

ئاگاداری هەموو هاوڕێ یان کرا لە کۆتایی مانگی تەموز/١٩٨٧ لە خواکورک پلنیۆم دەگیرێت، بۆ ئەو کارە دەست بەکاربووین .

لە ســەرەتادا بریارم دابوو نەچم و بەشـداری پلنیۆم نەکەم، بەڵام لەگەڵ زۆربەی هاوڕی یان قسەم کردبوو بچن و گەلیکیشیان خۆیان بپاڵێون بۆ لیژنەی سەرپەرشتی، وتم دەمەوێت نەریتێک دابیت لە ئاڵای شـۆڕشـەوە کە دەسـتاودەسـتی بەرپرسـیارێتی بکرێتە نەرێت، با ئەو کارە بۆ یەکەمینجار لە ئاڵای شۆڕشەوە دابێت، وتم نە من نە حاجی مەمۆ و نە ســالارعزیز نابێت خۆیان بپاڵێون ، پێویسـتە چەند کادریکیتر بێنە پێشەوە و لیژنەیەکی نوێ هەڵبژێردرێت.

ڕۆژێک عماد ئەحمەد لە بەرچاوی هەندێ لە کادرەکاندا داوای لێکردم با لەم پلنیۆمەشـــدا وەک پلنیۆمی یەکەمی زێوێ هەموو لایەک هاودەنـگ بن و کـار بە

پرۆژەی بەرنامەكەی ئاڵای شـۆڕش بكریت، وتم ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕای منەوە هەبێت منیش هەمان ڕام هەیە، گەرچی دەزانم و هەواڵم هەیە كەسانێك هەن نیازیان خراپە،وتیشم تا ئەمساتە بریارم نەداوە بەشداری پلنیۆم بكەم.

گەلێك لە كادرە ئەساسیەكانیش لەوانە بۆ نموونە مەلا یاسین، دكتۆر قادر، حاكم ســـەردار وتیان بەشـــداری پلنیۆم ناكەین... دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بكەوینە ڕێ لە زێوێ وە بۆ خواكورك . فرنسۆ حەریری و فەلەكەدین كاكەیی هاتن بۆ سەردانمان لە زێوێ، لەو قســـانەی كردیان، ئەوەبوو وتیان هەواڵمان هەیە لەم كۆبونەوەیەی ئەمجارەتاندا كێشـــەی گەورە دروســـت دەبێت، وتم كێشـــەی وەكو چی؟ وتیان وەكو ئینشقاق، بۆیە زۆر وریابە. وتم ئەزانن تا ئەمساتە بریارم نەدابوو، بە تەماش نەبووم بچم بۆ ئەو كۆبونەوەیە، بەڵام ئەوا بریارمدا بچم.

دوای ڕۆیشـــتنی ئەوان، بە هاوڕێ یانم وت منیش دێم، هاوڕێ یان پێیان خۆش بوو گەرچی نەیان ئەزانی بۆ ڕای خۆم گۆڕی، بەڵام هاوڕێ شـــێخ حســـێن، كە یەكێك بوو لە باشترین فەرماندەكانی پێشمەرگە لە ناو یەكێتیشدا، ئاگادارم كردەوە لەو قسـەو بۆچوونانەی پارتی، وتم كە بەرپرسـیاری سـەربازی لە ئەستۆ بگرێت و لەگەڵ كادرە سەربازیەكانی تردا نەخشەی سەلامەتی بەڕێوەچوونی كۆبونەوەكان لە ئەستۆ بگرن. وتی خەمت نەبێت خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە دەكەین. ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٢٣ لە زێوەوە كەوتینە ڕێ بەرەو دۆڵی خواكورك، ئێوارەكەی گەیشـتینە جێ و شـەو لە بارەگای مەكتەبی سیاسـی حزبی شـیوعی عێراق لاماندا، ئەوی بیرم مابێ ئەبو حكمەت و ئەبو تارا لەوێ بوون، مام دارا و جەماعەتەكەی حاجی مەمۆ لای ئەوان بوون لەگەڵ مامۆستا سلام ، دیاربوو قسەوباسی خۆیان كردبوو، شەو لە مەكتەبی ســیاســـی حزبی شــیوعی لە خواكورك مایەوە، لە ناواخنی ئەو قســانەی باسكران لە نێوان ئێمەو ئەندامانی مەكتەب سیاسی حزبی شیوعی دا دوو جار باسم لە دەسـت تێوەردان و پیلانگێرانی (هەندێ لا) كرد لەسـەر ئاڵای شـۆڕش، وتم ئێمە ڕێكخســـتنێكین دەمانەوێت لانی كەمی ێەكێتی كاریش بێت لەگەڵ چەپەكاندا هەمان بێت و دژی كاری پیلانگێرین.

چۆمێك بە دۆڵی خواكورك دا دەهاتە خوارەوە، مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی لە بەریكی چۆمەكە بارەگایان لە مێزبوو هەبوو، هاوڕێ یانی ئاڵای شـــۆڕشـــیش لەوبەری چۆمەكە كەپریان دروســـتكردبوو بۆ كۆبونەوەكان و ئازوقەو پێویســـتیان ئامادە كردبوو. بۆ بەیانیەكەی ١٩٨٧/٧/٢٤ بەرەو لای هاوڕێ یانی ئالای شـۆڕش چووین، دیاربوو هاوڕێ شـێخ حسـێن بە چاكی سـەروكاری سـەلامەتی كارەكانی دەكرد.

ڕاپۆرتی گشتی لیژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕشم نووسی بوو، كۆبونەوەیەكم لەگەڵ عماد ئەحمەد و خۆشـــناو و حەمە ئاوات كرد، ڕاپۆرتەكەی ئامادەم كردبوو

خوێندرایەوەو هەر یەكە ڕای خۆی لەسەردا و ڕاپۆرتەكە پەسەندكرا. من بە ئەنقەست ئەوانەم دیاریكردبوو بۆ مناقەشەی ڕاپۆرتەكە، چونكە هەرسێكیان هاوراو هاوبیر بوون لەسەر سۆڤیەت و حزبی شیوعی.

ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٢٥ كۆبونەوەكانی پلنیۆمی دووەم دەستی پێكرد بێ ئامادەبوونی سالار عزیز، هاوڕێ یان ئاگاداریانكردم كە هاوڕێ یەكی سلێمانی هاتووە بۆ بەشداری پلنیۆم بەڵام نامەی ڕەسمی كۆمیتەی پێ نەبوو!. سەرەتا بە دەقیقەیەك وەستان بۆ شەهیدانی كرێكاران و زەحمەتكێشانی كوردستان و جیهان و دواتر بە سرودی ئینتەرناسیۆنال كۆبونەوەكان دەستی پێكرد. دوای ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیم خوێندەوە. هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی سەرپەرشتیم ڕاگەیاند. سێ هاوڕێ هەڵبژێران بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی پلنیۆمەكە یەكێك لەو هاوڕێ یانە صلاح صدیق بوو. خاڵی یەكەمی بەرنامەكانی كۆبونەوەكە مناقەشەكردنی ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتی پێشوو بوو پاش مشت مڕێكی زۆر بە تایبەت لەسەر تێروانینە ئینتەرناسیۆنالیستی یەكان ڕاپۆرتەكە پەسەندكرا..

ئەوەندەی بیرم مابێت. ئەم هاوڕێ یانە بەشداری كۆبونەوەكان بوون : ١- ڕوناك شێخ جناب ٢- حاجی مەمۆ ٣- صلاح صدیق٤- عماد ئەحمەد ٥- سلام عبدالله ٦- ابوبكر خۆشناو ٧- وەرزێر ٨- دكتۆر ئازاد ٩- گۆران ١٠- م.مهدی ١١- عادل ١٢- سەرهەنگ ١٣- علی ١٤-حەمە ئاوات ١٥- سلام عبدالله ١٦- سلام (سەلامەدرێژ) ١٧-وریا ١٨- كامەرانی ئیزاعە ١٩- عدنان ٢٠- حیدر ٢١- فەرهەنگ ٢٢- ماجید ٢٣- اكرم ٢٤- حەمە ڕشید ٢٥ – كاردۆ ٢٦- شێخ حسێن ٢٧- عدنان ٢٨- شێركۆ ٢٩- احمد صدیق ٣٠- ئازاد چاوشین ٣١- شێخ محمد(برای شێخ حسێن) ٣٢ - كەنعان ٣٣- كامران ٣٤- ڕێبوار پێنجوینی.... داوای بووردن ئەكەم هەر ئەمەندەم ناو بیرە.

دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتی و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەكە لە لایەن بەشداربووانەوە، هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی سەرپەرشتیم ڕاگەیاند، چووم لە ڕیزی دواوەی هاوڕێ یانی كۆنفرانس دانیشتم، نیازم بوو گوێگری قسەو لێدوانەكان بم، بەو حسابەی عماد لە زێوە بە منی وتبوو كە لەسەر (پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شۆرش كە پرۆژەی بیری ماركسیزمی شۆڕشگێر بوو) دەمێننەوە.واتە مەسەلەی سۆسیالیست نەبوونی سۆڤیەت هەڵدەگیرێ بۆ داهاتوو.. بەڵام لە دانیشتنی دووەمدا كە مناقەشەی پرۆژەی بەرنامە هاتە پێشەوە، یەكسەر عماد ئەحمەد هەڵسایە سەرپێ و وتی (ئێمە) ساغیدەكەینەوە سۆڤیەت قەڵای سۆسیالزمە. فەرموو كی باوەڕێكیتری هەیە با بیسەڵمێنێ، من سەرەتا هیچم نەوت، چاوەڕوان بووم ئەو هاوڕی یانەی باوەڕیان بە ماركسیزمی شۆڕشگێر هەبوو هەڵسن وەڵام بدەنەوە، لەوە ئەچوو سەڵەمینەوەیەك هەبێت كەس وەڵامی نەداوە. لەولاوە مامۆستا سلام عەبدوڵڵا

هەڵیدایەو وتی : گەر هیچتان پێ نیە ، لیگەڕێن با ئەوانەی زمان دەزانن ئاڵای شۆڕش بەڕێوەبەرن. صلاح صدیق كە یەكێك بوو لەو هاوڕێ یانەی باوەڕیان بە ماركسیزمی شۆڕشگێڕ هەبوو وە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پلنیۆمەكە بوو لەبەر خۆیەوە : من ئەوەندەم پێ نیە ئەوە بسەلمینم!

من زۆر بەلامەوە سەیربوو ، لە كاتێكدا لە ڕۆژی یەكەمەوە بە ڕوونی لە پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕشدا هاتبوو كە پەیڕەوی لە بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ دەكات ، كەچی كەسانێك لافی ئاڵای شۆڕش بوونیان لێ دەداو دژی بیروباوەڕەكەشی بوون و دەڕوێشی سۆڤیەت و پەیڕەوكەری سیاسەتی حزبی شیوعی بوون!

دیاربوو ئەوانەی بڕوایان وابوو سۆڤیەت قەڵای سۆسیالیزم و حزبی شیوعی ڕێبەری كرێكارانی عێراقە و ریڤیژینیستی نیە، واتە هەمان جیهانبینی سۆڤیەتیی و حزبی شیوعیان هەبوو، وە بیرو ڕێبازی ماركسیزمی شۆڕشگێڕیان نەدەسەلمان. (یەكەم) لەو وەعدەی لە منیان وەرگرت كار بە پرۆژەی بەرنامەی ئالای شۆڕش بكرێتەوە پەشیمان بوونەتەوە! (دووەم) دەیانەوێت خۆیان وتەنی ڕێكخراوەكە بكەنە بەشێك لە حزبی شیوعی، دیاربوو پێشتر نەخشەیان بۆ كێشابوو. بۆیە كە ئەو حاڵەم بینی هەڵسامە سەرپێ، وتم كاك عیماد لەزێوی لە بەردەم كادیرەكاندا بەمنی وت هەموو با لەسەر پرۆژەی بەرنامەكە بمێنینەوە وتم باشە، ئەوە تا ئێستا بە تەواوی پێچەوانەی ئەوە قسان دەكەن! دەتانەوێت لە بارەی سۆڤیەتەوە قسە بكرێت و ساغ بكرێتەوە كە سۆسیالیستیە یا ئیمپریالیستی؟ زۆر باشە من لەوە دەدوێم، كەوتمە ڕونكردنەوەی شۆڕشی بۆرژوایی شوباط و شۆڕشی ئۆكتۆبەرو ڕاگەیاندنی سۆسیالیستی كە ماوەی نێوانیان نزیكەی چەند مانگێك بوو بە بێ ئەوەی مەرجەكانی ژێرخانی ئابوری سۆسیالیستی هاتبێتەدی... بە بێ ئەوەی دەسەڵاتی شوراكانی كریكاران دامەزرابێت كە یەكێكە لە مەرجەكانی سەركەوتنی هەموو شۆڕشێكی سۆسیالیستی و لە جێگەی لەباتی ئەوە دامەزراندنی دەسەڵاتی دكتاتۆری ستالینی كە جێگای دەسەڵاتی شووراكانی كرێكاران و حزبی گرتەوە... (لەو خاڵەدا بە ئەنقەست باسی ئەوەم نەكرد كێ ستالینی دانا و كێ كردی بە ڕابەرێ حزب و دەوڵەت؟ و بۆ لەناو ئەو هەموو تیورێزینانەی سەركردایەتی حزبدا ستالینی هەڵبژراد بۆ ئەو كارە؟) سەیربوو كەسیش ئەو پرسیارەی نەكرد... {لینین لە ژیاندا بوو، كە ستالین پایەگاكانی دكتاتۆری خۆی لە هەموو جومگەكانی دەوڵەت و لقەكانی حزبدا داكوتا، وەختیک لینین هەستی بە هەڵەی بریارو هەڵبژاردەكەی كرد، سەرەتا داوای لە ئەندامانی سەركردایەتی حزب كرد بچن قسە لەگەڵ ستالین بكەن! وەڵامیان دایەوە كە (تۆ خوایەكت دروست كردووە هەرخۆیشت دەتوانیت لایبەری) ناچار كروپسكایای ژنی دەنیرێت بۆ لای ستالین، ئەویش بە سوكایەتی پیكردن دەری دەكا

، پاشـــان بریاردەدات كە كۆنگرەی حزب بگیرێت بۆ چارەســـەری ئەو كارە، بەڵام پێش بەستنی كۆنگرە لینین دەمرێت.} بەو جۆرە ستالین بە یەكجاری دەستی واڵابوو . بە هـاوكـاری (بیـار) دەزگـاكـانی KGB دامەزرانـدو گەیـانـدیە هەموو كون و كەلەبەرێكی حزب و ئیدارەو دەوڵەت ومااڵەكانیشەوە كار بەوە گەیشت ستالین دەیوت : گەل بریتیە لە حزب و حزبیش منم و منیش خوام!.. لە ســـای ئەو دەســـەڵاتە دكتاتۆریەدا كێشـــەی نەتەوەكان لە وڵاتی ســۆڤیەت بە چارەســـەرنەكراوی مایەوە ، زیاتر لە سـی ملیۆن كریكار بونە قوربانی سیاسـەتە هەڵەكانی ستالین. بۆ درێژەدان بە دەســـەڵاتی دكتاتۆری بە دەیان لە ئەندامانی لیژنەی مەركەزی حزبی بە تۆمەتی دروستكراو بە خیانەت مەحكوم كرد و كوشت.... مەسـەلەی سیاسـەتی (بە ڕێگەی ناســەمایەداری بەرەو ســۆســیالیســتی !) دەســەڵاتی ســۆڤیەتی داوای خۆ حەلكردنی ئەحزابە شـــیوعیەكـانی دەكرد لە نـاو ئەحزابە بۆرژوا فەرمـانڕەوا دكتـاتۆری و فاشیستەكاندا، (بە تەمابوون بۆرژوای نا ئازادیخوازو نا دیموكراتیخوازو وابەستە بە ئیمپریالیزم سۆسیالیستیان بۆ دامەزرینیت!). چەند تەوەرێكیتری باسەكانم بوون.... نازانم دانیشـتنی چەندەمین بوو، لە پڕێكدا هاوڕێ سـەلامە درێژ و صـلاح صـدیق و ....هتد هاوڕێ یانی ڕەوتی ماركسـیزمی شـۆڕشـگێر یەك بەیەك هەڵدەسـان و بە بۆچونەكانیان كەوتنە وەڵامدانەوەو گفتوگۆ. دیاربوو پێشـــتر ژێرخانیكی فیكریان هەبوو، دەریشـــكەوت بێدەنگی یەكەمیشـــیان ئەوەبوو وایاندەزانی دەروێشـــەكانی سۆڤیەت و حزبی شیوعی شتێكیان پێ یە. لێدوان لەسـەر باری ئابوری، سیاسـی ، فیكری ، ئایدۆلۆژی، ڕێكخراوەی ، ئیدارەو دەســـەڵات، لە دەوڵەتی ســۆڤیەت چەند دانیشـــتنێك درێژەی هەبوو، هاوڕێ یانی ڕەوتی ماركســـیزمی شـــۆڕشـــگێر، بە بۆچونەكانیان كۆبونەوەكەیان دەوڵەمەندكرد. بیرم نایە ڕۆژی چەندەمی دانیشـتنەكان بوو، دیسـانەوە مامۆسـتا سـلام عبدالله و عیماد هەڵسـانەوە و داوایانكرد با هەمومان لەســەر پرۆژەكە كاربكەین! ئەوان نەیاندەویســت دان بە بۆچونە هەڵەكانیاندا بنێن... بە مەرجێ لەو كاتەدا گەورەترین كێشـــەی ئابوری ، ســیاســی ڕووی لە دەســـەڵاتی تۆتالیتاری سۆڤیەتی كردبوو، قەیرانی مانگرتنی كرێكاران لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ســەری دەرهێنابوو. لەملاشـــەوە دەوڵەتی ســۆڤیەت بە ئاشـــكرا دەیویســت ســەدام لە ڕوخان ڕزگار بكات و كەوتبوە هەوڵی ڕاگرتنی شـــەڕی ئێرانی –عێراقی... ئەو بابەتە بە بریاری گشـــتی، مانەوە لەســـەر پرۆژەی بەرنامەكە كۆتایی هات. ...لە دانیشتنێكی دواتردا هەڵسام باسی گرنگی دەستاودەستی بەرپرسیارێتیمكرد..دواتر پێشـــنیارمكرد كە نابێت هیچ كەس لە (ســـالار عزیز، حاجی مەمۆ ، عادل) وەك ئەندامانی لیژنەی ســـەرپەرشـــتی پێشـــوو بۆ لیژنەی ســـەرپەرشـــتی نوێ خۆیان هەڵبژێرنەوە، پێویستە سێ هاوڕێ ی نوێ دیاری بكرێن. من قسـەم لەگەڵ هاوڕێ رونـاك شـــێخ جنـاب و هـاوڕێ شـــێخ حســـێن كرد خۆیـان بپـاڵێون بۆ لیژنەی

سەرپەرشتی، لەو هاوڕێ یانەی پلنیۆمەكە، هاوڕێ روناكم بە بەتواناترین كەسایەتی و هوشیار دەبینی ، بەڵام قبوڵی نەكرد خۆی بپاڵێوێ، لە هاوڕێ شێخ حسێن بەولاوە كەسیتریش لە هاوڕێ یانی رەوتی ماركسیزمی شۆڕشگێڕیش ئامادەی وەرگرتنی پۆستی لیژنەی سەرپەرشتی نەبوون و هەندێكیشیان وەك هاوڕێ یان حاكم سەردار و ئاسۆعلی و مەلا یاسین كە لە باشترین هاوڕێ یانی ئالای شۆڕش بوون لە زێوێ، هەر نەهاتن بۆ پلنیۆمەكەش... تەنها سێ كەس خۆیان پاڵاوت بۆ لیژنەی سەرپەرشتی عماد ئەحمەد و شێخ حسێن و حەمە ئاوات، ئەو سیانە بە تزكیە بوونە لیژنەی سەرپەرشتی نوێ. دووبارە بە سرودی ئینتەرناسیۆنال كۆتایی هێنرا بە دانیشتنەكانی پلنیۆمەكە.

من بە دەیان ڕاپۆرتی هاوڕێ یانی بنكەی شەهید مناف و كۆمێتەی هەولێرم لایە (تا ئەمساتە وەختەش ڕاپۆرتەكانم وەك دیكۆمێنت پاراستووە) لەسەر ئەو كەسانەی ڕۆڵیان هەبووە لەو گێرە شێوێنیانەدا، سەرباری ڕاپۆرتەكانی لێپرسراوی كەرتی سێ ی شەهید ئەسعەدی كۆمێتەی هەولێر لە بەرواری ١٩٨٦/١٠/٢٧ و ڕاپۆرتەكانی وریا كە بۆ حاجی مەمۆیان ناردووە هەموو نامەكانی حاجی مەمۆ و نامەكانی حەمە ڕەشیدو...هتد كە دەبوو لەو پلنیۆمەدا بەرەوڕووی حاجی مەمۆی بكەمەوە. لە سەروی هەمووشیەوە ئەوەی لە یەكەم ڕۆژی دروستبوونی ئاڵای شۆڕشەوە حاجی مەمۆ دەیزانی ئاڵای شۆڕش پەیڕەوی ڕیبازی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ دەكات. مەلا بەختیار لە نامە درێژەكەیدا بۆمن بە ڕوونی دەڵێت كە (حاجی مەمۆ هیچ ڕایەكی پێچەوانەی ماركسیزمی شۆڕشگێڕی دەرنەبڕیوە، تەنها هەندێ سەرنجی لەسەر شێوەی چاپی بڵاوكراوەكان هەبووە)، ئەوانە لە لایەك لە لایەكیترەوە، لەو ماوەی مانگەی لە سوڵەیمانی لە مااڵی ئێمەدا مایەوە، ڕایەكی پێچەوانەی ماركسیزمی شۆڕشگێڕم لی نەبیست، گەر بیوتایە بێجگە لەوەی لەگەڵ خۆی مناقەشەمان دەكرد ،لە كۆبونەوەكەی سیوسێنانیش بمزانیایە كەسێك دژ بە ماركسیزمی شۆڕشگێڕە دەنگم پێ نەدەدا بۆ ناوەندی نوسەران. چەندینجار ئاگاداری حاجی مەمۆم كردبۆوە بۆ كارئاسانیكردنی پێكەوە بەستنەوەی كۆمێتەی هەولێرو سلیمانی و ئەنجامی نەئەدا. ناچاربووم هاوڕێ شێخ حسێن بە ئەركی پێكەوە بەستنەوەی ئەو دوو كۆمێتەیە نارد بۆ بنكەی شەهید مناف. لە لایەن (وریا) كە باوەڕپێكراوی حاجی بوو و یەكێك بوو لە خەت مائیلەكانی حشع شكستی هێنا. دەركەوت ئەوانەی درۆو دەلەسەیان لە دژی شێخ حسێن كردبوو، هەموو ئەو كارانە خۆیان كردوویانە، تەنانەت دەستیان هەبوو لەوەی نەیەڵن كۆمێتەی سلیمانی و هەولێر یەكبگرێتەوە، بەڵام بۆ پاراستنی یەكریزی ئەو لێقەوماوانەی بە هۆی شاڵاوی تیرۆرو تۆقاندنی یەكیتی نیشتمانی یەوە تووشی ئەو چارەنووسە و بەدبەختیە بووبون، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانەی دارێژرابوو بۆ پارچەكردنی ڕێكخراوەكەو

بە تایبەتیش كە زۆربە ڕازی بوو بەوەی لیژنەی پێشوو نابێت خۆی بپاڵێویت، منیش بیدەنگیم لێكرد، گەرچی هەموو نامەكان و ڕاپۆرتەكانم بردبوو بۆ پلنیۆمەكە لەگەڵ خۆمدا. ناچار بووم هەندیكی ئەو ڕاستیانە بنوسم چونكە هەندێ لە بازرگانانی سیاسەت ئۆباڵی كارەساتباری ئەو بارودۆخەیان دەخستە ملی هاوڕێ یانی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ.

بۆ ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە زێوێ، (پارتی) ئەنجامی سەركەوتوویی پلنیۆمەكەو جیانەبوونەوەی دوو ڕەوتەكەی بەلاوە سەیر بوو چونكە هەواڵیان هەبوو لە دەستی گێرەشێوێنی و ڕوودانی جیابوونەوەی ڕەوتی حزبی شیوعی و ڕەوتی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ. دیاربوو ئێرانیەكانیش چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەكرد بەو شێوە ئەهوەنە كۆتایی پلنیۆمەكە بێت و دلنیابووم پێیان سەیر بوو، هەر ئەوەش بوو حاجی مستەفەوی داوای كۆبونەوەی لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتی تازە كرد، لەسەر داوای ئەو منیش لەگەڵ هاوڕییانی لیژنەی سەرپەرشتی دا چووم، لە دانیشتنەكەدا لە بەردەم لیژنەكەدا زۆر ڕێزی نواند بەرامبەرم...، لیژنەی سەرپەرشتی تازەم پێ ناساند و ئاگادارمكرد لە دەست لەكاركێشانەوەم لە بەرپرسیارەتی و وتم گرنگترین ئەركێك لە ئێستادا كاركردنە بۆ ئازادكردنی هاوڕێ زیندانیەكانمان و ڕووشمكردە مستەفەوی و وتم هیواداریشم كە جەنابیشتان هاودەنگمان بن بۆ ئازادكردنی هاوڕێكانمان و هیوای سەركەوتنم خواست بۆ لیژنەی تازە و مستەفەویش دۆستایەتی خۆی تازەكردەوە بۆیان.

هەوڵنامەی كتێب

ینك و تیرۆری سێ كادری ئالای شۆڕش

لە ڕۆژی١٩٨٧/١٠/١٢ سێ كادری پێشكەوتووی ئالای شۆڕش، دوای پلنیۆمی دووەمی ئالای شۆڕش لە خواكورك، گەڕابونەوە بنكەی شەهید مناف. بۆ كاری ڕێكخستن چووبوونە ناوچەی بەرانەتی، لە كاتێكدا بە لای گوندی (مەلا عیسێ) دا تێپەڕ دەبوون . كوردكوژەكانی یەكێتی نیشتمانی بۆسەیان بۆ نابوونەوە شەهیدیان كردن. ئەو سێ شەهیدەش :

یەكەم : دكتۆر ئازاد حەمە ئەمین

شەهید ئازاد ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی گەڵاڵەی سەربە هەولێر لە دایک بووە.
خوێندكاری دواناوەندی (تضمید) ی هەولێر بووە، لە سەرەتای دروست بوونی ڕێكخستنەكانی ئاڵای شۆڕشەوە لیبڕاوانە كاری كردووە. لە ١٩٨٦/٩/١٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕشەوە كردووە. ئەندامی دووەم پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش بوو لە خواكورک.
١٩٨٧/١٠/١٢ بە دەستی بە خوێن سووری (چەكدارە جەلالیەكان) لە ناوچەی بەڕانەتی سەر بە پارێزگای هەولێر شەهید كرا.
دووەم : شەهید كامەران عبدالعزیز
شەهید كامەران ساڵی ١٩٦٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.
خوێندكاری پەیمانگای تەكنۆلۆژی بووە. سەرەتای دروست بوونی ئاڵای شۆڕش لە ڕیزەكانی ڕێكخستندا چالاكانە كاری كردووە.
لە شاڵاوە تیرۆریستیەكەی جەلالیەكان بۆ سەر هاوڕێ یانمان لە ناوچەی قەرەداغ زیندانی كراوە.
١٩٨٦/٩/١٧ دوای ئازادبوونی لە زیندانی جەلالیەكان، پەیوەندی بە ڕیزەكانی ئاڵای شۆڕشەوە لە ناوچەی هەولێر كردەوە.
ئەندامی پلنیۆمی دووەمی ئاڵای شۆڕش بوو لە خواكورک.
لە ١٩٨٧/١٠/١٢ بە دەستی چەپەڵی كوردكوژەكانی جەلالی لە ناوچەی بەرانەتی سەر بە پەرێزگای هەولیر شەهید بوو.
سیهەم : شەهید ڕێبوار حەمە صالح ڕشید(ڕێبوارپێنجوێنی)
شەهید ڕێبوار سالی ١٩٦٣ لە قەزای پێنجوینی سەر بە پارێزگای سلیمانی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. تا پلەی ناوەندی خوێندووە.
لە ١٩٨٧/٣/١٥ پەیوەندی بە ڕیزەكانی ئاڵای شۆڕشەوە كردووە، هاوڕێ یەكی ووشیارو كارامەی مەفرەزەكانی ناوچەی بەڕانەتی بوو.
لە ١٩٨٧/١٠/١٢ بە دەستی چەكدارە جەلالیەكان لە بۆسەیەكی ناجوامیرانەدا لە ناوچەی بەرانەتی سەر بە پارێزگای هەولێر شەهید كرا.
بە بۆنەی چلەی ئەم سێ هەڵوێوە نامێلكەیەک، كە ووتاری لێژنەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕش و ووتاری دەزگای ڕاگەیاندنی ئاڵای شۆڕش ووتارێكی عادل و ووتارێكی هاوڕی ئاشتی لەخۆ گرتبوو بڵاوكرایەوە. لێرەدا ووتارەكەی هاوڕێ ئاشتی بەو بۆنەوە دەخەمە پێش چاوی خوێنەری بەریز بە سەردێڕی :

خەمێكی نوێ، دەمەهەژێنێ

شەو درەنگە..پایز سەری خۆی شۆڕكردوو ماڵ ئاوایی ئەكرد، زریان لە یەكەم ڕۆژی زستانا ئەم دە ورو پشتەی ڕاچڵەكان، هەوالی برینێكی نوێ ی هینا...ئەم برینە نوێ یە وا بە ئاسانی ساڕێژ نابێ، بۆیە بە سەر لاشەی زامە تەڕو ووشكەكانما

شۆڕ ئەبوەوەو خەیال بەرۆكی پێ ئەگرتم، ئێش و ئازارم هێندە زۆرە لە ناخی ڕەگ و بێخی زامەكانما هەڵ ئەقوڵی، كە ئاڵاو (تەنگیسەر) م ئەهاتەوە یاد...

هۆ هەڵۆ بەزەفرەكانی بەرانەتی چاوی خەیالم لێتان بوو، لە بەرەبەیانێكت تاریک و ڕوون، لە ناو ئاسۆی پەڵە هەوری ڕەنگاوڕەنگا...لە دەشتێكی بێ سروەو دەنگ، هێدی هێدی ئەرۆیشتن، یەک لە دوای یەک بە ئەسپایی ڕووەو دێ یەكی كەلاوە بەڕێ كەوتن، چاوتان تروسكەی ئومێد بوو، هەنگاو و گیانی ئارامتان لەگەڵدابوو، وەک بروسکە ملی ڕێ ی پڕ مەترسیتان ئەجەمان، وەک ڕێبواری گورج و گۆڵ ، هەگبەی ئازارتان لە كۆل ناو ملی ڕێگاتان بەر نەدا تا بگەنە خۆر.

كاتێک لە تەنیشت گوندی (مەلا عیسی) تێپەڕ ئەبوون حەزی ئەم گوندەتان لە كۆل نابوو، وەک دەیان گوندو شار وێرانی ئەم وڵاتە چاویان بڕیوەتە عیسایەک دابەزێ و گوڵی دڵیان بە تروسكەیەک هەتاو شكۆفە دارکا، ئاشتی و ئاسایش بڕوێنێ، پڕ بە گەرووی ئازاراوی بۆ ئازادی، ژیان ، نان، هاوارکا. وەکو قیتنام و كوبا ئەم وڵاتە خوێناویەش ڕوو لە دنیای پڕ هەتاوکا...

ئەمە حەزە...ڕازوو نیازە... دڵی هەموو بۆ ئەو ڕۆژە تامەزرۆیە...

هێشتا گوندەكەو هەموو ئەودەورو پشتە لە خەوێكی خۆش ڕامابوون، منداڵە چاوگەشەكان لەناو خەوی شیرین و قوڵ ڕاكشابوون، باڵدارەكان لە ناو هێلانەی خۆیان چاویان هەڵ نەهێنابوو، چەند چرایەكیش لە دوورەوە لە كونی بەرهەیوانی چەند ماڵێكدا تروسكایی لێوە ئەهات، بە بێ ئەوەی كەس بزانێ تەنها چەند سەگێكی خوێری لەسەر ڕێگاو بانەكاندا خۆیانیان گرمۆڵ دابوو، بە بێ دەنگی خەریكی پەلامار بوون...

بە خەیاڵی خاویان بەو كرداره، بەو ڕەفتاره عیسی لە سكی مریەم ئەتاسێنن، مەلی هیوا لە هێلانەی سەرە ڕێیا سەر ئەبرن، بە قینی ڕەشی دڵیان دەتوانن بەر لە هەتاوو خۆر بگرن، بۆیە دەستی تاوانیان درێژكردوو یەكەم دەستڕێژ گوڵی گیانی سی قارەمانی تریان هەڵوەران، ئەمجاره یان دكتۆر ئازاد، ڕێبوار، كامەران...

هۆ كامەرانی سەر لوتكەی جەور، ڕیبواری خۆشی نەدیوو، ئازادی تینوی ئازادی، كاتێک خەیال دەمباتەوە وەكو باڵندەیەكی تاساو لەو دارانە وورد ئەبمەوە پەنجەكانتان بەری كەوتوون، لەو جێگایە وورد ئەبمەوە جێ ی پشوودانی ئێوە بوو، بە چاوی بیر نیگای خۆشەویستی بۆتان بە جێ دێڵم...دەڕۆم...دەڕۆم نایەمەوە تا دوا هێزی هەنگاوم بڕكات، یان دەگەمە خۆر، یان لە نیوەی ڕیگایەک شاد ئەبینەوە...

چەند بۆگەنە ئەو مێشكانەی تاوانی وا تۆمار ئەكەن، چەند چلكنە ئەو پەنجانەی پەنا بۆ پەلەپیتكەی تفەنگ ئەباو لە سنگی پێشمەرگەی توند ئەكا...چەند دڕەندەن ئەو كەسانەی دەستەویەخە دیل ئەكوژن...مێشكی گوڵ خونچەی ئەم بەهارە ئەپژێنن...

ئا لەو كاتەی وەكو كۆتری بریندار لە ناو لافاوی خوێنا چاوتان ڕووەو هەتاو چەند جارێک هەڵ هێنا ، گیانی (هەڵۆ ، جەمال ، مناف) چاوەڕوان بوون بزانن كەی چرای گیانتان لە تەنیشتیان دائەگیرسێ. (ئارام) یش دوا ئەستێرەی بەربەیان بوو چاوەڕوان بوو هەواڵی هاوڕیكانی لە ئێوە بپرسێ...

هۆ ڕێبواری ئەم ڕێگە پیرپزە، ئازادی مژدەبەری ڕی ی ئازادی، كامەرانی دواڕۆژی زەحمەتكێشان، بەو كاروانە لاوچاكانە بگەیەنن هاوڕێكانیان ئێستا لە كوێن؟ لە كام زیندان تونداكراون؟ پێیان بڵێن، سەرقافڵەی كام كاروانن لەسەر كام ڕێن؟ مژدە بدەن بە ئارام و سیروان و وەستا ئەنوەر، دڵنیابن هاوڕیكانیان لەسەر هەمان ڕێگای ئەوان بەردەوامن ، وەرەی ژانن، چاوی ڕێیان داگیرساوەو چۆک دانادەن، سوورن، سوورن...تا شەهیدبوون جێ و ڕێ ی خۆیان قەت ناگۆڕن...

ئەوانەی ڕاوە ڕوناكی ئەكەن پشت لە هەتاووخۆر ئەكەن لەسەر پەتی درۆی خۆیان وەكو سەگی بەردەركی قەسابخانە یەک یەک دەمرن...

ئەم جارەیان كاسە پرەو لێ ی دەرژێ ..

لافاوی تووڕەو تۆلە هەڵ هەڵەی باران ئەداو هەناسەی گول هەڵ ئەمژێ ئاشتی

باری تەندروستیم

بە هۆی ئەوەی كیشەی پەستانی خوین و بەرزبونەوەی كۆڵسترۆلم هەبوو، پزیشک هەندێ دەرمانی بۆ دیاری كردبوم، بەڵام تا دەهات ئازاری سنگ و شان و ملم وقۆڵم لە زیادبووندابوو، دكتۆر ئازاد كە پزیشكی نەخۆشخانەكەی پارتی بوو لە زێوێ وتی پزیشكی پسپۆر و نەخۆشخانەی تایبەتی دل هەیە لە تاران باشترە بچی بۆ ئەوێ. زێوێم بەجێ هێشت بەرەو تاران، لە هەرزانترین ئۆتێلیک دابەزیم، چووم بۆ لای دكتۆر ئامێدی كە عیادەكەی لە مەیدانی وەلی عصر بوو، پیاوێكی باڵا مام ناوەندی و هێمن و زیرەک بوو، لە ڕۆژانی یەكەمدا ئەو پشكنینانەی پێویست بوو بۆی كردم و دەرمانی بۆ نوسیم و وتی دەبێت ماوەیەک لە ژێر چاودێری پزشكیدابیت ، كێشەكە ئەوەبوو هەموو ئەو علاج و پشكنینانە بە پارەبوو. خزمێكی خۆم هەبوو لە كەرەج ناوی خۆشناوبوو لە چاوەڕوانی سەفەردابوو بۆ سوید، ژورێكی لە ماڵێكدا بە كرێ گرتبوو بۆ خۆی و خێزانەكەی. سەردانم كردن بۆ هەواڵپرسین، وتم دكتۆر دەڵێت دەبێت لە ژێر چاودێری پزشكیدابمێنمەوە و نازانم چەندی پی دەچێت، پارەی ئۆتێلیش زۆرەو بە من هەڵناسوڕێت لە بیری ئەوەدام ژوورێک بە كرێ بگرم لە تاران. وتی ئێمە موافەقەتمان بۆ دەرچووەو لە ماوەیەكی

كورتدا سەفەر دەكەین بۆ سوید، بۆ ئەم ژورەت بۆ نەگرم كرێكەی زۆر كەمە و من دەتوانم لەگەڵ خاوەن ماڵەكە قسە بكەم . بەوجۆرە دوای سەفەری ئەوان من بوومە كرێجی ئەو ماڵە. چاكی ئەو ژورە ئەوەبوو لەســـەر ماڵ نەبوو، دەرگای هاتوچۆی جیاوازی هەبوو.

لە كەرەج چاوم كەوتەوە بە دكتۆر علی(كادرێكی پێشكەوتووی حزبی شیوعی عێراقی)بوو لەو كادرانە بوو لە حزبی شیوعی جیابووبوونەوە، لە خەستەخانەیەكی (المجلس الاعلی) ی ئیســـلامی جەماعەتی حكیم كاری دەركرد ، وتی كە ســـەرتدام وەك نەخۆش هاتوچۆم بكە، گەر بزانن شیوعیم دەرمدەكەن و دوور نیە كێشەشم بۆ دروســـت بكەن. پێشـــتر دكتۆر عەلی و هاوڕێكانی دەهاتنە زێوی و لای من میوان دەبوون تا كارەكانی خۆیان لەگەڵ برادەرەكانی تریان لە ناوچەكە ئەنجام دەدا. ئەو لە باری هاوكاری تەندروستیەوە زۆر هاوكارم بوو.

ماڵێكی فەیلی لە دەركراوەكانی ســـاڵی ١٩٨٠ لە تاران بوو ناوی (مام بیجان دواری)بوو، یەكێك بوو لە بازرگانە دەوڵەمەندەكانی بەغدا، پەیوەندیەكی زۆر گەرم و دۆستانەی لەگەڵ حاجی محمد نوری حاجی عبالله ی خەزورم هەبوو، لەو ساڵەی رژێمی بەعس كەوتە گرتن و دەركردنی فەیلیەكان، مام بیجان و ژنەكەی و كوڕێكی گیران و دوورخرانەوە بۆ ئێران و دەســـت بەســـەر هەموو ســـەروەت و ســـامان و موڵكیدا گیرا، كوڕێكی تریان هەبوو ســـەربازبوو ناوی (صـــادق)بوو بەعس گرتیان و كوشتیان، كچەكەی مام بیجان لە جامعەی سلیمانی دەیخوێند، حاجی حەمە نوری بە پەلە كچەكەی مام بیجان كە ناوی (نجات) بوو رزگار دەكاو دەگەیەنێتە ئێران بۆ لای بـــاوك و دایـــك و براكەی، خەزورم پـــارەی بۆ نـــاردبوون بۆم بردن، جاربەجارێكیش بۆ هەواڵپرســـین ســـەردانێكی كورتم دەكردن و بە تەلەفۆن یا نامە ئاگاداری ژنبراكانم دەكردەوە لە ئینگلتەرا تا هەواڵی مام بیجانی پێ بگەیەنن و هەمو جارێكیش ڕای دەسپاردم بە حاجی بڵیم هەواڵی صـادق ی كوڕی گەر دەزانێت بۆی بنێرێت، دڵمان نەدەهات پێی بڵێین كە بەعس (صادق) ی كوڕیان شەهید كردووە.

حاجی حەمە نوری حاجی عەبدوڵڵا

یەكێكە لە كەســـایەتیە ناوداره نیشـــتمان پەروەرەكانی شـــاری ســـلیمانی، ئەودەم پەیوەندی زۆر تۆندی هەبوو بە نەوشیروان مستەفاو جلال تاڵەبانی وشازاد صـائب و مامۆستا جمال تایەرو كۆمێتەی سەركردایەتی ناوخۆی شارەكانی كۆمەڵە ودواتر ڕێكخراوی سلێمانی. بەردەوام لە كاتی پێویستی پاره و خۆشاردنەوەدا هاواریان بۆ ئەم دەهێنا، لەو ساڵانەی كەم كەس هەبوون بوێرن كاری سیاسەت بكەن و خەڵكێكی زۆر بووبوونە بەعســـی و جاش خەفیفەو پیاوی رژیم، ئەو هەركاتێك پێویســـتیان بە

كۆمەكی ئەم بوایە یارمەتی شۆڕشی دەدا. لە ساڵی ١٩٨٢ لە گەرمەی شاڵاوەكانی بەعسدا لە شارەكاندا (كۆسرەت رسول) كە ئەودەم بەرپرسی كۆمیتەی هەولێری كۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، لە سولەیمانی ماوەی چەندین مانگ لە مەعمەلی شەكری كەشكی خەزورمدا خۆی شاردبۆوە كە لای مزگەوتی دودەرگای ئەسحابەسپی شاری سولەیمانی بوو...لە هەشتاكانیشدا خانوەكەی بۆ (م.سەركەوت-جمال تاهیر) و(سلیم-دلیری ئەحمەد شوكری) تەواوكرد، كاتێكیش جمال تاهیر لە كۆنفرنسی ساڵی ١٩٨٢ هەڵبژێردرا بە ئەندامی ناوەندی كۆمەڵە، بۆ ئەوەی حكومەت دەست بەسەر خانوەكەیدا نەگرێت خستیە سەر ناوی خۆی تا لە ساڵانی دواتردا گێرایەوە بۆیان.. هەمیشەش كۆمەكی من و خێزانیشمی كردووە چ كاتێك لە شاردابووین و چ كاتێكیش لێمان قەوماو دامانە شاخ و تا ئێستەش وەك باوكێكی مهرەبان لە كاتی پێویستی بە دەنگمانەوە هاتووە، تاكە كەسە كۆمەكی كردووم، تاكە كەسە قەرزاریاریم و لە خۆشی و ناخۆشیدا پشت و پەنای خۆم و خیزانم بووە.

ئەو چەند مانگەم بە هاتوچۆی (بیمارستانی قلبی شهید رجائی) لە ژێر چاودیری پزیشكی دكتۆر ئەمیدی دا بردەسەر، ئەو دەیوت لە ئێستادا پیویستت بە عملیات نیە، منیش دكتۆر ساماڵ ی ژنبرام لە لەندەن بوو، هەموو ئەو پشكنین و ناوی ئەو دەرمانەی دكتۆر ئامیدی بۆی نوسیبووم فاكسمكرد بۆی، ئەویش پیشانی پرۆفیسۆرێكی ئینگلیزی هاوڕێ ی دابوو، ئەویش وتبوی دكتۆر ئامیدی یەكیك بوە لە خویندكارەكانی پزشكی ئەو و زۆر جیی متمانەیە. لەوماوەدا چەندجارێك سەردانی زێوێم كردەوە، بە قسەكانی حەمەئاواتدا دەردەكەوت كە نێوانی لەگەڵ عماد ئەحمەد باش نیە، پێموت ئێوە هاوبیرن هەوڵدەن بگونجێن، چونكە بارودۆخی ناوچەكە بەرەو گۆڕان دەچێت و ڕووداوی زۆر مەزنیش لە پێشە..

ئازادبوونی هاوڕێ شێخ عەلی و هەڵاتنی هاوڕێ پشكۆ

ڕژیم هێرشی ئەنفالەكانی دەست پیكردبوو، لە زۆر شوێن پێشمەرگە لە پاشەكشەدابوو و ناوچەكانیان چۆڵكردبوو، زۆر لە مەراقی هەوڵ و سەلامەتی هاوڕێ زیندانیەكانماندا بووم. لە ژێر زەبری بۆمبی كیمیاوی هێرشی سوپاو جاش خەفیفە، تا دەهات هێزی چەكدار شكستی دەهێنا و بەرەو سنورەكانی ئێران و ناو ئیران لە پاشەكشەدابوو. **شكستی هێزی چەكدار و پاشەكشەی لە ناوەڕۆكدا شكستی سیاسی وستراتیژی خەباتی ئەو حزبانەی دەگەیاند،** لەگەڵ ئەو هشدا ئەو حزبانە نەدەچوونە ژێر باری وتنی ڕاستیەكە..

ڕۆژانە گوێمان هەڵدەخست بۆ بیستنی هەواڵی هاوڕێ زیندانیەكانمان. هاوڕێ شێخ عەلی لە لایەن یەكێتی نیشتمانیەوە ئازادكرا، ئەو ڕۆژە لە زێوێ بووم كە گەیشتە زێوێ، لە لایەن هاوڕێیانەوە ڕێزێكی زۆری گیرا. دواتر گلەیی ئەوەیكرد كە بۆچی (هیچمان نیە!). هاوڕێ پشكۆش توانیبووی لە دەستی پاسەوانەكانی یەكێتی لە سەردەشت هەڵبێت و خۆیدابوو بە دەست سوپای پاسدارانەوەو ئەوانیش ناردبوویان بۆ ئیتلاعاتی شاری ئورومیە بۆ لیكۆڵینەوە، ئێرانیەكان ئاگاداریانكردین مامۆستا پشكۆ لای ئەوانەو كە لێكۆڵینەوەی تەواو بوو ئازاد دەكرێت. حەمە ئاوات لەگەڵ شێخ عەلی چوون بۆ لای ئیتلاعات، ئەوان شێخ عەلی یان گلدابۆوە بە ناوی لێكۆڵینەوە، ئێرانیەكان وتبویان كە مامۆستا پشكۆ ئازاد دەكەن. لەو دەمانەدابوو نەوشیروان مستەفا هاتبووە سەقز، دواتر چووە ڕاژان بۆ سەردانی مەكتەب سیاسی پارتی، دووشەو كۆبونەوەی نەوشیروان مستەفاو بەرپرسانی پارتی تا سەعات ١٠ دریژەی هەبووە. پاش ئازادبونی هاوڕێ پشكۆ لە گەڵ دكتۆر قادر چوین بۆ بەخێر هاتنی، تەقییمی خۆم سەبارەت بە تواوی وەزعەكەو ریكخراوەكە بۆ مامۆستا پشكۆو شێخ عەلی باسكرد، دیاربو ئەوان لەو بارودۆخە كارەساتاویەی ئەو چەند ساڵەی زیندانیی یەكیتی بوون، كاری تێكردبوون، من بە ڕوونی پێموتن كە ئێستا بەهیچ شێوەیەك كارناكەمەوە، ئەوان نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو بریارەم دەربڕی، وتم لیژنەی سەرپەرشتی دەتوانێت كارەكان ئەنجام بدات، لەو ساتانەدابوو حەمە ئاوات كەوتە ڕێ بەرەو سولەیمانی، هاوڕێ شێخ حسێن لە بنكەی شەهید مناف بوو، عمادیش چووبوو بۆ خواكورك ! بەوجۆرە كەسێكی لیژنەكە لە زێوێ نەمابوون، دەستم ئازاری زۆر دەدام، ناچاربووم بگەڕێمەوە بۆ تاران، لوویەك لە قوڵایی پشتی مەچەكی دەستی چەپم هاتبوو ئازاری زۆر دەدام، تا ئەو ڕادەیەی نەمدەتوانی دەستی چەپم بەكاربهێنم، چووم بۆ لای دكتۆر عەلی لە نەخۆشخانەكەی مجلس الاعلی، بە خۆرایی عەمەلیاتی بۆ كردم و بۆی دەرهێنام ، ماوەیەك دواتر هەستمكرد ئازارم نەماوە. لە مانگی پینجی ١٩٨٨ شێركۆ كە بەرپرسیاری علاقاتی ئاڵای شۆڕش بوو هات بۆ سەردانم، ئاگاداری كردم كە دكتۆر قادرو خێزانەكەی گەراونەتەوە زێوێ . لە هەفتەی دووەمی مانگی شەشی ١٩٨٨دكتۆر قادر هات بۆ سەردانم نامەی هاوسەرەكەمی بۆ هێنام، ئاگاداری كردبووم كە بریاری هاتنی یەكجاریان داوە بە منالەكانیشەوە لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناو وڵات تا دێت ترسناكتر دەبێت و چیتر ناتوانێت لە مالاندا خۆی بشارێتەوە، بازنە ئاڵتونەكانی دەستی خۆی ناردبوو بیفرۆشم بۆ مەسرەف و عیلاج، لە ١٩٨٨/٧/٦ هاوسەرو هەرسێ منداڵەكەم گەیشتن، معامەلەی لیزەپاسەم ساڵێك دەبوو كردبوو، ئیتلاعاتی ئێرانی كردبوویان بە ژێرەوەو هەموو جارێك كە دەمپرسی دەیانووت ئینشاالله تەواو دەبێت و درۆشیان دەكرد. من نەمدەزانی نێوانی ئەو سی كەسەی لیژنەی سەرپەرشتی تا

كوێ خراپە، گەرچی گەلیكجار حەمەئاوات گلەییەكانی خۆی لە عماد لای من دەكرد. شیخ عەلی بریاری دابوو لە تاران بمێنێتەوە و خەریكی لیزە پاسەبوو بۆ سەفەرو نەیدەویست بگەڕێتەوە زێوی، ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی شیخ حسین كە پێشتر لە بنكەی شەهید مناف بوو بریاریان دابوو بگەڕیتەوە زێوێ، حەمە ئاوات چووبوو بۆ سلێمانی و بە هۆی ئەنفالەكانەوە سێ مانگ دواتر هاتەوە، عیماد ئەحمەدیش چووبوو بۆ خواكورك، دیاربوو لەوێ لەگڵ حیزبی شیوعیدا رێكەوتبوو، ئەو جیابوونەوەیەی بریاریان لێدابوو لە پلنیۆمی دووەمی خواكورك بیكەن و هەڵوەشایەوە، ئەمجارە جێ بە جێ بكات.

منیش لەگڵ خێزانەكەم بریارماندا بە یەكجاری بگەڕێینەوە ئورومیە، لەوێ لە ماڵێكی ئازەریدا، كە تەنها پیرێژنێكی تیابوو ژورێكمان بەكرێ گرت، خاوەن ماڵەكە چەند كورێكی هەبوو ئەفسەر و فەرمانبەربوون و هەریەكەیان لە ماڵی خۆی دەژیان، لە دەرەوەی شار باخ و باخاتێكی میوەهاتی یەكجار گەورەیان هەبوو، جارجار پیرێژنەكە منداڵەكان و هاوسەرمی دەبرد بۆ ناو باخەكانی، من بە هۆی سەرقاڵیەوە هەربۆم نەكرا ئەو باخانە ببینم. لە هەفتەكەدا چەند جارێك دەچووم بۆ بینینی هاوڕێیان لە زێوی. لە سەرەتای جەنگەكەوە عێراق دەستی نەدەپاراست لە بۆردومانی شارەكان، لەو دەمەشدا فڕۆكەجەنگیەكانی عێراق بۆردومانی شارەكانی ئێرانی دەكرد شاری ئورومیەش چەندینجار بەر هێرشی فڕۆكەی عێراقی كەوت، بەڵام عێراق تارانی بە مووشەكی دوور هاوێژ كوێرانە بۆردومان دەكرد، بۆمبەكان لە هەموو حاڵەتەكاندا زۆرتر گەرەك و ماڵی هاوڵاتیانی وێران دەكرد.

جیابونەوەی ڕەوتی حزبی شیوعی

من لە دوای پلنیۆمی دووەمەوە خۆم كەنارگرت لە لیژنەی سەرپەرشتی، گەر كەسێكیشیان دژی ئەویتر لای من رازو گلەییان كردبێت، هەمیشە هەوڵمداوە هێمنیان بكەمەوەو پێمداگرتبوو لەسەرتەبایی. پێموابیت لە كۆتایی مانگی ئاب ١٩٨٨ بوو عیماد ئەحمەد كۆبونەوەیەكی بە (ڕەوتی حزبی شیوعی) كردو ناوی نا (كۆنفرانس ی ئاڵای شۆڕش!) و بەیانێكی بڵاوكردەوە، تیایدا چەندینجار باوەڕبوونی خۆیان بە سۆسیالیست بوونی سۆڤیەت و ڕێبازەكەی و حزبەكانی سەربەو كامپە تازەكردبۆوە، (لەو كاتەشدا قەیرانی ئابوری و سیاسی بەرۆكی دەوڵەتی سۆڤیەتی گرتبوو، لە وڵاتە كانی رۆژهەڵاتی ئەوروپای بە زۆر لكێنراو بە دەوڵەتی ڕوسیاوە، مانگرتن و خۆپیشاندان لێرەو لەوێ دژی دەسەڵاتە تۆتالیریەكانیان سەری هەڵدابوو)، تا ئێرە بۆ ئەو ڕەوتە ئاسایی بوو باوەڕ بەو شتەبكات كە دەیەوێت، ئەوەش ئەنجامە نەك هۆكار، هۆكارەكەی بۆ بریارە هەڵەكانی كۆبونەوەی فراوانی سێوسێنان دەگەڕێتەوە كە مەسەلەی ئایدۆلۆژی و ستراتیژی دەبوایە بە ڕوونی ساغ

بكردایەتەوە، ئەو ڕەخنەیە پێش هەموو كەسێكیتری بەشداربووی ئەو كۆبونەوەیە لە خۆم دەگرم كە نەدەبوو ڕازی بم بەوەی مەسەلەی ئینتەرناسیۆنالّ بە هەڵواسراوی بهێڵرێتەوە و قبوڵ بكەم نا سۆسیالیست بوونی سۆڤیەت دوابخرێت بە بەهانەی (مناظرة)، دەكراو ڕاستتر بوو ئەو مەسەلەیە وەك ئاڵای شۆڕش ساغكرایەتەوە وخاڵی (منازەرەش) بە كراوەیی بهێڵدرایەتەوە لەگەڵ هەموو لایەنە چەپەكان. هەر ئەو هەڵەیە ، هەڵەیەكیتری بە دوادا هات لە كۆبونەوە فراوانەكەی سێوسێنان لە قەرەداخ، ئەویش دانانی كەسانێك بوو بە ناوەندی نوسەران كە باوەڕیان بە ماركسیزمی شۆڕشگێڕ نەبوو، تەنانەت تیایاندابوو نەگەیشتبووە ئەو باوەڕەی تاڵەبانی و یەكێتی كار بۆ تواندنەوەی كۆمەڵە دەكەن و هێشتا ئومێدیان بە (پێكەوە ژیان!) هەبوو! لە (ناو یەكێتی نیشتمانی دا!) لەولاشەوە ئەوەی نا ئاسایی بوو، ئەو ڕەوتەی حزبی شیوعی بە ناوی (ئاڵای شۆڕشەوە) بەیانەكەیان نووسی بوو! لە كاتیكدا ئاڵای شۆڕش لە ڕۆژی یەكەمی دروستبوونیەوە هەڵگری فكری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ بووە، كاتێك مەسەلەی ئیمپریالستی بوونی وڵاتی سۆڤیەتی ساغنەكردەوە بەو بەهانە هەڵەیە، ناكاتە ئەوەی باوەڕی بە سۆسیالیست بوونی ئەو وڵاتە هەبووبێت، بەڵكو بەهانەكەو هەڵەكە لەوەدابوو (تا ماوەی مناظرة فراوانتربێت لە گەڵ لایەنە چەپەكاندا). ئەو جیابونەوەیەی بە ناوی كۆنفرانسەوە كرا هیچ پەیوەندی بە جیاوازی لایەنی فكرو ئایدۆلۆژیا وە نەبوو، بەڵكو نەخشەیەك جێبەجی دەكرا كە لە لایەن حزبی شیوعی عێراقی و جەلال تاڵەبانیەوە نەخشەی بۆ كێشرابوو، ئەم جێ بەجێ ی دەكرد، لە كاتێكدا ڕاپەڕین و مانگرتنی سەندیكا كریكاریەكان لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵای ئەوروپا دەستی پێكردبوو، لەولاشەوە بزوتنەوەی چەكداری حزبە بۆرژوازیەكانی كورد دیسانەوە تووشی هەرەس هاتبوون و داوایان لە چەكدارەكانیان دەكرد بۆ كوێ دەچن بچن!...

تا ئەودەم من خۆم بە پابەندی پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش دەزانی. كاتێك ڕەوتی حشع و داش عێراق و یەكێتی گەیاندیان بەو ئاستە و (بە ناوی ئاڵای شۆڕشەوە)، ئیتر بێدەنگی لە توانادا نەب

پلنیۆمی سیهەمی ئاڵای شۆڕش لە زیوی ١٩٨٨

بە ئامادەبوونی هەموو ئەو پێشمەرگەو كادرانەی باوەڕیان بە بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ هەبوو پلنیۆمی سێهەمی ئاڵای شۆڕشمان بەست لە زێوێ لە ڕۆژی ١تا ١٩٨٨/٩/٤ بۆ ماوەی ٢١ سەعات مناقەشەی بەرنامەی ئاڵای شۆڕش كرا، لە پرۆژەوە كرا بە بەرنامە. لە كۆتایی كۆبونەوەكاندا ئەم بڵاوكراوەیە بە ناوی(ڕاگەیاندنی كۆتایی دووەمین پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش) ڕاگەیەندرا. كە لە ڕاستی دا (پلنیۆمی سێهەم بوو) نەك دووەم. چونكە پلنیۆمی یەكەم لە زێوە گیرا لە ساڵی ١٩٨٦ دووەم پلنیۆمیش لە ساڵی ١٩٨٧ گیرا لە خواكورك ، ئەو پلنیۆمە سێهەم

بوو، هەردوو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش مامۆستا پشكۆ و مامۆستا عادل بەشداری كۆبونەوەكە بوون . ئەمەش ڕاگەیەندراوەكەیە :

لە راستی دا ئەوە سێهەم پلنیۆم بوو، بەڵام دووەمین نوسراوە بە هەڵە، یەكەم پلنیۆم لە ١٩٨٦ لە زێوێ، دووەمین پلنیۆم لە خواكورك ١٩٨٧، ئەوەش سێهەمین پلنیۆم بو لە ١٩٨٨لە زێوێ.

ڕاگەیاندنی كۆتایی سیهەمین پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش

كرێكارانی جیهان یەككرن!

ڕاگەیاندنی كۆتایی دووەمین پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش(1)

كرێكاران، زەحمەتكێشان

هاوڕێ یانی تێكۆشەر

ئاڵای شۆڕش، لەم هەل و مەرجە دژوارو ناسكەی كە بزوتنەوەی كرێكاری عیراق و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی كوردی پێدا تێدەپەڕێت، دووەمین پلنیۆمی خۆی بە ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و كادرە پێشكەوتوەكانی ، لە ژێر دروشمی(لە پیناوی پاراستن و گەشەپێدانی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی ئاڵای شۆڕش) لە ڕۆژانی ١ـــ٤/سێپتەمبەری ١٩٨٨ دا بەست.

پلنیۆم بە سروودی ئینتەرناسیۆنال و پاشان دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی بەرزی شەهیدانی بزوتنەوەی كرێكاری و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی كورد كارەكانی خۆی دەست پیكرد.

پلنیۆم سەرەتا هەڵوێستی ئاژاوەگێڕی یەكێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی و چەند كادرێكی ئاڵا سەبارەت بە بەستنی جەند كۆبونەوەیەك لە ژێر ناوی (كۆنفرانس) ی ئاڵادا بە كارێكی تاكڕەوی و ناڕەوا لە قەڵەم دا و تەئكیدی لەسەر بەرهەق نەبوونی كۆنفرانسەكە كردەوە و تەواوی بەرنامەو بریارەكانی ڕەت كردەوە.

پاشان لە لایەن یەكیك لە هاوڕێ یانی دەستەی دامەزرینەری (ئاڵا) وە ڕاپۆرتێكی هەمە لایەنەی دەربارەی میژووی دامەزراندنی ئاڵا، پڕۆسەی ململانێ و ناكۆكیەكانی نێو دەروونی ڕێكخراوەیی، ئەو یەككرتنە نا ئاسایی یەی كە لە هەل

---

[1]) ڕاگەیاندنەكە ی پلنیۆم بە پلنیۆمی دووەم نوسراوە، **لە راستی دا پلنیۆمی سێهەمی ئاڵای شۆڕش بوو.** پلنیۆمی یەكەم لە هاوینی ١٩٨٦ لە زێوە بە ئامادەبوونی سالار عزیز و كادیرە عسكری و سیاسیەكان و ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی پێشوو بەسترا. پلنیۆمی دووەم لە خواكورك لە هاوینی ١٩٨٧ بەسترا ، پلنیۆمی سێهەمیش لە سێپتەمبەری ١٩٨٨ لە زێوە بەسترا . كەوابوو ئەوە ڕاگەیاندنی كۆتایی پلنیۆمی سێهەمی ئاڵای شۆڕشە نەك دووەم....

و مەرجێكی تایبەتی سیاسی دا لە نێوان (ئاڵا) و (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانی –عیراق) ([1])دا ئەنجام درابوو، بنەمای كێشەو گرفتە فكری وسیاسی و ڕێكخراوەیی یەكان و جۆنیەتی مومارەسەكردنیان و كاركردی ئیجابی و سەلبیان لەسەر ڕیبازی فیكری، سیاسی ئاڵا پێشكەش كراو لە لایەن هاوڕی یانەوە زانستی یانەو مەوزوعیانە وتوو وێژیان لەسەركرا و لایەنە گەش و پرشنگدارەكان و خاڵە سەلبی یەكانی دیاری كران.

ئەوجا لە لایەن لیژنەی ئامادەكردنەوە، بەرنامەی كاری پلنیۆم خوێندرایەوە و بە گیانێكی هاوڕێ یانە باسیان لەسەركراو بریاریان لەسەردرا.

پلنیۆم لە دیدو جیهان بینی ماركسیزمی شۆڕشگێڕەوە باری ئێستای نێو دەوڵەتان و بزوتنەوەی كۆمۆنیستی جیهانی شیكردەوە و چەمكی دوو سیستەمی ئابووری ، كۆمەڵایەتی ، سیاسی جیاوازی لە جیهاندا ڕەت كردەوە و پەردەی لەسەر ئەو ڕاستی یە هەڵماڵی كە ئەمرۆكە لە جیهاندا یەك سیستەمی ئابوری ئیمپریالیستی باڵا دەستەو لە ڕێگای سەرمایەی (كۆمپانیا فرەناسنامەكان) و چەندین شێوەو شێوازی دیكەوە، تەواوی ئابوری وڵاتانی جیهانی بە خۆوە گرێ داوەو سامانی كۆمەڵایەتی و هێزی كاری كرێكارانی خستوتە پەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەداری جیهانی یەوە.

هێزی ئەم سەرمایە ئیمپریالیستیی یە، سنوری نێو دەوڵەتانی بەزاندووە و بازارێكی جیهانیی یەكگرتووی بۆ خستنەگەڕی سەرمایەو وەدەست هێنانی زێدەبایی و زێدە قازانجی خەیاڵی فەراهەم كردوە، بەمەش سەراپای جیهانی كردۆتە دوو ئۆردووی ناكۆك و دژ بە یەكی لە ئاشتی نەهاتوو كە خۆیان لە ئۆردووی كارو ئۆردووی سەرمایەدا دەبینینەوە.

پلنیۆم دیاردەی جۆراوجۆری ڕیفۆرمیزمی لە نێو بزوتنەوەی كۆمۆنیستی دا بە دیاردەیەكی جیهانی ناساندو، ڕیفۆرمیزمی هاوچەرخی ڕوسی و وڵاتانی سەر بەو كامپەشی ، هاوشان لەگەڵ ڕیفۆرمیزمی (چینی و ئۆرۆكۆمۆنیزم وسوسیال دیموكراتیك و تروتیسكیزم ...هتد) بە مۆتەكەی كۆڵی خەباتی شۆڕشگێڕانەی كرێكاران لەقەڵەم داو بە فاكتەریكی بنچینەیی لەڕێ لادان و شكست خواردن و بە ئاكام نە گەیشتنی شۆڕشی كۆمەڵایەتی كرێكارانی لەبەرچاوگرت.

---

[1]) مەبەست لەو یەكگرتنەی (ئاڵای شۆڕش) ە كە هەڵگری بیری ماركسیزمی شۆڕشگێڕ بوو، لەگەڵ ڕەوتی سالار عزیز كە باوەڕیان وابوو سۆڤیەت قەڵای سۆسیالیزمە لە جیهاندا و حزبی شیوعیش ڕیفۆرمیزم نیە و تا یەكگرتنیان لەگەڵ ئاڵای شۆڕش بە ناوی (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانی –عێراق) ە وە كاریان كردبوو...

پلنیۆم، هەڵسوڕانی كاری ڕێكخراوەیی، فكری، سیاسی ، ئینتەرناسیۆنالیستی(پارتی كۆمۆنیستی سۆڤیەتی) لە پاش شۆڕشی ئۆكتۆبەرەوە شەن و كەو كرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە ئەو پارتە هەر لەو سەردەمی (ستالین) هەو هەتا ئێستا، وەكو سەرچاوەیەكی بە لرفەی ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخ لە جیهان دا ، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لە هەڵدێران و شكست پێدانی شۆڕشی كرێكاران دا بووەو هەیە.

سۆڤیەت وەكو دەوڵەتێكی زل هێز و بە قودرەتی جیهانی ، ڕێبازی ئابوری، سیاسی، عسكری ، دیپلۆماسی ئیمپریالیستیانە لە جیهاندا پیادە دەكات و هەر بە پێ ی سوودو پەرژەوەندیەكانی سەرمایەداریش لەگەڵ تەواوی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی یەكان و دیاردەو دەركەوتە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی نێو گەلان و دەوڵەتان، مامەڵە دەكات و هەڵوێست وەردەگرێت، سیاسەتی پێكەوە ژیانی ئاشتی یانەشی لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا، ڕیک بە مەبەستی دابەشكردنی بازاڕی جیهانی و سەركوت كردنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی یەكانی گەلان و دەستەمۆكردنی بزوتنەوەی كرێكارانە.

پلنیۆم مێژووی لە دایک بون و خەباتی سیاسی چینی كرێكاری عێراقی دیراسەت كردوو ڕێزی لە تیكۆشانی پڕ سەروەری و قوربانی دانی ئەم چینە دژ بە ڕژیمە كۆنەپەرستەكان و هیزی سەرمایەداری بێگانە ، لە پێناوی ئازادی و دیموكراتی و سۆشیالیزم دا گرتوو بە هەوار نەگەیشتنی كاروانی خەباتی ئەم چینەو وەدەست نە هێنانی ئامانجە دورو نزیكەكانی، لە ئەستۆی فكرو ڕێبازی ڕیڤیژینیستی و ریفۆرمیستی (حشع) دا نا.

پلنیۆم، (حشع) ی بە نوێنەری ڕەسمی ڕیڤیژینیزمی ڕوسی ناسی، حزبێک كە پتر لە نیو سەدە خەباتی خۆی لە شێواندنی ناوەرۆكی ماركسیزم – لینینیزم تێپەراندووە و فاكتەرێكی بنچینەیی لە خشتەبردنی كرێكاران و سەرنەكەوتنی بزوتنەوەكەیانە و هەردەم ئاڵا هەڵگری خەباتی پۆپۆلیستی و سازشی چینایەتی و ڕەدووكەوتنی توێژە جیاكانی بۆرژوازی عیراقی بووەو هەیە، هەربۆیە كوتانی پایەگا فكری یەكانی ریڤیژینیزم و ریسواكردنی ڕێبازی فریودەرانەی ئەم تەیارە لەسەر ئاستی عیراق و جیهاندا، بە یەكیک لە ئەركە گرنگەكانی خەباتی ئەم قۆناغەی هاوڕێ یانی ئاڵا وتەواوی كۆمۆنیستەكان دانا.

پلنیۆم، عیراقی بە وڵاتێكی سەرمایەداری ژیر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و ڕژیمەكەشی بە بۆرژوازی بیرۆكراسی مشەخۆرو فاشستی ناساند. لە سای ڕژیمێكی وەهادا، كریكاران و زەحمەتكیشان وێڕای ئەوەی لەژێر باری ستەم و چەوسانەوەی هێزی سەرمایە و كاری كرێ گرتنی سەخت و تاقەت پڕوكێندا، ژیانی پر مەینەتی و كوێرەوەری دەگوزەرینن، ئەوا لە سادەترین مافی سەندیكایی و

سیاسی بێ بەشن و رژیم دڕندانەترین سیاسەتی فاشیانەی لە مەڕ گرتن و راونان و بە كۆمەل كوشتنیان بە سەردا جێ بەجی دەكات، لەسەر سیاسەتی فاشیانەی خۆی دژ بە گەلی كورد و لەناوبردن و هەڵ لوشینی بوونی نەتەوایەتی ئەم گەلە بەردەوامەو بچوكترین دەرفەتی دیموكراتیانەی بۆ كۆمەڵانی خەڵك نەهێشتۆتەوە و چۆكی مەرگی لەسەر سنگیان داداوە، هەربۆیە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی كرێكاران و زەحمەتكێشان بە رامبەر بە رژێمێكی واو هەر رژێمێكی دیكەی سەرمایەداری، جگە دووپاتكردنەوەو لەسەر هەڵكشاندنی خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕوخاندنی و دامەزراندنی كۆماری دیموكراتی شۆڕشگێڕ و هەگاونان ڕووەو سۆسیالیزم كە كۆتایی بە هەرجۆرە ستەم و نا بەرابەریەك بێنێ و ئازادی بەرفراوان بۆ كۆمەڵانی خەڵك دابین بكات، شتێكی دیكە نی یە.

قۆناغی ئێستای جەنگی كۆنەپەرستانەی عێراق—ئێران و هەل و مەرجی دژواری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی كورد درانە بەر باس و لێكۆڵینەوە و جیگایەكی بەرچاویان لە بەرنامەی كاری پلنیۆم دا هەبوو.

جەنگی ناڕەوای عێراق—ئێران كە لە ئەنجامی ئەقڵیەتی شۆڤێنیستی و سیاسەتی فراوانخوازی رژێمی فاشستی عێراقدا، لە پەرژەوەندی ئیمپریالیزم بەرپابوو، پاشی هەشت ساڵان لە كارەساتی خوێن ڕشتن و وێرانكاری، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی چەندین كێشەو قەیرانی ئابوری ، سیاسی ، كۆمەڵایەتی خەڵكی عێراق بووە ئەوا كۆتایی پێهینانیشی لەگەڵ پەرژەوەندی ئەوان و پاشەڕۆژی بزوتنەوەكەیاندا ڕیک دێتەوە و زەمینەی خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی فاشیزم و هەڵپێچانی دام و دەزگاكانی سەرمایەداری، سازترو لە بارتر دەكات.

ڕژێمی دیكتاتۆری سەدام، پاشی ئاگربەستی جەنگەكە، بێ پەردەو بە دڕندانەترین شێوە جەنگی ئیبادەكردنی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان درێژە پی دەدات، ئێستا بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی و كوشتن و ئاوارەكردنی بە كۆمەل بە ڕادەیەك گەیشتووە كە لە میژووی ئەم گەلەدا، پێشتر وینەی نەبووە.

پلنیۆم، بۆ ڕووبەڕووبونەوە ی ئەم دۆخە سەخت و نالەبارە، توندو تیژكردنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری و بە گەرخستنی هەموو وزەو توانایەكی لە پیناوی پەرەپێدانی موقاوە مەتی خەڵكی كوردستان و پوچەڵ كردنەوەی سیاسەتی شۆڤێنیستیانەی ڕژێم، بە ئەركێكی دیكەی ئەم قۆناغە داناو هوشیاركردنەوەو ڕێكخستنی كریكاران و زەحمەتكیشان و ڕێبەری كردنیان بە ئاقاری خەباتی شۆڕشگێڕانەدا و لە ژێر ئاڵای پارتی پێشڕەوی چینایەتی یان ، بە مەرجێكی گرنگی سەرنگونكردنی فاشیزم و دامەزراندنی كۆماری دیموكراتی شۆڕشگێڕ دانا، هەر ئەمەشە دەستەبەری دابینكردنی مافی چارەنووسی گەلی كورد و پاراستنی مافی كەمە نەتەوایەتی یەكان لە عێراق دا دەكات.

پلنیۆم، ڕێزی لە ڕاپەڕینی شـۆڕشـگێڕانەی گەلی فەلەسـتین دژ بە دەسـەڵاتی داگیرکەرە زایۆنیسـتەکان، گرتوو و پشـتگیری خۆی لە بەرهەق بوونی خەباتی ئەم گەلە بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکی فەلەستین، دووپات کردەوە.

پلنیۆم، دروشـمی (مونازەرە و سـەلماندن و یەکخسـتن)ی لەگەل تەواوی گروپە مارکسـیسـتە شـۆڕشـگێڕەکاندا بە مەبەسـتی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی عێراق دووپات کردەوە، پارتێک کە لێبڕاوانە خەباتی چینایەتی کرێکاران تا هەڵتەکاندنی سیستەمی سەرمایەداری و سەقامگیربونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بنیات نانی سـۆشـیالیزم و کۆمۆنیزم، شـێلگیرانە ڕێبەری بکات، ئەم ئەرکەشـــی بە ئەڵقەی نـاوەندی خەبـاتی ئەم قۆنـاغەی ئـاڵای شـــۆڕش دانـاو بۆ ئەنجامدانیشی بانگەوازی هەمو گروپە کۆمۆنیستەکانی عێراق دەکات.

هاوڕێ یانی بەشـــداربوی پلنیۆم، چەندین بریاری گرنگیان لەمەڕ مەســـەلە ڕێکخراوەیی یەکـانی نـاوەوەو و دەرەوەی وڵات، کـاروبـاری ڕاگەیـانـدن، ئیداری، دارایی ئاڵای شۆڕش داو پلان و نەخشەی دروستیان بۆ داڕیژان.

پلنیۆم داوا لە حزب و ڕێکخراوە کوردســـتانی و عێراقی یەکان و لایەنگرانی ئازادی و دیموکراســـی دەکات کە دەنگی خۆیان بۆ ئازادکردنی (مەلابەختیار)ی تێکۆشەر، لە زیندانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرز بکەنەوە.

هەروەها پلنیۆم ، پتەوکردن و داڕشـتنی بازنەی پەیوەندی یەکانی لەگەل هەموو لایەنە سیاسـی یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و عێراقی ، لەسـەر بنچینەی دابین کردنی ئازادی بێ قیدو شـەرتی هەڵسـوڕانی خەباتی شـۆڕشـگێڕانە بە ئەرکی خۆی دانا

لە کۆتایی دا سـڵاوی گەرمی شـۆڕشـگێڕانە ئاراسـتەی هاوڕێ یانی خۆڕاگری نێو زیندانەکانی ڕژیمی فاشـــســـتی عێراق کراو یادی شـــەهیدانی نەمری (ئاڵای شۆڕش) و شەهیدانی ڕیگای دیموکراتی و سوسیالیزم ڕێز لێ نرا.

سەرکەوتووبێت خەباتی کرێکاران و زەحمەتکیشان
لە پێناوی دیموکراتی و سۆشیالیزم دا.
سەرکەوتووبێت خەباتی شۆڕشگێڕانی گەلی کورد
لە پێناوی بەدیهێانی مافی چارەنووسدا.
سەرکەوتووبێت ڕیبازی شۆڕشگێڕانەی ئاڵای شۆڕش.
بژی ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا.
بڕووخێت ڕژیمی فاشستی عێراق.
مەرگ بۆ ئیمپریالیزم.

ئاڵای شۆڕش

سێپتەمبەر/١٩٨٨

لە كۆتایی پلنیۆمەكەدا مامۆستا پشكۆ ، عادل ، شێخ علی هەڵبژێردران بە ئەندامانی (ناوەندی ئاڵای شۆڕش).

دوابە دوای ڕاگەیاندنی كۆتایی سێهەمین پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش، بە یانێک لەسەر ڕۆڵی تێكدەرانەی ریڤیژینیزم لە بزوتنەوەی كریكاراندا لە لایەن ناوندی ئاڵای شۆڕشەوە بڵاوكرایەوە، كە زیاتر لەو كاتەدا خستنە بەرچاوی ڕۆڵی تێكدەرانەی حزبی شیوعی عێراقی لە بزوتنەوەی چەپ و كرێكاراندا بوو. لە بەشی دیكۆمێنتەكاندا دەتوانیت ئەسڵی بەیانەكە ببینی وئەمەش دەقی بەیانەكەیە :

بەرەو خاشەبڕكردنی تەییاری ڕیڤژینیزم
كرێكارانی جیهان یەكگرن

بەرەو خاشەبڕكردنی تەییاری ڕیڤیژینیزم
بەرەو چەسپاندنی هەمە لایەنەی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ
هاوڕێ یانی تێكۆشەر

ماركسیزم وەک فەلسەفەو جیهان ببینی زانستی یانەی پرۆلیتاریا و چەكی تێكۆشانی ئەم چینە شۆڕشگێڕە لە پێناوی ڕێنوێنی كردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە سیستەمی سەرمایەداری و تێكشكاندنی هێزی نەگریس و چەوسێنەری سەرمایە و هەڵتەكاندنی پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ، بە مەبەستی سەرخستنی شۆڕشی كۆمەڵایەتی، دامەزراندنی دەسەڵای سیاسی پرۆلیتاریا، بنیاتنانی سۆشیالیزم و گواستنەوە بەرەو كۆمۆنیزم، هەمیشە لە خەبات و ململانێ یەكی سەخت و بێ وچان دا لەگەل فەلسەفەو بیروبۆچوونی چین توێژە كۆنەپەرست و نا پرۆلیتاری یەكانی كۆمەڵ ڕوو بە ڕوو بۆتەوەو لە بواری جۆراوجۆری فەلسەفی، ئابووری، سیاسی، ڕێكخراوەیی د ئامبازی یەكتری بوون.

ئەو دەمەی كە ماركسیزم تەواوی تێزەكانی سۆشیالیزمی خەیالی، وردەبۆرژوازی، ناسیۆنالیستی ی لە بواری تیوری دا بۆڕداو بوویە تیوری بالادەستی نێو بزوتنەوەی كریكاران، ئیدی وردە بۆرژوازی مایەپووچ و نابوتی ژێر ڕەوڕەوەی گەشەكردنی سەرمایەداری، بە هیوای گێڕانەوەی پەرژەوەندی یە لە دەستچووەكانی وەدیهینانی خەون و خەیاڵاتی وردەبۆرژوازیانەی، لەناو بزوتنەوەی كرێكارانەوە و بە ناوی تیوری شۆڕشگێڕانەو دەستەمۆكردنی بزوتنەوەی چینایەتی كریكارانی هەڵكەند.

ڕیڤیژینیزم، یادی سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی ناپرۆلیتاری لە ڕیبازی خەباتی فکری، سیاسی، ئابووری، ڕێکخراوەیی پرۆلیتاریادا بە مەبەستی لە خشتەبردن و لە ڕێ لادانی بزوتنەوەکەیان، پێکهێنانی سازشی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریاو بۆرژوازی ، خاوکردنەوی ململانێ ی نێوانیان و چاویشی لە وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کرێکاران و پووچەل کردنەوەی ناوەرۆکی سۆسیالیزمی کرێکارانە و.....هتد،ئەم لادان و هەڵگەڕانەوەیە لە مارکسیزم لە سەردەمی دوەم ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریادا و لە شێوەی تێزە جیاکانی ئابووریستی و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی لە لایەک و ئانارشیزم و چەپ ڕەوی لە لایەکی تر،وە، لە سەردەستی تیوریستە وردەبۆرژوازی یەکاندا و لە خزمەتی سەرمایەداری جیهانی دا پیادەکران، ئەو دەمەش کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، لە هەل و مەرجی دنیای سەرمایەداری گەشەکردوودا و لە گەرمەی جەنگی دزێتی و تاڵانکاری پیمپریالیستەکاندا، لە لایەن (لینین) وە گەشەی پێدراو بوو بە ئالای دژایەتیکردنی ریڤیژینیزم و چرای ڕێنوێنی خەباتی کرێکاران، لە زەمینەی خەباتدا لە مەحەکی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە دراو بۆ یەکەمینجار لە ڕوسیادا دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان (گەرچی پاشان شۆڕش ڕووی لە شکست کردو جارێکی دیکەش بەری خەبات و تێکۆشانی کریکاران و زەحمەتکێشان کەوتەوە خزمەتی پەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوازی) ، هەر لەو سەردەمەوەو تا ئێستاش ڕیڤیژینیزمی ڕاست و چەپ لە چەندین بەرگ و شێوازدا و لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا، بۆ شێواندنی تیاوری مارکسیزم و بە مەبەستی لەگەرخستنی کاروانی خەباتی پرۆلیتاریا، لە هەوڵی بێ وچان دایە.

ئەمرۆ، ڕیڤیژینیزم وەک دیاردەیەکی جیهانی لە سەرتاسەری بزوتنەوەی کرێکارانی جیهاندا بە شێوەی جۆراوجۆر بوونی هەیە و ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخی ڕووسی و ولاتانی سەر بەو کامپە هاوشان لەگەڵ ڕیڤیژینیزمی(چینی، ئۆرۆکۆمۆنیزم، سۆسیال دیموکرات، تروتسکیزم....)، بوونەتە مۆتەکەی کۆڵی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و بزوتنەوەکەیان لە خزمەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی داناوە.

سۆڤیەت ، وەک سەرچاوەیەکی بە لرفەی ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخ لە جیهاندا، هەر لە سەردەمی (ستالین) ەوە هەتا ئێستا ڕۆڵ و نەخشی گرنگ و بەرچاوی لە شکست دان و بە ئاکام نەگەیشتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاراندا بووەو هەیە، وەک دەوڵەتێکی زل هێزو بە قودرە تیش، ڕێبازی ئابووری، سیاسی، عسکری ،دیپلۆماسی ئیمپریالیستیانەی لە جیهاندا پیادەکردووەو هەر بە پێ ی سوودو پەرژەوەندی سەرمایەداریشی لەگەڵ تەواوی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی یەکان و دیاردەو

دەركەوتە سیاسی و كۆمەڵایەتی یەكانی نێوان گەلان و دەوڵەتان مامەلە دەكات و هەڵوێست وەردەگرێت.

لە عێراقدا (حزبی شیوعی عێراق) نوێنەری رەسمی ڕیفیژێنیزمی ڕووسی یەو پتر لە نیوسەدە خەباتی خۆی لە شیواندنی ماركسیزم-لینینیزم تێپەڕاندووەو فاكتەرێكی بنچینەیی لە خشتەبردنی كرێكاران و سەرنەكەوتنی بزوتنەوەكەیانە...،(حشع) ئاڵا هەڵگری خەباتی پۆپۆلیستی و سازشی چینایەی و ڕە دوكەوتنی توێژە جیاكانی بۆرژوازی عێراق بووە و تا ئێستاش بۆچوون و بەرنامەو ڕێبازی سیاسی ئەم حزبە ڕێک لە خزمەتی بۆرژوازی دایە و نەک هەر سەركەوتنی بە دەست نەهێناوە بگرە تا دیت لە نێو جەماوەری كرێكاراندا ڕووت و ڕیسواتر دەبێت.

ئاڵای شۆڕش، وەک جەرەیانیکی فکری و سیاسی لە هەل و مەرجێکی تایبەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵای دژایەتی کردنی ریڤیژینیزم، هەڵتەکاندنی پایەگا لەرزۆکەکانی، هەنگاونان بۆ دامەزراندنی حزبی پێشرەوی کرێکارانی عێراق، داکۆکی کردن لە ماف و پەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و بەستنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان بە خەباتی سەرتاسەری کرێکارانی عێراقەوە، بە ئومێدی سڕینەوەی شوێنەواری هەموو جۆرە سیاسەتێکی وردەبۆرژوازی یانە و ناسیۆنالیستیانە لە نیو بزوتنەوەی کرێکاری دا و سنووربەندی یەکی ئاشکراو دیاری نێوان ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و ڕێبازی فریودەرانەو بێ ئاکامی وردە بۆرژوازی، بە ئومیدی خەبات لە پێناوی دیموکراتی و سۆشیالیزمدا هاتە سەر شانۆی ڕووداوە سیاسیەکان و پرۆژەی ئاقاری گشتی بەرنامەی لەو دیدەوە خستە ڕوو.

ئاڵای شۆڕش، بی تەم و مژو بە ڕۆشنی ئامانجی بەرزی کرێکاران، یانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و ئەوجا بەرنامەی لانی کەمی کرێکاران و زەحمەتکێشان(روخاندنی رژێمی سەرمایەداری- سەقامگیربونی دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان"دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانە" ی دیاری کردووە و ئەمەیشی بە بەرنامەی راست و دروست و واقعی یانەی قۆناغی شۆڕش زانیوە و پێداویستیەکانی سەرکەوتنی خەباتی کرێکارانیشی هەر لەمەدا بەدی کردووە.

ئاڵای شۆڕش، بە هۆی ئەو ئەو بارودۆخە نا ئاسایی یەوە کەتیایدا دروست بووە و ئەو گوشاروفشارەی کە لەلایەن بەشێک لە بۆرژوازی دژ بە دیموکراتیکی کوردستانەوە هاتە سەری، مەودای گەشەکردنی ئاسایی تەنگ بوبەوە و بە ناچاری هەڵوێستی جیابونەوەی چەکدارانەی پێ گیرایەبەر، ئەمەش چەندین ئەرکی گران و لە هەمان کاتدا نا سەرەکی لە پێش داناو زەمینەیەکی ڕێکخراوەیی و سیاسی وەهای

سازاند كە لە سونگەی كەم توانایی و كەم ئاوەزی چینایەتی هەندێک لە ئەندامانی و خۆپەرستی هەندێكی تر، كەسانی دەرەوەی ئاڵاو ئەندامانی ڕێكخراوێكی تر بە ناوی (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانی-عێراق) بە بێ هیچ پەیوەندیەكی تەنزیمی پێشینەیان لەگەڵ ئاڵادا، بە شێوەیەكی میكانیكی یانە ئامێتەی بوون و خۆیان بەسەر سەركردایەتی یەكەیدا سەپاند، ئەمانە بوونە پردی پەڕینەوەی فكری ڕیڤیژێنیزمی هاوچەرخ بۆ ناو ڕیزەكانی و چەندین بیری بیری ڕیڤیژینیستی و نامۆ چەكەرەیان كردوو كردیانە مەكۆی ناكۆكی و ململانێ یەكی فكری و سیاسی قوولّ بە ئەنقەستیش گرفت و كێشەی شەخسی و لاوەكی یان تێوە ئاڵاند، و نوێنەری ڕەسمی ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخیش لە عێراق دا، بە مەبەستی لە باربردنی جەرە یانی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ و دەستەمۆ كردنی ئاڵای شۆڕش، ڕۆڵی دیاری هەبووە .

هاوڕێیانی تێكۆشەر

ئێستا ئیتر پاشی سێ ساڵان لە درێژەدان بە خەبات و ململانێ ی ئایدۆلۆژی و سیاسی كێشە فكری یەكانی دروونی ئاڵا ڕێچكەی ئوسولّی خۆیان وەبەر گرتووە و ڕیبازی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ و ڕیڤیژینیزم بە دوو ئاقاری جیاداو بەرەو دوو ئامانجی جیاواز، ڕێگای خەباتی جینایەتی یان گرتۆتەبەر، ئیتر چ دەزولەیەكی پەیوەندی نێوانی ئەو دوو تەییارە دژ بە یەكە لە چوارچێوەی ئاڵادا نەماوە.

لەمەودوا و پاش جیابوونەوە وسنووركیشانی نێوان ماركسیستە شۆڕشگێڕەكان و كەسانی ڕیڤیژینیست و بە ناو ماركسیستی نێو ئاڵای شۆڕش، هاوڕێ تێكۆشەرو شۆڕشگێڕەكان ئاڵا بە یەكگرتوویی و سەربەخۆیی لە پێناوی جێ بەجێ كردنی دروشمەكانی ئاڵا داو ئەنجامدانی ئەرك و فرمانەكانی سەرشانیان، شێلگیرانە درێژە بە هەڵسوڕان و خەباتی فكری و سیاسی و ڕیكخراوەیی یان دەدەن و بە مەبەستی گەشەكردنی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی عیراق و هەوڵدان بۆ یەكخستنی ماركسیستەكان بە پێ ی پرانسیپی (مونازەرەو سەلماندن و یەكخستن) و دامەزراندنی پارتی پێشڕەوی كرێكاران، ئاڵای ماركسیزمی شۆڕشگێڕ بەرز دەكەنەوە.

ئێستا، ئیدی ئەركی گرنگی سەرشانمان وێرای وشیاركردنەوەی كریكاران و زەحمەتكێشان ، سازدان و ڕیكخستنیان، هەڵسوڕانی كاری هاندان و پرۆپاگەندەی شۆڕشگێڕانە، دژایەتی و ڕیسواكردنی ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخە، لێدان و كوتانی پایەگا فكری و سیاسی یەكانێتی، هەر ئەمەش دەستەبەری هەستانەوەو سەركەوتنی یەكجارەكی بزوتنەوەی كرێكاران و شۆڕشی كۆمەڵایەتی یە.

جارێكی تریش ئەو ڕاستی یە بەڵگە نەویستە لە پێش چاوی خۆمان دادەنێین كە هەتا سەر ڕێبەری كردنی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا، هەر لە ئەستۆی حزبی پێشڕەوی كرێكاران دایەو خەباتیش بۆ دامەزراندنی ئەو حزبە، ئەركێكی بێ ئەملاو ئەولای كۆمۆنیستەكانە.

ڕوخاندنی ڕژێمی سەرمایەداری، سڕینەوەی شوێنەواری مومارەساتی فاشیانەی ڕژێم ،دامەزراندنی دیموكراتیكی شـۆڕشـگێڕو دابین كردنی ئازادی یە دیموكراتی یەكان، مسـۆگەركردنی مافی چارەنووسـی گەلی كورد، كۆتایی پێهێنانی هەرجۆرە سـتەم ونابەرابەری یەكی چینایەتی، نەتەوایەتی، مەزهەبی لە گرەوی گرتنەبەری سیاسەتی كۆمۆنیستی و سەركەوتنی شۆڕشی كرێكاران دایە.

سەكەوتووبێت خەباتی كرێكاران و زەحمەتكیشان لە پێناوی دیموكراتی و سۆشیالیزم.

سەركەوتووبێت ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی ئاڵای شۆڕش.

سەكەوتووبیت خەباتی گەلی كورد لە پیناوی مافی چارەنووس دا.

بژی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا .

بڕوخێت ڕژێمی فاشستی عێراق.

مەرگ بۆ ئیمپریالیزم

ئاڵای شۆڕش
كۆمێتەی ناوەندی
سێپتەمبەری / ١٩٨٨

دەسـتكرا بە چاپكردنی (پرۆژەی بەرنامەی ئاڵای شـۆڕش)(ئاڵای شـۆڕش – ئیتجاهی ماركسیزمی شۆڕشگێڕ) پەسەندكراوی سێیەمین پلنیۆمی ئاڵای شۆڕش – ئەیلول ١٩٨٨.

هەوالنامەی كتێب

ئازادبوونی حاتەمی براڕم

حاتەمی براڕم كە بە هۆی زمان لێدانی هەندێ هاوڕێ ی خۆیەوە گیرابوو، لە مەحكەمەی ثەورەی بەغدا بریاری لە سـێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، چەندین مانگ بوو لەگەڵ چەندین زیندانی ترا چاوەڕێ ی لە سـێدارەدانیان دەكرد، بە هۆی ئەو لێبوردنەی سـەدامەوە...ئازاد بوو، بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووم، بە تایبەت بۆ دایكم كە لە ١٩٧٤ بە شـەهیدبونی حەمەڕەشـیدی براڕم جەرگی سـووتابوو، دوای بیستنی بریاری ئیعدامی حاتەمیش ئومیدیكیشی نەمابوو حاتەمی براڕشم مابێت...

وەستانی جەنگی ئێران-عێراق

(كەسێك) لە وەزارەت خارجیەی ئێران ناردبووی بۆ چاوپێكەوتن، منیش لەگەڵ هاوڕێ شێركۆ كە بەرپرسی عیلاقاتی ئاڵای شۆڕش بوو چووم، داوایكرد دووقۆڵی قسە بكەین..پرسی چۆن دەروانیتە ئەم جەنگە؟ وتم وەڵامی دیپلۆماسیانەت دەوێ یا ئازادانە، ووتی ئازادی هەرچی دەڵێیت. ووتم بە رای من گەر جمهوری ئیسـلامی شـەڕ ڕانەگرێت دەڕووخێت. دەم و چاوی تێك چوو یەكسـەر پرسـی بە چ دەلیلێك

ئەو قسەیە دەكەیت؟ ووتم بەو دەلیلەی ڕۆژانە تاران و شارە گرنگەكانی ئێران بە موشەك بۆردومان دەكرێت و بۆتە مایەی بێزاری خەڵك، زۆربەی ژێرخانی ئابوری ئێران وێرانكراوە، لە شارە گەورە كانی وەكو شیرازو ئەسفەهان و تبریزو...هتد خۆپیشاندانی خەڵك دژتان دەستی پێكردووە، لە بەرەكانی جەنگدا نەتانتوانیوە سەركەوتن بە دەست بهێنن و لە بەرامبەریشدا كوژراوێكی زۆرتان هەیە، بەرایی ڕاكردووی سوپای پاسداران لە بەرەكانی جەنگەوە گەیشتۆتەوە تاران و كەرەج و شارەكانیتر..ژیرخانی ئابوریتان خۆت باشتر دەزانیت چۆن داتەپیوە بە هۆی تێچووی جەنگ و گەمارۆی ئابوریەوە، لە بەرامبەریشدا هەموو وڵاتانی خلیج و هەموو وڵاتانی ئیمپریالیستی كۆمەكی سەدام دەكەن، گەر جەنگەكە نەوەستێ ماوەیەكی تر نابات خۆپیشاندان تارانیش دەگرێتەوە....بەرپرسەكە هەرگوێی دەگرت، دواتر ووتی : قسەیەكت لا دەكەم بەڵام پەیمانم بەرێ تا سبەینێ لای كەس باسی نەكەیت، ووتم گەر بڕوات پێم نەبوایە بانگت نەدەكردم، ووتی جەنابی ئیمام بریاری داوە جەنگ بوەستێت، ئەو هەواڵەش سبەینی لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە بڵاو دەكرێتەوە و دەزانم ئەو هەواڵە بۆتۆ سەیر نییە....

هەر ئەو ڕۆژە لە تاران لەگەڵ خێزانەكەمدا بووم لە هەمان ئەو ئوتێلەی شێخ عەلی و پشكۆ و دكتۆر قادری لێبوو، كاتێك هەواڵی كۆچی دوایی براكەی علی عبداللهم بیست، چووم بۆ سەردانی بۆ سەرخۆشی لیكردنی لە كەرەج، سامی عبدالرحمن و محمد مەلاقادرو فرنسۆ حریریش لەوێ بوون، باسی جەنگەكەی ئێران-عێراق كرا سامی عبدالرحمن وتی جەنابی ئیمام دەڵێت جەنگ جەنگ تا پیرۆزی! ووتم كاك سامی هیچ شتێك موتڵەق نیەو بە موتڵەقی باسی سیاسەت مەكە دەشێ گۆڕان زۆر ڕووبدات، بۆ ئەوەی كارەساتی ١٩٧٥ چەندبارە نەبێتەوە باشترە خۆ بۆ هەموو ئەگەرەكان ئامادە بكەیت. فرنسۆ حریری ئاگام لێبوو بە وردی گوێی دەگرت و لێم ورد دەبووەوە.. كە هەڵسام بڕۆم هاتە دەرەوە لە گەڵمدا، ووتی قسەم زۆر پێ یە لەگەڵتی بكەم بابچین بۆ مالەوە، نازانم مااڵی خۆی بو یا نا. پرسی ئەو قسەیەی كردت لە وەڵامی سامی دا، لە خۆتەوە كردت یا شتێك دەزانی؟ ووتم كاك فرنسۆ ناتوانم وەڵامت بدەمەوە، تەنها ئەوەندەت پێ دەڵێم سبەینێ هەمو شت دەزانیت..زۆر هەوڵیدا لەوەزیاترم نەوت. پرسی چیتكرد بۆ سەفەرەكەت؟ ووتم ئاخری دوای تأخیركردنی سااڵنێك لیزە پاسەكەم وەرگرت..چومە سەفارەتی سوریا بۆ ڤیزە هەر جارەی درۆیەك دەكەن . ووتی ئێستا كاك مەسعود لە دیمەشقە ، بەیانیش دكتۆر ڕۆژ دەچێت بۆ سوریا، ناوی خۆت و خێزانەكەتم بەرێ بە دكتۆر ڕۆژدا بۆی دەنێرین، ئەو خۆی تۆ دەناسێت و جێ بەجێ دەبێت، منیش ناوی خۆم و منالەكان هاوسەرەكەم نووسی و دامێ، پرسی لە كوێ دابەزیوی؟ ناوی ئوتیلەكەو ژمارە تەلەفۆنی ئوتێلەكەم دایە. ڕۆژی دوایی ئیمام خومەینی بڵاوی كردەوە كە

(ناچارە زەهرەكە) بنۆشـــی و شـــەڕ ڕاگرێ، نیو ســـەعات دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەكە فرنسۆ حەریری تەلەفۆنی كرد بۆ ئوتێلەكە، ووتی دوێنێ دەمزانی شتێك دەزانی دەبوو پێت بوتمایە، لە كۆتایی قســـەكانیدا ووتی ناوەكانم لەگەڵ نامەیەك ناردووە بۆ كاك مەســـعود، بە گەیشـــتنی ئەنجامەكەی دكتۆر شـــوكت ئاگادارت دەكاتەوە، دە ڕۆژیكی نەبرد دكتۆر شەوكەت تەلەفۆنی بۆ كردم بۆ ئوتێلەكە كە كاك مەسعود ڤیزەكەی بۆ وەرگرتووی بچۆ بۆ سەفارەتی سوری، منیش بە لیزە پاسەكەوە چووم بۆ ســـەفارەتی ســـوری ، لەو كاتەدا ملازم عمرو محمد حاجی تۆفیقیش لەوێ بوون، زۆر ئیحترامیان نواند، تەنانەت حەمە تۆفیق وتی هەر ئیشـــێ بە ئێمە بكرێت ئامادەم بۆت بكەم([1])، منیش زۆر سوپاسیم كرد. لەگەڵ كاك عمریش بڕێكی كورت لەســـەر بە زیندانی مـانەوەی مەلا بەختیـار دواین، ووتم وا من دەڕۆم هیوادارم تاڵەبانی لەسەر قسەی خۆی بێت و ئەو ئازاد بكات.

ڕۆیشتن بەرەو ئاوارەیی-سوریا

پارەی ســەفەرم نەبوو، دكتۆر ســامااڵی ژنبرام لە مانشـــتەرەوە تەلەفۆنی لەگەڵ (حـاجی حەمەنوری حـاجی عبدالله) ی بـاوكی كردبوو لە ســـلێمـانی كە بە قەرز مقدارێك پارەمان بداتێ پێی دەرچین. باوكیشی دەهەزار دۆاڵری لە ڕێگەی كوێتەوە بۆ ناردبوو، دكتۆر ساماڵیش ناردی بۆ ئێمە بۆ تاران. ووتیان گەر وەزارەتی كشوەر نامەتان بداتێ ئەوا بلیت بۆ دیمەشـــق دەتوانن بە تەمەن بكرن نەك بە دۆاڵر، بەاڵم دیســـانەوە وەزارەتی كیشـــوەر هەر ڕۆژەی درۆیەكیان دەكرد، ناچار بە دوو هەزار دۆاڵر بلیتی دیمەشـــقم كڕی بۆ هەر پێنجمان و بەرەو دیمەشـــق لەگەڵ خیزانەكەم ڕۆیشتین، لە فرۆكەكەدا كە فرۆكەی سوری بوو چەند كوردیكی تری تیابوو دوانیان سەر بە حزبی شیوعی بوو، یەكێكیان عەلی ناوبوو، هەر دوای فڕینی فرۆكەكە ئەو ژنە موســـافرانەی ناو فرۆكەكە كە لە ئێران بە ئیجباری جلی مانتۆیان پۆشـــی بوو مانتۆكانیان داكەن و مۆدێرن دانیشتن. كاتێك گەیشتینە فرۆكەخانەی دیمەشق هەر لە فرۆكەكە دابەزین و چوینە هۆڵی فرۆكەخانەكە، هەموو ئەوانەی لیزە پاسەیان پێ بوو كۆیان كردینەوە و بەرەو قاتی خوارەیان بردین و لە شـــوێنێكی دووبەســـێ ی بچوكدا ئەو ســـێ كوردەو خۆم و خێزانەكەشـــم كە پێننج كەس بووین دایان نایین و وتیان قسـە نەكەن، لەنجەی كچم چوارده سـاڵان و كاردۆی كورم نۆ سـاڵان و ئاڵای كچیشم هەشت ساڵان بوون، لەگەڵ یەكدا قسەیانكرد، ئەمنەكەی لەگەڵیان دانابووین

[1])محمد حاجی تۆفیق، مرۆڤیكی بەڕێز و كوردێكی دڵســـۆزو میهرەبان، ڕێزێكی یەكجار زۆری بۆ (حاجی محمد نوری حاجی عبدالله) ی خەزورم هەبوو. ئەمان منااڵ بوون ، كاتێك (حاجی تۆفیقی) باوكی و (حاجی حەمەنوری) شـــەریكە بازرگانی و مواڵك كڕین و فرۆشـــتن بوون گەلیك كەس وایان دەزانی بران، هەر ئەوەش هۆكاری ئەو گەرمی نواندنە بوو.

ووتی نابێت قسە بكەن، پاش تاوێک هەمومانیان سواری ئۆتۆمۆبێلێک كرد بەرەو مەعەسكەرێک لەسەر ڕێگای دیمشق، لەوێ خۆمان و جانتاكانیان داگرت، و بردیانین لە قاعەیەكی گەورەدا كە دیاربوو شوێنی مەكتەبی ئەفسەرەكان بوو دایان ناین. پاش چاوەڕوانیەكی زۆر ئەفسەرێک بە روتبەی لیوا هاتە ژوورەوە و سەربازەكانی پشتی مێزەكان هەڵسان و سڵاوی سەربازیان بۆ كرد، كاردۆی كورم و ئاڵای كچم لەسەر كورسیەكەی لەسەر دانیشتبوون خەویان لێكەوتبوو. كابرای لیوا من و ئەو كوردانەیتری بانگ كرد، لەمنی پرسی ناوت چیە؟و ئیشت چیە؟ منیش وتم ئەندامی سەركردایەتی ئاڵای شۆڕشم ناوم عادل ە، وتی دەزانم، زۆر بە نەزاكەتەوە پرسی بۆ كوێ دەچن لە كوێ دەمێننەوە، وتم بۆ دیمشق و لە ئۆتێل دەمێنینەوە، پرسی كام ئوتێل ووتم نازانم شارەزانیم هەرئوتێلێک بێت تا بەیانی پشووی تیا بدەین، چەند سەربازێكی بانگ كرد جانتاكانیان بۆ هەمومان خستە ناو ئۆتۆمۆبێلیک و بردیانین لە دیمشق لە ئوتێلیک دایان بەزاندین، ئەو شەوە هەرچۆنێک بوو دانمان بە خۆماندا گرت، بۆ بەیانی تەلەفۆنم كرد بۆ ئەو ژمارەیەی فرنسۆ حریری دابووی پێم،كاک عزالدین وەلامی دایەوە كە پیاوێک بە ناوی ئەبو شیراز دێت و خانووتان بۆ دەگرێت، ئەبو شیراز كە خۆیشی ماڵی لە روكن الدین بوو، لە گەرەكی روكن الدین لە قاتی سەرەوەی ماڵە كوردێكی سوری دا خانووی بۆگرتین. بیستمان كە (نجات) كچی (مام بیجان دواری) لەگەڵ هاوسەرو منداڵەكەیان لە دیمەشقن، سەردانیانمان كردن، وتیان هاتوین لێرە بژین نامانەوێت سەفەر بكەین، هاوسەرەكەی خەریكی بازرگانی بوو لەگەڵ تاران دا. تا لە دیمەشق بووین چەند جارێک سەردانمان كردن وچاومان پێیان كەوت.

سەرەتا هەوڵمدا، ڕەزامەندی چوونە دەرەوە لە سوریا بەرەو ئەوروپا وەرگرم، بەڵام ڕژێمی سوری ڕەزامەندیان نەدەدا، نەشیان دەوت نایدەین، هێشتا لە دیمەشق بووم، هەواڵی كۆچی دوایی ئیمام خومەینی بلاوكرایەوە. لەو كاتەدا تووشی (گرانەتای ماڵطا) بووم، رۆژێک عزالدینی بەرپرسی علاقاتی پارتی لە سوریاو چەند برادەرێكیتر بۆ هەواڵپرسین هاتن بۆ سەردانم.

بۆ دەرچوون لە سوریا دەبوو پاسپۆرت بكڕین، كەسێكی سەر بە جەماعەتی سامی پاسپۆرتی دەفرۆشت، ئێستا باش بیرم نی یە پاسپۆرتی ئەماراتی یا تونسی بوو لێمكری، ڕۆژێک ابو شیراز ووتی لە سوریا هەموو شتێک پارە بدەیت بۆت چی بەجێ دەكرێت، ووتم بە چەند قیزەكانم دەستەدەكەوێت، ووتی من دەتوانم بە چوارسەد دۆلار بۆت وەرگرم، منیش پارەكەم دایە. یەک دوو مانگ تێپەڕی بۆی نەكرا، ووتی ئەوە پارەكەت، ناكرێ، خراپ بۆیان تێچاندووی. سێ مانگ تێپەڕی بوو بەسەر مانەوەمدا، رۆژێک لە سەردانی هەندێ برادەر بووم، كە گەڕامەوە ماڵەوە، ڕوناكی هاوسەرم ووتی كاک حەمە توفیق تەلەفۆنی كردووەو گلەیی

كردووە كە بۆچی بۆ موافەقەتی دەرچوون بەومان نەوتووە، ووتویەتی ئیمە خوشک و براین دەبوو بە منتان بووتایە، ووتبوی لە (نجات)ی (مام بیجان دەواری) بیستووە، وتی داوای ناوەكانی كردووە و منیش داومەتێ،(لەو دەمەدا محمد حاجی تۆفیق بەرپرسی علاقاتی یەكیتی نیشتمانی) بوو لە سوریا. پاش چەند ڕۆژێک تەلەفۆنی كردبۆوە بۆ ڕوناک و پیی وتبوو كە (رەزامەندی چوونەدەرەوە لە سوریا وەرگیراوە) منیش بۆ سوپاس كردنی سەردانی علاقاتی یەكێتی نیشتمانیم كرد، زۆر سوپاسی محمد حاجی تۆفیقم كرد بۆ هاوكاریەكەی، لەو نێوەدا لە بارەی یەكێتی یەوە، گەلێک مشت ومڕمان بوو لەسەر لایەنی فكری و سیاسی یەكیتی و جەلال تاڵەبانی..ئەو زۆر بە گەرمی بەرگری كویرانەی دەكرد. لە كۆتایی دا دوو بارە سوپاسم كردەوە، لێمپرسی كە ڕاسپاردەیەكم بۆ تاڵەبانی هەیە گەر پەیمان بدەی بۆم بگەیەنی پێت دەڵێم، پی ی ووتم دەیگەیەنم. وتم بە تاڵەبانی بڵێ عادل وتی وا من ڕۆیشتم وەعدەكەی بۆ بەردانی مەلا بەختیار برێتەسەر.

چەندجاریک پەیوەندیم كرد بە دكتۆر ساماڵەوە لە مانشستەر، ئەو زۆری حەزدەكرد ڕووبكەینە ئینگلستان بۆ لای ئەوان، لەودەمەدا موفیدی برای و بەهادینی براشی لەوێ بون، واتە سێ برای هاوسەرەكەم لە مانشستەر بوون، بەڵام رۆژنامەكان لەو كاتەدا دەیاننووسی كە قەیرانی بێ كاری لە ئینگلستان هەیە، منیش وام لێک ئەدایەوە گەر ڕووبكەمە ئەوێ و ئیشم دەست نەكەویت چۆن ئەو پارەی قەرزم كردووە بۆ دەرچوونمان لە كاتی خۆیدا بدەمەوە ، بۆیە بریاری چوونی سویدم دا، بریارێکی هەڵەی گەورەبوو.

لە نیوەی دووەمی مانگی حوزەیران دا، كورێکی خانەقینی بە ناوی ماجد، كە ئیشی دەركردنی قاچاخی پەناهندەی دەكرد، بردمی بۆ ئۆفیسی فرۆكەوانی قوبروصی، بەڕێوەبەرەكە كە زانی كوردم زۆر ڕیزی نواند، وتی یەكەم : بۆ هەر وڵاتێک بچیت ئێمە پارەی بلیتی هەردووسەرمان دەوێت، دووەمیش : گەر بتەوێت بچیت بۆ لندن بێ ترانسیت و فرۆكە گۆڕێن لێرە كە سواربووی یەكسەر دەچیتە لندن، دیسانەوە ووتم دەمەوی بچم بۆ سوید. ووتی باشە دەبێت لە ئەمستەردام فرۆكەكە بگۆریت بۆ سوید، تەنها سەعات و نیوێکت هەیە، ووتم دەڕۆم. لە دیمەشقەوە بۆ قوبروص، لە فرۆكەخانەی ئەوێ دابەزین هێشتا نیوەڕۆ نەبووبوو، كە چوینە ژوورەوە پاسپۆرتەكانیان لێوەرگرتین و ووتیان بچن بۆ ناوشار سەعات پێنجی بەیانی لێرە لە مطار حازربن. منیش كە پاسپۆرتەكەیان لی وەرگرتین ، باوەڕم نەبوو بماندەنەوەو بە خۆشم دەوت بێ پاسپۆرت هیچ ئوتێلێک جێمان ناكاتەوە، زۆر رە ش بین بووم بەرامبەر شەریكەی بلیت فرۆشیەكە، تەلەفۆنم بۆ قاچاخچیەكە كرد لە دیمەشق ووتم لە مطار پاسپۆرتەكانیان لێوەرگرتووین، ئەویش لە مدیری شەریكەكەی پرسی بوو وتبووی دڵیان هیچ نەكات لە كاتی خۆیاندا

ئامادەبن دەیانبەن. بە ناچاری خۆم و خێزان هەموومان ئەو شەوە تا سەعات پێنجی بەیانی لە قاعەكەی ناو فرۆكەخانەكە ماینەوە، منالّەكان نوستن بەڵام من هەر خەوم لێنەدەكەوت. لە كاتژمێر پینجی بەیانی خەلک ڕیز بون بۆ وەرگرتنی بۆردن كارت، ئێمەش نە بلیت و نە پاسپۆرتمان پی نەبوو، چووینە ریزەكەوە، پاش چەند دەقیقەیەک دوو كەسی قات و بۆینباخ لەمل هاتن لە ڕیزەكە ئێمەیان هێنایە دەرەوەو ووتیان شوێنمان كەون، پاسپۆرت و بلیتەكانم دیەوە بە دەستیانەوە، بە دوایاندا ڕۆیشتین كردیانین بە قاعەی بەشی ترانسێتدا، دیمان چەند كەسیكیتریش دانیشتوون دەركەوت دوانیان كورد بوون، بە ئێمەشیان ووت دانیشن دێینەوە بە دواتاندا، پاش تاوێک هاتنەوەو بە ئێمەو ئەو چەندكەسەی تریشیان گووت دوامان كەون، شوێنیانكەوتین، قاپیەكی گەورەی گەراجیان كردەوە لەودیوەوە پاصێک وەستابوو، سواریان كردین بەرەو فرۆكەكە ڕۆیشت، كە سەركەوتینە ناو فرۆكەكەو كەوتە ڕێ زانیمان فرۆكەی یەمەنی یە! فرۆكەی یەمەنی هەمیشە یەک یا دوو موخابەراتی یەمەنی تیابوو، یەمەنیش لەو كاتەدا گەرمترین پەیوەندی بە سەددامەوە هەبوو، فرۆكە كەوتەڕێ. پاش پەنجا دەقیقە فرین، مقۆمقۆ لە نێو تیمی فرۆكەكە پەیدابوو، هەستمانكرد فرۆكەكە دەگەڕیتەوە بەرەو لارناكا، جۆرەها شت دەهات بە میشكمدا، پاش نیشتنەوەی فرۆكەكە ، كیشەكەیان چاک كرد ئەویش زیاتر لە نیو سەعاتی خایاند، بۆ گەڕانەوە بۆ هەمان خاڵی لێوەی گەڕایەوە پەنجا دەقیقەیتری پێویست بوو تیكرا دەیكردە دووسەعات و دە دەقیقە دواكەوتن، زانیم كە چیتر لە كاتدا ناگەینە ئەمستەردام، فرۆكەكە لە فرانكفۆرتیش لایدا، بەو جۆرە كاتیک گەیشتینە فرۆكەخانەی ئەمستەردام لە هۆڵەندا فرۆكەكەی دەچوو بۆ سوید جێی هێشتبووین.

هۆڵەندا بووە نیشتمانی ئاوارەییم

لە ئەمستەردام-هۆڵەندا خۆمان دا بە دەستەوە، هەر لەوێ لیكۆڵینەوەیەكی سەرەتایی یان لیكردین ، من ووتم ئەگەر ئێوە ڕێگەمان بدەن دەمانەوێت بچین بۆ سوید ئێمە بۆ ئیرە نەهاتووین، ئەوان وتیان شتی وا ڕوونادات، لە ئوتێلەكەی مطار بەشێكی جیاكرابۆوە بۆ ئەو كەسانەی بە نایاسایی دینە وڵاتەوە، بریتی بوو لە ڕاڕەویک و چەند ژوریک و قاعەیەكی قاوە خواردنەوەی تیابوو، لە چاوەڕوانی هێنانی لێكۆڵەرەوەو كەسێک تەرجومە بكات دابەشیانكردین ، من و خێزانەكەم لە ژووریكی چەند قەرەوێلەییداو ئەوانی تریش لەبەر ئەوەی زگورتی بوون هەرچەند كەسێكیان بۆ ژووڕێک ناردن، خواردنی ئێوارەیان بۆ هێنایین. بۆ بەیانی سەرەتا منیان بانگ كرد بۆ لێكۆڵینەوە، پیاوێكی بە تەمەنی سەرو پەنجا ساڵ لە پشتی كورسی و میزیكەوە دانیشتبوو، كورێكی گەنجی كوردی بادینی قەڵەویش بۆ كاری وەرگێڕان بە ناوی (بشیر) لەوێ بوو، پرسیارەكانی چەند سەعاتێكی خایاند. لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەدا بە وەرگێڕەكەم ووت پێی بڵێت كە من نامەویت لە هۆڵەندا

بمێنمەوە بۆ ئێرە نەهاتووم و گەر ڕێگەم بدەن دەمەوی بچم بۆ ســـوید، کابرای لێکۆڵەر سەری هەلبڕی و وتی ئەوە ناکرێت، یاسا ڕێگە نادات، پاشان تۆ لە ئێستەوە بزانە لە هۆڵەندا پەناهندەییت قبوڵکرا، بە پێی یاســـا تا دوو مانگ لە کەمپێکی پەناهندەدا دەبن تا هەندێ ئاشـــنایی بە کلتوری هۆڵەندی پەیدابکەن، پاش ئەو دوو مانگە بە فەرمی بریاری ئیقامەکەت دەدەینی، ئێســـتەش ئەوە بلیتی شـــەمەندەفەرو پاص بۆ کەمپی ئەلکمار... لە کەمپی ئەلکمار بە دەیان کەســـی لی بوو، ئەفریقی بەزۆری سۆمالی،عەرەبی عیراقی شیعە، گەلێک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ســـەر بە حزبی کۆمۆنیســـتی ئێرانی، گەلیک کوردی PKK باکور، هەندێ کوردی خانەقینی..

پاش چەند ڕۆژێک هەندێ برادەری زۆر بەڕێزو خۆشـــەویســـت ســـەردانیان کردین، سەرەتا ڕەحمەتی شازاد سائیب و مستەفا چاوڕەش پێکەوە هاتن، لە کەمپ و دواتر لە (خانووی ڕوا) چەندجارێک ســـەردانیان کردینەوە. هەرەوها عماد عزت ڕشید و حسێن قەرەداخی پێیان لێ نەبڕین.

دروستکردنی میدیای کوردی ئەمستەردام

لەگەڵ هاوڕییان عماد عزەت و حســـێن قەرەداغیدا، چەند جارێک ســـەردانی بنکەی کەلتوری کوردی ئەمستەردامم کرد بینیم دوو سێ کەس دانیشتوون، پرسیم بۆ واچۆڵە ووتیان پارتی نایەتە ئەو شـــوێنەی یەکێتی لێ بیت و یەکێتیش ناچێتە ئەو شـــوێنەی پارتی لێبێت. زانیم ئەوانە گەرچی بەرەی کوردســـتانیش بوون، بەڵام ڕواڵەتێکی زۆر ناشـــیرینی نانەتەوەی و نایەکگرتووی کورد لیرە نیشـــان دەدەن، ســـەرەتا بیرم لە دامەزراندنی بنکەیەکی کەلتووری و خزمەتگوزاری بە پەناهندەی کورد کردەوە، بنکەیەک ببێتە مەڵبەندێکی دەنگی ئازادی دوور لە حزبایەتی، بۆ ئەوەش لەگەڵ ئەودوو هاوڕێ یە (عماد عزەت ڕشید و حسێن قەرەداخی) هەڵساین بە دامەزراندنی (میدیای) کوردی لە ئەمســـتەردام. لە هەمان کاتدا ریکخراویکی ئاڵای شـــۆڕشـــم دامەزراند، ســـەرەتا لەو دوو هاوڕێ یەوە بە بێ ئەوەی خۆم بچمە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەی یانەی میدیا.....

هەوالّنامەی کتێب

دیکۆمێنتەکان

.



ئەی كرێكاران وگەلانی زۆرلێكراوی دنیا یەكگرن !

بەرەو سەنگەردنی كۆمەڵە لەگڵ خەباتی چەنایەتی و نیشتمانی دا !
بەرەو جەماوەرانی پێشمەرگەكانی رێگخستن لە كۆمەڵەو بەكێتی دا !

كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان
دەزگای ئاژەندی رێكخستن

ژمارە : ف
رێكەوت : ١٩٨٩/١٠/١٤

هاوڕێ وادی سیلۆشە .

سڵاوێكی شۆڕشگێڕانە

٨٩/١٠/١٥ وا ئەوڕۆ رێزی هێزی رێكەوتف
لە بارەگای دەرگا ئاماوە بە ، بە پێی وەعدەوشن

هاوڕێیەن

هەواڵنامەی كێبڕكێ



هەولێری کتێب



هەولێر کتێبخانەی









هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالای شۆرش ..... عادل رەفیق







هەوالّنامەی کتێب

هاورێ سامی عبدی زۆر خۆشەویستم
ستاوێکی گەرم و رێزم بۆ هاورێیان هەیە
ڕا نامەیەکم بۆ خزمەتگاتم نووسیوە لە گەڵ
ئەم دەفتەرە سوورەدا گیایە بۆیان ڕەوانە
بکە بە زووترین کات .
هەر کاتێ ووتراوەکەیان هێنا دیارە
بۆم ئەنێرن بۆ تەکیە . ئەم دەفتەرەش
بۆ یادەی تەصیلی ئارام شەوڕاوە و رەنگە
بە جێیەکی بیستبێتەوە . کە چاپی کرا و
هێنایان . ئەو گیایە دووسەد ژمارە بۆ
من بستێنن و باقیەکەی بۆ تەرکەدۆ و هەولێرو
شارەکانی تر بنێرن .

فەرشیان گەرمیان

١٩٨٤

هەولێر کتێب



هەولێر کتێب



هەوالنامەی کتێب



هەولێر کتێب



هەولێر کتێب

هەولێنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کێب

هەوالنامەی کۆمەڵە





هەولێر



بیرەوەری

هەشتەمین سالڕۆژی شەهید ئاراس

...ستای ئـــاراس
...اوت نارێژێكەو ئەمەر بۆیە
...ەناو دڵی بۆرژوا كـــانـــدا
...ی و قینی دوڵـــەی بێ بە .

كـــرێكاران - زەحمەتكێشـــانی هۆرشـــگێڕ

وا بیرەوەری هەشتەمین ساڵڕۆژی شـــەهیدبوونی هاوڕێ و ڕابەر و سەركردەیەكی بزووتنەوەی كرێكاران هاوڕی هەرگیز نەمرو مەزن شـــەهید ئاراسی كۆمۆنیست تێ دەپەڕێت و بزووتنەوەی كرێكاران بێ ئاوەتە قوناغێكی نوێی خۆڕێكخستن لەسەر بەرنامەو كاری ڕێكخستنی بەگژدا چوونی خۆی بو میناندەی دیموكراتیكی خۆرهەڵاتدا و كۆتایی هێنان بەچەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە وڵاتدا .

شـــەهید ئاراس بەكێك بو لە سەركردە مەزنەكانی بزووتنەوەی كرێكاران لە كوردستانی عێراق و خەباتی لە ڕێگای بەرەنگاربونەوەی ڕژێمی دیكتاتۆری بەعسدا لایەنەكانی بەرەی ڕۆژنامەو كۆماری كرێكاران دابەشكردن و ئەو بڕیارەی كۆمۆنیست ئەو خەباتەی گرێدابەوە بەخەباتی كرێكارانی عەرەب و جیهانەوە و ڕیزەكانـــی كرێكارانی ژوانی لەمەترسی بۆرژوا كۆنەپەرستی ناوەوە و سەباسەتی وڵاتە ئیمپریالیستەكان بەتاگـــا هێنایەوە ... بەرو بۆهونە ئەنفەرناسیۆنالیستەكانی عەمید ئاراس بڵێشـــەی خەباتی هۆرشگێڕی كرێكاری پوون لەبەامیەر بەرو ڕێبازی بۆرژوڵیستی بۆرژوا كانی ناوخۆدا .

بە عەمید بونی هاوڕێ ئاراس بزووتنەوەی كرێكاری و دیموكراتی تێكشانی گەلی كورد لەكوردستانـــی عێراقدا و ئەو ڕیكخراوەی ئەو كاری بۆ دەكرد بالی وردە بورجوازی كورد بەتەواوی زاڵ بوون بەسەر ـ خۆدا و لەلایەكی تریشەوە بزووتنەوەی چەكداری ئەتنیكی خۆرهەڵاتی كوردستانی عێراقی لەلایەن سەركردە ـ ڕەشەڵمیدی و بۆرژوا كۆنەپەرست و ڕیسوا بیەكانی ناو بزووتنەوەی كوردستانەوە تەنستی بەسەردا گیرا . بەتێكەوانەی بەرەی عەمید ئاراسەوە ئ دەبوت (بەچەندگی چەناپەتی خۆرهەڵاتی ئەچێت بەرەیەكا ی چەندگی چەناپەتی بۆی خۆرهەڵاتێت) بۆرژوا كۆنەپەرستە بالادەستەكانی ناو بزووتنەوەی دیموكرا ی تێكشانی كورد بزووتنەوەكەیان قوتی وەرچەرخان كردو لەبری گرتنە بەری ڕێبازی خۆرهەڵاتەی كرێكارانو بامەدان بەبەكێتی ڕیزەكانی كرێكاران و ڕێبازی ناسیۆنالستی بەرچاوتەنگ و تەقسی ـ ورت و سەوداكاریان ساغكرد و بەو جورە بەكرەنڵ كردنی بزووتنەوەی [illegible] دیموكراتی ورێو بەبەرەچەركردنی بزووتنەوەی كرێكاران لە وڵاتدا وەكسەروختی ڕێی كرێكاری و دیموكراسـی وازی خۆیان خزمەتێكی گەورەیان بە ڕژێمی بورژوا كۆنەپەرستی عەرەبی عێراق كرد .

ڕژێمی بورژوا ناسیۆنالیستی عێراقیش وەك ڕژێمی چەوسێنەرانەی دژ بەكرێكاران و زەحمەتكێشان و ڕژێمی هەركوت كەرو بەختڵ كەری ماڵە ئازادی دیموكراسیەكان و ڕژێمی خوفێنەسێنی ڕەگەزپەرست و دژبەمافە

ئاڵای شۆرش

کۆمیتەی هاواری کان

نامەیەكی كراوەی ئالای شۆرش ،

لە سەر هەڕەشەی شەڕەگێزانەی ئاشكرای یەكیتی نیشتمانی كوردستان

(خەڵكی هەموو بە سەربەستی لە دایك بوین و لە ماف و سەربەرزیدا یەكسانن و ، هەموویان بیر و هۆش و ویژدانیان پێ بەخشراوە . بۆیە ئەبێ بە گیانێكی برایانە رەفتار لەگەڵ یەكتر بكەن) .

بەندی یەكەم

لە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ

ئەی :-

ئازادی و دیموكراسی خوازەكان

كرێكاران و زەحمەتكێشان

خەڵكی بە خێرهاتی كوردستان

هەموومان دڵنیاین لە دامەزراندنی حیزب و ڕێكخراو و گرووپی سیاسی ، دەركردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و ئامێلكە و دەربڕینی ئازادیت و بیروڕای سیاسی ، فكری و ئەدەبی و هونەری و . . . هتد سەرەتایی ترین مافی دیموكراسین هەموو چین و دەستە و تۆژێكی كۆمەڵ و ئەمەش پرنسیپێكە داو و دەزگا مرۆڤایەتی و ڕامیاری و سیاسی یەكانی جیهان . دانیان پیا ناوە و پەیڕەویان بۆ خۆیان بەپێویستی زانیوە ، دەركردنی جۆراوجۆری [ئالای شۆرش] ئەم مافە دیموكراسیەمان پێ خۆشبێنیوە و بێ پرس و ڕاوێژ و دەست وەردان . . . بەبێ ترس و گۆێ دانە فشار و گوشاری دەسەڵاتداران . لە ڕوانگەی چینایەتی كرێكارانەوە ، ئەوسا ئۆگانەمان ڕاستەوخۆ دژی ڕێژیمی فاشستی عیراق، وەكو خۆێن مژی كرێكاران و زەحمەتكێشان ، داگیركەری كوردستان ، دوژمنی سەرسەختی سەربەستی و دیموكراسی ، بڵاو كردۆتەوە . ئاكۆكی چینایەتی و تایبەتۆجیمان لەگەڵ لایەنەكانی تر پتەو نەشاردۆتەوە . كە زیاترین باسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان (یەنك) و كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان (كۆزەك) مان كردبێ . هۆیەكەی ئەوە بووە زۆربەی هاوڕێیانمان ، چەند ساڵێ لەمەو (یەنك) داو بەشایەتی لەناو (كۆزەك) دا خەباتیان كردووە ، بۆیە ڕای بەپێویست كردووە و ئەگەر هەوڵی ئەمانی لێبڕاوانمان پێمان بڵێن و ڕێبازی سەربەخۆمان دیاری بكەین .

هەموو تیارێكی سیاسی ، كە لە لایەكی سیاسی تر جیاببێتەوە و بە جیاواز بیروباوەڕی خۆی دەرببڕی ، ئەركێكی زۆرتر دژی ئەو لایە پێویستە و گەر وای نەكات جیا بوونەوەكەی واتایەكی نیە .

كە ئەو پرسیارەمان دا ، ئەوەمان لەبەرچاو بوو (یەنك) و (كۆزەك) چەڵەمان نەدەنوە و لە سەرمان نەنووسن . . . كە سێ مانگێكە گۆڤارەكەی (كۆزەك) جۆرەها وتار و ووتاروكەمان دژ بڵاو نەكاتەوە ، گەرچی ئەمانوانی زەمینەی سایكۆلۆژیی شەڕ و پەلامار و تێرۆر ساز نەدەن . وێڕای ئەوەش چونكە دەرگای مشتومڕی سیاسی و فكری كۆنە سەر پشت هەر پێمان خۆش بوو . ئێمەش لە ئامێلكەی (دژایەتی بان – چەپ بان بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ؟) دا وەڵامەمان دانەوە و لە لایەرە دوویی ئامێلكەكە دا سەرنجی خۆێنەرمان بۆ نیازی پەلامار دەرانەی (یەنك) ڕاكێشاوە كە :-

(بە گشتی بۆرجوا- ئاسیونالیستەكان بێمان بكرێ جگە لە خۆیان ڕێگەی

پێشمەرگە دڵسۆزەكان

بڕیاری مەسئوڵیەتی سیاسی و عەسكەریەكانی (پنك)

نۆ ساڵی ڕەبەق ئێوە لەم پەر تا ئەو پەری كوردستان، لە گەرمیان و كۆیستانیا گیرۆدەی شەڕی ناوخۆ بوون و لە دژی ئەرتەش، دژی ساواك و هەڕەشەكارتان. بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوت و چەپەڵی بۆرجوازیەكان.

نۆ ساڵی ڕەبەق دژی پارتی، دژی حیزبی سۆشیالیست، دژی حیزبی شیوعی، ئەوانیش دژی ئێوە، لە شەڕی بێ پشوداندا، بەبێ ئەوەی بچوكترین سوود و گەشتریش دەستكەوتتان لەم شەڕە ناوخۆییەدا بۆ هاتبێتەدی. بگرە زەرەری لێ دابین و دەستگیرانەی ئۆرگانەوە لێ ئەوناندوین.

دڵسۆزانی گەلەكەمان و عەسرو خوێنگێڕیكی راستۆ چاوەڕێی ئەوەیە كۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بێت و تا ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی دۆژمنی سەرەكی، پێشەكێش بكرێ.

كێشی بەداخەوە (سەكتەی سیاسی - پنك) گەر بڵێ بگۆنجێ و پێی بكرێ و بەقسەی بكەن.. دەستتان بەخوێنی ماركسیستەكانیش سوور ئەكات و شەڕی ناوخۆ بەرفراوان ئەكات و بەجارێ بزووتنەوەی گەلەكەمان ئەخەنێتەوە و ئەیگاتە دووجەژنی فاشستەكان.

بۆیە حەق وایە وورد بن لەوەی ئایا دانوانەی بەناوی دژایەتی (بان - چەپ) كانەوە بڵاو ئەكرێتەوە. وورد بن لە پروپاگەندە و كۆر و كۆبوونەوەی جێگر و فرۆشانەی ئاژەوگێڕان. حەق وایە چی كە نەبێتە ئامرازی شەڕی پێشوودەوە شەڕی ناڕەوا. شەڕی كوشتنی برا و دۆست و هاوڕێ و تێكۆشەرانی خۆشگێڕ. چونكە ئەم شەڕە ناوانە، كوشتنی تێكۆشەرانی دژ بە فاشیەكانە، بە كوشت دان و مەرگی بەفڕۆ چوونەتە، لاواز كردنی بزووتنەوەی كوردستانە.

ئەم شەڕە دڵسارد كەرەوەی (بەرهەمی ئەم) و ڕاستەوخۆ لە خزمەتی فاشستەكانەدانە تەك ئەوەی (پنك و كۆمەڵە) بە ئیمە ئەڵێن مارلانین، چینایەتیان و داوای دابین كردنی دیموكراسیتان لە خزمەتی ڕژێمدایە.

سكاوەزاتە نەزۆكەكە و ساوەمە زۆرەكان، لە گەرمەی شەڕی (ئابان) دا بەدەنە كردن وەڕاگرتنی شەڕ و هێرشی پێشمەرگەی ئازەمانەكان، بێ بڕوایی دروست ئەكات و شەڕاسی ڕژێم دێنێتەدی تەك داكۆكی كردن لەسەر خەباتی چینایەتی كرێكاران و زەحمەتكێشان.

ناوانی ئێمە لەم ئێنگلیزیەی (پنك) و لەم خەزمەیە ناسیۆنالیستی بەی لێی گرتوین، ئەوەیە:-

١- سووربن لەسەر بیر و باوەڕی كرێكاران و زەحمەتكێشان، ڕانەگەیشتراینە سەر ڕێبازی ناسیۆنالیستی، لە پێناوی هیچ مەبەست و ویستێكی تایبەتی دا دەستەوەستەكراین.

٢- خراپی شەڕی ناوخۆمان بۆ دەركەوت و دژایەتیمان كردووە و ئەكەین، دڵسۆزان لە خەتەری ئەم شەڕە بە ئاگا دێنین، ئامێلین كرێكاران و زەحمەتكێشان زیاتر بینە پێشەوەی سیاسەتی چەوتی بۆرجوازیەكان.

٣- لە جەنگی عیراق و ئێران دا... دژی ئەوە بووین شەڕی ئێران بكرێ و داوامان ئەكرد، ئەگەر لەوەو پێشیش تێگەیشتنێكی هەڵە لە ناكۆكی مامەڵە كردن لە جەنگە كەدا هەبووبێ، ڕاستی كەینەوە، ئەو لەژێر پەردەی كوردستانیەت و لە پێناوی مافەوازانا هەزاران پێشمەرگە بخرێنە گەڕووی ئەوانەوە.

٤- دژی ئەوە بووین لە مافەوازانەكەدا، ساوەمە بكرێ و لە سەر حسابی چارەنووسی گەلەكەمان و ئەمیدانی، سەر بۆ فاشستەكان خۆڕ بكرێ.

٥- ئەمانگوت، فاشستەكان بە تاكتیكی سكاوەزات ئەیانەوێ (پنك) لە دۆستانی دوور خەنەوە و پارستی بەكانی لێ بڕێن و هاوبەمانێتیەكانی هەڵبوەشێنەوە و لە پاڵ خۆیانەوە بیدەنەوە بەكۆ ئێران و (جوند) دا، تابێ (پنك) خۆی بخاتە داوی

تاکتیکی داوه . بەڵام (بنك) لەمێناوی ڕێکەوتندا هەر پێشی کردە دوستەکانی .

تاخۆ ئەو ڕاستیانە نەبێ بۆ تاوان پێ و ئیستا بەپێشی کە لە تەواوی سیاستەکانی دا ، لە سیاستی تاوێ بۆ لای عیراق و تاوێ بۆ لای ئێران ، تاوێ ئەو و تاوێ مقاومەت و هەندەتاوی بە کردەوە ئەوی تاوخۆ و تاوێکیش بە بڕوایگەندە (تانە بوختەوەی گشتی) ... شکستی خواردووە ئیستا (خواخوایەتی) بگرێتەوە دۆخی جارانی خۆی .. وە ئیتە کە سەرەخۆیی فکری و سیاسیان ڕاهێڵاوە ، گەر وورد بینی و باشەسان لەبەر شکستی خۆیان باس ناکەن .. ئیتر بۆ ئەوستێ بەڵامار بدەین و تێروی ئازادیمان بتاسێنین ، بە هیوای ڕێکەوتن ، گەل پێدا ڕاکێشراوەتە بنەستێکی سیاسی داوە کە فاشستەکان تەنانەت بە (هەڵەش) بە (بنك) ناڵێن . ئیتر مارکسیستەکان چۆنی ڕەخنە لێ ناگرن وهەڵوێستی لێ دەرناچن و ململانێی بنایەتی لەگەڵ ناکەن . ئاخر ئێکرا سیاستەکانی (بنك) پەیوەستی بە چارەنووسی گەلەکەیان و خوێنەکەوە هەبە ، هەروەها سیاستی لایەنەکانی ترپش هەر لایەك بەپێی ی توانای خۆی ، چیتر چۆن ئەکرێ لێیان بێدەنگ بین .

ئەی خەڵکی دڵسۆز و قارەمان ... (بنك) ئەمەی هەرچی بەك بکات ، مساومە ، ئەمەی ئاوخۆ ، هەڵەکردن ، گرتن ، کوشتن ، هەرەشەکردن ، ... هتد ئێمە و لایەنگانی ئێوەزیندان لەی بێدەنگ بین کە بەدڵنیایی هاتین هەرەشە ئەنگات و تاوتنمان بۆ بەکردن نەدات .

ئەی نازادیخوازان ، تیکۆشەرە دڵسوزەکان ... پێش ئەوەی بەکێشی هەرەشە و گورە ئەمکانی جێ بەجێ بکات ، پێش ئەوەی ئوسوڵی دیموکراسی بەتەواوەتی پێشێل بکرێ ، ئەو و کوشتن جێی لیدوان و مشتومڕی سیاسی بگرێ ... داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی پێشکەوتنخوازی ئاوچەکە و عیراق و کوردستان ئەکەین ... داوا لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ، لە دەوڵەت و حیزب و ڕێکخراوەکانی دۆستی ئێرانی کوردستان و دوژمنی فاشیستەکانی عیراق ، لە ڕێکخراوەکانی بەئەمگانی ئێری کوردستان ... [illegible] ... کانی عیراق و کوردستان عیراق ، [illegible] ... ئەکەین ... ئەتان ئێ [illegible] ... ئێی بەدن ، دەست هەڵگرن لە پێشێل کردنی مافی دیموکراسی ، لە هەرەشە و ئەرێو و کوشتن ، لە بەکار هێنانی هێز و چەك بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی بە فکری و سیاسی بەکان .

پێ بەدڵ ئومێد وارین هەموو لایەك بە دەنگەوە بێن و داخوازییەکەمان جێ بەجێ بکەن تا هەموو لایەك بتوانین بێ ئێشە و ئەرێی لایەنی ئێری دوژمنی هاوبەشمان ، (ئاشتەکانی عیراق) خەبات بکەین و بەرەوپێشین ... هیوادارین ئەم لەگەڵ ئێمە ئەرێ بکرێ ، بەڵکو بە تەواوەتی ئەرێی تاوخۆ ڕێنەکێش بکرێ و گیانی برایەتی و هاوکاری و هاریکاری و ململانێی جیابەتی بێتەدی و پێچەسپێنرێ و خەباتی شۆڕشگێڕانە ئێری ئاشتەکان بەرە بەرێنێ .

بۆ مێژووش دووبارە ئەکەینەوە ... کە هیچ هێزێك ، هیچ هەرەشە و گورەشەیەك ، ئێزەڵێی نامان ترسێنێ و هەرگیز دەستبەرداری ڕێبازەکەمان نابین و دڵنیاین هاوڕێیانمان وەکو مارکسیستی سەرسەخت کۆ لە بەرگری ناکەنەوە و لە پێناوی بەرەوپێشەوەبردنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانیشدا مردن ، سەرکێشی تا هەتایە سەروەریە .

نەمکاوە بێ ئێری کرێکاران و زەحمەتکێشان
سەرکەوتوو بێ خەباتی ئۆرشگێڕانەی گەلەکەمان

ئالّای شۆڕش

١ / تشرینی یەکەمی / ١٩٨٥



عەوالەمەی کتێب





هەوالّنامەی كتێب





هەوالنامەی کێتیب



هەولێر کتێب



هەولێر ئەرشیفی کتێب



هەولێنامەی كتێب





هەواڵنامەی کتێب





هەولێرنامەی کتێب



هەولێر بۆ کتێب



هەولێری کتێب



کتێبخانەی کتێب



هەولێر نامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب





هەوالنامەی کێب



کتێبخانەی وانامەی



هەولێر بۆ کتێب





هەوڵنامەی کتێب









عادل رەفیق كێیە



هەوالنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

عادل الرفيق



هەوالنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب



هەوالنامەی کتێب





هەوالّنامەی کتێب



یەكێتی

تابووری بنّەچەمی فاشستەكانی رژێمی عیراق

لە كاتیكدا رژیمی رەگەزپەرست و فاشستی سەدامی جەلّاد خوێناوی ترین تالّاوی دژ بە خەلكی قارەمان و بێشكەرەنی كوردستان معمار لەسوتاندنی دێهات و گەمارۆی تابووری تاوەگاتە گەمارۆدانی شارەكانی هەولێر و سولێمانی وگرتنی رەش بگیری هەزاران خەلكی بێ تاوان و شەهیدكردنی دەیان رۆلەی شارێ سولەیمانی كە دیاردەی رووتاشكرای خوێن رێژی سەدامی جەلّادە بو كوردستان و عیراق .

تا لەم كاتەناسك و پر مەترسی یەی گەلەكەمان پیایدا تی دەپەڕێت شالّاوی شورش لەباوەشی تەواوی بە مەیلەی ئازادی و كاری دیموكراتی (بۆ ئەتنیا ریگە بو كوتایی هێنان بە شەڕی ناوخو) و پاراستنی خوێنی گەلەكەمان لە سنا وەمەو ئاش بەتال هلّۆ تەواوی بالّو كراوەكانیدا بۆ نوێمین و بە ئاگردەوە تەوەی دوپات كرێتەوە كە دژی شەڕی كوردپەرستانەی ناوخویە و پێشگیری یەكخستنی هێزەكانی پێشمەرگەیە لەسەر ساحەی كوردستان و عیراقیدا بو ئەم مەبەستەش (لە رووی عەسكەری یەوە) لە گەل لایەنەكانی جود بە كێشی كاری عسكری دارێت . دژیەكەی بیست رۆژ لەمەوبەرێش وەفدێكی ئالّای شورش چووە لای مەسئولەكانی پێشمەرگەی جەلال تالەبانی و نەوشیروان) بو مەبەستی یەكخستنی كاری لەگەل ئەمانەش وەكو پێشمەرگەی یەكەم و لە هەنگاوی دوەمیدا هەول بدەن پێشكەل جودێش ئاشت بكرێنەوە و ئازادی كاری سیاسی و پێشمەرگەیی بو هەموو لایەنەكان مسوگەر بكرێت و بەجۆرێ تەواوی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و عیراق (لەرووی عەسكەری یەوە) بەشێوەیەكی دژی رژیمی فاشی سەدام لەبەردەم مەسئولیەتەكانی پێشگا لە دژی ملاوەزەو لە دژی شەڕی ناوخوو پێویستی و گرنگی بەكخستنی هێزەكانی پێشمەرگەی هەموو لایەنە شۆڕشگێڕەكان و مسوگەركردنی ئازادی و دیموكراتی جالاكی سیاسی و پێشمەرگەیی قسەیان لەگەل كرا .

جەلال تالەبانی و نەوشیروان (بەیانیان تا ١١ گاكە نوێنەرانیان بكەن بەوەڵامەكەی ئالای شورش

١ ـ لەكاتی ملاوەزەی پێشكەلەگەل رژیمی فاشیدا ئالای شورش بە ئاشكرا دژی نەوەمێنی ١

٢ ـ هەلوێستی ئالای شورش بزاڤی بەرامبەر چۆن .

٣ ـ ئالای شۆڕش لەشكر چیایانەكانەوە

وەفدەكەی ئالای شورش لەو باوەڕیەوە كە رژیمی فاشی و بورژوا كۆنەپەرستی خوێنی و خوێن رێژی سەدام ئاتوانێت كێشەی ملی جارەنوسی كوردی جارەسەر بكات بۆ یەكجاران ڕاگەیاند

١ ـ ئێمە (ئالای شورش) لەبەر ئەو خوێنانە دژی سەدام و ملاوەزەین لەگەل ئەم رژیمەدا بەڵام ئەوە ئازادین و خۆتان بەرپرسیارن لەو كارەی دەیكەن .

٢ ـ وەقدەكە ئاگاداری ئەو مەسئولانەی پێشكەش كرد كە ئالای شورش دژی شەڕی ناوخویە و بەهەریەكی كۆنەپەرستانەی دەزانێت و دوشمنایەتی و یەكێتی (كاری عسكری) لەگەڵ جود هێزەو بۆیەش هاتون لەگەل پێشكەشمەرگانی سیاسی دوشمنایەتی و كاری عسكری بەیەروپێكات

٣ ـ ئاگاداری پێشكەش كرا لەبەر هەل و مەرجی ناسك و پڕ ڕەوەندی گەلەكەمان ڕاژین (لە ئیستادا) لەشكر چیا نەكەینەوە بە مەرجی پێشكەشكردنی هیچ هاریكەرێكی مەسئولیەتی پێشمەرگانیان تا دەست دژی نەكەن . بەوجۆرە وەقدەكە گەڕانەوە .

لە كاتیكدا ئالای یەكێتی بەعەرزەلە سولەیمانی ئاهەنگیان بو رۆژی سەدامی جەلّاد دەگێڕا و لەشەڕ لایەنی دەیان رۆلەی شەهید كراو مدع القبول ی سولەیمانی هەڵدەڕێن .

هاوكاتیش لەگەل بەیانی جەلّادا سەركردایەتی پێشمەرگەی لەشكرپێنی ورنێ بورژوازی



٢

پەیمانەی نابویان پاشگەز بوونەوە و وەستەریتی بەشوویان سیاسەتی ئەرەدگیرانەی
کوندەپەرستانەیان پەیرەو کردو ئالاوی ئاجوا میراتیان کردە سەر بنکەکانی ئالای شۆرش
لە (ئکیە و مالوومە و هەولیر) بوسەر دەو هاوڕێ پەیمەرگەقارەمانانەی کە چەماوەری
کوردستان باس دەیان ناسن و دەزانن کە بەکەم دەستەو ئاوەزوکی هەلگیرسانەوەی شۆرش
ئەمجارەی گەلەکەمان بوون بە جۆکمی بروا نەبوونی ئالای شۆرش بە ئەری ئاو خو و بو
ئەوەی خوینی پەیمەرگە ئەزیز لە خوێنکی لاوەکی نا پیشمەرگەکانی ئالای شۆرش لەو
خوینانەدا چەکەکانیان تسلیم بە چەماوەتی بنکەکردنو گیران .

هەلکشی زەحمەتکێش و قارەمانی کوردستان
میزە ئوبوزیسیونەکانی کوردستان و عیراق

ئیمە لە کاتێکدا سووربوونی خومان دەردەبڕین لە سەر ریبازی سەربەخوی پرولیتاریا و خورهەڵ
خورهەڵگیر و گرتنەبەری سیاسەتی کوتایی هێنان بە ئەرس کونەپەرستانەی ئاوخو کە بنك
داوای ئاگر خوشکەرێتی
ئاری سیاسی و پیشمەرگەیی دەکەین هاوا لە هەموو چەماوەری کوردستان و هەموو لایەنە
ئوپوزیسیونەکانی کوردستان و عیراقیش، دەکەین رق و بیزاری خویان دەربڕن بەرامبەر
رەفتارە کونەپەرست و ئەرەدگیرانەی بنك . داوای ئازادی دیموکراسیدەی کاری سیاسی و
عسکری بکەن کە تەنها ریگەیە بو کوتایی هێنان بە ئەری کونەپەرستانەی ئاوخو هاوای
بەرنانی ئەو پیشمەرگە قارەمانانە بکەن کەگیراون لای بنکەلەبەر هیچ ئاتەنها لەسەر
ئەوەی لە بەرو باوەری پرولیتاریاوە سەرجاوەیان گرتووە و بروایان بە رزگاری سەرمایەداری جەللادی ئەنام نیەو دژی سەوناو هاوەزەو ئەری ئاوخون و زیندوو کەرەوەی ریبازی
پرولیتاری شەهیدان ئارام و خەبات و بەعزەرو ئەنوەرو سیروان و فاتح و ئەواوی
ئەمیدانی زەحمەتکێشی کوردستان .

ئەمەیە ئەرکەکانی ئاکاداری مەسئولەکانی بنکەدەکەینەوە کە ریگای عەقل و بەرزەوەندی
گەلی گرتنەبەروەو پیشمەرگەو گلیرانەی ئالای شۆرش بەربدەن و واز لە سیاسەتی ئەری
کونەپەرستانەیان بهێنن و لە هەمان کاتدا بەربرسیاریان دەکەین لە هەر دلوپە
خوێنێك کە بەئەنجامی هاوری بەکەمان برژێت و ئوبالی ئەوەش دەکەوێتە ئەستوی
مەسئولەکانی بنك .

ڕاپەڕیوا بەهێزتر شەڕی کونە پەرستانەی ئاوخو
بۆ ئازادی و دیموکراتی
بۆ پێکهاتنی یەکێتی ئالای کرێکاران و زەحمەتکێشان
بۆ پێکهاتنی ئۆرگانی ڕابەرایەتی شۆرشگێڕانەی گەلەکەمان

ئالای شۆڕش

١٩٨٥/١١/٥






FRIDAY
2
NOVEMBER
جمعة
٢ تشرين ثاني
VENDREDI
2
NOVEMBRE



هەولێر نامەی کتێب















هەوالنامەی کتێب







هەواڵنامەی کێشە







هەواڵنامەی کتێب





هەوالّنامەی کێبڕ







كۆمكیاری جیهان یەكگرن !

بەگەرمی

٦٨٥/١١/١٨

هاوڕیانی تێكۆشەر عماد و رووناك

باشی سڵاوی گەرمی ئێمەی هێزی خۆتان و هەموو هاوڕیان تێگەیاند
خۆشحاڵین هاوكاری دەزانین لەهەموو گۆڕەپانەكانی جیهان و تێكۆشەرەكان، ئاشنایە
لە هێزەوەی پرۆشانازی و سەربەرزی بۆ تێكۆشەرانی كۆمۆنیستان و هەموو ساحەكانی
جیهان بەخوێنی دەهەزارەها كۆمۆنیست و سەرسەختی راستگۆی
نەساحە، سەستەمی سوچیاستە لەسەر لاسەی وەكەمەری هەموو هاوڕیانی
خەباتگێڕ و دوستایەتی و یەكگرتنەكەمان لەپێشەوە دایە.
تا ئێستا پابەندم وتراوی سەرمایەداری لەسەر زەمینەوە دابڕێژە بەتەواوی
هێوسینەرەوانەی فۆڕی بەرەی هێوسانەوە سەركوت كردن و
گرتن و تۆقاندنی زیندان و ئاسۆرەكەی بڕیاری سەرمایەداری هەر
بردەوامە هەمیشە بڕیاكان بۆ زیندگرتن لە بزوتنەوەی كۆمۆنیستی
هەزارەوە پێش وتەكەن تا یەكەكارەی هێنانی كەلەبابی
خۆیانەوە بۆ بەرەو بیانوو بەهەگەو دژی هێزەكانی شۆڕشگێڕ دوژمنەوە
تاقەگەن نەنامۆ و دڵەڕاوكێی ئێستای ئەوەی كە هەڵیبژێرە ناسیونالیستە
تەرك چینەكانی لاوان خۆمان ئامادەی یەكێتی هەڵەی، من بە شێوەكی
پیداوان و نەخشەی ئامێریالزم دژی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی هاوبەشی خۆیان
زانیان یا نەیزانن یەكەی هەموو هەڵمەتی تێكۆشەرەوەهێزەكانی
دەمداڕەكانی وڵاتی خۆمان و ناوچەكەدا بۆ گەشتە.
بەگرتنەوەی ئەم هێزەی ئێمە نەخشەكانی ئەوانی تەواو بەڵام نایانەوێ
بەرهەستە بچوك لاوازەی بیدەوڵەتی تێكۆشەرانی ئێمە كارێكی
هێزەوكردەی ئەوەی بیەوێ ڕێگەیەكی بەرەوڕووی هێزەوگەرەكی ڕاستەقینەو
ئەمیاڵیەی هێزەوی ڕەهایی ئێمەی بەتەواوی لە ئاڵەكانیدا
بۆ نەوەكانی داهاتووی دەنوسن.



هەولێنامەی کتێب

تاوانێکی گەورەتری
نەبەخشراوی یەکێتی نیشتیمانی

مانگرتنه گیلاریکه‌ی (تورمك) جوره‌ها جار و جاروکسان د و بلاوکه‌نه‌وه‌ چی ئەسانزانی زەمینه‌ی سایکولوجیی شەر و پەلامار و تروز سازکه‌ن. ئەم جوره‌ها نوسینانه‌ (وانه‌ك) یی ب... ه‌ زیاره‌ی (۷ ، ۸) ی مانگی ئەسوز و ئابی ۱۹۸۰ ی (ریپاری نوی ژمیره‌ ۱) راستەوخۆ ئاڵای شەرخوازا... ردوبه‌ سەربان و جیره‌ها بوختان و جنیوی بوژیانه‌ی بو هەڵبەستین و بی‌ی داین، بی پەرده‌ هەرەش... رشتمان لی ئەکات) .

سەرمای ئەم هەموو هەرەشه‌ و ئەم هەموو هیرشه‌ ئیمڵایه‌ و دروپو... ئه‌ مانگی پیشو هاوڕی تیکۆشه‌ر کاك مەلا بەختیار و چەند هاوڕیه‌کی تر به‌ ئەیندەیی ئەم ریکخراوه‌ جو... ی سەرانی (ی.ن) و له‌گەڵیانه‌دا کۆبوونه‌وه‌ هاوڕیانمان بەهۆی شەمامەت و راستگۆیه‌وه‌ بۆیان ڕاگەیان... ون که‌ ئەم ئیماره‌ی ئاو (ی.ن) ئەسرو وەك کۆمەڵێك ئه‌ جیاوازی فیکری و سیاسیان له‌گەڵ (ی.ن) ادا هەیه‌ و ئیمانەیت وەکو ریکخراوێکی سەربەخۆ کار بکەن و ئەوانیش لەسەر زەمینی ئیرد ستاندا جاك هیزێکی ئیپۆزسیون دەوری خۆیان ببینن. له‌گەڵ ئیکدا... هاوڕیانمان دا وایان لی کردون که‌ بەپێسه‌ ئەم حالەته‌ بۆ گیانێکی دیموکراتیانه‌ و هەست به‌ مەسئولیەتی ئیشتمانی وەربگرن و ئاگادارێشیان کردون که‌ ئیمه‌ ئەسانەیت باشترین پەیوەندیشتان له‌گەڵدا بکەین و گیانی برایه‌تی له‌ نێواندا بەهێز بکەین و پێشیان ڕاگەیاندون که‌ پەیوەندیان له‌گەڵ هێزه‌کانی (جوڵ) و باقی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەمه‌ و بڕوایان وایه‌ که‌ ئەمیه‌تله‌بیناوی خەباتی بڕوخاندنی ڕژیم و هێنانه‌دی دیموکراتیەت بۆ عیراق و مانەکانی گەلی کورد، هەوڵی پەکخستنی ئەم هەموو هێز و توانایانه‌ بدرێت.

دەبارە سەرانی (ی.ن)، دوژمنانی دیموکراتیەت و ئاشقانی دیکتاتۆریەت و ئیرهاب و فاشیەت، وەکو پێشه‌ی هەمیشەییان له‌ خیانەتی و دڕو. ئەمانی گفتوگۆکاندا پایان خۆشیان داوه‌ که‌ ئەو قسانه‌ی ئێوەمان قبوڵنه‌کرد و زۆریشمان پێخۆشه‌ که‌ ئیوه‌ بەو سەراحەت و شەمامەتیه‌، هەڵوێستی خۆتان بۆ ئیمه‌ دەربڕیوه‌، ئیمه‌ ئیستا... پەکجار و بۆیه‌وه‌ و بڕیارمان نەدین، ئەم حالەته‌ تێبڵ بکەین و لەمەوڵا هیچ ڕەفتارێك دژی ئیمه‌ نەکەین.

هەر پاش ئەوانەی هاوڕیانمان، سەرانی (ی.ن) بەیی ئەو نەخشەیەی دبارە له‌ دەیکه‌ین ئامادەیان... کرد بۆ ڕۆشنبیران ڕوون بێته‌وه‌ که‌ زۆربەی هێزەکەرگه‌ ئامادەنیه‌ بەبڕیاری هاوڕیانمان بوەستێته‌وه‌، بیه‌ زۆر بە ئەیندەی هێزێکی چەکداری سەربەخۆیان ئامادەکردوه‌. له‌ بەرەیدایی ۲ / ی ئەم مانگەدا له‌ سەقانی سەردا، شالاوێان بردبۆ سەر بالی عادیەت مەلا بەختیار له‌ ئیدی (ئەقی) ی ناوچەی قەرداغ و گرتنی هاوڕیی ناوبراو و هاوڕی مامۆستا پشکۆ و چەند هاوڕیه‌کی تر و پەلامارەدانی چەندی کەرت و مەفرەزەی تر، هەروەها پەلامارەدانی هاوڕیانی ئێران له‌ ناوچەکانی مەریوان و سلێمانی و کەرکوك و پەلامارەدان و گرتنی کاك شێخ عەلی و چەند کەرت و مەفرەزەیه‌کی تر که‌ له‌ نزیك مەقەری سیاسی (ی.ن) یەوە بوون، هۆکاری چەککردنی هەندێ کەس لەسەر پەیوەندی شەخسی و یا تەنیا ئاگادار نەکردنەوەی، چاك ئاگاداریەکی سەرتیپ سەکارهێنەری و قارەمانەتی ئای ئەمەلانی خەڵك ئاشکرایه‌ و ئیمه‌ناش پێی جارێکی تر شەرمەندا بێپەندار کراوه‌. ئەم شالاوه‌ دڕندەیدا زیاتر له‌ (۱۱۰) هاوڕیمان کەوتوونەته‌ دەست ئەم ئافه‌ دەست پێکەره‌. گەلی له‌ کەرت و مەفرەزەکان ئەو پەلامارەدانه‌ خۆیان ڕاگرتوه‌ و ئیستا لەسه‌ ئاوێکاندا ئاڕیاری خۆیان ئەبەجێ ئەکەن و ئا ئەوسیش ئەم بەیانەی هاوڕیانی ئەمید ون خەمه‌ مالێ سەرتیپ و کادرانی پارتیکۆنترۆڵی عەسکەری و سیاسی وەك دکتۆر ئادەر و ئەحمەد بێخه‌، مەلا یاسین، ئاسۆ عەزیز و دیسان ئادەر و پێشمەرگه‌ هەرچەندا هاوڕیان بەڵام محەمەدالدین سەرتیپ و بەختیار محەمەد ـ ئامر کەرت، شێخ نازل ـ ئامر ئەرت، شێخ محەمەد ـ ئامر کەرت، شێخ ئەمیز ـ ج ـ کەرت، حاجی ڕزگار ـ ج کەرت، شەهاب مەحمود کەریم ـ ج ئەرت، ئامێن خەدر ـ ج کەرت و ئەمیان پێشمەرگەی تر هەروەها کادرانی پێشکەوتو مامۆستا ئیاد، دکتۆر حەسەن، دکتۆر ئەمیز، گەشتیارنامه‌ بنکەماندان. ئا ئیستاش سەدان پێشمەرگه‌ لەسه‌ جێگا و پێگانی خۆیان ماون و کاری شەرشگێرانەی خۆیان ئەنجام ئەدەن.

ئەی جاوەری گەلی کوردستانی شکۆشەر

ئەوجا سەرانی (ی.ن) که‌ پەندین ساله‌ ئەژیر پەرده‌ و دڕوشمی جۆراوجۆردا شەری ئیمه‌ و ئیمه‌ناکانی شەر ئەکەن و سەدان ڕۆڵەی ئەم گەلەش ئەکەنه‌ قوربانی شەڕی براکێژی و ئەمپەناوی هەندی دەسکەوتی شەخسی و پلە و پایه‌ و زەمەنەدا، ئەمپەناوی ڕیکەوتن له‌گەڵ خۆشکەلاتی بەغدادا، بڕوپۆپه‌وەی شۆڕشگێرانەی گەلێك تونسی شکستی ئەکەن و بڕوتەوەی جاوەرێ ئەوانیتەوه‌ و گیانی بەشبینی و بی‌ویزەی ئەو جاوەردا ئەمینن و ئەینه‌ مایەی دڕوستبوونی هەزاران باش و باشی خەڵك و بی‌ئیرادکردن و دڵنیەکردنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە و بەرد ەوامبون لەسەر ڕیبازی بڕیەتن له‌گەڵ ڕێبەدا سازش لەسەر مەسەلەی دیموکراتی بو عیراق و مافه‌ ڕەواکانی خەڵکی کورد ستان. سەرەڕای هەموو ئەمانه‌ بی گیدانه‌ بڵین و ئاگەکانیان، بەبی ڕەچاوکردنی کەمترین گیانی دیموکراتی و نیشتمانپەروەری، خۆیان بو ئەبەر له‌گەڵ هاوڕیانمان ئامادە ئەکەن و بەڵامارمان ئەدەن.

ئەی ڕۆڵه‌ بەئەرەفەتانی ئەم گەلە

ئیوه‌ خۆتان باش ئەو هاوڕیانمان ئەناسن و جاك له‌ داسیزی و نیشتمانپەروەری و ئازایەتیان ئاشنان.

ئەمرۆ هەر هەمان هاوڕێكانی (شەهید ئارام) ، ئەو هاوڕێیانەی كە ئاڵای هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەكدارییان لەچیاكانی كوردستاندا ، دوای ئەو هەموو ئازمایشانەی پەسەر گەلەكەماندا هاتبوو ، لەدڕی فاشستەكان هەڵدڕەوە و سەدان داستانی قارەمانێتی و فیداكاریان لە جەرمیانی خەباتدا تۆماركرد بوو ، وا دوا جار نەیانتوانیبوو ئالاكەی دەستی شەهید ئارامی سەركردە بنەوی و ئەو ڕێگەیەیان گرتبوو بەر كە بە خوێنی هاوڕی ئارام و سەدان شەهید سوور ببوو ، بوونە سەرچاوەی پیادەكردنی ئەو ڕێبازە و پاراستنی و ئاڕاستەكردنی بەرامبەر تەبەنیاری بۆرژوازی ڕاستڕەو و سازشكار ، دەرس و پەند وەرگرتن لە ناڕێكدڕەوانی ژیان و دڵسۆزانە و شۆڕشگێرانە بەرزكردنەوەی دڕوشمەكانی ڕوخانی فاشستەكان و پەكێتی ڕیزەكانی گەل و گیركردنی شەڕی ناوخۆ و خەباتی دژی سازشكاری .

كەچی ئیستا سەرانی (ی.ن) بێگەیدانە عەنانەت هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوكاری و تۆزاڵێك لە شەهامەت و وەفاداری ، ئازایەتانە دەستدڕێژی ئەكەنە سەر بنەماڵەی شەهید ئارام و شەهید شەهاب و كەسانی ئیكۆكاك بەختیار و ڕێباكی شێخ جەناب و خەباتی شێخ جەناب و ئەگەر و چەكیان ئەكەن . هاوڕی شێخ عەلی چەك ئەكەن و ئەگەر كە تا ئیستا بنەماڵەكەیان زیاتر لە (٧) شەهیدی بەخشیبوو .

ئەم كردەوە ناجیاوازانەیە و جێبەجێكردنی كاری وا شێتانە ، بێ هیچ حیساب و ئیحتیاراتێك ، هەر ئەوە كەسانە پێی هەڵدەستن كە بیچارەن و ئیفلاسیان كردوە و لەناو دیستانی گەلی كورد و جەماوەری خەڵكدا سووك و نابوت بوون و بەدوای ڕزگاركردنی سەری خۆیاندا ژیان ، دیاری وا گەمژە و بێ ئەخلاقانەش ئەكەن و ئەیانەوێ لە بەرەكی سەدامی جەڵادی بەدەن .

ئاشكرایە هاوڕیانی ئێمە چەند كاری مەزنیان سەبارەت بە هۆشیاركردنەوەی خەڵك و پێشمەرگە كردوە لە دوڕیكی قارەمانانەیان لە لێدانی هێزەكانی ڕژێم بێنیوە و چون جەماوەریان دژی شەڕی براكوژی و سازش هاندا وە .

ڕژێمی فاشستی بەعدا و ئیمپریالیستەكان كە ئەمرۆ لەناوچەكەدا پەكتەن شان بەشانی ئیمپریالیستی ئەمریكی ، بەرامبەر هەموو بزووتنەوەیەكی شۆرشگێڕ و پێشكەوتنخواز وەستاونەتەوە و ئەمڕكی دژایەتی هێزە شۆرشگێڕەكانیشیان داوەتە دەست چەكاوخۆڕەكانی خۆیان و شالاو و پەلامارەیان بێ ئەپسانەسەر هێزە نەیارەكانیان و هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەمرۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكان بە شۆڕشی گەلی كوردا داكۆتایە لەبەرەی بەرن .

ئەی پێشمەرگە قارەمانەكان .. ڕابەرانی مەسئولیتی سیاسی و عەسكەری (ی.ن)

دیسانەوە ئەڵێینەوە .. ئەو سالی ڕابەتە ئێمە لەسەر تا ئەمڕی كوردستان ، لە گەرمیان لە كۆیستان ، گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆ و براكوژی بووە دەمان و سەدان هاوڕی و هەڤاڵتان ، براوەكەرێكارتان بڕیندە قوربانی سیاسەتی چەپەڵی ڕاگیشتن .. ئەو سالی ڕابەتە .. دژی حیزبی شیوعی .. دژی پارتی .. دژی حیزبی سۆسیالیست .. دژی پاسۆك .. دژی گروپە ئیسلامیەكان .. دژی ئەهرانی ، لە شەڕی بێ پشتوان بەیی ئەوەی بچوكترین و كەمترین دەستەوستان لەم شەڕاندا بوو هاتبێتەدی . بگرە زەمەری لێدانیش و دەستەوێ كەوتەی ئەوتاندیش .

وا ئیستا سەرانی (ی.ن) و هەندێ مەسئولی سیاسی و عەسكەری كە تەنیا بەدوای بەرژەوەندیەكانی خۆیاندا ئەگەڕین . لەسەر حیسابی شەڕی براكوژی هەزاران دینارییان پەیدا كردوە و هەموو تەم و شەمامەتێك و داپڵێسی كوردەواریشیان وێ كردوە ، ئێوەش بە دڕو و ئیشالەكانیان خەڵەتاندن و بە شەڕی هاوڕێكانتان هاندان ئەمن ، دوا جاریش بەرەو لای ڕژێم ئەتانبەنەوە و لەژێر پەردەی (بەرگری لە وڵاتدا) شەڕێكی ترتان پێ ئەكەن . چیتر ئەم وێڕەیە قبوڵ مەكەن و بەگژ ئەو تاوانەدا بچنەوە .

ئەی هەموو حیزب و ڕێكخراوە سیاسی و پێشكەوتنخوازەكانی ناوچەكە ، ئەی ڕێكخراوە فەلەستینیەكان ، ئەی دەوڵەتان و حیزب و ڕێكخراوەكانی دۆستی شۆڕشی كورد و شۆڕشی گەلی عیراق . داوامان لێ ئەكەین دەنگتان بەرز بكەنەوە و داوای ڕزگاربوون و بەردانی هاوڕیانمان بكەن .

ئەی هێزە دیمۆكراتیخوازەكانی عیراق

ئەوەی سەرانی (ی.ن) جێبەجێی ئەكەن بەشێكە لە نەخشە كۆنەپارێزەكانی و ئەم ڕەوشەش زەمینەكە بۆ هەموو ئازادیخوازەكان . پێویستە ئەمیان ئەوبار و ڕەوشە شۆڕشگێڕەی لەسەری كردەستاندا هەمیە بە نیسبەت و تاقەتەوە سەرانی (ی.ن) و بناوەڕیەكی تر لەناوببەن . پلانەكانی زۆر ئاشكرا و دیارن . دەنگی خۆتان بەرز بكەنەوە و بە جارێكی تریش ئاوانەكانی ئەم ناقسە بە دنیادا ڕابگەیەنن و جەماوەری گەلەكەشمان بەرەو ئاگاتر بەپێنەوە .

ئەی جەماوەری خەڵكی كوردستان .. چیتر پێدەنگ مەبن ، ئێمەتا باشترین ڕێگەی گەلەكەتان دەستدڕێژی ئەكرێتە سەر و ئەكرێنە بابەتی سازشێكی تر . بەرگری لە ڕێگەكانتان بكەن و بەناچاریش و ڕزگاریان بكەن .

شـــــەی هاوپـــــانی تێكۆشـــــەر

ئەمە یەكەمین جار نیە كە هاوپانمان لەلایەن ئاشتەكانی بەعسداو سەرانی (ی.ن) پەلاماردەدرین . تـا ئێستا سەدان هاوپیمان لەپیناوی بەرپرسیارەتیدا گیانی خۆیان بەخشیوە ، تا ئێستا دەیان وسەدان ئەندامـان لە ماوەی چەند سالی رابوردودا بەر خالاوی لیدان و ڕۆژان و لابردن و بوختان هەڵبەستن و عەنانـــــەت گوشتنیش لەلایەن سەرانی (ی.ن) كەوتون.

ئەو ڕۆژانەی سەرانی (ی.ن) لە هەندەران ژیانی خۆشیان بەسەر نەبرد ولەناوبوونی هیدانیان بەجـــــی ئ ەهێشت،وبی لیدان و ئەشكەنجە لەبەردەمی پیاوەكانی ڕژیمدا ئەروخان وجوكیان دانەدا كە بەرئەمبون چیـــــەی (سەدامیان بەرز نەكردەوە وستایشیان بە ژیانی شاگردەكەی هیتلەردا نەوت) . ئەوكاتە شەهید ئارامـــــی سەردەدە و ئەم هاوپیانە ئازایانە لەو هەلومەرجە دژوارەسەختەدا هاتنە مەیدان وبی گیدانە هیچ ، بەدلێكـــی پۆلایینەوە بەگژ ئاشتەكانیدا چونەوە .

ئەمڕۆش لەم هەلومەرجەدا ، لەناتیكدا كە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد وبزوتنەوەی نیشتمانی دیموكڕاتی عیراق پێویستی بەیەكگرتن و یەكڕیزی تاپەتە ئاستێكی لەبارتر و هەنگاوی مەزنی بو پێشەوە ناوە . لە هەمان كاتـــــدا ڕێكخراوەكەمان تواناییەكی باشترین پەیوەندی بە دەوڵەتانی دوستی گەلی عیراق و گەلی كوردەوە بەهـــــێز و پەیوەندی لەگەل دەیان ڕێكخراوی عەرەبی و جیهانی و پێشڕەوی توند وتۆل بە ئیمپریالیزمی عیراقی و ئەمڕۆلـە ساختەكەشدا پەیوەندی بەهێز بە بەرەی (جود) ی دوست و هاوسەنگەرەوە دروستبكات . سەرەڕای ئـــــەو هەموو ڕێكخستن و كارە جەماوەریانە و بڕوێنی هێزێكی پێشمەرگەی بە توانا و بەرپرسیاوەر و، بڕوێنی دەیان كـــــادری عەسكەری و سیاسی هۆشیار . هەروەها ئەوەتا دەستڕێژەی كرایە سەر هاوپیانمان ناتوانیت تۆزقاڵێك لـــــە وڕە و شەهێنی هاوپیانی ئازارم لەم بڕگانەوە وبچوكترین سازشیان پێ بكات .

هاوڕێ ئەمیرخانـــــان .. بە خوێندنەوەی بەم پەیامە لەم وڵاتەوە پێچن وئایین ئەو كارە شێتگیرانەیەی سەرانـــــی (ی.ن) ، ئێمەش بڕگەی ئاستی ئەوانەوە وبتوانیت بەرنامە و ئەخشەی كاری خۆیان تێك بدانەوە . ڕێزەكانتـــــان پتەوتر بكەن ، پێكهێنی بەرپرسیارەوە پیادە بكەن وهەوڵەكانی خۆتان بچڕ بگەیەنن .

هەر بەم بۆنەیەشەوە بو جەماوەری كورد و هەموو جەماوەری عیراق و هەموو هێزە سیاسیەكانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕاشكاوبڵێین كە ئەمە بە تەنیایی ئەو (ی.ن) جایبێنەوە و سەرپەرشتیانـــــە كاری شێرشگێرانـــــەی خەڵكی ئێمەیە و لەسەر ڕێخستنەكانی ئەوەیە كە هەمیشە لەپیناوی ڕوخانی ڕژیم و دەیانسەدی ڕژیمێكـــــی دیموكڕاتی شۆرشگێڕ و هەموو دانیشتوانی گەلی كورد وبەكێتی ڕیزەكانی گەل و گەڕكردنی شـــــــــــەڕی ناوخۆ ڕێزە لەدەیەسن .

ئاڵای شۆڕش / كێردستانی عیراق
١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥

(١)





هەوالنامەی کتێب



بەكێتی نیشتمانی‌ی كوردستان
بەرگای بریكەرگانەتی

ژمارە / حف /
رۆژ ٢٢/ ١١/ ٩٨٥

بۆ / هەڵبەندی یەكێتی بۆ رێز

سڵاوێكی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بەهیوای خۆشی وسەركەوتنتانین

لەسەر بڕیاری (م.س) بۆ رێز لێرنەی یەكێتی هەڵبەستەكانی بەرائەی ناوەكان
هەڵبژێرن. وبڕیار وا بوو ئەم ناوانەی خوارەوە بنێرینە وەك سنووری
هەڵبەندتان بۆ ئەوەی لە هەر دیپێك لە وشەی چەپ بە
تەنیا كەلتیان لی وەرگرن وە ئاگادارمان بكەنەوە كە هەر هۆرە
قسەیەك بە هەڵبەر بە شۆڕشی و یەكێتی بكەن لێیان قبوڵ ناكرێت.
وسزای تۆبەنەكراوە دەدرێت.

كێشەوبێشەی رۆژەوسەركەوتن

ناوەكان

١- محمد اغا جوهر
٢- هەوڵێر احمد مهدی
٣- محمد رشید علی
٤- عدنان محمد عزیز
٥- انور علاتوسیعه
٦- كفان محمد عزیز
٧- عثمان عبد القادر
٨- جعفر محمد علی
٩- حمزه علی احمد
١٠- سمیر احمد سنبور
١١- صباح شاكر محمد
١٢- شریه ابراهیم عبدالقادر
١٣- جبار كریم علی

هەواڵنامەی كتێب







هەولێر









کتێبخانەی کەوا











یه کیتی ی نیشتمانی ی کوردستان
الاتحاد الوطني الكردستاني

UNION PATRIOTIQUE DU KURDISTAN
PATRIOTISCHE UNION KURDISTANS
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

Ref. : Date : تاریخ : ۱۹۸۵/۱۲/۲ العدد :

هەوالنامەی کێبڕکێ



هەولێر کتێبخانەی گشتی





هەواڵنامەی کێبڕکێ







هەولێر كتێب



هەوالنامەی کتێب

























(4)

هەوالنامەی کتێب





هاوڵاتی کتێب





هەوالنامەی کتێب

هەولنامەی کتێب

هەولێر

نامەیەكی كراوەی ئاڵای شۆرش ،

لەسەر هەڕەشەی شەڕەنگێزانەی ئاشكرای یەكێتی نیشتمانی كوردستان

(خاڵێكی هەموو بە سەرەتایی لە دایك ئەبن و لە ماف و سەربەرزیدا یەكسانن و ، هەمووان بیر و هۆش و ویژدانیان پێ بەخشراوە . بۆیە ئەبێ بە گیانێكی برایانە ڕەفتار لەگەڵ یەكتر بكەن) .

بەندی یەكەم

لە پەیماننامەی جیهانی مافی مرۆڤ

شەی :-

ئازادی و دیموكراسی خوازەكان

كرێكاران و زەحمەتكێشان

خەڵكی بە شەرەفی كوردستان

هەمووتان ئەزانن ، دامەزراندنی حیزب و پێكخراو و گرووپی سیاسی ، دەركردنی ڕۆژنامەو گۆڤار ئازادیەكی دەربڕینی هەڵوێست و بیروڕای سیاسی ، فكری و ئەدەبی و هونەری و ... هتد سەرەتایی ترین مافی دیموكراسی هەموو چین و دەستە و تویژێكی كۆمەڵ و ئەمەش پرنسیپێكە داو و دیوگ مرۆڤایەتی و ئاسایی و سیاسیی بەگشتی جیهان . دانیان پیا ناوە و پەیڕەویان بۆ چەندی بەرپرسیار لە دەربڕینی ڕۆژنامەنانی [ئازادی خۆیان] تەم ماڵە دیموكراسیەمان پێ خۆپەیبنیوە و بێ پرس و ڕاوێژی وەكو دادەران ... بەبێ ترس و لۆێ دانە فشار و گوشاری دەسەڵاتدارن . لە ڕوانگەی چینایەتی كرێكارانەوە ، ئەو ڕاگەیانەی ڕاستەوخۆ دژی پێنجی فاشستی عیراق، وەكو خۆێن مژی كرێكاران و زەحمەتكێشان و داگیركەری كوردستان ، دژمنی سەرسەختی سەربەستی و دیموكراسی ، بڵاو كردۆتەوە . ناكۆكی چینایەتی و تایبەتۆچینمان لەگەڵ لایەنەكانی تریندا نەشاردۆتەوە . كە زیاتریش باسی بەكێتی نیشتمانی كوردستان (یەنك) و كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان (كۆڕەك) مان كردبێ . هۆیەكەی ئەوە بووە زۆربەی هاوڕیانمان ،چەند ساڵێ لەمەو پێش (یەنك) داو بەشایەتی لەناو (كۆڕەك) دا خەباتیان كردۆوە ، بۆیە ڕای پێویست كردووە و ئەكات هەوی باوەڕ نەسانی نێوانمان پتەوتر بكەین و زیاتری سەربەخۆمان دیاری بكەین .

هەموو تەیارێكی سیاسی ، كە لە لایەكی سیاسی تر جیاكراوەتەوە و بە جیاواز بیروباوەڕی خۆی دەرئەبڕێ ، ئەركێتی زۆرتر دژی ئەو لایە بنووسی و گەر وای نەكات جیا بوونەوەكی واتایەكی نیە .

كە ئەو بیارەنسان دا ، ئەمسان لەبەرچاو بوو (یەنك) و (كۆڕەك) وەلامسان نەدەنەوە و لە سەرمان نەنووسن ... كە سێ ساڵێكە گۆڤارەكەی (كۆڕەك) جۆرەها ووتار و ووتارۆكەمان دژ بڵاو نەكاتەوە ،گەرچی ئەمانزانی زەمینەی سایكۆلۆجیی ئەو و پەلامار و تیرۆر سازنادەن. وێڕای ئەوەش چونكە دەرگای مشتوومڕی سیاسی و فكری كەوتە سەرپشت هەر بۆیمان خۆش بوو. ئێمەش لە ناسیاڵكی (دژایەتی ڕاست – چەپ یان بڕوبۆنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ؟) دا وەلامان داوەتەوە و لە لایەرە دوویی ناسیاڵكەكە دا سەرنجی خۆێنەرمان بۆ نیازی پەلامار دەراتەی (یەنك) ڕاكێشاوە كە :-

(بە گشتی بۆرجوازە ناسیونالیستەكان بنیان بكرێ جگە لە خۆیان ڕێگەی

لای ئێمە ئاسەوارەكانی سەرهەڵدەدات و گەشە دەكات، وەك بەشێكی پەلاماری لایەك
كە فشاری فكری بۆ بردنەپێشی بەدەست، پێشڕەو شالاوێكی فكری-سیاسی
-سایكۆلۆجی ئەمڕۆ تا زیندەی سیاسی بڕیاری پەلامارەكە
بدەستێنێ).

ئەی ئازادی خوازەكان

وا (پەنك) بێ پەردە لە ژمارە (٧ و ٨)ی مانگی تەموز و ئابی (١٩٨٥)ی (پەیامی نوێ) كە
پدا ڕاستەوخۆ شالاوی شەڕەنگێزانەی بردۆتە سەرمان وجۆرەها بوختان و جنێوی بۆرجوازیانەی بۆ
هەڵبەستووین و پێی دەڵێن، بێ پەردە هێرشی كوشتمان لێدەكات و لە ئێستاشەوە لە ووتاری
(دۆڕمانێكی گەل و خۆڕش گۆڕ بۆ خێڵیان هەڵدەكەنن) لە ژمارە (٧)ی ڕۆژنامەی ناوبراوەدا، بەبێ
بایەخ دان بە هەستو نەستی خوێنەر، ئەنووسی (ئەوانەی كە بە پێچەوانەی تۆڕمی سێ-ڕۆو
هەنگاو هەڵدێنن و لە ژێر ناوی سۆسیالیزمی چەپ دێنەپێ لە دژی خۆڕش و پێشڕەوەكی دەكەن، ئەوە ناتوانێن
گەلێ بزمار لە تابوتەكانی خۆیان دەدەن و گۆڕ بۆ خێڵیان هەڵدەكەنن.)

لە ژمارە (٨)ی مانگی ئابیشدا، لە ووتاری (ئاش چی لێ دەكا ؟ بۆكێی دەكا؟)
دا . . ئاستی نۆرگانی پێبازی نوێ ئێجگار نزم كراوە و بە جارێ ئۆپیكیان لەدەست داوە و دەست
كراوەتە ئەو جێنێكی ئەوتۆ، باوەڕناكەین لە (خەڵقە) زۆر كۆنەكانیشدا، لە دواكەوتووترین زمانی
مێژووی ڕۆژنامەنووسی دا، ووتاری وای بێ ئاست و ناوەڕۆك بڵاو كرابێتەوە. جگە لە چەندین زاراوەی
سەیر و سەمەرە، لەم ووتارەدا ئەوسەری وا لە پێناسەرگە و جەماوەر بگێنێ، كە گوایە (ئالّای شۆرش)
خزمەتی ڕژێمی ئاخۆن و ئابووری پێنجەسەد و بە گۆ شۆرش دا ئەچن و حكومەت دەستیان بۆ نایات و
لەم جۆرە ووتە هەنشیكانە. بەرجەستەی ئامادە كردنی حاڵەتی پەلاماردان و قوڵ كردنی ڕقی
كۆیرانەیە . . . وەڕای ئەوانەش، (پەنك) زۆرتر سازدانی زەمینەی پەلامارێكی ئەنانەت گەیاندۆتە
ڕازاندنەوەی پێتەكی پەلاغە عەسكەریەكانیان لە ئێرگە و وا لە بەیەر ئەگەینن كە پەلاماردانی
[illegible]
بۆ شۆرشگێڕان هەڵگری و باقی ئەمەشی بە سەلماندنی مافی دیموكراسی بەرێتە سەر، زۆر لەوە،
باشترە دژێرە بە ئەوی ناوخۆ بە كوشتن و تیرۆر كردنی شۆرشگێڕان بدات، و دۆڕمانەیەكی زۆر
بۆ قوواعیدەكی دروست بكات.

لە كاتێك دا داوا و ئاكامی ئەوەیە، ئەك دەرگای جەبهەی ئەریكی نوێی ناوخۆ لەگەڵ ئێمەش
نەكاتەوە. بگرە دەرگای جەبهەی ئەوەكانی ئەریش لەگەڵ ئەنتراڤەكانی (جوون) پش دا دایخات، بۆ
خوی و بزووتنەوەی دیموكراتی گەلەكەمان و هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكانی تر باشترە.

لە هەمان كاتدا، خەڵكی كوردستان و هەموو ئەمێكی بە ڕێزدان و دژ بە ئەوی ناوخۆ، هەموو
ئازادی و دیموكراسی خوازێ ئاگادار ئەكەین :-

ئەگەر پێت و (پەنك) ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە هەر كۆڕەیەكی كوردستان، هاوێنەكەمان ئەهید
بكات و لە ئەوی بەڵمەسینین، دڵنیابین كاری وا دێست و دەسیسەی ڕژێمی تیا نیە. وەڕای ئەوەی
ڕۆژمان پێ ناخۆشە بڕیتی ئەوی ناوخۆ قوربڵتر بێتەوە، پێمان ناخۆشە دووبارە دۆستێكی ئەمەم
میللەتەش لە ئەوی ناوخۆدا پێبنە قوربانی سیاسەتی چەوتی لایەنە بۆرجوازیەكان.

بەڵام لەهەمان كاتدا مافی بەرگری لە كۆنگرا و زەحمەتكێشان، لە بزووتنەوەی ماركسیزمی
خوڕشگێڕ، لە وبڵاو دانەوەی بەچەك و زەبر و زەنگ پێشێل كردنی ئازادی و دیموكراسیمان بەرگری
كردن لە هەموو نو ساختەیە بە مافێكی بەرز و بە ئەركێكی چینایەتی ئۆرشگێڕانە ئەزانین و
پێمان وایە هیچ لایەنە ئیسەبە لەسەر ئەم ئەرزە پان و بەرینە، مافی بەرزی بەرگری بە خۆ
ڕەوا نەبینی و بەبڕوای ئێ ئەكەرەبێ .

پێشمەرگە دڵسۆزەكان

برایان مەسئوڵیتی سیاسی و عەسكەریەكانی (یەنك)

نۆ ساڵی رەبەق ئێوە لەم پەر تا ئەو پەری كوردستان، لە گەرمیان و كۆیستانیا گەڕۆدەی شەڕی ناوخۆ بوون و لە دەیان شەردا، دەیان و سەدان هاوڕێ و هەقاڵ، برا و ئەسوكارتان. بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوت و چەپڵی بۆرجوازیەكان.

نۆ ساڵی رەبەق دژی پارتی.. دژی حیزبی سۆشیالیست.. دژی حیزبی نیوەی.. ئەرانیش دژی ئێوە.. لە شەڕی بێ پشوداں، بەبێ ئەوەی بچوكترین سوود و كەمترین دەستكەوتتان لەم شەڕە ناوخۆیی بەدا بۆ هاتبێتەدی. بگرە زەرەری لێ دابین و دەستی گەورەی خۆرئاگرانەیی فیتانەوین.

دڵسۆزانی گەلەكەمان و هەموو خۆرئاگرێكی راستۆ چاوەڕێی ئەوەیە كۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بێت و تا رووخاندنی رژێمی فاشی دۆزمێنی سەرەكی، پێشمەرگە بكرێ.

كەچی بەداخەوە (سەكتەی سیاسی ـ یەنك) گەر بێ بگونجێ و پێی بكرێ و بەقسەی بكەن.. دەستتان بەخوێنی ماركسیستەكانیش سوور ئەكات و شەڕی ناوخۆ بەرفراوان ئەكات و بەبیارێ بزووتنەوەی گەلەكەمان ئەچكێنێتەوە و ئەیگاتە دووجەرگەی فاشیستەكان.

بۆیە حەق وایە وورد بین لەو لێك دانەوانەی بەناوی دژایەتی (یان ـ چەپ) كانەوە بڵاو ئەكرێتەوە. وورد بین لە پروپاگەندە و كۆر و كۆبوونەوەی جێگر فرۆشانەی ئازەوگیزان. حەق وایە چی كە ئەیبینە ئامرازی شەڕی پێشەوەو شەڕی ناپەوا، شەڕی كوشتنی برا و دۆست و هاوڕێ و تێكۆشەرانی شۆرشگێڕ. چونكە ئەم شەڕە ئاوانەیە، كوشتنی تێكۆشەرانی دژبە فاشی بەگانە، بە كوشت دان و مەرگێكی بەخێرو چوونتانەیە، لاواز كردنی بزووتنەوەی كوردستانە.

ئەم شەڕەیە دڵسارد كەرەوەی زەحمەتكێشانی ئێمە (بەشمەرگە) و راستەوخۆ لە خزمەتی فاشیستەكانداەیە نەك ئەوەی (یەنك و كۆمەك) بە ئێمە ئەڵێن، چیتایەتیان و داوای دابین كردنی دیموكراسیتان لە خزمەتی رژێمداەیە.

مقاومزاتە ئەزۆكەكە و مساومە زۆرەكان، لە گەرمەی شەڕی (دایان) دا هەڵنە كردن و ڕاگرتنی شەڕ و هێرشی پێشمەرگە قارەمانەكان، بێ بڕوایی بە دروست ئەكات و مەراسی رژێم دێنێتەدی، نەك داكۆكی كردن لەسەر خەباتی چینایەتی كرێكاران و زەحمەتكێشان.

تاوانی ئێمە لەم ئێتنگیرییەی (یەنك) و لەم قۆزبە ناسیۆنالیستیەی لەی گرتوین، ئەوەیە:ـ

١ـ سووربن لەسەر بیر و باوەڕی كرێكاران و زەحمەتكێشان، ڕانەگەیشتنی سەر بە ناسیۆنالیستی، لە پێناوی هیچ مەبەست و پێتكی تایبەتی دا دەستەوەستەكراین.

٢ـ خراپی شەڕی ناوخۆمان بۆ دەركەوت و دژایەتیمان كردووە و ئەكەین، دڵسۆزان لە خەتەری ئەم شەڕە بە ئاگا دێنین، ناهێڵین كرێكاران و زەحمەتكێشان زیاتر ببنە پێخۆری سیاسەتی چەوتی بۆرجوازیەكان.

٣ـ لە جەنگی عیراق و ئێران دا... دژی ئەوە بووین شەڕی ئێران بكرێ و داوامان ئەكرد، ئەگەر لەبەر پێشیل نەكێنتێكی هەڵە لە تاكتیكی مامەڵە كردن لە جەنگە كەدا هەبێتێ، ڕاستی كەیتەوە، ئەڵێ لێژێر پەردەی كوردستانیەت و لە پێناوی مقاومزاتا هەزاران پێشمەرگە بخرێنە گەڕووی ئوتەمبێلەوە.

٤ـ دژی ئەوە بووین لە مقاومزاتەكەدا، مساومە بكرێ و لەسەر حسابی چارنووسی گەلەكەمان و شەهیدانی، سەر بۆ فاشیستەكان خوار بكرێ.

٥ـ ئەمانگووت «فاشیستەكان بەو تاكتیكی مقاومزات ئەیانەوێ (یەنك) لە دۆستانی دوور خەنەوە و یارمەتی یەكانی لێ ببڕن و هاریكاریەتیەكانیەتەكانی هەڵبوەشێنەوە و لە پاڵ خۆیانەوە بیدەنەوە بەگژ ئێران و (جود) دا» نابێ (یەنك) خۆی بخاتە داوی

تاکتیکی داوه . بەڵام (بنك) لەپێناوی پێکهوتندا هەر پشتی کردە دوستەکانی .
تاخۆ ئەو ڕاستیانە ئەوێ بۆ تاوان بن و ئیستا بکرێتی کە لە ئەوای سیاسەتەکانی دا ، لە سیاسەتی تاوێ بۆ لای عیراق و تاوێ بۆ لای ئیران ، تاوێ ئەڕەوزات و هەندەتاوی بە کردەوە ئەڕەی تاوخۆ و تاوێکیش بە بڕیاگەندە (ئاشنا بوونەوەی گشتی) ... شکستی خواردووە ئێستا (خواخوایەتی) بگەڕێتەوە دۆخی جاراتی خۆی ... وە ئێمە کە سەپەخۆیی فکری و سیاسیمان ڕاهێڵاوە ، گەر وورد بینی و ئاسمان لەبەر شکستی خۆیان پاس ناکەن .. ئیتر بۆ ئەوێستری بەڵامار بدەین و ئەروای ئازادیمان بتاسبڕێ ، بە هیوای ڕێکەوتن لگەڵ بڕێمدا ڕاگیراوەتە بنەمەتیکی سیاسی وادە کە فاشستەکان تەنانەت بە (هەندەش) بە (بنك) بڵێن .. ئیتر مارکسیستەکان چۆنی ڕەخنە لی ناگرن وهەڵوێستی لێ دەرنابڕن و ململانێی بنایەتی لەگەڵ ناکەن . ئاخر ئێکرا سیاسەتەکانی (بنك) پەیوەستی بە چارەنووسی بزووتنەوەی گەلەکەیان و تورشەکیەوە هەبە ، هەروەها سیاسەتی لایەنەکانی تریش هەر لایەك بەپێی ی توانای خۆی ، ئیتر چون ئەکرێ لێیان بێدەنگ بین .
ئەی خەڵکی دڵسۆز و قارەمان ... (بنك) ئەیەوێ هەرچی یەك بگات ، مساومە ، ئەپێ ئاوخۆ ، هەندەگرێن ، کوشتن ، هەرەشەکردن ، ... هتد ئێمە و لایەنگری ئۆپۆزسیۆن لێی بێدەنگ بین کە بەدەنگیش هاتین هەرەشە لەگات و تابوتمان بۆ بەکردن لەدات .
ئەی تازادیخوازان ، تیکۆشەرە دڵسۆزەکان ... پشتی ئەوەی یەکێتی هەرەشە و گورە ئەگانی جێ بەجێی بگات ، پشتی ئەوەی ئوپۆزسیۆنی دیموکراسی بەئەڕەوشی پێشێل بکرێ ، ئەڕ و کوشتن جێی لیدوان و منت و ئەڕی سیاسی بگرێ ... ئاوا ، هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی پێشکەوتن خوازی ناوچەکە و عیراق و کوردستان ئەکەین ... ئاوا لە ڕێکخراوە فاشستیەکانی بەکان ، لە دەوڵەت و حیزب و ڕێکخراوەکانی دۆستی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و دۆژمنی فاشستەکانی عیراق ، لە ڕێکخراوەکانی بەشداری ئەی کوردستان ... [illegible] ... ئەکەین ... هتد ... [illegible] ... عیراق ... ئەکەین ... هتد ... [illegible] ... مافی دیموکراسی ، لە هەرەشە و ئەڕەور و کوشتن ، لە بەکارهێنانی هێز و چەك بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی بە فکری و سیاسی بەکان .
بۆ بەدڵ ئومێد وارین هەموو لایەك بە دەنگدانەوە بێن و ڕاخوازی یەکەمان جێ بەجێ بکەن تا هەموو لایەك بتوانین بێ کێشە و ئەڕی لایەنی ئەڕی دۆژمنی هاوبەشمان ، (ئاشتەکانی عیراق) خەبات بکەین و بەپرۆخێنین ... هیوادارین هەموو لایەك لەگەڵ ئێمە ئەڕ بکرێ ، بەڵکو بە ئەوادتی ئەڕی ئاوخۆ پشەکێش بکرێ و گیانی برایەتی و هاوکاری و هاریکاری و ململانێی بنایەتی پێتەوی و بچەسپێترێ و خەباتی شۆڕشگێڕانە ئەڕو ئاشتەکان بەرە بەرێتی .
بۆ مێژووش دووپاتی ئەکەینەوە ... کە هیچ هێزێك ، هیچ هەرەشە و گورەنمیەك ، ئۆزەڵێتی ئامان ترسێنێ و هەرگیز دەستبەرداری ڕیزەکەمان نابین و دڵنیاین هاوڕێیانمان وەکو مارکسیستی سەرسەخت کۆ لە بەرگری ناکۆنەوە و لە پێناوی بەرەیاوەری سەرتی کرێکاران و زەحمەتکێشانیندا مردن ، سەرکیکی تا هەتایە سەروەری یە .

ئەوکاوە بێ ئەڕای کرێکاران و زەحمەتکێشان
سەرکەوتوو بێ خەباتی ئۆپۆشگێڕانەی گەلەکەمان

ئالای شۆڕش

١ / ئەیڕینی یەکەمی / ١٩٨٥

يا عمال العالم اتحدوا !

البلاغ الختامي

للبلنيوم الثاني لراية الثورة

يا العمال والكادحون

يا الرفاق المناضلون

في هذه الظروف الحساسة التي تمر بها الحركة العمالية العراقية والحركة
ثورية للشعب الكردي قامت (ئالای شورش) (راية الثورة) وبحضور الاعضاء
مؤسسين والكوادر المتقدمة بعقد بلنيومها الثاني وذلك في الفترة
ن 1 الى 4 سبتمبر / 1988 تحت شعار (من اجل الحفاظ على النهج
ثوري لراية الثورة والعمل على تطويرها) .

بدأ البلنيوم اعماله بالنشيد الاممي والوقوف دقيقة واحدة حدادا
ى أرواح شهداء الحركة العمالية والحركة الثورية للشعب الكردي .
في البداية ،اعتبر البلنيوم الموقف الفوضوي لأحد أعضاء اللجنة
شرفة وبحكم كوادر الراية حول عقد العديد من الاجتماعات تحت
سم (كونفراس) الراية بحمل فردي وغير مشروع كما اكد على عدم
شرعية الكونفرانس ورفض برنامجه وجميع قراراته .

بعد ذلك ،قدم تقرير شامل من قبل أحد رفاق الهيئة التأسيسية
لراية) حول تاريخ تأسيس الراية ،وعملية الصراع والتناقضات الداخلية
تنظيمية الناتجة عن ذلك الانحراف الخطير الاعتيادي التي تم في ظروف
سياسية خاصة بين (الراية) و (حزبه شغيله كردستان ـ العراق) ،
ذور المشاكل الفكرية والسياسية والتنظيمية من حيث الممارسة وتأثيرها
جابي والسلبي على النهج الفكري والسياسي للراية ،حيث نوقشت
ن قبل الرفاق بصوره علميه وموضوعية و شخصت الجوانب المضيئة
نقاط السلبية فيها .

ومن ثم قدم برنامج عمل البلنيوم من قبل اللجنة التحضيرية
قشت بروح رفاقية عالية وتم اقرارها .

قام البلنيوم ومن منطلق النظرة الايديولوجية الماركسية الثورية
حليل ودراسة الوضع الدولي الراهن والحركة الشيوعية
عالمية ، واكد على عدم صحة وجود نظامين ،اقتصاديين، اجتماعيين ،
ياسيين في العالم ،واوضح حقيقة ان النظام الاقتصادي السائد في
عالم اليوم هو النظام الاقتصادي الامبريالي الذي يقوم وعن طريق
لشركات المتعددة الجنسيات) ، العديد من الاشكال والاساليب

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

لقد خطط الاقتصاد الامبريالي حدود الدول وخلقت سوقا عالميا موحدا لاستثمار رساميلها وتحقيق فائض قيمة وفائض ربح خياليين ،وهكذا قسم العالم الى معسكرين متناقضين و متصادين في صراع لا هوادة فيها الا وهي (معسكر العمل) ومعسكر الرأسمال .

حدد البلنيوم الاشكال المختلفة للتحريفية في الحركة الشيوعية كظاهرة عالمية ،و اعتبر التحريفية المعاصرة السوفيتية و الدول التابعة لها ،جنبا الى جنب مع التحريفية الصينية و الاوربية واشتراكية الديمقراطية والتروتسكية ... الخ) العامل الرئيسي للانحرافات والانحراف بالنضال الثوري للطبقة العاملة وعدم انتصار الثورة الاجتماعية للعمال .

وضع البلنيوم المهمات ،التنظيمية ،الفكرية ،السياسية والاممية (للحزب الشيوعي السوفيتي) بعد ثورة أكتوبر تحت البحث والتحليل ،و وصل الى النتيجة التالية الا وهي ان هذا الحزب منذ عصر (ستالين) حتى اليوم وكأحد المصادر التحريفية المعاصرة القوية في العالم له دور مدمر ومؤثر في تضليل واحباط الثورات البروليتارية .

ان السوفيت كدولة تبنى وعلاقة قوية تقوم بأنتهاج سياسة ، اقتصادية ،سياسية ،عسكرية ،دبلوماسية امبريالية و تتعامل تتخذ المواقف من الحركات الثورية والاحداث السياسية الاجتماعية بين الشعوب وفق مصالحها الرأسمالية ،كما ان سياسة تعايشها السلمي التي تتبعها مع الدول الرأسمالية تعبر بأسى بالبعيد من اجل تقسيم العالم والهيمنة على الحركات الثورية للشعوب وتروض الحركات البروليتارية .

قام البلنيوم بدراسة تأريخ نشوء الطبقة العاملة ونضالها سياسي وقدر النضال المجيد و التضحيات التي قدمتها هذه الطبقة من خلال نضالها ضد الانظمة الرجعية وضد قوى رأسمال الاجنبي من اجل الحرية والديمقراطية والاشتراكية .

عبر الفكر والنهج التحريفي والاصلاحي للحزب الشيوعي العراقي سيما في انشقاقات نضال هذه الطبقة و عدم تحقيق اهدافها الغريبة والبعيدة .

عرّف البلنيوم ،(الحزب الشيوعي العراقي) كممثل رسمي وامتداد التحريفية السوفيتية . ان هذا الحزب الذي امضى اكثر من نصف قرن في العمل لمسخ جوهر الماركسية اللينينية كان ولايزال عاملا

ضرب كان افكاره التحريفية و مضمون النهج التضليلي لهذا التيار سواء على مستوى العراق اوالعالم حدّدت كأحد المهام التقالية لرفاق رايه الثورة وجميع الشيوعيّين في هذه المرحلة .

عرّف البلنيوم العراق كدولة رأسمالية خاضعة للسلطة الامبرياليه و عرف نظامه بالبرجوازية البيروقراطية والفاشية. حيث و في ظل نظام كهذا فأن العمال والكادحين بجانب الاضطهاد والظلم المسلطين عليهم من قبل قوة الرأسمال وشرائط العمل المأجور القاسية ، يعيشون حياة مأساوية ، محرومين من ابسط الحقوق النقابية والسياسية ،ويمارس النظام من خلال الاعتقالات والتصفيات والقتل الجماعي اشرس سياسة فاشية ،و مستمر في اتباع سياسات الفاشية تلك من خلال حملات الابادة الجماعية والتهجير القومي للشعب الكردي . ولم يسبق ابسط الفرص الديمقراطية للجماهير الكادحه ويحاول بشتى السبل محو معالمه القومية . لهذا فأن الموقف الثوري تجاه نظام كهذا او اي نظام رأسمالي ليس سوى تصعيد النضال الثوري بجانب اسقاطه وتأسيس الجمهورية الديمقراطية الثورية والسير نحو الاشتراكية التي تنهي جميع انواع الظلم والاضطهاد وعدم المساواة ،وتحقق الحريات الكاملة للجماهير .

المرحلة الحالية للحرب الرجعية العراقية ـ الايرانية والظروف الموضوعية التي تمر بها الحركة الثورية للشعب الكردي طرحت ايضا للدراسة والتحليل وكانت لها مكانة خاصة في برنامج عمل البلنيوم .

ان الحرب العراقية ـ الايرانية الغير العادلة التي اشتعلت خدمة للمصالح الامبريالية ،وبسبب العقلية الشوفينية و السياسات التوسعية للنظام الفاشي العراقي ،وبعد ثمان سنوات من اراقة الدماء و الدمار و الخراب المأساويين و كنتيجة حتمية لتفاقم المشاكل والازمات الاقتصادية و السياسية والاجتماعية اضطرت بوقف اطلاق النار وتشرف على نهايتها .

ان اشتعال حرب غير عادلة كهذه ،وفي وقت كانت على النقيض من طموحات وارادة الشعوب والجماهير العراقية ،فان

هەولێر كتێب

ان النظام الدكتاتوري لصدام ،وبعد وقف اطلاق النار في الحرب الدائرة ،وباستعماله للاسلحة الكيماوية والقتل الوحشي وتشريد الجماهير يقوم وبصوره بشعة ووحشية لا سابقة لها بادامة حرب الابادة ضد شعب كردستان الى حد لم يسبق لها مثيل في تأريخ هذا الشعب .

ان البلنيوم وللوقوف بوجه هذا الوضع الصعب والعصيب،يرى ان احدى مهامه في هذه المرحلة هو تصعيد النضال الثوري للجماهير وزج جميع الطاقات الثورية من اجل تطوير المقاومة التي تخوضها شعب كردستان في سبيل اجهاض السياسات الشوفينية للنظام .كما اوضح البلنيوم بان توعية وتنظيم العمال والكادحين و قيادتهم في النضال الثوري تحت راية حزبهم الطليعي الطبقي شرط اخر مهم من اجل اسقاط الفاشية وتأسيس الجمهورية الديمقراطية الثورية ،التي من خلالها فقط تتحقق الحقوق المشروعة للشعب الكردي بما فيها حق تقرير مصيره بنفسه كما وتحقق حقوق الاقليات القومية في العراق .

ثمّن البلنيوم الانتفاضة الثورية للشعب الفلسطيني ضد الاحتلال الصهيوني و يعلن عن مساندته لنضال هذا الشعب البطل و قضيته العادلة من اجل اقامة دولته المستقلة على ارض فلسطين .

ركّز البلنيوم مرة اخرى على اهمية تجسيد شعار (المناظرة، الاثبات ،التوحيد) مع جميع المنظمات الماركسية الثورية بهدف السير نحو تأسيس الحزب الطليعي للطبقة العاملة العراقية . حزب يقوم وبصورة ثورية وناضجة بقيادة النضال الطبقي للعمال من اجل اسقاط النظام الرأسمالي واقامة دكتاتورية البروليتاريا و بناء الاشتراكية والشيوعية . و اعتبر البلنيوم هذه المهام الحلقة المركزية لنضال راية الثورة في هذه المرحلة . و تناشد جميع الفصائل الشيوعية في العراق للعمل من اجل تحقيقها .

كما أقرّ الرفاق المشاركون في البلنيوم العديد من القرارات المهمة والخطط السليمة حول المسائل التنظيمية في داخل وخارج الوطن والعمل الاعلامي والاداري والمالي لراية الثورة .

يناشد البلنيوم جميع الاحزاب والمنظمات الكردستانية والعراقية وانصار الحرية و الديمقراطية ان يرفعوا اصواتهم من اجل أطلاق سراح المناضل (ملا بختيار) العضو في سكرتارية الاتحاد

على اساس ضمان الحرية الخير المشروطة للحمل النعالي الثوري .

وفي الختام حيا البلشيوم المواقف البطولية لرفاقنا المحاصرين في زنزانات النظام الفاشي العراقي، كما حيا ذكرى الشهداء الخالدون (لراية الثورة) و شهداء طريق الديمقراطية والاشتراكية .

النصر لنضال العمال والكادحين من اجل الديمقراطية و الاشتراكية .

النصر للنضال الثوري للشعب الكردي من اجل حق تقرير مصيره .

النصر للنهج الثوري لراية الثورة .

عاشت الاممية البروليتارية .

السقوط للنظام الفاشي العراقي .

الموت للامبريالية .

هەولێر بۆ كتێب

راية الثورة

ايلول / ١٩٨٨

ئەساسنامەی بۆشاساندەكردن بۆ بەستنی كونگرەس

هاوڕی بەڕێز تیكۆشەر ...

دیارە دروست بونی ئاڵای شۆرش وەك خواستیكی چینایەتی چینی كرێكار و زەحمەتكێشان بۆ لەدایك بوونی ڕێكخراوی چینی كرێكاری چەكدار بە ماركسیزم - لینینیزم ، پێوەستی بە هەبونی ئاسنامەی فیكری و چینایەتی خۆی هەیە و ئەو ئاسنامەیەش بەرنامە كاری جیهان بینی كومونیستانەیە سەبارەت بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەكانی ژیان ..

جا هاوڕێنە لەگەڵ ئەم خواستە مەزنەدا، لەبەر چاو گرتنی گیرەو كێشەكانی ئەمڕۆی خەبات و بەهێند هەڵگرتنی ڕووداوە بەپەلەكان و پەیوەندی یان لەسەر چارەنووسی ئاڵای شۆرش ، بۆ ڕۆژ بەڕۆژ بونەوەی ئەركەكانی سەرشانمان بەپێویستمان زانی بكەوینە گەلالە كردنی ئەم ئاسنامەیە كە لەلایەن هەموو هاوڕی یانی ئاڵای شۆرش وەك كارنامەیەكی هەمەلی ڕۆژانەی خەبات خۆمان بۆ بەستنی كونگرانسێكی تیرۆپری سەركەوتوانە شاو بدەین لە پێناوی هێنانە كایەوەی بەرنامەیەكی گشت لایەنی هەڵگوڵاو لە سەرچاوە فیكری و واقیعی مەوزوعی یانەی بەرنامەسان بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لەم چوارچێوەیەدا ڕوشنایی بەك بدەینە شاو جوڵانەوەی كومونیستی و شۆرشگێڕی لە كوردستان و عیراق دا و ئێنجا بەستنەوەی كاروانی خەباتمان بە سەرجەمی جوڵانەوەی كومونیستی پرولیتاریای دنیا .

بۆیە داوا كارین هەموو هاوڕی یان جوامێرانە بكەونە جێ بەجێ كردنی ئەم چالاكانەی خوارەوە ، بەو هیوایەی هەموومان پێكەوە بتوانین چاكترین ئاڕاستەوخۆ شامادەكردن لەگرتنی كونگراس و ساغ بونەوەی بەرنامەی ئاڵای شۆرش بخەملێنین :-

ا - هەوڵ دان بۆ ساغ كردنەوەی هێلی شایدیولۆژی لە خڵاڵی جیاوازی بە فیكری یەكان و ئێنجا دیاری كردنی هێلە سەرەكی یەكانی بەرنامەیەك بۆ ئاڵای شۆرش كارنامەی داهاتووی خەبات بێ .

ب - مافی بێ ئەم لا و ئەولای هەر هاوڕی یەك لە دەربڕینی بیروبۆچونەكانی لە ڕێگای ڕاپۆرت یا نووسراو یا سیمینار كە تایبەتی لەسنووری شانەو كۆبونەوەی شەرمی دەرچێت .

ج - دیراسەو بەڵام دانەوەی ئەو بابەتانەی لەسەر ئاڵای شۆرش نووسراون وەك (شەمالان شۆرش بەرەو كوێ دەچێ) و (ئەوەی كۆمەڵەی شیران) و (چەمكەتی بەها ئەلدین بۆری) وە هەر شتێكی تر كە هەیە لەم بارەوە .

د - دیراسەو ئاراستە كردنی ڕەخنەیەكی تیرۆپری ماركسیانە لە پڕۆژەكەی ئاڵای شۆرش كە بۆ لێدوانە .

ه - پیادەكردنی ڕەخنەی شامانج دەرانە كە بیروبۆچونە جیاوازەكان و بڵاوكردنەوەیان بەناو ڕیزەكانی ڕێكخستن بەتەنیا .

و - هەموو هاوڕی یەك بۆی هەیە پڕۆژەی بەرنامەیەكی گەلالەكراو وەك پێشنیار شەرح بكات ، بەو مەرجەی پێش ماوەیەكی دیاریكراوی كونگرانس بگاتە دەست نوێنەرانی كونگرانس بۆ زیاتر دیراسە كردن و وردبونەوە لێی .

ز - ترجمەو چاپ كردنی بەشێك لەئەدەبیاتی (م-ل) كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی یان بە بەرنامەو شێوەكاری بەرنامەیی هەیە لەپێناوی لەبەرچاو گرتنی ڕی و شوێنە سەرەكانیی بەكانی هەر جۆرە بەرنامەیەك لەسایەی كە بەپۆری ماركسیزم دا .

ح - هەوڵ دان بۆ ئاڕاستەكردنی ڕەخنەی ماركسیستانە لەشێوەكاری پڕۆلیتستی و وردبونەوە بۆرژوایی لەناو خۆماندا .

ط - گەلالەكردنی پڕۆژەیەكی پێشنیار كراو بۆ پێرەوی ناوخۆ .

۲ - تەرخان كردنی دەرگای ئیعلام بۆ ڕایەڕاندن و بەچاپ گەیاندن و بڵاوكردنەوەی ئەو ئەخشە كارەی سەرەوە .

۳ - بۆ خوندوتول كردنی پرنسیپی ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی كارەكان بەشامانجی خۆشامادە كردنێكی هەمەلی و سودبەخش بۆ كونگرانس هەموو هاوڕیەك دەبێ چاوەدێری ئەم خاڵانە بكات:-

أ- هەموو شتێك لەسنووری شانەو كۆبونەوەی شاسایی ڕێكخستنەوە تەرح دەكرێ و هەرجۆرە

ئەساسنامەی سوشیالیستی کوردستان

هاوڕی بەڕێز ...

دەربارە دروست بوونی ئاڵای شۆرش، وەك خواستیكی جەماوەری چینی كرێكار و زەحمەتكێشان لە لایەن بزووتنەوەی ڕیزگاری چینی كرێكاری جیهانی بە ماركسیزم - لینینیزم و بزووتنەوەی سەربەخۆیی نیشتمانی فیكری و چینایەتی خۆی هەیە و شۆڕشی نیشتمانەیەكی بەرنامە كاری جیهان بینی كۆمۆنیستانەیە سەبارەت بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەكانی ژیان ..

جا هاوڕێ ئەگەر ئێمە خواستە مەزنەدا لەبەر چاو گرتنی گیرە و كێشەكانی ئەمڕۆی خەبات و بەهێز هەڵگرتنی ڕووداوە بەپەلەكان و پەیوەندی یان لەسەر چارەنووسی ئاڵای شۆرش، بە ڕوو بەڕوو بونەوەی ئەركەكانی سەرشانمان بەپێویستمان زانی بگەینە گەلالە كردنی ئەم ئەساسنامەیە كە لەلایەن هەموو هاوڕی یانی ئاڵای شۆرشەوە كارنامەیەكی نەمەلی ڕۆژانەی خەبات خومان بێ بەستنی كونفرانسێكی شێوەیی سەرتاسەری بتوانە شاو بدەین لە پێشاوی هێنانە كایەوەی بەرنامەیەكی گشتگیر لایەنی هاوڕێیانی لە سەرچاوە فیكری و واقیعی مەوزوعی یانەی سەرچەمان بێ ئەوەی ئێمەش بتوانین لەم چوارچێوەیەدا ڕوشنایی بخەینە سەر جۆرایەتی كۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی لە كوردستان و عیراق دا و ئینجا بەستنەوەی كاروانی خەباتمان بە سەرجەمی جوڵانەوەی كۆمۆنیستی پرۆلیتاریای دنیا .

بوێە داوا كارین هەموو هاوڕی یان جوامێرانە بگەنە جێ بەجێ كردنی ئەم پڕۆگرامەی خوارەوە و بە و هیوایەی هەموومان بێگەنە بتوانین چاكترین بارودۆخ خۆ ئامادەكردن لە گرتنی كونفرانس و ساغ بونەوەی بەرنامەی شۆڕش بخەملێنین :-

١ - هەوڵ دان بۆ ساغ كردنەوەی هێلی شایدیۆلۆژی لە خاڵی جیاوازی بە فیكری یەكان و ئینجا دیاری كردنی هێلە سەرەكی یەكانی بەرنامەیەك بۆ ئاڵای شۆرشگێڕان نامەی داهاتووی خەباتی .

٢ - مانی بی ئەم لاو ئەو لای هەر هاوڕی یەك لە دەربڕینی بیروبۆچونەكانی لە ڕێگای ڕابوردی یا تۆمار یا سیمینار كە ئاسانی لەسەنووری شانەو كۆبونەوەی شەرعی لەرێچەك .

٣ - دەرهاویشتەو بەڵام دانەوەی بۆ ئەو ڕاڕایانەی لەسەر ئاڵای شۆرش ڕوی داون وەك ڕێكخستنی شۆرش بەرەو فكری ئەمڕۆ] و (ئەوەی كۆمەڵەی شیران) و (جەماعەتی بیهاءالدین نوری) وە هەر شتێكی تر كە هەیە لەم بارەوە .

ج - دیراسەو ڕاڕاستە كردنی ڕەخنەیەكی شێوەیی ماركسیانە لە پڕۆژەكەی ئاڵای شۆرش كە بۆ لێدوانە .

د - پیادە كردنی ڕەئیی ئامانج دەرانە لەنێوان بیروبۆچونە جیاوازەكان و بڵاوكردنەوەیان بەناو ڕیزەكانی ڕێكخستنەكەدا .

ه - هەموو هاوڕی یەك بۆی هەیە پڕۆژەی بەرنامەیەكی گەلالەكراو وەك پێشنیار دەرج بكات و بەو مەرجەی پێش ماوەیەكی دیاریكراوی كونفرانس بگاتە دەست نوێنەرانی كونفرانس بۆ زیاتر دیراسە كردن و وردبونەوە لێی .

و - ترجمەو چاپ كردنی بەشێك لەكەلەپیانی (م.ل) كە ڕاستەوخۆ بەپەیوەندی یان بەبەرنامەو شێوەكاری بەرنامەیی هەیە لەپێناوی لەبەرچاو گرتنی ڕی و شوێنە سەرەكییەكانی هەر جۆرە بەرنامەیەك لەڕسایەی گەشەپوری ماركسیزم دا .

ز - هەوڵ دان بۆ ئاڕاستەكردنی ڕەخنەی ماركسیستانە لەشێوەكاری پێرولیمستی و وردبونەوە بۆرژوایی لەناو خۆماندا .

ح - گەلالەكردنی پڕۆژەیەكی پێشنیار كراو بۆ پەیڕەوی ناوخۆ .

ط - خەرمان كردنی دەزگای ئیعلام بۆ ڕایەڕاندن و بەچاپگەیاندن و بڵاوكردنەوەی ئەو نەخشە كارەی سەرەوە .

ى - بۆ خوندوتۆل كردنی پرنسیپی ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی كارەكان بە شاسانجی خوشامانە كردنێكی نەمەلی و سودبەخش بۆ كونفرانسی هەموو هاوڕێیەك دەبێ چاوەدێری ئەم خاڵانە بكات:-

أ- هەموو شتێك لەسنووری شانەو كۆبونەوەی شاسایی ڕێكخستنەوە دەرج دەكری و هەرجۆرە

هەوڵێر

ج ـ شوین و کاتی کونفرانسی لەلایەن (ل . س) بەوە دیاری دەکریت .
د ـ نوێنەرانی کونفرانسی لەلایەن دەزگای ریکخستنەوە بە رەزامەندی (ل.س) دیاری دەکرین .

ڕێنمایی : ـ

ـ بۆ ریکخراوی ساو شارەکان ـ سلێمانی
هەولێر

ـ بۆ بنکەی شەهید مستاف

ـ بۆ بنکەی سپیار

بۆ ریکخراوی دەرەوەی وڵات ـ شەمریکا
بەریتانیا
سوریا

ئینتر هەر سەرکەوتوو بن

ل . س
١٩٨٦ / ١ / ٢١

هەوالّنامەی کتێب











هەواڵنامەی کتێب

دوپات کردەوە ، پارتێك کە لێپراوانە خەباتی چینایەتی کرێکاران تا هەڵگەکاندنی سیستەمی سەرمایەداری وسەقامگیر بوونی دیکتاتۆریەتی پرولیتاریا و پێبات نانی سوشیالیزم و کۆمۆنیزم ، ئێلگیرانە رێبەری بکات ، ئەم ئەرکەش بە شێوەی ناوەندی خەباتی ئەم قۆناغەی ئاڵای شۆرش دا و پێوەندامدانیش بانگەوازی هەموو گروپە کۆمۆنیستەکانی عێراق دەکات .

هاوری یانی بەشداریووی پلینوم ، چەندین بیرەوری گرنگیان لە سەر سەدسە لە رێکخراوەیی یەکانی ئاوەو و دەرەوەی وڵات ، کاروباری راگەیاندن ، ئیدارەی ، دارایی ئاڵای شۆرش داو پلان و نەخشەی دروستیان بو دارێژران .

پلینوم داوا لە حزب و رێکخراوی کوردستانی و عێراقی یەکان و لایەنگرانی ئازادی و دیموکراسی دەکات کە دەنگی خۆیان بو ئازاد کردنی (مەلا بەختیار) ی شێرکۆشەر ، لە زیندانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، بەرز بکەنەوە .

هەروەها پلینوم ، پێوەکردن و دارشتنی بازنەی پەیوەندی یەکانی لە گەڵ هەموو لایەنە سیاسی یەکانی ئۆپۆزیسیونی کوردستانی و عێراقی ، لە سەر بنەمای دابین کردنی ئازادی بی قەید و شەرتی هەڵوەرانی خەباتی چەکداری لەبە ئەرکی خۆی دانا .

لە کۆتایی دا سڵاوی گەرمی شۆرشگێرانە ئاراستەی هاوڕیانی خۆراگری نێو زیندانەکانی رژێمی فاشیستی عێراق کرا و یادی شەهیدانی نەمری (ئاڵای شۆرش) و شەهیدانی پێگای دیموکراتی و سۆشیالیزم پێرۆز لی نرا .

سەرکەوتوو بێت خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان
لە پێناوی دیموکراتی و سۆشیالیزم دا .
سەرکەوتوو بێت خەباتی شۆرشگێرانەی گەلی کورد
لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنووسدا .
سەرکەوتوو بێت رێبازی شۆرشگێرانەی ئاڵای شۆرش .
بۆی ئەستەرناشیونالیزمی پرۆلیتاریا
بڕووخێت رژێمی فاشیستی عێراق .
مەرگ بۆ ئیمپریالیزم

ئاڵای شۆرش

سێپتەمبەری / ١٩٨٨

يا عمال العالم اتحدوا !

البلاغ الختامي

للبلشيوم الثاني لراية الثورة

ايها العمال والشاغلون

ايها الرفاق المناضلون

في هذه الظروف العصيبة التي تمر بها الحركة العمالية العراقية والحركة الثورية للشعب الكردي عامة (ثاني شورش) (راية الثورة) وبحضور ممثلي المؤسسين والكوادر المتقدمة يعقد بلشيوم الثاني وذلك في الفترة من (اول) سبتمبر / ١٩٨٨ لغاية (من اجل الحفاظ على النهج الثوري لراية الثورة والعمل على تطويرها) .

بدأ البلشيوم اعماله بالنشيد الاممي والوقوف دقيقة واحدة حدادا على أرواح شهداء الحركة العمالية والحركة الثورية للشعب الكردي .

في البداية اعتبر البلشيوم المؤتمر العوبي لأحد أعضاء البيشمه الشرفة وبعض كوادر الراية حيث عقد العديد من الاجتماعات تحت اسم (كونفراس) الراية بعمل فردي، وغير متسرع لما انطوى عليه من مشروعية الخوض فيه ورصين برنامجه وبمشروع قراراته .

بعد ذلك اقيم تقرير شامل من قبل أحد رفاق الهيئة التأسيسية (للراية) حول تأسيس الراية ، وعملية الصراع والتفاعلات الداخلية التطبيقية الناتجة من تلك الاجتهاد الخير اقتصادي الذي تم في ظروف سياسية خاصة بين (الراية) و (منظمة شيوعيون - العراق) ، وجدوى المشاكل الفكرية والسياسية والتطبيقية من حيث الممارسة وتأثيرها الايجابي والسلبي على النهج الفكري والسياسي للراية ، حيث يوجد من قبل الرفاق بصورة مكتوبة ومرسومة و تم حصر النواقص الممكنة والنقاط السلبية فيها .

ومن ثم قدم برنامج العمل البلشيوم من قبل اللجنة التحضيرية وجرت مناقشة عامة وتم اقراره .

تم البلشيوم ومن منطلق الفكرة والنهج البلشيفية الماركسية اللينينية بتحليل ودراسة الوضع الدولي الراهن والحركة الشيوعية العالمية ، وأكد على عدم صحة وجود نظامين اقتصاديين اجتماعيين سياسيين في العالم ، واوضح خطيئة ان النظام الاقتصادي السائد عبر العالم اليوم هو النظام الاقتصادي الامبريالي الذي يقوم ومن خلال (الشركات المتعددة الجنسيات) و العديد من الاشكال والانابيب الاخرى بربط سبل اقتصاد دول العالم بعجلتها ، واضعا الثروة الاجتماعية وقوة العمل للعمال في خدمة المصالح الطبقية للرأسمالية العالمية .



لقد حطمت الاقتصاد الامبريالي حدود الدول وخلقت سوقا عالميا يوحد الاستثمار رساميلها وتخضع فائض قيمة وعائض ربح عباليين ، وهكذا تقسم العالم الى معسكرين متناقضين و متصادمين في صراع لا هوادة فيها الا وهي (معسكر العمل) ومعسكر الرأسمال .

حدد البيان الاطار العام للتشكيلة في الحركة الشيوعية كظاهرة عالمية ، و اعتبر التشكيلة المعاصرة السوفيتية و الدول التابعة لها ، جنبا الى جنب مع التشكيلة الصينية و الاوروشيوعية واشتراكية الديمقراطية والبروتستانية ... الخ) العامل الرئيسي للانحطاط والانحراف بالنضال الثوري للطبقة العاطلة و عدم انتصار الثورة الاشتراكية للعمال .

وضع البيان المارسات التنظيمية ، العلمية ، السياسية والاعلامية (للحزب الشيوعي العراقي) بعد ثورة أكتوبر تحت المجهر والتحليل ، و وصل الى النتيجة النهائية الا وهي ان هذا الحزب ومنذ عصر (ستالين) حتى اليوم وتأسيس العناصر التحريفية المعاصرة القيمية في العالم له دور مهم ومؤثر في تحليل واحباط الثورات البروليتارية .

ان السوفيت كدولة اشتراكية وهمية قيمية تتسم بأنتهاج سياسة ، اقتصادية ، سياسية ، عسكرية ، دبلوماسية امبريالية و تتحد المواقف من الحركات الثورية واحداثها السياسية والاجتماعية بما يخدم الشعوب وفق مصالحها الرأسمالية ، اما ان سياسة تعايش السلمي التي تتبعها مع الدول الرأسمالية الغربية تأتي بالضد من اجل تقسيم العالم الخالصة والهيمنة على الحركات الثورية للشعوب وتوجيه الحركات البروليتارية ...

قام البيان بدراسة تأريخية لنشوء الطبقة العاملة وخصائصها السياسي وقدر النضال المجيد و التضحيات التي قدمتها هذه الطبقة من خلال نضالها ضد الانظمة الرجعية وضد قوى الرأسمال الاجنبي من اجل الحرية والديمقراطية والاشتراكية . واعتبر التفكير والتنظيم التحريفي والاصلاحي للحزب الشيوعي العراقي سببا في اخفاقات نضال هذه الطبقة و عدم تحقيق اهدافها القريبة والبعيدة .

عرف البيان (الحزب الشيوعي العراقي) كممثل رسمي واستمرار للتحريفية السوفيتية . ان هذا الحزب الذي اسس اكثر من نصف قرن من العمل لتصفية جوهر الماركسية اللينينية كان وما يزال عاملا رئيسيا لتضليل العمال وعدم انتصار حركتهم ، وهو العائق الحقيقي لانهيار الشعبوية (البوبولستية) والسايات الطبقية والذيلية للانظمة المختلفة للبرجوازية العراقية . لهذا السبب فان

ضرب ارثان اضخاره انتخريبة و مضنع النهج التخليلي لهذا
البتيار سواء على مستوى العراق اوالعالم حقّقت تأخذ المهام
التاليه لرفاق رايه الثورة وجميع الشيوعيين في هذه المرحله .

عرّف البلنوم العراق تحديده رأسماليه خاصة للسلطة
الامبرياليه و عرف تنظامه بالبيروقراطية العسكرية والفاشية،
حيث و في ظل نظام تسهيدا مأن العمال والكادحين بجانب
الاضطهاد والظلم المضاعفين عليهم من قبل هؤلاء الرأسماليين
وشرائح العمل المأجور التاسعه ، يعيشون حياة مأساوية ،
محرومين من ابسط الحقوق القانونية والسياسية ،ويمارس
النظام من خلال الاعتقالات والملاحقات والقتل الجماعي اشرس
سياسة فاشية ،و مستمر في اداة سياساته الفاشية تحت ستار
خلال حملات الإبادة الجماعية والتهجير القسري للشعب الكردي .
رغم يبقى ايضا القرص الديمقراطية للجماهير الكادحه ويحاول
بشتى السبل محو معالمه القومية . لهذا فأن الموقف الثوري
تجاه نظام تسهيدا او اى نظام رأسمالي ليس من تصعيد
النضال الثوري باتجاه اسقاطه وتأسيس الجمهورية الديمقراطية
الشعبية والسير نحو الاشتراكية التي تنهي جميع انواع
الظلم والاضطهاد وعدم المساواة ،وتحقق الحريات الكاملة
للجماهير .

المرحلة الحالية للحرب الرجعية العراقية ـ الايرانية
والظروف الحصيبة التي تمر بها الحركة الثورية للشعب
الكردي طرحت ايضا للدراسة والتحليل وكانت لها مكانة
خاصة في برنامج عمل البلنوم .

ان الحرب العراقية ـ الايرانية الغير العادلة التي اشتدت
حدتها للصالح الامبريالية وبخاصة الامبريالية الأمريكية
و السياسات التوسعية للنظام العنصري العراقي ،وبعد ثمان
سنوات من اراقة الدماء و الدمار والخراب المأساويين
و نتيجة حتمية لتفاقم المشاكل والازمات الاقتصادية
و السياسية والاجتماعية انتهت بوقف اطلاق النار وتشرف على
نهايتها .

ان اشتعال حرب غير عادلة تسهيدا ،وفي وقت كانت على
النقيض من طموحات وارادة النضال والجماهير العراقية ،فان
انهائها بشكل مع مطالبهم وبتقبل خسرتهم ،و يحلل
ارضية مناسبة للنضال الثوري من اجل اسقاط الفاشية و تحقيق
مؤسساته الرأسمالية .

على اساس ضمان الحريات الجماهيرية الكفيلة للعمل النضالي
السلمي .

وفي الختام نحيي البواسل المواقف البطولية لرفاقنا
المحاصرين في زنزانات النظام الفاشي العراقي
كما نحيي ذكرى الشهداء الخالدون (لراية الثورة)
و شهداء طريق الديمقراطية والاشتراكية .

النصر لنضال الجماهير والشادحين من اجل الديمقراطية
و الاشتراكية .
النصر للنضال الثوري للشعب الكردي من اجل
حق تقرير مصيره .
النصر للنهج الثوري لراية الثورة .
مناشت الامبرياليين .
الموت للنظام الفاشي العراقي .
الموت للامبريالية .

راية الثورة

ابريل / ١٩٨٨

هەوالنامەی كتێب

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

بەرەو خاشەپێکردنی شەڕی چینایەتی

بەرەو چەسپاندنی هەمەلایەنەی مارکسیزمی شۆرشگێر

هاوڕێیانی شێلنوشەر

مارکسیزم وەك قەڵەمڕەوی چینایەتی پڕۆلیتاریا و جەنگی شێلگوشانی ئەم چینە شۆرشگێڕە . لە پێناوی ڕێنوێنی کردنی خەباتی شۆرشگێڕانەی دژ بە چینی سەرمایەداری و تێکشکاندنی حکومەتی نەگریس و چەوسێنەری سەرمایە و هەڵتەکاندنی پەیوەندیی یەکانیی بە رەهەم هێنانی سەرمایەداری ، بەمەبەستی ساڕخستنی شۆرشی کرێکاری ، دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی پڕۆلیتاریا ، بڕیارەکانی سۆشیالیزم و گواستنەوە بەرەو کۆمۆنیزم ، هەمیشە لە خەبات و مبارزەدایە لەگەڵ ئەو لێکدانەوە چەوتانەی کە بۆرژوازی و تیۆرزەکانی بە ڕەنگ و ناوی پڕۆلیتاریا بە کانی کۆمەڵ ڕووبەڕووی چەوساندنەوە لە بواری چەوا و چەوسێنەری ئابووری ، سیاسی ، ڕێکخراوەیی و شاماژی بە کەسێتی بوون .

ئەوەی کە مارکسیزم ئەوانی تیۆرزەکانی سۆشیالیزمی خەیاڵی ، وردە بۆرژوازی ، ناسیۆنالیستی و لەبەواری تیۆری دا بەردەوام بووە تیۆری پاڵاوەستی ئەمڕۆ پڕۆلیتاریا وەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ ، ئەوەی وردە بۆرژوازی پاشەی ، لە ناو پڕۆتێستەوەی کرێکارانە وە بە ئامانجی مارکسیزم و لەپێناو ئامانجی سەرەکی شۆڕشگێڕی یە وە ، ئەگەری تێکشکاندنی تیۆری شۆڕشگێڕانەو دەستەوەستان جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کرێکارانی هەڵگەنەد .

ڕێنوێنیزم ، واتای سەرهەڵدانی بیرو بۆچوونی ناپڕۆلیتاری ، لە ڕیزی حیزبی ئاکسیۆن ، سیاسی ، ئابووری ، ڕێکخراوەیی پڕۆلیتاریادا یەکەمجار لە خێتە بردن و لەبری لادانی پڕۆتێستەکانیان ، پێشبینانی ستراتیژی پڕۆلیتاریا و بۆرژوازی ، خاوکردنەوەی ململانێی نێوانیان و چاوپۆشی لە وەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی کرێکاران و پێوچەڵکردنەوەی ئامانجی سۆشیالیزمی کرێکارانەو ... هتو ، ئەم لادان و هەڵگەڕانەوەیە لە مارکسیزم لە سەردەمی دووەم ئینتەرناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاریادا وەك شێوەی تیۆریزەکانی ئابووریستی و ڕیفۆرمیستی ئەوەلایەنی لە لایەك و ئاشناربوون و چەپ ڕەوی لە لایەکی ترەوە ، لە سەردەمی تیۆریزەکردنی وردە بۆرژوازی یەکانداو لە خزمەتی سەرمایەداری چەپەڵی دایان ناون

ئەوەتا ئاشکرە مارکسیزمی شۆرشگێر ، لەهەڵ و مەرجی دنیای سەرمایەداری گەشەکردووداو لە گەرمەی جەنگی ڕزیم و ئالاڵاری ئیمپریالیستەکاندا ، لەلایەن (لینین) وەگەشەی پێدراو پوو بە ئالای دژایەتی ڕەخنەیی و پڕای ڕێنوێنی خەباتی کرێکاران ، لەزەمینەی واقیعی خەباتدا لە سەرەکی تێکۆشانی شۆرشگێرانەدراو پوو یەکەم جار لە ڕووسیادا دەسەلاتی سیاسی کە پێکەدەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان (کەمپین پاشدان شۆڕش ڕووی لە شکستکرد وچارەسەڵی دیکە شێوەی خەبات و تێکۆشانی کرێکاران کە وەکوو خزمەتی پەرەسەندی چینایەتی پڕۆلیتاری) ، هەروەها لە سەردەمی ئەڵمانیا و ... تا ئیستاش ڕێنوێنیزمی ڕاست و چەپ ... لە چەندین بەرگە و شێوازداو لەتەواوی وڵاتانی جیهاندا ، پڕۆتێستانتی تیۆری مارکسیزم و بەرەو ئەوەی لە گەڵ خەستی کارەکانی خەباتی پڕۆلیتاریا ، لەهەوڵی پێوچەڵ نەدایە .

ئەمڕۆ ، ڕێنوێنیزم وەك دیاردەی جیهانی لە سەرەتای پێکهاتنی وەی کرێکاراتی جیهان دا بە شێوەی چەواو چەپ بوونی هەبەو ڕێنوێنیزمی هاوچەرخی ڕووسی و وڵاتانی سەرکامیەهاوڕیان لەگەڵ ڕێنوێنیزمی (چینی ، ئوروکۆمۆنیزم ، سۆشیال دیموکرات ، تروتسکیزم .....) ، پێوەندەی لەگەڵ خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکاران و پێوەندەوە کەبان لە خزمەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دا دانساوە .

شۆرشگێڕو ڕەنجدێنەرەکانی جیهاد و بەرهەڵستی چینایەتی جیهانی، بۆ ئەوەی ئاڵای شۆرشی چینایەتی پڕ شکۆدار بەرز ڕابگرن و بەرەو پێشەوە ببەن، پێویستە بە دوژمنانی چینایەتی پڕ ڕۆڵەی پرۆلیتاریا و هەموو زەحمەتکێشانی جیهان، بە دوژمنانی ئاڵای شۆرش، بە دوژمنانی مارکسیزم-لینینیزم، بە دوژمنانی ئاڵای شۆرشگێڕ، بە دوژمنانی ئاڵای ئەنتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاری، بە دوژمنانی ئاڵای کۆمۆنیزم، بە دوژمنانی ئاڵای شۆرشگێڕ، بە دوژمنانی ئاڵای شۆرش، بە دوژمنانی ئاڵای شۆرش.

ئاڵای شۆرش

کۆمیتەی ناوەندی

سێپتەمبەری ١٩٨٨

هەوالنامەی گەنج

یەكگرتووی هاوبەشی كوردستان
١٩٨٦/١١/٢

لەروژی ١٩٨٦/١١/٧ دا وەفدی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق بە سەروكایەتی هەڤاڵ ادریس بارزانی و وەفدی بەكێتی نیشتمانی كوردستان بە سەروكایەتی هەڤاڵ ماموستا كوبوندەوەی هاوبەشیان كرد بو جارەسەركردنی كێشەی نێوانیان و دارشتنی بنچینەو ریز شوبنی پەیوەندی دوستانەو هاوكاری نێوانیان روو لە كوكردنەوەو بەكگرتنی هەموهێزو توانای گەل و وولاتەكەمان بو روبەڕوبونەوەی رژیمی بەعسی عەنفەلەتی لە عیراق دا و مسوگەر كردنی ماف و رەوا كانی گەلەكەمان .

هەواندارێكردنی كۆماری ئیسلامی ئێران لە هەردوو وەفدەكە و پشتیوانی كردنی لە بەكێتی هێزە شۆرشگێرەكانی گەلەكەمان و خوشحالی وەدوری ئیجابیان لە پەیكاتنی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق و بەكێتی نیشتمانی كوردستان مایەی سوپاس و ریز لێنانە .

لەم كوبونەوەگرنگەدا وەفدی هەردوولا بەگیانی بەرزی هەستكردن بە مەسئولیەت و بە راشكاوی لە هەموو لە گرنگەكانی كوردستان و عیراق و ناوچەكە دوان و بڕیار لە هەموویان بەوپەڕی بەكگرتنی هێزە شۆرشگێرەكانی كوردستانی ـ عیراق و پەیكەیناتی بەرەی نیشتمانی فراوانی عیراق و كونابی هێنان بە جەنگی ناوەخۆی عیراق دژی كۆماری ئیسلامی ئێران بە روخاندنی رژیمی فاشی عیراق و ئەركەكانی ئەمریكا و ماڵی رەوای گەلی كورد .

لە ئەنجامی گفتوگۆی برایانەو دڵسۆزانەدا پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق و بەكێتی نیشتمانی كوردستان پێكهاتن لەسەر :

١ـ هەوڵی نەوا و بەردەوام بو بەگژ هێنانی هەموو توانای هەر دولا بەرەو روخاندنی رژیمی بەعسی عەنفەلەتی عیراق .

٢ـ ناچین كردنی ئازادی چالاكی سیاسی و عەسكەری و ڕێكخراوەیی هەردولا لە هەموو ناوچەكانی كوردستانی عیراق بو گەشە پێدانی جەماوەر .

٣ـ وەستاندنی چالاكی راگەیاندنی هەردولا لە دژی یەكتر و چە چالاكی راستەوخو بێت یا ناراستەوخو .

٤ـ ڕێگە گرتن لەشەڕی براكوژی و حەرام كردنی .

هەروەها ڕێكەوتنێكی هەمەلایەنەی سیاسی و عەسكەری و ئیعلامی دور قولی مور كراوكۆمیتەیەكی پەرز لەسەركردایەتی هەردو لا دیاری كرا بو ئاسانی ڕی و ڕەوتی جێبەجێ كردنی ڕێكەوتنەكەو گەشە پێدانی پەیوەندی نێوانیان .

جەماوەری خەڵكی كوردستان

تێكۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەكان

گەلەر ئاكركی ئاوجوانەڕەی ژگاریخوازانەی گەلەكەمان بەگشتی و گیشەو ئاكركی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق و بەكێتی نیشتمانی كوردستان بە تایبەتی هێزەكانی كاریگەرو كۆسپێكی گەورە بو لە ڕێگەی گەشە كردن و بو پێشەوە چونی جوڵانەوەی گەلەكەمان . لە ڕێگەی كۆكردنەوەو بەگژ هێنانی هەمو هەرە فراوانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان پێكهاتن و هاوكارەیان پاپەڕێكی گرنگ و هێژەواری كاریگەر لەو بوارەدا ئەنجامدەو . دوست و

هەوڵێنەوەی كتێب

دوژمنەکانی گەلەکەمان ئەجولینی بوبـــە بەیەک دەنگ داوا لە کومەلانی خەلك و لایەنـــە سیاسیەکان و تیکوعەرو پیشمەرگە قارەمانەکان ئەکەین کە دلسوزانە و هوشیارانە پشتیوانی لەسەرکەوتنی ئەم ریکەوتنە بکەن و وریای پیلان و دەسی تیوەردانی دوژمنان بـــن •

بۆرتی دیموکراتی کوردستان ـ عیـــراق

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٨٦/١١/٢

هەولّامەی کتێب

ئاڵای شۆڕش
لیژنەی سەرپەرشتی
بەشی پۆشنبیری و ڕاگەیاندن

هەواڵنامە

ژمارە ١ — کانونی یەکەمی ١٩٨٥

کرێکاران ٠٠ زەحمەتکیشان ٠٠
پێشمەرگە قارەمانەکان ٠٠
هاوواڵتیانی نیشتمان ٠٠

بە جارێکی تر سەرانی (پەنك) بەلاماری ڕۆژە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان ئیدانەوە و ئیانکەنە بارمتەی سازشو سەرداکاریەکانیان ،ئەمجارەشیان لەسەرزەمینی بژ ڕژێم دوبیات ئەکەنەوە و بڕوسکەی پاکسازی کردنی (ئاڵای شۆڕش)لەسەر بێ سیمی شوانەوە (جەهازی لاسلکی م٠س ی پەنك) پێشکەشی بێ سیمی سەرەد ئەکەن (جەهازی لاسلکی مخابەراتی فەیلەقی یەك لە کەرکوك ٠) ٠

لێرەشدا چەند هەواڵنیك ڕادەگەینین

١) لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٢٣ (م٠س)ی (پەنك) نێزیکی گەورەی نارد ناوچەی قەرەداغ ٠ ئەم هێزە لە لایەن شەخسی جەلال حسامالدین (سکرتێری پەنك)وە سەرپەرشتی ئەکرا و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەویش بەرەبەیانی ١٩٨٥/١١/٢ بەلاماری مقەر و مالی هاوڕێی نیشتمان کاك مەلا بەختیار لە گوندی (تەکیە) دا و فەرمانی شەهید کردنی بە لێپرسراوێکی گوێان لێبکرا و سپێرد ڕابوو بەڵام بە هاوکاری چەند کەسێکی بە ویژدان و وەفادار ی ناو ڕێزەری هاوڕێیانی ئێمە پیلانە گڵاوەکەی سەرانی (پەنك) هەڵوەشایەوە وهاوڕێ مەلا بەختیار و مامۆستا پشکۆ بەدیلی بۆ لای جەلال حسامالدین بران ٠

٢) پاشدیل کردنی هاوڕێ مەلا بەختیار و مامۆستا پشکۆ و مامۆستا عیماد و هاوڕێ ناسۆ علی ،چەکدارەکانی (پەنك) بە فەرمانی چەند لێپرسراوێکی گوێان

لێدرا وهەرچی یەك لە مالّ و مقەرەكەدا بوو هەر لە ٦ تاك پازنی هاوڕێ ڕوناكبیر براڕای شەهید شەهابەوە و (١٥٠) دیناری گیرفانی و دووبین و جل و بەرگەوە تا دەگاتە كەل و پەلی كەم نرخی وەك ئوتبار و پەڕە و... هتد بەتالان برد.

٣) لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١دا هێزێكی (پنك) بە فەرمانی م.س پەلاماری مقەرەكەی هاوڕێی تێكۆشەرمان تاك شێخ علی دا و خۆی و پێشمەرگەكانی مقەرەكەیان دیل كرد. شایەنی باسە بنەماڵەی هاوڕێی ناوبراو تا ئێستا خاوەنی حەوت شەهیدن، هەر لە هەمان ئێوارەدا بە فەرمانی ناوەندی كۆمەڵەی ڕەنجدەران مقەرەكەیان تالان كرد.

٤) لە ئێوەرۆی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ دا هێزەكەی بنا وچەی قەرەداغ پەلاماری (٣٣) هاوڕێی پێشمەرگەیان دا و دارای چەكەكانیان كردن و هەڕەشەی ئەوەیان لێكردن ئەگەر چەكەكانیان دانەنین، هاوڕێ مەلا بەختیار شەهید ئەكەن. پێشمەرگەكانمان كە بە گیانی دژایەتی و گۆڕكردنی شەڕی براكوژی گوشداران و بۆ ڕزگار كردنی گیانی هاوڕێ مەلا بەختیار چەكەكانیان دانا، پاشان چەند لێپرسراوێكی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی ئەو هێزە نامەردانە چەكەكانیان شەدزن و فاشیانە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەكەن.

٥) لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ ئەم هاوڕێ قارەمانانەمان توانیان لە دەست هێزەكەی پنك دەربازبن و خۆیان بگەیننە بنكەكان (ئاسۆ عزیز كادری سیاسی، ئەحمەد پێشەنامر دەرت، عەریف كەریم ئامر مەفرەزە و چەند پێشمەرگەیەكی تر. هەر ئەو ڕۆژە چەند ارەكانی پنك ئەوتنە گەران و پشكنینی ماڵەكانی گوندی (نەوتی و ئاوایی حەمەی كەرم، باخچە، شەمەو وێلەكە) بە دوای ئەو هاوڕیانەماندا، بەڵێنیەكی ناشرینی ئەوتن كە دانیشتوان بێزاری و نارەزایی دەربڕن و ناوی (قوات خاصەی صەدام) بە سەر ئەو چەكدارانەدا دابڕێن.

٦) لە شەوی ١٩٨٥/١١/٣ دا ئامر مەفرەزەی ئەرتی سجنی معلبەندی یەكێ(پنك)هاوڕێ عبدالله تەپل و ٧ پێشمەرگەی قارەمانی تر سجنەكەیان شكاند و ٦ هاوڕێی دیلمانیان بە بێ ئەخشەیەكی ژیرانەو قارەمانانە دەربازكرد و گەیاندیانە بنكەكانمان.

٧) ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١٩ چەكدارەكانی (پنك)لە گوندی زلزلەی دڵسی

گەلاڵ بۆسەیەتی نامەردانەیان بۆ چەند هاوڕێیەكمان دانا و گوللەبارانیان كردن لە ئەنجامدا دوو هاوڕێمان بریندار بوون بەكێكیان بە دیل گیرا .

٨) لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩٨٥/١١/٢٠ چەكدارەكانی(پنك)لە گوندی سلێمانەی دوڵی گەلاڵ پەلاماری ژمارەیەك پێشمەرگەی تریان داین و دریندانە بە نارەجی و چەكی سوك زوریەی مالەكانیان داگرتەوە و لە ئەنجامدا هاوڕێی قارەمانمان (مستەفا شێخەلماریفی ـ هەڵۆ) بە بریندارێی دیل گرا و هەروەك عادەت و سروشتی نامرۆڤانەی هەمیشەیی یان ئەم جارەشدەستیان بە جۆرێك دیلی بێچەك سوور كردەوە و شەهید یان كرد . پێشمەرگەیەكی تریشمان بە سوكی بریندار بوو . هەزاران سڵاو بۆ گیانی شەهید هەڵۆ ،مردن و سەرشۆڕی بۆ دیل كۆڕەكان.

٩) لە رۆژی ١٩٨٥/١١/٢٨دا (٢٦) پێشمەرگەی تێكۆشەرمان لەگەڵ هاوڕێ حەیدەر عبدالله ئامرەفرەزە جوان گەیاندە بنكەكانمان .

١٠) ژمارەیەكی تر لە هاوڕیانی تێكۆشەرمان لە ناوچەكانی گەرمیان و قەرەداغ بە فەرماندەیی هاوڕێ جەمالە رەشرو ئازاد فەقێ عەلی لە چنگەڵە پیلانی سەرانی(پنك)دەربازبوون و شان بەشانی دەیان هاوڕێی تریان لە ناوچەكانی دەشتی هەولێر و بەمۆ و شارەزوور بەردەوامن لەسەر چالاكی شۆرشگێرانەی دژ بە رژێمی فاشی .

١١) لە پاش دەستپێكردنەوەی هێرشەكەی(پنك)بۆ سەر هاوڕیان لە ناوچەی قەرەداغ و دوڵێ و هەوڵێر ژمارەیەكی زۆر لە هاوڕیانی پێشمەرگەوكادرانی سەكرێمان گەیشتنە بنكەكان لە نێویاندا هاوڕێیان قەرەمیدێن حەمەسالح ـ سەرتیپ ،جەلال محمد محی الدین ـ سەرتیپ، جەمال محمد ـ سەرتیپ بەختیار محمد ـ ئامێرفرت ،شێخ فاضل ـ ئامێرفرت ،شێخ محمد ـ ئامێرفرت شەهاب محمد ـ ئامێرفرت ،حاجی رزگار ـ ئامێرفرت، ئەبەز ئەحمەد ـ ئامێرفرت ئامۆ حەدر ـ ئامێرفرت، رەزا عبدالله ئامرەفرەزە ،كامەران حەمەعلی ئامرەفرەزە جەلال علی ئامرەفرەزە ،رزگار كەریم ئامرەفرەزە .

١٢) هەر پاش نەوتانەی سەرانی پنك|كادرانی پێشكەوتووی هاوڕیان (مامۆستا عیماد و ئاسۆ علی و مامۆستا كەریم عوسمان و مەلا یاسین و دكتور قسادر) خۆیان دەرباز كرد و گەیشتنە بنكەكانمان .

١٣) شایەنی باسە لە هاوڕێ حاجی مەولود کادری پێشکەوتووەوە تا کادرانی خوار دەستی هەولێر و خوشناوەتی و بالەیان لەوانە هاوڕێیان (مەهدی کاوانی ، هێدی ، فرهاد کاوانی ، وریا قادر ، وەرزێر ، حولە ، دڵشاد ، گۆران) لە میان پێشمەرگەی قارەمانی ترمان لەگەل کادرانی عەسکەریمان هاوڕێ شێخ حسین نامر دەرت و هاوری شوانە رەش نامرکەرت و ١٤ پێشمەرگەی قارەمانی تر پەیوەندیش بە دەستەڕێزیەکەی قەرەداغ ، فەرمانی گرتن و لەناوبردنیان دەرکرابوو ، ئەوانیش خۆیان دەرباز کرد و گەیشتە بنکەکانمان .

١٤) لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا ، هاوڕێیانی ئەرتی دووی سەرنەبین فەرماندەیی هاوڕێ یاسین کاوانی بە گشتی چەکەتانیانەوە گەیشتە بنکەکانمان لە ناوچەی بارزان لە ناپاندا ئەم هاوڕێیانە (یاسین کاوانی نامرکەرت ، زرار مەلا کچکە ج نامرکەرت ، ئەسعەد نامرەفرەزە ، دلێر نامرەفرەزە ، جەلال نامرەفرەزە ، شۆڕشی کادری سیاسی ، عزە نامرەفرەزە ، عزەت کادری سیاسی) و ١٥ پێشمەرگەی قارەمان .

١٥) لەناپەدا دوو هاوڕێی پێشکەستنی شاری هەولێر مامۆستا ئەسعەد وە هاوڕێ وەهاب بۆ ئەنجامدانی کاری پێکخستن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ئالای شۆڕش چوونە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر ، لەنێوان گوندی (دارەتوو و باخەرە) ئەکەونە بۆسەی جاشە خائینەکانی جەبار جەمیل ، پاشنەوەی زانیاریانە هاوڕێکانی ئالای شۆڕشن ، بەتاوانی دژایەتی جەلال تالەبانی !! شەهید یکردن (هەر وەك تاوانبار پێش شەهید کردن پێی ووتبوون) . پاشمن ڕۆژ لاشەکانیان لەسەر جادەی نزیك هەولێر دۆزراوەتەوە . هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکیان سەرشۆڕی بۆ خوێنڕۆشان .

١٦) ڕۆژی ١٥/١١/١٩٨٥ چەکدارەکانی (پێنك) سەرتیپی قارەمان ئاك نەبەزیان چەك کرد و ڕاپێچی زیندانیان کرد تەنیا بەتاوانی هاوڕێیەتی هاوڕیانی ئالای شۆڕش و گیان لێ کردن . هەر بەهەمان شێوەت جێگری سەرتیپ ئاك بابەسا ناهیرو مەفرەزەیان چەك کرد وە . شایەنی باسە بەهۆی تێکۆشانی ئاك بابا ناهیرەوە ماوەیەك ٢ برای بێ تاوانی لە زیندانەکانی ڕژێمدا بێ سەروشوێن .

ئەی هەموو ئازادیخوازانی دنیا ...

ئەم ئاوانەی سەرانی (ینك)بەشێكن لەو ئاوانانەی لەماوەی سالّە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی كورد و بزووتنەوەی دیموكراتی وشۆرشگێرانەی عێراق ئەیكات. بەڵام پەتی دیكتاتۆریەت و تۆقاندن كورتە و ئاوانەكان بەو كەسە ناچیتە سەر، هەر بۆیە زەمەن بەری لێگرت و ئای لەرازو بەڵای هێزە پێشكەوتووەكانی خۆیەتی ئێستا ئەوەتا سیاسەتی نیرهاب و پێشێل كردنی ئازادی دیموكراتی لەلایەن سەرانی (ینك)مەوزەحێكی وای بۆ داخستون لەناو پێشمەرگەو جەماوەرا حەقیقەتی خستەڕوو و هەڵی تەكاند ون و د وچاری وەزعێكی نالەباری تەوتۆی كردون كەرس و ڕارایی بۆی نێكردون و دەستەپاچەو بێ دەرەتان ماونەتەوە و بێ هیوایی بانی پەسەرا دێشاون.

ئەی حەڵكی بەشەرەف و ئازادیخوازی كوردستان..

دەنگتان بەرزبكەنەوە و پرسیار لە سەرانی (ینك) بكەن، تاوانی ئەو هاوڕێیانەمان كە نێستا دیلی دۆزمنانی ئازادی و دیموكراسین چییە؟ ئەو هاوڕێیانەی هەر هەمان ئەو فەرمانانە نین كە لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێدا گەلەكەمانەوە حیباتەكەن؟

ئەرەزایی خۆتان بەرامبەر سەرانی (ینك) دەربڕن كە چۆن ئەو هاوڕێیانەیان لە پەندیخانەكانیاندا شارد ۆتەوە و وەك فاشستەكان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەكەن

ئەی هاوڕێیانی ئالای شۆڕش كە تا ئێستا لەناو هێزەكانی (ینك)دا ماونەتەوە.. ئاری شۆڕشگێڕانەی خۆتان دڕێژە پێبدەن، هوشیار بن ئەوەی جەماوەر و لێدانی زەبری ئوشدەتر لە فاشستەكانی بەغدا بكەنە ئەركی سەرەكیتان و دڕوشمی ڕوخاندنی فاشستەكان بچەسپێنن و لە پێناوی دامەزراندنی حكومەتی دیموكراتی شۆڕشگێڕدا حیباتتان بەتینتر كەن. پەردەش لەسەر دڕۆی دەلەسە و پووتانەكانی سەرانی (ینك) دەرحەق ئالای شۆڕش و هاوڕێ دێلەكانمان لا بدەن و سیاسەتە دیماگۆگیەكانیان پووچەڵ بكەنەوە.

نەی پێشمەرگە نەبەزەكان ..
هاوڕێیانی تێكۆشەر ..

دژی شەڕی ناوخۆ بوەستن و فەرمانی بازرگانەكانی ئەم شەڕە رەتكەنەوە .
تێبكۆشن لە پێناوی پەرەپێدانی هاوكاری و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو هێزانەی
حەبات ئەمن بو پرۆخانندنی ڕژێم و چەسپاندنی گیانی دیموكراسی و ئازادی
سیاسی و پێشمەرگایەتی و گێڕكردنی شەڕی ناڕەوا و بێ هودەی زمرەمەندی ناوخۆ
لە ساحەی كورد ستان و سەرانسەری عیراقدا .

مردن و سەرسۆڕی بۆ جۆش و خرۆشد مرانی شەڕی ناوخۆ

شەكاوە بێ ئالای كرێكاران و زەحمەتكێشان
سەرئەتوو بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەكەمان

هەوالنامەی كتێب

ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و پێشمەرگەیی
کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ دێنێ

هەوالّنامەی کتێب

هەوالّنامەی کتێب

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

یەکی ئایار رۆژێکی پێشکەوتنی خەباتی چینایەتی کرێکارانی جیهانە

سکاران ..... زەحمەتکێشان

ئەمرۆ ، سەدو سێ سال بەسەر رووداوێك دا تێپەر دەبێ ، کە بۆ تەواوی کرێکاران لە سەرتاسەری جیهاندا گرنگی و بایەخێکی تایبەتی هەیە .

شیکاگو ، لە یەکی ئایاری سالی ١٨٨٦ دا ، مەیدانی خەباتێکی سەخت و تاشکرای کرێکارانی ماندوو بو لە دژی سەرمایەدارە سود پەرستەکان .. کرێکارانی ئەمەریکایی لەم رۆژە دا هەموو یەك دل و یەك ئامانج بۆ وەدیهێنانی خواستێکی هەق خوازانە و پێشێل کراو ، شەبۆلی دەریا ئاسا رووبەرووی سەرمایەداران بونەوە ، ئەم رۆژە ، بووە سەرەتای خەباتێکی سەختی کرێکاران و بێ راوەستان تاکو ئیستاش هەر بەردەوامە وە تا سەرکەوتنی یەکجارەکی پرولیتاریا و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری نرێژەی دەبێ .

خەباتی کرێکارانی ئەمەریکا لە دژی باسای چەوسێنەرانەی سەرمایەداران و بۆ بەدەست هێنانی لایەنی کەمی داواکاریەکانیان وەك ماندێکی سەرەتایی ، خاوەن کارەکانیان ناچار بە ملبان و دان نان بەو ماناتە دا کرد ، وەدیهێنانی ئەم داواکاریانە رۆلی چینێ کرێکاری لەسەر ئاستی رووداوەکانی داهاتووی جیهان دا بەو پەری رووناکی ئاشکرایی نیشان دا ، ئەگەر چی ئێستاش کرێکارە شیکاگویی یەکان لەو رۆژە دا و بە بەلاتی پولیسی سەرمایەداران بە ئیعدام کردنی چەند سەرکردەی کرێکاری کوتایی پی هات . بەلام خودی هاتنە مەیدانی یەکگرتوانەی کرێکاران و هێنانە بنەوەی خواستی ئەو جێنەو ریز بەستنی و مانگرتن و خوپیشاندانی بە کۆمەل و ریکخراو ، ئەو چڕوپڕیە ئیجگار قورسە بوو ، کە بۆ چەوسێنەرانی ئەمەریکایی وەك نوێنەرانی بەشێك لە سەرمایەدارانی جیهان نیشان دەری سەردەمێکی تاریك و پر ترس بوو کە دەیوا بە ئیعدام و گوللە وەلام بدرێتەوە و خوێنی کرێکاران تێکەل بەخاك بکرێت ...

لەگەل ئەم رووبەرروو بوونەوە و محشا ئەیەش دا سەرمایەداران و پاریزەرانی دەسەلاتەکەی هێشتا نەیان توانی ڕێگا لەخەباتی کرێکارانی شیکاگو بگرن ، ئاوەهاش چەساندنی ئەم ماناتە بووبە سەرمەشقی خەباتێکی توندو تیژوو دڕێژ خایەن کە سەرەنجامەکەی رووخاندنی دەسەلاتی سەرمایەداران دەبێ .

یەکی ئایار ، لەسەرانسەری جیهان دا ، یاد هێنەرەوەی ئەو رۆژە مەزنەیە کە چەند سال دوای ئیعدام کردنی ڕێبەرانی ، لەسالی ١٨٨٩ دا و لە کونگرەی جیهانیی کۆمەنیستەکان لەپاریس ، وەك رۆژێکی بەرۆزوو نەمر کرایە جەژنی کرێکارانی جیهان لە یەکی ئایار دا کرێکاران توانیان بە هێزی یەکگرتووی خۆیان ئەوە بە دۆزمنە چینایەتیەکانیان بسەلمێنن کە چی دێکە ئامادە نین بە ژیانی مەمرە و مەژی و کاری تاقەت پرووکێن قایل ببن و ، ئامادە نین بەپی خواستی چەوسێنەران تا ئاستی مەرگ رۆژەو توانا و گیانی هەلگیان وەگەر خەن .. ئامادە نین بێ ریکخراو بن و لەبەرامبەر هەزاران هەزار دەزگا و دادگای بورژواکان دابێ یەکگرتنەهاوبەشتی و پەل بمترا و بن بەلام ئەگەر ڕەوتی ڕوو لەگەشەو ئایندەی ملمانێی کرێکاران و سەرمایەداران ،

رابەرە لادەرو خیانەتكارە بەناو ماركسستانە بووە كە لە ریزەكانی خەباتی كرێكارانا رەوتی ئەم تەكوشانەیان لەقازانجی چینەكی تر دا وەگەر خستووە • هەر لەخیانەتی زۆریەی ئەندامانی نهو نەتەوەیی دووەم لەسەر دەستی هەندی لەرابەرە لادەرەكانی وەك كاوتسكی دابێ بەسازش كەشانی بزوتنەوەی كرێكاری و خاو كردنەوەی ململانێی چینایەتی و دانە پالی سەرمایەدارانی " ناوخۆ " و دەولەتەكانیان لەژیر پەردەی " بەرگری لەنیشتمان دا " ، تا دەگاتە خیانەتی ریفیزیۆنستەكانی هاوچەرخ لەسەرتاسەری جیهانی ئەمرۆ دا •

ئەگەر بزوتنەوەی كرێكاری شۆرشگێڕی ئەوساو بەرابەری لینینی مەزن لە خەباتكردنی دا لە دژی سەرمایەداری و ریفیزیۆنیستە جۆراوجۆرەكانی ئەو كاتەی نهێ بزوتنەوەی كرێكاری ناوی ماركسیزمی شۆرشگێری لەو بزوتنەوە رانەكال ـ سوسیالیستانە نابێ كە مەرز بەندیان لەگەڵ بزوتنەوە سازش كارو ریفۆرمیستەكەی ئەو سەردەمە كردبوو • ئەوا ئەمڕۆش بزوتنەوەی ماركسیزمی شۆرشگێڕ واتە (ماركسیزم ـ لینینزمی سەردەمی بالا دەستی ریفیزیۆنزمی هاوچەرخ) ئەو بزوتنەوە شۆرشگێرانەیە كەسەر سەختانە خەباتدەكات لە دژی سەرمایەداری و ریفزیۆنیستە هاوچەرخەكان كە سوفیەت لەپاش مەرگی لینین و شكستی شۆرشی ئوكتوبەر بڕۆتە بنكەبی و بە هەموو شێوەیەك بزوتنەوەی كرێكارانیان كردۆتە قوربانی بەرژەوەندی یەكێتی نیمپریالیستی خۆیان لەملمڵانێیان دا لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژ ئاوا و وولاتانی تری سەرمایەداری جیهان دا •

ماركسیستە شۆرشگێڕەكان نیسانەوە ئالای ماركسیزم و ئایدولوجی كۆمونیستی و كرێكاری بەرز ئەكەنەوە و لەسەر خستن و گەشە پیدانەوەی دا بە گیانی لینینیانەوە. لە پێناوی پێكەوەنانی ناوەندیكی ئەنتەرناسیونالستی نوێی پرولیتاریادا تیدەكوشن

یەكێ ئایار جەژنی كرێكارانی جیهانە.....

كرێكارانی عیراقیش خاوەنی ئەم جەژنەن •

یەكێ ئایار بانگەوازە بۆ هاوپشتی و یەكگرتویی كرێكاران بۆ وەدەستهێنانی خواستەكی سەرەتایی • بۆ ریكخراوبوون و راوەستانی پێشەو لەبەرامبەر سەرمایەداری جیهانی دا • لەكاتێك دا رژێمی سەرمایەداری و فاشستی عیراق بۆ پاراستنی دەسەلاتی رەشی كۆنەپەرستانە ترین و رەگەزپەرستانە ترین دیكتاتوری بەسەر كۆمەلانی خەڵك دا سەپاندووە • كاتێك ئەم رژێمە بۆ هێشتنەوەی دەسەلاتی چەوسێنەران لە خوێنهەڵڕشتن و گیرفان پر كردنی سەرمایەداران دا ئامادەیە نامرۆڤانە ترین وهەمیانە ترین تاوان لە ئەستۆ بگرێت ... لە ریگای دیكتاتوریەتیكی فاشستی پەوە هەر رۆژە باجی ژیان و هەناسەدان لەسەر كرێكاران و زەحمەتكێشان گرانتر دەبێ • پاش ئەوەی لەشەڕێكی كۆنەپەرستانە و نارەوا دا گیان و مالی هاوچەنەكانمانی خستبوبە مەترسی یەكی كوشندەوە ، ئیستا ، كرێكاراصی عیراق لەپاش ئەم جەنگە وهەمیانەیە كەسەرەرای پر كردنی گەرووی سەدان و هەزاران توپ و بەكوشت دانیان لەشەڕیك دا كە هیچ بەرژەوەندییەكیانی تیدا نەبوو • سەرە رای برسی بوون و ، ئاوارە بوون و ، دەیان سەدان كوێرە وەری و مالوێرانی دیكە ، ((هیستا بزوتنەوەی كۆمونیستی پەرت و بلاوو لاوازە ئەویش بە هوی زال بوونی سیاسەتی ریفیزیۆنیستی ـ ریفورمیستی باوی نێو بزوتنەوەكە لەسەر دەستی نوێنەرانی ریفیزیۆنزمی هاوچەرخ دا كە جمع نوێنەری كلاسیكی و رەسمیەتی)) •

ئیستا و لەپاش وەستانی جەنگی عیراق ـ ئیران جەنگێكی تر بە درندانەترین شێوە لە كوردستان دا هەروا دژبەژەی هەیە و رۆژ بەرۆژ تاوان و كارەساتی فاشستانە دژی ئەم بزوتنەوە شۆرشگێرانەیە لەپەرەسەندن دایە ، راگواستن ، وێران كردنی چەندین شار و شارۆچكە دەست بەسەركردنی هەزاران كەس لەوانەی لەماوەی " لەبوردنە گشتی یەكەی " رژێم دا گەراونەتەوە لە ئوردوگا تەلیەتد كراوەكان دا و تەنگ

بویە لەم هەل و مەرجە دا یەكگرتن و پێكهێنانی پارتی پێشرەوی كرێكاران ئەركی گرنگو ئەلقەی ناوەندی خەباتی ئەو ماركسیستە شۆرشگێڕانەیە كەسەرسەختانە دژایەتی سەرمایەداری و ریفزیۆنیزمی هاوچەرخ دەكەن . وەلەئاستانەی نەبوونی ئەم حیزبە پێشرەوە دایە لە گورەپانی خەباتی سیاسی و ئاشكرای " ئوپۆزسیۆنی عیراقی و كوردستانی دا " یە كە كەسانێك لە زێر ناوی داكوكی كردن لە كرێكاران و بزوتنەوەی كوردستان دا داوا لە دەزگا ئیمپریالیستەكان دەكەن تاكو كێشەو ئەنگو چەلەمەكانی ناوخوی عیراق و كوردستان " چارەسەر بكەن " ، ئەوە تەنیا ناسیونالستە خیانەتكارەكانن كە دەیانەوێ لەبەرە بەیانی وەستانی جەنگدا دەستكەوتی تاقەگەری و تەسكی حیزبایەتی بو خویان وەدەست بهێنن و خوینی بەناهەق رژاوی هەزاران كەس بكەنە داردەستێ پەرینەوەیان و وەرگرتنی پلەو پایەو ، بەشداری كردن لەدەزگاكانی دەسەلات داریەتی بەعس دا . ماركسیستە شۆرشگێڕەكان لەهەلو مەرجی دوای وەستانی جەنگدا ، زیاتر لە جاران لەسەر بەدیهێنانی ئروشمە ستراتیجیەكان پێ دادەگرن و بەبەدەستەوە گرتنی سیاسەت و تاكتیكی گونجاو لەخەبات كردن دا هەنگاوی محكەمتر دەنین ، بو ڕێكخستنی جەماوەری ملیونی كرێكاران و زەحمەتكیشانی عیراق لەپارتی سەربەخوی كرێكاران دا ، بو خەبات كردن دژی بەعسیەكان و ڕووخاندنی دەسەلاتی فاشیانەیان بەئەركی سەرەكی و بێ ئەملاو ئەولای خوبان دەزانن ، ئەنكوشان بۆ رابەری كردنی بزوتنەوەی شۆرشگێڕانەی كوردستان لە خەباتی هەق خوازانەی گەلی كورد دا تا وەدیهێنانی مافی چارەنوس .

ڕوەو بەدەستەوە گرتنی ئەو چەكە هەرە پێویستە هەنگاو بنێین كە دەتوانی بەكێتی ئایار ، بكاتە جەژنی رابەرین و شۆرش ، جەژنی هەلگیرسانی ئالای سور ، جەژنی سەركەوتنی بەكبارەی كرێكاران ، جەژنی یەكگرتویی چەوساوەكان ، جەژنی ئەنتەرناسیونالستی كومونستی .

* سەرنگون بێ رژیمی سەرمایەداری ئاشتی عیراق .
* شەكاوە بێ ئالای شۆرشی كرێكاران لە سەرانسەری جیهان دا .
* پیرۆز بێت ڕۆژی یەكی ئایار
* بژی ئازادی بژی سوسیالیزم

ئالای شۆرش
ئادەر
ای ئاداری ۱۹۸۹









پاشکۆی وێنەکان

هەوالنامەی کتێب

پلنیۆم دووەم خواکورک

پلنیۆم -دووەم خواکورک- عادل

عادل-پلنیۆمی دووەم ئاڵای شۆڕش-حواكورك١٩٨٧

عادل-سلام عبدالله حواكورك ١٩٨٧

عادل رفیق-١٩٦٩



شەهید یاسین محمدحسن-١٩٧٥

شەهیدان-نریمان مستی- محمدرشید وفیق دانشگای بەغداد ١٩٧٤

عادل-پلنیۆم دووەم

عادل-پلنیۆمی دووەم ئالّای شۆرش-خواکورک۱۹۸۷

عادل-پلنیۆمی دووەم خواکورک-۱۹۸۷

عادل-پلنیۆمی دووەم ئاڵای شۆرش-خواکورک۱۹۸۷

عادل-سلام عبدالله خواکورک ۱۹۸۷

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆرش ..... عادل رەفیق

عادل-عماد-روناک جناب-مەمۆ-- سلام -حەمەئاوات -حیدر

عماداحمد-عادل-خواکورک-۱۹۸۷

عماداحمد-عادل-خواکورک-۱۹۸۷

کامران-کاردۆ-عادل-وەرزێر خواکورک ۱۹۸۷

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆرش ..... عادل رەفیق

مامۆستا معروف خزندار و شەهید محمد رشیدرفیق یرام١٩٧٤

پلنیۆمی دووەم ١٩٨٧ خواكورك

پلنیۆمی دووەم ١٩٨٧ خواكورك



پلنیۆمی دووەم ١٩٨٧ خواكورك

تاران-١٩٨٦-حاكم سردار-جمال محمد خواكرم-دكتۆر قادر- -عادل

تاران-١٩٨٦-حاكم سردار-جمال محمد خواكرم-دكتۆر قادر- -عادل

تاران-١٩٨٦-حاكم سردار-جمال محمد خواكرم-دكتۆر قادر- -عادل

دووەم و سێیەم كۆنفرانس- كۆمەڵە

كۆنفرانسی سێیەم كۆمەڵە ١٩٨٤

شەهید محمدرشیدرفیق و جبار حەمە ١٩٧٤



شەهید حەمە رشید


ئالای شۆرش ــ کانوونی دووەمی ١٩٨٩


جۆن دەجەنگین
بەرامبەر بەو كارەساتەی
چاوەڕێی دەكرێت

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالای شۆرش ..... عادل رەفیق



هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق



هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

ووتو وێژ
یا خوا بە دەستەوە دان
کۆمەڵێك لە ئەندامان و لایەنگیرانی
کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ئەمریکا


FEB 1985

چەند سەرنجیکی رەخنەگرانە
دەربارەی نامیلکەی
پارتی پیشرەوی چینی کرێکاری کوردستان
نوسینی



ته م نوسراوه له لایه ن :

ده سته ی ریکخستنی ده ره وه (کومه لـه)

له چاپ دراوه ته وه و بلا و کراوه ته وه .

نکایه بارمه تیت بنیره بـو :

L.S.O

Postgirot 489 34 65-7

SWEDEN

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆڕش ..... عادل رەفیق



هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆڕش ..... عادل رەفیق



شەهید د . شازاد

شازاد حەمەد امین

سالی ١٩٦٦ لەگوندی گەلاڵەی سەر بەهەولێر
لەدایك بووە .
قوتابی دواناوەندی (تضمید)ی هەولێر بوو،
لەسەرەتای دروست بوونی رێكخستنەكانی
شالاّ لەبڕاوانە كاری كردووە .
١٩٨٦/٩/١٥ بەپێوەندی بەهێزی پێشمەرگەی
شالاّی شۆڕشەوە كردووە .
ئەندامی دووەم پلینیۆمی رێكخستنی
شالاّ بووە .
١٩٨٧/١٠/١٢ بەدەستی بەخوێن سووری
كرێكاران و زەحمەتكێشان (چەكدارە
جەلالی یەكان) لەناوچەی بەرانەتی سەر
بەپارێزگای هەولێر شەهید كرا .

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئالّای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆڕش ..... عادل رەفیق



شەهید کامەران

کامەران عبدالعزیز

ساڵی ١٩٦٦ لەشاری هەولێر لەدایک

بووە .

قوناغی پەیمانگای تەکنەلۆژی بووە .

سەرەتای دروست بوونی ئاڵای شۆڕش

لەریزەکانی رێکخستندا چالاکانە کار

کردووە .

لەدەستپێکی بەکەی چەکدارە جەلالی بەکان

بۆ سەر هاوڕێیانمان لەشاوچەی قەرەداغ

زیندانی کراوە .

١٧ / ٩ / ١٩٨٦ دوای ئازادبوونی لەزیندان

بەیوەندی بەریزەکانی ئاڵاوە لەشاوچەی

هەولێر کردەوە .

ئەندامی دووەم پلینیۆمی ئاڵا بوو .

١٢ / ١٠ / ١٩٨٧ بەدەستی چەپەڵی چەکدارە

جەلالی بەکان لەشاوچەی بەرانەتی سەر

بەپارێزگای هەولێر شەهید کرا .


شەهید
ڕێبوار حمە صالح ڕاشید



شەهید ڕێبوار

ڕێبوار حەمە صالح ڕشید
سالی ١٩٦٣ لەقەزای پێنجوینی سەر بە
پارێزگای سلێمانی چاوی بەدنیاهەڵێناوە
تایبەتی ناوەندی خوێندووە .
لە ١٥ / ١٩٨٧/٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی
هێزی پێشمەرگەی ئالای شۆڕش کردووە .
هاوڕێیەکی ووشیارو کارامەی مەفرەزەکانی
ناوچەی بەرانەتی بوو .
لە ١٢ / ١٠ / ١٩٨٧ بەدەستی چەپەڵی
جەکدارە جەلالی یەکان بەهۆی بۆسەیەکی
ناجوامێرانە لەناوچەی بەرانەتی سەر
بە پارێزگای هەولێر شەهید کرا .


لە بڵاوكراوەكانی بەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
ئاڵای شۆرش
چاپی دووەم ١٩٨٧

هەندێك لە دیكۆمێنتەكانی ئاڵای شۆرش ..... عادل رەفیق

هەواڵنامەی کتێب

لە بارەی نووسەرەوە

- لەدایكبووی ساڵی 1948
- خانەی مامۆستایانی ساڵی 1968-1969 تەواوكردووە.
- ئەندامی كۆمیتەی ستركردایەتی ناوخۆی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان بوو.
- ئەندامی رێكخراوی سولەیمانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان لەنێوان1982-1984 بووە.
- ئەندامی كۆنفرانسی دووەمی كۆمەڵە لە ناوزە نگ بوو لە ساڵی 1982.
- ئەندامی كۆنفراسي سێیەمی كۆمەڵە بووە لە ساڵی 1984.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئالآی شۆرشِ بووە لە 1984/11/21.
- دامەزرێنەرو بەرپرسي كۆمیتەی سەركردایەتی ناوخۆی ئالآی شۆڕِش بووە.
- ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی ئالآی شۆڕِش بووە.
- ئەندامی هەر سێ پلنیۆمەكەی ئالآی شۆرشِ بووە.
- ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی ئالآی شۆڕش بووە لە 1988

هەوالنامەی چێتب